کەشکۆڵی پرسیار و وەڵام

٧٥٠ وەڵام بۆ گرنگترین پرسیارەکانی ژیان

تۆنی ڕینکە

نووسینی پێشەکی:
جۆن پایپەرەوە

وەرگێڕانی
دانیال گەردی

«لەگەڵ بینینی ئەم لاپەڕانە یەکەم بیرکردنەوەم ئەوە بوو کە ڕەنگە لەو کاتەوەی کە ڕیچارد باکستەر کتێبی ڕێبەری مەسیحی نووسیوە، کتێبێکی وەک ئەم کتێبەی لە قەشە جۆن بپرسە، پێشکەشی مەسیحییەکان نەکرابێت. لە ژمارەیەکی زۆر لەو پرسیارانەی کە جۆن پایپەر لە ماوەی دە ساڵدا لە پەخشی دەنگیدا وەڵامی داوەتەوە، ئەم لاپەڕانە ٧٥٠ وەڵام لەو وەڵامانە لەخۆدەگرێت کە زۆرترین گوێگری هەبووە. لە کاتێکدا خزمەتەکەی جۆن پایپەر زیاتر لە سێ سەدە لەدوای باکستەر هاتووە، تاڵێکی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێتەوە -ئەو قەناعەتە قوواڵەیە کە کتێبی پیرۆز سروشی خودایە بە تەواوی واتاکەی، «بتکەنە دانا بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری» چونکە، لە دابینکردنی فێرکردن و سەرزەنشت و ڕاستەڕێکردن و لێڕاهێنان لە ڕاستودروستی، بەسە بۆ ئەوەی «بۆ هەموو کارێکی باش» ئامادەمان بکات (دووەم تیمۆساوس ٣: ١٥-١٧). بەهای ئەم لاپەڕانە بە ڕوونمی هەمەلایەنەیە. لە ئاستێکدا، پرسیارە یەزدانناسی و شوانایەتی و ڕەوشییەکان لەسەر بنەمای لە کتێبی پیرۆزەوە هەڵدەسەنگێندرێن و شی دەکرێنەوە و وەڵام دەدرێنەوە. بەڵام سەرباری ئەوەش، ئەمە بە سەرنجدانێکی ورد و یەکلاکەرەوە هەم بە وشەسازی و هەم لۆژیکی نێو وشەی خودایە، بە خواستی ئەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ بیرکردنەوە لە بیرکردنەوە نمونەییەکانی خودا. ئەمەش لەلای خۆیەوە وەک نەخشەیەک بۆ فێربوون و جێبەجێکردن لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزماندا خزمەت بە هەموومان دەکات، هەروەها وەک نموونەیەک هانمان دەدات بۆ ئەوەی بەپێی کتێبی پیرۆز بژین. هەروەها ئەو چاودێرییە هەنگاو بە هەنگاوەی کە جۆن پایپەر دەیگرێتە بەر لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کتێبی پیرۆز، یارمەتیدەرمانە -وەک خواستی ئەوەیە- بۆ ئەوەی بزانین کە ئەوەی دەیڵێت چۆن لە ژیانی خۆماندا جێبەجێ دەکرێت، وە، لە کۆیدا ڕەنگە نەکرێت. وەک یەزدانناسێک ڕێنمایی تێگەیشتنمان دەکات، وە وەک قەشەیەک هانمان دەدات بۆ گەشەکردن لە تێگەیشتندا بۆ ئەوەی بە سادەیی ئێمە نەبینە تەنها ئامێرێک، بەڵکو فێر دەبین خۆمان بیر لە وشەی خودا بکەینەوە و جێبەجێی بکەین، لەپێناو خۆمان و بۆ خۆمان. ئێمە بە سوپاسگوزارییەوە قەرزاری جۆن پایپەرین لەپێناو ئەو ماندووبوونەی لەم کتێبەدا، ڕەنگدانەوەی پڕ لە خۆشەویستی و تەرخانکردنی کات و شوانایەتی قەشایەتی هەیە، هەروەها قەرزاری هاوکارە ماوە درێژەکەین، تۆنی ڕینکی، کە -زیاتر لە دوو ملیۆن وشەی ئەرشیف کردووە!- بە شارەزاییەوە ئەم لاپەڕانەی هەڵبژاردووە و نووسیویەتی. لێرەدا یەکێک لەو کتێبە دەگمەنانەی هاوچەرخ دەخەینەڕوو کە دەتوانرێت بەم شێوەیە وەسف بکرێت «دەبێت لە هەموو ماڵێکی مەسیحیدا هەبێت،» وە دەتوانین بەردەوام و بەردەوام بگەڕێینەوە بۆ ئەم کتێبە لەپێناو ڕێنمایی وشەی خودا، وە هاندان لە باوەڕی مەسیحدا، وە هاندان بۆ ئەوەی بەپێی ڕۆحی پیرۆز هەنگاو بنێین.»

سینکلێر بی فێرگسۆن، مامۆستای ڕاوێژکاری یەزدانناسی سیستماتیکی، زانکۆی چاکسازی یەزدانناسی؛ نووسەری کتێبی «تەواوەتی مەسیح و شایستەیی»

«نازانم چی لەوە سەرنجڕاکێشترە، کە پەخشەکەی لە قەشە جۆن بپرسە، نزیکەی دوو هەزار ئەڵقەی هەیە و زیاتر لە ٢٣٠ ملیۆن گوێبیستی هەیە، یان تۆنی ڕینکە هەموو ئەو ناوەڕۆکەی کورت کردۆتەوە بۆ ئەوەی گەشتێکی ڕێنماییمان پێبدات بۆ ٢٢٠ کاتژمێر لە تۆماری دەنگییەکان. ئایا هەتا ئێستا ئاواتت ئەوە بووە کە بتوانیت لەگەڵ جۆن پایپەر (یان هەر قەشەیەکی دانا و بەئەزموون) دابنیشیت و هەموو شتێکی کرداری و وردی لێ بپرسیت دەربارەی ژیان، خزمەت، پەروەردەکردنی منداڵ، سێکس، خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، تەڵاق، سووکایەتی، پەیوەندی خۆشەویستی، قومار، خواردن، خواردنەوە، فیلم، جنۆکە، خەمۆکی، شیعر، و داری سێڵفی؟ کەواتە، ئەم کتێبە بۆ تۆیە. تەنانەت ئەگەر لەگەڵ جۆن پایپەر هاوڕا نەبیت لەسەر هەموو خاڵێک و پەیڕەوکردنێک، بۆت دەردەکەوێت کە هەمیشە بیرمەندە، وریایە، شوانانەیە، وە هەمیشە پابەندە بە کتێبی پیرۆزەوە. تەواوی کتێبەکە بخوێنەرەوە، ڕۆژانە کەمێک، یان ئەم پێنج سەد لاپەڕەیە وەک کەشکۆڵێک دەربارەی دۆخی ڕەوشتی و یەزدانناسیگەرایی کرداری بەکاربهێنە. لە هەر دوو ڕێگاکە، هیچ کەسێکی مەسیحیم بە خەیاڵدا نایەت کە یارمەتی وەرنەگرێت (وە سەرسام نەبێت) بەو سەدان بابەتانەی لەم سەرچاوە سەرسوڕهێنەرەدا باسکراوە.»

کیڤن دیبۆنگ، شوانی باڵای کڵێسای پەیمانی مەسیح، ماتیۆس، کارۆلینای باکوور؛ مامۆستای یاریدەدەری یەزدانناسی سیستماتیک، زانکۆی یەزدانناسی چاکسازیکراو، شارلۆت

«پرسیارێکی سەخت ئاراستەی جۆن پایپەر بکە، ئەو ئاڵنگارییەکی سەرەکی دیاری دەکات و بە وەڵامێکی پڕ لە دانایی چارەسەری دەکات، کە لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراوە، بە دەنگێنی هێمن و ساکار. ئەو بە ئامادەییەوە وەڵامی هەموو دووڕیانێک دەداتەوە، لە ئایەتە سەختەکانی کتێبی پیرۆزەوە هەتا دەگاتە ململانێی ڕۆژانەی ژیانی مەسیحی و هەتا پرسیارە بارگاوییەکانی کەلتوور کە سنووری شەرمەزاریە بۆ بابەتە سەیر و سەمەرەکانی گوێگر، بۆ ماوەی چەندین ساڵ، گوێگرێکی سەرسەختی بووم، هەر ئەڵقەیەک قوواڵتر ڕایدەکێشام بۆ ناو وشەی خودا. قەشە جۆن پایپەر بە دانایەکی زۆرەوە لە کۆمەڵێک بابەت قسەی کردووە، بە ڕادەیەک من بۆ زانیاری زیاتر بەردەوام لەنێو ئەرشیفی پەخشی ئەڵقەکان دەگەڕام. بەڵام ئەم ئەرشیفە گەورەیە ڕەنگە ماندوکەر بێت. بە ئەزموونی چەندین ساڵ وەک پێشکەشکار، تۆنی ڕینکە زیاتر لە ٧٥٠ ئەڵقەی دە ساڵی سەرەتای لە ڕێبەرێکدا کۆکردۆتەوە کە دەیان بابەتی لەخۆگرتووە. ئەم کتێبە بە فهرستێک دادەنرێت بۆ ئەرشیفی پەخشەکانی، ئەو ئەڵقانەی لە هەمان بابەتن پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، ئەمەش وا دەکات کە ئاسانکاری بۆ من بکات لەوەی ئەو دەنگانە بدۆزمەوە کە پێویستم پێیانە. وەک گوێگرێکی پەخشەکانی، زۆر بەم کارە دڵخۆشم. سوپاسی تۆنی ڕینکە دەکەم کە ئەم

کەشکۆڵەی کۆکردۆتەوە وە -ئێستا زیاتر لە دە ساڵە- پوختکردنەوە و کردنە بەڵگەنامە و یارمەتیدانی هەموومانە کە سووێکی زیاتر ببینین لە خۆشەویستترین یەزداناسی ئەمریکا!»

جۆنی ئیریکسۆن تادا، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ناوەندی کەمئەندامانی نێودەوڵەتی جۆنی و هاوڕێیانی

«ئەم کتێبە دەستکەوتێکی نایابە، تۆمارکردنی وەڵامەکانی جۆن پایپەرە بۆ سەدان ئاڵنگاری و کێشەی ژیانی مەسیحی، گفتوگۆیەکی سەردەمیانەیە، مارتن لۆتێر بەبیر دەهێنێتەوە، وەک ئەوە وایە کە لە بەرامبەر مێزی قەشەیەکی شارەزا لە کتێبی پیرۆز دابنیشیت و باس لەو پرسانە بکات کە هی ئێستان و ئەو پرسانەی کە هەتاهەتایین. ڕەنگە لەگەڵ هەموو وەڵامێکدا هاوڕا نەبیت. من لەگەڵ هەمووی هاوڕا نیم. بەڵام ئەوەی پێی سەرسامم لەم کتێبەدا، تەنانەت کاتێک لەگەڵی هاوڕا نیم، قەشە جۆن پایپەر دەمگەڕێنێتەوە بۆ کتێبی پیرۆز، وە لە لاپەڕەکانی قوولْتر دەبمەوە کاتێک دەبینم، لە ڕێگەی خوێندنەوە و تامکردنەوە، وشە بێ هەڵەکانی ژیان دەدۆزمەوە، سوپاسگوزارم بۆ ئەم کەشکۆڵەی دانایی و تێگەیشتن. ئەمە لە خۆشەویستیم بۆ خودا و وشەکەی زیاتر دەکات.»

تریڤین واکس، جێگری سەرۆکی توێژینەوە و سەرچاوەکان، ئەمریکای باکوور، دەستەی ئەرکەکانی ئەمریکای باکوور؛ مامۆستای میوان لە زانکۆی سیدارڤیل؛ نووسەری کتێبی «وروژاندنی ئۆرتۆدۆکسی»؛ «بیر لە خۆت بکەرەوە»؛ وە «ئەمە سەردەمی ئێمەیە».

«ساڵانێک، پەخشەکەی لە قەشە جۆن بپرسە سەرچاوەیەکم بوو بۆ هاندانی قەشایەتی و یارمەتی کرداری. بێ وێنە بوو. ئەگەر ڕژدیت لە دڵخۆشیت لە مەسیحدا، ئەم لاپەڕانە هەڵبدەوە و وەڵامی ئاسان و سەرنج لەسەر خودا بۆ گرنگترین پرسیارەکانی ژیان بدۆزەرەوە. کتێبەکە بە لێهاتوویی ڕێکخراوە؛ کەم کەس دەرک بەو کارە دەکەن کە تۆنی ڕینکە ئەنجامی داوە.»

مات سمێتەرست، قەشەی سەرەکی، کڵێسای لەئاوهەڵکێشی ڕیڤەر سیتی، ڕیچموند، ڤێرجینیا؛ نووسەری کتێبی «پێش ئەوەی کتێبی پیرۆز بکەیتەوە» وە «پێش ئەوەی باوەڕەکەت بۆ کەسێکی دیکە باس بکەیت».

کەشکۆڵی پرسیار و وەڵام

750 وەڵام بۆ گرنگترین پرسیارەکانی ژیان

تۆنی ڕینکە

نووسینی پێشەکی
جۆن پاپەر

وەرگێڕانی
دانیال گەردی

Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, Hershem 28 / 23

Originally published in English under the title:
Ask Pastor John: 750 Bible Answers to Life's Most Important Questions
© 2024 by Tony Reinke
Published by Crossway
1300 Crescent Street
Wheaton, Illinois 60187

Kurdish Edition Copyright 2025 by Hand of Help, all rights reserved. Without prior permission of the publisher, no portion of this book may be reproduced, stored in a retrieval system, or transmitted in any form or by any means-electronic, mechanical, photocopy, recording, or any other - except for brief quotations in printed reviews.

هەموو مافەکانی وەرگێڕانی چاپی کوردیی ٢٠٢١ی ئەم بەرهەمە لە لایەن ڕێکخراوی «هاند ئۆف هێڵپ»ەوە پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێت، یان بە شێوەی ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی ببەخشرێت، مەگەر ئەوەی کە تەنها دەقی کورتی لێ وەربگیردرێت و ئاماژە بە ناوی بەرهەم و نووسەر بکرێت.

- ناوی کتێب: کەشکۆڵی پرسیار و وەڵام
- نووسەر: تۆنی ڕینکە
- وەرگێڕانی: دانیال گەردی eng.srush@gmail.com
- هەڵەچنی: ماریا کوردستانی
- چاپی یەکەم، ٢٠٢٠
- چاپخانە:
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (*****)ی ساڵی ٥٢٠٢ ی پێدراوە.

مافی چاپکردنی لەلایەن ڕێکخراوی هاند ئۆف هێڵپ پارێزراوە

ناوەڕۆک

	لاپەڕە
پێشەکی - نووسینی جۆن پایپەر	١
پێشەکی	٣
قسەیەک پێش ئەوەی دەست پێ بکەین	٢٦
دەربارەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، پشتگوێخستنی کتێبی پیرۆز، ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز	٢٩
دەربارەی سیاسەت و نیشتمانپەروەری و شەڕەکانی کەلتوور	٨٩
دەربارەی پیشە و بانگهێشت و کۆشش	١١٥
دەربارەی ئامانج و بەرهەم و تەمبەڵی	١٣٦
دەربارەی پارە و بازاڕکردن و ئینجیلی خۆشگوزەرانی	١٤٨
دەربارەی قومار و تیروپشک و بازاڕی بۆرسە	١٨٣
دەربارەی مڕومۆچی، تۆران و بەزەیی بەخۆداهاتنەوە	١٨٨
دەربارەی جنێودان و درۆکردن و قسەڵۆک	١٩٥
دەربارەی ژوانبەستن و بتی ڕۆمانسیبوون و داوێنپیسی	٢٠٥
دەربارەی سەرجێیی لە هاوسەرگیری، قەدەغەکانی ژووری نووستن، کاڵبوونەوەی سەرنج	٢٣٧
دەربارەی نەزۆکی، سکپڕی و جڵەوگیری سکپڕی	٢٥٨
دەربارەی هاوسەرگیری سەخت و تەڵاق و ئازاردان	٢٧٥
دەربارەی ڕابەرایەتی پیاوان، چەک و قەیرانی ناوەڕاستی تەمەن	٣٠٦
دەربارەی ژنانی چاونەترس، جوانی مێینەیی و پۆشتەیی	٣٢٦
دەربارەی هۆڵەکانی وەرزش، وەرزشکردن و وێنەی جەستە	٣٣٦

دەربارەی خۆراک، ڕۆژوو، وە جەژن گێڕان ٣٤٦

دەربارەی مەی، تووتن، و مادەی هۆشبەر ٣٦٤

دەربارەی مۆبایلی زیرەک و تۆڕی کۆمەڵایەتی و داری سێڵفی ٣٧٤

دەربارەی تەلەفزیۆن و فیلم و خۆشی ٣٩٢

دەربارەی هەوەس، بەدڕەوشتی، وە ڕووتی تەلەفزیۆن ٤١٢

دەربارەی شەیتان و ڕۆحەپیسەکان، وە گوناهی نەبەخشراو ٤٤٠

دەربارەی ڕەتکراوەکان و میزاجی و نادادپەروەری خودایی ٤٦٩

دەربارەی ئەزموون، خەم، وە ئازاری درێژخایەن ٤٨١

دەربارەی مردن، خەمۆکی، دوورکەوتنەوە لە خزمەت ٥٢٠

دەربارەی نووسین، ڕێزمان، شیعر ٥٣٩

دەربارەی چوونە ناو، بەجێهێشتن، دۆزینەوەی کڵێسا ٥٤٦

دەربارەی خانەنشینی، گەشتیاری، و کۆتاییەکی باش ٥٦١

دەربارەی خۆکوشتن و کوشتنی بە بەزەیی و خواستی ژیان ٥٧٥

پاشکۆ ٥٨٧

«هەموو فێربوونێک بەرهەمی پرسیارکردن و گەڕانە بەدوای وەڵام»

جۆن پایپەر (١٩٧٥)

پێشەکی - نووسینی جۆن پایپەر

لەدوای بەسەربردنی هەشت کاتژمێر لە ئامادەکاری بۆ تۆمارکردنی وەڵامی پێنج پرسیار لە بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە، کاتژمێر شەش چوومە خوارەوە و بە ژنەکەم گوت: «ئەگەر کتێبی پیرۆزمان نەبووایە چیمان دەکرد؟»

وەڵامەکە ئەوەیە، ڕەنگە گریمانەی ئەوە بکەین کە بە دانایی خۆمان دەتوانێت بچینە ناو نهێنییەکانی ژیانەوە و خەڵکی بەرەو چاکەی هەتاهەتایی ڕێنوێنی بکەین. ئێمە پێمان وا نییە. ئێمە پێمان وایە کە تەنها خودا ئەو داناییەی هەیە کە پێویستمانە بۆ ئەوەی شکۆداری بکەین، وە خەڵکمان خۆشبوێت، وە بۆ هەتاهەتایە لە ئامادەبوونیدا دڵخۆش بین. بێگومان ئەو داناییە لە شوێنێکدا تۆمارکراوە، ئەویش کتێبی پیرۆزە. وشەی خودا بناغە و پاڵنەرە بۆ بەرنامەی «لە قەشە جۆن بپرسە».

مەسیح «شوان و مامۆستا»ی بە کڵێساکەی بەخشیوە (ئەفەسۆس ٤: ١١). پێم وایە لە ساڵی ١٩٦٦ بانگهێشتی کردم بۆ ئەوەی ببمە یەکێک لەوانە، تۆنی لە پێشەکییەکەیدا چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. بانگهێشتێکی مەترسیدارە. کتێبی پیرۆز خۆی بانگهێشتەکە دووپات دەکاتەوە، هۆشداری بە بانگهێشتکراوان دەدات و دەڵێت: «خوشکان و برایانم، زۆرتان مەبنە فێرکار، بزانن لێپرسینەوەی قورسترمان لەگەڵ دەکرێت» (یاقوب ٣: ١).

هەر پەخشێک بانگەوازی ئەوە بکات وەڵامی هەندێک لە سەختترین پرسیارەکانی ژیان بداتەوە، بەبێ وشەی خودا، تەواو گەمژەییە. تەنانەت بە وشەی خودا، وە بە یارمەتی ڕۆحی پیرۆزیشەوە، کارێکی ترسناکە: «جا هەموو ئەمانە نەهاتنە دی؟ ئەوە فەرمایشتی یەزدانە. من ڕوو لەمە دەکەم: لەوەی بێفیز و دڵشکێنراوە و لەبەر ڕێزی فەرمایشتەکەم دەلەرزێت» (ئیشایا ٦٦: ٢).

سەرباری هەموو مەترسی و ڕاڕاییەک، کارێکی شادی بەخشە. هەمیشە مامۆستا لە قوتابی زیاتر فێر دەبێت. ئەمە شێوازی خودایە: هەمیشە بەخشین لە وەرگرتن بەختەوەریترە (کردار ٢٠: ٣٥). بەڵام خۆشی تەنها لە فێربوونداً نییە؛ بەڵکو زیاتر لە چێژی بەرهەمەکەیدایە لە ژیانی ئەوانەی گوێی لێ دەگرن. بۆ نموونە ژنێکی گەنج پێی گوتم: «دایک و باوکم باوەڕدار نین. من مەسیحییەکی نوێم. نازانم چۆن بژیم. بەڵام کاتێک دەنگی تۆ دەبیستم لە بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە، وەک ئەوە وایە باپیرەیەکی ئارامکەرەوە یارمەتیم دەدات بزانم چۆن بژیم.»

پیربوون سوودی هەیە. یەکێک لەوانە وەک باپیریەکی متمانەپێکراو. یەکێکی دیکەیان ناسینەوەی بەهرە دەگمەنەکانە کاتێک دەیانبینیت. بەهرەی پوختکردنەوە لەم کتێبەدا

دەرکەوتـووە سەرسـوڕهێنەرە. دە سـاڵە تەماشـای تۆنـی ڕینکـە دەکـەم کـە پرسـیارەکان هەڵدەسـەنگێنێت و وەڵامـەکان تۆمـار دەکات و تۆمـارەکان ڕێکدەخـات و پەخشـەکان پێشـکەش دەکات، وە خشـتەی ئەڵقـەکان ڕێکدەخـات. ئەمـە هاوبەشـییەکی بەهـادارە. بـەڵام ئـەو لێهاتوویـەی لـەم کتێبـەدا دەیبینیـت جۆرێکـی دیکەیـە. چنینـی وەڵامـی سـەدان هـەزار وشـەیی بـۆ بەشـەکان و تێکهەڵکێشـی بابەتییانـە، وە ئاسـان بـۆ خوێندنـەوە، شـایەنی سەرسـامی منـی خـاوەن ئەزموونـە.

یەکێـک لـە هیواکانمـان بـۆ ئـەم کتێبـە ئەوەیـە کـە ئێـوە ڕابکێشـێت بـۆ گوێگرتـن لـە پەخشـی دەنگـی. نـەک لەبـەر ئـەوەی وشـەی گوتـراو لـە وشـەی نـووسراو ڕاسـتترە. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی دەنگـی زینـدوو بـە شـێوەیەکی کاریگەرتـر سـۆزەکانی دڵ دەگوازێتـەوە. گرنگـی ئەمـە چییـە؟

ئەمـە گرنگـە، چونکـە خۆشەویسـتی ئامانجـی زانینـە، نەک بـە پێچەوانـەوە (یەکەم تیمۆسـاوس ١: ٥). ڕەفتـاری شـکۆی مەسـیح لـە دڵێکـەوە سـەرچاوە دەگرێـت پەیوەسـت بێـت بـە مەسـیح، نـەک تەنهـا لـە ئەقڵێکـەوە مەسـیح بناسـێت. مـن و تۆنـی چێژوەرگریـن لـە مەسـیح.[a] بۆیـە ئـەم پەخشـە لـەو قەناعەتـەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە خـودا زۆرتریـن شـکۆمەندی لـە گوێگرانمانـدا هەیـە کاتێـک زۆرتریـن ڕەزامەندییـان لێـی هەیـە. ئیـتر، ئێمـە ناتوانیـن تەنهـا بـە گەیاندنـی بیرۆکـەی نـوێ ڕازی بیـن. بەڵکـو ئامانجـمان گەیاندنـی هەسـتی نوێیـە. پەرجووێـک. ئـەم جـۆرە هەسـتە ئاسـانتر دەکرێـت ببیسـترێن نـەک بخوێندرێتـەوە. هیوادارێـن دڵـمان ببیسـتن. لـەوێ ئاوازێـک هەیـە. ئێمـە پێـی دەڵێیـن شـکۆمەندی خـودا لـە خۆشـی ئـەو ڕۆحـەی سـەرنجی لەسـەر خودایـە.

a بڕوانە ئەڵقەی ١٩١: چێژی مەسیحی لە دوو خولەکدا (١٥ی ئازاری ٢٠٢٣)

پێشەکی

مێژوونێکی کورتی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە
(وە بۆچی ئەم کتێبەم نووسیوە)

ئەم کتێبە چیرۆکی یەک پەخش دەگێڕێتەوە پەخشی «لە قەشە جۆن بپرسە». هەموو ڕۆژێک گوێگرانمان پرسیاری قورسمان بۆ دەنێرن سەبارەت بە ژیان. پرسیارەکان دەخوێنمەوە و چەند پرسیارێک هەڵدەبژێرم و لە نووسەر و قەشەی بەئەزموون، جۆن پاپیەر دەپرسم. ئێمە پێی دەڵێین قەشە جۆن. وە ئێمە لەبارەی هەموو شتێکەوە لێی دەپرسین -مۆبایلی زیرەک، بازاڕکردن، سێکس، بەزەیی بەخۆداهاتنەوە، جنێودان، شەیتان و ڕزگاری. هیچ شتێک سنوور بەدەر نییە. وەڵامەکانی لە کتێبی پیرۆزەوە وەردەگرێت.

لە هەفتەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ ئەم کتێبەم پێشکەش بە بڵاوکەرەوە کرد، چەند ڕۆژێک لەدوای ئەوەی کۆتا ئەڵقەی ساڵی ٢٠٢٢مان پەخش کرد -کۆتایی دە ساڵەی یەکەمان. ١٨٨١ ئەڵقەمان بڵاوکردۆتەوە، هەتا ئێستا زیاتر لە ٢٣٠ ملیۆن جار خەڵکی تەماشای کردووە، واتا هەر ئەڵقەیەکی نزیکەی ١٢٥ هەزار جار. لە چیرۆکی گەردوونداا ئەم ژمارانە بێ بایەخن، بەڵام لە چیرۆکی ئەم پەخشەدا بیرخستنەوەی سەرنجڕاکێشن بۆ میهرەبانی خودا بەرامبەرمان.

ئامارەکان بیرۆکەیەک دەدەن دەربارەی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا کاریگەرییان لەسەر هەبووە. پێنج ساڵ لە دوای پەخشەکە، قەشە جۆن دەستی کرد بە تێبینیکردنی ئەوەی کە «لەنێو کۆمەڵێک خەڵک کە کاریگەر دەبن بە ئارەزووی خودا، بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە یەکێکە لەوانەی کە خەڵکی وەک هەر شتێکی دیکە باسی دەکەن بۆ من- لەو دایکانەی کە منداڵەکانیان دەبەنە قوتابخانە و لە ڕێگادا گوێ لە پەخشەکە دەگرن، هەتا پارێزەران کە لە وەرزشی ڕۆژانەی بەیانی زوو گوێی لێ دەگرن، هەتا خوێندکارانی ئامادەیی کە لە ئەرکەکانی خوێندنگایان پشووێک وەردەگرن، هەتا ئەوانەی تەمەنیان لە ساڵانی هەشتاکانە کە چیتر بە چاوەکانیان ناخوێننەوە.»[a] ئاستی پەخشەکە سەرنجێکی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە. لە کاتێکدا کۆتاییم بەم کتێبە دەهێنا، گوێم لە کیڤن دییۆنگ بوو کە کارەکانی خواستی خودای بە بەهادار ڕادەگەیاند. پاشان ئاماژەی بە پەخشەکە کرد وەک «گرنگترین ناوەڕۆکی میدیایی خۆیان.»[b] بۆیە

a جۆن پاپیەر، ئیمەیڵ بۆ نووسەر، ١١ی تەممووزی ٢٠١٨

b کیڤن دییۆنگ، «جیهانی ئەرێیی و جیهانی نەرێنی، وە ناسیۆنالیزمی مەسیحی لەگەڵ جەستن تایلۆر و کۆلین هانسن»، ژیان و کتێب و هەموو شتێک، پەخش، ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، ئەڵقەی ٨٧.

سەیر نییە کاتێک قەشە جۆن گەشت دەکات لە هەموو شتێک زیاتر لەسەر پەخشەکەی سوپاسی دەکرێت. لە هۆڵەکانی کۆنفرانسەکان، باوترین دەربڕینی پەیوەندی و پێزانین کە دەبیستێت، لە کەسانێکەوەیە کە لێی نزیک دەبنەوە بۆ ئەوەی بە سادەیی پێی بڵێن «هەموو هەفتەیەک گوێ لە بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە دەگرم!»[a]

پەخشەکە ناوەڕۆکێکی جێگیر پێشکەش دەکات بە گوێگرێکی گەشەسەندوو کە هەتادێت هەمەچەشن و نێودەوڵەتی دەبێت. گوێگرانی بەتەمەن و ڕابەرانی کڵێسا و گەنجان کۆدەکاتەوە، کە زۆربەیان لە ماڵە ئاساییەکان یان بێباوەڕەکان پەروەردە بوون و ئێستا هەوڵ دەدەن وەک باوەڕدارێکی نوێ بژین. بە درێژایی نەوەکان، دەنگی قەشە جۆن دەنگێکی ڕێنماییکەرە (تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵانە). یەکێک لە گوێگرانی بەردەوام، کە هاوسەر و دایکە، وەسفی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە دەکات بەوەی «ساتێکی بیستراوی ڕۆژانەیە لە هاندانێک بۆ سەرنج لەسەر ئینجیل، وەک قاوەیەکی خێرا لەگەڵ هاوڕێیەکی ئازیز کە سۆزەکانم بۆ مەسیح دەجوولێنێت.»[b] هێزێکی ناوازەی پەخشی دەنگی بەردەوام و جێگیرە بەدرێژایی ساڵان بۆ دروستکردنی پەیوەندی قووڵ لەگەڵ گوێگران.[c] بۆیە هەروەها شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کاتێک گوێگران پێمان دەڵێن کە دەنگی قەشە جۆن وەک ئەوە وایە گوێ بگرێت لە دەنگی باوکێک، باپیرەک، ڕاهێنەرێک، یان هاوڕێیەکت.

چیرۆکێکی ڕەسەن

بۆ تێگەیشتن لە سەرکەوتنی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە، پێویستە لە لایەنێکی ژیانی جۆن پایپەر تێبگەیت. ئەو لایەنەی کە بۆچی پێی وایە پرسیاری باش زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا. ئەو چیرۆکە بە هەرزەکارێکی نائاسایی دەست پێدەکات -بێ ئارامی، ڕوخسار زیپکاوی و پەشۆکاو- بە ناوی جۆن پایپەر، کاتێک بۆ یەکەمجار لەلایەن جیهانەوە ناسرا.[d] جۆنی کوڕی بانگخوازێکی بەڕێز و مزگێنیدەرێکی گەڕۆک بوو، جۆنی نەیدەتوانی لەبەردەم کۆمەڵێک خەڵکدا قسە بکات، لە پۆلی پێنجەمەوە هەتا ساڵی دووەمی کۆلێژ لە قسەکردن لەبەردەم کۆمەڵێک خەڵکدا ترسی هەبوو.[e] لەبەردەم

---

a خاڵێک لە قسەکانیدا لەدوای کۆنفرانسی کۆتایی T4G لە بەهاری ٢٠٢٢ ئاماژەی پێکرد، کە بە ئەنقەست کاتێکی زیادەی بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بەخشی (جۆن پایپەر، کۆبوونەوەی تایبەت [٢٨ی نیسانی ٢٠٢٢]).

b ئەڵقەی ١٥٥٨: «چۆن بەرەنگاریی خووی فێڵبازی ببمەوە؟» (٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠).

c بۆ منیش وەک خانەخوێیەک ڕاستە. کاتێک بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی گوێگران دەبمەوە، زۆرجار بە نیگایەکی پێچاوپێچەوە دەیبینم، دەربڕینی دەرەکی لەسەر هەژمارەکانی ناوخۆیی لێکدانەوەی ئەوەی هەیە کە چۆن کەسێکی تەواو نامۆ دەتوانێت بە دەنگی هاوڕێیەکی کۆن قسە بکات.

d ئەڵقەی ١: «ڕامانی جۆن پایپەر لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا» (١١ی کانونی دووەمی ٢٠١٣).

e ئەڵقەی ٢٢٨: «چۆن فێری بانگەواز بوویت؟» (٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣) وە ئەڵقەی ١٧٣٠: «ئایا دەبێت ببمە بانگخواز؟» (١٢ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢).

خەڵکی دیکەدا، مت دەبوو. «پەشۆکاوییەکی چڕ» لە منداڵیدا بارگرانییەکی سەرەکی بوو لەسەری. بەڵام سەرەڕای ئەم بەربەستەی ڕێگری، کڵێسا ناوخۆییەکەی بۆ ئەو بوو بە «کێڵگەیەک» کە تێیدا ڕێزی بەدەستهێنا بۆ زانیارییەکی گەشەسەندوو لە کتێبی پیرۆز. لە کاتێکدا نەیدەتوانی لەبەردەم هیچ گروپێکدا ڕابوەستێت و قسە بکات، بەڵام لەنێو گروپی گەنجەکاندا دەیتوانی وەڵامی پرسیارەکانی کتێبی پیرۆز بداتەوە.[a]

جۆنی ئەو کاتەی چووە کۆلێژی ویتن ناوی بووە جۆن (١٩٦٤- ١٩٦٨؛ بەکالۆریۆس)، ساڵی ١٩٦٦ پڕ لە گێژاو بوو کە بۆ هەتاهەتایە ڕێڕەوی ئەوی گۆڕی. لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵەکەدا، جۆن ساڵی دووەمی خوێندنی ئەدەبی تەواو کرد. بەڵام لە مانگی ئایار وەرچەرخانێکی لەناکاوی هەبوو کە لەپڕ بەرەو پزیشکی چوو، دەستیکرد بە ڕێڕەوێکی نوێ. لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٦، ئەو لە ناو زانکۆدا، هاوسەری داهاتووی ناسی، بە ناوی نۆئێل.[b] تەنها لەدوای چەند هەفتەیەک داوا لە جۆن کرا لە کڵێسا نوێژ بکات، دەستبەجێ ڕازی بوو و بەڵێنی بە خودا دا و گوتی: «ئەگەر تۆ یارمەتیم بدەیت تاوەکو ئەوە تێپەڕێنم کە مت ببم و دەنگم نەوستێت، من هەرگیز جارێکی دیکە دەرفەتێکی قسەکردن بۆ تۆ بەهۆی ترس ڕەت ناکەمەوە.» ئەمە کاریگەری هەبوو. لە کڵێسادا نوێژی کرد (وە لەو کاتەوە هەتا ئێستا نەزرەکەی جێبەجێ کردووە).[c] لەو پاییزەدا، بەهۆی نەخۆشی ماچ (mononucleosis) بۆ ماوەی سێ هەفتە لە نەخۆشخانە خەوێندرا. لە سەر جێگادا پاڵکەوتبوو بە «لەوزەتێنی هەوکردوی گەورەی زەرد و ترپەکانی سپڵی کە لێی دەدا»، گوێی لە وتارێکی کاریگەر بوو لە ڕادیۆکەدا کە گرێکی نوێی لە ناخیدا هەڵگیرساند.[d] دڵگەرمی وتارەکە «هەرگیز نەکوژایەوە.»[e] لەو جێگەیەی نەخۆشخانەدا دڵگەرمییەکەی لە پزیشکییەوە گواستراییەوە بۆ خزمەتکردنی مەسیح،[f] وەک فریودانێکی بەبێ ئاگاداری بۆ دەستگیرانە نوێیەکەی، کە «پێی وابوو عاشقی دکتۆرێکی پزیشکی دەبێت.» ئەو ژنە لە بابەتەکە تێگەیشت. پەیامە نوێیەکەی جۆن حاشا هەڵنەگر و ڕوون بوو: «تۆ نابیتە پزیشک، دەبیتە پیاوی کتێبی پیرۆز. کارەکەت بە درێژایی تەمەنت ئەوەیە کە تەماشای کتێبی پیرۆز بکەیت، ببینیت چی تێدایە، هەوڵبدەیت بەپێی بەهاکەی تامی بکەیت، دواتر بە کەسانی دیکەی بڵێیت بۆ ئەوەی چێژی لێ وەربگرن.»[g] لەدوای ئەوەی زمانی بووەوە، ئاواتەخوازی زانستی کتێبی پیرۆز بوو، بڕیارێک کە بەهۆی چەندین هۆکارەوە

---

a تشرینی دووەمی جۆن پاپەر، گۆڤاری کەسی، ٢٧ی ١٩٩٠

b ئەڵقەی ١٣٨٢: «کەی واز لە گوێگرتن لەم پۆدکاستە بهێنین" (١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

c ئەڵقەی ١٧٣٠: «ئایا دەبێت ببمە بانگخواز؟» (١٢ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢).

d ئەڵقەی ١٣٧٣: «جۆن پاپەر کێیە؟» (٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٩).

e ئەڵقەی ١٣٨٢: «کەی واز لە گوێگرتن لەم پەخشە بهێنین» (١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).

f ئەڵقەی ١٤٠٥: «من لە کارەکەمدا باش نیم- ئایا پەروەردگار پێم دەڵێت وازبهێنم؟» (٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩).

g ئەڵقەی ١٣٨٢: «کەی واز لە گوێگرتن لەم پەخشە بهێنین؟» (١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩)

بـوو، لەوانـە «خواستێکی بێوچـان بـۆ ئـەوەی وەڵامـی هەندێـک پرسـیار بدرێتـەوە» بـۆ خـۆی، وە پاڵنەرێـک بـۆ «یارمەتیدانـی کەسـانی دیکـە بـۆ ئـەوەی وەڵامیـان بداتـەوە.»[a] لـەم سـاڵانەی پێکهاتنیـدا، بەشـی ئینگلیـزی زانکـۆی ویـتن سـۆز و خۆشەویسـتی دڵـی ئـەوی بـۆ خـودا بەئـاگا هێنابـووەوە و مێشـکی تیژتـر کردبـووەوە بـۆ ئـەوەی بـە وردی دەقـەکان بخوێنێتـەوە.[b]

جـۆن بڕوانامـە لـە ئەدەبیـات بەدەسـتهێنا، وە چـووە قوتابخانـەی فۆلـەری یەزداناسـی (١٩٦٨-١٩٧١؛ بەکالۆریـۆس لـە یەزداناسـی). لـەوێ بـۆ یەکەمجـار گوێـی لـە قسـەیەک بـوو کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ جـۆن دیـوی، کـە دەڵێـت: «هەرگیـز بیـر ناکەینـەوە هەتـا ڕووبـەڕووی کێشـەیەک نەبینـەوە.»[c] وە لـەوێ بـۆ یەکەمجـار کتێبـی «چۆن کتێـب دەخوێنیتەوە» لە نووسـینی مۆرتیمـەر جـەی ئادلێـر، چاپـی سـاڵی ١٩٤٠. ئادلێـر نووسـیویەتی: «سەرسـامی سـەرەتای داناییـە لـە فێربـوون لـە کتێبەکانـەوە، هەروەهـا لـە سروشـتەوە. ئەگـەر هیـچ پرسـیارێک لـە خـۆت نەکەیـت سـەبارەت بـە واتـای بڕگەیـەک، ئـەوا ناتوانیـت چاوەڕێـی ئـەوە بکەیـت کتێبەکـە هیـچ تێڕوانینێکـت پێبـدات لـەوەی پێشـتر نەتبـووە.»[d]

دیـوی و ئادلێـر لـە ڕێگـەی ماموّسـتایەکی زانکـۆی یەزداناسـییەوە هاتنـە نـاو ژیانـی جـۆن کـە بـۆ هەمیشـە تـەواوی شـێوازی جۆنیـان گـۆڕی بـۆ خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز -دانیـال فۆلـەر، کـە بـە خێرایـی بـووە کاریگەرتریـن کارەکتـەری پێکهاتنـی جـۆن پاپیـەر، لـەدوای دایـک و باوکـی (بیـل و ڕوت).[e] فۆلـەر گرنگییەکـی دروسـتکرد بـۆ «سـەرنجدانێکی ورد لـە دەقەکـە».[f] نـاوی لێنـا کەوانەیـی، کـردەی نووسـینی هەمـوو دەقێکـی گەڵاڵـەی کتێبـی پیـرۆزە لـە هێڵێکـی سـەربەخۆ بـۆ ئـەوەی بزانرێـت ئـەو گەڵاڵانـە چـۆن پەیوەندییـان بـە یەکـەوە هەیـە.[g] ئەم شـێوازە پێویسـتی بـە سـەرنجێکی ورد هەیـە، کـەوا جـۆن پاپیـەر دەڵێـت، «زۆر بـە ڕژدی و وردییـەوە هەڵسـوکەوت لەگـەڵ هەمـوو وشـەیەک دەکات، وە هەمـوو دەسـتەواژەیەک، هەمـوو ڕسـتەیەک

---

a جۆن پاپیەر، ڕۆژنامەی کەسی، ١٦ی ئابی ١٩٧٠

b ئەڵقەی ١٧١٣: «خزمەتی جۆن پاپیەر لە یەک دەقی کتێبی پیرۆزدا» (٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

c وەک ئەوەی لە سپیارەی دانیالدا هاتووە، ڕامان لە بیرکردنەوەکانی خودا: ڕاڤەکردنی خۆنەویستی، نووسینی پی فۆلەر (٢٠٢٠)، لاپەڕە ٦٦.

d١٩ مۆرتیمـەر ج. ئادلێـر، چـۆن کتێـب دەخوێنیتـەوە: هونـەری بەدەسـتهێنانی فێربوونێکـی ئـازاد (نیویـۆرک: سـیمۆن و شوسـتەر، ١٩٤٠)، ٢١٩-٢٠. بـۆ یەکەمجـار لـە سـەرەتای تەمەنـی بیسـتەکانیدا خوێندییـەوە (ئەڵقـەی ١٢٤٤: «چـۆن کتێبـی بـاش هەڵبژێـرم و گەشـە بـە کتێبخانەکـەم بـدەم؟» [٣١ی ئابـی ٢٠١٨].

e ئەڵقەی ١٠٧: «کێ زۆرترین کاریگەری هەبووە لە ژیانتدا؟» (٧ی حوزەیرانی ٢٠١٣).

f ئەڵقەی ١٧١٣: «خزمەتکردنی جۆن پاپیەر لە یەک دەقی کتێبی پیرۆزدا" (٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

g ئەڵقـەی ١٠٧: «کـێ زۆرتریـن کاریگـەری هەبـووە لـە ژیانتـدا؟" (٧ی حوزەیرانـی ٢٠١٣) و ئەڵقـەی ١٢٧: «ئامـۆژگاری بـۆ خوێندنـەوەی باشـتری کتێبـی پیـرۆز" (٨ی تەممـوزی ٢٠١٣). سـەبارەت بـە کەوانەکـردن، بڕوانـە ئەڵقـەی ٣٩٥: «چ ئامرازێکـم پێویسـتە بـۆ خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز؟" (٢٩ی تەممـوزی ٢٠١٤)، ئەڵقـەی ١٠٥٦: «چـۆن دەتوانـم باشـتر بڕگەیەکـی کتێبـی پیـرۆز بخوێنمـەوە؟» (١٩ی حوزەیرانـی ٢٠١٧)، ئەڵقـەی ١١٤١: «سـتراتیژییەکانی خوێندنـەوەی قوولّـی کتێبـی پیـرۆز بـۆ کەسـانی مانـدوو و سـەرقاڵ» (٣ی کانونـی دووەمـی ٢٠١٨)، و جـۆن پاپیـەر، خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـە شـێوەیەکی سـەروو سروشـتی (ویتـۆن، ئیـل: کـرۆس وەی، ٢٠١٧)، ٣٩٥–٤١١.

لـه کتێبـی پیـرۆزدا، وه دەیگوشـێت هەتـا دواییـن دڵۆپـی خوێنـی ژیانبەخـش لێیـەوە دەکەوێتـە سـەر لاپەڕەکـە.» وە درێـژەی پێـدەدات و دەڵێـت: «لـەو کاتـەوە هەرگیـز وەک جـاران نەبـووم.» گۆڕانـی کەسـیی خـۆی خێـرا بـوو. بـە کاریگـەری دکتـۆر فۆلـەر، جـۆن پایپـەر لـە تەمەنـی تەمەنـی بیسـت و دوو بـۆ بیسـت و سـێ سـاڵیدا، بـە گوتـەی خـۆی بـووە «مرۆڤێکـی جیـاواز.»[a] ئـەم گۆڕانـە خێرایـە لـە ئەنجامـی کۆششـێکی زۆرەوە هـات. جـۆن پایپـەر، بڕگـە لـەدوای بڕگـە، ڕێـگای گرتەبـەر بەنێـو ڕۆمـا ۹، ڕۆمـا ۱-۸، گەلاتیـا، وتـاری سـەر شـاخ و یەکـەم کۆرنسـۆس -بـە درێژایـی کاتەکـە «دان فۆلـەر دەیـبردم بـۆ نێـو ووردتریـن وردەکارییەکانـی پەیوەنـدی و پەیوەسـتی.»[b]

ڕامانـی پێچەوانـە کارامەییەکـی کارایـە کـە لەنـاو تەونـی شـانەکانی کتێبـی پیـرۆزدا وەڵامـی پرسـیار دەداتـەوە. بـەڵام زیاتـرە لـە ئامرازێکـی ئەکادیمـی ئاڵـۆز. گەشـە بـە بـاوەڕ دەدات. بـە تێپەڕبوونـی کات، جـۆن دەریخسـتووە کـە فێربوونـی مەسـیحی بریتییـە لـە کـرداری قەناعەتەکانـی دڵ کـە بەدەسـت دێـت لـە ڕێـگای پرسـیاری گـەورە و دۆزینـەوەی وەڵامـی قەناعەتبەخـش لـە کتێبـی پیـرۆزدا. جـا چ قوتابییـەک کـە وەبەرهێنـان لـە بیـری مەسـیحیدا بـکات، یـان بانگخوازێـک کـە هەوڵـی پێگەیشـتنی کۆمەڵـە کەسـێک بـدات، یـان دایـک و باوکێک کـە هەوڵـی پەروەردەکردنـی منداڵەکـەی دەدات بـۆ پـەروەردەی بـاوەڕ، هـەر سـێکیان دەبێـت کار بکـەن بـۆ ئـەوەی خۆیـان لـە تەڵـەی کوشـندەی خۆسـەپاندن بـەدوور بگـرن. وەڵامـەکان دەبێـت ڕەگیـان لـە دەسـەڵاتی کتێبـی پیـرۆزدا بێـت، نـەک شـارەزایی قوتابـی یـان بانگخـواز یـان دایـک و بـاوک. لێـرەدا شکسـت «تـۆوی هەڵگەڕانـەوە دەچێنێـت»، چونکـە قوتابـی و کۆمـەڵ و منداڵەکـە دەبێـت ڕێگـەی خۆیـان بدۆزنـەوە بـۆ قەناعەتەکانیـان. بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجـەش پرسـیارکردن زۆر پێویسـتە بـۆ باوەڕێکـی بـەردەوام.[c]

جـۆن خـۆی بینییـەوە کـە گەشـە دەکات و بـووە بـە «دوو جـۆر کەس لە یەکـدا: پرسـیارکەرێکی زۆر شـیکاری وە بنجکۆڵکارێکـی ئەندێشـەیی بـۆ وەڵامـی سـۆزداری قـووڵ و ڕەسـەن و ڕازیکـەر بـۆ ئـەوەی دەیبینێـت و ئەزموونـی دەکات.» ئەگـەر بـە شـێوەیەکی دروسـت بەڕێـوە ببردرێـت، بـە دڵنیاییـەوە دەبێـت ببێتـە هـۆی پەرسـتن. لـە کۆڵێژی ویتن، جـۆن پایپـەر گەیشـتە «قوڵبوونەوە و چڕبوونـەوەی سـۆزەکان -هەسـتەکان، وەڵامـی دڵـم- بـۆ چاکـە و ڕاسـتی و جوانـی، لـە کۆتاییدا بێگومـان بـۆ باڵاتریـن چاکـە و بەرزتریـن سـۆزە بـۆ خـودی خـودا و وشـەکەی.» بـە هەمـان شـێوە، زۆرتـر ئـارەزووی کـرد بـۆ «مەیلێکـی شـیکاری بـەرەو قووڵبوونـەوە، پرسـیارکردن، لێکدانـەوە و شـیکاری» دەقـەکان. بـە کاریگـەری دکتـۆر فۆلـەر، «مـن خووێکـم بـۆ دروسـتبوو بۆ سـەرنجدان و شـیکاری و پرسـیارکردن لـە دەق.» لێـرە بـەدواوە، «هەمـوو شـتێک کـە کردوومـە،

a ئەڵقەی ۱۳۷۳: «جۆن پایپەر کێیە؟» (۲۵ی ئەیلوولی ۲۰۱۹).

b ئەڵقەی ۳۱۱: «چۆن پایپەر چۆن فێری چاکسازی بوو» (۲ی نیسانی ۲۰۱٤).

c جۆن پایپەر، گۆڤاری کەسی، ۷ی نیسانی ۱۹۷۲

نووسیومە، یان گوتوومە، بەهۆی دوو تێگەیشتن لە وشەی خودا بەم دوو شێوازە لە قاڵب دراوە»- لە «کاردانەوەی دوو لایەنە»ی زەبووری ١١٩: ٩٧. ڕامانێکی قووڵ لە گەڕان بەدوای ڕاستییەکانی خۆشەویستی.[a]

جۆن لە زانکۆی میونشن سێ ساڵی بەسەربرد (١٩٧١-١٩٧٤؛ بڕوانامەی دکتۆرای لە یەزداناسی بەدەستهێنا) لە لێکۆڵینەوەکانی لە کتێبی پیرۆز، سەرنجی لەسەر پرسیار بوو، پەرۆشی وەڵامەکانیان بوو. بەڵام لەدوای ساڵانی گۆڕانکاری قووڵی لە زانکۆی فۆلەر، گواستنەوەی بۆ ئەڵمانیا بێهیواییەکی پێ بەخشی لەلایەنی شیکارییەوە. ناوەندە ئەکادیمییەکانی ئەڵمانیا گیرۆدەی «یاریکردن بە دەق» بوون کە هەرگیز «وشەکان پاڵیان نەدەنا بۆ ئەو ڕاستییەی کە هەموو شتێک لە کتێبی پیرۆزەوە دەجووڵێندرێت و زیندوو دەبێت.» ڕامانی پێچەوانە شێوازێکی بە جۆن بەخشیبوو بۆ دۆزینەوە کە وای لێدەکرد لە مامۆستا پێشکەوتووەکانی نەترسێت (زەبووری ١١٩: ٩٩). لە ئەڵمانیا نەیدەتوانی لە قەبارەی خوێندنەوە لە مامۆستا لیبراڵەکانی تێپەڕێت، بەڵام دەیتوانی بە ڕامان لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە مامۆستا لیبراڵەکانی تێپەڕێت. جۆن بەم دڵنیاییەی بە زەبوورنووس، دەیزانی کە «یەک ئاماژەی ڕاستەقینە لە وشەی خودا ڕەنگە وەرزێکی تەواو لە مەزەندەی مرۆڤەکان بێدەنگ بکات.»[b]

یاریپە ئەکادیمییەکان لە دروستکردنی قەناعەت بێدەسەڵات بوون. بەڵام وەک مامۆستایەکی بیست و شەش ساڵانی قوتابخانەی یەکشەممە، جۆن قەناعەتی بەوە هەبوو کە قووڵترین پرسیارەکانی ڕۆحی مرۆڤ زۆرجار سادەترین پرسیارن لە شێوەدا. وەک پرسیارەکانی بۆچی. ئیتر قوتابییەکانی هاندا کە پرسیار بکەن، پرسیاری بۆچی، هەتا دواجار پیاوێک وەڕەی دا بەرخۆی و دەستی بەرز کردەوە و پرسی: «هەر بۆچی دەچینە کڵێسا؟» پرسیارێکی گەورە بوو، پرسیارێکی مەترسیدار بوو، ئەو جۆرە پرسیارەی کە پرسیارکەرەکە لاواز دەکات. بەڵام ئەم پرسیارە ڕاستگۆیانە مێشکی پاپیەری بەگەڕخست. دەبێت ئەم جۆرە پرسیارە بنەڕەتیانە بکرێت (وە هەرگیز گریمانە نەکرێت) چونکە «ئەو کەسەی هۆکاری باوەڕی بە شتێک یان ئەنجامدانی نازانێت وەک ڕۆبۆتێک وایە: نازانێت بیرکردنەوە یان کردارەکەی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت و تەنانەت بەرەو کوێ دەچێت.»[c]

لە کاردانەوەدا، پاپیەر سەرنجی خوێندنەکەی خستە سەر ئەو خۆشەویستییە پڕ لە میهرەبانییەی زەبوورنووس دەریبڕیوە (لە زەبوور ١١٦: ١٢-١٤). وەک ئەم زەبوورنووسە،

---

a ئەڵقەی ١٧١٣: «خزمەتکردنی جۆن پاپیەر لە یەک دەقی کتێبی پیرۆزدا» (٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

b ئەڵقەی ١٧١٣: «خزمەتکردنی جۆن پاپیەر لە یەک دەقی کتێبی پیرۆزدا» (٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

c ئەڵقەی ١٧١٣: «خزمەتکردنی جۆن پاپیەر لە یەک دەقی کتێبی پیرۆزدا» (٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

مەسیحییەکان لەگەڵ گەلی خودا کۆدەبنەوە، چونکە دڵمان پڕە لە سوپاسگوزارییەک کە هەڵدەڕژێت بۆ دەربڕینی. بۆ ئەم پرسیارە (بۆچی دەچینە کڵێسا؟) وە بۆ هەر پرسیارێکی دیکە، تەنها وەڵامی فیکری بەس نییە. «زەبورنووس مەتەڵێک یان مەیلێکی تێفکرینی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو دەربڕینی دڵێکە کە بە بەخشندەیی ڕاستەقینە دڵخۆش بوو، نەک تەنها بیرکردنەوە لە بەخشندەیی: ئەو هەستی بە چاکە و جوانی خودا دەکرد لە ژیانیدا.»[a] بۆیە ناچار بوو دەریببڕێت. لێرەوە، دەبووا لەگەڵ گەلی خودادا بێت. هەر لەبەر ئەمەیە دەچینە کڵێسا. ئەم ساتەی پۆلی وانەکانی قوتابخانەی یەکشەممە، قەناعەتێکی بنەڕەتی لە پاپیەردا دەخاتە ڕوو. جا چ وەستان لە پشت ستاندێکی مۆسیقا لە پۆلێکی قوتابخانەی یەکشەممەدا، یان وانەگوتنەوە لە پشت مێزی وتاری ئەکادیمی، یان کارکردن لەسەر خاڵی شیکاری دەقێکی کتێبی پیرۆز لەسەر مێزێک، یانیش وەستان لەسەر مینبەر و بانگەوازی خودا- ئامانجی پەیوەندی مەسیحی ڕاستەقینە ڕازیکردنی دڵێکی نوێبووەوەیە بۆ شکۆمەندی خودایی، نەک تەنها بە قسەکردن لەگەڵ ئەقڵێکی پەرۆش بۆ پرسیارکردن. پرسیاری «بۆچی» ڕەنگە تەنها بەرهەمی مێشکێکی پەرۆش بێت بۆ پرسیارکردن، بەڵام وەڵامەکەی دەبێت سەرنجی تواناکانی دڵی تینوو ڕابکێشێت. ئەمە بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕاستە. بۆ ئەمڕۆش ڕاستە.

جۆن پاپیەر لە زانکۆی میونشن دەرچووە و بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، مامۆستای کتێبی پیرۆز و زمانی یۆنانییە لە مینیسوتا. وە بۆ ئامادەکاری بۆ یەکەم وەرزی وەک مامۆستا، گەڕایەوە بۆ کتێبەکەی ئادلێر سەبارەت بە خوێندنەوە، کە وەشانێکی نوێی بڵاوکرابۆوە. بۆ وەشانە نوێیەکەی کتێبەکە (پێدەچێت لەلایەن نووسەرێکی هاوبەشەوە زیاد کرابێت، چارڵز ڤان دۆرن) ڕەچەتەیەکی کاریگەر بۆ خوێندنەوەی چاڵاک زیادکرابوو: «لەکاتی خوێندنەوەدا پرسیار بکە؛ پرسیارێک کە تۆ خۆت دەبێت هەوڵبدەیت لە کاتی خوێندنەوەدا وەڵامی بدەیتەوە.»[b] ئەم دێڕە زیادکراوە، کە لەسەر لاپەڕەکە بە لار نووسراوە، پاپیەر بە تامەزرۆییەوە بە قەڵەم هێڵێکی بەژێردا کێشاوە، پێنج هێمای جەختکەرەوەی لە پەراوێزیدا داناوە، دوو ئەستێرە و سێ هێڵی ڕاست (**|||) ئەم کۆدانەی بە دەست هێمای کێشراو ئاماژەیە بۆ ساتێکی چەندین ئاست لەوەی «ئەها، ئاشکراکردنێکی لەناکاو».[c] ئەم دەربڕینە سەرسامی کرد (وە ئێستاش سەرسامی کردووە)، چونکە «هیچ کەسێک بیر ناکاتەوە (کە کلیلی تێگەیشتنە) ئەگەر ڕووبەڕووی کێشە نەبێتەوە؛ وە باشترین ڕێگا بۆ

---

a جۆن پاپیەر، گۆڤاری کەسی، ٢٩ی تەممووزی ١٩٧٢.

b مۆرتیمەر ج. ئادلێر و چارڵز ڤان دۆرن، چۆن کتێب دەخوێنیتەوە: ڕێبەری کلاسیکی خوێندنەوەی ژیرانە، چاپی دووەم (نیویۆرک: تاچستۆن، ١٩٧٢)، ٤٦؛ جەختکردنەوە ڕەسەن.

c جۆن پاپیەر، گۆڤاری کەسی، ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٧٥.

دروستکردنی کێشە بۆ ئەقڵ کردنی پرسیارە. پرسیار باشترین ڕێگای چەسپاوە بۆ بۆ گەشەکردن لە تێگەیشتن و دۆزینەوە.» بەبێ چوونە ناو پرسیارکردن «خوێندنەوە دەبێتە تەنها کات بەسەربردنێکی نەرێیی، لەبری ئەوەی ببێتە گەشەکردنێک لە تێگەیشتنی ڕاستییەکان.» ئەمە ئاموژگارییەکی نایابە لەلایەن ئادلێرەوە بۆ هەموو خوێنەرێک، بەڵام «کاتێک کتێبەکە کتێبی پیرۆزە -ئای خودایە، کاریگەرییەکان چەندە بەرزن لە گفتوگۆکردن لەگەڵ نووسەرانی سروش بۆ هاتوو و خودا!»[a]

بە سادەیی، ئادلێر ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە پێشتر سااڵنێکی زۆربوو لە مێشکی دکتۆر پایپەردا کاری دەکرد: «هەموو فێربوونێک بەرهەمی پرسیارکردن و گەڕانە بەدوای وەاڵمەکان.» بەڵام وەک خوێندنەکەی لە قوتابخانەی یەکشەممەدا، زۆری نەخایاند بۆی دەرکەوێت کە خوێندکارانی کۆلێژ زۆر کەمیان لێی پرسیار دەکەن. «سەرسوڕهێنەرە کە چۆن زۆربەیان تەنها جەخت لەسەر ئەو شتانە دەکەنەوە کە لە ئێستادا بیری لێدەکەنەوە، نەک پرسیار بکەن بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکانیان باشتر بکەن.» بۆچی ئەمەیان نەکرد؟ لەبەر دوو هۆکار. یەکەم: پرسیارکردن کێشە دروست دەکات و باری کارەکە زیاد دەکات. لە ڕووی ئەکادیمییەوە ئاسانترە کە جەختکردنەوە لەسەر بنەمای زانیاری ئێستا بێت. وە، دووەم، پرسیار نەزانی ئاشکرا دەکات و پێویستیان بە ساکاری هەیە. فریودانە گەورەکە ئەوەیە کە بە خێرایی دووپاتکردنەوەی بە پەلە بدرێت، بۆ دوورکەوتنەوە لە شەرمەزاری «نەزانین» وە لەبەردەم کەسانی دیکە دەرکەوتن بە زیرەکی و لێهاتوویی. «ئەقڵی پرسیارکەر» دەبێت لە بەرامبەر ئەم دوو مەیلە گوناهە دوو لایەنییە بوەستێتەوە: تەمبەڵی و لووتبەرزی. بە دەربڕینێکی دیکە، پرسیاری ڕاستگۆیانە، پێویستی بەوەیە وەک منداڵ بیت. «منداڵێک کە زۆر پرسیار دەکات، توانای بێسنووری و بێئاگایی خۆی لە شەرمەزاری نەزانی نیشان دەدات کە لەیەن گەورەسااڵن هەیە. ئیتر وەک منداڵی بەم واتایە مەرجی سەرەکی ژیانێکە پڕ لە فێربوون.» پرسیار نەکردن بریتییە لە چەقبەستن، ئەقڵ و دڵ نابووژێتەوە وەک ئەوەی ڕووبار شاخێکی تینوو دەبووژێنێتەوە، بووژانەوەیەک کە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە ئامادەن «بە دڵگەرمییەوە پرسیار بکەن.» ئەقڵێکی بێ پرسیاری لەو شێوەیە تەنها دەکرێت «زیاتر و زیاتر دەمارگیرانە» گەشە بکات، وە زیاتر باوەڕی دێت بە «دروستی» گریمانەکانی ڕابردووی. بۆ بیرێکی لەو جۆرە کۆتاییەکی نەفرەت دێت: «سەیر دەکەن، بەڵام نابینن، گوێ دەگرن، بەڵام نابیستن» (مەتا ١٣: ١٣).[b]

دکتۆر پایپەر لەوە تێگەیشت کە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی وەک مامۆستا بریتییە

a جۆن پایپەر، ئیمەیڵ بۆ نووسەر، ٥ی ئایاری ٢٠٢٢.

b جۆن پایپەر، گۆڤاری کەسی، ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٧٥.

لـه چاندنـی «دووبـاره ئاراسـتەکردنەوەی بنەڕەتـی» لـه ژیانـی تەنانـەت خواپەرسـتترین خوێندکارەکانیشی، «کـه لـه منداڵییـەوه لەسـەر ڕێبازێکـی «بـێ پرسـیارکردن"ن لـه پەیمانـی نـوێ.» ئاڵنـگاری ئـەو: بـاوەڕ بـه خوێنـدکاران بهێنێـت کـه پرسـیارکردن بـۆ گومانکـردن نییـه لـه خـودا و لـه سروش ئـەو، بەڵکـو بـۆ ڕێزگرتنـه لـه ئـەو و وشـەکەی. پاپیـەر بـه نموونـەی خـۆی سـەملاندی کـه «پرسـیارکردن دژ نییـه لەگـەڵ ڕۆحێکـی کـراوه و گوێڕایـەڵ و منداڵانـه بەرامبـەر بـه کتێبـی پیـرۆز.» کەواتـه، لـه کاتێکـدا زۆرێـک لـه مەسـیحییەکان ئـەم لێکۆڵینەوەیان بـه «بێبـاوەڕی و گومـان» دەبەسـتنەوه، لـه ڕاسـتیدا « پرسـیار نەکـردن، بـه بـێ ئـەوەی بـه ڕژدی پرسـیار بکرێـت، بـه دەگمـەن هیـچ باوەڕێکـی ڕاسـتەقینه دروسـت دەکات بـۆ ئـەوەی لـه ڕاسـتییدا هەیـه، ڕەنگـه پشـتگیرییەکی زۆر لـه بیرۆکـەکان هەبێـت کـه لـه ڕێـگای ژیانـدا بـه میـرات وەرگیـراون یـان هەڵگیـراون، بـەڵام ئـەوه نابێتـه ئـەوەی کـه یەکگرتوویـی قوواڵـی دڵسـۆزانه لەگـەڵ خـودای ڕاسـتی و ئامۆژگارییەکانـی بـه تـەواوی ڕۆحـدا بێتـه ئـاراوه.»[a] بەهێزتریـن قەناعەتەکانـی بـاوەڕ، ئەوانـەی کـه نـاخ دەبـڕن و وەکـو قـۆاڵپ لـه دڵێکـی برسـی دەچەقێـت، قەناعەتگەلێکـن کـه وەک پرسـیاری منداڵانـه دەسـت پێدەکـەن، بـه باوەڕێکـی ڕژدەوه دەسـت پێدەکـەن، بـه کتێبـی پیـرۆز چارەسـەر دەکرێـن. ئـەم وەڵامانـه قەناعـەت بـه ئەقـڵ دەهێنـن و خـۆراک بـه دڵ دەدەن. بـه کورتـی، مـن ئـەم ڕێبـازه چـوار هەنگاوییـه ناودەبـەم بـه «پرسیار-چارەسەر-قەناعەت-پەرسـتن» یـان (QRCW).

پرسـیارکردن لـه ڕاگەیاندنەکانـی کتێبـی پیـرۆز بـێ ڕێـزی نییـه، ئەگـەر تامـەزرۆی وەڵامەکانـی کتێبـی پیـرۆز بیـن. لـه ڕاسـتیدا «ڕێزگرتـن لـه وشـەی خـودا پێویسـتی بەوەیـه کـه پرسـیار بکەیـن و کێشـه دروسـت بکەیـن، وه باوەڕمـان هەبێـت کـه وەڵام و چارەسـەر هەیـه و بـه گەنجینـەی کـۆن و نـوێ پاداشـتی ماندووبوونمـان دەداتـەوه (مەتـا ١٣: ٥٢).[b] پرسـیاری ڕێـزدار تەنهـا لـه مێشـک و دڵێکـەوه سـەرچاوه دەگرێـت کـه بـەدوای وەڵامـدا دەگەڕێـت. «پرسـیار»ی بـێ ڕێـز لـه دڵێکـی گومانـاوی و دوژمنکارانـەوه دێـت کـه پێشـتر خـۆی بـەڕووی وەڵامەکانـدا داخسـتووه. خـودا زۆرتریـن گرنگـی بـەو پرسـیارانه دەدات کـه کەسـی و ڕاسـتگۆیانه و ڕژد و خێـران.[c]

کاتێـک بـه سـاکاری و چاوەڕوانییـەوه ئەنجامـدرا، ئـەم ڕێبـازه ڕێـزدار و منداڵانەیـه «پرسـیار-چارەسـەر-قەناعەت-پەرسـتن» (QRCW) لـه هەمـوو جۆرەکانـی دیکـەی فێرکـردن باڵاتـر و بەرهەمدارتـره -ئەنجامێـک ئێوارەیـەک لـه سـاڵی ١٩٧٦ بـۆ دکتـۆر پاپیـەر پشتڕاسـتکرایەوه، لـه مشـتومڕێکی فەرمیـدا لەگـەڵ پرۆفیسـۆرێکی دیکـه لەبـەردەم خوێندکارانـدا. ئـەم پێکهاتـه

a جۆن پاپیەر، گۆڤاری کەسی، ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦.

b جـۆن پاپیـەر، بـراکان، ئێمـه پیشـەیی نیـن: داوای لێبوردنێـک بـۆ قەشـەکان بـۆ وەزارەتـی ڕادیـکاڵ (ناشـڤیل، تـی ئێـن: بـی ئەنـد ئێـچ، ٢٠٠٢)، ٩١؛ جەختکردنـەوه زیـاد کـرا.

c ئەڵقەی ١٧٠٧ ئایا تاوانی توندوتیژ لە ژێر چاودێری خودادایە؟" (١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١).

تونـد و دروسـتەی مشـتومڕ هەرگیـز شـێوازی ئـەو نەبـووە، وەک ئـەوەی پاشـان ڕەنگدانـەوەی هەبـوو. ئـەو گفتوگـۆی کراوەتـر و ئازادانـەی پـێ باشـتر بـوو. دەڵێـت «ئـەوەی بەڕاسـتی چێـژم لێـی وەردەگرێـت دانیشـتنی پرسـیار و وەڵامـە، پێموایـە شـوێنێک هەیـە کـە مـن لـە باشـترین حاڵەتـدام و بەڕاسـتی لەوێـدا تێگەیشـتن دەبێـت.»[a] فێرکـردن و قەناعـەت پێهێنـان بریتییـە لـە وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکان بـە ئامانجـی خواپەرسـتی. وە بـە تێپەڕینـی کات توانـای دکتـۆر پاپیـەر بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەو جـۆرە سـەختییانە پشتڕاسـتکرایەوە؛ پرسـیار لەسـەر دەقـەکان، یەزدانناسـی و ڕەوشـت. لـەدوای سـێ سـاڵ لـە مشـتومڕە فەرمییەکـەی، خـودا بانگـی کـرد لـە ئەکادیمیـا بێتـە دەرەوە و بچێتـە سـەر سـەکۆی وتـار.[b] یاریدەدەرانـی مامۆسـتا لـە بەشـەکەیدا بەڕێیـان کـرد بـەوەی تیشـێرتێکی تایبەتیـان پۆشـی کـە لەسـەری نووسرابـوو: «پرسـیارکردن کلیلـی تێگەیشـتنە.»[c] ئـەوە بیرخسـتنەوەیەک نەبـوو. دروشـمێک بـوو.

دکتـۆر پاپیـەر لـە سـاڵی ١٩٨٠ بـوو بـە قەشـە جـۆن، هەشـت_ میـل هەنـگاوی بـڕی بـۆ بـوون بـە قەشـەی بـاڵای کڵێسـای لەئاوهەڵکێشـی بێتلەحـەم سـەرنجی پەیامنێرێکـی ناوخۆیـی ڕاکێشـا کـە پێشـبینی کـرد شـێوازی ئـەو زۆر ناگۆڕێـت. گوتـی: «شـێوازی بانگـەوازی پاپیـەر هاوشـێوەی شـێوازی وانەگوتنەوەیەتـی لەنـاو پۆڵـدا؛ پاپیـەر لەنـاو پۆڵـدا پرسـیار دەکات و وا لـە خوێندکارەکانـی دەکات بەشـێک لـە وەڵامـەکان بدەنـەوە. لەسـەر سـەکۆی وتـاردان پرسـیار دەکات و خـۆی وەڵام دەداتـەوە. پاپیـەر گوتـی «شـێوازی مـن لـە خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز، ئەوەیـە کـە دەربـارەی دەقەکـە پرسـیار بکـەم بـۆ هەوڵـی ئـەوەی واتاکـەی وەربگرم. سروشـتییە کـە وتـاری مـن ڕوونکردنەوەیەکـە بـۆ واتـای دەقەکانـی کتێبـی پیـرۆز. پێموایـە ئەمـە وتارێکـی باشـە.»[d]

بـەڵام بانگـەوازی بـاش دەبێـت زیاتـر بێـت لـە چارەسـەرکردنی خۆهەڵقورتاندنـی دەروونـی. بانگـەوازی بـاش دیالۆگـی سـۆقراتی نییـە کـە لـە چەلەحانێـدا کـورت بکرێتـەوە، بانگـەوازی بـاش وەک وتارێکـی نـاو پـۆل نییـە. ڕەنگـە بانگخـواز پرسـیار بوروژێنێـت و وەڵامـی بداتـەوە بـۆ ئـەوەی یارمەتـی بـدات لـە ڕوونکردنـەوەی دەقەکـە، بـەڵام هەمووییـان لەگـەڵ لەبەرچاوگرتنـی «ئامانجـی یەکەمـی بانگـەواز»؛ نـەک بـۆ فێرکـردن، بەڵکـو «بەریەککەوتنێکـی سـەروو سروشـتی لەگـەڵ خـودای زینـدوو». پرسـیاری دروسـت بـۆ ئاماژەکـردن و ڕاڤەکـردن و ئامـادەکاری وتـار زۆر گرنگـە، ڕەنگـە هەندێـک جـار ئـەو پرسـیارانە لـە خـودی وتارەکەشـدا سـەرهەڵبدەن. بـەڵام

---

a جۆن پاپیەر، گۆڤاری کەسی، ٣٠ی ئابی ١٩٧٦؛ جەختکردنەوەی زیاد.

b جەسـتن تایلـۆر، «ئـەم وشـەیە دەبێـت بانگـەوازی بـۆ بکرێـت»: بانگـەوازی جـۆن پاپیـەر بـۆ شـوانایەتی»، ئـارەزووی خـودا، ١٤ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠١٩، https:// www desiring god .org/.

c جۆن پاپیەر، براکان، ئێمە لێهاتوو نین، ٧٤-٧٥.

d کێن وانۆڤیچ، "پاپیەر قەشایەتی باڵا قبوڵ دەکات"، کلاریۆن ٥٥ (٢١ی ئازاری ١٩٨٠): ٤

ئەرکی کۆتایی بانگخواز ئەوەیە کە مزگێنی ئەو هەواڵە شکۆمەندە بدات کە خودای زیندووی گەردوون «گەلەکەی بانگ دەکات بۆ ئەوەی بە تەواوی چێژ لە شانشینی ئەو وەربگرن.» ئەوە ئامانجی سەرەکی وتارە. «من پێی دەڵێم خۆشحاڵییەکی ڕوونکردنەوە.»[a] لە وتاردا، پرسیارەکان وەڵام دەدرێنەوە، ڕاستی لە کتێبی پیرۆزەوە پیشانی کۆمەڵەکە دەدرێت، پاشان بانگهێشت دەکرێن بۆ ئەوەی «بێنە پاڵ بانگخوازەکە لە خۆشەویستی لەگەڵ خودا و ڕزگاریدا.»[b] خواپەرستی میهرەبان ئامانجی کۆتایی «پرسیار-چارەسەر-قەناعەت-پەرستن»ـە QRCW، جا چ لە بانگەوازی وتار یان وەڵامدانەوەی پرسیاری شوانایەتی بێت. گەڕانی دڵی نوێبووەوە بۆ وەڵامە خوداییە دڵخۆشکەرەکان، ئەو بناغە فێرکارییە بوو کە هەموو خزمەتەکەی پایپەر لێیەوە بنیاد نراوە و هەرواش دەمێنێتەوە.

وەک پێشبینی دەکرا، لە گواستنەوەی لە سەکۆی وتاری ئەکادیمیەوە بۆ سەکۆی کڵێسا، قەشە جۆن هەرگیز لە پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان نەوەستا. شێوازی چۆنیەتی ئامادەکردنی وتارەکانی و شوانایەتی مێگەلەکەی دارشت. کۆبوونەوەکانی پرسیار و وەڵامی ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی کەسی بووە شتێکی سەرەکی بۆ پایپەر، چ لە ماڵەوە و چ لەسەر ڕێگای، کەوا خزمەتی بانگەوازی ئەو لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ گەیشتە ناوبانگێکی نیشتمانی و نێودەوڵەتی.

لە ساڵی ١٩٩٨، ماڵپەڕێکی نوێ بڵاو کرایەوە بۆ لەخۆگرتنی وتارە بەناوبانگەکانی پایپەر بە ناوی (desiringGod.org). وە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی گوێگرانی سەرهێڵ، ژمارەی لێکۆڵینەوە یەزداننناسییەکانیش بەرز بووەوە. بە ئیمەیڵ پرسیار سەبارەت بە هەموو شتێک هاتن؛ بیروباوەڕی کالڤین، باوەڕ بە ڕۆژی کۆتایی، ڕزگارکردنی منداڵان، هاوسەرگیری و جیابوونەوە، وە «تەنها جەنگ» (لە ژێر ڕۆشنایی ١١ی سێپتەمبەر)، وە ئاموژگارییەکان بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. لە سەرەتادا، ئەم پرسیارانە لەلایەن یاریدەدەرەکانیەوە وەڵام دەدرانەوە. بەهۆی بڵاوبوونەوەی ماڵپەڕەکە، شتێکی ژیرانە بوو کە وەڵامی نووسراو بۆ باوترین پرسیارەکان بڵاوبکرێتەوە. ماڵپەڕەکە بووە ناوەندێکی سەرهێڵ بۆ وەڵامدانەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ ـەوە ئەم پرسیارانە لەلایەن پێشکەشکاری ڕادیۆ بۆب ئالنەوە ئاراستەی قەشە جۆن کراون، کە وتارەکانی پایپەری مۆنتاژ دەکرد بۆ پەخشی ڕادیۆیی. لە ماوەی دە مانگ، لە نێوان حوزەیرانی ٢٠٠٧ هەتا نیسانی ٢٠٠٨، ١٣٢ ئەڵقەی بەرهەمهێناوە.[c] چەندین لەو پەخشە دەنگییانە تۆماری دەنگی زیادەی نێو ستۆدیۆیان لەخۆگرتبوو، کەوا ئالن پرسیاری لە

---

a ئەڵقەی ١١٨: «ئایا وتاری ٤٠ خولەکی پاسە؟» (٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ١٨٧٧: «چی دەبێتە هۆی ئەزموونێکی باشی پەرستنی مۆسیقی؟» (٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢).

c بۆب ئالن، ئیمەیڵ بۆ نووسەر، ١٩ی تەممووزی ٢٠١٨.

پاپیەر دەکرد. دواتر ئەو وەڵامانە لە بەرنامە ڕادیۆییەکان وەرگیراون و وەک فایلی دەنگی بڵاوکراوەتەوە لە desiringGod.org لە ژێر ناونیشانێکی نوێدا بە ناوی: «لە قەشە جۆن بپرسە»؛ ئەم ناونیشانە بۆ یەکەمجار لە ئابی ٢٠٠٧ دانرا و بۆ ماڵپەڕەکە زیادکرا.

لەدوای کۆتاییهاتنی بەرنامەی ڕادیۆیی، دەزگای خواستی خودا (Desiring God) پەخشێکی ڤیدیۆیی ڕاستەوخۆی بڵاوکردەوە بە ناوی ڕاستەوخۆ لە قەشە جۆن بپرسە.[a] لە دانیشتنێکی وێنەگرتنی کاتیدا، پاپیەر ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکانی بینەرانی دەدایەوە لە ڕێگەی پلاتفۆرمی تۆڕی کۆمەڵایەتیی نوێوە بە ناوی تویتەر. هەندێک جار داوا لە پێشکەشکاری بەرنامەکە دەکرا پرسیارەکان بخوێنێتەوە،[b] وە هەندێک جاری دیکە پرسیارەکان لەسەر کارت چاپ دەکران یان لەسەر شاشەیەک دەنووسرا بۆ قەشە جۆن، کە پرسیارەکانی دەخوێندەوە و ڕاستەوخۆ وەڵامی هەمووی دەدایەوە، یەک لە دوای یەک، بەبێ ئامادەکاری پێشوەختە. لەدوای چەند ساڵێک لەناکاو ڤیدیۆکان کۆتاییان هات، لە بەهاری ساڵی ٢٠١٠ هەڵوەشایەوە بۆ ئەوەی بوارێک بۆ قەشە جۆن بکرێتەوە بۆ مۆڵەتێکی هەشت مانگی، بۆ ئەوەی سەرنجی لەسەر دڵی و هاوسەرگیرییەکەی و خێزانەکەی بێت.[c]

پەخش

مۆڵەتەکە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ کۆتایی هات، وە قەشە جۆن بە بووژانەوەوە گەڕایەوە بۆ خزمەتکردن. بەڵام هیچ دەرکەوتنێکی ڕادیۆیی و ڤیدیۆیی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە دەستی پێنەکردەوە.

لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٢ من چوومە ناو دەستەی «خواستی خودا» (Desiring God) و یەکەم پەخشێکی درێژم بە ناوی نووسەران لەسەر هێڵ (AOTL) دەستپێکرد. لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە چاوپێکەوتنم لەگەڵ نووسەران کرد، پلاندانان، میواندارێکردن، نووسین، بەرهەمهێنان، تۆمارکردن، کاری دوای بەرهەمهێنان، ئەندازیاری دەنگی و بەبازاڕکردنم بەڕێوەبرد. لە کۆتایی ئەو ساڵەی یەکەمدا، یازدە ئەڵقەی درێژم تەواو کرد، جێگیر بووم لەسەر پرۆسەیەک بۆ تۆمارکردن، مۆنتاژ، ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی گفتوگۆکان بە شێوەیەکی کارا لە ڕێگەی کەناڵێکی دەنگیی هاوبەشەوە. بۆ یەکەمجار لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٢ لە ڕێگای تەلەفۆنی ماڵەوەی پەیوەندیم بە جۆن پاپیەرەوە کرد

---

a لوکاس ناوگل، یەکەم وێناکردن.

b زۆربەی کات لەلایەن دەیڤید ماتیس بەڕێوەدەبردرێت.

c بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە نوێکارییەکانی کۆتایی کتێبەکانی بکە: جۆن پاپیەر، «مۆڵەتی داهاتووی جۆن پاپیەر»، خواستی خودا، ٢٨ی ئازاری ٢٠١٠، https://w ww.desiringg od .org؛ جۆن پاپیەر، «ڕاپۆرتی جۆن پاپیەر سەبارەت بە مۆڵەتەکەی»، خواستی خودا، ١ی کانونی دووەمی ٢٠١١، https:// www .desiring god .org/.

بـۆ تۆمارکردنـی ئەڵقەیەکـی تایبـەت بـە جـەژن لـە بەرنامـەی نووسـەران لەسـەر هێـڵ.[a] لـە ڕووی تەکنەلۆژیـاوە هەمـوو شـتێک بـە باشـی کاری دەکـرد.

لـە چوونـە نـاو سـاڵی ٢٠١٣، دەسـتەی «خواسـتی خـودا» ڕووبـەڕووی ئاڵنگارییەکـی نـوێ بـووەوە. لـە بەهـاردا، شـوانایەتی پاپیـەر لـە کڵێسـای لەئاوهەڵکێشـی بەیتلەحـەم کۆتایـی پێدەهـات. بـۆ ئـەوەی دەرفەتـی هەبێـت بـۆ ڕابەرایەتـی نوێـی کڵێسـاکە، پلانـی دانـا بـۆ سـاڵێک لـە نۆکسـڤیل، تێنسـی، لەگـەڵ نۆئێلـی هاوسـەری و تالیتـای کچـی بێـت، لـە حوزەیرانـی ٢٠١٣ هەتـا ئابـی ٢٠١٤.[b] ئـەو کاتەکـەی قۆسـتەوە بـۆ کارکـردن لەسـەر پـڕۆژەی جۆراوجـۆری کتێـب، وە ڕامـان لـە داهاتـووی خزمەتەکـەی لـە مـاوەی دەیـەی داهاتـوو، کـە بـە «دووبـارە ڕێکخسـتنەوە»ی گوندنشـینی دانـا بـۆ قۆناغـی نوێـی داهاتـووی لـە خزمەتـی شارسـتانی.[c] بـەڵام هەنـگاوە کاتییەکـە دەسـتەی «خواسـتی خـودا»ی تووشـی قەیـران کـرد، چونکـە ئێمـە بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـەی لـە مینیاپۆلیـس دووربـوو ئەزموونـی خزمەتمـان نەکـرد لەگـەڵ قەشـە جـۆن. چـۆن دەمانتوانـی دەنگـی ئـەو بـە نزیکـی لـە جەمـاوەر بهێڵینـەوە لـە کاتێکـدا ئـەو هەشـت سـەد میـل لـە دوورەوە دەژیـا و کاری دەکـرد؟

بـە ئەزموونـی کەمـم لـە پەخـش، لـە کاتـی نانخواردنـی نیـوەڕۆی دەسـتەی خزمـەت لـە ٧ی کانونـی دووەمـی ٢٠١٣، پەخشـێکی نوێـم پێشـنیار کـرد بـە ناونیشـانێکی کـۆن: لـە قەشـە جـۆن بپرسـە. پەخشـەکە شـێوازی بـاوی پرسـیار و وەڵام پەیـڕەو دەکات، کـە بیرخـەرەوەی بەرنامـەی ڕادیۆیـی کـۆن و ڤیدیـۆی ڕاسـتەوخۆیە، بـەڵام ئێسـتا دەکرێـت لـە ڕووی جوگرافییـەوە قەشـە جـۆن لـە پێشکەشـکارەکە دوور بێـت. لەبـری پەیوەنـدی بینیـن و سـەرنج لەسـەر کامێـرای ڤیدیۆیـی، بـە ئـازادی کارکـردن لـە دوورەوە و کارکـردن لـە تێبینـی وردەوە. ئـەو شـێوازە دانیشـتنە ڕاسـتەوخۆ و هەڕەمەکییەکانـی نەهێشـت. ئێسـتا دەکرێـت هەمـوو ئەڵقەیـەک پێشـوەختە پلانـی بـۆ دابنرێـت و هەمـوو پرسـیارێک بـە وردی هەڵبژێردرێـت و لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت. ئێسـتا قەشـە جـۆن لـە نێـوان چـل و پێنـج بـۆ شەسـت خولەکـی لەبەردەسـتە بـۆ ئامـادەکاری هـەر وەڵامێـک. هیـچ پرسـیارێکی سـارد نییـە؛ هیـچ وەڵامێکـی سـارد نییـە. وەبەرهێنانێکـە بـۆ کات کـە قەشـە جـۆن لـەدوای چەنـد مانگێـک بـووە کارمەندێکـی تـەواوکات لـە دەسـتەی «خواسـتی خـودا».[d] لـە هەمـان کاتـدا، پەخشـی دەنگـی لـە نێـو گوێگرانـی مەسـیحیدا خەریـک بـوو بەناوبانـگ دەبـوو.

---

a جـۆن پاپیـەر و پـاوڵ مایـر، «جەژنـی سـەری سـاڵ و برینـی لەدەسـتدانی کەسـی»، پەخشـی چاوپێکەوتـن، نووسـەران لەسـەر هێـڵ، ٤ی کانوونـی دووەمـی ٢٠١٢.

b ئەڵقەی ١١١: «گواستنەوەمان بۆ تێنسی و پڕۆژە نوێیەکان» (١٣ی حوزەیرانی ٢٠١٣)

c ئەڵقەی ١١٢: «خۆگونجاندن لەگەڵ ژیان لە وڵاتدا» (١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٣)

d کە لە یەکی نیسانی ٢٠١٣ دەستی پێکردووە.

لـه پێشـنیاری پەخشـەکەدا، پێشـنیارم کـرد کـه بابەتـەکان «دەکرێـت بریتـی بـن لـه ڕاهێنەرایەتـی ڕابـەر، پرسـیاری شـونایەتی و ڕاڤـەکاری و یەزدانناسـی، وەڵامدانـەوە بـۆ ڕووداوە هاوچەرخـەکان، وردەکارییەکانـی ژیاننامـەی بەهـای گشـتی، نوێکردنـەوە لەسـەر خوێندنـەوە و بیرکردنـەوەی ئێسـتا، وەڵامدانـەوە بـۆ پرسـیارەکانی گوێگـران، هەروەهـا پلانـی گەشـت و نوێـکاری کەسـی و نووسـین.» قەشـە جـۆن دەیتوانـی لەسـەر هەمـوو ئـەو بابەتانـە قسـە بـکات. ئەمـە ڕوون بـوو. وە ئامانجێـک لـه مێشـکمدا هەبـوو: «هەفتانـە قەشـە جـۆن ببەسـتمەوە بـە جەمـاوەری «خواسـتی خـودا»، لـەو کاتـەوە هەتـا کۆتایـی مۆڵەتەکـەی.» پاشـان پەخشـەکە لـەدوای هـەژدە مانـگ کۆتایـی پێدەهـات، نزیکـەی ٣٩٠ ئەڵقـەی لـێ پێشـکەش دەکرێـت. پێـم وابـوو بـە دڵنیاییـەوە هەتـا ئـەو کاتـە، هەمـوو پرسـیارێک وەڵام دەدرێتـەوە.

ئـەو ئێوارەیـە پێشـنیارێکی فەرمیـم بـۆ قەشـە جـۆن نـارد، دوو کاتژمێـر دواتـر بـە تامەزرۆییەوە وەڵامـی دایـەوە: «ئـەم بابەتـە نایـاب دەردەکەوێـت، بـا نوێـژ بکەیـن کـە تەنهـا سـەرنجڕاکێش یـان زانیـاری بەخـش نەبێـت، بەڵکـو لـە ڕووی ڕۆحییـەوە بووژێنـەر بێـت و مەسـیح بـەرز بکاتـەوە، وە ڕۆح پیـرۆز بـکات، وە ئەرکەکـە بەرەوپێـش ببـات، وە دڵگەرمییـەک بـۆ باڵادەسـتی خـودا لـە هەمـوو شـتێکدا لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە بڵاوبکاتـەوە.» چونکـە ئامانجـی پەرۆشـی مـرۆڤ تەنهـا وەڵامـی ڕاسـت نییـە لـە مێشـکدا، بەڵکـو خۆشـی لـە دڵێکـی ڕازیـدا «پرسیار-چارەسەر-قەناعەت-پەرسـتن» (QRCW). ئینجـا پرسـیاری کـرد: «هـەر کاتژمێرێکـی ئاسـایی هەفتـە پێشـنیار کـراوە، وەک ئـەم هەفتەیـە، لـە ڕۆژی هەینـی؟؟؟؟»[a] جـۆن پایپـەر ئامـاژەی دەربڕیـن بەکارناهێنێـت و بـە دەگمـەن هێماکانـی خاڵبەنـدی دووبـارە دەکاتـەوە. چـوار نیشـانەی پرسـیاری دووبارەبـووەوە دەربڕینـی تامەزرۆییەتـی بـۆ دەسـتپێکردنی ئـەم پەخشـە. تەنهـا چـوار ڕۆژ لـەدوای ئـەوەی پێشـنیارەکەم نـارد، لـە ١١ی کانونـی دووەمـی ٢٠١٣ دەسـتمان کـرد بـە ئەڵقـەی یەکـەم: «ڕامانـی جـۆن پایپـەر لـە [شەسـت و حەوتەمیـن] یـادی لەدایکبوونـی.»

لـە سـەرەتادا زۆر خێـرا بووییـن. ١٠٠ ئەڵقـە بڵاوکرایـەوە پێـش ئـەوەی خێزانـی پایپـەر بچێتـە نۆکسـفیل. لـە تامەزرۆییمانـدا، تەنهـا لـە سـاڵی ٢٠١٣، ٢٤٥ ئەڵقەمـان بڵاوکـردەوە، کـە هەمـوو ڕۆژێکـی هەفتـە ئەڵقەیەکـی نـوێ لەلایـەن قەشـە جۆنـەوە. بـە تێپەڕینـی کات کارەکەمـان خاوکـردەوە، بـەاڵم دەنگـی قەشـە جـۆن زۆر نزیـک بـوو لـە گوێگرانـی «خواسـتی خـودا». لـە کاتێکـدا پاییـەرز خـۆی کۆکـردەوە بـۆ ئـەوەی نۆکسـفیل بەجێبهێڵێـت و بگەڕێتـەوە بـۆ مینیاپۆلیـس، ئەڵقـەی چوارسـەدمان بڵاوکـردەوە (دەربـارەی، هەمـوو شـتێک، لـە پرسـیارێکی زۆر هەسـتیار لـە سـەبارەت بـە پەیوەنـدی هاوسـەرگیری). ئـەم ئەڵقەیـە سـەڵماندی کـە هیـچ بابەتێـک قەدەغـە نەبـوو. هەتـا زیاتـر بـە دڵفرانییـەوە بابەتگەلـی نائاسـاییمان لەخۆدەگـرت، جەماوەرەکەمـان خێراتـر گەشـەی دەکـرد.

a جۆن پایپەر، ئیمەیڵ بۆ نووسەر، ٧ی کانونی دووەمی ٢٠١٣.

بـەڵام ئەڵقـەی ٤٠٠ نەبـووە هێڵـی کۆتاییـمان؛ بـووە خاڵـی وەرچەرخانـی ئێمـە (هەتـا ئێسـتا زۆرتریـن گوێگـری هەبـووە لـە مێـژووی پەخشـەکە، نزیکـەی ٢.٥ ملیـۆن جـار کاری پێکـراوە و هێشـتا لـە زیادبووندایـە). هەتـا ئـەو کاتـەی کـە پاییـەر گەڕایـەوە مینیاپۆلیـس، پەخشـەکە نـۆ ملیـۆن گوێگـری هەبـوو، وە بەهـۆی ئەڵقـەی ٤٠٠، ئـەو ژمارەیـە بـە خێراییەکـی زۆر ژمارەکـەی زیادکـرد و لـە دە ملیـۆن تێپـەڕی.[a] ڕۆژانـە ئیمەیڵـی نوێـی گوێگـران لـە دە بـۆ بیسـت و بـۆ سـی زیـادی کـرد.[b] بڕیارمانـدا لـە گەشـەکردن بـەردەوام بیـن و هەرگیـز نەوەسـتین. ئێمـە لێرەیـن، لـەدوای دە سـاڵ.

لـە ئەڵقـەی یەکەمـدا مـن بـە بەرنامـەی لـە قەشـە جـۆن بپرسـە نـاوم بـرد کـە «دوبـارە دەسـتپێکردنەوە»ی شـێوازەکانی پێشـووی ڕادیـۆ و ڤیدیۆیـە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا وەشـانی پەخشـەکە گەشـەی سـەند و بـووە بەرهەمێکـی نـاوازە لەنـاو میراتـی خزمەتەکـەی جـۆن پاییـەر. کاتـی ئامـادەکاری کـە بـۆ قەشـە جـۆن تەرخانکرابـوو هۆکارێکـی گـەورە بـوو بـۆ ئـەوە. لـەدوای دە سـاڵ، وە نزیکـەی دوو هـەزار ئەڵقـە، بنەمـای سـەرەکیمان وەک خـۆی مایـەوە، هەرچەنـدە بـە درێژایـی سـاڵان لایەنـە جیاوازەکانـی پەخشـەکەمان دەسـتکاری کـردووە. سـەرەتا پەیوەندییـە تەلەفۆنـی زەوییـمان گـۆڕی بـۆ سـکایپ و پاشـان بـۆ زووم. لـە نۆکسـڤیلەوە، پاییـەر هەمیشـە قاتـی سـەرەوەی لـە ئۆفیسـەکەی خۆیـەوە لـە مینیاپۆلیـس تۆمـار دەکـرا، لـە ماڵێکـی شـار لەسـەر شـەقامێکی قەرەباڵـغ، کـە دوور نەبـوو لـە نەخۆشـخانە. زۆرجـار دەنگەکانـی ڕێگاوبـان و ئاگادارکـەرەوەکان تۆمارکردنەکەیـان دەپچڕانـد. بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەوم ژاوەژاوە، تاقیکردنەوەمـان کـرد لەسـەر مایکـە جۆراوجۆرەکانـی سـتۆدیۆ کـە یارمەتیـدەر بـوون، بـەڵام هەرگیـز بـە تـەواوی ژاوەژاوەکەیـان بێدەنـگ نەدەکـرد (لـە هەمـووی دیارتـر ئـەو بەیانییـە بـوو کـە کرێکارانـی شـارەوانی بەبـێ ئاگادارکردنـەوە گەیشـتن بـۆ ئـەوەی بـە مشـاری کارەبایـی لـە باخچـەی پێشـەوە دارێکـی خۆشەویسـت ببڕنـەوە.[c])

---

a چەنـد بڕگەیەکـی گرنـگ کـە پێویسـتە ئامـاژەی پێبدەیـن، لەسـەر بنەمـای کـۆی ئـەو کاتانـەی کـە ئەڵقەکانمـان لێـدراوە. تەنانـەت پێـش ئـەوەی پاییـەر لـە مینیاپۆلیـس دەربچێـت، ئەڵقـەی کـۆی گشـتی یـەک ملیـۆن بینـەری ئەڵقـەی لـە هەمـوو کاتەکانـدا بەدەسـتهێنا (تەممـوزی ٢٠١٣). لـەدوای ماوەیەکـی کـەم لـە گەڕانـەوەی لـە نۆکسـڤیل، گەیشـتە دە ملیـۆن (تشرینـی یەکەمـی ٢٠١٤). لـە مانگـی تەممـوزی ٢٠١٦ گەیشـتە پەنجـا ملیـۆن و لـە تەممـوزی ٢٠١٨ سـەد ملیـۆن و لـە تەممـوزی ٢٠٢١ گەیشـتە دوو سـەد ملیـۆن.

b هاتنـی ئیمەیـڵ کـە زۆری نەخایانـد توانـای وەڵامدانـەوەی ئیمـەی تێپەڕانـد. بـە گشـتی، لـە دەیـەی یەکەمـدا، بـە تێکڕا گەیشـتە سـی ئیمەیـڵ لـە ڕۆژێکـدا، ٢١٦ ئیمەیـڵ لـە هەفتەیەکـدا، ٩٣٦ لـە مانگێکـدا، ١١،٢٣٧ لـە سـاڵێکدا- یـان شەسـت و سـێ پرسـیار لـە هـەر ئەڵقەیەکـی پاییـەر.

c ئـەو ئەڵقانـەی لـە ٢٠١٩ بڵاوکرانـەوە لـە ئەڵقـەی ١٣٧٩: «چـۆن وەڵام دەدەینـەوە کاتێـک قەشـەیەک واز لـە بـاوەڕ دەهێنێـت؟» (٩ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠١٩)، ئەڵقـەی ١٣٨٢: «کـەی واز لـە گوێگرتـن لـەم پەخشـە بهێنیـن؟» (١٦ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠١٩)، ئەڵقـەی ١٣٨٦: «ئایـا دەکرێـت کەسـێک بڵێـت "مـن کالڤینیـم"؟» (٢٥ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠١٩)، ئەڵقـەی ١٤١٨: «هەمـوو هاوسـەرگیرییەک زۆرتریـن پێویسـتی بـە چییـە؟» (٨ی کانونـی دووەمـی ٢٠٢٠)، و ئەڵقـەی ١٤٢١: «دایـک و باوکایەتـی بـۆ هـەرزەکارە بێبـاوەڕەکان بـە مەسـیح چـۆن دەبێـت؟» (١٥ی کانونـی دووەمـی ٢٠٢٠).

هەروەها لە ئۆفیسی ماڵەوەم تۆمارم دەکرد، سەرەتا لە مینیاپۆلیس و دواتر لە فۆنیکس، هەمیشە لە دووەوە. جگە لەوەی لە ٢١ی ئابی ٢٠١٩، کاتێک من و قەشە جۆن لەسەر شانۆ دەرکەوتین بۆ تۆمارکردنی یەکەم بەرنامەی ڕاستەوخۆی لە قەشە جۆن بپرسە، لە ناشڤیل لەبەردەم نزیکەی دوو هەزار گوێگری پەخش لە کۆنفرانسی گێتی سینگ. پێنج ئەڵقەی لێ بەرهەم هات.[a] ئەوەندە باش بوو، لەدوای سێ ساڵ دووبارەمان کردەوە.[b]

بۆ ئەوەی خێرایی بڵاوکردنەوەمان بەدرێژایی ساڵان بەردەوام بێت، وەرزەکانی میواندار و وەرگیراوەکانی وتارمان پێشکەش کرد، وە دواتر فراوانمان کرد بۆ سێ ئەڵقەی هەفتانە: دوو ئەڵقە لە ستۆدیۆی نوێ لە پایپەر (دووشەممە و هەینی)، وە یەک ئەڵقە لە بڕگەکانی وتار (ڕۆژی چوارشەممە). کاتێک لە ساڵی ٢٠٢٣ پەخشێکی نوێی بڕگەی وتارمان دەستپێکرد، وتارەکانمان لادا و لە هەفتەیەکدا لە دوو ئەڵقە جێگیر بووین (دووشەممە و پێنجشەممە).

بە تێپەڕبوونی کات، پەخشەکە سەلماندی تۆمارکردنی مەیدانی دەنگی پایپەر سوودبەخشە، کە لەگەڵ کەناڵەکانی ناوەڕۆکی دیکەدا ناگونجێت. ئەمەش نوێژەکەیدا هاتبوو لە گردبوونەوەیەکی ناوخۆیی لایەنگرانی دژە لەبارچواندن لە دەرەوەی پلانی دایک و باوک، کە بە سادەیی بە مۆبایلێکی ئایفۆن تۆمارکرابوو.[c] هەروەها بە ئایفۆنێک، لە کۆبوونەوەی ستافی «خواستی خودا»، نوێژی ئەومان تۆمار کرد لەپێناو سەرۆک، چەند خولەکێک لەدوای ئەوەی ستافەکە پێکەوە تەماشای دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپیان کرد.[d] وە کلێسایەکی ناوخۆیی نوێژێکی لەبیرنەکراوی لە پرسەکەدا کرد بۆ خێزانێکی پێنج کەسی کە لە مەشقکردندا بوون بۆ ئەوەی ببنە نێردراو بۆ ژاپۆن، کاتێک هەموویان لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا کوژران.[e] هەریەکێک لەم ساتانەی دەنگی مێژوویی لە خزمەتی قەشە جۆن شوێنێکی ئامادەیان لە بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە دۆزییەوە.

---

a ئەڵقەی ١٦١٥: «ئایا ئیبراهیم بە بەڵێنی خودا پێکەنی؟» (١٩ی نیسانی ٢٠٢١).

b ئەو ئەڵقانەی لە ٢٠٢٢ بڵاوکرانەوە لە ئەڵقەی ١٨٦١: «با گەلان دڵخۆش بن! - لەدوای سی ساڵ» (١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢)، ئەڵقەی ١٨٧٧: «چی دەبێتە هۆی ئەزموونێکی باشی خواپەرستی بە مۆسیقا؟» (٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢)، ئەڵقەی ١٨٨٢: «شتە دڵخوازەکانی جۆن پایپەر» (٢ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣)، ئەڵقەی ١٨٨٥: «بەدەستهێنانی دەنگی ڕاست لە بەیانی یەکشەممە» (٩ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣)، وە ئەڵقەی ١٨٨٧: «کەی بێهیوایی دەبێتە گوناە؟» (١٣ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).

c ئەڵقەی SE٠٦: «نوێژی جۆن پایپەر بۆ دایک و باوکایەتی پلان بۆ دارێژراو» (٢٢ی ئابی ٢٠١٥).

d ئەڵقەی SE١١: «نوێژی جۆن پایپەر لەپێناو سەرۆک ترامپ» (٢٠ی کانونی دووەمی ٢٠١٧).

e ئەڵقەی SE١٠: «نوێژی پرسەی جۆن پایپەر بۆ خێزانێکی پێنج کەسی» (٦ی ئابی ٢٠١٦)، ئەڵقەیەکی مەترسیدار کە چەند هەفتەیەک دواتر لێکۆڵینەوەمان لەسەری کرد)، ئەڵقەی ٩٣١: «چۆن لەبەردەم خەڵکدا نوێژ دەکەیت، بەبێ ئەوەی نمایش بکەیت؟» [٣١ی ئابی ٢٠١٦].

ئامانجی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە

گەشەی پەخشەکە زۆر باش بوو، بەڵام هەروەها بووە هۆی ئەوەی ناوبەناو ئیمەیڵی دۆستانە لەلایەن ڕابەرانی کڵێساکانەوە بنووسرێت، کە ترسیان لەوە هەبوو بەکارهێنانی بەربڵاوی بەرنامەی «لە قەشە جۆن بپرسە» دانایی کڵێسا ناوخۆییەکان و قەشە و هاوڕێ مەسیحییەکان لە ژیانماندا تێکدەدات، کە باشتر دەگونجێن بۆ یارمەتیدانمان لە ژیاندا. بۆیە لە کۆتایی ساڵی یەکەمماندا، پرسیارم لە قەشە جۆن کرد کە چۆن دەیەوێت گوێگران پەیوەندی بکەن بە بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە. چۆن گوێگران هاوسەنگی بکەن لەنێوان پەخشەکە و دەنگەکانی دەستبەجێی دەوروبەرمان؟ گوتی: «بە ڕۆحی بەشی پێنجەمی یەکەم نامەی ساڵۆنیکی «هەموو شتێک تاقی بکەنەوە، چی باشە دەستی پێوە بگرن» (یەکەم ساڵۆنیکی ٥: ٢١). هەموو شتێک بە کتێبی پیرۆز تاقی بکەرەوە. «لەوێدایە کە هەوڵدەدەم هەموو وەڵامەکانم بۆ پرسیاری خەڵک بدۆزمەوە.» دووەم: «هیوادارم ڕێزێکی زۆر بگرن لە ڕابەرە ڕۆحییەکانی کڵێساکانی خۆیان و قسەیان لەگەڵ بکەن سەبارەت بەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە؛ ئەمەش لە بەشی پێنجەمی یەکەم نامەی ساڵۆنیکی هاتووە (یەکەم سلۆنیکی ٥: ١٣) وە ئەوە کۆتا دەسەڵاتە و وشەی خودایە، نەک وشەی من. دەمەوێت بەردەوام و بەردەوام وشەی خودا شکۆدار بکەم، کەوا ڕاست و دانایی و شیرینە.[a]

لەدوای چەند ساڵێک، قەشە جۆن باسی هیوای خۆی کرد بۆ ئەوەی پەخشەکە گوێگران ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بۆ خۆیان بیربکەنەوە. گوتی «نوێژی من ئەوەیە کە جگە لەو ڕێنمایی و هاندانە دەستبەجێیەی کە ڕەنگە بیدات، بە تێپەڕبوونی کات، مرۆڤەکان شێوازێکی بیرکردنەوە و شێوازێکی بەکارهێنانی کتێبی پیرۆز هەڵبمژن بۆ ئەوەی لە دەیەکانی داهاتوودا لە کڵێساکانیان ببنە دانا، کە کەسانی گەنجتر دێنە لایان بۆ ئامۆژگاری ژیرانە و تێر لە کتێبی پیرۆز و دەوڵەمەند بە ئینجیل.»[b] ئامانجی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە ئەوەیە کە باوەڕداران بە مەسیح بەقوتابی بکات بۆ ئەوەی ببنە ڕاهێنەری توانادار بۆ ئەوەی باشتر خزمەت بە خەڵکی دەوروبەریان بکەن. پەخشەکە کڵێسا ناوخۆییەکان ناڕووخێنێت؛ بەڵکو بەهێزیان دەکات. نوێژ دەکەین ئەو باوەڕدارانەی کە گوێ دەگرن، بارگاوی بن بۆ ئەوەی باشتر خزمەتی ژیانی ئەو خەڵکە زۆرە بکەن کە گوێگر نین. بە پشتبەستن بە ئیمەیڵەکانمان، ئەمە ڕوودەدات. (وە قەشەکان ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی قەشەیەکی باشتر بن).

---

a جۆن پایپەر، ئیمەیڵ بۆ نووسەر، ١٠ی ئازاری ٢٠١٤.

b جۆن پایپەر، ئیمەیڵ بۆ نووسەر، ١١ی تەممووزی ٢٠١٨.

پەخشەکە جێگەی قەشە و هاوڕێیان ناگرێتەوە، چونکە ئەڵقەکانمان بێ هەڵە نین. بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە یەکێکە لە سەرچاوەکانی دانایی، یەک ئەڵقەی نهێنیکەرەوە نییە بۆ چارەسەرکردنی هەموو مەتەڵەکانی ژیان. ئێمە بڕیار بۆ گوێگران نادەین. ئامانجمان ئامادەکردن و بەهێزکردنی باوەڕدارانە بە مەسیح بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان لە ڕێگای کتێبی پیرۆزەوە.

بۆ ئەوەی گوێگران لە پاوانخوازی ئایینی دوور بکەونەوە (کە لە سەرەوە باسمان کرد)، پێویستە گوێگران ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی خۆیان وەڵامەکان لە کتێبی پیرۆزەوە بدۆزنەوە. قەشە جۆن چۆنیەتی ئەمەی ڕوون کردۆتەوە. بە پرسیارێک دەست پێ بکە و زاراوەی بەرامبەری لە کتێبی پیرۆزدا بدۆزەرەوە. بە بەکارهێنانی فەرهەنگۆک توێژینەوەیەکی وشەیی دیجیتاڵی بکە. پێنج (یان زیاتر) دەقی سەرەکی جیابکەرەوە، چاپیان بکە، لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکەکەیان بکە، پاشان بازنە و هێڵکاری بۆ ئەو وشانە بکە کە بە تایبەتی پەیوەندیدارن بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە. بەم دەقانە لە شوێنی خۆیان، قەناعەتەکانت بەگوێرەی کتێبی پیرۆز بنیاد بنێ. بە درککردنە بەمە زۆربەی گوێگران دەتوانن خۆیان ئەم کارە بکەن، پاپیەر هەوڵ دەدات گوێگران «توانادار» بکات بۆ ئەوەی خۆیان تێکەڵی وشەکە بن.

بە زەردەخەنەوە گوتی: «دەتوانیت پەخشی خۆت دروست بکەیت.»[a]

بۆچی ئەم کتێبە؟

جۆن پاپیەر قەشە و یەزداننasە. دەیان ساڵی خزمەتکردنی قەشایەتی ڕاهێنانی پێ کردووە بۆ ئەم پەخشە. من ڕۆژنامەنووس و مامۆستام. چەندین ساڵی بڵاوکردنەوە و نووسینی هەواڵ ڕاهێنانی پێکردم کە چۆن ڕووداوەکان ڕاپۆرت بکەم و چاوپێکەوتن ئەنجام بدەم، ئەو کارامەییانەی کە ئێستا بەکاریان دەهێنم بۆ پوختکردنەوەی دانایی شوانایەتییە بۆ خزمەتکردنی جەماوەری بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە. خوێندنەوەی ئیمەیڵی جەماوەر، هەڵبژاردنی باشترین پرسیارەکان، دانانی بەرنامەی ئەڵقەکان؛ زەحمەتکێشانی پەخشەکەم تەنها پاساوێکە بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێکی ٢٢٠ کاتژمێری لەگەڵ قەشە و یەزدانناسێک (وە هاوڕێیەک) کە بێکۆتایی سەرسامم دەکات. لەدوای دە ساڵی تەواو، ئەرشیفێکی گەورەمان کەڵەکە کردووە کە زیاتر لە ٢.٣ ملیۆن وشەی بڵاوکراوەی تێدایە.

کتێبەکەم گەشتێکی ڕێنماییە، کۆکردنەوەی گێڕانەوەی ٧٥٠ ئەڵقەی بەناوبانگی ئێمەیە، زۆربەیان لەسەر ڕەوشتی بارودۆخی، کە لە ماوەی دەیەی یەکەمیدا لە پەخشی قەشە جۆن بپرسە (لە ١١ی کانونی دووەمی ٢٠١٣ هەتا ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢)

a ئەڵقەی ١٠٨٤: «ئەگەر کەسێک حەزی لە من نەبێت، ئایا شایەتیدانی مەسیحیم تێکداوە؟» (٢٣ی ئابی ٢٠١٧)

بڵاوکراوەتـەوە. ئـەم کتێبـە نمونەیەکـی سـەرەکییە لـە بیـر و یەزداناسـی جـۆن پایپـەر. داوا لـە خـودا دەکـەم خزمـەت بـە چـوار مەبەسـت بـکات:

١. مـن دەمەوێـت نەخشـەیەک بکێشـم بـۆ ئـەو بـوارەی باسـمان کـردووە بـۆ ئـەوەی پرسـیارەکان دووبـارە نەکەمـەوە. بـەم ئەرشـیفە فراوانـە، نزیکـەی یەک لەسـەر سـێی ئیمەیڵە نوێیەکانـی گوێگـران لـە ڕابـردوودا بـە شـێوەیەکی پێویسـت ڕوومـاڵ کـراون، ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ. ئەمـە ئـەوەم بـۆ دەردەخـات کـە هەرچەنـدە ئێمـە ئەرشـیفێکی دیجیتاڵـی گـەورە دەپارێزیـن؛ کـە بـە تـەواوی نووسراوەتـەوە و دەکرێـت بەنێویـدا گـەڕان بکرێـت؛ بـەڵام زۆر کـەس ناتوانـن بـە ئاسـانی ئـەو ئەڵقانـە بدۆزنـەوە کاتێـک پێویسـتیان پێیانـە. تەنانـەت منیـش هەندێـک جـار لەبیـرم دەچێـت کـە کام پرسـیار پێشـتر ڕوومـاڵ کـراوە. بۆیـە نوێـژ دەکـەم ئـەم کتێبـە ئەرشـیفەکەمان لەگـەڵ پرسـیارە نـوێ و داهاتووەکانـدا بگونجێـت کـە ڕووبەڕووتـان دەبنـەوە. وە یارمەتیـم بـدات بـۆ دووركەوتنـەوە لـە دووبارەبوونـەوە.

٢. دەمەوێـت ئەڵقەکانمـان بـە شـێوەیەکی بابەتییانـە ڕێکبخـەم. لەگـەڵ گەشـەکردنی ئەرشـیفی پەخشـەکە، هەروەهـا سـەرنجم دا کـە داواکارییەکانـی هـاوڕێ و هاوبەشـەکانی خزمـەت کـە داوای لێکـردووم ئاراسـتەیان بکـەم بـۆ وەڵامەکانـی ڕابـردووی بەرنامـەی لـە قەشـە جـۆن بپرسـە بـۆ ئـەو پرسـیارە تایبەتانـەی کـە ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە. منیـش ئـەوەم کـرد. هـەروەک ئەمـەم کـردم، بـۆم دەرکـەوت کـە هـەر پرسـیارێک بـە باشـترین شـێوە لـە چەندیـن ئەڵقـەدا لـە گۆشـەنیگای جیـاوازەوە وەڵام دەدرێتـەوە. بەهـای کەڵەکەبوونـی چەندیـن ئەڵقـە لـە سـەرەتادا ترسـناک بـوو. بـەڵام بـۆ هـەر داواکارییـەک بـە پوختەیـەک، پوختەیـەک و کۆکردنـەوەی چەندیـن ئەڵقـە وەڵامـم دەدایـەوە کـە پێـم وابـوو دەکرێـت یارمەتیـدەر بێـت. لـە بەرامبـەردا پێـم گوتـرا ئـەم پوختانـە بەڕاسـتی یارمەتیـدەر بـوون. بۆیـە بەڵگەنامەیەکـی کارپێکـراوم هێشـتەوە بـۆ ئـەوەی بەدرێژایـی سـاڵان کۆیـان بکەمـەوە. ئـەو بەڵگەنامەیـە بـووە سـەرەتای ئـەم کتێبـە. وە کاتێـک هاوبەشـە نێودەوڵەتییەکانمـان گوێیـان لـەم پوختەیـە بـوو، بـە هۆکارێکـی دیکـە داوایـان کـرد. وەرگێڕانـی ئارەزوومەنـدی ئەرشـیفی پەخشـەکە بـۆ زمانێکـی نـوێ و (ئێسـتا بەرنامـەی لـە قەشـە جـۆن بپرسـە بـە دە زمـان هەیـە!) پێیـان گوتـم کـە سـوودمەند دەبـن لـە ڕێنماییەکـی بابەتیـی بـۆ ئـەوەی یارمەتییـان بـدات ئەڵقـەکان لەسـەر بابـەت و بابەتەکانـی لاوەکـی دیاریکـراو هەڵبژێـرن بـۆ ڕێنماییکردنـی کارەکانیـان و سـەرنجدانیان.

٣. مـن دەمەوێـت ئاهەنـگ بگێـڕم بـۆ وەبەرهێنانـی قەشـە جـۆن لـەم پەخشـەدا. بەرنامـەی لـە قەشـە جـۆن بپرسـە لە خۆیـدا سـەرچاوەیەکی نـاوازەی شـوانایەتییە. هەرچەندە ئیلهامبەخشـە لـە ڕوونکردنـەوەی شـێوازی کـرداری پێشکەشـکردنی وەڵام، بـەڵام بەبـێ ئاماژەکـردن بـە

ڕێڕەوی خۆی ئەو کارە دەکات. وەڵامەکانی تەنها بەرهەمی هاوئاهەنگییەک نین. جۆن پاپیەر زانایەکی بەناوبانگی پەیمانی نوێیە، بانگخوازێکە لە ئاستی جیهانی و قەشەیەکی دێرینە و زیاتر لە سێ دەیە پراکتیزەکردنی ڕابەرایەتی کڵێسای هەیە کە ئەزموونی کەسیی خۆی لە هاوسەرگیری و پەروەردەکردنی منداڵ و باپیرایەتیدا زیادکردووە. لە هەموو کەسێک زیاتر کە من ناسیومە، ئەو لە نزیکەوە چاودێری ژیان و بیروباوەڕی دەکات (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٦). ئەو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی کتێبی پیرۆز لەدایک بووە.[a] ئەو چاوێکی وردی هەیە بۆ شتە بنەڕەتییەکان، شارەزایە لە وردبینیکردنی خێرای کێشەی سەرەکی لە دووڕیانێکی دیاریکراودا؛ بەهرەیەکە کە لە کۆبوونەوە گرژەکاندا بینیومە، زنجیرە ئیمەیڵە ئاڵۆزەکان و ئێستا لە سەدان وەڵامی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسەدا کاردەکات. لە کاتێکدا هەمیشە زۆر شتی هەیە بۆ گوتن لەسەر بابەتێک، بەڵام دەتوانێت ئەو شتە سەرەکییە جیابکاتەوە کە پێویستە لە ئەڵقەیەکی دە خولەکیدا بگوترێت. ئامادەیی ئەو بۆ وەبەرهێنانی سەدان کاتژمێر ئامادەکاری لە وەڵامەکانیدا، پاکی کەسی، ڕژدی، پەرۆشی بۆ کتێبی پیرۆز، لێهاتوویی لە ئاماژەدان بە پرسە سەرەکییەکان و ئەزموونی قوولّی، هەموویان لە ئێستادا پێکهاتەی سەرەکی ناوبانگەکەی پەخشەکەن، وە توانای بەردەوامبوونی هەیە بۆ دەیان ساڵی داهاتوو.

٤. دەمەوێت ئاشناتان بکەم بە مەودا و قوولّی ئەرشیفی پەخشەکە. پازدە ساڵ لە سەرپەرشتیکردنی دانایی قەشایەتی ئێستا بە ئامانجی زیادکردنی بەها بۆ بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە بەکاردەهێنرێت. ئەم کتێبە جێگەی پەخش ناگرێتەوە؛ تەواوکەری ئەوەیە وەک ڕێبەرێکی هاوڕێ کە بە ئاسانی دەتوانرێت تێیدا بگەڕێیت، پوختەیەک لە بەناوبانگترین ئەڵقەکانمانە، بە تایبەتی لەسەر ئەو دووفاقییەی بارودۆخەکان کە ڕووبەڕووی دەبینەوە. وەشانێکی پوختە لە بەناوبانگترین ئەڵقەکانمان بۆ یارمەتیدان لە ڕامان و بیرکردنەوە و بیرهێنانەوە. کتێبەکان بە ئاسانی دەکرێت لەسەر ڕەفەکان کۆبکرێنەوە. تەنانەت گۆڤارەکانیش دەکرێت لەناو سندوق یان سەبەتەیەکدا هەڵبگیرێن. بەڵام پەخشەکان تەواو دیجیتاڵین؛ فایلە دەنگییە کاتییەکان کە مەبەست لێی پەخشکردن و بڵاوکردنەوەیە و وەک شەپۆلی دەنگی لە هەوادا ون دەبێت. بەڵام بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە هەر لەسەرەتاوە دروستکرابوو بۆ ئەوەی وەک ئەرشیفێکی دەنگی هەمیشەیی بمێنێتەوە.

---

aبۆ پاڕێزگاری، بە درێژایی کتێبەکە ئاماژە بە دەق و وەرگیراوەکانی کتێبی پیرۆز دەبینیت. زۆرێک لەم دەقانەی کتێبی پیرۆز کە ئاماژەیان پێکراوە، وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ نین، بەڵکو وەرگێڕانی وەرگێڕان یان وەرگێڕانی ڕەسەنن. ئاماژەکانی وەرگرتنی ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز زۆرجار ئاماژەن بۆ قسەکردنی قەشە جۆن لە کتێبی پیرۆزەوە نەک دەقی ڕاستەقینەی کتێبی پیرۆز.

ئـەوەی لەبەردەسـتدایە گەشـتێکی ڕێنماییکردنـە؛ ئینسـایکلۆپیدیایەکی ڕێکخـراوە بـۆ ئەرشـیفی پەخـش. مـن مەبەسـتم ئـەوە نییـە کـە ئـەوە دەسـتبەجێ واتـای هەبێـت، چونکـە پێموایـە ئـەم کتێبـە ژانرێکـی نـوێ دەسـتپێدەکات. لـە بنەڕەتـدا، نوێـژی مـن ئەوەیـە کـە بـە کردنـی دەیـان لـە تـەوەرە سـەرەکییەکانی پەخـش کـە بـە شـێوەی چاپکـراو بتوانرێـت بگەڕێـن، ئـەم کتێبـە ئەرشـیفەکە زیاتـر بەسـوود بـکات بـۆ تـۆ لـەو سـاتەدا کـە پێویسـتت پێیەتـی. ئـەم کتێبـە لسـتێکی نـاوەڕۆک نییـە؛ ئـەوە لسـتەکەی ناوەڕۆکـە، لسـتێکی ناوەڕۆکـە بـۆ خزمەتکردنـت لـە خزمەتکردنـی کەسـانی دیکـە. بـۆ نموونـە، ئەگـەر تـۆ ڕاوێـژ پێشـکەش دەکەیـت بـۆ کەسـێک (یـان ژن و مێردێـک)، بـە سـادەیی لاپەڕەکانـی ئـەم کتێبـە کۆپـی مەکـە و دیـاری مەکـە. لەبـری ئـەوە، ئەڵقـەی تایبەتـی پەخـش دیـاری بکـە. بـۆ دۆزینـەوەی ئەرکەکانـت ئـەم کتێبـە بەکاربهێنـە.

لەگـەڵ دروسـتکردنی ئـەم پەخشـە بـۆ یـەک کتێبخانـەی نـاوەڕۆک، دە سـاڵەی یەکەمـمان بنەمای هەمـوو شـتێکی دیکـە دادەنێـت کـە لـە داهاتـوودا دێـت. بـۆ گوێگرانـی ئێسـتا، ئـەم کتێبـە تیشـک خسـتنە سـەر گرینگتریـن خاڵەکانـی ڕابـردووە. بـۆ گوێگرانـی داهاتـوو، کتێبەکـە هەنـگاوی یەکەمە بـۆ پوختکردنـەوەی ئـەوەی پێشـتر ڕووماڵـمان کـردووە. ئـەم کتێبـە دەسـتبەجێ خزمـەت بـە هـەزاران گوێگـری ئێسـتا دەکات کـە ڕێگـەی خوێـان لـە پەخشـەکەوە بـۆ ئـەم کتێبـە دۆزیوەتـەوە. بـەڵام ڕەنگـە، ئەگـەر پـەروەردگار بەخشـندەیی بنوێنێـت، ڕێڕەوەکـە لـە کاتـی خوێـدا پێچەوانـە بێتـەوە و هـەزاران خوێنـەر لـەم کتێبـەوە ڕێگەیـان بـۆ پەخشـەکە بدۆزنـەوە.

ئـەوە نوێـژی منـە. لـە کاتێکـدا ئـەم کتێبـە بـە دیـاری دەدەیتـە ئـەو کەسـانەی کـە هێشـتا گوێیـان لـە پەخشـەکە نەگرتـووە، ئـەوا یارمەتیـم دەدەیـت بـۆ هاتنـەدی ئـەم خەونـە. وا بیـر لـەم کتێبـە بکـەرەوە وەک ڕاگەیاندنـی پەخشـێک کـە لـە کاغـەز و مەرەکـەب دروسـتکراوە و دەتوانیـت بیدەیتـە دەسـت کەسـانی دیکـە.

گەیشتن بە دەنگەکە

دەمەوێـت نزیکـەی ئـەم ٢٢٠ کاتژمێـرە تۆمـارە دەنگییەتـان پیشـان بـدەم. دیسـانەوە میوانداریتـان دەکـەم، نـەک لـە پشـت مایکرۆفۆنـەوە، بەڵکـو لـە پشـت تەختەکلیلێکـەوە.

تۆمـاری دەنگـی و دەقـی هـەر ئەڵقەیـەک بەردەسـتە لـە ماڵپـەڕی «خواسـتی خـودا» (desiringGod.org). بـۆ ئـەوەی لـە کتێبەکـەوە بچیتـە سـەر ئەڵقەکـە، بڕوانـە پەراوێزەکـە. پەرایـزی «لـە قەشـە جـۆن بپرسـە ١١٧٣» واتـا هەمـوو ئـەوەی کـە پێـش ئـەو تێبینییـە وەرگێـردراوە یـان وەرگیـراوە لـە ئەڵقـەی ١١٧٣ هاتـووە. بـۆ دۆزینـەوەی تـەواوی ئەڵقەکـە، بچـۆ بـۆ ماڵپـەڕی سـەرەکی بەرنامـەی لـە قەشـە جـۆن بپرسـە (AskPastorJohn.com) و لـە

لاکێشەی گەڕانەکە بنووسە «١١٧٣». بۆ دۆزینەوەی ئەڵقەکان لە گووگڵ یان یوتیوب، ناونیشانی تەواوی ئەڵقەکە لە گەڕانەکەتدا بەکاربهێنە.

ژمارەی ئەڵقەکە لە پەراوێز بدۆزەرەوە، پاشان بچۆ بۆ لستی ناوەڕۆکی ئەڵقەکان لە کۆتایی ئەم کتێبەدا و ناونیشانی تەواوی ئەڵقەکە بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی لە گەڕانەکەتدا بەکاری بهێنیت.

بە قسەکردن دەربارەی ئەو لستەی ناوەڕۆک کە لە کۆتایی ئەم کتێبەیە، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندین گۆڕگری بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە ئیمەیڵیان ناردووە بۆ ئەوەی ئاگادارمان بکەنەوە کە گوێیان لە هەموو ئەڵقەکانی پەخشەکە گرتووە. هەروەها دەتوانیت، لەگەڵ ئەو لستەی ناوەڕۆک تەواوی ناونیشانەکان وەک ڕێنماییەک بەکاربێت بۆ هەر ئەڵقەیەکی قەشە جۆن لەخۆدەگرێت لە ماوەی دەیەی یەکەممانداا، ٢٠١٣-٢٠٢٢. دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئەڵقەکان لەکاتی گۆڕگرتن لە تەواوی ئەرشیفەکەدا. هەروەها تەنها گەڕان لە لستی ناونیشانەکان ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ دۆزینەوەی ئەڵقەکان.

ئەرشیفەکە گەورەیە. من دەمەوێت لە ڕێگەی کتێبەکەمەوە ئاسانتر مامەڵەی لەگەڵ بکەیت، کە لە سەرەتادا لە کتێبی کلاسیکی «ڕێبەری مەسیحی» ڕیچارد باکستەرەوە بیرۆکەم وەرگرت (ساڵی ١٦٧٣)، کە ژمارەی وشەکانی دەگاتە ١.٣ وشە (شەش هێندە ئەم کتێبەیە). ناچار بوو لە پێشەکییەکەیدا مامەڵە لەگەڵ قەبارە گەورەکەیدا بکات! باکستەر بە پەرێشانییەوە گوتی کە ئەوە بۆ «کێشەی گەورەی» ئەوەیە کە «بە وشەی کەمتر ناتوانرێت ڕێنمایی و ڕۆشنکردنەوەی تەواو بکرێت.»[a] هـا! بەڵێ. ئێستا لەدوای تێپەڕینی وشەکان لە ٢.٣ ملیۆن وشەی بڵاوکراوەدا، ئەرشیفی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە لە کتێبەکەی باکستەر بچووکتر دەکاتەوە. لە کاتێکدا ئەمە دەکات، ڕای ئەو دووپات دەکەمەوە. ڕێنماییکردن و ڕۆشنکردنەوەی جیهان کارێکە پێویستی بە وشەیە.

سوپاسی- ئێوە

بەڵام ئەو کارەی ئەنجامدراوە لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە، هیچ کێشە و بارگرانییەک نییە. کارێکی خۆشە، بە شێوەیەکی بەرچاو لەبەر ئەوەیە گۆڕگرانمان بە تامەزرۆییەوە گوێ دەگرن و بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری دەکەن. بەڵام کارێکی سەختە. بە چاوی خۆم تەماشای جۆن پاپیەرم کردووە کە خۆی تەرخان کردووە بۆ هەر دانیشتنێکی تۆمارکردنی بەرنامەکە. لە هاوینی ٢٠١٨، ئامێری چاودێریکردنی ترپەی دڵی کڕی. لەدوای دوو هەفتە، کاتێک کۆتاییمان دەهێنا بە تۆمارکردنی زنجیرە پرسیارێکی تایبەت

a ڕیچارد باکستەر، کارە پراکتیکییەکانی قەشە ڕیچارد باکستەر (لەندەن: جەیمس دانکان، ١٨٣٠)، ١: ٥٤٦.

کە ماندووی کرد، گوتم: «وای، ئەوە زۆر بوو!» ئەویش لەگەڵم هاوڕابوو. وەڵامی دامەوە و گوتی «وای، هەست دەکەم لە ماراسۆنێک ڕامکردووە!». بە پێکەنینێکی پڕ لە خۆشییەوە لە کاتێکدا تەماشای ئامێرەکەی چاودێری ترپەی دڵی کرد لەسەر مەچەکی و گوتی «من سەرم سوڕماوە، سەرسامم؛ کاتێک تەماشای هێڵکاری ڕۆژەکەم دەکەم. لە خولەکێکدا ٦٠ ترپەیە. پاشان بەرزدەبێتەوە بۆ ١٠٠ یان ١٢٥ ترپە لە خولەکێکدا. بێگومان ترپەکان دەگاتە ئەوەندە کاتێک ڕادەکەم یان قورسایی بەرز دەکەمەوە. بەڵام وای لێدێت کاتێک وانە دەڵێمەوە یان بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە تۆمار دەکەم. بەڵام هەست بە هەناسە تەنگی ناکەم وەک لەوەی لە ڕاکردن هەستی پێ دەکەم. پێم وایە ئەمە ئەدرینالینە، بەرزی ئەدرینالین.»[a]

لەو هاوینەدا گەیشتینە ١٠٠ ملیۆن جار تەماشاکردنی ئەڵقەکان لەلایەن بەرکاربەرانەوە، لەم خاڵەدا لایەنێکی دیکەی ماندووبوونی ئەوم بۆ دەرکەوت. داوام لە قەشە جۆن کرد بیر لەوە بکاتەوە کە کارکردن لەسەر پەخشەکە چۆن بووە. سەبارەت بە ڕۆژانی ئامادەکارییەکەی گوتی: «هەندێک جار دەموچاوەکەم دەخەمە دەستم و سەرم دەهەژێنم، کاتێک ئەو پرسیارانە دەخوێنمەوە کە گوێگرەکانمان بۆم دەنێرن زۆر ئازارە. زۆر سەختە. زۆر مایەی دڵتەنگییە. زۆرێک لە ئاڵۆزییەکانی پەیوەندی کە بەڕواڵەت هیچ چارەسەرێکی مرۆییان نییە. کاریگەری بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە لەسەر ژیانم ئەوەیە سەرەتا من بۆ ئازارەکانی خەڵک هێور بکاتەوە، وە پاشان تۆڕەم بکات لە گوناە و شەیتان. نەک تەنها بەرەو وشەی خودا ڕێنماییم دەکات، تاکە هیوای من بۆ یارمەتیدانی هەر کەسێک، بەڵکو هەروەها بەرەو نوێژ و ڕۆحی پیرۆزیش. بە دەربڕینێکی دیکە، پەخشەکە وادەکات هەست بە بێدەسەڵاتی بکەم.[b]

بە پێشکەشکردنی ژیانمان بە کارەکە، بە ڕۆحێکی بێهیواییەوە، ئێمە بە تەواوی پشت بە خودا دەبەستین بۆ ئەوەی ئەم پەخشە بەردەوام بێت. تەمەنی دە ساڵە، نزیکەی دوو هەزار ئەڵقەیە، ٢٣٠ ملیۆن تەماشاکردنی ئەڵقەکانی تێپەڕاندووە؛ هەموو ئەمانە نیعمەتە. ئێمە هیچ پارەیەک وەرناگرین. ئێمە هیچ ڕیکلامێک لاتەنیشت یان پاڵپشتی پارەدار بەکارناهێنین. ئێمە بە تەواوی پشت بە خودا دەبەستین، دەیخەینە سەر دڵی گوێگران بۆ ئەوەی نوێژمان بۆ بکەن و لە ڕووی داراییەوە پشتگیریمان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین -پێکەوە- پەخشەکە بەخۆڕایی بێت و لەبەردەستی ملیۆنان گوێگر بێت لە سەرانسەری جیهان. بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە توانای خزمەتکردنی کڵێسای هەیە بۆ دەیان ساڵی داهاتوو، وە ئەوە شەرەفێک بووە بۆ من کە بە درێژایی ژیانم ڕۆڵی خۆمی تێیدا بگێڕم. بۆ هەموو ئەمانە، من بە شێوەیەکی کەسیی دەمەوێت بڵێم سوپاس! بۆ ئێوە؛ «خواستی خودا»ی هاوبەشی بەهاداری خزمەت؛ ئەم کتێبە پێشکەشە بە ئێوە.

a جۆن پایپەر، کۆتایی تۆمارکردنی مۆنتاژنەکراو، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٨.

b جۆن پایپەر، ئیمەیڵ بۆ نووسەر، ١١ی تەممووزی ٢٠١٨.

قسەیەک پێش ئەوەی دەست پێ بکەین

واز لە گوێگرتن لە پەخشەکە مەهێنە! ئەوەی تۆ لە بەردەستتدایە ڕێبەرێکی هاوڕێیە، پوختەیەکی بابەتییانەیە، کەشکۆڵێکی ئاسانە بۆ گەڕان، بۆ ئەوەی ئەرشیفی دەنگی بەنرختر و سوودمەندتر بێت. کتێبەکەم بە مەبەست کورت و پوخت و ئامانجدارە. تۆمارە دەنگییەکان پڕتر و گەرمتر و زیاتر قەشایەتین. پێکەوە بەکاریان بهێنە.

ڕەنگە تۆ لەگەڵ هەموو شتێکی ئەم کتێبە یان لەگەڵ پەخشەکەدا هاوڕا نەبیت. ئەوە ئاساییە. وەک خەڵکی باشی بیریە [a] لە کتێبی پیرۆز بکۆڵەوە و بە تێگەیشتنێکی چاڵاکەوە بخوێنەوە و گوێبگرە.

پێویستت بە هەموو شتێکی ئەم کتێبە نابێت. یەکسەر نا. بەشێکی بەرفراوانی بارودۆخی ڕەوشتی باوترین بابەتەکان لەخۆدەگرێت.

بەڵام ئەگەر ڕابەرێکی مەسیحی و قەشە بیت، پێویستە هەموو وشەیەکی ئەم کتێبە لەبەرچاو بگرێت. ئەم بابەتانە تۆ بە مێشکی جۆن پایپەر دەناسێنن کاتێک لە کتێبی پیرۆزەوە باس لە دوورپانەکانی بارودۆخ و ڕەوشت دەکات. هیوادارم بە ڕوونتر بزانیت کە چۆن پرسیارە قورسەکان چارەسەر دەکات. ئەمە کتێبێکی سوودبەخشە. لە کاتێکدا من هەردەم سوپاسگوزاری خودام کە پایپەر کتێب دەنووسێت و وتار دەدات، بەڵام من زۆرترین شت لە قەشە جۆن فێربووم لە وەڵامەکانی بۆ پرسیارە گرنگەکان. ئەو وەڵامانە یارمەتیم دەدەن بۆ ئەوەی تەواوی کارەکانی بخەمە ناو چوارچێوەی خۆی.

لێکۆڵینەوە لە ڕێبازی ڕەوشتی قەشە جۆن بکە سەرەتا بەگوێرەی دەق. قەشە جۆن بە پرسیارێکی بەردەست، سەرەتا بە ڕوونترین دەقی کتێبی پیرۆز لەسەر بابەتەکە دەست پێدەکات، پاشان هۆکارەکان دەخاتە ڕوو بۆ بەکارهێنانی دروست. هەندێک جار دەکرێت کۆێسا هەنگاوی یەکەم تێپەڕێنێت کە ڕوونکردنەوەی دەقە بنەڕەتییە پەیوەندیدارەکەیە، کە بناغەی هەموو شتێکی دیکەیە. لەپێناوی کۆێسادا، ئەم ڕێبازەی پێشینەیی دەقی کتێبی پیرۆز بە شێوازێکی بنەڕەتی دەمێنێتەوە بۆ نووسەرانی مەسیحی، مامۆستاکان، ڕۆژنامەنووسان، ڕاوێژکاران، قەشەکان، بانگخوازان، دایک و باوکان، وە هەر کەسێک کە باس لە ڕەوشتی مەسیحی دەکات یان ڕێنوێنی دەکات. ئامانجی پەخشەکە مەبەستی

---

a خەڵکی بیریە: کە لە کرداری نێردراوان ١٧: ١١ باسیان کراوە، کە بە پەرۆشییەوە پەیامەکەیان لە پۆڵس وەرگرت و ڕۆژانە لێکۆڵینەوەیان لە کتێبی پیرۆز دەکرد - وەرگێڕ.

ئەم کتێبەیە؛ بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە پێکهێنانی بەستەری ڕەوشتی خۆت، خاڵی یەکگرتنی نوێ کە لە جیهانی سەدەی بیست و یەکەمدا کتێبی پیرۆز دەبەستێتەوە بە ژیانی ڕۆژانە.

لە هەمووی گرنگتر، خواستی خودا بکە. خودا «ڕەهایە، خۆی هەیە، سەربەخۆیە لە هەموو بەدیهێنراوانی دیکە» (دەرچوون ٣: ١٤). سەرەتا و کۆتایی نییە. پێویستی بە هیچ نییە، هیچ گۆڕانکارییەک، هیچ باشتربوونێک.[a] لە پشت، لە ژێر، سەرەوە و لە دەوروبەری تەواوی پەخشەکەی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە ئەم بەدیهێنەرە لەخۆڕازییەی گەردوون، لە خۆیدا بێ سنوور دڵخۆشە. هەموو بابەتێکی دیکە -لە ڕزگارییەوە هەتا مۆبایلە زیرەکەکان، لە متبوونەوە هەتا سێکس- تەنها دەکرێت بە شێوەیەکی مەسیحی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە ئامادەبوونی بەختەوەریی بەدیهێنەری سێیانەمان.» لە ئەزەلەوە، پێش هەموو سەردەمێک، خودا خۆشی لێ هەڵدەڕژا. خۆشی کرۆکی سروشتی خودایە لە هاوبەشی سێیانەی پیرۆز خۆشحاڵ و پیرۆز. خودای باوک کوڕی خۆشدەوێت و بە تەواوی لێی ڕەزامەندە. خودای کوڕ و باوکی خۆشدەوێت و بە هەموو ئەوەی هەیەتی دڵخۆشی دەکات. کەواتە، خودا پێویستی بە هیچ نییە. هیچ کەموکوڕی نییە. لە هەموو خراپەیەک بێبەرییە، پڕە لە هەموو چاکەیەک.[b]

هەموو کردەوە سەروەرییەکانی دواتری خودا سەربەخۆیی تەواوی بەهێزییەکەی نیشان دەدەن. خودا لەخۆیدا «بە تەواوی دڵخۆشیە،» «لە کرۆکیدا لە هەموو تەواوەتییەکیدا دڵخۆشە». لە متمانەیدا بە خۆشەویستی جیهانی بەدیهێنا، شوێنێکە «بۆ ئەوەی لەگەڵ بەدیهێنراوان لەسەر وێنەی خۆی هەمان ئەو خۆشییە هاوبەش بکات کە لە خۆیدا هەیەتی.» خودا پێویستی بە بەدیهێنراو نییە. پێویستی بە من و بە تۆ نییە. وە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە «بە تەواوی دڵخۆشییە» لە خۆیدا کە بڕیاری دا ئێمە بەدیبهێنێت و لە ڕێگەی خوێنی مەسیحەوە لە گوناهەکەمان ڕزگارمان بکات بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵیدا دڵخۆشی هەمیشەیی ئەزموون بکەین. بەم شێوەیە «ئەم بازنە گەورەیەی چێژوەرگرتن لە خودا و شکۆمەندکردنی خودا» سەرهەڵدەدات.[c] دوو ئامانجەکە دەبنە یەک. بەم پێیە، لە دوای ئەو خۆشحاڵییەی کە لە خۆیدا چێژی لێ وەردەگرێت، «هیچ خۆشییەکی باڵاتر و گەورەتر نییە کە خودا چاوەڕێی بکات» لەو «خۆشییەی کە لە

a ئەڵقەی ١٦٠٠: «خودا کێیە؟» (١٥ی ئازاری ٢٠٢١).

b ئەڵقەی SE٠٩: «پرۆژەی خۆشی» (٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ١١٦: «خۆشی خودا و خۆشی کالڤینیست» (٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١٣).

دەنگدانەوەکانی چاکی خۆیدا لە ستایشە خۆشحاڵییەکانی پیرۆزەکاندا وەریدەگرێت.»[a] تەنیا لەپێناو ئەو ئامانجە بێکۆتایی و هەمیشەییە؛ خودا بە ڕەزامەندیمان لە خۆیدا شکۆمەند دەبێت؛ هەریەکێک لە بڕیارەکانی ژیانمان لەبەرچاو بگیرێت و هەریەکێک لەم ئەڵقانەی خوارەوە بەکاربهێنرێت.[b]

a ئەڵقەی ٩٥٨: «دڵی چێژبەخشی مەسیحی؛ وە کتێبی پیرۆز و بەدیهێنان و هەموو شتێک» (٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦).

b بۆ ڕوونکردنەوەی «دروشمی دڵخواز»ی جۆن پایپەر («خودا زۆرترین شکۆمەندی لە ئێمەدا هەیە کاتێک زۆرتر دڵخۆشیمان بەو هەیە»)، بڕوانە ئەڵقەی ٣٠: «سێ ئاستی هەستی شکۆمەندی خودا» (١٩ی شوباتی ٢٠١٣)، ئەڵقەی ١٩٤: «ئایا خودا خۆویستە؟» (١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣)، ئەڵقەی ٤٨٢: «ئایا ئێمە ‹لە خودا› یان ‹بە خودا› ڕازیین؟» (١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤)، ئەڵقەی ٤٩٧: «ئایا خودا لە حوکمدانی گوناهباراندا کەمتر شکۆمەندە؟» (٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤)، ئەڵقەی ٧٠٢: «ئایا خودا تەنها لەلایەن کەسانێکەوە شکۆمەند دەکرێت کە خۆشیان دەوێت؟» (٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥)، ئەڵقەی ١٠٩٦: «سەرچاوەی خواستی بانگەوازی خودا چییە؟» (٢٠ی ئەیلوولی ٢٠١٧)، ئەڵقەی ١٢٠١: «ئایا لە شکۆمەندکردنی خودا خۆشی من پێویستە؟» (٢٣ی ئایاری ٢٠١٨)، وە ئەڵقەی ١٢١٥: «ئایا خودا لەو کەسانەدا شکۆمەندە کە ڕەتی دەکەنەوە؟» (٢٥ی حوزەیرانی ٢٠١٨).

دەربارەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، پشتگوێخستنی کتێبی پیرۆز، ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز

بۆچی کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە؟

ئێمە ڕۆژانە پێشینەیی دەدەین بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، چونکە بەبێ ئەو شکست دەهێنین لە گەیشتن بە ئامانجە گەورەکەی ژیان: «بۆ ئەوەی ئێستاش وەکو هەمیشە مەسیح لە جەستەمدا پایەدار بێت، ئەگەر بە ژیان بێت یان بە مردن» (فیلیپی ١: ٢٠). لەگەڵ ئەوەشدا، «زۆر شت لە ئێمەدا هەیە کە مەیلی بیرکردنەوە یان هەستکردن یان مامەڵەکردنمان هەیە بە شێوەیەک کە مەسیح مەزن دەرناکەوێت.» بۆ بەدیهێنانی مەبەستە گەورەکەمان، دەبێت شکۆمەندی ببینین. «ئەگەر ئێمە ئارەزووی مەسیح نەکەین و بە بەهاداری نەزانین و چێژی لێ نەبینین و تامی نەکەین و بە گەنجینەی نەزانین، ئەوا لە ڕێگای هەست و گوفتار و کردەوەمان پێشکەشی کەسانی دیکەی ناکەین، مەسیح لە ئێمەدا شکۆدارتر دەبێت کاتێک زۆرترین دڵخۆشیمان لێی هەیە، وە ناتوانین ڕۆژانە لە قوواڵایی ڕۆحمان لە مەسیحدا تێر بین ئەگەر نەیبینین و تامی نەکەین. وە ئەوەش ناکرێت بەبێ «ڕامانێکی بەردەوام لە وشەی خودا لە کتێبی پیرۆزدا». لە کتێبی پیرۆزدا، شکۆمەندی مەسیح دەبینین، ئەم شکۆمەندییە لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەمانگۆڕێت (دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨؛ ٤: ٤).

خوێندنەوەی دروستی کتێبی پیرۆز لە پەرۆشی قووڵ بۆ بینینی خودا هەڵدەقوڵێت. «هۆکاری ئەوەی کتێبی پیرۆز دەخوێنمەوە ئەوەیە کە من بەبێ مەسیح و وشەکەی وەک بەرد مردووم. بەڵام دەمەوێت تەواوی ژیانم، هەموو بەشێکی، شکۆمەندی بێت. دەمەوێت ژیانێکی جوانم هەبێت. دەمەوێت ژیانم زۆر لەوە زیاتر بێت کە هەیە لەوەی بە تەنها بم. دەمەوێت بزانم کە چەندە سەرسوڕهێنەرە لە هەموو وەرچەرخانێکدا -لە هەر کەسێکدا، هەر بەردێک، هەر داریک، هەر ئاژەڵک، هەر کارێکی ڕزگاری. دەزانم کە من، ئەگەر بە تەنها بم، تەواو پووچم، هیچ نیم، ناخم بەتاڵە، سۆزم نییە، کاریگەریم نییە، هیچ جوانیەکم نییە، هیچ بەهادار نیم، هیچ شیرینی و نایابییەکم نییە- تەنها بەتاڵ، پووچ، بێ کاریگەری، لە سەرقاڵییەکی دونیا بۆ سەرقاڵییەکی دیکە دەڕۆم. یەک هیوا بۆ جۆن پایپەر هەیە: ئەوەیە چاوم هەبێت بۆ بینینی شکۆمەندی خودا لە هەموو شتێکدا ببینم -واتا، خودا لە خوێندنەوەی من لە کتێبی پیرۆز دڵخۆش بێت بۆ ئەوەی ئەو شکۆمەندییە ببینم کە بەڕاستی لەوێدایە.» دەبێت ئەو شکۆمەندییە ببینین و تامی

بکەین کە ئێمە لە قاڵب دەدات بۆ گوناهباری ڕزگارکراو کە خودا شکۆدار بکەن بە ڕازیبوون لەو. لەم چوارچێوەیەدا، خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەڕاستی «لێکۆڵینەوەیەکی سەرسوڕهێنەرە».[a]

بۆچی خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆز؟

بۆ باوەڕدارێکی نوێ کە پرسیاری ئەوەی کرد کە بۆچی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ڕۆژانە هێندە پێویستە بۆ ژیانێکی بەرهەمدار: «هەرگیز مەسیحییەکی پێگەیشتوو، بەرهەمدار، بەهێز و تێگەیشتووم لە ڕووی ڕۆحییەوە نەمبینیوە کە لە کتێبی پیرۆز قوول نەبووبێتەوە، خۆی تەرخان نەکردبێت بۆ ڕامانی بەردەوام لە کتێبی پیرۆز، وە تەرخانکراو بۆ هەڵگرتنی لە دڵیدا لە ڕێگەی ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆزەوە -ئەمەش ڕێکەوت نییە.» لەڕاستیدا، ««زۆر گرنگە، لەدوای گەیشتن بە باوەڕبوون بە مەسیح، بۆ ئەوەی ڕیشەیی، بە قوولی، بە ئەزموون خۆمان تەرخان بکەین -باوەڕێکی چەسپاو و نەهەژاومان هەبێت- کە خوێندنەوە و ڕامان و تێگەیشتن و ئەزبەرکردن و چێژوەرگرتن لە کتێبی پیرۆز بە تەواوی پێویستە بۆ ژیانی مەسیحی.» ئەمەش پێویستی بە پەیڕەوکردنی ڕۆژانە هەیە.

لێرەدا دە هۆکار دەخەینەڕوو کە وادەکات ڕۆژانە پێویستمان بە کتێبی پیرۆز هەیە. (١) کتێبی پیرۆز ئامرازێکە بۆ پاراستنی ڕزگاریمان. ڕزگاری ڕاستییەکی چالاکە کە لە سێ کاتدا کاردەکات: ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو. وە لە واقیعی ئێستادا، «خودا ڕۆژانە بە کتێبی پیرۆز ڕزگارمان دەکات» (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٦). (٢) کتێبی پیرۆز بەرەنگاری تاقیکردنەوەکانی شەیتان دەبێتەوە (یۆحەنا ٨: ٣٢، ٤٤؛ یەکەم یۆحەنا ٢: ١٤). «هەر جارێک عیسا لەلایەن شەیتانەوە تاقیکرایەوە، بە شمشێری ڕۆحی پیرۆز کە پەیامی خودایە لێی دەدایەوە» (ئەفسۆس ٦: ١٧). وە ئەزبەری کردبوو «بۆ ئەوەی پێویست نەکات لە بیابانداد کتێبێک لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت.» (٣) کتێبی پیرۆز ئامرازێکە بۆ نیعمەت و ئاشتی بۆ ئێمە (دووەم پەترۆس ١: ٢). (٤) کتێبی پیرۆز بۆ پیرۆزکردنی ژیانمانە، بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر پیرۆزمان بکات (یۆحەنا ١٧: ١٧). «ئێمە لەم ژیانەدا تەواو و کامڵ نابین، بەڵام پیرۆز دەبین» بە کاری ڕۆحی پیرۆز لە ڕێگەی وشەی خوداوە. (٥) کتێبی پیرۆز خۆشیمان پێدەبەخشێت (زەبووری ١: ٢؛ یەکەم سالۆنیکی ١: ٦). «ژیان بەبێ خۆشی بەرگەی ناگیرێت. ژیانی باوەڕدار بە مەسیح پڕە لە تەنگانە. بەڵام خودا بەردەوامی دەدات بە خۆشی و لە ڕێگەی کتێبی پیرۆزەوە ئەو کارە دەکات.» (٦) کتێبی پیرۆز لە هەڵە دەمانپارێزێت (ئەفەسۆس ٤: ١٣-١٤). باوەڕداران بە مەسیح چۆن خۆیان دەپارێزن لەوەی ببنە گەڵایەک کە بەهۆی هەموو بای کەلتووری بۆچوونەکانەوە دەفڕێت؟ وەڵام:

a ئەڵقەی ١١٤٠: «ساڵێکی نوێ، پلانێکی نوێی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز» (١ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

«یەکێتـی بـاوەڕ و ناسـینی کـوڕی خـودا -زانینێـک کـە ئەوانـەی ئەزموونـی دەکـەن وەک بۆچوونێکـی مرۆڤانـە نییـە، بەڵکـو وەک وشـەی خـودا. ئەمـەش لـە یـەک شـوێندا دەدۆزرێتـەوە: کتێبـی پیـرۆز.» (٧) کتێبـی پیـرۆز هیوامـان پـێ دەبەخشـێت بـۆ ژیانـی هەتاهەتایـی. کتێبـی پیـرۆز بەڵێنـمان پێـدەدات کـە ئـەو بێزاریانـەی لـەم ژیانـەدا خۆشـیمان سـنووردار دەکـەن، لـە سـەردەمی داهاتـوودا لادەدرێـن. (٨) کتێبـی پیـرۆز ڕێگـری دەکات لـە گومڕابوونمـان لەلایـەن مامۆسـتا درۆیینـەکان و هەڵگـەڕاوەکان (دووەم تیمۆسـاوس ٤: ٣). (٩) کتێبـی پیـرۆز داوا دەکات بـۆ مامەڵەکردنـی هۆشـیارانە، ئەمـەش تەنهـا لـە ڕێگـەی ئاشـنابوونی ڕۆژانـە لەگـەڵ وشـەی خـودا دەتوانیـن فێـری بیـن (دووەم تیمۆسـاوس ٢: ١٥). (١٠) کتێبـی پیـرۆز درێـژە بـە ژیانمـان دەدات (مەتـا ٤: ٤). «ژیانـی ڕۆحـی -ژیانـی هەتاهەتایـی- تـەواو وەک ژیانـی جەسـتەیی، دەبێت خۆراکـی پـێ بدرێـت، نـەک بـە نـان، بەڵکـو دەبێـت بـە وشـەی خـودا خـۆراک بدرێـت. ئەگـەر پێـت وایـە ژیانـی هەتاهەتایـی وەک جۆرێـک لـە کوتانـە لـە دژی دۆزەخ، کـە پێویسـتی بـە هیـچ خۆراکێـک نییـە، ئـەوا نازانیـت ژیانـی ڕۆحـی چییـە.» ژیانـی ڕۆحـی بـە نانـی ڕۆژانـەی وشـەی خـودا بـەردەوام دەبێـت.[a]

چۆن زۆرترین سوود لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز وەربگرم؟

بـەو هەمـوو قەناعەتانـەی کـە لـە شـوێنی خۆیانـن، چـۆن کاریگـەری خوێندنـەوەی ڕۆژانـەی کتێبـی پیـرۆز زیـاد بکەیـن؟

خەڵکـی زۆر جیـاوازن، خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـۆ هـەر کەسـێک ئەزموونێکـی جیـاواز دەبێـت، بـەو پیاوەشـەوە کـە سـەرەتا پرسـیارەکەی کـردووە. «چەنـد بەقوتابـی کـراوە؟ چەنـد کاتێکـی لەبەردەسـتدایە؟ چەنـدە لێهاتـووە لـە خوێندنـەوە؛ چەنـدە بـە خێرایـی تێـدەگات؟ چەنـدە ئاشـنایە بـە هەمـوو بەشـەکانی کتێبـی پیـرۆز، تەنانـەت ئـەو بەشانەشـی کـە ڕەنگـە بـە هیـچ شـێوەیەک نەیخوێندبێتـەوە؟» ئاسـتی سـەرنجدانی چەنـدە کـە ڕەنگـە پاڵنـەری بێـت بـۆ ئـەوەی هێـواش بێتـەوە و لـەوە تێبـگات کـە وەک مەتەڵێکـە لـەلای؟ ئەزموونـی خوێندنـەوەی کتێبـی پیرۆزمـان جیـاوازە، چونکـە «تواناکانمـان بـۆ خوێندنـەوە و تێگەیشـتن، خێراییـمان، بارودۆخـی ژیانمـان جیـاوازە.»

سەرەڕای جیاوازییەکان، هەندێک یارمەتییە باوەکان دەخەینەڕوو.

١. ئەندامێتـی کڵێسـایەکی گـەورە کـە بـە وردی خوێندنـەوەی ئایـەت بـە ئایەتـی کتێبـی پیـرۆز بەرجەسـتە دەکات. «کـەم شـت هەیـە کـە یارمەتیدەرتـر بێـت لـە تێگەیشـتنی تـەواوی کتێبـی پیـرۆز لـە خۆراکوەرگـتن لێـی، هەفتـە بـە هەفتـە لـە دەرەوە، مانـگ لـە

a ئەڵقەی ١٥١٢: «دە هۆکار بۆ خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆز» (١٤ی ئابی ٢٠٢٠).

دوای مانـگ، سـاڵ و لـەدوای سـاڵ، دەیـە لـەدوای دەیـە. ئای ئەمـە چەنـدە زۆر گرنگە. ئەگـەر قەشـەکەت پەیامـی دەقەکانـی کتێبی پیـرۆزت پێنەڵێـت و بـۆت ڕوون نەکاتەوە کـە مەبەسـتی چییـە، تکایـە هـەوڵ بـدە کڵێسـایەکی دیکـە بدۆزیتـەوە. چونکە سـاڵانی ژیانـت دەگۆڕێـت ئەگـەر بـۆ ماوەیەکـی زۆر و درێـژ لـە ژێـر بانگـەوازی وشـەی خـودا دابنیشـیت.» ئـەوەی لـە وتـاری بەیانـی یەکشـەممە دەیبیسـتیت، دەبێـت ئـەوە ڕۆشـن بکاتـەوە کـە بەیانـی دووشـەممە دەیخوێنیتەوە.

٢. بـەدوای ئـەو هاوڕێیانـەدا بگـەڕێ کـە لێپرسـینەوەت لـێ دەکـەن و لێـت دەپرسـن لەگـەڵ خوێندنـەوە چـۆن دەڕۆیـت.

٣. شـێوازی ڕۆژانـەت دابنـێ. «شـوێنێک و کاتێـک دیـاری بکـە کـە هەمـوو ڕۆژێـک کتێبی پیـرۆز بخوێنیتـەوە. ئەگـەر شـوێنی دیاریکـراو و کاتێکـی دیاریکـراوت نەبێـت، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە شـەیتان لـە ڕێـگای جەسـتەی خۆتـەوە ڕاسـتەوخۆ خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆزت لـە خشـتەی کارەکانـت و بوارەکـەت دەردەهێنێـت.»

٤. نوێـژ بکـە. «بـە ڕژدی نوێـژ بکـە لەسـەر خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز، پێـش ئـەوەی بخوێنیتـەوە، لەکاتێکـدا دەیخوێنیتـەوە، وە پـاش ئـەوەی دەیخوێنیتـەوە. نوێـژ بکـە بـۆ ئـەوەی خـودا نیشـانت بـدات کـە بەڕاسـتی هەیـە و بیکاتـە ڕاسـتەقینە بـۆت.»

٥. ئـەو گۆڕانکاریـیـە قووڵـەی کـە لـە تێکۆشـانەوە دێتـە ئـاراوە، بـە بەهـاداری بزانـە. کتێبـی پیـرۆز گەورەیـە. لـە ڕۆژێکـی دیاریکـراودا چـوار بـەش دەخوێنیتـەوە، لـە کاتژمێرێکـدا زۆربەیـت لەبیـر دەچێتـەوە. بـەم واتایـە، بـە زووییـی هەسـت دەکەیـت خوێندنـەوەی ڕۆژانـە «ماندوکـەر و بـێ واتایـە». بـەڵام لـە ڕێـگای بەقوتابیکردنـەوە، کتێبـی پیـرۆز «خـۆی لـە مێشـکت و دڵـت دەچەسـپێت بـە شـێوەیەک کـە لێـی تێناگەیـت، ئـەو زمانـەی کـە پێـی دەگوترێـت لەبیرکـراو، پەرەگرافـە لەبیرکـراوەکان، وشـە لەبیرکـراوەکان، چیرۆکـە لەبیرکـراوەکان، خاڵـە لەبیرکـراوەکان، دەبنـە کۆگایـەک کـە ڕۆحـی پیـرۆز دەتوانێـت شـتگەلێکی لێـوە دەربهێنێـت کـە تەنانـەت نازانیـت لەوێـدان.

٦. شـتێکی دیاریکـراو لـە خوێندنەوەکـەت وەربگـرە. بـە شـێوەیەکی زیاتـر کـرداری ئامانجـت ئـەوە بێـت «یـەک ڕسـتەی ورد و ڕوون وەربگریـت -شـتێکی هانـدەر، شـتێکی پاڵنـەر، شـتێکی ڕێنماییکـەر. لەسـەر پارچـە کاغەزێکـی بچـووک بینووسـە، بیخـە گیرفانـت، یـان بـە جانتاکەتـی بچەسـپێنە، یـان هەرچییـەک. لـەو ڕۆژەدا بـەردەوام و چەندبـارە بیڵێـوە. ئـەم ڕسـتە کۆکراوانـە دەگاتـە ٣٦٥ دانـە، بـە تێپەڕینـی کات دەبنـە هێزێکـی سەرسـوڕهێنەر و کۆگایەکـی ڕاسـتی.»

٧. بـە شـێوەیەکی زۆر کـرداری، پلانـی خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز لـە گۆڤـاری

بەقوتابیکردن بەکاربهێنە بۆ خوێندنەوە لە چوار شوێنی کتێبی پیرۆز، لەگەڵ سوودی ڕۆژانی پشووەدان کە لەگەڵ مانگ دەگونجێت. بەڵام بیخوێنەرەوە. هەمووی بخوێنەرەوە. چونکە «ئەگەر بەشێکی گەورەی کتێبی پیرۆز بەجێبهێڵین، ڕەنگە خودا بەو شێوەیە نەناسین کە پێویستە بیناسین.»[a]

لە یەکەم خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز دەبێت چاوەڕوانی چی بکەین؟

کتێبی پیرۆز هەر خوێنەرێکی یەکەمجار دەترسێنێت، بۆیە سروشتییە لەسەرەتاوە هەست بە ترس بکەیت. لێرەدا سێ شتی نەرێنی دەخەینەڕوو کە ڕەنگە لە خوێندنەوەی «بترسێنن»، پاشان نۆ شتی ئەرێیی بۆ «ڕاکێشانت بۆ خوێندنەوە».

چاوەڕوانی سێ ئاڵنگاری بکە کە ئارەزووت کەم بکاتەوە لە خوێندنەوەی بەرگ بۆ بەرگی کتێبی پیرۆز.

١. دژایەتی دەکرێیت. «شەیتان ڕقی لە وشەی خودایە و بێزارت دەکات، کوێرت دەکات، سەرقاڵت دەکات، ماندووت دەکات.» هەر شتێک دەکات بۆ ئەوەی لە وشەی خودا دوور بکەویتەوە. نوێژ بکە بۆ ئەوەی ئامانجە وێرانکەرەکانی کاردانەوەی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە. «داوا لە خودا بکە دڵت لەسەر وشەکەی بهێڵێتەوە، کوێرابیت نەهێڵێت، لەبری سەرقاڵی سەرنجت پێبدات، وە لەبری ماندووبوون پەرۆشیت پێ ببەخشێت.»

٢. سەرسام دەبیت. کتێبی پیرۆز ڕاشکاو و ڕاستگۆیە سەبارەت بە ژیان و بابەتە هەتاهەتاییەکان. «بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر وێناکردنێکە بۆ هەریەک لە گوناهی زۆر خراپمان و هەروەها بۆ حوکمدانی گەورەی خودا لەسەر گوناه، ئەگەر هەر جۆرە تێکەڵبوونێک لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا هەبێت، ئەوا هەندێک کات دەتەوێت فڕێی بدەیت، کاتێک دەبینیت خودا بڕیاری داوە چی بکات لە دژی گوناه لەم جیهانەدا.» خۆت ئامادە بکە.

٣. سەرلێشێواو دەبیت. چاوەڕوانی ئەوە بکە لە تەواوبوونی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز تووشی پرسیاری بێ وەڵام بیت، چونکە خودا هەموو ئەو شتانەمان بۆ ئاشکرا ناکات کە دەمانەوێت بیزانین (دواوتار ٢٩: ٢٩). وە ئەوەی ئاشکرای دەکات هەندێک جار تێگەیشتنیان قورسە (دووەم پەترۆس ٣: ١٦). لە ژیانتدا پێویستت بە بانگخواز و مامۆستا دەبێت بۆ ئەوەی لە بەشە قورسەکانی کتێبی پیرۆز تێبگەیت. بەسەر سەرلێشێواوییەکەدا زاڵبە. «ئەوەی دەتوانیت لێکدانەوەی بۆ

a ئەڵقەی ١٢٩٦: «چۆن زۆرترین سوود لە خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆزی وەربگرم؟» (٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨).

بکەیت ئەوا لێکی بدەوە، وە ئەوەی ناتوانیت لێی تێبگەیت، بیخە سەر ڕەفەکە بۆ ئەوەی دواتر سەرنجی بدەیت، وە بەردەوام بە لە پێشکەوتن.» مەهێڵە هیچ پرسیارێک پێشکەوتنت بوەستێنێت.

ئەگەر بەردەوامیت پێدا، چاوەڕێی نۆ ئەزموون بکە کە هەوڵەکانت بەرەکەتدار بکات. (١) باوەڕەکەت قووڵتر دەبێتەوە. باوەڕ لە بیستنی وشەکەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە کتێبی پیرۆز بۆ ئەوە نووسراوە کە هیوامان پێ ببەخشێت (ڕۆما ١٠: ١٧؛ ١٥: ٤). (٢) ڕزگاربیەکی نوێ ئەزموون دەکەیت لە درۆ و گوناە کە تووشی کارەساتت دەکەن (یۆحەنا ٨: ٣٢). (٣) چەکی نوێت پێدەدرێت بۆ ئەوەی بەرەنگاری شەیتان ببیتەوە (مەتا ٤: ١-١١). (٤) پیرۆزتر دەبیت (یۆحەنا ١٧: ١٧). (٥) زیاتر خۆشەویست دەبیت (فیلیپی ١: ٩). (٦) لێهاتوو دەبیت. «کتێبی پیرۆز ئامرازی خودایە کە بەهۆیەوە ڕزگارمان دەکات» (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٦). (٧) خۆشییەکی لەناونەچووت پێ دەبەخشرێت (یۆحەنا ١٥: ١١). (٨) ڕاستەوخۆ چاوت بە خودا دەکەوێت، چونکە لە وشەکەیدا چاومان پێدەکەوێت (یەکەم ساموئێل ٣: ٢١). (٩) وە زیاتر و زیاتر شکۆمەندی درەوشاوەی مەسیح دەبینیت (دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨). ئەم نۆ ئەزموونە بەرەکەتدارە، وا دەکەن ئاڵنگاری خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز شایانی گرنگیپێدان بێت.[a]

چۆن بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو دڵگەرمیمان بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بمێنینەوە؟

ئێمە پلانەکانی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز پەیڕەو ناکەین بۆ ئەوەی لستێکی ئەرکی ڕۆژانە پەیڕەو بکەین یان یاسایەکی دەرەکی جێبەجێ بکەین. بەڵکو ئێمە بۆ دابینکردنی پێویستییەکی ناوخۆیی ئەو کارە دەکەین، چونکە «خۆراکدانی ڕۆژانە بە ناخمان لە وشەی خودا بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕزگاری خودا.» ئێمە بەو وشەیە لەدایک دەبینەوە کە ئارەزووی ڕۆحیمان بەئاگا دەهێنێتەوە (یەکەم پەترۆس ١: ٢٣-٢: ٣). لەم بارودۆخە نوێیەدا، پەترۆس پێمان دەڵێت بەردەوام بین لە ئارەزوو بۆ ئەم وشەیە. ئەمە ئارەزووێکی خۆکارانە نییە. ئێمە «بڕەو بەم ئارەزووە دەدەین بۆ خواردنی ڕۆحی لە وشەی خودا کە بەهۆیەوە لەدایک بووینەتەوە.» وشەی پاک ڕزگاری کردین (یەکەم پەترۆس ١: ٢٣-٢٥). وە بەهۆیەوە، دەتوانین تامەزرۆی شیری پاکی وشەکە بین، «بۆ ئەوەی گەشە بکەین بۆ ڕزگاری» (یەکەم پەترۆس ٢: ١-٣). یاقوب هەمان خاڵ دووپات دەکاتەوە. وشەکە تۆی زیندوو کردۆتەوە (یاقوب ١: ١٨). بۆیە بەردەوام بە لە وەرگرتنی وشەکە بە دڵنەرمی (یاقوب ١: ٢١). واتا: بەڵگەی لەدایکبوونی نوێت بە خۆراکدانی بەردەوامت لە وشەی خوداوە دەردەکەوێت، کە هەموو ئەو جۆرە شتانە لە تۆدا کاردەکات کە لەسەر ئەو ڕێگا

a ئەڵقەی ١٤١٦: «پێویستە چاوەڕوانی چی بکەم بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی کتێبی پیرۆزەوە؟» (٣ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠).

تەنگەبەرە دەتهێڵێتەوە کە بەرەو ژیان و ڕزگاری کۆتایی دەتبات.» ئەگەر وشەکە پشتگوێ بخەیت، «پلانی جێگرەوەت چییە بۆ ئەوەی بگەیتە ماڵەوە؟»

پەترۆس و یاقوب بیرمان دەخەنەوە کە ژیانی مەسیحی لە لەدایکبوونێکی نوێ دەست پێدەکات کە وشەکە هێناویەتییە ئاراوە، وە بە قبوڵکردنی وشەکە بە ساکاری و بەردەوامییەوە بەردەوام دەبێت. ژیانی ڕۆحیمان بە شێوەیەکی خۆکردەیی پارێزراو نییە؛ بەڵکو بە وشەی خودا پارێزراوە. «حەز دەکەم بەیانی زوو هەستم، لە زستاندا کوپێک چای گەرم بەدەستەوە بگرم، بۆ ماوەی کاتژمێرێک لەسەر کورسیەکەم دابنیشم، چێژ وەربگرم لە هاوڕێیەتی لەگەڵ عیسا، پاشای زیندووی گەردوون، لە چوار شوێنی جیاوازی کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە. ئەمە ژیانی منە. دەکرێت دووبارە بیڵێمەوە؟ ئەمە ژیانی منە. ئای خودایە، وا بکات کە تۆ وشەکەی وەک ژیان ئەزموون بکەیت!»[a]

لە کوێ یارمەتی باوەڕدارێکی نوێ بدەم بۆ دەستپێکردنی گەشتەکەی بۆ ناو کتێبی پیرۆز؟

ئینجیلی یۆحەنا دەستپێکێکی باشە، بەو پێیەی ئامانجەکەی بە ڕوونی ناساندنی ژیان و کارەکانی مەسیحە (یۆحەنا ٢٠: ٣٠-٣١). بەڵام دەکرێت قوواڵتر ببیتەوە و بە هەندێک ئاشنابوونی زیاتر لە پەیمانی نوێ دەست پێبکەیت. کتێبی پیرۆز بۆ تەمەنێک گەڕان و بەقوتابیکردنی ڕۆژانەیە. شەست ساڵی جۆن پایپەر وەک باوەڕدار، بڕیەم بەقوتابیکردنەی خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆز بەردەوام بووە. «لە هەر شوێنێک دەست پێ بکەیت، بۆ هەتاهەتایە لە کتێبی پیرۆزدا دەمێنیتەوە. ئەمە تەنها دەستپێکردن نییە.»

شوێنێکی دیکە بۆ دەستپێکردن بریتییە لە تێڕوانینێکی گشتی بۆ پێکهاتەی پەیمانی نوێ. سەرەتا بە چوار ئینجیل دەست پێدەکات، «ئەو کتێبانەی باس لە بناغە مێژووییەکانی ژیان و مردن و هەستانەوەی عیسا دەکەن.» پاشان سیپارەی کرداری نێردراوان دێت، «چیرۆکی دەستپێکی کڵێسای سەرەتایی و دامەزرانی بە هێزی ڕۆحی پیرۆز لەدوای بەرزبوونەوەی عیسا بۆ ئاسمان، وە چۆن کڵێسا ڕەگی داکوتا بەهۆی ئەوەی عیسا کردی.» پاشان کۆمەڵێک نامە دێت کە لەلایەن «نێردراوانی دەسەڵاتدار -وتەبێژانی مەسیحی زیندووبووەوە- فێری کڵێسا دەکەن کە چۆن لە کڵێسا و لە کۆمەڵگادا بژین.» لە کۆتاییدا، سیپارەیەکی «نامۆ» کە سیپارەی ئاشکراکردنە، کۆتایی پەیمانی نوێیە بە «سەرکەوتنی خودا لە کۆتایی سەردەمدا».

یان دەتوانیت لە سیپارەکانی لۆقا و کردارەوە دەست پێبکەیت، کە یەک کتێبە لە دوو بەرگدا. تەماشای دەستپێکی کتێبەکە و مەبەستە هاوبەشەکانی بکە وەک «یەک پیاو دوو

a ئەڵقەی ١٥٦٩: «چۆن دڵگەرمیم بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز هەبێت؟» (١ی کانونی دووەمی ٢٠٢١).

بەرگی نووسیوە لەسەر بناغەکان و پاشان دەربارەی فراوانبوونی کڵێسا دەنووسێت» (لۆقا ١: ١-٤؛ کردار ١: ١-٣). پاشان بچۆ بۆ نامەکانی پۆڵس.

هەر خوێنەرێک توانای هەزری و توانای خوێندنەوەی جیاوازی هەیە. هەندێک کەس لە خوێندنەوەدا کێشەی هەیە و ئەوەش شتێکی ئاساییە. هەروەها شتێکی بنەڕەتی بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز دۆزینەوەی کڵێسایەکە «بە بانگەوازێکی تۆکمە، پەرستنی هاوبەشی کاریگەر، وە کۆمەڵێکی بچووکی پەیوەندی کە بتوانیت پرسیاری زۆر بکەیت» و «یارمەتی پێویست وەربگریت» لە ماوەی خوێندنەوەی «کەم کەم»ی کتێبی پیرۆز.[a]

ڕەچاوکردنێکی دیکە. ئەگەر پێشتر کتێبی پیرۆزت نەخوێندۆتەوە، ئەوا لە عیسا دەست پێبکە. سەرەتا لە دوو سیپارە دەربارەی ژیان و کارەکانی دەست پێبکە. لە ئینجیلی مەرقۆس دەست پێبکە و پاشان ئینجیلی یۆحەنا بخوێنەرەوە. پاشان نامەیەک بخوێنەرەوە کە هەموو کاریگەرییەکانی ژیان و کارکردنی مەسیح پێکەوە دەبەستێتەوە، بە تایبەتی نامەی ڕۆما. پاشان سیپارەیەکی مێژوویی سەبارەت بە کڵێسای سەرەتایی کە پێی دەگوترێت کرداری نێردراوان. وە پاشان زەبوورەکان بخوێنەوە، کە لە ناوەڕاستی کتێبی پیرۆزەوەیە، گۆرانی کۆنە، کە «هەموو گۆڕانکارییەکان و هەوراز و نشێوەکانی گەلی خودا لەخۆدەگرێت.»[b]

سێ پێکهاتەی سەرەکی بۆ خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆز

ئێمە پێویستمان بە سێ پێکهاتەی سەرەکی هەیە «بۆ بەریەککەوتنی بەرهەمداری بەردەوام لەگەڵ خودا و ڕاستییە ئامانجدارەکەی لە ڕێگەی کتێبی پیرۆزەوە.» (١) پاڵنەر، (٢) لێهاتوویی، و (٣) ڕۆشنی. یان (١) «ویستنی،» (٢) «توانا» و (٣) «بینین لە ڕێگەیەوە». یان (١) خواست، (٢) کردار، وە (٣) پاداشتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز.

پێکهاتەی بنەڕەتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزی پاڵنەرە؛ « ویستنی،» ئارەزووی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. «ئەگەر پاڵنەرمان لەدەست بدەین، ئەوا کتێبی پیرۆز ناخوێنینەوە. وە ئەگەر کتێبی پیرۆز نەخوێنینەوە، هەموو ئەو شتانە لەدەست دەدەین کە خودا لەڕێگەی وشەکەوە بۆمانی دەردەخات.» دەبێت پاڵنەرمان هەبێت بۆ ئەم ئەرکە، بەو پاڵنەرەی کە عیسا لە یۆحەنا ١٧ پێشکەشی دەکات. «خۆشییەکی تەواو هەیە کە لەدەستی دەدەین ئەگەر بەردەوام گوێ لەو شتانە نەگرین کە عیسا باسی دەکات -واتا گوێ لە کتێبی پیرۆز بگرین» (یۆحەنا ١٧: ١٣). وە گۆڕانکارییەکی ژیان هەیە کە لەدەستی دەدەین ئەگەر کتێبی پیرۆز

a ئەڵقەی ٢٨٤: «باوەڕدارێکی نوێ دەبێت لە کوێوەی کتێبی پیرۆز دەست پێبکات؟» (٢٤ی شوباتی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ٤٦٤: «هەرگیز کتێبی پیرۆزم نەخوێندووەتەوە لە کوێوە دەست پێبکەم؟» (٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤).

نەخوێنینەوە (یۆحەنا ١٧: ١٧). وە بەهێزبوونی باوەڕمان هەیە کە لە ڕێگەی شایەتی مەسیح و نێردراوانیەوە و لە ڕێگەی کتێبی پیرۆزەوە دێت (یۆحەنا ١٧: ٢٠). عیسا دەفەرموێت: «ئەگەر باوەڕت دەوێت، ئەگەر پیرۆزیت دەوێت، ئەگەر خۆشیت دەوێت؛ ئەوا هەمووی لە ڕێگەی چاوپێکەوتن بە خوداوە دێن لە ڕێگەی وشەکەیەوە. بەم شێوەیە پاڵنەرمان دەبێت.»

پێکهاتەی بنەڕەتی دووەمی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزی بریتییە لە لێهاتوویی، «توانا،» بەکردەوە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. «شتێکی نهێنی ڕوودەدات کاتێک قەڵەمێک یان پێنووسێک هەڵدەگرین- نەک کیبۆردێک، بەڵکو قەڵەمێک یان پێنووسێک- وە یان دەقێک دەنووسین، یان ئەگەر زۆر درێژ بوو، ئەو پرسیارانەی کە هەتە یان ئەو تێبینییانەی هەتە لەسەر ئەو شتانەی کە لە دەقەکەدا دەیخوێنیتەوە دەینووسین.» کردەی نووسینی دەق دەبێتە هۆی ئەوەی بیرکردنەوەیەکی نوێت هەبێت سەبارەت بەو دەقەی پێش ئەوە نەتدەبوو. بیروڕا و پرسیارەکانت بنووسە. نووسینی تێبینی گەشە دەدات بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز.

پێکهاتەی بنەڕەتی سێیەمی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزی بریتییە لە ڕۆشنایی -«بینین لە ڕێگەیەوە،» پاداشتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. پاداشت. ڕاستییەکانی خودا -تایبەتمەندی و خواست و ڕێگاکانی- «لە ڕێگەی کتێبی پیرۆزەوە دەدرەوشێنەوە.» لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە ئەم شکۆمەندییە خودایییە دەبینین (ئەفەسۆس ١: ١٨).[a] دەربارەی ئەو دەقەی ئەگەر وا نەبووایە نەدەبوو. بیرکردنەوە و پرسیارەکانت بنووسە. نووسینی تێبینییەکان بە وردی گەشە دەدات بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز.

پێکهاتەی سێیەم ورد و قوونڵە، لە شوێنەکانی دیکەدا بە تەواوی ڕوون کراوەتەوە. واتا ئێمە گەشە ناکەین بە پشکنینی خوێندنەوەکانی ڕۆژانە، یان دانانی نیشانە لەسەر کتێبی پیرۆز بۆ بڵاوکردنەوەی لە ئینستاگرام، یان تەنانەت دانانی کەوانە و هێڵکاری بۆ دەقەکان. بەڵکو لە وشەکان قووڵ دەبینەوە بۆ ئەوەی ڕۆبچینە ناو ئەو واقیعەی ڕێنوێنی وشەکانی کتێبی پیرۆی کردووە و زیندووی کردووە.[b] «ڕاستی مەزن هەیە لەپشت وشەکانەوە.» بۆیە خۆت هانبدە «لە ڕێی وشەکانەوە بۆ واقیع.»[c] «قووڵ ببەوە» لە وشەکانی کتێبی پیرۆز و ڕێزمان و لۆژیکەکەی بۆ ئەوەی «ڕاستی پشت هەموو وشە و ڕێزمان و لۆژیکێکی» دەبینیت. پاشان ڕامان بکە لەسەر ئەو ڕاستیە خودایییە ڕۆشنە هەتا دەبێتە «ڕاستییەکی ئەزموونکراوی سۆزداری.»[d]

---

a ئەڵقەی ١٢٩٧: «سێ هۆکار بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز هەموو ڕۆژێک لە ساڵی ٢٠١٩» (٢ی کانونی دووەمی ٢٠١٩).

b ئەڵقەی ١٧١٣: «خزمەتکردنی جۆن پایپەر لە یەک دەقی کتێبی پیرۆزدا» (٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

c ئەڵقەی ١٢٦٨: «چۆن کتێبی پیرۆز بۆ هەرزەکاران بخوێنینەوە» (٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨).

d ئەڵقەی ١١٩٧: «چۆن کتێبی پیرۆز بخوێنینەوە -وە بانگەوازی بۆ بکەین» (١٤ی ئایاری ٢٠١٨).

دەبێت چەند وەشانی کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە؟

لەسەر یەک وەرگێڕانی سەرەکی جێگیر ببە. وەشانی ستانداردی ئینگلیزی هەڵبژاردەی پاییەرە. وەشانی وەرگێڕانی ESV نموونەیی نییە (هیچ وەرگێڕانێک نموونەیی نییە)، بەڵام «هاوسەنگییەکی باش دروست دەکات لە نێوان هاوتابوونی فەرمی لەگەڵ زمانی ڕەسەن هێندەی دەتوانرێت و ئاسانی خوێندنەوە و ڕوونی گونجاو، لە هەمان کاتدا دەستڕاگەیشتن بۆ خەڵکی ئاسایی.» وەرگێڕانێکی ناوازەیە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەسوودە بۆ خوێندنی کەسی، ژیانی کۆکراوەی کڵێسا، وە بۆ ئەزبەرکردن لەلایەن منداڵان و تەنەم گەورانەوە. ئەوەش «پێویستی بە وەرگێڕانێکی زۆرە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو لایەنانە لەخۆبگرێت.»

وەرگێڕانی باشی کتێبی پیرۆز زیادەڕۆیی ناکات لە شیکردنەوە و سادەکردنەوەی دەق. لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ هەموو فەلسەفە جیاوازەکانی پشت هەر بەرهەمێک، هیچ وەرگێڕانێکی ئینگلیزی هاوچەرخ «خەڵکی بەرەو هەڵەی بیروڕای مەترسیدار نابات.» کەواتە ئەمە پرسیارێکی گرنگە: ئایا یەک وارگێڕان بخوێنینەوە یان چەند وەرگێڕانێک؟ «ئەو بنەمایەی کە من پێشنیاری دەکەم ئەمەیە: چەند وەرگێڕانێک بەکاربهێنە بۆ مەبەستی زیادتر تێگەیشتن -بۆ نموونە وەک ڕاڤەکردن بەکاریان بهێنە- وە یەک وەرگێڕانی سەرەکی بەکاربهێنە بۆ مەبەستی ئەزبەرکردن و تێربوونی مێشکت.»[a]

مەرکەب یان پێکسڵ؟

ئایا کتێبی پیرۆز لەسەر شاشە یان کتێبی پیرۆز لەسەر کاغەز باشترینە بۆ خواپەرستی کەسی؟

«چەند ساڵێکە هەموو خوێندنەوەکانم، خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، وە خوێندنەوە بۆ ڕامان، لەسەر ئایپادێک ئەنجامم داوە» وە ئەزموونێکی خوێندنەوەی «نایاب»ـە، سەرچاوە و ڕاڤەی زمانی ڕەسەنی هەیە کە بە دەستلێدانی شاشە بەردەستە. «بۆیە وشەی دیجیتاڵی وای کردووە کتێبی پیرۆز ئاسانتر بەردەست بێت، وە بەکارهێنانی یارمەتیدەرەکانی ئاسانتر کردووە. ئەمانە هەندێک لە لایەنە باشەکانن.» ئاپەکان دەستڕاگەیشتنێکی دەستبەجێی بە ئامرازەکان بۆ باشترکردنی ئەزموونی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزمان بۆ دابین دەکەن.

بەڵام ئاسانکاری دیجیتاڵی دوو کەموکوڕی هەیە.

١. لایەنی خراپی ڕاگوزەر. «دەمەوێت تیشک خستنە سەر و هێڵکاری و تێبینیکردن لە کتێبی پیرۆزی دیجیتاڵی وەک شتێکی پارێزراوتر و هەمیشەییتر ببینم، کاتێک

a ئەڵقەی ١٠٠٣: «چەند وەشانی کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە؟» (١٥ی شوباتی ٢٠١٧).

کتێبێکی پیرۆزی کاغەزیم لەبەردەستدایە، دەتوانم هێڵکاری بکەم، تێبینی بنووسم لە پەراوێزدا، وە ئەو کتێبە پیرۆزە دەکرێت لەسەر ڕەفەیەک دابنرێت، وە پاش چل ساڵ -وەک ئەوەی کە من لە کتێبی پیرۆزی وەرگێڕانی کینگ جەیمس لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە کردوومە- لەدوای پەنجا ساڵ دەتوانم ئەو شتە دابەزێنم و تەماشای ئەوە بکەم کە خودا چی کردووە، تەماشای ئەوە دەکەم کە نیشانی دەدام.» لەبری ئەوە، گومانێکی درێژخایەن هەیە کە تێبینییە دیجیتاڵییەکان بە تێپەڕبوونی کات دەسڕێنەوە. ئێمە پێویستمان بە نەرمەکاڵایەک هەیە کە «ئەمە بە ڕژدی وەربگرێت» بە ڕێگەدان بە بەکارهێنەران بۆ هەناردەکردنی هەموو تێبینییە کەسییەکان و تیشک خستنەسەرەکان بۆ ناو فایلێک کە دەتوانیت پاشەکەوتی بکەیت و ئەرشیفی بکەیت، لەدوای ساڵانێک بگەڕێیتەوە سەری.

۲. لایەنی خراپی سەرقاڵکردنی ڕاستەوخۆ. خوێندنەوەی دیجیتاڵی کتێبی پیرۆز پێویستی بە سەرنجدانێکی تایبەت هەیە، چونکە ئێمە تەنها یەک کرتە دوورین لە تۆڕی کۆمەڵایەتی یان نامەی نووسراو یان ئیمەیڵ، یان ئاگادارکردنەوەیەک لەوەی بێتە سەر شاشەکەمان. خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بە ئاسانی دەگۆڕێت کاتێک لە ئەپێکەوە دەچینە سەر ئەپێکی دیکە و دەگەڕێینەوە، ئەمەش ناچارییەکی کوشتنی بەشداربوونە. «گۆڕانکاری ڕاستەقینە لە ڕۆحی مرۆڤدا ڕوودەدات کاتێک خودا لە وشە توانادار و دەسەڵاتدارەکەیەوە خۆی نیشان دەدات و لەتۆدا کار دەکات. ئەوەش کەم دەبێتەوە کاتێک ئێمە بە شتی دیکەوە سەرقاڵ دەبین.» ئەمە لایەنێکی خراپی مەترسیدارە. ئەگەر نەتوانیت بەسەر ئەم پاڵنەرەی بازدان بۆ ئاپەکان زاڵ بیت، «دەڵێم باشترە خۆت نەخەیتە مەترسییەوە.»[a]

دیسانەوە، بەرنامە دیجیتاڵییەکانی کتێبی پیرۆز لەسەر تابلێتێک لە چەندین ئاستدا سوودی زیاد دەکەن. خوێندنەوەی ڕۆژانە لە ئاپێکی وەک «لۆگۆس» ئاسان دەکرێت، کە پلانی خوێندنەوەکانی کتێبی پیرۆز بەستراوەتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەڕێیتەوە و بخوێنرێتەوە. دەتوانیت ئایەتەکان کۆپی و پەیست بکەیت و تیشکی بخەیتە سەر و پاشەکەوتی بکەیت بۆ ڕامانی دواتر. دەتوانیت ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز و کورتە ڕامانەکان لە تویتەر و تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاو بکەیتەوە. دەتوانیت کرتە لەسەر وشە ئینگلیزییەکان بکەیت بۆ بینینی وشە یۆنانی یان عیبرییە ڕەسەنەکە. دەتوانیت دەقەکان بۆ پرۆژەکانی نووسینی داهاتوو تەرخان بکەین. وە دەتوانیت بە کرتەیەک بچیتە سەر شرۆڤەی کتێبی پیرۆز.[b]

---

a ئەڵقەی ۲۷۵: «کتێبی دیجیتاڵی یان کاغەزی بۆ خواپەرستی؟» (۱۱ی شوباتی ۲۰۱٤).

b ئەڵقەی ۸۲۸: «چۆن ئایفۆن و ئایپادەکەت لە گەشەکردنی مەسیحیدا بەکاردەهێنیت؟» (۱ی نیسانی ۲۰۱٦)

چۆن واتای دەقێکی کتێبی پیرۆز بدۆزمەوە؟

حەوت قۆناغی دۆزینەوە قفڵی دەقێک دەکاتەوە. (١) وشە سەرەکییەکان دیاری بکە. هەر وشەیەک واتای هەیە، زۆرجار لە ناوەڕۆکەکەیەوە هاتووە -لە ناوەڕۆکی ڕاستەوخۆ، لە بڕگە، وە کتێبەکە بە گشتی. ئەم وشە سەرەکیانە بدۆزەرەوە لە ئاپی کتێبی پیرۆز یان لە کەشکۆڵی دەستەواژەکان، کە «ئەو ئامرازیە کە من زۆرترین جار بەکاریدەهێنم لە لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز.» لەجیاتی ئەوەی ڕوو لە ڕاڤەکاری یان فەرهەنگی کتێبی پیرۆز بکەیت، دەقەکان کۆبکەرەوە بۆ ئەوەی بچیتە ناو مێشکی نووسەرەوە. «ئەوەی هەموو تێڕوانینەکانی لێوە هەڵدەقوڵێت، نزیکەی لەسەدا ٩٠ی کاتەکان، گەڕانە بەدوای وشەکان کە من دەخەنە سەر ڕێڕەوی بیرکردنەوەی مێشکی نووسەرێک.» (٢) گەڵاڵەکان بدۆزەرەوە. مەزەندەکان، «بناغە بنەڕەتییەکانی بنیادنانی واتا»، وشەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، بە زۆری بە بکەر و کردار و هەندێک دەستکاری. (٣) پەیوەندیی گەڵاڵەکان. بەدوای ئەم پەیوەندیانەدا بگەڕێ لە وشەکانی وەک چونکە، بۆیە، بۆ ئەوەی کە، هەرچەندە، یان کەی. «ئەمە ئەو شێوازیە کە نووسەرێک مەبەستی خۆی دەگەیەنێت. لە گەڵاڵەدا وشەکانی پێکەوە دادەنێت، پاشان لە هەندێک پەیوەندی لۆژیکیدا گەڵاڵەکان پێکەوە دادەنێت.» (٤) خاڵی سەرەکی ڕێڕەوی نووسین دیاربکە. گەڵاڵەکان پێکەوە دەبەسترێنەوە بۆ دروستکردنی ڕێڕەوێکی لۆژیکی، کە مەبەستی سەرەکی نووسەر ئاشکرا دەکات. (٥) دەقە جیاوازەکان بە بابەتی هاوشێوە بەراورد بکە. دەقەکانی دیکە بدۆزەرەوە کە هەمان زاراوە یان ڕێڕەوی لۆژیکی هەیە، وە بەراوردیان پێبکە کە چۆن هەمان واتا دەگەیەنن. (٦) ڕابوەستە و ڕاستییەکەی پشت ئەم دەقە ببینە. ئەمە هەنگاوێکی گرنگە کە زۆرجار تەنانەت لەلایەن خوێندکارە ڕژدەکانەوە پشتگوێ دەخرێت. «زۆرێک لە گەنجان و پێگەشتووان، کاتێک سەرنج دەدەن لە واتای وشەکان و چۆنیەتی گەڵاڵەکان و بینینی گەشەسەندنی ڕێڕەوی بیرکردنەوە، دڵگەرم دەبن بەرامبەر بە وشە و لۆژیک. لەناکاو یارییەک دەکەن، وە لەبیردەکەن دەربارەی بەهەشت و دۆزەخ، ژیان و مردن، خودا و شەیتان -ئەو ڕاستییە گەورانەی لە پشت ئەم وشانەوە هەن. بۆیە هەوڵ دەدەم لە ناو وشەکانەوە بچمە ناو ئەو ڕاستییە.» (٧) لە ژیانی ڕۆژانەدا جێبەجێی بکە. ئەو دۆزینەوانە لە ژیانی خۆتدا جێبەجێی بکە. بۆیە لە ئاپێکی کتێبی پیرۆز یان کەشکۆڵێکی باش بۆ وشە سەرەکییەکان بگەڕێ -کە «یارمەتیدەرترین» و «لە لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆزدا زۆر بەکارم هێناوە. ڕاڤەکارییەکان تەنانەت نزیکی ئەم ئاستەش نین.»[a]

---

a ئەڵقەی ١٢٦٨: «چۆن کتێبی پیرۆز بۆ هەرزەکاران بخوێنینەوە» (٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨). سەبارەت بە خوێندنەوەی دەقە پەراوێزخراوەکان، بڕوانە ئەڵقەی ١٠٥٦: «چۆن دەتوانم باشتر بڕگەیەکی کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە؟» (١٩ی حوزەیرانی ٢٠١٧).

زۆرجـار واتـای ئایەتێکـی ئاڵـۆز تـەنهـا بـە لێکۆڵینـەوە لە ناوەڕۆکـی فراوانـتری دەقەکـەوە دەردەکەوێـت. کاتێـک لـە واتـای دەقێـک تێناگەیـت، «بگەڕێـوە و تەماشـای ڕەوتـی فراوانـتری دەق بکـە» لـە بیرکردنـەوەی نووسـەرەکە. زۆرجـار ئەمـە یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ چارەسـەرکردنی واتـا و مەبەسـتی ئایەتێـک یـان دەسـتەواژەیەک.[a]

زۆرێـک لـە مەسـیحییەکان وا دەزانـن کـە دەبێـت پێـش ئـەوەی دەسـت بکـەن بـە بیرکردنـەوە لـە دەقێـک کەسـانی دیکـە پێیـان بڵێـن واتـای ئـەو دەقـە چییـە. ئەمـە هەڵەیـە. خـودا «سـەرچاوەیەکی گـەورە و تۆکمـەی پـێ بەخشـیوین بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە کتێبـی پیـرۆز: مێشـکمان.» بۆیـە بیـر لـە دەقـەکان بکـەرەوە کاتێـک بـە دەسـت ئایەتـەکان لـە دەفتەرێکـی کەسـی دەنووسـیتەوە. لـە قوتابخانـەی یەزدانناسـی، قەشـە جـۆن دەسـتی کـرد بـە نووسـینەوەی دەقەکـە، وە لـە «نووسـینی هـەر گەڵاڵەیەکـی هـەر پەڕەگرافێـک لـە دێڕێکـی جیـاواز، وە تێگەیشـتنی ئـەوەی کـە ئـەو گەڵاڵانـە چـۆن پەیوەندییـان بـە یەکـەوە هەیـە -هـەر نووسـینەکە بـووە هـۆی ئـەوەی شـتەکان ببینـم.» نووسـین خاومـان دەکاتـەوە، فێربوونمـان بـەرز دەکاتـەوە، بیرکردنەوەمـان باشـتر دەکات. توانـات پێـدەدات وەڵامەکـەت بنووسـیت و بیهێڵیتـەوە. ئامانـج هاوبەشـییە. ئێمـە دەمانەوێـت لـە کتێبـی پیـرۆزدا خـودا ببینیـن. وە لـە ئەزموونـی مـن، خوێندنـەوەی هێـواش، بـە ڕامانـەوە، بـە نووسـینی تێبینـی، وە پرسـیارکردن دەگـەم بـەو شـوێنەی کـە خـودا دەبینـم. ئەگـەر بـە خێرایـی بەنـاو دەقەکانـدا تێپـەڕم، خـودا نابینـم. بۆیـە قەڵـەم و کاغـەز هەڵبگـرە و کتێبـی پیـرۆز بکـەرەوە و پەڕەگرافێـک بنووسـە.»[b]

ئایا پێویستە کتێبی پیرۆز بە بەرفراوانی یان بە قوواڵی بخوێنینەوە؟

کتێبـی پیـرۆز کتێبێکـی گەورەیـە. ئیـتر چـۆن چێـژی لـێ وەربگریـن: ئایـەت بـە ئایـەت بـۆ ئاشـکراکردنی وردەکارییـە گرنگـەکان، یـان بـەش بـە بـەش بۆ تێگەیشـتن لـە چیرۆکە سـەرەکییەکە؟

پێویسـتمان بـە لێهاتوویـی هەیـە بـۆ ئـەوەی هەردووکـی بکەیـن. هەندێـک ڕۆژ، ڕەنگـە تـەواوی خوێندنەوەکـەت تـەواو ناکەیـت و ئـەوەش ئاسـاییە. بیـر لـەوە بکـەوە کـە بەیانییـەک لـە خـەو هەڵدەسـتیت، دەسـت دەکەیـت بـە خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز، ڕۆمـا ١٢: ٩-١٣ بخوێنیتـەوە، کـەوا دەقێکـە سـێزدە ئامـۆژگاری تێدایـە! چـی دەکەیـت؟ وەک بایـەک بەسـەریاندا

a ئەڵقەی ١٨٦٣: «ئایا بێباوەڕان لەدوای مردن دەرفەتی دووەمیان پێدەدرێت؟» (١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢).

b ئەڵقـەی ١٢٧: «ئامـۆژگاری بـۆ خوێندنـەوەی باشـتری کتێبـی پیـرۆز» (٨ی تەممـوزی ٢٠١٣). پاییـەر لێـرەدا ئاماژە بە شـێوازی سـەرنجدان دەکات. سـەبارەت بـە شـێوازی سـەرنجدان بڕوانـە ئەڵقـەی ٣٩٥: «چ ئامرازێکـم پێویسـتە بـۆ خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز؟» (٢٩ی تەممـوزی ٢٠١٤)، ئەڵقـەی ١٠٥٦: «چـۆن دەتوانـم باشـتر بڕگەیەکـی کتێبـی پیـرۆز بخوێنمـەوە؟» (١٩ی حوزەیرانـی ٢٠١٧)، ئەڵقـەی ١١٤١: «سـتراتیژییەکانی خوێندنـەوەی قوواڵـی کتێبـی پیـرۆز بـۆ کەسـانی مانـدوو و سـەرقاڵ» (٣ی کانونـی دووەمـی ٢٠١٨)؛ وە جـۆن پاییـەر، خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـە شـێوەیەکی سـەروو سروشـتی (ویتـۆن، ئـای ئێـڵ: کـرۆس وەی، ٢٠١٧)، ٣٩٥-٤١١.

تێدەپەڕیت بۆ ئەوەی خوێندنەوەی ڕۆژانەت تەواو بکەیت؟ یان ڕادەوەستیت و سەرنجت لەسەر یەک ڕاسپاردە دەبێت کە لەو ڕۆژەت بیگریتە بەر؟ «وە وەڵامەکە هەردووکییەتی. نازانم چۆنە. ئەوەی دەیزانم ئەوەیە دەبێت بە خێرایی کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە، وە دەبێت بە هێواشی بیخوێنمەوە، چونکە ئەگەر بە خێرایی نەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی لە یەک یان دوو ساڵ تەواوی بکەم، ئەوا ناتوانم لە وێنە گشتگیرەکەی تێبگەم.» بیر بکەوە لە فرۆکەیەکی جامبۆ کە بە خێرایی ٥٦٠ میل لە کاتژمێرێکدا بە خێرایی ٣٨ هەزار پێ بەسەر فلۆریدا دەفڕێت. تەماشای خوارەوە دەکەیت و دەڵێیت، «وای، ئەوە باخچەیەکی نایابی پرتەقاڵە. زۆر باشە. بەڕاستی تامی خۆشە. زۆر وزەبەخشە.» ئەمە هەڵەیە؟ نەخێر. تۆ چەندین کیلۆمەتر لەسەرەوە دەفڕیت. لە کۆتاییدا، دەبێت بنیشتەنیتەوە، بچیتە باخە پرتەقاڵەکە و یەک پرتەقاڵ لێبکەیتەوە. کەواتە «با خۆشەویستی ڕاستەقینە بێت» (ڕۆما ١٢: ٩). لە سێزدە ڕاسپاردەکە یەکێکیان هەڵبژێرە و بیکە بەشێک لەو ڕۆژەت. ئامادەبە ڕابوەستیت و بپرسیت، ئەمە واتای چییە؟ پاشان نوێژ بکە. «دەمەوێت وا بم. ئەی ڕۆحی پیرۆز، تکایە نەخۆشی دووڕوویی لە ژیانمدا مەهێڵە.» لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا بزانە کەی ڕابوەستیت و ڕامان بکەیت.[a]

لەدوای دە ساڵ، پاپەر کردەیەکی ڕوونتری بۆ ئەنجامدانی هەردووکیان دارشت.

خوێندنەوە بە قوولّی واتا ڕاوەستان بۆ ڕامانێکی قوول لە وشە و دەستەواژە و گەڵاڵەکانی ناو دەقێکی دیاریکراو. دەتوانیت دەتوانیت ڕۆژانە چەند ئایەتێک بخوێنیتەوە، بەڵام بەو هێواشییە «هەشتا ساڵ یان زیاترت دەوێت هەتا تەواوی کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە. من تەواو باوەڕم بەوە هەیە بە هێواشی و بیرکردنەوە، بیرکردنەوە، بیرکردنەوە.»

بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی درێژی کتێبی پیرۆز، دەبێت بۆ فراوانییش بخوێنینەوە. «بە فراوانی مەبەستم ئەوەیە کە تۆ تەواوی ماوەی پێنج سەد ساڵەکە، بڵێین، دابەشبوونی شانشین ئیسرائیل، لە یەکەم و دووەم پاشایان و یەکەم و دووەم پوختەی مێژوو، کە پاشا لە دوای پاشا دەرکەوتن، کەوتن، سەرکەوتوو و شکستخواردوو بوون، باوکێکی گەندڵ کوڕێکی باشی بەدوادا دێت. لەم حاڵەتەدا من هیچ ڕێگەیەکی دیکە نازانم جگە لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئەوەی هەستی قوولّی هەم شکستی دووبارە و یاخیبوونی گەلی خودا بەدرێژایی سەدەکان و هەم بەزەیی نائاسایی و پشوودرێژی خودا تێبگەم.» هیچ جێگرەوەیەکی دیکە نییە بۆ ئەوەی مانگێک بخایەنێت بۆ بەکارهێنانی فراوانی ئەم چوار کتێبە مێژوویە بۆ ئەوەی بە تەواوی پشوودرێژی و خۆڕاگری خودا لەگەڵیاندا بەرز بنرخێنین؛ وە پشوودرێژی و خۆڕاگریی خودا لەگەڵ ئێمە.

a ئەڵقەی ١٦٧٠: «چۆن دەتوانم خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆز بکەمە ڕاستی؟» (٢٥ی ئابی ٢٠٢١).

بـە کـردەوە، سـێ بیرۆکـە هەیـە. (١) بەیانیـان و ئێـواران پێکـەوە. بەیانیـان بـە قوولّایـی بخوێنـەوە و ئێـواران بـە بەرفراوانـی. (٢) بـە مانگانـە. مانگێـک بـە قوولّایـی بخوێنـەوە، مانگـی داهاتـوو بـە بەرفراوانـی بخوێنـەرەوە. (٣) بەپێـی سـاڵ. سـاڵێک تـەواوی کتێبـی پیـرۆز بخوێنـەرەوە و سـاڵی دواتـر تەنهـا نامـەی ڕۆمـا بخوێنـەوە. بـەڵام هـەر ڕێگایـەک هەڵبژێریـت، «هەرگیـز واز لـە خوێندنـەوە مەهێنـە، ئەمـە وشـەی خودایـە بـە فراوانـی بێـت یـان بـە قوولّبوونـەوە، ئەمـە دەنگـی گـۆڕەری ئـەوە.»[a]

خوێندنـەوە بـە شـێوەیەکی فـراوان و قـووڵ بەشـێکە لـە شـێوازە سروشـتییەکەی خوێندنـەوەی تـەواوی کتێبـی پیـرۆز لـە مـاوەی سـاڵێکدا، ئەمـە لـە پلانـی خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆزە لـە گۆڤـاری بەقوتابیکـردن، کـە یەکێکـە لـە پلانـە خۆشەویسـتەکانی قەشـە جـۆن. هەمـوو ڕۆژێـک لـە چـوار بـواردا دەخوێنیتـەوە: دوو خوێندنـەوەی درێـژی پەیمانـی کـۆن بـۆ لێکۆڵینەوەیەکـی فـراوان و دوو خوێندنـەوەی کورتـتر لـە پەیمانـی نوێـدا بـۆ ڕامانـی قـووڵ. «ئەمـە سـوودێکی گـەورەی هەیـە کـە هـەم مـەودای خوێندنەوەیەکـی فـراوان و هـەم خوێندنەوەیەکـی سـنووردار و چـڕ تێکـەڵ دەبێـت.» وەک یارمەتیدەرێکـی زیاتـر، ڕۆژانـی گەیشـتن بە پلانـی مانگانـە دانراوە.[b]

هاوسەنگی لە نێوان خوێندنەوەی قووڵ لەگەڵ خوێندنەوە بە ڕامانەوە

چـۆن خوێندنـەوەی قـووڵ بـە قەڵـەم و کاغـەز و دەقـە نیشـانەکراوەکان ئەنجـام بدەیـن، بـەڵام هەروەهـا کتێبـی پیـرۆز بـە ڕامانـەوە بخوێنینەوە؟

خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـە سـەقامگیری ژیانـە. «ئامانجـم لـە هەمـوو ئـەو کارانـەی کـە هەتـا ئێسـتا کردوومـە سـەبارەت بـە کتێبـی پیـرۆز، بەرهەمهێنانـی زۆرێـک لـە شـارەزایانی کتێبـی پیـرۆز نییـە، بەڵکـو ئـەو جـۆرە مەسـیحیانەیە کـە هێنـدە قـووڵ و پتـەون لـە بیروباوەڕیانـدا سـەبارەت بـە ڕاسـتی هەتاهەتایـی، ڕەشـەبای کێشـەکان نایانبـات و بەبـێ هۆشـیاری ناکەونـە بـەر تەوژمـی شـەپۆلّی کەلتـووری هاوچـەرخ.» ئامانجـمان ئەوەیـە وەک دار بەڕوویـک بیـت، «بەرگـەی بـای تەنگانـە بگریـت» (زەبـووری ١: ٣). یـان وەک دۆلفینێـک بیـت، «بەنێـو شـەپۆلّەکانی کەلتـووردا ڕێـگای خـۆت ببڕیـت.» بـۆ پێکانـی ئـەم مەبەسـتانە، کتێبـی پیـرۆز بانگـمان دەکات کـە سـەرەتا ببینـە زێـڕ هەڵکـەن، بـەدوای گەنجینـەی شـاراوەدا بگەڕێـین (زەبـووری ١٩: ١٠؛ ١١٩: ٧٢، ١٢٧؛ پەنـدەکان ٢: ١-٥). بیـر لـەوە بکـەوە گەنجینەیەکـی کـۆن لـە حەوشـەی ماڵەکەتـدا شـاردراوەتەوە. ئایـا هەڵدەکۆڵیـت بـۆ دەرهێنانـی ئـەم گەنجینەیـە؟ بێگومـان بەڵـێ. کتێبـی پیـرۆز ئەمەیـە: گەنجینەیەکـی ڕۆحـی لـە خەیـاڵ بـەدەر، شـایەنی پیسـبوون و ئارەقەکـردن و هەڵکەندنـە. کەواتـە «بابەتەکـە ئەوەیـە کـە ئێمـە چەنـدە پەرۆشـین

a ئەڵقەی ٦٠٦: «چۆن ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز و هێڵی چیرۆکی کتێبی پیرۆز پێکەوە بخوێنمەوە؟» (٢٨ی ئایاری ٢٠١٥).
b ئەڵقەی ١١٤٠: «ساڵێکی نوێ، پلانێکی نوێی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز» (١ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

بـۆ دەوڵەمەنـدی بـە سـامانی ڕاسـتەقینە -دەوڵەمەنـدی مەسـیح و سـامانی شـکۆمەندییەکەی، وە دانایـی و هێـزی ئـەو بـۆ ژیانـی مەسـیحی ڕیشـەیی، کـە ئـەم جیهانـە زۆر پێویسـتی پێیەتـی.»

بـە شـێوەیەکی کـرداری، هـەردوو جـۆری لێکۆڵینەوەکـە ئەنجـام بـدە: بـە قوولـی و بـە ڕامانـەوە. ڕۆژێـک تەرخـان بکـە بـۆ ڕامـان لـە وشـەکە. پاشـان بـە دریژایـی هەفتەکـە بـە ڕامانی زیاتـر بخوێنـەوە. «لـە هەفتەکەتـدا کاتێـک بـدۆزەرەوە، بەیانـی زوو، پێـش ئـەوەی ناچـار بیـت زۆر شـت بکەیـت لەگـەڵ منداڵـەکان یـان کارکردنـی لـە باخچـە. کاتێـک بـدۆزەرەوە -ڕەنگـە بەیانـی زووی شـەممە یـان پاشـنیوەڕۆی یەکشـەممە یـان ئێـوارەی یەکشـەممە- کـە هەفتـەی جارێـک هەندێـک ڕامانـی قـووڵ بکەیـت لـە باخچەکـەی خـودا. بـەڵام لـە زۆربـەی بەیانیانـدا، کاتێـک تەرخـان بکـە بـۆ ڕامانـی قـووڵ لـە وشـەکە. هەرگیـز یەکێکیـان پەیوەسـت نییـە بـەوەی دیکـە. هەمیشـە هەردووکیـان پێکـەوەن.»[a]

چۆن بەشەکانی کتێبی پیرۆز پێکەوە ببەستینەوە؟

خوێندنـەوەی تـەواوی بەشـەکان کارێکـی قورسـە، بـە تایبەتـی لـە کاتـی پێکەوەبەسـتنی گەڵاڵـەکان و دۆزینـەوەی ڕەوتـی لۆژیکـی بەهانـەکان. بیـر لـە بەشـێکی تـەواو بکـەرەوە، یـان زەبووریێکـی تـەواو، وەک وێنەیەکـی پەزڵـی جیگسـۆ. «پێنـج سـەد پارچـە لەبەردەمتـدا دانـراوە، کاتێـک تەماشـایان دەکەیـت، بـە هیـچ شـێوەیەک لـەو تابلۆیـە ناچـن کـە لـە پێشـەوەی کارتۆنەکەیـە. پارچـەکان تەنهـا کەڵەکەیەکـی گەوریـە. ڕەنگـە وشـە و دەسـتەواژەکان و بڕگەکانی بەشـێک لـە کتێبـی پیـرۆز بـەم شـێوەیە دەربکـەون، کاتێـک بـە گشـتگیری تەماشـای بەشـەکە دەکەیـت.» کەواتـە چـۆن دەسـتپێبکەین، لـە کاتێکـدا کتێبـی پیـرۆز لەسـەر بەرگەکـەی هیـچ وێنەیەکـی گشـتی پێشـکەش نەکـردووە بـۆ ئـەوەی لـە واتـای ئـەو کۆمەڵـە پارچەیـە تێبگەیـن؟

تـۆ لـە یـەک پارچـە دەکۆڵیتـەوە. «تـۆ تێبینـی دەکەیـت کـە نیـوەی ئـەم پارچەیـە تـەواو سـوورە و نیوەکـەی دیکـەی تـەواو زێڕییـە. تێبینـی دەکەیـت کـە دەرکەوتنێکـی بچـووک سـەرەوەکەی بـۆ نیـوە دابـەش کـردووە، نیـوەی زێڕییـە و نیـوەی سـوورە. لەمـەوە، بـە بیرکردنـەوەی ورد دەگەیتە دەرئەنجامـی ئـەوەی کـە پارچەیەکـی دیکـە لـە شـوێنێکدا هەیـە کـە نیـوەی سـوور و نیـوەی زێڕییـە.» لەنێـو پێنـج سـەد پارچەکـە، ڕەنگـە شـەش پارچەیـان لەگـەڵ ئـەم دیزاینـەدا بگونجێـت. تـۆ جیایـان دەکەیتـەوە، پێکـەوە دەیانگونجێنیـت و یـەک «یەکەیەکـی قەبـارە ناوەنـدی» دروسـت

---

a ئەڵقـەی ١١٤١: «سـتراتیژییەکانی خوێندنـەوەی قوواڵـی کتێبـی پیـرۆز بـۆ کەسـانی مانـدوو و سـەرقاڵ» (٣ی کانونـی دووەمـی ٢٠١٨). بـۆ زانیـاری زیاتـر لەسـەر جیـاوازی دۆلفین/جەلیفیـش لـە نێـوان ئەوانـەی «ڕێگایـەک لـە دژی ڕێڕەوەکـە دەبـڕن» لـە بەرامبـەر ئەوانـەی «لەگـەڵ ڕەوتـی کەلتـوور دەڕۆن»، بڕوانـە ئەڵقـەی ٦٨٣: «چـۆن بەشـداری کەلتـوور بکەیـن و لـە دژی مەلـە بکەیـن» (١١ی ئەیلوولـی ٢٠١٥) وە ئەڵقـەی ١١٤١: «سـتراتیژییەکانی خوێندنـەوەی قوواڵـی کتێبـی پیـرۆز بـۆ کەسـانی مانـدوو و سـەرقاڵ» (٣ی کانونـی دووەمـی ٢٠١٥). ٢٠١٨.

دەکەیت. پاشان بەدوای یەکەیەکی دیکەدا دەگەڕێیت. وە یەکەیەکی دیکە دروست دەکەیت. وە یەکەیەکی دیکە. دواتر دەست دەکەیت بە لکاندنی یەکەکان پێکەوە.

ئەم جۆرە کارانە بە دەست دەکرێن، بۆ زۆربەمان پێویستی بە بیرێکی زۆر هەیە لە مێشکمان. بۆیە، دەقەکە لەسەر کاغەز چاپ بکە و بازنە و هێڵکاری لەسەر بکێشە، پاشان پارچە قەبارە ناوەندییەکان پوخت بکەرەوە. وە پاشان یەکە گەورەترەکان پێکەوە بگونجێنە بۆ ئەوەی لە یەکگرتوویی لۆژیکییان دڵنیا ببیتەوە. کەواتە «زۆر بە وردی تەماشای پارچەکان بکە. لە یەکەی قەبارە ناوەندییەکان ڕێکی بخە، خاڵە سەرەکییەکانی یەکە قەبارە مامناوەندییەکان بنووسە هەتا هەموویان لەسەر کاغەزێکی نیو لاپەڕەیی دەبێت، پاشان بیربکەرەوە و بیربکەرەوە، و نوێژ بکە و نوێژ بکە، وە بیربکەرەوە و نوێژ بکە، بیربکەرەوە و نوێژ بکە، وە ڕێکبخە و هێڵکاری بکە، وە هەوڵبدە هەموویان پێکەوە بگونجێنیت هەتا دەکەونە شوێنی خۆیان و دەبینیت ئەم پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ خاڵە چۆنە لە یەکەی قەبارە مامناوەندی لە لێشاوێکدان کە یەک خاڵێکی گەورەی سەرتاسەری دروستدەکەن. سەرسام دەبیت لەوەی دەیبینیت، ئەگەر دەست بدەیتە قەڵەم و کاغەزێک و ئەمە بکەیت.»[a]

چۆن کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی بابەتییانە بخوێنمەوە؟

«من ئەم پرسیارەم پێخۆشە چونکە پێمواید زۆر کەس خۆیان بە کەم دەزانن کاتێک باس لەوە دەکرێت کە دەتوانن چی لە کتێبی پیرۆز وەربگرن -بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆحی خۆیان لە جیهانێکی ئاڵۆزدا لە ڕووی ڕەوشتییەوە. پێمواید زۆربەمان گومانمان هەیە لە تواناکانی خۆمان لە دۆزینەوەی وەڵام لەلایەن خۆمانەوە. هەندێکمان تەمبەڵین -با بە ڕاشکاوی بڵێین- وە دەمانەوێت کەسێکی دیکە لەجیاتی ئێمە کارەکەمان بۆ بکات. بۆیە هەوڵ دەدەین وەڵامێکی خێرا لە کەسێکی دیکەوە وەربگرین لەبری ئەوەی خۆمان لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ بکەین.» بەڵام کتێبی پیرۆز سامانەکەی ناداتە ئەو کەسانەی کە ڕەتیدەکەنەوە خۆیان هەڵبکۆڵن (پەندەکان ٢: ٣-٦). سەرباری تەواوی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز، ئاڵای یەرمیا ٢٩: ١٣ دەشەکێتەوە: «ڕووتان لە من دەکەن و بۆتان دەردەکەوم، کاتێک بە هەموو دڵتانەوە ڕووتان لێم دەکەن.»

لەم پاڵنەرەوە، دەست بکە بە کارەکەت و بابەتەکەت بە وشەیەکی سەرەکی جیابکەرەوە، وەک پارە یان هاوسەرگیری. ڕێبەر یان بەرنامەیەکی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنە. دەتوانیت خوێندنەکەت لە یەک سیپارە بێت، یان یەک نووسەر، یان تەنها لە پەیمانی

a ئەڵقەی ١٠٤٩: «چۆن شوێن بەشە گەورەکانی کتێبی پیرۆز بکەوم؟» (٢ی حوزەیرانی ٢٠١٧).

نوێدا سنووردارى بكەيت. بەڵام بە شێوەيەكى سادەيى بيهێڵەرەوە و نوقم مەبە. كاتێك لستى ئايەتەكانت هەبوو، هەموويان بنووسە و هەريەكەيان بخوێنەرەوە. ئەو پەيوەندييانە بنووسە كە لە وشەكەدا دەيبينيت كە لە هەمان نووسەر يان لە سەرانسەرى كتێبى پيرۆزدا دەردەكەوێت. «زۆر كەس پێيان وايە كە تەنها خوێندنەوەى كتێبى پيرۆز و ڕامان لێى دەبێتە هۆى تێگەيشتن و دانايى. دەبێت تەوا بير بكەيتەوە (νόει) كاتێك دەخوێنيتەوە (دووەم تيمۆساوس ٢: ٧). بۆ ئەم مەبەستە پێويستە چاوت لەسەر ناوەڕۆك و لۆژيكى هەر دەقێك بێت. شوێن دەقە پەيوەندىدارەكانى پەراوێز بكەوە بۆ ئەو دەقەى كە دەيخوێنيتەوە.

كاغەز و قەڵەم لەبەردەستتدا بهێڵەرەوە. «نووسين، نووسين، نووسين، يان لە فايلێكى نێو كۆمپيوتەرەكەت يانيش وەك من زۆرجار دەيكەم، لە نيوە لاپەڕەيەكى نوشتاوە. من بەردەوام هێڵكارى دەكەم و دەنووسم، لەبەر ئەوەى كاتێك دەنووسم، دەتوانم شتگەلێكى زياتر لە بيرمدا هەڵبگرم. بەبێ نووسين، دەكرێت هەموو شتێك ئاڵۆز بێت.» پاشان، لە قۆناغێكى دواترى كردارەكە، بگەڕێوە سەر سەرنجەكان، كتێبەكان، يان سەرچاوەى ئينەرنێت لەسەر بابەتەكەت. بەڵام لە هەموو شتێكدا، ئەوەى بينيوتە بيپارێزە بۆ ئەوەى دواتر بە ئاسانى بگەڕێيتەوە سەر دۆزينەوەكانت.[a]

چى ڕووەدات كاتێك نوێژ دەكەيت لەسەر كتێبى پيرۆز؟

نوێژ پێكهاتەيەكى سەرەكى خوێندنەوەى كتێبى پيرۆزە، بەڵام زۆرجار پشتگوێ دەخرێت. «سەرسوڕهێنەرە، لەدواى ئەم هەموو ساڵە، چەند جار بە سادەيى دەست بە خوێندنەوە دەكەم بەبێ ئەوەى نوێژ بكەم. دەتوانم تەواو بە ڕوونى هەست بە جياوازييەكە بكەم.»[b] ڕەنگە ئەمە يەكێك لەو هۆكارانە بێت كە خۆشحاڵيمان لەگەڵ خودا لە ڕێگاى خوێندنەوەى كتێبى پيرۆزەوە زۆر كورتە.

ئێمە بەو قەناعەتە بنەڕەتييە دەخوێنينەوە كە بانگهێشت كراوين سەرنجى ژيانمان -هۆشدارى و خۆشيمان- لەسەر شتە ئاسمانييەكان چڕ بكەينەوە (كۆلۆسى ٣: ١-٢). وە خۆمان بەدوور بگرين لەوەى هۆشدارى و دڵخۆشبوونمان لەسەر شتە مرۆڤانەكان بێت (مەتا ١٦: ٢٣). كەواتە چارەسەر چييە بۆ بەريەككەوتنێكى بەردەوام لەگەڵ وشەكەدا؟ «پێموايە ڕەنگە يارمەتيدەرترين شت كە بتوانم بيكەم ئەوەيە كە تۆ بهێنمە ناو وانەيەكەوە كە خودا لە تەمەنى حەفتا ساڵيدا فێرى كردووم، كە نابێت لەدواى شەست ساڵ وەك مەسيحييەك جارێكى دىكە فێربكرێمەوە، يەك ئاموژگاريم هەيە بۆ تۆ كە

a ئەڵقەى ١٠٥٨: «چۆن بابەتێكى دياريكراو لە كتێبى پيرۆزدا بخوێنمەوە؟» (٢٣ى حوزەيرانى ٢٠١٧).
b ئەڵقەى ٩٠٣: «بۆچى دڵخۆشى من بە خودا هێندە كورتە؟» (٢٢ى تەممووزى ٢٠١٦).

ئێستا لەلام زۆر گرنگە.» ئامۆژگارییەکە ئەوەیە: پێش ئەوەی کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە، نوێژ بکە کە خودا «بێت و لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا بتبینێت، چاوی دڵت بکاتەوە، نیشانت بدات کە بەڕاستی چی هەیە، وە ڕاستی خۆیت بۆ دەربخات، وە گۆڕانکاری سەرسوڕهێنەر لە ژیانتدا بهێنێتە ئاراوە» (ئەفسۆس ١: ١٨). ئەمە جیاوازییەکی ڕاستەقینە دروست دەکات.

ئەگەر پێش خوێندنەوە ڕاوەستاین و نوێژمان کرد، خودا بە شەش ڕێگا وەڵاممان دەداتەوە. (١) گوێبیست دەبین. بە نوێژی پێش خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزمان، «خودا کەشێکی سەروو سروشتی دروست دەکات» بۆ ئەوەی بیرمان بخاتەوە «ئەم ساتە تەنها پەیوەندی بە تۆ و کتێبێکەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە تۆ و بە خودای زیندوو.» (٢) دەیبینین. خودا وەڵام دەداتەوە و شتی نوێمان پیشان دەدات لە کتێبی پیرۆزدا. «زۆربەمان کوێرین لە ئاست ئەو شکۆمەندییانەی کە خودا لەناو ئەو وشانەدا داینناوە کە پێی بەخشیوین. بە سادەیی دەیخوێنینەوە. خوێندنەوەی وشەی ڕۆح، وشەی شکۆمەندی، وشەی خاچ، وشەی گوناە بەبێ نوێژکردن یەک ئەزموونە. ڕەنگە خوێندنەوەی ئەم وشانەی لەدوای نوێژکردن جیاوازییەکی ڕیشەیی هەبێت، جۆرێکی جیاواز لە هەمان وشەکان.» گرنگی خودایی وشەی خودا کاتێک نوێژ لەپێناوی دەکرێت. (٣) هەست دەکەین. دەمانەوێت هەست و سۆزی دروست لەگەڵ خوێندنەوەکەمان بێت. «ئەگەر نوێژ بکەیت، خودا دڵت دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەست بە بەهاداری شتە شکۆمەندەکان و ترسناکییەکانی شتە خراپەکان بکەیت کە بەبێ ئەوە هەستت پێ نەدەکرد»، چونکە «زۆربەمان هەست بەو هەستانە ناکەین کە لەگەڵ ئەو ڕاستیانەدا دەگونجێت کە بیری لێ دەکەینەوە. ئەمە کاری ڕۆحی پیرۆزە، وە خودا لە وەڵامی نوێژدا دەیکات.» (٤) ئێمە دەگۆڕدرێین. بە نوێژکردن پێش خوێندنەوە، «خودا گۆڕانکاری لە تۆدا دەکات، ئەگینا ئەزموونت نەدەکرد،» گۆڕانکاری لە شەڕەکەتدا لە دژی گوناە، ئارەزووی پیرۆزیت، زاڵبوون بەسەر خوو و نەریتە خراپەکان، نوێکردنەوەی سەرچاوەی پەیوەندییەکانت، وە زیادکردنی ئەزموونی بەرهەمەکانی ڕۆحی پیرۆز. (٥) ڕێنمایی دەکرێین. «ئەگەر لە سەرەتای خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئەم نوێژە بکەیت، خودا جارجارە ڕێنمایی و ڕابەرایەتیت بۆ دابین دەکات کە تامەزرۆی بوویت سەبارەت بە بڕیارە گرنگەکان لە ژیانتدا. خودا پێی خۆشە ڕوانگە و ڕێنمایی نوێ بهێنێتە ناو ژیانی منداڵەکانی لە کاتێکدا ئەوان لە ڕێگای وشەکەیەوە لەگەڵیدا کات بەسەردەبەن.» (٦) ئێمە خۆمان دەگۆڕین بۆ ڕاستی ڕاستەقینە. خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ڕوانگەی نوێمان پێدەبەخشێت بۆ بینینی ڕاستییە ڕۆحییەکان، ونبوونی جیهان، وە داهاتووی هەتاهەتایی کە بۆ هەموومانە.

ئیتر هەموو ڕۆژێک، «پێش ئەوەی بخوێنیتەوە ڕاوەستە، وە بە ڕژدی -بەوپەڕی تامەزرویی دڵ کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت- نوێژ بکە بۆ خودا کە بێت و لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا چاوت پێی بکەوێت و چاوەکانی دڵت بکاتەوە و نیشانت بدات کە بەڕاستی چی هەیە و ڕاستی خۆی دەربخات و گۆڕانکاری سەرسوڕهێنەر لە ژیانتدا بهێنێتە ئاراوە.»[a]

نوێژێکی یەک خولەکی پێش ئەوەی کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە

کەواتە ئەم نزایە چۆنە؟ پێش ئەوەی کتێب پیرۆز بکەیتەوە، نزایەکی یەک خولەکی ئارەزوومەندانە بکە: دڵم ڕابکێشە (زەبوری ١١٩: ٣٦). چاوەکانم بکەرەوە (زەبووری ١١٩: ١٨). دڵم یەکبخە (زەبووری ٨٦: ١١). ڕۆحم تێر بکە (زەبووری ٩٠: ١٤).

ئاسوودەیی بدۆزەرەوە کە دەربڕینی ئارەزوومەندی ڕاستەوخۆ لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراوە. «هاندانێکی بەهێزی باوەڕپێنەکراو لەو ڕاستییە وەردەگرم کە زەبوورنووسەکان دەبووا بەم شێوەیە نوێژ بکەن.» هیوای دڵم. «سەرسوڕهێنەرە کە زەبوورنووس داوا لە خودا دەکات دڵی پڕبکات لە وشەکەی. چی؟ ئەی زەبوورنووس هەندێک جار دڵت لەسەر کتێبی پیرۆز نییە؟!» چاوم بکەوە. نووسەری زەبوور کتێبی پیرۆز دەکاتەوە بەڵام لە بنەڕەتدا لاپەڕەیەکی سپی دەبینێت و هەست بە خراپی دەکات سەبارەت بە بێهەستییە ڕۆحییەکەی. ئێمەش هەست بەوە دەکەین. دڵم یەکبخە. «دڵم پەرتەوازە بووە، بە هەموو لایەکدا. تەماشای مێشێک دەکەم لەسەر دیوارەکە یان گوێم لە شتێکە لەسەر ڕێگای هاتووچۆکەم، سەرنجم بە سەدان شێوە سەرقاڵ دەبێت. نووسەری زەبوورییش ئاوای لێهاتووە.» ڕۆحم تێر بکە. ئەم بەهانەیەی کۆتایی «ڕەنگە لە هەموویان گرنگتر بێت»، کەوا لە نوێژکردندا دەچینە پاڵ زەبوورنووس و دەڵێین: «ئە خودایە، لەم دۆخەی بێزاری یان بەتاڵی یان مردندا بەجێم مەهێڵە.»[b]

هەنگاوی سێیەم، بە تایبەتی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دڵیان دابەش بووە، ئەمە ئەزموونێکی ئاسایی ژیانی مەسیحییە. ئێمە دەمانەوێت خودا لێمان نزیک بێتەوە، بەڵام دڵێکیشمان هەیە کە کاتێک خودا لێمان نزیک دەبێتەوە لێی دوور دەکەوێتەوە.[c]

بە کورتی، (دڵخوازترین نزای من) ئەو نوێژەیە کە قەشە جۆن دەڵێت «نوێژی نزیکەی هەموو ڕۆژێکی من بۆ وشەی خودایە.»[d] بەبێ ئەم ئەم نوێژە کورتە، «ڕەنگە لە چوارچێوەیەکی ڕۆحی لەخۆڕازیبوون لە وشەی خودا بە هەڵەدا بچم، کە تێیدا بە هیچ

a ئەڵقەی ٩٠٣: «بۆچی دڵخۆشی من بە خودا هێندە کورتە؟» (٢٢ی تەممووزی ٢٠١٦).
b ئەڵقەی ١٦٦: «کاتێک لە کتێبی پیرۆز بێزار بووم -دەتوانم چی بکەم؟» (٥ی ئەیلوولی ٢٠١٣).
c ئەڵقەی ١٧١٩: «ئایا ئاسایییە دڵی دابەشبوو هەبێت؟» (١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).
d ئەڵقەی ٢٧: «شەڕکردن لەپێناو خۆشی لە خزمەتی قەشایەتیدا» (١٤ی شوباتی ٢٠١٣).

شـێوەیەک گـوێ لـە خـودا نەگـرم و گوێـم لـە خـودا نەبێـت.» وە نوێژێکـی کورتـە. «باسـی یـەک خولـەک دەکـەم. بـە خـودا بڵـێ: «خەریکـە وشـەکەت دەخوێنمـەوە، پێویسـتم بـە یارمەتی تۆیـە.» خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـۆ تێرکردنـی مێشـکی کنجـکاو نییـە، بەڵکـو بـۆ تێرکردنـی ڕۆحـە برسـییەکانە. «مـن لێـرەم بـۆ ئـەوەی بخـۆم. بـۆ کۆکردنـەوەی بەهانـە لێـرە نیـم. بـۆ ئـەوە نییـە وانەیـەک فێربـم. ئـەی خودایـە مـن برسـیم و پێویسـتم بـە تۆیـە. پێویسـتم بەوەیـە لێـرە ڕاسـتی بخـۆم!» ئەمـە ئـەو ئارەزووەیـە لـە پشـت ئـەو نوێـژە بچووکـە یـەک خولەکییـەدا.[a]

نـزا تەنهـا لـە لاوازی ڕۆحـی زەبوورنووسـەوە بنیـاد نەنـراوە، بەڵکـو هەروەهـا لـە تاریکتریـن ململانێکانیشـەوە بنیـاد نـراوە. پێکـەوە نوێژێکـی نزاکـردن دەکـەن لەپێنـاو بـاوەڕدار. «مـن بـە وەرزی زۆر تاریـک و سـاردا تێپەڕیـوم، وە دەمەوێـت دڵنیـا بـم لـەوەی کـە کاتێـک ئـەوە دەڵێـم، خەڵکـی درک بـەوە دەکـەن کـە ئێمـە باسـی مەسـیحیەتێکی سـادە و دوو قۆناغـی ناکەیـن، وەک ئـەوەی بەڕاسـتی مەسـیحییەتێکی مکـوڕ و دڵسـۆز و زیندەگـی هەبێـت، وە پاشـان مەسـیحییەتێکی سـارد و مـردوو و تاریـک هەبێـت. لـە ڕاسـتیدا پلەبەندییەکـی بێکۆتایـی لـە نێـوان ئـەو دوو کێبڕکێکارەدا هەیـە.» وە بـە درێژایـی ڕۆژ ئـەو پلەبەندییانـە دەگۆڕێـن. «مـن لـە خـەو هەڵدەسـتم کـە پێویسـتە زینـدوو بـم. وە پلانـی مـن بـە درێژایـی ڕێگاکـە زۆر بـە باشـی وەک یـەک بـووە لـە هەوڵـدان بـۆ ئـەم ململانێیـە لەپێنـاو خۆشـی، ئـەوەش ئەوەیـە کـە بـە ڕژدی نوێـژ بکـەم لـە کاتێکـدا تەماشـای کتێبـی پیـرۆز دەکـەم.» ئـەم ململانێیـە کرۆکـی نوێـژی نزاکردنـە. «دەمەوێـت عیسـا ببینـم. پێویسـتم بـە عیسـا هەیـە. پێویسـتم بـە تەنهـا گەڵاڵـە نییـە. پێویسـتم بـە بەریەککەوتنـە لەگـەڵ مەسـیحی زینـدوو، وە باوەڕم وایـە کـە ئەمـە لـە ڕێگـەی خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆزەوە دێـت.»[b]

پلانێکـی هاوشـێوە سوودبەخشـە کاتێـک هەسـت بـە بێـزاری دەکەیـت لـە خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز. کاتێـک بێـزار دەبیـت، تەنهـا شـایەتیدانی دەربـارەی خـۆی بگێڕێتـەوە. «ڕامـان لـەو شـتانە دەکـەم کـە کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـە خـۆی دەیڵێـت بـۆ ئـەوەی خۆشەویسـتیم بـۆ کتێبـی پیـرۆز هەڵگیرسـێنمەوە» (بـە تایبەتـی زەبـووری ١١٩: ٢٥، ٩٨؛ یۆحەنـا ٥: ٢٤؛ ٦: ٦٨؛ ٨: ٣٢؛ ١٧: ١٧؛ ڕۆمـا ١٠: ١٧؛ و دووەم تیمۆسـاوس ٣: ١٦-١٧). بـەڵام پوختەکـەی ئەوەیـە بـۆ ئەوانـەی کتێبـی پیـرۆز بـە بێزارکـەر دەزانـن، «ئێـوە تەنهـا نیـن. هەموومـان حەزمـان بـۆ خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـە ڕادەی جیـاواز زیـاد و کـەم دەکات.» بـەڵام «تەنانـەت کاتێـک هەسـتی ئـارەزووت نییـە، بـەردەوام بـە لـە چاودێریکردنـی باخچەکـە وەک جوتیارێـک کـە دەبێـت هەمـوو ڕۆژێـک دەربچێـت و گژوگیـاکان هەڵبکێشـێت و خاکەکـە بکێڵێـت -نـەک لەبـەر

a ئەڵقەی ٤٩٦: «چۆن کتێبی پیرۆز خزمەت بە نوێژکانمان دەکات؟» (١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ٢٧: «شەڕکردن بۆ خۆشی لە خزمەتی شوانایەتیدا» (١٤ی شوباتی ٢٠١٣).

ئەوەی لەو ڕۆژەدا بەرهەمەکە گەشە دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی درەنگ یان زوو، لە کاتی سەروەری خودادا، ئەگەر چاودێری باخچەکەت بکەیت، ئەوا بەرهەم دەدات.»[a]

من کێبی پیرۆز دەخوێنمەوە بەڵام هەست بە هیچ ناکەم، چی بکەم؟

بە لەبەرچاوگرتنی بانگەوازی گرنگی خۆشحاڵانە ڕۆچوونە ناو وشەکە، چی بکەم ئەگەر کێبی پیرۆز بخوێنمەوە، بەڵام هەست بە هیچ شتێک نەکەم لە سۆزەکانمدا بگونجێت لەگەڵ ئەو شایستەیی، بەهاداری، جوانی و چێژانەی کە بڕیارە ئەو وشانە بیگەیەنن؟ ئایا شتێک هەیە کە بتوانم پاشان بیکەم؟

بەڵێ، هەیە، چونکە کێبی پیرۆز بانگمان دەکات بۆ ئەوەی گوێمان ئامادە بکەین و دڵمان ئاراستە بکەین بەرەو زانیاری بۆ ئەوەی تام و چێژی خۆش بێت و لە یادەوەریدا جێگیر بێت (پەندەکان ٢٢: ١٧-١٨). لەم دەقەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەستی کێبی پیرۆز ئەوەیە بە سێ قۆناغ لە سەرەوە بچێتە دڵ. (١) گوێمان ئامادە دەکەین. کاتێک ئێمە کێشەمان هەیە بۆ گوێگرتن لە کەسێک، دەچەمێینەوە و زیاتر بە وردی گوێ دەگرین. لەگەڵ کێبی پیرۆزدا هەمان شتە. (٢) ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە بتوانین گوێمان لە دانایی بێت. (٣) لەدوای مەیل و بیستن، دڵمان دەچێتە سەر ئەوەی بیستراوە. ئەمەش ڕێک واتا، «تۆ دڵت دەگرێت و پاڵی دەنێیت -ئارەزووی دڵت پاڵ دەنێیت بۆ ناو جوانی زانیاری. ئەگەر دڵ هەست بە هیچ شتێک نەکات، تۆ بە دڵت دەڵێیت: «ئەی دڵ، لە خەو هەستە!». وە دڵت دەگرێت و دەیخەیتە سەری. تۆ پاڵی دەنێیت. دەیخەیتە سەر زانیاری. پاڵی دەنێیت.»

وشەی خودا گەوهەرێکی بەهاداره. بەخشێکە. وە ئەگەر دڵت هەست بە بەهاداری ئەم شتە ناکات، ئەوا بیخە ناو گەوهەرەکە بۆ ئەوەی لە هەموو ئاراستەکان ببینێت، «وە بە دڵت بڵێ: «ئەی دڵ، بەنێو ئەم گەوهەرەدا بگەڕێ و لە هەموو لایەکەوە تەماشای گەوهەرەکە بکە.» ئەمە بکە بە هاوارێکی غەریزەیی دڵت کاتێک سۆزی ڕۆحیت بۆ وشەی خودا کەم دەبێتەوە.[b]

ڕۆحت ئامادە بکە بۆ چاوپێکەوتن بە مەسیح

خوێندنەوەی کێبی پیرۆز بۆ چاوپێکەوتنە بە مەسیح. ئیتر چۆن بزانین کە ئێمە تەنها ئامرازەکانی لکاو پێکەوە نابەستینەوە، بەڵکو تەماشای شکۆمەندی دەکەین؟ ئەمانەی خوارەوە هەندێک بیرۆکەن سەبارەت بە هەوڵدان بۆ ئەم چاوپێکەوتنە بە خودا.

---

a ئەڵقەی ١٦٦: «کاتێک لە خوێندنەوەی کێبی پیرۆز بێزار بووم -دەتوانم چی بکەم؟» (٥ی ئەیلوولی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ٧٤٨: « مـن کێبی پیرۆز دەخوێنمەوە بەڵام هەست بە هیچ ناکەم، چی بکەم؟» (١١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

١. ڕۆحت بگونجێنە. ڕەنگە کاتێکی زۆری پێ بچێت هەتا ڕۆحمان لەگەڵ شکۆمەندی خودایی بگونجێنین. «یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئێمە لە وشەکەیدا بە قوولّی چاومان بە خودا ناکەوێت کەوا هێندەش حەزمان لێیەتی، ئەوەیە کە دڵمان ئامادە نییە و لەگەڵ ڕاستی ڕۆحی نەگونجاوە کاتێک دێین.» ڕێنگە پێویستی بە خوێندنەوەی پەنجا بەشی کتێبی پیرۆز بێت پێش ئەوەی گونجان ڕووبدات!» من ئەوە دەڵێم بۆ ئەوەی ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە ڕەنگە ئێمە لە ڕووی ڕۆحی و سۆزداری و دەروونییەوە هاوئاهەنگ نەبین لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا، بە جۆرێک کاتێک دەخوێنینەوە، چوارچێوەی هزریمان و مەیلی دڵمان و وەرگرتنی ڕۆحیمان تەواو نەگونجێت لەگەڵ ڕۆحی بڕگەکەدا، ئیتر هیچ ڕوونادات.» بۆ هێنانەدی هاوئاهەنگی، بیر لە خەڵوەتی کەسیی بکەوە، وە ئەو کاتە دەگمەنانەی کە تەرخانی دەکەین بۆ خوێندنەوەی پەنجا بەشی کتێبی پیرۆز و بە ڕژدی بەدوای خودادا بگەڕێ.

٢. بیرۆکە لەو نووسەرانە وەربگرە کە شکۆمەندی مەسیحیان بینیوە. پازدە یان بیست خولەکی سەرەتای بۆ تەرخان بکە پێش ئەوەی کتێبی پیرۆز بکەیتەوە. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ هاوئاهەنگکردنی ڕۆحت(١).

٣. لە تامەزرۆییدا تامی خۆشی بکە. ئێمە هیچ ئارەزووی گەورەترمان نییە لەوەی ڕزگارکەرمان ببینین. بەڵام ئەم «پڕبوونە تەواوەی چێژوەرگرتن لە مەسیح» بۆ کاتێک تەرخانکراوە کە ڕووبەڕووی دەبینین (یەکەم یۆحەنا ٣: ٢). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم خۆشییەی بوونی مەسیح شتێکە کە ئێمە ئێستا تامی دەکەین -«بەڕاستی، لە ڕووی کرۆکییەوە، بە شێوەیەکی ڕەسەن، لە ڕووی ڕۆحییەوە لە تامەزرۆییدایە بۆی.» واتا «دەستکردە» جیاکردنەوەی «قوولّترین تامەزرۆیی و هیوا و پەرۆشی و گریانمان بۆ مەسیح لە ئامادەبوونی ئەوە، شیرینییەکەی، چێژی سەردانەکانی، وە خۆشەویستییەکەی. ئەوە جیاوازییەکی دەستکردە. تامەزرۆیی لە خۆیدا تامێکی شیرینی نانی ئاسمانە. پەرۆشی لە خۆیدا شەیدایی تامی خۆشی ئاسمانە. ئارەزووی ڕۆحت بۆ مەسیح لە خۆیدا کارێکی خودایی ڕۆحی پیرۆزە کە پێشوەختە بڕێک لە شیرینی خودی مەسیح لە ئاسمان پێت دەگەیەنێت.»

٤. کتێبی پیرۆز بکەرەوە و بخوێنەرەوە. پلانێک دابنێ بۆ خوێندنەوەی تەواوی کتێبی پیرۆز لە ماوەی ساڵێکدا، شتێکی وەک پلانی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە گۆڤاری بەقوتابیکردن. وە چاوەڕێ بکە کە چاوت بە خودا بکەوێت -ڕەنگە تەنها لە یەکێک لە چوار خوێندنەوەکەی هەر ڕۆژێکدا. ئەوە ئاساییە. چاوەڕێی ئەوە مەکە خودا هەموو کاتێکی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بکاتە شتێکی لەبیرنەکراو.

بـەڵام چـاوەڕێ بکـە هەندێکیـان بـە تایبەتـی شـیرین بـن. بـەم چاوەڕوانییـەوە بخوێنـەرەوە. وە «تەنانـەت ئەگـەر سـاڵانە تەنهـا جارێـک خـودا خـۆی نیشـان بـدات، ئـەوە شـایەنی خوێندنەوەیـە بـۆ مـاوەی سـاڵێک. مەبەسـتم ئەوەیـە ئەگـەر سـاڵانە یـەک جـار خـۆی نیشـان بـدات، شـایەنی ئەوەیـە هەمـوو ڕۆژێـک بخوێنیتـەوە، ئـەی وا نییـە؟»[a]

ئایا کتێبی پیرۆز کۆن و بێ کەڵک نییە؟

کتێبـی پیـرۆز کۆنـە، بـەڵام پاڵنـەر بـۆ خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز لەسـەر ئـەو بیروباوەڕەمـان بنیـاد نـراوە کـە لاپـەڕە کۆنەکانـی هەتـا ئێسـتاش پەیوەندییـان بـە ژیانـی ئەمڕۆمانـەوە هەیـە. کەواتـە چـۆن وەڵام دەدەینـەوە کاتێـک هەسـت دەکەیـن، بـێ کەڵکـە؟ گوێگـران ئـەم پرسـیارە دەکـەن لەبـارەی (١) پەیمانـی کـۆن، (٢) پەیمانـی نـوێ، وە (٣) تـەواوی کتێبـی پیـرۆز.

١. ئایـا پەیمانـی کـۆن پەیوەنـدی بـە ژیانمانـی ئێمـەوە هەیـە؟ چـی بەدەسـت دەهێنیـن لـە خوێندنـەوەی سـیپارە زەحمەتەکانـی پەیمانـی کـۆن، وەک سـیپارەی لێقییـەکان، کـە دەرخسـتنی شـکۆمەندی مەسـیحی تێـدا نییـە و بەکارهێنانـی بـۆ ژیانـی سـەردەمی ئێسـتامان ڕوون نییـە؟ کتێبـی پیـرۆز هەمیشـە پەیوەندیـدارە، بـەڵام هەرگیـز نابێـت وا بیـر بکەینـەوە کـە کتێبـی پیـرۆز بـە تـەواوی تەنهـا بـۆ ئەمڕۆی ئێمـە نـووسراوە. کتێبـی پیـرۆز، «بـە هەمـوو بەشـە زۆر نایـاب و نامۆکانیـەوە، لەلایـەن خـوداوە داڕێـژراوە، سروشـی خودایـە، لەلایـەن خـوداوە کۆکراوەتـەوە، نـەک تەنهـا بـۆ چینـی ناوەنـدی کەلتـووری ڕۆژئاوایـی سـەدەی بیسـت و یەکـەم، بەڵکـو بـۆ هـەزاران کەلتوور لـە سەرانسـەری جیهـان، بـۆ مـاوەی هـەزاران سـاڵ، لەگـەڵ ئـەو هەمـوو سـەردەم و ئـەو هەمـوو کەلتوورانـەی بـە شـێوەیەکی ڕیشـەیی جیـاوازن.» تەنهـا خـودا دەتوانێـت کارێکـی هێنـدە گـەورە ئەنجـام بـدات. کەواتـە کتێبـی پیـرۆز پەیوەنـدی بـە هەمـوو کەلتوورێکـەوە هەیـە، بـەڵام بـۆ هـەر نەوەیـەک وەک یـەک جێبەجـێ نابێـت. بـۆ ئێمـە، «هەندێـک بەشـی کتێبـی پیـرۆز هەیـە کـە مـن وەک سـپی پێسـتێکی سـەدەی بیسـت و یـەک، لـە چینـی ناوەڕاسـت، بـە زەحمـەت پەیوەندییەکـەی دەدۆزمـەوە یـان هـەر جـۆرە دەنگدانەوەیەکـی نیگەرانییەکانـی ئێسـتای خـۆم. کاتێـک بـەم شـێوەیە دەردەکەوێـت، پێموایـە نابێـت هیـچ بەشـێکی کتێبـی پیـرۆز پشـتگوێ بخـەم و دەبێـت پشـوودرێژبم و بـەدوای هەموویـدا بگەڕێـم.»[b]

٢. ئایـا نامەکانـی پۆڵـس کـە لـە سـەدەی یەکـەم نـووسراون بـۆ ژیانـی سـەدەی بیسـت و

---

a ئەڵقەی ١٢١٦: «بە بینینی جوانی مەسیح هەست بە چی دەکەیت؟» (٢٧ی حوزەیرانی ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ٨٦٤: «چۆن لە کتێبە سەختەکانی پەیمانی کۆنەوە خۆراک بە ڕۆحم بدەم؟» (٢٣ی ئایاری ٢٠١٦).

یەکەم دەگونجێت؟ بەڵێ، لەبەر چەند هۆکارێک هێشتا پەیوەندیدارن. هەندێک لە نامەکانی پۆڵس بە مەبەست بازنەیی بوون، بۆیە ناوەڕۆکەکانیان تەنها لە یەک کڵێسادا سنووردار نەبوون. ئەمە بۆ نامەکانی یاقوب و پەترۆسیش وایە. پۆڵس دەیزانی کە نامەکانی لە خوداوە هاتوون، «وشەیەکی ڕەوا و پەیوەندیدار بۆ گەلەکەی لە هەموو سەردەمێکدا» (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ١٢-١٣). وەک نێردراوانێک، پۆڵس زۆرجار باسی کڵێسای گشتگیری دەکرد، چونکە دەیزانی کە فێرکارییەکانی «بنەڕەتییە و سوودبەخشە بۆ کڵێسای هەموو سەردەمێک» (بڕوانە ئەفەسۆس ٢: ١٩-٢٠). وە چەندین دەقی پەیمانی نوێ باس لە بابەتگەلێکی بنەڕەتی دەکەن کە هەرگیز ناگۆڕدرێن: سروشتی خودا، سروشتی مرۆڤ، وە ڕاستییەکانی ئینجیل. هەر شتێک لە ئینجیل کە دەیخوێنینەوە «پەیوەست نییە بە کات یان دۆخێک،» بەڵکو بە هەمان شێوە ڕاست و ڕەوایە و گرنگە بۆ ئێمە ئەمڕۆ (بڕوانە یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣). وە زۆرێک لە خاڵەکانی پەیڕەوکردن بۆ ژیانمان لەسەر ڕاستییە هەتاهەتاییەکان بنیاد نراون کە «بە درێژایی کات بە ڕەوایی دەمێننەوە.» کەواتە مەسیحییەکان نابێت درۆ لەگەڵ یەکتردا بکەن، چونکە ئێمە سەر بە یەکترین (ئەفسۆس ٤: ٢٥). خۆمان تۆڵە ناستێنینەوە، چونکە خودا تۆڵەسێنەرمانە (ڕۆما ١٢: ١٩). ژنان وتار نادەن، چونکە سیستەمی بەدیهێراوان چەسپاوە (یەکەم تیمۆساوس ٢: ١٢-١٤). ڕەوشتی بارودۆخی ئەمڕۆ بە ڕاستییە کۆنەکانەوە پەیوەستە.[a]

٣. چۆن بەسەر ئەو هەستە بەردەوام و مەترسیدارەدا زاڵ دەبین کە کتێبی پیرۆز زۆر درێژە، وە کۆنە، پەیوەندی بە ئێستای ئێمەوە نییە؟ «ئەوەی من حەز دەکەم بیکەم ئەوەیە کە یارمەتی ئەم کەسە بدەم بەسەر ئەو قورساییەدا زاڵ بێت کە هەست دەکات کتێبی پیرۆز لە سەرووی توانای ئەوە یان لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتووە یان هەر بە تەواوی پەیوەندی پێیەوە نییە. وەڵامی ڕاستەقینەی ئەو پرسیارەی کە «بۆچی بەردەوام بین؟» ئەوەیە. ئەمە شایانی ئەوەیە. کتێبی پیرۆز زۆر شتی هەیە بۆ پێشکەشکردن، ئەوەی کە تەنها لە کتێبی پیرۆزدا دەدۆزرێتەوە. ئەگەر لێی دوور بکەویتەوە، لە هیچ شوێنێکی دیکە نادۆزرێتەوە. هیچ شتێک لەگەڵی بەراورد ناکرێت. «لە زێڕ باشترە، لە زیو باشترە، لە هەنگوین باشترە» (زەبووری ١٩: ١٠؛ ١١٩: ٧٢). تەنها لە کتێبی پیرۆزدا ئەو ڕاستییە دەدۆزینەوە کە بۆ هەتاهەتایە ڕزگارمان دەکات (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٦). تەنها لە کتێبی پیرۆزدا ئەو ڕاستییە دەدۆزینەوە کە «لە گوناە و شەیتان ڕزگارمان دەکات،» ئاشتی لەگەڵ خودا دەبەخشێت، پیرۆزی

a ئەڵقەی ٩٠٤: «چۆن بزانم نامەکانی پۆڵس پەیوەندییان بە ژیانی منەوە هەیە؟» (٢٥ی تەممووزی ٢٠١٦).

بەهێز دەکات، پاڵنەری خۆشەویستییە، وە لە سەختترین تاقیکردنەوەکانی ژیاندا ڕۆحمان دەپارێزێت. «بەڕاستی گەورەترین کتێبە لە جیهاندا، چونکە تاکە کتێبە بە سروشی خودای تواناداوە، بەدیهێنەری گەردوون، تاکە کتێبە کە دەتوانێت بۆ ژیانی هەتاهەتایی دانایین پێ ببەخشێت» (دووەم تیمۆساوس ٣: ١٥-١٦).

بەو بیروباوەڕەوە، لێرەدا شەش هەنگاوی سادە دەخەینەڕوو بۆ ئەوانەی هەست بێزاری دەکەن لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. (١) وەرگێڕانێکی نوێی وەک کوردی سۆرانی ستاندەرد[a] بدۆزەرەوە. (٢) وەشانێکی باشی ڕاڤەکاری کتێبی پیرۆز پەیدا بکە، کە تێبینی یارمەتیدەری تێدا بێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەختانەی تووشی دەبیت. (٣) بە دەست و قەڵەم ئەو بڕگانە بنووسە کە قورستن و لێی تێناگەیت و کاریان لەسەر بکە. (٤) تەماشای زنجیرە ئەڵقەکانی «تەماشای کتێب بکە» بکە، وانەی ڤیدیۆیی «بۆ ئەوەی لەنێو دەقەکان یارمەتیت بدەم بەو هیوایەی نەریتێکی خوێندنەوەت تێدا بچێنم کەوا لەلات کتێبی پیرۆز کاریگەر و ڕوون بێت.» (٥) ڕێگەی خۆت بدۆزەرەوە بۆ کڵێسایەکی ڕوونکردنەوەیی کە لە ڕێگەی دەقی کتێبی پیرۆزەوە بە هێواشی مزگێنی دەدات. (٦) «نوێژ بکە بۆ ئەوەی خودا ڕووناکیت پێ ببەخشێت، خودا زۆر حەزی لە ناساندنی کوڕەکەی خۆیەتی. ئەو کوڕەکەی نارد بۆ ئەوەی بە بەهای ژیانی خۆی بناسرێت و خۆشەویست بێت. ئەو نایەوێت ئەو ڕووناکییەت لێ دووربکەوێتەوە کە لەگەڵ کوڕەکەی بەخشیویەتی و بە وشەی خۆی بەخشی.[b]

بەرەنگاربوونەوەی گومان و ڕەشبینی لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

ژنێک نووسیویەتی بۆ ئەوەی دان بەوەدا بنێت کە لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، زۆرجار بەهۆی هەستکردن بە گومان و ڕەشبینییە سەبارەت بە کتێبی پیرۆز«سەرنجی لادەچێت،» شەڕێکی ڕۆحییە زیاتر لەوەی شەڕێکی هزری.

هەرگیز لەخۆڕا نییە کە ئێمە باوەڕمان بە ڕاستی کتێبی پیرۆز هەبێت. هەموو خوێندنەوەکانی کتێبی پیرۆز شەڕێکی ڕۆحییە. «شەیتان زۆر ڕقی لە کتێبی پیرۆزە. ڕقی لە ڕاستییە. هەر لەسەرەتاوە فریودەرە، دەتوانێت شتەکان وا دەربخات تەنها بیرۆکەی هزرین، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا، هەندێک شتی ڕۆحی زۆر قورس ڕوودەدات.» بەڵام دەتوانین بە نوێژکردن وەڵامی بدەینەوە، داوای ئەوە بکەین کە خودا «بەرەنگاری گومان و ڕەشبینییەکانمان ببێتەوە» لە کاتێکدا ململانێ دەکەیت. لە ململانێمان لەگەڵ ڕەشبینیمان، نوێژ بۆ خودا دەکەین کە «یارمەتی بێباوەڕیم بدات» (مەرقۆس ٩: ٢٤). «یارمەتی

a لە دەقی ئینگلیزدا ئاماژە کراوە بە وەرگێڕانی ESV.

b ئەڵقەی ٤٣٨: «ئامۆژگاری ئەگەر خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بە سەخت دەزانی" (٢٦ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

بێباوەڕیت بدات، واتا چی بکات؟ مردن. ئەمەیە.» دەبێت بێباوەڕی هەرێت بۆ ئەوەی جوانی خودایی ببینین، ئەو جوانییەی کە خۆی سەلماندووە. «لە هەموو خوێندنەوە و نوێژکردنەکانتدا لە کتێبی پیرۆزدا بگەڕێ نەک تەنها بۆ ئەوەی ڕاستی بزانیت، بەڵکو بۆ بینینی شکۆمەندی مەسیح. ڕووناکییەکی ڕۆحی هەیە کە لە مەسیحەوە دەدرەوشێتەوە کە ئەگەر بیبینیت خۆی دەسەلمێنێت.»

لە ململانێی باوەڕدار لەگەڵ گومان و ڕەشبینی بەرامبەر بە کتێبی پیرۆز، دەبێت ئەوەمان لەبیربێت کە مەسیح میهرەبان و پشوودرێژە لەگەڵمان. بیر لەم بابەتە بکەرەوە و نوێژ بکە کاتێک تەماشای نووسەران، مامۆستایان، ڕابەرانی کڵێسا ناوخۆییەکان و مەسیحییەکانی دەوروبەرت دەکەیت، ئەوانەی ژیانێکی ڕۆحی بەهێزیان هەیە.

بەڵام هەرگیز لە ململانێی باوەڕدا، لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ڕامەوەستە، چونکە ململانێی باوەڕ لە خوێندنەوەدا دەکرێت. «ئەمە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی شەیتان لە گومانە و ڕەشبینیەکەت. دەیەوێت وات لێبکات واز لە خوێندنەوە بهێنیت، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا کتێبی پیرۆز دەڵێت باوەڕ بە بیستنە و بیستنیش بە وشەی مەسیح دێت» (ڕۆما ١٠: ١٧). سەرەڕای سەختی بەردەوام بە لە خوێندنەوە. «با لە بیابانی وشک هەڵدەکات، ئەوانەی لە چەمەکانەوە ڕەگیان ڕۆنەچۆتە ناخی زەوی، بەهۆی ڕەشبینی و گومانەوە وشک دەبن. بەڵام ئەوانەی شەو و ڕۆژ ڕەگیان لە وشەی خودادا ڕۆچووە، وەک دارێک وان کە ڕەگیان بەرەو ئاو ڕۆچۆتە ناو زەوی، ئەوا بەهۆی وشکەساڵی گومانەوە لەناونەچن.[a]

بۆچی کتێبی پیرۆز زۆر تۆندوتیژە؟

کتێبی پیرۆز هەندێک دەقی تۆندوتیژی سەرسوڕهێنەری تێدایە، وەک ڕابەران ١٩: ٢٢-٣٠. کەم کەس لە باوەڕداران بە مەسیح هەن کە پەسەندی بکەن لەسەر شاشە تەماشای فیلمێک بکەن ئەو جۆرە تۆندوتیژییانەی تێدا بکرێت. کەواتە بۆچی لە کتێبی پیرۆزدا هەیە؟

ئێمە دەزانین کە «هەموو نووسراوە پیرۆزەکان لە سروشی خودان و سوودبەخشن» (دووەم تیمۆساوس ٣: ١٦). «هەموویان قازانجیان هەیە و لە سروشی خوداوە هاتوون؛ لەوانەش تۆندوتیژترین بەشەکانیش.» لەگەڵ ئەوەشدا، تۆندوتیژی لە لاپەڕەیەکدا جیاوازە لە تۆندوتیژی لەسەر شاشەیەک. تۆندوتیژی بێ پاساو لەسەر شاشە «قازانجی نییە و پێویستە لێی دوور بکەویتەوە.» بەڵام لە لاپەڕەکەدا، «پێشکەشکردنی ئەم شتانە لەلایەن خوداوە بە نووسین لە کتێبی پیرۆز کە بە سروش هاتووە هیچ هەڵە نییە. وشەی خودایی بۆ جیهان دەخاتە ڕوو، پڕ لە ناوەڕۆک، وە لێکدانەوە -نەک ڤیدیۆی ترسناکی

a ئەڵقەی ٦٥١: «بەرەنگاربوونەوەی گومان و ڕەشبینی لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز» (٣٠ی تەممووزی ٢٠١٥).

خوێن و بریـن، جێگـرەوەی مەبەستی خـودا لـە خوێندنـەوەی وشـەی نـووسراو، بـۆ هەبوونـی وێنـەی وشـەیی لـە مێشـکدا، بـە پێناسـە زارەکییـەکان هەمـان وێناکردنـە دونیاییـەکان بـۆ کات بەسـەربردن یـان پـەروەردە، کـە هیـچ واتایەکـی تـەواوی خوداییـان نییـە.»

تونـدوتیژییـە تۆقێنەرەکانـی کتێبـی پیـرۆز لـە خەیاڵـی زیندەخـەون بەئاگامـان دەهێنێتـەوە. «ئێمـە لـە کەلتوورێکـی واز، زوو هەڵچـوو، سـۆزی ناسـکدا دەژیـن، کـە ناگونجێـت بـۆ ئـەوەی تێبگەیـن زۆربـەی مێـژوو چـۆن بـووە، وە زۆربـەی جیهـان هەتـا ئێسـتاش چۆنـە، پێمواییـە خـودا کتێبـی پیـرۆزی بـەو شـێوەیە پێداویـن کـە هەبـووە، لەگـەڵ هەمـوو ترسـناکییەکان، بەشـێکیش لەبـەر ئـەوەی دەیزانـی ڕۆژێـک دێـت کـە ئێمـە ئەوەنـدە نازدارین، هێنـدە داخـراو دەبین، هێنـدە لـە ڕادەبـەدەر پارێـزراو دەبیـن، هێنـدە نـازدار دەبیـن کـە توانامـان نابێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕاسـتییە تـەواو چارەنووسسـازەکانی کتێبـی پیـرۆز و جیهـان.» کەواتـە تونـدوتیـژی کتێبـی پیـرۆزی واتـای چییـە؟

١. تونـدوتیـژی ناشـیرینی یاخیبوونـی بـێ سـنوور ئاشـکرا دەکات. بـە تایبەتـی لـە سـیپارەی ڕابەرانـدا، شکسـتی دەسـەڵاتی شارسـتانی دەبینیـن (ڕابـەران ١٧: ٦؛ ١٨: ١؛ ١٩: ١؛ ٢١: ٢٥). «تونـدوتیـژی ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە چـی بەسـەر کۆمەڵگایەکـدا دێـت کاتێـک ڕووبـاری خراپـەکاری لـە دڵـی مرۆڤـەوە دەڕژێـت بەبـێ بەنداوێکـی دەسـەڵاتی شارسـتانی بـۆ ئـەوەی نەڕژێتـە دەرەوە بـۆ سـەر هەمـوو زەوی و بـە کاریگەریـی تونـدوتیژانـە گەنـدەڵ نەبێـت. ئەمـە هۆکارەکەیـە: پاشـایەک نەبـوو. «هەرکەسـێک ئـەوەی لەبەرچـاوی بـاش بووایـە دەیکـرد» (دادوەران ١٧: ٦؛ ٢١: ٢٥). بـەم شـێوەیە «سـیپارەی ڕابـەران بـۆ ئـەوە نـووسراوە ڕوونـی بکاتـەوە چـی ڕوودەدات کاتێـک مرۆڤـەکان، لـە هەمـوو گوناهـە یاخیبوونەکانیـان لـە خـودا، هیـچ سـنووردێکیان نییـە.» دڵـی مـرۆڤ هێنـدە خراپـە بـە ڕادەیـەک کـە دەسـەڵاتی شارسـتانی پێویسـتە.

٢. تونـدوتیـژی خراپـەکاری گونـاە ئاشـکرا دەکات. جیهـان بەهـۆی یاخیبوونـی مـرۆڤ و کەوتنەنـاو گوناهـەوە تونـدوتیـژە (پەیدابـوون ٣: ١-٢٤). لـەدوای کەوتنـە نـاو گونـاە، «کاتێـک ناپاکـی لـە خـودا، ڕەتکردنـەوەی، بێڕێزیکـردن، سـووکایەتی بـە خـودا هاتـە ناو جیهانـەوە -خـودا وەڵامـی دایـەوە، نـەک تەنهـا بـە حوکمدانـی هەسـت و بیرکردنـەوە و خواسـت و پەیوەندییەکانـی مـرۆڤ، بەڵکـو بـە ملکەچکردنـی جەسـتەی مـرۆڤ و تـەواوی بەدیهێنراوانـی بـۆ حوکمـەی خـۆی» (پەیدابـوون ٣: ١٤-١٩؛ ڕۆمـا ٨: ٢٠).

ئیـتر بۆچـی خـودا نەفرەتـی لـە هەمـوو بەدیهێـنراوان کـرد؟ «بۆچـی حوکمـی دا کـە کاریگـەری خراپـەکاری ڕەوشـتی لـە ترسـناکییەکانی خراپـەکاری جەسـتەییدا دەربکەوێـت -بوومەلـەرزە، لافـاو، قاتوقـڕی، پەتـا، شـەڕ و هەمـوو جـۆرە خـراپ مامەڵەیەکـی ترسـناک لەگـەڵ مرۆڤـدا؟ ئـەی خوداییـە، لەبـەر ئـەوەی دەیزانـی ئـەو مرۆڤانـەی لەنێـو سـەرپێچی و گوناهەکانیانـدا

مـردوون، هەرگیـز لـە تووڕەیـی ڕەوشـتی ناپاکـی بەرامبـەر بـە خـودا تێناگـەن، مەگـەر نەبینـن لـە تووڕەیـی توندوتیـژی جەسـتەیی لـە دژی مرۆڤـەکان ڕەنگدانـەوەی هەبێـت.» هیـچ گوناهبارێـک «تووشـی تەنگەفەسـی نابێـت» لەسـەر ناپاکییـە گەردوونییەکـەی بەرامبـەر بـە خـودا. «بـەڵام بـا جەسـتەیان تووشـی شـێرپەنجە بێـت یـان ماڵەکەیـان تووشـی ئـاژاوە بێـت، ئـەو کاتـە هەسـتەکانیان بـە تووڕەیـی ڕەوشـتی دەوروژێـت، توندوتیـژی و ئـازار لـەم جیهانـەدا وەک شـایەتێکی خودایـن بـۆ واتـا و مەترسـی و گەورەیـی گونـاە بەرامبـەر بـە خـودا هـەن.»

۳. تووندوتیژییەکانـی کتێبـی پیـرۆز خوێناویـی باوەڕمـان نیشـان دەدات. ئینجیلـی ئێمـە پەیامـی «بەرخـەی سـەربڕدراوە» (ئاشـکراکردن ۱۳: ۸). ئێمـە لـە ڕێگـەی تووندوتیژییـەوە ڕزگارمـان دەبێـت. ئـەم دەقـە ئەوەمـان بیردەخاتـەوە کـە «پلانـی خـودا پێـش بنیادنانـی جیهـان» ئـەوە بـوو کـە تـەوەری ڕزگاریـمان «یەکێکـە لـە گەورەتریـن و تووندوتیژتریـن و خوێناویتریـن ڕووداوەکانـی مێـژووی جیهـان -واتـا لـە خاچدانـی کـوڕی خـودا.» بـۆ ئێمـە «هیـچ ڕزگاربوونێـک بەبـێ ئـەم تووندوتیژییـە نییـە.» وە بـە شـێوەیەکی وێرانکـەری شـکۆمەندانە، بـۆ هەتاهەتایـە ئاهەنـگ دەگێڕیـن بـۆ ئـەم تووندوتیژییـە (ئاشـکراکردن ۵: ۹-۱۰) چونکـە لـەم «مردنـە ترسـناکەی کـوڕە بێسـنوور بەهادارەکـەی،» ئێمـە دەگەینـە شایسـتەیی گەورەیـی خۆشەویسـتی خـودا بـۆ ئێمـە (ڕۆمـا ۵: ۸).[a]

ئیـتر، پێویسـتە قەشـەکان بـەرگ بـۆ بەرگـی کتێبـی پیـرۆز بخوێننـەوە بـۆ ئـەوەی گوناهبـاری تووندوتیـژی جیهـان و سـەروەری گشـتگیری خودایـان بەبیـر بێتـەوە. «چەنـد ئاسـانە سـەروەری خـودا بخەیتـە لایەکـەوە لـە کاتێکـدا ماتـەم دەگێڕیـن بـۆ نەهامەتـی و خراپەکاریەکانـی ئـەم جیهانـە. خـودا جڵەوگیـری جیهـان دەکات. ئەمـە یەکێکـە لـە گەورەتریـن سـوودەکانی خوێندنـەوەی تـەواوی بـەرگ بـۆ بەرگـی کتێبـی پیـرۆز لـە هەمـوو ساڵێکدا،» ئەمـە شـتێکە کـە پاییـەر بـۆ دەیـان سـاڵە ئەنجامـی دەدات. «تـۆ تەماشـای خراپـەی ترسـناکی جیهـان دەکەیـت، وە کتێبـی پیـرۆز لـە هەمـوو کەسـێک باشـتر وێنـای دەکات - خراپـەکاری لـە سـەدەیەکەوە بـۆ سـەدەیەکی دیکـە لـە جیهانـدا. تـۆ ئـەم ڕوانگـە زەق و نەگـۆڕ و بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆزت هەیـە کـە خـودا لەسـەر تەختـی خۆیەتـی و سـەروەرە بەسـەر جیهانـدا، وە خراپـە سـەرکەوتوو نابێـت، زاڵ نابێـت. ئیـتر دەبێـت ئـەم بیرۆکەیـە بچێندرێـت. دەبێـت قەشـە بـەردەوام و بـەردەوام باسـی بـکا، چونکـە گەلەکـەی لەگـەڵ خراپبوونـی کاروبارەکان لەبیـری دەکـەن.»[b]

لـە ڕاسـتیدا، «کوشـتنی کـوڕی خـودا خراپتریـن کـردەوە بـووە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا.» خودا پلانـی بـۆ دانـا (کـردار ٤: ۲۷-۲۸).[c] ئـەو بـە «سـەروەر بەسـەر هەمـوو گوناهێـک» دەمێنێتـەوە،

a ئەڵقەی ۱۵۳۰: «بۆچی کتێبی پیرۆز هێندە تووندوتیژە؟» (٢٤ی ئەیلوولی ۲۰۲۰).
b ئەڵقەی ۸۱۷: «هیوای ئینجیل بۆ ڕەشبینییەکانی کەلتوور» (١٧ی ئازاری ٢٠١٦).
c ئەڵقەی ۸۵: «چۆن کارەساتی گشتی بەڕێوە دەبەین؟» (٧ی ئایاری ۲۰۱۳).

وە لەو حوکمەیدا «هەرگیز گوناە ناکات.»[a] ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خودا دوو خواستی هەیە. گوناهی کوشتن دەکرێت لە هەمان کاتدا، (١) دژایەتی خواستی ڕەوشتیی خودا بکات (دەرچوون ٢٠: ١٣؛ دواوتار ٥: ١٧) وە (٢) خواستە سەروەرەکانی خودا بەدی بهێنێت (کردار ٤: ٢٧-٢٨). خودا دوو خواستی هەیە: (١) خواستی ڕاسپاردە - خواستێکی ڕەوشتی و ڕاگەیەنراو. وە (٢) خواستی حوکمدان -خواستی سەروەری و کۆتایی (ئەفەسۆس ١: ١١).[b]

با کتێبی پیرۆز یەزداناسییەکەت بڕوخێنێت

ڕامانی ڕاستگۆیانە لە کتێبی پیرۆز وامان لێدەکات خۆمان پاک بکەینەوە لە هەڵە کۆنەکانمان کە پێیانەوە پەیوەست بووین. یەزداناسی قەشە جۆن لە بیستەکانی تەمەنیدا بەهۆی ڕاستییە نوێیەکانی کتێبی پیرۆز لە کتێبی پیرۆزەوە ئازاری دەچێژت کە دژایەتی تێگەیشتنی ئەو بوو لە چاکەی خودا، بە تایبەتی لەسەر پرسەکانی وەک ئەوەی ئایا خودا پێشوەختە کەسانێکی بۆ تووڕەیی هەمیشەیی دیاری کردووە. «دەزانم چۆنە سەرەتا ئەم شتانە ببینم و درک بەوە نەکەم چۆن لەگەڵ دادپەروەری و چاکەی ئەودا دەگونجێت. من دەگریام، سەرەتای تەمەنی بیستەکانم وەرزێکی ئازاری گەورە بوو لە ڕووی دەروونی و سۆزداریەوە لەسەر پرسە یەزداناسییەکانی وەک ئەمانە. تامی ئەوەم کردووە دەزانم چییە کە دەستەکانم لەسەر میزەکە دابنێم و دەموچاوم بخەمە سەر دەستەکانم، هاوار بکەم بۆ خودا و بڵێم،«من لەمە تێناگەم!»[c]

ئەم شایەتیدانە بووە هۆی ئەوەی یەکێک لە گوێگران ئیمەیڵێک بنێرێت کە بە هەمان شێوە یەزداناسییەکەی هەڵدەوەشێنرایەوە.

تێگەیشتنی دروست لە یەزداناسی شتێکە وەک مەتەڵێکی گۆڕاوە، کە تێیدا یەک پارچەی سەرەکی کە پێدەچێت تەواوی یەزداناسی لە میشکماندا پێکەوە ببەستێتەوە، دەکرێت لابردرێت و هەموو شتێکی دیکە بجوڵێت. ڕەنگە تۆ لە منداڵیدا شتێک فێر بووبیت و باوەڕت پێی هێنابێت. «ئێستا کتێبی پیرۆز دەخوێنیتەوە و دەڵێیت «ئەوە پارچەیە لە کتێبی پیرۆزدا نییە.» وە دێتە دەرەوە، پاشان چی ڕوودەدات؟» پارچەکانی دیکە دەگۆڕدرێن، «چونکە ڕەنگە پێویست بکات پازدە پارچە بجوڵێنیتەوە بۆ ئەوەی پارچە نوێیەکەی کتێبی پیرۆز بخەیتەوە ناویەوە. وە لێرەدا ئەوەیە کە پێموایە وامان لێدەکات بترسین هەتا ئەو ڕادەیەی کە بگرێین: هەست دەکەین بەوەی ڕەنگە هەموو ئەو پازدە پارچەیە هەڵە بن. ئەوانە جووڵێنراون. لەو پێگەیەی کە هەیانبوو لادراون.

---

a ئەڵقەی ٧٤٩: «یەکەم ئارەزووی شەیتان بۆ خراپە لە کوێوە هات؟» (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ١١٢٢: «ئایا خودا ڕووداوەکان دیاری دەکات کە نایەوێت ڕوو بدەن؟» (٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧).

c ئەڵقەی ٤٥٠: «ئایا خودا مرۆڤەکان پێشوەختە بۆ دۆزەخ دیاری دەکات؟» (١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤).

بەڵام لە گۆڕانکارییەکەدا، ڕۆحی پیرۆز یەکگرتوویەکی نوێ دەهێنێت کە لەسەر ڕاستی کتێبی پیرۆز بنیاد نراوە و ئازادی و ئاشتی دەهێنێت.

بۆ ئەم ئامانجەی یەکگرتوویی یەزدانناسی، کتێبی پیرۆز داوای ئەوەمان لێدەکات کە زانیاری یەزدانناسی زیاد بکەین (فیلیپی ١: ٩؛ کۆلۆسی ١: ١٠؛ دووەم پەترۆس ٣: ١٨). بەڵام هەروەها داوای ئەوە دەکات کە زانیارییە یەزدانناسییەکامان پاڵاوتە بکرێت و هەر تێڕوانینێکی درۆینەمان سەبارەت بە خودا لەناو بچێت (καθαιροῦντες؛ دووەم کۆرنسۆس ١٠: ٥). وە هەر بۆیە ژانی گەشەکردن بە ئازارە. «وا گریمانە دەکەم کە هەر بۆچوونێک لە مێشکمدا هەیە بۆچوونێکی تەواو نییە، وە ڕەنگە هەندێک بۆچوون هەبن لە مێشکمدا چێنراوە کە جارجارە دزەیان کردۆتە ناویەوە یان لە منداڵییەوە بەجێماوە پێویستە بڕوخێنرێن.» لەگەڵ پاکبوونەوەمان لەم هەڵانە، دەمانگەزێت، «بە تایبەتی ئەگەر کۆن بن یان لەلامان بەهادار بن و یانیش لە دایک و باوکمانەوە بێت.» لە کاتێکدا کە ڕوانگەیەکی کتێبی پیرۆزی باشتر و یەکگرتووتر بۆ خودا بنیاد دەنێیت، نوێژ بکە کە تێگەیشتنت پێبدات و بەرەو وێنەیەکی هەتاهەتایی جوان و وردی کتێبی پیرۆزت ببات دەربارەی خودا -جوانە لە وردبینی کتێبی پیرۆزیدا (زەبووری ١١٨: ٥-٦؛ دووەم تیمۆساوس ٢: ٧).[a]

ئایا خوێندنەوەی کتێبی تەنها ئەو کاتە سوودبەخشە کە شتێکی بۆ جێبەجێکردن لێ وەردەگرین؟

نەخێر. «ئەمە هۆکارە کە زۆر باوەڕم بەمە هەیە. دەمەوێت بڵێم کە ڕەنگە لە سەدا ٩٩ی ژیانمان بەبێ بیرکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بنەماکانی ژیان دەژین. بەڵکو، تەنها مامەڵە دەکەین. ئەگەر بیر لە ڕۆژەکەت بکەیتەوە، ڕەنگە سەدان بڕیاری گەورە هەبێت کە لە ڕۆژێکدا دەیدەیت. مەبەستیم لە بڕیاری گەورە بڕیاری هۆشیارانەیە.» ئێمە کاتمان نییە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو بڕیارێک. لەم چوارچێوەیەدا، عیسا بە ڕوونی ئەوەی خستەڕوو کە هەرچی ئێمە دەیکەین دەربڕینی ئەوەیە ئێمە کێین. «مرۆڤی چاک لە گەنجینە چاکەکەی دڵ، چاکە دەردەهێنێت، مرۆڤی خراپیش لە خراپەوە خراپە دەردەهێنێت، چونکە ئەوەی لە دڵ هەڵدەقوڵێت دەم پێی دەدوێت» (لۆقا ٦: ٤٥). لە هەڵڕژانی دڵەوە قسە دەکەین، ئیتر یان هەڵڕژانی خراپەیە یانیش هەڵڕژانی چاکە (مەتا ١٢: ٣٣-٣٧؛ ١٥: ١٨-٢٠).

«باشە ئەمە ترسناکە، ئەی وا نییە؟» بەڵێ، شێوازێکی ترسناک بۆ ناخی دڵ، کە دوو کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانمان هەیە. ئەمە بەو واتایەیە کە «زۆربەی ژیانمان بە هەڕەمەکی دەژین. زۆربەی ژیانمان لەدوای دە چرکە لە ڕامان لە بنەمای کتێبی پیرۆز ناژین. ئەم بەرهەمە لە کوێ دێت؟ لەوەوە دێت کە کەسانی باش بین.» کەواتە، «چۆن

a ئەڵقەی ٦٠٩: «کاتێک کتێبی پیرۆز یەزدانناسیەکەت دەڕوخێنێت» (٢ی حوزەیرانی ٢٠١٥).

دەبێتە کەسێکی چاک بۆ ئەوەی ببیتە داڕێکی باش و لەخۆوە بەرهەمی باش بدەیت، لەبری داڕێکی خراپ کە لەخۆوە بەرهەمی خراپ دەدات؟ بە کێبڕێی پیرۆز ئاو بدڕێیت، وە ڕێگە بدەیت بینینی عیسا و تامی عیسا و ڕێگاکانی لە کێبڕێی پیرۆزدا کاریگەری لەسەر ڕۆحت هەبێت و داتبڕێژێت. هەتا ڕۆحت لە تێکەڵەکانی نیعمەتدا نەرم و ناسک دەبێتەوە بەرامبەر بە ڕێبەرایەتییەکانی ڕۆحی پیرۆز، بە جۆرێک کە بە شێوەی خۆبەخۆ کاردانەوەت هەبێت.» لە بنەڕەتدا، ئامانجمان ئەوەیە ژیانێکی مەسیحییانە بژین، لە زۆربەی ژیاندا، لە دڵەوە، لە ڕێگەی نائاگاییەکی ئاگادار و پڕ لە ڕۆح.[a]

من بە هۆکاری یەزداناسی چێژوەرگرێکی مەسیحیم. بەدوای سۆز و خۆشەویستی خەڵکی دەکەوم -دڵیان، هەستەکانیان، حەزەکانیان. ڕەنگە چەند شتێک کە دەیڵێین یان دەیکەین «بە هۆی خواستی دژی خولیاکانمان بێت،» بەڵام «زۆر کەم.» لە سەدا نەوەد و نۆی ئەو شتانەی کە دەیکەین و دەیڵێین لە هەڵڕژانی ئەو شتانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ناو دڵماندایە (مەتا ١٢: ٣٤). بۆیە «گرنگترین شت لە ژیان بریتییە لە هەبوونی خولیای نوێ.» یان بە شێوەیەکی دیکە بڵێین، خودا ڕۆژانە پیرۆزمان دەکات بە خۆراکدانی خولیاکانمان بەو بەڵێنە گرانبەها و هەتاهەتاییانەی کە لە وشەکەیدا دەیدۆزینەوە. چاڵاکیەک کە بە تەواوی لە یەکەم نامەی پەترۆس ١: ١-٢٥ دەردەکەوێت.[b]

چۆن بە کێبڕێی پیرۆز خۆمان لە بەدوور بگرین لە بیرمەندی دژە هەست؟

کێبڕێی پیرۆز داوای بیرکردنەوەی سەخت و هەستی قووڵ دەکات. بەڵام هەریەکەمان مەیلی ئەوەمان هەیە کە یەکێک لەم لایەنانە پەیڕەو بکەین، یان بەرەو هەستێکی دژە بیرکردنەوە، یان بیرکرنەوەیەکی بێ هەست. کەواتە چۆن خۆمان بەدوور بگرین لە لێکۆڵینەوەیەکی سارد و ئەکادیمی لە کێبڕێی پیرۆز؟ پێنج ستراتیژی هەیە.

١. وەک شەڕی ژیان و مردن بخوێنەرەوە. زۆر کەس لە کڵێسادا هەن کە بە «هۆکاری کەسی» یان «هۆکاری یەزداناسی،» پێیان وایە هەستەکان گرنگ نین، بەڵکو تەنها «فارغۆنی کۆتایی شەمەندەفەرەکەیە.» بابەتەکە ئاوا نییە. خۆشەویستی بنەڕەتییە. خۆشویستنی خودا بە هەموو دڵتەوە شتێکی بنەڕەتییە (مەتا ٢٢: ٣٦-٣٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٦: ٢٢). خۆشویستنی مەسیح لە سەرووی هەموو ئەوانی دیکەوە شتێکی بنەڕەتییە (مەتا ١٠: ٣٧). خۆشویستنی بۆ خودا بابەتی ژیان و مردنە. «قوونڵترین خۆشەویستی، دڵسۆزانە، سۆزداری، ڕێزەیی» کە دەتوانین لەبەرچاوی بگرین بۆ دایکێک یان باوکێک یان کوڕێک یان کچێک ئەو

a ئەڵقەی ٢٦: «ئایا خوێندنەوەی کێبڕێی پیرۆز هەمیشە دەبێت بە جێبەجێکردن کۆتایی بێت؟» (١٣ی شوباتی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی SE٠٧: «ئەو خولیایانەی کە ڕێگری لە داوێنپیسی دەکەن» (٤ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

خۆشەویستییەیە کە دەبێت بۆ مەسیح هەمانبێت، بەڵام چڕتر. ئەگەر مەسیح خۆشەویستی بااڵی ئێمە نەبێت، «ئەوا ئێمە شایستەی عیسا نین.» کەواتە دەبێت «بە تەواوی دڵنیابین لەوەی» کە ناسینی خودا بەبێ خۆشویستنی خودا» بۆ هەتاهەتایە کوشندەیە. کوشندیە! ئیتر، من دەتۆقم لەو بیرکردنەوەیەی کە دەتوانم بە کاری ئەکادیمی یان کاری خۆم یان نووسین یان بانگخوازی یان کاری خوێندن لە جۆرێک چوارچێوەی ساردا بکەم بەبێ هیچ خۆشەویستییەکی کاریگەر بۆ خودا، یان سۆزم بۆ خودای نەبێت.» هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر بیرمەندی دژە هەست، شەڕی ژیان و مەرگە.»

٢. بخوێنەوە لەپێناو زیاتر لە ڕاستی. ئێمە بەدوای بەهادا دەگەڕێین بۆ ئەوەی بپەرستین و خۆشمان بوێت. شەیتان «ڕەنگە لە ئێمە زیاتر شتە ڕاستەکان دەربارەی خودا بزانێت،» بەڵام هەرگیز خودا ناپەرستێت وەک «بەهاداری باڵا و دەسەڵاتداری باڵا.» ئەگەر شەیتان ڕەتیکردەوە ئەو شتانەی لەبارەی خوداوە دەیزانێت بە بەهاداری بزانێت، ئەوا «ئامانجمان لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز نابێت وەک شەیتان بێت.» بەڵکو دەخوێنینەوە «بە ئامانجی هەستکردن بەو بەهاداریەی خودا هەیەتی، وە بەهای ئەو گەنجینەیە بزانین کە خودایە.» ئامانج لێی بینینی ملیۆنان هۆکارە کە بۆچی خودا گەنجینەیە، نەک تەنها ملیۆنان بەڵگەی بوونی خودا یان هەندێک لە ئاکارە دیاریکراوەکانی. دەبێت هەموو لێکۆڵینەوە یەزداناسییەکامان لەپێناو قبوڵکردنی وشەکە و چێژلێوەرگرتنی بێت.» ئێمە تەنها وشەکە ناخوێنەوە؛ بەڵکو دەخوێنەوە بۆ ئەوەی خۆمان چاکەی خودایی تام بکەین، چونکە «تامکردن بەریەککەوتنی خۆراکییە لەگەڵ خودای زیندوو کە گەشەمان پێدەدات بەرەو ڕزگاری» (یەکەم پەترۆس ٢: ٢-٣).

٣. بە نزاکردنەوە بیخوێنەرەوە. پێش خوێندنەوە نوێژ بکە. «دەتوانیت وا لە خۆت بکەیت بخوێنیتەوە، دەتوانیت لستێک لە ئاکارەکانی خودا دروست بکەیت. دەتوانیت چەند لستێک دروست بکەیت کە خودا بە چ ڕێگایەک ڕەفتار دەکات. بەڵام ناتوانیت خۆت وا لێبکەیت هەست بکەیت چەندە نایابە.» بۆیە دەبێت نوێژ بکەین کە خودا تێرمان بکات (زەبووری ٩٠: ١٤). بۆچی؟ چونکە «دڵی مرۆڤ بە سروشتی خۆی کاتێک جوانییەکانی خودا دەبیستێت و دەیبینێت هەستی پێناکات.» نوێژ «زۆر بنەڕەتییە، نەک تەنها بۆ ئەوەی چاوەکانم کراوە بن، بەڵکو هەستەکانم بەئاگا بن.» بۆ ئەو مەبەستەش نوێژ دەکەین. «داوا لە خودا دەکەین تێرمان بکات لە خۆشی خۆی.»

٤. شتی دیکە بخوێنەرەوە. نووسینی ئەو نووسەرانە بخوێنەرەوە کە بە جوانی ئەو

ڕاستییە ڕۆحییانە دەردەبڕن کە بە قوواڵی دەیبینن و هەستی پێدەکەن، وەک جۆن ئۆین، جۆناسان ئێدواردز، جۆن نیوتن و سی ئێس لویس.

٥. خۆشییەکەت هاوبەش بکە. «دەمت بکەرەوە و شایەتی بدە بۆ خێزانەکەت و هاوڕێکانت و هاوکارەکانت دەربارەی جوانی خودا و خۆشحاڵیت پێی. دەربڕینی خۆشیمان خۆی گەشە بە خۆشیمان دەدات. خودا پەیامەکەی خۆشدەوێت، خودا حەزی لە شایەتیدانە، خودا حەزی لە باسکردنە، خودا حەزی لە خۆشویستنی خەڵکییە، خودا حەزی لە حەشاردان نییە. ئێمە خودا شکۆمەند دەکەین و خۆشی خۆمان زیاتر دەکەین کاتێک ئەو خۆشییەی کە لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا پێمانی دەبەخشێت، هاوبەشی دەکەین.[a]

ئایا جۆن پایپەر زیاد لە پێویست بیر لە ژیانی مەسیحی دەکاتەوە؟

نەخێر، وە سروشتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز یەکێک لە هۆکارەکان ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی نا. زۆرێک لە پەیڕەوکردنەکانی ژیان لە خوێندنەوەی وردی کتێبی پیرۆزەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ڕێگای شوێنکەوتنی مشتومڕە درێژەکان و پەیوەندییە لۆژیکییەکان. ئەگەر خودا بیرکردنەوەی ڕۆژی ئێمەی نەویستبا، ئەوا کتێبێکی ئاوا درێژی پێ نەدەدایین. لەسەر بنەمای سروشتی کتێبی پیرۆز، بیرکردنەوەی ڕۆژ شتێکی بنەڕەتییە. «ئەوە ساتێکی گەورە بوو لە ژیانمدا کاتێک بەئاگاهاتم لەوەی کتێبی پیرۆز تەنها ڕیزێک نییە لە مرواری کە یەک بەدوای یەک پێی سەرسام بم، یان پاکەتێکی ڕزگارکەری ژیان نییە کە یەک بە یەک لەسەر زمانی ڕۆحم بتوێتەوە. بەڵکو، کتێبی پیرۆز، لە زۆربەی نووسینەکانیدا، زنجیرەیەک مشتومڕ دروستدەکات کە بە وشەکانی وەک چونکە و بۆیە و هەرچەندە و بۆ ئەوەی بە ڕێکوپێکی کە پێکەوە گرێدراون.» خودا بەم ڕێکخستنە چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکات کە بە ڕۆدی کار بکەین بۆ ئەوەی شوێن «زنجیری مشتومڕەکان»ی ناو دەقەکە بکەوین.

بۆ نموونە، پۆڵس لە یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٨-٢٠ پێنج مشتومڕی لە دژی گوناهی سێکسی کردۆتە زنجیرێک. (١) ئەو گوناهە پێشێلکارییە بۆ جەستەی خۆت؛ (٢) جەستەت پەرستگای ڕۆحی پیرۆزە؛ (٣) تۆ بە تێچوونێک ڕزگارکرایت؛ وە (٤) تۆ هی خۆت نیت. بۆیە (٥) بە جەستەت خودا شکۆمەند بکە. ڕەوشتی سێکسیمان داوامان لێدەکات کە بە شوێن ئەم پەیوەندییە پلەبەندییەدا بچین لە دەقەکەدا.[b]

پۆڵس لە ڕۆما ١: ١٥-١٧دا مشتومڕێکی دیکە دەکاتە زنجیر. چوار دەربڕین دەدات کە بنیادی ناوە لە ڕێگەی سێ دەربڕینی «چونکە،» یان «لەبەر ئەوەی» («چونکە منم...

a ئەڵقەی ٩٣٩: «پێنج پلان بۆ دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی بیرمەندی» (١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ٩٠٠: «ئایا دەتوانین زۆر بیر لە ژیانی مەسیحی بکەینەوە؟» (١٩ی تەممووزی ٢٠١٦).

چونکە ئەوە... چونکە تێیدا...»). «من دوو دەیە کتێبی پیرۆزم دەخوێندەوە پێش ئەوەی بزانم پۆڵس بەو شێوەیە نووسیویەتی. ناتوانیت لە مەبەستی پۆڵس تێبگەیت، وە چۆن هەوڵی پەیوەستککردن دەدات، ئەگەر لە پەیوەندییە لۆژیکییەکانی نێوان ئەو چوار دەربڕینە تێنەگەیت.» وە ئەو «ئەو پەیوەندییانە، بە تەواو ڕوونی، بە بەکارهێنانی وشەی چونکە [γὰρ] سێ جار» کەوا لەسەر «بناغەی دەرەنجامەکان» بنیاد دەنێت.[a]

ئایا من ڕامانم لە کتێبی پیرۆز زیاتر خۆشدەوێت لەوەی خودام خۆشبوێت؟

ژنێکی گەنج کە تیشک دەخاتە سەر و تێبینی دەنووسێت و هێڵکاری فرەڕەنگ لەسەر کتێبی پیرۆزەکەی دەکێشێت، لەلایەن چەند ژنێکی دیکەی مەسیحی بەتەمەنەوە ئاگادارکراوەتەوە و پێی دەڵێن، خوێندنی کتێبی پیرۆز لەلایەن ئەو ژنەوە زۆر ئەکادیمییە. گەرمی خواپەرستی تێدا نییە. پێیان گوتووە، ئەمە بیرکردنەوەی زۆر و کەمتر دڵی لەگەڵە.

پرسیاری سەرەکی کە هەموو خوێندکارە ڕۆژهەکانی کتێبی پیرۆز دەیکەن ئەوەیە کە ئایا ئێمە «کەمێک بە هەڵە هەستەکانمان ئاراستە کردووە بەرەو ئەو شتانەی کە دۆزراونەتەوە زیاتر لەوەی ئاراستەی ئەوەی بکەین کە دۆزیویەتییەوە.» یان، ئایا ئێمە «وروژاندنەکەمان زیاتر لەگەڵ تێگەیشتنە فیکرییەکان هەیە نەک لەگەڵ خودی خودا؟» زۆرجار ئەم مەترسییە لە سەرەتادا بۆ ئێمە دیار نییە.

یان پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین: ئایا دەتوانین لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی وردی کتێبی پیرۆزەوە ڕێز لە خودا بگرین؟ بێگومان بەڵێ. بۆ نموونە، بڕواننە ئەوەی چۆن پۆڵس جۆرناسی بەکاردەهێنێت، وەرگرتنی لە پەیمانی کۆن بۆ داڕشتنی ئارەزوو و هەستەکانی مەسیحی (هەروەک ڕوونە لە یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١-٥). پۆڵس دەڵێت، ڕووداوەکانی پەیمانی کۆن وەک «نموونەن» (τυποϛ) بۆ ئێمە تۆمارکراون بۆ ئەوەی «ئێمەش وەک ئەوان ئارەزووی خراپە نەکەین» (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٦). بە دەربڕینێکی دیکە، «جۆرناسی سەبارەت بە هەستەکانە.» بۆ چاندنی خۆشەویستی تەندروست لەناو خۆماندا، ئێمە لە پەیوەندییەکانی پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ دەکۆڵینەوە.

لێکۆڵینەوەی تۆندی کتێبی پیرۆز ڕێز لە مەسیح دەگرێت کاتێک بە شێوەیەکی ڕەسەن ئەنجام دەدرێت. «دەمەوێت ڕێز لە خودا بگرم، بە خوێندنەوەی ڕۆژد و ڕوون و وردی کتێبی پیرۆز، کە خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە کە خودا لەوێدا داینەون. بەڵام لێرەدا شتێک هەیە کە پێویستە لەبیرمان بێت: هەندێک کەس لەلایەن خوداوە لە پێکهاتەی بۆماوەییاندا داڕێژراون بە شێوەیەک کە ئەگەر خۆیان خەریکی لێکۆڵینەوەی ورد بکەن،

a ئەڵقەی ١٦٩٦: «چۆن لە گێڕانەوەکانی کتێبی پیرۆزدا واتا دەدۆزیتەوە؟» (٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

ئەوا مێشکیان دڵیان دادەخات، هەر کە هەموو هەوڵێکیان دا بۆ بیرکردنەوەیەکی سەخت، ئەوا هەست بە ساردی دەکەن. بۆ کەسێکی لەو جۆرە، لێکۆڵینەوەی وردی کتێبی پیرۆز لەلایەن کەسانی دیکەوە زەنگێکی درۆیین دەوروژێنێت.

ئیتر بۆ ئەوانەی کە حەزیان لە خوێندنەوەی قوواڵی کتێبی پیرۆزە، چی دەکرێت؟ ئەو کەسەی کە زۆر بە قوواڵی کتێبی پیرۆز دەخوێنێتەوە، پێویستە خۆشویستنیشی زۆر بە قوواڵی بێت. «بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەر کەسانی دیکە پێیان وابێت کە خوێندنەکەمان زیانمان پێدەگەیەنێت، دەبێت بۆیان بسەلمێنین کە پێچەوانەکەیەتی. لەنێو ئەو ژنە مەسیحییە بەتەمەنانەی کە لە شێوازێکی زۆر ئەکادیمی کتێبی پیرۆز دەترسن، پێویستە ئەم ژنە گەنجە «زۆر خۆشەویستی دەربڕێت، خۆشییان بۆ دەربڕە، زۆر پەشیمانیان بۆ دەربڕە، وە زۆر خزمەتیان بکە. ئیتر چۆن دەتوانن بڵێن کە خوێندن ئازاری دەدات ئەگەر هەموو بەڵگەکان بە ئاراستەیەکی دیکە بن؟»[a]

دواتر لە ساڵێکدا پرسیارێکی تایبەتتر هاتە ئاراوە. لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا، چۆن بەرەنگاری فریودانی شکۆمەندی لە تازەگەری دۆزینەوەی کەسی ببمەوە؟ چۆن پاڵنەری خوێندنەوە نەهێڵم تەنها لەپێناو ئەوەی کەسانی دیکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی سەرسام بکەم؟

مەترسییەکی دوو لایەنەیە -لایەنێکی ئەقڵییە و لایەنێکیشی خۆبەزلزانینە.

١. تەڵەی ئەقڵی. لە کاتێکدا کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە، «شتێکی نوێ و تازە و سەرسوڕهێنەر دەبینین» و تامی «ڕووناکییەک دەکەین لە چێژوەرگرتنی ڕاستەقینە لەوەی دەربارەی خودا کە نیشانمان دەدات. پاشان پاڵنەرێکی هەتا ڕادەیەک دەستبەجێ هەیە بۆ دەستپێکردنی دارشتنی بۆ گفتوگۆیەک یان ئیمەیڵێک یان ڕامانێکی پەرستش یان وتارێک یان پۆستێکی بلۆگ یان شیعرێک یان تویتێک. ئەمە بەڕاستی مەترسیدارە. وەک ئەوەی ئێمە ئەو ڕەسەنایەتی چێژوەرگرتنەمان لە هاوبەشی لەگەڵ خودا لەدەست داوە لەو ڕاستییەی کە بینیومانە.» لێرەدا مەترسییەکە ئەوەیە کە «پاڵنەری پلاندانان بۆ فێرکردن یان دووبارە دارشتنەوە بە جۆرێک لەوەی کە بینیومە ڕەنگە ئەوەمان بۆ دەربخات کە لەو ساتەدا چێژوەرگرتنم بەڕاستی لە خودی پەروەردگاردا نییە، بەڵکو لە پرۆسەی هەزری ئەنجامدانی دۆزینەوەکە و لە پاڵنەرەکەدایە.» لەم حاڵەتەدا، نوێژ بکە و بڵێ: «ئەی پەروەردگار، ڕزگارم بکە لە کۆیلایەتی ئەو جۆرە بیرەی کە زیاتر چێژ لە کردارەکانی دۆزینەوەی هەزری لە کتێبی پیرۆز دەبینێت لەچاو شکۆمەندی ئەو دۆزینەوەیە!»

a ئەڵقەی ٦٣٤: «ئایا خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزم زۆر ئەکادیمییە؟» (٧ی تەممووزی ٢٠١٥).

٢. تەڵەی خۆبەزلزانین. مەترسی دووەم ئەوەیە کە «ئەو پاڵنەرەی کە تێڕوانینەکانمی بۆ دەگۆڕێت، بڵێین، پلانی فێرکردن یان بلۆگێک یان شتێک ڕەنگە ئاماژە بەوە بکات کە من تامەزرۆی خۆناساندنم لەلایەن بینەرێکەوە بۆ ئەو شتانەی کە بینیومە. ئیتر، هێندە دڵخۆش نیم بۆ ئەوەی بینیومە بەقەد ڕەزامەندی کەسانی دیکە لە من. ئای، چەندە ترسناک و مەترسیدارە! ئەگەر بۆم دەربکەوێت ئەمە پاڵنەری خوێندنەوەی منە، ئەوا پاڕانەوەی من لە خودا ئەمەیە: ئەی خودایە، لەو جۆرە خۆبەزلزانینە ڕزگارم بکە!»

سەرەڕای مەترسییەکان، ئەم پاڵنەرانە بۆ بینین و دۆزینەوە و هاوبەشکردنی ڕاستییەکان، چوار سوودیشیان لەگەڵدایە. (١) دۆزینەوەی تەندروست دەبێت ببێتە پاڵنەرێک بۆ داڕشتنی دەربڕینی، بۆ ئەوەی «بینین بگۆڕێت بۆ گوتن.» (٢) دۆزینەوەی تەندروست دەبێت ببێتە هۆی هاوبەشیکردن. جوانی خودایی بەم شێوەیە کاردەکات. «لە کاتێکدا هزرمان بە دەوری دیمەنێکی شکۆمەنددا دەخولێتەوە، یان دۆزینەوەیەک سەبارەت بە خودا و وشەکەی، ئەوا لە هەموو گۆشەکانەوە بە خۆشی دەبینین، لە کاتێکدا بە دەوری ئەو شتەدا دەخولێینەوە کە بینیومانە، ئەوا خولانەوەی هزر بۆ بینینی جوانی ڕاستی مەیلی ئەوەی هەیە کە هزر بچێتە دەرەوە بۆ ئەو شوێنەی خەڵکی لێیە، بۆ ئەوەی بتوانن بکێشرێنە ناو ئەم خولگەی بینینە.» بینینی جوانی، ناچاربوونە بە هاوبەشی جوانی. وە هاوبەشکردنی جوانی ئەوەیە جوانی زیاتر دەبینیت. «پێمواینە ئەوە سەر بە سروشتی ڕاستی خودایە، وەک سروشتی خودا خۆی. ئەو خودایەکی تایبەتمەند و داخراو نییە. ئەو خودایەکی زۆر گشتییە، خودایەکی فراوانە. بۆیە لەلای من نامۆ نییە کە نەک هەر بینینەکەمان نزیکەی یەکسەر دەرچوونە لە ناوەندگەرایی، بەڵکو ئەو پاڵنەرەی دەچوون لە ناوەندگەرایی دەبێتە ڕێگایەک بۆ بینینی زیاتر. (٣) ڕاستی فێرکراو ڕاستییەکی چێژبەخشە چونکە «فێرکردن بە تەواوی هەنگاوێکی دووەم نییە لەدوای چێژوەرگرتن، بەڵکو درێژکراوەی خودی چێژەکەیە. ئەگەرنا، پێمواییە فێرکردن دەبێتە شتێکی ناڕەسەن.» شکستهێنان لە چێژوەرگرتن لە ڕاستییەکی کردەی فێرکردندا نزیکە لە نەبوونی ڕەسەنایەتی، هەمان مەترسی هەیە لەگەڵ ڕەسەنایەتی تەنها چێژوەرگرتن لە دۆزینەوە. «بۆیە دوو لایەنەیە. بۆ ئەوەی فێرکردن ڕەسەن بێت، پێمواییە دەبێت درێژکراوەی ئەو خۆشییە بێت. ئەگینا نابێتە فێرکاری مەسیحی بۆ ڕاستیی شکۆمەند.» (٤) بۆ هەموو بانگخوازانی مەسیحی، بانگەوازەکەمان ئەوەیە کە شکۆمەندی خودایی ببینین و چێژی لێ وەربگرین، لە کاتێکدا هەوڵ دەدەین بەو شتانەی کە بینیومانە کەسانی دیکە دابڕێژین.

ئیتر، خۆت تاقی بکەرەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی زیاتر «چێژ لە کردەی دۆزینەوەکان شتەکان دەربارەی خودا» وەرناگریت و زیاتر لەوەی «بە شێوەیەکی ڕەسەن و باڵا چێژ

لـه خـودا وەردەگریـت.» ئەگـەر هەسـتت کـرد ئەمـە کێشـەیە، ئـەوا «کردەییترین شـت» کـە دەتوانیـت بیکەیـت ئەوەیـە کـە ڕابوەسـتیت. «چەندیـن جـار ڕاوەسـتان» بـۆ ئـەوەی بـە خـودا بڵێیـت کـە چەنـدە چێـژ لـەوە وەردەگریـت کـە دەیبینیـت. «پێـی بڵـێ. قسـەی لەگـەڵ بکـە کـە چەنـدە باشـە، وە جوانـە، وە دانایـە، وە دادپـەروەرە. ئـارەزووی پاڵنـەری هاوبەشـکردن یـان نووسـینی خاڵێکـی نـوێ لـە وتاریـەکدا ڕابگـرە. ئـەم ڕاوەسـتانەی پەرسـتش «تاقیکردنەوەیەکـی گـەورەی ڕۆحمـە.» کاتـت تەرخـان بکـە بـۆ بەقوتابیکردنـی کتێبـی پیـرۆز تاوەکـو گۆرانـی بـۆ ئـەو بڵێیـت. وە کاتێـک بـاس لـە هاوبەشـکردن لەگـەڵ کەسـانی دیکـە دەکرێـت، ببینـە (١) «نـەک تەنهـا وەک شـێوازێک بـۆ دەربڕیـن، بەڵکـو وەک ڕێگایـەک بـۆ بینینـی زیاتـر لـە خـودا لـەوەی بـە گوتـن.» وە (٢) کـردەوەی پـڕ لـە خۆشـی فێرکـردن وەک «ڕژانێکـی ڕەسـەن»ی چێژوەرگرتـن لـە خـودا ببینـە کـە بـە نهێنـی دەسـتی پێکـردووە.[a]

خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە کاتە تاریکەکان

لـە کاتەکانـی بێهیوایـی و خەمۆکیـدا کتێبـی پیـرۆز پشـتگوێ مەخـە. خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـۆ کاتەکانـی تاقیکردنەوەیـە، وە بـە تایبەتـی بـۆ ئـەو کاتانـەی کـە هەسـت بـە خەمۆکـی دەکەیـن. وەک ئـەوەی پۆڵـس دەڵێـت: «چونکـە هەرچـی لەپێشـدا نـووسراوە، بـۆ فێربوونـی ئێمـە نـووسراوە، تاکـو بـە دانبەخۆداگرتـن و هاندانـی نـووسراوە پیـرۆزەکان هیوامـان هەبێـت» (ڕۆمـا ١٥: ٤). «ئەمـە سەرسـوڕهێنەرە؛ ئەمـە گەورەیـە! وشـەی سـەرەکی بـۆ تێپەڕاندنـی کاتـە سـەختەکان بەرگەگرتنـە. بـۆ ئازارچێشـتووان، خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـێ پەیوەنـدی و بـژاردە نییـە، بەڵکـو گونجـاو و پێویسـتە. «ئەگـەر توانیـت، تەنانـەت چەنـد ئایەتێکیـش بێـت، بـەڵام هەمـوو ڕۆژێـک لەنێـو وشـەکەدا بـە. هەرچەنـدە حـەز بـە جەنـگ ناکەیـت، بـەڵام هەمـوو ڕۆژێـک ئـەو دەرمانـە بـە خـۆت بـدە.»[b]

خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز، ڕامـان لێـی، وە وروژانـی هەسـتەکان بـە ڕاسـتییەکانی کتێبـی پیـرۆز -وەک بەقوتابیکردنێکـی ڕۆژانـە- «سـتراتیژی سـەرەکی کتێبـی پیـرۆزە» بـۆ ڕزگاربـوون لـە بێهیوایـی و نائومێـدی و کاتـە تاریکەکانـی ژیـان- ئـەم خاڵەیـە کـە ئاسـاف لـە زەبـووری ٧٧ خسـتوویەتییە ڕوو و بەرجەسـتەی کـردووە.[c] هەرەوەهـا خاڵێکـە کـە هاوڕێیەکـی قەشـە جـۆن

---

a ئەڵقـەی ٧٢٧: «ئایـا مـن دڵخۆشـم بـە خـودا یـان لـە سەرسـامبوونی کەسـانی دیکـە بـە دۆزینەوەکـەم سـەبارەت بـە خـودا؟» (١٢ی تشرینـی دووەمی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ١٠٤٦: «کاری خودا لە خەمۆکیدا» (٢٦ی ئایاری ٢٠١٧).

c ئەڵقـەی ١٨٨٣: «ڕێگای سـەرەکی کتێبـی پیـرۆز لـە بێهیوایـدا» (٤ی کانونـی دووەمـی ٢٠٢٣). لـە زەبـووری ٧٧، هەرەوهـا بڕوانـە ئەڵقـەی ١٨٨٠: «لـە سـاڵی ٢٠٢٣ ڕێگایـەک بـەرەو وشـەکە بکـەرەوە» (٢٨ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٢٢)، ئەڵقـەی ١٨٨٦: «چـۆن ڕاسـتی لـە سـەرمەوە بـەرەو دڵـم پـاڵ بنێـم؟» (١١ی کانونـی دووەمـی ٢٠٢٣)، ئەڵقـەی ١٨٨٧: «کـەی بێهیوایـی دەبێتـە گونـاە؟» (١٣ی کانونـی دووەمـی ٢٠٢٣)، وە ئەڵقـەی ١٨٨٩: «جەنـگ لەپێنـاو خۆشـی بـە پلاندانـان بـۆ پەرسـتشـەکانت» (١٨ی کانونـی دووەمـی ٢٠٢٣).

بەرجەستەی کردووە، پیاوێک «زۆر دڵتەنگ» کە هەشت ساڵ بەرگەی تاریکییەکی گرت -«خەریکبوو جوولّەی لێ ببڕێت»- هەرگیز وازی نەهێنا لە خوێندنەوە و ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز، هەتا ڕۆژێک خودا «هات» و ڕزگاری کرد. هاوڕێکە «هەمیشە بیری دەکردەوە» لە هەڵهاتنی «هەتا ئەو ڕاستییەی کە بەردەوام بوو لە وشەی خودا، تەنانەت کاتێکیش کەوا زۆر هەستی پێ نەدەکرد و بە زەحمەت دەیتوانی کاربکات.»[a]

من زۆر سەرقاڵ و شەکەتم -کەی دەبێت کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە؟

ئەم پرسیارە لە سێ گوێگرەوە هاتبوو: قەشەیەک، ژنێکی سەڵت، وە دایکێک.

سەرەتا، قەشەیەکی ماندوو لە پرسیارێکدا نووسیویەتی کە چۆن دەتوانێت جەستە و ڕۆحی بارگاوی بکاتەوە لەدوای ئەوەی بەهۆی پێویستییەکانی خزمەتەوە لاواز بووە.

قەشە جۆن سی ساڵ ئەزموونی قەشایەتی بەکارهێنا و پێی گوت کە پلانی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزی بە پەرستشەوە دابنێ لە کاتێکدا زۆرترین وزە و سەرنجی هەیە. پێدەچێت، یەکەم شت لە بەیانیاندا. «باشترین کاتەکانی ڕۆژت بە باشترین وزەی خۆت بقۆزەرەوە و خۆراک بدە بە ڕۆحت. لە باشترین وزەت پەروەردگار بە وشەکەیەوە بپەرستە، نەک بە کاتە زیادەکانی ڕۆژەکەت. هەر قەشەیەک ڕەنگە بڵێت«من هێندە زۆر کار لەسەر پێویستییەکانی خزمەتی کڵێسا دەکەم کە وزەم نییە بۆ خۆراکدانی ڕۆحی خۆم لە ڕێگەی کتێبە تێرکەرەکانی کتێبی پیرۆز و نووسراوەکانەوە.» ئەوا ڕۆژەکەی تێکدەدات. ئەگەر چەند بەشێک لە ڕۆژدا هەیە کە وزەیەکی زۆریان هەیە و چەند بەشێکیش وزەیەکی کەمیان هەیە، ئەوا با یەکێک لەو بەشانەی کە وزەیەکی زۆریان هەیە تەرخان بکرێت بەو شتەی کە زۆر پێویستە: هاوبەشیکردن لەگەڵ خودا لە وشەکەیدا لەپێناو بینین و تامکردنی پاشایەتی ئاسمان. ئەگەر ئەم خۆشییە کەسییە، هاوڕێیەتی کەسی و هیوای کەسی لاواز بێت، هەموو شتێک لاواز دەبێت -وە خراپتر دەبێت لە لاوازی. کوشندەیە. ئەوەی گەلەکەمان لە هەموو شتێک زیاتر پێویستی پێیەتی، بۆنی خۆشی مەسیحە.»

قەشە ماندووەکە دەبێت بە وریاییەوە هەستەکانی بەڕێوەببات، دڵنیابێت لەوەی کە ڕێگە نادات هەستەکانی بۆ مەسیح بەهۆی ڕێڕەوێکی بەردەوام لە میدیای باودا بمرن. «من پێموایە ئێمە لە ڕۆژێکدا دەژین کە نوقمبوون لە کەلتووری باودا -بە هەموو گریمانەکانی پشتگوێخستنی خودا، چێژوەرگرتن لە گوناە، چێژوەرگرتن لە خۆبەزلزانین- نەک هەر گریمانە دەکرێت کە بێ زیان بێت، بەڵکو وا دادەنرێت کە پێویستن. هەردوو گریمانەکە هەڵەن -هەڵەی کوشندەن.» میدیای بەربڵاو بکوژێکی هەستەکانە.[b]

---

a ئەڵقەی ٥٤٢: «چی بکەین کاتێک هەست دەکەین خودا دوورە» (٢٧ی شوباتی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ٩٨٨: «من شەکەت بووم -چۆن جەستەم بارگاوی بکەمەوە بەبێ ئەوەی ڕۆحم پشتگوێ بخەم؟» (١١ی کانونی دووەمی ٢٠١٧).

دووەم، گوێگرێکی ژن نووسیویەتی کە هەست دەکات لە ڕووی ڕۆحییەوە تووشی تەنگەبەری و شەکەتی زۆر بووە ڕێگری لێ دەکات لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزی بنیادنەر. وشەی خودا پەراوێز خراوە لە ژیانێک کە پڕە لە چێشت لێنان، پاککردنەوە، وەرزشکردن، ڕاپیکردنی ئەرکەکان، کڕینی خواردن و بازاڕکردن -ئەمانە هەموویان «شتی کلاسیکی، باش و بەهادارن.»

کاتێک عیسا چووە ناو ماڵی مەرسا و مریەم لەم ڕاستییانە تێگەیشت. مەرسا بەخێرهاتنی عیسای کرد بۆ ناو ماڵەکەی. وە لە کاتێکدا کە «پەشۆکاو» بوو، بە پەرۆشەوە هەوڵی دەدا میواندارییە بێ ئامادەکارییەکەی ڕێکبخات و «زۆر سەرقاڵ بوو بە خزمەتکردن»، مریەمی خوشکی «لەبەرپێی پەروەردگار دانیشت و گوێی لە فێرکارییەکانی گرت.» مەرسا گلەیی ئەوەی دەکرد کە «بەجێهێڵراوە بۆ ئەوەی بە تەنها خزمەت بکات». «مەسیح وەڵامی دایەوە: «مەرسا، مەرسا، تۆ خەم لە زۆر شت دەخۆیت و ناڕەحەتیت. بەڵام یەک شت پێویستە، مریەم شتە باشەکەی هەڵبژاردووە کە لێی ناسەنرێتەوە" (لۆقا ١٠: ٣٨-٤٢).» زۆر شت هەیە، بەڵام تەنها یەک شت پێویستە. «لە شێوازی چێشت لێنانەکەت پێویستترە، لە شێوازی پاککردنەوەت پێویستترە، لە شێوازی وەرزشکردنت پێویستترە، لە شێوازی ڕاپیکردنی ئەرکەکانت و بازاڕکردن پێویستترە -بە سادەیی ئەمە پێویستترە.» تۆ پێویستە گوێت لە دەنگی خودا بێت. وە لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لە سەردەمی مەسیحەوە، زۆرجار وشەکە بەهۆی سەرقاڵی و خەمی ژیانەوە دەخنکێت (لۆقا ٨: ١٤).

بۆیە، بە شێوەیەکی زۆر کردەیی، زووتر بخەوە، چل و پێنج خولەک زووتر لە خەو هەستە، زووتر خۆت بشۆ، پاشان قاوەکە بخۆوە بۆ ئەوەی «با کافاییں جادووەکەی بکات.» بەڵام ئەگەر ئەمە کێشەی خەواڵوویی چارەسەر نەکرد، «لە کورسییە ئارامەکەت هەستە و بەدەوری ژووڕەکەدا بە بازنەیی بڕۆ، وە کتێبە پیرۆزەکەت بخوێنەوە. هیچ شتێک لە دانیشتندا پیرۆز نییە، وە زۆر زەحمەتە لە کاتی ڕۆشتندا بخەویت. من ڕۆژێک ئەمەم کردووە.»

بەڵام «لەم پێشنیارە بچووک و کردارییانە گرنگتر، ئەزموونی بنەڕەتییە کە وشەی خودا لە هەموو شتێک بەهادارترە» (زەبووری ١٩: ٩-١٠). «مەهێڵە زێڕ و خواردن هەست بکەن بە بەهادارتری یان شیرینتر لە وشەی خودا. ئەوان ئاوا نین.»[a]

سێیەم، پرسیاری دایکێک کە تێکۆشان دەکات بۆ ئەوەی کات تەرخان بکات بۆ وشەکە. دەبێت مێردەکەی یارمەتی بدات. دایکانی بێ هاوسەر لێرەدا ڕووبەڕووی ئاڵنگاری تایبەت دەبنەوە، بەڵام «بیرۆکەی خودا بۆ هاوسەرگیری و پەروەردەکردنی منداڵ بوونی

a ئەڵقەی ١٢٩٩: «ماندووم و سەرقاڵم- چۆن کات بۆ کتێبی پیرۆز تەرخان بکەم؟» (٧ی کانونی دووەمی ٢٠١٩).

دایک و باوکە. ئەوە نمونەییە. وە یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە یەکێکیان بتوانێت ئەوەی دیکە بپارێزێت و دڵنیابێت لەوەی کە هەردووکیان ڕۆژانە لە ڕێگەی عیساوە لە کتێبی پیرۆزەوە پەیوەندییان لەگەڵ خودا هەیە.

لە پێناو ڕۆحی دایکەکە، دەبێت باوک هەرچی لە توانایدایە هەوڵ بدات بۆ ڕەخساندنی ڕێکخستنی دایک و باوکایەتی. «سەرنجی من ئەوەیە کە زۆرێک لە دایک و باوکانی ئەمڕۆ پێیان وایە پێویستە ڕێگە بە منداڵەکانیان بدرێت کەشوهەوای ماڵەکە جڵەوگیر بکەن. ئەمەش لە چەندین لایەنەوە مەترسیدارە. بۆیە، ئەی باوک، هەنگاو بنێ لەگەڵ هاوسەرەکەت لە دامەزراندنی کاروبارەکان، وە چاوەڕوانی گوێڕایەڵی بکە. «هەموو کەشوهەوای ماڵەکە» بخەنە ژێر «فەرمانی دایک و باوکەوە.» پاشان کاتێکی یاریکردن دابنێ. لە ماڵی پاپیەر، قەشە جۆن لەدوای نانخواردنی ئێوارە بۆ ماوەی کاتژمێرێک لەگەڵ منداڵەکانی دەبێت. «نۆئێل بە درێژایی ڕۆژ ئەوە دەکات، منیش ئەوە دەکەم تاکو هەرچی بیەوێت بیکات. ئەگەر کاتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بێت، ئەوا دەیبیت.» هەروەها، ڕامانی کورت بۆ دایکەکە (وە بۆ باوکەکە) ڕێکبخە. ڕابەرایەتی ژنەکەت بکە لە کتێبی پیرۆز. گفتوگۆی گەورانە بکە لە وشەکە. بە بەردەوامی نوێژی بۆ بکە.

لە کۆتاییدا، بڕوانەی کتێبی بەقوتابیکردنی سوزانا وێسلی، کتێبی دایکی سەرقاڵ لە نووسینی چارڵز و جۆن وێسلی، وە کتێبی حەڤدە منداڵی دیکە لەبەرچاو بگرن. «نۆ لەوان لە تەمەنی کۆرپەییدا مردوون، دە مانەوە. ئەو بەڵێنی بە پەروەردگار دا کە هەموو ڕۆژێک کاتێک تەرخان دەکات بۆ نوێژ و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، لە کاتێکدا، پلانەکەی ئەمە بوو: منداڵە گەورە و بچووکەکانی فێرکرد کە بچووکەکان بەرپرسیارن بەرامبەر بە گەورەکان. وە کاتێک دەبینیت دایکت چەفیەیەکی بەسەرەوەیە و لەسەر خوانەکەیە، بێزاری مەکە. منداڵەکانت لەسەر ئەم جۆرە تونديیە ڕابهێنە. چاوەڕێی گوێڕایەڵی بکە. بەدوای شوێنێکی ئارامدا بگەڕێ. بەڵام ئەی باوک، من پشت بە تۆ دەبەستم بۆ پشتیوانی گەورە.[a]

کاتێک زەحمەتی خوێندنەوە دێتە ناو خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

ناڕێکی خوێندنەوە و ئاستەنگەکانی دیکەی دەروونی و جەستەیی خوێندنەوە سەخت دەکەن. ئیتر چۆن خوێنەرێک کە کێشەی سنووری سەرنجەکانی هەیە، دەتوانێت بە کورتی کتێبی پیرۆز بخوێنێتەوە؟

هەنگاوی یەکەم قەناعەتپێکردنە. «ئێمە بە باوەڕ دەژین یان بە هیچ شێوەیەک ناژین. وە باوەڕ بە بیستن و بیستن بە وشەی خودا دێت» (بڕوانە ڕۆما ١٠: ١٧). هەروەک عیسا

a ئەڵقەی ٤٣٧: «کاتی کتێبی پیرۆز بۆ دایکانی سەرقاڵ» (٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

فەرمووی ئێمە تەنها بە خۆراکی جەستەیی ناژین، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە خودا لە فەرمایشتەکەی پێمان دەڵێت (مەتا ٤: ٤). «باوەڕ بەبێ وشەی خودا بەردەوام نابێت.» ئەگەر باوەڕ بمرێت، پیرۆزی دەمرێت، پیرۆزی کرۆکی ڕزگاری کۆتاییمانە (عیبرانییەکان ١٢: ١٤). کەواتە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز «دەچێتە کرۆکی واتای مەسیحی بوون، وە چۆنیەتی بەردەوامی باوەڕ.»

ئاستەنگی جەستەیی هەرچییەک بێت کە هەندێک لە خوێنەران ڕووبەڕووی ببنەوە، هەموو خوێنەرێکی کتێبی پیرۆز دەکرێت چاوەڕوانی بەرەنگاربوونەوەی ڕۆحی بەرفراوان بکات. «گەورەترینیان بریتییە لە گوناە، بێباکی، خۆشویستنی جیهان، وە کوێرایی ڕۆحی بەرامبەر بە شکۆمەندی مەسیح.»

بەڵام دواتر ئالنگارییە جەستەییەکان دێن (وەک ناڕێکی خوێندنەوە) یان بەهۆی تەمەنەوە (وەک پیری). بۆ ئەو ئالنگارییانە، قەشە جۆن پێنج ئامۆژگاری پێشکەش کرد.

١. بۆ چێژ وەرگرتن بخوێنەرەوە. «ئامانج تەنها ئەوە نییە کە کاتێک تەرخان بکرێت یان لێکۆڵینەوە بکرێت لە مادەیەکی دیاریکراو، بەڵکو بینینی خودایە وە چێژ لێ بینینی، ڕێگاکانی، وە بەڵێنەکانی. ئامانج جەنگانە لەپێناو باوەڕ و گوێڕایەلییە بە باوەڕ. مکوڕ بە لەسەر پاراستنی ئەم بیرکردنەوەیە. کتێبی پیرۆز بکەوە بۆ پشتیوانی هێزی باوەڕت.»
٢. بپارێوە لەپێناو چاکبوونەوە. داوای یارمەتی سەروو سروشتی لە خودا بکە. «من دڵتەنگم کە چەندە لە مەسیحییەکان تێدەکۆشن لەپێناو چارەنووسگەرایی و ماددەگەرایی و مرۆڤدۆستی، کاتێک دێنە سەر باسی کەمئەندامی.» تەنها بیر لە کەمئەندامی خۆت مەکەرەوە لە ڕووی دەرمان یان چارەسەرەکانەوە (کە گرنگن). نوێژ بکە لەپێناو شیفای تەواو.
٣. زیاتر کار بکە. «هەندێک خاڵی بەهێز هەیە کە هەرگیز نامانێت و هەندێک شتیش هەرگیز بەدەستی ناهێنین. بەڵام، ئای، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە ڕەتکردنەوەی زاڵبوون بەسەر کاریگەرییە نەرێییە لاوازییەکانیاندا چ شتێکی سەرسوڕهێنەریان بەدەستهێناوە.» لەبری ئەوەی بۆ ماوەی سی خولەکی بەردەوام بخوێنیتەوە، ڕەنگە بە درێژایی ڕۆژ پێویستت بە زەنگی ئاگادارکردنەوە هەبێت بۆ ئەوەی دە جار کتێبی پیرۆز بۆ ماوەی سێ خولەک بخوێنیتەوە. بیر لە پلانێک بکەرەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بەشە بچووکەکان بخوێنیتەوە.
٤. پشت بە کتێبی پیرۆزی دەنگی ببەستە. ڕەنگە بتوانیت باشتر تێبگەیت ئەگەر چاوت لەسەر نووسینەکە بێت و بە گوێچکەکانت گوێ لە کتێبی پیرۆزی دەنگی

بگریت. «من ئەمە دەکەم. بە تایبەتی کاتێک ماندوو دەبم، وا دەکەم دەنگەکە بۆم بخوێنێتەوە لەکاتێکدا خۆم بە چاو دەیخوێنمەوە.»

٥. پشت بە کەسانی دیکە ببەستە. «لەنێو جەستەی مەسیح و لە خێزانەکەتدا هاوڕێیەتی قوولْ بنیاد بنێ. بۆ ئەوەی کاتێک پیر بوویت و بەزەحمەت بتوانیت بە خۆت شتێک بکەیت، کەسانی دیکە لەوێ بن بۆ ئەوەی بۆت بخوێننەوە، وە ڕەنگە، لەو کاتژمێرەی کۆتایی بێهۆشی، بە دەنگی بەرز لە گوێتدا بڵێن کە بەڕواڵەت کەڕ بوویت: «هەتا پیریش بن هەر من ئەوم، هەتا ڕیش سپیێتیش هەر من هەڵتانەدەگرم. من دروستم کردوون و ئێوە باری منن، هەر من هەڵدەگرم و دەرباز دەکەم» (ئیشایا ٤٦: ٤).[a]

ئایا پێویستە کتێبی پیرۆزی دەنگی بۆ پەرستشی ڕۆژانە بەکاربهێنین؟

لە قسەکردن دەربارەی کتێبی پیرۆزی دەنگی، بارهەڵگرێکی مەودای دوور پرسیاری ئەوەی کرد کە ئایا تەنها گوێگرتن لە کتێبی پیرۆز بەسە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆز. دیارە بە باشی لەگەڵ شێوازی ژیانیدا دەگونجێت.

ئارەزوویەکی لەو شێوەیە برسێتییەکی نایابی بۆ وشەکە لە ژیانیدا نیشان دەدات. بەڵام ئەم کردارە چەندین لایەنی باش و خراپی لەگەڵدایە، کەوا شەش پرسیار دەوروژێنێت. (١) ئایا دەتوانیت ئەوەی دەیبیستیت لەبیرت بمێنێتەوە؟ ئێمە دەنگە بیستراوەکان بە شێوەیەکی جیاواز چارەسەر دەکەین. «هەندێک کەس دەتوانن نزیکەی هەموو ئەو شتانەی دەیبیستن لەبیریان بمێنێتەوە.» ئەمە تۆیت؟ یان هەموو ئەو شتانەی دەیبیستیت لەبیرت دەچێت؟ بزانە کە نێوەندە دەنگییەکان چۆن لەگەڵت دەگونجێت. (٢) ئایا خوێنەری کتێبی پیرۆزی دەنگی وردە؟ چۆنیەتی خوێندنەوەی دەقەکە جۆرێکە لە لێکدانەوە. خێرایی، ئاواز، جەختکردنەوە، وەستان، ئاوازی سۆز، دەنگی نەرم، دەنگی بەرز، بێژەکردن -هەموو ئەمانە لێکدانەوەی دەقەکەن. «ئەگەر لێکدانەوەکە تێگەیشتوو و قوولْ و ڕاست و بەهێز بێت، ئەوە سوودبەخشتە بۆ گوێگری بیسەر، ئەگەر لێکدانەوەکە پێچەوانەی مەبەستی نووسەر بێت لە واتا یان ئاواز، ئەوا دەکرێت ببێتە بەربەستێکی گەورە لە سوودوەرگرتن بەو شێوەیەی کە خودا مەبەستی بووە سوودی لێ ببینیت کاتێک وشەکە دەخوێنینەوە یان دەبیستین. (٣) ئایا دەتوانیت ڕابوەستیت؟ خودا چاوی پێتدەکەوێت و بە وشەی خۆی دەتجوڵێنێت. لەو ساتەدا، چی دەکەیت؟ ئایا ڕێگە دەدەیت دەنگەکە بڕوات و ساتەکە تێپەڕێت؟ یان لە دۆخێکدا دەبیت کە هەڵوەستە دەکەیت، ڕادەوەستیت، چێژ لە کاتەکە وەردەگریت؟ (٤) هەتا چەند دەتوانیت سەرنجی کتێبی پیرۆز بدەیت؟ لە کاتی کارکردنت،

a ئەڵقەی ١٠٩٩: «خوێندنەوە بۆ من ئازاربەخشە -چۆن دەتوانم کتێبی پیرۆز بە وردی بخوێنمەوە؟» (٢٧ی ئەیلوولی ٢٠١٧).

ئایا دەتوانیت بە تەواوی سەرنج لە دەقەکە بدەیت؟ کتێبی پیرۆز کێبڕکێ دەکات لەگەڵ ئەو سەرنجەی کە پێویستە بۆ ئەوەی بە سەلامەتی لێبخوڕیت. ئەمە خراپە نییە؛ تەنها سنووردارکردنێکە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ڕەنگە وشەکە بەدەستی بهێنێت ئەگەر سەرنجی تەواو و پڕی ئێمەی هەبوایە.» (٥) ئایا دەتوانیت لە کاتی هاژوشتن بەدوای سەرچاوەکانی دیکەدا بگەڕێیت بۆ دەقەکانی دیکەی پەیوەندیدار لە کتێبی پیرۆز؟ نەخێر. (٦) ئایا دەتوانیت لە کاتی هاژوشتن تێبینی تۆمار بکەیت؟ نەخێر، بە ئاسانی نا.

«لەسەر بنەمای هەموو ئەو شتانەی کە گوتم، پێشنیار دەکەم کە گوێگرتن لە کتێبی پیرۆز تاکە ڕێگە نەبێت کە ئێمە پەیوەندی لەگەڵ خودا بکەین لە ڕێگای وشەکەیەوە. گوێگرتن ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ گەیشتن بە خودا. باشی و لایەنی سوودی خۆی هەیە، بەڵام هەروەها سنووریشی هەیە. گوێ لە کتێبی پیرۆز بگرە و کاتێک تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەی دەقەکە. سوود لە خاڵە بەهێزەکانی هەردوو شێوازەکە وەربگرە. وە بە هەر شێوەیەک کە ئەنجامی دەدەیت، بەردەوام بە لە قوولبوونەوە لە وشەکە بۆ ئەوەی لە لاپەڕەکانیەوە پڕ بیت لە ڕاستییە شکۆمەندەکان (زەبووری ١١٩: ١٨؛ ئەفەسۆس ١: ١٧).[a]

یەک کاتژمێرم هەیە بۆ خوێندنەوە. چەند بۆ کتێبی پیرۆز؟ چەند بۆ کتێبی دیکە؟

مەترسیدارە زۆر تایبەتمەند بیت بە ژیان و پێداویستییەکانی هەر کەسێک لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا. بەڵام بەکارهێنانی بەرفراوان هەیە.

یەکەم، کتێبی پیرۆز داوامان لێدەکات بۆ فێربوون لە دەرەوەی سنووری کتێبی پیرۆز. «دەتوانم بیهێنمە پێش چاوم کە کەسێک بڵێت: «باشە ئەگەر کتێبی پیرۆز قسەی بەدیهێنەری گەردوون بێت، بۆچی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەگەڵ کتێبە پیرۆزەکەتدا نامێنیتەوە و گوێ لە خودا ناگریت؟ ئەوە خودا خۆیەتی!" وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە کتێبی پیرۆز هۆشداریت پێدەدات و دەڵێت: «ئەی تەمبەڵ، بڕۆ لای مێروولە، بڕوانە ڕێگاکانی و ببە بە دانا» (پەندەکانی سلێمان ٦: ٦). بە دەربڕینێکی دیکە، کتێبە پیرۆزەکەت دابخە و بچۆ دەرەوە و تەماشای هەر شتێک بکە و شتێک لە دونیا فێربە. کتێبە پیرۆزەکەت دابخە و تەماشای گوڵی سەوسەن بکە (مەتا ٦: ٢٨). کتێبە پیرۆزەکەت دابخە و تەماشای باڵندەکان بکە (مەتا ٦: ٢٦). «تەنها کتێبی پیرۆز مەخوێنەوە. دونیای خوداش بخوێنەرەوە هەروەک چۆن وشەی خوداش دەخوێنیتەوە.

ئەمە لەگەڵ ئەرکەکەمان دەگونجێت. کتێبی پیرۆز داوامان لێدەکات کە بە پەرۆشەوە کار بکەین (یەکەم سالۆنیکی ٤: ١٠-١٢). «بەڵام تۆ فێردەبیت چۆن وەک پۆڵس ببیتە چادرساز،

---

a ئەڵقەی ١٥٧٥: «ئایا کتێبی پیرۆزی دەنگی بەسە بۆ پەرستشەکان؟» (١٥ی کانونی دووەمی ٢٠٢١).

یان وەک لۆقا پزیشک، وەک باوکی عیسا دارتاشێک، یان وەک پەترۆس ببیتە ماسیگرێکی پیشەگەر، ئەمە بە خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکەت ناکرێت. کتێبی پیرۆز پێت نالێت چ پەتێک خێوەت پێکەوە دەچەسپێنێت کاتێک پێستە تەر دەبێت. ئەمەت پێ نالێت. بۆ ئەمە دانەنراوە.» گوێ لە داناکان بگرن، لە سروشت بکۆڵنەوە، «وە شتەکان بزانن.» ئیتر کتێبی پیرۆز خۆی پێمان دەڵێت گرنگی بە سەرچاوەکانی دیکەی زانین بدەین، کەوا «ڕێنماییمان دەکات لە جیهان فێری بین، وە لە خەڵکی فێربین، فێری پیشەکان بین، وە دەربارەی کۆمەڵگا و ڕێکارە کۆمەڵایەتییەکان فێربین کە خودا بەدیهێناوە.»

بە پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایە، لە کتێبە سوودبەخشەکان فێربە. ئەگەر چاپێکت هەیە لە کتێبی پەیمانگاکانی جۆن کالڤین یان کتێبی ناسینی خودای جی ئای پاکەر، هەروەها دەتەوێت کتێبە پیرۆزەکەت بخوێنیتەوە، چۆن کاتژمێرەکە دابەش دەکەیت؟ بابەتەکە کردارێکی ژمێریاریە. خوێنەرێکی خاو کە دوو سەد وشە لە خولەکێکدا دەخوێنێتەوە، ماوەی پازدە خولەک لە ڕۆژێکدا ئەوا دەتوانێت ساڵانە زیاتر لە یەک ملیۆن وشە بخوێنێتەوە. کتێبێکی ڕژد کە لە هەر لاپەڕەیەکدا ٣٦٠ وشە لەخۆبگرێت، ئەوا ٣٠٤١ لاپەڕە لە ساڵێکدا بەم خێراییە دەخوێنرێتەوە. تێکڕای کتێبەکان بۆ هەریەکەیان ٢٥٠ لاپەڕە، «ئەوا دوازدە کتێبی زۆر گرنگ، هەموویان لە پازدە خولەک لە ڕۆژێکدا بۆ خوێنەرێکی خاو و ماماوەند.» ئەمەش چل و پێنج خولەک لە ڕۆژێکدا دەمێنێتەوە بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بە هێواشی، بە بیرکردنەوە، بە ڕامان، بە نوێژکردن -وە بە خێرایی بۆ ئەوەی لە ساڵێکدا بە تەواوی کتێبی پیرۆزدا تێپەڕیت.

ئیتر هەردوو خوێندنەوەکە پێکەوە هاوتەریب بکە. «ئەزموونی من، وە خودی کتێبی پیرۆز، پێم دەڵێن کە دیدگای کەسانی دیکە بۆ ئەوەی لە کتێبی پیرۆزدا بینیویانە دەکرێت ئامرازێکی گەورە بێت بۆ بینینی زیاتر لە کتێبی پیرۆزدا. دەزانم ئەمە ڕاستە. ئەگەر بەیانیان دە خولەک بۆ خوێندنەوەی جۆن ئۆین یان جۆناسان ئێدواردز تەرخان بکەم، ئەوا لە کتێبە پیرۆزەکەمدا زیاتر دەبینم.»[a]

ئەگەر بە وردی گوێ لە وتارەکان بگرم، بۆچی پێویستە کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە؟

گوێگرانی تامەزرۆ ڕۆژانی یەکشەممە قەشەکان هان دەدەن. بەڵام قەشەکان هان نادرێن ئەگەر وتارەکانیان نەتوانن خوێنەری تامەزرۆی کتێبی پیرۆز لە شەش ڕۆژی دیکەی هەفتەدا پەروەردە بکەن. وتاری دڵسۆزانە «تەنها برسێتی تێر ناکات -بەڵکو برسێتی دروست دەکات. هەستم بە شکست دەکرد ئەگەر گەلەکەم بیانگوتبا، «بەهۆی وتاری تۆ، ئێمە کتێبی پیرۆز ناخوێنینەوە!» وتاری دڵسۆزانە تامەزرویی نوێ بۆ وشەکە دروست دەکات.

a ئەڵقەی ١٢٩٨: «ڕۆژانە کاتژمێرێکم هەیە بۆ خوێندنەوە -دەبێت چەندی بۆ کتێبی پیرۆز بێت؟» (٤ی کانونی دووەمی ٢٠١٩).

به دوو پرسیار تامەزرۆیی کتێبی پیرۆزت هەڵبسەنگێنە.

١. چەندە لە کتێبی پیرۆزت دەوێت؟ بیهێنە بەرچاوت کە عاشق بیت. «خۆشەویستەکەم هەموو ڕۆژێک نامەم بۆ دەنووسێت. بەڵام من حەز دەکەم هەفتانە یەک جار نامەکانی بخوێنمەوە. پێم وایە دەمەوێت کەسێکی دیکە لەجیاتی من نامەکان بخوێنێتەوە و پوختەیەکی ئەوەم پێ بڵێت کە نووسیویەتی.» ئەوە تۆ گاڵتەم لەگەل دەکەیت؟ من لە هاوینی ساڵی ١٩٦٧دا عاشق بووم، کاتێک وەک ڕاهێنەری سەلامەتی ئاو کارم دەکرد. تامەزرۆی ئەوە بووم کە هەموو ڕۆژێک بۆ ماوەی پێنج خولەک ئەم زەرفە مۆرە بۆن بکەم پێش ئەوەی بیکەمەوە. هەرگیز ئەم نامانە نادەمە هیچ کەسێک. بە هەمان شێوە کتێبی پیرۆز «نامەیەکی دڵداری بێهاوتایە بۆ گەلی خودا.» قسەکانی هەموو ڕۆژێک شیرینن، نەک تەنها ڕۆژانی یەکشەممە (زەبووری ١١٩: ١٠٣). کتێبی پیرۆز خۆشی ڕۆژانە و ڕامانی ڕۆژانەمانە (زەبووری ١: ٢)، خوازراوترە لەو زێڕەی ڕاوچییە چاوچنۆکەکانی گەنجینە ڕۆژانە بەدوایدا دەگەڕێن (زەبووری ١٩: ١٠؛ پەندەکان ٢: ٤). «کەواتە بۆچی هەفتەیەک تەنها یەک چاوخشاندنت بەم جوانییە دەوێت، هەفتانە تەنها یەک تامکردن لەم هەنگوینە، هەفتانە یەک جار دانانی ئەم زیوە لە هەژمارەکەت، وە یەک نامە لە دڵدارەکەت؟»

٢. چەند کتێبی پیرۆزت پێویستە؟ کتێبی پیرۆز ڕۆزی ڕۆژانەمانە، لە نان پێویستترە (مەتا ٤: ٤). «تاقیکردنەوە بێ بەزەییە. گومان بەردەوامە. شەیتان زۆر چاڵاکە. بەڵا زۆر قورسە. ململانێیەکان زۆرن. هەستەکان دەگۆڕێن. شێوان زۆر قورسە. باوەڕ و هیوا و خۆشەویستی زۆر هەڕەشەیان لەسەرە بە ڕادەیەک من بە درێژایی هەفتەیەک ناتوانم بەرگە بگرم، بە تەنها یەک وشە کە لە ڕۆژی یەکشەمە وەرمگرتووە. ناتوانم ئەمە بکەم. وە پێم وانییە کەس هەبێت بتوانێت بەرگە بگرێت.[a]

ئەگەر کتێبی پیرۆزم بخوێنمەوە، بۆچی پێویستم بە بانگخوازە؟

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر ئێمە خوێنەری دڵسۆزی کتێبی پیرۆز بین، ئەوا بۆچی پێویستمان بە بانگخوازە؟

خودا بەم شێوەیە داناوە. کڵێسا «وشەی بێ هەڵەی خودا لە کتێبی پیرۆزدا»ی دەدرێتێ، وە پاشان، وە لە ژێر دەسەڵاتەکەیدا، خودا «پیران کە شیاوی هەڵەن» دەدات بە کڵێسا کە بەهرەمەندن بۆ ڕابەرایەتی و فێرکردنی مێگەلەکە. تەنانەت پۆڵس، «نێردراو «کە شیاوی هەڵە بوو"»، خزمەتی وشەکەی بە شوانەکانی کڵێسا سپارد کە شیاوی هەڵە بوون (یەکەم

a ئەڵقەی ٤٣٥: «ئەگەر گوێ لە وتارەکان بگرم، بۆچی پێویستە کتێبی پیرۆزم بخوێنمەوە؟» (٢٣ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

سـالۆنیکی ٥: ١٢-١٤). لـەم دەقـەدا، پۆڵـس «بـە مامۆسـتاکان دەڵێـت چـۆن خزمەتـی وشـەکە بکـەن، وە بـە ئەندامـەکان دەڵێـت چـۆن وشـەکە وەربگـرن و چـۆن ڕێـز لـە مامۆسـتاکان بگـرن.» لـە شـوێنێکی دیکـەدا، پۆڵـس فەرمـان بـە تیمۆسـاوس دەکات کـە یەکێکـە لـە شـوانەکانی کڵێسـا، مزگێنـی ئـەو وشـە بـێ هەڵەیـە بـدات (دووەم تیمۆسـاوس ٤: ١-٥). جـا باوەڕدارانـی ئەفەسـۆس هەریەکەیـان وێنەیەکـی نامەکەیـان هەبووبێـت کـە بـۆ کڵێسـا نـووسراوە (کـە ئێسـتا پێـی دەڵێیـن ئەفەسـۆس) یـان نـا، ئـەوان داوایـان لـێ دەکرێـت لـە ئەفەسـۆس گـوێ لـە تیمۆسـاوس بگـرن کاتێـک ئـەو مزگێنـی ئـەو پەیامـە دەدات و کڵێسـاکەی بـۆ کاری خزمـەت ئامـادە دەکات (ئەفەسـۆس ٤: ١١-١٢). ئەمـە ڕێکخسـتنی خـودا بـوو.

کەواتـە بۆچـی خـودا دایناوە وشـە بـێ هەڵەکـەی بداتـە دەسـت مامۆسـتایانی شـیاوی هەڵـە؟ پێنـج وەڵام هەیـە.

١. بانگخـوازان شـتی نـوێ دەدۆزنـەوە. خـودا بەخشـش بـە بانگخـوازان و مامۆسـتایان دەبەخشـێت و دەیانکاتـە «شایسـتەی فێرکـردن»ی (διδακτικόν) کتێبـی پیـرۆز، «واتـا دەبێـت کات و حـەز و لێهاتوویـی و تێگەیشـتنی ڕۆحییـان هەبێـت بـۆ بینینـی شـتەکان لـە وشـەی بـێ هەڵـەی خـودا کـە زۆرێـک لـە خەڵکـی ئاسـایی هـەر نایبینـن» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣: ٢).

٢. بانگخـوازان ڕاهێنـان دەکـەن بـۆ دۆزینـەوەی نـوێ. ئـەو بانگخوازانـەی کـە بەقوتابیکـراون بـۆ دەرخسـتنی ڕاسـتی بـۆ گەلـی کڵێسـا، ئـەو کۆبوونەوەیـە ڕادەهێنـن بـۆ ئـەوەی خۆیـان ڕاسـتی زیاتـر ببینـن، لـە خوێندنـەوەی تایبەتـی خۆیانـدا.

٣. بانگخـوازان هەسـت نـوێ دەوروژێنـن. وتـاری بـاش (واتـە خۆشـحاڵی ڕوونکردنـەوە) بـەو واتایەیـە کـە «بانگخـواز خـۆی هەسـت بـە بەهـای ئـەو شـتە دەکات کـە دەیبینێـت و دەیگەیەنێـت.» بانگەوازیەکـە کـە هـەم ڕاسـتییەکانی دەقەکـە دەبینێـت و هـەم تامـی دەکات. «ئەوانـەی گـوێ لـەم جـۆرە وتـارە دەگـرن، بـە تێپەڕبوونـی کات، نـەک هـەر سـەریان پـڕ دەبێـت لـە بیـری نـوێ، بەڵکـو دڵیـان بەئـاگا دێتـەوە بـۆ هەسـتی نـوێ بەرامبـەر بـە خـودا و وشـەکەی و ڕێگاکانـی و گەلەکـەی.» بـۆ نموونـە، وشـەی وتارەکـە بـۆ هاندانـی کەسـانی بێهێـزە (یەکـەم سـالۆنیکی ٥: ١٤). «هەسـتەکان دەگۆڕدرێـن -نـەک تەنهـا ئەقـڵ- لـە ڕێگـەی وتارێکـی بـە خواسـتی خـوداوە.»

٤. بانگـەواز ڕزگار دەکات (یەکـەم کۆرنسـۆس ١: ٢١). «ڕەنگـە وا بیـر بکەینـەوە کـە هەمـوو ئـەوەی جیهـان پێویسـتی پێیەتـی کتێبـی پیـرۆزە کـە لـە فرۆکـەوە خراوەتـە نـاو ژیانـی خەڵکـەوە،» بـەڵام پلانـی خـودا ئەوەیـە کـە لـە ڕێگـەی ئـەو وشـەیەی کـە بانگـەوازی بـۆ دەکرێـت، مرۆڤـەکان ڕزگار بـکات.

٥. بانگخـوازان پێویسـتن. خـودا داینـاوە کـە ئێمـە یەکـتری هـان بدەیـن بـە دەربڕینـی بەهـرەکان بـۆ کەسـانی دیکـە (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٢: ٢١)، لەوانـەش بانگخـوازان. «خـودا دیـاری کـردووە کـە عیسـای مەسـیح، لـە ڕێگـەی خزمەتـی ڕۆحـی پیـرۆزەوە، لـە ڕێگـەی خزمەتکردنـی یەکـترەوە کـە شـکۆداری مەسـیح بێـت، مەسـیح شـکۆدار دەکات، لـە کڵێسـادا شـکۆمەندی زیاتـر بەدەسـت دەهێنێـت لـەوەی کـە ئەگـەر خەڵکـی بـە تەنهـا کتێبـی پیـرۆز بخوێننـەوە، لـەوەی کـە گوێیـان لـە باوەڕدارانـی دیکـە بێـت کـە وشـەکە دەخەنـە نـاو ژیانیانـەوە. ئەمـە پوختەکەیەتـی: مەسـیح زیاتـر شـکۆمەند دەبێـت لـە ڕێگـەی پەیڕەوکردنـی ڕێگاکانـی خـودا لـەوەی واز لـە ڕێگاکانـی خـودا بهێنـدرێـت بـە گریمانـەی حەزکـردن لـە کتێبـی پیـرۆز.»[a]

تەواوی شێوازناسی خزمەتەکەی جۆن پایپەر لە یەک دەقدا

لـە لێکۆڵینـەوە لـە ڕۆڵـی مامۆسـتایانی کتێبـی پیـرۆز لـە خوێندنـەوەی کەسـیی خۆمـان بـۆ دەقـی کتێبـی پیـرۆز، ئێمـە یەکێـک لـە کاریگەرتریـن نموونـەکان بـۆ تێگەیشـتن لـە شێوازناسـی خزمەتکردنی جـۆن پایپـەر دەبینیـن، کـە سـەرنجی لەسـەر کتێبـی پیـرۆزە -زەبـووری ١١٩: ٩٧-١٠٠.

«کاتێـک لـە قۆناغـی خوێندنـی بـاڵا بـووم لـە ئەڵمانیـا، بـەر لـە چـل و پێنـج سـاڵ یـان زیاتـر، لـە بیسـتەکانی تەمەنمـدا بـووم. پۆلێـک زانایانـی ئاسـت بـەرز و بەهێـزی جیهانـی لـە دەوروبـەرم بـووم، لەوانـەی کـە باوەڕیـان بـە کتێبـی پیـرۆز نەدەکـرد وەک وشـەی خـودا یـان هاوبەشـی خۆشەویسـتیم نەبـوون بـۆ ئینجیـل.» دەیزانـی کـە توانـای سـنووورداری خوێندنـەوەی دەکرێـت ببەزێندرێـت بـە سـەرنجدانی ورد لـە وشـەکە، دڵنەواییەکـی زۆری وەرگـرت لـە زەبـووری ١١٩: ٩٩.

لەوێـدا داود ڕادەگەیەنێـت: «لـە هەمـوو مامۆسـتاکانم هۆشـمەندتر بـووم، چونکـە لـە یاسـاکانت ورد دەبمـەوە.» (زەبـووری ١١٩: ٩٩). مامۆسـتاکانی بـە وشـەی خـودا دەدووان. بـەڵام داود پێـی وابـوو کـە «ڕامانێکـی ڕاسـتەوخۆ، بـەردەوام، کەسـی، پـڕ لـە خۆشەویسـتی بـۆ خـودی وشـەی خـودا، لـە مێشـکی و لـە دڵیـدا، جۆرێـک لـە دەستنیشـانکردن و جۆرێـک لـە تێگەیشـتن بەرهـەم دەهێنێـت کـە لـە هەڵـەی مامۆسـتاکانی دەپارێزێـت، وە تێگەیشـتنێکی ڕەسـەن و کەسـی و ڕاسـتەقینەی پـێ دەبەخشـێت لـە خـودا و ڕێگاکانـی کـە لـەوە زیاتـرە لـە مامۆسـتاکانی وەریدەگرێـت، یـان ئـەوەی لـە ڕێگـەی لێکۆڵینەوەیـان بەدەسـتیان هێنـاوە.» ئـازاد بـوو لـە «سـایەتی نیعمەتـی زانسـت،» ئەزموونـی «ڕامانـی کەسـی، نوێژکـردن، بەردەوامـی، بیرکردنـەوە، تونـدی، تێـری خۆشەویسـتی»ی کـرد. بـەو هۆیـەوە دەیتوانـی لـە مامۆسـتاکانی زیاتـر ببینێـت. «وە، ڕاشـکاوانە، ئاوڕدانـەوە لـە پەنجـا سـاڵی بـەر لـە ئێسـتا، باوەڕم وایـە ئـەوە

a ئەڵقەی ١٦٥٩: «ئەگەر کتێبی پیرۆز بخوێنینەوە، بۆچی پێویستمان بە وتارەکان هەیە؟» (٣٠ی تەممووزی ٢٠٢١).

ڕاستە. باوەڕم وایە خودا ڕێگەی پێدام شتە جوانەکان ببینم کە زۆرێک لە مامۆستا پێشکەوتووەکانم، تەنانەت زیرەکترینەکانم نەیانبینیوە.»

ئێمە گوێ لە مامۆستاکان دەگرین، بەڵام هەموو شتێک بەپێی وشەکە ئەزموون دەکەین (یەکەم کۆرنسۆس ١٤: ٣٧-٣٨؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ٢١؛ یەکەم یۆحەنا ٤: ١). بەڵام دەبێت چێژ وەربگرین لە خوێندنەوەی وشەکە، بەبێ یارمەتی. «شتێک لە هەستی تامکردنی زمانی ڕۆحتدا هەڵەیە ئەگەر پێویستت بە خواردنی وشەی خودا هەبێت و هەمیشە بە قسەی مرۆڤێکی هەڵەکار چێژی پێ بدەیت.» لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەی کتێبی پیرۆز بەهۆی هەستی کاریگەرەوە دەبزوێت. «ئەگەر هەر جارێک دڵدارێک نامەیەک لە دڵبەرەکەی وەربگرێت، لەبری ئەوەی بیخوێنێتەوە -خوێندنەوەیەکی هێواشی وەک ئەوەی تامی هەموو وشەیەک بکات، دڵ و مێشکی دڵبەرەکەی ئاشکرا بکات- بەدوای کەسێکی دیکەدا بگەڕێت بۆ ئەوەی نامەکەی بۆ بخوێنێتەوە و پاشان باسی نامەکەی بۆ بکات، ئەوا ئەم پەیوەندییە کەموکوڕی هەیە. مەبەستم ئەوەیە ئەمە مەترسیدارە. خوێندنەوەی وردی کتێبی پیرۆز بریتییە لە خۆراکدانی خۆشی، نەک تەنها کەڵەکەکردنی زانیاری.[a]

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە تەواوی ڕێبازی خزمەتەکەی جۆن پایپەر، ئەم دوو تویتە وروژێنەرە لەبەرچاو بگرە. «لە بیستەکانی تەمەنمدا، دەمزانی کە ناتوانم لە مامۆستا گەورەکانم زیاتر بخوێنمەوە. بەڵام من لەم ئایەتەدا دڵم بەهێز بوو کە دەتوانم لەوان زیاتر ڕامان بکەم.[b] دوو ساڵ پێشتر لە تویتێکدا نووسیبووی: «یەک ئاماژەی ڕاستەقینە لە وشەی خوداوە ڕەنگە [وەرزێکی] تەواوی خوێندن لە گەمژەییەکانی مرۆڤ بێدەنگ بکات.»[c]

داوام لە پایپەر کرد کە ئەم تویتانە و ئەو دەقە سەرەکییانەی کە ئیلهامبەخش بوون فراوانتری بکات (زەبووری ١١٩: ٩٧-١٠٠). گوتی ئەم ئایەتانە «زۆر زۆر بەهادارن لەلای من». زەبووری ١١٩: ٩٧ پێناسەی پەیڕەوکردنەکان دەکات. مەیدانەکە دادەمەزرێنێت لە کاتێکدا داود ئاهەنگ دەگێڕێت بۆ شەریعەتی خودا -یان بە شێوەیەکی دیاریکراوتر تەوراتی خودا (תּוֹרָה)، هەموو فێرکارییەکانی (زەبووری ١١٩: ١٨). داود ئاهەنگ دەگێڕێت بۆ هەموو سروشی خودا، نەک تەنها یاساکانی. ئەو دەڵێت: «ئۆی، چەندە حەزم لە هەر شتێکە کە تۆ دەیڵێیت!» بۆیە داود فێرکارییەکانی خودای خۆشدەوێت بە درێژایی ڕۆژ بیری لێدەکاتەوە. لە ماوەی ساڵانی خوێندنی کۆلێژ، پایپەر ئەم سەرنجە دوو لایەنییەی ئەزموون کرد. بە قوواڵی بیری

---

a ئەڵقەی ١٥٣٣: «بۆچی پێویستە کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە لە کاتێکدا مامۆستای کتێبی پیرۆزمان هەیە لە ڕێگەی سەرهێڵەوە؟» (٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠).

b (JohnPiper@)، تویتەر، ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٠. جۆن پایپەر.

c (JohnPiper@)، تویتەر، ١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٨

لـه دەقـەکان دەکـردەوە. وە ئـەوەی دەیبینـی، خۆشـی دەویسـت. «وەڵامێکـی دوو لایەنـە» کـە «ڕێـڕەوی ژیانمـی دیـاری کـرد.» هەتـا ئـەو ڕادەیـەی منـی گەیانـدە ئـەوەی «هەمـوو شـتێک کـە کردوومـە، یـان نووسـیومە، یـان قسـەم کـردووە، بەهـۆی دوو گرتنەبـەری وشـەی خـودا بـەم دوو ڕێگایـە لـە قاڵـب دراوە.» ئـەم دوو ڕێـکارە لـە شـەش سـاڵی داهاتـووی خوێندنـی بـاڵادا بەرهەمـی هەبـوو. زیاتـر متمانـەی بەخـۆی هەبـوو لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ دەقـی کتێبـی پیـرۆز، بـۆی دەرکـەوت کـە «بەسـەربردنی چەندیـن کاتژمێـر لـە چاوخشـاندن بـە دەقـەکان -تێکۆشـان، قووڵبوونـەوە، پرسـیارکردن، نوێژکـردن- سـوودی زیاتـری بـۆ مـن هەبـوو لـەوەی ئەگـەر هەمـوو ئـەو کاتانـەم بـە خوێندنـەوەی سـەرچاوە لاوەکییـەکان بەسـەر ببردبـا.»

بۆیـە کاتێـک مامۆسـتاکانی داهاتـوو زیاتـر جەختیـان لەسـەر سـەرچاوە لاوەکییـەکان دەکـردەوە، ئـەو سەرسـام نەبـوو. ئـەو دەیزانـی کـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ کتێبـی پیـرۆز (بـە مێشـک و دڵ) مـرۆڤ ژیرتـر دەکات لـە (١) دوژمـن، (٢) مامۆسـتایان، و (٣) بەسـاڵاچووان. ئـەو پەیڕەوکردنـەی زەبـووری ١١٩: ٩٧ لـە زەبـووری ١١٩: ٩٨-٩٩ بەرهەمـی خۆیـان دەدەن. لێـرەوە، «هەرچەنـدە بـە ڕۆژدتـر و بـە پەرۆشـەوە و بـە خۆشەویسـتییەوە لـە وشـەی خـودا قـووڵ ببیتـەوە، وە لـە تـۆدا قـووڵ ببێتـەوە، ئەگـەری ئـەوە زیاتـرە کـە تـۆ ژیرتـر و ڕوانگـەی وردتـرت هەبێـت لـەو کەسـانەی کـە بـە شـێوەیەکی دیکـە فێربوونیـان بەدەسـتەدەهێنن -تەمەنیـان هەرچەنـدە لـە تـۆ گەورەتـر بێـت.» کەواتـە خـۆت کتێبـی پیـرۆز بخوێنـەرەوە. وە بـۆ هـەر قەشـەیەکی ئاواتخـواز: «ئەگـەر ئـەوان خودایـان خۆشـبوێت و وشـەکەیان خۆشـبوێت، وە ئەگـەر خۆیـان تەرخـان بکـەن بـێ ماندووبـوون بـۆ ڕامـان لـە وشـەی خـودا و بیرکردنـەوە لێی، هەرگیـز ناچـار نابـن بترسـن لـە دوژمنەکانیـان، یـان مامۆسـتاکانیان، یانیـش بەسـاڵاچووان -تەنانـەت لـە جـۆن پایپـەری بەسـاڵاچووش. ئـەوان دەتوانـن، تەنهـا خۆیـان، ئـەوەی پێویسـتیان پێیەتـی بەدەسـتی بهێنـن و وشـەکە ڕابگەیەنـن.»[a]

کەی پشتگوێخستنی کتێبی پیرۆزم دەبێتە گوناە؟

لێـرەدا پێنـج نیشـانە دەخەینـەڕوو، کـە لـە ڕێـگای گۆڕانکارییە ڕۆحییـە سـەرەکییە ناوخۆییەکان دیـاری دەکرێـن، پێویسـتە ئاگاداریـان بین.

١. کاتێـک هیـوا لەدەسـت دەدەیـت. تەنهـا کتێبـی پیـرۆز دەتوانێـت وردەکارییەکـمان پێبـدات سـەبارەت بـە خـودا، خـۆراک بـە باوەڕمـان بـدات، خۆشـیمان پێبـدات و پیرۆزمـان بـکات (یەکـەم سـاموئێل ٣: ٢١؛ یۆحەنـا ١٧: ١٣، ١٧، ٢٠؛ ڕۆمـا ١٠: ١٧).

a ئەڵقـەی ١٧١٣: «خزمەتـی جـۆن پایپـەر لـە یـەک دەقـی کتێبـی پیـرۆزدا» (٣ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٢١). خاڵێکـی پەیوەندیـدار لـە زەبـووری. ١١٩: ١٠٠- تەمـەن یەکسـان نییـە بـە دانایـی (ئەڵقـەی ١٨٦٧: «دەرفەتێـک بـدە بـە گەنجانـی مەسـیحی بـۆ ڕابەرایەتـی» [٢٨ی تشرینـی دووەمـی ٢٠٢٢]).

«لـه هـەر شـوێنێک کەمبوونـەوەی خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز هەبێـت بەهـۆی لەدەسـتدانی هیـوا لـه بینینـی خـودا، وە متمانەکـردن بـه خـودا، شـادبوون بـه خـودا و پیـرۆزی -وەک ئـەوەی ئـەو شـتانە بـێ بایـەخ بـن یـان دەربڕینـی نەبێـت- گونـاه ڕاگـی داکوتـاوە.»

٢. کاتێـک بەبـێ بـاوەڕی دەخوێنیتـەوە. «کەمـی خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز و ڕامـان، دەبێتـه گونـاه کاتێـک بەهـۆی بێهیواییـه لـه کتێبـی پیـرۆز، چونکـه بـاوەڕی بـەدوادا نەهاتـووە، بەڵکـو وەک کارێکـه بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی خـودا.» خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـه پاڵنـەری خۆڕاستودروسـتی چارەنووسـەکەی شکسـتە. لـه بەرامبـەردا، بەرنامـەی بەردەوامـی خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز تەنهـا لـه خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆزدا گەشـه دەکات، ئەگـەر بزانیـن کـه «ئـەو ڕاسـتییە گەورەیـەی کـه لـه مەسـیحدا خـودا لـه سـەدا سـەد بـۆ ئێمەیـه.» کاتێـک بـاوەڕ لاواز دەبێـت، وە واز لـه خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز دەهێنیـن لـەدوای ڕەوابوونـی تەواومـان بـه خوێنـی مەسـیح، خوێندنەوەمـان کـەم دەبێـت.

٣. کاتێـک لـه بەرهەمـی خوێندنەوەتـەوە واز لـه بەرهەمەکـەی دەهێنیـت. لـەدوای تەواوبوونـی خوێندنـەوەی بەیانیامـان، کتێبـه پیرۆزەکەمـان دادەخەیـن و دەچینـه سـەر کار یـان قوتابخانـه بـۆ ئـەوەی بەگوێـرەی بەرهەمـی ئـەو شـتانە بژیـن کـه بینیومانـه و تامـمان چێژتـووە. «خـودا کتێبـی پیـرۆزی بـۆ ئـەوە داڕشـتووە کـه ڕۆژانـه هـەژدە کاتژمێـر بخوێندرێتـەوە و ئێمـه هیچـی دیکـه نەکەیـن. ئـەو کتێبـی پیـرۆزی وەک داریـک داڕشـتووە کـه بەرهەمـی چێژبەخـش بـدات بـۆ شـکۆمەندی خـودا و چاکـەی کەسـانی دیکـه.» شکسـتهێنان لـه ژیانێکـی بەرهەمـدار لـه خوێندنەوەمـان، بـه تێپەڕبوونـی کات خوێندنەوەمـان تێکـدەدات.

٤. کاتێـک چێـژی وشـه ئاشـکراکراوەکانی خـودا لـه دەسـت دەدەیـت. خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـەردەوام نابێـت ئەگـەر واز لـه چێـژی شـته خوداییـەکان لـه کتێبـی پیـرۆزدا بهێنیـن. ئێمـه لـه کتێبـی پیـرۆز دووردەکەوینـەوە کاتێـک چیـتر «شـتێکی لـه زێـڕ بێگردتـر و لـه هەنگویـن شـیرینتر» نەبێـت (زەبـووری ١٩: ١٠). «ئـەم چێـژە و ئـەم شـیرینییە بـۆ ئـەوەن کـه ئێمـه بـه ئـازادی و بـه خۆشـییەوە، بـەرەو وشـەکە ڕابکێشرێینـەوە.» بـەڵام کاتێـک ئێمـه «چیـتر ئـەم چێـژە وەرناگریـن، یـان تامـی ئـەم شـیرینییە ناکەیـن، ئـەوا کەمتەرخەمییـه گوناهـه.»

٥. کاتێـک خوێندنـەوەی ڕۆژانـه دەبەسـتیتەوە بـه نموونـه شکسـتخواردووەکان. ڕەنگـه پیاوێـک بناسـیت کـه شـانازی بـه خوێندنـەوەی ڕۆژانـەی کتێبـی پیـرۆزەوە دەکـرد، بـەڵام گەمـژە بـووە. گوناهەکـەی ئـەو نابێـت ببێتـه هـۆی ئەوەی کـه تۆ کتێبـی پیرۆز پشـتگوێ

بخەیت. «ئەوە گەمژانەیە. ناتەواوی پێگەیشتنە. ئاوا مەبە. لەوانە ڕەتکردنەوەی خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆز لەبەر ئەوەی باوکت ئاوای کردووە، هەروەها لە دایکتی داوە. ئەو خراپەکار بووە، وە کتێبی پیرۆزی خوێندۆتەوە. ئەم جۆرەی نەبوونی پێگەیشتوویی سەرکەوتنی پیلانی شەیتانە. ناتەوێت ببیتە خزمەتکاری شەیتان، شوێنکەوتووێکی پێنەگەیشتوو و هەرزەکاری شەیتان.»[a]

ئامانجی کۆتایی لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

کاتێک چیرۆکی جیهان تەواو بوو، سوودی چییە ئەو هەموو کاتژمێرەی کە لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا بەسەری دەبەین؟ ئەو ئامانجە ئێستا پەردەی لەسەر لادەدرێت لەکاتێکدا خودا لە وشەکەیدا و لەڕێگەی وشەکەیەوە کاردەکات. کتێبێکی مردوو نییە. «خودا وشەکەی فڕێناداتە ناو جیهان و دوور بکەوێتەوە و لە دووڕەوە تەماشا بکات بۆ ئەوەی بزانێت چی لێ دێت.» نەخێر، بەڵکو «ئەو چاودێری وشەکەی دەکات بۆ جێبەجێکردنی» (یەرمیا ١: ١٢). ئەو لە ئێستادا وشەکەی لە ئێمەدا جێبەجێ دەکات. لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بۆ هەمیشە دەگۆڕدرێین. وە ئەم گۆڕانە لەپێناو ئامانجێکی گەورەیە، -ئەویش ئەوەیە کە خودا «بە هەرستێکی گەرمەوە بپەرستێت وەک باشترین و باڵاترین بەهای گەردوون، لەلایەن گەلێکەوە کە لە هەموو نەتەوە و هۆزەکانی جیهان کۆکراونەتەوە. کتێبی پیرۆز ئەو شوێنەیە کە تێیدا مرۆڤەکان بە ڕوونی خودا دەبینن، کە ڕۆحی پیرۆز دەیانبزوێنێت بۆ ئەوەی بە تەواوی تامی ئەو بکەن، دەگۆڕدرێن بۆ شێوەی ئەو تاوەکو ئەو پەرستنە گەرمە بەدەستبهێنێت کە شایانییەتی.» بەم شێوەیە، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەی کۆتایی، «خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئامرازێکی پێویست و چارەسەرکەرە لە دەستی خودا.»[b] کەواتە خودا تەنها پێشبینی داهاتوو ناکات، بەڵکو داهاتوو دەزانێت. ئەو داهاتوو دەزانێت، «چونکە پلانی بۆ دادەنێت و جێبەجێی دەکات.» وە «ئەو لە ڕێگەی وشەکەیەوە پلان دادەنێت و جێبەجێی دەکات» (یەرمیا ١: ١٢؛ حزقیێل ١٢: ٢٥).[c] لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا، ئێمە بەشداری دەکەین لە ئاشکراکردنی داڕشتنی کۆتایی خودا بۆ گەردوون.

گواستنەوە لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزەوە بۆ ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز

لەدوای تەواوکردنی خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆز لە بەیانیاندا، بگەڕێوە بۆ خوێندنەوە، ئایەتێک یان دەستەواژەیەک جیا بکەوە، ئەزبەری بکە، ئەو ڕۆژە لەگەڵت بێت. ئەم دەستەواژەیە بکە بە «پەیامێکی سەرەکی کە لەو ڕۆژەدا بۆ خۆت بانگەوازی

a ئەڵقەی ١٣٠٠: «کەی پشتگوێخستنی کتێبی پیرۆز دەبێتە گوناە؟» (٩ی کانونی دووەمی ٢٠١٩).
b ئەڵقەی ٨٣٧: «تیچاوێک لە کتێبی داهاتووی قەشە جۆن» (١٤ی نیسانی ٢٠١٦).
c ئەڵقەی ١٠١٠: «ئایا خودا هەرگیز سەری سوڕماوە؟» (٣ی ئازاری ٢٠١٧).

بۆ دەکەیت، لە مۆبایلەکەت بیرخستنەوەیەک دابنێ بۆ ئەوەی هەموو کاتژمێرێک دینگەی بێت یان بە وزەوزە لە مەچەکتەوە، بۆ ئەوەی پێت بڵێت ئەو شمشێرەی خوێندنەوەی بەیانیانت هەڵبکێشە، بە خۆت بیڵێوە، بۆ خۆت بانگەوازی بۆ بکە، بە عیسا بڵێ «سوپاس» لەسەر ئەوە و بۆ ئەوەی بەڕاستی باوەڕت پێی هەیە.»[a]

هێزی ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز

«من هەرگیز مەسیحییەکی پێگەیشتوو، بەرهەمدار، بەهێز، تێگەیشتووی ڕۆحیم نەبینیوە کە پڕ نەبێت لە کتێبی پیرۆز، خۆی تەرخان نەکردبێت بۆ ڕامانی بەردەوام لە کتێبی پیرۆز، وە خۆی دانەنابێت بۆ پاراستنی لە دڵدا لە ڕێگەی ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆزەوە.[b] ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز «واژووی مرۆڤە پیرۆزکراوەکانە». لە لایەکی دیکەوە، «ئاستی نزمی بایەخ بە کتێبی پیرۆز و ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز نزیکەی هەمیشە شانبەشانی گرنگیدانی زۆرە بە شتە ڕووکەشەکان.»[c] ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز لە ژیانی مەسیحی ڕەسەندا پێشینەییەکی سەرەکییە. خزمەت بە ڕۆح دەکات. بەڵام ئەم بەقوتابیکردنە، پێگەیەکی ناوازەی هەیە بۆ خزمەتکردنی ڕۆحی کەسانی دیکە.

ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز لە دڵ دەبێتە هۆی «کاتی لە ڕادە بەدەر» کاتێک وێنەی دەقێکی سەرەکی دەکێشیت «لە دڵتەوە، لە چاوتەوە بۆ چاو، بەبێ ئەوەی پێویست بکات کتێبێک بکەیتەوە و بیخوێنیتەوە، لە ڕۆحتەوە هەڵدەقوڵێت»، ساتێکی بێ ئامادەکارییە کە «بە گرنگییەوە هەڵدەقوڵێت.» لەنێو دەقە سەرەکییەکان بریتین لە زەبوورەکانی ١٦، ٤٦، ١٢١ و ١٣٠. «چەند جار ئەژنۆم داوە، وە قۆڵم خستۆتە سەر شانی کەسێک کە تازە شکاوە بەهۆی هەندێک گوناە کە ئەنجامی داوە، وە توانیومە نوێژ بکەم و بڵێم، «ئەی یەزدان، ئەگەر گوناهەکان تۆمار بکەیت، ئەی پەروەردگار، کێ دەوەستێت؟» (زەبووری ١٣٠: ٣).[d]

ئێمە لە ڕێگەی وشەی ئەزبەرکراو نیعمەت پێشکەش بە هاوڕێکانمان دەکەین. لە ساڵی ٢٠١٣، لە کۆبوونەوەیەکی بچووکی نوێژکردندا، قەشە جۆن نوێژی کرد لەسەر دەیقی هاوڕێی، کە پیاوێکی تەمەن گەورەتر بوو، نیگەران بوو سەبارەت بە گەشتەکەی بۆ هیندستان بە مەبەستی خزمەتکردنی قەشەکان. «ئێمە لە دەوری دەیڤ کۆبووینەتەوە، خەڵکی نوێژیان کرد، منیش کۆتاییم پێهێنا بە گوتنی: «دەیڤ، مەترسە، من خودای تۆم، چاودێریت دەکەم، بەهێزت دەکەم. بە دەستە ڕاستی خۆم بەرزت دەکەممەوە. ئامین.» من بەڵێنی خودام لە

a ئەڵقەی ١٢٤٥: «چۆن هەموو بەیانییەک خۆشی خۆم لە عیسادا خۆراک بدەم؟» (٣ی ئەیلولی ٢٠١٨).
b ئەڵقەی ١٥١٢: «دە هۆکار بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز هەموو ڕۆژێک» (١٤ی ئابی ٢٠٢٠).
c ئەڵقەی ٢٥٧: «ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز: بنەڕەتی یان ئارەزوومەندانە؟» (١٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).
d ئەڵقەی ١٣١: «ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز وەک خزمەتێک بۆ کەسانی دیکە» (١٥ی تەممووزی ٢٠١٣).

ئیشایا ٤١: ١٠ پێ ڕاگەیاند، وە پێم گوت. هیوادارم ئەو ساتە لە مێشکیدا بزرنگێتەوە: «خودا یارمەتیم دەدات. خودا بۆ من هێزە. خودا نایەوێت من بتۆقم.»[a]

پایپەر لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بە چاوی خۆی هێزی دەقە خوێندراوەکانی بۆ دەرکەوت، کاتێک بۆ یەکەمجار گوێی لە کەسێک بوو کە بەشێکی گەورەی کتێبی پیرۆزی بە ئەزبەر دەخوێنێتەوە. مامۆستایەکی کتێبی پیرۆز قسەکانی عیسای لە دژی نیگەرانی خوێندەوە (مەتا ٦: ٢٥-٣٤). «ئای لەوەی چ کاریگەرییەکی لەسەر من هەبوو!» ئەوە «خاڵی وەرچەرخان» بوو.[b] بووە پابەندبوونێک کە ساڵانێک دواتر وەک قەشەیەک جێگیری کرد کاتێک لە کاتی یادی شێوی پەروەردگار بەشی ٥٣ی لە سیپارەی ئیشایا خوێندەوە. ژنێک لە کۆمەڵەکەدا بەهۆی هێزی ئەو ساتەوەختە لە پرمەی گریانی دا.[c] دواتر گوتی ئەوە هێزی پەیوەندی چاوپێکەوتنییە لە نێوان قەشە و کۆمەڵدا لە کاتی بیستنی کتێبی پیرۆزدا، کە بەهۆی ئەزبەرکردنەوە بووە. پەیڕەوکردنێکی بەهێزە لە شوێنی گشتی و تایبەتدا. ئەگەر لە تەنیشت جێگەی کەوتنی پیاوێکدا ڕاوەستابیت کە لەسەرەمەرگدایە، وە بڕگەیەک بە مێشکتدا بێت، «دەتوانیت تەماشای ڕوخساری پیاوەکە بکەیت کە لەسەرەمەرگدایە و پێنج ئایەتی کۆتایی بەشی هەشتی نامەی ڕۆمای بۆ بخوێنیتەوە. ئەوە زۆر بەهێزترە لەوەی بڵێیت، «باشە، با دەستم بگەیەنمە مۆبایلەکەم -کرتە، کرتە، کرتە، کرتە، کرتەکردن.» لەو ساتەدا، ئەوە تەنها هەستێکی زۆر دوور و زۆر دەستکردە.»[d]

ئاپەکانی کتێبی پیرۆز جێگەی ئەزبەرکردن ناگرنەوە، چونکە ئەزبەرکردن زیاترە لە بەبیرهێنانەوەی سادە. بە ئەزبەرکردن مێشکمان داهەڕێژێتەوە لە ڕێگەی «نقومبوون لە مێشکی خودا». بەهۆیەوە مێشکمان نوێ دەبێتەوە (ڕۆما ١٢: ٢).[e] لە ڕاستیدا، «هیچ شتێک ناتوانێت جێگەی ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز بگرێتەوە لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە بۆی داڕێژراوە -پەیوەندییەک لە نێوان کتێبی پیرۆز و مێشک و دڵماندا دروست دەکات.»[f] ئەم پەیوەندیانە زۆر گرنگن چونکە ڕۆژانە ناچار دەبین لە ژێر فشاردا بڕیار بدەین. زۆرێک لە ژیانمان هەڕەمەکییە. زۆربەی ئەو شتانەی بڕیاریان لەسەر دەدەین، پێشوەختە پلانی بۆ دانەنراوە. لە سەدا ٩٥ی ژیانمان «هەڵڕژان»ـە. ئەگەر ئەوەی لە دڵماندایە باش بێت، لە ژیانماندا چاکە هەڵدەڕژێت. ئەگەر ئەوەی لە دڵماندایە خراپە بێت، خراپە هەڵدەڕژێت.

---

a ئەڵقەی ٣٩: «چۆن دەتوانم یارمەتی هاوڕێکانم بدەم لە خودادا ڕەزامەند بن؟» (٤ی ئازاری ٢٠١٣

b ئەڵقەی ٦٩٠: «حەوت ئاموژگاری بۆ خوێندکارانی کۆلێژ» (٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ٢٥٧: «ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز: بنەڕەتییە یان ئارەزوومەندانە؟» (١٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).

d ئەڵقەی ٢٧٦: «ئایا گەڕانەکانی دیجیتاڵی لە کتێبی پیرۆز پەیوەندی بە ئەزبەرکردنەوە هەیە؟» (١٢ی شوباتی ٢٠١٤).

e ئەڵقەی ٢٧٦: «ئایا گەڕانەکانی دیجیتاڵی لە کتێبی پیرۆز پەیوەندی بە ئەزبەرکردنەوە هەیە؟» (١٢ی شوباتی ٢٠١٤).

f ئەڵقەی ١٧٢٧: «با ئەمساڵ وشەی خودا بە دەوڵەمەندی لە تۆدا ہێنێتەوە» (٥ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢).

هەمان شتە بۆ پەیوەندی نێوان ئەوەی لە دڵماندایە و ئەوەی لە دەمماندایە دێتە دەرەوە (لۆقا ٦: ٤٥). دەبێت گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ناخماندا ڕووبدات ئەگەر بمانەوێت پیرۆزی لە بڕیار و کردار و قسەکردنماندا هەڵبڕژێت. وە بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی تەواوەوە دووپاتی بکەینەوە: ئێمە «دەرفەتی ئەوەمان پیرۆز بین، وەک تۆپێکی بەفر لەناو دۆزەخ،» ئەگەر بە قوواڵی وشەی خودا ئەزبەرنەکەین و ڕامانی لێ نەکەین.[a]

ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز زۆر شت دەهێنێتە دی. تەنانەت لە کتێبی پیرۆزیش دوور بین، کتێبی پیرۆز بەردەست دەخات، پەیوەندیمان لەگەڵ خودا باش دەکات، وە بیرمان لەگەڵ بیری خودا دەگونجێنێت. ڕاستیمان پێ دەبەخشێت بۆ چاککردنەوەی ئازارەکان، چەک بۆ زاڵبوون بەسەر تاقیکردنەوە، قەڵغانێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی درۆ، وە هێزمان پێ دەبەخشێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەیتان. «ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز وا دەکات بە هێزێکی بەرگەنەگرتوو بەرەنگاری شەیتان ببمەوە، خۆم و خێزانەکەم لە هێرشەکانی بپارێزم. بە چی لێی دەدەیت؟ ئەو ملیۆنەها جار لە تۆ بەتواناترە. وە ئەو ڕقی لە تۆ و خێزانەکەت و هاوسەرگیرییەکەت و کڵێسا و خوداکەی تۆیە. هەر کەسێک چۆن دەتوانێت لەنێو ئەو جیهانەدا بڕوات کە شەیتان فەرمانڕەوایەتی دەکات بەبێ ئەوەی شمشێرێکی لەدەست بێت؟»[b]

پێویستە خوێندکارانی کۆلێژ کتێبی پیرۆز ئەزبەربکەن، چونکە دە خولەک لە ڕامانی بەیانیان بەداخەوە بەس نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاقیکردنەوانەی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبینەوە. جەنگی ڕۆحی پێویستی بە ئەزبەرکردنێکی ڕژدی کتێبی پیرۆز هەیە. «بەشەکان ئەزبەر بکەن. تەواوی سیپارەکان ئەزبەر بکەن. وتاری سەر چیا ئەزبەر بکەن. زەبووری دیاریکراو ئەزبەر بکەن. گومانم لەوە هەیە لەو سەردەمەدا کەسێک لە دژی کەلتوور بوەستێتەوە -یان لە بەرژەوەندی کەلتوور- بەبێ ئەوەی بەگوێرەی پێویست کتێبی پیرۆزی ئەزبەر نەکردبێت.[c]

پێشنیاری ئەزبەرکردن

ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز «واژووی مرۆڤە پیرۆزکراوەکانە.» کەواتە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ لە بەشیکی تەواوەوە دەست پێ بکە، لە بەشی هەشتی نامەی ڕۆما، «پێدەچێت گەورەترین بەش بێت لە کتێبی پیرۆزدا» وە بەشێکی «هەمیشە پەیوەندیدارە.» بەشی هەشتی ڕۆما هەموو شتێک دەگرێتەوە لە ڕەوابوونمانەوە، ئەو ئاشتییەی کە دەیهێنێت، کۆتایی ترس لە حوکمدان، لاوازی جەستە، وە هیوامان بە زیندووبوونەوە و شکۆمەندی

a ئەڵقەی ٤١١: «کلیلی گوێڕایەڵیی مەسیحی» (٢٠ی ئابی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ٤٧٦: «پاڵنەرە باشەکان بۆ ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز» (١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤).
c ئەڵقەی ٦٩٠: «حەوت ئاموژگاری بۆ خوێندکارانی کۆلێژ» (٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

-هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی ڕاستی ئێستای ئازار و ناڵەماندایە، لە کاتێکدا چاوەڕێی گەڕانەوەی مەسیح دەکەین.[a] لە سەرەتای قەدەغەکردنی هاتوچوو بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا (٢٠٢٠)، قەشە جۆن پێشنیاری کرد کە هەموومان ئەو کاتە زیادەیە لە ماڵەوە بەکاربهێنین بۆ ئەزبەرکردنی بەشی هەشتی نامەی ڕۆما، کە بڕگەیەکی بنەڕەتییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ترس و لایەنە نەزانراوەکانی پەتاکە کە لە ئارادایە.[b]

هەروەها خۆشەویستی گرنگە، پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی ژیانی مەسیحی، بە ڕادەیەک «زۆربەمان پێویستە تەواوی بەشی سێزدەی یەکەم نامەی کۆرنسۆس» ئەزبەر بکەین، کە «گرنگترین بەشی کتێبی پیرۆزە سەبارەت بە خۆشەویستی.» ئەم دەقەکە بە تایبەتی بۆ هەر کەسێک گرنگە کە لەگەڵ ڕۆحێکی ڕەخنەگرانەدا تێکۆشان دەکات. ئەم بەشە ئەزبەر بکە و ببینە کە تەواوی ژیانت دەگۆڕێت. «وای کە سەرسوڕهێنەرە! بیلّێ و بیلّێوە، نوێژی بۆ بکە و بەردەوام نوێژی بۆ بکە، هەتا دەگۆڕدرێیت. وە خودا چاکت دەکاتەوە لە زۆرێک لە ڕۆحی زۆر ڕەخنەگرانەت.»[c]

لەپاڵ زەبوورە سەرەکییەکان، ئیشایا ٥٣، ڕۆما ٨ و یەکەم کۆرنسۆس ١٣، بەڵێنی بچووکتر و تایبەتتر ئەزبەر بکەن. سەملێنراوە کە ئیشایا ٤١: ١٠ بەڵێنی «زۆرترین بەکارهێنراو»ی قەشە جۆنە «لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا.»[d] لە بەرامبەر ئازار و ململانێکانی ژیاندا، «هەزار جار» ئەم دەقەی بەکارهێناوە.[e] دەقێک کە گرنگییەکی مێژوویی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ گواستنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە ژیانیدا لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا.[f] هەر لەو کاتەوە کە چەکی لە دژی دڵەڕاوکێ هەڵبژارد. هەرکاتێک پێش بانگەواز هەستی بە پەرۆشی دەکرد، بیری دەگۆڕا بۆ ئیشایا ٤١: ١٠ بۆ ئەوەی دەنگی خودا ببیستێت. «زۆر جار ئەوەم دەکرد کاتێک هەستام بۆ ئەوەی وتار بدەم. وەک ئەوە بوو پەروەردگار ڕاستەوخۆ تەماشام بکات و بڵێت: «یارمەتیت دەدەم.» من ئەمەم دروست نەکردووە، بەڵکو ئەو پێی گوتم. مەبەستم ئەمەیە لە چاوپێکەوتن بە پەروەردگار لە ڕێگای وشەکەیەوە.[g] پەیوەندی ئەم دەقە بە ژیانەوە بە سێ کردارەکەی دەسەملێندرێت کە ئاماژەیە بۆ «هەموو ئاڵنگارییەک» کە ڕووبەڕووی دەبینەوە. تۆ دەتوانیت لە لاوازیدا بەکاری بهێنیت («بەهێزت دەکەم»)، لە پێویستیدا («یارمەتیت دەدەم»)، یان کاتێک ژیان شەکەتت دەکات

a ئەڵقەی ٢٥٧: «ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز: بنەڕەتییە یان ئاوەزوومەندانە؟» (١٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی SE١٨: «چۆن قسە لەگەڵ منداڵان بکەین دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا» (٣١ی ئازاری ٢٠٢٠).
c ئەڵقەی ١٧١٤: «چۆن دەتوانم بەرەنگاری ڕۆحێکی ڕەخنەگرانە ببمەوە؟» (٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).
d ئەڵقەی ١٨٥٨: «چی ژیانم دەکاتە مەسیحی؟" (٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢).
e ئەڵقەی ٧٩٩: «چۆن ژیانی مەسیحی ڕەسەن بژیم؟" (٢٢ی شوباتی ٢٠١٦).
f ئەڵقەی ١٢٣٢: «بەڵێنە زۆر بەکارهاتووەکانی جۆن پایپەر» (٣ی ئابی ٢٠١٨).
g ئەڵقەی ٥٨٩: «ئایا من دڵەڕاوکێکانم فڕێداوە یان کەڵەکەم کردوون؟» (٥ی ئایاری ٢٠١٥).

(«من پشتگیریت دەکەم»). سێ «کرداری سەرسوڕهێنەر» کە خودا بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی ئامادەبوونی دڵنەوایی خۆی ڕاستەوخۆ بە ڕۆحت بڵێت.[a] دەقەکە بە شێوەیەکی زارەکی ڕابگەیەنە، وەک کردەوەیەکی باوەڕ، گوێت لە خودا دەبێت کە بە شێوەیەکی بیستراو قسەت لەگەڵ دەکات.[b]

دڵنیابە لەوەی ڕۆما ٨: ٣٢ ئەزبەر بکەی -«بەرچاوترین بەڵێن لە دڵمدا»،[c] وە «ڕەنگە خوازراوترین ئایەتم بێت لە هەموو کتێبی پیرۆزدا.»[d] سەرباری ئەوەش، بیر لەوە بکەرەوە کە مەتا ٢٨: ٢٠، ڕۆما ٨: ٢٨، ٢ کۆرنسۆس ١: ٢٠، ٩: ٨، گەلاتیا ٢: ٢٠، فیلیپی ٤: ١٩ و عیبرانییەکان ١٣: ٥-٦ ئەزبەر بکەیت. «پێموایە باشە چەند بەڵێنێک ئەزبەر بکەیت بۆ ئەوەی هەمیشە بتوانیت لەبیرت بێت، گرنگ نییە لە هەرچ دۆخێکدا بیت، بۆ هاندان و پاراستن و هێزە.»[e]

دەقە سەرەکییەکانی کتێبی پیرۆز بۆ سەختترین جەنگەکانی ژیان

باسی دەقە سەرەکییەکان دەکەین کە پێویستە ئەزبەر بکرێن، ئەم شازدە دەقە سەڵماندوویانە زۆرترین سوودیان بۆ قەشە جۆن هەبووە لە ماوەی دەیان ساڵدا، هەریەکەیان «بۆ ژیانی مەسیحی لە هەموو هەوراز و نشێوەکانیدا دانراون.»

١. دەقەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوەس. یەکەم، دەقێکی هۆشداری، «هۆکارێکی زۆر بەهێز» بۆ گەڕان بەدوای بابەتی بەدڕەوشتی لە ڕێگەی سەرهێڵەوە (مەتا ٥: ٢٩). پاشان دەقێکی بەڵێن، کە نەچوونە نێو بابەتی وروژاندنی سێکسی، بینینی من بۆ خودا دەپارێزێت (مەتا ٥: ٨). پاشان دەقێکی دابینکردن (یەکەم پەترۆس ٢: ٢٤). دەسەڵاتی گوناە بەسەرمدا تێکشکاوە. بۆچی بەم گوناهە مەسیح خەمبار دەکەم؟

٢. دەقێک بۆ تەنگانە (زەبووری ٣٤: ١٩). مەرج نییە ئێمە ئازار بچێژین چونکە گوناهمان کردووە. چاکەکارانیش ئازار دەچێژن. وە ئازارەکانیان لە کاتی خودادا کۆتایی دێت.

٣. دەقێک بۆ کاتێک کە خراپ مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت (ڕۆما ١٢: ١٩-٢٠). کاتێک قسەی درۆ لەسەر ئێمە دەگوترێ، چۆن ئارامی دەدۆزینەوە؟ تۆڵەسەندنەوە بۆ خودا بەجێدەهێڵین. بەم دەقە «چەند جار لە تاڵیی ڕزگارم بووە.»

---

a ئەڵقەی ١٢٣٢: «بەڵێنە زۆر بەکارهاتووەکانی جۆن پایپەر» ((٣ی ئابی ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ١٢٣٢: «بەڵێنە زۆر بەکارهاتووەکانی جۆن پایپەر» (٣ی ئابی ٢٠١٨) وە ئەڵقەی ١٧٩٨: «دەقە گرنگەکان بۆ سەختترین جەنگەکانمان» (٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٢).

c ئەڵقەی ١٢٣٢: «بەڵێنە زۆر بەکارهاتووەکانی جۆن پایپەر» (٣ی ئابی ٢٠١٨).

d ئەڵقەی ٥٣٦: «مەترسیەکانی پەرۆشی بۆ ڕابردوو» (١٩ی شوباتی ٢٠١٥).

e ئەڵقەی ١٢٣٢: «بەڵێنە زۆر بەکارهاتووەکانی جۆن پایپەر» ((٣ی ئابی ٢٠١٨).

٤. دەقەکان بۆ ئەو کاتەی هەست بە لاوازی دەکەیت. خودا کارمان بۆ دەکات (ئیشایا ٤٠: ٤). ئەمە «تایبەتمەندی شکۆمەندی خوداکەمانە» بە بەراورد بە خوداوەندە کۆنەکان. خودای ئێمە کۆیلە بەکارناهێنێت بۆ ئەوەی کاری بۆ بکەن، بەڵکو بە پەرۆشەوە کارمان بۆ دەکات! لە ڕاستیدا، چاوەکانی خودا لە گۆی زەویدا دەگەڕێن بەدوای منداڵە ڕاستودروستەکانی، «بەدوای کەسانێکدا دەگەڕێت کە -بە تەواوی توانـاوە- بتوانێت ئەمڕۆ کاریان بۆ بکات» (دووەم پوختەی مێژوو ١٦: ٩).

٥. دەقەکان بۆ ئەو کاتەی هەست بە ناتەواوی دەکەیت. کاتێک هەست دەکەیت بە کەمیی پارە، کات، یان یارمەتی، «دوو ئایەت هەن کە سەدان جار بەکارم هێناوە.» خودا بەڵێن دەدات کە هەر پێویستییەکمان هەبێت دابین دەکرێت (فیلیپی ٤: ١٩). پشت بەوە دەبەستم. بۆیە پارەت خۆش نەوێت. لە خەڵکی مەترسە. ڕازی بە. بۆچی؟ چونکە خودا لەگەڵتە (عیبرانییەکان ١٣: ٥-٦) وە بوونی خودامان «ئەوپەڕی خۆشییە.»

٦. دەقێک بۆ کاتێک هەست بە تەنهایی دەکەیت (یەکەم پەترۆس ٥: ٦-٧). خودا دەستێکی بەهێز و بەتوانای هەیە. وە ئەو گرنگیت پێدەدات -بە تۆی بچووک. «بۆیە لە ساکاری پاشەکشە مەکە، پێت وابێت ئەگەر ساکار بیت زۆر لاواز دەبیت.» نەخێر، «هەموو دڵەڕاوکێیەکی تۆ دەچێتە سەر شانە فراوانەکانی خودا.» چونکە ئەو گرنگیت پێدەدات!

٧. دەقەکان بۆ ئەو کاتەی کە پێت وایە خودا لێت بێزارە. لە ڕاستیدا، خودا مکوڕە لەسەر ئەوەی بە «ڕەزامەندی خۆی» بەرەکەتت پێ ببەخشێت (لۆقا ١٢: ٣٢). «خودا زۆر حەزی لە گرنگیدان بە تۆیە.» دڵخۆشە بە چاکەکردنی لەگەڵمان (یەرمیا ٣٢: ٤١). «خوا لەوە زیاتر دەڵێت کە دڵخۆشە بە چاکەکردن لەگەڵمان، بە هەموو دڵی و بە هەموو ڕۆحی خۆیەوە؟ هیچ شتێک نییە لە هەموو دڵی خودا و هەموو ڕۆحی خودا گەورەتر بێت. ئەمەش ئەوەیە کە لە پشت چاکەکردنی بۆ ئێمە دەیڵێت!»

٨. دەقێک بۆ کاتی ترس (ئیشایا ٤١: ١٠). ئەمە ئەو ئایەتەیە کە «لە تەواوی حەفتا و شەش ساڵی تەمەنمدا زیاتر لە هەموو ئایەتەکانی دیکە چوومەتە سەری.» ئایەتی «ژمارە یەک بۆ ململانێ لەگەڵ ترس.» دەنگی خودایە کە ڕاستەوخۆ بۆت ئاراستەی تۆیە و دەڵێت «من دەیکەم... من دەیکەم... من دەیکەم....» دەقەکە بە شێوەی زارەکی بخوێنەرەوە بۆ ئەوەی گوێت لە خودا بێت کە ڕاستەوخۆ قسەت لەگەڵ دەکات.

٩. دەقێک بۆ خەمۆکی (زەبووری ٤٢: ١١). دەقێکی دیکە کە خودا ڕاستەوخۆ قسە

دەکات. وەک لێپرسینەوەیەک. بۆچی، ئەی ڕۆح، خەمۆکی دایگرتووی؟ پشت بە خودا ببەستە! «ئەی خودایە، لە کاتەکانی خەمۆکیدا دڵنەوایی خۆم داوەتەوە، سەدان و سەدان جار.»

١٠. دەقێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مردن (یەکەم سالۆنیکی ٥: ٩-١٠). لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵیدا، «هەموو شەوێک پێش ئەوەی بخەوم ئەمەم بۆ خۆم خوێندۆتەوە،» هاوشێوەی نوێژی پێش خەوتن «ئێستا من پاڵ دەکەوم بۆ ئەوەی بخەوم». دەقەکە پێمان دەڵێت ئێمە لە تووڕەیی دووریـن و بۆ هەمیشە لە مەسیحدا ئارامین، جا زیندوو بێت یان مردوو. ئەو دەڵێت، ئەم دەقە هێندە بەهێزە، ئەگەر لەم نێوەندەدا بیرۆکەکەی نەگۆڕێت، «لەسەر کێڵی گۆڕەکەم دەنووسرێت.»

١١. بەڵێنی هەموو بەڵێنەکان (ڕۆما ٨: ٣٢). ئەمە بەڵێنی «گشتگیرە،» کانیاوی سەرچاوەیە بۆ هەموو بەڵێنەکانی دیکەی ئەم لستە. لەبەر ئەوەی مەسیح لەپێناو ئێمە خوێنی خۆی ڕشت، «خودا هەموو شتێک بە منداڵەکانی دەبەخشێت -بە تەواوی هەموو شتێک- پێویستە بۆ هەتاهەتایە پیرۆز بین و لە خۆشحاڵیدا بین.»[a]

ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز چۆن

ئیتر چۆن کەسێک تەواوی بەشی هەشتی نامەی ڕۆما ئەزبەر دەکات؟ سەرەتا بە دابەشکردنی بۆ سی و نۆ ئایەت لە ماوەی سی و نۆ ڕۆژدا، دەست پێ بکە. لە ڕۆژی یەکەمدا دە جار ئایەتی یەکەم بخوێنەرەوە. لێکۆڵینەوە لە هەر وشەیەکی بکە. هەرجارێک، ئایەتەکە بخوێنەرەوە بە جەختکردنەوە لەسەر وشەیەکی جیاواز لە ڕستەکەدا. هەتا دەتوانیت زۆرترین واتا لە هەر دەقێک وەربگرە. پاشان چاوەکانت دابخە و دە جار ئایەتەکە بخوێنەوە. ڕۆژی دواتر، ئایەتی یەکەم دە جار بە ئەزبەر بخوێنەرەوە. دڵنیابە لەوەی بە باشی ئەزبەرت کردووە. پاشان کار لەسەر ئایەتی دووەم بکە، ڕۆژی دواتر بە ئەزبەر دە جار ئایەتەکانی یەکەم و دووەم بخوێنەرەوە. ئیتر بەم شێوەیە بەردەوام بە.[b]

چ وەرگێڕانێک بۆ ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنین؟ قەشە جۆن بە ڕوونی دوو جۆڵەی وەرگێڕانی خۆی لەبیرە -یەکەم لە وەرگێڕانی پاشا جەیمس KJV بۆ وەشانی ستانەردی پێداچوونەوەکراو RSV ؛ پاشان لە وەشانی ستانەردی پێداچوونەوەکراو RSV بۆ وەشانی ستانەردی ئینگلیزی ESV. بە پێچەوانەی بەکارهێنانی چەندین وەرگێڕان لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا، لە ئەزبەرکردندا پێویستە لەسەر یەک وەرگێڕان جێگیر بیت: «ئەگەر دەتەوێت ئەزبەرکردنێکی درێژخایەنت هەبێت، زۆر قورس دەبێت لە

a ئەڵقەی ١٧٩٨: «دەقە چارەنووسسازەکان بۆ سەختترین جەنگەکانمان» (٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٢).

b ئەڵقەی ٢٥٨: «ئاموژگاری کرداری بۆ ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز» (١٧ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).

وەرگێڕانەکانـدا بچیتـە سـەر وەرگێڕانێکـی دیکـە، چونکـە ئەقـڵ لەسـەر داڕشـتنێکی دیاریکـراو ڕادێـت -وە پێویسـتی بەوەیـە لێڕابێـت- لـە هەندێـک وشـەی دیاریکـراو، بـۆ ئـەوەی لـە کاتـی خوێندنـەوەی سـەرقاڵ نەبێـت بـە بیرکردنـەوە لـە وشـەکان، بەڵکـو بتوانێـت سـەرنجی لەسـەر واتاکـە بێـت.» گونجـان گرنگـە. لـە ڕابەرانـی کڵێسـاکەت بپرسـە کـە کام وەرگێـڕان بـۆ ماوەیەکـی درێـژ بەکاردەهێندرێـت. دوور بکـەرەوە لـە بەکارهێنانـی «وەرگێڕانـی تایبەتمەنـد» وە ئـەو وەرگێڕانانـەی بەدرێژایـی سـاڵان سـەلمێنراون: وەشـانی نێودەوڕەتـی نوێ NIV، وەشـانی نوێـی پاشـا جەیمسـی NKJV ، وەشـانی نـوێ سـتاندەردی ئەمریکایـی NASB، وە وەشـانی سـتاندەردی ئینگلیـزی ESV. «دەنگـی تایبەتـی مـن بـۆ وەشـانی سـتاندەردی ئینگلیزییـە ESV، بـەڵام، ڕۆڵەکـەم، زۆر باشـترە هـەر وەشـانێک ئەزبەربکەیـت لـەوی هیـچ وەشـانێک ئەزبـەر نەکەیـت.»[a] باشـترین شـت، ئەوەیـە کـە بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە یـەک وەرگێڕانـی سـەلمێنراوەوە ئەزبـەر بکەیـت چونکـە «هیـچ کەسـێک ناناسـم کـە بـە بەکارهێنانـی چەنـد وەرگێڕانێـک ئەزبەرکردنێکـی ڕژد و درێژخایـەن و بەرفراوانـی کتێبـی پیـرۆزی کردبێـت.»[b]

a ئەڵقەی ٢٥٩: «چ وەرگێڕانێک بۆ ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز؟» (٢٠ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ١٠٠٣: «چەند وەشانی کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە؟» (١٥ی شوباتی ٢٠١٧).

دەربارەی سیاسەت و نیشتمانپەروەری و شەڕەکانی کەلتوور

دەربارەی کڵێسا و وڵات و سیاسەت

مەسیح وەک شمشێرێکی مەجازی هاتە ناو ئەم جیهانە بۆ دابەشکردن. «ئەو وەک جوانی باڵا و خۆشی باڵا و بەهای باڵای گەردوون دێتە ناو جیهان» (مەتا ١٠: ٣٤-٣٩) وە بە دەسەڵاتی باڵای ڕەهاوە دێت، بۆیە لە هەموو خێزانێکدا، وە لە هەموو کارێکدا، وە لە هەموو قوتابخانەیەکدا، وە لە هەموو کڵێسایەکدا، وە لە هەموو پارتێکی سیاسی، وە لە هەموو نەتەوەیەکدا پەیوەستی باڵا و خۆشەویستی باڵا ڕادەگەیەنێت. ئیتر بەم شێوەیە، بە شمشێری دەسەڵاتەکەی، هەموو سۆز و هەموو پەیوەستییەک بە خێزان یان بازرگانی یان قوتابخانە یان کڵێسا یان پارتی سیاسی یان نەتەوەیەک دەبڕێت، کەوا کێبڕکێی لەگەڵ دەکات بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی باڵا لەنێو دڵماندا.»[a]

بڕیارەکانی دەرئەنجامە هەمیشەییەکان لە هەموو ساتێکدا دەردەکەون. قەشە جۆن لە سەرەتای ژیانیدا شایەتی قورسایی ئەم ڕاستییە بوو. «کاتێک کوڕێکی بچووک بووم نزاکانی باوکم بارگاوی بوون بە شکۆمەندی خودا.» ژیان و خزمەتەکەی بیل پایپەر شایەتی «بەدیهێنراوی کەوتووە ناو گوناهی خودا زۆر پێویستی بە ڕزگاری بوو بە ئینجیل. بە دەربڕینێکی دیکە، من لە ماڵێکدا گەورە بووم کە شتی گەورەی تێدابوو. ماڵەکە وەها نەبوو کە دەربارەی نوێترین بەرنامەی تەلەفزیۆنی قسە بکەین. قسەکردن لەسەر نوێترین شرۆڤە سیاسییەکان نەبوو. بەڵکو باسی نوێترین ڕزگارکردن بوو لە دۆزەخەوە بۆ بەهەشت بۆ خودایەکی شکۆمەند کە گەردوونی بەدیهێناوە، کە بۆ شکۆمەندی خۆی بوونی هەیە.»[b]

دەربارەی فەرمانڕەوایی ئایینی

هیچ تاکە نەتەوەیەک کاری خودا لەسەر زەوی ئەنجام نادات. «چیتر خودا لە ڕێگەی گەلێکەوە کار ناکات کە وڵاتێکی سیاسی یان قەوارەیەکی نەتەوەیی بێت بۆ ئەنجامدانی کاری شانشینی و بڵاوکردنەوەی ڕزگاری خۆی.» بە دیاریکراوتر، چیتر مامەڵە لەگەڵ ئیسرائیلدا ناکات «وەک بەرجەستەکردنی -لە ڕووی نەتەوەیی و سیاسییەوە- وەک شانشینی خۆی لەسەر زەوی (مەتا ٢١: ٤٣). ئەو شانشینی دەدات بە گەلێک کە بەرهەمەکانی ئەو بەرهەم دەهێنن- واتا کڵێسای عیسای مەسیح. وە بەو پێیەی خودا لە ڕێگەی ڕۆحی خۆیەوە بە وشەی خۆی لە گەلێکدا کار دەکات کە پێی دەگوترێت کڵێسا، ئەوان هیچ

---

a ئەڵقەی ١٤٤٧: «عیسا هات بۆ ئەوەی تووندوتیژی بهێنێت -بەڵام ئەوە بۆ ئێمە واتای چییە؟» (١٦ی ئازاری ٢٠٢٠).
b ئەڵقەی ١٩٢: «دیدگاکەت بۆ ئەرکەکان چۆن گەشەیسەندن؟» (١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).

پێگەیەکیان نییە وەک وڵاتێکی سیاسی، هەروەها هیچ تاکە شوناسێکی نەتەوەییان نییە.» لە مەسیحدا، «ئیتر خودا وەک پاشایەک کار ناکات کە ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی بەسەر گەلێکدا بسەپێنێت کە وەک وڵاتێکی سیاسی یان وەک شوناسێکی نەتەوەیی.»[a]

کەواتە کڵێسا «گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە فەرمانڕەوایی ئایینی و نەتەوەیی کۆن، کە ئاراستەی یەک کۆمەڵی مرۆڤ بوو -واتا ئیسرائیل- گۆڕا بۆ جۆرێکی نوێ لە خەڵک کە پێکهاتەیەکی سیاسی نین» و « پێکهاتەیەکی نەتەوەیی نییە کە سەرکردەیەکی سیاسی یان میری حوکمڕانی بکات». بەڵکو «گەلێکن کە وەک دەربەدەرەکان پەرش و بڵاون و دوور لە ئاسمان، زێدی خۆیان، لەسەر زەوین، تێکەڵ بە هەموو نەتەوەکانی جیهانن، لەگەڵ پاشایەک لە ئاسمانە نەک لەسەر زەوی.» کڵێسا بە شێوەیەک کارناکات «وەک ئیسرائیل کاری دەکرد، وەک دەزگایەکی حکومی نیشتمانی یان سیاسی،» هەر بۆیەش «بیروباوەڕەکانی بە زەبری بە شمشێر ناسەپێنێت».[b]

ئەم گۆڕانکارییە کاریگەری لەسەر ڕۆڵی شارستانی شەریعەتی موسا هەیە -«ئەو شەریعەتانەی کە وەک وڵاتێک مامەڵەیان لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکرد چیتر بەو شێوەیە جێبەجێ ناکرێت، بەو پێیەی گەلی خودا چیتر پێکهاتەیەکی سیاسی نین.» ئێستا خودا لە ڕێگەی کڵێساکەیەوە لە جیهاندا کاردەکات. بۆ نموونە، ڕێکارەکانی بێبەریکردن لە کڵێسای پەیمانی نوێ جێگەی ڕێکاری لەسێدارەدانی ئیسرائیلی پەیمانی کۆن دەگرێتەوە. وە عیسا ڕایدەگەیەنێت هەموو خواردنەکان پاکن، «واتە ئەو شەریعەتانەی کە ڕۆژانێک ئیسرائیلیان وەک گەلێکی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و سیاسی لە جیهان پێناسە دەکرد، ئیتر بەو شێوەیە پەیڕەو ناکرێت» (مەرقۆس ٧: ١٩).[c]

ئایا مەسیحییەکان دەبێت شۆڕش هەڵبگیرسێنن یان بە بێدەنگی بژین؟

مەسیح هات بۆ ئەوەی شمشێری دابڕین بهێنێتە جیهان (مەتا ١٠: ٣٤). بەڵام پۆڵس ڕامان دەسپێرێت کە بە ئارامی بژین (یەکەم سالۆنیکی ٤: ١١). کەواتە ئایا مەسیحییەکان شۆڕش هەڵدەگیرسێنن یان بە ئارامی کار دەکەن؟

ئەمە تەنها گرژییەکی نێوان عیسا و پۆڵس نییە. عیسا پارەگۆڕەوەکانی دەرکرد (مەتا ٢١: ١٢). وە عیسا پێی گوتین کاتێک لە لا ڕوومەتێکیان داین، لا ڕوومەتەکەی دیکەمان ڕابگرین (مەتا ٥: ٣٩). ئەم دوو دەقە لە گێژاودا دەمانهێڵنەوە. پۆڵس داوای لە کڵێسا کردووە، «با ئامانجی ئێوە بەڕێکردنی ژیانێکی ئارام و هێمن بێت. سەرتان لە کاری خۆتاندا بێت و

a ئەڵقەی ٤٦٨: «ئایا خودا لە کتێبی پیرۆزدا ڕایسپاردووین بۆ تۆقاندن؟» (٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ٧٩٥: «ئایا کتێبی پیرۆز داوا لە مەسیحییەکان ناکات هاوڕەگەزبازەکان بکوژن؟» (١٦ی شوباتی ٢٠١٦).
c ئەڵقەی ٦٣٢: «بۆچی بە ڕاسپاردەکانی پەیمانی کۆن چیتر پابەندکار نین؟» (٣ی تەممووزی ٢٠١٥).

بـه دەسـتی خۆتـان کار بکـەن، وەک ڕامانسـپاردوون» (یەکـەم سـالۆنیکی ٤: ١١). هەمـان ئـەم کڵێسـایە لەگـەڵ کەسـانی تەمبەڵـدا خەباتـی دەکـرد کـە دەسـتوەردانیان لـە کاروبـاری کەسـانی دیکـەدا دەکـرد. (دووەم سـالۆنیکی ٣: ١٠-١٢). «پێدەچێـت هەندێـک لـە ئەندامانـی کڵێسـاکە تەمبـەڵ بـن، تـەوەزەل، کار بـۆ بژێـوی ژیانیـان نەکـەن، سـواڵ لـە کەسـانی دیکـە بکـەن، ناوبانگـی کڵێسـا و نـاوی عیسـا لەنـاو کەسـانی دەرەوەدا بزڕێنـن. پێدەچێـت ئـەو ئارامییـەی لـە بیـری پۆڵسـدایە پێچەوانـەی قسـەی بێزارکـەر بێـت -کاتێـک تـۆ خـۆت بـە کەسـانی دیکـە هەڵدەواسـیت کـە هەوڵـی ئەنجامدانـی کارەکانیـان دەدەن و تـۆ هیـچ کارێـک ناکەیـت. تەنهـا شـتێک کـە تـۆ دەیکەیـت قسـەکردنە.» لەبـری ئـەوە، پۆڵـس دەڵێـت، دەسـت بکـە بـە کارەکەت، خـۆت بژێنـە و «واز لـەوە بهێنـە مەسـیحییەت وەک بێشـکەی تەمبەڵـی بێـت.» ڕەنگـە ئـەم مەسـیحییە خۆهەڵقوتێنەرانـە وازیـان لـە کارکـردن هێنابێـت، وایـان زانیبێـت کـە گەڕانـەوەی مەسـیح بـەم زووانەیـە. بـە هـەر حاڵێـک، ئـەو ئارامییـەی پۆڵـس پێشـبینی دەکات «پێچەوانـەی -یـان هەڵدەقوڵێـت لـە- کارێکـی سـەرنجدراو و پـەرۆش و بـە قازانـج. ئەگـەر بـە درێژایـی ڕۆژ خشـت دادەنێیـت یـان چـاڵ هەڵدەدەیـت یـان دانەوێڵـە بەبـا دەکەیـت، ئـەوا تـۆ بێزارکـەر نیـت، قسـە لەسـەر کەسـانی دیکـە دەکەیـت و بەسـەر کەسـانی دیکـەدا دەگەڕێیـت و قسـەیان لەگـەڵ دەکەیـت لـە کاتێکـدا هەوڵـی کارکـردن دەدەن، ئەمـە بـاش نییـە.

کەواتـە ئایـا پۆڵـس دژایەتـی بنەمـای ژیانـی ئارامـی کـرد بـە بانگـەوازی مەسـیح و وروژاندنـی ئـاژاوە لـە ئەفەسـۆس (کـردار ١٩: ٢١-٤١)؟ نەخێـر. خەمـی سـەرەکی پۆڵـس لـە سـالۆنیکی «ئـەوە بـوو کـە کەسـە پیـرۆزەکان بـە خۆشەویسـتییەوە بـڕۆن و بەڕاسـتی مەسـیح لـە کۆمەڵگادا شـکۆدار بکـەن، بـۆ ئـەوەی خەڵکـی دەرەوە ببینـن بەڕاسـتی چۆنـە.» ئەمـە خزمەتـە. وە ئەگـەر خزمـەت ئـاژاوەی لێکەوتـەوە، بـا وابێـت. بـا دڵنیابیـن لـەوەی هـەر «ئاژاوەیەکـی گشـتی» بەهـۆی خۆشەویسـتیمان بـۆ خەڵـک و دڵخۆشـیمان بـۆ مەسـیح بێـت.[a]

دەربارەی نیشتمانپەروەری لە پیرۆزگا و قەشەکان لە سیاسەتدا

کۆبوونـەوەی کڵێسـای لـە ڕۆژی یەکشـەممە «دەبێـت بـە شـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر و شـکۆمەندانە لـە سـەرنجی خۆیـدا سـتوونی بێـت.» ئێمـە کۆدەبینـەوە بـۆ ئـەوەی سـەرنجمان لەسـەر خـودا بێـت. بـەڵام ئـەم کۆبوونەوانـە دەکریـت بە شـێوەیەکی ئاسـۆیی بۆ شـتە باشـەکانی دیکـە بچـن: ژیانـی کۆمەڵایەتـی، هونـەر، دراما، منـداڵان، مزگێنیـدان، ئاهەنگـی مۆسـیقایی، یـان چاڵاکیـی سیاسـی. ئەگـەر سـەرنجمان لەسـەر خـودا نەمێنێـت، یەکشـەممە دەبێتـە «سـەرنج لەسـەر مـرۆڤ» و «سـەرنجی سـتوونی کاڵ دەبێتـەوە.» ئێمـە پێویسـتمان بـە چاڵاکـی سیاسـی هەیـە، بـەڵام نـەک بەیانـی یەکشـەممە.[b] پەیمانـی دڵسـۆزیمان، تەنانـەت ئاڵاکانـی ئەمریـکاش،

a ئەڵقەی ٦٩٥: «ئایا مەسیحییەکان دەبێت شۆڕش هەڵبگیرسێنن یان تەنها بە هێمنی بژین؟» (٢٩ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ١٠٦: «ڕۆژانی یەکشەممە چەندە دەبێت مزگێنیدەری بێت؟» (٦ی حوزەیرانی ٢٠١٣).

«پەیوەست نییە بە خزمەتی پەرستش کە بانگەواز دەکرێت بۆ تیشک خستنە سەر ئەو پەیمانە ڕەهایەی ئێمە بۆ عیسا هەمانە.»[a]

ئەو قەشانەی کە ڕابەرایەتی کڵێسا زۆر نیشتمانپەروەرەکان دەکەن دەتوانن بە درێژایی ساڵان و دەیان ساڵ سەرنجەکە دابڕێژنەوە. (١) بانگەوازی پەروەردگاری مەسیح بکە. «بە پشوودرێژییەوە، هەفتە بە هەفتە، بانگەوازی وتاری تێر لە کتێبی پیرۆز، سەرنج لەسەر خودا، شکۆمەندی مەسیح، ساکاری مرۆڤ، بە شێوەیەک سەروەری مەسیح بەسەر هەموو وردەکارییەکی ژیاندا شکۆدار بکەن، وردە وردە، کڵێسا دەست دەکات بە هەڵمژینی ئەو بیرکردنەوەیەی کە باڵاترین سۆزەکانمان و تاکە پەیمانی ڕەهامان بۆ عیسای مەسیحە -ئارەزوومەندانە، بە تامەزرۆییەوە، بە خۆشحاڵییەوە، بەبێ پەشیمانی، بەبێ پارێزبەندی.» (٢) ڕاشکاو بە سەبارەت بە نارەحەتیت لە هاوڕێیانی ڕابەرت، چونکە «هەتا هەندێکیان لەگەڵت هاوڕا نەبن، هەر گۆڕانکارییەک ڕەنگە بێهودە بێت و لەوانەیە وێرانکەر بێت.» (٣) پێزانینت دەربەرە بۆ جەنگاوەرە دێرینەکانی کڵێسا. با بزانن کە خۆشتەوێن و قوربانیدانەکانیان بەرز دەنرخێنیت. بزانە چەند کەسێکیان دیدگاکەت دووپات دەکەنەوە و یارمەتی ئاراستەکردنەوەی سەرنجی یەکشەممەی کڵێسا دەدەن. (٤) لە ژێر ڕۆشنایی ئازایەتی سەربازیدا، ئاهەنگ بگێڕن بۆ ئەو کەسانەی بە بوێرییەوە لەپێناو پەیامەکە ژیاون و مردوون، «نەک لەپێناو پێشخستنی بنەمای ئەمریکایی، بەڵکو لەپێناو هێنانەدی چاکەیەکی گەورەتر.» (٥) ئاڵاکان لەناو تەلاری کڵێسا لابدە. ئاڵا لە شوێنە هاوبەشەکاندا دابنێ، ئەو شوێنانەی کە مرۆڤەکان لە جیهانەوە دەگوازرێنەوە بۆ پەرستش، پاشان لە پەرستشەوە دەگوازرێنەوە بۆ جیهان.[b]

ئەم بەربەستانە قەشەکان لە هۆشیاری کەلتووری بێبەری ناکەن. قەشەکان دەبێت لانیکەم «کەمێک» لەو پرسانەی لە هەواڵەکانەوە هەیە بیخەنە ڕوو کە بە تایبەتی «بەپەلە و گرنگ» دەردەکەون. ئەم چەند پرسە بەکاربهێنە بۆ ئەوەی گەلەکەت فێر بکەیت لە چۆنیەتی بیرکردنەوە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان. قسە لەسەر پرسەکان بکە، نەک وەک سیاسەتمەدارێک بەڵکو وەک قەشەیەک، «بە ئامانجی نیشاندانی چۆنیەتی بیرکردنەوە و نوێژکردن و مامەڵەکردن لە ڕەگی شتەکانەوە» -ڕەگی سروشتی مرۆڤ و ڕەگی سروشی کتێبی پیرۆز. ئەی قەشە، «لە کتێبی پیرۆز و لە سروشتی مرۆڤ قووڵ ببەوە،» چونکە ئەو دوو بابەتە بریتین لە «خوڕاکی ڕۆژانەت» و «شارەزایی تۆ» و ئەوەیە خەڵکی زۆرترین پێویستیان پێیەتی لە تۆوە.[c]

---

a ئەڵقەی ١٠٦٠: «ئایا پێویستە نیشتمانپەروەری جێگەی خۆی لە کڵێسادا هەبێت؟» (٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ١٠٦١: «چۆن ڕابەرایەتی کڵێسایەکی زۆر نیشتمانپەروەر دەکەیت؟» (٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٧).

c ئەڵقەی ٦٦٢: «پێویستە قەشەکەم چەندە لە ڕووی کەلتوورییەوە نوێ بێت؟» (١٤ی ئابی ٢٠١٥)

حکومەت بۆ سزادانی خراپە و ستایشکردنی چاکە بوونی هەیە. وە کاتێک سەرکردەکانی میللەتێک لەم ئەرکانەیان پاشەکشە دەکەن و ستایشی خراپە دەکەن و سزای چاکە دەدەن، کڵێسا دەنگی بەرز دەکاتەوە. «بەڵێ، دەبێت هەڵوێستی مەسیحی پشتگیری و ملکەچی بێت بۆ حکومەتەکان -حکومەتە ناوخۆییەکان و حکومەتە نیشتمانییەکان. ئەمە بەشێکە لە خواستی خودا. لە لایەکی دیکەوە، دەبێت -لە نووسین و لە قسە و گفتوگۆدا (وە من وتاریش دەخەمە ناو ئەمانە)- بە ئاشکرا ڕووبەڕووی ئەو فەرمانڕەوا و سەرۆکانە ببینەوە کە سزای خراپە نادەن و ستایشی چاکە ناکەن، بە تایبەتی کاتێک شێوازەکە پێچەوانە دەبێتەوە و تێبینی دەکەین کە ئەوان دەست دەکەن بە بەشداریکردن لەو خراپەیەی کە دەبێت سزای بدەن.»[a] بۆ نموونە، ئەم سزایە چوار ساڵ پێشتر دەرکەوت. «زۆر بەداخەوەم بۆ ئەمە، لەبەردەم کچەکانیدا، ئەو [سەرۆک باراک ئۆباما] گوتی مافی یەکسانی بۆ ژنان بەو واتایەیە کە دەبێت، مافیان هەبێت دەستیان بە لەباربردنی کۆرپەلە بگات، ئەمەش بەڕاستی بە واتای یەکسانی مافە بۆ سێکسکردن لە دەرەوەی هاوسەرگیری بەبێ ئەوەی هیچ دەرئەنجامێکی زیاتری هەبێت لەوەی پیاوەکە هەیەتی، ئەمەش شتێکی ترسناکە بۆ گوتن.» وە شایەنی سەرزەنشتکردنێکی ئاشکرایە.[b]

بەڵام لە جیهانێکدا کە لە هەموو ئاستێکدا «ڕاستی سیاسی» بەڕێوەی دەبات -لە توێژینەوەی ڕەگەزەوە، [c] بۆ فێرکاری قوتابخانە حکومییەکان، ڕاپۆرتەکانی ڕاگەیاندن،[d] وە تەنانەت وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز [e]-سەرسام مەبە، ئەگەر سەرزەنشتکردنی ئاشکرامان بۆ گوناە وەک جووڵەیەکی سیاسی لێکبدرێتەوە. بە تایبەتی کاتێک باس لە پابەندبوون دەکرێت بە ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە سێکس و ڕەگەز، جیهان بە پاڵنەرێکی حزبی تۆمەتبارمان دەکات. «هەمیشە کەسانێک هەن کە ئەوەی دەیڵێیت دایدەڕێژنەوە بۆ ئەوەی واتا و کاریگەرییان بە جۆرێک بێت کە تۆ ناتەوێت و مەبەستت نەبووە. خەڵکی ڕێک بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ بانگەوازوکەی عیسادا کرد.» ئەمە وای کرد بکوژرێت. «ئەو ڕۆژە لە ئەمریکادا زۆر لەمێژە تێپەڕیوە کە دەکرا بە ئاشکرا وەک مەسیحییەک دڵسۆز بیت بۆ ڕاستی خودا و ڕەخنەت لێ نەگیرێت.»[f]

لێرەدا جیاوازییەکی سەرەکی دەخەینەڕوو. «دەبێت دەنگی سیاسیمان، بە ڕاگەیاندنی

a ئەڵقەی ١١٢٧: «کەی مەسیحییەکان بەرەنگاری حکومەتێک دەبنەوە کە هاوڵاتیانی بکوژێت؟» (١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ٣١: «چۆنی دەستدرێژی، پەیوەندی خۆشەویستی و هەڕەشەکردن لە ژیانی دایک، کاریگەری لەسەر هەڵوێستی لایەنگری ژیانت هەیە؟» (٢٠ی شوباتی ٢٠١٣).

c ئەڵقەی ٩٨٩: «ئایا پیاوان لە ژنان باڵاترن؟» (١٣ی کانونی دووەمی ٢٠١٧).

d ئەڵقەی ١٧٣٩: «لەخۆگرتنی ڕاستییە ناباوەکان لە سەردەمی ڕاستگۆیی سیاسیدا» (٢ی شوباتی ٢٠٢٢).

e ئەڵقەی ٢٥٩: «چ وەرگێڕانێک بۆ ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆزە؟» (٢٠ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).

f ئەڵقەی ١١٢٥: «ئایا مشتومڕی گشتی لەسەر بەیاننامەی ناشڤیل ئازاری هۆکارەکەی داوە؟» (٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧).

مەترسییەکانی تووڕەیی خودایی لە ڕەگەزی مرۆڤایەتی و شکۆمەندییەکانی ئینجیلی ڕزگاری خودایی و دەوڵەمەندی لەبننەهاتووی مەسیح، فەرمانڕەوای گەلان، وە داوای تۆبەکردن و باوەڕ لە هەموو هاوڵاتییەک و هەموو سیاسەتمەدارێک بکرێت -پڕ بێت لە هەموو ئەوانە- کە بۆ هەمووان ڕوون بێت گرنگییەکانی سیاسەت سەبارەت بە مەسیحی ڕاستەقینە لەبەردەم ئەم ڕاستییە مەزنەدا وەک تەم دەڕەوێتەوە.»[a]

بە گشتی، قەشە دەتوانێت بەشداری مەسیحییەکان لە سیاسەت پێشکەش بکات، وە دەتوانێت خۆی لە گفتوگۆ سیاسییە بەردەوامەکانی سەرهێڵی ئینتەرنێت دووربخاتەوە. بۆیە «من سەد هێندە زیاتر پەرۆشم بۆ بنیادنانی مەسیحییەکان و کڵێسای دڵسۆز، لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز، دژە کەلتووری و بیرکردنەوەی باوی ڕۆحی بن لە ئەمریکایەکی سۆشیالیستیدا، لە ئەمریکایەکی موسڵمان، لە ئەمریکایەکی کۆمۆنیست، لە ڕێگریکردن لە ئەمریکایەکی موسڵمان یان ئەمریکایەکی کۆمۆنیست کە من دەخاتە هەڵوێستێکی زۆر جیاواز لە زۆرێک لە دەنگە گشتییەکان. پەیامی سەرەکی من ئەوە نییە کە یارمەتی ئەمریکا بدەم بۆ ئەوەی هیچ شتێکی دیکە بێت، بەڵام یارمەتی کڵێسا دەدەم کە کڵێسا بێت. من دەمەوێت یارمەتی کڵێسا بدەم کە بنکەیەکی تونڕەوی شانشینی مەسیح بێت، گرنگ نییە لە چ جۆرە ئەمریکایەکدایە یان هەر گروپێکی گەل یان وڵاتێکی دیکەی جیهان بێت.»[b]

لە ڕۆژی دەستبەکاربوونی لە ساڵی ٢٠١٧، قەشە جۆن نوێژی بۆ ڕزگاری و پاراستنی دۆناڵد ترەمپ کرد. نوێژی کرد لەپێناو کڵێسا و کاری ئینجیل. «من نوێژ بۆ ڕابەرە ئینجیلییەکان دەکەم کە ئاهەنگی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ نەگێڕن بەبێ هیچ پارێزبەندییەکی دیار، بەبێ فرمێسک، بەبێ شکست، بەبێ هیچ خەم و پەژارەیەک کە نموونەیەکی ترسناک بێت بۆ ئەم خاکە.» بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی سەرهەڵدان و داڕمانی سەرۆکەکانی ئەمریکا، ئەرکەکەمان ڕەگ و ڕیشەی لە شتێکی گەورەتردا هاتووە. «ئەی پەروەردگار، با وزەکانمان لەبەر نەڕوات لە خەمی ئەم گردۆڵکەی سەرۆکایەتییە، لە کاتێکدا لە عیسای مەسیحدا زنجیرە شاخێکی وەک هیمالایامان هەیە لە نیعمەتە زۆرەکان.» پاشان لەپێناو دەستەی کارمەندانی «خواستی خودا - Desiring God» نوێژی کرد و گوتی، «ئێمە پێکەوە ڕەنگە گەورەترین کاریگەری دروست بکەین بۆ بڵاوکردنەوەی خولیای باڵادەستی خودا، نەک باڵادەستی ئەمریکا یان باڵادەستی ترەمپ یان باڵادەستی کۆمارییەکان یان دیموکراتەکان. هەمیشە هەست بە ئاراستەیەکی ئاسمانی بکەین نەک ئاراستەیەکی زەمینی.»[c]

---

a ئەڵقەی ١٤١٩: «چۆن وەڵامی ئەو بانگەشانە دەدەینەوە کە مەسیحیبوون مەترسیدارە؟» (١٠ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ١٢٦٣: «بۆچی پاپیەر خۆی دەپارێزێت لە سیاسەت و لە هەرچی باو بێت؟» (١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨).

c ئەڵقەی SE١١: «نوێژی جۆن پاپیەر بۆ سەرۆک ترامپ» (٢٠ی کانونی دووەمی ٢٠١٧).

دەربارەی ئەرکە جیهانییەکان و نەتەوەیی بەرتەسک

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا لە (بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە ١٠٦١)، کڵێسای دیلی نەتەوەپەرستی سیاسییە، لە لاواز دەبێت لە مکوڕبوونی مزگێنیدانی. چەندین جار لە مێژوودا، کڵێسا بووەتە «داخراو» و «بێباک لە جیهان». مزگێنیدان دەمرێت کاتێک ئەوانەی خۆیان بە مەسیحی دەزانن، پێگەی خۆیان وەک هەڵبژێردراوی خودا دادەنێن، وە لەگەڵ نەتەوەپەرستییەک تێکەڵی دەکەن سەبارەت بە ڕەگەزێکی دیاریکراو. «عیسا لە سەردەمی خۆیدا ئەمەی بینیوە»، لە لایەنگری جووەکان لە دژی نەتەوەکان. کەواتە، هەر لە سەرەتای کڵێساوە، مەسیح گەلەکەی فێری بیرکردنەوەیەکی جیهانی کرد بە پێزانینی ئەوەی کە چۆن کڵێساکەی دەبێتە خاڵی کۆکەرەوەی نەتەوە بیانییەکان (یۆحەنا ١٠: ١٦؛ ئاشکراکردن ٥: ٩). دیدێکی وەها گشتگیر دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ پاراستنی کڵێساکەی لە بێباکی جیهانی. «ئۆی، ڕەگەزپەرستی زۆرە، ڕەگەزپەرستی زۆر لە ئەمریکا هەیە. ئێمە پێمان وابوو چل ساڵ لەمەوبەر نەمانهێشتووە. بەڵام ماوە. وە تۆ دەزانیت لەناومان نەبردووە. لەناو دڵی تۆدایە، وە لەناو دڵی منداید، وە لە کڵێسادایە. ئێمە پێویستمان بە جیهانبینییەکی جیهانییە بۆ ئەوەی بزانین کە -لە مەسیحدا- ئەو ڕەچەڵەکەی خۆین کە ئێمە بە برا یان خوشکێکەوە دەبەستێتەوە لە ئەفریقا «ڕەچەڵەکێکی خوێنی بەهێزترە» لە پەیوەندی نێوان تۆ و دایک یان باوک یان برا یان خوشکێکی بێباوەڕت.[a]

هەمان وانە لە هاوڕێیەتی بیلی گراهام لەگەڵ مارتن لوتێر کینگ جونیۆردا دەرکەوت. ئەو پیاوانە «لە ڕووی کەلتووری و ئەزموونییەوە هاوڕا نەبوون.» وە ئەوان «لە یەزداناسیدا هاوڕا نەبوون -نە لە دوور و نە لە نزیک.» بەڵام هاوڕێ بوون. وە گراهام کاریگەرییەکانی خۆی بەکارهێنا بۆ کەمکردنەوەی گرژییە ڕەگەزییەکان لە ئەمریکا. ئەو «بە تەواوی ڕەتیکردەوە» کردەی مزگێنیدانی مەسیحی ئەنجام بدات ئەگەر لە ڕووی ڕەگەزییەوە تێکەڵ نەبن، تەنانەت لە سەرانسەری باشووریشدا، بڕیارێک بوو کە لەو کاتەدا «بێ پێشینەیی بوو». گراهام لەسەر مینبەرەوە بە ڕوونی ئەوەی خستەڕوو کە عیسا پیاوێکی سپی پێست نییە. وە پیاوێکی ڕەشپێست نییە. بانگەوازی کرد و گوتی: «مەسیح هی هەموو مرۆڤەکانە. ئەو هی هەموو جیهانە.» بەم شێوەیە گراهام ڕایگەیاند «شکۆمەندی جیهانی و کۆی ڕەگەزەکان بۆ عیسایە. عیسا هی ئەمریکا نییە، بەڵکو هی جیهانە. بۆیە، هاوسۆزی بۆ عیسا هاوسۆزییە بۆ جیهان. هەتا بیلی گراهام زیاتر لەگەڵ عیسا لە نێو گەلانی جیهاندا دەڕۆیشت، کەمتر هەستی بەوە دەکرد ئەمریکاییە، کەمتر بەپێی نەتەوەکەی یان ڕەگەزەکەی دیاری دەکرا.» پوختەی قسەکان: «ڕۆحێکی داخراو،

---

a ئەڵقەی ١٩٢٢: «پلانی مەسیح بۆ جیهان -وە بۆ تۆ» (٥ی نیسانی ٢٠٢٣).

بەرتەسک، سنووردار، دڵێکی خۆش نییە، دڵێکی بەپێی کتێبی پیرۆز نییە بەرامبەر بە هەزاران گەلی جیهان، یەکێک لە پاڵنەرە گەورەکانی چاکبوونەوە لەدەست دەدات بۆ ئاڵنگاری نەتەوەیی لە ڕۆژگاری ئێستاماندا، چ جای لێرە لە ئەمریکا، یان لە هەر شوێنێک لە سەرانسەری جیهان بێت.»[a]

بە تایبەتی لەدوای ١١ی سێپتەمبەر، پێویستە جیهان بیری بخرێتەوە کە ئەمریکا هاوواتای مەسیحی نییە.[b] ئێمە «سەرەتا ئەمریکایی نین، یان کەنەدایی نین، یان بەریتانی نین، یان ڕووسیایی نین، یان نەیجیریایی نین. لە هەموو نەتەوەیەکدا، ئێمە دەربەدەرین (یەکەم پەترۆس ٢: ١١). با ئەمە لە مێشکتدا جێگیر بێت. دەمەوێت لە لوتکەی تەلارێکەوە بۆ هەموو مەیلێکی نەتەوەپەرستی هاوار بکەم: «لە هەموو نەتەوەیەکدا، ئێمە دەربەدەرین!»»[c] دەربەدەری، بە واتای «من بیانیم لە ئەمریکا.»[d] ئەم ناسنامە نامۆیە مەودای چاوەڕوانییەکانی خزمەتەکەی جۆن پایپەر لە مینیاپۆلیس فراوانتر دەکات. «خودا پشتگیری یان هاندەری هیچ جۆرە سەرنجێکی نەتەوەیی یان ڕەگەزی نییە لە گەلەکەیدا. ئێمە پێش هەموو شتێک سەر بە شانشینی ئەوین. ئەوەش هەموو شتێک لە قاڵب دەدات. ئەو بەدوای هەموو گەل و نەتەوە و زمان و کەلتوورەکانی جیهاندا دەگەڕێت. من دەمەوێت ژیانم بۆ جیهان بێت، نەک تەنها بۆ خێڵی نەتەوەیی یان هۆز یان جوگرافی یان کەلتووری خۆم.»[e]

لەبەر ئەوەی پاڵنەر «تێکەڵکردن و یەکخستن»ی ناسنامەی مەسیحیمان لەگەڵ ناسنامە سیاسی، ڕەگەزی، یان نەتەوەیی «هێندە بەهێزە» وە «هێندە وێرانکەرە» بۆ شایەتیدانی ئینجیلەکەمان، ئەوا کڵێسا پێویستی بە «بەرخۆدانی دڵسۆزانە» هەیە لە هەموو نەوەیەکدا. ئێمە پێویستمان بە ناسنامەیەکی مەسیحی هەیە کە «بە باوەڕ و هیوا و خۆشی و خۆشەویستی و پاکی ژیانەوە و گەشە بکات، جا ئەگەر ئەمریکا ڕزگار بێت، یان بەڕازیل ڕزگار بێت، یان بەریتانیا ڕزگار بێت، یان چین ڕزگار بێت، یان ڕووسیا ڕزگار بێت، یان هیندستان ڕزگار بێت.»

ئێمە ناسنامەی خۆمان لە حەوت دەقدا دەبینینەوە. (١) ئێمە سەر بەم جیهانە نین (یۆحەنا ١٨: ٣٦). عیسا گەلەکەی ئاگادار دەکاتەوە کە «زۆر زۆر وریا بن» کە بەکارهێنەر نەبن بۆ شەڕ (ἠγωνίζοντο)، هێز، یان زۆرەملێ بۆ دامەزراندنی شانشینەکەی. «لەم سەردەمەدا، پاشا عیسا بە ڕێگایەکی زۆر جیاواز گەلێک دروست دەکات.» (٢) ئێمە لە مەسیحدا دەناسرێنەوە، کە شاراوەیە (کۆلۆسی ١: ١٣؛ ٣: ١-٤). «بنەڕەتیترین و دیاریکراوترین ناسنامە و شوێنی ئێمە

a ئەڵقەی ١٥٧٦: «مارتین لوتێر کینگ و هاوبەشی دۆزەکەی» (١٨ی کانونی دووەمی ٢٠٢١

b ئەڵقەی SE٣٠: «چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی جۆن پایپەر لە ١١ی سێپتەمبەر» (١١ی ئەیلوولی ٢٠٢١).

c ئەڵقەی ١٨٠٤: «سیاسەت و نیشتمانپەروەری و مینبەر» (٤ی تەممووزی ٢٠٢٢).

d ئەڵقەی SE٣٠: «چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی جۆن پایپەر لە ١١ی سێپتەمبەر» (١١ی ئەیلوولی ٢٠٢١).

e ئەڵقەی ١٥٥٢: «چاودێری خودایی لە ساڵی ٢٠٢٠» (١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠).

شانشینی مەسیحە،» لە ئاسمان، لە دەستەڕاستی خودا -«نەک دەستەڕاستی هیچ دەسەڵاتێکی سەر زەوی.» ئەوەش بەو واتایەیە کە، لە کاتی ئێستادا، ناسنامەکەمان لە جیهانی بینەردا داپۆشراوە. تەنها کاتێک مەسیح «دەردەکەوێت» ئێمە «بە ئاشکرا بەو شێوەیە دەناسرێن کە بەڕاستی کێین.» (٣) ئێمە هاوڵاتی ئاسمانین (فیلیپی ٣: ٢٠-٢١). «هیچ هاوڵاتیبوونێکی زەمینی نییە، چ ئەمریکایی بێت یان ڕووسیایی یان چینی، هیچ پەیمانێکی کۆتایی نییە بۆ ئەوانەی لە عیسای مەسیح دان، هیچ حزبێک، هیچ نەتەوەیەک، هیچ گەلێک، هیچ ڕێبازێک، هیچ بانگەشەیەکی کۆتایی لەسەر ئێمە نییە. دەستووری یەکلاکەرەوەمان وشەی خودایە، نەک بەڵگەنامەیەکی مرۆڤانە.» (٤) ئێمە سەر بە گەل و نەتەوەیەکی نوێین (یەکەم پەترۆس ٢: ٩). ئەمانە «وشەی تێکشکاندنی نەتەوەیی و سیاسین.» ناسنامەکانی ڕابردوومان -گەل و نەتەوەیی- ناسنامەیەکی نوێ لە مەسیحدا جێگەی دەگرێتەوە. «مەسیحییەکان شتێکی نوێن، ڕاسییەکی نوێن، گەلێکی نوێن، نەتەوەیەکی نوێن، هۆز و ڕەگەزێکی نوێن.» (٥) ئێمە بێگانەی نیشتەجێی سەر زەوین (یۆحەنا ١٥: ١٩؛ یەکەم پەترۆس ٢: ١١). بۆ ئێستا ئێمە لە تاراوگە و لە دەربەدەری لەم جیهانەدا دەژین. لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا مەسیحییەکان بێگانەن. (٦) ئێمە خزمەتکاری خودایین (یەکەم پەترۆس ٢: ١٣-١٦). ئێمە وەک مەسیحی، ئازادین -«ئازاد لە ئیمپراتۆرەکان، ئازاد لە سەرۆکەکان، ئازاد لە دەسەڵات و حزبە جیهانییەکان. ئێمە هی خودایین. ئێمە کۆیلەی خودایین، نەک هیچ مرۆڤێک. ئەو خاوەنی ئێمەیە. ئێمە داواکاری ئەو ئەنجام دەدەین.» ئێمە باج دەدەین و پابەند دەبین بە یاساکانەوە چونکە خودا دەسەڵاتی باڵای ئێمەیە، وە پێمان دەڵێت پابەندی یاسا دادپەروەرەکان بین. ئێمە خۆمان دەخەینە ژێر دەسەڵاتی وڵاتەوە «لە پێناوی ئەو و لە سنووورەکانی ئەو.» (٧) ئێمە پەرۆشی جیهانین (مەتا ٢٨: ١٩-٢٠) ئامانجمان بە مەسیحیکردنی نەتەوەکان نییە. ئێمە داوامان لێکراوە بۆ لەئاوهەلکێشان و بەقوتابیکردنی نەتەوەکان. واتا ئێمە لەئاویان هەڵدەکێشین و بەقوتابییان دەکەین (αὐτοὺς)، ئەو خەڵکە جیاوازەی لەنێو ئەو گەلانەدا دەژین. «گەلی پیرۆزی» نوێی خودا لە «هەموو ڕەگەز و نەتەوە و گەلێک پێکهاتووە.»

بێگومان، مەسیحییەکان ناکۆک دەبن دەربارەی چۆنیەتی کاریگەری هەموو ئەمانە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی و لە سندوقی دەنگدان و لە شوێنی کار. بەڵام قەشەکان پێویست ناکات ئەو «هەزاران ڕێگا»یە بدۆزنەوە کە خەڵکە هەمەچەشنەکەت لە «هەوڵە کەلتووری و پیشەیی و سیاسییەکانیان» تووشی دەبن. بەڵکو «ئەم ڕاستییانەی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز و ڕاستی دیکە بڵاو بکەنەوە کە لە کتێبی پیرۆزەوە بە گونجاوی دەزانن. داوا لە گەلەکەت بکە بۆ پەیمانێکی ڕیشەیی بۆ پاشا عیسا، وە متمانە بە ڕۆحی خودا بکەن لە ژیانیاندا.»[a]

a ئەڵقەی ١٨٠٤: «سیاسەت و نیشتمانپەروەری و مینبەر» (٤ی تەممووزی ٢٠٢٢).

دەربارەی مەسیحییە نیشتمانپەروەرەکان

لەگەڵ دەرچوونی ئاڵای نیشتمانی لە پیرۆزگا، ئایا مەسیحییەکان دەبێت نیشتمانپەروەری دەربڕن؟ «ئێمە خۆمان دەربەدەرین، لە تاراوگەین، پەنابەرین لە کەلتووڕێکی پڕ لە پەنابەری» (فیلیپی ٣: ٢٠؛ یەکەم پەترۆس ٢: ١١). چاوەڕێی شوێنێکی نوێ دەکەین. بەڵام هیوای ئەوەمان نییە پێشوەختە لە جیهان ڕزگارمان بێت (یۆحەنا ١٧: ١٥-١٩). لە چاوەڕوانیماندا، ئێمە گەلی خودا و میللەتەکەمان و شارەکەمان و دراوسێکانمان خۆشدەوێت. هەست بە خۆشەویستی (στοργή) دەکەین «ئەم جۆرە سۆز و خۆشەویستییە بۆ داڕێک یان شارێک یان نیشتیمان زمان یان کەلتووڕێکە، چونکە لەگەڵتدا دەگونجێت. کاتێک لێی دەڕوانیت، سواری فڕۆکە دەبیت، دەچیتە وڵاتێکی دیکە، بەڵێ -وروژان و ئالنگاری و هاندانی چوون بۆ شوێنەکانی دیکە هەیە، بەڵام شتێک لە ناخدا هەیە، کە کاتێک دەگەڕێیتەوە ماڵەوە، تەواو هەستێکی نایابی هەیە بۆ ئەوەی خواردن بخۆیت و لەسەر جێگاکەی خۆت پاڵ بکەویت و لە ژووری گوزەرانی خۆتدا بیت و بە شەقامەکانی خۆتدا بڕۆیت و گوێ لە زمانی خۆت بگریت، هەموو ئەوانە پێدەچێت شتێک بن کە خودا ڕەزامەندی خۆی لەسەر دەدات.»

نیشتمانپەروەری پیرۆز تەنها لەدوای ئەوە دەکرێت کە خودا پەیمانی تەواوەکەی ڕادەگەیەنێت. ئێمە لێرەدا دەربەدەرین، وە پشت بەو ڕاستییە دەبەستین کە وڵاتەکەمان لە زۆر ڕووەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بەڵام پابەند دەبین کە نیشتمانپەروەری وەک چەکێک لە دژی کەسانی دیکە بەکارنەهێنین. «شێوازی نیشتمانپەروەریتان هەر چۆنێک بێت، با بە هەستێکی قوواڵەوە بێت کە ئێمە لە وڵاتانی دیکە و کەلتوورەکانی دیکەدا زیاتر بە خوشک و براکانمان لە مەسیح پەیوەستین لەوەی کە بە نزیکترین هاوڵاتی بێباوەڕمان یان ئەندامی خێزانەکەمان لە وڵاتی دایک یان لە گەڕەکەکەدا پەیوەستین.»[a]

کەواتە «هەرگیز هەست بە وابەستەیی زیاتر بە وڵاتی ڕەچەڵەکەکەت یان هۆزەکەت یان خێزانەکەت یان نەتەوەکەت مەکە لەوەی کە تۆ لەگەڵ گەلی مەسیحدا هەتە. هەموو ئەوانەی بە شێوەیەکی بەتین و هەمیشەیی لە مەسیحدا یەکگرتوون لەگەڵ ئەوانەی دیکەی لە مەسیحدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هاوسۆزییەکانی دیکە، نزیکترین لەوەی لەگەڵ نزیکترین هاوشاریمان یان ئەندامی حیزب یان برا یان خوشک یان

a ئەڵقەی ٨٩٣: «ئایا مەسیحییەکان دەبێت نیشتمانپەروەر بن؟» (١ی تەممووزی ٢٠١٦). سەبارەت بە کۆگای خۆشەویستی، سۆز بۆ شار یان وڵاتی دایک یان زمان یان کەلتوور، بڕوانە ئەڵقەی ١٢٥: «نیشتمانپەروەری و مەسیحی» (٤ی تەممووزی ٢٠١٣)، ئەڵقەی ٣٧٨: «سەردانیکەران و نیشتمانپەروەران» (٤ی تەممووزی ٢٠١٤)، ئەڵقەی ٨٩٣: «ئایا مەسیحییەکان دەبێت نیشتمانپەروەر بن؟» (١ی تەممووزی ٢٠١٦)، وە ئەڵقەی ١٤٩٤: «چەندە نیشتمانپەروەری، نیشتمانپەروەریی زیادەیە؟» (٣ی تەممووزی ٢٠٢٠).

هاوسەرەکەماندایە. ئای لەو سووکایەتییە ترسناک و ستەم و کەموکوڕییەی مەسیحی ئەنجام دراوە چونکە باوەڕداران بە مەسیح شکستیان هێناوە لە درکپێکردنی. ئێمە زیاتر پەیوەستین بە باوەڕدارانی دیکە -بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و هاوسۆزی سیاسییان یان ڕەگەزنامەیان- زیاتر لە پەیوەستیمان بە هەر کەسێکی نیشتیمانی دایکمان.» مەسیح «هەموو هاوسۆزییەکانی مرۆڤایەتی و هەموو خۆشەویستییەکانی مرۆڤایەتی کردووە بە ڕێژەیی. هێشتنەوەی مەسیح بە باڵاترین شێوە لە هەستەکانمان، وا دەکات هەموو خۆشەویستییەکانمان لە پلەیەکی بچووکتر بن، نەک خراپتر. لە ژێر ئاڵاکەی ئەو، ڕاستە سوپاسگوزاری خودا بین کە ئێمە نیشتمانێکمان هەیە، خێڵێکمان هەیە، خێزانێکمان هەیە، شوێنێکی کۆنمان هەیە کە بە باشی بۆمان دەگونجێت.»[a]

دەربارەی دەنگدان بە سیاسەتمەدارە گەندەڵەکان

دەنگدانی سیاسی ئێمە دەبێت «پڕبێت» لە ڕاستی -ترسناکی تووڕەیی خودا، ڕزگاری شکۆمەندانەی ئینجیل، دەوڵەمەندی لەبننەهاتووی مەسیح، وە داواکارییە ڕیشەییەکانی سەر هەموو هاوڵاتی و سیاسەتمەدارێک.[b] لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێشینەییانە، شتێکی ترسناکە کە مەسیحییەکان بە تامەزرۆییەوە دەنگ بەو سیاسەتمەدارانە بدەن کە لە نەوەکانی پێشوودا بە «گەندەڵ و لادەر» ناویان هاتووە. پێویستە زۆر وریا بین لە دەنگدان، چونکە «ئەوانەی کە کەسانی بێ ڕەوشت دەخەنە پۆستێکەوە دەریدەخەن کە پلانەکەیان ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی لە پێشینەی بەرهەمەکانی خوداپەرستی دادەنن، وەک ڕێگایەک بۆ ئەوەی جیهان ببێتە شوێنێکی باشتر،» ئەمەش نیشانی دەدات کە «متمانە لە هێزی خودا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ساکاری و پیرۆزییەوە کاربکەین گۆڕاوە بۆ هێزی زیرەکی خۆمان، جا ئەگەر ژیری سیاسی بێت یان درکپێکردنی کەلتووری. پێم وایە ئەم ڕێبازەی ژیان و گۆڕان زۆر کەموکوڕی تێدایە. شانشینی خودا ناهێنێت. وە کەلتوور ناگۆڕێت. گوناهباران حوکم نادات. کاردانەوەی پێچەوانەی دەبێت و متمانەی کڵێسای مەسیحی لەناو دەبات.»[c]

سەرکەوتنی سیاسی دەکرێت کاریگەری پێچەوانەی لەسەر ژیانی مەسیحی هەبێت. خۆراکدان لە وروژاندنی میدیایی بەپەلە و بە پاڵنەری سیاسی دەکرێت سەرنجمان لەسەر پیرۆزی کەسی دوور بخاتەوە. بە دڵنیاییەوە پێشینەییەکانی کتێبی پیرۆز «کاریگەرییان لەسەر ژیانی گشتی و پرسە سیاسییەکان هەیە،» بەڵام کتێبی پیرۆز «جەختێکی زۆر» دەکاتەوە لەسەر هەوڵدانی باوەڕدار بۆ پاکی هاوشێوەیی خودا (لێقییەکان ١١: ٤٤-٤٥؛

---

a ئەڵقەی ١٤٩٤: «چەندە نیشتمانپەروەری، نیشتمانپەروەریی زیادەیە؟» (٣ی تەممووزی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ١٤١٩: «چۆن وەڵامی ئەو بانگەشانە دەدەینەوە کە مەسیحیوون مەترسیدارە؟» (١٠ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠).

c ئەڵقەی ١١٨٧: «ئایا قسەی ناشیرین وامان لێدەکات زیاتر ڕۆبچینە کەلتوورەکەمان؟» (٢٠ی نیسانی ٢٠١٨).

١٩: ٢؛ ٢٠: ٧؛ یەکەم پەترۆس ١: ١٦). ئەم پێشینەییەی پیرۆزی هەموو شتێک لەخۆدەگرێت: چۆن لەگەڵ یەکتر قسە دەکەین، کەسانی دیکەمان خۆشدەوێت، بەرگەی ئازار دەگرین، بەرەنگاریی تاقیکردنەوەی سێکسی دەبینەوە، چاودێری هاوسەرگیریمان دەکەین، بە دەستپاکی کاردەکەین و لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا ڕێز لە مەسیح دەگرین. لەگەڵ ئەوەشدا «من لە ماوەی پەنجا ساڵی ژیانمدا وەک کەسێکی پێگەیشتوو، بینیومە چۆن بابەتی گریمانەی گشتی و ڕاگەیاندنی پێگەی گشتی دەکرێت زۆر گەندەڵی و ناپیرۆزی تایبەت بشارێتەوە. خەڵکی پێیان خۆشە وا بیر بکەنەوە کە لەبەردەم خەڵکیدا دەستیان گرتووە بە پێگەیەکی بەرزی ڕەوشتی، بەڵام لە ڕاستیدا، بناغەکان دەڕووخێن.» ئاگاداری هەر ژەمێکی میدیایی بە کە «خۆت دەبینیتەوە بێکۆتا بیر لە پرسە گشتیەکان دەکەیتەوە لە کاتێکدا جەنگ لەدوای جەنگ لە ئاستی پیرۆزی و پاکی کەسیدا دەدۆڕێیت.»[a]

دەربارەی کۆیلایەتی

کاریگەری قوولّی جۆناسان ئێدواردز (١٧٠٣-١٧٥٨) لەسەر ژیان و خزمەتکردنی پایپەر ئەوەمان بیردەخاتەوە کە تەنانەت گەورەترین یەزدانناسەکانمان بەدەست گوناە و خاڵی لاوازەوە دەناڵێنن. ئێدواردز کۆیلەی بۆ ماڵ و کێڵگەکانی کڕی و خاوەندارێتی کرد، ڕەنگە لە ماوەی ژیانیدا بە گشتی شەش کۆیلەی هەبووبێت. ئەم جۆرە بەشداریکردنە لە بازرگانی کۆیلەدا، بووە «خاڵێکی لاوازی» ئەو، وە «خاڵێکی ڕەش» لە پێگەیشتنیدا، «کەموکوڕییەکی» ڕەوشتی لە دڵیدا، «گێژاوێکی» ڕەوشتی و «شکست»ێک کە بە سادەیی «تێکی دا». شکستەکانی پێنج وانەمان فێر دەکەن. (١) جگە لە عیسا هیچ کەسێک مەپەرستە. سەرسامی خۆت بە مامۆستا هەڵەکارەکان بپێوە. (٢) بە هۆشیاری بخوێنەرەوە. ئێدواردز لە ژیانیدا ئەم خاڵە لاوازەی هەبووە، بۆیە ئاگاداری خاڵە لاوازەکانی دیکە بن لە نووسینەکانیدا. (٣) سەرسام بەوەی خودا هەریەکێک لە ئێمە بەکاردەهێنێت. لەدوای مۆڵەتێکی هەشت مانگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دڵی خۆی، «وەرزی هۆشیاری»ی قەشە جۆن وای لێکرد سەرسام بێت بەوەی «کە من چۆن وەک پیاوێکی ناتەواو سی و سێ ساڵ لە قەشایەتیدا ڕزگارم بوو.» لەگەڵ ئەوەشدا خودا لە ڕێگەی ئەوەوە کار دەکات. «بۆیە، من خێرا ناکەم لەوەی پەنجەم ئاراستەی ئێدواردز بکەم، بەڵام خێرا سەرسام دەبم کە ئەو بەکارهاتووە -وە منیش بەکارهێناوم- و بەمە سەرسامم.» (٤) گەڕان بەدوای گوناهەکانی خۆت و چارەسەرکردنی. ئەو خاڵە لاوازانە بدۆزەرەوە کە نایبینیت و کار بکە بۆ ئەوەی لە ڕەگەوە دەریانبهێنیت. لە پێنج بواردا بە پیرۆزی ڕازی مەبە و ناوچەی شەشەم پشتگوێ مەخە. بەدوای هەموو گوناهێکدا بگەڕێ. (٥) لە دڵەوە نوێژ بکە لەپێناو

a ئەڵقەی ١٦٦٥: «شەش مەترسی پەخشەکان» (١٣ی ئابی ٢٠٢١).

هۆشیاری. لەگەڵ زەبوورنووس نویژ بکە و بڵێ: «کێ لە هەڵەکانی خۆی تێدەگات؟ گوناهە شاراوەکانم ببەخشە» (زەبووری ١٩: ١٢). تەنانەت لەگەڵ گەشەکردنت لە پیرۆزیدا، هەموو کات گریمانەی ئەوە بکە کە خاڵی لاوازی هەیە هێشتا نایانبینیت.[a]

بارگرانی گوناهەکانی باوکەکانمان -گوناهەکانی باوباپیرانی نەتەوەییمان- بارگرانی زۆری لەسەر پاپیەر دانا کاتێک بەنێو کێڵگەکەی هێرمیتاجی ئەندرۆ جاکسۆندا دەگەرا، کێڵگەیەکی گەورە لە دەرەوەی ناشڤیل کە لانیکەم پێنج سەد کۆیلەی بەڵگەنامەدار لەسەر کار بوو. جاکسۆن (١٧٦٧-١٨٤٥) پاڵەوانێکی جەنگ بوو، حەوتەمین سەرۆکی ئەمریکا بوو، خاوەن کۆیلەیەکی دەوڵەمەند بوو، وە «هێزی سەرەکی» لە پشت یاسای لابردنی هیندییەکان بوو لە ساڵی ١٨٣٠، کە هیندییەکانی چێرۆکی، چیکاسۆ، چۆکتا، کریک و سێمینۆلی لە ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵات دەرکرد بۆ پاککردنەوەی زەوییەکە بۆ دانیشتوانی سپی پێست، خاکەکە لە کارۆلینای باشوور بوو کە نیشتیمانی منداڵی پاپیەر بوو. «تەماشای ڤیدیۆیەکم کرد کە بیست خولەک بوو دەربارەی ژیانی جاکسۆن و سەرۆکاتییەکەی، پاشان تابلۆکانی ناو مۆزەخانەکەم خوێندەوە، پاشان بە هەموو گۆڕەپان و باخچەکانی کۆشکەکە و ماڵی کۆیلەکاندا ڕۆیشتم. دیسانەوە درکم بەوە کردەوە کە وڵاتەکەمان لەسەر بەشێکی بەرچاو لە خاکی دزراو و مرۆڤی دزراو بنیاد نراوە -خاکێک کە لە ڕەسەنی ئەمریکایی وەرگیراوە و بە کۆیلەی ئەمریکاییە ئەفریقاییەکان هەڵچێنراوە.»

کەواتە چۆن دەبێت ئەمڕۆ گوناهەکانی باوکانی پێشینامان ببەخشرێت -گوناهی باوباپیرانمان؟ (١) هەموومان لە ئادەمەوە گوناهبارین (ڕۆما ٥: ١٢-٢١). ئەو لە مێشکی ئێمەدایە. (٢) کوڕ تاوانبار نییە لەسەر گوناهی باوکی (دواوتار ٢٤: ١٦). «پێدەچێت خودا لە سەرەتاوە جۆرێک لە یەکێتی لە نێوان ئادەم و هەموو مرۆڤەکاندا دامەزراندووە، بەڵام بە شێوەیەک نییە کە هەموو کوڕەکان بە هۆکاری باوکیان بکەونە ناو گوناە. ئێمە لەگەڵ ئادەم کەوتین، بەڵام من بە هەمان شێوە بەهۆی نەکەوتمە ناو گوناهی بیل پاپیەر.» (٣) تەنها کاتێک کوڕەکە تاوانبار بێت بە هەمان گوناە، کێبێی پیرۆز دەڵێت گوناهەکانی باوک بۆ کوڕەکەی دەچێت. (دەرچوون ٢٠: ٥).

لە بەرامبەر گوناهەکانی ئەندرۆ جاکسۆن، قەشە جۆن بیرکردنەوەکانی لە دوو وەڵام دەربڕی. (١) پێزانینێکی قووڵ بە خۆشگوزەرانی ئێستای ئەمریکا. «من چێژ لە سەدان سوود وەردەگرم بۆ ئەوەی ئەمریکاییم، تەنها لەبەر ئەوەی لێرە لەدایک بووم -لە ڕەنگی پێستم، کاتی لەدایک بوونم، ئەو شوێنەی لێی لەدایک بووم، بۆ ئەو دایک و باوکەی کە لێیانەوە لەدایک بووم. هیچ پەیوەندییەکم بە هیچ کام لەوانە نەبووە، لەگەڵ

a ئەڵقەی ١٣٨: «کۆیلایەتی و جۆناسان ئێدواردز» (٢٦ی تەممووزی ٢٠١٣).

ئەوەشـدا سـوودی لـێ وەردەگـرم.» لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەوە «پێزانینێکـی قوولّـە،» چونکـە «مـن لـە گوناهەکانـی باوباپیرانـی نەتەوەیـی سـەرفراز دەبـم، ڕەنگـە تاوانبـار نەبـم بـە تـاوان ئـەوان، بـەڵام سـوودمەند دەبـم لـەو وڵاتـەی کـە بـە تاوانبـاری خۆیـان بنیادیـان نـاوە.» (٢) شـەرمەزاری لەسـەر ڕەفتـاری کەسـانی دیکـە. کاتێـک منداڵەکانمـان خـراپ ڕەفتـار دەکـەن، هەسـت بـە شـەرمەزاری دەکەیـن. کاتێـک لـە قوتابخانـەی ئامادەییـمان خـراپ مامەڵـەی لەگـەڵ کەمینەیەکـدا دەکرێـت، هەسـت بـە شـەرمەزاری دەکەیـن. کاتێـک مەسـیحییەکان «ناشـیرین مامەڵـە لەگـەڵ موسـوڵمانەکان دەکـەن،» هەسـت بـە شـەرمەزاری دەکەیـن. ئێمـە خەمخۆریـمان بـۆ نادادپـەروەری دەردەبڕیـن، واز لـە گونـاە دەهێنیـن، وە بڕیـار دەدەیـن ڕاسـتی بکەینـەوە.[a]

کوشـتنی مایـکل بـراون لەلایـەن ئەفسـەرێکی پۆلیسـی سـپی پێسـتەوە لـە شـاری فێرگسـۆن لـە ویلایەتـی میـزۆری (٢٠١٤)، تـۆرەییەکـی درێژخایەنـی کۆمەڵگـەی ڕەشپێسـتەکانی لێکەوتـەوە. زنجیرەیەکـی دوور و درێـژی مێـژووی ئەمریـکای وەبیرهێنایـەوە، لەوانـەش کۆیلایەتـی و یاسـاکانی جیـم کـرۆ، چیرۆکێکـی «ناشـیرین و ترسـناک و سـووکایەتی- مەبەسـتم هەتـا ڕادەیـەک کـە مـرۆڤ بـە زەحمـەت دەتوانێـت بێڕێزییەکانـی بـە خەیاڵـدا بێـت.» ئـەم پێشـێلکارییانە «بەشـێکن لـە پێکهاتـەی خۆئاگایـی کەمینـەکان: «دەمێکـە ڕقـمان لێـی دەبێتـەوە. بـۆ ماوەیەکـی زۆر تووشـی خـراپ مامەڵەکـردن بووینـەوە.» وە کەسـانی دیکـە دەڵێـن «دەی. ئەگـەر لـەوە تێنەپەڕیـن، هیـچ پێشـکەوتنێک بەدەسـت ناهێنیـن.» ئـەوە ڕاسـتە. بـەڵام هەڵوەشـاندنەوەی ڕاسـتی هۆشـیاری نییـە، کـە پێویسـتە مامەڵـەی لەگەڵـدا بکەیـن. سـپیپێسـتەکان پێویسـتە ئاگاداربـن کـە هەرگیـز ناچـار نەبووین مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو [مێـژووەدا] بکەیـن، وە ئـەوان [ڕەشپێسـتەکان] هێشـتا مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـەن.»[b]

گوێگرێکـی دیکـە پرسـیارێکی زۆر تەکنیکیـتری کـرد. ئەگـەر پۆڵـس لـە پەیمانـی نوێـدا ڕەوشـتەکانی پەیوەنـدی نێـوان کۆیلـە و گەورەکـەی داڕشـتبێت، کـە ئـەو دایڕشـتووە، ئەگـەر ئێمـەش دامـەزراوەی کۆیلایەتـی وەک گونـاە حوکـم بدەیـن، ئایـا ئەمـە وەک تـەواوکار نابێتـە بابەتـی ڕەوشـتی دیکـەی دامەزراوەیـی لـە داهاتـوودا؟ نەخێـر، نابێـت. (١) پۆڵـس ڕەگـی پەیوەندییەکانـی، نێـر و مـێ، چ لـە کڵێسـا و چ لـە ماڵـەوە، بـە تونـدی لـە چوارچێـوەی ڕێکخسـتنی بەدیهێـنراودا داکوتـاوە (یەکـەم تیمۆسـاوس ٢: ١٢-١٣). لـە بەرامبـەردا، (٢) پۆڵـس «لـە شـێوازی کارکردنیـدا مامەڵـەی لەگـەڵ دامـەزراوەی کۆیلایەتـی نەکـردووە وەک ئاسـایی یـان وەک خـوازراو یـان ڕاسـت. پۆڵـس نەیگوتـووە کـە کۆیلایەتـی -وەک ئـەوەی لـە سـەردەمی خۆیـدا یـان لـە زۆربـەی مێـژوودا و بـە تایبەتـی لـە ئەمریـکادا هەبـووە- ئـەو شـێوازەیە کـە

a ئەڵقەی ٢٤٨: «کۆیلایەتی و ستەم و خۆشگوزەرانی ئەمریکا» (٣ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ٤٢٤: «ئەوەی سپیپێستەکان دەتوانن لە فێرگسۆن فێربن» (٨ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

مەسیحییەکان دەبێت پەیوەندییان بە یەکترەوە هەبێت. بە دەربڕینێکی دیکە، پێویستت بە ڕێڕەوێکی ڕاڤەکاری نییە بۆ ئەوەی لە پۆڵس تێبگەیت کە کۆیلایەتی بەو شێوەیە نییە کە هەیە» (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢١-٢٣؛ ئەفەسۆس ٦: ٩-١٠؛ فیلیی. ١: ١٦).[a]

کۆیلایەتی سیستەمێکی گەندەڵ بوو. بەکۆیلەکردن خراپەیە. وە لەگەڵ ئەوەشدا، خودا بە سەروەری بەسەر کۆیلایەتیدا دەمێنێتەوە. تەنها ئەو دەتوانێت خراپە بگۆڕێت بۆ چاکەی داهاتوو. لە شایەتیدانی پیاوێکی بەکۆیلەکراو بە ناوی یوسف، کە قسەی دەکرد لەگەڵ ئەوانەی بە کۆیلەیان کرد: «مەبەستی ئێوە خراپە بوو بۆم، بەڵام خودا کردی بە چاکە» (پەیدابوون ٥٠: ٢٠). «کاتێک لە پەیمانی کۆن براکانی یوسف ئەویان وەک کۆیلە فرۆشت، گوناهیان کرد.» لەگەڵ ئەوەشدا ئەم خراپەیە پلانە باشەکەی خودای تێکنەدا. یوسف نالێت خودا بۆ چاکە بەکاری هێناوە، بەڵکو مەبەستی بووە بۆ چاکە. براکانی مەبەستیان واتایەکی (خراپە) بوو. خودا مەبەستی واتایەکی (باشە) بوو. لە ڕێگەی خراپەکارییەکی لەو شێوەیە، خودا «ڕزگاری بۆ گەلی خودا هێنایە ئاراوە و ئەو ڕزگاربوونەی کە ڕۆژێک لە ڕێگەی تۆوەوە دێت، کەواتە، بەڵێ، خودا لەگەڵیان بوو و جڵەوگیری دەکرد، حوکمی دەکرد، ئەوەی لەوێ ڕوویدا هێنایە ئاراوە.»[b] «خودا مەبەستی هەبوو. خودا پلانی هەبوو.»[c] خودا ئەو پلانەی بۆ ئاشکرا کردین بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی فراوانتر و کەسی بڵێین «هەمان شتی خراپە لە نیازی کەسێکدا -هەمان ڕووداوە کە خودا مەبەستیەتی بۆ چاکە.»[d]

شایەتیدانی یوسف لەگەڵ چیرۆکی سەروەری خودادا دەگونجێت کە لە یەزداناسیگەرایی دەوڵەمەندی گۆرانی ڕۆحیی ڕەشپێستەکاندا دەگێڕدرێتەوە. «بانگەواز و گۆرانییەکانی کۆیلە ڕەشپێستەکان و کڵێسا ڕەشپێستەکانی دوای شەڕی ناوخۆ، بە کردەوە هەرگیز لە نەهامەتیەکانی ژیانیاندا گومانیان لە خودا نەبوو.» کۆیلایەتی بەرگەی بیر لێکردنەوەی نەدەگیرا؛ سپی پێستەکان تۆمەتبار بوون. «بەڵام خودا؟ ئەو ڕزگارکەر بوو، هەرگیز وەک بێدەسەڵات وێنا نەکرا- وەک ئەوەی بڵێن: «خودا لە کوێ بوو لە کاتێکدا ئێمە بە زنجیر بەستراباوویەنەوە؟"» لەبەری ئەوە، «گۆرانییە ڕۆحییەکان دەربڕینی پەروەردگاری سەروەری مێژوو بوون.»[e]

---

a ئەڵقەی ٤٩٢: «ئایا ڕەوشتی پەیمانی نوێ کۆتاییە یان ڕێکخستنی ڕێڕەوە؟» (١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٦٩٧: «ئایا خودا دەتوانێت سەروەر بێت بەسەر هەموو گوناهێکدا و لە هەمان کاتدا باش بێت؟» (١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ١١٧٠: «پلانە سەروەرییەکانی خودا لە پشت بێ بەرهەمترین ڕۆژەکانت» (١٢ی ئازاری ٢٠١٨).

d ئەڵقەی ١٣٢٧: «سەروەری خودا چییە؟» (٨ی نیسانی ٢٠١٩).

e ئەڵقەی ٥١٢: «بۆچی ژمارەیەکی هێندە کەم بیروباوەڕی کاڤینی هەیە لە ئەمریکایی بە ڕەگەز ئەفریقیایی؟» (١٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٥).

سەبارەت بە پێشکەوتنی ڕەگەزی، هەڵبژاردنی سەرۆک باراک ئۆباما (٢٠٠٨) پێشهاتێکی سەرسوڕهێنەر بوو. «ئەگەر ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر بە خاوەن کێڵگەکانت بگوتبا، یان ئەندامانی کو کلۆکس کلان[a] لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، یان ئەو خەڵکە سپی پێستەی باشوور کە لەگەڵیاندا گەورە بووم -لەوانەش من- کە ئەمە ڕوودەدات، کەس باوەڕی نەدەکرد. ئەمە لەخۆیدا سەرسامی و سەرسوڕهێنەرە، سەرباری هەر جیاوازییەکی ڕەوشتی یان فەلسەفی کە ڕەنگە لە نێوان ئێمە و سەرۆک ئۆبامادا هەبێت. سەرۆکی ئەمریکا ڕەشپێستە، لە ساڵی ١٩٥٩ تەنانەت نەیدەتوانی لە فرۆشگای کرێس فایف ئان تێن سەنت[b] لەگەڵ من هەمان سەرئاو بەکاربهێنێت.»[c]

دەربارەی لەباربردنی کۆرپەلە

هەموو ڕۆژێک لە ئەمریکا بەهێزەکان لاوازەکان دەکوژن. وە ئەمە یاساییە. یاساییە چونکە ئەمریکاییەکان دەستیان گرتووە بە دەسەڵاتێکی خودایی بۆ ئەوەی دیاری بکەن کێ مرۆڤە و کێ کەمتر لە مرۆڤ. «لە ویلایەتی مینیسوتا، وە لە زۆرێک لە ویلایەتەکاندا، نایاساییە ژیانی منداڵێکی لەدایک نەبوو لەناو ببەیت، ئەگەر دایکی منداڵەکەی بیەوێت. لە حاڵەتی یەکەمدا، یاسا وەک مرۆڤێک مامەڵە لەگەڵ کۆرپەلەدا دەکات کە مافی هەیە. لە حاڵەتی دووەم، یاسا وەک نامرۆڤانەی بێ ماف مامەڵەی لەگەڵ دەکات. مرۆڤایەتی، بوونی مرۆڤ، بە خواستی دایک بڕیاری لێ دەدرێت. ئەم «مافە» بۆ پێدانی (یان ڕاگرتنی) بە کەسەکان «لە ڕووی یاساییەوە چەسپێنراوە. بەهێزەکان بڕیار دەدەن کام لە لاوازەکان مرۆڤن. ئێمە ئەوە لە دۆسیەی دژە جووەکانی نازییەکان ڕەتدەکەینەوە. ئێمە ئەوە ڕەتدەکەینەوە لە حاڵەتی کۆیلایەتی کۆنفیدراڵی و ڕەگەزی. ئێمە ئەوە لە دۆسیەی سەربازگە زۆرەملێکانی سۆڤیەتدا ڕەتدەکەینەوە. بەڵام لە دۆخی ئەو کۆرپانەی لەدایک نەبوون، ملیۆنان کەس -ملیۆنان کەس لە کلێسادا، کە ئەوەیە زۆرترین گرنگی پێدەدەم- بنەمای مرۆڤبوون خواستی مرۆڤە بەهێزەکان کەسایەتی دەبەخشێت. ئەگەر بەهێزەکان بڕیار بدەن کام لە لاوازەکان مرۆڤ

---

a کو کلۆکس کلان: (Ku Klux Klan) یان (KKK) کۆمەڵەیەکی نەتەوەپەرستی تووندڕەوی ئەمریکاییە، لە ساڵی ١٨٦٥ دامەزراوە. پشتیوانی دەکات لە سەروەری ڕەگەزی سپیپێست و دژە ڕەشپێست، جوو، کاتۆلیک و ئاوارەکانە. بە تووندوتیژی و هەڕەشەکردن و ترساندنی خەڵک ناسراوە، وە پۆشاکی سپی و دەمامکیان پۆشیوە، وەک تۆقاندنێکی خەڵکی خاچیان سوتاندووە -وەرگێڕ.

b فرۆشگای کرێس فایف ئان تێن سەنت: فرۆشگایەکی هەرزانفرۆش بوو لە ئەمریکا، کە کاڵای بچووکی بە ٥ یان ١٠ سەنت دەفرۆشت. ببوە هێمایەکی جیاکاری ڕەگەزی. ڕەشپێستەکان مافیان نەبوو بۆ بەکارهێنانی هەمان سەرئاو و شوێنی دانیشتن لەگەڵ سپیپێستەکان -وەرگێڕ.

c ئەڵقەی ٣٣١: «مافی شارستانی لەدوای ٥٠ ساڵ» (٣٠ی نیسانی ٢٠١٤). سەبارەت بە جیاوازییە ڕەوشتییە تووندەکان، بڕوانە ئەڵقەی ٣١: «دەستدرێژیکردن، داوێنپیسی خێزانی و هەڕەشەکردن لە ژیانی دایک چۆن کاریگەرییان هەیە لەسەر هەڵوێستت سەبارەت بە لەبارچووادن؟» (٢٠ی شوباتی ٢٠١٣).

بـن، ئەگـەر کۆرپەکـەی بوێـت، ئـەوە منداڵێکـە. ئەگـەر دایکەکـە نەیەوێـت ئـەوا مـرۆڤ نییـە. ئـەو خودایـە.» نەخێـر، ئـەو خـودا نییـە. بەپێـی کتێبـی پیـرۆز، خـودا بەکەسـبوون بـە هەمـوو منداڵێـک دەبەخشـێت -لـە منداڵدانـی دایکیـدا و لـە دەرەوەی منداڵدانیـش (زەبـووری ١٣٩: ١٣-١٦).[a]

لەباربردنـی کۆرپەلـە کارەسـاتێکی ڕەوشـتی مرۆڤانەیـە. تۆڕەمـان دەکات، وە دەبێـت پێـی تـووڕە بیـن. بـەڵام دەبێـت جـۆری دروسـتی تۆڕەیـی پیشـان بدەیـن. تۆڕەیـی مـرۆڤ هیـچ بەدەسـت ناهێنێـت (ئەفەسـۆس ٤: ٣١؛ یاقـوب ١: ١٩-٢٠). بـەڵام «تۆڕەیـی گونجـاو» لەسـەر لەباربردنـی کۆرپەلـە «ڕەنگـە ڕاسـتی زیاتـر دەربـارەی خـودا، دەربـارەی بـاوەڕی مەسـیحی، سـەبارەت بـە کتێبـی پیـرۆز و سـەبارەت بـە مەسـیح بگەیەنێـت لـەوەی کـە بـە نەبوونـی تۆڕەیی دەیگەیەنێـت.» کات و شـوێنێک هەیـە بـۆ دەربڕینـی تۆڕەیـی لەسـەر لەباربردنـی کۆرپەلـە (وە لەسـەر نادادپـەروەری دیکـە)، تۆڕەییەکـی جڵەوگیرکـراو، تۆڕەییەکـی ڕاستودروسـت -تۆڕەییەک کـە هێشـتا دەتوانێـت دوژمنەکـەی خۆشـبوێت، دەربڕینـی خـەم و دڵشـکاوی، ژەهراویـمان نـاکات بـۆ ئـەوەی ببینـە مرۆڤێکـی تـووڕە، وە هاوتەریـب بێـت لەگـەڵ تۆڕەیـی خـودا کـە بەهـۆی ئـەم کوشـتنە بێڕێـز بـووە و لەلایـەن ئەوانـەی بێباکـن لـە سـووکایەتیکردن بـە خـودا. «پێـم وایـە کـە زۆربـەی خەڵکـی هیـچ کاتێـک شـتێکی لـەو جۆرەیـان نەبینیـوە. ئـەوان هیـچ جـۆرە پۆلێنکردنێکیـان نییـە بـۆ ئـەو جـۆرە تۆڕەییـە. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ڕەنگـە تۆڕەیـی ئێمـە شـایەتی بـۆ کەسـایەتی خـودا بـدات کـە ئـەم منداڵـە بچووکانـەی لەسـەر وێنـەی خـۆی بەدیهێنـاوە و لـە سـکی دایکـدا پێکـەوە دەیانبەسـتێتەوە (زەبـووری ١٣٩: ١٣). کاتێـک برێـن و دابڕینـی لەباربردنـی کۆرپەلـە دەسـت پێـدەکات، تەنهـا کۆرپـەکان نیـن کـە پارچـە پارچـە دەکرێـن، بەڵکـو خـودا هێرشـی دەکرێتـە سـەر، کاتێـک شیشـکەکانی چنیـن دەخرێنـە لایـەک و دەسـتەکانی خـودا دوور دەخرێنـەوە لـەوەی کـە لـەوێ کردوویەتـی.»[b]

قەناعەتەکانـی پاپیـەر لـە کتێبـی پیرۆزەوە، بـە دیاریکـراوی پەنـدەکان ٢٤: ١١-١٢، وای لێکرد لە کۆتاییەکانـی سـاڵانی هەشـتاکان و سـەرەتای نـەوەدەکان بەشـداری بـکات لـە خۆپیشـاندانەکانی دژە لەباربردنـی کۆرپەلـە. «ئێمـە زوو هەڵدەسـتاین، لەنـاو پاسـەکاندا کۆدەبووینـەوە و لەبـەردەم نۆڕینگـەی لەباربـردن دادەنیشـتین بـۆ ئـەوەی کـەس نەتوانێـت بچێتـە ژوورەوە یـان دەرگاکـە بکاتـەوە بەبـێ ئـەوەی بەسـەر ئێمـەدا هەنـگاو بنێـت. لـە کۆتاییـدا، تاوانبـار دەکرایـن بـەوەی دەسـتدرێژیمان کردووەتـە سـەر مووکـی کەسـانی دیکـە، وە پێیـان دەگوتـن بچینـە دەرەوە. بـەڵام ئێمـە نەدەڕۆیشـتین چونکـە ئێمـە لـەوێ بووین هەوڵـی ڕزگارکردنـی منداڵانـی

a ئەڵقەی ١٦٥٥: «هەموو ڕۆژێک لە ئەمریکا بەهێزەکان لاوازەکان دەکوژن» (٢١ی تەممووزی ٢٠٢١).

b ئەڵقـەی ٦٧٢: «کـەی پێویسـتە لـە گوناهـە کۆمەڵایەتییـەکان تووڕەییـمان هەڵبڕژیـن؟» (٢٧ی ئابـی ٢٠١٥). سـەبارەت بـە مەترسـییەکانی «تۆڕەیـی ڕاستودروسـت» کـە هەسـتە پیـرۆزەکان دەخنکێنێـت و خۆشـیمان بـە خـودا دەشـێوێنێت، بڕوانـە ئەڵقـەی ١٧١١: «ئایـا تۆڕەیـی ڕاستودروسـت شـادیمان دەکوژێـت؟» (٢٩ی تشرینـی دووەمـی ٢٠٢١).

لەباربردوومان دەدا، بۆیە پۆلیس دەهاتن و ڕایاندەکێشاینە خوارەوە، وە پێیان دەگوتین چیتر وامەکەن، پاشان ئازاد دەکراین. ڕەنگە ئەمە نزیکەی شەش جار ڕوویدابێت، وە یەکێک لەو جارانەش سزای یەک دوو شەو زیندانیکردنمان بەسەردا سەپێندرا.» ئەوە یاخیبوونێکی شارستانی بوو لە ترسی خودا نەک مرۆڤ (ئەستێر ٤: ١٦؛ کردار ٥: ٢٩؛ ڕۆما ١٣: ١-٤). بەڵام خۆپیشاندانەکان بەردەوام نەبوون، بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی «ئێمە، مەسیحییەکان، نەمانتوانی ئەو جۆرە ئازار و هەڵوێستە بپارێزین کە وەک لە زۆرێک لە بزووتنەوەی مافە شارستانییەکاندا هەیە و ڕۆژێک سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. دەنگێکی زۆری ناڕازی هەبوو، لایەنگرانی ژیانی کۆرپەلە، خەڵکێک کە نەیتوانی بێدەنگ بن کاتێک لەلایەن پۆلیس و لایەنگرانی لەباربردنی کۆرپەلەوە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. لەبەر ئەوەی کە ڕۆحی پیرۆز لە زۆر کەسدا کەم بووتەوە، کاردانەوەی لێکەوتەوە و وازیان لە ئامرازێکی کاریگەری ڕزگارکردن هێنا.[a]

خراپەی لەباربردنی کۆرپەلە، هۆلۆکۆست دەهێنێتەوە یاد. هەردووکیان هەڵگرانی وێنەی خودا دەکوژن. هەردووکیان مرۆڤ وەک ئاژەڵ سەردەبڕن -نەخێر، «لە ئاژەڵ خراپتر.» ئەم پەیوەندییە خراپە کاتێک هاتە بیری پاپەر کاتێک سەردانی ئۆردوگای گرتنی داخاوی کرد لە ئەڵمانیا. «من خوێندمەوە و وێنەی مرۆڤەکانم بینی کە لە ساردیدا بەستوویانە هەتا مردوون، بۆ ئەوەی خێرایی بەستنی مرۆڤەکان تاقی بکەنەوە، یان هەڵواسراون، یان خنکێنراون، یان هەموو جۆرە تاقیکردنەوەیەکی ترسناکیان لەسەر کراوە. ئەمە قەسابخانەیەکی خراپتر بوو لە کوشتنی ئاژەڵ. بەو شێوەیەش لەگەڵ کۆرپە لە سکی دایکیدا دەکرێت؛ زۆرینەیان پارچە پارچە دەکرێن.» لە هەردوو قەسابخانەکە بە ملیۆنان کەس کوژراون. هەردووکیان پێ لە کەسایەتی مرۆڤ دەنێن. «ڕەگەزی بێجگە لە ئاریایی زیاتر بە ئاستی ژێر مرۆڤ دادەنرا، یان لانیکەم ئەو جۆرە مرۆڤە نەبوو کە شایەنی ژیانە، ئەوەش ڕێک هەمان ئەقڵی کوشتنی کۆرپەلە هێشتا لەدایک نەبووەکانە.» ڕۆژێک دێت هەردوو قەسابخانەکە بە ترسناکییەوە سەیر دەکرێن. «ڕۆژگارێک دێت کە نەوەکان بە سەرسامییەوە ئاوڕێک لە نەوەکانی ئێمە دەدەنەوە کە باوەڕ ناکەن ڕێگەمان پێداون ئەمە ڕووبدات، زیاتر لەوەی ئێمە ئاوڕ لە ئەڵمانیا دەدەینەوە لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ و سەرسام دەبین کە ئەوە ڕوویداوە.» خودا تۆڵەی هەموان دەکاتەوە.[b]

سەبارەت بەم تاقیکردنەوانەی هۆلۆکۆست، دەبێت بەرەنگاری هەر داهێنانێکی پزیشکی ببینەوە کە بۆ لەباربردنی کۆرپەلە بێت. خراپەی لەباربردن هەرگیز بە پاساوی ئەو سوودە

---

a ئەڵقەی ٩: «دەستبەسەرکردن و زیندانیکردن بۆ دژایەتیکردنی لەباربردنی کۆرپەلە» (٢٢ی کانونی دووەمی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ١٦٠: «ئایا لەباربردنی کۆرپەلە وەک هۆلۆکۆست وایە؟» (٢٨ی ئابی ٢٠١٣).

پزیشکییە باشانە نییە کە ڕەنگە لە ئەنجامدا بێت (ڕۆما ٣: ٨). دەبێت ئامادە بین لە بنەڕەتدا لە دژی ئەم پەیڕەوکردنە بوەستینەوە، بە دیدگایەک سەرنجی لەسەر ژیانی هەتاهەتایی بێت، نەک بە هۆی تەندروستی کاتی خۆمان گوێ بە ئامرازە خراپەکان نەدەین.[a]

منداڵدان «شوێنی کاری خودایە» (ئەیوب ٣١: ١٥؛ زەبوری ١٣٩: ١٣). ژیانی مرۆڤ لە منداڵدانی سکی دایکیدا دەستپێدەکات - لە سەرەتاوە کوڕ یان کچە (لۆقا ١: ٣٦، ٤١). وەک جەستەبوون دەیسەلمێنێت، کەسایەتی تەواو لە سکی دایکیدا دەست پێدەکات، ئەمەش وایکردووە کە دۆسیەی ڕۆی دژی وەید[b] ببێتە «خراپترین فەرمانەکانی دادگای باڵا هەتا ئێستا،» وە «هێرشکردنێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر کوڕی خودا. نەک تەنها لەبەر ئەوەی کوڕی خودا بەدیهێنەری هەموو منداڵانە، -لەبەر ئەوەی ڕۆی دژی وەید مافەکانی بەدیهێنانی مرۆڤ پێشێل دەکات لە کاتێکدا ئەو منداڵانە دەکوژێت کە خودا بەدیدەهێنێت- بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم یاسایەی کە ئەوان دایانڕشتووە، ئەگەر لە سەدەی یەکەمدا جێبەجێ بکرابا، پشتگیری دەکرد لە کوشتنی یاسایی عیسا لە سکی دایکیدا. عیسا کە لە سکی دایکیدا بوو کوڕی خودا بوو. کەواتە، «دەمەوێت بڵێم هەموو ئاشقێکی بەجەستەبوونی عیسا پێویستە ڕقی لە لەباربردن و هاوشێوەکانی بێت، وە هیوادارم پەروەردگار بە نوێژەوە و بە چاڵاکی ئامانهێڵێتەوە هەتا ئەو ڕۆژە دێت کە لەباربردنی کۆرپەلە وەک ئەوەی لێبێت کە ئەمڕۆ بیر لە کۆیلایەتی دەکەینەوە، چونکە کارێکی زۆر وێرانکەرترە.»[c]

بەڵام ئایا دووگیانی بەهۆی دەستدرێژی یاخود دووگیانییەک کە هەڕەشەیە لەسەر ژیانی دایکێک هەڵوێستت ناگۆڕێت؟ نەخێر، دەستدرێژی و داوێنپیسی خێزانی پاساو نین بۆ کوشتنی کۆرپەکە. «لێرەدا کۆرپەکە تاوانبار نییە.» تاوانبار ئەو تاوانبارەیە کە بەرگەی سزاکە دەگرێت. تەنانەت لە خراپترین بارودۆخیشدا، کۆرپەلەکە بەرهەمێکی دانەبڕاوە لە دایکەکە. «بەڵێ، لەلایەن پیاوێکەوە سکڕ بووە کە نەیویستووە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیدا هەبێت، بەڵام کۆرپەکە هی خۆیەتی هەروەک ئەوەی بە هاوسەرەکەی سکڕ بووبێت.» هەر بارودۆخێک بێت سکڕییەکەی بەدوای خۆیدا هێنابێت، دایک و منداڵ بە شێوەیەکی بەتین پێکەوە بەستراوەن. ڕێگا هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی دایکی سەڵت یان بەخێوکەر، لەبەر ئەوەی -«چ بە چاودێریکردنی خۆی یان پێدانی کۆرپەکە بە خێزانێکی

---

a ئەڵقەی ١٥٧٠: «ئایا دەتوانم ڤاکسینێک بەکاربهێنم کە لە کۆرپەلەی لەبارچووەوە دروستکراوە؟» (٤ی کانونی دووەمی ٢٠٢١).

b ڕۆی لە دژی وەید: بڕیارێکی یاسایی بوو لەلایەن دادگای باڵای ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٧٣ دەرکرا، کە مافی بە ژن دەدا بۆ لەباربردنی کۆرپەلە. ڕۆی ناوی خوازراوی ژنێک بوو بە ناوی (نۆرما مەکورفی) کە داواکەی بەرز کردەوە، وە هێنری وید (Wade) داواکاری گشتی تێکساس بوو. ئیتر ئەم یاسایە بەرکار بوو هەتا لە ساڵی ٢٠٢٢ ڕەتکرایەوە، ئیتر هەر ولایەتێک خۆی یاسای لەباربردنی دەرکرد -وەرگێڕ.

c ئەڵقەی ٢٦١: «دژایەتی ڕۆی و وەید هێرش دەکاتە سەر بەجەستەبوونی مەسیح» (٢٢ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).

ئارەزوومەند ئەگەر لە دۆخێکدایە کە ناتوانێت پەروەردەی بکات- ئەوە کەمتر زیان بە ڕۆحی دەگەیەنێت» لەچاو دابڕینی لەباربردن. وە لە حاڵەتی دەگمەندا کە سکپڕییەک مەترسی لەسەر ژیانی دایکەکە دروست دەکات، لە دیاریکردنی هێڵی نێوان «مردنێکی دڵنیا» بۆ دایک یان کۆرپەلەکە، من «زۆر پشت بە دانایی پزیشکە باوەڕدارەکان بە مەسیح دەبەستم بۆ ئەوەی یارمەتیم بدەن لە ڕوونکردنەوە.»[a]

بەڵام ئەگەر کۆرپەکان بچنە بەهەشت، بۆچی لە بنەڕەتدا دژایەتی لەباربردن بکەین؟ ئەوە مشتومڕێکە لەدژی لایەنگرە ئینجیلییەکانی دژە لەباربردنە. «زۆر جار مشتومڕی ئەوەم کردووە کە ئەو کۆرپەلانەی کە دەمرن دەچنە بەهەشت»، نەک لەسەر بنەمای نازداریان، بەڵکو لەسەر ئەو ڕاستییەی کە خودا «ڕەتکردنەوەی بەڵگەی ڕاستی بەردەست دەکاتە بنەما بۆ حوکمدانی کۆتایی،» کە ئەمەش منداڵانی لەدایک نەبوو و کۆرپە ناگرێتەوە (ڕۆما ١: ٢٠). شەش هۆکار هەیە کە لەباربردنی بۆ چوونە بەهەشت پێشێلکارییەکی گەورە بێت. (١) کوشتن کوشتنە، وە کوشتن هەمیشە تاوانێکی گەورەیە (پەیدابوون ٩: ٦). (٢) ئەم لۆژیکە دەکرێت ببێتە پاساوی کوشتنی کۆرپەی شیرەخۆر و منداڵی ساوا. (٣) ئەم لۆژیکە دەکرێت ببێتە پاساوی کوشتنی مەسیحیەک بەرەو بەهەشت بچێت. (٤) ئەم لەباربردنە دەکرێت پێشێلی ڕاگرتنی زۆری نیعمەت دەکات بەهۆی ئەوەی گوناە زۆرە (ڕۆما ٣: ٨؛ ٦: ١). (٥) لەباربردنی منداڵ پێشێلی چاکەی ژیانە لەسەر زەوی، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە بەرەو بەهەشت دەچن (فیلیپی ١: ٢١-٢٥). (٦) لەباربردنی کۆرپەلە پێشێلکردنی خودایە، ڕۆڵی دادوەرێک دەگێڕێت وەک خودایەتی.[b]

ئیتر ئەگەر لەباربردنی کۆرپەلە خراپەکارانە بێت، وە حکومەتەکەم پاڵپشتی بکات، ئایا دەبێت واز لە باجدان بهێنم؟ کتێبی پیرۆز جیاوازی دەکات لە نێوان «خراپەی بە مەبەست» و «بە نەزانین بەشداریکردن لە خراپەدا» (دواوتار ١٩: ٤-٥). بە گشتی، دانی باج دادپەروەرانەیە (ڕۆما ١٣: ١-٧). «پێموایە دادپەروەرانەیە بڵێین کاتێک ئەم نامەیە نووسراوە، قەیسەری ڕۆمانی هەموو ئەو پارەیەی بۆ ئەو کارانە بەکارنەهێناوە کە مەسیحییەکان پەسەندیان دەکرد.» بە کردەوە، هەموو خەرجییەکانی باج بە یەکترەوە پەیوەستن. ئێمە باجی لەباربردن یان باجی ئاسایشی کۆمەڵایەتی یان باجی سەربازی یان باجی خۆشگوزەرانی نادەین، بۆ ئەوەی بتوانین بیدەین یان نا. هەمووی پێکەوە کۆکراوەتەوە. «کەواتە، پەیڕەوکردنی من ئەوەیە، بەڵێ، بەردەوام پارە دەدەم بە حکومەتێک کە پارەی لەباربردنی کۆرپەلە دەدات.» بەڵام دوو پرسیار دەمێننەوە سەبارەت بەوەی کەی حکومەت شکست دەهێنێت لە کارکردن

a ئەڵقەی ٣١: «چۆن دەستدرێژی، داوێنپیسی خێزانی و هەڕەشەکردن لە ژیانی دایک کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵوێستت بەرامبەر بە لەباربردنی کۆرپەلە؟» (٢٠ی شوباتی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ٦٨٤: «ئەگەر کۆرپەلە بچنە بەهەشت، بۆچی لە دژی لەباربردن بوەستینەوە؟» (١٤ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

بـۆ سـزادانی خراپـه و پاداشـتی چاکـەکاران (یەکـەم پەتـرۆس ٢: ١٤). کـەی واز لـە پێدانـی بـاج دەهێنیـن؟ وە کـەی حکومـەت بـە تـەواوی بڕوخێنیـن؟ «دڵنیـا نیـم لـەوەی ئـەو سـنوورە دەکەوێتـە کـۆی. لـە ڕاسـتیدا، مـن دەترسـم لـەوەی ڕۆژێـک ئەگـەری ئـەو بڕیـارە پێویسـت بێـت.»[a]

بـۆ ئەوانـەی تاوانبـارن بـە لەباربـردن، وشـەی خـودا هیوایـەک دەڕەخسـێنێت بـۆ ئەوانـەی کـە ئامـادەن «تاوانبـاری گـەورە» لەخۆبگـرن (میخـا ٧: ٨-٩). «میخـا دان بـە گوناهەکـەی دەنێـت. دان بـە تاوانەکـەی دەنێـت. ئـەو لـە تاریکیـدا دادەنیشـێت، لەژێـر دەسـتی پـەروەردگار، وە پـەروەردگار تەمبێـی دەکات. ئـەو لەژێـر حوکمـی پـەروەرگارە.» هیـچ بیانووێـک پێشـکەش نـاکات، وە لۆمـەی هیـچ کەسـێک نـاکات. «ئـەو دەزانێـت ئەمـە لـە پەروەردگارەوەیـە، وە ئـەوە شـتێکی ترسـناکە، ئەو دان بـە گوناهەکـەی دەنێـت، دان بـە تاوانەکـەی دەنێـت. پاشـان دەڵێـت، "مـن لـەو تاریکییـە لەژێـر تەمبێکردنـی خـودا دادەنیشـم هەتـا ئـەوەی بەرگریـم لـێ دەکات و دادپەروەریـم بـۆ دەهێنێتـە دی.» نـەک لـە دژی مـن -بەڵکـو لەپێنـاو مـن.» تاکـە ڕێگـا «ڕزگاری وەک گوناهبارێکـی ڕزگاربـوو» ئەوەیـە «هەسـتکردن بـە تاوانبـاری ڕاسـتەقینە، خەمێکـی ڕاسـتەقینە، ئـازاری ڕاسـتەقینە، تاریکـی ڕاسـتەقینە لـە ژێـر تەمبێکردنـی خـودا، وە باوەڕێکـی بەهێـزی ڕاسـتەقینە. باوەڕێکی بەهێـز بەوەی کـە هـەر ئـەو خودایـەی تەمبێـم دەکات و لێـم تووڕەیـە لەگـەڵ منـە و ڕاستودروسـتم دەکات.» تاوانبـاری یاخـی وەک ئـەوە دەزانێـت پێویسـتە بـۆ هەمیشـە لەسـەر گوناهەکەمـان سـزا بدرێیـن. بـەڵام ئێمـە سـزا نادرێیـن، بەهـۆی قوربانیدانـی مەسـیح لەپێنـاو گوناهبـاران (ئیشـایا ٥٣: ٥؛ گەلاتیـا ٣: ١٣). بـە بـاوەڕ، تـۆ هـی ئەویـت. وە تـۆ سـەر بـە کڵێسـایت لەگـەڵ خوشـک بـرا گوناهبارەکانـت کـە لـە مەسـیحدا پاککراونەتەوە (یەکـەم کۆرنسـۆس ٦: ٩-١١). داوای لێخۆشـبوون خۆپەرسـتی نییە. «خۆتپەرسـتانە دەبێـت ئەگـەر تەنهـا بتەوێـت خـودا بەکاربهێنیـت بـۆ بەدەسـتهێنانی وێزدانێکـی ئـارام. بـەڵام ئەگـەر تـۆ لێخۆشـبوونت دەوێـت لەبـەر ئـەوەی خـودات دەوێـت، ئەمـە خۆپەرسـتی نییـە. تـۆ لەپێنـاو ئەمـە بەدیهاتوویـت. ئەمـە شـکۆمەندییە بـۆ خـودا، نـەک تـۆ. ئەمـە شـکۆمەندییە بـۆ خـودا. خـودا شـکۆدار دەبێـت کـە تـۆ دەتەوێـت ئـەو لێـت ڕازی بێـت. هیـوای داهاتـووت بـە خوێنـی مەسـیح دەسـتەبەر کـراوە. وەرە بـۆ لای. چیرۆکەکـەت کۆتایـی نەهاتـووە. ژیانـت بەفیـڕۆ ناچێـت. ئـەو پلانـی باشـی هەیـە بـۆ داهاتـووی تـۆ (یەرمیـا ٢٩: ١١).[b]

ڕووبارەکانی ئارەزوو و بەندەوی یاسادانان

مەسـیحییەکان ڕێـز دەگـرن لـەو بەهرانـەی خـودا پێـی بەخشـیون لـە سـەربازی و پۆلیـس و «نیعمەتـی گشـتی دادگای سـزادان.»[c] حکومەتێکـی دادپـەروەر پاداشـتی ڕەفتـاری باش دەدات

a ئەڵقەی ٦٨٥: «ئەگەر حکومەتەکەم پارەی لەباربردن دابین بکات، بۆچی باج بدەین؟» (١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٥).
b ئەڵقەی ١٠٦٧: «من کۆرپەلەکەم لەباربردووە» (١٤ی تەممووزی ٢٠١٧).
c ئەڵقەی ١٦٣٥: «ئایا پێویستە ئەندامانی مەسیحی لە دەستەی دادوەری بەزەییان بە تاوانباراندا بێتەوە؟» (٤ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

و سـزای ڕەفتـاری خـراپ دەدات.[a] بـە خواسـتی خـودا، «یاسـاکان بـە زۆرەملـێ، پێبـژاردن، زیندانیکـردن، زیانگەیانـدن بـە جەسـتە و تەنانـەت مردنیـش جێبەجـێ دەکات.»[b] ئـەم ڕۆڵـە لـە کڵێسـادا جیـاوازە. کڵێسـا دابڕینـی لـە کڵێسـا هەیـە؛ جێبەجـێ نـاکات.[c] کوفرکـردن لـە پەیمانـی کـۆن سـزاکەی لەسـێدارەدان بـووە (لێقییـەکان ٢٤: ١٦) وە لـە پەیمانـی نوێـدا کراوەتـە دابڕیـن لـە کڵێسـا (یەکـەم تیمۆسـاوس ١: ٢٠). کڵێسـا سـەرنجی لەسـەر کاری گرنگـتری دڵـە کـە یاسـای نـوێ ناتوانێـت بـە ئەنجامـی بگەیەنێـت. یاسـاکان هـەن چونکـە دڵـەکان ڕەقـن (مەرقـۆس ١٠: ٥). بـەڵام ئەرکـی سـەرەکی کڵێسـا لێپرسـینەوە نییـە لـە دڵـە ڕەقـەکان، بەڵکـو بینینـی دڵـە مردووەکانـە کـە بـە هێـزی زیندووکردنـەوەی ئینجیـل زینـدوو دەبنـەوە.

ئەمـەش ڕەنگـە بـەو واتایـە بێـت کـە مەسـیحییەکان لەگـەڵ بێبـاوەڕان هاوبەشـن لـە بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان، «کاتێـک ڕەفتـارە دەرەکییـەکان کـە ئێمـە بانگـەوازی بـۆ دەکەیـن یـان دژایەتی دەکەیـن بگونجێـت لەگـەڵ بیروڕاکانیـان سـەبارەت بـەو ڕەفتـارە دەرەکییـەی کـە ئامانجمانـە.» بـەڵام گۆڕانـی دەرەکـی ئامانجـی کۆتایـی ئێمـە نییـە. «وەک باوەڕدارێـک بـە مەسـیح، هەمیشـە هیواخـوازم و نوێـژ دەکـەم کـە خەڵکـی کاری دروسـت بکـەن لەبـەر باوەڕبوونیـان بـە عیسـا، نـەک تەنهـا لەبـەر ئـەوەی یاسـاییە یـان دژی یاسـایە. کـێ بـۆ مـاوەی درێژخایـەن گرنگـی بـەو کارە دەدات؟ ئەگـەر ئـەوان لەبـەر ئـەوەی بـاوەڕدارن بـە مەسـیح ئـەوە نەکـەن، ئـەوا دەچنـە دۆزەخـەوە. کەواتـە شـتێکم بـۆ کـردوون زۆر بـاش نییـە. بۆیـە، ئێمـە هاوڕایـن کـە کوشـتن گوناهـە، وە وڵات دەبێـت بکـوژ دادگایـی بـکات (ڕۆمـا ١٣: ١-٧؛ یەکـەم پەتـرۆس ٢: ١٤). بـەڵام ئێمـە پێـمان وایـە هەوەسـبازی لـە ڕووی ڕۆحییـەوە نەفرەتییـە. یاسـادانان حوکمی هەوەسـبازی نـادات. یاسـاکان دەکرێـت هەندێـک گونـاە ڕابگـرن. بـەڵام یاسـاکان دڵ ناگـۆڕن، ئێمـەش بەدوای ئـەوەدا دەگەڕێیـن. دڵـەکان بگۆڕدرێـن.[d]

هەوڵـی بەکارهێنانـی فشـاری یاسـایی بـۆ سـەرکوتکردنی ئاللوودەبوونـی مەیخواردنـەوە بـە نایاسـاییکردنی مـەی، کـە بـە قەدەغەکـردن ناسرابـوو (١٩٢٠-١٩٣٣)، بـە شکسـت ناسـێنرا. وە هەوڵـدان بـۆ تاوانبارکردنـی بەکارهێنانـی ماریجوانـا بـۆ کات بەسـەربردن لەمـڕۆدا، پێدەچێـت هەمـان چارەنووسـی هەبێـت. فشـاری کۆمەڵایەتـی زۆر بەهێـزە. سـەرنجی کڵێسـا (بۆ قەشـەکان

---

a ئەڵقەی SE٠٨: «ئایا کیم دەیڤس مافی ئەوەی هەیە مۆڵەتی هاوسەرگیری ڕەت بکاتەوە؟» (١١ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ١٦٢١: «چۆن دەتوانم منداڵەکەم بپارێزم لە پەروەردەی بیروباوەڕی حکومەت؟» (٣ی ئایاری ٢٠٢١).

c ئەڵقـەی ٦٣٢: «بۆچـی چیـتر ڕاسـپاردەکانی پەیمانـی کـۆن پابەنـدکار نیـن؟» (٣ی تەممـوزی ٢٠١٥)، ئەڵقـەی ١٦٣٥: « ئایـا پێویسـتە ئەندامانـی مەسـیحی لـە دەسـتەی دادوەری بەزەییـان بـە تاوانبارانـدا بێتـەوە؟» (٤ی حوزەیرانـی ٢٠٢١)، وە ئەڵقـەی ١٧٨٢: «ئایـا لـە سـاڵی ١٩١٣ پشـتگیریت دەکـرد لـە قەدەغەکردنـی مەسـتی؟» (١٣ی ئایـاری ٢٠٢٢).

d ئەڵقـەی ٨٤٥: «ئایـا مەسـیحییەکان دەبێـت لەگـەڵ بێباوەڕانـدا لـە پرسـە کۆمەڵایەتییـەکان هاوبەشـی بکـەن؟» (٢٦ی نیسـانی ٢٠١٦).

و بـۆ دایـک و بـاوک) لەسـەر پەرجـووی دروسـتکردنی نەوەیەکـی بـاوەڕدارە کـە نایانەوێـت لـە بەکارهێنانـی مـادەی هۆشـبەر بـۆ کات بەسـەربردن ڕابکـەن.[a]

لەڕاسـتیدا، قەدەغەکـردن شکسـتی هێنـا چونکـە «بـە سـادەیی پشـتیوانی کۆمەڵایەتـی درێژخایەنـی نەبـوو.» جەمـاوەر نەیدەویسـت. ئـارەزووی کەڵەکەبـوو لـە کۆمەڵـگادا بەنـداوی هـەر یاسـایەک دەڕوخێنێـت. کەواتـە کڵێسـا دان بـە سـنووری یاسـادانادا دەنێـت. «بـاوەڕی مەسـیحی و هەمـوو گوێڕایەڵییەکـی دڵـی بـاوەڕ کـە لێیـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، ناتوانرێـت بـە شمشـێر بسـەپێندرێت - واتـا لەلایـەن وڵاتـەوە.» تـەواوی مێژووی مەسـیحییەت بـە زۆرەملێ، لە کۆنسـتنتین هەتـا پیوریتانـەکان، بەڵاڕێـدا بـردراوە.» ئەمـە کاردانـەوەی پێچەوانـەی لێکەوتـەوە. «هـەر ڕێکخسـتنێک لـە پەیوەندییەکانـی کڵێسـا و وڵات کـە سـزاکانی وڵات بەکاربهێنێـت بـۆ بەرەوپێشـبردنی بـاوەڕی ڕاسـتەقینەی دڵ و گوێڕایەڵـی دڵـی بـاوەڕدار، لـە کۆتاییـدا کڵێسـا گەنـدەڵ دەکات.»[b]

لـە لایەکـی دیکـەوە، وەک هەڵوەشـاندنەوەی دۆسـیەی ڕۆی دژی وەیـد (٢٠٢٢) سـەرکەوتنێکی گـەورە بـوو بـۆ بزووتنـەوەی لایەنگرانـی ژیانـی کۆرپەلـە. بـەڵام دیسـانەوە، دادگای بـاڵا هەرگیـز بـە زیادکـردن یـان هەڵوەشـاندنەوەی یاسـاکان ڕۆحـەکان ناگۆڕێـت. «دەتوانیـن بەنـداوی یاسـایی دروسـت بکەیـن بـۆ ئـەوەی ڕووبـاری گونـاە کـە لـە دڵـی مرۆڤـەوە دەڕژێـت، لـە جیهـان لافـاو دروسـت نـەکات بـە ڕەفتـارە ڕاسـتەقینەکانی وەک لەباربردنـی کۆرپەلـە. ئەمـە شـتێکی باشـە. هەمـوو یاسـا باشـەکان ئەمـە دەکـەن. وا دەکـەن زەحمـەت بێـت دڵـی گوناهبـار تاوانـی لـێ بڕژێتـە دەڕەوە. بـەڵام ئەگـەر بەنـداوی ڕووبـاری گونـاە کـە لـە دڵـی مرۆڤـەوە دەڕژێـت، وە هیـچ شـتێک دڵ نەگۆڕێـت، ئـەوا ئـەم ڕووبـارە لەودیـو بەنداوەکـە کۆدەبێتـەوە هەتـا ئەمبارەکـە قـووڵ و قـورس دەبێـت بـە ڕادەیـەک هیـچ بەنداوێکـی یاسـایی، هیـچ یاسـایەک ناتوانێـت ڕابگرێـت. ئیـتر «لافـاوی شـەپۆڵی خراپـەکاری دەڕژێتـە سـەر خاکەکـە.» بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی سـەرکەوتن یـان دۆڕان لـە کەلتـووردا، «کاری سـەرەکیمان یاسـای نـوێ نییـە -هەرچەنـدە بـاش بـن- بەڵکـو دڵـی نوێیـە» (یۆحەنـا ٣: ٣، ٧؛ دووەم کۆرنسـۆس ٣: ١٨). چونکـە «ئەگـەر ئـەوە ڕوونـەدات، یاسـای نـوێ لەژێـر فشـاری دڵـە نەگۆڕاوەکانـدا دەڕووخێـت. ئـەوە تەنهـا پرسـی کاتـە.» لـەوەش گرنگتـر، «بەبـێ گۆڕانـی دڵێـک بـۆ ئـەوەی مەسـیح شـکۆدار بـکات، مـرۆڤ لەنـاو دەچێـت. ئیـتر «کارکـردن بـۆ یاسـا باشـەکان خۆشـەویسـتییە. بـەڵام خۆشـەویسـتی زیاتـرە یارمەتـی خەڵکـی بدرێـت بـۆ چوونـە نـاو شانشـینی خـودا.» لـە ڕاسـتیدا، «ئاڵنـگاری ڕاسـتەقینەی دوای بابەتـی ڕۆی دژی وەیـد ئـەوە نابێـت کـە چـۆن لەباربـردن قـورس بکرێـت بـۆ بەردەسـتبوون، بەڵکـو چـۆن قـورس بکرێـت

a ئەڵقەی ١٦٩٨: «بانگەوازی کڵێسا لە سەردەمی مادەی هۆشبەر بۆ کات بەسەربردن» (٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).
b ئەڵقەی ١٧٨٢: «ئایا لە ساڵی ١٩١٣ پشتگیریت دەکرد لە قەدەغەکردنی مەستی؟» (١٣ی ئایاری ٢٠٢٢).

بۆ پەسەندکردنی لە دڵی مرۆڤدا.» یاساکان دەتوانن گوناە بۆ گوناهباریک بکەنە نایاسایی. بەڵام یاساکان گوناە ناکەنە شتێک کە گوناهبار ڕقی لێی بێت. وا لە لەباربردنی کۆرپەلە بکرێت بیری لێ نەکرێتەوە پەرجوویکی ڕاستەقینەیە کە لایەنگرانی ژیانی کۆرپەلە هەوڵی بۆ دەدەن، تەنها بە نیعمەتی خودا لە مەسیحدا دەکرێت.[a]

لە کۆتاییدا، لەباربردنی کۆرپەلە دەبێتە شتێک «شیاوی بیرلێکردنەوە» نەبێت، هەروەک چۆن ئەمڕۆ کۆیلایەتی بیری لێ ناکرێتەوە.[b]

دەربارەی مەترسییەکانی هاوبەشی کۆمەڵایەتی (سۆشیالیزم)

لەدوای ڕەتکردنەوە، گومان و دان پێدانان بەوەی «شارەزا نییە لە زانستە سیاسییەکان و ئابووریدا»، قەشە جۆن چەند بیرکردنەوەیەکی لەسەر هاوبەشی کۆمەڵایەتی پێشکەش کرد، «هێندەی شایەنییەتی.» ئەو پرسیارە لەدوای ئەوە هاتە ئاراوە کە بێرنی ساندەرزی سۆسیالیست بەربژێر بوو بۆ پۆستی سەرۆکایەتی (٢٠١٥)، نیگەرانییەکانی لە سیستەمەکە وروژاند کە «لە ڕێگەی زۆرەملێی یاسایی یان حکومی یان سەربازییەوە، خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی لەسەر حیسابی خاوەندارێتی تایبەت یان کەسی دادەمەزرێنێت.» ئەم سیستەمە جڵەوگیری ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەکات لە کۆمەڵگادا. «وە ئیتر، لە ڕێگەی جڵەوگیرییەوە، تۆ بە شێوەیەکی کاریگەر زۆرێک لە کاریگەرییەکان و پاڵنەرەکانی خاوەندارێتی تایبەت لەناو دەبەیت.» لە باشترین حاڵەتدا، «سۆشیالیزم ئامانجە بەزەییدارەکانی مەسیحییەت لە دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی دەبات و لە هەمان کاتدا ئەو چاوەڕوانییە مەسیحییە ڕەتدەکاتەوە کە ئەم بەزەییە بە زۆر یان ناچاری نەکرێت. بۆیە سۆشیالیزم سەرنجڕاکێشی خۆی لە هەندێک خاڵدا لە مێژوودا بەدەست دەهێنێت، کەوا خەڵکی بۆ ئەو مافانە ڕادەکێشرێن کە سۆشیالیزم دەیهێنێت، وە لەو شوێنانەی کە خەڵکی بێئاگان یان لەبیری دەکەن ئەو زۆرەملێیە و ئەو هێزەی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی -نەک ئەوەی کە زۆرەملێ لە ڕاستیدا کاردانەوەی پێچەوانەی دەبێت و لە ئەنجامدا هەژاری زیاتر یان یەکپارچەییەکی ڕەش دەهێنێت، خراپ بەکارهێنانی زۆرەملێ، وەک ئەوەی لە وڵاتە بکوژەکانی وەک یەکێتی سۆڤیەت و کەمبۆدیادا بینیمان.»[c]

کەلتوورە زۆرەملێ و سۆشیالیستییەکان هەموو جۆرە ئاڵنگارییەک بۆ مەسیحییەکان دەوروژێنن. بە تایبەتی لە چۆنیەتی باشترین پەروەردەکردنی منداڵان.[d] ئێمە پێویستمان

---

a ئەڵقەی SE٣١: «ڕۆی دژی وەید کۆتایی هاتووە -کاری لایەنگرانی ژیانی کۆرپەلە کۆتایی نەهاتووە» (٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٢).

b ئەڵقەی ٢٦١: «ڕۆی دژی وەید هێرش دەکاتە سەر بەجەستەبوونی مەسیح» (٢٢ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ٧١٠: «مەسیحییەکان چۆن دەبێت بیر لە هاوبەشی کۆمەڵایەتی بکەنەوە؟» (٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥).

d ئەڵقەی ١٦٢١: «چۆن دەتوانم منداڵەکەم بپارێزم لە پەروەردەی بیروباوەڕی حکومەت؟» (٣ی ئایاری ٢٠٢١).

بـه مەسـیحییەکانە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئـەم فشـارە کۆمەڵایەتیانـە، هەرچەنـدە پاپـەر خـۆی «سـەد هێنـدە زیاتـر بـە دڵسـۆزییەوە دەمێنێتـەوە بـۆ دروسـتکردنی ئـەو جـۆرە مەسـیحییانە و ئـەو جـۆرە کڵێسـایانەی کـە لەگـەڵ بیرکردنـەوەی ڕۆحـی پتـەو، دڵسـۆز، ئینجیلـی، دژە کەلتـووری بـاوی سۆشیالیسـت لـە ئەمریـکا دەوەسـتنەوە، دڵگەرمـی مـن ڕێگریکردنـە لـە ئەمریکایەکـی سۆشیالیسـت.»[a]

دەربارەی لێبوردەیی و ئازادی ئایینی و مافی مرۆڤ و مافەکانی خودا

لەئاوهەڵکێشـییەکان زیاتـر «دابـڕاون» لـە حکومەتـی شارسـتانی.[b] وە دووپاتـی دەکەنـەوە کـە ئـازادی ئایینـی لـە بەشـێکی دانەبـڕاوە لـە قوماشـی ئینجیلـدا چـنراوە. بۆیـە کاتێـک بـاس لـە مشـتومڕ دەکرێـت لەگـەڵ لایەنگرانـی ئایینەکانـی دیکـە، پێویسـتمان بـە ئارامـی و لێبوردەیی هەیە کـە ڕێگـە بـدات بـە «پەیوەندییەکـی بـەردەوام لەسـەر بنەمـای بەخشـین و وەرگرتـن ڕاشـکاو، ڕاسـتگۆیانە، ڕاسـتەوخۆ.» ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن کەسـانی دیکـە ڕازی بکەیـن و ڕایانبکێشـین. «ئێمـە هۆشـداری دەدەیـن لـەوەی کـە پێـمان وایـە خـودا یـان بارودۆخەکـە ڕەنگـە چـی بـەدوای خۆیـدا بهێنێـت، وە داوای نـزا دەکەیـن. بـەڵام ئێمـە چەوسـاندنەوە ناکەیـن، وە زۆرەملێـش ناکەیـن. وە هیـچ یارییـەک و یـان شـتێکی هەڵخەڵەتێنـەر ناکەیـن، هەوڵـی بەرتیـل یـان کاری سیاسـی نادەیـن یـان تونـدوتیـژی ناکەیـن بـۆ گۆڕینـی بیرکردنـەوەی کەسـێک.» لێبوردەیـی ئایینـی لـە پاراسـتنی «سیسـتەمی شارسـتانی لـە کۆمەڵگەیەکـی فرەییـدا» تێدەپەڕێـت. ئەمـە پێویسـتە چونکـە «بـاوەڕی ڕاسـتەقینە بـە خـودا، وە پەیوەسـتی ڕاسـتەقینە بـە عیسـا، گـۆڕایەڵـی ڕاسـتەقینە بـۆ وشـەی خـودا کـە لـە مەسـیحدا شـکۆدارە، تەنهـا کاتێـک دەکرێـت کـە بەبـێ زۆرەملـێ و ئـازاد بێـت.» ئیـتر لێبوردەیـی ئایینـی «لـە نـاو سروشـتی مەسـیحییەتدا بنیـاد نـراوە.»[c]

لەگـەڵ ئەوەشـدا، پێوەرەکانـی لێبوردەیـی و تونـدڕەوی سیاسـی بـە تێپەڕینـی کات دەگۆڕێـت. «شەسـت سـاڵ لەمەوبـەر لـە ئەمریـکا، داوینپیسـی وای دەکـرد پیاوێـک لـە پۆسـتەکەی لابدرێـت، لـە کاتێکـدا ڕەگەزپەرسـتی بـە تـەواوی کێشـە نەبـوو. ئەمـڕۆ، بارودۆخەکـە تـەواو پێچەوانـە بووەتـەوە. ئێسـتا داوێنپیسـی لەنـاوت نابـات -وەک بیـل کلینتـۆن. ڕەگەزپەرسـتی لەنـاوت دەبـات. تـۆ یـەک جـار وشـەی ڕەشـە[d] بەکاربهێنیـت، ژیانـی سیاسـیت کۆتایـی دێـت. پێـش شەسـت سـاڵ ئـاوا نەبـوو. دیموکراسـی بـەم شـێوەیە کار دەکات. گۆڕانکارییـە کەلتوورییـەکان گۆڕانکارییەکانـی لێبوردەیـی و گۆڕانـکاری یاسـایی دەکـەن.[e]

---

a ئەڵقەی ١٢٦٣: «بۆچی پاپەر خۆی لە سیاسەت و لە ئاراستەی باو دەپارێزێت؟» (١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ١٦٢٩: «لەئاوهەڵکێشی چییە؟» (٢١ی ئایاری ٢٠٢١).

c ئەڵقەی ٧٩٤: «ئایا دەبێت مەسیحییەکان پێکەوەژیان بکەن لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی ساختە؟» (١٥ی شوباتی ٢٠١٦).

d وشەی N: وشەیەکە وەک سووکایەتی بۆ ڕەشپێستەکان بەکاردێت لەلایەن سپیپێستەکان -وەرگێڕ.

e ئەڵقەی ٥١١: «چۆن کڵێسای ناوخۆیی کاریگەری دەبێت لە تویتەر و فەیسبووک» (١٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٥).

لـه کۆتاییـدا، گـەردوون سـەرنجی لەسـەر مافەکانـی خودایـه نـەک مافـی مـرۆڤ. جیهـان و جەسـتە و میدیاکانمـان پێـمان دەڵێـن تـەواوی گـەردوون بکەینـه مـاف و پێداویسـتی و چاوەڕوانییەکانـی خۆمـان. بـەڵام «تـۆ گـەردوون بـه تـەواوی جیاوازتـر دەبینیـت کاتێـک دەسـت پێدەکەیـت بـەوەی خـودا لـه چەقیدایـه -مـاف و ئامانجەکانـی وەک گریمانـەی گـەردوون. ئایـا مەتەڵـه بنەڕەتییەکـەی گـەردوون لـه پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ و چارەسـەرکردنی کێشـەکانی مرۆڤدایـه» یـان ئایـا مەتەڵـه بنەڕەتییەکـەی گـەردوون لـه خودایەکـی بەهـاداری بێسـنوور، لـه ئازادییەکـی تـەواودا، هەمـوو تەواوەتییەکانـی بـه شـێوەیەکی گونجـاو پیشـان بـدات بـۆ ئـەوەی هەمـووان ببینـن -وە ئەگـەر بیانەوێـت- بـۆ پەرسـتن و چێژوەرگرتـن لێـی؟ ئایـا پیـرۆزی و هێـز و دانایـی و تووڕەیـی و چاکـی و مافـی و نیعمەتـی ئـەو ئەجێنـدای گەردوونـه؟ ئایـا واتـا و ئامانجـی هەمـوو شـتێک شـکۆمەندی خودایـه، بـۆ دەرکەوتنـی خـودا، وە بـۆ شـکۆداری خودایه؟ یـان ئێمـه چەقـی گەردوونیـن؟ ئایـا ئێمـه پێوەریـن؟ ئایـا مافـی ئێمـه دەبێـت بپارێزرێـت؟ وەڵامـت بـۆ ئـەم پرسـیارانه دیـاری دەکات داخـوا لـه فێرکردنەکانـی کتێبـی پیـرۆز دەربـارەی بێتاوانکـردن تێگەیشـتوویت یـان نـا.» سـەرنجی تەواومـان لەسـەر مافەکانـی خـودا نـەک مافـی خۆمـان دەیسـەلمێنێت کـه «چەمکێکـی تـەواو نامۆیـه لـەم گەلـەدا.» بـەڵام چەمکێکـی وەهـا بنەڕەتـی، ڕاگەیاندنـی ئینجیلـی کڵێسـا بـۆ ئـەم گەلـه دەپارێزێـت.[a]

a ئەڵقەی ۱۹۰۱: «سەرنج لەسەر خودا بۆ ئەوەی خودا ئینجیل ئاشکرا دەکات» (۱۵ی شوباتی ۲۰۲۳).

بەدیهێناوە بۆ دروستکردن؛ دووبارە بەدیهێنرایەوە بۆ ئەوەی باشتر دروست بکات

خودا ئێمەی بەدیهێناوە بۆ ئەوەی دروست بکەین. بەهەشتی بۆ ئێمە بەدیهێنا. پاشان ئادەم و حەوای بەدیهێنا «بۆ ئەوەی شتێکی باش و جوان و بەسوود» لەو باخچەیە دروست بکەن. بۆ ئێمەش هەمان شتە. خودا ئێمەی بەدیهێناوە بۆ ئەوەی «کێڵگەیەکی بەردین بکەینە باخچە، یان داڕێک بکەینە ڕم، یان بەردێک بکەینە چەقۆ، یان شوقەیەکی چۆڵ بکەینە ماڵ، یان مانگایەک بکەینە پارچە گۆشتی برژاو.»

لەدوای کەوتنە ناو گوناە، خودا منداڵەکانی ڕزگار دەکات. ئەو دووبارە بەدیمان دەهێنێتەوە. لە مەسیحدا، دەبینە قەسیدەی خودا (ποίημα)، «دەستکرد»ی ئەو (ئەفەسۆس ٢: ١٠). وەک بەدیهێنراو، بەدیهێنراوین بۆ ئەوەی دروستکەر بین. بەڵام وەک بەدیهێنراوێکی نوێ بەدیهێنراینەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خودا بە شێوەیەکی نوێ دروست بکەین، «بانگهێشت کراوین بۆ ئەوەی هەرچی خودا بەدیهێناوە بە هەموو خراپەکارییەکانی ئێستای وەربگرین و بیکەین بە شتێکی خوداپەرستانە و جوان و بۆ شکۆمەندی مەسیح، لەگەڵ هەستێکی قوواڵی تەواوەتی لە خۆماندا، کە لەسەر وێنەی بەدیهێنەرەکەمان بەدیهێنراوین.» لە مەسیحدا -وەک قەسیدەی خودا- سەرنج لەسەر ناسنامەی ئێمەیە و بانگەوازەکەمان چڕتر بووەتەوە.[a]

چۆن لە شوێنی کارەکەمدا خودا شکۆدار بکەم؟

پۆڵس پێمان دەڵێت: «هەر چییەک دەکەن، بە دڵ بیکەن، وەک بۆ مەسیح بێت، نەک بۆ خەڵکی» (کۆلۆسی ٣: ٢٢-٢٤). کەواتە ئەمە چۆن جێبەجێ دەکرێت بۆ پاککردنەوەی ماڵەکەمان، یان نووسینی لێکۆڵینەوەیەک بۆ قوتابخانە، یان کارکردنی ڕۆژانەمان لە کاتژمێر نۆ هەتا پێنج؟ چۆن لە دژی تەمبەڵی کەسی دەجەنگین؟

لە بنەڕەتدا خوێنی مەسیح هەموو تاوانەکانی ئێمە دەگرێتەوە. «هیچ کام لە ئێمە کارەکانمان بە باشی ئەنجام نادەین، هەمیشە کارەکانمان کەموکوڕی تێدایە.» ئێمە لە لێخۆشبوونی ئەودا پشوو دەدەین لە کاتێکدا بڕیار دەدەین دڵسۆزانەتر کار بکەین. ئینجیل «تێپەڕنامەیەکی بەخۆڕایی» نییە بۆ پاساوهێنانەوەی تەمبەڵی کەسی گوناهبار. ویژدانمان ڕێگە نادات. بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەین بەبێ ئەوەی پشت بە مەسیح ببەستین تێبکۆشین ئەوا شکست دەهێنین، «یان لە بێهیواییدا شکست دەهێنین، یانیش وا دەردەکەوین کە سەرکەوتووین و لووتبەرز دەبین.» هەردووکیان پێکەوەن -لێخۆشبوونێکی ئاشتیبەخش و کۆششێکی چارەسەرکراوی ئینجیل.

a ئەڵقەی ١٧: «ئێمە دروستکەرین- وانەکان دەربارەی پیشە لە دۆرۆتی سایرزەوە» (٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٣).

خـودا خاوەنـی ئێمەیـە، وە داوای ژیانمـان دەکات، لەوانـەش کارەکانمـان (پەنـدەکان ٣: ٥-٦؛ ١٦: ٣؛ ڕۆمـا ١٤: ٦-٩؛ یەکـەم کۆرنسـۆس ١٠: ٣١؛ کۆلۆسـی ٣: ١٧). «هەمـوو ئـەو دەقانـە یـەک پەیامـی سـەرەکییان هەیـە: ئێمـە هـی خودایـن؛ ئێمـە هـی خۆمـان نیـن. هەمـوو ئـەو کارانـەی کـە دەیکەیـن، لـە بەیانییـەوە هەتـا شـەو، دەبێـت بـە شـێوەیەکی خودایـی بکرێـن، لەبـەردەم ڕووخسـاریدا، بـە پشتبەسـتن بـە نیعمەتەکـەی، بـە ڕێنمایـی خواسـتی ئـەو، وە بـە ئامانجـی ئـەوەی ئـەو دەربکەوێـت وەک گەنجینەیەکـمان کـە تێرکـەری هەمـوو شـتێکە، شایسـتە و شـکۆمەند. کار بـۆ ئـەوە. هەمـوو ژیـان بـۆ ئـەوە.»

کەواتـە، واتـای چییـە «هـەر چییـەک دەکـەن، بـە دڵ بیکـەن، وەک بـۆ مەسـیح بێـت، نـەک بـۆ خەڵکـی،» بـە تایبەتـی لـە چوارچێـوەی فراوانـتری دەقـی کۆلۆسـی ٣: ٢٢-٢٥؟ سـەرنج بدەنـە پێنـج دەسـتکاری. (١) بـۆ خزمەتکردنـی خەڵکـی و دڵخۆشـکردنییان کار مەکـە. پێـش هەمـوو شـتێک کار بـۆ خـودا بکـە، بـۆ ئـەوەی ڕێـزی لـێ بگریـت. (٢) کارکـردن بـە دڵسـۆزی، پێچەوانـەی دڵخۆشـکردن و خزمەتکردنـی خەڵکـی- کـە دەکاتـە کاری ناڕاسـتگۆیانە. ئێمـە کار بـۆ سەرسـامکردنی کەسـانی دیکـە ناکەیـن، بەڵکـو بـۆ خزمەتکردنـی کەسـانی دیکـە. (٣) کارکـردن ئێمـە لـە ترسـی خـودا. ئێمـە لـە تووڕەیـی مـرۆڤ ناترسـین بەڵکـو لـە تووڕەیـی خـودا دەترسـین. (٤) کارکـردن «بـە دڵـەوە،» تـەواوی وزەمـان لـە کارەکـە بەکاردەهێنیـن. (٥) کارکـردن بـۆ بەدەسـتهێنانی پاداشـتی خـودا. هـەر پاداشـتێک لـەم ژیانـەدا پاڵنەرێکـی لاوەکییـە بـۆ گەورەتریـن پاداشـتی داهاتوومـان لەلایـەن خـوداوە. خـودا پێویسـتی بـە هیـچ شـتێک نییـە کـە ئێمـە بەرهەمـی دەهێنیـن (کـردار ١٧: ٢٥). ئێمـە بـۆ شـکۆمەندی ئـەو هەیـن. «پۆڵـس ئـەم ڕێنماییانـەی پێدایـن چونکـە کاتێـک بـەم شـێوەیە کار دەکەیـن گەورەتریـن خۆشـیمان بـۆ دەهێنێـت. ئـەوەش نیشـانی دەدات کـە خـودا گەورەتریـن گەنجینـەی ئێمەیـە.»[a]

کارکـردن یەکێکـە لـەو بوارانـەی کـە ئێمـە تێیـدا بـە جیهانـی پێشـاندەدەین کـە مەسـیح گەورەتریـن گەنجینـەی ئێمەیـە. ئامانجێکـی لـەو شـێوەیە بـە ناچـاری نییـە؛ بەڵکـو هەڵدەقوڵێـت لـە «پەیامـی گـەورەی» بـاوەڕدار بـە مەسـیح -بینینـی شـکۆمەندی مەسـیح (دووەم کۆرنسـۆس ٣: ١٨). «ئەمـە کانیـاوی هەمـوو خوداپەرسـتییەکە لـە ژیانتـدا، کـە بەرخەکـە لەوپـەڕی جوانـی و ڕەزامەنـدی و سەرنجڕاکێشـی ببینیـت. شـەیتانیش ئەمـە دەزانێـت. هـەر بۆیـەش پۆڵـس لـە دووەم کۆرنسـۆس ٤: ٤ دەفەرموێـت، «خوداوەنـدی ئـەم دنیایـە [شـەیتان] بیـری بێباوەڕانـی کوێـر کـردووە، تاکـو ڕووناکـی مزگێنیـی شـکۆی مەسـیحیان بـۆ نەدرەوشـێتەوە.» لـەلای مـن ئەمـە ترسـناکترین شـتە لـە جیهانـدا، کـە شـەیتان بینایـان (یـان هـی مـن) کوێـر بـکات بـە ڕادەیـەک تەماشـای عیسـا بکـەن و ببینـن ئـەو جـوان نییـە. یـان ناتوانـن عیسـا وەک گەنجینـەی

a ئەڵقەی ١١٢١: «چۆن لە کارەکەمدا خودا شکۆدار بکەم؟» (١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧).

ژیانیان ببینن. پاره گەنجینەیانە. ڤیدیۆکان گەنجینەیانن. سەرکەوتن لە خوێندن گەنجینەیانە. دڵداڕەکەیان گەنجینەیانە... مردن ترسناک نییە. بە ڕادەیەک هەڵبخەڵەتێی کە نەبینیت عیسا گەنجینەی ژیانتە، ئەمە ترسناکترین شتە.» خەملاندنی مەسیح «پەیامی گەورەمانە» و باڵاترین بانگەوازی ئێمەیە کە ڕێڕەوی پیشەکانمان لەم جیهانەدا دادەڕێژێت.[a]

ئایا پێویستە شوێن دڵم بکەوم بۆ دۆزینەوەی پیشەی خەونەکانم؟

لەکاتی گەڕان بەدوای ڕێگای پیشەیی، ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان بەدواداچوون بۆ خەونێک و شوێنکەوتنی دڵمان، وە ڕۆیشتن بە گوێڕایەڵی خودا بەو بەخششانەی کە پێی بەخشیوین؟ یان ئەمە بە هەمان شێوەیە بۆ کەسێکی باوەڕدار بە مەسیح؟

دوو خاڵ سەبارەت بە ئاڕەزووەکانمان پێویستە سەرەتاوە لە شوێنی خۆیان بن. (١) دەتوانین چێژ وەربگرین لە کردەوەکانی گوێڕایەڵی و ڕابەرایەتی و خزمەتکردنمان بۆ کەسانی دیکە (زەبووری ٤٠: ٨؛ ڕۆما ١٢: ٨؛ عیبرانییەکان ١٣: ١٧؛ یەکەم پەترۆس ٥: ٢). بەڵام کتێبی پیرۆز هەرگیز «خۆشحاڵیمان بە ئەنجامدانی شتێک بە تاک ناکاتە پێوەر بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو کارە دروستە یان نا.» ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە (٢) هەروەها دەبێت فێربین نکۆڵی بکەین لە هەندێک ئاڕەزوو لە ڕێگای گوێڕایەڵییەوە (مەتا ١٦: ٢٤). «ژیانی گوێڕایەڵی عیسا هەرگیز نابێتە ژیانێک کە تەنها ئەو کارە بکەین کە ئێمە زۆر حەزدەکەین بیکەین، هەمیشە هەندێک پێوەر هەیە بۆ نکۆڵی لە خۆمان. جیهان زۆر توند و تیژە، ئازار زۆر ڕاستەقینەیە، وە ئێمە زۆر گوناهبارین بۆ ئەوەی بیر لە پێچەوانەکەی بکەینەوە.» کەواتە باشترین پرسیار بکرێت ئەوەیە: «ئایا خەون و خولیا و بەخششەکانم -هەموویان بەهۆی ڕوانگەیەکی ڕیشەیی سەرنج لەسەر خودایە، شکۆداری مەسیح و تێر لە کتێبی پیرۆزە، دەگۆڕدرێن بۆ ڕاستی؟»

بۆ بەرجەستەکردنی وەڵامی ئەم پرسیارە، وە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی خۆت بۆ پیشەیەکی دروست، لێرەدا سێ پێشنیار دەخەینەڕوو.

١. لێکدانەوەی ئاڵۆز بۆ خودا جێبهێڵە. مەحاڵە ئێمە لێکدانەوە بکەین بۆ خەون، خولیا، بەخششەکانمان، وە «هەر ڕێگایەکی ورد کە زۆرترین بەرهەمی هەبێت بۆ مرۆڤەکان و زۆرترین دڵسۆزی بۆ خودا». هیچ ئەقڵێکی سنووردار ناتوانێت هەموو ئەمانە بزانێت. لە کۆتاییدا، دەبێت داهاتوومان بە دانایی ئەو بسپێرین. ئەو دەرگا ڕاستەکانمان بۆ دەکاتەوە.

٢. خۆت لە قاڵب بدە. لەبری ئەوەی لێکدانەوە بکەیت، «وزەت تەرخان بکە بۆ

a ئەڵقەی ٧٩٦: «بانگەوازی گەورەی مەسیحی» (١٧ی شوباتی ٢٠١٦).

ئەوەی ببیتە کەسێک تەواو سەرنجت لەسەر خودا بێت، کەسێک تەواو مەسیح شکۆدار بکەیت، کەسێکی تەواو تێر لە کتێبی پیرۆز، کەسێکی تەواو پڕ لە خۆشەویستی، کەسێکی تەواو مەترسی بگریتە بەر کەسێکی خزمەتکار.» ئینجا «پشکی شێر»ی کارەکانمان خەریکە دەبێتە جۆرێک لە مرۆڤ. «پاشان، بە شێوەیەک کە بەلای منەوە هەتا دێت نهێنی دەردەکەوێت، خودا کەسە تەواو دڵگەرمەکان، پەرۆش بۆ خودا، بەهابەخش بە مەسیح، تێر لە کتێبی پیرۆز، ڕێنمایی دەکات بۆ هەندێک لە سەرسوڕهێنەرترین ڕێڕەوەکانی پیشەیی کە بتوانین بیری لێ بکەینەوە.» هەوڵ بدە ببیتە جۆرێک لە مرۆڤ، وە خودا دەرگا گونجاوەکانت بۆ دەکاتەوە.

٣. با پاڵنەرەکانت بەگوێرەی ئینجیل بێت. هەر بواریکی پیشەیی لەبەردەمتدایە، بە قوواڵی بیر لە هیوای پۆڵس بکەرەوە کە بۆ ژیانی خۆی ڕایگەیاندووە، وە با ئامانجەکانی ئەو ئاواتەکانی تۆ دابڕێژن (کردار ٢٠: ٢٤؛ ڕۆما ١٥: ٢٠؛ فیلیپی ١: ٢٠-٢١؛ ٣: ١٣-١٤). «ئەگەر خەونەکانت پڕبوو لە دڵگەرمی ئینجیل، وە بەخششەکانت بە گەرمی بەرەو شکۆمەندی مەسیح چوون، وە خولیاکانت وەک پۆڵس بە شکۆمەندی خودا وروژان، ئەوا بەڵێ، دەتوانیت شوێن خەونەکەت بکەویت.»[a]

لە باسکردن لە (٣)، ئاواتە گەورەکانمان، پۆڵس پێشەنگی ئێمەیە (ڕۆما ١٥: ٢٠، ٢٣-٢٤). لەناو ئەم خەونانەدا، (περισσεύοντες) زۆر لە کارەکەیدا هەبوو، واتا زۆر و زۆری کرد (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٨). ئاواتی پۆڵس لە کاردا لە هەمووان زیاتر بوو، ئەمەشی بە تەواوی بۆ نیعمەتی خودا گەڕاندەوە (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ١٠). ئێمە شوێن پێشەنگایەتی ئەو دەکەوین. «بڕۆ پێشەوە. خەونە گەورەکەت ببینە. کارەکەت بکە -زۆر و زۆر، بەڵام هەرگیز، هەرگیز وا مەزانە کە تۆ بە تەنها دەیکەیت. هەموو خەونێک بەخششێکە. هەموو هێنانەدی خەونێک بەخششێکە» (یەکەم کۆرنسۆس ٤: ٧). خەونی گەورە ببینە، تێر لە ئینجیل، وە با پشتبەستنی ساکارت لەسەر خودا بێت و بەسەر خۆویستیتدا زاڵ بە.[b]

باسکردن لە (٢)، داڕشتنی خود، بەم شێوەیە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوو بژاردەی پیشەیی باش لە داهاتوودا. ئێستا بیکە بە ئامانجی خۆت کە ببیتە جۆرێک لە مرۆڤ، بە شەش شێوە. (i) ئامانجیت پیرۆزی بنەڕەتی بێت لە هەموو ژیان. (ii) ئامانجت ئەوە بێت کە لەلایەن کتێبی پیرۆزەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بە قوواڵی دابڕێژرێیت. (iii) ئامانجت زانینی بەخششەکانی خودابێت لە خۆتدا. (iv) هەستیاربە بۆ

a ئەڵقەی ١٥٩٣: «ئایا دەبێت بەدوای هاتنەدی خەونەکانم بکەوم؟» (٢٦ی شوباتی ٢٠٢١).

b ئەڵقەی ١٠٦٤: «ئایا ڕێویستە ‹خەونی گەورە› بە خودا ببینم کاتێک دڵگەرمییەکی گەورەم هەیە؟» (٧ی تەممووزی ٢٠١٧).

پێداویستییەکانی جیهان. (v) نوێژ بکە بۆ ئەوەی خودا ڕێنماییت بکات، وەک ئەوەی داود کردی (زەبووری ٢٥: ١-٢٢). (vi) سەر بە «کۆمەڵگایەکی پەرستنشی خۆشەویستی» بە کە باوەڕداران بە بەردەوامی لە ژیانتدا قسە دەکەن. بەم لەبەرچاوگرتنی ئەم فێرکارییانە، کاتێک دوو بژاردەی پیشەیی باش لەبەردەمت دەبن، لایەنە باش و خراپەکانی هەڵبسەنگێنە، ئینجا بڕیار بدە و هەنگاو بنێ.[a]

زاڵبوون بەسەر ڕاڕایی لە بڕیار

لەبارەی پرسی ڕاڕاییدا، قەشە جۆن خێرا دەگەڕێتەوە بۆ زەبووری ٢٥ -«بەڵێنێکی بەهادار بۆ ڕێنمایی»[b] و «زەبوورێکی بەهادار بۆ ڕێنمایی» کە قسە لەگەڵ دڵ دەکات.[c] لە وتارێکیدا پێی گوت «نزیکەی باشترین بڕگەی ڕێنمایی لە کتێبی پیرۆزدا»، کڵێساکەی هاندا بۆ ئەوەی ئەزبەری بکەن.[d] بەدرێژایی ساڵان ئەزبەری بووە.[e] ئێستا دەڵێت: «من هیچ بڕگەیەکی دیکەی کتێبی پیرۆز نازانم کە لەمە باشتر بێت بۆ ئەوەی هاوارەکانمان بۆ ڕێنمایی و دانایی لە خوداوە دەربڕین.»[f] کاتێک ڕووبەڕووی دوو هەڵبژاردەی باش دەبێتەوە، زەبووری ٢٥ دەیسەلمێنێت کە «زۆر بەهادارە».[g] پێمان دەڵێت کە خودا زۆر حەزی لە ڕابەرایەتی کەسانی بێفیزە.[h] نەک کەسانی تەواو. ڕابەرایەتی گوناهباران دەکات. گوناهبارانی وەک ئێمە. گوناهبارانی بێفیز، «ئەو کەسانەی کە دەزانن گوناهبارن و دانی پێدا دەنێن و هاوار دەکەن» (٢٥: ٨-٩).[i] کەواتە «ئەگەر شەیتان بێهیوات بکات لە گەڕان بەدوای ڕێنمایی خودا، چونکە گوناهباریت، ئەوا دەزانیت پێی بڵێیت بۆ کوی بچێت».[j] دۆستایەتی لەگەڵ خودا بۆ ئەو کەسانەیە کە لێی دەترسن (٢٥: ١٤). دۆستایەتی خودا سەقامگیرمان دەکات چونکە دەستمان دەگرێت و ڕێنماییمان دەکات.[k] دۆستایەتی ترسە، بۆ ئەوەی کاتێک لە ڕێگادا تووشی دووڕیانێک دەبیت، «لەخواترسی ئەوە ئاشکرا دەکات کە چی ڕاستە.»[l]

---

a ئەڵقەی ١٣٨١: «چۆن شوێن خواستی خودا بکەوم لە بەرامبەر دوو بژاردەی باشدا؟» (١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).
b ئەڵقەی ٩٧٣: «من بەهۆی بێبڕیارییەوە ئیفلیج بووم -چی بکەم؟» (٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦).
c ئەڵقەی ١٢٥٥: «پارەم نەماوە -ئایا ئەمە نیشانەی منە بۆ وازهێنان بە خزمەت؟» (٢٦ی ئەیلوولی ٢٠١٨).
d ئەڵقەی ١٨٨٨: «هەشت ڕاوێژ بۆ ئەوانەی بیر لە وازهێنان دەکەنەوە لە خزمەت» (١٦ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).
e ئەڵقەی ١١٤٠: «ساڵێکی نوێ، پلانێکی نوێی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز» (١ی کانونی دووەمی ٢٠١٨) وە ئەڵقەی ١٢٩٦: «چۆن زۆرترین سوود لە خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆزی وەربگرم؟» (٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).
f ئەڵقەی ١٧٦١: «لەبارەی جڵەوگیری هەمیشەیی لەدایکبوون» (٢٥ی ئازاری ٢٠٢٢).
g ئەڵقەی ١٣٨١: «چۆن شوێن خواستی خودا بکەوم لە بەرامبەر دوو بژاردەی باشدا؟» (١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).
h ئەڵقەی ١٤٣١: «چۆن کڵێسایەکی باش بدۆزمەوە؟» (٧ی شوباتی ٢٠٢٠).
i ئەڵقەی ١١٢٠: «چۆن هەڵسوکەوت بکەم بەرامبەر ڕەخنەی کەسی؟» (١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧).
j جۆن پایپەر (JohnPiper@)، تویتەر، ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٨
k ئەڵقەی ١١٢٠: «چۆن هەڵسوکەوت بکەم بەرامبەر ڕەخنەی کەسی؟» (١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧).
l جۆن پایپەر (JohnPiper@)، تویتەر، ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٠.

سەبارەت بەوە، پرسیارێک لە ژن و پیاوێکەوە هات کەوا ماڵەکەیان چۆڵ ببوو، بەهۆی ڕاڕاییەوە ئیفلیج ببوون، ڕاڕایی لە بڕیاری ئەوەی چۆن کۆتا وەرزی ژیانیان بەڕێوە ببەن. زاڵبوون بەسەر «ترسی تەواو و کاملّی لە نەکردنی هەڵە» بە درککردن بەوەی کە «بڕیاردان لەسەر نەکردنی هیچ شتێک گەورەترین هەڵەیە». ئەمە سنووری یەکلاکەرەوەیە. دەمە دەبێتە بزوێنەر. بە دەربڕینێکی دیکە، تۆ لە هەڵوێستێکی بێلایەندا نیت. هەڵوێستی بێلایەن نییە. پێشنەکەوتن بەرەو ئامانجێکی گەورە کە خودا داینناوە لەو وەرزە نوێیەی ژیانت یاخیبوونە. خودا زۆر حەزی لە ئاراستەکردنی کەشتییەکانە کاتێک لە جوڵەدان. بۆیە جووڵە بکە و لێکۆڵینەوە بکە، بەڵام دەست بکە بە جووڵە و چاوەڕێ بکە خودا ئاراستەت بکات کاتێک دەستت کردووە بەم وەرزە نوێیە. وە خەونی گەورە ببینە -«مەهێڵە ڕەشبینی پیری خەونەکانی بەرهەمهێنانت سنووردار بکات.» بپرسە، «"چ دیدێکی نوێ هەیە بۆ وەرزی داهاتووی ژیانم دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ژیانمدا زۆرترین چێژ ببینم لە هێزی خودا، دانایی خودا، نیعمەتی خودا؟» وە پێم وایە ئەگەر بۆ ئەمە دڵگەرم بیت، خودا وەڵامەکەت پیشان دەدات.»[a]

چۆن مەسیح پیشەکانمان دەگۆڕێت

ئایا ئێمە زۆر دوور دەڕۆین کاتێک ئاواتەکانی ئینجیلی پۆڵس دەخەینە سەر هەڵبژاردنی پیشەیی دونیاییمان؟ نەخێر، بۆ کەسی باوەڕدار بە مەسیح نا. بۆ ئەو خەڵکەی کە خوانی نان و ماسییان خوارد، مەسیح ڕایسپاردن: «بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی هەتاهەتایی دەمێنێتەوە، ئەوەی کوڕی مرۆڤ دەتانداتێ» (یۆحەنا ٦: ٢٧). مەسیح خۆی نانی تەواو تێرکەرە. کەواتە ئایا ئەمە بەو واتایەیە کە کاتێک متمانەمان بە مەسیح هەیە، واز لە زەحمەتکێشان دەهێنین بۆ ئەو نانەی کە لە دوکانەکان دەیکڕین؟ دیارە نەخێر. «هەموو پەیمانی نوێ دان بە ڕێزداری کاردا دەنێت و بۆ کارکردن ڕاماندەسپێرێت» (ئەفەسۆس ٤: ٢٨؛ دووەم سالۆنیکی ٣: ١٠).

کەواتە چی دەگۆڕێت کاتێک باوەڕمان بە مەسیح هەیە و دەبینین لەودا «نانێکی شکۆمەند و تەواو تێرکەر و هەمیشەیی» هەیە؟ (١) لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ژیانمان زیاد دەکرێت: هەتاهەتایی. نانی مەسیح بەرەو ژیانی هەتاهەتایی دەبات. خانەنشین بوون کۆتا بەشی ژیانی ئێمە نییە. (٢) گەنجینەیەکی نوێ بۆ ژیانمان زیاد دەکرێت: نانی ژیان. «ئەم نانە، کاتێک دەیخۆیت و دەزانیت کێیە و لە ماوەی تەمەنتدا زیاتر و زیاتر دەزانیت کە ئەمە چەندە بە قووڵی خۆراکە بۆ ئەو ڕۆحانەی کە بۆ خودا بەدیهاتوون، ئەوا هەموو بەهاکانی دیکە دەچنە ئاستی خوارەوە، خوارەوە، خوارەوە، لە کاتێکدا ئەو بەرز دەبێتەوە، بەرز دەبێتەوە، بەرز دەبێتەوە!»

a ئەڵقەی ٩٧٣: «من بەهۆی بێبڕیارییەوە ئیفلیج بووم -چی بکەم؟» (٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦).

مەسیح لە بازاڕی کار نامانکێشێتەوە. ئێمە لە کاردا دەمێنینەوە. وە لەو کارانەدا، ئێمە «لەگەڵ خودا دەمێنینەوە» (یەکەم کۆرنسۆس ٧:٢٤). «مانەوە لە شوێنی خۆتدا شتێکی ئاسایی مەسیحیبوونی ئاساییە، ئاسایی، چەسپاو. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو کارەدا شتێک دەگۆڕێت. ئەمە بە وریایی گوتراوە. هەست دەکەم فریو دراوم کە دەڵێم هەموو شتێک دەگۆڕێت. لە کۆتاییدا ئەمە دەڵێم. بەڵام لە گوتنی ئەمە مەبەستم ئەمەیە: شتێک لە هەموو شتێکدا دەگۆڕێت. مەسیح گەورەترین گەنجینەی ئێمەیە. ئیتر «ئەگەر شتەکان لە شوێنی کار یان ماڵەوە تاریک دەرکەون، ئەوەت لەبیر بێت کە تۆ بۆ هەتاهەتایە دەژیت. بۆیە دەچیتە سەر کارەکەت نەوەک ئارەزووی ئەو نانە بەسەرتدا زاڵ بێت کە لەناو دەچێت یان لە ترسی لەدەستدانی بێت. بڕۆ سەر کارەکەت بە ناسینی ئەوەوە، متمانە پێکردنی، بەگەنجینەکردنی ئەو، ڕازیبوونی ئەو، وە دڵت لەسەر ئەوە بێت لە هەموو کارێکدا خودا شکۆدار بکەیت. بەم شێوەیە دەچیتە سەر کارەکەت.» وەها فێرکارییەک «ناتکاتە کرێکارێکی تەمبەڵ؛ ناتکاتە کرێکارێکی خراپ؛ ناتکاتە کرێکارێکی خەمبار. دڵگەرمی و چاکی و خۆشی دەهێنیتە ناو کارەکەت، چونکە دەیناسیت، متمانەت پێی هەیە، بە بەهاداری دەزانیت. دەتەوێت لە هەموو ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەیت بەهاداری پێدەدەیت. دەزانیت هەموو شتێک -هەموو شتێک- بە ناوی عیسا و بۆ شکۆمەندی عیسا ئەنجام دەدرێت، لە شۆردنی دەستخۆرەوە هەتا بەڕێوەبردنی دەستەی کارگێڕی، بۆ هەتاهەتایە دە هەزار هێندە پاداشت دەدرێیتەوە، بە خۆشییەکی لە ڕادە بەدەر.»[a]

مانەوە لە پیشەیەکدا چونکە خودا لەگەڵمان دەمێنێتەوە (μενέτω؛ یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢٤) واتا «هەر کارێکمان هەبێت، گەورەترین خۆشی لەبارەی کارەکەوە ئەوەیە کە دەگەینە ئەوەی لەگەڵ خودا بین. ئەو هەموو ڕۆژێک لەگەڵمانە.» ئەو ئامادەیە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی لە پیشەکەماندا.[b] وە ئەو ئامادەیە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لە بەرگەگرتن و گەشەکردن لە پیشەی کەمتر نموونەیی ئەگەر پێویست بێت.[c]

ئایا خودا کارێکم پێدەبەخشێت کە حەزم لێی نییە؟

ئایا خودا بانگهێشتت دەکات بۆ کارێک کە ناتوانیت چێژی لێ وەربگریت؟ یان خودا بانگهێشتت دەکات بۆ کارێک کە توانای ئەوەت پێنادات چێژی لێ وەربگریت؟

---

a ئەڵقەی ١٥١١: «چۆن مەسیح چۆنیەتی کارکردنم دەگۆڕێت؟» (١٢ی ئابی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ٧٦٨: «ئایا خودا بانگهێشتم دەکات بۆ پیشەیەک کە چێژی لێی وەرناگرم؟» (٨ی کانونی دووەمی ٢٠١٦).

c ئەڵقەی ١٥١٩: «ئایا پیشەکەم لە بەبازاڕکردندا بێسوودە؟» (٣١ی ئابی ٢٠٢٠).

سێ هۆکار هەن وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە.

١. بـە دڵخۆشـیەوە خزمـەت بکـە (زەبـووری ١٠٠: ٢؛ ڕۆمـا ١٢: ٨). هەمـوو بەخشـین و خزمەتکردنمـان دەبێـت بـە خۆشـییەوە بێـت (ژیرمەنـدی ٣: ٢٢؛ دووەم کۆرنسـۆس ٩: ٧؛ یەکـەم سـالۆنیکی ٥: ١٨). بـە دەربڕینێکـی دیکـە، نابێـت کارکـردن ڕەتبکەینـەوە هەتا ئەو کارە دەبینیـن کـە «پێمانوایـە دەتوانیـن چێـژی لـێ وەربگریـن.» بەڵکـو «پێویسـتە ئـەو کارە بکەیـن هێنـدەی لـە تواناماندایـە بـۆ چاکـەی خێـزان، چاکـەی کۆمەڵـگا، شـکۆمەندی خـودا، پاشـان نوێـژ دەکەیـن لەپێنـاو ئـەوەی چێـژی لـێ وەربگریـن و هێنـدەی دەکرێـت بـە شـێوەیەک دایبڕێژیـن بـۆ ئـەوەی زیاتـر بەرهەمـدار بێـت و چێژبەخشـتر بێـت.»

٢. لـە کۆیلـەوە فێربـە. زۆرێـک لـە بـاوەڕدارە سـەرەتاییەکان لـە ئیمپراتۆریەتـی ڕۆمـادا کرانـە کۆیلـە، ژیانێکـی ناخـۆش کـە خـراپ مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکـرا و «زۆرجـار ترسـناک» بـوو (یەکـەم پەتـرۆس ٢: ١٨-٢٥). بێگومـان، ئەگـەر کۆیلـەکان بتوانـن ئـازاد بـن، ئـەوا دەبێـت ئـازاد بـن، ئەمـەش نیشـانی دەدات کـە «پۆڵـس وای دانەدەنـا کـە کارکـردن لـە دۆخێکـی زەحمەتـدا شـتێکی نموونەییـە» (یەکـەم کۆرنسـۆس ٧: ٢١). بـەڵام خۆمـان لە هـەر دۆخێکدا ببینینـەوە، ئـەوا «خـودا لەگەڵمانـە،» وەک ئـەوەی پۆڵـس دەڵێـت (یەکـەم کۆرنسـۆس ٧: ٢٤). «بـە دەربڕینێکـی دیکـە، هـەر کارێکـمان هەبێـت، گەورەتریـن دڵخۆشـیمان ئەوەیـە کـە لەگـەڵ خـودا بیـن، ئـەو هەمـوو ڕۆژێـک لەگەڵماندایـە. هەرچییـەک بکەیـن، ئـەو لەگەڵمانـە. ئـەو یارمەتیـمان دەدات. ئـەو دەیگۆڕێـت بـۆ چاکـەی ئێمـە.»

٣. سوپاسـگوزار بـە بـۆ بـژاردەکان. «لـە زۆربـەی شـوێنەکانی جیهـان، مرۆڤـەکان سـەد ئەگەریـان لەبەردەمـدا نییـە بـۆ ئـەوەی چـۆن بژێـوی ژیانیـان دابیـن بکـەن. ڕەنگـە یـەک یـان دوو یـان سـێ بژاردەیـان هەبێـت، بەگوێـرەی گوندەکەیـان و ئـەو خێزانـەی کـە تێیـدان و ئـەو کۆمەڵگایـەی کـە تێیـدان.» پرسـیارەکە «زۆر ڕۆژئاواییـە.» بـەڵام چ لە ڕۆژئـاوا یـان ڕۆژهـەڵات، لـە خۆشـگوزەرانی یـان لـە هەژاریـدا، «ئەمـە کرۆکـی ژیانـی مەسـیحییە: دۆزینـەوەی ڕەزامەنـدی لـە مەسـیحدا و گۆڕینـی هەمـوو بارودۆخێـک و هەمـوو کارەکانمـان بـۆ پەرستشـێکی زینـدوو» (فیلیپـی ٤: ١١) [a].

چۆن فێر بم لە کارەکەمدا چێژ لە خودا وەربگرم؟

خودا داوامان لـێ دەکات فێربین چێژ لە کارەکەمان وەربگرین. چۆن ئەمە بکەین؟

چـوار کلیـل هەیـە. (١) بزانـە کـە خـودا لـە هەمـوو بەخششـەکانی بـۆ ئێمـە گەورەتـرە (زەبـووری ٧٣: ٢٥-٢٦؛ فیلیپـی ٣: ٨). «مـن پێمـوایە مەبەسـتی ئـەو بڕگانـە ئـەوە نییـە بڵێـت کـە

a ئەڵقەی ٧٦٨: «ئایا خودا بانگهێشتم دەکات بۆ پیشەیەک کە چێژی لێی وەرناگرم؟» (٨ی کانونی دووەمی ٢٠١٦)

ناتوانرێت چێژێکی ڕەوا لە بەخششەکانی خودا هەبێت. زۆر دەقی دیکە هەن پێچەوانەی ئەم بیرۆکەیەن. بەڵام مەبەستەکە ئەوەیە کە تەنها لە خودادا چێژ دەبینیەوە، بە تەواوی لە خودادا هەیە. (٢) هەرشتێک کە مەسیح شکۆدار ناکات وەک زبڵێک ببینە، وە بزانە بۆچی ئەم بیروڕایە ماندووبوونمان لە کارکردن لە کاتژمێر نۆ هەتا پێنج پووچەڵ ناکاتەوە (فیلیپی ٣: ٨؛ ٤: ١). (٣) بە شادی و دڵخۆشیەوە ببەخشە (کردار ٢٠: ٣٥؛ دووەم کۆرنسۆس ٩: ٧). (٤) چێژ لە کارەکەت وەربگرە و بە هەموو دڵتەوە کار بکە (ژیرمەندی ٢: ٢٤؛ ٣: ١٣؛ ٥: ١٩).

بۆ ئەوەی ئەم چوار خاڵە بخەینە پوختەیەکی «کورت» و «ئاڵۆز» و «وروژێنەر»: چێژوەرگرتنمان لە کارەکانمان دەبێت چێژێک بێت لە ڕێزگرتن بێت لەوەی خودا پێی بەخشیوین و ئەوەی بۆی کردووین.» ئێمە لە چێژوەرگرتنمان لە خودا کار دەکەین. خۆبەخشیمان «ڕژان»ـە (περισσεύω؛ دووەم کۆرنسۆس ٨: ٢). لە چوارچێوەی کاری ئامانجداردا، نەک تەنها تامی چاکەی خودا بۆ ئێمە دەکەین (کار بەخششێکی خودایی)، بەڵکو بە خزمەتکردنی کەسانی دیکە خۆشیمان بە خودا سەرڕێژ دەبێت. کەواتە «بە درککردنمان بەوەی کە لەلایەن خوداوە بەدیهێنراوین، پشتبەستوو بە خودا، بەهرەمەند لەلایەن خوداوە بۆ کارێکی دیاریکراو، پاڵنەر لەلایەن خوداوەیە، بە دڵگەرمییەوە وەک ئەوەی بۆ خودا ئەنجامی بدەین، ئەوا دەتوانین بڵێین کە هەر کارێکمان بەرجەستەکردنی شکۆمەندی خودایە کە دڵخۆشمان دەکات.» هەموو ئەو شتانەی کە لە کارەکانماندا بەکاریان دەهێنین -ئەقڵمان، ماسولکەکانمان، دەمارەکانمان، چاوەکانمان، گوێچکە و هەستەکانمان- «لەلایەن خوداوە داڕێژراون بۆ ئەوەی شکۆمەندی خودا دەربخەن.» بەم شێوەیە، ماندووبوونی ڕۆژانەمان نەک تەنها دەربڕین بەڵکو چێژوەرگرتنمان لە خودا زیاتر دەکات. ئیتر، ئامانجمان ئەوەیە ببینین «بەرهەمی ژیانمان پێشاندانی شکۆمەندی تەواوی خودا بێت، وە خەڵکی دیکە ببینن» و «بێن بۆ ئەوەی بەشداری تێدا بکەن هەتا بەهۆی خۆشی ئەوان لە خودادا خۆشیمان لە خودا گەورەتر بێت.»[a]

ئایا مزگێنیدەر لە مامۆستای جەبر گەورەترە؟

زۆربەی باوەڕداران بە مەسیح مزگێنیدەر نین و ناتوانن زۆربەی کاتەکانیان بۆ خزمەت تەرخان بکەن. بەڵام، ئایا کاری مزگێنیدەر لە کاری مامۆستای جەبر باڵاتر نییە؟

هەموو باوەڕداران بە مەسیح لە مەسیحدا یەکسانن (گەلاتیا ٣: ٢٨). لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە دەمانەوێت بە گوناهەوە ڕیزبەندی یەکتر بکەین (یاقوب ١: ٩-١١). لەگەڵ ئەوەشدا، ئایا بنەمایەک هەیە بۆ ئەوەی کە دەتوانرێت پیشەیەک بە «گەورەتر» لە پیشەیەکی دیکە هەژمار بکرێت؟ پێدەچێت پۆڵس هەر ئەم کارەی کردبێت کاتێک ڕێزی ئەو کەسانەی

a ئەڵقەی ٧٣٠: «چوار ڕێگەی سەرەکی کە لە کارەکانماندا چێژ لە خودا وەردەگرین» (١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥).

گرت کە وشەی خودا فێری خەڵکی دەکەن (یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٢-١٣؛ یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٧). ئەو «هەندێک ڕۆڵ یان چاڵاکی یان پیشەیەک بەو جۆرە دەبینێت کە جۆرێکی دیاریکراو لە شەرەف یان ڕێزگرتنیان هەبێت کە ڕۆڵ یان چاڵاکییەکانی دیکە نییانە.» فێربە بە دوو بەراوردکردن جیایان بکەیتەوە.

١. حەزەکانی ناوەوە بەراورد بکە. سەرەتا، بانگخوازێک وێنا بکە کە ڕاوەستاوە لەبەردەم «بێباوەڕان لە شوێنێکی مزگێنیدان کە دژایەتی دەکرێت.» وە ئەمە بەراورد بکە بە ماموّستایەکی جەبر کە «لە پۆلێکدا هەرزەکارانی پابەند لە قوتابخانەیەکی مەسیحیدا» وانە دەڵێتەوە. باوەڕێکی ناخ و متمانە و خۆنەویستی بەرامبەر بە خودا لە هەردووکیاندا پێویستە و ڕەنگە ماموّستای جەبر زیاتری هەبێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە «هیچ چاڵاکییەک لە خۆیدا چاڵاکیەکی گەورەتر نییە لە چاڵاکییەکانی دیکە لەلایەنی ڕادەستبوون و پەرستن و باوەڕ، ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین: ڕادەستبوون، پەرستن، دڵسۆزی.»
٢. کاریگەرییە ئەگەرییەکان بەراورد بکە. «جەبیر باشە، جەبر دروستکراوی خودایە. جەبر پێویستە. بەڵام جەبر ئینجیل نییە، وە جەبر گوناهبار ڕزگار ناکات.» کەواتە «ئەگەری ڕوودانی پەرجوو کە گرنگی هەتاهەتایی هەیە لە بانگەوازی وتاردا زیاترە -وە مەترسی ژیانیش لەو ئامادەبووانەدا زیاترە.» کەواتە (١) مەرج نییە مزگێنیدەر پیرۆزتر بێت. بەڵام (٢) ئاواتەکانی مزگێنیدەر باڵاترن.»

بۆیە، لانیکەم سەبارەت بە خۆم، وەک قەشەیەک بۆ ماوەی سی و سێ ساڵ، کەسانێک لە دەوروبەرم بوون کە منیان خۆشدەویست و پەسەندیان دەکردم، وە پارەیەکی باشیان پێدام لە کۆمەڵگایەکدا کە منی نەخستە زیندانەوە، لە شارێکدا کە چاودێری پزیشکی بەرفراوانی هەبوو، ساردی و گەرمی ناوەندی، ژێرخانێکی کارا -بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانە، هەمیشە هەستم بەوە کردووە کە مزگێنیدەرایەتی مەترسی زیاتریان گرتۆتەبەر، چوونەتە شوێنە سەختەکان، بەرگەی تاقیکردنەوەی گەورە دەگرن، بە متمانەی کەمەوە، ئەوان شایەنی جۆرێک لە ڕێزگرتن و ڕێزلێنانن کە من شایەنی ئەوە نیم، کاتێک ئەوە دەڵێم، لە بەهای سی و سێ ساڵ لە خزمەتکردنمدا کەم ناکەمەوە.[a]

ئایا من لە هەر پیشەیەکی جگە لە مزگێنیدەرایەتی ژیانم بەفیڕۆ دەدەم؟

ئەگەر شایەتی بۆ مەسیح نەدەین، ئایا بەڕاستی هەموو ئەو کارانەمان کردووە کە لە تواناماندا بووە بۆ شانشینی خودا بیکەین؟ پرسیارەکە لە پیاوێکی سەرکەوتووەوە هات کە لە بواری کۆمپانیاکانی ئەمریکا کاردەکات. قەشە جۆن سێ هۆشداری پێدا و دوو ئامۆژگاری کرد.

a ئەڵقەی ٩٤٢: «ئایا مزگێنیدەر لە هونەرمەند گەورەترە؟» (٢٦ی ئەیلوولی ٢٠١٦).

هۆشداری یەکەم: بڕیارێکی مزگێنیدەری مەدە کە مەسیحییەکانی دیکە تۆمەتبار بکات بەوەی لە بازرگانیدا دەمێننەوە. هەڵبژاردنی نێردراوێتی تەنها لەبەر ئەوەی هەست دەکەیت کارکردن لە کۆمپانیا لە مەسیحیبوون باشترە بەهانەیەکی نادروستە. ڕوونە کە نێردراوان «بەنیازی ئەوە نین کە هەموو باوەڕداران بە مەسیح کارە ئاساییەکانیان بەجێبهێڵن.» پۆڵس باوەڕداران بە مەسیح ڕادەسپێرێت کە «لەو دۆخەدا» بمێننەوە کە تێیدا پەیامی خودایان بیستووە، هەر بەو شێوەیە «لەگەڵ خودا» بمێننەوە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢٠، ٢٤). «ئێستا، "لەگەڵ خودا" هەموو شتێک دەگۆڕێت. ئای خوایە، وەک ئەوە نییە نێردراوان بیانەوێت گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ژیانتدا ڕووبدات وە لە شێوازی پەیوەندیکردنت لەگەڵ کەسانی ناو کارەکەتدا. بەڵام بەپێی ئەو بنەمایانە پێویست ناکات کارەکەت بەجێبهێڵیت بۆ ئەوەی ببیتە باوەڕدارێک بە مەسیح.» باوەڕ بە خۆت مەهێنە بەوەی بچینە ناو خزمەتی مزگێنیدەرایەتی کە پێت وابێ ئەو کەسانەی لە کارکردنی کۆمپانیاکان دەمێننەوە سەرپێچیکاری گوناهبارن.

هۆشداری دووەم: تێکۆشان لەپێناو شانشینی چاکەی مزگێنیدەر نییە. ڕەنگە بچیتە ناو ژینگەیەکی دوژمنکارانە و گەشمەرگ (شەهید) بیت «هەرچەندە لە ڕاستیدا، تۆ تەواوی هێزەکەت بەکار نەدەهێنابێت و هەموو ڕیشاڵێکی بوونت تەرخان نەکربێت لە دڵسۆزی بۆ عیسا -بەڵام لە ڕاستیدا کاتێکی زۆرت بەفیڕۆ داوە، بە شێوەیەکی دونیایی مامەڵەت کردووە، بە ترسنۆکییەکی زۆرەوە، وە زۆر کەم گرنگیت بە خەڵکی دەوروبەرت داوە. ئەمە دەکرێت، وە ڕوودەدات. ڕەنگە مزگێنیدەران بەم شێوە بن.» لە لایەکی دیکەوە، لە کۆمپانیاکانی ئەمریکادا دەتوانیت «زیاتر هێزی خۆت بەکاربهێنیت، ڕیشاڵی زیاتری بوونت، توانایەکی زیاتر لە هێزت لەپێناو شانشینیدا بەکاربهێنیت وەک لەوەی ئەگەر مزگێنیدەر بیت.» «هیچ پەیوەندییەکی پێویست» نییە لە نێوان شوێنی کارەکەت و چەندە بە تەواوی دڵ کار دەکەیت.

هۆشداری سێیەم: گەشمەرگی (شەهیدبوون) ئەرکێکی سەپێنراو نییە. ئەمە ئاواتێکی گریمانەیە، چونکە «ئاواتی گەشمەرگ بوون، گۆڕینی دەرئەنجامێکی باوەڕە کە خودا بڕیاری لەسەر داوە بۆ پێناسەیەکی خۆبڕیاری. خۆت نابێت ئەمە بکەیت. ڕەنگە کۆتایی ڕێگای گوێڕایەڵی گەشمەرگی بێت کە خودا بۆی دیاری کردووێت.» یانیش نا. «ئەمە بڕیاری تۆ نییە.» بڕیاری ئێمە «گوێڕایەڵی و دڵسۆزی و خۆشەویستی و دڵگەرمییە. ئەمە چۆن کۆتایی دێت، کاری ئەوە، نەک بڕیاری ئێمە.» وە لەبیرت بێت کە زۆرێک لە گەشمەرگان «مەسیحی لاواز و دونیایی بوون کە بەڕێکەوت لە شوێنێکی هەڵەدا لە کاتێکی هەڵەدا بوون.» وە زۆرێکیان بە مردنێکی سروشتی مردن «مەسیحی بەرهەمدارتر

و کاریگەرتر بوون لە هەندێک گەشمەرگ.» «هیچ پەیوەندییەکی پێویست» نییە لە نێوان بەرهەمی تۆ و هۆکاری مردنەکەت.

ئامۆژگاری یەکەم: چاوەڕوان بکە نائارامی هاندەرت بێت بۆ مزگێنیدەرایەتی. خودا «بە شێوەیەکی ناڕوون و سەرسوڕهێنەر هەزاران کەسی ڕێنمایی کردووە بۆ ئەوەی واز بهێنن لە کارە ئاساییەکانی ولّاتەکەیان بۆ ئەوەی بیانگوازێتەوە بۆ کاری هێڵی پێشەوەی مزگێنیدەرایەتی» لە ڕێگەی «هەستکردن بە نائارامییەوە.» بەڵام ئەم نائارامییە تۆمەتبارکردن نییە بۆ ئەو باوەڕدارانەی کە هەستی پێناکەن.

ئامۆژگاری دووەم: لەگەڵ باوەڕدارانی دیکە بانگ بکرێ بۆ مزگێنیدەرایەتی. هەموو مزگێنیدەرێک پێویستی بەوەیە «لەگەڵ باوەڕدارانی دیکە لە هاوبەشیدا بێت، کەسانی دیکە بتوانن درک بکەن بە بەهرە و دڵگەرمی و پێگەیشتووییەکەی، بەوەش بانگەوازی خودا بۆ ژیانی بۆ پشتڕاست بکەنەوە.»[a]

چۆن بەسەر پلیکانەی کۆمپانیادا سەربکەوم و بگەمە ونبووەکان؟

ئەم پرسیارە لە بنەڕەتدا ئەوەیە، چۆن بە دڵسۆزی لە کارکردنمان بە باوەڕەکەمان دەژین؟ هەموومان دەمانەوێت «ژیانێکی تەواو بژین -تێیدا تەنها مەسیح ئامرازی تەواوەتی بێت- کە هەست ناکەین بە ئاراستەی جیاوازدا پەرتەوازەین.» ئێمە بەدوای ژیانێکدا دەگەڕێین کە هەست بکەین بە «یەکگرتوویی،» «تەواوەتی» و «یەکپارچەیی بۆ هەموو پارچەکانی ژیانمان» بهێنێت. سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکانی کۆمپانیا و گرنگیدان بە پێداویستییە هەمیشەییەکانی کەسانی دیکە: چۆن ئەم دوو ئامانجە دەبنە تەواوەتییەکی یەکگرتوو، بیر لە یازدە پرسیار بکەرەوە.

(١) ئایا دەتوانیت کاری خۆت و ئامانجت لە کۆمپانیاکە لە دەرئەنجامێکی کۆتایی و شکۆمەندی مەسیح ببینیت؟ (٢) ئایا دەتوانیت باشی ئەو کارە ببینیت کە ئەنجامی دەدەیت بە شێوەیەک کە مەسیح شکۆدار بکات، نەک تەنها پێگەت پێبدات بۆ بەرزکردنەوەی پلە؟ (٣) ئایا دەتوانیت ماندووبوونەکانت وەک ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی کەسانی دیکە ببینیت؟ (٤) ئایا دەتوانیت پاکی کەسی خۆت لە کاردا وەک دەربڕینی خۆشەویستیت بۆ مەسیح ببینیت؟ (٥) ئایا دەتوانیت سوپاسی خودا بکەیت بۆ ئەو لێهاتوویی و توانایانەی کە پێی بەخشیویت؟ (٦) ئایا دەتوانیت بیهێنیتە بەرچاوت کە کارەکەت چۆن دەبێت ئەگەر بە ڕۆحێکی ساکار ئەنجام بدرێت؟ (٧) ئایا دەتوانیت ببینیت کە ڕۆژانی کارکردنت پڕە لە خۆشی مەسیح؟ (٨) ئایا دەتوانیت گرنگی کارکردن بەبێ بۆڵەبۆڵ و گلەیی بەرز

a ئەڵقەی ١٥٠٣: «ئایا من ژیانم لە کارێکی دونیاییدا بەفیڕۆ دەدەم؟» (٢٤ی تەممووزی ٢٠٢٠).

بنرخێنیت؟ (٩) ئایا دەتوانیت گرنگی پشوودرێژیت لەگەڵ کەسانی دیکەدا ببینیت؟ (١٠) ئایا دەتوانیت لە لێهاتوویی و کارەکانتدا بەدیهێنەر و شکۆمەندییەکەی ببینیت دەدرەوشێتەوە؟ (١١) ئایا دەتوانیت پیشەکەت وەک شوێنی خۆشەویستی ببینیت؟ ئەم خاڵەیان دە خاڵەکەی پێشوو پوخت دەکاتەوە: «بیربکەرەوە کە چۆن هەموو کارێک دەربڕینی خۆشەویستییە: خۆشەویستی بۆ خودا، خۆشەویستی بۆ خەڵکی.»[a]

ئایا من زیاد لە پێویست کار دەکەم یان کەم؟

کتێبی پیرۆز فەرمانی کردووە کە هەفتەی کارکردن شەش ڕۆژە. کەواتە چۆن بزانین زیادەڕۆیی لە کارکردن دەکەین یان کەم کاردەکەین؟

دوای زیندووبوونەوەی عیسا، ڕۆژی پەروەردگار لە شەبەتی شەممەوە گواستراوەتە بۆ یەکشەممە. وە ئێستا کەمتر لەبەرچاو دەگیرێت. «من ڕاسپاردەی پەیمانی کۆن بۆ پاراستنی ڕۆژی شەممە بە پابەندکەر بۆ کڵێسای ئەمڕۆ وەرناگرم بە هەمان ئەو تونديیەی کە لە پەیمانی کۆندا هەبوو.» عیسا لە خزمەتەکەیدا «تونديی شەممەی کەم کردەوە» (مەتا ١٢: ١-٨)، چونکە مەسیح پشوودانی شەممەی ئێمەیە. هەروەها، پۆڵس، پێدەچێت کەمتر توند بووبێت سەبارەت بە ڕۆژە پیرۆزەکان (ڕۆما ١٤: ٥؛ گەلاتیا ٤: ١٠-١١؛ کۆلۆسی ٢: ١٦). بەڵام کڵێسا هەفتەی کارکردنی شەش ڕۆژە و یەک ڕۆژی پشوودان دەهێڵێتەوە، کە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕێکخستنی بەدیهێناندا هەیە. «کەواتە، بۆچوونی من ئەوەیە، بە نەرمییەکی زۆرەوە، پێویستە ڕۆژی پەروەردگار بۆ پشوودان و بۆ پەرستن بپارێزین -بۆ نوێبوونەوەی ڕۆحی.»

ئەوەی جێگای سەرنجە، یەک ڕۆژی پشوو نییە کە سەرنجی ڕاسپاردەی پەیمانی کۆنی لەسەرە، بەڵکو شەش ڕۆژی کارکردنە (دەرچوون ٢٠: ٩؛ ٣٤: ٢١؛ دواوتار ٥: ١٣). «هەموو خزمەتەکەم، گریمانەم کردووە کە شەش ڕۆژ کار دەکەم و یەک ڕۆژ پشوو دەدەم.» وەک زۆرێک لە قەشەکان، ڕۆژی دووشەممە ڕۆژی پشوودانیانە.

بەم بیروباوەڕەی بۆ شەش ڕۆژ کارکردن، لێرەدا حەوت مەرج دەخەینەڕوو. (١) کارەکانمان زیاترە لە پیشەی فەرمی. بەڵکو هەروەها پارێزگاری لە ژیانمان، بڕینەوەی چیمەن، چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانمان، چاککردنەوەی دەرگای ماڵەکەمان کەوا سیکەسیک دەکات، چاککردنەوەی بەلوعەکان کەوا ئاوی لێدەچێت. ئەوەش کارە. (٢) دەکرێت پێنج ڕۆژ لە نوسینگەی کۆمپانیاکان بەسەر ببردرێت، پاشان ڕۆژی شەشەم بۆ کاری خزمەت یان شارستانی تەرخان بکرێت. (٣) دەتوانیت لە پێنج ڕۆژی کاردا پەنجا یان شەست کاتژمێر کار بکەیت، باری کارکردنی شەش ڕۆژەی تەواو لە پێنج ڕۆژدا تەواو بکەیت. (٤) ئەگەر

a ئەڵقەی ١١٧٤: «چۆنیەتی سەرکەوتن بەسەر پلیکانەی کۆمپانیاکان -لە پێناو عیسا» (٢١ی ئازاری ٢٠١٨).

کارەکەت خۆشدەوێت، ڕەنگە جیاکردنەوەی کار و کات بەسەربردن جیاکردنەوەی قورس بێت. (٥) بە پێچەوانەوە، پیاو دەتوانێت هەفتەیەکی درێژخایەن زیاتر کار بکات بۆ ئەوەی خۆی لە ژیانی ماڵەوەی ڕزگاری بکات، بۆ تێرکردنی دڵگەرمی خۆی، گەشە بدات بە خۆشویستنی پارەی، یان پێنج ڕۆژ کارکردنی تەمبەڵیی خۆی بەدەست بهێنێت. (٦) دەتوانیت کارەکەت خۆشبوێت و چێژ لە ئەنجامدانی شەش ڕۆژ لە هەفتەیەکدا وەربگریت. (٧) لە هەمووی زیاتر، مەسیح پشوودانی شەممەی ئێمەیە، «واتە گشت کارەکانمان دەگرێتەوە -پێنج، شەش، چوار ڕۆژ- ئێمە لە مەسیحدا پشوومان هەیە.»

بە کورتی، هەریەکێک لە ئێمە دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: «ئایا ئەو شێوازەی کار و تازەگەرییەمان دۆزیوەتەوە کە ئاماژە دەکات بە گەورەیی مەسیحی هەستاوە لەنێو مردوان و دەبێتە هۆی باوەڕێکی بەهێز و وزەیەکی بەردەوام بۆ بەدیهێنانی خۆشی هەموو ئەو بانگەوازە جۆراوجۆرە (زۆرانە!) کە مرۆڤ بۆ شکۆمەندی خودا هەیەتی؟»[a]

کەی پیشەکەم بووەتە بتێک بۆ من؟

لەو بوارانەی پیشەیی کە کێبڕکێیەکی زۆریان لەسەرە، کارمەندان پەستانیان لەسەرە بۆ ئەوەی هەفتانە حەوت ڕۆژ کار بکەن. بۆ ژنێکی گەنج، نامە و ئیمەیڵەکان هەرگیز ناوەستن. ئەگەر بۆ ماوەی ڕۆژێک ڕابوەستێت، یەکسەر دەست دەکات بە لەدەستدانی پێگەکەی لەبەردەم هاوکارەکانی کە لە پێشبڕکێی پێشکەوتنی پیشەکەیدا بە پێشی دەکەون. لەم جۆرە کێبڕکێیەدا، کەی پیشە بووەتە بتێک؟

دە ڕاسپاردەکە هۆشداریمان پێدەدەن کە «چاو مەبڕە» (دەرچوون ٢٠: ١٧). وە ئەو وشەیە هەمان وشەیە بۆ وشەی ئارەزووی باش بەکارهاتووە کە دەبێت بۆ کتێبی پیرۆز هەمانبێت (زەبووری ١٩: ١٠). کەواتە ئەگەر ئارەزوویک بکرێت بەهادار بێت یان گوناهباری بێت، چی ئارەزووەکە دەکاتە چاوتێبڕین؟ ڕاسپاردەی یەکەم ڕێگاکە دەکاتەوە. «هیچ کەسێکتان خودای دیکەی بێجگە لە منتان نەبێت» (دەرچوون ٢٠: ٣). بەم شێوەیە، «ئارەزوێک دەبێتە چاوتێبڕین کاتێک دەست دەکات بە لادانی خودا لەوەی ئارەزووی سەرەکیت بێت. کەواتە، لە شوێنی کارەکەماندا، هەمیشە پێوەرێکمان هەیە بۆ بتپەرستی، ئایا کارەکانم دەست دەکەن بەوەی هەست بکات ڕێزدارتر و زیاتر و بەهادارترە لە خودا؟»

لە شوێن کارێکی کێبڕکێدا، ئێمە لە سێ ڕووەوە بەرەو بتپەرستی فریو دەخوێن. (١) پەستانی کارکردن باوەڕمان تاقی دەکاتەوە. ئایا تاقیکردنەوەکان لە شوێنی کارەکەمدا

a ئەڵقەی ٦٥٨: «ئایا من زیاد لە پێویست کار دەکەم؟» (١٠ی ئابی ٢٠١٥).

باوەڕم قوولّتر دەکەنەوە، یان وا دەکەن زیاتر پشت بە خۆم ببەستم؟ ئایا درەنگ دەخەویت و خۆت شەکەت دەکەیت بە کارکردن و متمانەت بە لێهاتوویەکانی خۆت هەیە؟ یان ئەو پەستانەی کە لە شوێنی کارەکەتدا هەستی پێدەکەیت دەبێتە هۆی ئەوەی باوەڕەکەت گەشە بکات و بڵێیت «خودا بەسە بۆ من و یارمەتیم دەدات؟» (٢) پەستانی کارکردن ئێرەییمان تاقی دەکاتەوە. پەرۆش بە نەک بە ئێرەیی. بپرسە، ئایا دڵگەرمی ژیانی من خولیای ناوبانگی خودایە یان هی خۆم؟ وەڵامێکی ڕاستگۆیانە لێرەدا دەکرێت ئێرەیی ئاشکرا بکات، ئەو «حەزە ناخۆشەیە کە کەسێکی دیکە هەندێک شکۆمەندی یان هەندێک پاداشتی بەدەستهێنابێت کە من بۆ خۆم ویستوومە.» ئێمە دەزانین کە ئێرەیی بەسەرماندا زاڵ بووە «کاتێک بە سەرکەوتن و پاداشتەکانی کەسانی دیکە شاد نابین،» بەڵکو پێی پەست دەبین. (٣) پەستانی کارکردن ئاسایشمان تاقی دەکاتەوە. ئێمە بەو کارە باشانە ڕزگارمان دەبێت کە ناتوانن ڕزگارمان بکەن (ئەفەسۆس ٢: ٨-١٠). لەگەڵ ئەوەشدا کارەکەمان بووەتە کارێکی گوناهبار؟ چۆن؟ «کارەکەت بووەتە بتێک کاتێک هەست دەکەیت بەوەوە ڕەزامەندی خودا بەدەست دەهێنیت.» بە دەربڕینێکی دیکە، «کارەکەت بووەتە بتپەرستیی کاتێک ڕەگی قبوڵکردنتە نەک بەرهەمی قبوڵکردنت-پێگەی خۆت، دەوڵەمەندیت، ناسنامەکەت، کە هەموویان لە مەسیحدا بەخۆڕایین.» مەسیح بناغەی کارەکانمانە. تەنها لە مەسیحدا «گەورەترین قبوڵکردن، گەورەترین پێگە، گەورەترین سامان، گەورەترین ناسنامەمان هەیە. ئەگەر لە بینینی بەرهەمی کارەکانمانەوە بگۆڕێین بۆ ئەوەی کارەکەمان وەک بناغەی ئەو شتانە ببینین، ئەوا کارەکەمان کردووە بە بتپەرستییەک کەوا نیعمەتی خودا بچووک دەکاتەوە.»[a]

ئەگەر لە کارەکەمدا باش نەبم، ئایا پەروەردگار پێم دەڵێت وازی لێ بهێنە؟

ماموستایەک نووسیویەتی، چونکە کەمی لێهاتوویی کاریگەری نەرێنی لەسەر خوێندکارەکانی دەبێت. هیچ کام لە تێبینییەکانی سەرپەشیارانی یارمەتیدەر نەبوون. ئایا پێویستە وازبهێنێت؟ دوو ڕێنمایی هەیە.

ڕێنمایی یەکەم: دەبێت تواناکانمان لەگەڵ ئاواتەکانمان بگونجێت. پیران نوێنەرایەتی دەکەن. پیاوێک کە «ئارەزوومەندە» و «ئاواتەخوازە» بێتە پیرێکی کڵیسا، ئاواتێکی کەسی هەیە (یەکەم تیمۆساوس ٣: ١). بۆ ئەم ئاواتە کەسییە، پۆڵس «پازدە پێوەر»ی بۆ پیر داناوە (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٢-٧). خواستە کەسییەکان بنەڕەتین. هەروەها لێهاتوویەکان بابەتین، بە تایبەتی کە پیاوەکە ماموستایەکی لێهاتوو و یارمەتیدەر بێت (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٢). پێویست ناکات بانگخوازێکی لێهاتوو بیت بۆ ئەوەی قەشەیەکی لێهاتوو بیت، بەڵام

a ئەڵقەی ١٣٩٠: «کەی پیشەکەم بووەتە بتی من؟» (٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩).

پێویستە یارمەتیدەر بێت. «کاتێک کتێبی پیرۆز دەکاتەوە خەڵکی یارمەتی وەربگرن.» ئەگەر نەتوانێت یارمەتی خەڵکی بدات بۆ ئەوەی لە کتێبی پیرۆز تێبگەن، ئەوا بانگ نەکراوەی بۆ پیرایەتی کڵێسا.

ڕێنمایی دووەم: دەبێت تواناکانمان خزمەت بە ئامانجی تیمەکەمان بکات. ئێمە خۆبەسبوو نین، ئەمەش مەبەستەکەیە. خاڵە بەهێزەکانمان لەگەڵ لاوازیدا دێن. خودا «مەبەستی بوو هەر مرۆڤێک لە هەندێک شتدا باش بێت و لەوانی دیکە باش نەبێت، بۆ ئەوەی وەک یەک جەستەی هەمەچەشن پێکەوە بگونجێت -وەک ئەندامەکانی جەستە، نەک وەک ئەڵقەکانی زنجیرێک. ئەڵقەکانی زنجیرێک هەموویان وەک یەکن و زنجیرەکەش بە وردی کاردەکات، چونکە هەر ئەڵقەیەک هەمان کار دەکات: خۆی دەگرێت.» وەک لە شوێنی کاردا، هەروەها کڵێسا، ئێمە وەک تیمێک پێکەوە یەکدەگرین -نەک لە لێکچوونمان، بەڵکو لە جۆراوجۆری بەهرە و پێویستیمان بە یەکتر (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ١٤-٢٠). گوێچکە چاوێکی خراپە. وە چاو گوێچکەیەکی خراپە. لاوازییەکانمان سەرکۆنەمان ناکەن؛ بەڵکو یارمەتیدەرمانن بۆ ئەوەی تێبگەین چۆن لەگەڵ ئەوانی دیکە و بەهرەکانیان بگونجێین. ئەم درکپێکردنە «پێویستی بە هەندێک ساکاری هەیە، چونکە ئیرەیی بە لێهاتوویەکانی کەسانی دیکە ڕەنگە ژیانت تێکبدات.» لێهاتوویی پیشەییمان لەسەر بنەمای خۆبەسبوونمان نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوەیە کە ئایا خاڵە بەهێزەکانمان کاردەکەن بەرەو ئامانجی کۆتایی تیمەکە یان نا.

زۆر جار بە هەڵە لە بانگهێشتەکانمان تێدەگەین، بۆیە خودا ڕێگای پێچکردنەوەمان بۆ دەنێرێت بۆ ئەوەی دوورمان بخاتەوە لەو پیشەیەی لەگەڵمان ناگونجێت و بچینە ناو ئەو پیشەیەی کە بەرهەمدارترە. «ڕێکخستنی هەستی بانگهێشتمان و دۆزینەوەی کارێکی نوێ شتێک نییە کە شەرمی لێبکەین، ئەگەر هێندە بێفیز بین کە دان بەوەدا بنێین ئێمە دەکرێت هەڵە بکەین و توانای هەموو شتێکمان نییە.»[a]

ئایا پیشەکەم لە بواری بەبازاڕکردندا بێسوودە؟

پرسیارەکە لە بەبازاڕکارێکی کۆمپانیای نایک هاتووە، باوەڕدارێکە بە مەسیح کە کاری بەهەڕمێنکردنی کاڵای گرانبەهایە بۆ کەسانێک «کە پێویستیان پێی نییە و زۆرجار توانای کڕینییان نییە.» ئایا دەتوانێت لە کاری بەبازاڕکردنیدا خودا شکۆمەند بکات؟

پێویستە بەبازاڕکاران پێنج پرسیار لە خۆیان بکەن. (١) ئایا ڕاستی دەڵێم؟ خودا خودای ڕاستییە و دەبێت ڕاستییەکان بە یەکتر بڵێین. «باوەڕداران بە مەسیح بە شێوەیەکی ڕیشەیی

a ئەڵقەی ١٤٠٥: «من لە کارەکەمدا باش نیم - ئایا پەروەردگار پێم دەڵێت وازبهێنم؟» (٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩).

کەسانێکن کە بە ڕاستییەکان دەجوولێنەوە. ئێمە بەڕاستی باوەڕمان وایە شتێک هەیە ناوی ڕاستییە. بۆیە پێویستە بەردەوام بپرسین، ئایا پەیامەکانم هەمیشە ڕاستگۆیین؟» (٢) ئایا یارمەتی خەڵکی دەدەم؟ پێویستە کەسانی دیکەمان خۆشبوێت و پێداویستیەکانیان دابین بکەین (مەرقۆس ٩: ٣٥؛ ڕۆما ١٣: ١٠؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٦: ١٤). کەواتە «ئایا خزمەتەکەم یان بەرهەمەکەم بۆ خەڵکی چاکە، یان زیانیان پێ دەگەیەنێت، یان تووشی هەندێک شێوازی ئازاربەخشی ڕەفتار یان بیرکردنەوەیان دەکات؟» (٣) ئایا کاریگەریم لەسەر شوێنی کارەکەم هەیە؟ «ئایا من لە ئاستێکدام کە بە شێوەیەکی بەرچاو شێوازی کارکردنی کۆمپانیاکەم بگۆڕم بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵکی بدرێت نەک ئازار بدرێن، بەهۆی ئەوەی ئێمە دەیکەین و شێوازی کارکردنمان؟» (٤) ئایا لە کارەکانمدا مەسیح شکۆدار دەکەم؟ ئایا ئەنجامی کارەکەم «بە ڕوونتر نیشان دەدات کە مەسیح بەهاداری باڵایە، لە هەموو شتێک بەهادارترە؟» ئەمە ئامانجی پۆڵس بوو، وە پێویستە ببێتە ئامانجەکانی ئێمەش (فیلیپی ١: ٢٠؛ ٣: ٨). «من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە هیچ کام لەوانە ئاسانە یان ڕوونە. بەڵام من بانگەوازی ئەوە دەکەم کە پێویستە ئەو پرسیارە بکەین. وە پێموایە کە لە پرسیارکردندا، خودا یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنێک بەدەست بهێنین لەسەر ئەوەی کە ئایا ئێمە لە کارەکەماندا خواستی ئاشکراکراوی خودا ئەنجام دەدەین.» (٥) ئایا دەکرێت بەهرەکانم لە شوێنێکی دیکەی بەرهەمدارتر بەکاربهێنرێن؟ کارمەندێک بەرپرسیار نییە لە هەموو کارە خراپەکانی کۆمپانیاکەی. «هەرچەندە زیاتر بزانێت، دەسەڵاتی زیاتری دەبێت. هەرچەندەی دەسەڵاتی زیاتر بێت، بەرپرسیارێتی زیاتر دەبێت. بەڵام پێموانییە سروشتی بێت کە کەسێک دەبێت کارێک بەجێبهێڵێت، چونکە گوناە لە کۆمپانیاکەدا هەیە.» پۆڵس دەڵێت بە سوپاسەوە لە کارەکەتدا ماینەرەوە، یان ئەگەر دەتوانی بە ڕێزەوە بەجێی بهێڵە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢١، ٢٤).

بە تایبەتی، کاتێک باس لە نائارامی کەسی دەکرێت سەبارەت بە بەهێزکردنی بەکاربەری، گوێ لە ویژدانت بگرە. «کتێبی پیرۆز زۆر ڕژدە لەوەی لە دژی ویژدانمان هەڵسوکەوت نەکەین» (ڕۆما ١٣: ٥). ویژدانمان دەکرێت «بشێوێت» یان پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەبێت بەپێی خواستی خودا، ئەگەر «زۆر شل» یان «زۆر توند» بێت (کردار ١٠: ٩-١٦). بەڵام تەنانەت لە کاتی ئاگادارکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ویژدان، بنەما گشتییەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە. دژایەتیکردنی ویژدانت، بەوەی بڵێیت: «ئەی خودایە، من لەلام گرنگ نییە مەترسی ئەوە بگرمەبەر تۆ ناڕازی بکەم،» ئەمە هەڵوێستێکی «زۆر مەترسیدارە.»

لە کۆتاییدا، کاتێک باس لە بەکاربەری و پاڵنانی بەرهەمەکان دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە توانای کڕینی بەرهەمەکانیان نییە، با «ڕژانی بەردەوامی دەقەکانی پەیمانی نوێ

سەبارەت بە پارە» بەسەرتدا بڕژێت (وەک مەتا ٦: ١٩-٢٠؛ لۆقا ٦: ٢٠، ٢٤؛ ٨: ١٤؛ ٩: ٥٨-٥٩؛ ١٢: ١٥، ٢٠-٢١، ٣٣؛ ١٤: ٣٣؛ ١٨: ٢٤؛ دووەم کۆرنسۆس ٨: ٢؛ یەکەم تیمۆساوس ٦: ٨-٩؛ عیبرانییەکان ١٣: ٥) «پەیمانی نوێ بێ وەستانە لە پاڵنانی ئێمە بەرەو سادەیی سەردەمی جەنگ و ئابووری لەپێناو شانشینی خودا، دوور لە خۆشگوزەرانی و دوور لە دەوڵەمەندی و دوور لە جوانی و زەنگینی.» هەموو ئەم دەقانە پێکەوە داوای وەڵامێک دەکەن: «ئایا ئەوەی ئێمە دەیکەین و دەیڵێین سەبارەت بە پارە دەربڕینی ئەوەیە کە مەسیح لە پارە بەنرختر، ئاسایشی ئەو باشترە لە ئاسایشی پارە، دەسەڵاتەکەی باشترە لە هێزی پارە، ڕێزی ئەو باشترە لە ڕێزی پارە، ئەوە شتێکە کە بڕیارە ژیانمان بە جیهانی بڵێت؟»[a]

من هیچ وزە و ئاراستە و ئامانجێکم لە ژیاندا نییە -چی بکەم؟

بڕیارە کەسێک کە بەم دواییە دەرچووی کۆلێژە بچێتە ناو بازاڕی کار، بەڵام هەست بە کەمی وزە و بێ ئاراستەیی و بێ ئامانجی دەکات. هەست دەکات لە قەیرانی چارەکی تەمەندایە.

«یەکەم شت کە دەیڵێم ئەوەیە ئەم وەرزە تێدەپەڕێت»، لەگەڵ چوونە ناو «ئەو جۆرە جەنگە ڕۆحییەی کە خودا بەکاریدەهێنێت بۆ تێپەراندنی.» وەرزێکی قەیراناوییە و پێویستە بە چوار پلان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

پلانی یەکەم: دیاریکردنی قەیرانەکە. پێدەچێت ئەمە فەرامۆشی بێت، «دۆخێکی تەمبەڵی یان داهێزراو، وە گرنگی نەدان بە پێگەی خۆی یان بارودۆخەکەی لە جیهان.» نەک خەمۆکی. ئامانجی هەنگاوی یەکەم بریتییە لە «دیاریکردنی قەیرانەکە، بە تەواوی ڕووبەڕووبوونەوەی، نکۆڵی لێ نەکردنی، دەستنیشانکردنی سروشتەکەی، وە دانانی پلان بۆ جەنگ.»

پلانی دووەم: «ئامادەیی بۆ چاوەڕوانییەکی پشوودرێژ و سەرنج لەسەر خودا -نەک ئەوەی چاوەڕوانییەکی ناچاڵاک، بەڵکو دانپێدانانێک بێت کە ڕەنگە سەرکەوتنەکە درێژە بکێشێت، وە ئێمە لەم نێوەندەدا تووشی بێهیوایی نابین» (زەبووری ٤٠: ١-٣). «هەرچەندەی لە چاڵ یان لەناو تاڵاوەکەی تەمبەڵی ڕۆحیدا بمێنیەوە -داهێزراوی، بێ ئاراستەیی- بێهیوا نابین، بەڵکو چاوەڕێ دەکەین خودا لە کاتی خۆیدا کار بکات.»

پلانی سێیەم: بزانە ئەم قەیرانە لەنێو مەسیحییە ڕاستەقینەکان باوە. پۆڵس داوا لە کلێسا دەکات بۆ ئەوەی هۆشداری بە بێکارەکان بدات (ἄτακτος) -ئەوانەی ژیانیان لە پشێوی و ناڕێکیدایە، پڕە لە ناڕەحەتی و لە دۆخێکی خراپ (یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٤). لە کلێسادا دەبینین بێکارەکان، بێهێزەکان و لاوازەکان کە «پێویستیان بە چاودێرییە.»

a ئەڵقەی ١٥١٩: « ئایا پیشەکەم لە بواری بەبازاڕکردندا بێسوودە؟» (٣١ی ئابی ٢٠٢٠).

پلانی چوارەم: ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز بخەرە بەردەم هەر لەدەستدانێک. لەدەستدانەکان سێ لایەنەن: (١) لەدەستدانی وزە، (٢) لەدەستدانی ئاراستە، وە (٣) لەدەستدانی ئامانج. وە کتێبی پیرۆز فەرمانێک دەدات بۆ شەڕکردن لەگەڵ هەریەکەیان.

١. داوای هێزدا بکە (نەحەمیا ٨: ١٠؛ زەبووری ٢٨: ٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ١٠). ئەو قسەیە باوە: «خودا یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە یارمەتی خۆیان دەدەن» ئەمە «جۆرێکە لە هەوڵی دونیایی بۆ دەربڕینی ڕاستییەکی کتێبی پیرۆز،» کە «خودا یارمەتی لاواز و ئیفلیج و مردووەکان دەدات بۆ ئەوەی یارمەتی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی هەرچی پێی دەگوترێت یارمەتیدانی خۆمان، شکۆمەندی خودا بەدەست دەهێنێت چونکە هەموو یارمەتیدانێکی خۆمان وەک یارمەتی خودا دەردەکەوێت.»

٢. داوای ڕێنمایی بکە (دووەم سالۆنیکی ٣: ٥). خودا «بەڕێوەبەری گەورەی دڵە.» بۆیە ئێمە نوێژ دەکەین کە «خودا دڵ ئاراستە بکات، سەرەتا بۆ خۆشەویستی خودا و پاشان بۆ چەسپاوی لە مەسیحدا» و لەوێشەوە «ئەو ڕوونییەی کە پێویستتە بۆ کاری ژیانت».

٣. بەدوای ئامانجدا بگەڕێ (یەکەم پەترۆس ٢: ٩؛ ٤: ١٠). «خودا هەرچییەکی دیکەی بۆ تۆ هەیە لە ژیاندا، تەواو ڕوونە: تۆ بوونت هەیە بۆ ئەوەی نایابییەکانی خودا بناسێنیت، بە تایبەتی ئەو نایابییانەی کە بەهۆیانەوە خەڵکی لە تاریکییەوە بانگ دەکات بۆ ڕووناکی. کەوا ڕووناکییەکی سەرسوڕهێنەرە.» کەواتە ئەمە «مەبەستی دیاریکراوی خودایە کە ببینیت و تامی بکەیت و بزانیت» بەپێی ئەو بەهرە تایبەتانەی کە خودا پێی بەخشیویت. ئێمە پێویستمان بە وزە و ئاراستە و ئامانج هەیە. وە دەبێت لەگەڵ ئەو بیدەسەڵاتییە بجەنگین کە هەندێک جار دەکرێت هەستی پێبکەین، بەوەی بەبیری خۆمانی بهێنینەوە کە خودا کێیە (شینەکانی یەرمیا ٣: ٢٠-٢٤). هیوات پێی هەبێت، لەودا بجوڵێ، لەوەوە هێز بەدەستبهێنە. لە کاتی گونجاودا، «هەستێکی خۆشی وزە و ئاراستە و ئامانج»ت بۆ دەگەڕێنێتەوە.[a]

چۆن لە شوێنی کارەکەمدا بەرەنگاریی کاملّگەرایی و «گومانی ناشایستەیی» ببمەوە؟

ژێرێک لە بواری پزیشکیدا کار دەکات و گرفتی کاملّگەرایی هەیە. هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات لەوەی لێهاتوو نییە، سەرکەوتنە پیشەییەکانی تەنها وەک چانس دەبینێت. هەست بە ناشایستەیی دەکات، وە تووشی «گومانی ناشایستەیی» بووە.

---

a ئەڵقەی ٧٦٧: «پلانەکان بۆ کاتێک ژیان بێ ئامانج دەردەکەوێت» (٧ی کانونی دووەمی ٢٠١٦).

قەشە جۆن بە سێ وەڵام هانی دا.

١. بـە ژیـان بەگوێـرەی ئینجیـل لـە کامڵگەرایـی ڕزگاربـە. «گومانـی ناشایەسـتەیی» بـە «نەبوونـی ئـارەزووی پیشـەیی» دەچوێندرێـت. لەدەسـتدانی ئـارەزووی خـواردن بـۆ جەسـتە ئەوەیـە کـە گومانـی ناشایسـتەییە بـۆ لێهاتوویـی پیشـەیی. «بـە لەدەسـتدانی ئـارەزووی خـواردن، ژنێکـی تەمـەن بیسـت و پێنـج سـاڵ، کێشـی ٤٠ کیلۆگـرام، لەبـەردەم ئاوێنـەدا ڕادەوەسـتێت و خـۆی وەک ژنێکـی قەڵـەو دەبینێـت. بـەڵام لەگـەڵ نەخۆشـی گومانـی ناشایسـتەیی، ژنێکـی لێهاتـوو، سـەرکەوتوو، بەرپرسـیار، یارمەتیـدەر لەبـەردەم ئاوێنـەدا ڕادەوەسـتێت و کارمەندێکـی ناکارامـە، نابەرپرسـیار، بـێ یارمەتـی و ناشایسـتە دەبینێـت. لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا ئالنـگاری تێکشـکاندنی وەهـم و ژیانـە لەگـەڵ ڕاسـتیدا، کـەوا عیسـای مەسـیح چەقـی ئـەو ژیانـە بێـت.»

ڕەگ و ڕیشـەی پەتـای کامڵگەرایـی لێـرەدا بریتییـە لـە خواسـتی «هەمیشـە باشـتر کار بکەیـن و زیاتـر بکەیـن، لـە گومانێکـی قوواڵـە لـە خۆشەویسـتی و قبوڵکـراوی و پەسـەندی -زیاتـر لەلایـەن خـوداوە، بـەڵام هەروەهـا لەلایـەن کەسـانی دیکـەی گرنـگ لـە ژیانمانـدا، وەک دایـک و بـاوک یـان هـاوڕێ یـان سەرپەرشـتیار.» بنەمـای ژیانمـان ئەوەیـە کـە ئێمـە لـە ئێسـتاوە لـە مەسـیحدا خۆشەویسـت و قبوڵکـراو و پەسـەندکراوین. ئێمـە بـەدوای باشـی پیشـەدا دەگەڕێیـن چونکـە ئێمـە بـە تـەواوی لێـی دڵنیایـن. «تەنهـا بـە نیعمـەت، وە تەنهـا بـە بـاوەڕ، تەنهـا لەسـەر بنەمـای کاری مەسـیح، ڕادەوەسـێتن لەسـەر بـەردی شـکۆمەندی لێخۆشـبوون لـە گوناهەکانمـان، قبوڵکردنمـان لەلایـەن خـودا، لابردنـی تاوانەکانمـان، سـڕینەوەی قەرزەکانمـان -هەمـوو ئەمانـە ڕەگیـان لـە خۆشەویسـتی خـودادا هاتـووە، کـە پێـش دامەزراندنـی جیهـان ئێمـەی بـۆ خـۆی هەڵبـژاردووە. هەمـوو ڕۆژێـک لێـرەوە دەسـت پێـدەکات.» ئێمـە کار ناکەیـن بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی خـودا، یـان لێخۆشـبوون، یانیـش خۆشەویسـتی ئـەو. بەڵکـو ئێمـە لەوێـوە کار دەکەیـن.

٢. بمـرە سـەبارەت بـە هەسـتی سـاختەکاری. سـاختەکار بـە ئەنقەسـت کەسـانی دیکـە فریـو دەدات. «ئەگـەر هەمـوو ڕۆژێـک بـە نیازێکـی باشـەوە بچیتـە سـەر کارەکـەت، نـەک بـە خواسـتێکی فێڵبـازی، لـە کۆتاییـدا وەک کەسـێکی لێهاتـوو، بەرپرسـیار و یارمەتیـدەر دەبیندرێیـت، چونکـە هیـچ بەڵگەیـەک نییـە بـۆ پێچەوانەکـەی، تـۆ کەسـێکی سـاختەکار نیـت -گرنـگ نییـە چـۆن هەسـت دەکەیـت.»

٣. شـایەتی بـدە بـۆ چاودێـری خـودا بەسـەر ژیانـت. سـەرکەوتنە پیشـەییەکانمان چانـس نییـە. «شـتێک نییـە بـە نـاوی چانـس -تـەواو.» ئەمە چاودێـری خودایـە. «کەواتـە ئەوەی مامەڵـەی لەگـەڵ دەکەیـت هـەزاران نمونـەی پیشـەیی چانـس نییـە، کـە تێیـدا چانسـت

باش بووە و بە ڕێکەوت لێهاتوو و بەرپرس و یارمەتیدەر بوویت.» نەخێر. «خودا، نەک چانس، ئەو بووە ئەو هەزاران ساتەوەختەی لێهاتوویی، بەرپرسیارێتی و یارمەتیدانی هێنایە ئاراوە. ئەمە نەخشێکە لە پشتیوانی خودایی، پشتگیری خودایی، یارمەتیی خودایی، ڕێنمایی خودایی، کە هەڵگری هەموو نیشانەکانی بانگهێشت لەخۆدەگرێت، بانگهێشتێک لەلایەن خوداوە. بۆیە کاتێک لە خەو هەڵدەستیت،» وە «هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەیت کە ڕەنگە ئەمڕۆ چانست نەبێت،» ئەم ڕاستییە بۆ خۆت دووپات بکەوە. چانس ئەندێشەیە. «بوونی نییە، خودا لەم هەموو هەزاران ساتەی لێهاتوویی‌دا پشتگیری کردووم کە من ناوم لێناوە "چانس".» بەم سێ خاڵە پێکەوە بەسەر «گومانی ناشایستەیی» زاڵ دەبیت.»[a]

ئایا پێویستە قەشەکان هەموو وەڵامێکیان هەبێت؟

مەحاڵە قەشەکان هەموو وەڵامێکیان هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک لە باوەڕداران بە مەسیح وا بیر دەکەنەوە کە «ئەگەر پرسێکی گەورەی ڕەوشتی لە ئەرکەکەیان هاتە ئاراوە، پێویستە قەشە وەڵامی هەبێت.» بە پێچەوانەوە -پارێزەران، پزیشکان، دارتاشەکان، بەرنامەسازانی کۆمپیوتەر و فرۆشیاران- «ئەوان بەرپرسیارێتی سەرەکی لە ئەستۆ دەگرن کە بیر لەوە بکەنەوە چۆن مەسیحیبوون لە پەیڕەوکردنی وردەکارییەکانی پیشەکەیان ڕەنگ بداتەوە.» بە دڵنیاییەوە قەشەکان پشکێکی زۆری بەشداریان هەیە لەوەی «هەفتانە تێگەیشتنە دەوڵەمەندەکانی کتێبی پیرۆز پێشکەش دەکەن.» بەڵام ئەوە «ساویلکەیی» و «بێهیواکردنە» کە بیر لەوە بکەینەوە قەشەکان شارەزابن لە هەموو ئاڵنگارییە پیشەییەکان. بەڵکو «قەشەکان بەهێزکەرن، ئێمە گەلەکەمان هان دەدەین کە شارەزابن لەوەی چۆن باوەڕ و کارەکان پێکەوە دەگونجێن. لە هەمان کاتدا، قەشە ڕێنماییان دەکات و هانیان دەدات و ڕێنوێنیان دەکات بۆ کتێبی پیرۆز، خۆراک بە ڕۆحیان دەدات.»

بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەمان شت دەگونجێت. ئەو ئەندامانەی کڵێسا کە پێگەیەکی گرنگیان هەیە «دەبێت لێکۆڵینەوە بکەن لە پرسەکانی چاودێری تەندروستی و کۆچبەری و دۆسیەی ڕەگەزی و چاکسازی پۆلیس، وە ڕەگ و ڕیشەی هەژاری لە گەڕەکەکەیان و هتد.... دەیان پرسی کۆمەڵایەتی، ڕەوشتی، دادپەروەری ڕەوشتی لە جیهاندا هەن کە دەبێت گەلەکەمان سەرقاڵیان بێت و زۆر لە توانای قەشە زیاترە بۆ ئەوەی لە هەموویان ئاگادار بێت.»[b] قەشەکان بانگهێشت نەکراون بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئاڵۆزییەکان کە لە هەوڵدان بۆ ژیانێکی مەسیحی لەناو ژینگەیەکی سیاسی گەرم و نەتەوەیی دێتە ئاراوە.[c]

a ئەڵقەی ١٥٥٨: «چۆن بەرەنگاریی نەخۆشی ناشایستەیی ببمەوە؟» (٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ٦٦٢: «پێویستە قەشەکەم چەندە لەگەڵ کاروانی کەلتووری سەردەم بێت؟» (١٤ی ئابی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ١٨٠٤: «سیاسەت، نیشتمانپەروەری و مینبەر» (٤ی تەممووزی ٢٠٢٢).

بۆچی بوونم هەیە؟

بەرهەمهێنانی کەسی ئێمە هەمیشە لەلایەن خودا و خواستەکانی ئەوەوە چوارچێوەی دادەڕێژێت. لەوەش گرنگتر، خودا وا دەکات. خودا لە خۆیەوەیەتی. تەنها خۆیەتی، وە «بەبێ کاریگەری یان هاوردە یان سەرچاوە یان هێز یان هەر شتێک لە دەرەوەی خۆیەوە بوونی هەیە.» پێش بەدیهێنان، وە سەربەخۆ لە بەدیهێنان، «خودا بە تەواوی و بێ کەموکوڕی هەبووە.» ناوی پیرۆزی خودا -یەهوە- هەمان ئەم خاڵە دەخاتە ڕوو، لەسەر کرداری «منم» بنیاد نراوە، وە هەزاران جار لە کتێبی پیرۆزدا بەکارهاتووە. ناوەکەی «شایەتی بوونی ڕەهای خودایە لە خۆیدا» (دەرچوون ٣: ١٤). ئەوە خودایە کە دەڵێت: «من ڕاستی ڕەهام، هیچ سەرەتایەکم نەبووە. وە هیچ کۆتاییەکم نابێت. سەبارەت بە بەدیهێنراوان، من نامە ئەوەی کە منم.» خودای ئێمە باشتر ناکرێت. بەدیهێنان شتێکی بنەڕەتی نییە بۆ دڵخۆشی خودا، چونکە خۆشەویستی سێیانە تەواوەکەی پێش هەموو ئەو شتانەیە کە بەدیهێناوە.

کەواتە، خودا بە چ مەبەستێک منی بەدیهێناوە ئەگەر هیچ دەستکەوتێکی لێی نەبێت؟ ئایا من بە ڕێکەوت بووم؟ ئایا من بەرهەمی هەوەسێکم؟ نەخێر. خودا تۆی بۆ شکۆمەندی خۆی بەدیهێناوە، لە خۆشەویستی خۆیەوە (ئیشایا ٤٣: ٦-٧). لە ڕژانی کەسی خۆیەتی بەدیدەهێنێت. «ئەو بەخشی بە هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت -هەموو ئەوانەی وەک گەنجینەی خۆیان وەریدەگرن- ئەو پشکێکی پێداین لەو خۆشییە شکۆمەندەی کە خودا لە خۆیدا هەیەتی. ئەگەر زیاتر پستان بخەیتە سەرم و بڵێیت، «بەڵام بۆچی ئەمەی کرد ئەگەر بەبێ بەدیهێنانی ئێمە هێندە تێر و دڵخۆش بوو؟» من دەڵێم سروشتی خۆشەویستی خودایە کە خۆی هاوبەش بکات. ئەمە خۆشەویستی خودایە. ئەم هاوبەشکردنە تەواوکاری خودا یان پێشکەوتنی نییە.»

ئەم یەزداناسیە بەرزە لە ژیانی ڕۆژانەدا گرنگە. سبەی بەیانی کە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدرێت، بزانە کە ئەمەیە ئامانجی بوونی ئێمە. «ئێمە بۆ ئەوە بوونمان هەیە کە ژیانمان لەگەڵ ئامانجی خودا لە بەدیهێنانەدا بگونجێنین- واتا خواستی ئەو بۆ بڵاوکردنەوەی شکۆمەندی خۆی لە ڕژانی خۆشەویستییەکەیەوە کە خۆی شکۆدار دەکات و دەروونمان تێر دەکات. ئەم گونجانە ئاوایە: شکۆدارکردنی خودامان بەوەی ئەو تەواوترین ڕاستییە لە گەردوونەدا» (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٣١)[a]

a ئەڵقەی ١٥٧٩: «بۆچی خودا ئێمەی بەدیهێناوە؟» (٢٥ی کانونی دووەمی ٢٠٢١).

ئامانجی من له ژیاندا چییە؟

چۆن بەیاننامەیەکی ئەرکی کەسی بنووسین، بەیاننامەیەکی بەرجەستە بەڵام هێندە ئاڵۆز نەبێت کە بیسەلمێنێت ئەگەری و کرداری نییە و بێسوودە؟

وەک خودا، پێویستە بە ئامانجەوە مامەڵە بکەین (ئیشایا ١٤: ٢٤؛ ٣٧: ٢٦؛ ٤٦: ٩-١٠). ئەو پلان دادەڕێژێت و جێبەجێی دەکات. هەر بۆیە ئێمە ئینجیلمان هەیە (کردار ٤: ٢٧). بەڵام چۆنیەتی دروستکردنی بەیاننامەی ئەرکی کەسی پێویستی بە وەڵامدانەوەی سێ پرسیاری گرنگ هەیە. (١) پلانی کۆتایی خودا چییە؟ (٢) چۆن لەگەڵ پلانی کۆتایی ئەودا هاوئاهەنگ بژیم؟ (٣) چۆن بەیاننامەکەم لەگەڵ گۆڕانی وەرزەکانی ژیاندا بگونجێنم؟ بە پێچەوانەی خودا، ئیمە بەردەوام دەگۆڕێین. «تۆ دەگۆڕێیت. پیشەکەت دەگۆڕێت. منداڵت هەیە. نەخۆش دەکەویت. دەگوازیتەوە.» کەواتە «ئەگەر بتەوێت بەیاننامەی ئەرکەکەت زیاتر لە چەند ساڵێک بخایەنێت، پێویستە ئاستێکی بەرز و گشتگیر بێت،» لانیکەم هەر لە سەرەتاوە.

وەڵامێکی کورت بۆ پرسیاری (١): «مەبەستی کۆتایی خودا ئەوەیە کە ببینرێت و چێژی لێ وەربگیرێت و بە شکۆیەکی بێکۆتایی دەربکەوێت.» خودا خۆبەزلزان نییە. «خودا ئەو تاکە بوونەوەرەیە لە تەواوی گەردوونـدا -ئەو تاک و تەنهایە- کە بۆ ئەو، پەیوەندیکردن و خۆ شکۆدارکردن باڵاترین چاکە و کاری خۆشەویستین» (ئیشایا ٤٣: ٦-٧).

وەڵامێکی کورت بۆ پرسیاری (٢): «کرۆکی هەموو بەیاننامەیەکی ئەرکی کەسی لە کتێبی پیرۆز» یەکەم داواکاری نوێژی پەروەردگارە: «با ناوت پیرۆز بێت،» (مەتا ٦: ٩). دەبێت خودا پیرۆز بکرێت -«واتا شکۆداری، بەهاداری، خۆشەویست، بەڕێز، ستایش، سەرسامی، چێژ وەرگرتنە.» بۆ ئەم مەبەستە نوێژ دەکەین: «کەسانی دیکە ناوت پیرۆز بکەن، چونکە من هەم.» دەقەکان زۆرن لەسەر ئەو کردارانەی کە دەیکەین بۆ شکۆداری خودا (ڕۆما ١٠: ٩؛ ١٢: ١٣؛ ١٥: ٧؛ یەکەم ساڵونیکی ٥: ١٨؛ یەکەم پەترۆس ٢: ١٢). «هەموو ئەو کارانەی کە دەبێت بە جەستە و مێشک و دڵمان بیکەین، دەبێت شتێک بێت کە خودا شکۆمەند دەربکەوێت، چونکە ئێمە بەڕاستی یارمەتی خەڵکی دەدەین ئەو ببینن، چێژی لێ وەربگرن، نیشانی بدەن کە بەڕاستی چۆنە.» بەڵام دەقەکان ئەوەشمان بیردەخەنەوە کە چۆن ئەو کارانە دەکەین خودا شکۆدار بکات. خودا شکۆمەندە لە چۆنیەتی ژیانمان و پشتبەستن بە ئەو (دووەم ساڵونیکی ١: ١١-١٢؛ یەکەم پەترۆس ٤: ١١).

وەڵامێکی کورت بۆ پرسیاری (٣): لە وێنە گەورەکەوە دەست بکە بە کارکردن. «خودا بێسنوور شکۆمەندە. خودا مەبەستییەتی ئەو شکۆمەندییە بە گەلەکەی بگەیەنێت -بۆ ئەوەی ببینن، وە چێژی لێ ببینن، وە دەریببڕن. دەیەوێت ئێمە لەو مەبەستەدا بەشداری بکەین. ئەوەش تەواو جێبەجێ دەبێت لەسەر هەموو کارێک کە دەیکەین. وە ئێمە بە

ساکاری و پشتبەستن بە نیعمەت و هێزی خودا، کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە لە خزمەتی کەسانی دیکەوە دێت. وا دەکات خودا مەزن دەربکەوێت.

پاشان سەرنج بخەرە سەر ماوەی نزیک. بەیاننامەیەکی ئەرک بۆ ساڵی داهاتوو دیاری بکە، بە ئامانجی بەرجەستە کە «تایبەتمەندییەکان بەپێی وەرزی ژیانت بخەنە ناو ئەو بەیاننامەی ئەرکەوە.»[a]

لە باسکردنی دووەم سالۆنیکی ١: ١١-١٢، لەوێدا دەبینین «دوو گرنگترین ئایەتی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە بڕیارەکانی ساڵی نوێ» هەیە.[b] تەواوی «یەزداناسیی بڕیارەکان.»[c] وە هەشت شتی سەرەکی کە لە ژیانی مەسیحیدا بە درێژایی ساڵ بۆ سەرکەوتن پێویستمانە.[d]

دەربارەی ئیشایا ٤٣: ٦-٧

بەو پێیەی ئەم دەقە (شایستە و هەمەلایەنە) نزیکەی لە هەموو ئەڵقەیەک لەسەر دۆزینەوەی ئامانجی کەسی دەردەکەوێت، لێرەدا چەند خاڵێکی پەیوەندیدار بەم دەقە دەخەینەڕوو.

١. بزانە چۆن زیاتر لە ماوەی بیست ساڵ پاییەری لە قاڵب داوە. ئیشایا ٤٣: ٦-٧ چووە ناو مێشکی کاتێک بۆ یەکەمجار تێزی جۆناسان ئێدواردزی خوێندەوە سەبارەت بە ئامانجی خودا لە بەدیهێنانی جیهان.[e] بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا خوێندییەوە لە ساڵی (١٩٧٢)، «بە سادەیی سەرسامی کردم بە ناوەندییوونی خودا لە ئامانجی لە گەردوونداـ» بە تایبەتی لە ئیشایا ٤٣: ٦-٧ و ئەفەسۆس ١: ١١-١٢. پاشان «لە هەموو شوێنێکدا دەستم کرد بە بینینی.»[f] پلانی ئامانجی خودا لە بەدیهێنانیدا -شکۆدارکردنی خۆیەتی لە بەدیهێنراوان- «وەک پەتێکی زێڕین لە سیپارەی پەیدابوونەوە هەتا ئاشکراکردن دەڕوات.» کەواتە، هیچ سەرلێشێواوییەک نییە کە بۆچی ئێمە بوونمان هەیە.» بە تەواوی ڕوونە. ئێمە بۆ ستایشکردنی شکۆمەندی ئەو بوونمان هەیە -ئەمە واتای گەردوونە.»[g]

---

a ئەڵقەی ١٧١٠: «چۆن بەیاننامەی ئەرکی کەسی بنووسم؟» (٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١). چۆن خزمەت بکەین؟ «یەکەم پەترۆس ٤: ١١ دەربڕینی دڵخوازی منە بۆ وەڵامەکە» (ئەڵقەی ١٠٥٩: «عیسا چۆن هەم خۆشی و هەم ماموستایە؟» [٢٦ی حوزەیرانی ٢٠١٧].

b ئەڵقەی ٢٤٦: «کەمێک یەزداناسی لە بڕیارنامەکان» (١ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ١٤١٥: «ئایا بڕیارە کەسییەکان کاریگەرن یان بێسوود؟» (١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠).

d ئەڵقەی ١٧٩٣: «هەشت بنەما بۆ ژیانی باوەڕدار بە مەسیح» (٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٢).

e جۆناسان ئێدواردز، نووسینە ڕەوشتییەکان. پاوڵ ڕامسی و جۆن ئی. سمیس، بەرگی ٨، کارەکانی جۆناسان ئێدواردز (نیو هێڤن، سی تی: چاپخانەی زانکۆی ییڵ، ١٩٨٩).

f ئەڵقەی ١٩٢: «دیدگاکەت بۆ ئەرکەکان چۆن گەشەیسەندـ؟» (١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).

g ئەڵقەی ١٧٤٨: «خواستی خودا لە خزمەتی "کرۆسوەی بۆکس"» (٢٣ی شوباتی ٢٠٢٢).

لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٧٢، جیهانی پاپەر «لەناوچوو و نوژەن کرایەوە بە تێگەیشتنی لە ئامانجە گشتگیر و سەروەرییەکانی خودا بۆ ئەوەی لەم جیهانەدا شکۆمەند بێت،» کەوا بەهۆی کێبەکەی ئێدواردزەوە بووە «شۆڕشێکی کۆپەرنیکی»،[a] بەڵام بۆ یەکەمجار لەلایەن پرۆفیسۆر دانیال فۆلەر لە خولی زانکۆ و وتارەکەی لەسەر ئیشایا ٤٣: ٦-٧ گڕی تێبەردرا. پاپەر هەر لە منداڵییەوە دەیزانی کە دەبێت بۆ شکۆمەندی خودا بژیێت (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٣١). «بەڵام ئەوەی درکم پێی نەکردبوو ئەوە بوو کە ئەمە داڕشتنی خودا بوو بۆ خۆی، نەک تەنها ئەرکی من بەرامبەر بە ئەو. مەبەستی خودا لە بەدیهێنانی گەردوون ئەوەبوو خۆی شکۆمەند بکات لە هەموو ئەوەی دەیکات لە بەدیهێنان و چاودێری و قوربانی.»[b] خودا بۆ شکۆمەندی خۆی کار دەکات. «ئەو ئەرکەی کە من لەگەڵیدا پەروەردە بووم فراوانتر بوو بۆ تێڕوانینێکی تەواو بۆ گەردوون.»[c]

٢. تەماشای سادەیی بەهێزی دەقەکە بکە. بۆچی بوونمان هەیە؟ ئیشایا ٤٣: ٦-٧ «زۆر ڕوونە»،[d] وە «ڕەنگە سادەترین و ڕوونترین ڕستە بێت لە کتێبی پیرۆزدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە.»[e] «قوڵترین تامەزۆیی دڵی مرۆڤ ئەوەیە کە شکۆمەندی خودا بناسێت و چێژی لێ وەربگرێت. بۆ ئەمە بەدیهێنراوین.»[f] دەقەکە وەکو خاڵی دەستپێکی ئینجیل. کاتێک مزگێنی بڵاودەکەیتەوە بیکە بە خاڵی دەستپێک، بۆ ئەوەی تەواوی پێشکەشکردنەکەت بە دروستی بخەیتە چوارچێوە.[g]

٣. تەماشای گوناهی خۆتێکدەرانەی گوناە بکە. یاخیبوون لە ڕێکخستنە باشەکەی خودا لە ئیشایا ٤٣: ٦-٧ وە سەرنجی ژیانت لەسەر خۆت -یان هەر شتێکی دیکەی جگە لە خودا- ڕێکخستنە جوانەکەی ئەو بۆ ژیانت لەناو دەبات. ئەو گوناهەی کە پێگەی خودا بچووک دەکاتەوە هەموو کەسێک و هەموو شتێک تووشی ژەهراویبوون دەکات. هەست بە ئاکامەکانی دەکەین. «لە هەموو جیهاندا گرفت و پشێوی و نەهامەتی هەیە، چونکە هەموو جیهان لە یاخیبوونداین سەبارەت بە شکۆداری خودا لە سەرووی هەموو شتێکەوە.»[h]

---

a ئەو شۆڕشە زانستییەی «نیکۆلاس کۆپەرنیک» لە سەدەی ١٦، کە گوتی: خۆر چەقی گەردوونە و زەوی بە دەوریدا دەخولێتەوە. ئەم تیۆرە شۆڕشێکی هزری هێنایە کایەوە و بە شێوەیەکی ڕیشەیی ڕوانگەی مرۆڤی گۆڕی. واژەیەکە کە لە زانست و بیروڕاکاندا بەکاردێت بۆ وەسفکردنی گۆڕانکارییەکی گەورە و بنەڕەتی لە ڕێگەی بیرکردنەوە و بینینی جیهان -وەرگێڕ.

b ئەڵقەی ١٢٣٣: «ئامانجی ژیانم چییە؟» (٦ی ئابی ٢٠١٨).

c ئەڵقەی ١٧٠١: «ئایا خودا داواى ستایشکردن لە ئێمە دەکات لەپێناو خۆیەتی یان لەپێناو ئێمە؟» (٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١).

d ئەڵقەی ١٧٤٨: «چاودێری خودا لە خزمەتی "کرۆسوەی بۆکس"» (٢٣ی شوباتی ٢٠٢٢).

e ئەڵقەی ١٣٢٩: «خودا چۆن وەڵامی کەسانی گومانکاری ئەمڕۆ دەداتەوە؟» (١٢ی نیسانی ٢٠١٩).

f ئەڵقەی ١٤٠٦: «قوڵترین ئارەزووی دڵم چییە؟» (١١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩).

g ئەڵقەی ١٥١٠: «چۆن کەسێک بەرەو مەسیح ڕێبەری بکەم؟» (١٠ی ئابی ٢٠٢٠).

h ئەڵقەی ١٨٤٧: «بوون بە کەسێکی چەسپاو لە جیهانێکی پڕ ئازاردا» (١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢).

٤. ببینە پلانی خودا بەسەر ئارەزووە ساختەکانماندا زاڵ دەبێت. دەقەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە «ئەو شوناسەی خودا لە عیسادا پێشکەشمان دەکات چەندە سەرسوڕهێنەر و دڵخۆشکەر و گرنگە،» لە سەرووی هێزی سەرنجڕاکێشی ژیان، بتەکانی پەیوەندی، هەوەسی سەرنجڕاکێشانی کەسی و سێکسییەوەیە. لە ژێر ڕۆشنایی سەرنجڕاکێشیی بێسوود، خودا دەتوانێت ئیشایا ٤٣: ١-٧ بکاتە «تێرکەری قوواڵی و کەسی، تەنانەت سێکسیش.»[a]

٥. سەرنجی پەرستنەکەمان ببینە لە ئارەزووی خودا بۆ شکۆمەندکردنی خۆی. بەدیهێنراوان بۆ پەرستنی خودا بەدیهێنراون. پەرستن لە داڕشتنی ئێمەدا شتێکی بنەڕەتییە. خودا دوای پەرستن لە ئێمە دەکات -«نەک لەبەر ئەوەی پێویستییەکی ئەو دابین دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێویستی ئێمە دابین دەکات.» پەرستن داڕشتنی ئەو بۆ ئێمە بەدی دەهێنێت.»[b]

٦. سەروەری تەواوی خودا ببینە. خواستی خودا بۆ شکۆمەندکردنی خۆی لە هەموو کارەکانیدا، ئەوە ئاشکرا دەکات کە «بە تەواوی ئازاد و سەروەرە،» خاڵێکە «لە کرۆکی یەزدانناسیگەرایی چاکسازیخواز». خودا «بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەلایەن هیچ هێزێکی دەرەوەی خۆیەوە سنووردار نییە یان جڵەوگیر ناکرێت، ئەو دەتوانێت بەسەر هەموو بەربەستێکی بەردەم خواستەکانیدا زاڵ بێت و هەر شتێک بکات کە پێی خۆشە.»[c]

ئامۆژگاری بۆ بەرهەمهێنان

جۆن پایپەر بەهۆی بەرهەمە فراوانەکانی لە نووسین و وتار و وانەگوتنەوەدا بەناوبانگە. کەم کەس هاوتای ئەون. تەنها لە دە ساڵەی یەکەمیدا، پەخشەکەی «لە قەشە جۆن بپرسە» زیاتر لە ٢.٣ ملیۆن وشەیە. (نزیکەی دە هێندەی درێژی ئەم کتێبە!) ئیتر من دەپرسم داخوا چەندە بەرهەمدارە لەگەڵ پەخش، نووسینی کتێب، بابەت و تۆڕی کۆمەڵایەتی؟ لێرەدا دە ئامۆژگاری بەرهەمهێنان دەخەینەڕوو.

١. بەراورد مەکە. سەرسام بە بەرهەمهێنانی قەشە جۆن، بەڵام ئەندێشەی مەکە. «تۆ نازانیت کە من چەندە پشتگوێم خستووە. تۆ نازانیت تێچووی چەند بووە. پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کە چۆن دەتوانیت تەواو و کاملّتر بیت، زۆرترین سەرنج لەسەر خودا، شکۆداری زیاتری مەسیح، تێر لە کتێبی پیرۆز، پڕتر لە

a ئەڵقەی ١١٤٤: «چی خراپە لە پۆشینی جلوبەرگی بێ شەرمانە بۆ سەرنج ڕاکێشان؟» (١٠ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).
b ئەڵقەی ١١١١: «ئایا خودا خۆبەزلزانە؟» (٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧).
c ئەڵقەی ٣٤١: «کالڤینیزم چییە؟» (١٤ی ئایاری ٢٠١٤).

خۆشەویستی، ساکارتر، تێکۆشانی زیاتر لەپێناو پەیامەکە، وە هەوڵی زیاتر بۆ دادپەروەری، زیاتر خزمتکردنی کەسانی دیکە. خۆت بە کەسانی دیکە مەپێوە. خۆت بە تواناکانت لە مەسیحدا بپێوە.»

٢. سەرنجت لەسەر ڕوانگەکەت بێت. «زۆر کەم کەس بە دوورکەوتنەوە لە بەربەستەکانی بەردەم بەرهەمهێنان دەبنە بەرهەمدار.» شارەزایانی بازرگانی ملیۆنان دۆلار بەدەستدەهێنن لە نووسینی کتێب سەبارەت بە دوورکەوتنەوە لە بەربەستەکان. بەڵام لە ڕاستیدا، «ئەنجامدانی شتەکان -شتە بەهادارەکان- لە ئەگەرە گەورە و شکۆمەند و نایابەکانی داهاتووەوە سەرچاوە دەگرن کە بە دیلت دەگرن و بە هەموو هێزتەوە ڕاتدەکێشن.» کتێبێک بخوێنەرەوە سەبارەت بە بەرهەمهێنان بۆ ڕزگاربوون لە بەربەستەکانی بەردەم بەرهەمهێنان وەک بەشێک لە کتێبی «لەسەدا ١٠ی کاری پاککردنەوە کە دەبێت بیکەیت.»

٣. وەرزەکانی ژیانت لەبەرچاو بگرە. هەندێک وەرز پێویستیان بە سەرنجی زیاترە. ئەگەر منداڵی بچووکت هەیە، ڕەنگە نووسینی کتێبێکی درێژ قورس بێت. بە سروشت، هەندێک وەرز بێ بەرهەم دەردەکەون. بەڵام لە ڕاستیدا، «خودا دڵخۆش دەبێت ئەگەر سەرنجت لەسەر ئەو بەشە بێت کە تێیدایت و بە هەموو هێزتەوە بەپێی خواستەکانی ئەو بژیێیت.»

٤. ئامانجەکەت دیاری بکە. سەبارەت بە پاپیەر، «شکۆمەندی مەسیح لە ژیان و مردندا، وە بڵاوکردنەوەی خولیای مەسیح لە ژیانی کەسانی دیکە -ئامانجی منە» (فیلیپی ١: ٢٠-٢١). «ئامانجی خۆت بدۆزەرەوە، با لە هەموو کارێکدا کارا بێت.»

٥. خۆت ئامادە بکە بۆ ئەوەی هەژماردێک بدەیت. بە چڕی کار بکە، وە لە ڕاستودروستیتەوە کار بکە، نەک بۆ ئەوەی ڕاستودروستی بەدەست بهێنیت. بە چڕی کار بکە چونکە دەزانیت خودا لەگەڵتە و نیعمەتی ئەو لە تۆدا کاردەکات (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ١٠؛ فیلیپی ٢: ١٢-١٣). وە بە چڕی کار بکە چونکە دەزانیت هەژماردێک سەبارەت بە ژیانت پێشکەش دەکەیت. با عیسا «ئەم هەستکردنە بە لێپرسینەوە چڕتر بکاتەوە» لە ڕێگەی نمونەکەیەوە سەبارەت بە بەهرەکان (مەتا ٢٥: ١٤-٣٠). تەمبەڵ مەبە؛ دانا و بە پەرۆش و دڵسۆز بە. (لۆقا ١٢: ٤٢)

٦. بە مکوڕییەوە کار بکە. ڕۆژەکان خراپن. ژیان کورتە. لە هەر بڕیارێکدا هەست بەم مکوڕییە بکە (یۆحەنا ٩: ٤؛ ئەفەسۆس ٥: ١٥-١٦؛ کۆلۆسی ٤: ٥).

٧. لە نیوە دڵی ڕزگاربە. بڕیارنامەی جۆناسان ئێدواردز کە «لە سی ساڵی ڕابردوودا ڕەنگە لە هەموو بڕیارەکانی دیکە زیاتر کاریگەری زیاتری لەسەر من هەبووبێت» ئەم بڕیارەی بوو: «بڕیارمدا، هێندەی دەژیم بە هەموو هێزمەوە بژیم.» ئەم بڕیارنامەیە

«ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر دەستی بەسەردا گرتم.» لە بەرامبەردا، لێکۆڵینەوەم لە چواردە باسی «تەمبەڵی» کرد لە پەندەکەکانی سلێمان (٦: ٦، ٩؛ ١٠: ٢٦؛ ١٣: ٤؛ ١٥: ١٩؛ ١٩: ٢٤؛ ٢٠: ٤؛ ٢١: ٢٥؛ ٢٢: ١٣؛ ٢٤: ٣٠؛ ٢٦: ١٣-١٦). وە لە نیوە دڵی ڕزگاربووم.

٨. خۆڕاگر بە. ئێمە بە ئاسانی بێهیوا دەبین، بە تایبەتی لەدوای ئەوەی دەستمان پێکرد بەرەو ئامانجێکی گەورە. وەک بڕینی دارێکی زەبەلاح، ڕەنگە پێویستی بەوە هەبێت چەندین جار بە تەور لێی بدەین. دارە بچووکەکان -ئامانجی بچووک- زیاتر سەرنجڕاکێش دەردەکەون. بەڵام بە ئاسانی کۆڵمەدە. «لێدانی زۆری تەور دارێکی گەورە دەکەوێنێتە خوارەوە. ئایا دەتەوێت شتێکی گەورە بکەیت؟ کۆڵ مەدە. بەردەوام بە لە هەوڵدان.»

٩. بە دڵخۆشییەوە بەرەوڕووی قورسترین ئەرکەکان ببەوە. «هیچ ڕۆڵێکی شایستە لە ژیاندا نییە کە پێویست نەکات ئەو کارانە بکەیت کە سەرەتا حەز ناکەیت ئەنجامی بدەیت، یان تەنها ڕێگەت پێبدات ئەو کارە بکەیت کە بە شێوەیەکی سروشتی دێتە بەردەمت.» ڕووبەڕووی سەختترین ئەرکەکانت ببەوە بە هەڵوێستێکی دروستەوە، وە بە دڵخۆشی باوەڕەوە.»

١٠. سەرنجەکەت تایبەتمەند بکە. بە تێپەڕبوونی کات، «تایبەتمەندی خۆت بدۆزەرەوە -واتا ئەو شتە بدۆزەرەوە کە حەز دەکەیت بیکەیت. بە هەموو لاوازییەکانت و هەموو خاڵە بەهێزەکانتەوە، زۆربەی وزەت و حەزت بۆی تەرخان بکە، لەپێناو مەسیح و شانشینییەکەی.»[a]

لەدوای چوار ساڵ، بۆ یادکردنەوەی ئەڵقەی ١٥٠٠ (وە بە ڕوونی لەبیرم چووبوو کە پێشتر ئەم بابەتەمان ڕوومالّ کردووە)، لە ڕێگای پەخشەکەوە تەماشای نیعمەتی خودام کرد و داوام لە قەشە جۆن کرد، کە ئەوکات تەمەنی حەفتا و چوار ساڵ بوو، سەبارەت بە بنەماکانی بەرهەمهێنانی کەسی خۆی قسە بکات.

گوتی، بەرهەمهێنان پێویستی بە کاری دەستەیەکە. «پێموایە وانەی یەکەم، یەکەم بەشی دانایی، ئەوەیە هەر مرۆڤێکی بەرهەمدار پێویستی بەوەیە فێربێت کەوا هیچ مرۆڤێک بە دابڕاوی ناژیێت.» ئێمە بەشێکین لە جەستەیەک. بەشەکانی دیکە بۆ تەواوی جەستە پێویستن (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٢١). ئێمە هیچ شتێکمان نییە کە وەک بەخشش پێمان نەدرابێت (یەکەم کۆرنسۆس ٤: ٧). وە ئێمە زۆر کار دەکەین چونکە خودا لە ئێمەدا کاردەکات (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ١٠). «پۆڵس هێندە تامەزرۆ بوو کە هیچ شانازییەکی بۆ بەرهەمهێنانی خۆی وەک نێردراو وەرنەگرێت.» بەرهەمهێنان پێویستی بە هاوکار و هاوڕێ و هاوسەر هەیە، وە بێگومان خودا لە ئێمەدا کار بکات.

a ئەڵقەی ٨٣٩: «دە بنەما بۆ بەرهەمهێنانی کەسی» (١٨ی نیسانی ٢٠١٦).

لەگەڵ ئەوەشدا، لێرەدا حەوت بیرۆکە لەبارەی بەرهەمهێنانەوە دەخەینەڕوو (بە تەواوی وەک لستی پێشوو نییە).

١. بزانە بۆچی بوونت هەیە. ڕامان بکە لە وێنەیەکی گەورە بۆ بەدەستهێنانی «دیدێکی ڕوون بۆ ئەوەی بۆچی هەر شتێک بوونی هەیە، لەوانەش خۆت». دیدی جۆناسان ئێدواردز بخوێنەوە لە کتێبەکەی «سەبارەت بە ئامانجی خودا لە بەدیهێنانی جیهان». وە مەبەستەکەت بە کەسی بکە. «پێشتر پارچە کاغەزێکم لە جزدانەکەمدا هەڵدەگرت کە لەسەری نووسرابوو: "تۆ بوونت هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی خولیای باڵادەستی خودا لە هەموو شتێکدا بۆ خۆشی هەموو گەلان". هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز لەبیری مەکە. هەموو کات بیخە ناو جزدانەکەت، ئەگەر لە سەری هۆشیارتدا نەبێت. بزانە بۆچی تۆ لەسەر ئەم هەسارەیەیت.»

٢. ڕۆڵی خۆت وەک بەدیهێنەرێکی لاوەکی لەخۆبگرە. «خودا بەدیهێنەری گەورەیە، مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی وەک بەدیهێنەرێکی لاوەکی بەدیهێناوە.» واتای ئەوەیە کە «هەر جارێک کە هەڵسوکەوت دەکەین، هەر جارێک هەر شتێک دەکەین، شتێک دەکەینە شتێکی دیکە -هەندێک بارودۆخ دەکەینە شتێکی جیاواز لەوەی کە هەبووە: کێڵگەیەکی بەردین دەکەینە باخچەیەک، دارێک دەکەینە ڕم، ژوورێک دەکەینە ماڵ، مانگایەک دەکەینە پارچە گۆشتێکی برژاو، ئارد و شەکر و میوە دەکەینە کێکێکی سێو، بەفر دەکەینە شێرە بەفرینە، دەنگەکان دەکەینە ئاواز، ئاگر دەکەینە چرا و گەرمکەرەوە و جوواڵە، یازدە کەس دەکەینە تیمێک.» ئەم ڕۆڵە وەک بەدیهێنەرێکی لاوەکی «بە شێوەیەک لە منداجێگیر بووە کە وا دەکات چێژێکی گەورە ببینم لە دروستکردنی شتەکان -لە دۆخی منداە، بە شێوەیەکی سەرەکی بە وشە: وتار، بابەت، کتێب، شیعر و ئەڵقەکانی لە قەشە جۆن بپرسە.» لەوانە فەرمانیش لەخۆدەگرێت. دان بەوەدا دەنێت کە «پایپەر ئاستی بەرگەگرتنی ئاژاوەی نزمە،» وەک ئەوەی دانی پێدا ناوە. «حەزم لێیەتی، حەزم لێی نییە. لە هەر شوێنێک بیدۆزمەوە، لەگەڵیدام.» بیرکردنەوەی ناڕێک، ژووری ناڕێک، حەوشەی ناڕێک -«پێم خۆش نییە جیهان بەو شێوەیە بەجێبهێڵم کە هەیە. دەبووا شوێنێکی باشتر بێت: جوانتر، ڕێک و پێکتر، بەرهەمدارتر.»

٣. جیاوازی نێوان تەمبەڵی و پشوودان بکە. هەمووان دەزانن کە «شوێنێک هەیە -شوێنێکی زۆر گرنگ- بۆ پشوودان و کات بەسەربردن. بەڵام هەروەها دەبێت فێربین بە وردی جیاوازی بکەین لە نێوان تەمبەڵی و پشوودان، تەمبەڵی و کات بەتاڵی.»

٤. لەگەڵ کەموکوڕیدا ئاشت ببەوە. «ئەگەر بمانەوێت کارەکانمان بە دڵسۆزی و بە فراوانی ئەنجام بدەین،» وەک ئەوەی پۆڵس لە یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٨ داوامان لێدەکات، ئێمە زۆرێک لەو کارانە دەکەین. بۆ ئەوەی لە کارەکانماندا بەرهەمدار بین، نابێت «بە هۆی هەوڵدان بۆ تەواوی کاملّییەوە ئیفلیج بین». لە ڕاستیدا، «پێموایە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە من وەک خۆم بەرهەمدار بووم ئەوەیە کە دەیان ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ ناتەواوی و سنووردارى ئاشت بوومەتەوە. خۆم تووشی ئەو خەیاڵە ناکەم کە لە هەموو شتێدا دواییەن قسە هی من بێت. ئەرکی من لە ژیانمدا، ئەوەیە ڕاستییەکان بڵێم -وەک ئەوەی لە وشەی خودادا دەیبینم -بە باشترین شێوەی لە توانامدا بێت، هەروەها با خودا ئەوەی دەیەوێت بەو ناتەواوییە بیکات.»

٥. بە خێرایی هەڵسوکەوت بکە و بیرکردنەوەکانت تۆمار بکە. ئەوەی دێتە مێشکت تۆماری بکە، چونکە «بیرۆکە بنەڕەتییەکان، بیرکردنەوە بەرهەمدارە دوور مەوداکان، شەوانە بۆت دێن، لە کاتێکدا دەخوێنیتەوە، ڕامان دەکەیت، نوێژ دەکەیت، پیاسە دەکەیت، یاری دەکەیت. ئەگەر بە جۆرێک ئەوانە تۆمار نەکەیت، بە نووسین، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەدەستیان دەدەیت.»

٦. ڕۆژانە بەردەوام بە. «دوێنێ شەو بە نۆئێلی هاوسەرم گوت، "ئایا دەزانی کە ئێمە لە بەرنامەی «لە قەشە جۆن بپرسە» لە ئەڵقەی سەد جار پازدە]هەزار و پێنج سەد[نزیکبووینەوە؟" پێکەنی و گوتی: "هەروەک چۆن ڕۆژانە پازدە خولەک دەخوێنیتەوە." بەڵێ! بە خوێندنەوەی تەنها پازدە خولەک لە ڕۆژێکدا دەتوانیت کتێبی گەورە بخوێنیتەوە.

٧. با داهاتوو داگیرت بکات. ئەوەی کە لە پشتەوەیە لەبیرت بچێت، بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێ (فیلیپی ٣: ١٣-١٤). «هەرگیز لە ژیاندا مەگە ئەو خاڵەی کە زیاتر ڕازی بیت بەو کارانەی کە پێشتر کردووتە لەوەی کە پەرۆش بیت بۆ ئەو شتانەی کە هێشتا ئەنجام نەدراون. لە هەموو قۆناغێکدا -بیست و چوار، چل و چوار، شەست و چوار، حەفتا و چوار، هەشتا و چوار -بە هەموو دڵتەوە نوێژ بکە، "ئەی خودایە، وەرزی داهاتووی ژیانم بکە بە بەرهەمدارترین وەرزی هەتا ئێستام لەپێناو باڵادەستی خودا لە هەموو شتێکدا بۆ خۆشی هەموو خەڵک."»

تۆنی، ئیتر ئەمە گەشتێکی خۆشبوو؛ پازدە جار سەد ئەڵقە گەشتێکی باشە. بەڵام ئێستا سەرەتای پازدە جار سەدی دووەم دەست پێدەکەین. «بە خواستی پەروەردگار، ئێمە دەژین و ئەمە یان ئەوە دەکەین» (یاقوب ٤: ١٥). ئامین.[a]

a ئەڵقەی ١٥٠٠: «حەوت وانە بۆ بەرهەمهێنان» (١٧ی تەممووزی ٢٠٢٠).

چۆن کاردانەوەم هەبێت بۆ بڕ بەرهەمترین ڕۆژەکانی ژیانم؟

لەگەڵ حەزمان بۆ پلاندانان و بەرهەمهێنامان، زۆرجار خۆمان بەبێ بەرهەم دەبینینەوە، تووشی ڕۆژێک دەبین کە هەموو پلانەکامان هەڵە دەبن. کەواتە لە ڕۆژە کارەساتبارەکامان خودا لە کوێیە؟

«پێشینەییەکانی خودا بۆ کارامەیی لەم ژیانەدا پێشینەیی ئێمە نین.» بۆ بینینی جیاوازییەکە، لێرەدا چیرۆکێک بۆ دەخەینەڕوو. بیهێنە بەرچاوت کە تۆ دایکی سەرقاڵیت و دەبێت بەیانییەک پەلە بکەیت بۆ چوونە بانک بۆ ئەوەی پارەی کاش وەربگریت بە مەبەستی ئەوەی پارەی ئەو گەنجە بدەیت کە ئێستا چیمەنەکەت دەبڕێت. دراوسێی تەنیشتت چاودێری منداڵە بچوکەکانت دەکات، تۆش بۆ ئەرکێکی خێرا دەچیتە دەرەوە. شتەکان زۆر بەباشی بەڕێوەدەچن هەتا خۆت دەبینیتەوە لە ڕێگادا گیرت خواردووە بەهۆی ڕووداوێکی گەورە لەپێشتەوە. تۆ گیرت خواردووە و بێدەسەڵاتیت. لە کۆتاییدا لەدوای کاتژمێرێک بەبێ ئەو پارەی نەختینەت لەلابێت دەگەڕێیتەوە ماڵەوە. دراوسێکە بەهۆیەوە ناچار بوو لە تەماشاکردنی خانووێک بۆ کڕین بێبەش بێت، گەنجەکە کڕێیەکەی پێنادرێت، ئێستا تۆ هەست بە خراپی دەکەیت. «دەرکەوت کارایی تۆ بە تەواوی بێکەڵک بوو لە بەدیهێنانی پێشینەییەکانت، بەڵام پێشینەییەکانی خودا بە تەواوی سەرکەوتوو بوون.» چۆن وایە؟ چونکە ڕەنگە، لەم سیناریۆیەدا، خودا ویستبێتی ڕێگری لە گەنجەکە بکات کە پارەی دەستبکەوێت و بەکاریبهێنێت بۆ کڕینی ماددەی هۆشبەر، ڕێگری لە دراوسێکە بکات خانوێکی نوێ بکڕێت کە بناغەیەکی لاوازی هەبێت «وە باوەڕت بە دانایی و سەروەری ڕەهای خودا گەشە بکات.»

مەبەستم ئەوەیە لەوەی «پێشینەییەکانی خودا بۆ کارایی لەم ژیانەدا پێشینەیی ئێمە نین.» بە بڕوای من، ئەمە جاربەجار ڕوونادات؛ هەموو کات ڕووەدات. وە لە کتێبی پیرۆزدا سەلمێنراوە. پێدەچێت خودا بە تەواوی ڕازی بێت لە بێهیواکردنی کارایی مرۆڤ بە مەبەست، ئەو بە بەردەوامی ئەو کارە دەکات. «خودا هەرگیز کورتترین ڕێگا ناگرێتەبەر لەنێوان خاڵی A و خاڵی B. هۆکارەکە ئەوەیە کە کاراییەکی لەو شێوەیە -کارایی خێرایی و ڕاستەوخۆیی- ئامانجی ئەو نییە. ئامانجی ئەو پیرۆزکردنی ڕێبوارەکەیە، نەک خێراکردنی لەنێوان خاڵی A و B. بێهیوایی کارایی مرۆڤ یەکێکە لە ئامرازە سەرەتاییەکانی خودا -من دەڵێم سەرەتایی، نەک لاوەکی- بۆ نیعمەتی پیرۆزکردن.»

چیرۆکی یوسف نموونەیەکی نایابە لە پەیمانی کۆن (پەیدابوون ٣٧-٥٠)، لەگەڵ وانە ڕەوشتییەکانی لە پەیدابوون ٥٠: ٢٠. لە هەموو ناکارایی و لادان و ئەزموونەکانی یوسفدا،

وە لـە هەمـوو ئـەو خراپانـەی کـە لەگەڵـی کـراوە، «خـودا پلانـی هەبـوو.» خـودا مەبەسـتی بـوو، مەبەسـتی کۆتاییەکـی بـاش بـوو. چیرۆکـی پۆڵـس نموونەیەکـی نایابـە لـە پەیمانـی نـوێ. پۆڵـس پلانـی دانـا بچێتـە ڕۆمـا و پشـتگیری کۆبکاتـەوە، وە ڕۆژەکانـی لـە ئیسـپانیا بەسـەر ببـات. لەجیاتـی ئـەوە، خـۆی بینییـەوە کـە لـە ڕۆمـا زیندانـی کـراوە. بـەڵام تەنانـەت ئـەم لادانـەش «ڕۆڵـی هەبـوو لـە بڵاوبوونـەوەی ئینجیـل» (فیلیپـی ١: ١٢).

لێـرەدا وانەکـە دەخەینـە ڕوو. «بـە هەمـوو دڵنیاییەکـەوە، لسـتی کارەکانـت ڕۆژانـە دابنـێ.» پلانێـک دابنـێ. پێشـینەییەکانی ڕۆژانـەت دابنـێ. کتێـب دەربـارەی کارایـی بخوێنـەرەوە. «پاشـان بـە ئارامـی و ئـازادی بـڕۆ، کاتێـک پلانەکـەت لەسـەر بـەردی ڕاسـتی تێکدەشـکێت -کـە زۆربـەی ڕۆژەکان ئاوایـە- خـودا بـەوە پێوانـەت نـاکات کـە چەنـدە کارەکـەت ئەنجـام داوە، بەڵکـو بـەوە پێوانـەت دەکات کـە چەنـدە متمانـەت بـە چاکـە و دانایـی و سـەروەری خـودا هەیـە، لـە کارکردنـت لـەم گێـژاوە نوێیـەی ناکارایـی بـۆ شـکۆمەندی ئـەو و چاکـەی هەمـوو ئەوانـەی بەشـدارن، تەنانـەت کاتێـک ناتوانیـت ببینیـت چـۆن بـووە.»[a]

بەرەنگاربوونەوەی تەمبەڵی

تەمبەڵـی بریتییـە لـەوەی چـاوت لەسـەر بەرهەمـی داهاتـوو نەبێـت. عیسـا بـە ڕاشـکاوی ئەمـە دەڵێـت. بـۆ شـوێنکەوتووانی، تەمبەڵـی لێخۆشـبوونی نییـە (مەتـا ٢٥: ٢٦).[b] لەگـەڵ ئەوەشـدا، تووشـی هەمووەمـان دەبێـت. ئێمـە بـە سروشـتی خۆمـان تووشـی تەمبەڵـی دەبیـن لـە خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز.[c] قەشـەکان تەمبـەڵ دەبـن لـە خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز و ڕاڤەکـردن و تێکەڵبوونیـان بـە دەقـی کتێبـی پیـرۆز.[d] زۆر خەوتـن ڕەنگـە نیشـانەی تەمبەڵـی بێـت.[e] ماندووبوونـی جەسـتەیی، وەک چوونـە هۆڵـی وەرزش، ڕێگەیەکـی ڕاسـتەوخۆیە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی تەمبەڵـی کەسـی (پەنـدەکان ٢٠: ٤؛ ٢١: ٢٥؛ یەکـەم کۆرنسـۆس ٩: ٢٦-٢٧).[f]

بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی تەمبەڵـی چـوار هـۆکار لەبەرچـاو بگـرە. (١) گرفتـە جەسـتەییەکان. ئایـا جەسـتەت تەندروسـتە؟ ئایـا ڕژێنـی دەرەقیـت باشـە؟ ئایـا گرفتـی کەمخەویـت هەیـە؟ ئایـا خواردنـت خراپـە؟ (٢) لـە کتێبـی پیـرۆزەوە یەزدانناسـیێکی کار دروسـت بکـە. کەوتنـە نـاو گونـاە وایکـردووە کارکـردن قورسـتر بێـت، بـەڵام کارکـردن ڕیـزی خـۆی دەپارێزێـت. خـودا ئێمـەی دارشـتووە بـۆ ئـەوەی کار بکەیـن (پەیدابـوون ٢: ١٥). داڕێـژراوە ڕەسـەنەکە هێشـتا

a ئەڵقەی ١١٧٠: «پلانە سەروەرەکانی خودا لە پشت بێ بەرهەمترین ڕۆژەکانتەوە» (١٢ی ئازاری ٢٠١٨).
b ئەڵقەی ٨٣٩: «دە بنەما بۆ بەرهەمهێنانی کەسی» (١٨ی نیسانی ٢٠١٦).
c ئەڵقەی ٢٧٧: «پاپیەر زۆر ڕۆشنبیرە» (١٣ی شوباتی ٢٠١٤)
d ئەڵقەی ١١١٤: «شەش ڕێگەی باو کە بانگخوازان وشەی خودا پێشێل دەکەن» (١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧).
e ئەڵقەی ١٠٦٣: «چەند خەوتن زیاد خەوتنە؟» (٥ی تەممووزی ٢٠١٧).
f ئەڵقەی ١٠٤٢: «ئایا وێنەی جەستە بتەکەی منە؟» (١٧ی ئایاری ٢٠١٧).

باشـه. «خـودا ئێمـەی خسـتە سـەر ئـەو هەسـارەیە بـۆ ئـەوەی وەک یارمەتیـدەر لـە دروسـتکار و بەدیهێنـەر و هـاوکار بیـن لەگەڵیـدا.» ئـەو ئێمـەی بەدیهێنـاوە بـۆ ئـەوەی بەدیهێنـەر بیـن. ئێمـە دەسـتکردی ئەویـن بـۆ کارکـردن (ئەفەسـۆس ٢: ١٠). بـە پەرۆشـەوە کارەکانـت لەبەردەمیـدا ئەنجـام بـدە (ژیرمەنـدی٩: ١٠؛ کۆلۆسـی ٣: ٢٣). (٣) گـوێ لـە هۆشـداریيەکانی کتێبـی پیـرۆز بگـرە لـە دژی سسـتبوون (دووەم سـالۆنیکی ٣: ١٠). (٤) سـوود لـە نیعمەتـی خـودا وەربگـرە. نیعمەتـی خـودا ئـەو بزوێنـەرە بـوو کـە هێـزی بـە کارەکانـی پۆڵـس دا (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٥: ١٠). «بزانـە چـۆن خواسـتی خـۆت جێبەجـێ بکەیـت بـۆ ئەرکێـک لـە کارێکـی قـورس، بـە شـێوەیەک کـە لەگـەڵ ئەنجامدانـی و دوای ئەنجامدانـی، بزانیـت: «خـودا لـە منـدا کاردەکات!» پێمواییـە ئەمەیـە کـە گەورەتریـن واتـا بـە ژیانـی کار دەبەخشـێت» (فیلیپـی ٢: ١٢-١٣).[a]

خـۆت ئاشـنا بکـە بـە جیاوازییەکانـی نێـوان پشـوودان و تەمبەڵـی، کات بەسـەربردن و تەمبەڵـی.[b] لـە ڕیـگای زاراوەکانـی نێـو پەنـدەکان ئەمـە بکـە: تەمبـەڵ و تێکۆشـەر (پەنـدەکان ١٣: ٤). چـی پشـووی باوەڕدارێکـی تێکۆشـەر لـە تەمبەڵـی متبـوو جیـا دەکاتـەوە؟ هەردووکیـان لەسـەر کورسـی دادەنیشـن و لەسـەر جێـگا دەخـەون. هەردووکیـان لـە هەمان دۆخی پشـوودان دادەنیشـن. بـەڵام جیاوازییەکـی بنەڕەتـی هەیـە. «تەمبەڵـی کەسـی تەمبـەڵ بەهـۆی ڕق و کینەیەکـی سەرسـەختە لـە کارکـردن. پشـووی کەسـی تێکۆشـەر وەک پاداشـتێکی بەخشـندەیيە لەسـەر بەخششـی کارێـک کـە خـودا شـکۆمەند دەکات و ئامادەکارییەکـی چێژبەخـش بـۆ بەرهەمهێنانێکـی نوێبـووەوە. یـان بـا بـە شـێوەیەکی دیکـە بیڵێـم: تەمبەڵیـی کەسـی تەمبـەڵ ڕقیەتـی لـە کۆششـکردن، وە پشـووی کۆششـکار بـۆ قەرەبووکردنەوەیەکـی شـیرینە بـۆ ماندووبوونێـک بـە مەبەسـتی ڕێزگرتـن لـە خـودا، وە نوێبوونـەوەی سوپاسـگوزارانەیە بـۆ سـوودی زیاتـر.» کۆششـکار خـودا لـە پشـت کارەکانیانـەوە دەبینـن. خەویـان شـیرین دەکات (زەبـووری ١٢٧: ١-٢؛ ژیرمەنـدی ٥: ١٢). هەردووکیـان دۆخـی خەوتنیـان وەک یەکـە. بـەڵام کۆششـکاران دەیانەوێـت بگەڕێنـەوە سـەر کارەکانیـان بـۆ ئـەوەی هیـچ بارگرانییەکـی دارایـی لەسـەر کەسـانی دیکـە دروسـت نەکـەن (دووەم سـالۆنیکی ٣: ٨). ئـەوان پاڵنەریـان هەیـە بـۆ ئـەوەی پشـتگیری خۆیـان و کەسـانی دیکـە بکـەن (ئەفەسـۆس ٤: ٢٨). ئـەم جـۆرە کۆششـکردنە وەک نمونەیـەک بـۆ بێبـاوەڕان دەدرەوشـێتەوە (یەکـەم سـالۆنیکی ٤: ١٢)، بـۆ ئـەوەی کەسـانی دیکـە «کارە باشـەکانمان، ماندووبوونمـان، بـۆ شـکۆمەندی خـودا» ببینـن (مەتـا ٥: ١٦).[c]

---

a ئەڵقەی ٧٩: «چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی تەمبەڵی» (٢٩ی نیسانی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ١٥٠٠: «حەوت وانە بۆ بەرهەمهێنان» (١٧ی تەممووزی ٢٠٢٠).

c ئەڵقەی ١٦٧٢: «جیاوازی نێوان تەمبەڵی و پشوودان چییە؟» (٣٠ی ئابی ٢٠٢١).

خۆشەویستی پارە و پێچەوانەکەی

لە دڵێکی خواپەرست و سوپاسگوزارەوە، مریەمی مەجدەلی دانەوەیەوە بۆ سەر زەوی و بۆنی بەسەر پێیەکانی مەسیحدا ڕشت. ئەم شووشە بچووکە بەهای کرێی ساڵێک کرێکاری بوو، یەهوزا بەهۆی ئەو بەفیڕۆدانە زۆرە تووڕە بوو (یۆحەنا ١٢: ١-٨). بەڵام لێرەدا جیاوازییەکە ئەوەیە کە مریەم مەسیحی خۆشدەویست نەک پارە. یەهوزا پارەی خۆشدەویست نەک مەسیح -وە ئەوە بوو یەهوزای کوشت. «ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، ئەوا تۆ لەسەر ڕێڕەوی خۆکوژیت. خۆشویستنی پارە خۆکوژییە. عیسا وای گوت. پۆڵس وای گوت. وە یەهوزا سەلماندی.» ناتوانیت خزمەت بە دوو گەورە بکەیت. ناتوانیت خزمەتی خودا و پارە بکەیت. لە ڕاستیدا عیسا پێی گوت: «ئەی یەهوزا تۆ خۆت بۆ پارە تەرخان کردووە. بەیانیان لە خەو هەسڵدەستیت و بیر لە پارە دەکەیتەوە. شەوان دەنوویت، بیر لە پارە دەکەیتەوە. تۆ ڕۆژنامە دەکەیتەوە و دەچیتە سەر لاپەڕەی پشکەکان، بیر دەکەیتەوە لە پارە، پارە، وە پارە. ئەوە هیوا و خوداوەندی تۆیە. ئەوە ئاسایشی تۆیە. ئەوە ڕێگای تۆیە بۆ چێژوەرگرتن. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوا تۆ مردوویت. وە یەهوزا، هەرگیز جارێکی دیکە نامبینیتەوە.»[a]

دونیا بەکاربهێنە، بەڵام مەیکە گەنجینەی خۆت

لەگەڵ ئەوەی ژیانی هەتاهەتایی لە مەترسیدایە، ئێمە بە دانپێدانانی پۆڵس مامەڵە لەگەڵ مووڵک و ماڵی خۆمان دەکەین: «هەموو شتێک بە زیان دەزانم لەبەر بەرزی بەهای ناسینی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ» (فیلیپی ٣: ٨). هەموو شتێکی دیکە زبڵ و خاشاکە بە بەراورد بە مەسیح. بەو واتایەیە کە مەسیحییەکان دەبێت «ئەوانەی دەکرێن وەک مووڵکیان نەبێت، ئەوانەی جیهان بەکاردەهێنن وەک هەر بەکارینەهێنن، چونکە وێنەی ئەم جیهانە ڕووەو نەمانە» (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣٠-٣١). «ئەمە زۆر وروژێنەرە. وەک ئەوەی هاوسەرگیری بکەیت و وەها بیربکەتیەوە کە نەتکردووە. کار دەکەیت و وەها بیربکەیتەوە کە نایکەیت. شت بکڕیت وەک ئەوەی هیچی مووڵک و ماڵی تۆ نەبێت. ئەمە شێتانەیە و مەسیحییەتێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە. ئۆتۆمبێل بەکاربهێنە، پاڵتۆ لەبەربکە، کۆمپیوتەر بەکاربهێنە بە شێوەیەک کە خەڵکی دەوروبەرت وا بزانن گەنجینەی تۆ نییە.»[b]

a ئەڵقەی ٧٠٦: «خۆشویستنی پارە خۆکوژییە» (١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥). هەروەها بڕوانە ئەڵقەی ١٤٩٩: «ئازادی لە خۆشەویستی پارە چۆنە؟» (١٥ی تەممووزی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ٦٩٦: «ئایا نێتفلێکس مەسیح بەهادارتر دەکات لەلای تۆ؟» (٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

ئایا من بەخشەرەکەم زیاتر خۆشدەوێت لە بەخششە ماددییەکە؟

کەواتە چۆن بزانم وەک مریەم بەڕاستی خودا گەنجینەی منە، زیاتر لە سامان و موڵک و ماڵم؟

وەک بەدیهێنراو، ئێمە لەم جیهانەدا بە چەندین شێوەی ناڕاستەوخۆ خودا ئەزموون دەکەین. «ئەو بەخششەکانی نییە، ئەو جیاوازە لە بەخششەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە ڕێگەی بەخششەکانییەوە ئەزموونی دەکەین.» بە هەمان شێوە، دەزانین کە «خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و خۆشەویستی بۆ بەخششەکان وەک یەک نین. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لە ڕێگەی بەخششەوە خۆشەویستی ئەزموون دەکەین -لە ڕێگەی دەست لێدان، لە ڕێگەی بینین، لە ڕێگەی دیاریپەکانی جەژنی سەری ساڵ لە ژێر دارەکەوە.» ئەگەر کەسێکت خۆشبوێت کاردانەوەت دەبێت بەرامبەر بە دیاریپەکە و داوای بەرەکەت بۆ بەخشەرەکە دەکەیت، بەڵام کەس لە بەخشەرەکەی زیاتر ئەو دیاریپە بە بەهادار نازانیت. تەنها لەگەڵ خودا نەبێت، ئێمە ئەمە دەیکەین، چونکە ئێمە بەدیهێنراوێکین کە گوناە دەکەین، بەدیهێنراوێک کە «چاڵاکین لەوەی بەخششەکان بگۆڕین بۆ شوێنگرەوەی خودا.» کەواتە لەم حاڵەتەدا خودا کاردانەوەی چۆن دەبێت؟ «باشە، لەم سەردەمەی نێوان کەوتنمان و تەواوی کاملبوونمان لە هاتنی دووەمدا، خودا چێژ و ئازار بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی سروشی چاکەی خۆیمان بۆ دەربخات و بمانپارێزێت لە جێگرەوەی خۆشەویستمان.» ئەو ئەم تێکەڵەیە بەکاردەهێنێت «بۆ ئەوەی نیشانمان بدات کە ئەو لە شتەکان گرنگترە.» خودا بەخششی باش دەڕژێنێتە سەر بێباوەڕان بۆ ئەوەی تۆبە بکەن (ڕۆما ٢: ٤). ئەو بەسەرمان دەکاتەوە بە «خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون بۆ ئەوەی سەرنجمان بۆ شکۆمەندی خۆی ڕابکێشێت» (زەبووری ١٩: ١). ئەو هاوسەرگیری و خواردنمان پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی بە سوپاسگوزارییەوە بۆ بەخشەرەکەی چێژی لێ وەربگرین (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧). بەڵام لە هەموو ئەم بەخششانەدا، داوای ئەوەش دەکات نکۆڵی لە خۆمان بکەین (دووەم کۆرنسۆس ١: ٨-٩). خودا ئەزموون و زیانەکان بەکاردەهێنێت چونکە خزمەت بە چاکەیەکی گەورەتر دەکەن لە ژیانماندا، واتا بۆ ئەوەی ڕێگریمان لێبکات لە پەرستنی بەخششەکانی (ڕۆما ٥: ٣؛ فیلیپی ٣: ٨).

لە هەموو بەخششێکدا، بەخشەرەکە ببینە. ئامادەبە هەموو شتێک لەدەست بدەیت بۆ «قازانج»ی مەسیح. وە بەوپەڕی چاوەڕوانییەوە چاوەڕوانی ئەو بەدیهێنراوە نوێیە بن کە هەموو زیانەکانمان بە سامانێکی لە ڕادەبەدەر قەرەبوو دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بەدیهێنراوانە چێژی لێ وەربگرن کە «گونجاو و شیاون بۆ وەرگرتنی، بەبێ هیچ بتپەرستییەک.»[a]

---

a ئەڵقەی ٥٥: «چۆن بزانم کە ئایا من دیاریپەکانم زیاتر لە بەخشەرەکەی خۆشدەوێت؟» (٢٦ی ئازاری ٢٠١٣).

لەگەڵ نزیکبوونەوەی سەری ساڵی ٢٠١٧ باسمان لە پێشکەشکردنی دیاری و وەرگرتنی دیاری کرد. بە دیاریکراوی، چۆن بزانین خودی خودامان خۆشدەوێت، نەک تەنها سوودەکانی؟

وەک ئەوە وایە ئەڵقەی دەستگیرانداریت بە ژنێک داوە. ئەگەر ئەڵقەکەی وەربگرێت و ڕابکات، ئەڵقەکەی پیشانی هەمووان بدات، بەڵام تۆ پشتگوێ بخات، ئەوا زیانێک دەبێت. بە ڕوونی دیارە کە تۆ دەتەوێت ئەو حەزی لە ئەڵقەکە بێت و چێژی لێ وەربگرێت. «پاشان دەتەوێت بیکاتە دەستی، دەستی بخاتە سەر مێزەکەوە و تەماشای چاوت بکات و بڵێت زۆرم پێ خۆشە ژیانم لەگەڵت بەسەربەرم. تۆ دەهەزار جار بۆ من لەم ئەڵقە جوانە بەهادارتری.» ئەوە وەک چیرۆکی ئەو دە کەسەیە کە نەخۆشی گوللیان هەبوو، لەلایەن عیسا چاککرانەوە. تەنها یەکێکیان هاتەوە بۆ ئەوەی کرنۆش بۆ بەخشەرەکە ببات (لۆقا ١٧: ١١-١٩) لە دە تووشبووی چاکبووەوە نۆ کەسیان ئەو ڕاستییەیان لەدەستدا کە چاکبوونەوەی جەستەیی بانگهێشتکردنێک بوو بۆ شتێکی گەورەتر لە چاکبوونەوە؛ کەسێکی گەورەتر لە چاکبوونەوە. مەسیح خۆی.

لۆژیکی جوانی ڕۆما ٨: ٣٢ ئەوەمان پێدەڵێت کە هەموو بەخششێکی باش لەلایەن خوداوە بەرهەمی کارە تەواوەکەی مەسیحە لەسەر خاچ. هەموو بەخششێک دەبێت مەسیحی لەخاچدراومان بیر بخاتەوە لەپێناو گوناهباران. لەوەش زیاتر، مەسیح تەنها کەناڵی بەخششەکانمان نییە؛ ئەو خۆی گەورەترین دیاریە بۆ ئێمە! ئەمە بوو کە ئەو نۆ کەسەی لە نەخۆشی گوللی پاکبوونەوە لەدەستیان داوە. ئەوان چاکبوونەوەکەیان دەویست، بەڵام چارەسەرکەرەکەیان لەبیرکرد -بەخششە گەورەترەکە، خۆبەخشی (مەرقۆس ١٠: ٤٥؛ ڕۆما ٨: ٣٢؛ گەلاتیا ١: ٤؛ ٢: ٢٠؛ ئەفەسۆس ٥: ٢؛ ٥: ٢٥؛ یەکەم تیمۆساوس ٢: ٦؛ تیتۆس ٢: ١٤). بۆ ساتێک بیری لێ بکەرەوە. «ئەگەر خودا کوڕەکەی ببەخشێت، وە کوڕەکەش خۆی لەپێناو تۆدا ببەخشێت، ئەوا بێ واتایە بڵێین ئێمە بەخششەکەمان لە بەخشەرەکە زیاتر خۆشدەوێت.»[a]

ئایا چێژ وەرگرتن لەوەی هەمانە بەخششێکی خودایە؟

بەڵێ وایە. نووسەری سیپارەی ژیرمەندی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خودا دوو شت بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەبەخشێت: (١) سامانی ماددی، و (٢) توانای چێژوەرگرتن لەو سامانە ماددییە (ژیرمەندی ٥: ١٩؛ ٦: ٢). هەردووکیان بەخششی خودایین. بە خواستی خۆی، (١) خودا ئەو سامانە ماددیانەمان پێ دەبەخشێت کە چێژیان لێ وەردەگرین. وە (٢) ئەو دەستنیشانی دەکات کە ئایا دەسەڵاتمان پێدەدرێت چێژ لەو سامانە وەربگرین (یان

a ئەڵقەی ١١٣٥: «ئایا من بەهۆی بەخششەکانیەوە خودام خۆشدەوێت یان بەهۆی ئەوەی کە ئەو کێیە؟» (٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧).

چێژی لێ وەرنەگرین). «ئەمە واتای ئەوەیە کە لە پلانی پەروەردگاری خودا، دەکرێت بە چەندین ڕێگا بێبەش بیت لە چێژوەرگرتن. ڕەنگە بێبەش بیت لەو شتە ماددییانەی کە دەتەوێت، یان ڕەنگە بەدەستیان بهێنیت و بێبەش بیت لە توانای چێژوەرگرتن لێیان چونکە لێت دابڕێنراوە.»

وەک چیرۆکی ژن و مێردێک کە خانوێکی خەونەکانیان دارشت و دروستیان کرد و لە ناو کابینەیەک لە شوێنەکەدا دەژیان بۆ ئەوەی چاودێری پێشکەوتنەکان بکەن، «کاتێک تەواو بوو و خەریکبوو بچنە ژووروە، بەهۆی جەڵتەی دڵەوە گیانی لەدەستدا. ئەمە لە سیپارەی ژیرمەندیدا هاتووە. مەبەستی لە ئاماژەدان بەم نەهامەتییانە، خراپەکارییە دڵتەزێنەکان -یان ئەم «ناخۆشییە ئازاربەخشانە،» هەروەک نووسەر پێی دەڵێت -بێ خودا یان ڕەشبین یانیش بێهیوا. بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە واتا و خۆشی لەم جیهانەدا لە ژێر ڕۆشنایی خۆردا دەدۆزرێتەوە -واتا بۆ سروشتگەراکان و بێ خوداکان. مرۆڤێک دەوڵەمەند دەبێت و توانای چێژوەرگرتنی لە دەوڵەمەندییەکەی هەیە. وە وانەکە بۆ هەردووکیان ئەمەیە: دڵت پەیوەست مەکە بە دەوڵەمەندی.

ئەمە هەروەها چارەسەری پۆڵسە. دەوڵەمەندەکانی ڕاسپارد کە «هیوایان بە سامانی لەناوچوو نەبێت، بەڵکو بە خودا، کە هەموو شتێکمان بە تێروپڕی دەداتێ تاکو خۆشی لێ ببینین،» وە لە کاری چاکە دەوڵەمەند بن و گەنجینەیان لە ئاسمان کۆبکەنەوە، «ئیتر بناغەیەکی چاک بۆ داهاتوو دادەنێن و ژیانێکی ڕاستەقینە بەدەستدەهێنن» (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧-١٩).[a]

ژیانێکی وا ڕاستەقینە (ὄντως) لە کەڵەکەبوونی سامان نادۆزرێتەوە. وە هیوا هەرگیز لە نادڵنیایی (μηδέ) سامانی دونیا نادۆزرێتەوە (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧). ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ژیانی هەتاهەتایی پاشنووسێک نییە بۆ ئەم ژیانە ڕاستەقینەیە، بەڵکو ئەم ژیانە پێشەکییەکە بۆ ژیانی ڕاستەقینە» (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٩). بەگوێرەی ئەمە پلانی دارایی خۆت دابنێ (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧-١٩).[b]

ئایا ژیانی سەردەمی جەنگ هەرزانە یان گرانە؟

با کۆنفرانسە مەسیحییەکان وەک نموونەیەک وەربگرین. بە خشتەی خەرجی شوێن و مۆسیقا و تێچووی ڕووناکی و بەرهەمهێنان، تێچووی کۆتایی گران دەبێت. ئایا شایەنی ئەوەیە؟ یان بەفیڕۆدانە؟

---

a ئەڵقەی ٤٥٣: «کاتێک چێژوەرگرتن لە پارە و مووڵک کاری نیعمەتە» (١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ١٢٨٦: «من جوانەمەرگ دەبم -چۆن لەپێناو هیوا تێبکۆشم؟» (٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨).

زۆربەمان ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە، چونکە بە بەراورد بە خەڵکی پەیمانی نوێ دەوڵەمەندێکی ناوازەین. «هەموو شتێکی ژیانی سەردەمی ئێستا بە بەراورد لەگەڵ شێوازی ژیانی عیسا نامۆ دەردەکەوێت. هەر هەبوونی ئۆتۆمبێل زۆر نامۆیە.» هەروەها بوونی ژیان لە ماڵێکدا کە گەرمکەرەوە، فێنککەرەوە، بۆڕی ئاو، کارەبا، ڕووناکی، ساردکەرەوە، مۆبایل، کۆمپیوتەر، وە دەستگەیشتن بە پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە و فریاگوزاری پزیشکی. جگە لە سەدان کتێب و نەرمەکاڵای کتێبی پیرۆز و هەموو شتێک کە لە ئینتەرنێتدا بەردەستە. هەموو ئەم بەخششانە «تەواو جیاوازن» و «لە شێوازی ژیانی جوتیارێکی سەدەی یەکەمی فەلەستین ناچێت.» ئیتر دروستە ئەم پرسیارە بکەین دەربارەی کۆنفرانسەکان، هەروەها خووی خەرجکردنی کەسی. «ئامانجی سەرەکی کتێبی پیرۆز گەورەیی ڕاستی و جوانی و بەهای باڵای عیسای مەسیحە.» ئامانجمان ئەوەیە «بە شێوەیەک پارە خەرج بکەین کە نیشانی بدات عیسا لە پارە باشترە» و «لە ژیان باشترە.» لەم ڕاستییە گشتگیرەوە دوو ڕێنمایی شێوازی ژیان دێتە ئاراوە.

ڕێنمایی یەکەم: بە باوەڕەوە چێڕ لە کەلوپەلەکانت وەربگرە. «خودا بەخششێکی چاکمان پێ دەبەخشێت لە بەدیهێنراوان بۆ ئەوەی چێژیان لێ وەربگرین، وەک دەربڕینی سروشتی تێرکەری خۆی» (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧). «بە دەربڕینێکی دیکە، چێڕ لە بەخششەکانی خودا وەربگرە لە بەدیهێنراوان بەبێ ئەوەی بە شێوەیەک ئەزموونی بەخششەکانی بکەیت کە لە خودا تێرکارتر بێت یان لە خودا جیا ببیتەوە. سوپاسگوزاری خودا بە لەپێناویان و تێیاندا تامی خودا بکە.

ڕێنمایی دووەم: کەلوپەلەکانت بۆ جەنگ بەکاربهێنە. ئەم ژیانە بۆ کات بەسەربردن نییە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی جیهانە بۆ مەسیح. «ئێمە لەگەڵ خوداوەندی ئەم جیهانە لە جەنگدایین، مەترسییەکان هەمیشەیین، چەکەکان ڕۆحین -وە دەبێت چۆنیەتی ژیانمان ڕەنگدانەوەی ئەم بیرکردنەوەیەی جەنگ بێت.» بەڵام ژیان لە کاتی جەنگ پەیوەندی بە سادەیی و گۆڕانکاری بچووک و بنەڕەتی نییە. لە جەنگدا، ڕەنگە بڕیار بدەیت تایەی ئۆتۆمبێلەکەت نەگۆڕیت چونکە هەوڵی جەنگ پێویستی بە لاستیکەکە هەیە. وە ڕەنگە تۆ باج بدەیت بۆ دابینکردنی بودجە بۆ فڕۆکەیەکی بی ٥٢ی بۆمبهاوێژی زەبەلاح و گرانبەها کە ڕەنگە «لێدانی کۆتایی بە دوژمن بگەیەنێت و کۆتایی بە جەنگەکە بهێنێت.» بە دەربڕینێکی دیکە، ژیان لە سەردەمی جەنگدا سادەیی «ناڕازێنێتەوە» وەک ئەوەی «جیهان، لە دۆخی گومڕاییدا، سوود وەرناگرێت لە چاندنی سەوزەواتەکانم لە حەوشەی ماڵەوە، یان تەنها دوو پانتۆڵی جینزم هەبێت و ڕۆژ نا ڕۆژێک لەبەری بکەم. هیچ کام لەم دووانە خزمەت بە پێداویستییە هەمیشەییەکانی جیهان ناکەن، ڕەنگە خزمەتکردنی

پێداویستییە هەمیشەییەکانی جیهان پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەبێت -وەک لە کۆنفرانسە نیشتمانییەکان، پڕۆژە گەورەکانی کتێب، دەستپێشخەرییەکانی وەرگێڕانی جیهانی، مااڵپەڕە ئااڵوزەکانی خزمەت و هەوڵە مزگێنیدەرییە جیهانییەکان.

بۆیە مەهێڵە موچەکەت شێوازی ژیانت دیاری بکات. «ئەمە درۆییەکی ئەمریکاییە. خودا بانگمان دەکات بۆ ئەوەی ببینە کەناڵێکی نیعمەت و سەرچاوە، نەک کەناڵێکی داخراو. مەترسی ئێمە ئەمڕۆ ئەوەیە کە پێمان وابێت دەبێت کەناڵەکە بە زێڕ ڕووپۆشکراو بێت. نابێت وا بێت. مس بەسە. مس بەسە وەک ئێمە کارێک بە موچەیەکی ٥٠٠,٠٠٠ دۆالر بۆمان باشە بۆ هەندێکی دیکە وا نییە لە کاتێکدا ئێمە بە شێوازی ژیانێکی ٦٠ هەزار دۆالر، ٥٠ هەزار دۆالر، یان ٤٠ هەزار دۆالر دەژین.»[a]

ئایا ژیان لە سەردەمی جەنگ هەمان شێوازی ژیانی «سادە»یە؟

سادەیی خواستێکی کەلتوورییە بۆ خاوەندارێتی تەنها چەند شتێک، بۆ دابڕینی ژیان لە پێویستییە سەرەکییەکان، وە لەخۆگرتنی زاهیدی بە ناوی خۆباشکردن. بەاڵم ئەم فێرکارییەکە شتێکی نوێ نییە. «لە ساااڵنی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا -هێندە بە ڕوونی لەبیرمە چونکە بەشێک بووم لێی- ڕابوونێکی گەورە لە ژیانی سادەییدا ڕوویدا.»[b]

ئیتر ئەگەر سادەیی کرۆکی ژیانی سەردەمی جەنگ نەبێت، ئەم بیرۆکانە چۆن جیاوازن؟ ژیانی سەردەمی جەنگ ئەم شەش بیروباوەڕە دەگرێتەوە.

١. جیهان بەخششە. جیهانبینی سەردەمی جەنگ جیهان وەک بەخششێکی باش دەبینێت کە بە سوپاسگوزارییەوە لە خوداوە هاتبێت (یەکەم تیمۆساوس ٤: ٤-٥). «هەر جۆرە خۆپارێزییەک کە لە شێوازی ژیانی سەردەمی جەنگدا بەدوایدا بگەڕێت، لەسەر بنەمای هیچ خراپەیەکی ناوەکی نییە لە جیهانی بەدیهێنراودا.»
٢. جەنگەکە ڕاستەقینەیە. خۆمان لە ناوەڕاستی جەنگێکی گەردوونیدا دەبینینەوە (ئەفەسۆس ٦: ١١-١٣). «یەکێک لە ئامانجەکانی فێرکاری سەردەمی جەنگ، کەوا هەوڵم داوە وێنای بکەم، بەئاگاهێنانەوەی کڵێسایە، بە تایبەتی لە ڕۆژئاوا، کە بە سادەیی لە ئەقڵیەتێکی سەردەمی ئاشتیدا جێگیر بووە و هیچ هەستێکی مەترسی بۆ ئەو شەڕە نییە کە ئێمە تێیداین.» «گەرمی جەنگی سەربازی» مەسیحی ئاسایی ڕۆژئاوایی نزمە.
٣. جیهان گوناە لە ئێمەدا فریو دەدات. «بەو پێیەی ئێستا کەوتووینەتە ناو گوناە، لە ئارەزووەکانماندا گوناهبار بووین، ئەوا ئەو جیهانەی دەوروبەرمان کەوا خودا

a ئەڵقەی ٧٨٠: «چۆن شێوازی ژیانی سادەی خۆت و قسەکردنت لە کۆنفرانسە گرانبەهاکاندا کۆدەکەیتەوە؟» (٢٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ١٠٨٥: «ئایا ژیانی سەردەمی جەنگ هەمان سادەییە؟» (٢٥ی ئابی ٢٠١٧).

بەدیهێناوە -بە هەموو خەم و چێژەکانییەوە- تەنها چاکەیەکی بەدیهێنراو نییە کە دەبێت ملکەچ بکرێت و چێژیان لێ وەربگیرێت، بەڵکو مەترسییەکیشە کە دەبێت خۆمان لێیان بپارێزین.» خەمی ڕۆژانەی ئەم جیهانە هێندە بەهێزە کە ئینجیل بخنکێنێت (لۆقا ٨: ١٤). «ئەو دەوڵەمەندییە ئاساییانەی کە لە هەموو دەوروبەرمدا هەن -چێژە ئاساییەکانی ژیان- بە سادەیی باش نین، بە شێوەیەکی کوشندە مەترسیدارن بۆ ڕۆحیش؛ کاتی جەنگ ئێمە دەخاتە سەر «ئاستی هۆشداری سوور بۆ ئەوەی بێهەڵوێست نەبین.» بەدیهێنراوی خودا باشە. بەڵام بەهۆی گوناە و شەیتانەوە ئەو بەخششە باشانە دەکرێت لەناومان ببەن، ئەگەر خراپ بەکاریان بهێنین.

٤. نکۆڵی لەخۆکردن شتێکی بنەڕەتییە. لە ژێر ڕۆشنایی هەموو بەخششەکانمان و ئەو فریودانەی ناخمان بۆ خراپ بەکارهێنانی ئەو بەخششە باشانە، پێویستە لەسەرمان نکۆڵی لە خۆمان بکەین (مەتا ١٦: ٢٤). «لێرەدا ئامانجمان ئەوەیە کە مەسیح شکۆمەند بکەین بە نیشاندانی بەهای باڵای ئەو؛ نەک مووڵک و ماڵی خۆمان.» ئەم ئامانجە کۆتاییە پێویستی بە خۆبەدوورگرتنێکی دیاریکراو دەکات.

٥. سامانی جیهانی بۆ پەیامی خودا تەرخان دەکرێت. لە جەنگی جیهانی دووەمدا، کەشتییەکی خۆشگوزەرانی گۆڕدرا بۆ کەشتییەکی گواستنەوەی سەرباز، کە وێنایەکی زیندوو بوو بۆ ژیانی سەردەمی جەنگ، لە سامانێک کە بۆ خزمەت تەرخان کرابوو. «ئەمە ڕاستی ژیانی سەردەمی جەنگی لە فێرکارییەکانی سی ساڵ لەمەوبەری من ڕەگی داکوتا. ئامانجی ژیان لە سەردەمی جەنگ ئەوە نییە کە ئێمە بەبێ ئەو بژین.» ژیانی سەردەمی جەنگ بیروباوەڕی بەوە هەیە کە «ئێمە دەتوانین شتگەلێکی زیاتر بە ئەنجام بگەیەنین بە دووبارە دابەشکردنەوەی سەرچاوەکان، لە خۆڕازیکردنەوە هەتا هێنانەدی ئامانجەکان.» بۆیە ئێمە سەرچاوەکانمان کۆدەکەینەوە چونکە «بەهێزترین و ڕزگارکەرترین بۆمبی جیهانمان هەیە.» ئەویش ئینجیلە.

٦. ئێمە بە بەخشینی زیاتر بەدوای خۆشی زیاتردا دەگەڕێین. «پێشخستنی دۆزی مەسیح خۆشترە لە کۆکردنەوەی سامان و ئاسوودەیی» (کردار ٢٠: ٣٥). ئێمە لە هەوڵێکدایین بۆ ئەوەی زۆرترین خۆشی ئێستامان بەدەست بهێنین. [a]

ئایا من بەگوێرەی پێویست لە کاتی جەنگدا دەژیم؟

چۆن بزانم بڕیارەکانی ژیانم ڕەنگدانەوەی سادەیی سەردەمی جەنگە یان خۆشگوزەرانی سەردەمی ئاشتی؟

a ئەڵقەی ١٠٨٥: «ئایا ژیانی سەردەمی جەنگ هەمان مینیمالیزمە؟" (٢٥ی ئابی ٢٠١٧)

(١) هـۆکاری ئـەوەی «مـن ئامـاژە بـە "سـادەیی سـەردەمی جەنـگ" دەکـەم بـە پێچەوانـەی "سـادەیی" خۆیەتـی، ئەوەیـە کـە سـادەیی بـە تەنهـا ڕەنگـە ببێتـە هـۆی ئـەوەی دەسـتبەرداری هەمـوو ئامێـر و کەلوپەلـە نوێیەکانـی سـەردەم بیـت لەپێنـاو کەمتریـن کاریگـەری کاربـۆن.» (٢) کتێبـی پیـرۆز ڕێـژەی سـەدی و ڕەچەتـە و ژمارەیەکـی باشـترمان پێشـکەش نـاکات. ئـەم بـە ئاسـانی پرسـیارە وەڵام ناداتـەوە «بـە ژمـارەی چەندایەتـی.» نەخێـر، «پاڵنەرێکـی بێوچـان دەدات» لـە شـێوەی چەندیـن دەقـی ئاگادارکردنـەوە (مەتـا ٦: ١٩، ٣٣؛ لۆقـا ٨: ١٤؛ ٩: ٥٨؛ ١٢: ١٥، ٢٠، ٣٣؛ ١٨: ٢٤؛ کـردار ٢: ٤٥؛ دووەم کۆرنسـۆس ٦: ١٠؛ ٨: ٢؛ ئەفەسـۆس ٤:٢٨؛ یەکـەم تیمۆسـاوس ٦: ٧-٨؛ عیبرانییـەکان ١٣: ٥؛ یاقـوب ٢: ٥؛ یەکـەم یۆحەنـا ٣: ١٧).

«پێمواندیـە بتوانرێـت ئـەو هەمـوو فێرکارییـەی کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـە پـارە وەربگریـن و هێڵێکـی ڕوون لـە نێـوان سـادەیی سـەردەمی جەنـگ و خۆشـگوزەرانی سـەردەمی ئاشـتیدا بدۆزرێتـەوە.» کەواتـە وەڵامەکـە بـە باشـترین شـێوە لـە ژیانـی «سـادەییەکی خۆشەویسـت، بەرهەمـدار، ئاراسـتەکراو بـەرەو کەسـانی دیکـە، قوربانیـدان لەپێنـاو پێشـکەوتنی شانشـینی خـودا» دەدۆزرێتـەوە. ئێمـە دەزانیـن کـە «دەوڵەمەنـدی مەترسـیدارە.» بەڵـێ، «ئـەو پەیامـە لـە هەمـوو شـوێنێک هەیـە.» وە دەزانیـن کـە «سـادەیی لەپێنـاو خۆیـدا بـێ نرخـە، چونکـە خۆشەویسـتی بنەمایـە.» لـە ڕاسـتیدا «دەزانـم کەسـانێک هـەن کـە زیاتـر لـە کەسـانی دیکـە خۆیـان بەخشـیوە بـە سـادەیی، وە بـێ خۆشەویسـتین، لـە کاتێکـدا ئـەو کەسـانەی زیاتریـان هەیـە خۆشەویسـترن و چاکـە لـە ژیانیانـەوە هەڵدەقوڵێـت.»

کەواتـە، لەژێـر «پاڵنـەری بێوچـان»ی فێرکارییەکانـی کتێبـی پیـرۆزدا بژیـن سـەبارەت بـە سـامان. مرۆڤەکانتـان خۆشـبوێت نـەک پـارە. جوانـی سـادەت خۆشـبوێت، نـەک «هێـمای پێگەیەکـی خۆشـگوزەرانی.» وە نهێنـی ڕازیبوونێکـی قـووڵ لـە عیسـادا فێربـە کـە دەکرێـت «بزانیـت چـۆن سـاکار بیـت» و «چـۆن گەشـە بکەیـت» (فیلیپـی ٤: ١٢).[a]

چ خۆشگوزەرانییەک لە ژیانمدا گوناهبارییە؟

ئیـتر زۆرێـک لـە «پێداویسـتییەکان»ی ژیـان وەک شـتە گرانبەهـاکان دەسـتیان پێکـرد کـە تەنهـا کەسـە زۆر دەوڵەمەنـدەکان چێژیـان لێـی دەبینـی. بـۆ نموونـە، سـاردکەرەوە یەکـەم خزمەتگـوزاری بـوو کـە بـۆ دەوڵەمەندترینـەکان تەرخانکرابـوو. لەگـەڵ دابەزینـی نرخیـان، خەڵکـی زیاتـر دەیانکـڕی. ئێسـتا ئـەوە پێویسـتییەکە لـە چێشـتخانەی سـەردەمی ئێسـتا. کەواتـە لـە جیهانێکـدا کـە جوانکارییـە گرانبەهـاکان لـە کۆتاییـدا دەبنـە پێداویسـتییەکی بەردەسـت، چـۆن دەتوانیـن پێداویسـتییەکان لـە خواسـتەکان جیـا بکەینـەوە؟

a ئەڵقـەی ١١٨٥: «ئایـا هۆشـداریەکانی کتێبـی پیـرۆز لـە دژی دەوڵەمەنـدی زۆربـەی ئەمریکاییـەکان دەگرێتـەوە؟» (١٦ی نیسـانی ٢٠١٨).

هـەر پۆلێنکردنێکـی «خۆشـگوزەرانی» ڕێژەییـە. بـەڵام «لێـرەدا باشـترین دەرفەتـی ڕێنماییکردنـی جـۆن پایپـەرم هەیـە لـەوەی کە وەک شـتێکی خۆشـگوزەرانی گوناهبـار لێی دوور بکەومـەوە،» ڕێبەرێـک لـە پێنـج پرسـیاردا. (١) ئایـا خزمـەت بـە ڕۆحـی کەسـەکان دەکات -مـن و کەسـانی دیکـە؟ «مـن لێـرەدا بیـر لـە جوانـی و جۆرەهـا کاری هونـەری دەکەمـەوە کـە لەسـەر دیـوار هەڵدەواسرێـت. دەکرێـت بەبـێ ئـەوە بژیـت، بـەڵام تـۆ وێنەیـەک هەڵدەواسـت یـان گـوڵ لـە باخچەکەتـدا دەچێنیـت. ئێمـە زیاتریـن لـە مرۆڤـی بایۆلـۆژی و جەسـتەیی. ئێمـە لەیـەر وێنـەی خـودا بەدیهێناوین. ئێمـە بەدیهێناوین بـۆ ئـەوەی جوانـی ببینیـن و بزانیـن و حەزمـان لێی بێـت. دەتوانیـت «بەبـێ ئـەوەی دەوڵەمەنـد بیـت خـۆت بـە جوانـی دەورە بدەیـت.» (٢) ئایـا کاریگـەری هەیـە بـۆ خزمـەت؟ بەبـێ سـاردکەرەوە، پێویسـتە زیاتـر بازاڕکـردن بکەیـت بـۆ خواردنـی ڕۆژانـە. بۆیـە کات پاشـەکەوت دەکات کـە دەتوانیـت بـۆ خزمـەت بەکاربهێنیـت. (٣) واتـای چـی دەگەیەنێـت؟ «ئایـا بـە نرخێکـی گونجـاوە بەبـێ ئـەوەی بـە جیهـان بڵێیـت کـە حـەزت لـە شـتەکانە؟» یـان ئایـا کڕینەکـە بـە جیهانـی ڕایدەگەیەنێـت کـە تـۆ «شـانازی بـە مووڵـک و مـاڵ دەکەیـت» (یەکـەم یۆحەنـا ٢: ١٦)؟ کڕینەکـەت چـی ئاشـکرا دەکات سـەبارەت بـەوەی کـە دەتەوێـت جیهـان چـی لەبـارەی تـۆوە بڵێـت؟ (٤) ئایـا ڕێگریـت لێـدەکات لـە خۆشویسـتنی کەسـانی دیکـە؟ «ئایـا ئـەو پارەیـەی کـە تەنهـا بـۆ ئـەم شـتە ناپێویسـتە خەرجـت کـردووە، ڕێگریـت لێـدەکات لـە شـێوازێکی ژیـان یـان کردەوەیەکـی خۆشەویسـتی؟ هەمـوو کات دەتوانیـت بڵێیـت، «باشـە، دەکـرا ئـەم پارەیـە بـە مزگێنەدەرێـک ببەخشـم.» وە ئـەوەش ڕاسـتە. ئـەو پارەیـەی کـە بـەکاری دەهێنیـت بـۆ کڕینـی هەمـوو ئایسـکرێمێک دەکـرا بـۆ شـۆێنێکی دیکـەی بنێریـت. بـەڵام ئایـا ئەمـەت دەکـرد؟ ئایـا کڕینـی شـتەکان بووەتـە ڕێگـری لـە بانگـەوازی دڵسـۆزانەت بـۆ ئـەوەی کارێکـی بـاش بکەیـت؟» (٥) ئایـا دیارییەکـی تایبەتـە؟ خەرجییـە گـەورە و مامناوەنـد و بچووکـەکان ئاهەنگـی تایبـەت دیـاری دەکـەن. هەمـوو شـتێک لـە ئاهەنگـی هاوسـەرگیری، ئەڵقـەی بووکێنـی، دیـاری ڕۆژی لەدایکبـوون، وە تەنانـەت کـردەوەی سـادەی میهرەبانـی، خۆشەویسـتی تـۆ بـە کەسـانی دیکـە دەردەبـڕن.[a]

دەربارەی دەیەک

دەیـەک بـۆ باوەڕدارانـی جـوو لـە پەیمانـی کـۆن ڕاسـپاردە بـوو. ئایـا ئەمـڕۆ ڕاسـپاردەیە بـۆ بـاوەڕداران بـە مەسـیح؟

مەسـیحییەکان چیـتر لـە ژێـر شـەریعەتی موسـادا نیـن (ڕۆمـا ٦: ١٥؛ ٧: ٤-٦؛ گەلاتیـا ٢: ١٩؛ ئەفەسـۆس ٢: ١٥). ئەمـەش واتـا «لـە پەیوەندییـە نوێیەکەمانـدا لەگـەڵ خـودا لـە ڕێگـەی ئـەو مەسـیحەوە کـە شـەریعەتی بـۆ ئێمـە جێبەجـێ کـردووە، ملکەچـی شـەریعەت نیـن. ئـەوە

a ئەڵقەی ٤١٩: «چ خۆشگوزەرانییەک لە ژیانمدا گوناهباریە؟» (١ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

ڕێگایەکی سەرەکی نییە کە بەهۆیەوە پەیوەندییمان لەگەڵ خودا هەبێت، یان بەهۆیەوە بناسرێینەوە و هێز وەربگرین بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەین کە لای خودا پەسەندە.» لە شوێنی ئەو «شەریعەتی مەسیح» جێگەی گرتۆتەوە (ڕۆما ١٣: ٨؛ یەکەم کۆرنسۆس ٩: ٢١؛ گەلاتیا ٦: ٢).

کەواتە، لەناو ئەم گۆڕانکارییەدا، دەیەک لە کوێدا جێی دەبێتەوە؟ ڕابەرانی پەرستشی لێقیەکانی پەیمانی کۆن دەیەکیان وەردەگرت، لەسەدا ١٠، «وەک ڕێگەیەک بۆ پشتگیریکردنی سیستەمی ئایینی پەیمانی ئەو سەردەمە» (دەرچوون ٣٥: ٤-٣٦: ٣٨). وە دەزانین کە قەشەکانی پەیمانی نوێ کەوا ژیانی خۆیان بەخشیوە بە کاری ئینجیل شایەنی مووچە بوون (لۆقا ١٠: ٧؛ یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٧-١٨). لەبری دەیەک، پۆڵس دەیەوێت کڵێساکان بە بەخششێکی دڵفراوانییەوە پارەیان بۆ دابین بکرێت، لەلایەن ئەو بەخشەرانەی کە لە ژێر باری ناچاریدا نین، بەڵکو بە دڵخۆشیەوە دەبەخشن (دووەم کۆرنسۆس ٩: ٦-٧). «پێموایە لە ماوەی سی و سێ ساڵدا دوو سێ جار لە بێتلەحەم بانگەوازی دەیەکم کردووە، مەبەستم ئەوەیە، بەردەوام باسی بەخشین و قوربانیدانم کردووە» -بەڵام بە دەگمەن دەیەک. پوختەی وتاری بەخشینی دارایی ئەوە بووە: «خوشک و برایان، بۆچی دەمانەوێت کەمتر بکەین؟ مەبەستم ئەوەیە، ئەو کەسەی کە دەڵێت: "دەبێت ئەوە بکەم؟» ئەوان یەکسەر بە هەڵە لێی تێدەگەن. لە پەیمانی نوێدا هەموو شتێک گەورەترە. ئێمە بەڵێنی باشترمان هەیە، پەیمانی باشتر، وەک ئەوەی نامەی عیبرانییەکان دەڵێت. بۆچی قوربانیدانی باشتر نەبێت، وە بەخشینی باشتر.[a]

کەواتە دەیەکی لەسەدا ١٠ تەنها «بۆ مەسیحییەکان خاڵی دەستپێکە.»[b] تەنانەت قەشەیەک کە لە سەدا ٣٠ی چەکێکی یەک ملیۆن دۆلاری مافی چاپی دەدات بە مەبەستی خەرجکردنی لەسەدا ٧٠ بۆ خۆشگوزەرانی، «من پێی سەرسام نیم.»[c]

کاتێک بە کڵێسا دەبەخشین، وەک ئەوەیە بە خودا ببەخشین. لە هەمان کاتدا ئاسۆیی و ستوونییە. پۆڵس ئەو پارەیەی لە ڕێگەی ئەپافرۆدیتسەوە نێردراوە وا لێکدەداتەوە کە «قوربانی و پێشکەشکردنە بۆ خودا» (فیلیپی ٤: ١٨). بێگومان ئێمە هەرگیز خودا دەوڵەمەند ناکەین. «هەموو شتێک کە دەیدەین لە بنەڕەتدا هی ئەوە، بەخشینەکەمان هەرگیز ئەو باشتر ناکات و نامانخاتە ژێر باری ئەوەوە (یەکەم پوختەی مێژوو ٢٩: ٩-١٥؛ زەبوری ٥٠: ٩-١٥؛ کردار ١٧: ٢٥؛ ڕۆما ١١: ٣٥-٣٦) «لە ڕاستیدا، خودا بە تەواوی لەخۆڕازییە کە تەنانەت کردەوەی بەخشینیشمان

a ئەڵقەی ١٨٢: «ئایا دەیەک ڕاسپاردەیەکە بۆ باوەڕداران بە مەسیح؟» (٢٧ی ئەیلوولی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ١١٨٥: «ئایا هۆشداریەکانی کتێبی پیرۆز لە دژی دەوڵەمەندی زۆربەی ئەمریکاییەکان دەگرێتەوە؟» (١٦ی نیسانی ٢٠١٨).

c ئەڵقەی ٢٩٠: «قەشەی گەورەترین کڵێسای جیهان بە تاوانی گەندەڵی سزا دراوە» (٤ی ئازاری ٢٠١٤).

-نـەک تەنهـا بەخششـەکە، بەڵکـو کـردەی بەخشـین- بەخششـی خودایـە بـۆ ئێمـە. نـەک بـە پێچەوانـەوە.» ئـەم ڕاستییە لـە یەکـەم پوختـەی مێـژوو ٢٩: ١٤-١٨ ڕاگەیەنـراوە: «پێشکەشـکردنمان بـە ئامادەییـەوە بەخششـێکە کـە ئێمـە شـایەنی ئـەوە نیـن.» کەواتـە، بەڵـێ، «ئێـوە بـە خـودای دەبەخشـن، خۆزگـە دەمانزانـی کـە بەخششـەکانمان بەخششـێکن لەلایـەن خـوداوە، و بەخشـینمان بـە خـودا بەخششـێکە لەلایـەن خـوداوە، بـۆ ئـەوەی تەنهـا خـودا شـکۆمەندی بەدەسـتبهێنێت.»[a]

کەواتـە ئایـا دەتوانیـن بڕەکـە دابـەش بکەیـن؟ ئایـا دەتوانیـن لەسـەدا پێنجـی بدەیـن بـە کڵێسـای ناوخۆیـی خۆمـان و لەسـەدا پێنجـی بدەیـن بـە خزمەتێکـی دیکـە؟ دیسـانەوە ئێمـە پابەنـد نیـن بـە پابەندبوونەکانـی موسـا. لـە چوارچێـوەی داراییـدا، پۆڵـس ڕێنماییـمان دەکات بـۆ بەخشـین، بـەڵام «هەرگیـز ڕێنماییـمان نـاکات دەیـەک تەرخـان بکەیـن» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٦: ٢). ئێمـە بەپێـی تواناکانمـان دەبەخشـین (دووەم کۆرنسـۆس ٨: ٣). ئێمـە لـە ژێـر بـاری ناچاریـدا نابەخشـن، بەڵکـو لـە حـەزی دڵێکـەوە کـە تامـەزرۆی بەخشـینی زۆرە، نـەک بـە کەمـی (دووەم کۆرنسـۆس ٩: ٦-٧). «بابەتەکـە ئـەوە نییـە کـە ئێمـە بـە ڕێـژەی لەسـەدا حوکمڕانـی بکرێیـن، بەڵکـو دەبێـت بـە بەخشـندەیی گرانبەهـا و قوربانیـدان بەڕێوەببرێـت کـە بـە ئـازادی و بـە خۆشـییەوە ڕژاوە.» کەواتـە، «چینێکـی ناوەنـدی ئەمریکایـی کـە تەنهـا دەیەکـی لەسـەدا ١٠ دەبەخشـێت، ڕەنگـە دزی لـە خـودا بـکات.» بـەڵام ئـەم جـۆرە بەخشـینانە بـە هەژمـاردی ورد نادرێـت؛ بەڵکـو بـە دڵێکـی پەرۆشـەوە هاندەدرێـن. لـە کۆتاییـدا، وەک ئـەوەی کڵێسـای ناوخۆیـی ناوەنـدی هەمـوو نێردراوییێتییەکـە لەسـەر زەوی. وە «ئەگـەر کڵێسـا شکسـتی هێنـا، هەمـوو خزمەتەتەکانـی دیکـە لادەر دەبـن لـە کتێبـی پیـرۆز.» بۆیـە وەک ڕێنماییەکـی گشـتی، «دەسـت بکـە بـەوەی دەیـەک بـە کڵێسـای ناوخۆیـی ببەخشـیت، پاشـان زیاتـر لـەوە ببەخشـە. بـەڵام ئـەوە شـەریعەت و ڕاسـپاردە نییـە.» بـە دەسـتفراوانییەوە بەخشـندە بـە، بـە قوربانیدانـەوە ببەخشـە، دڵسـۆز بـە بـۆ کڵێسـاکەت، وە بینینـت هەبێـت بـۆ خزمەتەکانـی دیکـە، وە بـا خـودا مامەڵـە لەگـەڵ ڕێژەکانـدا بـکات.[b]

بانگخوازانـی خۆشـگوزەرانی حـەز دەکـەن خۆشـگوزەرانی مـاددی داهاتـوو ببەسـتنەوە بـە فێـرکاری ئێسـتای دەیـەک بـە کڵێسـایەکەوە، ئـەوەش «زۆر مەترسـیدارە.» خـودا «زۆرجـار بـە بەردەوامـی و بـە شـێوەیەک کـە هەرگیـز نەیاندەتوانـی لەبەرچـاوی بگـرن بەرەکـەت بـەو کەسـانە دەبەخشـێت کـە بـە دەسـتفراوانییەوە قوربانـی دەدەن، چونکـە ئـەو دڵخۆشـە بـە بەخشـەرە دڵخۆشـەکان و دڵـی بەخشـندەی وەک مەسـیحی خۆشـدەوێت. بـەڵام لەبـری ئـەوەی نیعمەتێکـی مـاددی دڵنیـا بـە کردەوەیەکـی بەخشـینی دەیەکـەوە ببەسـتینەوە، پێمولیـە

a ئەڵقەی ٥٤٣: «ئایا دەیەک دەدەم بە کڵێساکەم یان بە خودا؟» (٢ی ئازاری ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ٧٩٢: «دەتوانم بەخشینەکەم لە نێوان کڵێساکەم و خزمەتێکی دیکەدا دابەش بکەم؟» (١١ی شوباتی ٢٠١٦).

پێویستمان بە گەشەپێدانی خۆشەویستی مەسیحە -نەک بەخششەکانی، بەڵکو بۆ مەسیح- کە بەخشینی دەیەک و دوو هێندە و سێ هێندە و چوار هێندە زیاتر بێت، کە خودا سەرفرازی کردووە، تەنانەت کاتێک ئەو نیعمەتە جەستەییەی کە هیوای بۆ دەخوازرێت نەیەت.» لە هەمان کاتدا، خۆشی مەسیحی دەکرێت لە بەخشندەیی هەژارترین بەخشەردا زۆر بێت (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٢).[a]

بەخشینی قوربانیدانمان خودا هەڵناخەڵەتێنێت و پارێزگارییەکەی ئەو ناکرێت. بە پێچەوانەی بەڵێنە درۆیینەکانی بانگخوازانی خۆشگوزەرانی (کە بە چیرۆکێکی ڕاستەقینە وێنا دەکرێت)، دەکرێت دەست بکەیت بە بەخشین لە سەرووی بەخشینی ئاسایی خۆتەوە، چەکێک بنووسیت و دەچیتە دەرەوە بۆ ئەوەی بە ئۆتۆمبێل بچیتە نووسینگەی کڵێسا، وە ببینیت هەموو پلانەکانت ئاڵۆز بووە، چونکە ئۆتۆمبێلەکەت دزراوە. چەکەکە لە دەستتدایە، وە «خودا ڕێدەدات ئۆتۆمبێلەکەت بدزرێت.»[b]

کەواتە ئەگەر بەخشینێک بۆ خواپەرستی لە دڵێکی دەوڵەمەندەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئایا دەبێت دەیەک بدەین تەنانەت کاتێک هەست بە بەخشینی دەیەک ناکەین؟ لەم بوارەدا، بەخشینێکی خۆبەخۆ لە دڵێکی مردووەوە (لە لایەکەوە)، وە بەخشینێکی خۆبەخۆ لە دڵێکی سوپاسگوزارەوە (لە لایەکی دیکەوە). بەڵام ڕێگەی سێیەم هەیە بۆ بەخشین -لە ناوەڕاستدا، بەخشینێک کە دەبەخشێت لەکاتێکدا پەشیمانە لە نەبوونی سۆز و خۆشەویستی دروست -بەخشینێک بەو هیوایەی کە کردەی بەخشین یارمەتیدەر بێت بۆ گەڕانەوەی سۆز و خۆشەویستییە دڵسۆزەکانی بەخشینی داهاتوو.[c]

ئایا عیسا فەرمانی پێکردووین هەموو موڵکەکانمان بفرۆشین؟

هێڵی نێوان سادەیی سەردەمی جەنگ و خۆشگوزەرانی سەردەمی ئاشتی بە تەواوی ڕوون نییە. بەڵام ئایا عیسا داوای لە قوتابییەکانی نەکردووە بۆ ئەوەی لەسەدا سەدی سامانەکەیان ببەخشن، بۆ ئەوەی موڵک و سامانەکانیان پاکانە بکەن و هەمووی دابەش بکەن بەسەر کەسانی کەمدەرامەت (لۆقا ١٢: ٣٣؛ ١٨: ٢٢)؟ کەواتە چەند ببەخشم بە خزمەت؟ ئایا لەسەدا ١٠ بەسە؟ یان لەسەدا ٢٠ یان ٤٠ یان ٨٠؟

بە دڵنیاییەوە عیسا دڵخۆشبوو بەوەی ئەو بێوەژنەی کە لە زۆرییەکەیەوە نەیبەخشی، بەڵکو لە تەواوی ئەوەی هەیبوو بەخشیبووی (مەرقۆس ١٢: ٤١-٤٤). لەگەڵ ئەوەشدا،

a ئەڵقەی ٩٦٨: «ئایا ئێمە زیادەڕەوی دەکەین لە تەوەری کتێبی پیرۆز بۆ دژە خۆشگوزەرانی؟» (٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ١٨٨٠: «لە ساڵی ٢٠٢٣ ڕێگایەک بۆ وشەی خودا دروست بکە» (٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢).

c ئەڵقەی ١٢٨٠: «ئایا دەبێت لەکاتی پەرستشدا جووڵە بکەم؟» (٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨).

ناتوانین لەمەوە «پابەندبوونێکی کتێبی پیرۆز یان ئەرکێکی مەسیحییەکان بە گشتی وەربگرین کە هەموو ئەو شتانەی هەیانە ببەخشن.» بۆچی نا؟ لەبەر حەوت هۆکار.

(١) ڕاسپاردەی فرۆشتنی هەموو شتێک و پێدانی هەمووی بە هەژاران هەرگیز بە «ئەرکێک بۆ هەموو شوێنکەوتوانی مەسیح» نەزانرا، بەڵکو لە کاتی خزمەتکردنی مەسیحدا بە چەند کەسێکی دیاریکراو دراوە. (٢) زەکەیا دەستخۆشی لێکرا کە نیوەی سامانەکەی بە هەژاران بەخشی (لۆقا ١٩: ٨-٩). (٣) بەرناباس ڕێزی لێ گیرا بەهۆی فرۆشتنی یەکێک لە کێڵگەکانی، داهاتەکەی بە نێردراوان بەخشی (کردار ٤: ٣٦-٣٧). (٤) پۆڵس زیادبوونی خۆشگوزەرانی دارایی بەستەوە بە زیادبوونی بەخشین (یەکەم کۆرنسۆس ١٦: ١-٤). بۆ پەروەردگاری تەرخان بکە «نەک هەموو شتێک -زیاتر بۆ ئەوانەی داهاتی زیاتریان هەیە و کەمتر بۆ ئەوانەی کەمیان هەیە؛ (٥) ڕێز لە سەربەخۆیی دارایی مەسیحی دەگیردرێت (یەکەم سالۆنیکی ٤: ١١-١٢). «واتە پێویستە هێندەت هەبێت بۆ پارەی بژێویت. هەموو شتێک نابەخشیت. تۆ وەبەرهێنان دەکەیت و ژیانێک دروست دەکەیت کە وابەستەی کەسانی دیکە نابیت.» (٦) سەربەخۆیی دارایی مەسیحی ئەوەیە کە بەخشین دەستەبەر دەکات (ئەفەسۆس ٤: ٢٨). بە دەربڕینێکی دیکە، «بەسە داهاتمان پشتگیریمان بکات بۆ ئەوەی بتوانین ببەخشین و ببەخشین» و نەبینە «مشەخۆر» لەسەر کەسانی دیکە. (٧) سەربەخۆیی دارایی مەسیحی کلیلی خزمەتکردنە کە چیتر پێویستی بە پشتیوانی دارایی نییە (دووەم سالۆنیکی ٣: ٨-١٢). جێگەی شانازییە کە مزگێنیدەرەکان داوای پشتگیری دارایی بکەن، بەڵام پۆڵس پێویستی بەو پشتگیرییە نەبوو. «شێوەی ئاسایی لە کڵێسای سەرەتاییدا -وە لە مەسیحیدا- بۆ ژیانی ڕۆژانە ئەوەیە کە بژێوی ژیانت دابین بکەیت، پارەی بژیوی خۆت دابین بکەیت، وە هەموو ژیانت بکەیتە خزمەت.» ئەم خاڵانە پێکەوە ئەوە دەردەخەن کە «نەبوونی هیچ شتێک و وازهێنان لە هەموو شتێک، لە پەیمانی نوێدا، ئەو شێوازە نەبووە کە عیسا و نێردراوان بیریان کردۆتەوە لە ژیانی مەسیحی پێکەوەیی و بەردەوام.»

بەخشین پەیوەندی بە ڕێژەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە حەزی دڵەوە هەیە لە پشت قوربانیدانەکە (لۆقا ١٠: ٣٠-٣٥). «تەنها بیر لەوە مەکەنەوە کە "بە چەند لەسەد دەتوانم ڕزگارم بێت؟» بەڵکو، "ئەو کەسانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم و ئاگاداریانم؛ ئایا من ئەوانم خۆشدەوێت وەک ئەوەی لەگەڵ سەرچاوەکانمدا هەمە؟» بە کورتی، «لەبیرت بێت کە هەموو پارەکەت هی خودایە، نەک تەنها ئەوەی دەیدەیت بە پەروەردگار. ئەمەش واتە پێویستە بیر لە هەموو خەرجییەکان بکەینەوە بە شێوەیەک لەپێناو فراوانبوونی شانشینی خودا بێت، نەک تەنها ئەوەی دەیبەخشین. هەمووی هی مەسیحە. ئەو خاوەنی تۆیە. ئەو خاوەنی ئەوەیە کە هەتە.» دەکرێت هەر فلسێک مەسیح شکۆدار بکات.[a]

a ئەڵقەی ١٣٦٨: «ئایا عیسا فێرمان دەکات هەموو ئەوەی هەمانە بیفرۆشین؟» (١٢ی تەممووزی ٢٠١٩).

ئایا دەتوانم نوێژ بکەم لەپێناو داهاتی دوو هێندە؟

ئەیوب پیاوێکی دەوڵەمەند بوو کە لە شەوێکدا ژیانی سەراوژێر بوو، پاشان بە تێپەڕبوونی کات هێواش هێواش گەڕایەوە باری خۆی. خودا زیاتر لەوەی پێشووی بۆ پێدایەوە. لە کۆتاییدا، خودا سامانی پێشووی ئەیوبی دوو هێندە کرد (ئەیوب ٤٢: ١٠-١٧). کەواتە باوەڕداران بە مەسیح دەتوانن ئەمڕۆ نوێژ بکەن بۆ دوو هێندەبوونی داهاتیان؟

خواستی داهاتی دوو هێندە ڕێژەییە. «بە تەواوی دڵنیام کە بۆ من دەبێتە گوناە، کە ئێستا نوێژ بکەم بۆ ئەوەی سەرچاوەکانم دوو هێندە زیاد ببێت، چونکە وەک ئەمریکاییەک کە شێوازێکی ژیانێکی ئاسوودە لە چینی ناوەڕاست دەژیم، بە پێی پێوەرە جیهانییەکان زۆر دەوڵەمەندترم لە ملیارەها کەسی هەژار لە سەرانسەری جیهاندا. نابێت بارگرانی من لە نوێژدا ئەوە بێت کە گەنجینەی زیاتر لەسەر زەوی کۆبکەمەوە، بەڵکو دەبێت زیاتر و زیاتر گەنجینەم لە ئاسمان کۆ بکەمەوە، لە ڕێگای بەخشینی زیاتر و وەبەرهێنانی زیاتر و زیاتر لە کەسانی دیکە (مەتا ٦: ١٩-٢٠)، وە ئەوەی هەمە بۆ گەورەترین چاکەی کەسانی دیکە بەکاری دەهێنم، وە ئاگادارم لەوە، چونکە عیسا فەرمووی: سەختە بۆ دەوڵەمەندەکان بچنە ئاسمان، (لۆقا ١٨: ٢٤). لە لایەکەی دیکەی ئاستی ئابووریدا، ئەگەر مەسیحییەکی هەژار ڕۆژانە یەک دۆلار بەدەستبهێنێت، ئەوا داهاتی دوو هێندە هێشتا هەژاریە.

وە کاراکتەرێکی مێژوویی ڕزگارکەر هەیە. پەیمانی کۆن ئایینێک بوو لەسەر بنەمای «وەرە و ببینە» بوو، «جەختی لەسەر خۆشگوزەرانی دەکردەوە وەک شایەتێک بۆ جیهان سەبارەت بە دڵسۆزی خودا بۆ ئیسرائیل» (یەکەم پاشایان ١٠: ١-١٣). بەڵام پەیمانی نوێ باوەڕێکە لەسەر بنەمای «بڕۆ و ئەزموونی بکە»، «جەخت لەسەر سادەیی و قوربانیدان و بەخشندەیی دەکاتەوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی گەیشتن بە هەموو گەلانی جیهان، وە نیشاندانی ئەوەی کە گەنجینەکەمان لەم جیهانەدا نییە، بەڵکو لە مەسیحدایە لە ئاسمان.» سەیر نییە کە پەیمانی نوێ «بێ وەستان»ە لە هاندانی ئێمە بۆ «سادەیی و ئابووری لەپێناو پێشکەوتنی شانشینی خودا» (مەتا ٦: ١٩؛ لۆقا ٦: ٢٠، ٢٤؛ ٨: ١٤؛ ١٢: ٣٣؛ ١٤: ٣٣؛ ١٨: ٢٤؛ دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠؛ ئەفەسۆس ٣: ٨). کەواتە، نەخێر، نابێت نموونەی ئەیوب بەکاربهێنرێت بۆ پاساوی مەسیحییەک کە داوای داهاتی دوو هێندە بکات.

ئیتر دەبێت تەنها لەدەستدان و ئازار لەخۆبگرین؟ نەخێر، ئێمە نوێژ دەکەین لەپێناو چاکبوونەوە، زیادکردنی خۆشی، بەرهەمی زیاتر، ئاشتی لە پەیوەندییەکان، وە بۆ سەرکەوتن بەسەر گوناهی کەسیدا (ڕۆما ٦: ١٢-١٤؛ ١٥: ١٣؛ فیلیپی ١: ١١؛ ٤: ٦-٧؛ کۆلۆسی ١: ١٠؛ یاقوب ٥: ١٦). هەر نوێژێک وەڵامی لەدەستدانێکی کەسی دەداتەوە.

کەواتە، لە کۆتاییدا، ئەگەر مووچەکەم دوو هێندە نەکرێت، ئایا دەتوانم لانیکەم نوێژ بکەم بۆ داهاتێکی ئاسوودەتر؟ دیسانەوە بابەتەکە ڕێژەییە. ئایا ئاسوودەیی بۆ تۆ واتای ئەوەیە کە تیشێرتێکی دووەمت دەوێت یان خانووی دووەم؟ ئێمە بە هیچەوە هاتینە ناو دونیا. ئێمە بە هیچەوە بەجێیدەهێڵین. بۆیە ڕازی بە بەو شتانەی کە هەتە (یەکەم تیمۆساوس ٦: ٧-٨). «هەڵە نییە کە حەزمان لە بنەماکانی ژیان بێت.» سەبارەت بە ئاسوودەیی، بابەتی دڵە. ئایا مەسیح لەلای تۆ هێندە بەهادارە کە بتوانیت بە ژیانێکی ئاسوودە یان ژیانێکی ناڕازی بیت -جا تۆ برسیت بێت یان تێر بیت، یان خاوەنی شتی زیاد بیت یان کەمتر لەوەی پێویستتە (فیلیپی ٤: ١١-١٣)؟ یان ڕازیبوون تەنها ئاواتخوازییە، بۆ شتێک کە هێشتا نیتە؟ ئەمەیە «جەنگی ڕاستەقینە.» ئیتر با «خودا بۆ هەموومان ڕوون بکاتەوە دەتوانین کە چەندە زیاتر لە سەرچاوەکانمان بۆ مەبەستەکانی بڵاوکردنەوەی ئینجیل بەکاربهێنین، وە دەتوانین چەندی بەڕاستی بۆ خۆمان بەکاری بهێنین.»[a]

مزگێنی درۆیینی ئینجیلی خۆشگوزەرانی

ئینجیلی خۆشگوزەرانی بەڵێنت پێدەدات کە خودا سامان و تەندروستیت پێ دەبەخشێت -ئەگەر باوەڕێکی تەواوت هەبێت. بەڵام ئینجیلی خۆشگوزەرانی دژە ئینجیلە.

> ١. بانگخوازانی خۆشگوزەرانی دژە ئینجیلی بڕەو بە خۆ لەناوبردن دەدەن. هەوەسی سامان کەس لەناو دەبات (یەکەم تیمۆساوس ٦: ٦-١٠). کەواتە هەر ئینجیلێک لەسەر بنەمای سامان بێت دژە ئینجیلە. «هەر ئەو شتەی کە مرۆڤەکان بەڕەو ئازاری خۆکوژی دەبات -واتا ئارەزووی دەوڵەمەندی- لەلایەن بانگخوازانی خۆشگوزەرانییەوە بەرەوی پێدەدرێت و دەچێنرێت.» هاندانی خۆکوشتنی ڕۆحی لە مینبەرێکەوە «قێزەونە». خۆراکدانی ئارەزووی دڵ بۆ سامان، پاڵانی خەڵکە بۆ ناو تەڵەکە و تاقیکردنەوەکان و «زۆر ئارەزووی بێواتا و زیانبەخش کە مرۆڤەکان دەخەنە ناو وێرانکاری و لەناوچوونەوە» (یەکەم تیمۆساوس ٦: ٩). ئەوە دژە مەسیحە، کە گوتی دەوڵەمەندی «مەترسیدارە،» وێرانکەرە و «زۆر جار نەفرەتێکن،» نەک نیعمەتێک. ڕۆحەکان بەهۆی خۆشەویستی پارە بۆ هەمیشە لەناو دەچن (مەتا ١٩: ٢٤). «مەبەستم ئەوە نییە کە ئەگەر پارەیەکی زۆر پەیدا بکەیت گوناهە. خۆکوشتنی ڕۆحییە کە بتەوێت «کۆگای گەورەتر و ئۆتۆمبێلی گەورەتر و خانووی گەورەتر و پێگەی گەورەتر و جلوبەرگی جوانترت هەبێت، هەموو شتێک لەگەڵ داهاتەکەتدا گەشە دەکات، هەتا وای لێدێت ویژدانت سەختتر و سەختتر دەبێت،» هەموو ئەمانە بۆ پاساوهێنانەوەیە بۆ شێوازێکی ژیانی زێدەڕۆیی و پشتگوێخستنی

a ئەڵقەی ١٦٣٣: «ئایا نوێژکردن لەپێناو داهاتێکی زۆرتر گوناهە؟» (٣١ی ئایاری ٢٠٢١).

ڕاسپاردەکانی مەسیح بۆ نکۆڵیکردن لە خۆمان (لۆقا ١٢: ١٣-٢١).
٢. بانگخوازانی خۆشگوزەرانی بەرەو بە پڕوپاگەندە دەدەن بۆ فێڵکردن لە هەژارانی جیهانی. ئەوان «تەنها قسە لەگەڵ ئەمریکاییەکان ناکەن کە هەتا ڕادەیەک دەوڵەمەندن و هەوڵبدەن یارمەتییان بدەن لەوەی کەمێک دەوڵەمەندتر بن، سواری فڕۆکە تایبەتەکانیان دەبن و بەرەو ئەفریقا یان فلیپین دەفڕن، یاریگایەکی پڕ لە سەد هەزار کەسی هەژار کۆدەکەنەوە و پێیان دەڵێن کە ئەگەر باوەڕیان بە عیسا هەبێت، ئەوا دەوڵەمەند دەبن، وە هەموو پێداویستییەکانیان دابین دەکرێت، وە ژنەکانیان چیتر منداڵیان لەبار ناچێت، وە چەندین پڕوپاگەندەی لەم شێوەیە. پاشان سواری فڕۆکەکانیان دەبن، بە گیرفانی پڕەوە دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان.»
٣. بانگخوازانی خۆشگوزەرانی شکست دەهێنن لە ئامادەکردنی مەسیحییەکان بۆ ڕاستی. «مەسیحیبوونی ئاسایی ئازارە.» خودا بەڵێن دەدات کە ڕۆڵەکانی لەم جیهانەدا ئازار دەچێژن (کردار ١٤: ٢٢؛ دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٧؛ ٦: ١٠). ئەم جۆرە بانگخوازانە «ئەو کەسە نوێیانەی کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا باوەڕیان هێناوە ئامادەیان ناکەن بۆ ئەوەی بەرگەی ڕاستییەکان بگرن، کە تێچوویان چی دەبێت بۆ ئەوەی ببنە باوەڕدارێک بە مەسیح.»
٤. بانگخوازانی خۆشگوزەرانی شکست دەهێنن لە بەرەودان بە نێردراوێتییە مزگێنیدەرییەکان. هەرگیز سووتەمەنی سااڵنێک لە قوربانیدانی بێ خۆپەرستانە بۆ گەیشتن بە شوێنە سەختەکان نادات. تاکە کەسانێک کە مەشخەڵی مزگێندەرییە جیهانییەکان هەڵدەگرن «ئەو کەسانەن کە فێرکراون شوێنکەوتنی مەسیح ئازارە،» وە دەزانن کە ئەم ژیانە کورتە. «تەنها هەشتا ساڵ و پاشان ئاسمان دێت.»
٥. بانگخوازانی خۆشگوزەرانی زۆر بە خێرایی بەڵێنی سامان دەدەن. ئەوان بەرەو دەدەن بە «زێدەڕۆیی لە جیهانێکی کۆتایی» کە «بە خێرایی بەڵێنی سامانی زۆر دەدەن.» خودا بەڵێنی دەوڵەمەندیمان پێدەدات کە لە خەیاڵمان بەدەرە بەوەی خاوەندارێتی جیهان دەکەین (یەکەم کۆرنسۆس ٣: ١٩-٢٣). بەاڵم ئەم سامانە (لە خەیاڵ بەدەرە) داهاتووی هەتاهەتایی ئێمەیە. هێشتا نا.

بە کورتی، «شتێکی دڵتەزێنە کە یەکێک لە گەورەترین هەناردەکردنەکانمان لە ئەمریکاوە ئینجیلی خۆشگوزەرانییە. خەڵک بەهۆیەوە لەناو دەچێت. باوەڕداران بە مەسیح بەهۆیەوە لاواز بوون. بەهۆیەوە بێڕێزی بەرامبەر بە خودا دەکرێت. بەهۆی ئەوە ڕۆحەکان ئازار دەچێژن. وە زۆرێک لە کەسەکان لەسەری دەوڵەمەند دەبن.[a]

a ئەڵقەی ٢٣١: «بۆچی من لە ئینجیلی خۆشگوزەرانی بێزارم» (٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣).

ئێمە بە سەروەت و سامان جیهان بەدەستناهێنین

باوەڕی ڕزگارکەر بریتییە لە بەهاداری مەسیح بەو شێوەیەی کە هەیە، نەک بەو شتەی کە دەیبەخشێت. بانگخوازانی خۆشگوزەرانی دەکەونە ناو شکستێکی بنەڕەتی مزگێنیدان بەو گریمانەیەی کە «جیهان خۆشگوزەرانی مادەی مەسیحییەکان دەبینێت، ئیمیش پاڵنەریان دەبێت بۆ ئەوەی باوەڕ بە مەسیح بهێنن، بەڵام ئەوە شێوازە ڕاست نییە.» ناکرێت مەسیح بکرێتە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی شتێکی دیکەی جگە لە مەسیح (یۆحەنا ٦: ٢٧-٢٢). بۆیە «ئەگەر بکرێت مەسیح وەبەرهێنانێکی باشی پێ بکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەوە، ئەوا مەسیح بۆ ئەوە بەکاردەهێنن -بۆ ئەوەی هەرچی بەڕاستی دەیانەوێت بەدەستی بهێنن. ئەوە باوەڕێکی ڕزگارکردنی نییە.» بەڵکو «ئەگەر خواردن و جلوبەرگمان هەبێت، بەمانە ڕازی دەبین» (یەکەم تیمۆساوس ٦: ٨). جیهان سەرنجی ڕازیبوون دەدات لە سادەیی ئێمەدا -سادەییەک کە بەردەستە چونکە (١) مەسیح «داهاتووێکی گەشی بۆ ئێمە دروستکردووە» وە لەبەر ئەوەی (٢) ئێستا هەموو پێداویستییەکانمان دابین دەکات. «ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی جیهان لە خەو هەڵبستێت و لە هۆکاری ئەو هیوایە بپرسێت کە لە ئێمەدایە، چونکە پێیان وایە ئێمە هیوامان بە هەمان ئەو شتانە نییە کە ئەوان هیوای پێدەخوازن -کە هیوایان بە کەڵەکەبوونی سامان هەیە.»[a]

سوپاسگوزاری بۆ خۆشگوزەرانی هیچ کەسێک بە ڕزگارکەرەکەمان سەرسام ناکات. هەرچەندە سوپاسگوزار بین، دەوڵەمەندی ژیانمان بە زێڕ وا لە جیهان ناکات بیر لەوە بکەنەوە کە خوداکەمان گەورەیە، بەڵکو وا بیر دەکەنەوە کە خوداکەی ئێمە زێڕە. ئەمە ڕێزگرتن نییە لە گەورەیی ئەو، هەرگیز! بەڵام گەورەیی ئەو، ئەوەیە زۆر لە زێڕ بەهادارترە، ئەمەش هۆکاری ژیانی ئێمەیە.»[b]

گەردوون بۆ دەربڕینی شکۆمەندی خودا بوونی هەیە، وە بۆ بەجێگەیاندنی «ئایا تۆ لەگەڵ کورەکەیدا]عیسا[دەبیت لە دەربڕینی ڕەزامەندی بااڵی شکۆمەندی نیعمەت، لەوەی بچیتە پاڵ ئازارەکانی لەسەر ڕێگای گلگۆسا؟ چونکە ئەمڕۆ هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە بۆ جیهان نییە بۆ بینینی شکۆی بااڵی مەسیح، تەنها ئازادبوون لە جیهانی خۆشگوزەرانی و گەشەی ئەمریکا و دەست بکەین بە ژیانی قوربانیدانی مزگێنیدەری،» شێوازێکی ژیان کە نیشانی جیهانی بدات «گەنجینەکەمان لە ئاسمانە و لەسەر زەوی نییە. ئەمە تاکە ڕێگەیە. ئینجیلی خۆشگوزەرانی هیچ کەس هان نادات بۆ ئەوەی ستایشی مەسیح بکات.

---

a ئەڵقەی ١٢١١: «ئایا کێبڵی پیرۆز کۆکردنەوەی پارەی زۆر لە خاوەنکارەکان قەدەغە دەکات؟» (١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ٧٨٠: «چۆن شێوازی ژیانی سادەی خۆت و قسەکردنت لە کۆنفرانسە گرانبەهاکاندا دەگونجێنیت؟» (٢٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٦).

بەڵکـو ستایشـی خۆشـگوزەرانی دەکات. «بێگومـان، عیسـایەکم دەبێـت کـە ئۆتۆمبێلێکـم پێـدەدات.» کێ عیسایەکی ناوێـت کـە تەندروسـتی و ئۆتۆمبێـل و هاوسـەرگیرییەکی باشـی پێ ببەخشرێـت؟! «ئەگـەر پاداشـتەکەی ڕاسـت بێـت عیسـاکەت قبـوڵ دەکـەم.» بـەڵام «ئـەوە هیـچ ستایشـێک بـۆ مەسـیحی ئازارچێشـتوو بەدەسـت ناهێنێـت.»[a]

نیشانەکانی هۆشداری لە ئینجیلی خۆشگوزەرانی

چ ئاماژەیـەک «ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی نـەرم» ئاشـکرا دەکات کـە لەنـاو کڵێسـای ناوخۆییەکەمـدا سـەرهەڵدەدات؟

چاودێـری شـەش نیشـانەی هۆشـداری بکـەن. (١) هیـچ بیروباوەڕێـک بـۆ ئـازارەکان نییـە. «تەنگانـە پێویسـتن و زۆرن، وە دەبێـت پێیـدا بـڕۆن.» ئایـا لـە مینبـەرەوە، ئایـا ئەگەرەکانـی چەوسـاندنەوە و ئـازاری جەسـتەیی وەک شـتێکی ئاسـایی و تەنانـەت پێویسـت بـۆ ژیانـی مەسـیحی دەخرێنـەڕوو (یۆحەنـا ١٥: ٢٠؛ کـردار١ ٤:٢١؛ ڕۆمـا ٨: ٢٣)؟ (٢) هیـچ بانگەوازێـک نییـە بـۆ نکۆڵیکـردن لـە خودمـان. «پێشـکەوتنی ئاسـایی لـە ژیانـی مەسـیحیدا بـە گوتنـی نـا بـۆ بەهـا بچووکـەکان و بەڵـێ بـۆ مەسـیح دێـت. زۆرێـک لـەو بەهـا بچووکانـە ئـەو جـۆرە چێژانـەن کـە بانگخوازانـی خۆشـگوزەرانی حـەز ناکـەن ڕەتـی بکەنـەوە.» ئایـا بیروباوەڕێکـی بەهێـزی نۆڵیکـردن لـە خـود هەیـە لـە کڵێساکەت؟ (٣) ڕووبەڕوونکردنەوەیەکـی ڕاڤەیـی نییـە. «ئایـا بانگـەوازی کتێبـی پیـرۆز بـە ڕژدی وەردەگرێـت بـە ڕووبەڕوونکردنـەوەی ئـەوەی کـە بەڕاسـتی لـە دەقەکانـدا هەیـە؟ ئایـا لـە ڕێڕێـگای دەقەکانـی کتێبـی پیـرۆزەوە کار دەکات، بیرۆکـەکان ڕوون دەکاتـەوە؟ یـان قەشـە بابەتـی دڵخـوازی خـۆی هەیـە -بـەردەوام و چەندبـارە لـە دەوری دەخولێتـەوە، بـە شـێوەیەک وا دەکات هەنـدک دەق لـە خزمەتـی نمایشـەکەیدا بـن؟» ئـەم شـێوازە بـە تایبەتـی نیگەرانکـەر دەبێـت ئەگـەر بابەتـەکان وا دەربکـەون کـە یارمەتیدانێکـی خۆیـی یـان گـەڕان بـەدوای خۆشـگوزەرانی بێـت. (٤) ململانـێ لەگـەڵ گرژییـەکان نـەکات. بانگخـوازی دڵسـۆز لەگـەڵ دەقەکانـی کتێبـی پیـرۆز ململانـێ دەکات بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ دەقەکانـی دیکـەدا هاوئاهەنـگ بـن کـە وا دەردەکەوێـت دژایەتییـان هەبێـت. ئـەوە «کێشـەیەکی مەترسـیدارە» بـۆ هـەر بانگخوازێـک کـە ڕازی بێـت ئـەوەی دەیەوێـت بیڵێـت و لـە هەمـان کاتـدا دەقـە سـەختەکان پشـتگوێ بخـات. (٥) شـێوازی ژیانـی گرانبەهـا کـە هەیەتـی. ئایـا بانگخـوازان «ئۆتۆمبێلێـک لێدەخـوڕن، لـە ماڵێکـدا دەژیـن، جلوبەرگێـک لەبـەر دەکـەن و گەشـت دەکـەن بـۆ ئـەو شـوێنانەی کـە تەنهـا زۆر دەوڵەمەنـدەکان دەتوانـن بچنـە ئـەوێ و تەنهـا زۆر دەوڵەمەنـدەکان دەتوانـن هەیانبێـت؟» (٦) سـەرنج لەسـەر خۆیـان نـەک خـودا. «ئایـا وا دیـارە بانگخوازەکـە خـۆی نمایـش دەکات؟» یـان «ئایـا گەورەیـی و شـکۆمەندی خـودا

a ئەڵقەی ١٤٤٢: «ئایا ئازار خزمەتەکەم لاواز دەکات؟» (٤ی ئازاری ٢٠٢٠).

چەقـی هەمـوو شـتێکە کـە دەیڵێـت و دەیـکات؟ ئایـا ئـەو بانگخـوازە لـە ئینجیلـدا ئەشـقی شـکۆمەندی خودایـە؟ ئایـا ئـەو دڵـی شـکاوە لەبـەر گوناهەکـەی؟ ئایـا پەشـیمانە و سـاکارە؟ ئایـا بـە ئاشـکرا کەسـێکی سـاکارە؟ ئایـا ئـەو تۆبـە لـە گوناهەکانـی دەکات و ڕۆژانـە نمونەیەکـی جـوان پیشـاندەدات لەسـەر شـیرینی ئـەوەی عیسـا لەسـەر خـاچ لەپێنـاو ئێمـە کـردی؟ یـان شـکۆمەندی نیعمەتـی پەراوێزخسـتووە لـە کاتێکـدا خـۆی شـکۆدار دەکات؟»[a]

چۆن خێزانەکەم لە ئینجیلی خۆشگوزەرانی بپارێزم؟

گوێگرێکـی نێودەوڵەتـی پرسـیاری ئـەوەی کـرد کـە چـۆن دەتوانێـت کەسـە ئازیزەکانـی لـە تەڵەکانـی بانگـەوازی خۆشـگوزەرانی بپارێزێـت. کارێکـی لـەم جـۆرە بـە سـێ تاقیکردنـەوەی یەکلاکـەرەوە دەسـت پێـدەکات.

١. ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی «ئـەو یەزدانناسـییە بەرفراوانـەی کتێبـی پیـرۆز بـۆ ئـازارەکان کـەم دەکاتـەوە کـە لـە مەسـیحییەکان چـاوەڕوان دەکرێـت و بەڵێـن بـە مەسـیحییەکان دراوە» (یەکـەم پەتـرۆس ٤: ١٩). نـەک تەنهـا بەدەسـت چەوسـانەوە دەنالێنـن، بەڵکـو «هەروەهـا ئـازاری جەسـتە و تووشـبوون بـە نەخۆشـیش کـە لـە ڕۆمـا ٨: ٢٣ و دووەم کۆرنسـۆس ٤: ١٦ هاتـووە. کەواتـە مەسـیحییەکان لـە کلێسـاکانی خۆشـگوزەرانیدا زۆرجـار تـەواو ئامـادە نیـن بـۆ ئـەوەی لـە ژیانیـان لـە ژێـر چاودێـری خودایـی دووچـاری دەبـن و بـۆ مامەڵەکـردن لەگەڵیـدا ئامـادە نیـن -وە ئـەوەش کارەسـاتێکە.»

٢. «ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی لـە ئینجیلـی شـکۆمەندی کەمدەکاتـەوە بـۆ باشـتربوونی سـەرزەوی. بەخششـی باڵادەسـتی ئینجیـل لـە پەیمانـی نوێـدا باشـتربوونی زەوی نییـە. بەخششـی بەهـادار خۆشـی ئاشـتەواییە لەگـەڵ خـودا و خۆشـی هەتاهەتایـی لـە دەسـتەڕاسـتی ئـەو بـۆ هەتاهەتایـە لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە (زەبـووری ١٦: ١١).» بەدیهێـنراوی نـوێ شـکۆدار دەبێـت، «بـەڵام ئـەوە پاداشـتێکی دەسـتبەجێی ئینجیـل نییـە» لـەم ژیانـەدا. «گەورەتریـن کێشـە لـە جیهانـدا تووڕەیـی خودایـە لـە بەدیهێنراوانـی بەهـۆی یاخیبوونیـان لـە دژی، وە باشـی بنەڕەتـی مزگێنییەکـەی ئەوەیـە کـە، لـە مەسـیحدا، خـودا دەستپێشـخەری کـردووە بـۆ دامرکاندنـەوەی ئـەو تووڕەییـە و خـۆی بکاتـە گەنجینـەی ئێمـە نـەک تۆقینـی ئێمـە.» بانگخوازانـی خۆشـگوزەرانی بـاس لەسـەر کاریگەرییـە لاوەکییەکانـی ئینجیـل دەکـەن و پێشـوەختە جێبەجێـی دەکـەن.

٣. «مامۆسـتاکانی خۆشـگوزەرانی بنەمـای ڕزگاربوونمـان دەشـێوێنن بـە جەختکردنـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە ئایـا دەتوانیـن ئـەو جـۆرە بـاوەڕە بەرهـەم بهێنیـن کـە ستایشـی دەکرێـت و دەوڵەمەنـدی دەهێنێـت، نـەک بیخەینـە سـەر کاری شـکۆمەندی مەسـیح

a ئەڵقەی ٣٢٠: «شەش کلیل بۆ دیاریکردنی ئینجیلی خۆشگوزەرانی» (١٥ی نیسانی ٢٠١٤).

لـه مـردن و هەسـتانەوەی بـۆ هەڵگرتنـی تاوانـی گوناهەکەمـان و دامرکاندنـەوەی تووڕەیـی خـودا.»

بـەم سـێ بیروبـاوەڕە، بـۆ یارمەتیدانـی کەسـانی دیکـە تاوەکـو لـە درۆیەکانـی بانگـەوازی خۆشـگوزەرانی ڕزگاریـان بێـت، ئـەم چـوار شـێوازە لەبەرچـاو بگـرە. (١) هـەوڵ بـدەن بـۆ خواسـتی خـودا کـە منداڵەکانـی تەندروسـت و دەوڵەمەنـد بـن -ئێسـتا نـا، بەڵکـو دواتـر. چێـژ لـە بەڵێنـی چەسـپاو وەربگریـن لـە ڕاسـتییەکی داهاتـوو (ئاشـکراکردن ٢١: ٤). «بانگخوازانـی خۆشـگوزەرانی کاتـی ئـەم کارە بـە هەڵـە وەردەگـرن.» (٢) هـەوڵ بـدەن بـۆ خـودا وەک گەنجینـەی ئێمـە. لـە کاتـی ئـازار و لەدەسـتدان پێویسـتە خۆشـی لـە خـودادا هەڵبڕژێـت، نـەک سـەرەڕای ئـەوە (زەبـووری ٧٣: ٢٥-٢٦؛ عیبرانییـەکان ٣: ١٧-١٨). (٣) کەمئەندامانـت خۆشـبوێت، وە خـۆت لێیـان بـەدوور مەگـرە. نیشـانی بـدە کـە کەمئەندامـی دەرئەنجامـی لاوازی بـاوەڕ نییـە، بەڵکـو «نیشـانەی باوەڕێکـی گەورەیـە کـە ئـەم خەڵکـە لـە کاتێکـدا چـاک نەکراونەتـەوە، بـەڵام بـە هیـوای شـکۆمەندی خـودا شـاد دەبـن نـەک بێـزار و تـوڕە بـن لـە خـودا.» (٤) نیشـانی بـدە کـە کتێبـی پیـرۆز بەڵێنـی ئـازار دەدات. چیرۆکـی ئـەو کەسـانە بـڵاو بکەنـەوە کـە خزمەتـی خودایـان کـردووە و لـە ژیانـدا ئازارێکـی زۆریـان چەشـتووە. وە بـە ئازارەکانـی مەسـیح شـاد بـن. وەک پەتـرۆس دەڵێـت: «دڵخـۆش بـن وەکـو بەشـداریتان لـە ئازارەکانـی مەسـیحدا کـرد، تاکـو لـە ئاشـکراکردنی شـکۆی ئـەو دڵخـۆش و شـادمان بـن.» (یەکـەم پەتـرۆس ٤: ١٣).[a]

ئایا ئەم هەموو قسەی دژ بە خۆشگوزەرانی زیادەڕەوی نییە؟

زەبـووری ٣٥: ٢٧ دەڵێـت کـە خـودا «دڵخـۆش دەبێـت بـە ئاشـتی خزمەتکارەکـەی.» کەواتـە ئایـا دەتوانیـن زۆر دوور بکەوینـەوە و ویسـتی خـودا تێـک بدەیـن کـە گەلەکـەی لـەم ژیانـەدا خۆشـگوزەران بـن بـە هێرشـکردنە بـەردەوام سـەر ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی؟

وەک بنەمایـەک، نوێـژی پـەروەردگار[b] لەپێشـینەکانی ژیانمـان دادەنێـت. ئێمـە دەبێـت سـەرەتا بـۆ شانشـینی خـودا هـەوڵ بدەیـن، وە نـاوی خـودا پیـرۆز بکەیـن، وە هـەوڵ بدەیـن بـۆ حوکمڕانـی ڕزگارکـەری ئـەو، خواسـتی پیـرۆزی ئـەو پەیـڕەو بکەیـن، بـەدوای پاکییـدا بگەڕێیـن، بـۆ ڕزگارکردنـی لەناوچـووان هـەوڵ بدەیـن و نزیکەکەمـان وەک خۆمـان خۆشـبوێت. «ئەمـە ئامانجـی گەورەیـە و هەمـوو شـتێک لـە ژیانـدا لەخۆدەگرێـت، ئەگـەر دەوڵەمەنـد بیـن یـان تەندروسـت بیـن یـان پارێـزراو بیـن، ئەمانـە پرسـێکی لاوەکیـن کـە خـودا نانـی ڕۆژانەمـان پێبـدات -تەنهـا نانـی ڕۆژانەمـان، چ جـای نانێکـی زۆر- پاشـکۆی نوێژەکەیـە لەپێنـاو پیرۆزبوونـی

a ئەڵقـەی ٦٨٩: «چـۆن یارمەتـی هاوڕێیـان بدەیـن بـۆ ئـەوەی لـە ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی ڕزگاریـان بێـت» (٢٠ی ئەیلوولـی ٢٠١٥).

b ئەو نوێژە نموونەییەی عیسا قوتابییەکانی فێرکرد -وەرگێڕ.

ناوی ئەو و هاتنی شانشینییەکەی. لەم ڕۆشناییەدا بانگەوازی خۆشگوزەرانی لە سێ ڕووەوە هەڵەیە.

١. بانگەوازی خۆشگوزەرانی کاتی هەڵەی هەیە. بەڵێ، «ئینجیل تەندروستی و سامان و خۆشگوزەرانی لەخۆدەگرێت.» بەڵام هەڵیدەگرێت بۆ «سەردەمی داهاتوو، کاتێک ئێمە لە ڕووی ڕۆحییەوە پێگەیشتین و کامڵ بووین بگونجێین بۆ چێژوەرگرتنی تەواو لەم شتانە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی بتپەرستیمان هەبێت، بانگخوازانی خۆشگوزەرانی دەیانەوێت ئەم بەڵێنە بهێننە ناو ئێستاوە، بە شێوەیەک کە هاوتەریب نییە لەگەڵ شێوازی وەسفکردنی پەیمانی نوێ بۆ باوەڕدارێک بە مەسیح لەم جیهانە کەوتووە.» وە نەک تەنها بانگخوازانی خۆشگوزەرانی، بەڵکو «زۆربەی کڵێساکانی سەردەمی ئێستا، هەتا ئەو شوێنەی کە چاوە سنووردارەکانم دەتوانن ببینن. زۆرینەمان -ئێمە- ئەم جیهانەمان زۆر خۆشدەوێت و لە دۆخێکی سازشکارانەدا دەژین کە لەگەڵ ئەو دۆخەی سەردەمی جەنگدا ناگونجێت کە خۆمان تێیدا دەبینینەوە، لەگەڵ ملیۆنان کەس کە بۆ هەمیشە لەناو دەچن و ملیۆنان کەس لەم ژیانەدا ئازار دەچێژن، وە زۆربەمان سەرچاوەکانمان بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی بژێویمان ئاسوودەتر بکەین لەبەری ئەوەی ئازاری کاتی و هەتاهەتایی هێور بکەینەوە.» هەریەکەمان دەبێت لە خۆشویستنی ئەم جیهانە ڕزگارمان بێت (یەکەم یۆحەنا ٢: ١٥).

٢. بانگەوازی خۆشگوزەرانی دیدگایەکی هەڵەی هەیە. بێئاگایە لە بینینی چاودێری خودا بەسەر پێویستی ئازار لەم ژیانەدا. ئەو بەڵێنەی کە «لە ڕێگەی زۆری تەنگانەوە دەبێت بچینە ناو شانشینی خودا» بریتییە لە «بەقوتابیبوونی ١٠١» (کردار ١٤: ٢٢). هەر بۆیە پەیمانی نوێ «پڕ»ە لە بەڵێنی ئەوەی کە «هیچ شتێک ناتوانێت لە خۆشەویستی مەسیح جیامان بکاتەوە، لەوانەش؛ ناخۆشی یان تەنگانە یان چەوسانەوە یان قاتوقڕی یان ڕووتی یان مەترسی یاخود شمشێر، تەنانەت -پۆڵس دەڵێت- کاتێک ئێمە بە درێژایی ڕۆژ ڕووبەڕووی مەرگیش دەبینەوە (ڕۆما ٨: ٣٥-٣٦). وە شانبەشانی ئەو دڵنیاییانە -کە دڵسۆزی لەگەڵ ئازاردا دەبێت- بەڵێنی لێخۆشبوون و قبوڵکردن لای خودا و ئارامی و شادی و هیوا هەیە کە بەهای دە هەزار جار زیاترە لە خۆشگوزەرانی جەستەیی و تەندروستی و پارێزراوی لەم ژیانەدا.»

٣. بانگەوازی خۆشگوزەرانی دڵنەواییەکی هەڵە پێشکەش دەکات. کێشەکە ئەوەیە کە بانگخوازانی خۆشگوزەرانی «دڵنەوایی خەڵکی ناکەن بە ئامادەبوونی مەسیح لە

ئازارەکان و ڕزگارکردنی لە ئازار لە سەردەمی داهاتوو، بەڵکو بە دڵنیایی ئەوەی کە لەم ژیانەدا لە ئازارەکان دەردەچن، ئەگەر ڕەچەتەیەکی دروست جێبەجێ بکەن.» وەک شێوازێک هەڵسوکەوت لەگەڵ نیعمەتدا دەکەن. ئەگەر دەیەکی پێویست بدەیت، دەڵێن خودا بەرەکەتت پێ دەبەخشێت و «بەرەکەتێکی مادی دڵنیا»ت پێ دەبەخشێت. نەخێر، بەو شێوەیە بەڕێوە ناچێت. پۆڵس ستایشی بەخشینی بە دڵخۆشییەوەی هەژارترین کەسی باوەڕدار بە مەسیح دەکات (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٢).

کەواتە ئەی زەبووری ٣٥: ٢٧؟ ئێستا خودا چۆن دڵخۆشە بە بەختەوەریمان، یان خۆشگوزەرانیمان؟ وەڵامەکە لە بەشی هەشتەمی نامەی ڕۆمادایە. «هیچ بابەتێکی گەورەتر نییە کە بیسەڵمێنێت خودا لەگەڵ ئێمەیە -لە سەدا سەد لەگەڵمانە نەک لە سەدا نەوەد و نۆ- وە لە دژی ئێمە نییە. هیچ بەشێکی گەورەتر نییە کە نیشانی بدات کاتێک مەسیح لەپێناو ئێمەدا خۆی بەخشی، ئەوە بۆ لابردنی ئازار نەبووە لەم ژیانەدا، بەڵکو بۆ ئەوەی دڵنیامان بکاتەوە لە خۆشی و هیوایەکی پتەو کە لە هەموو ئازارەکانماندا و لە هەموو خەم و بێهیوایی و نائومێدییەکانماندا، هیچ شتێک ناتوانێت ئێمە لە خۆشویستی خودا لە مەسیحدا جیابکاتەوە.» کەواتە با ئەم بابەتە -«ڕەنگە گەورەترین بەشی کتێبی پیرۆز بێت- خۆشی مەسیحی و ئازاری مەسیحی بخاتە ناو پەیوەندییە پڕ لە ئازار و بەهادارەکانی ئەم سەردەمە.» با وشەی خودا پێناسەی خۆشگوزەرانی ڕاستەقینە بکات لەم ژیانەدا.[a]

بە قسەکردن لەسەر خاڵی (٣)، مەسیحییە هەژار و ئازارچێشتووەکان خۆشەویستی ڕاستەقینە بەرجەستە دەکەن. بۆ ئەوەی هاندانی بەخشندەیی، پۆڵس ئاماژەی بە «هەژارترین کڵێسا» کرد بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە چۆن بەختەوەرییان لە خودا «بە دەستفراوانییەکی زۆرەوە هەڵڕژا» (دووەم کۆرنسۆس ٨: ١-٥).[b] ئەم دەقە «یەکێکە لە دەربڕینە دڵخوازە کاریگەرەکان.»[c] مەسیحییەکانی مەکدۆنیا لە «ئازار» و «هەژاری»دا بوون -ئازارێکی سەخت کەوا کەم نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان لە بەخشینی دارایی بە تامەزرۆییاندا خۆشەویستی بە دڵخۆشییان بەرجەستە کرد. ئەوە پێناسەی خۆشەویستی تەواوە: «خۆشی لە خودادا کە لە کردارەکانی خۆشەویستی- بە هیوای ئەوەی کەسانی دیکە تێیدا بەشدار بن، واتا لە خۆشیمان بە خودا سەرڕێژ بین.»[d] «خۆشی بە خوێن کڕدراو»ی مەسیح لە ئێمەدا دەڕژێت بۆ ئەوەی لە

a ئەڵقەی ٩٦٨: «ئایا ئێمە زیادەڕەوی دەکەین لە تەوەری کتێبی پیرۆز بۆ دژە خۆشگوزەرانی؟» (٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ٢٨٩: «هیوای کتێبی پیرۆز بۆ ئەو مەسیحییانەی ڕووبەڕووی هەژاری دەبنەوە» (٣ی ئازاری ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ١٢٨٩: «بۆچی دیاری جەژنی سەری ساڵ دەبەخشین؟» (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨).

d ئەڵقەی ٩٥٣: «ئایا خۆشەویستییە ئەگەر هەستی پێ نەکەم؟» (٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦).

خۆشەویستیدا بڕژێتە سەر کەسانی دیکە.[a] «خۆشەویستی شکۆمەندی خودا بۆ مرۆڤەکان بریتییە لە ڕژانی خۆشی لە خوداوە کە پێداویستییەکانی کەسانی دیکە دابین دەکات.»[b] خۆشەویستییەکە کە پێداویستییە کاتییە دونیاییەکان دابین دەکات بە ئامانجی ڕاکێشانی کەسانی دیکە بۆ ناو سامانێکی هەمیشەیی، «بۆ هاوبەشکردنی خۆشیمان لە خودادا، کە تەنها هەشتا ساڵ ناخایەنێت، بەڵکو ماوەی هەشتا هەزار ساڵ دەخایەنێت.»[c] بەخشندەیی شادی، لە ژێر ڕۆشنایی هەتاهەتاییدا، ئازاردراواکان دەپارێزێت لە سەرقاڵی بە ئازارەکانی ژیان. چونکە «ئەگەر ئازارەکانمان لەسەر خۆمان بمانهێڵێتەوە، ئەوا لەناو ناخۆشییەکانماندا کەسانی دیکەمان خۆشناوێت.» خۆشییەک لە خودادا هەبێت کە سەرڕێژە لە بەخشینی بەخشندەیی بە کەسانی دیکە -وەک چۆن ئێمە خۆمان ئازار دەچێژین- «ئایا ئەمە جوانی خۆشەویستی مەسیحییە.»[d] ئەم بەخشندەییەی مەکدۆنیاییەکان، بۆ هەر نەوەیەکی مەسیحی کە ڕووبەڕووی پاشەکشەی ئابووری دەبێتەوە، «ڕوونترین دەقی پاشەکشەیە لە کتێبی پیرۆزدا.»[e]

تەماشای ئەو کەسە بکە کە هەرگیز پارەی خۆشنەویستووە

عیسا هەژار بوو. لەبارەی خۆیەوە فەرمووی: «ڕێوی کونی هەیە و باڵندەی ئاسمانیش هێلانە، بەڵام کوڕی مرۆڤ جێیەکی نییە کە سەری لەسەر دابنێت» (مەتا ٨: ٢٠؛ لۆقا ٩: ٥٨). یان وەک پۆڵس سەبارەت بە مەسیح گوتی: «هەرچەندە دەوڵەمەند بوو، لەپێناوی ئێوەدا بووە هەژار، بۆ ئەوەی ئێوە بە هەژاریی ئەو دەوڵەمەند بن» (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٩). «سەرسوڕمانی من لە هەژارییەکەی ئەو -ئەو هەژارییەی کە زۆر کەسی دەوڵەمەند کرد- دەموروژێنێت. شێوەم پێدەدات. ئازادم دەکات لە خۆشەویستیم بۆ پارە. من سەرسامم پێی.» وە «من خۆشم دەوێت، سادەییەکەی ئەوم خۆشدەوێت. ئازادی ئەمو خۆشدەوێت لە خۆشەویستی پارە. ئامادەیی ئەوم خۆشدەوێت کەوا هەموو شتێکی خستە مەترسییەوە لەپێناو پەیامەکە.» بینینی شکۆمەندی مەسیح، «لە ئازادییەکەی لە پارە، دەستدەکات بە پێدانی ئازادی بە من. وە جوانییە زۆر سەرنجڕاکێشەکەی زۆر لە سەرووی سەرمایەدارەکانی وۆڵ ستریت تێدەپەڕێت.» ئەو «زۆر ئازادە، زۆر خۆشەویستە، زۆر بوێرە، زۆر قوربانیدەرە. هەموو شتێک لەبارەی ئەوەوە سەرنجڕاکێشترە لە هەموو

---

a ئەڵقەی ١٨١٩: «چی وادەکات خۆشەویستی مەسیحی جیاواز بێت؟» (٨ی ئابی ٢٠٢٢).

b ئەڵقەی ١١٩٣: «ئایا خودا زۆرترین شکۆمەندی لە منداا نییە کاتێک من زۆرترین خۆبەخشیم هەیە؟» (٤ی ئایاری ٢٠١٨).

c ئەڵقەی ١١٠٦: «ئایا کەسێک بە ڕەگەزپەرستی لەدایکبووە؟ یان فێربووە؟» (١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧).

d ئەڵقەی ١٥٨٩: «بەردەوامی لە بەرگەگرتنی زۆرترین ئازار» (١٧ی شوباتی ٢٠٢١).

e ئەڵقەی ١٤٧٢: «ئایا پاشەکشەی ئابووری دەکرێت خزمەت بە خۆشیمان بکات؟» (١٣ی ئایاری ٢٠٢٠).

ئـەو دەوڵەمەندانـەی کـە هەتـا ئێسـتا ناسـیومە. کەواتـە بـۆ مـن بـەو شـێوەیەیە. بـە بینینـی شـکۆمەندی پـەروەردگار، دەگۆڕێـم بـۆ کەسـێک کـە پـارەی خۆشـناوێت.»[a]

چاوچنۆکی بتپەرستییە

ڕاسـپاردەی یەکـەم بتپەرسـتی قەدەغـە دەکات: «هیـچ کەسـێکتان خـودای دیکـەی بێجگـە لـە منتـان نەبێـت» (دەرچـوون ٢٠: ٣). دواییـن ڕاسـپاردە چاوچنۆکـی قەدەغـە دەکات: «چـاو مەبڕنە..»(دەرچـوون ٢٠: ١٧). وە پۆڵـس ڕاسـپاردەکان ئاوێتـەی یەکـتری دەکات کاتێـک داوا لـە مەسـیحییەکان دەکات «ئـارەزووە دنیاییەکانتـان بمرێنـن» لەوانـەش، «چاوچنۆکـی کـە جۆرێکـە لـە بتپەرسـتی» (کۆلۆسـی ٣: ٥). چاوچنۆکـی بتپەرسـتییە. زیاتـر لـە پـارە لەخۆدەگرێـت. هـەر ئارەزووێکـی نارێـک لـە ژیانمانـدا دەگرێتـەوە کـە لـە بەهـای خـودا کـەم بکاتـەوە. چاوچنۆکـی، بـە هـەردوو زمانـی عیـبری و یۆنانـی، وشـەیەکە بـە واتـای ئـارەزوو. چاوچنۆکـی خواسـتێکی هەڵەیـە و بـە دڵنیاییـەوە پـارەش دەگرێتـەوە. «ئـارەزووی هیـچ شـتێک مەکـە کـە گوزارشـت لـە ڕازمەنـد نەبوونـی خـودا بـکات. چاوچنۆکـی ئـارەزووی زیاتـری هـەر شـتێکی دیکەیـە چونکـە ئـارەزووی ئێمـە بـۆ خـودا کەمـترە. «ئەمـە چاوچنۆکییـە. ئەمـە خراپەیـە. ئیـتر ئـارەزووی هـەر شـتێک بێـت،» تەنانـەت ئەگـەر بـۆ چاکـەش بێـت. ئەمـە «ئاڵوگۆڕییـە بـۆ شـکۆمەندی خـودا، بەهـای خـودا، جوانـی خـودا، وە ڕەزامەنـدی خـودا. لـە کوێـدا ئـەو ئاڵوگۆڕییـە ڕووبـدات، ئـارەزووی ئێمـە بـۆ ئـەو و ڕەزامەندیـمان لـەو لاوازتـر دەبێـت، ئـارەزووی دیکـەش دێـن بـۆ پرکردنـەوەی بۆشـایی، وە بەهێزتـر دەبـن. هەمـوو ئەوانـە پێـی دەگوترێـت چاوچنۆکـی.»[b]

دەقـی پۆڵـس بتەکانـی پەیمانـی کـۆن (لـە پەیکـەر و ئامـرازە بچووکـەکان) لەگـەڵ چاوچنۆکـی هاوچـەرخ پێکـەوە دەبەسـتێتەوە. بتپەرسـتی هەمیشـە پەیوەنـدی بـە هەوەسـی ناوەوەمانـەوە بـووە بـۆ جیهـان (کۆلۆسـی ٣: ٥).[c] یۆحەنـای نێـردراو هەمـان شـت دەڵێـت. بتپەرسـتی خۆشویسـتنی جیهانـە (یەکـەم یۆحەنـا ٢: ١٥-١٦؛ ٥: ٢١). کەواتـە لـە ئەفسـانەی بتپەرسـتە کۆنەکانـەوە بـۆ کۆمپانیـا گەندەڵەکانـی ئێسـتا، بتـەکان هەمـان شـتن -هـەر جێگرەوەیـەک بـۆ «پشتبەسـتنی دڵ بـە خـودای ڕاسـتەقینە و زینـدوو.» دەکرێـت پەیکەرێکـی ئایینـی بێـت، ئامرازێکـی بچـووک، سـتایش، دەسـەڵات، پیشـە، سـێکس، بەرهەمهێنـان، یـان سـامان. بـت بـەو شـێوەیە دەمێنێتـەوە کـە هەمیشـە بـووە. بابەتـی دڵێکـی نارێـک کـە بـەدوای جێگـرەوەی خـودادا دەگەڕێـت بـۆ «گەورەتریـن نیعمـەت و یارمەتـی و ڕێنمایـی و ڕەزامەنـدی خـۆی.»[d]

---

a ئەڵقەی ٨٥٠: «ئایا دەکرێت چێژ لە خودا ڕکابەری چێژەکانی بەدڕەوشتی بکات؟» (٣ی ئایاری ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ٨٧٢: «ئایا فەرمانی یەکەم و کۆتایی وەک یەکن؟" (٢ی حوزەیرانی ٢٠١٦).

c ئەڵقەی ٤١٠: «بتپەرستی چییە؟» (١٩ی ئابی ٢٠١٤).

d ئەڵقەی ١٧٢٦: «بت چییە؟» (٣ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢).

کەی بازاڕکردنی سەرهێڵم زیاد لە پێویستە؟

کڕینی شتە نوێیەکان و گەیاندنیان بۆ بەردەم دەرگاکەمان دەکرێت وروژانێکی ئالوودەبوون بێت. بۆچی؟ «پێم وایە چێژەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لەو هەستە دڵخۆشییەوە سەرهەڵدەدات کە کڕین و وەرگرتنی شتەکان ژیانبەخشە. هەستکردنە بە ژیانبەخشی. یان هەستێکی تواناداریم هەیە.»

بۆ نموونە، کڕینی کتێب «هەستێکی خۆشی بێ شێوە دەبەخشێت، کە ئێستا ژیانم باشتر دەبێت، زانیاریم فراوانتر دەبێت، وە کاریگەریم زیاتر دەبێت. زاڵ دەبم بەسەر هەندێک لە خاڵە لاوازەکانم و سنووردارکردنی نەزانی و گەمژە دەرکەوتنم، چونکە هەرگیز ئەم کتێبەم نەبیستووە. وێنەی خۆت دەبێتە هۆی کڕینی کتێبەکانمان، باسی جلوبەرگ و ئامێری ئەلیکترۆنی و ئامرازەکانی دیکە ناکەم. ڕەنگە هەندێک لە کڕینەکان یارمەتیدەرمان بن بۆ باشتربوون، بەڵام، ڕاستگۆیانە، ئەو چێژانەی کە دەیهێنن «زۆرجار بە تەواوی ڕێزدار نین.»

بە پێچەوانەی ئەو بانگەشەیەی کە لە ئەمازۆنەوە بەدەستی دەهێنین، عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە کە «ئاگادارین و خۆتان لە هەموو جۆرە چاوچنۆکییەک بپارێزن، چونکە ژیانی مرۆڤ بە زۆری سامانەکەی نییە» (لۆقا ١٢: ١٥). «پێم وایە عیسا کرۆکی بابەتەکە دەردەخات. ژیان بە زۆری مووڵک و ماڵ نییە. ئەم هەستە -گەیشتنی پاکەتێکی پۆستە- ئەندێشەیە کە تەمەنی کورتە، ڕووکەشە. ئەمە ڕێگریمان لێ دەکات لە چێژەکانی ژیان کە خودا لەپێناویدا بەدیهێناوین.» ئەم پەرۆشییەی ماددییووون «بۆشاییەک لە دڵماندا ئاشکرا دەکات -بەقەد ئەو بۆشاییەی کە عیسا بەنیازە بە خۆی، بە هاوبەشییەکەی، بە خزمەتەکەی پڕی بکاتەوە» (فیلیپی ٤: ١١-١٣). بۆیە کاتێک ئێمە «چێژێکی زیاتر لە وەرگرتن بەدەست دەهێنین نەک لە بەخشین، ئەوە نیشان دەدات کە هەڵەیەک لە دڵماندا هەیە، ئێمە وەک شوێنکەوتووانی مەسیح داڕێژراوین بۆ ئەوەی زیاتر ئەزموون بکەین تەنانەت زیاتر لە خۆشحاڵی زەنگی دەرگا و هاتنی پاکەتێکی نوێ» (کردار ٢٠: ٣٥).

ئێمە تەنها کاتێک لە جەنگی چاوچنۆکی سەردەکەوین کە سامانی ڕاستەقینەمان یەکلایی بێتەوە. «ئەگەر تۆ باوەڕدار بیت بە مەسیح، ئەوا تۆ خاوەنی هەموو شتە ماددییەکانیت (یەکەم کۆرنسۆس ٣: ٢١-٢٣) بەڕاستی خاوەنیت. باوکت هەموو شتێکی بەدیهێناوە و خاوەنیەتی؛ هەموو شتێک لە گەردوون! وە تۆ وەک ڕۆڵەی ئەو، دەبیتە میراتگر، وە لە سەردەمی داهاتوو، لە هاتنی لە زەوی نوێ، لە ئاسمانی نوێ، دەکەوێتە ژێر ڕکێفی تۆوە. هەرچۆنت بووێت دەتوانیت بەکاری بهێنیت.» بۆیە ئێمە گەنجینەمان لەسەر زەوی کۆناکەینەوە، بەڵکو لە ئاسمان (مەتا ٦: ١٩-٢٠). «لە ئاسمان بۆ هەتاهەتایە ئەوانەمان

دەبێت. لەدەستی نادەین. هیچ ژەنگێک نییە. هیچ دزییەک نییە. وە بۆ یەکەمجار دەتوانین بە خۆشی بەکاری بهێنین و بەبێ هیچ چاوچنۆکییەک، بەبێ هیچ بتپەرستییەک. کەواتە، بە جۆرێک، دەکرێت بۆ زۆری شتە مادەییەکان چاوەڕێ بکەیت. لە ئێستادا کاری گرنگترمان هەیە بیکەین. خودات خۆشبوێت، مرۆڤەکانت خۆشبوێت و گەورەترین چێژ لە بەخشین بدۆزەرەوە.»[a]

ئایا حوکمی چاوچنۆکی بەقەد گوناهی هاوڕەگەزبازییە؟

بەڵێ، ئەوان وەک یەک مەحکومن. ژیانی چاوچنۆک وەک ژیانی گوناهی هاوڕەگەزبازی ڕۆح دەکوژێت. پۆڵس دەڵێت: «ئایا ئێوە نازانن کە زۆرداران نابنە میراتگری شانشینی خودا؟ هەڵمەخەڵەتێن. نە بەڕەڵا و نە بتپەرست، نە داوێنپیس و نە هاوڕەگەزباز، نە دز و نە چاوچنۆک، نە سەرخۆش و نە جنێوفرۆش و نە تاڵانکەر، نابنە میراتگری شانشینی خودا» (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ٩-١٠). بە دەربڕینێکی دیکە «چاوچنۆکی و کرداری هاوڕەگەزبازی هەمان دەرئەنجامی ترسناکیان هەیە کاتێک بە درێژایی ژیان لەنێو شێوازی ژیاندا لەخۆدەگیرێن.»[b]

بەڵام لە کاتێکدا گوناهێک زیاتر هەڵەیە، گوناهەکەی دیکە پەرەسەندووترە. «گومانم نییە لەم ژیانە و لە ژیانی دواتردا زیاتر لە ملیۆنان کەسی لە ڕێگەی چاوچنۆکی، تەماح، لووتبەرزی، خۆپەرستی و زیادەڕەوی لە تووڕەیی وێران دەبن لەوەی کە لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی هاوڕەگەزباز‌ییەوە یان لە ڕێگەی ڕەفتاری هاوڕەگەزبازییەوە لەناودەچن.» ئەم گوناهانە زۆر بەربڵاوترن چونکە «گوناهەکانی چاوچنۆکی و لووتبەرزی و خۆپەرستی و تووڕەیی وردترن و بە ئاسانی خۆیان وەک پەسەند دەردەخەن.» لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێچەوانەی گوناهەکانی تەماح، دزی، خۆبەزلزانین، بەکارهێنانی خراپی کەسانی دیکە، تووڕەیی، خراپەکاری و سووکایەتی، ئەوا «ڕەفتاری هاوڕەگەزبازی داکۆکیکار و بەرگریکاری ڕووبەرزی و بەهێزی هەیە.» تەنها یەک گوناە لەم لستەی گوناهدا ڕێپێوانی شانازی گوناهی بۆ دەکرێت. بەڵام چاوچنۆکی هێندە بە ئاشکرا شانازی پێوە ناکرێت. بە شێوەیەکی نادیارتر کاردەکات، هەرچەندە گەندەڵییەکەی زیاتر پەرەی سەندووە. کەواتە ئاماژەکان ئاماژە بەوە

---

a ئەڵقەی ٧٤٣: «ڕاوێژکاری بۆ ئالوودەبووانی بازاڕکردنی سەرهێڵ؟» (٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥). ئەڵقەکانی دیکەی بەکاربەری و کاڵا و حەزی خاوەندارێتی بریتین لە ئەڵقەی ٣٤٥: «ئایا من خودام خۆشدەوێت یان تەنها جەز دەکەم کە خۆشمی بوێت؟» (٢٠ی ئایاری ٢٠١٤)، ئەڵقەی ٤١٩: «چ خۆشگوزەرانییەک لە ژیانمدا گوناهباریە؟» (١ی ئەیلولی ٢٠١٤)، ئەڵقەی ١١٨٥: «ئایا هۆشداریەکانی کتێبی پیرۆز لە دژی دەوڵەمەندی زۆربەی ئەمریکاییەکان دەگرێتەوە» (١٦ی نیسانی ٢٠١٨)، ئەڵقەی ١٤٦٠: «بەنرختر لە ستایش و سامان» (١٥ی نیسانی ٢٠٢٠)، ئەڵقەی ١٤٩٣: «چۆن دەتوانم لە ماددیبوون ئازاد بم؟» (١ی تەممووزی ٢٠٢٠)، وە ئەڵقەی ١٥٣٤: «بۆچی ڕۆحە پیسەکان داوای بەرازیان لە عیسا کرد؟» (٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ٩٥٠: «گوێی بچووک، "کڵێسای گەورە" و وتاری هەستیار» (١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦).

دەکـەن «ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کـە لـەم ژیانـەدا و لـە ژیانـی دواتـردا بەهـۆی گوناهەکانـی چاوچنۆکـی و لووتبـەرزی و خۆپەرسـتی و تووڕەییـەوە لەناوەچـن، زۆر زیاتـرە لـە ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کـە بەهـۆی ئاراسـتەی هاوڕەگەزبـازی یـان ڕەفتـاری گوناهبارانـەی هاوڕەگەزبازییەوە لەناوەچـن.» بـەم پێیـە، ئـەو «نەهامەتییـە کۆمەڵایەتییانـەی» کـە لـە ڕێگـەی گوناهێکـی وەک چاوچنۆکییـەوە هاتوونەتـە ئـاراوە، «لـە ڕووی پانتاییـەوە زۆر گەورەتـرە لـە هـەر گوناهێکـی هاوڕەگەزبـازی کـە لـە ڕێگـەی گوناهێکـی هاوڕەگەزبازانـەوە هاتـووە.»[a]

فێربوونی نهێنی ڕەزامەندی دارایی

کەواتـە خۆشویسـتنی پـارە مەترسـیدار و پشـێوییە، بۆشـاییەکی ڕۆحـی لـە ئێمـەدا ئاشـکرا دەکات. بـەڵام کێشـەکە پـارە نییـە. مووڵـک و مـاڵ بەخشـێکی باشـە، کاتێـک ئێمە بە شـێوەیەکی نائاسـایی خۆشـمان ناوێـت. گرنگیپێدانمـان «لـە خۆشەویسـتییەکی ڕەواوە دەسـت پێـدەکات -بـە شـێوەیەکی دروسـت و گونجـاو و شـکۆداری مەسـیح و ڕەگـی لـە خـوداوە- بـۆ شـتێکی پـاک کـە خـودا بـۆ چێژوەرگرتنـمان پێـی بەخشـیوین، بـەڵام دواتـر واز لـە شـکۆمەندی مەسـیح دەهێنـن. وە واز لـەوە دەهێنیـن ڕەگـی لـە خـوداوە بێـت.»

پۆڵـس پێـمان دەڵێـت کـە «لەخواترسـی ئەگـەر بـە قایلبـوون بێـت قازانجێکـی گەورەیـە» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٦: ٦). «ئەمـە ڕێـک ئەوەیـە کـە وەک دادوەر، ناوبژیـوان، ڕێکخـەر، یـان ڕێبـەر لـە هەمـوو ئارەزووەکانـی دیکەمانـدا کاردەکات.» لێـرەدا چـی ڕووەدات. «بەکارهێنانـی پـارە کـە بـە ڕازیبوونێکـی شـیرین و قـووڵ و گشـتگیر لـە خـودادا بەڕێوەدەچێـت، گـۆڕاوە بـۆ لەدەسـتدانی ئـەو ڕازیبوونـە و سـەرهەڵدانی خۆشەویسـتییەکی بەهێـز بـۆ پـارە و ئـارەزووی پـارە، هـەروەک پۆڵـس پێـی دەڵێـت. کەواتـە بەکارهێنانـی پـارە لـە ڕازیبـوون لـە خـودا دابـڕاوە یـان جیاکراوەتـەوە. کاتێـک خۆشەویسـتیمان بـۆ خـودا کـەم دەبێتـەوە خۆشەویسـتیمان دەشـێوێت. «ڕازیبوونـی بـاڵا یـان خۆشـی یـان شـادی یـان ڕەزامەنـدی لە خـودا نامێنێتـەوە وەک ڕێبـەری بـاڵا یـان باڵادەسـتی یـان بەڕێوەبـەر یـان ڕێکخـەری ڕۆحـمان. کاتێـک ئـەوە دەڕوات، هەمـوو شـتێک خـراپ دەبێـت.»

کاتێـک بـاس لـە پـارە و مووڵـک و مـاڵـی خۆمـان دەکرێـت، دەبێـت فێـری قەناعـەت بیـن (فیلیپـی ٤: ١١-١٣). پۆڵـس بـە «نهێنـی» مەسـیحی نـاوی دەبـات (μυέω؛ فیلیپـی ٤: ١٢). نهێنیەکـە لـە سـەنگکردنی هەمـوو مووڵـک و مـاڵـی ئێسـتاماندایە بـە بـەراورد بـە «بـەرزی بەهای ناسـینی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆ» هەتـا بتوانیـن بڵێیـن کـە ئامادەیـن «لـە پێنـاوی ئـەودا هەمـوو شـتێک لـە دەسـت بدەیـن و هەمـوو ئـەو شـتانە بـە زبـڵ دابنێیـن، بـۆ ئـەوەی

a ئەڵقەی ١٠٣٨: «ئایا بەڕاستی هاوڕەگەزبازی خراپترین گوناهە؟» (٨ی ئایاری ٢٠١٧).

مەسیح بەدەستبهێن» (فیلیپی ٣: ٨). نهێنیەکە مەسیحە. پۆڵس لە مەسیحدا «ڕەزامەندییەک دەدۆزێتەوە کە هێندە قووڵە و هێندە گشتگیرە، تەنانەت ئەگەر هەموو شتێکی دیکەیش لەدەست بچێت، ئەوا ئەم ڕازیبوونە یان ئەم ڕەزامەندییە لەدەست نادات.» کاتێک ئەم نهێنییەی ڕازیبوونی سەرنج لەسەر مەسیح ئامادە بێت، «وەک دادوەر و ناوبژیوان و ڕێکخەرێکی نایاب کاردەکات و ڕێنمایی و جڵەوگیری بەکارهێنانی هەموو شتە باشەکانە.»[a]

خۆشەویستی پارە تەنها بە خۆشەویستی باشتر بۆ گەنجینەیەکی گەورەتر دەمرێت. یان وەک نووسەری نامەی عیبرانیەکان ڕادەسپێرێت: «ژیانت لە خۆشەویستی پارە دوور بخەرەوە و بەو شتەی کە هەتە ڕازیبە، چونکە فەرموویەتی: هەرگیز جێت ناهێڵم و وازت لێ ناهێنم» (عیبرانییەکان ١٣: ٥). داوامان لێدەکرێت کە ڕزگارمان بێت لەم «خۆشەویستییە قووڵ و گەندەڵەی پارە» لە ڕێگای بەهاداری خودای هەرە بەتوانامان. «سەرسوڕهێنەرە کە کتێبی پیرۆز بەم شێوەیە قسە دەکات.» ڕزگارت بێت لە خۆشەویستیت بۆ پارە. وە بەو شتەی کە هەتە ڕازی بە. بۆچی؟ چونکە خودا بەڵێنت پێدەدات هەرگیز بەجێت نەهێڵێت. «بە دەربڕینێکی دیکە، ئامادەبوونی خودا و بەڵێنەکەی جیاوازییەکی سۆزداری بەهێز دروست دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی ئارەزووی هەڵە و دۆزینەوەی ڕازیبوون لە دۆخە زۆر ئازاربەخش و سەختەکاندا.» بەڵێنەکانی خودا «توانای ئارەزووە شێواوەکان ناهێڵن.»[b] کەواتە کاتێک خۆشویستنی پارە «دەست دەکات بە دەرکەوتنی ناشیرینییەکەی،» ئێمە چۆن کاردانەوەمان دەبێت؟ گوێمان لە خودا دەبێت کە پێمان دەڵێت: «هەرگیز وازت لێناهێنم. دەستبەردارت نابم. یارمەتیدەری تەواوتان دەبم. کاتێک متمانەمان بە بەڵێنەکانی کتێبی پیرۆز هەیە، کە خودا گەنجینەی گەورەی ئێمەیە، ئەوا خۆشەویستیمان بۆ پارە -یان خۆشەویستیمان بۆ هەر گوناهێک- بە ڕۆحی پیرۆز دەکوژین (ڕۆما ٨: ١٣).[c]

ئایا باوەڕدارە دەوڵەمەندەکان دەبێت بە ئەنقەست لە خوار توانای خۆیانەوە بژین؟

پۆڵس باوەڕدارە دەوڵەمەندەکان ڕادەسپێرێت کە بە کارە چاکەکانیان بناسرێن (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧-١٩). داوایان لێ ناکات بۆ ئەوەی شێوازی ژیانیان دابەزێنن. کەواتە ئایا باوەڕدارێکی دەوڵەمەند کە لە کۆشکێکدا دەژیێت و ئۆتۆمبێلی وەرزشی لێدەخوڕێت، دەتوانێت دیدگای پۆڵس بۆ ژیانێکی پڕ لە کاری چاکە بەدیبهێنێت؟

پۆڵس بە سادەیی بە باوەڕدارە دەوڵەمەندەکانی نەگوتووە کە لە سامانەکانیان ڕزگاریان بێت. (هەروەها بە خاوەن کۆیلەکانیشی نەگوتووە کە کۆیلەکانیان ئازاد بکەن.) قسەکانی

a ئەڵقەی ٧٥٢: «چوار نیشانە کە خۆراک بووەتە بت» (١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).
b ئەڵقەی ٣٥٨: «ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی بیر لە ڕەگەزگۆڕین دەکەنەوە» (٦ی حوزەیرانی ٢٠١٤).
c ئەڵقەی ٤٢٢: «واتای چییە "کوشتنی گوناە بە ڕۆحی پیرۆز"؟» (٤ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

وردتر بوون، بەڵام ئەو -وەک مەسیح- هێشتا توانیویەتی «دەوڵەمەندەکان بێزار بکات.» هۆشدارییەکانی عیسا بۆ دەوڵەمەندەکان ڕاشکاوانە و ڕاستەوخۆ بوو. بۆ دەوڵەمەندەکان سەختە ڕزگاریان بێت (لۆقا ١٨: ٢٤)، لەبەر چوار هۆکار سەختە. (١) سامان باوەڕمان دەخنکێنێت (لۆقا ٨: ١٤). سامان بێلایەن نییە. «زیندوویی ژیانی مەسیحی بنەڕەتی دەخنکێنێت» و باوەڕی ڕەسەن دەخاتە مەترسییەوە. (٢) سامان ڕێگری دەکات لە گوێڕایەڵی ڕیشەییمان (لۆقا ١٤: ٣٣). عیسا قەدەغەی نەکرد کە خاوەنی شتە ماددییەکان بین (بڕوانە سەرەوە). بەڵام داوامان لێدەکات کە «تەواو ئازاد بین لە جڵەوگیریمان لەلایەن مۆڵک و ماڵ، وە هەمیشە ئامادە بین بۆ ئەنجامدانی زۆرترین کردەوەی گوێڕایەڵی کە مەترسی لەسەر ژیان دروست دەکات.» هەتا دەوڵەمەندتر بین، کەمتر حۆمان تووشی مەترسی دەکەین لەپێناو ئەو، لەلایەن کەسانی دیکەوە ژیانمان زیاتر بۆ کۆیلایەتی ماددی دەردەکەوێت. (٣) سامان گەنجینەکەمان دەشێوێنێت (فیلیپی ١: ٢٠؛ ٣: ٨). لە ژیان و لە مردندا، پۆڵس ئارەزووی شکۆداری مەسیحی دەکرد. «ئەو ویستویەتی بە شێوەیەک بژیێت و بمرێت کە بۆ جیهان دەربکەوێت لەلای ئەو مەسیح شکۆمەندترە -زیاتر لە مۆڵک و ماڵی یان لە ژیانی.» (٤) سامان پاڵنەرەکانمان دەشێوێنێت. «بۆچی مەسیحییەک -کە گەنجینەکەی لە ئاسمانە، وە ژیانی تەرخانکراوە بۆ ئەنجامدانی چاکەکردن هەتا دەتوانێت، وە ئارەزووی ئەوەیە کە نیشانی جیهانی بدات مەسیح لە شتەکان بەهادارترە -دەیەوێت وا دەربکەوێت کە سامان گەنجینەی ئەوە؟ پاڵنەر چییە بۆ کڕینی کۆشکێک و کۆکردنەوەی زیاتر و زیاتر لەوەی پێویستتە لە دەوری خۆت؟»

بە پوختی: «بەبێ ئەوەی دیاری بکەین کە چ پێوەرێکی سامان وێرانکەرە بۆ ڕۆح یان بۆ شایەتیدانی ئێمە، ئەوا پەیمانی نوێ بێ وەستان پاڵنەرمانە بەرەو سادەیی و ئابووری لەپێناو ئینجیل و دوورکەوتنەوە لە ژیانی خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی.»[a]

مەسیحییەکان سامان بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی سامانی زیاتر

ئەگەر کۆکردنەوەی پارەیەکی زۆر گوناە نییە، بەڵام هێشتنەوەی پارەیەکی زۆر گوناە بێت، ئایا هیچ حاڵەتێک هەیە کە هێشتنەوەی پارەیەکی زۆر پلانێکی وەبەرهێنانێکی ژیرانە بێت؟ ئایا ئەمە ژیرانە دەبێت بۆ ئەو مەسیحییانەی کە دەیانەوێت کارەکانیان فراوانتر بکەن و سامان بنیاد بنێن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا زیاتر ببەخشن؟

سەرەتا، هۆشدارییەکەی یەکەم تیمۆساوس ٦: ٦-١٠ وەک «پێم وایە توندترین هۆشدارییە سەبارەت بە ئارەزووی دەوڵەمەندبوون.» لەگەڵ ئەوەشدا، نەخێر، «شێوازی ژیانی سەردەمی

a ئەڵقەی ١٦٨٠: «ئایا دەبێت مەسیحییە دەوڵەمەندەکان ئاستی ژیانیان دابەزێنن؟» (١٧ی ئەیلوولی ٢٠٢١).

جەنگ بەو واتایە نییە، لەدوای ئەوەی مالّ و خواردن و جلوبەرگێکی ساکارت بۆ خۆت و خێزانەکەت دابین کرد، ئەوا پابەند دەبیت دەستبەجێ هەموو زیادەیەک ببەخشیت. بەڵکو بانگەواز بۆ شێوازێکی ژیانی سەردەمی جەنگ دەڵێت کە ئەو سەرچاوانەی کە لە دەرەوەی پێداویستییەکان دەمێننەوە -جا دە دۆلار بێت یان دە ملیۆن دۆلار- «بەڕێوەدەبرێن و چاودێری دەکرێن بۆ چاکەی کەسانی دیکە، شکۆمەندی خودا و پێشخستنی مەبەستەکانی ڕزگاری و پیرۆزی و چارەسەرکردنی جیهان، نەک بۆ بەرژەوەندی کەسی.»

ڕەنگە بەڕێوەبردن بە واتای بەخشینی «دیاریەکی گەورە و دەستبەجێی قوربانیدەرانە بێت. دەکرێت هەموو زیادەکانت بدەیت کاتێک قازانجەکان بەرز دەبنەوە یان داهاتێکی لەناکاو بەدەست دەهێنیت.» یان ڕەنگە واتای ئەوە بێت کە هەمووی نابەخشیت، بەڵکو لەبری ئەوە «یەدەگی سەرمایەیەکی گەورە بۆ دەستپێکردنی بناغەیەک یان بۆ بەدیهێنانی هەندێک ئامانجی گەورەتر و درێژخایەنتر بۆ چاکەی کەلتوور یان کۆمەڵگا دروست دەکەیت.»

لە لایەنی ڕۆحییەوە، هیچ کاتێک لە سەردەمی جەنگ گرانتر نییە، پێویستی بە وەبەرهێنانی گەورە هەیە (وەک کۆنفرانسەکان، کە لە سەرەوە باسمان کرد). بەڵام تەنانەت لە لایەنی بازرگانیشەوە، «زۆرێک لە بازرگانییە یاساییەکان پشت بە چڕبوونەوەی سەرمایەیەکی گەورە دەبەستن. ناتوانیت کارگەیەکی نوێی بەرهەمهێنان دروستبکەیت بەبێ ئەوەی ملیۆنان دۆلار سەرمایەت نەبێت. هەربۆیە، بەرپرسانی دارایی لەم بازرگانییە گەورانە بەرپرسیاریێتی دروستکردنی ئەو یەدەگانەیان لەسەر شانە.» کەواتە «کاتێک کتێبی پیرۆز خواستی دەوڵەمەندبوون مەحکوم دەکات، مەرج نییە مەحکومکردن کارێک بێت کە ئامانجی فراوانکردنە، بەم هۆیەوە، بەدوای یەدەگی سەرمایەی گەورەتردا دەگەڕێت.» ئێستا، ڕەنگە ئەوە بێت کە لێپرسراوانی ناو ئەو کۆمپانیایە چاویان لە سامان یان دەسەڵاتی کەسی بێت. بەڵام کۆکردنەوەی سەرمایە گوناە نییە ئەگەر هەوڵی دروستکردنی هەلی کار بدات بۆ ئەوەی پێویستییەکان دابین بکات. «کەواتە ئەوەی پۆڵس هۆشداری دەدات، خواستی بەدەستهێنانی پارە نییە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانمان و پێداویستی کەسانی دیکە، ئەو هۆشداری دەدات لە خواستی ئەوەی کە پارەی زیاتر و زیاترمان هەبێت بۆ ئاسایش و گەشەپێدانی خۆمان و ئەو خۆشگوزەرانییە ماددیانەی کە دەتوانێت دابینی بکات، بەبێ ئەوەی لەم زیادەیەدا هیچ پلانێک بۆ خۆشویستنی کەسانی دیکە هەبێت. ئەمە ئامانجی هەوڵەکانی منە لە فێرکردنی شێوازێکی ژیانی سەردەمی جەنگ و خۆمانی لێ دوور بخەینەوە.»[a]

a ئەڵقەی ٤٢٠: «دانایی سەردەمی جەنگ بۆ دەوڵەمەندەکان» (٢ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

خاوەنکارە مەسیحییەکان بەدوای ساماندا دەگەڕێن بۆ مزگێنیدان

بـە قسـەکردن دەربـارەی وەبەرهێنانـی سـەرمایە، خاوەنکارێکـی مەسـیحی دەیەوێـت قازانجی زیـادە بەدەسـتبهێنێت بـۆ دابینکردنـی بودجـەی مزگێنیـدان. ئایـا کەڵەکەکردنـی سـەرمایە بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان گوناهـە؟

یەکـەم، پێویسـتە ڕوونـی بکەینـەوە کـە عیسـا ئاگادارمـان دەکاتـەوە سـەبارەت بـە کۆکردنـەوەی پـارە بـۆ نـاو کـۆگای گەورەتـر و گەورەتـر (لۆقـا ١٢: ١٩-٢٠). «ئێسـتا، گەشـەکردنی کاری ئـەو پیـاوە کێشـەکە نییـە. نزیکـەی بـە دڵنیاییـەوە کەسـانی بازرگانـی بەهرەمەنـد و سـەخت کارکـەر و دەسـتپاک لـە کارەکانیـان سـەرکەوتوو دەبـن.» عیسـا سـەرکەوتنەکە خوکـم نـادات؛ بەڵکـو کەڵەکەکردنـی زیـادە حوکـم دەدات. «کێشـەکە ئەوەیـە کەڵەکەکردن هاوشـانی -دەڵێم «هاوشـان» چومکـە دەکرێـت هـەم هـۆکار بێـت و هـەم کاریگـەری- لەگـەڵ هەسـتی پشـت بەخۆبەسـتن و حەسـانەوە لـەم جیهانـەدا، وەک ئـەوەی ژیانـی هەتاهەتایـی گرنـگ نەبێـت، هەروەهـا پێویسـتییەکانی دراوسـێکەم گرنـگ نەبێـن. کەڵەکەکردنـی بێکۆتایـی قازانـج لەخۆڕازیبـوون و دڵێـک ئاشـکرا دەکات کـە جیهـان بـە بەهـادار دەزانێـت نـەک مەسـیح (مەتـا ٦: ٢١؛ لۆقـا ١٢: ١٩).

مەسـیحییە ڕاسـتگۆ و مانـدوو نەناسـەکان دەتوانـن پارەیەکـی زۆر بەدەسـت بهێنـن. سـەرکەوتنی بازرگانـی خراپـە نییـە. بـەڵام کەڵەکەکردنـی سـامان بـۆ مەبەسـتی خۆپاراسـتن، یـان سەرنجڕاکێشـان، یـان بـە پاڵنـەری «بێباکـی» لـە پێداویسـتییەکانی جیهـان و لێپرسـینەوەی داهاتـوو بەرامبـەر بـە خـودا، بـەو واتایەیـە کـە «بـە داهاتـی تـەواوی ئـەو سـەرکەوتنەی خـودا پێـی بەخشـیوێت شـتێکی دیکـە بکرێـت.»

بـاوەڕداران بـە مەسـیح دەبێـت بـە خـواردن و جلوبەرگـی ڕۆژانـە ڕازی بـن (یەکـەم تیمۆسـاوس ٦: ٦-٨). ئـەم جـۆرە سـادەییە دڵسـۆزانەیە سـەرنجی جیهـان ڕادەکێشـێت (یەکـەم پەتـرۆس ٣: ١٥). ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی مەسـیح وەک ئامرازێـک بـۆ سـامان پێشـکەش دەکات و سـەرنجی جیهانـی سـامانخوازان ڕادەکێشـێت. مەسـیحیبوونی ڕاسـتەقینە لـە بڕگـە سـادەکاندا بـەدوای ڕازیبوونـدا دەگەڕێـت -وە ئـەو ڕازیبوونـە پـڕ لـە هیوایـە وەک شـایەتێکی دژە کەلتـووە. «ئەگـەر خـواردن و جلوبەرگـمان هەبێـت، ئـەوا بەمانـە ڕازی دەبیـن، چونکـە مەسـیح داهاتوویکـی باوەڕپێنەکـراوی بـۆ دروسـتکردووین و هەمـوو پێداویسـتییەکانمانی دابیـن کـردووە. ڕەنگـە ببێتـە هـۆی ئـەوەی جیهـان لـە خـەو هەڵبسـێت و لـە هـۆکاری ئـەوە بپرسـێت بـۆ چـی ئـەو هیوایـە لـە ئێمەدایـە، چونکـە پێیـان وایـە ئێمـە هیوامـان بـە هەمـان ئـەو شـتانە نییـە کـە ئـەوان هیـوای پێدەخـوازن -واتـە، کەڵەکەبوونـی سـامان.» ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی بێدەسـەڵاتە لـە بەرهەمهێنانـی ئـەم ڕازیبوونـە دژە کەلتـووە.

لێرەدا تاقیکردنەوەیەکی کەسی هەیە. لەگەڵ سەرکەوتنی کار و کەڵەکەبوونی سامان، وامان لێدەکرێت باوەڕمان بەوە هەبێت کە پێویستە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانمان «بەردەوام زیاد بکەین» بەپێی گەشەسەندنی «هێماکانی سامان و دەسەڵات»، لە جلوبەرگ و ماڵ و ئۆتۆمبێل و پشووەکاندا. هەموویان بە تێپەڕبوونی کات گرانتر دەبن. گەڕان بەدوای ئەم هێما گەشەسەندووانەی ساماندا ڕەگی «هەموو جۆرە خراپەیەک»ـە (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٠).

«دیدێکی جێگرەوەی ڕیشەیی بۆ خاوەنکارە مەسیحییە سەرکەوتووەکان» هەیە، ئەویش ئەمەیە: مەهێڵە سەرکەوتنەکانت وات لێبکات خۆبەزلزان یان لەخۆڕازی بیت (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧). ژیان ناسکە. «ئەی پیاوی دەوڵەمەند،» جەستەت ناسکە -هەروەها جیهان و کەلتوور و ئابووری و هەموو تیۆرییە ئابووریەکان. ناسکی هەموو شتەکان قبوڵ بکە بۆ ئەوەی «هێندە گەمژە نەبیت کەوا پشت ببەستیت بە شتێکی هێندە ناسکی وەک دەوڵەمەندی.»

بەڵکو، چێژ وەربگرە لە خۆشییە سادەکانی خواردن، خواردنەوە، خوێندنەوە، باخداری و بەخشینی سەرچاوەکانت بە کەسانی دیکە (کردار ٢٠:٣٥؛ یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧). لەبری ئەوەی ئەمبار دروست بکەیت، «بە کارە چاکەکانت دەوڵەمەند بە» (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٨). ئامانجی بنەڕەتی پارە ئەوەیە کە «ئێمە بەدوای دڵێکدا بگەڕێین کە زۆر ڕەزی بێت لە خودا و هەموو ئەوەی ئەو لە مەسیحدا پێمان دەدات لە ڕێگەی ئینجیلەوە، کە لە ئارەزووی کەڵەکەکردن ڕزگارمان دەکات. داهاتە زۆرەکانمان کە خراپ نین، دەگۆڕین بۆ چاکەکردن لەگەڵ کەسانی دیکە.» ڕەنگە ئێمە زۆر بەخشین بدەین. یان ڕەنگە پیشەسازی دروست بکەین بۆ دامەزراندنی سەدان کرێکار و بۆ دابینکردنی بودجە بۆ مزگێنیدان.[a]

پاداشتی کاش پاڵنەرە بۆ کارەکەم -ئایا ئەمە ئاساییە؟

لە دەستپێکەوە بزانە، پارە شتێکی ڕێژەییە و «تەنها لە کەلتوورێکدا بەهای هەیە کە دەتوانرێت بە شتێکی دیکە بگۆڕدرێتەوە. ئەو کاغەزەی کە پێی دەڵێین «حیساب» یان «پارە»، یان ئەو پارچە کانزایانەی کە پێیان دەڵێین «وردەی پارە»، یان ئەو چەکانەی بەهای پارەیان هەیە، یان ئاماژە ئەلیکترۆنییەکان لە مۆبایلەکەت (کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەگۆڕدرێن بۆ پارە) -هەموو ئەوانە هەتا ڕادەیەک بێ بەهان.» بەڵام بەهای ئاڵوگۆڕیان هەیە. کەواتە «خودا پارە دەدات بە گەلەکەی بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەک پارە بەکاربهێنین کە نیشان بدەین پارە خودای ئێمە نییە، بەڵکو یەزدانە کە خودای ئێمەیە. هەر بۆیە ئێمە هەموو شتێکمان هەیە.» بەڵام «خودا دەیەوێت باوەڕداران بە مەسیح پارە بەکاربهێنن. پارە خۆی تەنها پارەیە. نە باشە و نە خراپ؛ تەنها مادەیەکە: کاغەز یان سکە یان شتێکی بەهادار.» بەڵام دڵ ئاشکرا دەکات بەوەی پارە بە چی دەگۆڕێتەوە.»

a ئەڵقەی ١٢١١: «ئایا کتێبی پیرۆز کۆکردنەوەی پارەی زۆر لە خاوەنکارەکان قەدەغە دەکات؟» (١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٨).

کتێبی پیرۆز ڕوونە کە کرێ، شێوەیەکی دروستە. «کرێکار شایانی کرێی خۆیەتی» (لۆقا ١٠: ٧). لە ڕاستیدا، «دادپەروەرانەیە کە کرێی زیاترت پێ بدرێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی زۆر باش بۆ خاوەنکارەکەت. وە دادپەروەرانەیە کە کرێیەکی کەمترت پێ بدرێت بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی خراپ بۆ خاوەنکارەکەت.» کەواتە چی وادەکان حەزمان هەبێت بۆ «کەموکوڕی» لە کرێ یان پاداشت یان گەرانەوەی باج؟

حەوت پرسیار بۆ ئەوەی بیخەیتە دڵ و کارەکەتەوە. (١) ئایا کارەکەت چاکە یان خراپە؟ ئەگەر بەهۆی خراپەکارییەوە پاداشتت دەدرێتەوە، ئەوا پاداشتەکە گلاوە. (٢) ئایا هەست بە مەترسییەکانی سامان دەکەیت؟ «کۆمەڵێک دەقی پەیمانی نوێ هەن کە ئاڵایەکی زەردی گەورە لەبەردەم ئارەزووی پارەدا دەجووڵێنن بۆ ئەوەی بڵێن: "ئاگادارببە، دەکرێت ئەمە بتکوژێت!"» (مەتا ١٩: ٢٣؛ یەکەم تیمۆساوس ٦: ٩-١٠). (٣) ئایا تۆ لە مەسیح ڕەزامەندیت، یان تۆ بە پاڵنەری بتی سامان دەجوولێیت؟ چاوچنۆکی بتپەرستییە (کۆلۆسی ٣: ٥). «ئایا هێشتا بە ڕەزامەندی لە خودا دەمێنیتەوە، دڵخۆش دەبیت بە خودا، ئەگەر لە ڕێگەیەوە پاداشتەکە نەهاتبا؟» (٤) ئایا تۆ پاداشتەکە وەردەگریت بەو زانیارییەی کە بەخشین بەختەوەرترە لە وەرگرتن (کردار ٢٠: ٣٥)؟ (٥) ئایا ئارەزووی پاداشتەکە متمانەیەکی تێکشکاوە لە ئامادەبوونی خودا لە ژیانتدا (عیبرانییەکان ١٣: ٥-٦)؟ (٦) ئایا پاداشتەکە خۆشی تۆ لە وشەی خودا دەخنکێنێت (لۆقا ٨: ١٣-١٤)؟ «کوڕم، ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە. خەڵکی کاتێک زیاتر دونیایی دەبن، دەست دەکەن بە بێزاری لە وشەی خودا.» یان ئایا پاداشتەکە هانت دەدات بۆ وشەی خودا کاتێک «بیر لە بەخشین یان خەرجکردن یان پاشەکەوتکردن یان وەبەرهێنان لە پاداشتەکە دەکەیتەوە؟» (٧) ئایا زۆری پارە وات لێدەکات هەست بە کاریگەری زیاتر بکەیت لەوەی لە ژیانت لە مەسیحدا هەیە (لۆقا ١٢: ١٥)؟ «ئەمە پوختەیە: ئایا لەلات خودا شکۆمەندترە؟ وە ئایا لە ڕێگەی تۆوە شکۆمەندتر دەردەکەوێت، بەهۆی ئەم پاداشتە و بەوەی تۆ پێی دەکەیت؟»[a]

سامانی جیهان لە کۆتاییدا هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنێت

سوودی چییە بۆ پیاوێک کە هەموو جیهانی هەبێت بەڵام لەم پێناوەدا ڕۆحی خۆی لەدەست بدات (مەرقۆس ٨: ٣٦-٣٧)؟ بەم پرسیارە بانگەوازییە، عیسا لێکۆڵینەوە لە هەموو کەلوپەلەکانمان دەکات -«پارە، خانوو، کتێب، کۆمپیوتەر، زەوی، بازرگانیمان.» بە بەراورد لەگەڵ بەهای مەسیح، «گریمان دڵت دەچێت بۆ ئەوەی مۆڵکومااڵی پێ باشتر بێت -ئەمەش ئەوەیە کە بەسەر ملیارەها کەسدا دێت. گریمان تۆ لە عیسا دوور کەوتیتەوە، وە وات دانا هەموو ئەو شتانەی کە مۆڵک و ماڵی زەمینی دەتوانێت پێت ببەخشێت لە عیسا

a ئەڵقەی ١٥٢٧: «پارە پاڵنەرە بۆ ئەوەی کارێکی قورس بکەم -ئایا ئەوە باشە؟» (١٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٠).

باڵادەستترە. وە گریمان سەرکەوتوو بوویت. بە درێژایی ژیانت سەرکەوتوو دەبیت -هیچ شتێک نییە جگە لە سەرکەوتن. وە لە کۆتایی ژیانت، گریمان تۆ خاوەنی هەموو شتێک بیت. هەموو جیهان. هەموو شتێک. نەک تەنها ئەپڵ و گووگڵ و مۆبیل ئۆیل، هەمووی هی تۆیە! تۆ خاوەن بڕیاریت؛ تۆ خاوەنی هەموویانیت. ئەمەیە کە عیسا پێشبینی دەکات، ڕاستە؟ «هەموو جیهان بەدەست بهێنە.» وە دواتر تۆ دەمریت. لەپڕ، تێدەگەیت کە ئەمە خۆکوشتن بووە. خۆکوشتنێکی هەتاهەتایی بووە.»

لە ئامادەبوونی مەسیحدا، هیچی دیکەت ناوێت جگە لەوەی هەموو سەروەت و سامانی دونیات بە ڕۆحت بگۆڕیتەوە. مەسیح چی دەڵێت؟ «ئەو دەڵێت: "تۆ هەوڵ دەدەیت ڕۆحت بەو شتانە بکڕیت کە ڕۆحتیان لەناوبرد -هەر ئەو مۆڵکانەی کە تۆ پێت وابوو لە من باشترە؟"» ئەوە کارەساتبارە. «بتەکانی شوێنگرەوەی مەسیح و بچووککەرەوەی مەسیح» لەم ژیانەدا «لە ئاسماندا هیچ بەهایەکیان نییە، ئەو ڕووخساری خۆی وەردەگێڕێت، تۆش بۆ هەتاهەتایە لەناو دەچیت.» هەوڵی کڕینەوە لە خودا بە پارە بێهودەیە، چونکە تەنها لە مەسیحدا کڕینەوەمان دەدرێت.

سەرەڕای ئەم هۆشدارییە تونده، هەریەکەمان تووشی ململانێیەکی بە درێژایی ژیان دەبینەوە لەگەڵ خۆشەویستیمان بۆ ئەم جیهانە و هەموو ئەو شتانەی کە پێشکەشمان دەکات. «لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵی، شتەکان فریوم دەدەن. پێویستم بە هەموو ئەو یارمەتییەک هەیە بۆ ئەوەی ئازاد بم!» بانگەوازەکە ئەوەیە کە بە حەزی خاوەندارێتی خۆمان بڵێین: «من نکۆڵیت لێ دەکەم، من دەتکوژم.»[a]

بۆ مەسیحییە هەژارەکان

بۆ ئەو مەسیحییەی کە کاتێک لە ژیانیدا ڕووبەڕووی هەژاری دەبێتەوە، ئایا هیچ هاندانێک هەیە؟

«بەڵێ، هاندانی بەرفراوان هەیە. ڕاشکاوانە بڵێم، سەردەمێک، ڕەنگە لە زۆربەی شوێنەکانی جیهانی ئەمڕۆدا، ئەوە جۆرە مەسیحیبوونێکی ئاسایی بوو. ئەمریکاییەکانی چینی ناوەڕاست «بە هەموو پێوەرێکی مێژوویی دەوڵەمەندن.» بەڵام هەژاران، «یارمەتی تایبەت» و نیعمەت هەیە (لۆقا ٦: ٢٠). لە هەمان کاتدا، خۆشویستنی سامان فێڵبازە و زۆر مەترسیدارە (لۆقا ١٨: ٢٤؛ یەکەم تیمۆساوس ٦: ٦-١٠). «بۆیە پۆڵس دەوڵەمەندی بە سوودێکی گەورە نازانێت، بەڵکو وەک مەترسییەکی گەورە،» وە پارە بە «مەترسییەکی زۆر گەورەتر» لە هەژاری باس دەکات.

---

a ئەڵقەی ١٤٦٠: «بەنرختر لە ستایش و سامان» (١٥ی نیسانی ٢٠٢٠).

لێرەدا بەڵێنی گەورەتر هەیە. هەژارانی خواپەرست هەموو ئەو شتانە بە میرات وەردەگرن کە خودا خاوەنیەتی (ڕۆما ٨: ١٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ٣: ٢١-٢٣). «ئەگەر تۆ مەسیحی بیت و مەسیح بناسیت -مەسیح گەنجینەی تۆیە، ڕزگارکەری تۆیە، پەروەردگاری تۆیە، هاوڕێی تۆیە، پاشای تۆیە، داهاتووی تۆیە -ئەوا تۆ دەوڵەمەندتریت لە دەوڵەمەندترین ملیاردێری سەر زەوی. ئەمە ئێستا لە ڕووی ڕۆحییەوە تەواو ڕاستە، وە لە ڕووی جەستەییەوە تەواو ڕاستە، لە ڕووی ماددییەوە، بۆ دواتر.» بۆ ئێستا، درک بەوە بکە کە «ئەو دەستکەوتانەی لە ئاسماندا ئەژمارد دەکرێن، کە خودا پاداشت دەداتەوە، دارایی نین» (مەتا ٦: ٣٣). «کەسی هەژار لە ئاسماندا هیچ زیانێکی نییە لە زیادکردنی پاداشتەکەیدا. هیچ. چونکە ئەوەی لە ئاسمان پاداشتی دەدرێتەوە خوداپەرستی و باوەڕ و خۆشەویستی و شادی و ئاشتی و میهرەبانی و نەرمونیانی و بەسەرخۆدازاڵبوونە. هەژاران لە هیچ زیانێکدا نین؛ بەڵکو ڕەنگە لە قازانجدا بن.»

لێرە و ئێستا، مەسیحییە هەژارەکان وەک سەرنجڕاکێشترین نمونەی بەخشندەیی ئینجیل دەمێننەوە (دووەم کۆرنسۆس ٨: ١-٢). «بۆیە دڵخۆشبە، ئەگەر لە دۆخێکدایت کە سەرچاوەی دارایێت سەختە، وە وا دیارە هەتا ئەو ڕۆژەی دەمریت بە سەختی دەمێنێتەوە، ئەوا تۆ دەرفەتێکی گەورەت هەیە بۆ بەرەکەتدارکردنی خەڵک و چێژوەرگرتن لە مەسیح.» [a]

بە کورتی، «هەژاری و دەوڵەمەندی، برسێتی و تێری، گریان و پێکەنین ڕەنگە نیشانەی بەرەکەت بن، یان ڕەنگە نیشانەی مەحکومی بن، ئەمە بەندە بەوەوەی کە چۆن پەیوەندییان بە پەرۆشیمانەوە هەیە بۆ عیسا. ئەگەر ئێمە بە تەواوی تەرخان بین بۆی، هیچ هەژارییەک، هیچ برسێتییەک و هیچ گرفانێک ناتوانێت لە نیعمەتەکانمان دامان بماڵێت.» [b]

a ئەڵقەی ٢٨٩: «هیوای کتێبی پیرۆز بۆ ئەو مەسیحییانەی ڕووبەڕووی هەژاری دەبنەوە» (٣ی ئازاری ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ١٣٢٨: «چۆن مەسیحییەکانی چینی ناوەڕاستی ئەمریکا ڕزگار دەبن؟» (١٠ی نیسانی ٢٠١٩).

دەربارەی قومار و تیروپشک و بازاڕی بۆرسە

ئایا قومارکردن لەسەر وەرزش گوناهە؟

ئێستا لە ئەمریکا وەرزشی فەنتازیا بووەتە پیشەسازییەکی قومارکردنی چەندین ملیار دۆلاری بەهۆی ئاپەکانی وەک DraftKings و FanDuel، ئەمەش وایکردووە گەنجێک ئیمەیڵێک بنێرێت و بپرسێت ئایا گرەوکردنێکی «هەتا ڕادەیەک کەم» بە بیست بۆ پەنجا دۆلار لە هەفتەیەکدا گوناهە.

قەشە جۆن وەڵامی دایەوە، بەڵی. بەڵام «قسەی من شتێک ناکاتە گوناهباری، وشەی خودایە شتێک دەکاتە گوناهباری.» شەش خاڵ ڕەچاو بکەن.

١. ئێمە یەک ژیانمان هەیە بۆ ئەوەی بۆ شکۆمەندی مەسیح بژین (دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٥). «پاشان ژیانی هەتاهەتایی دێت.» هیچ بواریکی دووبارەکردنەوە نییە. «هەموو ڕۆژێک یان بە باشی وەبەرهێنان دەکرێت یان بۆ هەمیشە لەدەست دەچێت. هەر هەناسەیەک کە هەڵیدەمژیت، هەر خولەکێک لە ژیانتدا، بەخششێکی بێبەرامبەری خودایە، ئەمانەتێکە، بەڕێوەبردنە، کە خودا دەڵێت پێویستە بۆ شکۆمەندی خۆی بژین، بۆ شکۆداری کوڕەکەی.» ڕەنگە یارییە بێتاوانەکان بووژانەوەیەکی یارمەتیدەر بن بۆ دەروون و بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە، «بەڵام لە خۆیاندا -لە جیهانێکی کەوتووە ناو گوناهدا، پێویستیدار، خەمبار، کارەساتبار، مردوو، دونیای چەوتی دۆزەخ وەک جیهانی ئێمە- گرنگییەکی زۆر کەمیان هەیە.»

٢. ئەگەر وریا نەبین، ڕەنگە لەناو تەمێکی ئەندێشەدا گومڕا بین. هەتا ئەو ڕادەیەی کە دەچینە ناو جیهانە ناڕاستەقینەکانی وەک تۆپی پێی فەنتازیایی، دەبێت حیساب بۆ ئەوە بکەین کە چۆن «ژیان لە جیهانێکی ناڕاستەقینەدا» وادەکات «کاریگەریمان لە جیهانی ڕاستەقینەدا گەورەتر بێت بۆ چاکەی مرۆڤەکان و شکۆمەندی خودا.» گوناە لە بنەڕەتدا فێڵێکە -فێڵێکە بۆ ئەوەی وامان لێبکات ئارەزووی ئەوە بکەین کە ناڕاستەقینەیە زیاتر لەوەی لە ڕاستەقینەدا هەیە (عیبرانییەکان ٣: ١٣). کەواتە گرەوێکی نیکل ڕەنگە کەم بێت، بەڵام پەنجا دۆلار لە هەفتەیەکدا کەم نییە، چونکە «نیوەی دانیشتوانی جیهان بە ٢.٥٠ دۆلار لە ڕۆژێکدا دەژین، کە دەکاتە ١٧.٥٠ دۆلار لە هەفتەیەکدا، کەمترە لەو قومارەی دەیکات. هاوڕێکەمان لە هەفتەیەکدا پەنجا دۆلار بە با دەدات، بە قومارکردنێکی

سـادە نـاوی دەبـات. بۆیـە بەڵگـەی بەهێـز هەیـە کـە واقیعـی دۆڕانـدووە. منیـش لێـی دەپاڕێمـەوە و دەڵێـم، "بەئـاگا وەرەوە، ئـەی هـاوڕێ، لـە خـەو هەسـتە!"»

٣. ئـاگاداری خۆشەویسـتی پـارە بـن. ڕەنگـە قومارکـردن «زەنگـی سـۆزداری» یارییەکـەی یەکشـەممە لێبـدات، بـەڵام ئەگـەری ئـەوە زیاتـرە بەهـۆی خواسـتی «بـۆ بەدەسـتهێنانی پـارەی زیاتـر بـە دانانـی پـارەی کەسـانی دیکـە بخاتـە مەترسـییەوە.» داهاتێـک کـە جیـا لـە کاری چاکـە ئاماژەیـە بـۆ خۆشەویسـتی پـارە کـە کتێبـی پیـرۆز بـە خۆکـوژی نـاوی دەبـات (یەکـەم تیمۆسـاوس ٦: ٩-١٠).

٤. بزانـە کـە پارەکانـت پـارەی تـۆ نیـن. «مـن بـە ڕوونـی و ڕاشـکاوانە و تـەواوی دڵنیاییـەوە دەڵێـم کـە تـۆ مافـی ئـەوەت نییـە بـەم شـێوەیە پـارەی خـودا بخەیتـە مەترسـییەوە، بەڕێوەبـەران قومـار بـە پـارەی ئاغاکەیـان ناکـەن -قسـەم تـەواو.» ئەمینـداری دڵسـۆزەکان قومـار بـە سـندوقی ئەمانەت ناکـەن. هەمووماـن هەژماردێک پێشـکەش دەکەیـن بـۆ کاری بەڕێوەبردنمـان (مەتـا ٢٥: ١٤-٣٠). «قومارکـردن بـە پـارەی خـودا لەسـەر شـتە بـێ بایەخەکانـی وەک ئەمـە جۆرێکـە لـە گەندەڵـی.»

٥. قومارکـردن وەک «پەتایەکـی کۆمەڵایەتـی»ی بەربـڵاو ببینـن، کـە ملیۆنـان کـەس تووشـی وێرانـکاری دەکات، «بەتایبەتـی هـەژاران». لـە هەمـوو کەسـێک زیاتـر زیـان بـە هـەژاران دەگەیەنێـت. «ئەوانـەی زۆرتریـن زیانیـان پێـدەگات ئەوانـەن کـە ناتوانـن بەرگـەی دەرەنجامەکـەی بگـرن. نابێـت مەسـیحییەکان بەشـداری بکـەن لـە تیروپشـک، گازینـۆ، یـان قومارکردنـی سـەرهێڵ؛ ئەوانـە «پێکهاتەیەکـی وێرانـکاری تـەواون بـۆ ملیۆنـان کـەس.»

٦. بـەدوای وەبەرهێنانێکـی باشـتردا بگـەڕێ، وەکـو ئـەو پشـکانەی کـە بـە تێپەڕبوونی کات گەشـە دەکـەن. باشـترە، «کاری چـاک بدۆزیتـەوە خەڵکـی دڵخـۆش بـکات و سـوودیان پـێ بگەیەنێـت. بـە شـێوەیەکی داهێنەرانـە بـەدوای ئـەوەدا بگـەڕێ چـۆن ئـەو پارەیـە بـە باشـترین شـێوە بەکاربهێنیـت. بیـر لـەوە بکـەوە هەفتانـە پەنجـا دۆلار، لـە مانگێکـدا دوو سـەد دۆلار، وەبەرهێنـان بکەیـت لـە بابەتەکانـی دادپـەروەری و بڵاوکردنـەوەی ئینجیـل و ڕزگارکـردن لـە ئـازارەکان. ئـەی خودایـە، ئـەوە چەنـدە خـۆش دەبێـت! بـاوەڕم پـێ بکـە هـاوڕێ، بەخشـین لـە وەرگرتـن بەختەوەرتـرە -یـان مەترسـیکردن. وەبەرهێنانێکی داهێنەرانـە لـە خۆشـییە هەتاهەتاییەکانـی کەسـانی دیکـەدا بەختەوەرتـرە نـەک یاریکـردن بـە پـارەی خـودا لـە جیهانـی خەونەکانـی تۆپـی پێـی فانتازیـادا.»[a]

بـە قسـەکردن لەسـەر خاڵـی (٣) خۆشویسـتنی پـارە، دەبێـت ژیانمـان لـە ترسـی پـارە ڕزگار بکەیـن بـۆ ئـەوەی ژیانێکـی خواپەرسـتی بژیـن. ئێمـە بـە بانگـەوازی بـەردەوام بـۆ خۆمـان ئـەم دڵەڕاوکێیـە دەکوژیـن. «ئـەوە لەخـۆڕا نییـە بـۆ جـۆن پاپیـەر کـە چاونەترسـی هەبێـت لـە پـارە،

a ئەڵقەی ١٢٦٩: «ئایا قومارکردن لەسەر وەرزشی ئەندێشەیی گوناهە؟» (٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨).

هەرچەندە مووچەیەکی زۆر وەردەگرم، ئەوە بۆ من لەخۆرا نییە، وە بۆ تۆش لەخۆڕا نییە. ئێمە ڕۆژانە بەرەنگاری ترس و دڵەڕاوکێ دەبینەوە، جگە لە چاوچنۆکی. ئێمە بە بەردەوامی ئەوە دووپات دەکەینەوە: «خودا شوانی منە. خودا باوکی منە، خواد پاشای منە» (لۆقا ١٢؛ ٣٢-٣٤). وە ئەویش چاوچنۆک نییە لە چاودێریکردنی ئێمەدا. «بانگەوازی ئەم شتانە بۆ خۆت بکە، بەم ڕاستییانە لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێ لە ژیانتدا بجەنگە، تەنانەت کاتێک بەسەر ترسی پارەدا زاڵ دەبیت، خودا شکۆمەندی بەدەست بهێنیت.»[a]

قومار هەژاران دەکاتە نێچیر

پاشان داوام لە پاپەر کرد کە وردەکارییەکانی (٥) کاریگەری قومارکردن لەسەر هەژاران بخاتەڕوو.

تیروپشکەکان هەژاران دەکەنە نێچیر -بە تایبەتی ڕاکێشان و هەڵکراندنی بلیت، کە پارەدانەکانیان کەمتر و زیاتر دووبارەیە (١٠ دۆلار، ١٠٠ دۆلار، یان ٥٠٠ دۆلار) «بە شێوەیەکی زیاتر خەڵکی هەژار دەیکڕن بە بەراورد بۆ نمونە پاوەربۆڵ کە دەگاتە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار.» کاتێک هەژاران قومار دەکەن، پارەکانیان ئاراستەی حکومەتە ناوخۆییەکان دەکەنەوە. قومار «باجێکی گەڕاوەیە» لەسەر هەژاران، شێوازێکە بۆ «فریودانی هەژاران، کە نزیکەی هیچ باجێک نادەن بەرامبەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی جۆرێک باج بدەن بە شێوەیەک کە دۆخەکەیان خراپتر دەکات نەک باشتری بکات، کە بڕیارە باج بیکات.» وە قومارکردن هەژاران دەکاتە نێچیر چونکە هەژاران زیاتر لە ڕووی داراییەوە بێهیوان،» هەستێک کە «هانەرە بۆ زۆربەی کڕینەکان.» کڕینی بلیتی هەڵکڕاندن دۆخێکی خراپ زۆر خراپتر ناکات لە کاتێکدا هەست بە بێهیوایی دارایی دەکەیت، «بەهانەکانی دژی قومار زۆربەی هێزەکانی لەدەست دەدات.»

کەواتە چی بکرێت؟ (١) بیر لە هەژاران بکەوە. ئێمە هەژاران لەبیر ناکەین یان «لە دوورەوە ڕاوەستابین و چاو دەگێڕین لە گەمژەیی ملیۆنان دۆلار کە لە کەسانێکەوە دەچێتە ناو خەزێنەی وڵاتەوە لەلایەن کەسانێکەوە کە بەزەحمەت دەتوانن حیسابەکانیان بدەن.» بەڵکو کتێبی پیرۆز بانگەواز بۆ مێشک و دڵمان دەکات بۆ ئەوەی لەبەرچاویان بگرین (زەبووری ٤١: ١؛ ١١٣: ٧؛ پەندەکان ١٤: ٣١؛ ١٧: ٥؛ ٣١: ٩). (٢) ڕەتکردنەوەی پشتگیری دارایی لە هەر دامەزراوەیەک کە هەژاران بە نێچیر بکات. (٣) داکۆکیکردن لە هەژاران. «پێویستە بیرکردنەوە و نوێژکردن و داکۆکیکردن و وەبەرهێنان و پلاندانانمان تەرخان بکەین بەرەو لابردنی بەربەستە ناپێویستەکانی بەردەم کاری بەرهەمدار و دامەزراندنێکی قازانجبەخش لەنێو هەژارانەدا، لابردنی هاندان و سەرنجڕاکێشان بەرەو بەفیڕۆدان و لەناوبردن و

a ئەڵقەی ١٨٢٠: «چۆن ترسی پارە پەرستشمان لەناودەبات» (١٠ی ئابی ٢٠٢٢).

نابەرپرسیاریێتی، لەبری ئەوە هەوڵبدەین هاندانەکان بەرەو دڵخۆشکردنی داهاتوو بن، وە، لە کۆتاییدا، دروستکردنی بەرپرسیاریێتی و هیوا بۆ ژیانی خەڵکی، لە ڕێگەی ئینجیلەوە.»[a]

ئایا بازاڕی بۆرسە وەک قومار نییە؟

لە ڕاستیدا، پارە هەمیشە مەترسیدارە. «تۆ دەینێژیت، و ڕەنگە بڕزێت. دەتوانیت لە ماڵەکەدا بیشاریتەوە، بەڵام ڕەنگە خانووەکە بسوتێت، تۆ دەتوانیت لە بانک دابنێیت، ڕەنگە بانک مایەپووچ بێت، وە لەوانەیە ئەو حکومەتەی بیمەی دەکات بڕوخێت. دەیخەیتە ناو پشکەکانەوە کە بنەمای جیاوازی پاراستنی سامانی هەیە، ڕەنگە هەموویان مایەپووچ بن. بەڵێ، هیچ دەرفەتێکی هەڵهاتن لە مەترسی نییە کاتێک لەم جیهانەدا باس لە پارە دەکرێت -یان لەوبارەیەوە، هەر شتێک لەم جیهانەدا بکرێت.

کەواتە ئایا وەبەرهێنان لە بازاڕی بۆرسە وەک قومارکردن مەترسیدار نییە؟ نەخێر، لەبەر سێ هۆکار. (١) «وەبەرهێنان واتا ڕێگەدان بە کەسێکی دیکە پارەکەت لەو پرۆژانەدا بەکاربهێنێت کە پێتوایە بەشدارن لە چاکەی گشتیدا، لە کاتێکدا قومارکردن واتا پشتگیریکردنی سیستەمێک کە بەرهەمەکەی پێچەوانەی چاکەی گشتی بێت، بەتایبەتی وێرانکەری هەژارانە.» (٢) قومار هەموو شتێکە یان هیچ. وەبەرهێنان لە بازاڕی بۆرسە بە دەگمەن زەرەرێکی تەواوەتییە. (٣) قومارکردن ئەگەری زیانێکی زۆرە، بەڵام بازاڕ ڕێگەت پێدەدات پلەی کەمی مەترسی هەڵبژێریت.

داو جۆنز[b] لە قومارکردن ژیرترە، بەڵام وەبەرهێنانێک هەیە کە بەهاکەی لە هەردووکیان زیاترە، هەرچەندە زۆر مەترسیدارترە، چونکە «ڕەنگە لە پرۆسەکەدا ژیانت لەدەست بدەیت.» بەڵام ئەم وەبەرهێنانە هەروەها «تەواو دڵنیاییە»، کەوا دڵنیایی گەورەترین پاداشتی هەیە لە هەر پاداشتێکی دیکە لە گەردوونداً.» وەبەرهێنانێکە لەناوناچێت بە مایەپووچی، یان هەڵکشانی بازاڕ، ژەنگ، تەمەن، هەڵاوسان، دزی، یان چەتە (مەتا ٦: ١٩-٢١؛ لۆقا ١٢: ٣٣؛ یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧-١٩). لە کۆتاییدا، «جەختکردنەوەی سەرەکی لە ژیانی دارایی باوەڕدار بە مەسیح نابێت ئەوە بێت کە چۆن کەمترین مەترسی و زۆرترین قازانج لە بازاڕی بۆرسەدا بکرێت، بەڵکو چۆن زۆرترین قازانجی هەمیشەیی بەدەست بهێنرێت لە ڕێگەی زۆرترین بەخشندەیی لەپێناو ئەو هۆکارانەی کە خودا شکۆمەند دەکەن و گوناهباران ڕزگار بکەن لە ئازار و بە تایبەتی ئازاری ژیانی هەتاهەتایی.

سەبارەت بە گەندەڵی کۆمپانیاکان، چۆن دڵنیا بین لەوەی وەبەرهێنان ناکەین لە کۆمپانیا

---

a ئەڵقەی ١٧٣٢: «چۆن تیروپشک هەژاران دەکاتە نێچیر» (١٧ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢).

b یەکێکە لە کۆنترین و ناسراوترین پێوەرەکانی بازاڕی بۆرسە لە جیهاندا، وەک نیشاندەرێک بۆ کاریگەری بازاڕی بۆرسەی ئەمریکا بەکاردێت بە تایبەتی پشکی کۆمپانیا پیشەسازییە گەورەکان -وەرگێڕ.

خراپ بەکارهێنەر و هەڵەکاندا؟ «هێندەی من بزانم، تۆ ناتوانیت دڵنیا بیت. ناتوانیت ئەمە بزانیت. بەڵام بۆ هەر دۆلارێک کە لە بازاڕدا خەرجی دەکەیت وایە.» ڕەنگە فرۆشگایەکی ناوخۆیی بەرەیەک بێت بۆ خراپە. «هەر زنجیرە فرۆشگایەکی جلوبەرگ کە تۆ کراسێکی لێ دەکڕیت، ڕەنگە کڕیکارانی بیانی بە خراپ بقۆزێتەوە.» بە باشی لێکۆڵینەوە بکە. هەرگیز وەبەرهێنان لە خراپەکاریدا مەکە. بەڵام ئەوەش بزانە کە «تۆ بەرپرسیار نیت لە هەموو ئەو کارانەی کە کەسێک ڕەنگە بیکات بۆ خراپ بەکارهێنانی پارەکەت، هەروەک چۆن کارگەی خۆێ بەرپرسیار نییە لە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.»[a]

ئایا مەسیحییەکانی ئەم سەردەمە وەبەرهێنەرێکی لێهاتوون؟

نەخێر، زۆرجار نا. عیسا نموونەی سەرکاری ناپاک بەکاردەهێنێت بۆ تیشک خستنە سەر ئەوەی کە جیهان چەندە زیرەکە لە پارەدا. لەم حاڵەتەدا بەڕێوەبەرێک کە خەریکە لە کارەکەی دوورەخرێتەوە، لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئاڵوگۆڕی دەکات بۆ ئەوەی خاڵ بەدەستبهێنێت و یارمەتییەکان هەڵبگرێت و کاریگەری کەسی بەدەستبهێنێت کە دواتر پارەی بۆ دەهێنێتەوە (لۆقا ١٦: ١-١٣). هەنگاوێکی فێڵبازانەیە. بە بەراوردکردن، زۆرجار مەسیحییەکان زۆر کەمتر لێهاتوون لە جیهانی وەبەرهێناندا. بەڵام عیسا دەڵێت لێهاتوویی دارایی لە کۆتاییدا بێ بایەخە.

مەسیحییەکان چاویان لە دەستکەوتی هەتاهەتاییە، نەک سەرکەوتنی دارایی خێرا. کەواتە «ڕەنگە تۆ لە بازاڕی بۆرسە هێندە زیرەک نەبیت، بەڵام بزانە چی؟ گرنگ نییە؟ ملیار سالّت لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی چێژ لە وەبەرهێنانەکەت وەربگریت.» پارەکەت بەکاربهێنە بۆ قازانجی هەتاهەتایی، هەروەک عیسا دەڵێت، سامانی دونیا چارەنووسی ئەوەیە «شکست»ت پێبهێنێت (لۆقا ١٦: ٩). «شکست» (ἀνέκλειπτος) وشەیەکی هاندەرە بۆ ئەوەی بیرمان بخاتەوە کە پارە کاتییە و بەسەردەچێت (لۆقا ١٢: ٣٣). بەڵام «دۆستایەتی» لە مەتەڵەکەدا وەردەگێڕدرێت بە بەکارهێنانی پارە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی. «ئەوە ڕێگای کۆکردنەوەی گەنجینەیە لە ئاسمان کە شکست ناهێنێت.» ئەوە زیرەکانەترین وەبەرهێنانە. «لێرەدا خاڵە بنەڕەتییەکە ئەمەیە؛ خەمی ئەوەت نەبێت کە وەبەرهێنەرێکی لێهاتوو بیت لەم سەردەمەدا، کە داهاتوویەک دابین بکەیت تەنها شکست دەهێنێت.» بەڵکو «سەرچاوەکانت بەکاربهێنە بۆ ئەوەی هەتا دەتوانیت چاکە بکەیت بۆ شکۆمەندی خودا و چاکەی هەمیشەیی کەسانی دیکە.» ئەمە شارەزایی دارایی ڕاستەقینەیە.[b]

---

a ئەڵقەی ١٣٠٥: «ئایا وەبەرهێنان لە پشکەکاندا لە قومارکردن باشترە؟» (٢١ی کانونی دووەمی ٢٠١٩).

b ئەڵقەی ١٢٧٣: «ئایا عیسا لە بەشی ١٦ی ئینجیلی لۆقا دەستخۆشی لە ناپاکی دەکات؟» (٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨).

دەربارەی مڕومۆچی، تۆران و بەزەیی بەخۆداهاتنەوە

بەزەیی بەخۆتداهاتن، وێرانکەری ماڵەکان

«بریندارببوون بە هۆی بەزەیی بەخۆداهاتن بەڕاستی هەندێک پەیوەندی خراپی لێدەکەوێتەوە لە ماڵەوە.»[a] بابەتەکە کاتێک سەریهەڵدا کە گوێگرێک پرسیاری ئەوەی کرد کە جۆن پایپەری ئێستا چ ئامۆژگاریەک پێشکەش بە جۆن پایپەر دەکات کەوا تازە هاوسەرگیری کردووە.

یەکەم ئامۆژگاری ئەوەیە کە سەرسام بیت بە هاوسەرگیری. «چاوەکانت هەڵبڕە، ئەی جۆن پایپەری -جۆن پایپەری گەنج، تازە هاوسەرگیری کردوو. چاوەکانت هەڵبڕە بۆ ئەوەی بزانیت لێرە خۆت تووشی چی کردووە- نهێنیەکی سەرسوڕهێنەرە و خودا دروستی کردووە.» لە هاوسەرگیریدا، هاوسەرە باوەڕدارەکان -وە تەنانەت هاوسەرە بێباوەڕەکانیش- لە ئاسماندا لەلایەن خودا‌وە بەیەکتر گەیەنراون (مەرقۆس ١٠: ٩). «من دەمگوت: جۆن، تەماشا ئەو نهێنییە بکە بزانە خۆشەویستیت بۆ ئەم ژنە چییە. ئەمە دەریایەکی بێ کەنارە لە دانایی. خۆشتبووێت وەک ئەوەی مەسیح کڵێساکەی خۆشویست.» (ئەفەسۆس ٥: ٣١-٣٢). وە ژیانت لە مەسیح وەربگرە، نەک لە هاوسەرەکەت، ئەگینا هاوسەرگیرییەکەت «دەرەنجامی پێچەوانەی دەبێت، چونکە بەردەوام هێزی خۆشەویستیت لە خۆشەویستییەکەی ئەو وەردەگریت لەبری ئەوەی لە خۆشەویستی مەسیح بۆ تۆ و لە ئینجیلدا وەریبگریت.»

پاشان بە بەکارهێنانی وشەی ڕاستگۆیانە ئامۆژگاری خۆی کرد لەسەر بەزەیی بەخۆداهاتن. «جۆن پایپەر، تۆ گەنجیت، وە پێویستە بزانیت کە ئەمە بە درێژایی ژیانت دەبێتە کێشەیەک بۆ تۆ. واز لەوە بهێنە کە منداڵێکی بچووک بیت پێویستت بە بەزەیی بێت، وە پێویستت بەوە بێت دایکت «ماچ»ت بکات و بتلاوێنێتەوە هەتا باشتر دەبیت. واز لە مڕومۆچی و تۆران بهێنە کاتێک ئەوەی دەتەوێت بەدەستی ناهێنیت، ئەمە ڕەفتارێکی پێنەگەیشتووە و لە تۆدا ڕەگی داکوتاوە. بەردەوام بێهیوا دەبیت، چونکە تۆ کەسێکی زۆر هەوڵ دەدەیت بۆ تەواوەتی، بۆیە، خواستەکانت بەو شێوەیەی کە دەتەوێت تێر نابێت. لەبری ئەوەی بەزەیت بەخۆدابێتەوە، ئەی جۆن پایپەر، هێز لە مەسیح وەربگرە. هێز لە مەسیح وەربگرە بۆ ئەوەی واز لە کاردانەوەی خێرا بهێنیت، لەبری ئەوە، دەستپێشخەری بەهێزت هەبێت بۆ ئەم خێزانە، گەشە بەم خێزانە بدە. ئەم خێزانە مەقۆزەوە، وە پێداویستییەکانتان دابین ناکات، واز بهێنە لەوەی بتۆڕێیت. لەم سووچە وەرە دەرەوە، بۆ

a ئەڵقەی ١١٨٠: «چۆن میهرەبانی بۆ منداڵەکانم دەربڕم و چاوەڕێی ئەوە بکەم کە گوێڕایەڵ بن؟» (٤ی نیسانی ٢٠١٨).

هێز و هیوا چاوت لە مەسیح بێت. خێزانەکەت پێویستیان بەوەیە تۆ ڕابەریان بیت، نەک بە خراپە ڕووبەڕووی خراپە ببیتەوە.»[a]

جەنگێک بکە لەگەڵ مرۆمۆچی (وانەیەک لە مۆڵەتێکەوە)

قەشە جۆن لە ساڵی ٢٠١٠ مۆڵەتێکی وەرگرت بۆ پێداچوونەوە بە لایەنەکانی ژیانی: هاوسەرگیری، پەرستن، باوکایەتی، قەشایەتی، ژیانی گشتی. لەدوای سێ ساڵ، لێیم پرسی ئایا هیچ وانەیەکی بەردەوام لەو مۆڵەتەدا لە یادەوەریدا ماوەتەوە؟

لە لوتکەی بیرەوەریدا وانەیەک هەبوو سەبارەت بە جەنگی گوناهی بەزەیی بەخۆداهاتن. «بە درێژایی ژیانی گەورەییم، بە توندی جەنگی گوناهی هەوەسم کردبوو -فریودانی سێکسی- وە بە تووندی دەڵێم، چونکە عیسا فەرموویەتی: «ئەگەر چاوی ڕاستت تووشی گوناهی کردیت، دەریبهێنە و فڕێبدە» (مەتا ٥: ٢٩-٣٠). واتا ئەمە زۆر مەترسیدارە.» ئەم بەئاگاهاتنەوەیە بووە هۆی ئەو دۆزینەوە «گەورە» و «زۆر گرنگە» کە هەرگیز لەبیری نەکردبوو: «من بە هەمان شێوە هێرشم نەکرد، بە دەرهێنانی چاو و بڕینی دەست، بۆ سەر گوناهەکانی وەک کاردانەوەی تووند، بێهیوایی، تووڕەیی، بەزەیی بەخۆداهاتن، تۆران و مرۆمۆچیم.» بەڵکو «من هەستێکی نائەڵانیم پێکهێنابوو -ڕەنگە من ئەوەم دەرنەبڕیبێت- کە ئەو گوناهانە تەنها ئەو کەسەن کە منم.» دەبووا بەرەو گۆڕانی مەزاج، تۆران، بە ئاسانی بێهیوابوون، تووڕەیی، «یان کاردانەوەی تووند،» هەموویان وەک کەسایەتی من گریمانە دەکران. ئەمە هەڵچنینە، «وەک ئەوەی من هەڵنەچنرابووم بۆ ئەوەی هەوەسم هەبێت، مەبەستم ئەوەیە، تۆ نائەڵانییەکەی دەبینیت.»

ئەو شکستی هێنا لە جەنگ لەگەڵ بەزەیی بەخۆداهاتن وەک ئەوەی لەگەڵ هەوەسدا کردبووی. بۆیە داوای لە خۆی کرد واز لە بیانووهێنانەوە بهێنێت و بەدوای چڕبوونەوەیەکی زیاتردا بگەڕێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم گوناهانەی کە پەیوەندییەکان لەناودەبەن. ڕەنگە «جەنگ لە دژی مرۆمۆچی» وەک دروشمێکی سەیر دەربکەوێت، بەڵام پیاوان پێویستیان پێیەتی. «ئێمە دەگەڕێینەوە ماڵەوە، وە ژنەکانمان بەو شێوەیە پێشوازیمان لێناکەن کە ئێمە هیوامان دەخواست، یان نایانەوێت ئەمشەو بچنە ئەو شوێنەی کە ئێمە دەمانەوێت بچین، یان بەو شێوەیە سێکس ناکەن کە ئێمە هیوامان دەخواست سێکس بکەن، یان ئەو خواردنە دڵخوازەمان ئامادە ناکەن، یان ڕەخنەمان لێدەگرن. وە ئێمە ئەمڕۆ لە شوێنی کارەکەمان زۆر ڕەخنەمان لێگیراوە. دەچینە گۆشەیەکی ماڵەکە و شانمان دەچەمێنینەوە، بڕینەکانمان دەلێسینەوە و دەڵێین، "ئەی منی هەژار،" وەک تولە سەگێکی

a ئەڵقەی ١٤٤: «چ ئامۆژگاریەکت دەدایە جۆن پایپەر کە تازە هاوسەرگیری کردبوو؟» (٦ی ئابی ٢٠١٣).

بچووکـمان لێدێـت. ئـەوە ڕەفتارێکـی گەمژانـە، خراپـەکاری، لاواز، ناپیاوانەیـە و ڕەفتارێکـە ڕۆحییانە نییـە. بـە هەمـان «هێـز و تونـدی» کـە بەرەنگاریـی هـەوەس دەبیتـەوە، بەرەنگاریـی بەزەیـی بەخۆداهاتـن ببـەوە. ئەمـە وانەیەکـی نەمـرە.[a]

ئـەم جەنگـە گوناهـی مـرۆڤ پووچـەڵ دەکاتـەوە بـۆ دووبەرەکـی نێر/مـێ، ئەقڵانـی/ سـۆزداری. بـۆ نموونـە لـە یەکـەم سـاموئێل بەشـی ٢٥، ئەبیگایـل «بـە ڕوونـی لەسـەرخۆتر و ژیرانەتـر مامەڵـەی کـرد لەگـەڵ داود، بـە بـەراورد لەگـەڵ هاوسـەرە گەمژەکـەی، نابـال، کـە ناوەکـەی بـە واتـای گەمـژە دێـت، کـە کێشـەی گۆڕانـی مەزاجـی هەبـوو و بـەرەو گـۆڕی بـرد.» یـان ئیزابێـل بـە نموونـە وەربگـرە، کـە «ئەقڵێکـی سـەخت و زیـرەک و لەسـەرخۆی هەبـوو بـۆ ئـەوەی ناڤۆتـی ڕاستودروسـت بخاتـە تەڵـەوە، لـە پیلانێکـدا بـۆ دزینـی باخـی ترێیەکـەی، هەتـا هاوسـەرە خەمبارەکـەی بتوانێـت لـە بەزەیـی بەخۆداهاتنـی دەربچێـت، چونکـە نەیدەتوانـی هەندێـک مووڵـک و ماڵـی بچووکـی هەبێـت کـە دەیویسـت هەیبێـت.»[b]

لـەدوای حـەوت سـاڵ لـە مۆڵەتەکـەی قەشـە جـۆن، پیاوێـک پرسـیاری ئـەوەی کـرد کـە چـۆن ئـەم پاڵنـەرەی تووڕەبـوون لـە هاوسـەرەکەی بکوژێـت. چـۆن دەیتوانێـت واز لـە کاردانـەوە بهێنێـت بـە داخسـتنی دەم و مڕومۆچـی و تـۆران و پشتگوێخسـتنی؟ پێشـتر لـە سـەرەتای ژیانیـدا ئەمانـە شـێوازی ئاشـنا بـوون لەلایـەن قەشـە جـۆن، وە مۆڵەتەکـەی ململانێـی بەردەوامـی گوناهـی لەگـەڵ «خۆپەرسـتی، تووڕەیـی، بەزەیـی بەخۆداهاتـن، خێرابـوون لـە تاوانبارکـردن و ڕەشـبینی» ئاشـکرا کـرد. گوناهـی بەزەیـی بەخۆداهاتـن «کاتێـک سـەر هەڵـدەدات کـە هەسـت بـە بریندارېـوون دەکـەم. کەسـانی دیکـە دەتوانـن لـە منـدا بزانـن کـە دەمەوێـت سەرسـام بـم یـان بەزەییـم بەخـۆدا بێتـەوە بـۆ هەسـتی بریندارم یـان خـراپ مامەڵـە لەگەڵکرانـم لەلایـەن کەسـێکەوە کـە دەمەوێـت کەسـانی دیکـە بزانـن، بیناسـن و بەزەییـان پێمـدا بێتـەوە.» پاشـان ڕەشـبینی یـان مڕومۆچـی دێـت، «بێهیوایـی نوقمبـوو، گۆڕانـی مـەزاج، بێهیوایـی، بـێ کاردانـەوە، نەبوونـی هەسـتی دابـڕان.» وە «کاریگەرییەکـەی لەسـەر هاوسـەرگیری ئەوەیـە کـە ژنەکـەم هەسـت بـە تاوانبارکـردن و پەسـەندنەکردن دەکات نـەک بـە بەهـاداری و گرنگیـدان پێـی. هەسـتە ناسـکەکان دەسـت دەکـەن بـە مـردن، هیـوا نامێنێـت، هێـز بـۆ بەردەوامـی لـە سـەختییەکانی خزمەتکـردن کـەم دەبێتـەوە. ئەمـە دەستنیشـانکردنی منـە.»

دەبێـت گوناهـی تـۆران چارەسـەر بکرێـت. مەسـیح هێـزی گوناهـی لێخۆشـبوو دەشـکێنێت، هـەروەک سروودە کۆنەکـە دەڵێـت. «خـاچ بـە بـاوەڕ گوناهـەکان دەسـڕێتەوە بـۆ هەمـوو ئەوانـەی باوەڕیـان بـە عیسـا هەیـە.» تەنهـا لـە مەسـیحدا هیـوا و هێـزی ئەوەمـان هەیـە کـە شکسـت بـە گوناهەکەمـان بهێنیـن.

---

a ئەڵقەی ٢٢٠: «لەگەڵ تووڕەیی بجەنگە» (٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ١١٨١: «ئایا کێبی پیرۆز ژنان وەک کەسێکی سۆزدار و پیاوان وەک ئەقڵانی نیشان دەدات» (٦ نیسانی ٢٠١٨)

جەنگی قەشە جۆن لە دژی بەزەیی بەخۆداهاتن، ئێوارەیەکی ساردی یەکشەممە وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوەی بەخۆیەوە بینی. «کەشوهەواکە لە دەرەوە ئارام و بەفراوی بوو، من و نوێل و تالیسا بە تەنها لە ماڵ بووین. چاوەڕێی شتێک بووم کە بتوانین پێکەوە بیکەین. چاوەڕوانیم هەبوو -وە دەزانیت چۆن بێهیوایی و تورەیی لە چاوەڕوانی تێکشاوەوە دێت. تالیسا لە ژووری نانخواردنەوە هاتە ژوورەوە و گوتی، «من و دایکم دەچینە سەر کۆمپیوتەرەکە و تەماشای فیلمی سوپرنانی دەکەین.» ئەوان لەسەر کورسی دانیشتن و دەستیان کرد بە تەماشاکردنی. تەنانەت هیچ شتێکیان بە من نەگوت. پرسیاریان نەکرد. هیچ شتێکیان بۆم ڕوون نەکردەوە. پێشنیاری هیچ شتێکی دیکەیان نەکرد. من هەستم کرد جۆن پاپیەرێکی لاوازی بچوکم. هەستم کرد پشتگوێ خراوم. ئێستا، لەو ساتەدا، جۆن پاپیەری پیر هەست دەکات بە تووڕەیی و بەزەیی بەخۆداهاتن، لۆمەکردن، ڕەشبینی.» لە بەرامبەردا، چووە سەرەوە بۆ ژوورەکەی و جەنگێکی هەڵگیرساند. لەوێدا «بە هێزی خودا لە ڕۆحی پیرۆزیدا؛ مێشکم و دڵم ئاراستە کرد بەرەو بەڵێنەکانی خودا، دڵنیایی خاچ، خۆشەویستی خودای باوکم، سامانی میراتەکەم، وە نیعمەتی ئەو ڕۆژەی پەروەردگار کە ئەو بەیانییە بەسەرمدا ڕژاندبووی، پشوودرێژی و خۆڕاگری مەسیح، وە ئەو ڕاستییەی کە ژن و کچەکەم لە مێشکی خۆیاندا پەراوێزییان نەخستبووم. ئەو ڕاستیانەم لەبەرچاوم گرت. تووڕەیی و بەزەیی بەخۆداهاتنەوەم و تاوانبارکردن و ڕەشبینیم لەناوبرد. کپم کردەوە بەرگریم کرد هەتا خۆمۆشم کرد. کاتێکی دیکەی ئەم شەوە چوومەوە نهۆمی خوارەوە، بۆ نوێلم باسکرد -بە شێوەیەک پێشتر وام نەکردبوو، بەبێ هیچ ئاماژەکردنێکی شاراوە یان شێوەزارێکی حوکمنەدا، ئەمەش پەرجوو بوو- من سەرسام بووم چونکە شتێکمان پێکەوە نەکرد. بە ئارامی بابەتەکەمان چارەسەر کرد. بە بەراورد لەگەڵ ئەو شێوازانەی پێشتر کاروبارەکانمان پێ بەڕێوە دەبرد، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو.» کاتێک هەستی بەزەیی بەخۆداهاتن سەرهەڵدەدات، «گوناهەکەت بە بەخشراو هەژمارد بکە،» پاشان گوناهەکە «ببە» «بۆ ژوورێک لە شوێنێک» و «بۆ ماوەی کاتژمێرێک بە بەڵێنەکانی خودا وەک چەکوش لێیبدە.»[a]

بەزەیی بەخۆداهاتن، ئەو «ئارەزووەی کە کەسانی دیکەهەست بە برینەکانم بکەن و سەرسام بن کە هێندە خراپ مامەڵەم لەگەڵ کراوە» دەبێت بمرێت. وە دەکرێت بمرێت ئەگەر «گوناهێکی لێخۆشبوو» بێت. ئەو گوناهانەی کە لەسەر خاچ سڕاونەتەوە، دەبێت «بکوژرێن بە درکپێکردن، هەوڵدان، باوەڕ، ڕۆحی پیرۆز -نەک بە هێواشی لەناوبچێت.» لە مردنی مەسیحدا، ئێمە سەبارەت بە گوناە مردین (ڕۆما ٦: ٢). لە ئەنجامی مردنمان سەبارەت بە گوناە، ئێستا گوناهەکانمان دەکوژین (ڕۆما ٨: ١٣). وە لە مردنی مەسیح، لێخۆشبوونمان

a ئەڵقەی ١٢٢٧: «جەنگ لە دژی حەزی بەزەیی بەخۆداهاتنەوە» (٢٣ی تەممووزی ٢٠١٨).

وەرگرت. ئێستا دەبێت ئێمە لە کەسانی دیکە خۆشبین (ئەفەسۆس ٤: ٣٢؛ کۆلۆسی ٣: ١٣). «بە دەربڕینێکی دیکە، خودا مەبەستیەتی کە پیرۆزکردنی من دژایەتییەکی هۆشیارانە و بە خواست بۆ تاوانە تایبەتەکان لە ژیانمدا بگرێتەوە. لە فریودانی سێکسی ئەمە پەیڕەو کرد، پێموایە سەرکەوتنێکی بەرچاوم بەدەستهێنا لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو یان لە زیاتر. بەڵام بە هۆکارێک، نەمتوانی هەمان خواستی تووندوتیژی پەیڕەو بکەم بۆ کوشتنی گوناهی خۆپەرستی و تووڕەیی و بەزەیی بەخۆداهاتن زوو لۆمەکردنی کەسانی دیکە و مڕومۆچی.»[a]

کاتێک ئازارمان پێدەگات، یان پێزانینیان بۆمان نییە، چۆن کاردانەوەمان هەبێت؟

دڵتەنگی لەناو ماڵ بەرپا دەبێت کاتێک دایک و باوک پێزانیان نییە بۆ کاری منداڵەکانیان، کاتێک منداڵان سوپاسی دایکیان ناکەن بۆ قوربانیدانی ڕۆژانەی، وە کاتێک ژن و مێرد یەکتری پشتگوێ دەخەن. «تەنها کونێکی ڕەشە -کەس تێبینی ناکات؛ کەس باسی هیچ شتێک ناکات.»

کاتێک هەست بە بێ بایەخی دەکەین، پێویستمان بە هۆشیاری خوداییە (یەکەم پەترۆس ٢: ١٩). پێویستە بزانین کە ئەو دەزانێت (مەتا ٦: ٤؛ عیبرانییەکان ٦: ١٠). هەموو کارێکی چاک کە ئەنجامی دەدەیت «لە کتێبێکدا تۆمار دەکرێت، گرنگ نییە ئەگەر کەسی دیکە لە جیهاندا دەریببڕێت -منداڵ، هاوسەر، دایک و باوک، باپیران، هاوکار، هاوڕێ، هاوژوور -ئەوان هەرگیز یەک وشە نەڵێن؛ خودا تۆماری دەکات. دەتوانین بچینە ژوورەکانمان و لەپێناویدا نوێژ بکەین، "لە نێو هەموو ئەو کەسانەی جیهان کە حەز دەکەم هەمبێت، تۆ گرنگترینیت. وە دەمەوێت سوپاست بکەم کە تێبینیت کردووە و پەسەندت کردووم. وە تۆم خۆشدەوێت و پێویستم بە تۆیە و متمانەم پێت هەیە. وە ئایا ئێستا ئەو نیعمەتەم پێدەبەخشیت کە دوور بم لە بەزەیی بەخۆداهاتن، وە بەردەوام بم و خۆشەویستیم هەبێت؟"»

ئەمە هەمووی پەیوەستە بە خودا. «خودات لەبیر بێت. درک بە خودا بکە. متمانەت بە خودا هەبێت. خودا پاداشتت دەداتەوە بۆ هەموو ئەو کارە چاکانەی بۆ کەسانی دیکە کردووتە لە کاتێکدا هیچ کەس درکی پێ ناکات. وە خودا تۆڵەت بۆ دەکاتەوە بۆ هەموو ئەو خراپانەی کە بەسەرتدا هاتووە کاتێک کەسی دیکە نایزانێت، بۆیە ئێستا، ئەگەر باوەڕت بەم خودایە هەبێت، ئەگەر ئەو لەلای تۆ ڕاستەقینەیە، ئەگەر تۆ ئاگاداری بوونی ئەو بیت، ئەگەر پشتی پێ ببەستیت، ئەوا دەتوانیت ڕزگار بیت لە بەزەیی بەخۆداهاتن. وە من ئێستا بانگهێشتت دەکەم -لێت دەپاڕێمەوە- واز بهێنە لە نیر و باری بەزەیی بەخۆداهاتنی ژیان تێکدەر». «بەزەیی بەخۆداهاتن ژیان تێکدەدات. ناتوانیت هیچ شتێک

a ئەڵقەی ١٥٠١: «چۆن لەگەڵ بەزەیی بەخۆداهاتن بجەنگم؟» (٢٠ی تەممووزی ٢٠٢٠).

ببینیت. جوانی نابینیت. مرۆڤەکان نابینیت. ناتوانیت هیچ شتێکی تەندروست بکەیت یان هەستی گەورەت هەبێت.» هیچ شتێکی «باڵا» لە ژیانێکەوە نایەت کە گلەیی بکات و بەدوای تۆڵەسەندنەوەدا بگەڕێت.[a]

خودا تۆڵەی هەر ستەمێک دەکاتەوە کە بەرامبەرت کراوە. بە لەبەرچاوگرتنی خۆشی هەتاهەتاییمان، بانگهێشت کراوین بۆ ئەوەی وەڵامی خراپە بە چاکە و نیعمەت بدەینەوە (لۆقا ٦: ٢٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٢:٤-١٣؛ یەکەم پەترۆس ٣: ٩). لە کۆچ «سەرچاوەی سۆزداری» بۆ ئەمە دەدۆزینەوە؟ «دەبێت مەسیحمان هەبێت بۆ ئەوەی سەرچاوەی پێویستمان هەبێت کەوا بە شێوەیەکی هاندەرانە و هیوابەخش و ژیرانە کاردانەوەمان هەبێت بەرامبەر ئەو کەسەی ستەمی لێکردووین، لەبری ئەوەی بە تووڕەییەوە، یان بە بەزەیی بە خۆداهاتن، یان بە گریان، یان بە بۆڵەبۆڵ، یان بێدەنگی، یان بە شێوەیەکی سارد مامەڵە بکەن. دەتوانیت گوێ بگریت لە ئاشنابوونم بە گوناهەکەم. ئەمە ئەو پەرجووە گەورەیەیە کە ڕۆڵەکانی خودا دەیانەوێت ئەزموونی بکەن؛ بەڵای کەم، جۆن پایپەر.[b]

بەزەیی بەخۆداهاتن لە شوێنی کار و لە خزمەتدا

بەزەیی بەخۆداهاتن ماڵەکان وێران دەکات. بەڵام هەروەها لە کارکردنیشمان دەردەکەوێت. «ئایا هەرگیز پێشتر هەستت بە نیگەرانی کردووە لە شوێنی کارەکەت و بەزەییت بە خۆتدا هاتبێتەوە، برینەکانی خۆت تیمار بکەیت چونکە کەسێک بە خراپە بەرامبەرت قسەی کردووە، یان پلە بەرزکردنەوەت وەرنەگرتووە؟ کتێبی پیرۆز سەرزەنشتی لە بەڕێوەچوونی ژیان، کە یارمەتیمان دەدات مامەڵە لەگەڵ بەزەیی بە خۆداهاتنەوە بکەین.»[c]

گوناە تەنانەت لە خزمەتیشدا سەر هەڵدەدات، بە تایبەتی ئەگەر هەست بە کەمی بەهرە بکەین. لەبری ئەوەی لە لاوازییەکانمان هەست بە نائارامی بکەین، پێویستە پێی ڕازی بین، چونکە لاوازییەکانماندت هێزی خودا شکۆدار دەبێت (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٧-١٠). «من ماوەیەک وازم لە وانەگوتنەوە لە کۆلێژ هێنا، چونکە دەمزانی هەرگیز ناتوانم ببمە زانایەکی گەورە. زۆر بە هێواشی دەخوێنمەوە. بە کەمی شتم لەیاد دەمێنێتەوە. زۆرجار بەو شتە دڵتەنگ دەبووم و لەو بارەیەوە بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە. بەڵام خودا هێزی خۆی لە لاوازی ئێمەدا نیشان دەدات. بۆیە پایپەر بیری خۆی دەخاتەوە: «باشە،

a ئەڵقەی ١٥٢٠: «هەست دەکەم کە پێزانینیان نییە بۆم -کاردانەوەم چۆن بێت؟» (٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٠).
b ئەڵقەی ١١٨٤: «ئایا بەڕاستی لە کەسێک خۆش بووم، ئەگەر بەردەوام هەڵەکەیم لەبیرە؟» (١٣ی نیسانی ٢٠١٨).
c ئەڵقەی ٤٣٤: «ئایا پێویستە ڕۆژانە کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە؟» (٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

مـن شکسـت دەهێنـم لـە خوێندنـەوەی خێـرا، شکسـت دەهێنـم لـە بیرهێنانـەوەی زۆر شـت، کەواتـە پێویسـتە داوا لـە خـودا بکـەم لـەم لاوازییـەدا ببمـە باشـترین کـەس بـۆ شـکۆمەندی ئـەو. لەبـری ئـەوەی بەشـە بچووکەکانـی کتێبـی پیـرۆزی بـە قوولّـی شـی دەکـردەوە، لـەو دەقانـەدا «گەنجینەکانـی دەردەهێنـا» و ڕایدەگەیانـد. «وە خەڵکـی یارمەتییـان لـە توانـا سـنووردارەکەی مـن وەردەگـرت، چونکـە وام لـە خـۆم کـردووە لەبـری پارچـەی دەقـە گـەورەکان تەماشـای پارچـە بچووکەکانـی دەقـەکان بکـەم، وەک ئەوەی کاتـم نەبووە هەمـوو کتێبـەکان بخوێنمەوە.»[a]

هەروەهـا بەزەیـی بەخۆداهاتـن پەیوەندیـمان لەگـەڵ خـودا تێکـدەدات. عیسـا هۆشـداری دا «لـە بەرامبـەر جۆرێـک لـە بەزەیـی بەخۆداهاتـن، کاتێـک لەپێنـاوی قوربانـی دەدەیـن.» لـەدوای ئـەوەی عیسـا ئـەو فەرمانـڕەوا گەنجـە دەوڵەمەنـدەی دەرکـرد کـە ئـەم جیهانـەی زۆر خۆشدەویسـت، پەتـرۆس گوتـی: «ئەوەتـا ئێمـە وازمـان لـە هەمـوو شـتێک هێنـاوە و دوات کەوتووین» (مەرقـۆس ١٠: ٢٨). بـە دەربڕینێکـی دیکـە: «عیسـا، ئێمـە لێـرەدا هەندێـک قوربانیـمان داوە.» وە وەڵامـی عیسـا بـۆ پەتـرۆس «سەرسـوڕهێنەرە.» دەفەرموێـت: «ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: کـەس نییـە مـاڵ، بـرا، خوشـک، دایـک، بـاوک، منـداڵ یـان کێڵگـەی لەپێنـاوی مـن و مزگێنییەکـەم بەجێهێشـتبێت، ئێسـتا لـەم دنیایـە سـەد ئەوەنـدە وەرنەگرێتـەوە لـە مـاڵ، بـرا، خوشـک، دایـک، منـداڵ و کێڵگـە لەگـەڵ چەوسـانەوە، لـەو دنیـاش ژیانـی هەتاهەتایـی» (مەرقـۆس ١٠: ٢٩-٣٠). خاڵەکـە ئەمەیـە: «ئـەی پەتـرۆس، بەڕاسـتی پێـت وایـە لـەو قوربانیدانانـەی کـە داوتـە، مامەڵەیەکـی خراپـت کـردووە کـە دەبێـت ببێتـە هـۆی بەزەیـی خۆداهاتنـت؟ خانووێکـت بـە سـەد خانـوو گۆڕیوەتـەوە.» ئـەوە بازرگانییەکـی خـراپ نییـە. ئەمـە «چێژێکـی پاکـی مەسـیحییە» نمایشـکراوە.[b]

a ئەڵقەی ٣٤٤: «چۆن بیر لە شکستەکانم بکەمەوە؟» (١٩ی ئایاری ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٩٩٨: «ئایا عیسای مەسیحێکی چێژخواز بوو؟» (٣ی شوباتی ٢٠١٧).

دەربارەی جنێودان و درۆکردن و قسەڵۆک

دەربارەی جنێودان

مەسیحییەکان داوایان لێکراوە لە قسەکردنیان پێوەری باڵا بەکاربهێنن. سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان و خراپ بەکارهێنانی وشەکان، چوار بنەمای گشتی هەن ڕێنماییمان دەکەن.

١. وشەی قورس بە خراپ بەکارمەهێنە. وشە قورسەکان بریتین لە: خودا، عیسای مەسیح، نەفرەت، وە دۆزەخ. بەکارهێنانی ناوی خودا بۆ شتی پووچ بە ڕوونی قەدەغەیە (دەرچوون ٢٠: ٧؛ دواوتار ٥: ١١). «ئێمە وشەکان بە ڕژدی وەرناگرین کاتێک خودا وەک وشەیەکی بەسەرچوو بەکاردەهێنین، یان عیسای مەسیح وەک وشەیەک بۆ کاتێک تەنها پەنجەم بریندار دەبێت یان شتێکی ترسناک تازە ڕوویداوە، یان نەفرەت وەک سوێندخواردنێک، یان دۆزەخ وەک سوێندێکی فڕێدراو. کێشەکە ئەوەیە کە ئەو شتانە شتی زۆر گرنگ و مەترسیدار دەگۆڕێت، وە دەیکاتە ساتێکی پووچ.» وشەی شکۆدار بچووک مەکەن.

٢. وشەی ناشیرین بەکارمەهێنە. تەواوی فەرهەنگەکانی وشەی «بێتام، نابەجێ، قسەی ناشیرین و ناشایستە» لەخۆڕا سەرهەڵنادەن. بەڵکو داهێنراون چونکە «هەموو کەلتوورێک شتێکی هەیە کە بە هێرشبەر، ناشیرین یان بەدڕەوشت دەبینێت.» وە پۆڵس پێمان دەڵێت کە خۆشەویستی بەدڕەوشتی نییە -ناشایستەیی نییە (یەکەم کۆرنسۆس ١٣: ٤-٥). پۆڵس مەسیحییەکان قەدەغە دەکات کە وشەسازییەک بەکاربهێنن کەوا کەلتوور ئەم وشانە وەک بێڕێز و شەرمەزارکەر و ناشایستە دەناسێت. ئەگەر هەر گومانێک هەبوو، پۆڵس خاڵەکە زۆرتر ڕوون دەکاتەوە: «نەک بێ شەرمی و قسەی ناشیرین و سووک کە ناشێت، بەڵکو لە جیاتی ئەمە سوپاسکردن» (ئەفەسۆس ٥: ٤).

٣. بە سوپاسەوە قسە بکە. ئەمە بەس نییە زمانی ناشیرین بەکارنەهێنیت. پۆڵس دەیەوێت ئێمە سوپاسگوزاریمان دەربڕین (ئەفەسۆس ٥: ٤). «پۆڵس بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر دڵت پڕ بێت لە سوپاسگوزاری بۆ خودا لە هەموو شتێکدا، چاودێرێک دەبێت لەسەر ئەو جۆرە وشە ناشیرینانەی کە لە دەمتەوە دێتە دەرەوە. ئەو کەسانەی زۆر حەز دەکەن وشەی بەدڕەوشتی لە دەمیان دەربژێت، زۆر قسەی پیس، زۆر قسەی توند، ناشیرین، زبر و بریندارکەر، بەگشتی زۆر تورە دەردەکەون. ئەوان کەسانێکی ڕەزامەند نین. ئەوان بە عیسا

دڵخۆش نین. گرفتێک لە دڵیان هەیە.» زمانی بەدرەوشتی ئەو قوڕاوەیە لە کاتێکدا کۆدەبێتەوە کانیاوی سوپاسگوزاری خودا وشک دەبێت.

٤. بە زمانی نیعمەت قسە بکە. لەبری ئەوەی قسەکان گەندەڵ بکەین، بە نیعمەت قسە بکە لەگەڵ کەسانی دیکە (ئەفەسۆس ٤: ٢٩). سوپاسگوزاری کاردەکات بۆ شۆردنی زمانی پیش، بەڵام پۆڵس هانمان دەدات بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە داخوا قسەکانمان بۆ مرۆڤەکان باشن یان نا. ئایا قسەکانم کەسانی دیکە بەهێزتر دەکەن؟ وە ئایا قسەکانم «مەسیح لەبەرچاویان جوانتر دەکات؟»[a]

ئایا دەکرێت باوەڕداران بە مەسیح نەفرەت بکەن بۆ سەلماندنی خاڵێک؟

لە ساڵی ٢٠٠٩، گۆرانییێژی باوەڕدار بە مەسیح و ئاوازدانەری ئەوکات، دێریک وێب، گۆرانییەکی سەبارەت بە پەتای ئایدز بڵاوکردەوە کە وشەی «s» لە تێکستەکانیدا بوو، ئەمەش وەک فریودانێک بۆ تورەکردنی مەسیحیە کۆنەپەرستەکان سەبارەت بە وشەی «نەفرەت - cuss» بۆ وروژاندنی گفتوگۆ. چی کەسی مەسیحی تورەتر دەکات؟ وشەیەکی چوار پیت، یان پەنجا هەزار کەس ڕۆژانە بە نەخۆشی ئایدز دەمرن؟ کەواتە ئایا مەسیحییەکان دەتوانن نەفرەت بکەن بۆ سەلماندنی خاڵێک؟

قسە ناشیرینەکانی دێریک وێب هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی نەکرد. بەکارهێنانی «زمانی ناشیرین یان هێرشبەر بۆ بێزارکردنی جەماوەر، وە پاشان سەرزەنشتکردنیان کە زیاتر لە زمانەکە ناڕەحەتن نەک ئەو نادادپەروەرییەی کە ماتەمینییان بۆ دەگێڕدرا» زۆر کۆنە، هێندەش «دەستکاری کراوە». بۆ ئەوانەی ئەم ڕێگایە بەکاردەهێنن، بپرسە: «ئایا پەسەندی دەکەیت کە قسە لەگەڵ جەماوەرێکی مەسیحیە ئازادەکان بکەیت بە ئاماژەدان بە گوناهباری بە وشەی ح*ز یان ق* *ر؟» پاشان، کاتێک زۆر تووڕە دەبن لەسەر ئەو زمانە -کە پێویستیشە تووڕە بن- دەڵێیت: «ببینە، تۆ زۆر زیاتر نیگەرانیت بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە ڕاستگۆ بیت لەوەی کە ئەمە بەڕاستی گوناهێکە کە مرۆڤەکان دەنێرێتە دۆزەخەوە.» بە هەمان شێوە، زمانێکی لەو جۆرە «بە تەواوی نابەجێیە و سووکایەتییەکی بەبێ پاساوە.»

سەبارەت بە زمان، پەیمانی نوێ سێ دەقی گرنگ دەخاتە ڕوو، هیچیان هیچ وشەیەکی تایبەت مەحکوم ناکەن (یەکەم کۆرنسۆس ١٣: ٤-٥؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٩؛ ٥: ٤). ئەم دەقانە پۆلێنەکان قەدەغە دەکەن، لەوانە «قسەی گەندەڵ، قسەی پیس، قسەی قێزەون و بێئەدەبی، یان ڕەفتاری ناشایستە.» ئەم زاراوانە بۆ جیاکردنەوەی وشەی قبوڵکراو لەو وشانە بەکاردەهێنرێن کە پێوەرە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکانی کەلتوورە بۆ قێزەونی.

---

a ئەڵقەی ٩٧: «دەربارەی نەفرەت» (٢٣ی ئایاری ٢٠١٣).

کەواتە ڕەوشتی کەسی مەسیحی سەبارەت بە زمان «لە دۆزینەوەی لستی وشە پەسەندکراوەکانی خودا و وشەی پەسەندنەکراوی خودا وەرناگێڕێت.» قسەکردنمان بەم هۆکارانە بەڕێوەدەچێت: «ئایا گەشە بە باوەڕ دەدات؟» ئایا دڵگەرمی بۆ مەسیح بنیاد دەنێت؟ وە ئایا نیعمەت بەو کەسانە دەدات کە دەیبیستن؟ دەستەواژەکانمان شایەتی ئەم شێوازەی بیرکردنەوەیە لە زمان.» وە «پێم وایە ئەو کەسەی بە خێرایی یاری بەو شتانە دەکەن کە هێرشبەرانەیە، لە بەکارهێنانی زمانی قێزەون یان هێرشبەرانەدا، باشترە بیر لە خووەکانیان بکەنەوە.»[a]

لەم چوارچێوەیەدا، مەسیحییەکان دەبێت وریا بن لە بەکارهێنانی گاڵتە و گەپ. ئەیوب و پێغەمبەران و عیسا و پۆڵس هەموویان گاڵتە و گەپیان بەکارهێناوە بۆ ئاشکراکردنی گومڕایی لە مرۆڤەکاندا، کە بە هەڵە «ڕەق» بوون هەتا ئەو ڕادەیەی دڵیان گوێڕایەڵی بۆ ئامۆژگارییەکی سادەیان ڕەتکردۆتەوە. کەواتە «گاڵتە و گەپ نابنە یەکەم یان سەرەکیترین ستراتیژی مەسیحییەک بۆ ڕاستکردنەوەی خەڵکی -وە نەک بۆ ئەو کەسانەی کە ئێمە بەهەر حاڵ هەوڵی سەرکەوتنیان دەدەین.» بەکارهێنانی گاڵتە بەهۆی دەقەکانی دیکەی کتێبی پیرۆزەوە کپ دەکرێت (٢ تیمۆس ٢: ٢٤-٢٥؛ یاقوب ٣: ١٧-١٨؛ یەکەم پەترۆس ٣: ٨). کەواتە «لە جیهانی تون و گۆڕاو، لە جیهانی خراپە و گەمژەیی، هەمیشە دەرفەتێک هەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت کە بریتییە لە ئاشکراکردنی هەڵە و خراپە و گەمژەیی. سەرەڕای ئەوەش، پێمواید بەکارهێنانی ئەو جۆرە بەرهەمە زۆر سنووردارە لە بەرهەمی ئەو جۆرەی کە تامەزرۆی بینینی خۆشەویستییە لە ژیانی کەسانی گۆڕاودا.»[b]

ئایا قسەی ناشرین وامان لێدەکات زیاتر لەگەڵ کەلتوور بین؟

قسەی ناشیرین وا ناکات زیاتر لەگەڵ کەلتوور بگونجێین، لەبەر سێ هۆکار.

١. بەدڕەوشتی ستراتیژێکی شکستخواردووە بۆ باشترکردنی جیهان. «پرسە ڕەوشتییەکان -یان پرسەکانی ڕاستگۆیی کتێبی پیرۆز- دەخرێنە خوار ستراتیژەکانی ئێمەوە بۆ ئەوەی چۆن جیهان بکەینە شوێنێکی باشتر.» ئەم بنەمایە بۆ پاڵێوراوە سیاسییەکانی سەردەمی ئێستا ڕاستە، هەروەها لە زمانی کڵێساشدا ڕاستە، ئاشکرای دەکات کە «متمانەمان لە هێزی خوداوە گۆڕاوە بۆ کارکردن لە ڕێگەی سادەیی پیرۆزییەوە بۆ هێزی زیرەکی خۆمان، جا چ زیرەکی سیاسی بێت یان شارەزایی کەلتووری.» ئەم جۆرە هەوڵانە بۆ گۆڕینی کەلتوور «زۆر کەموکوڕییان تێدایە.» هەرچەندە لە ڕووی سیاسییەوە لێهاتوو بێت، ئامرازی

a ئەڵقەی ٢٦٠: «ئایا دروستە باوەڕداران بە مەسیح نەفرەت بکەن بۆ سەلماندنی خاڵێک؟» (٢١ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ١٠١٥: «کەی پێویستە مەسیحییەکان گاڵتەجاڕی بەکاربهێنن؟» (١٥ی ئازاری ٢٠١٧).

ناشیرین «شانشینی خودا ناهێنێتە ئاراوە. وە کەلتوور ناگۆڕێت. گوناهباران سزا نادات. ئەمە کاردانەوەی پاشەکشەی دەبێت و متمانەی کڵێسای مەسیحی لەناو دەبات.» ستراتیژەکە تاقی کراوەتەوە: وەک جیهان بین بۆ ڕزگارکردنی جیهان. لەم پرۆسەیەدا ئینجیل لەدەست دەدەیت. لە کڵێسادا، متمانە بە هێزی خودا لەدەست دەدەیت، متمانە بە وشەکەی لەدەست دەدەیت، وە «هەستی ڕاستەقینەی ئەوەی ڕێگاکەمان باشترە» لە ڕێگاکانی جیهان لەدەست دەدەیت. ئەم هەوڵە پووچە بۆ بە دەرکەوتن بە بەرگێکی ئارام لەبەردەم جیهانێک چارەنووسی شکستە.

٢. جیهان بە تۆندی ئێمە سەرسام نابێت. «بەپێی پەیمانی نوێ، ئەوەی سەرنجی جیهان ڕادەکێشێت و ئەگەری هەیە بچێتە ناخی دڵیانەوە، لێکچوونی کەلتووری نییە لەگەڵ جیهان، بەڵکو خزمەتێکی فیداکارییە بۆ جیهان.» ئەمە «زمانی تۆند نییە کە مردووەکان لە خەو هەڵدەستێنێت، بەڵکو خۆشەویستییەکی ڕیشەییە» (مەتا ٥: ١٦).

٣. بە سادەیی، زمانی پیس ناشایستەیە. خودا نایەوێت ئێمە گاڵتەی ناشیرین بەکاربهێنین، کە لە شوێنی خۆی نەبێت یان «ناشایستەن ἀνῆκεν»؛ ئەفەسۆس ٥: ٣-٤. کەواتە بە سادەیی مەسیحییەکان خۆیان لە دووبارەکردنەوەی لستی وشە ناشایستەکان ناپارێزن. نەخێر: «ئێمە تێدەگەین کە چی گونجاوە و لە سەد بارودۆخدا شایستەیە.» «جێگرەوە بۆ ئەو زمانە زبر و ناشیرینەی کە پۆڵس باسی دەکات، زمانێکی پاک نییە بەڵکو سوپاسگوزارییە.» زمانی زبر «کەمیی سوپاسگوزاری» لە دڵدا ئاشکرا دەکات. بۆیە بانگەوازی پۆڵس بۆ ژیانی مەسیحی تەنها خۆبەدوورگرتن نییە لە قسەی ناشیرین. بانگەوازی ئێمە ئەوەیە کە «دەمت پڕ بکە لە ڕاستی شکۆدارکردنی مەسیح، وە بە هەڵڕژتنی سوپاسگوزاری و ساکاری. بۆ ئەو کارە زۆر باشانە هەوڵ بدە کە عیسا دەڵێت دەرفەتی زۆر باشتریان هەیە بۆ سەرسامکردنی جیهان لەوەی کە ئێمە تەنها کەمێک لە زمانەکەیان وەربگرین، کە خۆیان دەزانن بێ بەهان.»[a]

بەڵام ئەی جنێودانی نەرم؟

ئیتر ئایا هەڵەیە مەسیحییەکان، تەنانەت بانگخوازانیش، وشەی وەک: لێدە، پیس، نابەجێ، هیچ و پووچ بەکاربهێنن -کە وشەی جنێودانی نەرمترن؟

---

a ئەڵقەی ١١٨٧: «ئایا قسەی ناشیرین وامان لێدەکات زیاتر گرنگی بدەین بە گەیشتن بە کەلتوورەکەمان؟» (٢٠ی نیسانی ٢٠١٨).

پۆڵس بـۆ بەرگریکـردن لـە زمانـی تونـد، زمانێکـی پیـس یـان ناشـیرینی بەکارهێنـا -«زبـڵ»(σκύβαλον) - بـۆ ئـەوەی بـاس لـە ژیانـی پێشـووی خـۆی بـکات بـە پێـی شـەریعەت (فیلیپی ٣: ٨). هەندێک لـە مەسـیحییەکان ئەمـە بـە وشـەی نەفـرەت دەچوێنـن. وە پۆڵـس مامۆسـتا درۆیینەکانـی بـە «سـەگ» ناوبـرد (فیلیپی ٣: ٢). بـۆ ئـەو مامۆسـتا درۆیینانـەی کـە بانگـەواز بـۆ خەتەنەکـردن دەکـەن، پێشـنیاری کـرد کـە خۆیـان بخەسـێنن (گالاتیـا ٥: ١٢). تەنانـەت مەسـیحیش مامۆسـتا درۆیینەکانـی نـاو بـردووە بـە «بێچـووە مـارەکان» (مەتـا ٢٣: ٣٣). پۆلێـک هەیـە بـۆ بەکارهێنانـی زمانـی «زۆر تونـد» بەرامبـەر بـە «نەیارانـی بـاوەڕی مەسـیحی» یـان مامۆسـتا درۆیینـەکان. «بۆیـە نالێـم قەدەغەکردنـی ڕەهـا هەیـە بـۆ بەکارهێنانـی زمانـی تونـد، بریندارکـەر، ئـازاردەر، تونـدوتیـژ، لـە هەندێـک بارودۆخـی مەترسـیدار لەگـەڵ شـتە گـەورە و کوشـندەکان.» بـەڵام پۆڵـس و عیسـا ئـەم وشـانەیان بـە ڕژدی بەکارهێنـاوە، هەرگیـز بـە شـێوەیەکی شـۆخی، گاڵتەکـردن، یـان سـەردەمییانە یـان هەوڵـدان بـۆ قسەخۆشـی، نەبـووە -بـە پێچەوانـەی ئـەوەی کـە ئەمـڕۆ خەڵکـی بەکاریدەهێنـن.

لـە دژی زمانێکـی تونـدی بریندارکـەر لەسـەر مینبـەر، وە لـە دژی قەشـەکان «کـە پێدەچێـت زێـدەڕەوی دەکـەن لـە بەکارهێنانـی زمانـی تونـد، بێڕەوشـت، پیـس و گومانـاوی،» دەچینـە ئەفەسـۆس ٥: ٣-٥. ئایەتەکانـی سـێ و پێنـج هۆشـداری دەدەن لـەو تاوانـە جەسـتەیی و سێکسـیانەی کـە مەحکومـن. لـە نێوانیانـدا ئایەتـی چـوار هەیـە کـە دەقێکـی سـەرەکییە دەربـارەی زمـان. کەواتـە «ئـەوە تەنهـا ئـەوە نییـە کـە تـۆ بـە جەسـتە یـان بـە دڵـت دەیکەیـت، بەڵکـو بـە زمانـت یـان بـە دەمتیشـت دەکرێـت. ئەگـەر هەڵەکـە ئەنجامدانـی کاری سێکسـی بێـت، ئـەوا دەڵێـت، هەروەهـا هەڵەیـە کـە بـە بەدڕەوشـتی و گەمژانـە لـە دەربڕینـی ئـەو شـتانەدا قسـە بکەیـت. زۆر شـت هەیـە کـە خەڵکـی ئامـادەن بیخەنـە سـەر دەمیـان بـەڵام بـە دەسـت نایکـەن -وە لـە ژیانیانـدا نایکـەن.» بـۆ نموونـە، «لـەم دواییانـەدا گوێـم لـە ڕابەرێکـی گەنـج بـوو کـە بـە گاڵتەجاڕیـەوە بـە سـەدان مەسـیحی دەگـوت -وە لێـرەدا لێـم ببـورن- سـەبارەت بـە کەسـێک کـە ڕۆژێـک پێشـتر ڕەخنـەی لێگرتبـوو: "وات... لێبکـەم." وە پێکەنـی. مەبەسـتم ئەوەیـە هەمـووان پێکەنیـن. بـە دەم شـتێک مەڵـێ کـە نابێـت لـە ڕووی جەسـتەییەوە ڕۆڵـی تێـدا ببینیـت.» وە مـن هەمـان بنەمـا بـۆ زمانـی سـەرئاو بەکاردەهێنـم کـە هەرگیـز وا ناکەیـن -یـان دۆزەخ یـان نەفـرەت، کـە لـە ڕاسـتیدا هەرگیـز بـۆ کـەس بـەکاری ناهێنیـت.» کەواتـە «دڵێکـی پـاک و دەسـتێکی پـاک پێویسـتە زمانێکـی پاکـی لەگەڵـدا بێـت. پێموایـە ئەمـە مەبەسـتی ئایەتـی چوارەمـە»

زمـان تەنهـا لـە ڕێـگای وشـەکانی ڕاسـت/هەڵە و باش/خـراپ بەڕێـوە نابردرێـت. بەڵکـو بەپێـی پۆلێنەکانـی ئـەوەی کـە چـی دروسـتە/نادروسـتە وە گونجاوە/نەگونجـاوە بەڕێوەدەبردرێـت.

خۆشەویستی بەدڕەوشتی نییە (ἀσχημονέω؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٣: ٥). لە خراپەکانی جیهان، ئەزموون وەرمەگرە (یەکەم کۆرنسۆس ١٤: ٢٠). لە خراپەدا منداڵێکی ساوا بە. پێویست ناکات ئمایش و فیلم و زمانی کەلتوورەکە وەربگریت. مەهێڵە ترس لە وشکی پاڵت بنێت بۆ وەرگرتنی زمانی ناشیرین. بەڵکو «ڕێز لە پێوەرە پەسەندکراوە باوەکان بگرن، چونکە ساکارانەیە و زێدڕەوی نییە لە بەها بەخۆدان.»a

کاتێک گاڵتە دەبێتە زمانێکی ناشیرین

پۆڵس جیاوازی دەکات لە نێوان پیسی و قسەی پووچ و گاڵتەی ناشیرین لەگەڵ قسەی سوپاسگوزارانە (ئەفەسۆس ٥: ٤). «وە پێموایە هۆکاری ئەوەی کە سوپاسگوزاری دەبێتە جێگرەوەیەک بۆ گاڵتەی ناشیرین و پیسی، دڵێکە کە هێندە ساکارە بزانێت هەموو شتێک بەخششە. وە دڵێکی پڕ لە سوپاسگوزاری بۆ خودا تەنها ئەو جۆرە دڵەیە کە ناشیرین نابێت.» سوپاسگوزاری بێفیزانە «دەم پاک دەکاتەوە.» ئێمە هەوڵدەدەین کەسانی دیکە بنیاد بنێین -«پێوەرەکامان» بۆ هەموو شتێکە کە دەیڵێین، تەنانەت گاڵتەکردنەکانیشمان (ئەفەسۆس ٤: ٢٩).

کەواتە ئایا ژیری من بنیاد دەنێت یان دەیڕوخێت؟ لێرەدا پێنج ڕێگا دەخەینەڕوو کە گاڵتەجاڕی ڕووخێنەرە. (١) گاڵتەجاڕی گەندەڵ و پیسە. (٢) گاڵتەجاڕی لە کاتی خۆیدا نییە و لەگەڵ بۆنەکەدا ناگونجێت. (٣) گاڵتەجاڕی خۆپەرستییە، هەوڵدەدات زیرەک دەرتبخات و هیچی دیکە. (٤) گاڵتەجاڕی دابەزاندنێکی سووکایەتیکردنە، گاڵتەکردن بە گرووپێک یان تەتەوەیەک یان گەلێکە. (٥) گاڵتەجاڕی «بەردەوام ڕووکەشییە،» لە کەسێکەوەیە کە تەنها هەوڵی خۆشیرینکردن دەدات.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لستە «بە کراوەیی دەهێڵێتەوە کە نوکتەیەک هەیە هیچ کام لەو شتە نەڕێنییانە ناگرێتەوە، بەڵکو پڕە لە نیعمەت و لە کاتی خۆیدایە و زنجیرەیەکی تەندروست لە پێکەنین بەرهەم دەهێنێت.» پێکەنینێک هەیە کە لە خۆشییەکی تەواودا بە چاکەی خودا دەردەچێت (زەبووری ١٢٦: ١-٢). بەڵام «نوکتەیەکیش هەیە ناوسک دەهەژێنێت» هەیە کە «تەنها ڕووەدات» لە ژیاندا. جارێک لە وتارێکدا ڕوویدا. «من نمونەیەکم بۆ ئەمە بەکاردەهێنا،» دەی هەمووان. دەتانەوێت بزانە بە دۆلفین، وایە؟! دەتانەوێت دژی تەوژمی کەلتوور بڕۆن، وە ناتانەوێ بزانە چرای دەریا. کێ لەم جیهانەدا دەیەوێت بزێتە چرای دەریا؟!» کچێکی بچووک لە ڕیزی سێیەم دەستی بەرز کردەوە و گوتی "من دەمەوێت ببمە چرای دەریا!" هەمووان بە هاواریان کرد. من هێندە بە

a ئەڵقەی ٦٤٠: «ئەی چی دەربارەی جنێودانی نەرم؟» (١٥ی تەممووزی ٢٠١٥).

تونـدی پێدەکەنیـم کـە بەزەحمـەت دەمتوانـی خـۆم بگـرم، کـە لـە ناوەڕاسـتی خاڵێکـی زۆر گرنگـدا بـووم.» نوکتەکـە ڕوویـدا.

بـە وتـەی سـپێرجین: « بـە تایبەتـی هەندێـک لـە ئێمـە؛ دەبێـت سـەرکەوتوو بیـن بەسـەر حەزمـان بـۆ دڵخۆشـی. جیاوازییەکـی گـەورە هەیـە لـە نێـوان دڵخۆشـییەکی پیـرۆز، کـە چاکەیـە لەگـەڵ ئـەم دڵخۆشـییە گشـتییە کـە خراپەیـە. هەندێـک دڵخۆشـی هەیـە هێنـدە بوێـری تێـدا نییـە بـۆ پێکەنیـن، بەڵکـو یـاری بـە هەمـوو شـتێک دەکات؛ بێڕێزییـە، پووچـە، ناڕاسـتییە. پێکەنینـی ڕاسـتگۆیانە تەنهـا خۆشـییەکە کـە هاوارێکـی ڕاسـتگۆیانەیە.» کەواتـە، پاپـەر دەڵێـت، «جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان نوکتـەی بەهێـز لـە ڕۆحـی کەسـێکی پیـرۆزدا کـە ڕژدییەکـی زۆر لـە خـودا دەردەخـات، وە دڵخۆشـی -کـە وشـەیەکی نەرێنییـە- ڕەوشـت بـەرزی نییـە لـە دەمـی گاڵتەجارێکـدا نیشـتەجێیە، کـە پێدەچێـت نەتوانێـت لـە هیـچ شـتێکدا ڕژد بێـت.»

نوکتـە و پێکەنیـن لـە سروشـتی و تەندروسـتیدا هەڕەمەکییـە، داهێـنراو و پـلان بـۆ داڕێـژراو نییـە. ئاڵنـگاری لـە ژیانـدا، وەک لـە زۆرێـک لـە سـیفەتەکانی دیکـەدا هەیـە، ئەوەیـە کـە ببیتـە کەسـێکی دڵخـۆش، پیـرۆز، زۆر دڵخـۆش، سـەرنج لەسـەر خـودا، شـکۆداری مەسـیح، تێـر لـە کتێبـی پیـرۆز، بـۆ ئـەوەی، لـە دڵفراوانـی دڵـەوە، بـە دەمـت پێبکەنێـت.»[a]

ئایـا مـن پیـرۆزم یـان دووڕووم کـە ڕێگـری دەکـەم لـەوەی وشـەی ئازاربەخـش لـە دەمـم دەربچێـت؟

ئیـتر دەم ئـەوە دەڵێـت کـە لـە دڵـەوە هەڵدەقوڵێـت (مەتـا ١٢: ٣٤). قسـەی بـێ ئەدەبـی و ئازاربەخـش لـە دڵێکـی بێئـەدەب و ئازاربەخشـەوە هەڵدەڕژێـت. بـەڵام فەرمانمـان پێکـراوە کـە پارێـزگاری لـەو شـتانە بکەیـن کـە لـە دەممانـەوە دێتـە دەردەچێـت (زەبـووری ١٤١: ٣). لـەم دوو دەقـەدا ڕووبـەڕووی کێشـەیەک دەبینـەوە. «ئەگـەر خەریـک بـوو شـتێکی ئازاربەخـش، زبـر، یـان نامیهرەبانانـە بڵێـم، چونکـە دڵـم بەرهەمـی دەهێنێـت، وە بـە ددانەکانمـەوە بیگـرم و نەیڵێـم،» ئایـا ئـەوە مـن ناکاتـە کەسـێکی دووڕوو؟ ئەگـەر دڵ بیرکردنەوەیەکـی ئازاربەخشـی بەرهـەم هێنـا، ئایـا بـە تەنهـا ڕاگرتنـی وشـەکان، درەنـگ نییـە؟ ئایـا گوناهەکـە نەکـراوە؟ یـان قسـە بێدەنگـەکان کردەوەیەکـی ڕەوشـت پاکیـن؟

---

a ئەڵقـەی ٩٠٧: «کـەی نوکتـە دەبێتـە گونـاە؟» (٢٨ی تەممـوزی ٢٠١٦). بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی جیـاوازی دۆلفیـن/چـرای دەریـا لەنێـوان ئـەو کەسـانەی کـە «ڕێگایەکـی دژی ڕیـڕەوی ئـاو دەبـڕن» و ئەوانـەی «لـە ڕەوتـی کەلتـووردا دەخولێنـەوە»، بڕوانـە ئەڵقـەی ٦٨٣: «چـۆن بەشـداری کەلتـوور بکەیـن و پێچەوانـەی ئاراسـتەکەی مەلـە بکەیـن» (١١ی ئەیلوولـی ٢٠١٥) وە ئەڵقـەی ١١٤١: «سـتراتیژییەکانی خوێندنـەوەی قوولـی کتێبـی پیـرۆز بـۆ ماندووان و سـەرقاڵەکان» (٣ی کانونـی دووەمـی ٢٠١٨). وەرگیـراو لـە سـی ئێـچ سـپێرجیۆن، شمشـێر و ماڵنـج: ١٨٧٤ (لەنـدەن: پاسـمۆر و ئەلاباسـتەر، ١٨٧٤)، ٧٨.

بێدەنگکردنی زمان لەخۆیدا ڕەوشتبەرزییە. هەمان دڵ «نەک تەنها ئەو بیرکردنەوە ناشیرینە لە بۆ بوون بە وشە بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو هەمان ئەو دڵە ڕق و کینە لەوەش بەرهەم دەهێنێت کە تازە بەرهەمی هێناوە؛ ئێمە تەنها یەک دڵمان هەیە.» بۆیە ئێمە لە دوو ئاستدا لەپێناو پیرۆزی زمان دەجەنگین: (١) لە ڕەگدا، لە ڕێگای گۆڕینی دڵ، وە (٢) کاتێک ئەوە شکست دەهێنێت، بە ڕێگریکردن لە وشە ئازاربەخشەکان لە ڕێگای دەمی داخراوەوە -کەوا ڕێگایەکی نموونەیی نییە، بەڵام ڕەوشتبەرزانەیە.[a]

دەربارەی قسەڵۆک

قسەڵۆک ناشیرینە بەهۆی ئەو ئازارەی بە کەسانی دیکەی دەگەیەنێت، زیان دەگەیەنێت بە ناوبانگ، پەیوەندی و کۆمەڵگا. ناشیرینییەکەی بەو گوناهانەوە دەردەکەوێت کەوا لەگەڵیەن (ڕۆما ١: ٢٩؛ دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٢٠). بەڵام قسەڵۆک هەروەها «ئەو جۆرە شتەیە کە سەرهەڵدەدات کاتێک هیچ شتێکی دیکەی باشترت نییە بیکەیت» (یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٢-١٣).

کەواتە قسەڵۆک چییە؟ (١) ڕۆحێکە کەس ڕزگار ناکات «زیاتر چەقیوەتە سەر ئازاردان نەک یارمەتی،» چێژێکە کە لە هاوبەشکردنی «هەواڵی نەرێنی» سەرچاوەی گرتووە. (٢) دەستێوەردانێکە لە ژیانی کەسانی دیکە. (٣) پاڵنەرەکەی بەهۆی گرنگی بەخۆدانە. قسەڵۆک شانازییەکە کە تامی زانینی شتێکە کە کەسانی دیکەنایزانن.» وە چارەسەری ئەو جۆرە قسەڵۆکە خۆشەویستییە -خۆشویستنی کەسەکە، خۆشویستنی کلێسا و یەکێتییەکەی، خۆشویستنی عیسا کە هاوڕێیەتییەکەی تەواو شیرینە. بۆیە پێویست ناکات هەموو ئەو وروژاندنە هەبێت کە لەم چێژە ناپاکانەی بڵاوکردنەوەی زانیاری نەرێنیدا دێت.» ئەمەش بەو واتایەیە کە «قسەڵۆک تەنها قسەی درۆ نییە،» هەروەها دەکرێت «بڵاوکردنەوەی زانیاری ڕاست» لەخۆبگرێت -زانیارییەک کە «نزیکەی هەمیشە نەرێنییە.» ئیتر، «ئەوەی کە تۆ ڕاستییەکان دەڵێیت، واتای ئەوە نییە کە تۆ قسەڵۆک ناکەیت.»[b]

کاتێک گوناهی کەسێکت بۆ دەردەکەوێت، پێویستە «ئەوەی تازە لە کەسێکدا بینیوتە یان بۆت دەرکەوتووە، بە تەواوی هەوڵ بدەیت بە کەسی دیکەی نەڵێیت.» ڕاستەوخۆ بڕۆ بۆ لای کەسەکە (مەتا ١٨: ١٥).[c]

لە چۆنیەتی قسەکردنت لەگەڵ کەسانی دیکە گرنگ پێیدان نیشان بدە (یاقوب ٤: ١١)

a ئەڵقەی ٢٢١: «ئایا دڵم گوناهی کردووە تەنانەت ئەگەر دەمم لە دەرچوونی وشەکان ڕابگرم؟» (٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ١٥٩: «قسەوقسەڵۆک چییە؟» (٢٧ی ئابی ٢٠١٣).
c ئەڵقەی ٦٤٢: «ئایا دەبێت هاوسەرەکەم لەگەڵ کەسانی دیکە دەربارەی کێشەکانی هاوسەرگیریمان قسە بکات؟» (١٧ی تەممووزی ٢٠١٥).

بـۆ ئـەوەی قسـەڵۆک و لووتبـەرزی و خۆبەزلزانیـن لـە نـاو کۆمەڵگـادا ڕەگ دانەکوتێـت (دووەم کۆرنسـۆس ١٢: ٢٠). «پێمواینـە بەشـێک لـە هـۆکاری ئـەوەی ئـەم دەقانـە لـە کتێبـی پیـرۆزدا هـەن، ئەوەیـە کـە ئاگادارمـان بکاتـەوە لـەوەی ئێمـە هێنـدە مەیلـی قسـەکردنمان لەسـەر کەسـانی دیکـە هەیـە لـە کاتێکـدا هەڵوێسـتی خۆمـان کێشـەی ڕاستەقینەیە. پێویسـتە بەڕاسـتی خۆمـان بـە باشـی بناسـین بـۆ ئـەوەی تەنانـەت ئـەو شـتانەش هاوبـەش نەکەیـن کـە مۆڵەتمـان هەیـە هاوبەشـی بکەیـن، ئەگـەر پاڵنەرەکانمـان پـاک نەبـن یـان ئەگـەر هەسـت بـە ئیرەیـی یـان تووڕەیـی نـاڕەوا یـان تـرس و دڵەڕاوکێـی گوناهبـار یـان تۆڵەسـەندنەوە بکەیـن لـە بڵاوکردنەوەی هـەواڵ، هەموومـان ئەمـە دەزانیـن، بـە تایبەتـی هەواڵـی ناخـۆش یـان هەواڵێکـی گومانـاوی، کـە جگـە لـە ئێمـە کەسـی دیکـە نایزانێـت.»[a]

قسـەڵۆک بریتییـە لـە «چرپانـدن» (ڕۆمـا ١: ٢٩؛ دووەم کۆرنسـۆس ١٢: ٢٠). قسـەکردنی بـە چرپـە وەک شـیرینی وایـە -«ئـەو کەسـەی قسـەی لەسـەر دەکات بـە چێـژەوە خواردوویەتـی، ئێسـتاش، ئـەو کەسـەی گوێـی لێدەگرێـت و دەیبیسـتێت بـە چێـژەوە دەیخـوات» (پەنـدەکان ٢٦: ٢٢). قسـەڵۆک ئالوودەبوونـە چونکـە ئێمـە «یەکێکیـن لـە یەکـەم کەسـەکان کـە گوێـمان لـە هەندێـک هەواڵـی خـۆش دەبێـت دەربـارەی کەسـێک. ئێمـە هەواڵەکـە دەبیسـتین و ڕەنگـە ئێمـە یەکـەم کـەس بیـن کـە بتوانیـن بـۆ کەسـێکی دیکـە باسـی بکەیـن.» قسـەڵۆکی خـراپ بـە ئەنقەسـت کەسـانی دیکـە دەڕوخێنێـت. قسـەڵۆکی نـەرم بەبـێ ئـاگاداری کەسـانی دیکـە دەڕوخێنێـت. هەردووکیـان بـۆ دڵـی گوناهبـار بەتامـن. شـیرینی قسـەڵۆک، ئـەو خۆبەزلزانینەیـە کـە دەریدەبڕێـت، خـۆراک بـە لووتبەرزیـمان دەدات، «کـە برسـێتی لەبـن نەهاتـووە.» کەواتـە «لـە زنجیـرەی قسـەڵۆکەکاندا» تـۆ بانگەشـەی ئـەوە دەکەیـت «بـۆ سـاتێک چەقـی شـانۆیت، تـۆ هەواڵەکـەت دەسـتکەوت. تـۆ هەواڵەکـە دەدەیـت. ئایـا هیـچ ڕۆڵێکـت هەیـە!»

خۆبەدوورگرتـن لـە قسـەڵۆک بانگهێشـتمان دەکات بـۆ چاندنـی سـێ تایبەتمەنـدی ڕۆحـی. (١) سـاکاری کـە بـەدوای ناوبانگـدا ناگەڕێـت. چاندنـی «ڕازیبوونێکـی قـووڵ و بێفیـز لـە خـوداوە، وە پێویسـت نـاکات بـە پارچـە بەتامـەکان خـۆراک بدەیـت بـە لووتبـەرزی دڵگەرمـت بـەوەی تـۆ یەکەم کەسـیت کـە بیسـتووتە و یەکـەم کـەس بیت کـە پەرداخـی شـیرینییەکەی قسـەڵۆکەکانت بگێڕیتەوە.» (٢) خۆشەویسـتییەک کـە هیـچ زیانێکـی نییـە (پەنـدەکان ١٧: ٩؛ ٢٦: ٢٠). بـە مردنـت سـەبارەت بـە «ئـەو شـانازییەی کـە ئـارەزووی ناوبانـگ دەکات» و مـردن سـەبارەت بـە «چێژەوەرگرتـن لە بیسـتن و گواسـتنەوەی هـەواڵ کـە ڕەنگـە ئاگـری شـەڕ و ناکۆکـی هەڵبگیرسـێنێت، تـۆ بـە خۆشەویسـتییەوە مامەڵـە دەکەیـت.» (٣) مەبەسـتێکی ژیـان کـە بـێ ئامانـج نییـە. ئەوانـەی قسـەڵۆک دەگێڕنـەوە بێـکارن کـە بینینیـان نییـە (یەکـەم تیمۆسـاوس ٥: ١٣). « قسـەڵۆک لـە نێـوان بەتاڵـی و بـێ ئامانجـی

a ئەڵقەی ٨٧٣: «چۆن دەتوانم بەبێ قسەوقسەڵۆک باسی کێشەم لەگەڵ هاوسەرەکەم بکەم؟» (٣ی حوزەیرانی ٢٠١٦).

لە لایەک (بێکاری) وە دەستێوەردەرن لە لایەکی دیکە (خۆهەڵقورتێن)ە.»

ئیتر کاتێک دەرفەتت بۆ ڕەخسا هەواڵ دەربارەی کەسانی دیکە بڵاوبکەیتەوە، سێ پرسیار بکە. (١) ئایا من لووتبەرزییکی گوناهباری هاندەرمە؟ (٢) ئایا من هاوبەشی دەکەم بۆ ئەوەی کەسێک ئازار بدەم؟ (٣) ئایا «هاوبەشکردنی ئەم زانیارییانە بەشێکە لە ئامانجە گەورەکانی دڵم لە ژیاندا، یان تەنها دەنگدانەوەیەکە بۆ ئەوەی کە بەڕاستی چەندە هەست بە بەتاڵی و بێ ئامانجیم دەکەم؟»[a]

دەربارەی درۆی بە ناچاری

خەڵکی لەبەر چەندین هۆکار درۆ دەکەن. بەڵام هەروەک قسەڵۆک، درۆی بە ناچاری هەوڵێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنج. ئێمە «زیادەڕەوی دەکەین» و خزمەت بە «ناڕاستییەکان» دەکەین بۆ ئەوەی کەسانی دیکە سەرسام بکەین. ئێمە تامەزرۆی سەرنجدانین بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵکی. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمە، لە ڕاستییەکی بنەڕەتییەوە دەست پێ بکە، سەبارەت بەوەی کە تۆ لە مەسیحدا کێیت. «تۆ وەک باوەڕدارێک، خودا سەرنجی لەسەر تۆیە، وە ئەو تۆی لەخۆگرتۆتەوە، دڵخۆشی خودات هەیە، یارمەتی و بەڵێنی خودات هەیە، پابەندبوونی خودات هەیە و ڕۆژێک دێت قبوڵکردنی تەواوەتی ئەوت دەبێت بۆ بەهەشتێکی بێ کەموکوڕی. تۆ هەموو ئەوانەت لە عیسای مەسیحدا هەیە، وە ئەمەش بەهادارترە لە هەر ڕەزامەندییەک کە مرۆڤ بتوانێت پێت بدات. هیچ بەراوردێک نییە لە نێوان ڕەزامەندی خودا و ئەو ڕەزامەندییەی کە ئارەزووی دەکەیت لە سەرسامکردنی هاوتەمەنەکانت. لە لەدایکبوونی نوێماندا، ڕۆحی پیرۆز دڵمان دەگۆڕێت بۆ ئەوەی «ڕەزامەندی خودامان خۆشبوێت» (ڕۆما ٢: ٢٩).

ئارەزووی پەسەندبوون بووە هۆی ئیرەیی لەنێو مامۆستایانی کۆرنسۆسدا (یەکەم کۆرنسۆس ٣: ٢١-٢٣). وە پۆڵس ئەو ئارەزووەی پەسەندی «لە ڕەگەوە هەڵکێشا» بە بیرهێنانەوەی مەسیحییەکان کە هەموو شتێک لە گەردوونداا میراتی داهاتووی ئەوانە. ئەمەش ئەوەیە کە لەگەڵ ترسی بوختانکردن ڕووبەڕووبوونەوە. تەنانەت کاتێک خەڵکی قسەی درۆ لە دژی تۆ دەڵێن، پێویست ناکات بەرگری لە خۆت بکەیت، چونکە میراتێکی گەورەت هەیە کە بە زمان ناگوترێت (مەتا ٥: ١١-١٢). کەواتە «ئەگەر خودا بەڵێن بدات هەموو شتێکتان پێبدات لەگەڵ مەسیح، ئیتر پێویست ناکات چیتر لە بوختانی مرۆڤ بترسیت. بە ڕازیبوونتان بە خودا لە هەموو خەڵک ئازادتر بن.» چیتر پێویست ناکات قسەڵۆک و بوختان و درۆ بکەیت بۆ ئەوەی خۆت باشتر دەربخەیت.»[b]

a ئەڵقەی ١١١٩: «بۆچی قسەوقسەڵۆک هەستێکی زۆر خۆشی هەیە؟» (١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧).
b ئەڵقەی ١٤١: «یارمەتی! من ئاللوودەی درۆکردنم» (١ی ئابی ٢٠١٣).

دەربارەی ژوانبەستن و بتی ڕۆمانسیبوون و داوێنپیسی

ئایا پێویستە هەرزەکاران ژوانبەستنیان هەبێت؟

ئایا گەمژانەیە لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییدا ژوانبەستن بکەیت؟ یان دەکرێت ببێتە هۆی هاوسەرگیرییەکی دڵخۆشکەر لە نێوان «خۆشەویستی قۆناغی ئامادەیی»؟

لە نەوەکانی پێشوودا، چاوەڕوان دەکرا هەرزەکاران هاوسەرگیری بکەن، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەریان پێشبینی هاوسەرگیری گەنجانیان دەکرد و پشتگیریان دەکرد. ئەمڕۆ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن -بەڵام وزەی پەیوەندییەکان هێشتا ماونەتەوە. «یەکێک لە هێزە بەهێزەکانی ژیانی مرۆڤ، بەئاگاهاتنەوەی خۆشبەختی و ئارەزوویکی تایبەتە کە لە دڵخۆشی و حەزی بەدڵبوون لەلایەن کەسێکی ڕەگەزی بەرامبەرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم دەسەڵاتە هێندە بەهێزە کە ببێتە هۆی ئەوەی مەسیحییەکان زەمینەی ڕەوشتی و ڕۆحی خۆیان لەدەست بدەن.» ئەوە هێزێکی ترسناکە بۆ تەماشاکردن بەهۆی ئەوەی کە چەندە کوێرانەیە بۆ دانایی و کتێبی پیرۆز و مەسیح، وە چۆن کاریگەرییەکی درێژخایەنی هەیە، هەست دەکەم هەندێک جار ئەمە بۆ کەسانی تەمەنی بیست و سی و چلەکانی ڕاستە. بۆیە من وا گریمانە ناکەم کە هەرزەکاران لە پێگەیشتن و ئەزموونی ژیانیاندا زیاتر ئامرازی پێویستیان هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە هێز و مەترسییە.»

ئیتر سوودی ژوانبەستن چییە؟ ئەکە بەشێکە لە شەپۆلێک کە خەریکە نەمێنێت. ژن و پیاوێک پێکەوە دەست دەکەن بە دەرچوون پێکەوە و چوونە سینەما و بۆنە و ئاهەنگەکان. پابەندبوونێکی تایبەت بەم کەسە سەرهەڵدەدات. ئەم جۆرە پابەندبوونە «بە تەواوی سروشتییە،» باشە، حەتمییە، وە «چۆن پەیوەندییەکان لە ناسینەوە دەگوازرێتەوە بۆ پەیوەندی خۆشەویستی بۆ دەستگیراندارى بۆ هاوسەرگیری، ئەمە ئاساییە نەک خراپە.» وەک ڕووبارێکی لەبەرڕۆیشتوو وایە. «پرسیارەکە دەبێتە، "ئایا ژیرانەیە منداڵێکی شازدە ساڵان هەنگاو بنێتە ناو ئەو ڕووبارەی کە بەرەو هاوسەرگیری دەڕوات؟" وەڵامی من نەخێرە، پێموانییە ژیرانە بێت،» جگە لەو منداڵە شازدە ساڵانەی کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێگەیشتوون کە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بەرەو هاوسەرگیری دەڕۆن. لە کۆتاییدا، «ئەوە شتێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە کە ئاشق بیت، ئەوەی وای لێدەکات هێندە گەورە بێت کە خودا بە کۆتاییەکی دیاریکراو و وروژێنەر بە ناوی "هاوسەرگیری" بەرەکەتداری کردووە. ئەگەر ئەو پرۆسەیە بکەیتە کات بەسەربردنی قۆناغی ئامادەیی

بـۆ پەیوەندییـە نوێبوونـەوەکان، تـۆ خـۆت لـە باشـترین شـتەکانت دادەمالّیـت کـە دەتوانیـت هەتبێـت.» [a]

پشوودرێژی لە کەلتوورێکدا کە هاوسەرگیری دوادەخات

لـە بەرامبـەردا، گەورەسـاڵانی مەسـیحی ماوەیەکـی زیاتـر لـە جـاران چاوەڕێـی هاوسـەرگیری دەکـەن. خوێندنـی کۆلێـژ و کارکـردن هاوسـەرگیری دوادەخـەن. دەتوانرێـت چـی بگوترێـت، بـە تایبەتـی بـۆ ئـەو ژنانـەی کـە ناچـارن زیاتـر لـە پێویسـت چـاوەڕێ بکـەن؟

«خـودا سـەروەرە ژیانتـە، خـوداش چاکـە. بـۆ ڕۆڵەکانـی، «ئێمـە دەسـەڵاتی خودامـان هەیـە، ئەویـش ڕێ لـە چاکـە ناگرێـت» (زەبـووری ٨٤: ١١). لـە چاوەڕوانیـدا، بیـر لـە دوو چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز بکـەرەوە. هاوسـەرگیری بـە شـێوەیەکی چاوەڕوانەکـراو بـۆ ڕائـووس هـات. ئانـا ژنێـک بـوو کـە بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵ هاوسـەرگیری کـرد و دواتـر بـۆ مـاوەی شەسـت سـاڵی دیکـە بێـوەژن بـوو (لۆقـا ٢: ٣٦-٣٧). «خـودا توانـای ئـەوەی هەیـە بـە بۆعەزێـک لـە شـوێنێکی نادیـارەوە سەرسـامت بـکات، هەروەهـا توانـای ئـەوەی هەیـە پاکـی و بەرهەمـدار و بەختـەوەری بـێ هاوسـەرگیریت بهێڵێتـەوە هەتـا تەمەنـی هەشـتا و چـوار سـاڵان. بـۆ ئێسـتا، گرنگـی بـە چـوار پێشـینەیی بـدە. (١) بـە مێردێـک ڕازی مەبـە کـە بـاوەڕدار نەبێـت بـە مەسـیح. (٢) بـەردەوام بـە لـە بەشـداریکردن لـە کڵێسـای ناوەخۆیـی. (٣) «دڵخۆشـی خـۆت لـە ناسـینی عیسـا و خزمەتکردنـی کەسـانی دیکـەدا بـدۆزەرەوە. (٤) وە پاشـان نوێـژ بکـە. «ئـارەزوی دڵـت بـە یـەزدان بڵـێ،» لـە کاتێکـدا خـودا دەکەیتـە گەنجینـەی بـاڵات.[b]

ئایا ژوانبەستن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئاساییە؟

چـۆن هاوسـەرێک دەدۆزیتـەوە گرنگییەکـی کەمـتری هەیە لەوەی کـە لە کۆتاییدا هاوسـەرێکی گونجـاو دەدۆزیتـەوە. «بابەتـی کتێبـی پیـرۆز لێـرەدا ئـەوە نییـە کـە چـۆن کەسـێک دەناسـیت، بەڵکـو ئەوەیـە کـە هاوسـەرگیری لەگـەڵ کـێ دەکەیـت.» ڕازی بـوون بـە هاوسـەرگیرییەک کـە «کەمتریـن ئاسـتی مەسـیحی» بێـت ڕەتدەکەینـەوە. پەیوەسـتبە بـە نموونـەی هاوسـەرگیری ڕەسـەنی مەسـیحی وەک باسـکراوە لـە ئەفەسـۆس ٥: ٢٢-٢٤. «ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە ژنێکـی مەسـیحی بـەدوای پیاوێکـدا ناگەڕێـت کـە تەنهـا خاچێکـی لەسـەر شـانی تاتـۆ کـردووە، بەڵکـو بـەدوای پیاوێکـدا دەگەڕێـت کـە ئامادەیـە ڕۆژانـە بمرێـت لەپێنـاو قوربانیـدان بـۆ ڕابەرایەتـی ماڵەکـەی.» بـۆ دۆزینـەوەی هاوسـەرێکی لـەو جـۆرە، دەکرێـت تـۆڕە کۆمەڵایەتـی و ئاپـەکان سـەرچاوەیەکی گـەورە بـن. لـە ڕاسـتیدا، ئەگـەر بزانیـت لـە هاوسـەرەکەتدا بـەدوای چیـدا

---

a ئەڵقەی ١١٠١: «ئایا پەیوەندی خۆشەویستی لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییدا زیانبەخشە؟» (٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧).
b ئەڵقەی ١١٦٧: «مەسیحییەکان هاوسەرگیری دوا دەخەن -چۆن بە باوەڕەوە چاوەڕێ بکەم؟» (٥ی ئازاری ٢٠١٨).

دەگەڕێیت، دەتوانیت «زۆرێک لە دۆراوەکان ڕەت بکەیتەوە. بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت زۆری پێناچێت لە فەیسبووک و تویتەر و بلۆگەکانەوە فێر بیت ئەگەر ئەم پیاوە یان ئەم ژنە دڵگەرمی زۆری بۆ عیسا هەبێت یان ئەگەر عیسا نیشانەیەکی بەڕێکەوت بێت لەسەر شانی یان شتێکی بچووک بێت لە ملیدا.»

ئاپەکانی ژوانبەستن لە ئینتەرنێتەوە شۆڕێکی گەشەسەندووە بۆ ئەوەی مەسیحییەکان مەسیحییەکانی دیکە بناسن. «من لەم دواییانەدا چەندین هاوسەرم ناسیوە کە دەیانگوت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە یەکتریان ناسیوە، ئەوان هاوسەرگیرییەکی بەختەوەریان هەیە. ئەوان مەسیحی پێگەیشتوون. من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەمە نییە. پرسیارە گەورەکە ئەمەیە: ئایا تۆ هێندە پێگەیشتوویت کە بتوانیت هاوسەرێکی شایستە بناسیتەوە؟ هەوڵ بدە ببیتە ئەو جۆرە کەسە.»[a]

چۆن لە جەنجاڵی ژوانبەستنی بەدوای یەک ڕزگارم بێت؟

لەگەڵ دەرکەوتنی مۆبایلی زیرەک، ژوانبەستنی ناوچەیی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بووەتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ یەکتربینین بۆ هاوسەرەکان. ئاپی ژوانبەستن بە شێوەی سەرهێڵ لە خۆیدا ئامرازێکی بەسوودە بۆ مەسیحییە زگورتییەکان (وەک ئەوانەی سەرەوە). بەڵام دیاردەی فراوانتری کەلتووری پەیوەندی تێپەڕیو دروست دەکات، سێکسی هەڕەمەکی و ئاسایی زیاتر بەردەست دەخات و خۆراک دەدات بە ئارامی و خۆشحاڵی گوناهبارانەی پەیوەندی بەدوای یەک. ئایا چێژەکانی خودا دەتوانن ڕکابەری ئەم خێراییە هەڕەمەکییە بکەن؟

کتێبی پیرۆز باس لە ژوانبەستنی بەدوای یەک ناکات، بەڵام باس لە هاوسەرگیری بەدوای یەک دەکات (یۆحەنا ٤: ١-٤٥). عیسا لەلای بیرەکە چاوی بەو ژنە دەکەوێت کە بەدوای ئاوی ماددیدا دەگەڕێت، H2O. «ئەو چێژی ئاو دەزانێت کاتێک لە ڕووی جەستەییەوە تینووی دەبێت، لە ڕاستیدا دادپەروەرانە دەبوو بڵێین ئەگەر بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ بەبێ ئاوی فیزیکی ڕۆیشتبا، هەموو شتێکی دەدا بۆ هەستی جەستەیی کوپێک ئاو لەسەر زمانی.» تینوێتی جەستەیی پاڵنەرێکی بەهێزە کە خودا بەخشیویەتی بۆ چێژوەرگرتنی جەستەیی بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمانهێڵێتەوە، هاوشێوەی ئەوەی کە چۆن ئارەزووی سێکسی خزمەت بە زاوزێ دەکات. «خودا زۆر بەخشندەیە لە چێژەکانی.»

بەڵێ، بەڵام ئەم جۆرە بەخشندەییە لەگەڵ ئارەزوو و چێژە سروشتییەکانمان کێشەیەک بۆ گوناهبارانی وەک ئێمەش دروست دەکات. چێژە جەستەییەکان هێندە بەهێز دەبن کە وامان

a ئەڵقەی ٤٠٥: «ئایا پەیوەندی دروستکردن لە ڕێگەی سەرهێڵەوە بۆ مەسیحییەکان باشە؟» (١٢ی ئابی ٢٠١٤).

لێدەکات وەهای دابنێین ئەم چێژە تاکە چێژە کە پێویستمە. وە لەو دۆخەدا، ئەگەر خودا بە پەرجووێکی خودایی لە ناخماندا ژیانمان نەگۆڕێت، ئەم چێژە جەستەییانە وا دەکات کە «تامی هەر جۆرە چێژێکی جگە لە چێژی سروشتی و جەستەیی» «مەحاڵ» بێت. ئارەزووی جەستەییمان هێندە زاڵ دەبێت کە مەحاڵ دەبێت باوەڕمان بەوە هەبێت کە چێژە بەردەوامەکان زیاتر هەبێت لەو چێژە خێرا تێپەڕەی کە ئێستا بەدوایدا دەگەڕێین! عیسا دەزانێت، بۆیە بە «بۆمبێکی ڕاستی» ڕووبەڕووی ئالوودەبوونی هاوسەرگیری بەدوای یەکی ئەم ژنە دەبێتەوە، کە مەبەست لێی «تەقاندنەوەی دیوارەکانی چێژە سنووردارەکەیە.» ئەو ژنە، لەسەر خۆشەویستە ژمارە شەشەکەی، ژیانی خۆی لەسەر چێژە هەڵەکان چڕکردۆتەوە. پێویستی بە ئارەزووێکی بەئاگا هەبوو -تامێکی نوێ- بۆ چێژە هەمیشەییەکان.

کەواتە، نەخێر، ناکرێت مەسیح هاوتا بێت لەگەڵ چێژ و سەرخۆشی کاتی و ژوانبەستنی گوناهبارانەی بەدوای یەکتر یان هاوسەرگیری بەدوای یەکتر یان کەلتووری پەیوەندی نافەرمی. بەڵام «ئەوەی کتێبی پیرۆز و چێژبەخشییە مەسیحییەکان پێشکەشی دەکەن، چێژێکی قوواڵتر، باشتر و درێژترە لە خۆشحاڵییە خێرا تێپەڕەکانی گوناە.» خۆشییەکانی خودا داهاتوو و هەمیشەیی و سەرووترن لە هەموو ئاسوودەییەکانی جەستەیی کاتی لەم ژیانەدا (عیبرانییەکان ١٠: ٣٤). بە باوەڕ ئەو خۆشییە ڕۆحییانە دەدات کە ئێستا نمونەیان دەبینین و دڵنیایی چێژێکی ڕۆحییە بۆ هەتاهەتایە (زەبووری ١٦: ١١؛ عیبرانییەکان ١١: ١).

بۆ ئەوانەی ژوانبەستنی بەدوای یەکتریان هەیە، دوور بکەونەوە لە «خۆشییە زوو تێپەڕەکان»ی میسر (عیبرانییەکان ١١: ٢٦) بڕۆن بەرەو سەرچاوەی چێژەکان لە مەسیحدا کە بۆ هەتاهەتایە هەڵدەقوڵێت (یۆحەنا ٤: ١٤). چێژە کاتییەکان، خێرا تێپەڕەکان و بێ بەهاکانی ژوانبەستنی بەدوای یەک بگۆڕن بە چێژەکانی عیسا کە دەسەڵێنن باشتر و قوواڵتر و بێکۆتاییین. «هەر پێوەرێک لە چێژێکی ڕۆحی لەم ژیانەدا پێت ببەخشێت، بیگرە و لە کوتاییدا متمانەی پێ بکە. من نازانم لەم ژیانەدا چەندت پێدەبەخشێت، بەڵام دەزانم کە ژوانبەستنی بەدوای یەک ڕێگایەکی بنبەستە.» با ئامانجت ئەوە بێت بەدوای خودادا بگەڕێیت و تێری هەتاهەتاییت لە خۆشی ئامادەبوونی خودا بدۆزیتەوە (زەبووری ١٦: ١١).[a]

مەترسی بەبتکردنی پەیوەندییە سۆزدارییەکان

بە لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتیان بەسەر ئێمەدا، پەیوەندییە سۆزدارییەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن ببنە بتێک لەلای ئێمە. بت بریتیە لەو «شتەی کە خۆشتدەوێت یان ئەو کەسەی لە خودا زیاتر خۆشتدەوێت -زیاتر لە خودا ئارەزووی دەکەیت، لە خودا زیاتر

a ئەڵقەی ١٦٣٢: «بەڵێنێکی باشتر بۆ ئەوانەی پەیوەندی بەدوای یەکدا دروست دەکەن» (٢٨ی ئایاری ٢٠٢١).

بـه بەهـاداری دەزانیـت، زیاتـر لـه خـودا چێـژی لـێ وەردەگریـت. ڕەنگـه ئـەو کچـه بێـت کـه خۆشەویسـتته.»[a]

وابەسـتەیە ڕۆمانسـییەکان هێنـده بەهێـزن کـه ڕۆحـەکان کوێـر دەکـەن لە ئاسـت شـکۆمەندی مەسـیح (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ٤). ئەمـه لـەلای مـن ترسـناکترین شـته لـه جیهانـدا، کـه شـەیتان بینایـیم کوێـر بـکات، هەتـا ئـەوەی ئـەو کەسـانەی خۆشـم دەوێـن -یـان من خـۆم- ڕەنگـه هێنده کوێـر بێـت کـه تەماشـای عیسـا بکـەن و بـه جـوان نەیبینـن. عیسـا گەنجینـەی ئـەوان نەبێـت. پـاره گەنجینـەی ئـەوان بێـت. ڤیدیـۆکان گەنجینـەی ئـەوان بـن. سـەرکەوتن گەنجینـەی ئـەوان بێـت. کـوڕه خۆشەویسـتەکەیان گەنجینـەی ئەوانـه... مـردن ترسـناک نییـه. فریـو بدرێـت بـۆ ئـەوەی نەتوانیـت عیسـا وەک گەنجینـەی ژیانـت ببینیـت، ئـەوه ترسـناکترین شـته.»[b]

گوێگرێـک پرسـیاری ئـەوەی کـرد کـه پەیوەنـدی ڕۆژدی ئـەو بـەرەو هاوسـەرگیری دەڕوات. ترسـی ئـەوەی هەبـوو کـه خۆشەویسـتەکەی بەبـت بـکات. چـۆن دەکرێـت لـەم شـته دوور بخرێتـەوە؟

لەبـری هەوڵـی پێناسـەکردنی بتپەرسـتی پەیوەنـدی خۆشەویسـتی، بیـر بکـەوە لـه سـێ پرسـیاری بنیادنـەر.

١. ئایـا دەتوانیـت بڵێیـت مەسـیح بەسـه بـۆ خۆشـی تـۆ؟ لـه مەسـیحدا، ژنێکـی مەسـیحی دەتوانێـت بڵێـت: «"مـن هەمـوو شـتێک بـه زیـان دەژمێـرم" -بـه کـوڕه خۆشەویستەکەشـمەوە- "بەهـۆی بەهـای سەرسـوڕهێنەری ناسـینی عیسـای مەسـیحی پـەروەردگارم"» (فیلیپـی ٣: ٨). ئایـا دەتوانێـت قسـەی نووسـەری کتێبـی پیـرۆز دووبـاره بکەیتـەوە و بڵێـت: «ئەگـەر هەمـوو شـتێکم لەدەسـتدا، تەنانـەت خۆشەویستەکەشـم، خـودا بەسـه بـۆ خۆشـی هەتاهەتاییـم»؟

٢. ئایا پەیوەندی ئێستات مەسیح بەرجەسته دەکات؟ بەشـی پێنجەمی نامە ئەفەسـۆس زەمینـه بـۆ پەیوەندییـه سـۆزدارییەکانمان دادەنێـت، بـۆ ئـەوەی ڕەنگدانـەوەی مەسـیح بێـت، نـەک جێگـەی بگرێتـەوە. «ئێسـتا ئـەوە بـه قووڵـی شـێوازی بینینـی پەیوەنـدی نێـوان پیـاو و ژن دەگۆڕێـت. بابەتەکـه تەنهـا پەیوەنـدی بەوانـەوە نییـه، بەڵکـو پەوەنـدی بـه نیشـاندانی ئـەو هەیـه، وە دەربڕینـی پەیمانـی پەیوەندییەکـەی لەگـەڵ بووکەکـەی و کڵێسـا. بۆیـه خۆشەویسـتییەکی چـڕ بـۆ پیاوێـک لەلایـەن ژنێکـەوە یـان ژنێکـەوە لەلایـەن پیاوێکـەوە دەتوانرێـت و پێویسـته بگوازرێتـەوە بـۆ ئـاوازی درامایەکـی خودایـی بـۆ ئـەوەی چـڕی هەسـت بـۆ کەسـەکە بـه پێچەوانـەی

a ئەڵقەی ٤١٠: «بتپەرستی چییە؟» (١٩ی ئابی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٧٩٦: «بانگەوازی گەورەی مەسیحی» (١٧ی شوباتی ٢٠١٦).

هەستەوە نەبێت. بەڵام دەربڕینی هەست و سۆز بۆ عیسا بێت.» ئایا پەیوەندی سۆزداریتان مەسیح دەشارێتەوە یان باوەڕت بە مەسیح دەردەبڕێت؟

٣. ئایا پەیوەندییەکە باوەڕت بە مەسیح قوواڵتر دەکاتەوە؟ «ئایا ژیانمان بە سۆزێکی زیاتر بۆ پیرۆزی دەناسرێتەوە بەهۆی ئەوەی لە یەکتردا دەیدۆزینەوە؟ ئایا ئەمە بەهێز دەکات یان خۆشەویستیمان بۆ مەسیح لاواز دەکات؟» ئەگەر هەموو ئەمانە ڕاست بن، ئەگەر مەسیح بەسە، ئەگەر مەسیح لە پەیوەندییەکەتدا ڕەنگبداتەوە، وە ئەگەر باوەڕەکەت بنیاد بنرێت، ئەوا «پێموایە پەروەردگار لە بتپەرستی دەتپارێزێت.»[a]

هیچ باوەڕدارێک بە مەسیح لەم بتپەرستییەی پەیوەندی بەدوور نییە. ڕەنگە زێدەڕۆیی بکەین لە خۆشویستنی کچە هاوڕێیەک یان یان کوڕە هاوڕێیەک. وە ڕەنگە زێدەڕۆیی بکەین لە خۆویستنی هاوسەرگیری، منداڵ، تەندروستی، ناوبانگ، هاوڕێیەتی، ئاسوودەیی، ئارامی و لە خودا زیاتر خۆشمان بووێت. فەرمانمان پێکراوە چاوچنۆک نەبین (دەرچوون ٢٠: ١٧). «چاوچنۆکی بە سادەیی واتا زۆر خۆشویستنی شتێک، خۆشویستنی بە شێوەیەک کە نابێت هێندە خۆشتبوێت -وەک خۆشویستنی کوڕە هاوڕێیەک، یان هاوسەرەکەت، یان تەندروستی خۆت، یان ژیانت، بە جۆرێک کە دەست دەکات بە تێکدانی خۆشەویستیت بۆ خودا.»

خودا هێندە گرنگیمان پێدەدات کە «هەر ئامرازێک» بەکاردەهێنێت کە دەبێتە هۆکار «بۆ ئەوەی کەمتر لە شتێکی دیکە خۆشمان نەوێت.» ئەمە لە یەکەم پەترۆس ١: ٦-٧ ڕوون دەکرێتەوە. باوەڕی ڕۆڵەکانی خودا لەلای ئەو هێندە بەهادارە کە «ئاگر بەکاردەهێنێت بۆ پاڵاوتنی تاکو پاشماوەکەی لێ بسوتێت و وەک زێڕی پاڵاوتە بێت بۆ ستایشکردنی شکۆمەندی خودا لە کۆتایی ژیانماندا.» جەنگی ئێمە لە دژی بتەکان تەنها لەسەر ئێمە نییە. «خودا ڕۆڵەکانی خۆی بە تەواوی بە ئارامی دەپارێزێت» بە بەکارهێنانی «هەر ئامرازێک کە پێویستە بۆ ئەوەی ڕێگریمان لێبکات لە بتپەرستی: لە خۆشویستنی هەر شتێک زیاتر لەوەی ئەومان خۆشدەوێت -وە بەم شێوەیە باوەڕەکەمان لەناوببەین- ئەگەر بەڕاستی ئێمە ڕۆڵەی ئەو بین.» بۆ ئەم مەبەستەش ئامرازمان پێدەدات. وشەی خودا پاڵنەرەکانمان ئاشکرا دەکات کاتێک دێتە ناو دڵمان (عیبرانییەکان ٤: ١٢). لە وشەی خودا نزیک بە، بتەکانت ڕوون دەبنەوە. وە لە خۆت بپرسە: ئایا پەیمان بۆ خۆشەویستەکەت دەتکاتە باوەڕدارێکی باشتر بە مەسیح یان خراپتر؟ چونکە لە کۆتاییدا گەورەترین دیاری خۆشەویستی کە دەتوانیت بیدەیت بە هاوسەری داهاتووت ئەوەیە کە فێر بیت خودات لەو زیاتر خۆشبوێت.[b]

---

a ئەڵقەی ٨١٤: «ئایا پەیوەندی سۆزداریم بتپەرستییە؟» (١٤ی ئازاری ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ١٥٣٧: «چۆن دەتوانم خودام زیاتر لە خۆشەویستەکەم خۆشبوێت؟» (١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠).

ئایا لە ژوانبەستنی پەیوەندی خۆشەویستیدا ئیرەیی باشە یان خراپ؟

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەست و دڵەڕاوکێیەی کە لەگەڵ ژوانبەستن هەیە، ئیرەیی باوە. ئایا ئەم هەستەی خاوەندارێتی هەبێت، باشە یان خراپە؟

سەرەتا، جیاوازی دەکەین لە نێوان ئیرەیی باش و ئیرەیی خراپ. خودا خۆی ئیرەیی هەیە (دەرچوون ٢٠: ٥؛ ٣٤: ١٤). بە هەمان شێوە «دەبێت خۆشیمان هەبێت کاتێک هەست و سۆزەکان کە هی خودان بەرەو خودا هەڵدەڕژێن. هەروەها تووڕە بین کاتێک هەست و سۆزەکان کە هی خودان و دەڕژێن بۆ شتێکی دیکەی بێجگە لە خودا. ئەمە ئیرەییە؛ ئەمە ئیرەییەکی باشە کە ئێمە لەگەڵ خودا هاوبەشی دەکەین.» پێویستە بە ئیرەییەوە خۆمان لە بتپەرستی پەیوەندییەکان بەدوور بگرین. وە ئیرەییەکی باش لە پەیوەندییەکانماندا هەیە، لە «هیوایەکی خۆشدا بۆ وەرگرتنی ئەو هەست و سۆزانەی لە کەسێکی دیکەوە کە بەڕاستی هی تۆیە.» بۆ نموونە، بە تەواوی گونجاوە پیاوێکی دەستگیراندار هەست بە ئیرەیی بکات ئەگەر دەستگیرانەکەی بڕیاریدا لەگەڵ پیاوێکی دیکە ژوانی هەبێت.

بەڵام ئیرەیی کاتێک دەبێتە گوناە کە ترس و لووتبەرزیمان دەربخات. ئیرەیی خراپ «پێویستییەکی نەشیاوی هەیە بۆ گرنگیدانی زۆر لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە بەهۆی نائارامی و ترس و ئامادەنەبوون بۆ متمانەکردن بە خودا بۆ ئەوەی ئاگاداری خۆشەویستییەکەمان بێت و پێداویستیەکانمان دابین بکات.» یان ئیرەیی خراپ دەبێت کاتێک لە لووتبەرزییەوە دێت، بە تایبەتی کاتێک «هەست بە ئیرەیی دەکەیت، لەبەر ئەوەی دەتەوێت وا دەریکەویت کە تۆ تاکە کەس بیت کە خۆشەویستەکەت کات لەگەڵیدا بەسەر دەبات.» تۆ زاڵ دەبیت بەسەر کاتەکەیدا، وە ڕێگری دەکەیت لەوەی وەبەرهێنان لە کەسانی دیکە، لە خێزان، یان لە هاوڕێکانیدا بکات. بەڵکو «تۆ دەتەوێت ئەو وا مامەڵە بکات کە تۆ تاکە شت بیت کە گرنگە، ئەوە تەنها نەخۆشییە.» ئیرەییەکی بێ خۆشەویستییە کە ڕەگ و ڕیشەی هەیە لە خۆبەزلزانینێکی سەرنج لەسەر خودی خۆت.

پەیوەندییەکی تەندروست «متمانەیەکی تەندروست بە خودا» دەردەخات «لەپێناو شوناس و ئارامی خۆت بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی نایاب و ئازاد و خۆشەویستیت هەبێت تاکو ڕێگە بە خۆشەویستەکەت بدات پەیوەندییەکی گونجاوی هەبێت، جگە لەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ تۆدا هەیەتی، هەروەها هەستێکی گونجاوت هەبێت بەرامبەر بە خێزان و هاوڕێیانی کە بە هیچ شێوەیەک سازش لەسەر سۆزەکانی بۆ تۆ ناکەن.»[a]

a ئەڵقەی ١١٧٧: «ژوان: ئیرەیی باش و خراپ» (٢٨ی ئازاری ٢٠١٨).

باسکردن لە ئیرەیی باشی خودا: «ئیرەیی خودا پێوەرە بۆ دڵگەرمی ئەو بۆ بەختەوەریمان لە ئەودا. تووڕەیی ئەو لە داوێنپیسی ڕۆحیمانە -لە هەبوونی خۆشەویستی دیکەمان جگە لە ئەو- ڕەنگدانەوەی تامەزرۆیی ئەوە بۆ بەهای خۆی، بەڵام هەروەها ڕەنگدانەوەی تامەزرۆیی ئەو بۆ خۆشیمانە.» لێرەوە پەیوەندی هەیە لەگەڵ ژوانبەستنمان. ئەم ئیرەییە باشە پۆڵسی هان دا؛ «بە ئیرەییەکی خودایانە ئیرەییتان پێ دەبەم، بۆ باسکردن، تاکو پەیوەندییەکی پاکتان لەگەڵ مەسیح هەبێت» (دووەم کۆرنسۆس ١١: ٢).[a]

چۆن بزانم خۆشەویستەکەم وابەستەییەکی ژەهراوی بە منەوە هەیە؟

لەدوای گفتوگۆ دەربارەی ئیرەیی، کوڕە خۆشەویستێک نیگەران دەبێت لەوەی کچە خۆشەویستەکەی زیاد لە پێویست وابەستەیی پێیەوە هەیە. ئەو موکرە، کەمتر و کەمتر کات لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانی بەسەر دەبات. خەریکە دەبێتە تاکە سەرنجی لە ژیاندا و پێدەچێت ناتەندروست بێت. ئایا پێویستە لەم پەیوەندییە بەردەوام بێت؟

پێنج پرسیاری ڕاستگۆیانە بکە. (١) ئایا لەلای کچە خۆشەویستەکەت عیسا بەهادارترینە؟ ئەمە گرنگترین پرسیارە. «ئایا دەتوانیت هەست بکەیت کە تۆ ژمارە دوویت لە ژیانیدا نەک ژمارە یەک؟ ئایا دەتوانیت تێبگەیت کە ئەو دڵخۆش دەبێت کە ژمارە دوو بێت لە ژیانی تۆدا نەک ژمارە یەک؟ ئەگەر باڵادەستی مەسیح لە شوێنی خۆیدا نەبێت، هیچ شتێکی دیکە لە پەیوەندییەکەدا بە باشی لە شوێنی خۆیدا نابێت» (فیلیپی ٣: ٧-٨). (٢) ئایا مەسیح ژیانی خۆشەویستەکەت جێگیر دەکات؟ «ئایا مەسیح هێندە هیوابەخش و هێندە سەقامگیرکەر و هێندە ڕازیکەر بووە بۆی کە بزانن ئایا ئەو هێزی و شوناس و سەقامگیرییەکەیەتی» لە کاتێکدا ژیان باشە و لە کاتێکدا ژیان سەختە (فیلیپی ٤: ١١-١٣)؟ (٣) کچە خۆشەویستەکەت ڕێزت لێدەگرێت یان بەکارت دەهێنێت؟ ئێمە بەدیهێنراوین بۆ ئەوەی پێویستمان بە یەکتر بێت. پێویستی پەیوەندی «نا مەسیحییانە نییە،» بەڵام ئەوە پێویستی بە شتێکی نامۆیە کە هەوڵی بەخشینی ڕێزداری دەدات. کەواتە ئایا کچە خۆشەویستەکەت پابەندبوونی هەیە، نەک بۆ بەکاربەریت لە پێویستییەکانیدا، بەڵکو ڕێزلێگرتنت لە پێویستییەکەیدا؟ ئەمە ئەو «جۆرە زۆر نائاساییە»ی پێویستییە کە دەبێت بۆ کەسانی دیکە هەمانبێت (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٢١-٢٦). (٤) ئایا خۆشەویستەکەت بەهێزی لە مەسیحدا نیشان دەدات؟ ئایا ئەو «ئارامی و خۆڕاگری ناخی هەیە بۆ ئەوەی خۆشییەکەی لە مەسیحدا تێک نەچێت، ئەگەر لەلایەن کەسانی دیکەوە ڕەت بکرێتەوە؟» بەڵێنەکانی مەسیح ئەم سەقامگیرییە دابین دەکەن (لۆقا ٦: ٢٢-٢٣؛ یەکەم کۆرنسۆس ٤: ١٢-١٣). یان لە ململانێی پەیوەندییەکاندا، ئایا ئەو «لە ڕووی سۆزدارییەوە بێتوانایە؟» (٥)

a ئەڵقەی ١٩٠٢: «چۆن دەکرێت خودا ئیرەیی بێت؟» (١٧ی شوباتی ٢٠٢٣).

کچـە خۆشەویستەکەت لەنێـو خەمەکانـدا دڵخـۆش دەبێـت؟ ئایـا هیـچ «پێشـینەکی ئەزموونـی مەسـیحی دووانـە»ی هەیـە کـە خەمبـار بێـت و لەگـەڵ ئەوەشـدا دڵخـۆش بێـت (دووەم کۆرنسـۆس ٦:١٠)؟ ئایـا ئـەو کچـە لـە ژیانیـدا بـە شـادی خـوداوە لـە ژێـر شـەپۆلی خـەم و پـەژارەی ئـارام دەبێـت؟

هیـچ گوناهباریـک هەمـوو ئـەم پرسـیارانە بـە تـەواوی وەڵام ناداتـەوە، «بـەڵام کەسـێک کـە بەڕاسـتی لـە خـوداوە لەدایـک بـووە، هەندێـک پێـوەر لـەم شـتانە دەزانێـت.» لـەم پێنـج پرسـیارەدا دەتوانیـت بزانیـت «ئایـا وابەسـتەیی سـۆزداری و پەیوەندییـەکان لـە پەیوەنـدی خۆشەویسـتیدا ناکارامەیـە یـان ناتەندروسـتە یـان وابەسـتەییە.»[a]

ئایا ژوانبەستن لەگەڵ بێباوەڕان بە مەسیح گوناهە؟

سـەرەتا، هـەر پەیوەندییـەک کـە زیاتـر لـە خـودا ئـارەزوو بـۆ کەسـێکی دیکـە دەربـڕدرێـت، چاوچنۆکییـە. «دەکرێـت لەگـەڵ باوەڕدارێـک بـە مەسـیح ژوانبەسـتن بکەیـت و گونـاە بکەیـت. یـان لەگـەڵ بـێ باوەڕێـک ژوانبەسـتن بکەیـت و گونـاە بکەیـت، چونکـە سـۆز و خۆشەویسـتیت یـان پێویسـتیت بـۆ ئـەو کەسـە ڕەنگـە ڕەنگدانـەوەی ئـەوە بێـت کـە خـودا شـوێنێکی نییـە لـە ژیانتـدا کـەوا هێنـدە شـکۆدار و بەهێـز و دڵخۆشـکەر و جوانـی هەبێـت وەک ئـەوەی کـە پێویسـتە هەیبێـت. ئەگـەر پێویسـتییەکی هەسـتپێکراوی هاوڕێیەتیـت هەیـە کـە زیاتـرە لـە پێویسـتی هەسـتکردنت بـە خـودا، ئـەوا تـۆ گونـاە دەکەیـت.» وە «ئەگـەر تـۆ بـەدوای کەسـێکی بێبـاوەڕدا دەگەڕێیـت بـە ئامانجـی بەئاگاهێنانـەوە و زیندووکردنـەوە و قوولکردنـەوەی پەیوەندییەکـی سـۆزداری کـە دەکرێـت ببێتـە هـۆی هاوسـەرگیری، ئـەوا سـازش لەسـەر خۆشەویسـتی خـۆت بـۆ مەسـیح دەکەیـت، پێچەوانـەی ئـەوەی کتێبـی پیـرۆز دەیڵێـت، وە شـتێکی هەڵـە دەکەیـت.» کتێبـی پیـرۆز زۆر ڕوونـە: بـۆ بـاوەڕداران بـە مەسـیح تەنهـا لـە خـودادا هاوسـەرگیری دەکـەن. «ئەگـەر تـۆ لەسـەر ڕێڕەوێـک بیـت بـۆ ئـەوەی ئاشـقی ژنێـک بیـت و هاوسـەرگیری لەگـەڵ بکەیـت کـە لـە خـودا دوور بێـت، ئـەوا تـۆ لەسـەر ڕێڕەوێکیـت بـۆ سـەرپێچیکردن لـەم دەقـە» (یەکـەم کۆرنسـۆس ٧: ٣٩). وە «ناتوانرێـت هیـچ یەکێتییەکـی قوولـی ڕۆح هەبێـت ئەگـەر دوو کـەس جیاوازیـان هەبێـت لـە گەنجینـەی باڵایـان» (دووەم کۆرنسـۆس ٦: ١٤). «کەواتـە بەدواداچـوون بـۆ پەیوەنـدی خۆشەویسـتی، چاندنـی پەیوەندییـەک کـە ببێتـە هـۆی هاوسـەرگیری قەدەغەکـراو، پێمواییـە قەدەغەیـە.»[b]

دیسـانەوە، نهێنییەکـە ئەوەیـە کـە سـازش لەسـەر ئـەو شـتە نەکەیـت کـە لـە هاوسـەرێکدا بەدواییـدا دەگەڕێیـت. «ئـەوەی دڵتەنگـم دەکات ئەوەیـە کـە چەنـدە بـاوەڕداران لـە ڕووی

a ئەڵقەی ١٦٤٧: «لەبارەی پەیوەندییە سۆزدارییە وابەستەکان» (٢ی تەممووزی ٢٠٢١).

b ئەڵقەی ١٧٥: «ئایا پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کەسێکی بێباوەڕ بە مەسیح گوناهە؟» (١٧ی ئەیلوولی ٢٠١٣).

سۆزداریيەوە لەگەڵ بێباوەڕاندا تێکەڵ دەبن کە یان واز لە بیروباوەڕەکانیان دەهێنن یان لەسەری ڕادەوەستن بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر وەک باوەڕدارێک ببینێت لە کاتێکدا ئەو کەسە باوەڕدار نییە.» ژنێکی مەسیحی «بەدوای پیاوێکدا ناگەڕێت کە تەنها خاچێکی لەسەر شانی تاتۆ کردووە، بەڵکو بەدوای پیاوێکدا دەگەڕێت کە ئامادەیە ڕۆژانە بمرێت لەپێناو قوربانیدان بۆ ڕابەرایەتی ماڵەکەی.» وە پیاوێکی مەسیحی «بەدوای ژنێکدا ناگەڕێت کە تەنها خاچێک لە ملیدا بێت، بەڵکو بەدوای ژنێکدا دەگەڕێت کە ئامادەبێت بمرێت لەکاتێکدا بە پشتبەستن بە مەسیح ملکەچی ڕابەرایەتییەکەی دەبێت.»[a]

هاوسەرگیری پێویستی بە دوو کەس هەیە کە هەندێک ئاستی متمانەی کەسیان هەبێت. قسەکانی پۆڵس یەکلاکەرەوەن: «لە پەروەردگاردا» (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣٩). بۆ ژنێک کە لەگەڵ پیاوێکدا ژوانبەستن دەکات کە هیچ دڵنیاییەکی ڕزگاری نییە: «لەم حاڵەتەدا هاوسەرگیری لەگەڵ مەکە، پێویستت بە دڵنیایی باش هەیە کە ئەو لە گرنگترین ئاستی بوونداو هاوڕێی ڕۆحتە، ئایا ئەو لە مەسیحدایە وەک تۆ لە مەسیحدایت؟ ئایا دووبارە لەدایک بووەتەوە؟ ئایا ئەو ڕۆڵەی خودایە؟ ئایا لە ژێر دەسەڵاتی خودادا دەژیێت؟»[b]

مەسیحییەک کە بە ئەنقەست هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی بێباوەڕدا بکات، پەیمانەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە. نەزری هاوسەرگیریەکە ڕادەگیرێت. بەڵام دەبێت قەشەکان ڕووبەڕووی باوەڕداری گوناهبار ببنەوە بە ئامانجی بەرهەمهێنانی «پەشیمانی و گەڕانەوەی ڕاستەقینە» لەم سەرپێچییەی لە دژی خودا (یەکەم کۆرنسۆس ٧:٣٩)، بە دانپێدانانێک بەوەی کە «دڵی ڕاست نەبووە لەوەی لە سۆزەکانیدا مرۆڤی لە سەرووی مەسیحەوە داناوە» وە بە داوای لێبوردن و «خەمێک بۆ ڕەتکردنەوەی ئاموژگارییەکانی ڕابەرانی خودا لە کڵێسادا.»[c]

ئایا دەکرێت ژنێکی سپی پێست هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی ڕەشپێست بکات؟

یەکێک لە سەرەتاییترین ئەڵقە ڤایرۆسییەکان لە مێژووی پەخشەکەدا وەک شۆکێک هات لەسەر پرسیارێک کە وامدەزانی زۆر لەمەوبەر یەکلایی بووەتەوە. ئایا ژنێکی سپی پێست دەتوانێت لەگەڵ پیاوێکی ڕەشپێست ژوانبەستن و هاوسەرگیری بکات؟ پرسیارەکە لە ژنێکەوە هات.

بە کورتی، ژنانی مەسیحی «دوو سنووردارکردنی بنەڕەتی»یان بۆ دانراوە بۆ هاوسەرگیری: هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێک، وە پیاوێک کە مەسیحی خۆشدەوێت (یەکەم کۆرنسۆس ٧:

a ئەڵقەی ٤٠٥: «ئایا پەیوەندی دروستکردن لە ڕێگەی سەرهێڵەوە بۆ مەسیحییەکان باشە؟» (١٢ی ئابی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ٩٠٩: «ئایا پێویستە بەدوای هاوسەرگیریدا بگەڕێم ئەگەر گومانم هەبێت لە ڕزگاریم؟» (١ی ئابی ٢٠١٦).
c ئەڵقەی ١٥٦٠: «باوەڕدار بە مەسیح هاوسەرگیری لەگەڵ بێباوەڕدا دەکات -کاردانەوەی کڵێسا چۆن دەبێت؟» (١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠).

٣٩). هاوسەرگیری نێوان ڕەگەزەکان لە پەیمانی کۆن هەتا ڕادەیەکی زۆر قەدەغە بوو، مەرجێک بوو بە «پاڵنەری ئایینی نەک پاڵنەری ڕەگەزی.» بەڵام هاوسەرگیری نێوان ڕەگەزەکان لە پەیمانی کۆنیشدا دیارە. بۆ نموونە موسا هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی کوشی کردووە، «هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی کوشییەکان ڕەشپێستی ئەفریقین» (سەرژمێری ١٢: ١). ئێستا لە مەسیحدا گەلی خودا پێکهاتووە لە جووەکان و گەلانی دیکە و هەموو گەلێکی سەر هەسارەکە. ئەوە هۆزە نوێیەکەمانە. «لە هۆزەکەی خۆتدا هاوسەرگیری بکە، واتا هۆزی مەسیحی -بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر هێڵێکی نەتەوەیی یان ڕەگەزی- بەڵام لەم هۆزە نوێیەدا هاوسەرگیری بکە» کە مەسیح سەرۆکایەتی دەکات.

ئەم خاڵە لە ساڵی ١٩٦٧ بۆ خێزانی پاپیەر لە ئۆربانا لەبیرنەکراو بوو، لەوێ گوێیان لە مزگێنیدەرێک بوو لەسەر شانۆ پرسیاری لێکرا، «ئایا نیگەران نیت لەوەی ساڵانێکی زۆر لە پاکستان خزمەت بکەیت کە لە کۆتاییدا کچەکانت هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوانی پاکستانیدا بکەن؟» مزگێنیدەرەکە وەڵامی دایەوە: «جوتیارێکی پاکستانی باوەڕدار باشترە لە بانکدارێکی دەوڵەمەند و بێباوەڕ و ئەمریکایی.» لەدوای دەیان ساڵ، پاپیەر ئەم ساتەوەختەی بیرهاتەوە «درکم بەوە کرد، بەڵێ، ئەوە وەڵامێکی تەواو دروستە. بێگومان گرنگە هاوسەرگیری لەگەڵ کێ دەکات. دەبێت هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشەویستێکی مەسیح بکرێت، شوێنکەوتووی مەسیح. وە ئەگەر پاکستانی بوو ستایشی خودا بکە. بەڵام هاوسەرگیری مەکە لەگەڵ بانکدارێکی دەوڵەمەند، سپی پێست، ئەمریکایی، ئەگەر باوەڕدار نەبێت.» وە ڕازی مەبە بە «پیاوێکی مەسیحی هەڕەمەکی.» وە هەرکەسێک بێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەیت، چاوەڕوانی ئاڵنگاری و نیگەرانی بکە چونکە «هەموو هاوسەرگیرییەک هاوسەرگیرییەکی نێوان دوو کەلتوورە.»[a]

لە پرسیارێکی دواتردا سەبارەت بە هاوسەرگیری نێوان ڕەگەزەکان، ئەمجارەیان لە پیاوێکەوە، ڕوون بووەوە کە هەڵوێستی پاپیەر لە گەشەکردنداید. دژایەتیکردنی هاوسەرگیری نێوان ڕەگەزەکان لە تەمەنی هەرزەکاریدا «بناغەی هۆشیارانە»ی دژایەتیکردنی بوو بۆ تێکەڵبوون لە ویلایەتی کارۆلینای باشوور. «وە پێموایە ئەوە سەرچاوەی زۆربەی هەڵوێستە خراپەکانم بوو بەرامبەر بە ڕەگەزەکانی دیکە لەو ڕۆژانەدا. هەرگیز فێرنەکرابووم کە ئەوە گوناهە؛ بەڵکو من پێموابوو کە گوناهە. بۆیە من ئەم ململانێیە بە سوکی وەرناگرم، وە زۆرم پێ خۆشە ئەم گەنجە ڕازی بکەم کە، لە ڕووی کتێبی پیرۆزەوە، دەبێت ویژدانی ئارام بێت لە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کەسێکی خوداپەرست، شکۆبەخش بە مەسیح، گونجاو لەگەڵی -جا لە هەر ڕەگەزێک بێت.

a ئەڵقەی ٩٨: «ئایا ژنێکی سپی پێست دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی ڕەشپێست بکات؟» (٢٤ی ئایاری ٢٠١٣).

ویـژدان بـه چـوار تێبینـی کتێبـی پیـرۆز پـاک دەکرێتـەوە. (١) میراتـی هەمـوو کەسـێک دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـادەم و حـەوا، ئێمـە هەموومـان سـەر بە یـەک ڕەگـەزی مرۆڤین (پەیدابـوون ١: ٢٧؛ کـردار ١٧: ٢٦). «مـرۆڤ بـوون، لەسـەر وێنـەی خـودا، بـە بـەراورد لەگـەڵ هـەر جیاکارییەکی ڕەگـەزی، لـە ڕووی گرنگییـەوە دە ملیۆنـە بەرامبـەر بـە یـەک.» (٢) مەسـیح مرۆڤایەتییەکـی نـوێ بـەدی دەهێنێـت، ڕەگـەزی مەسـیحی (یەکـەم پەتـرۆس ٢: ٩-١٠). پاشـخانی ڕەگـەزی هیـچ بەربەسـتێک نییـە (کۆلۆسـی ٣: ١١). «کەواتـە لـە مرۆڤایەتـی کۆنـدا، لایەنـی یەکلاکـەرەوەی یەکێتـی مـرۆڤ لەسـەر وێنـەی خـودا بـوو، لـە مرۆڤایەتـی نوێـدا لایەنـی یەکلاکـەرەوە لـە یەکێتـی مرۆڤـدا ئەوەیـە کـە مەسـیح هەمـوو شـتێکە و لـە هەمـوو شـتێکدایە.» (٣) کتێبـی پیـرۆز قەدەغـەی دەکات مەسـیحییەکان هاوسـەرگیری لەگـەڵ بێباوەڕانـدا بکـەن، بـەڵام هیـچ قەدەغەکردنێکـی نییـە بـۆ هاوسـەرگیری لەنێـوان کۆمەڵانـی نەتەوەییـە جیـاوازەکان (یەکـەم کۆرنسـۆس ٧: ٣٩). لێـرەدا پۆڵـس هەمـان نیگەرانییـە سـەرەکییەکەی پەیمانـی کـۆن دووبـارە دەکاتـەوە. «بابەتەکـە لـەو کاتـەدا ڕەگـەزی نەبـووە. بابەتەکـە بـاوەڕ و ئایـین و سـۆزداری بـوو بۆ خـودای ڕاسـتەقینە، یەهـوا.» (دواوتـار ٧: ٣-٤). (٤) دیسـانەوە هاوسـەرگیری موسـا لەگـەڵ ژنێکی کوشـی نمونەیەکـی ڕوونـە. کاتێـک مریەمـی خوشـکی موسـا کێشـەی لەگـەڵ هاوسـەرگیرییەکەی موسـادا دروسـتکرد، تووشـی پەتـا بـوو و دەسـتی سـپی بـوو، کـە پێدەچێـت ئاماژەیەکـی تونـدی هەبێـت بـۆ ڕەنگـی پێسـت. «خـودا ڕازی نییـە لـە ڕەخنـەی مریـەم سـەبارەت بـە هاوسـەرگیری موسـا لەگـەڵ ژنێکـی ڕەشپێسـت، هیـچ ڕەخنەیەکـی دیکـەش لەوبارەیـەوە نییـە.»

لەبـەر ئـەم هۆکارانـە و زۆر هـۆکاری دیکـە، «دروسـتە نـەک هـەر تەنهـا ڕێگـە بدرێـت یـان قبـووڵ بکرێـت، بەڵکـو ئاهەنـگ بگێڕیـن بـۆ هاوسـەرگیری ژن و پیاوێکـی خوداپەرسـت و شـکۆبەخش بـە مەسـیح کـە لـە پـەروەردگاردا هاوسـەرگیری دەکـەن و ڕەگـەزی نەتەوەیـی جیاوازیـان هەیـە.»[a]

ئایا پێش ئەوەی بگەینە سەقامگیری دارایی هاوسەرگیری بکەین یان دوای ئەوە؟

لـە نێـوان ژن و مێردێکـدا کـە مەسـیحیان خۆشـدەوێت، لـە پەیوەندییەکـدا کـە خێـزان و کڵێسـای ناوەخۆیـی لێـی ڕازیـن، وە ڕێـز لـە سـنوورە سێکسـییەکان دەگـرن، ئایـا دەبێـت چاوەڕێـی هاوسـەرگیری بکـەن هەتـا ئـەو پیـاوە پشـتگیری دارایـی دابیـن دەکات؟

بـە گشـتی، مەترسـییەکە بگەڕێـەر و متمانـە بـە خـودا بکـە. بـەڵام دوو هۆشـداری هەیـە. ئایـا پیاوەکـە لەسـەر ڕێڕەوێکـە بـۆ ئـەوەی لـە کۆتاییـدا بژێـوی هاوسـەرەکەی بـدات، تەنانـەت ئەگەر بـۆ ماوەیەکـی کاتیـش کار بـکات؟ وە، لـە چوارچێوەیەکـی پەیوەندیـدار، ئایـا ئـەو خاڵـی لاوازی

a ئەڵقەی ٩٦٦: «ئایا پێویستە هانبدەین بۆ هاوسەرگیری لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکان؟» (٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦).

کەسایەتی هەیە کە کاتی ئەوە دێت پێشەنگایەتی بکات لە بەدەستهێنانی داهات، لاوازی دەکات؟ ژنەکە دەکرێت بپرسێت، «ئایا دەستگیرانەکەم سیفەتێکی کەسایەتی وەهای هەیە کە ڕێگری لێ دەکات لە دۆزینەوەی ئەو جۆرە کارەی بتوانێت بژێوی‌مان دابین بکات؟ ئایا تەمبەڵە؟ ئایا ترسنۆکە؟ ئایا هەستیارە؟ ئایا خووی بە وەرزشەوە گرتووە و هێشتا پێگەیشتوو نییە؟ ئایا نابەرپرس نییە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ پارە؟» ئەم شێوازانە سەرەتا پێویستیان بە پێگەیشتن و گەشەکردن هەیە. لە لایەکی دیکەوە، «ئەگەر پێگەیشتویی هەبێت، ئەگەر خۆشەویستی قووڵ هەبێت، ئەگەر پشتیوانی کۆمەڵایەتی و خێزان هەبێت، ڕەنگە بڵێم «بڕۆ پێشەوە». دوو کەس دەتوانن بە تێچووی کەمتر بژین لەوەی بە جیاواز بژین، هاوسەرگیری، لە باشترین حاڵەتدا، یارمەتیدەرمانە لە کاتە سەختەکاندا، نەک شتێکە ڕەت بکرێتەوە لەبەر ئەوەی کاتە سەختەکان هەن.»[a]

بە سادەیی: «من پشتیوانی ماوەی دەستگیرانی درێژخایەن نیم. بەڵای منەوە شتێک هەیە، کە ناسروشتی و ناژیرانە بێت، بە تایبەتی لە کەلتووری ئێمەدا، کاتێک ژن و پیاوێک دەزانن کە بەرەو هاوسەرگیری دەڕۆن -وە کەسانی دیکەش ئەو داناییەیان پشتڕاست کردۆتەوە- بەردەوام بە هۆکاری کرداری جۆراوجۆر دوای دەخەن. بە گشتی، وا پێدەچێت، ئەگەر دوو کەسی سەڵت بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن، پێکەوە دەگونجێن.» لە دەستگیرانداری جۆن و هاوسەرگیری لەگەڵ نۆئێل، لە سەرەتادا هەموو وردەکارییە کردەییەکان کاری لەسەر نەکرابوو. «بڕیارماندا کە پێمان باشە پێکەوە برسی بین نەک بە تەنها ئاسوودە بین.»

ئیتر بە شێوەیەکی کردەیی، بودجەیەک دیاری بکەن، ڕێگایەک بدۆزەرەوە بۆ کەمکردنەوەی تێچووی بژێویتان. «خۆراکتان زیاد نابێت لە کاتێکدا پێکەوە دەژین، بەپێی ئەوەی ئێستا لە کۆێ دەژین، ڕەنگە بتوانن یەکەیەکی نیشتەجێبوونی کرێ بدۆزنەوە کە هەرزانتر بێت وەک لەوەی ئێستا هەردووکتان دەیکەن، هتد....» بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەمەیە: ئایا کاتی خودا هاتووە ئێمە بەرەو ژیانی هاوسەرگیری هەنگاو بنێین؟ «دەزانم ئەمە بابەتێکی ڕێژەییە و قورسە دیاری بکرێت. بەڵام ئایا کاتی خودا هاتووە؟ وە ئەگەر هەست بەمە دەکەن، هەروەک ئەوەی وەک من و نۆئێل هەستمان پێکرد، ئەوا چاوەڕێی ئەوە بکەن کە خودا شتی نایاب بکات بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە بژین. هەروەوها وەک بەشێک لەمە، پێکەوە نوێژ بکەن. پێکەوە بە ڕژدی نوێژ بکەن کە پەروەردگار دەرگا بۆ ئەم شتە باشە بکاتەوە لە ژیانتاندا، کە پێی دەگوترێت "هاوسەرگیری".»[b]

a ئەڵقەی ٢٩٥: «ئایا ئێمە لە ڕووی داراییەوە زۆر ناسەقامگیرین بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکەین؟» (١١ی ئازاری ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٨٨٠: «ئایا پێویستە پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەم قوتابخانە تەواو بکەم؟ شەش بڕاردە کە دەبێت لەبەرچاوی بگرم» (١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٦).

ئایا پێویستە وردەکارییەکانی مێژووی سێکسیمان بۆ یەکتر باس بکەین؟

بە تایبەتی کاتێک باس لە مێژووی سێکسی پیاوان و ژنانی گەنج دەکرێت پێش هاتنیان بۆ لای مەسیح، چۆن دەبێت هاوسەرەکان کراوە و ڕوون بن سەبارەت بە ڕابردوویان؟

ئەگەر لە ڕابردوودا چالاکی سێکسیت هەبووە، «ئەوا پاکیزەیی دایرییەکی بەهاداره کە ناتوانیت بیدەیت بە دەستگیرانەکەت، نە ئەویش بیدات بە تۆ، ئەمە خەمێکی گەورەیە و لەدەستچوونێکی گەورەیە.» پاشان دەتەوێت منداڵەکانت ڕابهێنیت لەسەر ئەوەی ئەم دایرییە چەندە بەهادارە، بۆ ئەوەی بۆ هاوسەرگیری بپارێزرێن. بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی پەیوەندییەکە بەرەو هاوسەرگیری، دیاری هەیە کە دەتوانیت بیدەیت بە دەستگیرانەکەت، تەنانەت ئەگەر پاکیزەییشیت لەدەست بچێت. «دەتوانی تەماشای ناو چاوی دەستگیرانەکەت بکەیت و بڵێیت، «من شەرمەزارت بووم، شەرمەزاری خودا بووم، زۆر پەشیمانم. ڕقم لەوەیە کە کردوومە. ڕقم لەو ئازارەیە کە بە خۆم و تۆم گەیاندووە. ڕقم لەو بێڕێزییە کە بەرامبەر خودا کردوومە. ڕقم لەو بێڕێزییەیە کە بەرامبەر بە تۆ کردوومە بەوە بە شێوەیەکی باش پارێزگاریم لێ نەکردووە. وە تۆبە دەکەم. لەو گوناە و هێزە گوناهبارانە دوور دەکەومەوە کە پاڵنەرم بووە. دەستبەرداریان دەبم. وە ڕوو لە عیسای مەسیحی پەروەردگار و ڕزگارکەرم دەکەم، لێخۆشبوونی تەواوی بە خوێن کڕدراوی لێ وەردەگرم، وە بە هەموو دڵمەوە پێیەوە پەیوەست دەبم. ئێستا بە بیرکردنەوە لە سووکایەتیکردن بە خوێنەکەی دەلەرزم. وە بەو ڕۆحەی کە پێی بەخشیووم، بە هێزی ئەو بڕیار دەدەم هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز ناپاکی لێ نەکەم، یان جەستەم نادەم بە هیچ ژنێک جگە لە ژنەکەی خۆم. ڕۆح و جەستەی لێخۆشبوو و ڕزگارکراو و پاککراوی خۆم لە هاوسەرگیریدا پێشکەشت دەکەم بۆ ئەوەی بە بەهادارت بزانم و ڕێزت لێ بگرم و دڵسۆز بم بۆت. بانگهێشتت دەکەم بۆ ئەم یەکێتییە نوێیە لێخۆشبوو و ڕزگارکراو و پاککراوە لەگەڵمدا. دەزانم هەمیشە پەڵە و یادگاری دەمێنێتەوە. بەڵام خودا میهرەبانە، لە کاتی خۆی و دانایی خۆی و ڕێگاکەیدا، ئەم شوێنەوارانەی گوناە دەکاتە نیشانەی بەزەیی خۆی و نیشانەکانی خاچەکەی»[a]

زۆرترین ماوەی پێش هاوسەرگیری چەندە؟

فریودانی سێکسی لە هەموو لایەکەوە دەورەی داوین. سێکس باشە، ناشیرین نییە (پەندەکان ٥: ١٨-١٩؛ یەکەم تیمۆساوس ٤: ٣). سێکس بە تایبەتی «بۆ مەسیحییەکان» داڕێژراوە (یەکەم تیمۆساوس ٤: ٥). وە سێکس بۆ چێژوەرگرتنە، نەک تەنها بۆ منداڵبوون (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٥). بەڵام سێکس بۆ پەیمانی هاوسەرگیری تەرخانکراوە. «لە

a ئەڵقەی ٣٣٦: «کاتێک گوناهی سێکسی ڕابردوو ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەت داگیردەکات» (٧ی ئایاری ٢٠١٤).

هاوسەرگیریدا سێکسی نایاسایی هەیە، پێی دەگوترێت "داوێنپیسی". وە پێش هاوسەرگیری سێکسی نایاسایی هەیە پێی دەگوترێت "داوێنپیسی". پۆڵس دەڵێت، مەچنە ئەوێ. لە هەردووکیان هەڵبێن» (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٨).

ژوانبەستن بەرەو تەواوبوون دەڕوات، بەڵام «یەکگرتنی جەستەیی لە پەیوەندی سێکسیدا مەبەست لێی شکۆداری جەستەییە بۆ یەکگرتنێکی سۆزداری و ڕۆحی لەنێو پەیمانێکی بەردەوامدا. ئێمە ئاژەڵ نین. سێکس ڕەگ و لق و پۆپێکی هەیە کە دەچێتە ناو هەموو بوونمانەوە.» چونکە «دەستلێدانی سێکسی لەلایەن خوداوە داڕێژراوە، لەلایەن زۆربەی کەسانی تەندروستەوە وەک پێشەکییەک بۆ جووتبوون ئەزموون دەکرێت. ئەمە مەبەستە لێی. لەڕادەبەدەر بێزارکەر دەبێت دەستبکرێت بە دەستلێدان لە ڕووی سێکسییەوە ئینجا لەگەڵ بەهێزبوونی وروژان ناچار بیت وازی لێبهێنیت. ئەو دەست لێدانانە و ئەو وروژانە بۆ ئەوە دانراون بتگەیەننە کۆتایی. خودا بەو شێوەیە دایڕشتووە. بۆیە دوور بکەرەوە لە هەموو ئەو بارودۆخانەی کە ئەزموونی «ئارەزووی زیاتر» دەوروژێنن. لە پەیوەندییە ڕژدەکانی ژوانبەستن، کچ و کوڕ پێویستیان بە سنوور هەیە. کوڕان -دەستپێشخەری دەکەن بۆ دانانی سنووردکان. وە کچان -«پیاو فریو مەدەن دەستت لێبدات، پێت وابێت ئەمە پیاوەکە دەهێڵێتەوە. شایەنی هێشتنەوە نییە ئەگەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە.» لە کۆتاییدا، پاکی سێکسی پەیوەستە بە خودا. «خۆزگە دەخوازرێت بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن» (مەتا ٥: ٨).[a]

تەوەری شکستی پێشوەختەی پەیوەندی سۆزداری بابەتێکی دیکەی هێنایە ئاراوە. هەتا چەند هاوسەرەکان دەتوانن سنووریان ببەزێنن لە بابەتە ڕۆحی و سۆزدارییەکان؟ ئایا نوێژکردن و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز پێکەوە سۆزداری زۆرە؟

ئەم پەیڕەوکردنە ڕۆحیانەش، بەشێکن لە ڕێڕەوی سروشتی (ڕووبارەکە). «جووتبوونی سێکسی تەواوکردن و کۆتاییهاتنی یەکگرتنی سۆزداری و ڕۆحی سروشتی و گونجاوی و تامەزرۆییە. من بەو بیروباوەڕە دەست پێدەکەم. لەبەر ئەم هۆکارە، زۆر بریندارکەر و کارەساتبارە بۆ ژن و پیاو کە تەنها یەک شەو بە جەستەیی پێکەوە بن، یان ئەزموونی سێکسی کاتی، یان ژوانبەستنی بەدوای یەک.» هەتا پەیوەندییەک بە ڕژدیتر بەرەو هاوسەرگیری هەنگاو بنێت، هەستەکان قوڵتر دەبنەوە. بە تایبەتی پیاوان دەبێت وریا بن. ئەگەر پەیوەندییەکە بەرەو هاوسەرگیری نەڕوات، نابێت پەیوەندییەکان بەرەو سۆزێکی قوڵتری ڕۆحی و سۆزداری هەنگاو بنێت. «ئاگادارببە، هەر هەنگاوێکی قوڵتر بۆ یەکگرتنی سۆزداری و ڕۆحی لەگەڵ ڕۆحی ژنێک هەنگاوێکە بەرەو یەکگرتنی جەستەیی

a ئەڵقەی ٧٣: «زۆرترین ماوەی پێش هاوسەرگیری چەندە؟» (١٩ی نیسانی ٢٠١٣).

-واتا بەرەو هاوسەرگیری. مەبەبە ئەو ئاستە. لەگەڵیدا مەڕۆ ئەگەر ئەمە هەنگاونان نەبێت بەرەو پەیوەندی هاوسەرگیری. ئەوە بە قوڵی بریندارى دەکات، وە تۆش بریندار دەکات، ئەگەر قوڵاییەکانی یەکبوون لەگەڵ یەکتر لە ڕووی سۆزدارییەوە بەئاگا بهێنیت و دواتر هەوڵبدەیت لێی دوور بکەویتەوە. ئەم قوڵاییانە پێویستە بەرەو شوێنێک بتبەن، ئەویش پەیوەندی سێکسی لە ژیانی هاوسەرگیریدایە.» لە کۆتاییدا: «نەخێر، پێم وانییە سنووڕێکی سۆزداری و ڕۆحی هەبێت، بە مەرجێک ژن و پیاوێک لە ڕێگایاندا بن بەرەو گەشەکردنی پابەندبوونیان بەرەو هاوسەرگیری و یەکێتییەکی جەستەیی.» بەڵام «پێویستە سنووری ئەوە بزانن کە دەتوانن لەگەڵ یەکتر بگەن بە کوێ، پێش ئەوەی هەستەکە جڵەوگیریان بکات» وە خۆیان ببینەوە کە تووشی مەترسی گوناهی سێکسی بن.[a]

ئەگەر پەیوەندییەکەمان بەرەو هاوسەرگیری دەڕوات، بۆچی چاوەڕوان بکەین؟

ئەگەر ڕێڕەوی ژوانبەستن بەرەو هاوسەرگیری دەڕوات و ئامانجیش ئەوە بێت، بۆچی سێکس بۆ پاشان دوابخرێت؟ ئەم پرسیارە سەرەتا لە ژن و پیاوێکەوە هات کە ژوانیان دەبەست، پاشان لەلایەن ژن و پیاوێکی دەستگیراندارەوە هات. سەرەتا کوڕە خۆشەویستێک سەبارەت بەم لۆژیکە نووسیویەتی کە لە کچە خۆشەویستەکەیەوە پێشکەشی کراوە.

زۆر بە ڕاشکاوی، «ئەگەر کچەکە پێی وا نییە کە سێکسکردن لە دەرەوەی هاوسەرگیری گوناە بێت، ئەوا تۆ لەگەڵ کچێکی زۆر نەزان و زۆر گەمژەدایت... بەڵام ئەگەر پێی وانەبێ ئەمە گوناهە، ئەوا تۆ لەگەڵ کچێکی زۆر خۆویستدایت، تەنانەت سەخت. ئەو نەک هەر ئامادەیە خۆی گوناە بکات و ڕۆحی خۆی بخاتە مەترسییەوە، بەڵکو هەوڵدەدات نەک تەنها بتخاتە سەر جێگا، بەڵکو لەگەڵیدا بخرێیتە دۆزەخەوە، ئیتر شێوەیە ڕۆحت بخاتە مەترسییەوە.» ڕادەستی مەکری فریودەری ئافرەت مەبە (پەندەکان ٧: ٢١). «ئێمە سێکس تەنها بۆ هاوسەرگیری هەڵدەگرین، چونکە سروشتی و ئاسایی و جوانە -بۆ ئەوەی بتوانین بەو شێوەیە بیهێڵینەوە. بۆ ئەوەی نەبێتە باو و پیس و دەستکاریکەر و نەخۆش و هەرزان، بەڵکو بەهادار و کەسی و پاک و پیرۆز بمێنێتەوە. تۆ پەرژین لە دەوری گژوگیا دانانێن. تۆ پەرژین لە دەوری باخچەکان دادەنێیت.» ڕاگرتنی سێکس هەتا شەوی هاوسەرگیری «نایکاتە شتێکی ناسروشتی. بەڵکو وای لێدەکات ئەوپەڕی بەهاداری هەبێت.»[b]

پاشان هەمان پرسیار لە ژن و پیاوێکی دەستگیراندارەوە هات. ئەگەر وادەی هاوسەرگیری دیاری کراوە، بۆچی سێکس بۆ دواتر هەڵبگیرێت؟ ئەم جۆرە لۆژیکە «لۆژیکێکی جیهانییە» بە پاڵنەری جەستەیی -بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکات «کە نیازی هاوسەرگیری

a ئەڵقەی ٨٤: «زۆرترین ماوەی پێش هاوسەرگیری چەندە، لە ڕووی ڕۆحی و سۆزدارییەوە؟» (٦ی ئایاری ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ٤٤٥: «بۆچی سێکس بۆ هاوسەرگیری هەڵبگرین؟» (٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤).

هەمان شتە لەگەڵ هاوسەرگیریکردن. ئەمانە هەمان شت نین.» یەکگرتن لە پەیمانی هاوسەرگیریدا دەبێت (مەرقۆس ١٠: ٩). «ئەمە لە پێکهێنانی پەیمانێکی یەکلاکەرەوەی هەمیشەیی دەبێت -"بە باش یان بە خراپ" وە "هەتا مردن جیامان دەکاتەوە". ئەمانە وشەی پووچ و بێواتا نین کە بۆ ماوەی شەش مانگ پێکەوە خەوتن دانرابێت.» ئێمە ئەمە لەو سەختییەدا دەبینین کە بەهۆی دووگیانی مریەمەوە دروست بوو، دەیسەلمێنێت کە «ئێوە کاتێک دەستگیرانن پێکەوە ناخەون و هەوڵ دەدەن بە شێوازی خودا بژین.» ئەمە لە پەیمانی کۆن و نوێدا ڕاستە (مەتا ١: ١٨-٢٢). «چارەسەر»ی پۆڵس بۆ هەوەسی سێکسی ژن و پیاو هاوسەرگیرییە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢). کەواتە ئامانج لە سێکسی مرۆڤ بۆ چییە؟ «سێکس بە داڕشتنی خودا تەواوکردنی پەیمانی پیرۆزی خودایە لە هاوسەرگیریدا. هەموو سێکسێکی دیکە بەدڕەوشتی بەدیهێنەرانی خودایە.» ژن و پیاوێکی دەستگیراندار و خوداپەرست «هەموو کردەوەیەکی خۆجڵەوگیری سێکسی پێش هاوسەرگیری وەک بەرزکردنەوەی بەهاداری و جوانی و واتای ئەم کارەیە، هەروەها وەک تەواوکردنی پابەندبوونی پەیمان لە هاوسەرگیریدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.»[a]

ژن و پیاوێک کە بەرەو هاوسەرگیری دەڕۆن، بەڵام لە گوناهیشدا دەژین، دەبێت دەستبەجێ واز لە خەوتن پێکەوە بهێنن، واز لە پێکەوە ژیان بهێنن، تۆبە بکەن لە گوناهەکەیان بەرامبەر یەکتر، وە (ئەگەر ژیرانە) بن بە ڕۆحی خەمێکی هۆشیارەوە بەردەوام بن لە هاوسەرگیرییەکە. ئەگەر ژن و پیاوەکە «هەڵەی ئەو کارەی کە دەیکەن ببینن و تۆبە بکەن و بەرهەمی پاکیان هەبێت و بە ئاشکرا دەسەڵاتی عیسا لە ژیانیاندا هەڵبگرن، ئەوا من لە پلانی هاوسەرگیریەکەیان هەنگاو دەنێم، بەو مەرجەی هەموو شتەکانی دیکە بە ڕێکوپێکیی بەڕێوە بچێت.» ئەگەر نەوەستن یان تۆبە نەکەن؟ «نەخێر، من ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە ناکەم. ئەگەر ئەوان ئەندامی کڵێساکەی من بن، ئەوا بەهۆی ئەم گوناهە بە ئەنقەستە تەمبێ دەکران.»[b]

پۆڵس پێنج مشتومڕی پەیوەندیدار بە یەکتر هەڵدەچنێت بۆ پاساوی سەڵتی پێش هاوسەرگیری (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٨-٢٠). گوناهی سێکسی پێشێلکارییەکە بەرامبەر بە جەستەی خۆت. وە جەستەت پەرستگای ڕۆحی پیرۆزە. بە نرخێک کڕدراویت. بۆیە تۆ هی خۆت نیت. کەواتە لە جەستەتدا خودا شکۆمەند بکە. وەک پێشەنگ بۆ هەموو ڕەوشتێک، بەبێ ڕامانێکی ڕژد لە لۆژیکی پۆڵس، لە کاتی فریودانەوە بە ئاسانی دەڕوخێیت.[c]

---

a ئەڵقەی ١٠٨٠: «بەرواری هاوسەرگیریمان دیاریکراوە -بۆچی ئێستا سێکس نەکەین؟» (١٤ی ئابی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ٣٦٥: «ئایا هاوسەرگیری دەکەیت بۆ ژن و میردێک کە پێشتر پێکەوە ژیاون؟» (١٧ی حوزەیرانی ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ٩٠٠: «ئایا دەتوانین زیادەڕەوی بکەین لە بیرکردنەوە لە ژیانی مەسیحی؟» (١٩ی تەممووزی ٢٠١٦).

ئایا دەکرێت ژن و پیاوێک کەوا ژوان دەبەستن لە شەواندا پێکەوە گەشت بکەن؟

نەخێر، ئەمە بە دانایی دەرناکەوێت. بەداخەوە، ئێستا ئەم جۆرە گەشتانە لە ڕووی کەلتوورییەوە قبوڵکراون. کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا هەروەک چۆن گوناهی سێکسییان لەلا ئاساییە، ئەم جۆرە گەشتانە بنبڕ ناکەن. بەڵام ژن و پیاوی مەسیحی، دەبێت لە دژی تەوژمی کەلتووری ئەو شتانە مەلە بکەن کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی قبوڵکراوە و ڕێزی لێ دەگیردرێت. هەموو ژن و پیاوێک دەبێت ئاگاداری ئەوە بن کە «خودا جەستە و دەروونی مرۆڤی بە جۆرێک بەدیهێناوە کە ئاشقانی یەکتر زۆر بە تونڈی ئارەزووی دەستێدانی یەکتر بکەن و پێکەوە بەرەو ترۆپکی سێکسی هەنگاو بنێن. ئەمە شتێکی ئاساییە؛ هەر دەبێت ئەمە ڕووبدات. خودا دابینکاری خۆشی ئەو پەیوەندییە و ڕەزامەندییەی تەنها لە ژیانی هاوسەرگیریدا داناوە. بەڵام پێش هاوسەرگیری، نابێت ژن و پیاو جەستەیان پێشکەش بە یەکتری بکەن، واتا «خۆتان مەخەنە ناو دۆخێکی ناپێویست، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئارەزووەکان دەوروژێنێت و ناتوانن جڵەوگیری بکەن» (ڕۆما ١٣: ١٤).

ئەگەر بڕیار بدەن گەشت بکەن، تەنانەت ئەگەر دوو ژووریش بگرن، «زۆربەی جیهان وا گریمانە دەکات کە پێکەوە دەخەون.» بێباوەڕان پێیان وایە تۆ ڕۆشنبیریت، وە مەسیحییەکان پێیان وایە تۆ بێباکیت، و هەمووان وا دەزانن کە پێکەوە دەخەون. ئەمە گرنگە، چونکە ئێمە بانگهێشت کراوین بۆ ئەوەی زۆر بە وردی پارێزگاری لە شایەتیدانمان بکەین (ڕۆما ١٢: ١٧؛ دووەم کۆرنسۆس ٨: ٢١؛ یەکەم سالۆنیکی ٤: ١٢). بێباکی لێرەدا- تەنانەت ئەگەر تەنها لە ڕواڵەتدا بێت- ڕەنگە لە کۆتاییدا مەسیحییە گەنجەکان بەرەو گوناە ببات، چونکە «بە ئەنجامدانی ئەم گەشتە یان نەکردنی، تۆ پێوەری مەسیحییەکانی دیکە لاواز دەکەیت یان بەهێزی دەکەیت، بە تایبەتی ئەوانەی گەنجترن، ڕەنگە لە تۆ لاوازتر بن و بەدوای پاساوی زیاتردا بگەڕێن بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن کە خەریکە تۆ ئەنجامی دەدەیت.»

کەواتە ئایا لە مەسیحدا ئازادیت هەیە گەشتێکی لەو شێوەیە بکەیت؟ «لەوانەیە.» بەڵام ئازادی خۆت بەکارمەهێنە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە تووشی کۆسپ بن (دووەم کۆرنسۆس ٦: ٣). «لەلای پۆڵس ئەمە بەو واتایە بوو ئەو شتانە نەکات کە هەموو مافێکی هەبوو بیکات. بابەتەکە خۆشەویستی و پاکی و بەشداریکرنە لە نەخشێکی کەلتووری کە لە ماوەی درێژخایەندا وێرانکارییە.» [a]

دەربارەی ناردنی وێنەی سێڵفی ڕووت

سەرنجێکی نیگەرانکەر دەرکەوتووە سەبارەت بە سەرهەڵدانی سێڵفی ڕووت، کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی کامێرا و دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتی مۆبایل بۆ تایبەتترین شوێنی ژیان

a ئەڵقەی ١٣٥٥: «ئایا من و خۆشەویستەکەم دەکرێت بە تەنها گەشت بکەین؟» (١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٩).

بـووە. ئـەم دیاردەیـە بـە تایبەتـی لەنێـو کۆمانـی هـەرزەکاردا سـەریهەڵدا کـە دەسـتیان کـرد بـە ناردنـی وێنـەی ڕووت بـۆ کچـان بەبـێ داواکاری لێیـان، وەک کردەوەیەکـی دەستپێشـخەری بـۆ نیشـاندانی گرنگیپێدانیـان، لەگـەڵ گریمانـەی ئـەوەی لـە بەرامبـەردا کچەکانیـش وێنـەی ڕووتیـان بـۆ بنێرنـەوە. ئـەم دیاردەیـە لـە قوتابخانـە ئامادەییـەکان بـاو بـوو و پاشـان لـە نێـوان ئـەو گەورەسـاڵانەی ژوان دەبەسـتن.

«پێموایـە بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز دەسـەڵاتێکی باشـم هەیـە لـەوەی بەنـاوی خـوداوە بـە هەر یەکێـک لـە ڕۆڵەکانـی خـودا بڵێـم، نێـر و مـێ، جگـە لـە هاوسـەرەکەت هەرگیـز داوای بینینـی هیـچ کەسـێک مەکـە بـە ڕووتـی، وە هەرگیـز پێشـنیار مەکـە خـۆت بـە ڕووتـی پیشـانی کەسـێک بدەیـت بـە هـۆکاری هـەوەس یـان سـێکس، جگـە لـە هاوسـەرەکەت.» لـە بنەڕەتـدا، ڕووتـی جۆرێکـە لـە حوکمدانـی خودایـی، شـەرمەزارییەکی تاڵـە کـە بـە تونـدی هەسـتی پێدەکرێـت لـە کەوتنـە نـاو گوناهـی یەکەمـی ئـادەم و حـەوا، لـە ئـاگاداری نوێـی ڕووتییانـدا (پەیدابـوون ٢: ٢٥؛ ٣: ٧). شـەرمەزاری ڕووتـی تەنهـا لـە «پەیوەنـدی پیـرۆزی هاوسـەرگیری»دا «هەڵدەگیرێـت.» نـەک لـە شـوێنی تۆمارکردنـی فیلـم، نـەک لـە یانـەی ڕووتـی، نـەک لـە بابەتـی بەدڕەوشـتی، نـەک لـە بـەردەم کـوڕە خۆشەویسـت یـان کچـە خۆشەویسـت، وە نـەک لەبـەردەم کامێـرای مۆبایلەکەمـان. پیـرۆزی ڕووتـی پارێـزراوە بـۆ «ڕێـز و خۆشەویسـتی و ئارامـی قوواڵـی پەیوەندییەکـی پەیـمان کـە پێـی دەگوترێـت هاوسـەرگیری.»

لـە دەرەوەی ئـەو پەیمانـە، شـێوازی جلوبەرگـمان ڕەنگدانـەوەی ئەوەیـە کـە چـۆن دەربـارەی خـودا بیـر دەکەینـەوە. لـە قسـەکانی پۆڵـس بـۆ ژنـان سـەبارەت بـە جلوبەرگـی داپـۆشراو، داوایـان لێـدەکات کـە جلوبەرگـی ڕێـزدار و بێگـەرد لەبـەر بکـەن و خۆجڵەوگیـر بـن (یەکـەم تیمۆسـاوس ٢: ٩-١٠). وە «ئـەوەی جێـگای سـەرنجە، هـەر سـێ وشـەکە واتـای ئامـاژەن بـۆ بیرکردنـەوەی ڕژد و وردی ژنێـک کـە چـۆن جلوبەرگەکانـی ڕەنگدانـەوەی خوداپەرسـتی ئەون.» «جلوبـەرگ بابەتـی بێباکـی نییـە لـە پلانـی خـودا. بـاس لـە تێڕوانینـی ژن (وە پیـاو) دەکات بـۆ خـودا و پابەندبوونەکانـی خـۆی بـە خـودا و خۆشـی بـە خـودا و ئـازادی لـە دەسـتڕاگەیشـتنی پیـاوان بـۆ ئـەوەی هەرچـی دەیانەوێـت بەدەسـتی بهێنـن.»

پۆڵـس بـە سـادەیی وا گریمانـە دەکات کـە زۆرتریـن «ئـەو بەشـانەمان کـە نەخواوەتـەڕوو» بـە بێگـەردی زیاتـر مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکرێـت (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٢: ٢٣). وە فەرمـان بـە پیاوانـی مەسـیحی دەکات کـە مامەڵـە لەگـەڵ «ژنانـی گەنجـتر وەک خوشـکێک بکـەن، بـە هەمـوو پاکییەکـەوە» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٥: ٢)، واتـا «هەتـا پیاوێـک هاوسـەرگیری دەکات، بـا بـە دروسـتی مامەڵـە لەگـەڵ خوشـکەکەی بـکات، خوشـکە ڕاسـتەقینەکەی، وە ڕەفتارەکانـی لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەی بـە پاکـی دیـاری بـکات.»

ئیتر ئەگەر پیاوێکی مەسیحی داوای وێنەی ڕووت لە خۆشەویستەکەی بکات، ئەوا پیاوەکە، بە گوێرەی پێناسە، «شایستەی متمانەی ئەو نییە -ناشایستەی متمانەی ئەو و سۆز و پەیمانەکەی نییە. ئەو داوایەی کە دەیکات، خۆی لە خۆیدا، دەبێت بەس بێت بۆ ئەوەی ژنەکە بڵێت، «ماڵئاوا.» بەڕاستی مەبەستم ئەمەیە. دەی ئەی ژنان! ئەگەر هەر ژنێک پێی وابێت ئەمە ڕەفتارێکی نێرانەی مەسیحی سروشتییە، ئەمە وا نییە. ئەمە نەخۆشییە. ئەمە واتا گومڕایە لە خوداپەرستی. ئەمە واتا کاتێک پێش هاوسەرگیری یان دوای هاوسەرگیری لێت بێزار دەبێت، ئەو بە ئازادی داوا لە کەسێکی دیکە دەکات جلەکانی دابکەنێت. ئەگەر بە شێوەیەکی کەسی نەتوانێت بەدەستی بهێنێت، ئەوا لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بەدەستی دەهێنێت.»

هەتا پەیمانی هاوسەرگیری، نابێت حەزی سێکسی لە خەو هەڵبسێت (گۆرانی گۆرانییەکان ٢: ٧؛ ٣: ٥؛ ٨: ٤). وێنەی سێکسی «هەوەسێک دەوروژێنێت کە بە شێوەیەکی شەرعی تێر نابێت،» واتا یان دەبێتە هۆی دەستپەڕ یان داوێنپیسی. «نازانم چی لە ناو سەری ژندا دەگوزەرێت، بەڵام تەنها دەتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە ئەوە هەستێکی شێواوی سێکسییە ئەگەر ژنێک چێژ لە یارمەتیدانی پیاوێک وەربگرێت کە وەک کوڕێکی سێزدە ساڵان مامەڵە دەکات و دەسپەڕ لێدەدات. ئایا بەڕاستی ئەمە جۆرە پیاوێکە کە ئەو دەیەوێت؟»

لە کۆتاییدا، ئەو بەرپرسیارێتییەی لە وێنەکاندا هەیە بیهێنە بەرچاوت، کە دەینێریت و دەتوانرێت لەگەڵ کەسانی دیکە یان بە شێوەی سەرهێڵ هاوبەش بکرێت، کاتێک پەیوەندییەکە کۆتایی دێت، پاشان «دەزانیت خودا مەبەستی چی بووە لە هێنانی حوکمدان بۆ سەر خۆت» (ئیشایا ٤٧: ٣؛ شینەکانی یەرمیا ١: ٨؛ حزقیێل ١٦: ٣٧).[a]

گوناهمان کرد و سێکسمان کرد. ئێستا چی بکەین؟

زۆر نامۆ نییە گوێبیستی ئەو جووتە خۆشەویستانە ببیت کە بەنیازی ئەوە بوون هەتا ڕۆژی هاوسەرگیرییەکەیان بە پاکی بمێننەوە، بەڵام شکستیان هێناوە. ژن و پیاوێکی مەسیحی گوناهێکی سێکسییان کرد و ئێستا هەست بە «پیسی، سووکی، شەرم» دەکەن. پیاوەکە پرسیاری کرد، ئێستا چی بکەین؟ ئایا دەتوانین جارێکی دیکە پاک ببینەوە؟

هەستکردن بە تێکشکاوی گونجاوە، چونکە دەزانێت کە «شتێک لەدەستچووە کە ناگەڕێتەوە، ئەو و کچە خۆشەویستەکەی هەرگیز ناتوانن بچنە پشت ئەم بەریەککەوتنە سێکسییە و پووچەڵی بکەنەوە. شتێکی زۆر بەهاداریان لەدەستداوە.» ئەمە وشەیەکی

a ئەڵقەی ١٠٠٠: «هەرگیز وێنەی کەسێی ڕووت مەنێرە: لەبەر حەوت هۆکار» (٨ی شوباتی ٢٠١٧).

قورسە، بەڵام پێویستە، «چونکە هەست بە نیگەرانی و ئیرەیی دەکەم بۆ ئەوانەی گوێیان لێدەگرن و پاکیزەییان لەدەست نەداوە. ئەمە شتێکی زۆر بەهاداره بۆ ژنان و پیاوان. جیهان وەک لاوازی دەیبینێت -بەڵکو لە ڕاستیدا وەک گەمژەیی دەیبینێت. خودا وەک هێز و جوانییەکی زۆر گەورە دەیبینێت کە بەراوردی نییە.» بەڵام لەم حاڵەتەدا، شتێکی جوان لەدەستچووە.

تێشکاوییەکەی گونجاوە. لەگەڵ ئەمەشدا مەسیح لەبەر ئەم هۆکارە لەخاچ درا. «ئەوانەی گوناهەکانیان بە سوک دەزانن و وەک جۆرێک لە چارەسەری خێرا مامەڵە لەگەڵ خوێنی عیسا دەکەن، هەرگیز تێچووی ڕاستەقینەی ئەو کارەیان نەبینیوە کە عیسا بۆ کڕینی پاکییان کردوویەتی.» خودا فەرمانمان پێدەکات لە گوناهی سێکسی هەڵبێین (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٨). وە لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت لە هەموو گوناهەکانی ڕابردوومان خۆشبێت (مەرقۆس ٣: ٢٨؛ یەکەم یۆحەنا ١: ٩). «بە دەربڕینێکی دیکە، هیچ گوناهێکی تایبەت، تاکە گوناهێک -یان جۆرێک لە گوناە- نییە کە هێندە ناشیرین بێت، هێندە گەورە بێت، هێندە سووکایەتی بێت بە خودا کە بە خوێنی عیسا لێی خۆش نەبێت.»

ئالێنگاری گەورەی ئەم ژن و پیاوە تۆبەکردنە بۆ گوناهێک کە یەکتریان تووش کردووە. گوناهەکە هاوبەشە و پێویستیان بەوەیە لە یەکتر خۆشبن (ئەفەسۆس ٤: ٣٢). پاڵنەرە سروشتییەکە ئەوەیە لۆمەی یەکتر بکەن. ئەو پیاوەی هەست بە شەرمەزاری دەکات کە «ئەو وەک ڕابەر و دەستپێشخەری نێرانە بەرپرسیاریێتی زیاتری پاکیزەیی لە ئەستۆ نەگرتووە،» ڕەنگە دەست بکات بە لۆمەکردنی فریودانەکەی، کە «دەکرا یارمەتی بدات بۆ ئەوەی بوەستێت، بەڵام نەیکرد.» وە پاشان «ڕەنگە هەست بە شەرمەزاری و ئەو باوەڕە بکات کە زۆر گوێڕایەل بووە، یان ڕەنگە تەنانەت فریودان بووە.» ڕەنگە ژنەکە «دەست بکات بە زیاتر لۆمەکردنی پیاوەکە و هەڵەیەک بدۆزێتەوە کە ئەو لەو ساتەی فریودان نەیپاراستووە.» هەردووکیان هەڵە بوونە، هەردووکیان دەبێت دان بە تاوانباری خۆیاندا بنێن. ڕەنگە گوناهەکە کۆتایی بە پەیوەندییەکە بهێنێت. ئەگەر هەر هیوایەک هەبێت بۆ هەنگاونان بەرەو پێش، پێویستی بە لێخۆشبوون و لێبوردەیی هەیە بۆ دووبارە بنیادنانەوەی متمانەی تێکشکاو. «بۆیە پشوودرێژ بن لەگەڵ یەکتر، وە لەم بارەیەوە ڕاستگۆ بن. زۆر بە ئازارە تەماشای چاوی کەسێک بکەیت و بڵێیت «نازانم هێشتا دەتوانم تەواو متمانەت پێبکەم.» ئەمە بەسە بۆ تێکدانی پەیوەندییەک، بەڵام ناڕاستگۆیی بۆ هەوڵدان لەپێناو پاراستنی پەیوەندییەکە، لە درێژخایەندا وێرانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت.»

لە هەموو شتێکدا، نیعمەتی شکۆمەند و لێخۆشبووی ئینجیل لە یەکەم کۆرنسۆس ٦: ٩-١١ وەربگرەوە. لە مەسیحدا، ئەم ژن و پیاوە وەک ڕۆڵەی ڕزگارکراوی خودا دەتوانن

بەهەشت بە میرات وەربگرن، لەگەڵ ئەوەی گوناهی داوێنپیسی تەنها لە ڕابردوویاندایە.[a]

لە دیمەنێکی دیکەدا، ژنێکی گەنج بەهۆی کوڕە خۆشەویستێکی گەمژەوە لە مەسیح و کڵێسا ناوخۆییەکەی دوورکەوتەوە. بۆ ئەوەی ڕازی بکات و بیهێڵێتەوە، خۆی ڕادەستی فریودانی سێکسی کرد. ئێستا بێباکی خۆی دەبینێت. کوڕە خۆشەویستەکەی ڕۆیشت، وە ئەویش هەستیکردن بە دووری لە کڵێسا و نامۆبوون لە خودا. جاران هەستی بە زیندوویی ڕۆحی دەکرد. بەڵام ئەمەی نەماوە.

یەکەم: ڕەنگە شایانی ئەوە بێت بپرسین داخوا ئەو زیندوواییە ڕۆحییەی پێشووتر تەنها سەرابێک بووە. هەستی ڕۆحی هەبوو، بەڵام گوێڕایەڵی پڕ بەدڵی نەبووە. «ئەگەر تۆ هێندە کەم عیسات خۆشویستبێت کە کوڕە خۆشەویستێکت لەلا لە عیسا گرنگتر بێت، ئەوا پەیوەندییەکی پتەوت لەگەڵ خودادا نەبووە.» ئەم وشە سەختانە ڕێگا خۆش دەکەن بۆ شتێکی گەورەتر لە داهاتوو. «من ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم، لەم ساڵانەدا، پەروەردگار ڕێگەت پێنادات پەیوەندی پتەوت لەگەڵ خودا لەدەست بدەیت، بەڵکو لە پەیوەندییەکی ساختە ڕزگارت دەکات.» ئەو ڕێگە نادات بگەڕێتەوە بۆ «ئەو کەسە ئایینییە کۆنەی کە لەپێناو کوڕە خۆشەویستێک وەک یەهوزا عیسات بە سی پارچە زیو فرۆشت.» ڕەنگە ئێستا، وە لە ڕێگەی «نەهامەتییەکانی ئەو وێرانەیە»ی پەیوەندییەکەی ڕابردووەوە، خودا ئارەزووی نوێ و ڕەسەن لە تۆدا بەئاگا بهێنێتەوە. «ئەو بانگت ناکات بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو باوەڕەی دڵێکی هەبوو ئامادە لەپێناو هاتنی کوڕە خۆشەویستەکەی بتپەرستی بکات. پلانی زۆر لەوە باشتری بۆ تۆ هەیە.»

هیوای ئینجیلی هەیە بۆ داهاتووی. بیر لە دڵسۆزی خودا بکەرەوە لە بەشێکی قورسی سیپارەی حزقیێل ١٦، بە تایبەتی پێنج ئایەتی کۆتایی (حزقیێل ١٦: ٥٩-٦٣). وە بیر لەو نیعمەتە بکەرەوە کە بە پۆڵس دراوە، «بکوژی مەسیحییەکان» (یەکەم تیمۆساوس ١: ١٦). «دەمەوێت تۆ بەهێز، چەسپاو و نەچەمێنراو بیت لە پەیمانەکەتدا بۆ عیسا، گەنجینەی باڵات. من باسی هاوسۆزییەکی قووڵ و چەسپاو و ڕاستەقینە دەکەم کە ناهەژێت بۆ پاشا و گەنجینەی باڵات.» وشەی ڕەق، بە نیازێکی پڕ لە نیعمەت گوتراوە.[b]

ئایا سکپڕی پێش هاوسەرگیری گوناهە؟

سێکس دەکرێت «تەنها لە پیرۆزگای سەلامەت و پیرۆز و جوانی پەیمانی هاوسەرگیری نێوان یەک پیاو و یەک ژن، لە کاتێکدا هەردووکیان پێکەوە لە ژیاندان.» داوێنپیسی

a ئەڵقەی ٨٢٧: «لەگەڵ خۆشەویستەکەم نووستم -ئێستا چی بکەم؟» (٣١ی ئازاری ٢٠١٦).
b ئەڵقەی ١١٧١: «کاتێک هەست دەکەین خودا دوورە، ڕەنگە بیەوێت ئێمە گەشە بکەین» (١٤ی ئازاری ٢٠١٨).

قەدەغەیە (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٨؛ ٧: ٢). وە بوونی منداڵ لە دەرەوەی هاوسەرگیری دەرئەنجامی گوناهە. یان ژنەکە گوناهی کردووە، یان گوناهی بەرامبەر کراوە. کەواتە سکپڕی خۆی گوناهە، ئەگەر دەرئەنجامی گوناه بووبێت؟

نەخێر، لە ڕووی مێژووییەوە، پەڵەیەکی شەرمەزاری کۆمەڵایەتی هەبوو بۆ سکپڕی لە دەرەوەی هاوسەرگیری، ئەمەش هەتا ڕادەیەک باش و یارمەتیدەر بوو. بەڵام ئەو پەڵەیەی شەرمەزاری خەریکە لەناو دەچێت، بەهۆی «ئاساییکردنی بەدڕەوشتی سێکسی و بەهۆی دانانی هەستی مرۆڤەکان لە سەرووی بانگەوازی پیرۆزی.» بەڵام هەر شەرمێک لە گوناه دەبێت «تەنها پەیوەست بکرێت بە گوناهی پێشووەوە نەک سکپڕی ئێستا.» گوناهەکە دەکرێت ببەخشرێت و پاک بکرێتەوە، وە لە مەسیحدا شەرمەزارییەکە لاببرێت. بەڵام «ئەگەر شەرمەزارییەکە بە سکپڕی یان خودی منداڵەکەوە ببەسترێتەوە، ئەوا زاڵبوون بەسەریدا نییە.» ئەمە کێشەیە، چونکە منداڵەکە شەرمەزاری گوناهەکە هەڵناگرێت! منداڵانی لەدایک بوو لە هەر بارودۆخێکدا بن نیعمەت و بەرەکەتی خودا لە ڕێگەیانەوە دەدرەوشێتەوە. « پێویست ناکات هیچ کەسێک هەست بکات -هیچ ژنێک پێویستی بەوە نییە هەست بکات، هیچ خێزانێک پێویستی بەوە نییە هەست بکات- کە لەبەر ئەوەی منداڵەکە لە کردەیەکی گوناهبارەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر وابێ، خودا ناتوانێت ئەم منداڵە بکاتە کەسێکی گەورە.»[a] (هیوایەکی هاوشێوە بۆ هەر کەسێکە کە لە ماڵێکی نائارامدا گەورە بووبێت.[b])

ئێمە سکپڕین. ئایا پێویستە هاوسەرگیری بکەین؟

سەرەتا، پرسیارەکە لە ژن و پیاوێکەوە هات، ژنەکە سکپڕ بوو، یەکێکیان باوەڕدار و ئەوەی دیکەیان بێباوەڕ بوو. ئایا سکپڕی پێش هاوسەرگیری ڕاسپاردەی نەگونجاوی پووچەڵ دەکاتەوە؟ ئایا هاوسەرگیری لەگەڵ باوکی منداڵەکە، تەنانەت ئەگەر باوەڕداریش نەبێت، باشترە لەوەی چاوەڕێ بکەیت و پاشان هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی مەسیحی بکەیت؟

مەسیحییەکان دەبێت لە مەسیحدا هاوسەرگیری بکەن، وەک پۆڵس بە فراوانی ڕوونی دەکاتەوە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣٩؛ دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٤). پۆڵس پێی وایە، «لە پشت ئەم دوو ڕاسپاردەیە بۆ ئەوەی باوەڕداران تەنها لەگەڵ باوەڕداران هاوسەرگیری بکەن، ئەو داناییە هەیە کە دەبێت هاوسەرگیری لەسەر بناغەی باوەڕ بە مەسیح بنیاد بنرێت،

a ئەڵقەی ٩٧٦: «ئایا دووگیانی پێش هاوسەرگیری گوناهە؟» (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ٧٢٠: «ئایا دەکرێت ژیانم تووشی گوناه، جادوو، یان نەفرەتی باوباپیرانم بووبێت؟» (٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥) وە ئەڵقەی ١٦١٢: «هیوا بۆ منداڵان لە خێزانە هەڵوەشاوەکان» (١٢ی نیسانی ٢٠٢١).

لەگـەڵ هەمـوو ئاڵنـگاری و ئامانجەکانـی هاوسـەرگیری کـە لەلایـەن عیسـای مەسـیحی پـەروەردگارەوە داڕێـژراون.» ئـەم ڕاسـپاردانە وەک «ڕێبەرێکـی هەمیشـەیی» دادەنرێـت، سێکسـی پێـش هاوسـەرگیری و سـکپڕی پێـش هاوسـەرگیری نایانگۆڕێـت. سـێکس پەیمانـی هاوسـەرگیری دروسـت نـاکات، ئەمـەش خاڵێکـی سەرسـوڕهێنەرە کـە پۆڵـس باسـی دەکات (یەکـەم کۆرنسـۆس ٦: ١٥-١٨). تەنانـەت بـە سێکسـی «جەسـتەیی» لەگـەڵ لەشفرۆشـێکدا پەیمانـی هاوسـەرگیری دانامەزرێنێـت.

بـەڵام لێـرەدا ئاڵنگاریەکـی قورسـە هەیـە بـۆ ژنێکـی سـکپڕ لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ باوکێـک کـە باوەڕدار نییـە. ئایـا دەتوانیـت «بیسـت یـان سـی سـاڵی داهاتـوو ببینیت و هاوسـەرگیرییەکی بیسـت یـان سـی سـاڵە لەگـەڵ بێباوەڕێکـدا چـۆن دەبێـت؟ ئایـا تەنانـەت ئـەو هاوسـەرگیرییە بـەردەوام دەبێـت؟» دۆخـی ئێسـتا گەورەتـرە لـە کاریگەرییـە درێژخایەنەکانـی هاوسـەرگیری لەگـەڵ پیاوێکـی بێبـاوەڕدا. «زۆر قورسـە، ڕەنگـە، بـۆ ئـەم ژنـە گەنجـە مەسـیحییە پـاش دوو سـێ سـاڵ ئاشـقی پیاوێکـی دیکـەی مەسـیحی بێـت، وە لـە هاوسـەرگیرییەکی پەنجـا سـاڵەی یەکێتـی و بـاوەڕی هاوبـەش لەگەڵیـدا بێـت. بـەڵام دەبێـت خـەون بەمـەوە ببینێـت -یـان ئەگینـا، ئـەوا بـە نوێژکردنـەوە چاوەڕێـی ئـەوە بـکات کـە پـەروەردگار ژیانێکـی نـوێ بـە باوکـی ئـەم منداڵـە ببەخشـێت.»[a]

بـەڵام چـی دەگۆڕێـت ئەگـەر ژن و پیاوەکـە، کـە سـکپڕی لـە نێوانیـان ڕوویـداوە، مەسـیحی بـن؟ ژن و پیاوێکـی مەسـیحی کـە دەترسـان خۆیـان لـەم دۆخـەدا بیننـەوە، لـەدوای ئـەوەی تووشـی شـتێکی باوەڕپێنەکـراو بـوون بیریـان کـردەوە: لەباربـردن. ئـەوان گوناهیـان کـرد، سـکپڕ بـوو، ئێسـتاش دەترسـن چـی لـە دوای ئـەوەوە دێـت. ئایـا لـەم حاڵەتـەدا دەبێـت پەلـە لـە هاوسـەرگیری بکرێـت؟

پرسـیارەکە لـە پیاوەکـەوە هـات. ئەو دەستپێشـخەری کـرد، وە پێدەچێـت تۆبەیەکی ڕاسـتەقینە لەسـەر گوناهەکـە هەبێـت. سـەبارەت بـە مەسـیحییەکی وەک ئەمـە، «بیـر لـە هیـچ گوناهێـک مەکـەوە دوورت بخاتـەوە لـە مەسـیح یـان لـە ئاسـمان. ئەمانـە بیرکردنەوەکانـی شـەیتان و تاوانبارکردنەکـەی دەبـن، ئەگـەر دان بـە گوناهەکانتـدا بنێیـت، وە خـۆت نـزم بکەیتـەوە لەبـەردەم مەسـیحدا وەک پـەروەردگار و ڕزگارکـەر و گەنجینـەت، ئـەوا لێـت خۆشـدەبێت.»

بـەڵام دەرەنجامیـش هەیـە کـە دەبێـت تێپەڕێندرێـت. وەک پیـاو، جڵـەوی ڕابەرایەتـی بگـرە دەسـت. ئـەم دۆخـە شکسـتی ڕابەرایەتییـە. «مـن بـە هیـچ شـێوەیەک نکۆڵـی لـەوە ناکـەم کـە کچـە خۆشەویسـتەکەت بەرپرسـیارێتی و هاوبەشـی لـە گوناهەکـە هەڵدەگرێـت. دەبـووا بڵێـت نەخێـر و دەرت بـکات. بـەڵام مـن دەڵێـم کـە پیاوەکـە -تـۆ- بەرپرسـیارێتییەکی گەورەتـرت

a ئەڵقەی ١٢٦٤: «ئایا دووگیانی پێش هاوسەرگیری بنەمای "نیری نایەکسان" پووچەڵ دەکاتەوە؟» (١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨).

لـه ئەسـتۆدایە، لەلایـەن خـوداوە دانراویـت بـۆ پاراسـتن و گرنگیـدان و ڕابەرایەتـی. بـەڵام بـەو پێیـەی ئـەو بانگـەوازە «خـراپ بەکارهێـنرا» و بەڕێوەبردنەکـەی شکسـتی هێنـا، «لـەم دۆخـە ترسـناکەدا دەرفەتـی ئـەوەت هەیـە کـە لانیکـەم ڕۆڵـی خـۆت بگێڕیـت وەک ڕابەرێکـی بوێـر، دەستپێشـخەر و بێفیـز لـە ئەنجامدانـی ئـەوەی ڕاسـتە، کـە ئەمـەش زۆر قـورس دەبێـت.»

ئەمـە ڕزگارکردنـی منداڵەکـەش دەگرێتـەوە. «تـۆ ئـەو کەسـەیت کـە دەڵێیـت: "ئێمـە ئـەم کۆرپەیـە ناکوژیـن." ئێمـە بەبـێ شـەرعی ئـەم منداڵەمـان هێنایـە دونیـا، وە ناشـەرعی لەناوبردنـی زیـاد ناکەیـن بـۆ سـەر ناشـەرعی دروسـتکردنی. نەخێـر، ئەمـە ناکەیـن.» وە تـۆ دەستپێشـخەری دەکەیـت بـۆ داننـان بـە گوناهەکـەت لەبـەردەم دایـک و باوکـی ئـەم و دایـک و باوکـی خـۆت. وە تـۆ خزمـەت بـە خۆشەویسـتەکەت دەکەیـت کـە قورسـایی دەسـتبەجێ و ژیانگۆڕینـی گوناهەکـەت هەڵدەگریـت. «لەبـەر ئـەم هۆکارەیـە کـە زۆر لەباربـردن ڕووەدات، چونکـە دایـکان و بـاوکان پلانـی خۆیـان دەخەنـە پێـش ژیانـی منداڵەکـەوە. وەک پیاوێکـی مەسـیحی پێگەیشـتوو، لـە هەمـوو ئەمانـەدا درک بـە بـاری قورسـی خۆشەویسـتەکەت دەکەیت، وە هەمـوو هەوڵێـک دەدەیـت بـۆ ئـەوەی بارەکـەی سـووک بکەیـت. کوشـتنی منـداڵ بارەکـەی سـووک نـاکات. نەخێـر نایـکات.»

بەرگـەی دەرەنجامەکانـی گوناهەکـەت بگـرە. متمانـەت بـە مەسـیح هەبێـت. متمانـە بـەوە بکـە کـە هەمـوو شـتێک دەکات بـۆ چاکـە (ڕۆمـا ٨: ٢٨). ژیانـی منداڵەکـەت بپارێـزە. خزمەتـی دایکەکـە بکـە. بـەڵام پەلـە مەکـە لـە پەیمانـی هاوسـەرگیری. «پێویسـتتان بـە کات هەیـە بـۆ ئـەوەی یەکـتر بناسـن و بزانـن ئایـا پابەندبـوون بـە درێژایـی تەمـەن گونجـاوە یـان نـا.» لـە کۆتاییـدا: «ئەمـە سـەختترین وەرزی ژیانـت دەبێـت، لانیکـەم هەتـا ئێسـتا. ئەزموونێکـی گـەورەی بـاوەڕ و پیاوەتیـت دەبێـت، وە بـۆت دەردەکەوێـت کـە عیسـا ڕزگارکەرێکـی گـەورە و هاوڕێیەکـی گـەورە و ڕاوێژکارێکـی تـەواوە.»[a]

ئایـا تەماشـاکردنی بابەتـی بەدڕەوشـتی لەلایـەن کـوڕە خۆشەویسـتەکەم هاوسـەرگیری هەڵدەوەشـێنێتەوە؟

بابەتـی بەدڕەوشـتی ناخۆشەویسـتی و داوێنپیسـی، تێکـدەری خۆشەویسـتی و وێرانکـەری ڕۆحـە. (١) ناخۆشەویسـتە چونکـە گرنگـی بـەو ژنـە نـادات کـە پێشـکەش دەکرێـت و تێکشـکێنەری ژیانیەتـی. بـە سـادەیی کەسـانی دیکـە وەک شـتێکی چێژبەخـش بەکاردەهێنێـت بەبـێ هیـچ نیگەرانییـەک لـەوەی کـە خـراپ بەکارهێنانـی جەسـتەی پەیوەندییەکانـی خـۆی و چارەنووسـی هەتاهەتایـی لەبـەردەم خـودادا خـراپ دەکات. (٢) بابەتـی بەدڕەوشـتی «ئـەو چێـژە دەروونـی و

a ئەڵقەی ١٢٦٥: «هاوڕێ کچەکەم دووگیانە -پاشان چی بکەم؟» (١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨).

جەستەییە دەچێنێت و بەدوایدا دەگەڕێت کە لەلایەن خوداوە دروستکراوە بۆ ئەوەی لە ژیانی هاوسەرگیریدا گەشەی پێ بدرێت» بەڵام لەلای ئەو ژنانەی کە هاوسەری ئێمە نین بەدوایدا دەگەڕێن. (٣) «بابەتی بەدڕەوشتی وێرانکەرە بۆ تواناکانی پیاو کە تەنها ژنەکەی خۆی خۆشبوێت، کاتێک زیاتر پێویستی بە بارودۆخ و جەستەی جیاواز و سەیر و هەوەسبازی هەیە، ئەوا خۆی ڕاهێنان بە دەروون و جەستەی خۆی دەکات.» ئەو ئارەزووەکانی خۆی دادەڕێژێتەوە بەرەو ئەوەی کە بتوانێت ئەو سۆزە گەندەڵ بکات و لەناوی ببات کە مەبەست لێی تەنها بۆ هاوسەرەکەی بووە. وە ئەگەر پیاوێک شکستی هێنا لە چاندنی «جۆرێک لە خۆشەویستی پاک بۆ ژنەکەی،» بۆ ئەوەی کە ژنەکەی کێیە، «ئەوا چاوەکانی بەردەوام لەسەر ئەوە دەبێت کە ئەو لە چل و پەنجا و شەست ساڵیدا پێشکەشی دەکات.»

وەک ڕاستییەک، «ڕۆح دەیەوێت بچێتەوە بار یەک سەبارەت بە قەبارە و جۆری چێژەکانی.» ڕۆحی مرۆڤ خۆی دەگونجێت لەگەڵ قەبارە و شێوەی ئەو شتەی کە لەلای زۆرترین بەهای هەیە. وە کاتێک ڕۆحێک لە دەوری چێژەکانی بەدڕەوشتی دەچێتەوە بار یەک، «ناتوانێت زۆر خودا لەلای بەهادار بێت، وە ناتوانێت خودا ببینێت، ناتوانێت بە جۆرێک بە خودا دڵخۆش بێت کە پێویستە، بەو چێژە شکۆمەندانەی کە لە وشەکانی خۆیدا و لە جیهانەکەیدا پێشکەشمان دەکات.»

ئایا پیاوی مەسیحی دەتوانێت شکست بە ئالوودەبوونی خۆی بهێنێت بۆ بابەتی بەدڕەوشتی؟ بەڵێ. «ئەگەر عیسا تەنها بیروباوەڕی نەبێت، بەڵکو پەروەردگار و هاوڕێ و ڕزگارکەر و گەنجینەی بااڵی ژیانمان بێت، بەو شێوەیەی کە دەبێ ببێت، ئەوا ئێمە بەردەوام ڕقمان لە ژنان نابێتەوە بە هەڵبژاردنەکانمان بۆ سووکایەتیکردن و پشتڕاستکردنەوەی لەناوچوونیان. ئێمە بەردەوام لە دڵماندا داوێنپیسی ناکەین لەگەڵ ئەو ژنانەدا، وە تواناکانمان بۆ گاڵو ناکەین بۆ خۆشویستنی ژنی ئێستامان یان داهاتوومان. وە توانای ڕۆحمان لاواز ناکەین بۆ چێژوەرگرتن لە شکۆی خودا. ئێمە ئەوە نایکەین، چونکە عیسا زۆر لەوە جیاوازترە. هیوا هەیە بۆ سەرکەوتن. بەڵام، بەڵێ، ئالوودەبوون بە بابەتی بەدڕەوشتی هۆکاری تێکشکانی هاوسەرگیرییە. ئەی ئافرەتان، پێوەرەکانتان دامەبەزێنن.[a]

---

a ئەڵقەی ١٢٢: «ئایا تەماشاکردنی ڤیدیۆی بەدڕەوشتی لەلایەن خۆشەویستەکەم شکێنەرێکی گرێبەستی هاوسەرگیرییە؟» (٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٣). سەبارەت بە گۆڕینی زاراوەی «ئالوودەبوون» بە «زێدەڕۆیی گوناهبار»، بڕوانە ئەڵقەی ٥٣٠: «نرخی ڕاستەقینەی وێنە و ڤیدیۆی بەدڕەوشتی» (١١ی شوباتی ٢٠١٥) (لەبارەی ئالوودەبوون بە ڤیدیۆی بەدڕەوشتی)، ئەڵقەی ٦٥٧: «چۆن لە نێوان دوو شتی باشدا یەکێکیان هەڵبژێرم؟» (٧ی ئابی ٢٠١٥) (دەربارەی ئالوودەبوون بە میدیای دیجیتاڵی و مۆبایلی زیرەک)، ئەڵقەی ١٣١٤: «چۆن لە ئالوودەبوونم لە کات بەسەربردن ڕزگاربم؟» (١٨ی شوباتی ٢٠١٩) (دەربارەی ئالوودەبوون بە ئەتاری و سەرگەرمی)، بروانە ئەڵقەی ١٧٠٢: «دەربارەی جگەرە و ڤەیپ و نیکۆتین» (٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١) (دەربارەی ئالوودەبوون بە نیکۆتین و ڤەیپ و جگەرە کێشان).

ئایا بابەتی بەدڕەوشتی ڕابردووم هۆکارە بۆ شکستهێنانم لە هاوسەرگیری داهاتووم؟

گەنجێک ماوەی حەوت ساڵە تەماشای بابەتی بەدڕەوشتی دەکات. ئێستا بەدوای هاوسەرگیریدا دەگەڕێت. بەڵام ئایا گوناهی ڕابردووی پێشتری هیوای بۆ پەیوەندی پیرۆزی لەگەڵ بووکی داهاتووی بنبڕ کردووە؟

نەخێر، نەیکردووە. «هیوایەک هەیە بۆ پەیوەندی خۆشەویستی، خوداپەرستانە، تەندروست لە هاوسەرگیریدا -ئەگەر بە میهرەبانی خودا، کۆمەڵێک پەرجوو لە تۆ و لە هاوسەری داهاتووتدا ڕووبدات.» بەڵام ئەمە وەک مەسیحییەک لەخۆڕا نابێت. «پێویستە بەدوای ئەم پەرجووانەدا بگەڕێیت.» لێرەدا دوو ڕێگا دەخەینەڕوو.

١. یەکسەر بەدوای سەرکەوتنی تەواودا بگەڕێ و بە پیرۆزی بڕۆ. دان بەوەدا بنێ کە «حەوت ساڵ ژەهراویکردنی مێشکت دەرئەنجامی دەبێت کە تۆ بەرپرسیاریت لێی، وە پێویستی بە ساکارییەکی نائاسایی دەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ چاوەڕوانییە سێکسییەکانت و هاوسەرەکەتدا.» بەڵام ئەوەش بزانە کە لە مەسیحدا جەستە و ئارەزووەکانی و هاوسەرگیری داهاتووتان سووکایەتی نین بەڵکو پیرۆزن. جەستەی ڕزگارکراوی تۆ ئێستا پەرستگایە (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٨-٢٠). سێکس لە هاوسەرگیری لە مەسیحدا پاکە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣). بزانە کە خودا تۆی وەک خۆت کڕیوە -بەهۆی هەوەسەوە شکاو و شێواو. «ئەو دەیزانی چی دەکڕێت. ئەو بە خوێنی خۆی تۆی کڕیوە، بە جەستە و ڕۆحتەوە. تۆ هی خۆت نیت. تۆی کڕیوە بۆ ئەوەی لەناوتدا نیشتەجێ بێت. وە ئەوەی تۆی کڕیوە چاوڕێت لێدەکات «پیرۆز» بیت. ئەمە بانگهێشتی تۆیە "پیرۆز بە" چونکە کڕدراویت بۆ ئەوەی پیرۆز بیت و پیرۆزی لە تۆدا نیشتەجێ بێت.» ئێستا فێردەبیت چۆن لە هەموو لایەنێکی ژیاندا بە پیرۆزی بژیت.

٢. دان بەوەدا بنێ کە ساڵانێکە سێکس لە مێشکتدا شێواوە، ساڵانێکە لەو شتانە تێناگەیت کە بینیوتە. وا مەزانە بزانیت پەیوەندی سۆزداری لە مەسیحدا لە ژووری نووستندا چۆنە. ئەوەی دەبێتە دەستگیرانت، پێویستی بە بیستنی مێژووی تۆیە. پێویستە ئاگادار بێتەوە لەوەی کە وێنەیەکی درۆینی سێکسی هێرش دەکاتە ناو مێشکت. وە لەگەڵ چوونە ناو هاوسەرگیرییەوە، لە ڕێگەی پەیوەندییەوە فێردەبیت، فێری «زمانێکی نەگوتراو، جۆرێک لە ئاماژەی ناسک، بە تێپەڕبوونی کات شێوازێکی سروشتی سۆزداری سەرهەڵدەدات کە هەردووکتان بە شیرینی و بە قوولی دڵخۆشن.» فێر دەبیت کە ئارەزووەکانت بە خۆشەویستییەکی بێ

خۆپەرستانە دەربڕیت نەک هەوەسی خۆپەرستانە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣-٤). «ئافرەت هەست بە چێژوەرگرتنی دروست دەکات لەلایەن هاوسەرەکەیەوە، نەک بەکارهێنانی، ئەگەر بتوانێت تێبگات لەوەی ئەو بە جەستە و کەسی خۆی وەک یەک دڵخۆشە.» ئەمە فێردەبێت، وە کاتی دەوێت چونکە بەکارهێنانی بابەتی بەدڕەوشتی لە ڕابردووتدا هێرشی کردۆتە سەر دیدگای گشتگیری خودا بۆ خۆشەویستی لە ژیانی هاوسەرگیریدا.[a]

ئایا تەمبەڵی ڕۆحی خۆشەویستەکەم هۆکاری شکستی هاوسەرگیرییە؟

ژنێک لە پەیوەندییەکەیدا کە بەرەو هاوسەرگیری دەڕوات، ناڕازییە لەوەی کە خۆشەویستەکەی چەندە بە شێوەیەکی ئاسایی مەسیح وەردەگرێت. ژنەکە دەزانێت کە پێویستە هاوسەرگیری لەگەڵ باوەڕدارێکدا بکات (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣٩). ئێستا هەوڵدەدات بزانێت ئایا ژنێکی مەسیحی ڕژد دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی تەمبەڵ لە مەسیحدا بکات.

وەڵامی کورت و «ڕاشکاو» نەخێرە. جارێ نا.

پۆڵس دەڵێت دوور بکەونەوە لە مەسیحییە تەمبەڵەکان (دووەم سالۆنیکی ٣: ٦). مەسیحی تەمبەڵ چەند ڕاسپاردەیەک پێشێل دەکات بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕۆحییەوە و بە هەموو دڵەوە ڕژد و سەرقاڵ بێت و گەشە بکات (زەبوورى ١٠٠: ٢؛ لۆقا ١٠: ٢٧؛ ڕۆما ١٢: ١١؛ ئەفەسۆس ٦: ١٠؛ دووەم پەترۆس ٣: ١٨؛ ئاشکراکردن ٣: ١٦). پۆڵس دەڵێت دوور بکەرەوە لە پیاوێکی لەو جۆرە. «بۆیە پێویستە هەندێک کاتێکی ڕژد بەسەر ببەیت و بزانیت ئایا هەندێک گۆڕانکاری ڕووەدەن یان نا بۆ سەلماندنی جۆرێکی دیکەی کەسایەتی.» دواتر زیاتر باسی ئەوە دەکەین.

هاوسەرگیری یەکێتییەکی «یەک جەستەیی» (پەیدابوون ٢: ٢٤). «ئەو یەکێتییە جەستەیی لە پەیوەندی سێکسیدا دەربڕینی جەستەیی بۆ یەکگرتنی زۆر قوڵتری دڵ و ڕۆح، ئاماژەیە بۆ پەیوەندی پەیمان لە نێوان مەسیح و کڵێسادا» (ئەفەسۆس ٥: ٣٢). واتا هاوسەرگیری «قوڵترین پەیوەندی مرۆڤە» لە هەردوو ئاستی جەستەیی و ڕۆحیدا. هەرکەسێک بیر لەوە بکاتەوە دەبێت بپرسێت: «ئایا دەتوانم بەدوای یەکگرتنێکی ئاوا قوڵی دڵ و دەروون و جەستەدا بگەڕێم لەگەڵ ئەم کەسەی دیکە؟»

ڕێڕەوی ئەم پیاوە نیگەرانکەرە. «ژنانی مەسیحی لە هاوسەرگیریدا بانگهێشت ناکرێن بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی مێردی بێچارە و گومڕایان بکەن. کتێبی پیرۆز دەڵێت کەوا مێرد

a ئەڵقەی ١٥٨٢: «ئایا ڤیدیۆی بەدڕەوشتی هاوسەرگیری داهاتووی منی شێواندووە؟» (١ی شوباتی ٢٠٢١).

دەبێت سەری ژنەکەی و خێزانەکەی بێت. پێگەیشتنێکی ڕۆحی و بەهێزی کەسایەتی پێش ئەم ڕابەرایەتییە دێت. ئەمەیە کە دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت.»

بەڵام هەندێک کاتی پێبدە. ڕەنگە باوەڕدارێکی نوێ بێت و بە باشی بەقوتابی نەکرابێت و فێر نەکرابێت. ئاراستەی بکە بۆ سەرچاوەکان، هانی بدە بۆ بەقوتابیبوون، چاودێری بکە لە «دەرکەوتنی لایەنەکانی کەسایەتی ڕابەرایەتی، پێگەیشتن، دانایی، خۆنەویستی، نیعمەت و هێز.» ئەگەر ئەو بە تامەزرۆییەوە وەرگر بێت، «ئەوا هانی بدە بەردەوام بێت لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە.» ئەگەر نا -ئەگەر کادانەوەی نەبێت و بە تەمبەڵی ڕەتبێتەوە یان تەنانەت دژایەتی و بەرگری لە پێشنیارەکان بکات -«پێموایە ژنەکە بێزار دەبێت لەوەی تەواوی ژیانی بەدوای ئەوەدا بگەڕێت.»

«ئەگەر بە ژیرانەی بزانیت سنوورێک بۆ ئەم پەیوەندییە دابنێیت، ئەوا گومانت نەبێت لەوەی پەروەردگار چاکە، دانایی و خۆشەویستی لە ژیانتدا دەبێت. خودا لەگەڵتە لەکاتێکدا بە خواستی ئەو دەڕۆیت. نیعمەت هەیە بۆ دواکەوتنی هاوسەرگیری، تەنانەت بۆ ژیانی سەڵتیت. لە کۆتاییدا «باشترە بێ هاوسەر ڕەتبێتەوە لەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی بەس بە ناو پیاو و بێهێزی ڕۆحیدا بکەیت.» [a]

ئایا ئالوودەبوون بە ئەتاری هۆکارە بۆ شکستی هاوسەرگیری؟

بۆ ژنێک کە نیگەرانی خۆی دەربڕی لە زیادەڕۆیی دەستگیرانەکەی لە بەکارهێنانی ئەتاری، قەشە جۆن هەندێک بنەمای دارشت بۆ لێکدانەوەی ئەو ڕەفتارە. (١) هەموو شتێک حەڵاڵە، بەڵام هەموو شتێک یارمەتیدەر نییە، وە نابێت هیچ شتێک «بەسەرماندا زاڵ» بێت (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٢). «نابێت ببینە کۆیلەی هیچ شتێک، تەنانەت وردترین فریودانەکانی ئەتاری.» مەسیح هەموو کۆیلایەتیمان تێکدەشکێنێت (گەلاتیا ٥: ١). (٢) «ئەو ڕاستییەی کۆیلەبوونی دەستگیرانەکەت بۆ شتێکی بێ بایەخ و بێسوودی وەک یارییەکان، ماژە بە چی دەکات بۆ ئاستی دەروونی؟» (٣) ئەگەر بەرامبەر بە ئەتاری جڵەوگیری نەبێت، ئەی چۆن لە بواره گرنگترەکانی دیکەی ژیان دەتوانێت جڵەوگیری هەبێت؟

ئایا پیاوێکی وا بە باشی ڕێبەرایەتیت دەکات؟ «سەرۆکایەتی هەمیشە بریتییە لە ئەنجامدانی کاری سەخت. ئەمە واتا خۆبێبەشکردن لە تێربوونی دەستبەجێی خۆت. واتا بەدواداچوون بۆ ئارەزووی خۆشی درێژخایەن لە گوێڕایەڵی و خۆشەویستی و قوربانیدان و یارمەتیدان. ئەگەر نەتوانێت خۆی بێبەش بکات لە ئەتاری، ئایا دەتوانێت خۆی بێبەش بکات لە شتی

a ئەڵقەی ١٦٨٣: «هاوڕێ کوڕەکەم لە ڕووی ڕۆحییەوە لاوازە -ئایا هێشتا دەبێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم؟» (٢٤ی ئەیلوولی ٢٠٢١).

دیکـه لـه بەرژەوەنـدی خێزانەکـەی؟ ئایـا دەتوانێـت لەبـەردەم تەلەفزیـۆن هەڵبسـتێت؟ ئایـا دەتوانێـت واز لـه خولیاکـەی بهێنێـت لـه گـەراج؟ ئایـا دەتوانێـت کتێبەکـەی وەلا بنێـت؟ ئایـا دەتوانێـت واز لـه کۆمپیوتەرەکـەی بهێنێـت و ڕابەرایەتـی خێزانەکـه بـکات لـه خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز و نوێژکردنـدا؟ یـان ئایـا لـەلای ئـەو گرنگـه ئەگـەر «خێزانەکـەی لـه ژووری بژێـوی لەنـاو بچـن» چونکـه ناتوانـێ نکۆڵـی لـه خـۆی بـکات و خۆجڵەوگیـر نییـه بـۆ ئـەوەی ڕووبەڕووی ئـەم ئاڵنگارییانـه ببێتـەوە؟ بەبـێ «گەشـەکردنی بەرچـاوی کەسـایەتی و ئازادبـوون لـه شـتگەلێکی گەورەتـر لـه یارییـەکان، مـن لـەو پەیوەندییـەدا بـەرەو پێـش نەدەڕۆیشـتم.»[a]

ئایا فێمینیزم هۆکارە بۆ تێکشکانی هاوسەرگیری؟

پیاوێکـی بـاوەڕی بـه تەواوکـەری یەکـتر هەیـه ژوانبەسـتنی هەیـه لەگـەڵ ژنێکی فێمینیسـتێکی ئینجیلـی و بیـر لـه هاوسـەرگیری دەکاتـەوە. ئایـا ئەمـه دانایـه؟

ناکۆکییەکـه زۆر ڕوونـه. «هـەرکام لـه ئێـوه -تـۆ یـان هاوسـەری داهاتـووت- هەڵدەبژێـرن وێژدانتـان، وە لەگەڵیـدا، تەواوەتیتـان بکەنـه قوربانـی بـۆ ئـەوەی هاوسـەرگیرییەکە سـەرکەوتوو بێـت؟» تـۆ دەچیتـه نـاو هاوسـەرگیرییەکەوە «بـه بـاوەڕی ئـەوەی کـه خواسـتی خـودا ئەوەیـه کـه تـۆ ڕۆڵـی سـەری خێـزان بەجێبهێنیـت وەک ئـەوەی لـه ئەفەسـۆس ٥: ٢٢-٣٣ دەیبینیـت داڕێـژراوە.» بـەڵام ئـەو دەچێتـه نـاو هاوسـەرگیرییەکە «بـه بـاوەڕی ئـەوەی کـه خواسـتی خـودا ئەوەیـه کـه تـۆ ڕۆڵێکـی تایبەتـی وەک سـەرکردە یـان سـەرۆک وەرنەگریـت.» تـۆ دەچیتـه نـاوی «بـه بـاوەڕی ئـەوەی کـه خـودا بانگتـان دەکات بـۆ پەروەردەکردنـی منداڵەکانتـان بەگوێـرەی ڕێنمایـی پـەروەردگار، لەوانـەش ڕێنماییکردنـی کوڕەکانتـان ببنـه مێردێـک کـه سـەرکردایەتی هاوسـەرگیری بکـەن و کچەکانتـان ژنێـک بـن کـه بـه خۆشـحاڵیەوە ملکەچـی مێردەکانیـان بـن. ئەویـش بـەو بـاوەڕەوە دێتـه نـاو هاوسـەرگیرییەکە کە خـودا بانگتـان دەکات بـۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانتـان بـۆ ئـەوەی ببنـه یەکسـانیخواز.» ژن و مێـرد لەسـەر زۆر شـت ناکـۆک دەبـن. «بـەڵام لـه بابەتـی وێژدانـی ڕۆشـن بـه کتێبـی پیـرۆز کـه کاریگەرییـان لەسـەر بەڕێوەچوونـی پەیوەندییەکـه هەیـه لـه هەمـوو وەرچەرخانێکـدا، ناکۆکـی لـەو جـۆرە چارەسـەری نییـه.»[b]

ئایا کچە خۆشەویستێک کە پاڵپشتی هاوڕەگەزبازەکانە تێکشکێنەری هاوسەرگیرییە؟

کچـه خۆشەویسـتەکەم دەڵێـت سێکسـی هاوڕەگەزبـاز پیـرۆزە. کـوڕە خۆشەویسـتەکەی پێـی دەڵێـت گوناهـه. ئایـا ئەمـه ڕێگـرە لەبـەردەم هاوسـەرگیری؟

---

a ئەڵقـەی ٤٨٦: «ئایـا ئالوودەبوونـی خۆشەویسـتەکەم بـه ئەتـاری هـۆکاری شـکاندنی پەیمانـی هاوسـەرگیرییە؟» (٥ی کانوونـی دووەمـی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٧٩٨: «ئایا هاوسەرگیری تەواوکەر/یەکسانی دەکرێت سەرکەوتوو بێت؟» (١٩ی شوباتی ٢٠١٦).

«بەڵێ، ئەمە پەیوەندییەکە تێکدەشکێنێت.» دەکرێت دەستگیرانداری بەهۆی ئەمە هەڵبوەشێندرێتەوە، بەڵام هاوسەرگیری نا. «کاتێک هاوسەرگیریت کرد، ئەوەی ئەو باوەڕی پێی هەیە ناتواندرێت کۆتایی بە هاوسەرگیرییەکە بهێنێت. تۆ ئازاد نیت لەوەی کە خودا بەیەکی گەیاندووە جییای بکەیتەوە» (مەرقۆس ١٠: ٩). «ئەگەر باش بێت یان خراپ» بیروباوەڕی باشت یان خراپت لەخۆدەگرێت. «ڕەنگە لە دوای هاوسەرگیری لە باوەڕی بە عیسا دوور. ڕەنگە ببێتە شەیتانپەرست. ڕەنگە ببێتە جادووگەر، جادووگەرێکی ڕاستەقینە. بەڵام ئەو بە پەیمانی پیرۆز لەبەردەم خودا ژنی تۆیە. خودایە ئەو یەکێتییەی دروستکردووە نەک تۆ. ئەوەی خودا بەیەکتری گەیاندووە، با کەس جیای نەکاتەوە.»

پێش هاوسەرگیری، بیهێنە بەرچاوت کە چۆن ئەم جیاوازییە تونەی بیروڕا لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵەکان سەرهەڵدەدات. ڕەنگە دایک و باوک لەسەر زۆر شت لە ژیاندا ناکۆک بن، بەڵام بۆ دایکێک بڵێت دوو پیاو یەکتر ماچ بکەن و سێکس بکەن پیرۆزە، وە بۆ باوکێک بڵێت ئەم ڕەفتارە ناپیرۆزە، ئەمە جیاوازییەکی ڕەگ و ڕیشەیی کە دواتر بە چەندین ڕێگەی دیکە دەردەکەوێت. «ئەو ڕاستییەی کە ئەو دەتوانێت چاڵاکیی هاوڕەگەزبازی پشتڕاست بکاتەوە -وە تۆش ناتوانیت- ئاماژەیە بۆ جیاوازییەکی قوواڵی غەریزەی بنەڕەتی ڕەوشتی و ڕۆحیتان.» بە دڵنیاییەوە ئەم مەیلە ناکۆکانە لە زۆر ناکۆکییەکانی دیکەی ڕێگاکەدا سەرهەڵدەدەن. «کاتێک ڕەگ و ڕیشەی غەریزە و مەیلی ڕۆحی جیاواز بێت، پێشبینی ئەوە ناکرێت کە جیاوازی بەروبوومەکان چی دەبن.»

کتێبی پیرۆز ڕوونە کە گوناهی هاوڕەگەزبازی لەناوچوونی هەتاهەتایی دەهێنێت (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ٩-١١). «پەسەندکردنی ئەو نەخشەی ژیانەی کە ئینجیل بۆ ڕزگارکردنت لێی داڕێژراوە، ئەمە دژایەتیکردنی ئینجیل و بەرەوپێشبردنی لەناوچوونە، من تێناگەم چۆن دەتوانیت باوەڕ بەم شتە بکەیت و لە قوواڵترین و بەهادارترین یەکێتی ڕۆح و جەستە کە لەسەر هەسارەکە لەنێو مرۆڤەکاندا هەیە لەگەڵی بەرەو پێشەوە بچیت. ئەمە پەیوەندی تێکدەدات.»[a]

هیوا بۆ جیابوونەوە

ئازاری ڕەتکردنەوە، بە تایبەتی لە ژوانبەستندا، دەبێتە هۆی کاردانەوەی جۆراوجۆری مرۆڤ -لەوانە توڕەیی، بیرکردنەوە لە خۆکوشتن، کردەوەی زیانگەیاندن بە خۆت، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، زیادەڕۆیی لە خواردن، ئالوودەبوون بە کار، یان ئاڕاستەکردنەوەی سەرنجی کەسی بۆ شێوازی خۆراکی نوێ، یان داڕشتنی شێوەی جەستە بۆ گەڕانەوە بۆ «بازاڕ»ی ڕاکێشانی هاوسەرێکی دیکە. کاردانەوەی وەک ئەمانە دەمامکی دوای جیابوونەوەیەکی ئازاربەخشن.

a ئەڵقەی ١٣١٧: «خۆشەویستەکەم پاڵپشتی خۆشەویستی هاوڕەگەزبازی دەکات -ئایا ئەمە شکێنەرەی پەیمانی هاوسەرگیرییە؟» (٢٥ی شوباتی ٢٠١٩).

کاتێک دۆخی پەیوەندییە سۆزداریيەکانمان دەگۆڕێت، کەسایەتی خودا وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەو ئێمەی بەدیهێناوە، خۆشیدەوێین، ڕازامەندمان دەکات و بەهێزمان دەکات. ڕەزامەندی مرۆڤانە بۆ خۆشەویست یان کچە خۆشەویست بەهای ئێمە ناچەسپێنێت. بەڵکو خودا دەیچەسپێنێت. لە هەموو کەموکوڕییەکانماندا، «خودا قبوڵمان دەکات و لێمان خۆشدەبێت و خۆشیدەوێین، سەرەڕای هەموو ئەو کاریگەرییە یان کەموکوڕییانەی کە ڕەنگە خەڵکی دیکەمان لێ دوور بخاتەوە.» ئێمە خۆشەویستین، نەک لەبەر نەبوونی کەموکوڕی کەسی، بەڵکو بەهۆی کاملبوونی مەسیحەوە.

خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە لە مەسیحدا هەرگیز کەم نابێتەوە. کەواتە، گەورەترین خۆشیمان پابەند نییە بە سەرسامکردنی خۆمان لە ئاوێنەدا، یان سەرسامکردنی ڕەگەزی بەرامبەر، یان تەنانەت سەرسامکردنی خودا. «ڕەزامەندی باڵای ڕۆحمان ئەوەیە کە لەبەردەم خودادا ڕاوەستین و بە جوانی خودا لە دەرەوەی خۆماندا سەرسام بین. خودا هەموو شتێکە لەو ساتەدا، وە ئەو خۆشی زۆرمانە. گەورەترین خۆشییەکان ئەو خۆشییانەن کە خۆمان لەبیردەبنەوە، لە بوونی جوانی بێ سنووری خودادا.»

تەنانەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە شکۆمەندانەش، ڕەتکردنەوەکە ڕاستەقینەیە. بەڕاستی ئازاری هەیە. بەڵام کاتێک خودا بەرزترین جوانییە کە دەیبینین، ئەو هێزەی ناخمان دەدۆزینەوە کە پێویستە بۆ ئەوەی لە جیابوونەوەکە بەرەو پێش بچین. «لە مەسیحدا هەموو شتێکمان هەیە کە پێویستمانە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو جۆرە ڕەتکردنەوە و ئازارەوە ژیانێکی سوودبەخش و خۆش بژین.»[a]

یەک وشەی کۆتایی هۆشداری: ئاگاداربە. جیابوونەوەکان ڕق و کینە دروست دەکات. هەتا هەڵەکە قووڵتر بێت، ڕق و قینەکە قووڵتر دەبێت. دەست دەکەین بە بیرکردنەوە لەوەی کە کەس قووڵایی ئازارەکانمان نازانێت. بەڵام خودا هەموو هەڵەکانمان دەزانێت و ئازادیمان پێ دەبەخشێت لەو «ڕق و قینەی داماننەاوە.» هەتا ئەو کاتەی ڕق و قینمان دانەنێین، ئازاد نین لەوەی وەک پێویست خۆشمانبوێت. «تۆ پرسیارت کردووە، "بۆچی ناتوانم خۆشمبوێت وەک ئەوەی دەبێ خۆشمبوێت؟" وە یەکێک لە وەڵامەکان ئەوەیە کە تۆ بەردەوام دەستت بەو هەڵەیە دەگریت.» ڕەنگە تۆ دووگیان بوویت وە لە ئەنجامدا کوڕە خۆشەویستێکی کۆن «هەڵیگرتیت و وەک بەردێک تۆی بە زەویدا داوە.» ڕەنگە واز لەم برینە بهێنیت چونکە خودا بەڵێنی داوە خۆی هەڵیبگرێت (ڕۆما ١٢: ١٩). بەهۆی ئەوەوە دەتوانیت واز لە ڕق و قینت بهێنیت، وە بارگرانییەکە دابنێیت، دیسان فێری خۆشەویستی ببیتەوە.[b]

---

a ئەڵقەی ٦٥٦: «هیوای کتێبی پیرۆز بۆ جیابوونەوە» (٦ی ئابی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ١٤٣٣: «چۆن واز لە تۆڕەیی بهێنم لەسەر هەڵەکانی ڕابردوو؟» (١٢ی شوباتی ٢٠٢٠).

سەرجێیی باشە، سەرجێیی بۆ مەسیحییەکانە، سەرجێیی بۆ هاوسەرگیرییە

چوار خاڵی سەرەکی لە ژیانی هاوسەرگیریدا چوارچێوە بۆ سێکس دادەنێت.

١. سەرجێیی باشە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١-٥؛ یەکەم تیمۆساوس ٤: ١-٥). کتێبی پیرۆز پەیوەندی هاوسەرگیری وەک بەخششێکی باش ڕادەگەیەنێت. سێکس زیاترە لە دروستکردنی منداڵ؛ بەخششێکی گەورەیە بۆ چێژ و یارمەتیدانمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی فریودانی شەیتان.

٢. سەرجێیی بۆ مەسیحییەکانە (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١-٥)، «بۆ ئەو کەسانەی لەپێناوی سوپاسگوزار دەبن.» باوەڕ ئامانجی ڕاستەقینەی پەیوەندی سۆزداری سێکسی دەخاتەڕوو، لە وەبیرهێنانەوەی خوداپەرستیمان.

٣. سەرجێیی بۆ هاوسەرگیرییە. «سێکسی نایاسایی لە هاوسەرگیریدا هەیە؛ پێی دەگوترێت بەدڕەوشتی (μοιχεία). هەروەها سەرجێیی نایاسایی پێش هاوسەرگیری هەیە؛ پێی دەگوترێ داوێنپیسی (πορνείαν). پۆڵس دەڵێت لە هەردووکیان هەڵبێن (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٨). سەرجێیی بۆ هاوسەرگیری تەرخانکراوە چونکە «یەکێتی جەستەیی لە پەیوەندی سێکسی مەبەست لێی ئەوەیە کە بەردی گۆشەی جەستەیی بۆ یەکێتییەکی سۆزداری و ڕۆحی بێت، لە پەیمانێکی بەردەوامدا. ئێمە ئاژەڵ نین. سێکس ڕەگ و لق و پۆپێکی هەیە کە دەچێتە ناخی تەواوی بوونمانەوە، وە کاریگەری لەسەر هەموو بوونمان هەیە. ئێمە هەوڵمان داوە سێکس لە پەیمان، یەکێتی کەسی، سۆزداری، ڕۆحی قووڵ لە نێوانمان ژن و پیاو پوخت بکەینەوە لە فیلم و لە ئەدەبیات و ڕاگەیاندنەکانمان. ئەمە لە هەموو جیهاندا وێرانکاری دەوروژێنێت.» بۆیە خودا هاوسەرگیری دروستکرد «ئەم پابەندبوونە جوان و تەواو و قووڵ و کەسی و ڕۆحییە لە ترۆپکیدا دەگاتە جووتبوونی سێکسی.»

٤. سەرجێیی هەزری بۆ هاوسەرگیرییە (مەتا ٥: ٢٨). لە دەرەوەی هاوسەرگیری، سەرجێیی بە هەزر دەبێتە داوێنپیسی یان داوێنپیسیکردن لە دڵدا. بەڵام لە پەیمانی هاوسەرگیریدا، «لە هاوسەرگیریدا سێکسی هەزری دەکەیت و هەروەها سەرجێیی جەستەیی دەکەیت.»[a]

a ئەڵقەی ٧٣: «زۆرترین ماوەی پێش هاوسەرگیری چەندە؟» (١٩ی نیسانی ٢٠١٣).

سەبارەت بە خاڵی چوارەم، لە نێوان ژن و مێردێکدا هەریەکەیان خزمەتکاری یەکترن «هەریەک خزمەتگوزاری چێژی ئەوەی دیکەیە»، مێرد ناتوانێت تەنها هەوەسی لە ژنەکەی بێت (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣). کەواتە ئەمە هەڵە نییە، «بۆ ئەوەی مێرد لە ڕووی سێکسییەوە ژنەکەی بوێت و بیر لەوە بکاتەوە کە ژنەکەی هەبێت و لە مێشکی خۆیدا لە باوەشی بگرێت بەو شێوەیەی کە لەناو جێگادا لە باوەشی دەگرێت.» بۆ تۆ، «هیچ گوناهێک لە مێشکتدا نابێت کە لەناو جێگاکەتدا گوناە نەبێت.» بەڵام ئەمە گوناە دەبێت ئەگەر «گوناهی هزری یان ئارەزووی گوناهی کردبێت یان لە دڵی خۆیدا هەڵوێستی بەرامبەر بە ژنەکەی هەبێت کە لە ژووری نووستندا هەڵە بێت.»[a] بۆ هاوسەرە مەسیحییەکان، گوناهی هزری لە مێشکدا و «نواندنی گوناە» لە ژووری نووستندا هەمیشە قەدەغەیە.[b]

چۆن سێکس پیرۆز دەکرێت؟

سێکس «بە وشەی خودا و نوێژ پیرۆز دەکرێت» (یەکەم تیمۆساوس ٤: ٥). واتا «سێکسی باش» -وەک خۆراکی باش- بۆ ئەو مەسیحییانە داڕێژراوە کە «لەپێناوی سوپاسگوزارن.»[c] داڕشتنی تەواوی بەدیهێنەر بۆ سێکسی مرۆڤ تەنها لە ڕاستییە ڕۆحییەکان و لەلایەن ئەو مەسیحییانەی کە ڕێز لە شکۆمەندی خودا دەگرن لەپێناو بەخششەکە دەتوانرێت بێتە دی.[d]

١. چۆن هاوسەرە مەسیحییەکان بە نوێژ سێکس پیرۆز دەکەن؟ لە ڕێگەی سوپاسگوزارییەوە. «سوپاسگوزاری بریتییە لە لابردنی تەختی خوداوەندێک و گۆڕینی بۆ بەخششی خودا.» بەمەش هاوسەنگییەکی تەندروست بۆ سێکس لە ژیانی هاوسەرگیریدا دەدۆزینەوە. «خەریکە سێکس بەسەرماندا زاڵ دەبێت، وە خەریکە بەکۆیلەمان دەکات، وەک خوداوەندێک لەسەر ژیانمان. وە سوپاسگوزاری بە ساکارییەوە و گوتنی ئەوەی، «تۆ خوداوەند نیت. تۆ بەخششێکی لەلایەن خوداوە. وە من دیاری دەکەم ئەم بەخششە چۆن بەکاربێت، وە من بە ساکارییەوە زۆر سوپاسگوزار دەبم.»

٢. چۆن سێکس بە کتێبی پیرۆز پیرۆز دەکرێت؟ بە هەمان شێوە. کاتێک ڕامان لە وشەی خودا دەکەین، دەبینین کە؛ «زەوی و هەرچی تێدایە هی یەزدانە، پڕی بکەن،» (زەبووری ٢٤: ١). ئەمە سەبارەت بە خواردن و سێکس دەبێت، «ئێمە ڕێگرییان لێدەکەین

---

a ئەڵقەی ٢٧٨: «ئایا مێرد دەتوانێت هەوەسی بۆ ژنەکەی هەبێت؟» (١٤ی شوباتی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ١٦٨٤: «ئایا هاوسەرەکان دەبێت ڕۆڵگێڕانیان لە ژووری نووستندا هەبێت؟» (٢٧ی ئەیلوولی ٢٠٢١).

c ئەڵقەی ٧٣: «زۆرترین ماوەی پێش هاوسەرگیری چەندە؟» (١٩ی نیسانی ٢٠١٣).

d ئەڵقەی ٧١٢: «هەر شتێک دەربارەی خودا دەربارەی هەموو شتێکە» (٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥).

کـه جڵەوگیـری نـارەوا، یـان لـه ژیانمانـدا پێگەیەکـی نارەوایـان هەبێـت، بـەوەی هەردووکیـان ملکەچـی وشـەی خـودا بکەیـن،» بـه تایبەتـی لـەو دەقانـەی کـه سوپاسـگوزاری لـه ئێمـەدا دروسـت دەکـەن لەپێنـاو بەخشـەکان. بـه نوێـژ و وشـەی خـودا سوپاسـی بەدیهێنـەر دەکەیـن، بەمـەش «خوداوەندێـک لەسـەر تەختـی پاشـایەتی لادەبەیـن و دەیکەینـه بەخشـش.»[a]

چۆن سێکس خودا شکۆمەند دەکات؟

ئاژەڵـەکان لـه ڕێگـەی غەریـزە و ڕێکارەکانـەوە جـووت دەبـن، ئەمـەش ئاشـکراکردنێکی «سەرسـوڕهێنەرە» بـۆ شـکۆمەندی بەدیهێنـەر. «بـه هەمـان شـێوە لەگـەڵ سێکسـی مـرۆڤ. غەریـزە و ئـارەزوو و تێگەیشـتنمان هەیـه کـه دەبێتـه هـۆی ئـەوەی خۆشەویسـتی دروسـت بکەیـن و ڕەگـەزی مـرۆڤ زیـاد بکەیـن. بـەڵام بەبـێ چـاو بـۆ بینینـی چاکـه و شـکۆمەندی خـودا لـه ژیانـی سێکسـیماندا، زیاتـر لـه ئـاژەڵ دەچیـن نـەک لـه خـودا.» بۆیـه ئێمـه کتێبـی پیـرۆز دەکەینـەوە بـۆ ئـەوەی «بچێتـه نـاو جیهانێکـی شـکۆمەندی خودایـیەوە،» جیهانێـک کـه تەنهـا بـه چـاوی لەدایکبـووی لەنوێـوە دەبینرێـت (یەکـەم کۆرنسـۆس ٢: ١٤). «بەبـێ ژیانـی ڕۆحـی، وە بەبـێ بەئاگاهاتنـەوەی ڕۆحـمان بـه ڕۆحـی خـودا، ڕاسـتی خـودا، شـکۆمەندی خـودا لـه هەمـوو شـتێکدا، ڕەنگـه هەسـتێکی چـڕ و بیرکردنـەوەی شـیعریمان هەبێـت سـەبارەت بـه سـێکس -تەنانـەت زۆر لـه سـەرووی ئاژەڵەکانـەوە- بـەڵام هەرگیـز ئـەو چاکـه و شـکۆمەندییه نابینیـن کـه خـودا لـه سێکسـی ئێمـەدا و لـه ڕێگـەی سێکسـەوە دەربـارەی خـۆی ئاشـکرای دەکات.» بەبـێ بینینـی ڕۆحـی، هەرگیـز نابینیـن کـه سـێکس «پەیوەنـدی بـەو ڕاسـتییه شـکۆمەندەوە هەیـه کـه ئێمـه لەپێنـاوی بەدیهاتووین، کـه عیسـای مەسـیحه.»

سـێ دەق ئـەم شـکۆمەندییه خودایانـه نیشـان دەدەن. (١) سـێکس پەیوەنـدی مەسـیح لەگـەڵ بووکەکـەی نیشـان دەدات (ئەفەسـۆس ٥: ٢٥-٢٧). «تـەواوی درامـای هاوسـەرگیری، بـه سێکسیشـەوە، دراماییەکـه دەربـارەی شـکۆمەندییەکانی پەیوەنـدی پەیمانـی مەسـیح لەگـەڵ بووکەکـەی، کە کڵێسـایە، هیـچ کام لـەم ڕاسـتییانه بـۆ ئـەو کەسـه دیـار و چێژبەخـش نییـه کـه تێگەیشـتنێکی ڕۆحـی نییـه.» (٢) یەکگرتنـی سێکسـی یەکێتـی جەسـتەیی ژن و مێردەکەیـه کـه یەکگرتنـی ئێمـه لەگـەڵ مەسـیح نیشـان دەدات (یەکـەم کۆرنسـۆس ٦: ١٥-١٧). تەنهـا پۆڵـس توانـی «بچووکتریـن ڕاسـتی جەسـتەیی، وەک داوێنپیسـی، لەگـەڵ ڕۆحیتریـن ڕاسـتیی یەکبوونمـان لەگـەڵ مەسـیح» پێکـەوە ببەسـتێتەوە. لەشفرۆشـی، گڵاوکردنـی یەکگرتنمانـه لەگـەڵ مەسـیح. (٣) یەکێتـی سێکسـی ئەوەیـه کـه چـۆن خـودا ژن و مێردێـک بـه یەکـتر دەگەیەنێـت، لـه ئاسـمان، لـه پەیمانێکـدا بـۆ تـەواوی ژیـان (مەرقـۆس ١٠: ٧-٩). بـەم شـێوەیه «چاکـه و شـکۆمەندی سـێکس بـۆ ئەوانـەی کـه چاویـان هەیـه ببینـن.»[b]

---

a ئەڵقەی ١٢٣: «چۆن خواردن و سێکس پیرۆز دەکرێن» (١ی تەممووزی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ٦١٥ب: «کوێر لە شکۆمەندی سێکس» (١١ی حوزەیرانی ٢٠١٥).

بەبێ چاوی نوێبووەوە، دەقە بەهادارەکانی وەک گۆرانی گۆرانییەکانی سلێمان بە هەڵە تێدەگەین. خوێنەران کوێر دەبن لە ئاست ڕاستیی جوانی ئاماژەکان، «تەواوی ئەم شیعرە جوانە دەخەنە ژێر پێیان،» وەک ئەوەی کە بزماریان لەپێدا بێت نەک نەعل. ئەم کتێبە «بۆ ئەو ژن و پیاوانە نییە کە لەلایان وایە جووتبوونی سێکسی تەنها فرینێکی یەک ڕەهەندی سۆز و خۆشەویستییە،» بەڵکو بۆ ئەو کەسانەیە کە لە سێکسی پەیماندا «پەندێک»ی شکۆمەندانە سەبارەت بە مەسیح و کڵێساکەی دەبینن. «سێکسی ئەدەبی» لە گۆرانییەکەی سلێماندا ئاماژەکارییە. هەروەها «سێکسی ڕاستەقینە» لە ژووری نووستنی هاوسەرگیریدا. لە ڕاستیدا هەموو ژیانی جەستەیی «ئاماژە بە شتێکی ڕۆحی دەکات.» شکۆمەندکردنی خودا لە سێکسدا پێویستی بە چاوی ڕۆحی هەیە بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە دروست بکات. چاوە نوێیەکانمان تەنها ژیانی جەستەییمان کەمتر جەستەیی ناکەنەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی دروست خۆشییە جەستەییەکان بە شکۆمەندییە هەمیشەییەکانەوە دەبەستنەوە، وە خۆشییە جەستەییەکانمان بە خۆشیمان لە مەسیحدا.[a] بۆیە سلێمان «بە وێناکردنێکی نایاب» باس لە چێژە سێکسییەکان دەکات، چونکە خودا زەمینەیەک بۆ ئێمە دادەنێت بۆ ئەوەی لە یەکێتی مەسیح لەگەڵ بووکەکەی تێبگەین. ئەگەر ئەم جۆرە پەیوەندییانە شەرمەزارمان بکەن، ئەوا چاوەکانمان پێویستیان بە ڕێکخستنەوە هەیە.[b]

ئایا هاوسەرگیری چارەسەری هەوەس دەکات؟

هاوسەرگیری چارەسەری هەوەس ناکات. هاوسەرگیری «یارمەتیدەرێکە لەلایەن خودا وە دانراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەوەسی سێکسی زاڵ» (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢-٩). «بەڵام هیچ شتێک نییە کە من وەک چارەسەرێکی تەواو ببینم.» بە دڵنیاییەوە خودا هاوسەرگیری داناوە بۆ لاوازکردنی فریودانی شەیتان بەرەو هەوەس و داوێنپیسی. بەڵام گریمانەکردنی هاوسەرگیری وەک چارەسەرێکی تەواو بۆ هەوەس ڕێگەیەکی هەڵەیە بۆ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە.

لە هەمووی زیاتر، هاوسەرگیری دیدگای شکۆمەندی خۆشەویستی مەسیح بۆ کڵێسا نیشان دەدات (ئەفەسۆس ٥: ٢٢-٣٣). تەنها لە چوارچێوەی ئەم دیدە شکۆدارەدا «کاریگەرییە سێکسییە ورد و کردەییەکانی هاوسەرگیری» دەدۆزینەوە. دیسانەوە، هاوسەرگیری چارەسەر نییە بۆ هەوەس، بەڵکو یارمەتیدەرێکی جەستەییە بۆ زاڵبوون بەسەر گوناهی هەوەس، هەروەک خەوتنی پێویست یارمەتیدەرێکە بۆ زاڵبوون بەسەر گوناهی بێ ئارامی، یان وەرزش یارمەتیدەرێکە بۆ زاڵبوون بەسەر گوناهی خەمۆکی،

a ئەڵقەی ٢٨٥: «ئایا سپیارەی گۆرانی گۆرانییەکان ئاماژەکارییە؟» (٢٥ی شوباتی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٧٦٠: «بۆچی لێکچواندنەکانی عیسا و بووکەکەی شەرمەزارمان دەکەن» (٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

یان ڕۆیشتن لە دەرەوە یارمەتیدەرێکە بۆ زاڵبوون بەسەر گوناهی بێهیوایی. بەم شێوەیە «پەیوەندی سێکسی لە ژیانی هاوسەرگیریدا یارمەتیدەرێکی گەورەیە لە جەنگی ڕۆحی لە دژی هەوەس و داوێنپیسی، بەڵام چارەسەرێکی ڕەها نییە.» سێکس تەنها هەناسەدانێکی میکانیکی و «دەرچەی پەستان» نییە. «ئەوە ڕاستییەکە، بەڵام ئەوە کۆی ئەو شتانە نییە کە ڕووەدات کاتێک پۆڵس دەڵێت پەیوەندییە سێکسییەکان دیواری بەربەستن. زۆر لەوە زیاتر هەیە. پێمواید لە کەلتووری ئێمەدا، کە هێندە سێکس شێواوە و بووەتە لەشفرۆشی پەیوەندییەکی خێرا، یان وەرزشی کۆتایی هەفتە، زۆر قورسە بۆیان لەوە تێبگەن کە من خەریکە دەیڵێم. خودا مەبەستیەتی لە سۆزداری یەکگرتنی جەستەیی لە هاوسەرگیریدا، شتێکی سەرسوڕهێنەر ڕووبدات، شکۆدار، جوان، وە ڕۆحی. پێکەوەبەستنێکی تەواو ڕووەدات، وە یەکێتییەکی سۆزداری و پەیمانێکی بەهێز و یەکێتییەکی ڕۆحی ڕووەدات. لەگەڵ گەشەکردنی ئەم یەکێتییە، وادەکات بیر نەکرێتەوە لە داوێنپیسی و بەدڕەوشتی. ئەمە شکۆی ڕاستەقینەیە بۆ پەیوەندی سێکسی لە هاوسەرگیریدا.[a]

سۆزداری سێکسی گونجاو، بەردەوام و تێرکەر لە هاوسەرگیریدا وەک «پارێزگارییەکە» بۆ «کەمکردنەوەی ئەگەری» هەوەس و داوێنپیسی و بەدڕەوشتی لە داهاتوودا (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١-٥).[b]

ئایا سەرنجڕاکێشانی سێکسی یان چێژی سێکسی پێویستن بۆ هاوسەرگیری؟

ژنێکی باوەڕدار بە مەسیح نووسیویەتی، هەستی بە سەرنجڕاکێشانی سۆزداری کردووە بۆ پیاوێکی باوەڕدار بە مەسیح کردووە، بەڵام نەک لە ڕووی جەستەییەوە. ئایا پێویستە بیری لێبکاتەوە بۆ هاوسەرگیری؟ ئایا سەرنجڕاکێشانی سێکسی پێویستە بۆ هاوسەرگیری؟

دووڕیانێکی سەختە. لە لایەکەوە نەخێر، سەرنجی سێکسی خۆی «لەنێو کرۆکی هاوسەرگیریدا نییە.» بەڵام پەیوەندی سێکسی بەشێکە لێی. «کرۆکی هاوسەرگیری بریتییە لە دروستکردن و پاراستنی پەیمانێک لە نێوان ژن و پیاوێکدا بۆ ئەوەی ببنە ژن و مێرد بۆ یەکتر هەتا ئەو کاتەی هەردووکیان دەژین، ئەمە کرۆکی هاوسەرگیرییە: بەستنی پەیمان، وە پاراستنی -بۆ ئەوەی ببنە ژن و مێرد. وە بە دڵنیاییەوە، ئەم پەیمانە بەڵێندان لەخۆدەگرێت کە مرۆڤ لە پەیوەندی سێکسیدا خۆی بدات بە کەسەکەی دیکە» (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣).

کێبڕکێی پیرۆز پەیوەندی سێکسی بە پێویست دەزانێت، بەڵام چێژی سێکسی نا. ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری دیکە ڕاستە. (١) «پێمواید بە درێژایی زۆربەی مێژوو، وە لە زۆربەی

a ئەڵقەی ١٣٤٥: «ئایا هاوسەرگیری هەوەسی من چارەسەر دەکات؟» (٢٠ی ئایاری ٢٠١٩).
b ئەڵقەی ١٨٨٧: «کەی بێهیوایی دەبێتە گوناە؟» (١٣ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).

کەلتوورەکانـدا، هاوسـەرگیری لەلایـەن دایـک و باوکـەوە ڕێکدەخـرا، هاوسـەرەکان تەماشـای دەورووبەریـان نەدەکـرد هەتـا بزانـن کـێ وایکـردووە وروژاندنـی سێکسـیان هەبێـت.» ئەمـەش بـەو واتایەیـە کـە «زۆربـەی هاوسـەرگیرییەکان لـە مێـژوودا لەسـەر بنەمـای هەسـتکردن بـە سەرنجڕاکێشـانی سێکسـی دەسـتی پێنەکـردووە. دەبـووا ئەمـە دواتـر بێـت، ئەگـەر هـەر هەبووبێـت. وە ئەوانـە هاوسـەرگیری ڕاستەقینە و بنەڕەتـی بـوون.» (٢) هاوسـەرگیرییەکانی بـە درێژایـی ژیـان خولگـەی چێـژی جەسـتەیی زیاتـر و کـە مـتر دەبێتـەوە، ئەمـەش دەکرێـت بـە هـۆی وەرزی فشـارەکانی ژیـان، داواکارییەکانـی منداڵانـی بچـووک، پیـری، ململانێـکان، وە منداڵانـی سـەرەڕۆوە بێـت. «وە ئەگـەر بڵێیـت لـە بنەڕەتـدا سەرنجڕاکێشـانی سێکسـی بـووە، ئـەوا پیربـوون کۆتاییهاتنـی ژیانـی هاوسـەرگیری دەبێـت، لـە کاتێکـدا لـە ڕاسـتیدا لەگـەڵ تەمەنـی پیریـدا و لەگـەڵ کەمبوونـەوەی چێـژە سێکسـییەکان گەشـە دەکات.»

کەواتـە سەرنجڕاکێشـانی سێکسـی کرۆکـی هاوسـەرگیری نییـە. ئەمـە «بەشـێکی ئاسـانی وەڵامەکەیـە.» بـەڵام ئایـا بـۆ هاوسـەرگیری گرنگـە؟ پیـاوان لـە ڕووی سێکسـییەوە «بەبـێ هەسـت» و «بـە شـێوەیەکی ئاژەڵانـە» سـەرنجیان بـۆ ژنـان دەچێت. پیـاوان دەبێت بە مەبەسـت ئەزموونـی سـێکس بکـەن لـە ڕووی سـۆزداریەوە، وەک پەیوەندییەکـی «کـەس بـە کـەس، چـاو بـە چـاو، دڵ بـە دڵ، نـەک تەنهـا جەسـتە بـە جەسـتە.» بـەڵام پێدەچێـت ژنـان بـە شـێوەیەکی گشـتی تەواوتـر بـن، هەسـتەکانیان «زۆر زیاتـر پەیوەسـتن بـە چێـژە سێکسـییەکانیانەوە.»

کەواتـە بـۆ ژن ئەگەرییەکـە لـەم سـیناریۆیەدا، «ئایـا دەتوانیـت خـۆت ببینیـت کـە بـە خۆشـحاڵییەوە واز دەهێنیـت لـەم پەیوەندییـە سـۆزدارییە بـە ئـارەزووی مێردەکـەت بـۆ پەیوەنـدی جەسـتەیی هەتـا ببێتـە بەشـێک لـە پەیوەنـدی سـۆزداری؟» ئەگـەر پەیوەندییەکـە بـە ئـازار یـان ناخـۆش بێـت، «دەکرێـت ئەمـە کێشـەیەکی گـەورە بێـت» کـە پێویسـتە هۆشـداری بدرێـت لـە بەردەوامبوونـی هاوسـەرگیری. «چێـژی سێکسـی بـۆ هاوسـەرگیری شـتێکی بنەڕەتی نییـە، بـەڵام نەبوونـی ئـارەزووی سێکسـی لـە سـەرەتاوە دەکرێـت ئاماژە بێـت بـۆ کێشـەیەکی قوونڵـتر لـە بێـزاری لـە سـێکس یـان دژایەتـی ئـارەزووی پیـاوان. وە مـن هـەوڵ دەدەم پێـش ئـەوەی بـەرەو پێـش بچـم، ئـەو گۆڕانکاریـە ببینـم.»[a]

کتێبـی پیـرۆز پەیوەنـدی سێکسـی بـە ئـەرک دادەنێـت (یەکـەم کۆرنسـۆس ٧: ٣). «بـەڵام تەنانەت پچڕانـی درێژخایەنیـش هاوسـەرگیری ناکاتـە شـتێکی دیکـەی جگـە لـە هاوسـەرگیری، وەک کاتێـک کـە ژن یـان مێردێـک بـۆ مـاوەی دە یـان بیسـت سـاڵ لـە زیندانداییـە، یـان کاتێـک دەریاوانـەکان دەچنـە گەشـتێکی دوو سـاڵەی ڕاوکردنـی نەهەنـگ.» هاوسـەرگیرییەکی ڕاسـتەقینە و بەختـەوەر «دەکرێـت بوونـی هەبێـت کاتێـک ئـەو چێژانـە بەشـێک نەبـن لـە خۆشـی.» کەواتـە «مـن بـە هیـچ

a ئەڵقەی ٤٧٥: «ئایا سەرنجڕاکێشانی سێکسی پێویستە بۆ هاوسەرگیری؟» (١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤).

شێوەیەک دەستخۆشی لە پەیوەندییە سێکسییە بێ چێژەکان ناکەم. من ئەم جۆرە ئەزموونانە بە ڕاستییەکی زۆر خەمناک دەزانم کە هەندێک کەس دەبێت لەگەڵیدا بژین. لەدەستدانی چێژی سێکسی لە ژیانی هاوسەرگیریدا، نموونەیی نییە؛ وە ئامانجیش نییە.»

کەواتە بۆچی کتێبی پیرۆز پێشوازی دەکات لە چێژی سێکسی، ئەگەر بنەڕەتی نەبێت؟ سیپارەی گۆرانی گۆرانییەکانی سلێمان «گۆرانییەکی تەواو هەستیارە» بۆ «پێشوازییەکی فراوانە لە بەخششی خودا بۆ چێژەوەرگرتن لە سێکس لە هاوسەرگیریدا. ئەم گۆرانییە پێشوازییەکە لە سێکس چونکە «وێنەکە تەواو دەکات بۆ ئەوەی کە چێژەکانی ناسینی مەسیح بۆ هەتاهەتایە چەندە ناوازە دەبن.» چێژێکی لەو جۆرە «بنەڕەتی نییە» بەڵکو لە ژیانی هاوسەرگیریدا «گرنگ و زۆر سەرسوڕهێنەرە».[a]

ئەگەر هەستم بە هیچ سەرنجڕاکێشانێکی سێکسی نەکرد، ئایا پێویستە بەدوای هاوسەرگیریدا بگەڕێم؟

ئایا کتێبی پیرۆز هاندەرە بۆ نەبوونی سێکس لە یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٦-١١؟ وە چۆن دەبێت ژنێکی گەنج کە ئێستا بێ سێکسە بیر بکاتەوە سەڵتی یان هاوسەرگیری؟ ئایا پێویستە ئەگەری هاوسەرگیری لە داهاتوودا لەبەرچاو بگرێت؟

سەرەتا، «مەزەندەی من» ئەوەیە کە ژنێک سەرنجڕاکێشیی کەمی سێکسی هەبێت، «نزیکترە لە بنەمایەک کە بە گشتی ژنان چۆن هەست بە سێکس دەکەن، لە چاو ئەو ژنە گەرمە سێکسییانەی وەک بنەمایەک لە پیشەسازی کاتبەسەربردندا گرنگییان پێ دەدرێت.» لە ڕاستیدا، «زۆربەی ڕەهای هاوسەرگیرییەکان لە مێژووی جیهاندا لەسەر بنەمای سەرنجڕاکێشانی سێکسی ڕۆمانسی نەبووە،» ئەمە پێوەرێکە کە «لە دوو سەدەی ڕابردوودا لە ڕۆژئاوا بەرزبووەتەوە و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.» بەڵکو زۆربەی هاوسەرگیرییەکان لە مێژوودا «لەلایەن خێزانەوە ڕێکخراوە» یان «بەگوێرەی بارودۆخی پەیوەندی و کۆمەڵایەتی دیکە ڕێکخراوە». بۆیە ئێمە لە «کاتێکی سەیردا» دەژین کە «سۆزێکی ڕۆمانسی کەسی» بووەتە «هەموو شتێک و کۆتایی هەموو شتێک کە چۆن پەیوەندییەکانی پابەندبوون بە درێژایی ژیانت پێکدەهێنیت.» ئەگەر سەرنجڕاکێشانی سێکسی بنەماییەکی مێژوویی نەبێت، ئەمە بەو واتایەیە کە «ملیۆنان مرۆڤ لە جیهاندا لەدایک بوون کە لە کاتێکدا بەسک کەوتوون هەوەسی سێکسی بەرامبەر بە یەکتر نەبووە.»

پێناچێت بڕگەکانی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە سێکس ئاماژە بەوە بکەن کە تاکە پەیوەندی سێکسی «دروست» یان «جوان» ئەوانەن کە لە «هەوەسێکی دوولایە» ئەنجام دەدرێن.

a ئەڵقەی ٥١٦: «ئایا چێژی سێکسی پێویستە بۆ هاوسەرگیری؟» (٢٢ی کانونی دووەمی ٢٠١٥).

هـەر مێردێـک و هـەر ژنێـک وە هـەر قۆناغێکـی ژیانیـان ئاسـتی جیـاوازی هەوسـی بەخۆیـان دەبینـن. کەواتـە، ناکرێـت هـەوەس کرۆکـی هاوسـەرگیری بێـت. «لـە ژیانـی هاوسـەرگیریدا پرسـگەلێکی زۆر گەورەتـر لـە مەترسـیدان لـەوەی کـە لـە خۆشەویسـتیدا بـوون و مانـەوەی هاوسـەرگیری پەیوەنـدی بـە خۆشەویسـتی پەیمانبەسـتەوە هەیـە، وەک لـە نێـوان مەسـیح و کڵێسـادا هەیـە، وە دەکرێـت دەرخسـتنی بـە قوولّـی ڕووبـدات، تەنانـەت لـەو شـوێنانەی کـە سـۆز و خۆشەویسـتییە ڕۆمانسـیەکان بـەرز دەبنـەوە و دادەبـەزن -ڕەنگـە بـە تایبەتـی کاتێـک بێـت کـە سـۆز و خۆشەویسـتییە ڕۆمانسـییەکان دادەبـەزن.»

لـە کاتـی بیرکردنـەوە لـە هاوسـەرگیری داهاتـوو، سـێ پرسـیار بکـە. (١) «ئایـا دەتوانیـت بیـر بکەیتـەوە لـەوەی تـەواوی ژیانـت لەگـەڵ پیاوێکـی مەسـیحی خەمخـۆر و پێگەیشـتوو و بەرپرسـیار بەسـەر ببەیـت؟ وە ئایـا هیـچ ئارەزووێکـت هەیـە بـۆ ئـەوەی ئەمـە ڕووبـدات؟» (٢) لـە هـەر قۆناغێکـی ژیانتـدا، ئایـا خەونـت بـە هاوسـەرێکەوە بینیـوە؟ (٣) ئایـا بیرکردنـەوە لـە سـێکس لەگـەڵ پیاوێکـدا شـتێکی قێزەونـە؟ ئایـا ترسـناک، یـان جـوان، یـان خودایەرسـتانەیە، یـان «خراپەیەکـی پێویسـتە بـۆ دروسـتکردنی کۆرپـە؟» جیاوازییەکـی گـەورە هەیـە لـە نێـوان بیرکردنـەوە لـە سـێکس وەک کردەیەکـی پیـس و بیرکردنـەوە لـە سـێکس وەک «ڕێگایەکـی خودایەرسـتانە بـۆ بەرەکەتدارکردنـی هاوسـەرەکەت، هەرچەنـدە خـۆت هیـچ بەدواداچوونێکی سـۆزداریت بـۆی نەبێـت.» یەکەمیـان ئاڵایەکـی هۆشـدارییە لـە دژی هاوسـەرگیری. ئـەوەی دیکەیـان وا نییـە.

کەواتـە «بێباکـی ئێسـتات لـە ئـارەزووی سێکسـی قبـوڵ بکـە.» وە «بـە هەمـوو بەخششـەکانتەوە بەدواداچـوون بکـە بـۆ خۆشویسـتن و خزمەتکردنـی خەڵـک، دڵخـۆش بـە بـە پـەروەردگار، وە پێگەیشـتوو، ژیـر، بەهێـز، بێفیـز و ڕاسـتگۆ بـە. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ژنێکـی گـەورە و پێگەیشـتوو و دانـا بـە. لـە ڕێگاکـە دەرمەچـوو بـۆ ئـەوەی پەیوەندییەکان ڕووبـدەن، بـەڵام ئەگـەر پیاوێکـی شایسـتە بـە تـۆ گرنگیـدان نیشـان بـدات، لەگەڵیـدا بـەردەوام بـە -بـە هەمـوو پاکییەکـەوە- هەتـا ڕوون دەبێتـەوە کـە هەسـتێک هەیـە یـان نییـە کـە ئـارەزوو یـان هەسـتکردن هەیـە بـە بانگـەواز بـۆ بەسـەربردنی ژیانـت لەگەڵیـدا، لـە پەیوەندییەکی سـۆزداری گەشەسـەندوودا بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە.»[a]

هاوسەرەکەم چێژ لە سێکس نابینێت

کەمـی چێـژ لـە سـێکس -ئـەم ئاڵنگارییـە «تـەواو بـاو»ە تووشـی ئـەو هاوسـەرانە دەبێـت کـە «بـە دەگمـەن هەمـان ئاسـتی ئـارەزوو و خولیـای پەیوەنـدی سێکسـییان هەیـە،» لەوانـە

a ئەڵقـەی ١٣٩٣: «هەسـت بـە هیـچ سەرنجڕاکێشـیەکی سێکسـی ناکـەم -ئایـا هێشـتا پێویسـتە بەردەوامـی بـە هاوسـەرگیری بـدەم؟» (١١ی تشرینـی دووەمـی ٢٠١٩).

«دووبارەبوونـەوە، شـوێن، کات، شـێوازەکان، تایبەتمەنـدی، جۆرەکانـی دەسـت لێـدان.» بـە سـادەیی، «هیـچ ژن و مێردێـک ئاسـتی ئاسـوودەیی یەکسـانیان نییـە لەگـەڵ هەمـوو ئـەم گۆڕاوانـەدا.» کەواتـە ئـەم ئاڵنگاریـیە «بـە شـێوەیەکی بنەڕەتـی بـۆ هەمـوو ژن و مێردێـک بـاو و ئاسـاییە: چـۆن لـە ڕووی سێکسـییەوە بژیـن لـە کاتێکـدا زۆرجـار ئـارەزووەکان لـە هەمـوو ئـەم بوارانـەدا جیاوازییەکـی بەرچاویـان هەیـە -یـان لانیکـەم لـە هەندێکیانـدا.»

ژیانـی سێکسـیمان ناگاتـە ئاسـتی داڕشـتنی خـودا. «خـودا وایکـردووە پەیوەنـدی سێکسـی لـە هاوسـەرگیریدا بـە قوواڵـی دوولایەنـە بێـت؛ هەریەکەیـان دەبەخشـن، هەریەکەیـان وەریدەگرن، هەریەکەیـان هەسـت بـە کردەوەکـە دەکـەن، وەک تەواوکردنـی یەکێتییەکـی ڕۆحـی و کەسـی فراوانـتر و قوواڵـتر، کـە سـێکس تەنهـا یەکێکـە لـە پایـە سـەرەکیەکەی، بـەاڵم پایەیەکـی گرنگـە.» نەبوونـی ئـەم چێـژە هاوبەشـە لـە هـەر هاوسـەرگیرییەکدا دەبێتـە هـۆی «ناڕەحەتـی و دڵتەنگـی».

دەقـی سـەرەکی بریتییـە لـە یەکـەم کۆرنسـۆس ۷: ۳-۵، کـە لـە چوارچێـوەی پەیوەنـدی سـۆزداریدا دانـراوە. هاوسـەران داوایـان لـێ دەکرێـت جەسـتەیان هاوبـەش بکـەن. لـە کتێبـی پیـرۆز هاتـووە: ئـەی ژن، پابەنـد بـە بـە ئـارەزووی مێردەکـەت، هەروەهـا (ئـەی مێـرد، پابەنـد بـە بـە ئـارەزووی ژنەکەتـەوە). مێـرد دەتوانێـت ئـەوەی پێـی خۆشـە بیـکات؛ ژنەکـە دەتوانێـت ئـەوەی پێـی خۆشـە بیـکات. کەواتـە کاتێـک ئـارەزووەکان جیـاوازن چـی بکرێـت؟ - پێموانییـە لێـرەدا پۆڵـس هەڵـەی کردبێـت. نەخێـر، «ئـەو بـە تـەواوی دەیزانـی چـی دەکات» لـە «مامەڵەکـردن لەگـەڵ یەکێـک لـە قوواڵتریـن و ئاڵۆزتریـن ساتەکانی سـۆزداری لـە ژیانـی مرۆڤدا. کـە بـەو واتایەیـە هـەر شـێوەیەکی سـادە -بـۆ ئـەوەی کـێ دەگاتـە ئـەوەی چـی بـکات و کـەی و لـە کـوێ و چـۆن- لەگـەڵ واقیعـدا ناگونجێـت.» ئـەم شـێوەیە دەبێتـە هـۆی «چەقبەسـتنێکی تـەواو.» واتـا ئـەوەی لەسـەر تەختـی هاوسـەرگیری ڕووەدات دەبێـت ڕۆمـا ۱۲: ۱۰ بـەدی بهێنێـت: «لـە خۆتـان زیاتـر ڕێـز لـە یەکـتری بگـرن» پێشـبڕکێیەکە لـە خۆبەخشـین. «ژن دەیەوێـت ڕێـز لـە مێردەکـەی بگرێـت بـە پێدانـی ئـەوەی کـە پیاوەکـەی ئـارەزووی دەکات. ئـەم بنەمایـە ڕێگـری لـە چەقبەسـتنی تـەواو دەکات، بەهـۆی یەکـەم کۆرنسـۆس ۷: ۳-۵.

بـۆ ژنـە بـێ ئارەزووەکـە: «ئەمشـەو بـەس لەبـەر پابەندبـوون بـۆ ئـارەزووی هاوسـەرەکەت مەڵـێ بەڵـێ، پاشـان بـە نیـو دەرزەن ڕێگـەی پەیوەندیکردنـەوە بڵێیـت، "خۆزگـە لێـرە نەبوومایـە."» دڵخـۆش بـە چونکـە دەتوانیـت دڵخۆشـی بکەیـت،» بـۆ شـتێک کـە «تەنهـا دەتوانێـت لەتـۆی داوا بـکات،» بـە هەمـوو «ڕووتـی، هەسـتەوەری، جەسـتەیی، پەرۆشـی زۆرەوە، کـەوا لـە هـەر چوارچێوەیەکـی دیکـەی نمایشـکردندا شـەرمەزاریە.» کەواتـە «ژنێکـی پێگەیشـتوو، گەشـەکردوو، میهرەبـان ئەگـەر چێژێکـی جەسـتەیی لـە پەیوەندییـە سێکسـییەکاندا

نەدۆزێتەوە، دەتوانێت چێژێکی زۆر لە پەیوەندییە جەستەییەکە وەربگرێت، بەهۆی ئەو شێوازەی کە خودا بۆی داناوە.»

بۆ مێردەکە: «چاوەڕوانی خراپترین گریمانەی لێ مەکە. وای دابنێ تەنانەت بەبێ ئارەزووی سێکسیش، ئارەزووی باشی دیکەی هەیە بۆ دڵخۆشکردنی تۆ، وە ئەمە جۆرێکە لە خۆشەویستی کە تۆ دەتوانیت وەریبگریت و چێژی لێ وەربگریت. بەڵێ، خۆزگە ئەو کچە زیاتر هەوەسی هەبووایە، زیاتر ئامادە بووایە، زیاتر تێکەڵ بێت. بەڵی، وا بکە، ئەوە شتێکی ئاساییە. وە ئەمە شتێکی باشە.»[a]

دوو ڕەهەندی پۆڵس بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ژووری نووستن

هەرچەندە تازە باسمان کرد (لە سەرەوە)، و جارێکی دیکە (دواتر)، بەڵام ڕەنگە شایانی ئەوە بێت کە ئەم دوو دەقەیە جیابکرێتەوە کە پاییەر دەیخاتە ناو نزیکەی هەموو ناکۆکییەکی ژووری نووستنی هاوسەرگیرییەوە. یەکێکیان دەگاتە بنبەست (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٤). ئەوەی دیکەیان بنبەستەکە تێکدەشکێنێت (ڕۆما ١٢: ١٠).

هەر «لێکۆڵەرەوەیەکی لۆژیکی» کە لە یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٤ قسەکانی پۆڵس دەخوێنێتەوە سەبارەت بە سێکس، دەبینێت کە هۆکارەکانی بە «بنبەستی تەواو» کۆتایی دێت.[b] لە ڕووکەشدا، «یاسا»ی پۆڵس بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ژووری نووستن هیچ شتێک چارەسەر ناکات. مێرد هەرچی بیەوێت دەتوانێت بیکات. ژن هەرچی بیەوێت دەتوانێت بیکات. پۆڵس سەرنج دەخاتە سەر خواستەکان.[c] «ژن بڕیارەکان دەدات. هەروەها پیاویش بڕیارەکان دەدات.» کەواتە کاتێک ناکۆکن چی ڕوودەدات؟ ئایا پۆڵس بە دروستکردنی یەکسانی ئەمەی تێکدا؟ نەخێر، «ئەو بە تەواوی دەیزانی چی دەکات» لە مامەڵەکردنی وردی «لەگەڵ یەکێک لە قوڵترین و ئاڵۆزترین ساتەکانی سۆزداری لە ژیانی مرۆڤدا.» یەک «شێوازێکی سادە» ئاڵنگارییەکان چارەسەر ناکات.[d] سەرەتا لە «بنبەستێکی تەواو» دەچێت، چونکە لە هاوسەرگیریدا هیچ ناکۆکییەکی سێکسی ناتوانرێت «بە دەسەڵات» چارەسەر بکرێت. ژن و مێرد قسەی یەکسانیان هەیە. ئەمە «یەکسانبوونە.» لە «بنەمای خۆشەویستی»ی پۆڵسدا دەبێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدۆزرێتەوە (ڕۆما ١٢: ١٠).[e] ناکۆکی ژووری نوستن بە قوربانی بەخۆدان و خۆشەویستی و ڕێزگرتن چارەسەر

---

a ئەڵقەی ٥١٧: «هاوسەرەکەم چێژ لە سێکس نابینێت» (٢٣ی کانونی دووەمی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ٧٦٠: «بۆچی لێکچواندنەکانی عیسا و بووکەکەی شەرمەزارمان دەکەن» (٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ١٥٨٢: «ئایا قیدیۆی بەدڕەوشتی هاوسەرگیری داهاتووی منی شێواندووە؟» (١ی شوباتی ٢٠٢١).

d ئەڵقەی ٥١٧: «هاوسەرەکەم چێژ لە سێکس نابینێت» (٢٣ی کانونی دووەمی ٢٠١٥).

e ئەڵقەی ١٦٦٢: «ئایا سێکس لە کاتی سوڕی مانگانەدا گوناهە؟» (٦ی ئابی ٢٠٢١).

دەکرێت. ئەم دەقانە پێکەوە کۆبکەوە (ڕۆما ١٢: ١٠؛ یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٤) بۆ ئەوەی ڕوانگەی پۆڵس بدۆزیتەوە. «هەریەک لە ئێوە هەوڵ دەدەن گەورەترین چێژی سێکسی خۆتان لە گەورەترین چێژی سێکسی هاوسەرەکەتاندا بدۆزنەوە.»[a]

چۆن لە ڕووی جەستەییەوە سەرنجڕاکێش بمێنمەوە بۆ هاوسەرە بەساڵاچووەکەم؟

سەرەتا، «ئێمە لە کەلتوورێکی شێتی سێکسدا دەژین. چەمکەکانی جوانی زیادەڕەوی و شێواوی و دەستکرد و پچڕاون لە ڕاستی جوانی ناخی ڕاستەقینەدا. هەر کەسێک تەماشای تەلەفزیۆن یان فیلم بکات، بە دڵنیاییەوە لە سەردەمی ئێمەدا تێڕوانینێکی شێواوی بۆ دروست دەبێت سەبارەت بە جوانی و سێکس.» سێکس «بە شێوەیەکی بەرفراوان زیادەڕەوی تێدا دەکرێت» چونکە تەنانەت «لە جەستەشماندا دەنگی ئارەزووی سێکسی زۆر بەرزە.» کەلتوورەکە «ژووریکی دەنگدانەوەی بەردەوام دروست دەکات کە ئەو دەنگە بەرزە هێندە گەورەیە بە کردەوە دەنگی دیکە دەخنکێنێت، دەنگە نایابەکانی دیکە کە زۆر گرنگتر، بەهادارتر، بەردەوامتر و بنەڕەتیترن لە دەنگی ئارەزووی سێکسی، بۆ مرۆڤایەتیمان و شکۆمەندی خودا.»

لەبەرامبەردا، «عیسای مەسیح پڕترین، دەوڵەمەندترین، قووڵترین، تەواوترین مرۆڤ بووە کە هەتا ئێستا بوونی هەبووە، هەرگیز پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسدا نەبووە. هەندێک ڕەهەندی دیکەی سروشتی ئێمە هەیە کە بێ سنوور بەهادارتر و چارەنووسسازترن بۆ مرۆڤایەتیمان لە هێزی پاڵنەرە سێکسییەکان، کە دەنگەکانی دیکە بێدەنگ دەکەن و فریومان دەدەن بۆ ئەوەی وا بیر بکەینەوە کە ئەم پاڵنەرە دەبێت تێر بکرێت.» بە دەربڕینێکی دیکە، «پیاوان و ژنانی هاوسەردەممان، ڕوانگەیەکی شێواو و فریودەر و نەگونجاویان لەبارەی سێکس وەرگرتووە» کە بەدرێژایی ساڵان کاریگەرییان لەسەر هاوسەرگیری هەیە.

کتێبی پیرۆز دەڵێت، بە ژنی تەمەنی گەنجییەتیت دڵخۆش بە (پەندەکان ٥: ١٨-٢٠). وە ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە «ئارەزوی سێکسی شتێکی باشە. خودا دروستی کردووە. بەشێکە لە پەیمانی هاوسەرگیری. لەم شوێنەی مۆرکراو لەلایەن خوداوە، دەتواندرێت بە تەواوی چێژی لێ وەربگیردرێت بۆ شکۆمەندی ئەو.» بەڵام کتێبی پیرۆز هەروەها دەڵێت، لە تەمەنی پیری بە ژنەکەت دڵخۆش بە (مەلاخی ٢: ١٣-١٤). لەم دەقەدا، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، «ئەم پیاوانە دەیانگوت، ژنێکی دیکە دەهێنین -گەنجتر، پێستی باشتر، مەمکی باشتر، قاچی باشتر، ئارەزووی زیاتر.» خودا ڕقی لەم شتە دەبێتەوە. ئەمە خراپە، چونکە (١)

a ئەڵقەی ١٥٨٢: «ئایا ڤیدیۆی بەدڕەوشتی هاوسەرگیری داهاتووی منی شێواندووە؟» (١ی شوباتی ٢٠٢١).

ژنەکەت هاوڕێتە، (٢) ژنەکەت هاوبەشی پەیمانەکەتە، وە (٣) خودا شایەتی پەیمانەکەتە. ئەم سێ هۆکارە هەڵگری «لەگەڵ پیربوونمان پێکەوە کاریگەری بەهێز و جوانیان هەیە بۆ سۆز و سەرنجڕاکێشان، ئەگەر ئەو ڕاستییانە وەک پێویست لەناوماندا بچەسپێن.»

تەمەنی گەنجی و پیری هەڵگری شکۆمەندی خۆیانن (پەندەکان ٢٠: ٢٩). بەڵام لەگەڵ تەمەنی پیربووندا، ئێمە زیاتر و زیاتر جەخت لەسەر شکۆمەندی ڕاستەقینەی جوانی ناخ دەکەینەوە (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٦-١٨). «سەرنجمان لەسەر بەفیڕۆدانی جوانی و هێزی دەرەوەمان نییە. بەڵکو لەسەر ئەوەیە نابیندرێت.» ئەمەش دەگونجێت بۆ شکۆمەندی ئێستای ژنەکەت (لە ناوەوە) وە شکۆمەندی داهاتووی (لە دەرەوە). دەبێتە شاژنی ئاسمان! لەم ژیانەدا، جوانی دەرەکی لەناو دەچێت؛ جوانی ناخ لەناو ناچێت (یەکەم پەترۆس ٣: ٣-٤). جیهان ئەمە پێچەوانە دەکاتەوە. بەڵام «ئەگەر ژنان بیانەوێت جوانی ناخ لە پێشینەی جوانی دەرەکی بێت، ئەوا ئێمەی پیاوان، ئێمەی مێردەکان، دەبێت لە تواناکانماندا گەشە بکەین بۆ بینینی ئەم جوانییەی ناخ و پێزانینی و کاریگەربوون پێی -کاریگەرییەکی قووڵ، کاریگەرییەکی جەستەیی- وە من هیچ سنووڕێکم دانەناوە بۆ ئەوەی ئەو سۆز و ئارەزووانە چۆن بن.» جوانییە ناوەکییە هەستپێکراوەکان دەکرێت ببنە وروژێنەری جەستەیی.

«کەواتە، لە دەمی ئەم کەسە پیرە، ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەم هاوڕێیەم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان زۆر جوان بووە، کە ئێستا شکۆدارە، ئەم وشانە دێنە دەرەوە: "تۆم خۆشدەوێت. تۆ گەنجینەی منیت، تاجی سەری منیت، هاوڕێی ژیانمیت. من تۆ بە بەهادار دەزانم. من چاو و دڵێکم بۆ هیچ کەسێکی دیکەی جگە لە تۆ نییە، گەنج یان پیر بیت. لەنێو هەموو ژنەکانی دونیا تۆم هەڵبژارد. ئێستاش تۆ هەڵدەبژێرم. تۆم دەوێت. تۆ لەلای من بەهاداری. من دەمەوێت لەگەڵ تۆ بم، لە نزیک تۆ بمێنمەوە، دەمەوێت دەستت لێبدەم و لە باوەشت بگرم. تۆ دڵخۆشم دەکەیت. خودا زۆر زۆر باش بووە لەگەڵم کە دەتوانم بە تۆ بڵێم هی خۆمیت." ئەگەر ئەم قسانە لە دڵەوە بێت، پێموانییە ژنێک بیەوێت لەمە زیاتر لەبارەی جوانی ڕوخسارییەوە قسە بکەیت.»[a]

لەگەڵ پیربوونی جەستەم، چۆن کێبڕکێ لەگەڵ ژنانی دیکە بکەم بۆ چاوی هاوسەرەکەم؟

پرسیارەکە لە ژنێکی بەسالاچووەوە هات کە لە تەمەنی حەفتاکان بوو، ژنێک کە سەرنجی داوە مێردەکەی لە کاتی بازارکردندا سەرنجی جەستەی ژنی گەنجتر دەدات. نەک هەر تەنها تەماشاکردنێک. کەواتە پێویستە چی بکرێت؟

بۆ مێردەکە: عیسا فەرمووی، ئەگەر چاوت یان دەستت تووشی گوناهیان کردیت، ببڕە

a ئەڵقەی ١٣٩٦: «چۆن سەرنجڕاکێش بمێنمەوە بۆ هاوسەرە بەسالاچووەکەم؟» (١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩).

و فرێبـده (مەتـا ٥: ٢٩-٣٠). «هـەروەک پیاوێـک لـە خانـەی بەسـاڵاچووان کـە دەسـتی درێـژ دەکات و دەسـت لـە دواوەی پەرستارێک دەدات، ئـەی پیـاو، ئـارەزووی جەسـتەی ژنێکـی دیکـە بکـوژە -جـا ئەگـەر تەماشـاکردن بێـت یـان دەسـت لێـدان.» بیکـوژە. ئەگینـا دەتکوژێـت. ئەمـە هەڵسـوکەوتێکی ناپێگەیشـتووە. «ئـەی پیاوەکـە، تـۆ هێنـدە پیـر بوویـت، بزانیـت کـە چێژێکـی قوولّـتر، فراوانـتر، درێژخایەنـتر، گەورەتـر هەیـە لـە دەسـتلێدان لـە پێسـتی ژنێـک (زەبـووری ١٦: ١١)، وازی لـێ بهێنـە، ئەمـە کارێکـی هەرزەکارانەیـە، ئاژەڵانەیـە، پیاوێکـی حەفتاسـاڵان لـە کاتـی وەک سـەگێکی بـەر گەرمـا مامەڵـە دەکات. نـەک تەنهـا گەمژەییـە، بەڵکـو هەروەها کارەسـاتبارە.»

لـە بەرامبـەردا، پیاوێکـی دانـای بەسـاڵداچوو ڕێـز لـە ژنەکـەی دەگرێـت و دەڵێـت: «ئەمـە ژنـی منـە -پێسـتی چـرچ و پەڵـە، قـژی خۆڵەمێشـی (مـاش و برنـج)، دەموچـاوی چـرچ و لـۆچ، کەمبوونـەوەی ئـارەزووی سێکسـی یـان نەمانـی. ئەمـە ژنـی منـە، گەنجینـەی منـە، گەوهـەری منـە، دیاریـیەکـەی منـە لـە ئاسـمانەوە، پەیمانەکـەی منـە، جەسـتەی سـۆزداری منـە، جەسـتەمە، خۆمـم. دڵسـۆز بـم بـۆی بـە چـاو و دەسـتەکانم، ئەمـە ڕەزامەندییەکـی قوولّـتر، بەرزتـر و شـیرینترە لـە سـەرنجدان یـان دەسـت لێدانێکـی هـەر ژنێکـی دیکـەی جیهـان.

بـۆ ئـەو ژنـەی کـە پرسـیارەکەی نـاردووە: (١) کاتێـک بـە تەنهـا کاتـت لەگەڵیـدا هەیـە، لەگـەڵ هاوسـەرەکەت باسـی ڕووداوی بازاڕەکـە بکـە و چـۆن وای لێکردیـت «کەمـتر هەسـت بکەیـت بـە خۆشەویسـتی و بەهـات لـەلای ئـەو.» (٢) بزانـە چاوبـازی مێـرد لـە تەمەنـی پیریـدا «مەحـاڵ نییـە.» -نەخێـر، پیـاو دەتوانێـت پێگەیشـتوو بێـت و ژنەکـەی خۆشـبوێت بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە ژنەکـەی بـووە، وە هەیـە و دەبێـت، لەوانـەش یادەوەرییـە خۆشـەکانی تەمەنـی گەنجـی و چێـژە قوولّەکانـی دڵسـۆزی ئێسـتا و بەئەزموونـی. ئەگـەر پیاوێـک پێداگـری لەسـەر ئـەوە بـکات کـە لـە تەمەنـی حەفتـا سـاڵیدا ژنبـاز بێـت، پێویسـتە بزانێـت کـە ڕۆڵـی منداڵێـک دەگێڕێـت نـەک پیـاو. وە پێویسـتە شـەرم بـکات.» (٣) لەسـەر ئەمـە مەمێننـەوە و بـا شـەیتان «تـۆوی بـێ متمانەیـی و تووڕەیـی نەچێنێـت.» (٤) دڵخۆشـبوون بـە خـودا. «ئـەو دڵخۆشـە بـە جوانـی بـاوەڕی ناخـت و چاونەترسـی و سـاکاری و ئارامـت، خـوداش خـۆی بـە دەبەخشـێت لەپێنـاو یـاوەری و چێژوەرگرتنـت. ئـەو لەگەڵتـە و هەرگیـز وازت لێناهێنێـت (دواوتـار ٣١: ٦؛ ئیشـایا ٤١: ١٠؛ عیبرانییـەکان ١٣: ٥). دەتوانێـت بـۆ هەمیشـە تێـرت بـکات (زەبـووری ١٦: ١١). (٥) «هەمـوو ڕۆژێـک هەتـا دەتوانیـت مێردەکـەت دڵخـۆش بکـە،» وە بزانـە کـە ئـەوەی تـۆ دەیکەیـت، «خزمەتـی مێـردە ئاسـمانییەکەت دەکەیـت کـە شایسـتەی هەمـوو ڕێزێکـە، تەنانـەت لـە کاتێکـدا کـە مێـردە زەمینیەکـەت، ڕەنگـە لـە هیـچ کاتێـک شایسـتە نەبێـت.»[a]

a ئەڵقـەی ٤١٢: «مێردەکەمـم گـرت کـە چـاوی لـە ژنێکـی دیکـە بـوو» (٢١ی ئابـی ٢٠١٤). «ئایەتێکـی دڵخـوازی مـن لـە زەبـووری ١٦: ١١» ئەڵقـەی ٥٤٥: «دۆزینـەوەی بوێـری بـۆ مەسـیحی بـوون» [٤ی ئـازاری ٢٠١٥]

ئایا سێکسی دەم ئاساییە؟

ئەم پرسیارەی سەبارەت بە سێکسی دەم بووە بەناوبانگترین ئەڵقەی بەرنامەکەمان (کەوا ئێستا لە سێ ملیۆن تەماشاکردن نزیکبۆتەوە). پرسیارێکی هەستیاری لەو شێوەیە دەبێت بە «زمانێکی ڕەوشتبەرزی، نەک بە قسەی توند یان بریندارکەر» مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەڵام پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە «مایەی نیگەرانییەکی ڕاستەقینە»یە و «خەڵکی ڕێنمایی کتێبی پیرۆزییان دەوێت. بۆیە لێرەدا هەوڵەکانی من بۆ پوختکردنەوەی دانایی کتێبی پیرۆزی هاتووە.»

دەکرێت ئەم دانایە بە وەڵامدانەوەی چوار پرسیار بدۆزرێتەوە.

١. ئایا قەدەغەیە؟ نەخێر، سێکسی دەم بەپێی کتێبی پیرۆز قەدەغە نییە.

٢. ئایا ناسروشتییە یان نەگونجاوە؟ ئەم وەڵامە کەمتر ڕوونە. «ئەندامی زاوزێی نێر و مێ تەواو بە ڕوونی بۆ یەکتر دروستکراون، کە گونجاوییەکی سروشتی و جوانی تێدایە.» کەواتە، لەگەڵ سێکسی دەم، ڕەنگە «بگەینە ئەو ئەنجامە»ی کە ئەمە ناسروشتییە. «بەڵام من هێواش دەمەوە بەهۆی ئەوەی سیپارەی پەندەکان و گۆرانی گۆرانیەکان لەسەر مەمکی ژن دەیڵێن.» مەمک ئەرکێکی هەیە، ئەویش خۆڕاکدانی کۆرپەیە. «کەواتە ئایا لە ڕووی جەستەییەوە شتێکی سروشتی هەیە لە سەرسامی مێرد بە مەمکی ژنەکەی؟ باشە ڕەنگە بڵێیت نەخێر، مەمک بۆ ئەوە نییە.» بەڵام کتێبی پیرۆز پێچەوانەکەی دەڵێت. سەرنجی مێرد ڕادەکێشن (پەندەکان ٥: ١٩؛ گۆرانی گۆرانییەکان ٧: ٧-٨). کەواتە «هەرچەندە پەیوەندییەکی تۆکاری زۆر کەم هەیە لە نێوان دەستەکانی پیاو، یان لێوەکانی، و مەمکی ژنەکەی، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێدەچێت لە ڕوانگەیەکی دیکەوە "سروشتی" بێت -ئەویش، چێژ و ئارەزووی فیترەتە، کە پێدەچێت خودا، بە وشەی خۆی، هاڤمان بدات بۆ چێژوەرگرتن لە ژیانی هاوسەرگیریمان.» ئەمەش بۆ گۆڕاوەکانی دیکە لە سێکسدا دەگونجێت. «بۆیە گومانم هەیە کە سنوورێک بۆ ژن و مێردێک دابنێین لەسەر بنەمای ئەو بانگەشەیەی کە ئەمە ناسروشتییە، بەڵام لێرەدا من دێمە سەر ئەو ڕایەی کە ئەمە سروشتییە.»

٣. ئایا ناتەندروستە یان زیانبەخشە؟ ڕەنگە. لە بوونی نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان، بەڵێ، دەکرێت وا بێت، بۆیە «ئەو ژن و مێردە پێویستە زۆر ڕاستگۆ و خەمخۆر بن، ئەمەش بە مەترسی نەکردنی ئەوەی کە لە خۆشەویستی نییە.»

٤. ئایا تۆند و تیژییە؟ ئەم پرسیارەی چوارەم ئەو پرسیارەیە کە «زۆر هەستیار و کاریگەرە.» ئەگەر فشار لە هاوسەرەکەت بکەیت بۆ سێکسی دەم و کاتێک «ئەو چ ژن و چ پیاو بە ناخۆشی بزانێت،» ئەوا تۆ توند و تیژیت و ئەمەش گوناهە

(ئەفەسۆس ٤: ٣٢). لە چوارچێوەی سێکسدا، ژن دەسەڵاتی بەسەر جەستەی خۆیدا نییە، هەروەها مێرد دەسەڵاتی بەسەر جەستەی خۆیدا نییە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٤). بە شێوەیەکی کردەیی ئەمە بەو واتایەیە کە «هەریەک لە ژن و مێرد مافی ئەوەیان هەیە بە ئەوی دیکە بڵێن، "پێم خۆشە [.....]." وە هەردووکیان مافی خۆیانە بڵێن: "من پێم باش نییە [.....]."» ئەمە بەربەستە. تەنها هاوسەرگیرییەکی جوان و بەگوێرەی کتێبی پیرۆزی دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بە هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی یەکتر لە خۆشەویستیدا (ڕۆما ١٢: ١٠).[a]

ئایا ڕۆڵگێڕان لە ژووری نووستندا ئاساییە؟

پێنج هۆشداری لەبەرچاو بگرە.

١. چێژە گوناهبار و خەیاڵکردنەکان خراپن. ئەگەر ئەوەی ئارەزووی دەکەیت ڕۆڵی تێدا بگێڕیت گوناە بێت، ئەوا ئەو ئارەزووە گوناهە. عیسا ئەمە ڕوون دەکاتەوە (مەتا ٥: ٢٧-٢٩). پێوانەیەکی پیرۆزی دادەنێت بۆ هەریەک لە «کردەوەی جەستەیی» و بۆ «چێژی ئەقڵی.» کەواتە بۆ نموونە، بۆ ئەوەی ژن و مێردێک ڕازی بن و وا خۆیان نیشان بدەن کە بە خەیاڵ داوێنپیسی ئەنجام دەدەن، گوناهە چونکە «ڕۆڵگێڕانی گوناە، گوناهە.»

٢. ئەو چێژە خەیاڵییانەی کە لە هاوسەرێکی نائامادە چاوەڕوان دەکرێت، مامەڵەی خراپە (ڕۆما ١٢:١٠؛ یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٩-٢٠؛ فیلیپی ٢: ٣). ئەوە «شکستهێنانە لە ڕێزگرتن، شکستهێنان لە هەژماردی ئەوەی کەسەکەی دیکە گرنگە، شکستهێنان لە شکۆمەندکردنی خودا بە جەستەت، وە شکستهێنان لە نیشاندانی ئەوەی کە تۆ هی خۆت نیت، بەڵکو بە نرخێک کردراویت، هی عیسایت.»

٣. چێژە گوناهبار و خەیاڵییەکان کۆیلایەتییە (پەندەکان ٩: ١٦-١٧؛ ڕۆما ٧: ٧-٨). «لە ژووری هاوسەرایەتی، هەتا ئەو ڕادەیەی کە بەدوای هەندێک کردەوەدا دەگەڕێیت بۆ وروژاندن، چونکە نایاساییە، ئەوا تۆ لە کۆیلایەتییەکی گەمژەییدایت بۆ پاڵنەرێکی گوناهبارانە.»

٤. چێژە گوناهبار و خەیاڵییەکان شکستی ئامانجن. «حەزی سێکسی زۆر بەهێز دەبێت کاتێک ئامانجی گەورە لە ژیانمان لەدەست بدەین.» ژیانمان بریتییە لە بینینی شکۆمەندی مەسیح (دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨). «پێویستمان بە دیدێکی گەورە، جوان، شکۆمەند، زاڵ و مەزن هەیە بۆ خودا و خواستی ئەو لە ژیانماندا هەیە، کە سێکس لە شوێنی چێژبەخش و بچووکیدا بمێنێتەوە.»

---

a ئەڵقەی ٤٠٠: «ئایا سێکسی دەم ئاساییە؟» (٥ی ئابی ٢٠١٤).

٥. چێژە خەیاڵییەکان شکست دەهێنن. بە تایبەتی بۆ پیاوان، «ئەگەر تۆ هیوای ئەوەت هەبێت بۆ پەنجا ساڵی داهاتوو پەیوەندییەکی سێکسی وروژێنەر و دڵخۆشکەر و شادی بەخش بە یەکترت لەگەڵ هاوسەرەکەتدا هەبێت، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیت نابێت بە داواکردن یان چاوەڕوانی سەرکێشی نامۆ، بەڵکو بە تەرخانکردنی لەسەدا ٩٩ی هەوڵەکانت بۆ خۆشویستنی ژنەکەت بە باشی لە دەرەوەی ژووری نووستنە، بۆ ئەوەی تۆ وەک کەسێکی ببینێت کە بەڕاستی ئارەزووی دەکات.» لەم جیهانەدا شکستی زۆر هەیە بە شێوەیەک ناتوانین بەڵێنی بەهەشتی ژووری نووستن بدەیت، تەنانەت بۆ هاوسەرە مەسیحییە خودایەرستەکانیش. «بەڵام بەڵێنتان پێدەدەم، لە ڕێگای چەوتی ڕۆڵگێڕان پەنجا ساڵ چێژدان بە یەکتر نادۆزنەوە.»[a]

بە هەمان شێوە، «داوێنپیسییە» بۆ پیاو کاتێک لەگەڵ هاوسەرەکەی لەناو جێگادایە کە لە مێشکیدا خەیاڵ بکات سەبارەت بە ژنانی دیکە.[b]

ئایا هێشتا سێکسکردن لە کاتی سۆڕی مانگانەدا قەدەغەیە؟

سێکسکردن لە کاتی سۆڕی مانگانەدا بەپێی شەریعەت قەدەغە کرابوو (لێڤییەکان ١٨: ١٩-٣٠؛ ٢٠: ١٠-٢١)، وە بە شێوەیەکی گشتگیر قەدەغە کرابوو، چونکە ئەم کارە دەبووە هۆکاری تەنانەت دەرکردنی ئەو گەلانەش کە جوو نین لە خاکەکانیان (لێڤییەکان ١٨: ٢٤؛ ٢٠: ٢٢-٢٣). ئایا بۆ هاوسەرە مەسیحییەکان قەدەغەیە؟

چەندین ڕێنمایی یارمەتیدەر هەن بۆ دیاریکردنی ئەوەی کام لە شەریعەتەکانی پەیمانی کۆن لە مەسیحدا جێبەجێ دەکرێن و کامەیان بە ئاستی جیاواز پەیوەندی بە ڕەوشتی ئەمڕۆ هەیە. بەڵام لەم حاڵەتەدا، هیچ فەرمانێکی پابەند نییە لە دژی سێکس لە کاتی سۆڕی مانگانەدا بۆ هاوسەرە مەسیحییەکان. بەبێ ئەم «قەدەغەکردنە ڕەهایە،» ئێستا چی ڕێنمایی بڕیارەکە دەکات؟

بیر بکەوە لە دوو ڕەگ و ڕیشەی قەدەغەکردن لە پەیمانی کۆندا.

یەکەم: سۆڕی مانگانە لە پەیمانی کۆن ژنی گڵاو دەکرد (لێڤییەکان ١٨: ١٩) وە ئەگەری هەیە مێردەکەشی گڵاو بێت (لێڤییەکان ٢٠: ١٨). ئەمە «پیسی گوناهباری» نەبوو، چونکە پێویستی بە هیچ قوربانییەک نەبوو، تەنها شۆردن نەبێت (لێڤییەکان ١٥: ١٩-٢٤).

---

a ئەڵقەی ١٦٨٤: «ئایا هاوسەرەکان دەبێت ڕۆڵگێڕانیان لە ژووری نووستندا هەبێت؟» (٢٧ی ئەیلوولی ٢٠٢١).
b ئەڵقەی ١٤٩: «مێردەکەم دیمەنی وروژێنەری لەلا ئاساییە -من ڕقم لێیەتی» (١٣ی ئابی ٢٠١٣).

هەرچەندە سووڕی مانگانە پرسێکی گوناە نەبوو، بەڵام «بارگرانییەکی گەورە» بوو بۆ ژنانی کۆن، وەک پرسێکی پاکی ڕێوڕەسم و پاکوخاوێنی کۆمەڵگا، وە ئاڵنگارییەک بوو بەبێ ئەوەی جووتبوون کاریگەری تێدا هەبێت.

دووەم: کردەوەی جووتبوون لە کاتی سووڕی مانگانەدا، «پیاوەکە خوێنلێچوونی ئافرەتەکەی ئاشکرا کردووە» (لێقییەکان ٢٠: ١٨). پێدەچێت ئەم ئایەتە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەو ڕاستیە «پیرۆز و قوولّە»ی کە سووڕی مانگانەی ژن «شایەتێکی بەردەوامە» بۆ شکۆمەندییەکەی لە داڕشتنی، بۆ هەڵگرتن و پەروەردەکردنی ژیانێکی نوێ لە سکیدا. تواناکانی ئەو هەموو مانگێک دەردەکەوێت. ژیان لە خوێندایە (لێقییەکان ١٧: ١١). بۆیە ئێمە باس لە کانییەکی پیرۆز دەکەین، «کانییەکی ژیانبەخشە یان لە کاتی ڕژانی خوێنی سووڕی مانگانەدا، بیرخستنەوەیەک هەیە بۆ ئەوەی کە لەم مانگەدا ژیانێک ڕووی نەداوە، هەرچەندە ڕەنگە ڕوویدابێت. ئەو ڕاستیە پیرۆزە و بیرخستنەوەی مانگانە پێویستە پارێزراو بێت و دابپۆشرێت.

کەواتە هاوسەرە مەسیحییەکان چ ڕێبازێک دەگرنەبەر؟ (١) لە نەبوونی قەدەغەکردنێک، ژن و مێرد ڕەنگە بڕیار بدەن بۆ ماوەیەکی کورت خۆیان لە جووتبوون بەدوور بگرن، «نەک لەبەر ئەوەی ناچارن، بەڵکو لەبەر ئەوەی خۆیان بڕیار دەدەن.» (٢) لە نەبوونی قەدەغەکردنێک، ژن و مێردێکی دابەشبوو -کە ئارەزووەکانیان دابەش کراوە- دەبێت لە شێوازی «چەسپاوی تەواو»ی پەیمانی نوێ فێربن (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٤). ژن دەسەڵاتی بەسەر جەستەی خۆیدا نییە. وە مێرد دەسەڵاتی بەسەر جەستەی خۆیدا نییە. «ئەمەش بەو واتایەیە کە مێرد لە کاتی سووڕی مانگانەدا دەسەڵاتی جووتبوونی لەگەڵ ژنەکەی هەیە. وە ژنەکە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لە کاتی سووڕی مانگانەدا لەگەڵ میردەکەی جووتبوون نەکات. ئەمەش واتا ئەم پرسە بە دەسەڵات چارەسەر نابێت. ئەمە بابەتێکی یەکسانبوونە. بە خۆشەویستی چارەسەر دەبێت.» وە بەم شێوەیە، «ئەگەر (ژنەکە یان پیاوەکە) پەیوەندی جووتبوون لە کاتی سووڕی مانگانەدا بە خراپە بزانێت، مەیلی ئەو دەبێتە خۆبەدەستەوەدان و خۆشەویستی قوربانیدەر، وەک ئەوەی مەسیح- لەپێناو هەریەکەیاندا کردی. وە ئەگەر بزانێت ئارەزووی ئەو بۆ ئەم کارە زۆر بەهێزە، ڕەنگە ئەم دیاریەی پێبدات، یان ڕەنگە بە چێژێکی دیکە سەرسامی بکات. بەڵام من بە تایبەتی بە مێردەکان دەڵێم: بەپێی ئەوەی ڕابەرن، پێویستە پێشەنگ بیت لە خۆجڵەوگیری، بەم شێوەیەش بەرەکەتی پێبدەیت و سۆز و خۆشەویستییەکەی بەدەستبهێنیت، کە گومانم نییە لە ماوەی مانگەکەدا پاداشت دەدرێتەوە.»[a]

a ئەڵقەی ١٦٦٢: «ئایا سێکس لە کاتی سووڕی مانگانەدا گوناهە؟» (٦ی ئابی ٢٠٢١).

ئایا سێکس ڕەگی گوناهی سێکسییە؟

گوناهەکەی داود بەرامبەر بە بەتشەبەع لە زۆر ئاستدا پەندێکی ڕوونە. تاوان بوو. داود «دەستدرێژی سێکسی» کردە سەری.[a] تۆمەتێکی گەورە بوو بەڵام لە دەقی کتێبدا ئەستۆپاکی هەیە.[b]

لە زەبوور ٥١ باسی پەشیمانی دواتری و تۆبەی ڕاستگۆی داود دەخوێنینەوە. دەستدرێژی کردبووە سەر بەتشەبەع، ژنێکی هاوسەردار، وە سکپڕی کردبوو، هەوڵی دا بە کوشتنی ئوریای هاوسەری هەمووی دابپۆشێت. بەڵام لە زەبوور ٥١ هەرگیز باسی داوێنپیسی و کوشتن نەکراوە. «لەم زەبوورەدا هیچ وشەیەک لەبارەی سێکسەوە نییە، هیچ وشەیەک لەبارەی کوشتنیشەوە نییە. وە هەموو شتێک لە سێکسەوە دەستپێکردووە؟» سیگمۆند فرۆید پێی وابوو کە هەموو کێشەکانمان ڕەگ و ڕیشەی لە کێشەی سێکسدا هەیە، بەڵام «کتێبی پیرۆز بەو شێوەیە نایبینێت.» بە پێچەوانەی فرۆید، خراپ بەکارهێنانی بەخششێکی جوانی خودایە کە بریتییە لە سێکس، «نیشانەی نەخۆشییەکەیە نەک خودی نەخۆشییەکە.»

بۆیە داود لە خودا دەپارێتەوە و دەڵێت: «شادی ڕزگاریی خۆتم پێ بدەوە» (زەبووری ٥١: ١٢). ئەمە «پرسە سەرەکییەکەیەتی» چونکە «کاتێک ئەو خۆشییە کاڵ دەبێتەوە، من کلیک لەسەر بابەتی بەدڕەوشتی دەکەم. کاتێک ئەو خۆشییە کاڵ دەبێتەوە، دەست دەکەم بە گەڕان لە گەڕەکدا. کاتێک ئەو خۆشییە کاڵ دەبێتەوە، هەست بە هەوەسم دەکەم بۆ ژنێکی دیکە.» کەواتە «هەموو گوناهێکی ڕووکەش نیشانەی نەبوونی» خۆشییە لە خودادا. داود دەزانێت چۆن بە چێژە باڵاکان بەرەنگاریی هەوەس ببێتەوە. «من هیچ کێشەیەکم نییە لەوەی پیاوان و ژنان بە پارێزبەندی لە گوناهی سێکسی دەورە بدەم، لە ڕاستیدا، پێم وایە ئەمە بیرۆکەیەکی زۆر باشە. بەڵام خاڵی سەرەکی نییە. ئەگەر لەم ململانێیەدا بەردەوام بوویت، هەرگیز ناگەیتە ڕەگی کێشەکە. لێرەدا ڕەگی کێشەکە ئەم دڵە نوێبووەوەیە -ئەم چێژ و خۆشییەی کە ئەو ئێسکانەی خودا شکاندوویەتی، بە خۆشی ڕزگاربوونمان چاکی کردۆتەوە.[c]

چۆن ژیانی سێکسیمان تەندروستی ڕۆحمان دەردەخات

لە بەشی یەکەمی نامەی ڕۆما، پۆڵس تێکچوونی سێکسی دەبەستێتەوە بە تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ خودا. وە بە چوار شێوە ئەو کارە دەکات. (١) گوناهباران شکۆمەندی خودا بە بت دەگۆڕنەوە، «هەر لەبەر ئەوە خودا بە هەوەسی دڵیان ئەوانی دایە

a ئەڵقەی ٢٣٤: «موسوڵمانان و مەسیحییەکان لەبەرامبەر سەروەری خودا» (١١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ١٧٣٥: «ئایا بەتشەبەع لەگەڵ داود گوناهی کرد؟» (٢٤ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢).
c ئەڵقەی ٣٩٦: «بۆچی سێکس ڕەگی گوناهی سێکسی نییە» (٣٠ی تەممووزی ٢٠١٤).

دەست گلاوی» (ڕۆما ١: ٢٣-٢٤). (٢) گوناهباران دەدرێنە دەست هەوەسی سێکسی چونکە «ئەوان ڕاستی خودایان بە درۆ گۆڕییەوە و بەدیهێنراویان پەرست و لە جیاتی بەدیهێنەر خزمەتیان کرد» (ڕۆما ١: ٢٤-٢٥). کەواتە «هۆکاری هەوەس و گلاوی و سووکایەتی جەستە، لەئامێزگرتنی درۆیە سەبارەت بە خودا.» ئێمە بە هەڵە پێمان وایە کە «چێژ و خۆشی سێکسی بۆ ئێمە بەهادارترە لە خودا، وە ئاڵوگۆڕمان کردووە بە درۆیەک، خوداش ڕادەستمان دەکات» (٣) گوناهباران خودا بە درۆیەک دەگۆڕنەوە؛ بۆیە خودا وازیان لێدەهێنێت بۆ خولیای سێکسی بێڕێز (ڕۆما ١:٢٥-٢٦). هەتا ئێستا سێ جار گوتوویەتی کە هۆکارەکەی، هۆکاری ئەوەی خودا ئێمە ڕادەستی ئەو سووکایەتییە دەکات کە ئێمە بەو هەستە باشەی دەکەین کە پێی بەخشیوین، ئەوەیە ئێمە ڕاستی و شکۆی ئەومان گۆڕیوەتەوە بە شتەکانی دیکە، هەرچەندە ئەوان باشتر نین.» (٤) «ئەوان نەیاندەویست لە ناسینی خودا بەردەوام بن،» بۆیە «خوداش ئەوانی دایە دەست مێشکی گەندەڵیان، تاکو ئەوە بکەن کە ناشێت.» (ڕۆما ١: ٢٨).

کێشەی سێکسی کێشەی نەزانی نییە. کێشەی سێکسی کێشەی پەسەندکردنی زیاترە -حەزکردن بۆ ژیانێک بەبێ خودا. ناتەواوی سێکسی ڕەگ و ڕیشەی لەم هەڵوێستەدا هەیە: «من تۆم لە مێشکی خۆمدا ناوێت. من تۆم لە دڵی خۆمدا ناوێت. من نامەوێت تۆ لە ژیانمدا بەهاداری باڵا بیت. لە ژیانمدا خودایەکم نابێت کە بەهای باڵای هەبێت. بە سادەیی نامەوێت.» گوناهباران خودایان ناوێت، بۆیە خودا وازیان لێ دەهێنێت بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن کە نابێت بکرێت (ڕۆما ١: ٢٨). بۆیە «ناکرێت ڕوونتر بێت -بەردەوام ڕوونتر.» پرسی ڕەگی شێواندنی سێکسی -«هاوڕەگەزباز و جیاڕەگەزباز»- لەم ئاڵوگۆڕەدان. «ئەی خودایە، من تۆم لێرەدا ناوێت.» وە کاتێک ئەمە لە شوێنی خۆی نابێت، هەموو شتێک دەبێتە هەڵە.[a]

خولیای نوێ ڕێگری لە داوێنپیسی دەکات. خولیای نوێ ڕەفتاری پیرۆزمان بەرەو پێش دەبات. «وە ئەگەر هەوڵ بدەیت بیگۆڕیت، ئەوا چیتر مەسیحت نابێت. من بە هۆکاری باوەڕی یەزدانناسی مەسیحییەکی خۆشحاڵم. من هەوڵ دەدەم لەپێناو سۆز و خۆشەویستی خەڵکی -دڵیان، سۆزیان، هەستەکانیان- چونکە هەموو ڕەفتارەکانمان لەمەوە سەرچاوە دەگرن. ڕەنگە چەند ڕەفتارێک هەبن کە بە هێزی خواستت لە دژی خولیاکەت ئەنجامی دەدەیت. ئەمانە زۆر کەمن. لەسەدا نەوەد و نۆی ئەو کارانەی کە دەیکەیت، «دەم ئەوە دەڵێت کە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت» و بازووت دەجووڵێت و دەژیت (مەتا ١٢: ٣٤). کەواتە هەوڵدان بۆ پیرۆزی سێکسی لە ژیانی هاوسەرگیریدا پەیوەستە بە «هەبوونی خولیای

a ئەڵقەی ٨٧١: «چۆن لە ژیانی سێکسیمان تەندروستی ڕۆحمان دەردەکەوێت» (١ی حوزەیرانی ٢٠١٦).

نـوێ.» بـەم شـێوەیە، نابێـت خۆمـان بگونجێنـین لەگـەڵ خولیـای خـودی پێـش گۆڕاویـمان (یەکـەم پەتـرۆس ١: ١٤).

پەتـرۆس تەنهـا بـە داواکاری پیرۆزیـمان پیـرۆزی و پاکـی بـەرەو پێـش نابـات. بەڵکـو بـە ئاشـکراکردنی شـکۆمەندییەکانی ئینجیـل ئەمـە دەکات (یەکـەم پەتـرۆس ١: ١-١٢). سـەرەتا دەڵێـت: «ئایـا تـۆ ئـەو هیوایـەی کـە هەتـە دەیبینیـت؟ ئایـا میراتەکـە دەبینیـت؟ ئایـا دەبینیـت چـۆن لەنـاو ناچێـت و گڵاو نابێـت؟ ئایـا دەبینیـت کـە چـۆن خـودا بۆتـی دەپارێزێـت؟ ئایـا دەبینیـت چـۆن دەتخاتـە سـەر ئاگـر بـۆ ئـەوەی شـکۆ و سـتایش و ڕێـز بەدەسـتبهێنیت؟ ئایـا ئەمـە دەبینیـت؟ ئایـا ئێسـتا دەزانیـت؟ ئەگـەر وایـە، ئـەوا هەندێـک هەسـتی نوێـت هەیـە. وە چیـتر هەسـتە کۆنـەکان فەرمانڕەوایەتـی تـۆ ناکـەن. بۆیـە، هەڵسـوکەوتت پیـرۆز دەبێـت. پیـرۆزی سـێ هەنـگاوە.» هەنـگاوی یەکـەم: جیهـان وەک خـۆی ببینـە و ژیانـی هەتاهەتایـی ببینـە و بەهـای هیـوای هەتاهەتاییـت ببینـە. هەنـگاوی دووەم: «هەسـتکردن بـە خولیـای نـوێ.» هەنـگاوی سـێیەم: گوێڕایەڵـی بـە. «ئەمەیـە باوەڕبـوون بـە مەسـیح.»[a]

چۆن ژیانی سێکسیمان کاریگەری لەسەر ژیانی نوێژکردنمان دەبێت؟

پۆڵسـی نێـردراو دەڵێـت کـە ژن و مێـرد نابێـت یەکـتری بێبـەش بکـەن لـە جووتبـوون، تەنهـا بۆ ماوەیەکـی کورتـی نوێژکـردن نەبێـت (یەکـەم کۆرنسـۆس ٧: ٥). کەواتـە چـۆن ژیانی سێکسـیمان دەسـتوەردان دەکات لـە ژیانـی نوێژکردنمـان؟ وە کـەی پێویسـتە هاوسـەرەکان لەپێنـاو نوێـژدا خۆیـان لەیەکـتری بـەدوور بگـرن؟ ئایـا ئەمـە وەک بنەمـای ڕۆژووگرتنـە، کـە مەبەسـت لـە ئـارەزووی پەیوەنـدی سێکسـی ئەوەیـە سـەرنجمان بخەینـەوە سـەر پـەروەردگار، بـۆ ئـەوەی بەبیرمـان بهێنێتـەوە کـە ئـەو لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە باڵاتریـن خۆشـی و ڕەزامەنـدی ئێمەیـە؟

«بـە شـێوەیەکی دوو ڕەهەنـدی» پۆڵـس ئـەم «هەڵپەسـاردنی پەیوەندییـەی سـێکس وەک ئامرازێکـی چڕبوونـەوەی پەرۆشـی بـۆ نوێـژ دەبینێـت، پێدەچێـت لەبـەر ئـەوەی ئـەو ژن و مێـردەی دەیانەوێـت دابڕانێـک و هەندێـک وەڵامـی نوێژیـان هەبێـت، چونکـە شـەیتان شـتێک دەکات کـە نایانەوێـت بیـکات -بەرەنـگاری ئـەو گوناهـە ببنـەوە کـە شـەتیان پـەرەی پێـدەدات.» بـەڵام بـۆ ماوەیەکـی زۆر نـا، چونکـە «پەیوەندییەکـی ڕێکوپێـک لـە ژیانـی هاوسـەرگیریدا چەکێکـە لـە دژی سـەرکەوتنە شـەیتان، وە بەردەوامـی لـە پەیوەنـدی سێکسـی ڕێکوپێـک چەکێکـە لـە دژی شـەیتان.» ئەمـە «دوو ڕەهەندییـە.»

لـە دەقـی کتێبـی پیـرۆز سـێ بنەمـا وەربگـرە. (١) خـودا ژیانـی جەسـتەیی بـە شـێوەیەک

a ئەڵقەی SE٠٧: «ئەو خولیایانەی کە ڕێگری لە داوێنپیسی دەکەن» (ئی ئەیلوولی ٢٠١٥).

داڕشتووە کە «شتە ئاساییەکانی وەک نووستن، وەرزشکردن، خواردن و پەیوەندی سێکسی لە ژیانی هاوسەرگیریدا هەموویان جێگەی خۆیان هەیە لە پاراستنی هاوسەنگی ڕۆحی گونجاودا، کە ڕێگری دەکات لەوەی شەیتان هاوسەنگییەکە تێکبدات.» ئەگەر نەخەویت زیاتر بەرەوڕووی هێرشی شەیتان دەبیتەوە لە خەمۆکی و بێ ئارامی. ئەگەر بێ خۆراک بێت زیاتر تووشی توڕەیی و بەدخۆراکی دەبیتەوە. (٢) ژیانی سێکسیمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستوەردان ناکات لە ژیانی نوێژکردنمان، «بەڵام ڕەنگە پارێزگاری دابین بکات لە هێرشی شەیتان لە دژی ژیانی نوێژکردنمان.» ژیانێکی سێکسی دڵخۆشکەر «ڕەنگە دەروون ئازاد بکات بۆ نوێژ و سەرکەوتن بەسەر فریودانی داوێنپیسی یان جۆرەکانی دیکەی گوناهی سێکسی.» بەڵام خۆبەدوورگرتنێکی کاتی لە سێکس ڕێگایەکە بۆ ئەوەی «بە نکۆلیکردن لە جەستەمان نیشانی بدەین» کە چەندە بێهیوایین و پێویستمان بە وەڵامی نوێژەکانمانە. (٣) بەڵام «ڕەنگە خۆبەدوورگرتنەکە کەمتر پلان بۆ داڕێژراو بێت، تەنها وەڵامێک بێت بۆ هەندێک هەواڵی ترسناک کە پێمان گەیشتووە. بۆ نموونە، ڕەنگە تۆ و هاوسەرەکەت پلانی ئێوارەیەکی تایبەتتان هەبێت کە ڕەنگە لە پەیوەندی سێکسیدا بگاتە لوتکەی. بەڵام ئەم ئێوارەیە پەیوەندیت پێوە دەکرێت دەربارەی یەکێک لە منداڵەکانت، کە لە ویلایەتێکی دیکە بریندار بووە. ئیتر لەبری ئەوە تۆ «خۆت تەرخان دەکەیت بۆ نوێژکردن.» بەڵام لە هەر دوو ڕێگاکە، «بە پلان یان بێ پلان، بابەتەکە ئەوە نییە کە سێکس خراپە یان بەربەستە لەبەردەم ژیانی ئاسایی نوێژکردندا. بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ڕەنگە بۆ ماوەیەک دەستبەرداری هەموو چێژێکی یاساییمان بین بۆ دووپاتکردنەوەی خواستمان یان ئارەزووی وەڵامدانەوەی نوێژەکەمان بکەین، یان بۆ ئەوەی هاوسۆزیمان دەربڕین لەپێناو کەسێک کە ئازار دەچێژێت.»[a]

a ئەڵقەی ١٠٦٨: «ئایا ژیانی سێکسی من کاریگەری لەسەر ژیانی نوێژکردنم هەیە؟» (١٧ی تەممووزی ٢٠١٧).

دەربارەی نەزۆکی، سکپڕی و جڵەوگیری سکپڕی

ئایا منداڵان لەسەر ئەم هەسارەیە بارگرانین؟

کاتێک بنەماڵەی پاپیەرز لە ساڵی ١٩٧٢ خێزانێکی تایبەت بە خۆیان دامەزراند، خێزانە گەورەکان بێهیوا بوون. زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان سەرچاوەی نیگەرانییەکە بوو. منداڵان زیان بە تەندروستی زەوی دەگەیەنن. ئیتر وەها دەگوترا. بەڵام منداڵەکانمان نابنە بارگرانی لەسەر هەسارەکە ئەگەر پەروەردەیان بکەین لەسەر ئەوەی باری هەڵبگرن. «ئەوان لە جیهاندان بۆ ئەوەی جیهان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی جیهان ڕزگار بکەن، بۆ ئەوەی جیهانیان خۆشبوێت. تۆ بارگرانییەک بۆ جیهان زیاد ناکەیت کاتێک منداڵێک لە شانشینی خودا پەروەردە دەکەیت، بەڵکو خۆشەویستی خەڵک و خزمەتکاری جیهان پەروەردە دەکەیت.» دایک و باوکەکان داهاتووی جیهان دادەڕێژن بە شێوەیەک کە ئەوانەی حوکمی نەزۆکی دەدەن (داهاتی دوو هێندە، بەبێ منداڵ) ناتوانن وێنای بکەن.[a]

بۆچی منداڵت ببێت، لە کاتێکدا منداڵی هەتیو زۆرە؟

«بەرەنگاری سەردەمی نوێ بەرامبەر بە منداڵبوون، وەک ئەوەی ببنە بەربەست و بەرۆکمان بگرن، نیشانەیەکە بۆ گەندەڵی کەلتووری و خۆپەرستی.» منداڵانی بایۆلۆژی بەرەکەتێکن لەلایەن خوداوە (زەبووری ١٢٧: ٤-٥). وە لەخۆگرتنەوەی منداڵ ڕێگەیەکی نایاب و ناوازەیە بۆ خۆشویستنی کەسانی دیکە، وەک چۆن خودا ئێمەی لەخۆگرتۆتەوە. بەڵام ئەم دوو ڕاستییە، چاکەی منداڵی بایۆلۆژی خۆت و چاکەی لەخۆگرتنەوەی منداڵ، دژ بە یەکتر نین. «زۆربەی ڕەهای ئەو دایک و باوکانەی منداڵ لەخۆدەگرنەوە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە منداڵیان هەیە،» وە «هەرگیز کەسێکم نەبینیوە کە منداڵێکی لەخۆگرتبێتەوە، چونکە منداڵی نابێت.» بە هەمان لۆژیک، «ڕێپێدراوە» ئێمە خواردن بخۆین، تەنانەت ئەگەر کەسێک لە دونیادا زیاتر لە ئێمە پێویستی بە خواردن هەبێت. جلوبەرگ لەبەر بکە هەرچەندە کەسانی دیکە لە ئێمە زیاتر پێویستیان بە جلوبەرگ هەیە. لە ماڵێکدا بژین کاتێک کەسانی دیکە لە چادردا دەژین. بە دەربڕینێکی دیکە، «ئێمە شتێکمان هەبێت هۆکارێک نییە کە ئەوانی دیکە نەیانبێت. ئەمە یارییەکی سفر-کۆ[b] نییە لەم جیهانەی سەرچاوەکاندا.»[c]

---

a ئەڵقەی ٢٣٠: «ئایا دەکرێت باوەڕداران بە مەسیح حەپی دژە سکپێری بەکاربهێنن؟» (٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣).

b واتا قازانجی لایەنێک دەبێت هێندەی زیانی لایەنەکەی دیکە بێت. ئەگەر لایەنێک ٢ خاڵی هەبێت پێویستە لایەنەکەی دیکە ٢ خاڵ لەدەست بدات. بەم شێوەیە هەردوو لایەن بڕاوە دەبن یان دۆڕاو دەبن -وەرگێڕ.

c ئەڵقەی ٢٠٢: «لەگەڵ بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی منداڵی هەتیو، بۆچی منداڵمان ببێت؟» (٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).

دەربارەی حەبی ڕێگری لە سکپڕی (وە شێوازەکانی دیکەی ڕێگری)

«لەباربردنی منداڵ جڵەوگیری لەدایکبوونە.»[a] جڵەوگیری لەدایکبوون زاراوەیەکی هەڵەیە بۆ جڵەوگیری سکپڕی. هەموو هاوسەرە مەسیحییەکان «پێویستە لەسەر ئەم بنەمایە خۆیان ڕیکبخەن: من هێلکەیەکی پیتێنراو لەناو نابەم.» بەداخەوە پێدەچێت حەبی بەناو جڵەوگیری لەدایکبوون بۆ ئەم کارە دروستکرابێت. بۆیە «هەموو هەوڵێک بدە، لە ڕێگای هەر لێکۆڵینەوە و ڕاوێژکارییەک کە دەتوانیت، بڕیار بدەیت کە پێویستە چ ئامرازێکی جڵەوگیری سکپڕی بەکاربهێنیت.»[b] نەکوشتنی منداڵێکی دووگیانی «پابەندبوونێکی مەسیحییە لە ئاستێکی بەرزدا.» ئەمەش ئەو پرسانە دەوروژێنێت سەبارەت بە حەبی بەناو جڵەوگیری سکپڕی، چونکە «زۆربەی ئامرازەکانی ڕێگری لە سکپڕی بە دەم مەترسیی کارکردنیان هەیە لەسەرە ئەوەی وەک هۆکاری لەباربردن بەکاربێت،» کە (لانی کەم لە بەشێکدا) بۆ لەباربردنی هێلکەی پیتێنراو داڕێژراون، «کە بوونەتە مرۆڤ.» ئەم بابەتە لە کڵێسادا شایەنی بیرکردنەوەی زۆر ڕەخنەگرانەترە. «پێموایە یەکێک لەو شتانەی کە زۆر نیگەرانم دەکات ئەوەیە چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر کە ئایا ڕەنگە من و نۆئێل بەبێ ئاگاداری منداڵێکمان بەهۆی حەبێکەوە لەباربردبێت. تەنانەت بیریشم لەم خاڵە نەکردبۆوە -کە هەندێک لەم حەبانە بەو شێوەیە کاردەکەن.»[c] ئامانجی ڕوونی لەباربردن بە شێوەیەکی ڕوونتر دەردەکەوێت لە حەبی دژە سکپڕی بەیانی ڕۆژی دواتر و مادە کیمیاییەکانی دیکەی لەباربردن لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا.[d]

پێش ئەوەی بڕیار بدەیت سەبارەت بە ڕێگریکردن لە سکپڕی، ئەم پێنج بنەمایە لەبەرچاو بگرە. (١) سێکس بۆ باوترین ئەرکی خۆی ئەنجام دەدرێت -چێژ، نەک زاوزێ. (٢) پابەندبوون بەوەی هەرگیز بەکارنەهێنانی ئامرازی ڕێگری لە سکپڕی کە هێلکەیەکی پیتێنراو لەناو دەبات، کە مرۆڤە. (٣) وریابە لە هەموو بڕیارە هەمیشەییەکانی ڕێگریکردنی بەردەوام لە سکپڕی وەک بڕینی بۆڕی سپێرم یان بەستنەوەیان. ئەی ئەگەر هاوسەرەکەت مرد و دووبارە هاوسەرگیری بکەیتەوە؟ بەبێ ڕەزامەندی هاوسەری داهاتووت بڕیاری کۆتاییت داوە. (٤) بیانووی خۆپەرستانە بەکارمەهێنە بۆ دەستوەردان لە خواستی خودا بۆ ئەوەی چەند منداڵت دەبێت. (٥) «بڕیار لە دژی منداڵان مەدە بەوەی ئەوان بارگرانین بۆ شێوازی ژیانی گەشتکردن و ئێوارانی دەستبەتاڵت. بە دەربڕینێکی دیکە، هەموو ئەو شتانەی کە من دەیڵێم، پابەندبوونێکی ڕیشەیی بە ئامانجی خواستی شانشینی خودا، نەک

a ئەڵقەی ٥٥٢: «ئایا جڵەوگیری هەمیشەیی سکپڕی گوناهە؟» (١٣ی ئازاری ٢٠١٥).
b ئەڵقەی ٢٣٠: «ئایا دەکرێت باوەڕداران بە مەسیح حەپی دژە سکپڕی بەکاربهێنن؟» (٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣).
c ئەڵقەی ٥٥٢: «ئایا جڵەوگیری هەمیشەیی سکپڕی گوناهە؟» (١٣ی ئازاری ٢٠١٥).
d ئەڵقەی SE٣١: «ڕۆی و وەید کۆتایی هاتووە- کاری لایەنگری ژیانمان کۆتایی نەهاتووە" (٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٢).

چێژە دونیاییەکان. ئەگەر بڕیارمان دا منداڵمان هەبێت یان منداڵمان نەبێت، با بە پاڵنەری خواپەرستی بێت -چونکە ئێمە گوتمان بەڵێ بۆ بانگەوازە ڕیشەییەکەی خودا بۆ ژیانمان -نەک بە خۆپەرستی، چونکە ئەمە هەندێک لە ناڕەحەتی دەمانپارێزێت.»[a]

دەربارەی جڵەوگیری هەمیشەیی لەدایکبوونی منداڵ

ژن و مێردێکی تەمەن ناوەڕاست پرسیارێکیان کرد بۆ بەدواداچوونی ئەم سێ پرسیارەی سەرەوە. ئەوان منداڵیان هەیە. ئێستا لە کۆتایی سی و چلەکاندان، مێردێک کە هاوسەرێکی هەیە و و باوکی دوو منداڵە، کە پێدەچێت لە منداڵبوونی تەواو بووبێت، ئایا دەگونجێت نەشتەرگەری بڕینی دەماری سپێرم بکات؟

١. گوێبیستی ئاگادارییەکی کەلتووری بە. «هەرچەندە تەمەنم زیاتر دەبێت، گومانم زیاترە لەوەی کە من کوڕی بارودۆخێکی مێژوویی و کەلتووری خۆمم.» ئێمە -«نزیکەی بە دڵنیاییەوە»- «بە قوواڵی کاریگەر دەبین» بە کەلتوورێکەوە کە تێگەیشتنمان دەبێت لە هاوسەرگیری و منداڵ و سێکس و ئاسوودەیی و ئازادییە کەسییەکان. ئێمە «بە قوواڵی کاریگەر دەبین بەهۆی ئەو هەوا کەلتوورییەی کە هەناسەی پێدەدەین.» ئەم هەوا کەلتوورییەی ڕەتیدەکاتەوە «بە نیعمەتی منداڵان شاد بێت، بە خۆشحاڵییەوە تێچووی زۆر و هەوڵی پەروەردەکردنی منداڵ لە پەروەردەکردن و ئامۆژگاریکردنی پەروەردگاردا لەخۆ ناگرێت. هاوسەرگیری وەک وەک چوارچێوەیەکی جوان و ئامانجدار نابینێت کە بە درێژایی ژیان بەردەوام دەبێت، باوەڕ و کەسایەتیمان ڕێکدەخات، لەپێناو پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو.» کەلتوورەکەمان بەهای «پابەندبوونی پەیمان» بە هاوسەر و منداڵ نادات، لەبری ئەوە «هەموو ئامرازێکی دەستەبەر پەیدا دەکات بۆ کەمکردنەوەی بێزاری و چێژی کەسی خۆمان و زیادکردنی ئازادی کەسی خۆمان، جا لە ڕێگەی دواخستنی هاوسەرگیرییەوە بێت، یان نەبوونی منداڵ، یان دوورکەوتنەوە لە هەر جۆرە پابەندبوونێک، یان تەڵاق لەپێناو دەرچوون لە هاوسەرگیرییەکی نائارام، یان پشتگوێخستنی منداڵ، پەیوەستکردنیان لە هەندێک دامەزراوەدا لە کاتێکدا دەچینە سەر کارەکانمان.»

٢. ئەم بڕیارە لە چوارچێوەیەکی کتێبی پیرۆزدا. لەسەر شەش بیروباوەڕ خۆت ڕابهێنە. (ا) هاوسەرگیری پێوەرە. باش نییە پیاوێک هاوسەرگیری نەکات (پەیدابوون ٢: ١٨). (ب) لەنێو پەیمانی هاوسەرگیری پێوەردا، منداڵبوون و پەروەردەکردنیش پێوەرە. (ج) جڵەوگیری سکپڕی قەدەغە نییە و دەتوانرێت

a ئەڵقەی ٥٥٢: «ئایا جڵەوگیری هەمیشەیی سکپڕی گوناهە؟» (١٣ی ئازاری ٢٠١٥).

لەلایەن هاوسەرەکانەوە بەپێی کات بەکاربهێندرێت. (د) سەڵتی وەک بژاردەیەک دەمێنێتەوە بۆ هەر باوەڕدارێک بە مەسیح کە هاوسەرگیری ڕەتدەکاتەوە بە «مەبەستی سەرنج لەسەر خودا، شکۆمەندی مەسیح، گرنگیدان بە مزگێنیدان، بنیادنانی کڵێسا، ڕزگارکردنی ڕۆح، پیرۆزکردن» (یەکەم کۆرنسۆس ٧:٧-٩، ٣٢-٣٥). (هـ) ئەگەر سەڵتی وەک بژاردەیەک بمێنێتەوە بۆ ئەو مەسیحییانەی لە بیری شانشینی خودادان، ئەوەش بە هەمان شێوە ڕاستە کە ژن و مێردێکی هاوسەر ڕەنگە بڕیار بدەن منداڵیان نەبێت لەپێناو کاری شانشینی خودا. هەردوو بڕیارەکە -سەڵتی و بێ منداڵی- دەدرێن بە «پاڵنەرێکی خۆبەدەستەوەدان، شکۆداری مەسیح، گرنگیدان بە مزگێنیدان». (و) «گوناهە» بۆ هاوسەرەکان کە بەخششی منداڵ ڕەت بکەنەوە لەپێناو قازانجی دونیا و ئاسوودەیی کەسی.

٣. ڕاستگۆبە لەگەڵ پاڵنەرەکانت و داوای یارمەتی بکە. دیاریکردنی ئەوەی کە بۆچی ئەو کارە هەڵدەبژێرین کە دەیکەین، «بارگرانییەکی گەورەیە.» میدیای کەلتوورەکەمان دەمانشێوێنێت، دڵە گوناهبارەکانمان پاڵنەرە ڕاستەقینەکانمان دادەپۆشن و ئێمە «مەیلی ئەوەمان هەیە کە یەزداناسی و چوارچێوەیەکی ڕەوشتی دابڕێژین کە ڕەوایەتی بە ئارەزووەکانمان بدات.» بۆیە لە خودا بپاڕێوە بۆ ئەوەی دڵت بپشکنێت (زەبووری ١٣٩: ٢٣-٢٤). ئاگاداری کەلتوور بە، ئاگاداری هەستەکانت بە و گریمانەی داهاتوو مەکە. وەک ژن و مێرد، داوای ڕێنمایی لە خودا بکەن، بە پاڕانەوە لەگەڵ زەبووری ٢٥، چونکە «هیچ بڕگەیەکی دیکەی کتێبی پیرۆز نازانم کە باشتر بێت بۆ خستنەڕووی وشەی هاوارەکانمان لەپێناو ڕێنمایی و دانایی لە خوداوە.»[a]

ئایا هاوسەرەکان دەتوانن بە مەبەست بێ منداڵ بن؟

بەڵێ، «هۆکاری شانشینی خودا» هەیە بۆ نەبوونی منداڵ. بەڵام «بەرەنگاری نەبوونی منداڵ لە سەردەمی نوێ -وەک ئەوەی لە بەربەستێک و بارگرانییەک بێت- نیشانەی گەندەڵی کەلتوور و خۆپەرستییە. لەبەر ئەوە، ئەگەر پاڵنەرەکەت بۆ نەبوونی منداڵ ئەمە بێت -نەخێر، تۆ گوێڕایەڵی عیسا نیت. ئەگەر تۆ منداڵان وەک بارگرانی دەبینیت، وە دەتەوێت بەردەوام بیت و کارەکانت بکەیت بەبێ ئەوەی بارگرانیت هەبێت کە گرنگی بە منداڵان بدەیت، ئەوا تۆ هەڵوێستێک دەگریتە بەر لەگەڵ کتێبی پیرۆز ناگونجێت. من هەرگیز پشتگیری لە نەبوونی منداڵ ناکەم بەو شێوەیەی کە جیهان پشتگیری لێ دەکات.»[b]

---

a ئەڵقەی ١٧٦١: «لەبارەی جڵەوگیری هەمیشەیی سکپڕی» (٢٥ی ئازاری ٢٠٢٢).

b ئەڵقەی ٢٠٢: «لەگەڵ بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی منداڵی هەتیو، بۆچی منداڵمان ببێت؟» (٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).

کەواتە «بڕیار لە دژی منداڵان مەدە چونکە بارگرانی لەسەر شێوازی ژیانی گەشتکردن و ئێوارانی دەستبەتاڵیت دەکەن.» بەڵکو خۆنەویستی لەبەرچاو بگرە. خۆنەویستی مزگێنیدەران یەکێکە لە هۆکارەکانی شانشینی خودا بۆ نەبوونی منداڵ. بەم شێوەیە بیری لێ بکەرەوە. هاوسەرگیری و منداڵ شتێکی ئاسایی و باشن، تەنانەت پێش ئەوەی گوناە بێتە ناو وێنەکە (پەیدابوون ١: ٢٨؛ ٢: ١٨). جیهانێکی بێ گوناە جیهانێکە کە پێویستی بە مزگێنیدەری جیهانی، یان ئازاری ئینجیل، یان شەهیدبوون نییە. کەواتە پێش کەوتنە ناو گوناە، هاوسەرگیری و منداڵبوون ڕاستییەکی «نیمچە ڕەهایی» بوون. چیتر ئەوها نەماوە. ئێستا کە مزگێنیدەرە جیهانییەکان پێویستن، هاوسەرگیری و منداڵ ناچارکەر نەماون (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٧، ٣٢-٣٥).[a]

ئاموژگارییەکانی پۆڵس بۆ سەڵتەکان سەبارەت بە وازهێنان لە هاوسەرگیری (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٧-٩، ٣٢-٣٥) بۆ ئەو هاوسەرانەش دەگونجێت کە دەستبەرداری منداڵبوون دەبن، چونکە «بنەماکانی سەبارەت بە بێ هاوسەری و بێ منداڵبوون وەک یەکن.» ڕەنگە ئەو مزگێنیدەرانەی بەرەو شوێنە سەختەکان دەڕۆن دەستبەرداری هاوسەرگیری بن، وە هاوسەرەکان ئازادن بن لە دەستبەردارببوون لە بەرەکەتە نایابەکانی منداڵ.» بەڵام ئەمە بە واتای هەرگیز نەبوونی منداڵ نییە. ڕەنگە لە داهاتوودا منداڵیان ببێت. ئەگەر منداڵتان هەبێت یان منداڵتان نەبێت، بیکەن بە ئەرکی خۆتان کە هەموو منداڵانی سەر ئەم هەسارەیە بکەنە کەسانی خوداپەرستی دڵخۆش.[b]

هەگبەیەکی پڕ لە منداڵ بەرەکەتێکە لەلایەن خوداوە (زەبووری ١٢٧: ٤-٥). «وە لەگەڵ ئەوەشدا، بە هەمان لۆژیک، ڕەنگە ژیرانە بێت دوو یان سێ یان چوار منداڵت هەبێت نەک دە، ئەگەر بڕیارە بچیتە وڵاتی کینیا.» هاوسەرگیری «ڕێوڕەسمێکی بەدیهێنان»ی باشە، بەڵام پۆڵس وەک « ڕێوڕەسمێکی ڕزگاری» باسی دەکات. لەم سەردەمەی ئینجیلیدا، هەم باش نییە بۆ مرۆڤ کە هاوسەرگیری نەکات (پەیدابوون ٢: ١٨)، هەم باشە بۆ پیاوێک کە لە ئەرکی مزگێنیداندایە هاوسەرگیری نەکات (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٧).[c]

ئایا ئەو خێزانانەی کە مزگێنیدەر نین دەتوانن «بە سادەیی هەڵبژێرن» کە بێ منداڵ بن؟

ڕەنگە خێزانە مزگێنیدەرەکان بە ئەنقەست هەگبەکەیان سنووردار بکەن. بەڵام ئەی ئەو خێزانانەی کە مزگێنیدەر نین؟ ژن و مێردێکی بێ منداڵ لە فینلاندا دەیانەوێت بزانن کە ئایا دروستە ژن و مێردێکی ئاسایی مەسیحی «بە سادەیی هەڵبژێرن» کە منداڵیان نەبێت.

---

a ئەڵقەی ٥٥٢: «ئایا جڵەوگیری هەمیشەیی سکپڕی گوناهە؟» (١٣ی ئازاری ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ٢٨٦: «مزگێنیدەرە بە ئەنقەست بێ منداڵەکان؟» (٢٦ی شوباتی ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ٢٣٠: «ئایا دەکرێت باوەڕداران بە مەسیح حەپی دژە سکپێری بەکاربهێنن؟» (٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣).

لـه سـەرەتادا، «پێموانییـه شـتێک هەبێـت بـه نـاوی "بـه سـادەیی هەڵبژێـرن".» واتـا «بەبـێ هیـچ گرفـت یـان ململانێیـەک یـان بەهانەیـەک، بەڵکـو تەنهـا لەبـەر ئـەوەی حـەز دەکەیـن. وە یەکـەم وەڵامـی مـن بـۆ ئەمـە ئەوەیـە کـە بڵێـم شـتێکی لـەو جـۆرە نییـە.» هەرچییـەک بیڵێیـن -بەڵکـو هێشـتا زیاتریـش، هەرچییـەک هەڵبژێریـن- ڕژانـی ئـارەزووە زۆرەکانـی دڵمانـە (مەتـا ١٢: ٣٤). کەواتـە هەڵبژاردنـی منداڵنەبـوون هەڵبژاردنێکـە لـە «ڕاسـتییە قووڵەکانـی دڵـمان لەقاڵـب دراوە، وە لـە ئارەزووەکانمـان، حەزەکانمـان، خواسـتەکانمان، مەیلەکانمـان.» لـەم بڕیـارەدا پێنـج شـت کرۆکـی دڵ دەردەخـەن.

١. منـداڵان دیـاری و بناغەیەکـی بەهـادارن بـۆ هاوسـەرەکان. منداڵبـوون نەخشـەی ژیانـە بـۆ هاوسـەرەکان، پێـش کەوتنـە نـاو گوناـە (پەیدابـوون ١: ٢٨) وە لـەدوای کەوتنـە نـاو گونـاە (پەیدابـوون ٩: ٧). «بەپێـی کتێبـی پیـرۆز ئاسـاییە، جوانـە، گونجـاوە، سروشـتییە و پێـوەرە،» بـە ڕوونـی و ناڕوونـی، «بـۆ ئـەوەی ژن و مێردێکـی هاوسـەردار منداڵیـان هەبێـت.» منـداڵان دیارییەکـی گـەورەن (زەبـووری ١٢٧: ٣-٥)، شـکۆمەندییەکن بـۆ باوکەکـە (پەنـدەکان ١٧: ٦)، و بەرەکەتێکـن بـۆ دایکێـک (پەنـدەکان ٣١: ٢٨). «ئـای چ خەمێکـە کاتێـک زۆرێـک لـە ژنانـی سـەردەمی نـوێ -بـە کورتـی، پێموایـە- هەڵدەبژێـرن دەسـتبەرداری ئـەو نیعمەتـە بـن، لـە کاتێکـدا ملیۆنـان کـەس بـە ڕۆحیـان قوربانـی دەدەن بـۆ ئـەوەی ئـەو نیعمەتەیـان هەبێـت.»

٢. خـودا دەزانێـت هەمـوو خێزانـەکان تێکۆشـانیان دەبێـت. پەیوەنـدی دایـک و بـاوک و منـداڵ دەکرێـت لـەم جیهانـەدا زۆر خـراپ بێـت (دووەم سـاموئێل ١٨: ٣٣؛ پەنـدەکان ٣٠: ١١؛ مەتـا ٢٦: ٢٤؛ لۆقـا ١٢: ٥٢). «کتێبـی پیـرۆز چیرۆکێکـی گەشـبینی نییـە کـە بـاس لـە خێزانـە بەختـەوەرەکان دەکات، بـەم شـێوەیە یـان بـە شـێوەیەکی دیکـە، بـەڵام هیـچ کام لەمانـە -هیچیـان- ڕێگـری لـەو ڕاسـتییە بەردەوامـە ناکـەن کـە سـکپڕی و پەروەردەکردنـی منـداڵ ئاسـاییە، جوانـە، گونجـاوە، سروشـتییە، پێـوەرە.»

٣. ئامانجـی ژیـان ئـەوە نییـە دوور بکەوێتـەوە لـە «سـەختی یـان خـەم یـان ئـازار.» هەرگیـز نازانیـن داخـوا منداڵـی داهاتوومـان بـە کەمئەندامـی لەدایـک دەبێـت یـان «بـە بێبـاوەڕی دڵـمان دەشـکێنێت.» نازانیـن منداڵەکانمـان لـە ئێمـە زیاتـر دەژیـن یـان نـا. وە منداڵانـی تەندروسـت و خواپەرسـت داوای هەمـوو جـۆرە قوربانییـەک لـە دایـک و بـاوک دەکـەن. بـەڵام لـە هەمـوو ئەمانـەدا، کتێبـی پیـرۆز وا گریمانـە دەکات کـە ئێمـە لـە ململانێکانـی ژیانـدا و لـە ڕێگـەی ململانێکانـی ژیانـەوە (نـەک سـەرەڕای) ڕزگارمـان دەبێـت (کـردار ١٤: ٢٢؛ ٢٠: ٣٥؛ یاقـوب ١: ٣).

٤. ناتوانیـن پێشـبینی کاریگـەری منداڵەکانمـان بکەیـن. هیـچ کام لـە ئێمـە ناتوانیـن

پێشبینی ئەوە بکەین کە ئایا منداڵەکەمان «دەبێتە بارگرانی لەسەر مرۆڤایەتی یان نیعمەت، نەفرەت یان بەرەکەت، وەرگر یان بەخشەر.» ڕەنگە کوڕێک ببێتە «مشەخۆرێک کە شوێنپێی گەورەی هەبێت، یان ڕەنگە بلیمەتێک بێت کە ئامرازەکانی ڕزگارکردنی ژیانی ملیۆنان کەس دابهێنێت.» دایک و باوک داوایان لێ دەکرێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان تاوەکو جیهان بەرەکەتدار بکەن، وە خودا شکۆمەند بکەن.

٥. خودا ڕێگای منداڵبوونی لە شێوازی منداڵبوونەکەیدا ڕوون کردووەتەوە. کتێبی پیرۆز (وە سروشت) ئاماژە بە منداڵبوون دەکات وەک پێوەرێک بۆ هاوسەرەکان، «مەگەر خودا خۆی ڕوونی بکاتەوە کە ڕێگای نکۆڵیکردن لە خۆمان بۆ شکۆداری مەسیح نەبوونی منداڵە.»[a]

ژن و مێردێک دەیانەوێت بۆ ماوەیەک نوێژ بکەن لەپێناو نەبوونی سکپڕی. ئایا ئەمە قبوڵکراوە؟

ئەم پرسیارە بە هاوسەنگکردنی هەمان دوو دەق-گرووپ وەڵام دەدرێتەوە. لە سیپارەی پەیدابوون، خودا دەفەرموێت: «باش نییە» کە پیاو بە تەنها بمێنێتەوە؛ پێویستە ژنێک بۆ ژیانی خۆی زیاد بکات (پەیدابوون ٢: ١٨). وە پێویستە بەرهەمدار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن لە منداڵ (پەیدابوون ١: ٢٨). کەواتە «ڕاستە، ئاساییە و دروستە کە لە جیهاندا پێکهێنانی خێزانێک بخوازیت و بەدوایدا بگەڕێیت وەک ئەوەی خودا بەدیهێناوە،» هەروەها «زۆرێک لە خۆشەویستانی خودا پەروەردە بکەیت کە زەوی پڕ بکەن لە شکۆمەندییەکەی.» بەڵام دواتر پۆڵس هەنگاو دەنێت و دەڵێت «باشە» بۆ پیاوێکی سەڵت کە بە تەنها بمێنێتەوە؛ پێویستی بە زیادکردنی ژنێک نییە بۆ ژیانی (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢٦-٢٧). پۆڵس ڕادەگەیەنێت کە سەڵتی «باشترە لە هاوسەرگیری» کاتێک بابەتەکە پەیوەستە بە دڵسۆزیمان بۆ مەسیح. ئەم ڕاگەیەندنە «سەرسوڕهێنەرە» لە ڕوانگەی پەیدابوون ٢: ١٨، «کە پۆڵس دەڵێت کاتێک هەیە باشترە تەنها بیت و هاوسەرگیری نەکەیت.»

لێرەدا خاڵەکە ئەمەیە: «لە کاتێکدا لە ڕێکخستنی ئاسایی بەدیهێنانەدا ئاسایی و ڕاست و دروستە، کە بەدوای هاوسەرگیریدا بگەڕێت، سەرەڕای ئەوەش، ئێستا کە مەسیح هاتووە بۆ جیهان، لەپێشینییەکانی کڕینەوە هەیە -لەپێشینییەکانی ڕزگاری- لەو شوێنەی کە ڕاستە، بۆ مەبەستی کڕینەوە و ڕزگاری، بۆ ئەوەی کەسێک دەستبەرداری هاوسەرگیری بێت.» ئەمە واتای ئەوەیە کە بنەماکانی پاشایەتی شکۆداری مەسیح و بەهاکانی پاشایەتی لەم دیوی خاچدا ڕاسپاردەکانی هاوسەرگیری بەگوێرەی سیپارەی پەیدابوون دەکەنە ڕێژەیی.

a ئەڵقەی ١٥٠٧: «ئایا هاوسەرە مەسیحییەکان پێویستە منداڵیان هەبێت؟» (٣ی ئابی ٢٠٢٠).

«باشی» ڕاسپاردەی سپارەی پەیدابوون پەیوەستە بە «شکۆمەندی مەسیح و فراوانبوونی پاشایەتییەکەی.» ئەگەر وایە، ئەمە بەسەر هاوسەرگیریدا دەچەسپێت، هەروەها بۆ منداڵانیش. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمە شێوازێکی ئاسایی و دروست و باشە بۆ هەموو خەڵک، لە شێوازی بەدیهێنانداً. بەڵام ڕەنگە هەندێک حاڵەت هەبێت لە ژیاندا کە لەبەر هۆکارەکانی شکۆمەندی مەسیح و خوداپەرستی و فراوانبوونی پاشایەتی، سنووردارکردنی ژمارەی منداڵەکانمان گونجاو بێت.

کەواتە پرسی قەبارەی هەگبەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەبێت، نەک کەمتر، چونکە پرسیارەکە دەربارەی قەبارەی خێزان نییە، بەڵکو پرسی ئەوەیە کە ئایا پێشینەییەکانمان بە پاڵنەری شکۆمەندی مەسیح و سەرنج لەسەر خودایە، وە فرانبوونی شانشینی خودا،» یان بە پاڵنەری «ترس، یان بێ باوەڕی، یان خۆپەرستی، یان دونیاییە.» خودا دڵمان دەناسێت. «ئەو باوکێکی میهرەبانە و منداڵی خۆشدەوێت. بەڵام منداڵ بوونمان گرنگترین پێشینەیی ئەو نییە. پێشینەیی ئەو بۆ منداڵەکانی باوەڕێکە کە مەسیح شکۆمەند دەکات و خۆشی شکۆداری مەسیحە، کە پڕە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی کەسانی دیکە. ئەمە پێشینەیی خودایە. ئەو خێزانە گەورەکانی خۆشدەوێت کە منداڵی زۆریان هەیە؛ نەک لەبەر خاتری خۆیان، بەڵکو لەپێناوی مەسیح. کێشەکە ئەمەیە: چۆن ژیانمان، لەگەڵ منداڵی زۆر یان کەم، گەورەیی مەسیح شکۆدار دەکات؟»[a]

ئایا پێویستە هاوسەرە گەنجەکان منداڵبوون دوابخەن؟

زۆرێک لە هاوسەرە گەنجەکان هەوڵدەدەن منداڵانبوون دوابخەن بۆ دوای تەواوکردنی خوێندن و دامەزراندنی پیشەیی. ئایا ئەمە بیرۆکەیەکی باشە؟

قەشە جۆن کە ڕاستەوخۆ لەدوای دەرچوونی لە کۆلێژ هاوسەرگیری کرد، ڕووبەڕووی شەش ساڵی دیکەی خوێندن بووەوە (سێ ساڵ خوێندنی زانکۆ و سێ ساڵیش دکتۆرا). بە نوێژ و ماوەیەک لە گەڕان بەنێو کتێبی پیرۆزدا، نۆئێل بۆ ماوەیەک بووە دابینکەری بژێوی خێزانەکە. «بۆیە هەنگاومان ناوە بۆ ئەوەی خۆمان بەدوور بگرین لە منداڵبوون -هیوادارم بەبێ هیچ حەبێکی لەباربردن بووبێت. هۆکاری ئەوەی کە دەڵێم «هیوادارم» ئەوەیە کە من لە کۆتاییەکانی ساڵانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان هێندە نەزان بووم کە ڕەنگە هەموو ئەو ڕێوشوێنەی خۆپارێزی بووبێت بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی لە سکپڕی دوورکەوتوینەتەوە. من تۆقیوم لەوەی کە ڕەنگە بەبێ ئاگایی کردوومانە. بەڵام ئەمڕۆ پێویست ناکات کەس بە نەزانی ئەو هەڵەیە بکات.»

---

a ئەڵقەی ١١٧٦: «ئایا کە من و هاوسەرەکەم نوێژ دەکەین لە دژی سکپڕی گوناهە؟» (٢٦ی ئازاری ٢٠١٨).

لەدوای چوار ساڵ، وازیان لە بەکارهێنانی حەب هێنا و مەترسی دارایی منداڵیان قبوڵ کرد. نۆئێل ماوەی کارکردنی لە دەرەوەی ماڵی وەک لادانێکی کاتی لە خواست و ئارەزووی بەڕێوەبردنی ماڵ تەماشا دەکات. ئەو ئەم چوار ساڵەی ئاوا زانیوە کە «بەشێک بووە لەو هەوڵە هاوبەشانەی کە ئێمە پێکەوە دەیدەین بۆ دروستکردنی ماڵێک... لەگەڵ من وەک بەخێوکەری سەرەکی ماڵەکە،» کەوا بانگهێشتی بنەڕەتی مێردە.[a]

من منداڵم دەوێت، بەڵام مێردەکەم نایەوێت

پرسیارەکە لە ژنێکەوەیە. ئەم ئەڵقەیەی پەخشەکە ئاراستەی مێردەکەیە. «دەزانم دەکرێت دڵی بگۆڕێت، چونکە من دڵم گۆڕا.» خێزانی پایپەر چوار کوڕیان بوو، وە «من خۆشم دەوێن» وە «پێموابوو ئێمە تەواو بووین.» پاشان دەرفەتی لەخۆگرتنەوەی تالیسا هاتە ئاراوە. پایپەر تەمەنی پەنجا ساڵ بوو. «وە بیرم لەوە کردەوە: ئای خودایە! من زۆر پیر بووم. ئەمە هەرگیز سەرکەوتوو نابێت. » بەڵام «خودا لە دڵمدا کارێکی گەورەی کرد.» ئیتر لێرەدا دە هۆکار دەخەینەڕوو کە بۆچی «پیاو، مێرد، دەیەوێت ببێتە باوک.»

(١) ڕاسپاردە. خودا داوا لە مرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی زۆر بن و بەردار بن (پەیدابوون ١: ٢٨). ئەمە فەرمانێکی ڕەها نییە، بەڵام پێوەرێکە. «پلانی خودا ئەوەیە زەوی پڕ بکات لە هەڵگرانی وێنەی شکۆی خۆی، وە بەشداریکردن لەو کارەدا شتێکی شکۆمەندییە.» (٢) میرات. منداڵ میراتە (زەبووری ١٢٧: ٣). تەنانەت «ئەگەر هەر یەکێک لە منداڵەکانت دڵت بشکێنێت،» ئەم ڕاستییە چەسپاوە. هەندێک پاداشت تەنها لە ڕێگەی «خەمباری باوکانەوە» دێت. (٣) شکۆ. بوونی منداڵ و بەخێرهاتنی نەوەکان « لە هەردوو ئاڕاستەدا کارێکی شکۆدارە» (پەندەکان ١٧: ٦). (٤) پەیوەندی خودایی. «خودا، بەدیهێنەری گەردوون، خۆی وەک باوکێکی ئاسمانی دەرخستووە،» لە سەرەتاوە جیهانی بەدیهێناوە «باوکایەتی تێدابووە،» پێش ئەوەی باوکی مرۆڤمان هەبێت، بۆ ئەوەی ئێمە ئەزموون بکەین کە ئەو لە باوکایەتیدا چۆنە.» (٥) توانای بەرهەم. یەکێک لە هاندەرە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی باوکایەتی ئەوەیە کە ژنێک دەکات بە دایک. «بە منداڵبوون، پیاو بۆی دەردەکەوێت کە هاوسەرگیری لەگەڵ دایکێک کردووە، کە پێشتر نەبووە.» لەم شکۆ نوێیەدا، «تۆ ئێستا نەک تەنها هاوسەرگیریت لەگەڵ ژنێک هەیە، بەڵکو لەگەڵ هەڵگری ژیانێک، دایکێک لەگەڵ هەموو ئەو ساڵانەی دایکایەتی لەبەردەمیدایە. ئەگەر دایکایەتی شتێکی جوانە -وە هەروایە- ئیتر چەندە جوانە بەشداریکردن لە دروستکردنی دایکدا.» (٦) خۆشەویستی. هاوسەرگیری لەگەڵ «ژنێک زۆر پەرۆش بێت بۆ بوونی منداڵ» ئەوەیە «لە دڵیدا بەرەکەتداریی خودا، سروشتی، جوان لە دڵیدا ببینیت.» خۆشت بوێت وەک چۆن جەستەی خۆتت خۆشدەوێت (ئەفەسۆس ٥: ٢٨-

a ئەڵقەی ١٣٤٧: «ئایا پێویستە منداڵنبوون دوابخەین بۆ کاتێک کەوا من خوێندنەکەم تەواو دەکەم؟» (٢٤ی ئایاری ٢٠١٩).

٣٠). ئەمە خۆشویستنی نزیکەکەتە، بەڵام لەگەڵ نزیکەکەت «کە هەموو شەوێک لەگەڵت دەخەوێت» (مەتا ٧: ١٢؛ ١٩: ١٩). خۆشت بوویت وەک ئەوەی خۆت خۆشدەوێت. ئێوە یەک جەستەن. وە «کاتێک دڵخۆش دەبێت بە دایکایەتی، ئەم خۆشییە خۆشی تۆیە، چوونکە ئەو تۆیە. خۆشی ئەو خۆشی تۆیە.» (٧) دیاری. تۆ منداڵی پێدەدەیت، منداڵ کە لە کۆتاییدا ڕێزی لێدەگرن و خۆشیان دەوێت (پەندەکان سلێمان ٣١: ٢٨). کاتێک ماڵ بەجێ دەهێڵن، وە «لە کۆلێژەوە نامە بۆ ماڵەوە دەنووسن، لەدوای ئەوەی لە ڕاستی ئەو هەموو ساڵەی قوربانی و بەخشش بەئاگا دینەوە» -ئەمە دیاری شەرەفی داهاتووە «دەبێت هەموو مێردێک بە خۆشحاڵییەوە ئامادە بێت بە ژنەکەی بدات.» (٨) سەرسوڕهێنەر. سکپڕی پەرجووە، کردارێکە کە بەهۆیەوە ژیانی مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە کە پێشتر نەبووە و ئێستا بۆ هەمیشە دەژیێت. ئێمە -من و ئەم ژنە- ئامرازی خودا بووین بۆ بەدیهێنان. خودا لە تۆوی ئێمە مرۆڤێکی هەتاهەتایی بەدیهێنا. چ سەرسوڕهێنەرێکە! چ بانگهێشتێکە! چ شەرەفێکی گەورەیە! (٩) بەرەکەت بۆ جیهان. منداڵان تەنها زیان بە هەسارەکە ناگەیەنن و هۆکار نین بۆ زۆربوونی دانیشتووان. نەخێر، دەکرێت پەروەردە بکرێن وەک هەڵگری باری جیهان و داڕشتنی. (١٠) هاوبەشی. «بە لەدایکبوونی منداڵ، چاوەڕێی ئەوە بکە بە جۆرێک خودا بناسیت کە پێشتر بەو جۆرە نەتناسیوە. وە چاوەڕێی ئەوە بکە کە زیاتر بێفیز، پیرۆزتر، پێگەیشتووتر، خۆشەویستتر، زیندووتر، دووربینتر، دڵخۆشتر بیت لەوەی بە هەر ڕێگایەکی دیکە.»[a]

دەربارەی ئەو ترسەی کە ڕەنگە خودا منداڵەکانی داهاتوومانی هەڵنەبژاردبێت

مشتومڕەکانی نەبوونی منداڵ لە ئاسوودەیی کەسی زیاترە و بابەتی خودایی لەخۆدەگرێت. ئەگەر ئەگەری ئەوە هەبێت کە منداڵەکانی داهاتوومان لەلایەن خوداوە هەڵنەبژێردرێن، وە بۆ هەمیشە ئازار بچێژن، ئایا ئەم مەترسییە هێندە زۆر نییە کە دایک و باوکی مەسیحی هەرگیز منداڵیان نەبێت؟

نەخێر، مەترسییەکە زۆر بەرز نییە، لانیکەم لەبەر پێنج هۆکار. (١) بانگەوازی خودا بۆ گوێڕایەڵی نەزانانە نییە. خودا فەرمانمان پێدەکات کە زۆر بین (پەیدابوون ١: ٢٨)، وە ئەم ڕاسپاردەیەی پێدایین بە تەواوی دەیزانی لە داهاتوودا دەکەوینە ناو گوناە. «ئەو دەیزانی کە کەوتنەکە واتای چی دەبێت بۆ لەناوچوون و ئازار، نەهامەتی، ترسناکیی پەیوەندییەکان و کارەسات. هیچ شتێک لەلای خودا چاوەڕوان نەکراو نەبوو.» کەوتن ڕاسپاردەکە ناگۆڕێت. هەروەها هەڵبژاردنیشی ناگۆڕێت. «خودا بیروڕای هەڵبژاردنی بەدیهێنا و فەرمانی پێکردین منداڵمان هەبێت.» ڕایسپاردین منداڵمان ببێت بە ئاگاداری تەواوی لە کەوتن و هەڵبژاردنمان. (٢) دەتوانین متمانەی پێبکەین. خودا بێسنوور دانا و چاکە. «ئەو دەزانێت چی دەکات. ئەو

a ئەڵقەی ٩٠٨: «من منداڵم دەوێت، هاوسەرەکەم نایەوێت» (٢٩ی تەممووزی ٢٠١٦).

هـۆکاری باشـی هەیـە بـۆ ئـەوەی بۆچـی کەسـێک بەزەیـی پێـدراوە و یەکێکـی دیکـە پشـتگوێ خراوە بەهـۆی یاخیبـوون و بـێ بـاوەڕی. ئێمـە دەبێـت زۆر ئـاگادار بیـن لـەوەی نـەوەک بـە شـێوەیەک بیـر بکەینـەوە کـە ڕێگاکانـی خـودا گێلانـە یـان نادانایـی یـان دڵڕەقیـن.» (٣) بانگـەواز بـۆ دایـک و باوکایەتـی بانگەوازێکـی بـەرز و پیـرۆزە، تەنانـەت ئەگـەر ئـازار و نادڵنیاییـش بهێنێتـە ئـاراوە. «هەمـوو ئـەو مەترسـی و هەمـوو ئـەو خـەم و پەژارەیـەی کـە دەیهێنێـت بەشـێکە لـە بانگـەواز و مەبەسـتێکی بـەرز و پیـرۆز و بەهـادار و شـەرەفمەندانەی خـودا.» (٤) پلانـی خـودا بـۆ شـکۆمەندی و خۆشـی هەڵبژێردراوانـی هێشـتا تـەواو نەبـووە. هێڵـی کاتـی، گەرانـەوەی مەسـیح بۆ سـەر زەوی دوو هـەزار سـاڵ دواکەوتـووە هەتـا ئـەوەی «هەمـوو هەڵبژێردراوانـی تۆبـە دەکـەن و ڕزگاریـان دەبێـت و خۆشـی هەتاهەتایـی لەبـەردەم خـودا ئەزمـوون دەکـەن» (دووەم پەتـرۆس ٣: ٨-٩). هەتـا ئەمـڕۆش هەڵبژێـردراوان لەدایـک دەبـن، وە دەبێـت کات درێـژ بکرێتـەوە هەتـا دەگاتـە ژمـارەی تەواویـان. خـودا خشـتەی کاتـی دانـاوە، دەیزانێـت کـەوا «هـەزاران، بەڵکـو ملیۆنـان کەسـی دیکـە لەدایـک دەبـن، لـەم دواکەوتنـەی هاتنـی مەسـیح -کەسـانێکی دیکـەش بـاوەڕ ناهێنـن و لەنـاو دەچـن.» (٥) هاتنـی دووەم لەپێنـاو خۆشـی هەڵبژێردراوەکانـدا دوادەخرێـت. «ناهێڵێـت ئـەو ڕاسـتییەی کـە زۆر کـەس یاخـی دەبـن و خۆشەویسـتییەکەی ڕەتدەکەنـەوە، ناچـاری بـکات کـە هەڵبژێردراوەکانی بێبەش بـن لـە خۆشـی هەتاهەتایـی.» ئەمـە بیرکردنـەوەی دایـک و باوکـە سـەبارەت بـە منداڵەکانیـان. «ئێمە نوێـژ دەکەیـن، کار دەکەیـن، ئـازار دەچێژیـن، دەگرییـن و ڕەنگـە تەنانـەت بمریـن بـۆ ئەوەی شـێوەی مەسـیح تێیانـدا دروسـت بێـت. بـەڵام ناهێڵیـن ئەگـەری نەهامەتـی هەندێـک کـەس ڕێگریـمان لـێ بـکات لـەوەی هـەوڵ بدەیـن بـۆ هیـوای خۆشـی هەتاهەتایـی هەمـوو [هەڵبژێـردراوان].»[a]

دەربارەی ترس لە منداڵبوون

تـرس لـە منداڵبـوون (تۆکۆفۆبیـا) نائەقڵانـی نییـە. باسـی نەفـرەت کـراوە لـە سـیپارەی پەیدابـوون ٣: ١٦ «ئـازار و مەترسـییەکانی هێنایـە نـاو کـردەوەی منداڵبـوون،» لەوانـەش مـردن بـۆ منـداڵ و دایکەکـە. «ئـەوە شـتێکی تێگەیشـتووە کـە ژنێـک بـە هەندێـک وریایـی و ڕژدی و دووڵییـەوە تەماشـا بـکات کـە ئایـا لـە بنەڕەتـدا هاوسـەرگیری بـکات، وە ئایـا مەترسـی ئـازاری منداڵبـوون دەگرێتـە بـەر لـە ژیانـی هاوسـەرگیری یـان نـا. لەمـە تێدەگـەم.» لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە دیاریکـراوی بەرەوڕووبوونـەوەی ئـەم ترسـییانە دەبینـەوە بـە بەڵێنـی سـەرکەوتووانەی یەکـەم نامـەی تیمۆسـاوس ٢: ١٥، بـەم شـێوەیە دایدەڕێژینـەوە: «هەرچەنـدە ژن پێویسـتی بـە تێپەڕاندنـی پاشـماوەی ئازاربەخشـی نەفرەتەکـە هەیـە کـە لـە بەشـی سـێیەمی سـیپارەی پەیدابـوون هاتـە سـەر منداڵبـوون، بـەڵام نابێـت ئـەم ئـازارە وەک نەفرەتـی خـودا لـە مەسـیحدا ببینێـت، بەڵکـو دەبێـت بـەردەوام بێت بـە بـاوەڕ و خۆشەویسـتی و پیـرۆزی و خۆجڵەوگیرییـەوە، وە بـەم شـێوەیە ڕزگاری تـەواوی خـودا

a ئەڵقەی ١٣٢٦: «بۆچی منداڵم ببێت ئەگەر ڕەنگە چارەنووسی دۆزەخ بێت؟» (٥ی نیسانی ٢٠١٩).

ئەزموون بکات.» مەسیح بەسەر هەموو کارەساتێکی ئەگەری لە ژووری منداڵبوونداا زاڵ بووە. دەرەنجامەکەی: «هەرچەندە منداڵبوون هێشتا قورسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە مەسیحدا تێیدەپەڕێنیت.» بە دڵنیاییەوە. هەمان بەڵێن لە یۆحەنا ١٦: ٢١ دەنگ دەداتەوە -«ئازاری منداڵبوون بۆ خۆی ئامانج نییە. بە نیعمەتی خودا لە مەسیحدا، دەبێتە هۆی خۆشییەکی زۆر، هەروەک ئەوەی زیندووبوونەوە لەدوای ئازارەکانی عیسا خۆشی دەهێنێت.»[a]

دەربارەی ترسی تێکچوونی منداڵەکانمان

ژنێکی دیکەی گەنج لە منداڵبوون دەترسێت، بەڵام لەوەش زیاتر لە خراپبوونی منداڵەکانی و لە بەردەوامبوونی تێکچوونی کردار و گوناهەکانی خۆی لەواندا دەترسێت.

ئەو نایەوێت «دڵیان تێکبچێت.» هیچ ئاموژگارییەکت هەیە؟

دەکرێت زۆر شت بگوترێت، بەڵام پێنج شکۆمەندی هەیە بۆ دایکایەتی.

١. جەستەی شکۆمەند. منداڵەکە لە ناو سکی دایکەوە سەرچاوە دەگرێت و بۆ ماوەی نۆ مانگ بەردەوام دەبێت، پاشان، «لە زۆربەی کەلتوورەکاندا، بۆ ماوەی یەک یان دوو ساڵێکی دیکە بەردەوام لە مەمکەکانی خۆراک وەردەگرێت.» دایک دەبێت «بەردەوام سەرسام بێت» بەو داڕشتنەی خودا بۆ خۆی و منداڵەکەی. ئەمانە «شکۆمەندی کەوتوو، شکۆمەندی ناتەواو، شکۆمەندی گەندەڵە، چونکە هەم ڕۆحمان و هەم هەموو سروشت بەهۆی گوناهەوە کەوتوونەتە ژێر حوکمدانی خوداوە. بەڵام هێشتا شکۆمەندییەکان دەدرەوشێنەوە، وە لە مەسیحدا دەبێت لەخۆمانی بگرین و هەتا دەتوانین لە گڵاوبوونی کەوتنە ناو گوناە ڕزگاریان بکەین.» یەکەمین ژن -حەوای دایکی هەموو زیندووان- هەتا دوای کەوتنە ناو گوناە نەبووە «سەرچاوەی هەموو ژیانی مرۆڤەکان» (پەیدابوون ٣: ٢٠). خودا دەیتوانی بە شێوەیەکی جیاواز ئەم کارە بکات. ئەو نەیکرد. وە پۆڵس لە یەکەم کۆرنسۆس ١١: ١١-١٢ دووبارە باسی گرنگییەکەی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیسەڵێنێت کە «هەر پیاوێک کە هەتا ئێستا ژیاوە، هەرچەندە بچووک بێت یان گەورە، بۆ ژیانی خۆی قەرزاری ژنێکە، دایکی.»

٢. کاری دروستکردنی شکۆمەندی. زەبوورەکان باس لە شکۆمەندییەکانی دووگیانی دەکات بۆ ئەوەی ئاشکرای بکات «کە سکی ئەو تەنها قۆزاخێکی سروشتی نییە، بەڵکو شوێنی پیرۆزی کاری دەستی کەسیی خودایە» (زەبووری ١٣٩: ١٣-١٤). ئەو

---

a ئەڵقەی ١٣٦٦: «من لە منداڵبوون دەترسم -ئایا هێشتا پێویستە لە هاوسەرگیری بەردەوام بم؟» (٨ی تەممووزی ٢٠١٩). هەروەها بڕوانە جۆن پایپەر، «چۆن ژنان لە ڕێگەی منداڵبوونەوە ڕزگاریان دەبێت؟ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە یەکەم تیمۆساوس ٢: ١٥»، خواستی خودا، ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤، www .desiring god .org https://.

لەوێدا «مرۆڤێکی هەتاهەتایی پێکدەهێنێت وەک ئەوەی لە نزیکەوە پەنجەکانی بەکاربهێنێت و بە دەرزییەکانی بیچنێت -وە ئەمەش شکۆمەندییەکی گەورەیە.»

٣. کاریگەری دارشتنی شکۆمەند. دایکێک بە درێژایی ساڵان فێرکارییە ژیانبەخشەکانی لەگەڵ منداڵەکانی هاوبەش دەکات (پەندەکان ١: ٨-٩). «کاریگەرترین کەسانی جیهان دایکانن، ڕەنگە لە هەموو جیهاندا هەزاران پیاو بگەنە پێگەی دەسەڵات. هەموویان لە سکی دایک و کاریگەری دایکانەوە هاتوون، تەنانەت پاشا و سەرۆکەکانیش.»

٤. ڕێزێکی شکۆمەندانە. بەڕاستی منداڵان داوایان لێ دەکرێت بۆ ئەوەی دایکیان شکۆمەند بکەن بەهۆی هەموو ئەو کارە بەڕێز و شکۆمەندانەی کە لە لەدایکبوون و کاریگەرییەکان لەسەریان هەیانبووە (ئەفەسۆس ٦: ١-٢).

٥. خەم و پەژارە شکۆمەندەکان. ئەو «خەمانەی کە هەموو دایکێک لە منداڵبوون و پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا تووشی دەبێت، خەمێکی شکۆمەندانە دەبن. وە ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە کە کاتێک دایکێک خەم و پەژارەی هەیە -تەنانەت دەربارەی دووركەوتنەوە لە خودا، وازهێنان لە خێزانەکە، لەلایەن منداڵێکەوە- کاتێک دایکێک خەمێکی لەو جۆرەی هەیە، ئەمە خەمێکی شکۆمەندە، چونکە ئەمە بەشداریکردنە لەو خەمانەی کە عیسا خۆی لەو خاڵەدا خۆی وەک دایکێک لێکردووە» (مەتا ٢٣: ٣٧).

کەواتە «هان بدرێ» بۆ داهاتوو و متمانە بە بەڵێنەکانی خودا بکە سەبارەت بە دایکایەتی. وەک دایکێک لە مەسیحدا خودا هەموو پێداویستییەکانت دابین دەکات (فیلیپی ٤: ٩). وە وەک دایکێک نیعمەتەکەی بۆت زۆر دەکات بۆ هەموو ئەو کارە چاکانەی کە بانگ دەکرێیت بۆی (دووەم کۆرنسۆس ٩: ٨).[a]

سەرەڕای ئەوەش، هیوایەک هەیە بۆ ئەو دایک و باوکە گەنجانەی کە هەوڵ دەدەن لە ماڵە هەڵوەشاوەکەی منداڵیی خۆیان بحەسێنەوە. بۆ ئەوانەی لە خێزانە هەڵوەشاوەکان گەورە بوون، ڕابردوویان حوکمی داهاتوویان ناکات.[b] بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری هاوسەرگیری سکپڕ دەبن، دەتوانیت لە مەسیحدا «ببیتە کەسێکی گەورە.»[c]

دەربارەی نەزۆکی

ئازاری نەزۆکی قووڵ و ڕاستەقینەیە، بەڵام خودا سەروەرە و «داناییەکەی بێ سنوورە» و «کاتی ئەو و بەخشین و ڕاگرتنی هەمووی بە داناییێکی بێکۆتایی ئەنجام دەدات، ئەو

a ئەڵقەی ٩٩٣: «چی ئەگەر ژیانی منداڵەکانم بشێوێنم؟» (٢٣ی کانونی دووەمی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ٧٢٠: «ئایا دەکرێت ژیانم تووشی گوناه، جادوو، یان نەفرەتی باوباپیرانم بووبێت؟» (٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥) وە ئەڵقەی ١٦١٢: «هیوا بۆ منداڵان لە خێزانە هەڵوەشاوەکان» (١٢ی نیسانی ٢٠٢١).

c ئەڵقەی ٩٧٦: «ئایا دووگیانی پێش هاوسەرگیری گوناهە؟» (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦).

ژیانمان لە قاڵب دەدات و ڕێنمایی دەکات بۆ چاکەی ئێمە و بۆ شکۆمەندی ناوی خۆی.» نوێژ بکە لەپێناو پەرجووێک. وە ئەگەر وەڵام نەداتەوە، ئەوا پێشێلکردنی بەڵێنەکان نییە بۆ کەسە ڕاستودروستەکان لە زەبووری ٨٤: ١١. لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکەیت، سەرەتا داوای شانشینی خودا بکە. متمانەت بەوە هەبێت کە تەنانەت لەم ئازارەشدا خودا چاکە. ئەو بە بەڵێنەکانی ئیشایا ٥٦: ٣-٥ دڵنەوایی نەزۆکەکان دەکات. «باوەڕ ئایەتێکی لەو جۆرە وەردەگرێت و دەڵێت باشە کە تۆ بێبەشت کردووم لە کوڕ یان کچێک کە هیواخوازی بووم. تۆ ناوێک و یادەوەرییەکم پێدەدەیت کە لە کوڕ و کچ باشترە.» ئەوە بە ڕاستی سەرسوڕهێنەرە. وە پێموایە دەبێت بە تۆندی دەستی پێوە بگرین، عیسا هەرگیز منداڵی نەبوو، وە پۆڵس هەرگیز منداڵی نەبوو، من دڵنیام کە ئەوان تەماشای منداڵانیان کردووە و بیریان کردۆتەوە: «ئای لەم خۆشییەی کە هیواخوازم هەمبێت.» بەڵام خودا هاوسەرگیری و منداڵی بەو دوو پیاوە نەدا و لەبری ئەوە، یادەوەری و ناوێکی پێبەخشین هەم لەم ژیانەدا و هەم لە ژیانی داهاتوودا، باڵاترینن.»[a]

ئیشایا ٥٦: ٣-٥ بەڵێنێکی قوواڵە بۆ ئەو کەسانەی کە هەرگیز هاوسەرگیری ناکەن، وە بۆ ئەو هاوسەرانەی کە هەرگیز دووگیان نابن. خودا ناو و میراتێکی هاتاهەتایی بۆ تۆ هەیە کە لە هاوسەرگیری و کوڕ و کچەکانی خۆت باڵاترە.[b]

ئایا باوەڕداران بە مەسیح دەبێت لە ڕێگەی منداڵی بلورییەوە دووگیان بن؟

کرداری شێوازە ئاساییەکانی پیتاندنی دەرەکی بلووری (IVF) هۆکاری لەبارچوونە و وێرانکەرترن لە بێ منداڵی. «پێموانییە بێ منداڵی ببێتە هۆی ئەو جۆرە کاریگەرییە زیانبەخشانەی کە لە هەنگاوە بەرفراوانەکانەوە هاتوون بەرەو جۆرەها جۆری منداڵبوون و پیتاندنی دەستکردی زاوزێ لە دەرەوەی منداڵدانی دایکدا، بۆ نموونە، ئەمانە لە سێ چارەکە ملیۆن «منداڵانی بەستوون» کە دایک و باوکی سروشتییان نایانەوێت، باسی کاریگەرییە زیانبەخشەکانی دیکە ناکەم. بەڵام گوناە نییە. وێرانکەری ژیانی مرۆڤ نییە، وە نیعمەتێکی گەورە هەیە کە خودا بۆ بێ منداڵەکان هەیەتی.»[c]

ئەم جۆرە ڕێکارانەی منداڵ بلووری، بەخشینی هێلکە، بەخشینی سپێرم و منداڵدانی جێگرەوە («بەکرێگرتنی منداڵدان») -پێویستی بەوپەڕی وریایی هەیە. لە ئەنجامدا بووەتە «تەواوی پیشەسازییەکی جیهانی دروستکردنی منداڵ، کە پرسیاری ڕەوشتی و پزیشکی بێ وەڵامی هەیە.» لە دوای ئەوە ڕێکارەکانی لەباربردن و کۆرپەی بەستوو («کۆرپە

a ئەڵقەی ٤٦: «چاودێری بۆ ئەو هاوسەرانەی گرفتی نەزۆکییان هەیە» (١٣ی ئازاری ٢٠١٣)
b ئەڵقەی ٩٨٤: «ئایا هەتا کۆتایی ژیانم سەڵت دەبم؟» (٢ی کانونی دووەمی ٢٠١٧).
c ئەڵقەی ١١٦٥: «ئایا تەکنەلۆژیاکانی زاوزێ دژی داڕشتنی خودایە؟» (٢٨ی شوباتی ٢٠١٨).

بەستووەکان») کە فڕێدەدرێن یان چاوەڕوانی لەخۆگرتنن. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری شێوازەکە، «دروستکردنی کۆرپەی مرۆڤ بە تەواوی کاری خودایە، هیچ باوکێک بڕیار نادات کە ئایا کۆرپەکەیان مرۆڤە یان نا. وە هیچ پزیشکێک، کە هەموو پارچەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، بڕیار نادات داخوا ئەم منداڵە مرۆڤە. کێ ئەمە دەکات؟ خودایە کە ئەمە دەکات» (ئەیوب ١٠: ١١-١٢؛ ٣١: ١٣-١٥؛ زەبووری ٧١: ٦؛ ١٣٩: ١٣-١٤؛ ژیرمەندی ١١: ٥؛ یەرمیا ١: ٥). سەروەری خودا بەسەر خاچدا هەمان ئەو سەروەرییەیە کە ژیانی نوێی مرۆڤ دەهێنێتە ئاراوە، تەنانەت لە ڕێگەی شێوازی ناسروشتیشەوە. «ئەگەر خودا بتوانێت هیرۆدس و پیلاتۆس و سەربازە دڕندەکانی ڕۆمانی و جووە بێباوەڕەکان ڕێکبخات بۆ ئەوەی گەورەترین ڕووداوی ژیانبەخش ڕووبدات کە هەتا ئێستا ڕوویداوە -مردن و زیندووبوونەوەی عیسا- ئەوا دروستکردنی کۆرپەی مرۆڤ لە مرۆڤە گوناهبارەکان کێشە نییە. تەنها خودا ژیانی مرۆڤ دروست دەکات، ئامرازەکان هەرچییەک بن. وە «خودا زۆرجار گەمژەیی و تەنانەت خراپەکاریش بەکاردەهێنێت بۆ بەدیهێنانی جوانی.»[a]

بە لەبەرچاوگرتنی کارەساتی کۆرپەلە فڕێدراوەکان، وەرگرتنی کۆرپەلە بژاردەیەکی ڕەوایە بۆ ئەو مەسیحییانەی پشتگیری دژە لەباربردن دەکەن.[b] بەڵام بڕیارێکی قورسە. بوونی «٧٥٠ هەزار منداڵی بەستوو» لە ئەمریکا کە زۆربەیان ڕۆژێک فڕێ دەدرێن، «کارەساتێکە» کە لە ئەنجامی ئارەزوو و پەیڕەوکردنی «ناژیرانە و هەندێکجار گوناهبارانە»ی هاوسەرە بێباکەکانە کە چارەسەری منداڵی بلووری بە خراپ بەکاردەهێنن. دەبێت (١) ڕووبەڕووی هۆکارە بنەڕەتییەکانی کۆرپەلە فڕێدراوەکان ببینەوە، لە هەمان کاتدا (٢) کاریگەرییە نەرێییەکانی کارەساتەکە لە ڕێگەی لەخۆگرتنەوە کەم بکەینەوە.[c]

بۆ ژنێکی گەنج کە لە ڕێگەی منداڵی بلووریەوە لە باوکێکی بایۆلۆژییەوە دووگیان بووە کە هەرگیز چاوی پێی نەکەوتووە، چونکە هەرگیز بە نیازی ئەوە نەبووە بەشێک بێت لە ژیانی، بزانە کە زۆرێک لە منداڵان بە شێوەیەک لەدایک دەبن کە کەمتر لەوەی نموونەیی بێت. هەندێکیان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زاوزێوە دروست دەکرێن لەگەڵ بەخشەرێک کە لە داهاتوودا هیچ گرنگییەک بە منداڵەکە نادات. وە زۆر کەسی دیکەش بەهۆی «ڕووداو»ی دەستدرێژی سێکسی، سێکسی هەڕەمەکی، یان لەو هاوسەرانەی کە بەنیازی سکپڕی نین (یان نایانەوێت) لەدایک دەبن. منداڵان بە زۆر هۆکارێکی باش و خراپەوە تووشی لەخۆگیرانەوە دەبن، وە زۆرێک لە منداڵان هەرگیز دایک و باوکی بایۆلۆژی خۆیان ناناسن. چیرۆکی ڕەچەڵەکی تۆ هەرچییەک بێت، هەموومان لە گوناهدا بە سکی دایکمان

a ئەڵقەی ١٤٥٠: «ئایا کۆرپەی بلوریش لەلایەن خوداوە پێکهاتووە؟» (٢٣ی ئازاری ٢٠٢٠).
b ئەڵقەی ١٧٦٨: «ئایا لایەنگرانی ژیانی کۆرپەلە پێویستە کۆرپەلە لەخۆبگرن؟» (١١ی نیسانی ٢٠٢٢).
c ئەڵقەی ١٧٦٨: «ئایا لایەنگرانی ژیانی کۆرپەلە پێویستە کۆرپەلە لەخۆبگرن؟» (١١ی نیسانی ٢٠٢٢).

کەوتووین، بەرهەمی گوناهبارانی دیکەین (زەبووری ٥١: ٥). هەموومان هاوبەشی ئەم کێشە بنەڕەتییەین. لەگەڵ ئەوەشدا، بە نیعمەت، «خودا بە تامەزرۆییەوە لەخۆیمان دەگرێتەوە، لەگەڵ کوڕە هەتاهەتاییەکەی، عیسای مەسیح، ئێمە دەکاتە منداڵ و میراتگری خۆی.» نیعمەتی لەخۆگرتنی ئەو پێشکەش بە هەموومان دەکرێت (ڕۆما ٨: ١٦-١٧؛ ئەفەسۆس ١: ٤-٧). «ئەمە ئەو ڕاستییە پتەوە، چەسپاوە، هەمیشە ڕەوا، هەمیشە جێی متمانەیە دەربارەی تۆ بە بەراورد بەو خەمەی کە وا بیر دەکەیتەوە دایک و باوکی بایۆلۆژیت وەک کالایەک مامەڵەیان لەگەڵ کردوویت، کە خەمێکی ڕاستەقینەیە -بە بەراورد بە خەمی ئەو بیرکردنەوە و ئەو ڕاستییە، ئەو ڕاستییەی کە خودا وەک کچی خۆی ئارەزووی تۆی کردووە و تۆی بە نرخی ژیانی کوڕەکەی کڕیوە، هەزار جار بەهادارتر و گرنگترە.»[a]

ئایا گوناهی من هۆکار بووە بۆ لەبارچوونمان؟

پیاوێک ڕادەستی هەوەس بوو، ئێستا پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا بەکارهێنانی بابەتی بەدڕەوشتی بووەتە هۆی لەبارچوونی ژنەکەی؟ دەبێت وەڵامی چوار پرسیار بدرێتەوە.

١. ئایا خودا منداڵەکانی تەمبێ دەکات؟ بەڵێ، خودا ئەو منداڵانە تەمبێ دەکات کە خۆشیدەوێk (عیبرانییەکان ١٢: ٥-٦). وە خودا هەروەها تەماشای منداڵەکانی دەکات وەک کەسێکی تەواو و کامڵ (عیبرانییەکان ١٠: ١٤). کەواتە «خودا دەتوانێت تەماشای منداڵەکانی بکات هەم وەک ئەوەی کە مەسیحدا تەواو و کاملن و هەم لەم ژیانەدا پێویستیان بە تەواوەتی هەیە. وە پێویستە بە بوێرییەوە کارە بە ئازار و تەواوکەرەکانی ئەو وەربگرین، وەک بەڵگەیەک کە ئێمە تەواو و کامڵ بووین.»

٢. ئایا تەمبێکردنی خودا مردنی جەستەیی لەخۆدەگرێت؟ بەڵێ، لە دوا کاری خۆیدا کە بۆ تەواوکردنی ئێمەیە، ڕەنگە ژیانی جەستەییمان کورت بکاتەوە (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٩-٣٢). لەم حاڵەتەدا، مردنی پێشوەختەی مەسیحییەکی ڕاستودروتکراو «تەمبێکردنی ڕزگاریی لە مەحکومکردن. خودا دەیباتە دەرەوە بۆ ئەوەی لەلایەن شەیتان و گوناهەوە دەرنەچێت و نەچێتە دۆزەخەوە.» کەواتە ڕێگاکانی خودا «نابێت بە کەم بزانرێت و لێیان کەم بکرێتەوە.»

٣. ئایا تەمبێکردنی خودا بۆ ئێمە دەکرێت ببێتە هۆی مردنی کەسێکی ئازیزمان؟ بەڵێ، وەک لە ئاکامی گوناهی داود لەگەڵ بەتشەبع و مردنی کوڕە تازە لەدایکبووەکەیان دەبینرێت (دووەم ساموئێل ١٢: ١٤). «بە دڵنیاییەوە دەڵێم لە ژیانی خۆمدا ئازاربەخشترین و سەختترین تەمبێکردنم لەلایەن پەروەردگارەوە بە

a ئەڵقەی ١١٦٥: «ئایا تەکنەلۆژیاکانی زاوزێ دژی داڕشتنی خودایە؟» (٢٨ی شوباتی ٢٠١٨).

بەردەوامی لە ڕێگەی ئازار و سەختییەکانەوە بووە -وە هەندێک جاریش مردنی ئەوانەی خۆشم دەوێن، نەک لە ڕێگەی لێدانێک لە جەستەی خۆم.» بەڵام هەتا ئێستاش زۆر قورس دەمێنێتەوە کەوا لە مەبەستەکانی خودا تێبگەین. «نازانم ئەو هاوڕێیەی ئێمە کە ئەم پرسیارەی نووسیوە، منداڵەکەی بە لەبارچوونێک لەدەستداوە وەک تەمبێکردنێکی ڕاستەوخۆ لەلایەن خوداوە بووە بەهۆی بابەتی بەدڕەوشتییەوە. نازانم، ئەم پیاوە نازانێت. دەزانم لە لەدەستدانی منداڵەکە، خودا دەیەوێت بێفیزییەکی نوێ و ملکەچبوونێکی نوێ و باوەڕێکی نوێ و پاکییەکی نوێی پێبدات، لەڕێگەی ئازاری ئەم لەدەستدانەیەوە.»

٤. ئێستا چی دەکات؟ ئەم دۆخە زۆر نادڵنیایی لەخۆدەگرێت، «بەڵام ڕێگای گوێڕایەڵی ئینجیل نادڵنیایی نییە. ڕاستی شکۆمەندی ئینجیل ئەوەیە کە هەرگیز پێویست ناکات دڵنیا بین لەوەی کە ئایا ئازارێکی دیاریکراو بەهۆی نافەرمانییەکی دیاریکراوەوەیە.» ئێمە وازمان لێ نەهێناوە بۆ ئەوەی خۆمان ئەمە بزانین. «من لەم ساڵانەدا مامەڵەم لەگەڵ زۆر کەسدا کردووە کە بە تامەزرۆییەوە دێنە ناو نووسینگەکەمەوە، بۆ ئەوەی بزانن ئایا هەندێک پەیوەندی هەیە لە نێوان هەندێک ئازار و هەندێک گوناە. وە هەمیشە بەو ڕاستییە دەست پێدەکەم و کۆتایی پێدەهێنم کە پێویست ناکات ئەوە بزانیت. هۆکاری ئەوەی کە پێویست ناکات دڵنیا بین لەو بارەیەوە، ئەوەیە کە لێخۆشبوونی ئینجیل و ڕاستودروستی ئینجیل کە لە ڕێگەی باوەڕبوون بە مەسیح هەیە، پەیوەست نییە بەو دڵنیاییەی تێگەیشتنەوە.»

کەواتە، ئەم پیاوە دەبێت «واز لە خەمی ئەوە بهێنێت کە ئایا فلمەکەی بەدڕەوشتی هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەم لەبارچوونە بووە یان نا،» چونکە ناتوانێت چاوەڕوانی «وڵامێکی دڵنیا» بێت بۆ ئەم پرسیارە، «تەنها ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی ئاشکرای بکات.» بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ئەنجامەکە وەک یەکە. «یەزدان دەیبەخشێت و یەزدان بردویەتییەوە. وە خواستی میهرەبانی خودا بۆ هاوڕێکەمان ئەوەیە کە خودا بپەرستێت. شکۆداری بۆ خودا. (ئەیوب ١: ٢١) بە قوواڵی ستایشی خودا بکە، وەک ئەوەی ئەیوب کردی.»[a]

a ئەڵقەی ٩٦٣: «ئایا هەوەسی من بووە هۆی لەبارچوونی منداڵەکەمان؟» (١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦). سەبارەت بە گۆڕینی زاراوەی «ئاللوودەبوون" بۆ «زێدەڕۆیی گوناهبار»، بڕوانە ئەڵقەی ٥٣٠: «نرخی ڕاستەقینەی وێنە و ڤیدیۆی بەدڕەوشتی» (١١ی شوباتی ٢٠١٥) (لەبارەی ئاللوودەبوون بە ڤیدیۆی بەدڕەوشتی)، ئەڵقەی ٦٥٧: «چۆن لە نێوان دوو شتی باشدا یەکێکیان هەڵبژێرم؟» (٧ی ئابی ٢٠١٥) (لەبارەی ئاللوودەبوون بە میدیای دیجیتاڵی و مۆبایلی زیرەک)، ئەڵقەی ١٣١٤: «چۆن لە ئاللوودەبوونم لە کات بەسەربردن ڕزگاربم؟» (١٨ی شوباتی ٢٠١٩). (دەربارەی ئاللوودەبوون بە ئەتاری و سەرگەرمی)، بروانە ئەڵقەی ١٧٠٢: «دەربارەی جگەرە و ڤەیپ و نیکۆتین» (٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١) (دەربارەی ئاللوودەبوون بە نیکۆتین و ڤەیپ و جگەرە کێشان).

ئایا هاوسەرگیری شایەنی ئەو کێشەیەیە؟

پۆڵس دەڵێت: «هاوسەرگیری بکەن، ماتەمینی بکەن، شاد بن، بکڕن، بە جۆرێک لە دابڕان مامەڵە لەگەڵ جیهان بکەن، چونکە ئەمە جیهانێکی ناسکە و تەمەنی کورتە» (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢٩-٣١). کەواتە «لێرە لەم دونیایەدا ڕەگ و ڕیشەی خۆت زۆر قووڵ دامەکوتە، چ دڵخۆشی بێت یان دڵتەنگی.» لەم چوارچێوەیەدا، پۆڵس باس لە هاوسەرگیری دەکات. پۆڵس خۆی «حەز دەکات کە سەڵت بێت لەپێناو خزمەتکردن» و ڕاماندەسپێرێت ئێمەش وا بکەین (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢٦-٢٨). دووپاتی دەکاتەوە کە هاوسەرگیری خودا دڵخۆش دەکات، بەڵام خێزانداڕەکان تەنگانەی زیاتریان هەیە. ئەم خاڵە دووڕیانێکی نامۆ دەوروژێنێت. پۆڵس سەڵت بوو و لە ژیانی تووشی هەموو جۆرە تەنگانەیەک بوو، بۆیە «بە ڕوونی مەبەستی ئەوە نییە کە کەسی سەڵت لە تەنگانە بەدوور دەبێت،» چونکە «هەفتەیەکی دووجار لە زیندان بوو،» کەشتییەکی نوقم بوو -ژیانێکی بێ هاوسەرگیری کە «بارگرانییەکی زۆری لەسەر بوو.» پۆڵس دەیەوێت مەسیحییەکان لە دڵەڕاوکێی دونیا ڕزگاریان بێت، بەڵام گرنگی بە شانشینی خودا بدەن (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣٢). کەواتە پۆڵس سێ بەراوردی دژبەیەک بەکاردەهێنێت کە لە کۆتاییدا واتای ئەوە نییە کە ئێمە پێمان وایە مەبەستیەتی. کاروبارەکانی پەروەردگار (ژیانی سەڵتی)؛ کاروبارەکانی جیهان (ژیانی هاوسەرگیری). ڕەزامەندی پەروەردگار (ژیانی سەڵتی)؛ ڕەزامەندی ژن (ژیانی هاوسەرگیری). هەوڵدان بۆ پیرۆزی لە جەستە و ڕۆحدا (ژیانی سەڵتی)؛ ڕەزامەندی مێرد (ژیانی هاوسەرگیری). ئەم سێ دژبەیەکییە «تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی پۆڵس لە شوێنێکی دیکە فێری دەکات، تەنانەت لەم نامەیەشدا، بە ڕادەیەک کە دەزانین مەبەستی ئەوە نییە کە لە سەرەتادا پێدەچێت مەبەستی بێت.» هاوسەرگیری دونیایی بێهودە نییە. مێرد لە ڕازیکردنی خودا نەوەستاوە کاتێک دڵی ژنەکەی ڕازی دەکات. وە ژنیش بە دڵخۆشکردنی مێردەکەی ناپیرۆز نابێت. کەواتە مەبەستی ئەو چییە؟

لە کۆتاییدا، پۆڵس «داوای تەرخانکردنێکی ڕیشەیی دەکات بۆ پەروەردگار کە بەهۆی داواکارییەکردارییەکانی هاوسەرگیرییەوە ڕێگری لێ ناکرێت.» بۆیە پۆڵس دەیەوێت «خەڵکێکی زۆر سەڵت بن بەهۆی سروشتی پێویستییەکانی خزمەت و تەنگانەی کاتەوە.» بەڵام بۆ ئەوانەی کە هەڵدەبژێرن هاوسەرگیری بکەن، پۆڵس دەقێکی دیکەی نایابی هەیە -لێرەدا لە یەکەم کۆرنسۆس ٧ نییە. «بۆ ئەوە دەبێت بچیتە بەشی پێنجی نامەی ئەفەسۆس. وە کاتێک دەچیتە ئەوێ دەبینیت شکۆدارە.»[a]

a ئەڵقەی ٥٨٤: «ئایا هاوسەرگیری بۆ هەمیشە بێسوودە؟» (٢٨ی نیسانی ٢٠١٥).

ئایا گوناهی هاوسەرەکەم کۆتایی بە هاوسەرگیریمان دەهێنێت؟

پرسیارەکە لە ژنێکەوە هاتووە، هاوسەرگیری لەگەڵ مێردێک کردووە بەکارهێنەرێکی خراپی بابەتی بەدڕەوشتییە.

«وەڵامی من نەخێرە. ململانێ یان سەرگەرمی هاوسەرەکەت لەگەڵ بابەتی بەدڕەوشتی، هۆکار نییە بۆ کۆتاییهاتنی پەیمانی هاوسەرگیری. هەروەها دەمەوێت بڵێم سازشکردنی ژنێک لە بابەتی بەدڕەوشتی، هۆکار نییە بۆ کۆتاییهاتنی پەیمانی هاوسەرگیری.» بۆچی ناڵە لەبەر چوار هۆکار. (١) هاوسەرگیری یەکگرتنی پەیمانە (پەیدابوون ٢:٢٤؛ ئەفەسۆس ٥: ٣٢). ئەوپەڕی «بەهێزی پەیمانە»، «نموونەیەکە بۆ چۆنیەتی پەیوەستی مەسیح بە کڵێساکەیەوە لە پەیوەندی پەیمانی نوێدا. بەڕاستی، ئەو زۆر پەیوەستە بە کڵێساکەیەوە.» (٢) هاوسەرگیری لە ئاسماندا خودا بە یەکی بەستوەتەوە (مەرقۆس ١٠: ٩). لە پەیمانی هاوسەرگیریدا، شتێکی لە دەرەوەی چاڵاکیی مرۆڤ ڕوودەدات. «خودا هاوسەرگیرییەک دروست دەکات،» لە دادگاکانی ئاسماندا بەستراوەتەوە. (٣) پەیوەندی پەیمان هەتا مردنی جەستەیی دەمێنێتەوە (ڕۆما ٧: ٢-٣). (٤) «هاوسەرگیری لە یەکگرتنی جووتبوونداتەواو دەبێت،» لەوەی ئەو دووانە دەبن بە یەک جەستە (پەیدابوون ١: ٢٨؛ ٤: ١؛ مەتا ١٩: ٥؛ یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢-٣).

لەگەڵ هاتنەدی ئەم چوار خاڵە، پێویستە ژن و مێرد هاوسەرگیرییەکەیان بپارێزن «سەرباری هەموو سەختییەک.» مرۆڤ نابێت ئەوە جیا بکاتەوە کە خودا بە یەکتری گەیاندووە (مەرقۆس ١٠: ٩). جیابوونەوە قەدەغەیە (مەرقۆس ١٠: ١١-١٢؛ یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١٠-١١). کەواتە «کاتێک نەزری پەیمان دەدەین -«بە باش یان بە خراپ»- مەبەستمان ئەوە نییە، «لە باش یان خراپ ئەوە نییە مەگەر فیلمی بەدڕەوشتی نەبێت.» مەبەستمان ئەوە نییە کە «بە باش یان بە خراپ مەگەر نەبیتە کەسێک کە هەرگیز خەونم پێوەی نەبینیوە.» بەڕێزان ئەمە نزیکەی بەسەر هەموو کەسێکدا دێت. ژن و مێرد وەک خۆیان نامێننەوە. پێمواییە هەر بۆیە قوتابییەکان گوتوویانە: «ئەگەر حاڵی پیاو لەگەڵ ژن وابێت، باشترە ژن نەهێنێت!» (مەتا ١٩: ١٠).

بەڵام ئەو مێردەی کە تووشی تەماشاکردنی فیلمی بەدڕەوشتی دەبێت «گوناهێکی گەورە لە دژی خودا و لە دژی ژنەکەی دەکات،» وە پێویستی بە سەرزەنشتکردن هەیە لەلایەن پیاوانی ناو کڵێساکە. ژن هەرگیز نابێت هەست بە گیرخواردن یان گۆشەگیری بکات بەهۆی گوناهی مێردەکەیەوە. «هاوسەرگیری تەڵە نییە.»[a]

---

a ئەڵقەی ١٦٥: «ئایا تەماشاکردنی ڤیدیۆی بەدڕەوشتی بەدڕەوشتی لەلای هاوسەرەکەم بەربەستە لەبەردەم گرێبەستی هاوسەرگیری؟» (٤ی ئەیلوولی ٢٠١٣).

بۆ هاوسەرێک کە بیر لە تەڵاق دەکاتەوە

«هیچ شتێک بەقەد بێهیوایی درێژخایەنی هاوسەرگیری لەسەر دڵ قورستر نییە.»[a] بەڵام بەداخەوە، پێدەچێت ئازارەکانی جیهان لە خێزانەکاندا چڕ ببێتەوە. ئەوە «بەهای خۆشەویستی پەیمانبەستن و پاراستنی پەیمانە، عیسا ژیانی خۆی بەخشیوە بۆ ئەوەی لەو جۆرە پەیوەندییەدا بێت. بۆیە من هەرگیز سووکایەتی بەو جۆرە ئازارە ناکەم کە دەکرێت لە پەیوەندییەکی باوکایەتی یان هاوسەرگیریدا بەردەوام بێت.» بەڵام «ڕێگای هیوا ڕێگای تەڵاق نییە.» پەیمانی هاوسەرگیری ناشکێت، چونکە «هاوسەرگیری لە سەرەتاوە لەلایەن خوداوە وەک وێنەیەک یان دەربڕینی خۆشەویستی پەیمانپارێزی مەسیح و کڵێساکەی دروستکراوە» (ئەفەسۆس ٥: ٢٢-٣٣).

بانگەوازی جۆن پایپەر، کە بە درێژایی ساڵان «بێشومار» بە ژنان و پیاوان ڕاگەندراوە: «تەڵاق وەک چارەسەرێک لە مێشکتدا دوور بخەوە، بیری لێ مەکەوە. بە خۆتان بڵێن، لە ڕاستی مەسیحدا، بە هێزی ڕۆحی پیرۆز: "ئەمە بژاردەیەک نییە. من بەدوای ئەمە ناکەوم. ڕەنگە بەسەرمدا بسەپێنرێت، بەڵام من بەدوایدا ناڕۆم." نەتەوێت. نوێژ بکە و بە ئاراستەیەکی دیکە کار بکە.»

ڕەنگە تۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ هاوسەرێکی ناپێگەیشتوو کردبێت، وە لەم بڕیارە ناپێگەیشتووەتدا «گوناهت کردووە کە ڕێگا بۆ ناو ئەم هاوسەرگیرییە داناوە.» ڕەنگە ئەمە ڕاست بێت، «بەڵام ئێستا کە هاوسەرگیریت کردووە، ئەم پیاوە بووەتە پیاوی خودا بۆ تۆ.» بە پەشیمانییەوە ئاوڕ لە دواوە مەدەوە؛ «تەماشای عیسا بکە وەک ئەو کەسەی کە ئێستا و دواتر بە شێوەیەکی بێئەندازە تێرت دەکات. باوەڕت هەبێت کە ڕێگای خەونە ونبووەکان لەم ژیانەدا ڕێگای گەورەترین خۆشییە.» هاوسەرگیری بۆ بەرزکردنەوەی بەختەوەری زەمینی نییە، بەڵکو بۆ بەرزکردنەوەی بەختەوەری هەتاهەتاییە. ئێمە شاد دەبین، تەنانەت لە نێو ئازارەکانی ژیانیشدا، چونکە ئەو گرفتانە وێنای کاری خودا دەکەن لە ئێمەدا، کە چاکەی هەتاهەتاییمان دەهێنێتە ئاراوە. کەواتە «ڕەنگە هاوسەرگیری بە هەزار تەنگانە بێهیوا بکات، بەڵام گوێڕایەڵی پڕ لە هیوا بۆ خودا هەرگیزاو هەرگیز بێ هیوامان ناکات» (ڕۆما ٥: ٣-٥).

ژنێک کە تەرخانکراوە بۆ گۆڕینی مێردەکەی بەلاڕێدا ناچێت. ئەمە ڕێنمایی پەترۆسە بۆ ئەو ژنە باوەڕدارەی کە لەگەڵ پیاوێکی بێباوەڕ هاوسەرگیری کردووە (یەکەم پەترۆس ٣: ١-٦). هەوڵی گۆڕان بدە، بەڵام سەرنجت لەسەر گۆڕانەکە نەبێت. کار بکە و لەپێناویدا نوێژ بکە، «بەڵام گەورەترین بەختەوەری خۆت مەخە گرەوی گۆڕانکارییەکەیەوە.»

a ئەڵقەی ١٨٣٠: «چۆن مامەڵە بکەم لەگەڵ گوناهی بەردەوامی هاوسەرەکەم؟» (٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٢).

سەرنجدان لەسەر شکستەکانی هاوسەرەکەمان وامان لێدەکات «داواکار و ناڕەحەت و تووڕە بین، کە هەموو ئەمانە خۆشکستمان دەبن، بۆیە وزە سەرەکییەکانی دڵت نەک لەسەر چاککردنەوەی شکستەکانی، بەڵکو لەسەر قووڵکردنەوەی وەڵامە خوداییەکانت بێت بۆ ئەو شکستانە.» خودا لێپرسینەوەت لەگەڵ ناکات لەسەر گوناهەکانی هاوسەرەکەت، بەڵام «لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکات لەسەر خودایەرستانەیی کاردانەوەت بۆ ئەو گوناهانە.» خودا گوێڕایەڵی تایبەتی تۆ دەبینێت و پاداشتت دەداتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو کارانە جێی سەرنجی هاوسەرەکەشت نەبن (مەتا ٦: ٣-٤).

کێ دەزانێت؟ «پاش تێپەڕینی دەیان ساڵ، ڕەنگە خودا پەرجوویک لەو پیاوەدا بکات، وە ژیانت بگاتە ئاستێک کە هەرگیز بە خەیاڵتدا نەهاتووە.» پاش نزیکەی سێ دەیە لە خزمەتەکەی، ژنێک بەیانییەکی یەکشەممە لە قەشە جۆن نزیک بووەوە. «زۆر بە ڕوونی بیری هێنامەوە بیست ساڵ لەمەوبەر کە کاتێک خەریک بوو هاوسەرەکەی بەجێبهێڵێت، منیش داوام لێ کردبوو: «نەکەیت.» مێردەکەی «بێ بەرپرسیار، بێ سۆز، هەموو کاتەکانی لە گەشت بوو، هیچ گرنگی پێنەدەدا، گرنگی بە منداڵەکانی نەدەدا» هتد.... بەڵام ئەو بەردەوام بوو، وە لەدوای بیست ساڵ، ئەو پیاوە بووە پیاوێکی میهرەبان و بیرمەند و زۆر جیاواز.»[a]

بەڵام ئایا موسا ڕێگەی بە تەڵاق نەداوە؟

بەڵێ، ڕێگەی داوە -ڕێپێدانێکی کاتی کە دواتر دەبێتە هۆی «گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی» لە نێوان پەیمانی کۆن و نوێدا. کاتێک فەریسییەکان پرسیاریان لە عیسا کرد. عیسا وەڵامی دایەوە و گوتی: «لەبەر دڵڕەقیتان موسا ڕێی پێدان ژنەکانتان تەڵاق بدەن، ئەگینا لە سەرەتاوە وا نەبوو» (مەتا ١٩: ٨؛ بڕوانە ئایەتەکانی ١-١٢؛ مەرقۆس ١٠: ١-١٢). بە دەربڕینێکی دیکە، مەسیح دەفەرموێت: «هەرچەندە موسا ڕێگەی دا، بەڵام من ئیتر ڕێگە نادەم.» بەم شێوەیە، «دەتوانن ببینن کە گۆڕانکاری لەگەڵ عیسادا هاتە جیهان، لە چاوەڕوانییە ڕەوشتییەکانی گەلی خودا.»[b]

ئیتر فەریسییەکان جیابوونەوەیان دەکرد و تەڵاقیان دەدا «لە کاتێکدا کە نەدەبووا ئەمە بکەن -هەرچەندە لە پەیمانی کۆن ڕێگەپێدراو بوو.» وە «هۆکاری ئەوەی عیسا چیتر ڕێگەی بەو شتە نەدا کە ڕێگەی پێدرابوو، ئەوەیە کە لە پەیمانی کۆندا بۆ لێبوردەییەک بووە لە دەربڕینی دڵڕەقی.» مەسیح پێوەری ڕەوشتی بەرزکردەوە، «لێبوردەییەک» کە لە تەوراتی موسادا هەبوو ئێستا «قەدەغەکراوە».[c]

---

a ئەڵقەی ٣٩٧: «بۆ هاوسەرێک کە بیر لە جیابوونەوە دەکاتەوە» (٣١ی تەممووزی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٧٩٥: «ئایا کتێبی پیرۆز بە مەسیحییەکان ناڵێت هاوڕەگەزبازەکان بکوژن؟» (١٦ی شوباتی ٢٠١٦).

c ئەڵقەی ٨٦٠: «"ئایا دەتوانم دوو ژنم هەبێت؟" شەش ڕێگری» (١٧ی ئایاری ٢٠١٦).

ڕێپێدانـی موسـا بـۆ تـەڵاق لەگـەڵ هاتنـی مەسـیح کۆتایـی هـات. لـە «هاتنـی عیسـای مەسـیح بـۆ جیهـان، وە دەرکەوتنـی خۆشەویستی خـودا لـە قوربانیدانـی کوڕەکەیـدا، وە ئـەو نەخشـەی ئـازار و خۆبەدەسـتەوەدانەی کـە عیسـا داینـاوە، وە ڕژانـی ڕۆحـی پیـرۆز وەک ڕۆحـی مەسـیحی زیندووبـووەوە، وە ڕووبەڕووبونـەوەی دیـار لـە دەوڵەمەندییەکانـی میراتـی مەسـیحی لـەدوای مـردن، وە فێرکاریـیە بنەڕەتـی و دژە کەلتووریـیەکانـی عیسـا سـەبارەت بـەوەی کـە مەسـیحییەکان دەبێـت چـۆن بژیـن، وە دامەزراندنـی پەیمانـی نـوێ کـە تێیـدا شـەریعەت لەسـەر دڵـمان نـووسراوە -مـن دەسـت دەکـەم بـەو بیروبـاوەڕەی کـە هەمـوو ئەمانـە و زیاتریـش بـەو واتایـەن کـە پێوەرەکانـی ڕەفتـار بـۆ گەلـی خـودا ئێسـتا بەرزتـرن لـەوەی کـە لـە پەیمانـی کۆنـدا هەبـوون. هاتنـی مەسـیح و پەیمانـی نەشـکاوی ئـەو لەگـەڵ بووکەکـەی ئێسـتا داوا لـە هاوسـەران دەکات کـە «لـە سـەرووی سازشـکردنی موسـا بـن لەگـەڵ گونـاە.» [a]

بۆ ئەو هاوسەرانەی کە بیر لە تەڵاق دەکەنەوە چونکە چیتر ئەشقیان نییە

لـە قسـەکردن لەسـەر پیاوێـک کـە بیـر لـە جیابوونـەوە دەکاتـەوە، چونکـە چیـتر «ئاشـق» نییـە، قەشـە جـۆن سـێ وشـەی خسـتە بیـری: خۆشـی و گرنگیپێـدان و خاوەندارێتـی.

> ١. خۆشـی -«ئـۆی، چ خۆشـییەک هەیـە بـۆ ئەوانـەی پەیمانەکەیـان ناشـکێنن، تەنانـەت کاتێـک دڵیـان شـکاوە.» لـە مـاوەی دەیـان سـاڵدا زۆربـەی هاوسـەرەکان «چەندیـن جـار دەکەونـە نـاو خۆشەویسـتییەوە و لـە خۆشەویسـتی دەردەچـن.» لـە ڕاسـتیدا، «نزیکـە لـە گاڵتەجـاڕی کـە بیـر لـەوە بکەینـەوە ئێمـە بـە هەمـان شـێوە ئەزموونـی «ئاشـقبوون» دەکەیـن بـۆ تـەواوی شەسـت سـاڵەی هاوسـەرگیرمان، هـەروەک چـۆن لـە سـەرەتای ئـەو پەیوەندییـەدا هەسـتمان پێدەکـرد.» بـەم شـێوەیە، ئـەوە «گەمژەیـی و ناپێگەیشـتوویە کـە بیـر لـەوە بکەینـەوە مانـەوە لـە هاوسـەرگیریدا بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بریتییـە لـە مانـەوە لـە خۆشەویسـتیدا.» ناتوانیـن ئـەوە لەبەرچـاو بگریـن کـە هەمـوو وەرزێکـی ژیـان «وەرزێکـی گەرمـی و شـیرینی و ڕۆمانسـی سێکسـی دەبێـت.» ئـەوەش «پێچەوانـەی نزیکـەی تـەواوی مێـژووی جیهانـە و پێچەوانـەی هەمـوو پێکهاتەیەکـی سروشـتی کەوتـووی مرۆڤـە.» مانـەوە لـە هاوسـەرگیریدا بـە مەرجـی مانـەوە نییـە لـە خۆشەویسـتی، بەڵکـو دڵسـۆزییە بـۆ پەیـمان. «جیهانـی سـەردەم بەهـۆی سـەرنج لەسـەر خودمـان و خۆبەرزکردنـەوە و خۆدەرخسـتن، ڕێـکاری ئاسـایی پەنجـا سـاڵەی کەوتنە نـاو خۆشەویسـتی و دەرچوونی وەرگرتـووە و کردوویەتییـە ڕێکارێکـی پەنجـا سـاڵەی چەندیـن جـار تـەڵاق و دووبـارە هاوسـەرگیری. ئـەو نەخشـەیە بەرهەمـی خۆشـی نەبـووە و نابێـت. بەدرێژایـی

a ئەڵقەی ١٥٣٩: «ئایا پێوەرەکانمان بۆ پاکی سێکسی سەبارەت بە قەشەکان زۆر بەرزن؟» (١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠).

نەوەکان شوێنپێی نەهامەتی لە ڕۆحدا بەجێدەهێڵێت. هاوسەرگیری سەختترین پەیوەندییە کە دەتوانرێت تێیدا بەردەوام بیت، وە ئەوەیە کە بەڵێنی خۆشی شکۆمەند و ناوازە و بەردەوام دەدات بۆ ئەوانەی کە کەسایەتییەکی گونجاویان هەیە و بۆ پاراستنی پەیمانەکەیان. مەبەستم ئەمەیە لە خۆشی.»

٢. بایەخپیدان -«خودا بەرزترین ئاستی گرنگیپێدانی پێشکەش بە ژن و مێرد دەکات بۆ پەیوەندی هاوسەرگیریان، بە نیشاندانی ئەوەی کە گەورەترین و شکۆمەندترین واتای چییە -واتا بەرجەستەکردنی پەیوەندی پەیمانی نێوان مەسیح و بووکەکەی لە جیهانیدا، کڵێسا.» ئەفەسۆس ٥: ٢٢-٣٣ دەقێکی ڕوونە، «بەرزترین واتای هاوسەرگیری» و «نمونەیەکە لە گەورەترین، بەهێزترین، قوواڵترین، شیرینترین، دەوڵەمەندترین پەیوەندی لە گەردووندا- یەکێتییەک کە بە خوێن کڕدراوە، لە نێوان مەسیح، کوڕی خودا و بووکەکەی، کڵێسا.» مەسیح هاوسەرگیری قووڵ دەکاتەوە. تەڵاق لەبەر ئەوەی هەست بە خۆشەویستی ناکەیت، ئەوەیە کە تێڕوانینێکی زۆر نزمت هەبێت بۆ هاوسەرگیری. چی دەبوو ئەگەر مەسیح لە کڵێساکەی جیابێتەوە چونکە هەست دەکات کڵێساکەی ئەوی خۆشناوێت؟ ئەمە سەرپێچی سروشتی پەیمانی هەتاهەتایی ئەوە.

٣. خاوەندارێتی -«یەکێتی نێوان پیاو و ژن هی ئەوان نییە تاوەکو بیشکێنن. ئەوان دروستیان نەکردووە. ناتوانن بیشکێنن.» خودا تۆی بەستۆتەوە (مەرقۆس ١٠: ٩). ئەمە نیشانەیەکی دڵنیایە بۆ «گرنگی مرۆڤانە و خۆویستی هاوچەرخ» لە ناو کڵێسادا «ژن و مێردێکی گەنج ئەگەر ئەو بیرکردنەوەیەیان هەبێت کە ئەوان ئەو یەکێتییەیان دروستکردووە کە پێی دەگوترێت «هاوسەرگیری»، ئیتر دەتوانن بیشکێنن. ئەوان دروستیان نەکردووە و ناتوانن بیشکێنن. یان وەک یەزداننناسیی پۆڵس ئاماژەی پێدەکات، «ئێوە ئازادن لە شکاندنی پەیمانی هاوسەرگیریتان، کاتێک مەسیح پەیمانەکەی لەگەڵ بووکەکەی دەشکێنێت.»

کەواتە «لەپێناو زۆرترین خۆشی درێژخایەن، لەپێناو قووڵترین و بەرزترین ئاستی، وە لەپێناو دروستکەر و خاوەنی یەکێتییەکەت، پەیمانەکەتان بپارێزە. ئای، چ خۆشییەکی لە سەرووی هەر شتێک هەیە کە دەتوانیت لە ئێستادا خەیاڵی بکەیت، بۆ ئەوانەی کە پەیمانەکەیان دەپارێزن، تەنانەت کاتێک دڵیشیان شکاوە.»[a]

ئایا دەتوانم هاوسەرە بێباوەڕەکەم تەڵاق بدەم؟

هاوسەرگیری مەسیحی لەگەڵ کەسێکی بێباوەڕ بە مەسیح دەکرێت دەرئەنجامی زۆر

a ئەڵقەی ١١٤٢: «بۆچی "دەرچوون لە خۆشەویستی" هەرگیز ڕەوایەتی بە جیابوونەوە نادات» (٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

سیناریۆ بێت. ڕەنگە باوەڕدارێک بە مەسیح گوناە بکات و بە ئاگاداری خۆی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی بێباوەڕدا بکات.[a] یان دوو کەسی بێباوەڕ هاوسەرگیری دەکەن و یەکێکیان لە کۆتاییدا باوەڕ بهێنێت و ڕزگار بێت.[b] یان دوو کەس کە باوەڕیان بە مەسیح ڕاگەیاندووە و هاوسەرگیری دەکەن، یەکێکیان بە تێپەڕبوونی ساڵان دڵسۆزی خۆی دەسەلمێنێت، یان بەڕاستی دەگۆڕدرێت، ئەوەی دیکەیان بە تێپەڕبوونی کات لە باوەڕ دوور دەکەوێتەوە.[c]

هەموو هاوسەرەکان دەگۆڕدرێن. بە تێپەڕبوونی کات، ژن هەست دەکات کە مێردەکەی چیتر بە باوەڕدار بە مەسیح نەماوە. وە دەیەوێت بزانێت ئایا بنەمای تەڵاق بۆ ئەوانەی باوەڕیان وەک نییە بڕیاری خودایە یان بۆچوونی پۆڵسە، چونکە بەڕاستی وا دیارە بۆچوونی پۆڵس بێت (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١٠، ١٢).

لێرەدا چوار هۆکار دەخەینەڕوو کە قسەکانی پۆڵس قورسایی دەسەلاتی خودا هەڵدەگرن. (١) پۆڵس بەناوی مەسیحی هەستاوە لەنێو مردووان وەک «نێردراوێکی دەسەلاتدار» قسەی کردووە. (٢) هەموو ئەو شتانەی کە نووسیویەتی لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە بووە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٤٠). (٣) پۆڵس بانگەوازی دەسەلاتی خودایی دەکات لەسەر پرسە ڕەوشتییەکان، کە نێردراوانی کلێسا دەبێت ملکەچی بن (یەکەم کۆرنسۆس ١٤: ٣٧-٣٨). (٤) پۆڵس جیاوازی دەکات لە نێوان ئەوەی لە فێرکارییەکانی مەسیحەوە وەریگرتووە و ئەوەی لەوە زیاترە. مەسیح نەک پۆڵس، گوتی جیا مەبەوە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١٠-١١؛ بڕوانە مەرقۆس ١٠: ١١-١٢). بەڵام پۆڵس نەک مەسیح، گوتی؛ لە هاوسەری بێباوەڕ جیا مەبەوە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١٢-١٣). کەواتە «لە حاڵەتێکدا فێرکارییەکی ڕوونی ڕاستەقینەی لە مێژووی عیساوە هەیە وەک ئەوەی لە ئینجیلەکاندا هەمانە، لە کاتێکدا لە حاڵەتی دووەمدا، کاتێک باسی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی بێباوەڕ دەکات، فەرمایشتی عیسا نییە.» بۆیە پۆڵس دەڵێت: «من بە دەسەلاتی نێردراوی حوکم لەسەر ئەوە دەدەم.»[d]

ئایا هاوسەرگیری دووەمم ناشەرعییە؟

بۆ پیاوێک یان ژنێک کە بیر لە جیابوونەوە دەکاتەوە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکە بکات، هۆشدارییەکەی عیسا توند و ڕاشکاوە. ئەگەر وابێ تۆ بیر لە

---

a ئەڵقەی ١٥٦٠: «باوەڕدار بە مەسیح هاوسەرگیری لەگەڵ بێباوەڕدا دەکات -کاردانەوەی کلێسا چۆن دەبێت؟» (١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ١٠٢٩: «چۆن هاوسەرە بێباوەڕەکەم خۆشبوێت؟» (١٧ی نیسانی ٢٠١٧).

c ئەڵقەی ٦٨٠: «هیوا بۆ هاوسەرگیری سەخت» (٨ی ئەیلوولی ٢٠١٥)، ئەڵقەی ١٦٩٠: «ئایا هاوسەرگیری لەگەڵ بێباوەڕان لەبەرچاوی خودا دروستە؟» (١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١)، وە ئەڵقەی ١٨٣٩: «دەمەوێت لەئاوهەڵبکێشریم -هاوسەرەکەم دژایەتی دەکات» (٢٣ی ئەیلوولی ٢٠٢٢).

d ئەڵقەی ٦٨٠: «هیوا بۆ هاوسەرگیری سەخت» (٨ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

داوێنپیسی دەکەیتەوە. ئەوە مەکە (مەتا ٥: ٣٢؛ مەرقۆس ١٠: ١١-١٢).[a] بەڵام زۆرێک لە مەسیحییەکان پێشتر جیابوونەتەوە و هاوسەرگیریان کردووەتەوە (لەگەڵ کەسانێکی پێشوو کە زیندوون). ئێستا چی؟ ئایا ئەم هاوسەرگیرییەی دووەم ڕەوایە؟

ئەو ژن و مێردەی کە دووبارە هاوسەرگیریان کردووەتەوە لە پێگەیەکی ئاڵۆزدان، بەپێی فەرمایشتی عیسا (لۆقا ١٦: ١٨). عیسا دوو جار هاوسەرگیری بە داوێنپیسی (μοιχεύω) ناو دەبات. وە دووجار دووبارە هاوسەرگیرییکردن بە هاوسەرگیری (γαμέω) ناودەبات. «هیچ دەربازبوونێک نییە لەوەی کە عیسا وشەی هاوسەرگیری بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی کە نابێت ڕووبدات.» وە کاتێک دەیکات، «ئەمە ئەوەیە کە هەیە» -«هاوسەرگیرییەکی ڕاستەقینە.»[b] بە هەمان شێوە، عیسا بە ژنەکەی لای بیرەکەی گوت پێنج مێردی پێشووی هەیە، جیایان دەکاتەوە لەو پیاوەی کە ئێستا مێردی نییە و ئێستا لەگەڵی دەخەوێت (یۆحەنا ٤: ١٧-١٨).

کەواتە لە کاتێکدا ئەم دووبارە هاوسەرگیرییە «کردەوەیەکی داوێنپیسییە،» بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا عیسا بە هاوسەرگیری ناوی دەبات -«بابەتی دڵسۆزی پەیمانە لە نێوان ژن و پیاودا.» بۆ ژن و مێردێک لەم هاوسەرگیرییە دووباریەدا (کە «نەدەبووا ڕووبدات»)، تۆبە بکە و «یەکێتی خۆت پیرۆز بکە.» بە خوێنی مەسیح دەکرێت ئەم هاوسەرگیرییە نوێیە پیرۆز بکرێت.[c] بەڵام «پەیوەندی ناپیرۆز سێکسی ناپیرۆز لەخۆدەگرێت، تاوەکو ئەو پەیوەندییە نوێیە بۆ خودا پیرۆز دەکرێت، لەڕێگەی تۆبەکردن و داوای لێخۆشبوونەوە.»[d]

چۆن هاوسەرە بێباوەڕەکەم بگۆڕم؟

باوەڕی مەسیحی ژنێک، مێردە بێباوەڕەکەی (وە منداڵەکانی) دوور دەخاتەوە. ئەو ژنە دەتوانێت چی بکات؟

باشە، لە ژیاندا ئازارێکی گەورەتر نییە لە ئازاری خێزان و ئازاری منداڵان و ئازاری هاوسەرگیری. زۆرجار بە نۆئێلی هاوسەرم گوتووە، "ئەگەر تۆ لە ماڵەوە دڵخۆش بیت، من دەتوانم لە کڵێسا بەرگەی هەر شتێک بگرم." وە پێمواوایە زۆرێک لە هاوسەرەکان هەست بەو شێوازە دەکەن، وەک ئەوەی ئەگەر کار یان کۆمەڵگا نەهامەتییان بۆ بهێنێت و لە ماڵەوە پەناگایەکی ئارامیان هەبێت ئاشتی و هاوسەنگی تێدابێت، ئەوا دەتوانن

---

a ئەڵقەی ٩٢٠: «تەڵاق، هاوسەرگیری دووبارە، وە ڕێزگرتن لە خودا» (١٦ی ئابی ٢٠١٦)

b ئەڵقەی ١٦٩٠: «ئایا هاوسەرگیری بێباوەڕان لە چاوی خودادا دروستە؟» (١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

c ئەڵقەی ١٣٤٣: «ئایا ژن و مێردێکی هاوڕەگەزباز، کاتێک باوەڕیان هێناوە بە مەسیح، دەبێت لە 'هاوسەرگیریدا' بمێننەوە؟» (١٥ی ئایاری ٢٠١٩).

d ئەڵقەی ٩٢٠: «تەڵاق، هاوسەرگیری دووبارە، وە ڕێزگرتن لە خودا» (١٦ی ئابی ٢٠١٦)

بەرگەی نزیکەی هەموو شتێک بگرن، بەڵام ئەگەر ماڵەکە تێشکاو بێت، ئەوا تۆ ڕوو لە کوێ دەکەیت؟ کەواتە، من بە تەواوی هەست بە گرنگی ئەو هەڵوێست و ئازارە دەکەم.

لەم ئازارەدا چوار خاڵ لەبەرچاو بگرە. (١) عیسا فەرمووی کە ئینجیل ماڵەکان دابەش دەکات (مەتا ١٠: ٣٤-٣٦). ئەوە ڕاستییەکە کە لەم جیهانەدا چاوەڕوانی دەکرێت. «لەگەڵ هاتنە ناوەوەی ئینجیل بۆ ناو جیهان، هەمیشە بە ئاسانی ژن و مێردەکان ڕزگار ناکات،» هەندێک جار تەنها «نیوەی، هاوسەرەکان.» (٢) پۆڵس بانگەوازی ژنان دەکات بۆ بەدەستهێنانی هاوسەری بێباوەڕیان (یەکەم پەترۆس ٣: ١-٣). وە تۆ ناچیت ئەو بەدەستی بهێنیت بە «هیواخواستنی هەوەسبازی یان بە هیواخواستنی ڕێکخستنی قژت بە شێوازێکی دیاریکراو یان هیواخواستنی ئەوەی سەرنجڕاکێش لەلایەن مێردەکەت.» نەخێر، بەوە مێردەکەت بەدەست دەهێنێت هیوا بە خودا بخوازیت. «وە پێموانییە ئەمە بە واتای ئەوە بێت کە واز لە خۆت بهێنیت و جوان و سەرنجڕاکێش نەبێت، بەڵکو واتا سەرنجت لەسەر هیوای خودا چڕبکەرەوە.» ئەگەر وا بکەت، ئەوا نەرمونیان دەبێت، نەک نیگەران، نائارام، جڵەوگیرکراو، بە جووڵە و داواکار.» خێزانەکە ستەمکارێک ئەزموون ناکەن، بیر لەوە دەکەنەوە، دایک بە هێمنی لە ڕۆحیدا ڕازییە. وا بیر دەکەنەوە ئاشتییەکی شیرین بەسەریەوەیە. (٣) چاکە بکە. (یەکەم پەترۆس ٣: ٦ ا) بەردەوام بە لە خزمەتکردنی هاوسەرەکەت و ماڵەکەت. (٤) بەهێزبە (یەکەم پەترۆس ٣: ٦ب). ئەو دایکانەی کە هیوایان بە خودا هەیە، چاونەترسن، بە داهاتوو پێدەکەنن (پەندەکان ٣١: ٢٥). لە کۆتاییدا هاوسەر و منداڵەکانی پرسیار لەبارەی هیواکەی دەکەن، «چونکە جۆرێک لە هێزێکی بێدەنگی، نەرمونیانی، خزمەتکردن و چاونەترسییان لەم دایکەدا بینیوە.» دەتوانێت هیوای خۆی بخاتەڕوو (یەکەم پەترۆس ٣: ١٥). دڵی شکاوە و لەگەڵ ئەوەشدا بە بەهێزی هەنگاو دەنێت، سەرنج دەوروژێنێت.[a]

ئەی ژنەکان، ئاگادارین نەڵێن: «ئەوە کاری من نییە کە بیگۆڕم.» لە ڕاستیدا ئەمە وایە. پەترۆس بانگهێشتی ژنان دەکات بۆ ئەوەی مێردە بێباوەڕەکانیان بەدەستبهێنن. ئەمە ئەرکی ئەوانە (یەکەم پەترۆس ٣: ١-٢). -بێگومان ئەمە بەو واتایە نییە کە لە کۆتاییدا یان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لە دەسەڵاتی ژنێکدایە کە مێردەکەی بگۆڕێت. بەڵام پەترۆس باسی ئەمە ناکات کە کۆتایی و یەکلاکەرەوەیە. ئەو باس لەوە دەکات کە چ شتێکی لاوەکی و ئەگەری هەیە -بەڕاستی هۆکارەکان گرنگن. ڕەنگە خودا ڕەفتاری ژنێکی خۆنزمکەرەوە، خواپەرستی، خۆشەویستی و پشتیوانییەکەی بەکاربهێنێت بۆ گۆڕینی خواستی مێردێک بۆ گوێگرتن لە ئینجیل و ڕزگاری.»[b]

---

a ئەڵقەی ٥١: «باوەڕەکەم لە خێزانەکەم دوورم دەخاتەوە -چی بکەم؟» (٢٠ی ئازاری ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ١٣١٥: «مێردەکەم نەڕێنییە -چی بکەم؟» (٢٠ی شوباتی ٢٠١٩).

لـه ئەڵقەیەکـی دیکـەدا، قەشـە جـۆن پێنـج هاندانـی دیکـەی بـە ژنێـک دا کـە مێردەکـەی بێبـاوەڕی بـوو. (١) یەکـەم پەترۆسـی ٣: ١-٢ «ڕێـک» باسـی ئـەم دۆخـە دەکات، هەرچەنـدە هەمـوو وردەکارییەکانمـان پێنـادات. دڵخۆشـبە لەبـەر ئـەوەی لـە کتێبـی پیـرۆزدا ڕاسـتەوخۆ بـەو شـێوەیە باسـی هەڵوێسـتەکە کـراوە. (٢) ئێمـە دەزانیـن کـە پـەروەردگار بەڵێـن دەدات کـە «هەمـوو ئـەو نیعمەتەتـان پـێ ببەخشـێت کـە پێویسـتە بـۆ ئـەوەی دڵخۆشـی بکـەن» (دووەم کۆرنسـۆس ٩: ٨). «مێردەکـەت هەرچییـەک بـکات، بیـر بکاتـەوە، یـان هەسـتی پـێ بـکات، خـودا تەنهـا چـاوی لـە تۆیـە بـۆ ئـەوەی ئایـا تـۆ لـە گوناهـدا دەڕۆیـت یـان نـا -نـەک هاوسـەرەکەت.» (٣) «هاوسـەرگیری بابەتـی دڵسـۆزی پەیمانـە، نـەک بەختـەوەری پەیـمان، دڵسـۆزی تـۆ بـۆ نەزرەکانـت جێگـەی دڵخۆشـییە، هەرچەنـدە خـەم و پـەژارە لـە دڵتـدا بێـت یان لـە دڵیدا ئـەودا.» هاوسـەرگیری پەیمانپارێـزی «گێڕانـەوەی ڕاسـتییە دەربـارەی مەسـیح و کڵێسـاکەی وەک مەسـیح و کڵێسـایەکی پەیمانپارێـز.» (٤) خـودا دەتوانێـت ژیانـی هاوسـەرگیریت بگۆڕێـت، تەنانـەت لـەدوای سـاڵانێک لـە خـەم و پـەژارە (ئەفەسـۆس ٣: ٢٠). «بۆیـە وەفاداریـت وابەسـتە مەکـە بـە گۆڕانـی هاوسـەرەکەتەوە، بەڵکـو بـەردەوام بـە لـە هیـوا و نوێژکـردن لەپێنـاوی. بـەردەوام لـە دەرگای ئاسـمان بـدە.» (٥) «تەنانـەت ئەگـەر هاوسـەرگیرییەکەت هەمـوو هیواکانـت نەهێنێتـە دی -وە چ هاوسـەرگیرییەک ئـاوا نییـە؟- خـودا لـە سـەردەمی داهاتـوو هـەزار هێنـدە پاداشـتی دڵسـۆزیت دەداتـەوە» (ئەفەسـۆس ٦: ٨). «ڕەنگـە مێردەکـەت و هاوڕێکانـت هیـچ بیرۆکەیەکیـان نەبێـت کـە تـۆ چەنـد قوربانیـت داوە بـۆ ئـەوەی هاوسـەرەکەت بـە باشـی خۆشـبوێت. بـەڵام خـودا هـەر یەکێکیـان دەناسـێت، وە دەڵێـت تـۆ پاداشـت دەدرێتـەوە. هەمـوو تاقیکردنەوەکانمان قورسـایی شـکۆمەندی هەتاهەتایـمان پێـدەدەن» (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ١٧).[a]

لـەدوای تێپەڕینـی حـەوت سـاڵ، قەشـە جـۆن وردەکارییەکـی خسـتەڕوو سـەبارەت بـە پێشـینەییەکانی کتێبـی پیـرۆز کـە دەتوانێـت ژنێـک بەهێـز بـکات کـە سـاڵانێکە نوێـژ دەکات لەپێنـاو ڕزگاربوونـی هاوسـەرەکەی.[b]

ئایا دەبێت ملکەچی گوناهی مێردەکەم بم؟

ئـەو ژنانـەی کـە مێردەکانیـان بێبـاوەڕن، پێویسـتە یەکـەم پەتـرۆس ٣: ١-٦ ئەزبـەر بکـەن. بەبـێ هیـچ قسـەیەک بەدەسـتی بهێنـە. دیـارە ئەمـە بـەو واتایـە نییـە کـە تـۆ هەرگیـز باسـی مەسـیحی لەگـەڵ نەکەیـت. تـۆ باسـی دەکەیـت. پێویسـتە باسـی بکەیـت. بـەڵام «بێـزاری مەکـە. بۆڵەبـۆڵ مەکـە. ئامـۆژگاری مەکـە. بـە هەمـوو سـاکاری و بێفیزییەکـەوە، لـە قۆناغێکـی درێژایـی ڕێگاکـە، دڵـت بـۆ ئـەم پیـاوە بکـەرەوە، کـە هەڵوێسـتت چییـە و بۆچـی لـەو هەڵ،یسـتە دایـت.

---

a ئەڵقەی ٦٨٠: «هیوا بۆ هاوسەرگیری سەخت» (٨ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ١٨٤٣: «چۆن نوێژ بۆ ڕزگاربوونی هاوسەرەکەم بکەم؟» (٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢).

شایەتی خۆتی پێ بدە. بڵێ: «لەبەر ئەمەیە کە عیسام خۆشدەوێت، من باوەڕم وایە کە خۆشویستنی عیسا یارمەتیم دەدات تۆم زیاتر خۆشبوێت، بۆیە تکایە وا بیر مەکەوە کە ئەوم لە پێش هەموو شتێکەوە داناوە، کەمتر تۆم خۆشدەوێت.» ڕەنگە ئەو ئەمە بە شتێکی تێنەگەیشتووانە بزانێت، بۆیە پێویستە بە تێپەڕینی کات لە کردارەکانتدا ئەمە بسەلمێنیت، کە خۆشویستنی مەسیح تۆ دەکاتە ژنێکی باشتر.

هەموو گوێڕایەلییەک بۆ ژن مەرجدار و سنووردارە، چونکە جۆرێک لە ملکەچی «کە مێردەکەت ناکاتە دەسەڵاتداری ڕەهای تۆ.» لە ڕاستیدا، قسەی پەترۆس «هیچ واتایەکی نییە، مەگەر عیسا پەروەردگارت بێت لە سەرووی هاوسەرەکەتەوە، چونکە تۆ ئامانجت ئەوەیە مێردەکەت بگۆڕیت بەرەو ئەوەی پەروەردگار لە سەرووی هەردووکتانەوە بێت. وە ئەگەر ئامانجت گۆڕینی هاوسەرەکەتە، ئەمە ڕوونە کەوا تۆ ملکەچی باوەڕە هەڵەکانی ئەو نەبوویت.» کەواتە ملکەچی بەو واتایە نییە کە ژن مێشکی خۆی بخاتە ژێر بیرکردنەوەی بێباوەڕێکەوە. ئەو دەست دەگرێت بە بیروباوەڕی خۆی بە ئینجیل. «پەیوەندییەکی سەربەخۆت لەگەڵ پەروەردگاردا هەیە، پەیوەندییەکی ڕەسەنە و لەرزۆک نییە. مێردەکە هەرچی بڵێت یان بیکات، «عیسا پەروەردگارتە،» وە ئەوە «بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش سەربەخۆیە -بە جۆرێک، ڕەنگە بڵێیت، ملکەچی نییە.»

کەواتە عیسا پەروەردگاری ڕەهایە بەسەر ژیانی ئەم ژنەدا. «بەڵام، ئای، کاتێک تۆ لە عیسادا ئارام دەبیت و تامەزرۆی ئەوەیت ئەم پیاوە [مێردەکەت] وەک ڕابەرێک پیشان بدەیت -واتا ڕێز لە ڕابەرایەتی ئەو بگریت، هەرچەندە ڕەنگە تەنانەت ڕابەریش نەبێت -تۆ هەرچی لە تواناتدا بێت دەکەیت بۆ ڕێزگرتن لەو ڕابەرایەتییە و لە هەموو دەستێوەردییەکان، هەموو پاراستنەکان، لەخۆگرتنی هەموو شتەکان.» ئەوە ڕابەرایەتی مێردە: پاراستن، دابینکردن و لەخۆگرتن.

کەواتە ژنێکی ملکەچ چۆن دەڵێت نەخێر کاتێک مێردەکەی دەیەوێت بیباتە ناو گوناهەوە، وەک گوناهی سێکسی؟ ئەو دەڵێت: «ناتوانم. تۆم خۆشدەوێت، بەڵام پێم وایە ئەمە بۆ تۆ خراپە، وە بۆ ئێمە خراپە. من بەهۆی عیساوە ناتوانم ئەوە بکەم.» لە کۆتاییدا، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە کتێبی پیرۆز دەربارەی ملکەچی دەڵێت: «منداڵ بۆ دایک و باوک، ژن بۆ مێرد، هاوڵاتیان بۆ حکومەت، ئەندامانی کڵێسا بۆ پیران، ئەو چوار گروپە هەموویان شیاون.» چونکە «ڕەهایی عیسا دەبێتە سنووربەندی ملکەچی منداڵ، ژن، هاوڵاتی و ئەندامی کڵێسا.»[a]

a ئەڵقەی ١٣٧٦: «چۆن ملکەچی مێردە بێباوەڕەکەم بم؟» (٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).

دووەم، بـۆ هاوسـەرە بـاوەڕدارەکان، ژنێکـی خوداپەرسـت ڕێگـەی پێدەدرێـت قسـە بـکات و ڕووبـەڕووی شـێوازەکانی گوناهـی مێردەکـەی ببێتـەوە، چونکـە پەیوەنـدی نێوانیـان لەسـەر بنەمـای لێپرسـینەوەی هاوبەشـی نێـو هاوسـەرگیرییەکەیانە. «مێردێکـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح بریکارێکـی ڕەوشـتیی سـەربەخۆ نییـە، هەرچـی پێـی خۆش بێـت لـەم هاوسـەرگیرییەدا بیکات.» ئـەو بەرامبـەر بـە کڵێسـای ناوخۆیـی بەرپرسـیارە (عیرانییـەکان ١٣: ١٧). هەروەهـا ژنیـش. هەروەهـا «ژن و مێـرد جیـا نیـن کـە هیـچ پەیوەندییەکـی لێپرسـینەوەیان نەبێت.» هاوسـەرەکان «پەنـا دەبەنـە بـەر» کڵێسـا بـۆ داوای یارمەتـی. لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەم لێپرسـینەوەدا، بـۆ ژن لـە هەڵوێسـتێکی ملکەچیـدا دەمێنێتـەوە. «ژنـی پێگەیشـتوو، خوداپەرسـت، تێـر لـە کتێبـی پیـرۆز جیـاوازی دەزانێـت لەنێـوان بێزارکردنـی مێـرد بـە شـێوەیەکی پەسـتان یـان یاخیبـوون، لـە لایـەک، لەگـەڵ سـاکاری و دانایـی لـە نیگەرانییەکانـی بـۆ مێردەکـەی و هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی بـەدوای ڕێگایەکـدا بگەڕێـت بـۆ هەنگاونـان بـەرەو تەندروسـتی پەیوەنـدی کـە هەردووکیـان و منداڵـەکان پیرۆزتـر و دڵخۆشـتر بـکات.»[a]

ئاستەنگەکانی هاوسەرگیری لە خزمەتدا

پێمواییـە گەورەتریـن ئاسـتەنگەکان کـە لـە خزمەتـدا ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە بـە ئەگەرێکـی زۆرەوە پەیوەنـدی بـە خێزانەکەتـەوە دەبێـت -هاوسـەرگیری و منداڵەکانـت. بـە دڵنیاییـەوە ئـەوە بـۆ مـن بـووە، هەرچەنـدە مـن و نۆئێـل چـل و پێنـج سـاڵە هاوسـەرگیریمان بـەردەوام بـووە، «تەنهـا شـتێک کـە لـە خزمەتـدا پێویسـتم پێیەتـی ئەوەیـە کـە تـۆ دڵخـۆش بیـت، چونکـە ئەگـەر دایـک دڵخـۆش نەبێـت...!» بـەڵام قەشـە جـۆن دانـی پێـدا دەنێـت و دەڵێـت «بەڕاسـتی بـە کاتێکـی سـەختدا تێپەڕیویـن.» لـە ماوەیەکـدا سـێ سـاڵ لـە ڕاوێژکاریـدا بوونـە و هەوڵیانـداوە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەنـەوە، «بۆچـی بـەم شـێوەیە ئـازاری یەکـتر دەدەیـن؟» پاشـان بـۆ ماوەی دە سـاڵ پێکـەوە ژیـاون، دواتـر دیسـان کاریـان لەسـەری کردۆتـەوە. تەنانـەت لەنـاو «پەیوەندییەکـی زۆر بـە ئـاژاوە»... «مـن وەک شـتێک خۆشـم دەوێـت، ئەویـش منـی خۆشـدەوێت.» هێشـتا لـە تەمەنـی شەسـت و هەشـت سـاڵیدا، ئـەو «سەرسـامم بـەوەی بۆچـی هەندێـک لـەو کێشـانەمان هەیـە.» ململانێـی خێزانـی گەورەتریـن سـندانە[b] لـە جیهانـدا بـۆ پیرۆزکـردن. وە ئەمـە ڕێکـەوت نییـە. هیـچ شـتێک وەک هاوسـەرگیری گوناهـی منـی دەرنەخسـتووە. هیـچ شـتێک وەک هاوسـەرگیری دەرفەتـی نیعمەتـی پـێ نەبەخشـیوم. لـە کاتێکـدا بـۆ مـن یەکێـک بـووە لـە قورسـترین شـتەکان، هەروەهـا یەکێـک بـووە لـە شـکۆدارترین شـتەکان.»

---

a ئەڵقەی ١٨٣٠: «چۆن مامەڵە بکەم لەگەڵ گوناهی بەردەوامی هاوسەرەکەم؟» (٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٢).

b سـندان: بـەو ئاسـنە دەگوترێـت کـە ئاسـنگەر ئاسـنی گـەرم کـراوی لەسـەر دەکوتێـت بـۆ دروسـتکردنی کەلوپەلەکانـی وەک و گاسـن و داس و مەڵەغـان و بژاربـڕ و تیـغ و... هتـد.

ئـەم سـندانە گەورەیـەی نیعمەتـی پیرۆزکـردن شانبەشـانی کاری خزمـەت هەیـە. «جارێـک لـە گۆڤـاری "کریسـتیانیتی تـودەی" پەیوەندییەکـی تەلەفۆنیـمان بـۆ هـات، گۆڤارێکیـان هەبـوو بەنـاوی هاوبەشـی، پێمواننیـە ئیسـتا مابێـت، ئـەوان هەمیشـە وێنـەی دوو هاوسـەری شـوانیان بـە خەنـدەوە لەسـەر بەرگەکـەی دادەنـا. جارێـک پەیوەندییـان پێوەکـردم و گوتیـان، "پێـمان خۆشـە تـۆ و نۆئێـل بخەینـە سـەر گۆڤارەکـە و بابەتێکـی تایبەتتـان لەسـەر بـڵاو بکەینـەوە." گوتـم: «باشـە، بڕوانـە، ئێمـە ئێسـتا کـەم پێکـەوە قسـە دەکەیـن. کەواتـە پێمواینـە باشـترە دواتـر بگەڕێیتـەوە." هەرگیـز پەیوەندییـان پێـوە نەکردمـەوە.»[a]

ئایا پێویستە هاوسەرەکەم بۆ هاوڕێکانی باسی کێشەکانی هاوسەرگیریمان بکات؟

مـاوەی ململانێـی هـەر هاوسـەرگیرییەک پێویسـتی بـە هاوڕێـی نزیـک هەیـە کـە ئـاگادار بێـت و دەسـتوەردان بـکات.[b] بـەڵام مێردێـک ژنەکـەی ببینێـت کـە نامـە بـۆ باشـترین هاوڕێـی دەنێرێـت سـەبارەت بـە گرفتـە تایبەتییەکانـی هاوسـەرگیرییەکەی. دڵـی دەشـکێت. کەواتـە کاتێـک پێویسـتیان بـە یارمەتـی هەیـە، ئەگـەر لـە پشـت یەکـتر نەبێـت، دەبێـت چـۆن هاوسـەرەکان کەسـانی دیکـە بانگهێشـتی نێـو ململانێیەکانیـان بکـەن؟

پێنـج ڕێنمایـی، لەگـەڵ ڕەتکردنـەوەی بەرپرسـیارێتی گرنـگ کـە ئێمـە لێـرەدا بـاس لـە «سـەختییە ئاسـاییەکان» دەکەیـن لـە «بێهیواییـە بەردەوامەکانـی ژیـان،» نـەک لـە دۆخێکـی خـراپ بەکارهێنانـی نایاسـایی یـان مەترسـیدار بـۆ سـەر ژیـان کـە پێویسـتی بـە دەسـتێوەردانی دەسـتبەجێی پۆلیـس دەکات. (١) قسـە و قسـەڵۆک مەکـە. سـەرەتا بـڕۆ بـۆ لای هاوسـەرەکەت، بـە تەنهـا. ئەمـە بنەمایەکـی گشـتی کێبـی پیـرۆزە هەرکاتێـک ململانێـمان لەگـەڵ کەسـەکان هەبـوو (مەتـا ١٨: ١٥). بـە شـێوەیەکی تایبـەت مامەڵـە بکـە «پێـش ئـەوەی بنەماکانـی دیکـە دەسـتپێبکەن.» (٢) مامەڵـەی خواسـتی خـۆت بکـە. بـە جۆرێـک مامەڵـە لەگـەڵ هاوسـەرەکەت بکـە کـە دەتەوێـت مامەڵـەت لەگەڵـدا بکرێـت (مەتـا ٧: ١٢). هاوسـەرەکەت خۆشـبوێت وەک چۆن خۆت خۆشـدەوێت (ئەفەسـۆس ٥: ٢٨). لـە یەکێتـی جەسـتەدا، یاسـای زێڕیـن بەرەکـەت بـە هەردووکتـان دەبەخشـێت، چونکـە «ئێمـە بەڕاسـتی شـتێکی بـاش بـۆ خۆمـان دەکەیـن ئەگـەر متمانـەی یەکـتر لەدەسـت نەدەیـن.» (٣) ڕێـز لـە هاوسـەرەکەت بگـرە. ژنـەکان ڕێـز لـە مێردەکانیـان دەگـرن (ئەفەسـۆس ٥: ٣٣). «بـە هەمـان شـێوە مێـردەکان پێویسـتە بـە وردی بیربکەنـەوە لـەوەی کـە ئایـا ئـەوەی لەبـارەی ژنەکانیانـەوە دەیڵێـن بـە نهێنـی یـان لەبـەردەم خەڵکـدا وەک هاوبەشـی نیعمەتـی ژیـان ڕێـزی لێدەگرێـت، بـەو شـێوەیەی کـە پەتـرۆس لـە یەکـەم پەتـرۆس ٣: ٧ دەیڵێـت.» ئەمـە بنەمـای ڕێزگرتنـە. (٤) داوای مۆڵـەت بکـە. مۆڵـەت لـە هاوسـەرەکەت وەربگـرە بـۆ ئـەوەی باسـی ململانێی

a ئەڵقەی ٣١٣: «ئاڵنگارییەکانی هاوسەرگیری و خزمەتکردنی مەسیحی» (٤ی نیسانی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ١٧٩٤: «ئامۆژگاری بۆ ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان تووندوتیژن» (١٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٢).

هاوسەرگیریتان بکەیت «لەگەڵ یەک یان دوو هاوسەر یان هاوڕێی زۆر متمانەپێکراو.» ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی ئەوانە کێن. «ئیتر نۆئیل دەتوانێت هەرچییەک بیەوێت بە فلان کەسی بڵێت. وە منیش دەتوانم هەرچییەک بمەوێت بە فیساری بڵێم. ئێمە یەکترمان بەو هاوڕێیانە سپاردووە. ئەوە کارێکی نایابە، ئەی وا نییە؟ تۆ ئەوە ناکەیت مەگەر هاوڕێی زۆر نزیکت نەبێت.» ئەو هاوڕێیانە بدۆزەرەوە کە دەتوانن متمانەیان پێ بکەن بۆ هەستیارترین ململانێکانتان و مۆڵەت لە یەکتر وەربگرن بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەم هاوڕێ هەڵبژێردراوانە لەکاتی پێویستدا. (٥) بە وریاییەوە قسە بکە. تەنانەت لەگەڵ ئەم هاوڕێ متمانەپێکراوانە، «بەوپەڕی وردبینییەوە» قسە بکە، چونکە ئەم جۆرە گفتوگۆیانە «بە ئاسانی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی تەنها بێزارییەکانمان دەربڕین.» هاوڕێیەکی دانا لەمە ئاگادارت دەکاتەوە.

وە هەرکاتێک باسی وردەکارییە هەستیارەکانت کرد، بیر لەوە بکەرەوە کە باسی چەندی دەکەیت، ئەو شێوازە دەنگەی بەکاری دەهێنیت، وە ئەو ئامرازەی کە پێی باسی دەکەیت (بە شێوەیەکی کەسی، لە ڕێگەی نووسینی نامە، یان لە ڕێگای ئاپەکانی نامە ناردن). «هەر جۆرە ئامرازێکی پەیوەندی کە ڕەنگە مەترسی ئەوەی تێدابێت کەسێکی دیکە گوێ لە شتێک بگرێت کە بۆ تەنها کەسێکە، پێویستە بە هەر نرخێک بێت دوور بخرێتەوە.» هەموو ئەم گفتوگۆیە پێویستە «لە چوارچێوەی نوێژکردن بۆ هاوسەرەکانمان و لەگەڵ هاوسەرەکانمان و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لەگەڵ هاوسەرەکانمان ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی داوای یارمەتی لە خودا بکەین کە تەنها ئەو دەتوانێت هاوسەرگیریمان ڕێکبخات و ئەم پەیوەندییە بگەیەنێتە دۆخێکی شکۆدار بۆ خودا و ڕەزامەندی خودا.» بە سەختی فێری ئەم وانانە بووین. بەڵام هەمیشە هیوایەک هەیە، چونکە «ئەگەر بێ متمانەیی ڕووبدات، ڕێگایەک هەیە بۆ هەنگاونان. تۆبەکردن و لێخۆشبوون هەیە. من لە ئەزموونی کەسی خۆم ئەمە دەزانم. من و نۆئیل لە دوای چل و شەش ساڵ لە پێگەیەکی بەڕاستی باشداین، زیاد لە جارێک شکستمان هێناوە لە متمانە.»[a]

چۆن هاوسەرگیرییە سەختەکەم دەتوانێت مەسیح شکۆمەند بکات؟

مێردێک کە لە مەسیح دوورکەوتۆتەوە و سااڵنێکی زۆر بە گوناهەوە ژنەکەی پشتگوێ خستووە، ئێستا لە شوێنێکی باشتردایە، گەڕاوەتەوە لای مەسیح و دووبارە خۆی تەرخان کردۆتەوە بۆ هاوسەرگیرییەکەی. بەڵام هاوسەرگیرییەکە بەهۆی پشتگوێخستنەوە گرژ بووە. ئایا ئەم هاوسەرگیرییە سەختە هێشتا دەکرێت ببێتە نموونەیەک لە پەیوەندی مەسیح لەگەڵ کڵێساکەی؟

---

a ئەڵقەی ٦٤٢: «ئایا دەبێت هاوسەرەکەم لەگەڵ کەسانی دیکە دەربارەی کێشەکانی هاوسەرگیریمان قسە بکات؟» (١٧ی تەممووزی ٢٠١٥).

پرسیارەکە گریمانە دەکات بە پەیوەندی نێوان مەسیح و کڵێسا (ئەفەسۆس ٥: ٢٢-٣٣). وە وەڵامەکەش بەڵێیە. «هاوسەرگیری ئاسان یان سەخت بێت، ئەمە شایەتی سەبارەت بە مەسیح و کڵێساکەی لەبەردەم جیهان لاواز ناکات.» شایەتحاڵی بۆ جیهان سەبارەت بە مەسیح و کڵێساییە.» کاتێک پەیوەندی مەسیح و کڵێسا نیگەرانی تێدایە، ئەوە بە تەواوی هەڵەی کڵێسایە. «ئەوەی وێنەیەکی هەڵەی مەسیح و کڵێساکەی دەگەیەنێت، ئەوەیە کە پەیمانی هاوسەرگیری وەک پەیمانێکی شکاو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە پەیمانی نێوان مەسیح و کڵێساکەی هەرگیز ناشکێت.» هاوسەرگیرییە سەختەکان لە خۆڕاگریدا خودا شکۆمەند دەکات. ئەوان شایەتی ئەوە دەدەن کە ئەم «پەیمانە نوێیەی بە خوێن کردراو هەرگیز ناشکێت.» ئەمەیە کە لە پەیمانی نوێدا نوێیە. مەسیح «بە خوێنی خۆی هەمیشەیی خۆی مسۆگەر دەکات.» هەر بۆیەش «عیسا پێوەرەکانی دڵسۆزی لە هاوسەرگیریدا بەرزکردەوە بۆ سەرووی پێوەرەکانی شەریعەتی پەیمانی کۆن.»

بەڵام لە هاوسەرگیری سەختدا ڕێگەی دیکە هەیە بۆ شکۆداری مەسیح. «باوەڕدارێک کە ژیانی هاوسەرگیری تێکچووە و چیتر نموونەیەکی خۆشەویستی پەیمان پێشکەش ناکات، ئەو باوەڕدارە دەتوانێت بە دەیان ڕێگەی دیکە بەهای مەسیح نیشان بدات کە خودا دیاری کردووە. یەکێک لەو ڕێگایانە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ خەڵکی لەو پرۆسە ترسناکەی هەڵوەشاندنەوەدا.» شکۆمەندکردنی مەسیح بە سیناریۆی تەواو و کامڵ دیاری ناکرێت. «دەشێت شکستمان هێنابێت لە شکۆمەندی مەسیح لە یەک بواردا، لەگەڵ ئەوەشدا، لە وێرانەکانی ئەم شکستەدا، بە شێوازی جیاواز مەسیح شکۆدار بکەین. لە ڕاستیدا، ئێمە هەموومان لەو بارودۆخەداین، ئەی وانییە؟ ئایا هەموومان برینی شکستی ڕابردوومان هەڵنەگرتووە کە خۆزگە دەخوازین بگەڕێینەوە و چاکی بکەینەوە؟ ئێمە ناتوانین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەو ژیانەیە بە هەموو برینەکانیەوە و هەموو وێرانەکانی، کە مەسیح دەیەوێت بیکڕێتەوە و بەنیازە تێیدا شکۆدار بکرێت.»

بیر لە پۆڵس بکەرەوە، بکوژی باوەڕداران بە مەسیح، کە بە پەشیمانییەوە ژیاوە (یەکەم تیمۆساوس ١: ١٣، ١٥). لە ڕۆژانی کۆتایی ژیانیدا شکۆمەندی بە خودا بەخشی. «کەواتە وەڵامی من ئەوەیە کە هاوسەرگیرییەکی سەخت بەڕاستی دەتوانێت، خۆشەویستی پەیمانپارێزی مەسیح پیشان بدات. نەک هەر ئەمە، هاوسەرێکی دڵسۆز و پەیمانپارێزی دوای هاوسەرگیرییەکی شکستخواردوو دەتوانێت ڕاستی ئەو پەیمانە پیشان بدات. وە ئەگەر وا دەربکەوێت کە شکستێکی تەواو هەبووە سەبارەت بە هاوسەرگیری، خودا هێشتا دەتوانێت هێندە بتگۆڕێت کە لە وێرانەکانیدا، شکۆمەندی بەدەستبهێنێت.»[a]

a ئەڵقەی ١٠١٧: «چۆن هاوسەرگیرییە سەختەکەم دەتوانێت مەسیح شکۆمەند بکات؟» (٢٠ی ئازاری ٢٠١٧).

هاوسەرەکەم لە ڕووی ڕۆحییەوە ناچاڵاکە، من چی بکەم؟

ژن لە ژیانی هاوسەرگیرییەکی چواردە ساڵەدا ئامانجی ڕۆحی هەیە. ئەو دەیەوێت لەگەڵ هاوسەرەکەی پێکەوە نوێژ بکەن و کتێبی پیرۆز بخوێنن، بەڵام مێردەکەی لە ڕووی ڕۆحییەوە ناچاڵاکە. تەلەفزیۆن و وەرزشی پێ باشترە. ئەرکی ژنەکە نییە بیگۆڕێت، ڕاستە؟ کەواتە چی بکات؟

لە ڕاستیدا، بەڵێ، گۆڕینی مێرد بەشێکە لە پەیامی ژن. بێگومان «تەنها خودا دەتوانێت بچێتە قوواڵایی مێردەکەی و ئەو جۆرە ئارەزوو و خولیایانە بەئاگا بهێنێت کە پەرۆشی بێت.» بەڵام لە لایەکی دیکەوە، «تەواو دروست نییە بڵێم: "ئەوە کاری من نییە بیگۆڕم"» پەترۆس ئەم خاڵە دووپات دەکاتەوە (یەکەم پەترۆس ٣: ١-٦). ژنەکان دەتوانن، بەڵکو دەبێت، هەوڵ بدەن بۆ گۆڕینی مێردەکانیان - لە بێباوەڕەوە بۆ باوەڕدار، وە لە ناچاڵاکی ڕۆحییەوە بۆ چاڵاکێکی ڕۆحی. خودا ئامرازەکان بەکاردەهێنێت بۆ گۆڕین و پیرۆزکردنی مێردەکان، «وە یەکێک لە ئامرازەکانی بەئاگاهێنانەوەی مێردەکان ئەوەیە کە ژن چۆن دەژیێت و باوەڕی هەیە و خۆشەویستی هەیە.»

بەڵام ژنەکە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕاست دەکات کە «زۆر ئاگادار بێت لەوەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ مێردەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ گۆڕینی ئەو بێت. دەتوانم بڵێم، پێگەی ئەو هاوشێوەیە لەگەڵ ئافرەتێکی سەڵت کە حەز دەکات هاوسەرگیری بکات. سەرنجی ئەو لە ژیاندا دەبێت لەسەر ژیانێکی سەڵتیی بەرهەمدار بێت و ڕێز لە مەسیح بگرێت، نەک هەموو بارودۆخێک بگۆڕێت بۆ هەوڵدان لەپێناو بەدەستهێنانی پیاوێک. ئەمە ئەنجامی پێچەوانەی هەیە، هەروەها ئەو هاوسەرانەی بیر لەوە دەکەنەوە هەموو بارودۆخێک بۆ گۆڕانکارییە لە هاوسەرەکەیان.» بۆیە لە بەشە بەناوبانگەکەی پۆڵس لە باسی خۆشەویستی، باس لە پازدە شت دەکات کە خۆشەویستییە و دەیهێنێتە دی -گۆڕینی کەسەکەی دیکەی تێدا نەهاتووە (یەکەم کۆرنسۆس ١٣: ٤-٧).

کەواتە چی ڕوودەدات ئەگەر دوای یەک یان دوو یان سێ دەیە لە هاوسەرگیری، بزانیت کە هاوسەرگیرییەکە بەگوێرەی ئەو خەونە ناژیێت کە لە سەرەتاوە هەتبووە؟ «زۆربەی هاوسەرگیرییەکان بەم شێوەیەن.» ئەمە واتا خودا کار لەسەر تۆ دەکات. «مەبەستی خودا بۆ تۆ ئەوەیە کە باوەڕ و پیرۆزی خۆت لە ڕێگەی لایەنە بێهیواکانی کەسایەتی هاوسەرەکەتەوە پاڵاوتە و قوواڵتر بکەیتەوە. شەڕی باوەڕ ئەوەیە کە باشتر و باشتر مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکەت بکەیت، بەو سەرچاوانەی کە لە مەسیحدا دەیدۆزیتەوە.»

هاوسەرگیرییەکان کێشەیان دەبێت، چونکە تەمبەڵ و ترسنۆک و لاوازەکان کڵێساکان

پردەکەن -هەروەها هاوسەرگیرییەکانیش (یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٤). تەمبەڵەکان «نارێک، بێسەروبەر و تەوەزەڵن.» کەسانی ترسنۆک «ڕۆحیان بچووکە، توانای هەستکردنیان بە شتە گەورە و گرانەکان نییە، بە هەر سەرنجراکێشانێکەوە، بە ئاسانی بێهیوا دەبن و بە ئەزموونە بێ بایەخەکان ڕازی دەبن.» وە لاوازەکان «تووشیی شتێکی بێتوانایی دەبن -هەندێک سنووورداری لاوازکەر، کە دەکرێت جەستەیی یان دەروونی بێت.» ئەم کەسانە هەمیشە لە کڵێساکان دەبن، وە ڕەنگە لە هاوسەرگیرییەکانیشدا هەبن. بۆیە ئێمە لەپێناویان نوێژ دەکەین، وە هیوای گەشەکردنیان دەخوازین، وە لەگەڵ هەموویان پشوودرێژ دەبین. «خۆشەویستی زۆر ئازار دەچێژێت و میهرەبانە. هەتا کەی؟ باشە، پەیمانی هاوسەرگیری کە دەڵێت «لە خۆشی و ناخۆشی» ئەوەیە «هێندەی ئێمە لە ژیاندا بین.» خودا هەموو نیعمەتێکت بۆ دابین دەکات کە پێویستتە بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەرگیریتان ببێتە بەرهەمدارترین شوێن بۆ گەشەکردن لە خوداپەرستیدا.»[a]

وشەیەک بۆ مێردەکانی ژنە بێباوەڕەکان

پیاوێک کە بەهۆی ئینجیلەوە گۆڕدراوە هەست دەکات تووشی تەڵاقی ڕۆحی بووە، بەڵام پابەندە بەوەی لەڕووی یاساییەوە لە ژنە بێباوەڕەکەی جیانەبێتەوە. چۆن دەتوانێت خۆڕاگر بێت؟

شەش هاندان. (١) ڕۆژانە لەنێو وشەی خودادا بە (ڕۆما ١٠: ١٧). باوەڕێکی بەردەوام پێویستی بەوەیە کە «خودا هەموو ڕۆژێک قسەمان لەگەڵ بکات.» (٢) تەنها مەخوێنەرەوە، بەڵکو نوێژ بکە بۆ خودا کە دڵت ئاراستە بکات بۆ بینینی خۆشەویستی ئەو و باوەڕی مەسیح. لە نوێژی پۆڵسدا، «یەزدان دڵتان ئاراستەی خۆشەویستی خودا و چەسپاوی مەسیح دەکات» (دووەم سالۆنیکی ٣: ٥). باوەڕت بە خۆشەویستی خودا و خۆڕاگری مەسیح هەبێت چونکە ئەمە «پێویستە بۆ چەسپان لە هاوسەرگیریدا،» لە هەر هاوسەرگیرییەکدا. (٣) بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ ژنەکەت چاوت لەسەر خودا بێت. پۆڵس دەڵێت کە دەتوانین بەردەوام بین لە ژیانی هاوسەنگدا چونکە ئێمە «خودای خۆڕاگری» دەپەرستین (ڕۆما ١٥: ٤-٦). ئەوە «بڕگەیەکی جوانە کە بەبێ هیچ پێچ و پەنایەک دەتوانرێت بۆ هاوسەرگیری بەکاربهێنرێت.» (٤) لە خۆشیدا بژی، وە لەبەردەم ژن و منداڵەکانت پێشەنگی خۆشی بە لە مەسیحدا. «با مەسیح بەگوێرەی توانای شکۆی خۆی بە هەموو هێزێک بەهێزتان بکات، بۆ هەموو دانبەخۆداگرتن و ئارامگرتنێک، بە خۆشییەوە (کۆلۆسی ١: ٩-١١). جگە لە خودا کەس ناتوانێت لە هاوسەرگیرییەکی سەختدا ئەمە بکات.» تەنها بەرگە مەگرە و خۆڕاگر مەبە، «بەڵکو بە خۆشییەوە ئەوە بکە.» بە خێزانەکەت نیشان بدە کە عیسا

a ئەڵقەی ١٣١٥: «مێردەکەم نەرێنییە -چی بکەم؟» (٢٠ی شوباتی ٢٠١٩).

تێر دەکات و لەناو ئەم ژیانەدا «لەگەڵ هەموو خەمەکانیدا، خۆشییەکی قووڵ هەیە.» (٥) لەبیرت بێت کە هاوسەرگیری پێشبڕکێیەکی کورت نییە؛ بەڵکو ماراسۆنێکە.» وە هەندێک لە ماراسۆنەکان گردی زیاتریان هەیە، گەرمایان زیاترە، بەربەستی زیاتریان لەبەردەمە.» بۆیە تەماشای نموونەی مەسیح بکەن -ئەو پێشبینی خۆشی هەتاهەتایی دەکرد و لەو خۆشییەدا ژیا و خزمەتی کردووە. «شەرم مەکە لەوەی چاوەڕێی خۆشی داهاتووت بکەیت بۆ ئەوەی هەنێک لە بەشەکانی لە ئێستادا ئەزموون بکەیت بۆ ئەوەی لە ماراسۆنی هاوسەرگیریتاندا پشتگیریت بکات» (عیبرانییەکان ١٢: ١-٢). (٦) تەماشای بەرگەگرتنت بکە سەختییەکان. ئازارەکانمان بەرگەگرتن بەرهەم دەهێنێت، ئەم کۆڵنەدانەش کەسایەتی بەرهەم دەهێنێت، ئەم «پەسەندبوونە»ش هیوا بەرهەم دەهێنێت (ڕۆما ٥: ٣-٥). بە نیعمەتی خودا، ئازارەکانمان لەم ژیانەدا «بە مەبەستی یارمەتیدانمانە بۆ خۆڕاگری» هەتا کۆتایی.[a]

دەربارەی ژیان لەگەڵ ژنێکی شەڕانگێز

سیپارەی پەندەکان چەندین هۆشداری دەدات سەبارەت بە ژنی شەڕانگێز (پەندەکان ١٩: ١٣؛ ٢١: ٩، ١٩؛ ٢٥: ٢٤؛ ٢٧: ١٥). ئایا ئەم دەقانە هانی مێرد نادەن بۆ جیابوونەوە لێیان؟

نەخێر، هەر پیاوێک ئەم دەقانە بخوێنێتەوە «وە لە دڵیدا بەو ئەنجامە بگات کە جیابوونەوە و هاوسەرگیری دووبارە لێرەدا دەستخۆشی لێدەکرێت، دەزانین کە ئەو لەژێر دەسەڵاتی دڵێکی ڕەقدایە، کە خودا پەسەندی ناکات» (مەرقۆس ١٠: ٢-٧). وەک عیسا سەبارەت بە ڕێپێدانی موسا بە تەڵاق لە پەیمانی کۆن فەرمووی، ئارەزووی تەڵاق لە دڵێکی ڕەقەوە سەرچاوە دەگرێت. وە عیسا مرد بۆ ئەوەی دڵێکی نەرمان پێببەخشێت.

کەواتە دڵێکی نەرم چۆن کاردانەوەی دەبێت لەگەڵ ژنێکی شەڕانگێز؟ چوار بیرکردنەوە هەیە. (١) هەڵبژێردراو بە. زۆرێک لە پەندەکان ئامۆژگاری دایک و باوکن بۆ منداڵەکانیان، ڕێنماییکردنی سەڵتەکانە. «لەگەڵ ژنێکی شەڕانگێز هاوسەرگیری مەکە. ئەگەر ناچار بوویت لە بیابانەدا بژی. لەجیاتی ئەوەی ئەو کارە بکەیت لە ژووڕێکی بچووکی سەربان لەگەڵ دایک و باوکت بژی.» بە دەربڕینێکی دیکە، بە پشوودرێژییەوە چاوەڕێی ژنێکی گونجاوەکە بکە (پەندەکان ١٨: ٢٢). (٢) گونجاو بە. ئەم دەقانە ژنان و پیاوان ئاگادار دەکەنەوە لەوەی هاوسەرێکی شەڕانگێز نەبن. «ئەمە وانەیەکە: هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی شەڕانگێز مەکە. وە ئەگەر هاوسەرگیریت کردووە، ئەی ژنان، هەموو هەوڵێک بدەن بۆ ئەوەی شەڕ و ململانێ نەکەن.» (٣) پشوودرێژ بە، خودا دڵەکان دەگۆڕێت. ژنی

a ئەڵقەی ١٠٢٩: «چۆن هاوسەرە بێباوەڕەکەم خۆشبوێت؟» (١٧ی نیسانی ٢٠١٧).

دانا بەخششێکە لە خوداوە (پەندەکان ١٩: ١٤). وە ئەگەر بەخشی، «ئەوا خودا دەتوانێت ژنێکی شەڕانگێز بکاتە ژنێکی هاوکار و دانا. وە ئەگەر خودا بە دەسەڵاتیەوە بەخشی، دەتوانێت پێش هاوسەرگیری بیبەخشێت، وە لەدوای هاوسەرگیریش بە گۆڕینی ژنەکە بیبەخشێت.» (٤) خۆشەویستیت هەبێت، هەرگیز خراپە لە بەرامبەر خراپەدا مەکە (ڕۆما ١٢: ١٧؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٥ یەکەم پەترۆس ٣: ٩). ژنەکەت لەوە زیاتر خۆشبوێت کە شایەنیەتی. زۆر ئاسانتر و خۆشتر و ئارامترە بچیتە سەربان و دوور بکەویتەوە لەم ژنە شەڕانگێز و بە ئاژاوەیە.» بەڵێ، بەڵام هەڵهاتن پەسەند نییە «لە ڕێگای خۆشەویستی.» بەدوای ئاشتەوایی و خۆشەویستیدا بگەڕێ لەگەڵ هاوبەشی هەتاهەتایی پەیمانەکەت.[a]

چۆن گرنگی بە ژنە خەمۆکەکەم دەدەم؟

«لەکاتێکدا بیرم لەوە دەکردەوە و نوێژم دەکرد لەپێناو ئەم دۆخە -و دەزانم چەندین هاوسەرگیریی لەم شێوەیە هەیە، هاوسەرگیری درێژخایەنی وەک ئەمە، تەنانەت ئەو هاوسەرگیرییانەی کە چەندین جار چوونەتە نەخۆشخانە بەهۆی هاوسەرگیرییەکی خەمۆک- بیرم لە دە وشەی ئامۆژگاری کردەوە کە بۆ ئەم هاوسەرە نەناسراوە باسی بکەم.»

(١) سوپاسگوزار بە لەپێناو نیعمەتەکان. ستایشی خودا بکەن لەپێناو سااڵنی ئەم هاوسەرگیرییە، بەخششێکی سەرسوڕهێنەری نیعمەتی پاراستنی خودایە. (٢) کۆتایی بە گومان بهێنە. تۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ کەسێکی هەڵەدا نەکردووە. (٣) پشوودرێژبە لەگەڵ سنووەرکانی. هەموو باوەڕداریک بە مەسیح دەبێت سنووریک بۆ پیرۆزی کەسی دابنێت، چونکە ئێمە «هەرگیز لەم ژیانەدا لە هەندێک سنوور زیاتر گەشە ناکەین» (یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٤). لەناو «هەمەجۆریی لاوازی نێوان باوەڕداران»دا، تەنها خودا «بڕی باوەڕ و گەشەکردن بەپێی دانایی خۆی دیاری دەکات» (ڕۆما ١٢: ٣). «بە دەربڕینێکی دیکە ڕەنگە پلانی خودا بێت بۆ ئەوەی تۆ شوانایەتی ژنەکەت بکەیت، نەک لە خەمۆکییەکەی، بەڵکو هەتا کۆتایی لەگەڵی بیت. (٤) کاریگەری بە پشوودرێژی و نەرمونیانییەوە. لە ژێر سایەی سەروەری خودا بەسەر هەموو شتێکدا، بنەمایەک لە بنەماکانی پۆڵس هەیە کە دەکرێت بۆ هاوسەرگیری بەکاربهێنرێت، ئەو بنەمایەی کە «میهرەبانی، پشوودرێژی، نەرمونیانی و ئامادەیی بۆ بەرگەگرتنی خەمە، ڕەنگە گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا بهێنێت» لە یەکێکی دیکەدا. «چ وابێت یان نا، ئەوە پەیامی ئێمەیە کە وا بین» (دووەم تیمۆساوس ٢: ٢٤-٢٥). (٥) پابەندبە بە پەیامەکەتەوە. هەرگیز لەگەڵ ژنەکەتدا تونەمبە (کۆلۆسی ٣: ١٩). خۆشتبوێت وەک چۆن مەسیح بووکەکەی خۆشدەوێت (ئەفەسۆس ٥: ٢٥). «با بیرت لەمەدا نوقم بێت: مەسیح هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک کردووە،

a ئەڵقەی ١٣٥٦: «مێرد چۆن دەبێت مامەڵە لەگەڵ ژنە شەڕانگێزەکەیدا بکات؟» (١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٩).

کلّیسا،» ئەویش (ئیمەیـن) «زۆر پوخـت دەبێتـەوە لـەو ڕاسـپاردەیەی کـە بـە هەمـوو دڵمانـەوە خۆشـمان بوێـت، لـەوەی ژنەکانمـان لـە هـەر چاوەڕوانییەکـمان کەمـتر بـن. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ئیمـە لـەوە کەمترین کـە مەسـیح لەلایـەن ئیمـەوە شـایەنیەتی، ژنەکانمـان لـەوە کەمـترن کـە ئیمـە شـایەنین یـان هیـوای بـۆ دەخوازیـن.» وە پەیامەکەمـان لـە هـەر بارودۆخێـک بێـت جێبەجێـی دەکات، چونکـە «هیـچ بەڵێـن بـە هیـچ مێردێـک نـەدراوە ژنێکـی بـە دڵخۆشـی هەبێـت.» (٦) لـە خووەکانـی نیعمەتـدا پێشـەنگایەتی بکـە. لـە هـەر بارێکـی سـۆزداری بێـت، بیبـە بـۆ نـاو وشـەی خـودا و «هەمـوو ڕۆژێـک بەڵێنەکانـی خـودا پێـی بڵـێ -نـەک ڕەخنـە، بەڵکـو بەڵێـن.» لەگەڵیـدا نوێـژ بکـە. لەپێنـاوی نوێـژ بکـە. بیبـە بـۆ کلّیسـا. ئامـاژە بـەو دەقانـە بکـە کـە باسـی بەرگەگرتنـی تاریکـی دەکـەن لـەلای بـاوەڕداران (وەک میخـا ٧: ٨). «هیـچ بیرۆکەیەکـت نییـە کـە کاریگەرییـە درێژخایەنەکانـی فێرکارییـە ڕۆحییـە جێگیرەکانـی نیعمـەت چـی بەدەسـتبهێنن.» (٧) خـۆراک بـدە بـە ڕۆحـی خـۆت و هاوڕێیـەک بـدۆزەرەوە کـە بتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت لـە هەڵگرتنـی بارگرانییەکەت. (٨) داوای ئامـۆژگاری لـە مەسـیحییە ژیـرەکان بکـە. (٩) ئـەوەی خـودا پێـی بەخشـیویت لەخۆتـی بگـرە. هاوسـەرگیرییە سـەختەکان لـە مێـژوودا بخوێنـەوە، وەک هاوسـەرگیری ئەبراهـام و مـاری لینکۆڵـن. «هاوسـەرگیرییەکی بەختـەوەر نەبـوو.» هەردووکیـان کەموکوڕییـان هەبـوو. مـاری «زۆرجـار تووڕەیـی هەڵدەڕشـت» و هێرشـی دەکـردە سـەر کەسـانی دیکـە، لەنێویاندا هاوسـەرەکەی. لـەم ناخۆشـییانەدا، ئەبراهـام ئازارەکـەی لەخۆدەگـرت، فێـری پشـوودرێژی بـوو بـۆ سـەرکردایەتی، کـەوا لـە «ئاگـری پاڵاوتـە»ی هاوسـەرگیرییەکەی بەهێزتـر بـوو. (١٠) خۆشـی داهاتـووت لەبیربێـت. «سوپاسـگوزاری ژنەکـەت لـەدوای زیندووبوونـەوە مـردووان وێنـا بکـە، کاتێـک ئـازاد بـووە و بیـر لـەو پشـوودرێژی و میهرەبانییـە سەرنجڕاکێشـە دەکاتـەوە کـە بـۆ دەیـان سـاڵ نیشـانت داوە. ئێسـتا تەنانـەت توانـای سۆزداریشـی نییـە بـۆ ئـەوەی بەگوێـرەی پێویسـت کاردانـەوەی هەبێـت، وەک ئـەوەی تـۆ ئـارەزووی دەکەیـت کـە بیـکات، بـەڵام ڕۆژێـک دێـت، لـە زیندووبوونـەوەدا، ئـەو توانایـەی دەبێـت، وە یادەوەرییەکـەی بـۆ پشـوودرێژی تـۆ دەبێتـە بەشـێک لـە خۆشـی تـۆ.[a]

بووژانەوەی هاوسەرگیری لەدوای داوێنپیسی

ناپاکـی هاوسـەرگیری «پاسـاوێکی بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز» نییـە بـۆ تـەڵاق. بـاوەڕداران بـە مەسـیح فێـر دەکرێـن کـە لـە شـاخێک لـە گوناهەکانمـان خـۆش بـن (مەتـا ١٨: ٢١-٢٢). ڕۆحـی لێبـوردن لـە دادگا دوورمـان دەخاتـەوە (یەکـەم کۆرنسـۆس ٦: ٧). دڵسـۆزی خـودا لـە پەیمانەکـەی لەگـەڵ گەلەکـەی بەهـۆی ناپاکـی ڕۆحییـەوە ناشـکێت (ئیشـایا ٥٤: ٦-٧؛ یەرمیـا ٣: ٨، ١٢)، خاڵێکـە کـە لـە هاوسـەرگیری هۆشـەع لەگـەڵ ژنێکـی لەشفروشـدا وێنـا کـراوە (هۆشـەع ١: ٢؛ ٢: ١٤-١٥). مێـژووی دوور و درێـژی خـودا لەگـەڵ گەلـی ئیسرائیـل ئەوەمـان

a ئەڵقەی ١٤٤١: «چۆن گرنگی بە ژنە خەمۆکەکەم بدەم؟» (٢ی ئازاری ٢٠٢٠).

پێدەڵێت کە «ئەو هەرگیز شایستەی دڵسۆزی ئەو نەبوونە -هەرگیز.» لە کۆتاییدا، «بە ئازارێکی درێژی وێنانەکراودا، بە هێزی پەیمانی نوێ و خوێنی عیسا،» بووکەکە جوان ڕازێنرایەوە (ئەفەسۆس ٥: ٢٥-٢٧). خودا داوێنپیسەڕۆحییەکان دەکاتە بووکێکی ڕازاوە و پیرۆز و بێ کەموکوڕی بۆ کوڕەکەی. ئەمە کاری ئینجیلە.

هەر هیوایەک بۆ پاراستنی هاوسەرگیری لە ئاکامی داوێنپیسیدا پێویستی بە دوو پەرجووی خودایی هەیە.

پەرجووی یەکەم: پێشکەشکردنی لێخۆشبوون (ئەفەسۆس ٤: ٣٢). «تەنها بە پڕبوون -وە مەبەستم سەرسامییە- لە لێخۆشبوونی عیسا لە خۆمان، بە نرخی ژیانی بێگۆتایی بەهاداری ئەو، دەتوانین لە ناپاکییەکی ترسناک و بە ئازاری وەک داوێنپیسی خۆش بین.» عیسا فێرمان دەکات کە «هەموو ژن و مێردێکی باوەڕدار بە مەسیح، لە هەزاران داوێنپیسی لە دژی خودا لێخۆشبوونیان وەرگرتوە» (مەتا ١٨: ٢٣-٣٥). تێگەیشتن لەمە دەبێتە بنەمای پەرجووی لێخۆشبوون لە هاوسەرێک کە گوناهێکی هێندە قوڵی کردووە.

پەرجووی دووەم: دووبارە بنیادنانەوەی متمانە. «لێبوردن مافێک نییە داوای بکرێت، بەڵکو بەخششی نیعمەتە کە بە ساکاری و سوپاسگوزاری و فرمێسکەوە وەربگیرێت.» پاشان پرۆسەی درێژخایەنی دووبارە بنیادنانەوەی متمانە دێتە ئاراوە. ئەم متمانەیە، «لەلایەن هاوسەرەکەیەوە دێت کە ناپاکی لێکراوە، وەک مێخێک نییە کە لەسەر زەوی چەقێندرابێت و بەلایدا تێدەپەڕیت؛ بەڵکو وەک دار بەڕووێک وایە کە لە زەویدا دەیچێنیت. وە ڕۆژێک دێت، بە خواستی خودا، ڕەنگە ببێتە دار بەڕووێکی متمانەیی نەلەرزۆک. بەڵام گەشە دەکات بەوەی سەرەتا لە قۆناغە ناسکەکان بە پاراستنی ئارام و ئاودان و چاودێری بکرێت، لە ڕەشەبا کە هەڕەشە لە کوشتنی نەمامە بچووکەکەی متمانە دەکات.»

هەردوو پەرجوو دەبێت «بە باوەڕبوون بە بەڵێنەکانی خودا» دەبن. خودا هەرگیز بەجێتان ناهێڵێت و وازتان لێناهێنێت و جیاتان ناکاتەوە -هیچ کام لە ئێوە (یەشوع ١: ٥؛ عیبرانییەکان ١٣: ٥). تەنها بە پابەندبوون بەم بەڵێنانەوە دەتوانیت هەتا کۆتایی بەرگە بگریت، کاتێک «لە بەرامبەر یەکتردا دانیشتوون و دەستە چرچ و لۆچەکانی یەکتر دەگرن و بە فرمێسک و زەردەخەنەوە دەڵێن: "ئێمە سەرکەوین! ئێمە سەرکەوین!"»[a]

تووڕەیی، گەورەترین بکوژی پەیوەندییەکان

گوناهێک کە لە دوایێنپیسی زیاتر کۆتایی بە هاوسەرگیری دەهێنێت، تووڕەییە «بکوژە گەورەکەیە.» لە چوارچێوەی پرسیارێکدا سەبارەت بە جیاوازی تووڕەیی پیرۆز و

a ئەڵقەی ١٤٤٠: «چۆن هاوسەرەکان دەتوانن لە دوای داوێنپیسی چاک ببنەوە؟» (٢٨ی شوباتی ٢٠٢٠).

تووڕەیی ناپیرۆز: «من لە تەمەنی سی ساڵیدا زۆر لە ئێستا گەشبینتر بووم بە پێگەیەکی ڕاستودروستی تووڕەیی، هێزی وێرانکەری تووڕەییم بینیوە لە پەیوەندییەکان، بە تایبەتی لە هاوسەرگیریدا، بە ڕادەیەک لە ماوەی چل بۆ پەنجا ساڵی ڕابردوو ئێستا زۆر کەمتر گەشبینیم هەیە لەوەی پێی دەگوترێت تووڕەیی ڕاستودروست.»

تووڕەیی وێرانکەرێکی خراپە. «تووڕەیی تەنها تێکدەرێکی پەیوەندی نییە؛ بەڵکو تێکدەری خودە. هەموو هەستە تەندروستەکانی دیکە هەڵدەلووشێت. ئەگەر چارەسەر نەکرێت، هەرچی بێتە سەر ڕێگای لەناودەبات. ژن یان پیاوەکە جگە لە تاڵیی و تووڕەیی هیچی دیکەیان نابێت، بێدەسەڵات لە سۆزێکی دیکە، یان بێدەنگی یان تووڕەیی. ئەمەش پەرەسەندنێکی ترسناکە.»[a]

کۆلۆسی ٣: ١٩ داوا لە مێردەکان دەکات کە ژنەکانیان خۆشبوێت و تووند نەبن لەگەڵیان. وشەی یۆنانی بۆ تووند (πικραίνεσθε) هەمان ڕەگی وشەی تاڵی (πικρία) هەیە لە ئەفەسۆس ٤: ٣١. "ئەم وشەیە بە واتای ئەوە دێت، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن خەمبار و تورە مەبە لە هاوسەرەکەت." تووڕەیی ڕێگەیەکە لە خراپەکاری سێکسی زیاتر هاوسەرگیری دەکوژێت.» کەواتە پەیامی پەیمانی نوێ تووڕەیی فڕێدەدات (ئەفەسۆس ٤: ٣١-٣٢؛ کۆلۆسی ٣: ٨). «وای لەم پەرجووە! چۆن جیهان دەگۆڕێت. چۆن هاوسەرگیری دەگۆڕێت.»[b]

ئەوەی هاوسەرەکەت زۆرترین پێویستی پێیەتی لە تۆدا

«پێموایە گەورەترین وەبەرهێنان کە ژن و مێرد دەتوانن لە هاوسەرەکەیاندا بیکەن، ئەو وەبەرهێنانەیە کە لە ڕۆحی خۆیاندا دەیکەن: مەبەستم ئەوەیە: ئەگەر هاوسەرگیری بکەیت، هەموو شتێک گوڵاوی و باشە. یەکترتان خۆشدەوێت.» بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ڕەنگە دەست بکەیت بە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەرگیری وەک پرۆژەیەک، پێویستی بە خوێندنەوەی کتێبی نوێ هەیە، بەشداری سیمینارێکی دیکە بکەیت، زمانە دروستەکانی خۆشەویستی وەربگریت. هەموو ئەوانە دەکرێت یارمەتیدەر بن. «بەڵام لەوانە زۆر گرنگتر ئەوەیە: ئایا دەچمە لای پەروەردگار و وەبەرهێنانم لێدەکات و دەڵێم، 'ئەی خودایە، من بکە بە کەسێکی نوێ'؟ ئەمە تەنها لە سەرەتای ژیانی مەسیحییوونت ناکەیت. هەر یەکێمان تەمەنێک بژین دەزانین کە هەتا ئەمڕۆش گوناهبارین. وە پێویستە هەوڵێکی ڕۆحی بدەم بۆ ئەوەی نیازم لەگەڵ ژنەکەم باش بێت، کاتێک قسە لەگەڵ ژنەکەم دەکەم، نەک تەنها وەبەرهێنانی تێدا بکەم، بەڵکو ببمە کەسێکی نوێ کە زیاتر خۆشمبووێت لەوەی دوێنێ خۆشمویستووە.» لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا، «هەموو ڕۆژێک تێدەکۆشم لەپێناو

a ئەڵقەی ١٧١١: «ئایا تووڕەیی دروست خۆشیمان دەکوژێت؟» (٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١).
b ئەڵقەی ١١٠٠: «بکوژە گەورەکەی هاوسەرگیری» (٢٩ی ئەیلوولی ٢٠١٧).

ژیانی هاوسەرگیریم لەپێناو تێکۆشان بۆ پیرۆزی خۆم. پەنا دەبەمە بەر کتێبی پیرۆز و بەدوای ئەوەوەم بێ ڕێز نەبم، ڕەخنەگر نەبم. داواکارم بۆ خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون (گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٣). ئەمە هاوسەرگیرییەکی خۆشە. وە جەنگی سەرەکی لێرەیە، لە ناخمدا.»

بەرگەی ژنەکەت بگرە و لێی خۆشبە -«دەقێکی زۆر گرنگە» بۆ هاوسەرگیری (کۆلۆسی ٣: ١٣). «لێبوردن شتێکی سەرسوڕهێنەر و سەرنجڕاکێشە. هەموو هاوسەرێک پێویستی بە لێبوردن و لێخۆشبوون هەیە.» بەڵام «ئەو گرفتەی کە من بە خێرایی فێربووم، ئەو پێی وایە ئەوەی بێزارم دەکات گوناە نییە. وە هیچ شتێکی نییە لێی پەشیمان بێت. وە هیچ شتێک نییە من لێی خۆشبم. ئیتر من پەست دەبم.» کەواتە ناکۆکییە چارەسەرنەکراوەکان لە کۆی دادەنێیت؟ تۆ دەیانخەیتە ناو کۆمەڵە پەینی گژوگیا. هەموو هاوسەرگیرییەک پێویستی پێی هەیە. «ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ حەوشەیەکی سەوزی بەڕاستی خۆشت هەیە. شوێنێکی خۆشە بۆ پیاسەکردن. وە پەیوەندی پڕە لە شتی پیس و خراپ کە هیچ کام لە ئێوە بە گوناە نایزانن. ڕەنگە لەمەدا هەڵە بن. بەڵام پەیبنەکە لە گۆشەیەکی دووردا کۆمەڵ دەکەیت، وە هاوسەرەکەت دەخەیتە ناوی. ئێستا دەتوانیت بە درێژایی شەو لە لای کۆمەڵێک پەینیدا خێوەت هەڵبدەیت و بمێنیتەوە و بۆنی شتە بۆگەنەکان بکەیت. یان دەتوانیت پەردەیەکی بە دەورەدا هەڵبواسیت و چێژ وەربگریت لەگەڵ ئەو ژنەی کە هاوسەرگیریت لەگەڵی کردووە لەسەر مێز و لەناو سەوزایی. لە کاتێکدا شتەکانی خۆت و ئەو دەخەیتە ناو کۆمەڵە پەیبنەکە، دەزانن کە لەوێیە، بەڵام بۆنەکەی دوورخراوەتەو؛ بڕاوە. تەماشای چاوەکانی یەکتر دەکەن، ڕاستگۆیانە دەزانن کە کەڵەکەیەکی پەین لە دواوە هەیە. «ئێمە ئێستا باسی ناکەین، چێژ لە نەوەکانمان وەردەگرین، وە گۆشت دەبرژێنین.»

ڕەفتارەکانمان «دواییں شتەکان» بە بەراورد لەگەڵ «شتەکانی سەرەتا» لە «هەڵوێست و هەست و تورەیی و خۆشییەکان.» وە لێرەدایە کە شەڕەکە دەکرێت. «بەیانیان هەڵدەستیت و لەدوای نیو کاتژمێر لەگەڵ عیسا، دەچیتە سەر مێزی نانی بەیانی، ڕووبەڕووی گوناهەکانت دەبیتەوە و دانی پێدا دەنێیت. کەواتە تۆ دەتوانیت قسەی بنیادنەر بکەیت.»[a]

دەربارەی ئازاردان

هەندێک بنەمای سەرەکی هەن پێویستە دابڕێژرێن، هەرکاتێک مامەڵە دەکرێت لەگەڵ ئازاردانی سۆزداری، زارەکی، یان جەستەیی بۆ ژنان لەلایەن پیاوانەوە (لە بەشەکانی دواتردا ئەم خاڵانە ڕوون دەکرێنەوە).

a ئەڵقەی ١٤١٨: «ئەوەی هەموو هاوسەرگیرییەک زۆرترین پێویستی پێیەتی» (٨ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠).

ژن بـه درێژایـی ژیانـی، پەیوەنـدی جۆراوجـۆر لەگـەڵ پیاوان ئەزمـوون دەکات: هاوسـەرەکەی، هاوڕێکانـی هاوسـەرەکەی، قەشـەکانی، هاوکارەکانـی لـە قوتابخانـە یـان شـوێنی کارەکـەی، تەنانـەت شـۆفێرانی گەیانـدن، بۆریچـی و میکانیـک. «جـۆری پەیوەندییـەکان لـە نێـوان ڕەگـەزی جیـاواز بـۆ هـەر پەیوەندییـەک جیـاوازە،» بـەڵام ئـەوەی هەمووپـان یەکدەخـات ئەوەیـە کـە خـودا داوای لـە هەمـوو پیـاوان کـردووە بـۆ پاراسـتنی ژنـان، وە داوای لـە ژنانیـش کـردووە بـۆ خۆشویسـتن و دڵخۆشـبوون بـەو پاراسـتنە.[a]

ئـەم تـەوەرە لـە پرسـیارێکدا گەڕایـەوە کـە ئایـا تەواوکـەری لـە دەرەوەی هاوسـەرگیریدا دەگونجێـت، بـە تایبەتـی لـە ژیانـی سـەڵتەکاندا. بەڵـێ، چونکـە «تەنهـا ڕەگـەز -واتـا نێرایەتـی یـان مێینەیـی ئێمـە بـە تەنهـا- بەشـێکی بنەڕەتییـە لـە شوناسـی ئێمـە کـە خـودا پێمانـی بەخشـیوە، جـا ئێمـە هاوسـەرگیریمان کردبێـت یـان نـا. تـۆ ئـەو کەسـەی کـە هەیـت لـە هـەر شـوێنێک بیـت، وە لەگـەڵ هـەر کەسـێکدا بیـت.» بـەم شـێوەیە «هیـچ شـتێکی جادوویـی نییـە لـە ئاهەنگـی هاوسـەرگیریدا پیاوێـک بکاتـە پیـاو یـان ژنێـک بکاتـە ژن. ئـەوەی کـە کـێ بـە درێژایـی ژیانـی بووەتـە ژن، ئەوەیـە کـە کـوڕ بـە درێژایـی تەمەنـی بووەتـە مێـرد.» ئێمـە لـە مانگـی هەنگوینیـدا بـۆ یەکەمجـار پیاوەتـی و ژنبـوون چـاڵاک ناکەیـن.

ئـەم ڕۆڵـە ڕەگەزییانـە کاریگەرییـان هەیـە. بـۆ نموونـە، ژن بـە چاوبەسـتراوی ژوانبەسـتن لەگـەڵ پیـاوان نـاکات. ئـەو چاودێـری «بەڵگـەی ئـەوە دەکات کـە ئایـا غەریـزە و مەیلـی پیاوەکە هەسـتێکی قووڵـی بەرپرسـیارێتی پیاوانـە دەردەخـات بـۆ ڕابەرایەتـی و دابینکـردن و پاراسـتنی ژنـان بـە شـێوەیەک کـە لەگـەڵ پەیوەندییـە جیاوازەکانیـدا بگونجێـت.» ئـەو لـە ڕێـڕەوی ژیانـی دەکۆڵێتـەوە بـۆ ئـەوەی پێشـبینی بـکات «لـە ژیانـی هاوسـەرگیریدا چ جـۆرە ڕابـەر و دابینکـەر و پارێزەرێـک دەبێـت.»[b]

ئـەم خاڵـە لـە ڕاسـتییەکی سـەرەکی لـە پەیوەندییەکانـی نێـر و مێـدا وەرگیـراوە. ژن «دەفرێکی لاوازتـرە» -کـە «بڕیاردانێکـی بەهایـی نییـە؛ ئـەوە تەنهـا قسـەیەکی ڕاسـتییە» (یەکـەم پەتـرۆس ۳: ۷).[c] دیزاینـی پێـوەری خـودا ئەوەیـە کـە پیـاوان بەهێزتـر بـن. ئـەوە هیـچ شـتێکی «ڕێکەوتـی سروشـت» نییـە یـان «کاریگەرییەکـی هەڕەمەکـی هەڵبژاردنـی سروشـتی یـان پەرەسـەندن نییـە. ئـەوە شـێوازی داڕشـتنی خودایـە. کاتێـک تـۆ ڕادەوەسـتیت و بیـر لـەوە دەکەیتـەوە، دەبینیـت کاریگەرییەکـی گـەورەی لەسـەر پیـاوان هەیـە.» بـە تایبەتـی لەسـەر بابەتـی سـووکایەتیکردن.

بـەڵام ئـەم ئاماژەیـەی لاوازتـر لـە ژن کـەم ناکاتـەوە و بەسـەردا زاڵبـوون دروسـت نـاکات.

---

a ئەڵقەی ٤٢: «مێینەیی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز لە پێنج خولەکدا» (٧ی ئازاری ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ١٢٧١: «ئایا ڕۆڵی ڕەگەزی لە دەرەوەی هاوسەرگیری کاری پێدەکرێت؟» (٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨).

c ئەڵقەی ٥٨٧: «ئایا خودا کوڕان لە سەرووی کچان دادەنێت؟» (١ی ئایاری ٢٠١٥).

هەمان دەق دەڵێت: «ئێوە «هاومیراتی نیعمەتی ژیانن» (یەکەم پەترۆس ٣: ٧). هەموو ژنێک لە مەسیحدا بە وەک «مرۆڤێکی شکۆدار دەدرەوشێتەوە» (مەتا ١٣: ٤٣). ژن هاوبەشی هێزی جەستەیی مێردەکەی نییە؛ ئەو بەشداری شکۆمەندییە وەک میراتگری خودا. لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ بکە. ئەی پیاوان: «هێزی خەمخۆری، پاراستن و ڕابەرایەتی تێکەڵ بکەن لەگەڵ هەستکردن بە سەرسامی، کە دەگەیتە ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی لەگەڵ میراتگرێکی خودا بژیت.»[a] وە ئەگەر تۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ کردووە، ئەوا بزانە کە «تۆ لەگەڵ ژنێکدا دەژیت کە دانراوە بۆ میراتگری جیهان، چونکە لە مەسیحدا بەڵێنی ئەوەت پێدراوە، ئەو دەبێتە شاژنی گەردوون، وە تۆش لەگەڵ ئەم بوونەوەرە سەرسوڕهێنەرەدا لەناو یەک جێگادا دەخەویت. بۆیە لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا بەئاگاوەرن کە لێرەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.»[b]

ئازاردانی جەستەیی

لە هاوینی ساڵی ٢٠١٤، ڤیدیۆیەکی بە ئازرر دەرکەوت کە ڕەی ڕایسی ئەستێرەی خولی تۆپی پێی نیشتیمانی لەناو بەرزکەرەوەی گازینۆدا بە مشت لە دەموچاوی لە دەستگیرانەکەی دا هەتا لەهۆش خۆی برد. لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی پێشتردا دەرکەوتووە کە ڕایس جەستەی بێهۆشی ئەو لە بەرزکەرەوەکە ڕادەکێشێتە دەرەوە. لە سەرەتادا، بانگەشەی ئەوەی کرد کە شەقێکی لێداوە، ئەویش بە پشتدا کەوتووە و بە هەڵە لە سەری داوە. بەڵام ڤیدیۆی دواتر کە تێیدا دەرکەوتووە بە مشت لێیدەدات و لەهۆش خۆی دەچێت، درۆکەی ئاشکرا کرد و شەپۆلێکی توڕەیی گشتی لێکەوتەوە. ڕایس بۆ ماوەیەکی نادیار لە خولی ئەمریکایی سڕکرا و جارێکی دیکە هەرگیز لە خولەکەدا یاری نەکرد. کەواتە ئەوانەی لە دۆخێکی ئاوادان چی دەڵێن؟

سەرەتا هەندێک پاشخان. تەواوکەری واتا ژن و پیاو بە شێوەیەک پەیوەندییان هەیە کە وەک یەک نین، بەڵکو جیاوازن. ئەوان تەواوکەری یەکترن، وەک وەرزشی خلیسکانەی دووانەی سەر سەهۆڵ. ژن و پیاو پێکەوە «شتێکی جوان دروست دەکەن شایانی تەماشاکردنە، کە زیاترە لەوەی هەریەکەیان بە تەنها سەرکەوتوو بن.» بە دەربڕینێکی دیکە، خودا سێکسی بایۆلۆژی داڕشتووە بۆ دیاریکردنی هەندێک ڕۆڵ کە لەسەر بنەمای کەلتوور یان لێهاتوویی‌یەکان نین. ئەوە تەنها پرسێک نییە کە کێ زیرەکترە، کێ زیاتر قسەخۆشترە، یان لە ڕووی جەستەییەوە بەهێزترە. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا «پیاو، وەک مرۆڤ، لەلایەن خوداوە بە هەستێکی قوواڵی بنیاد نراوە،» پێی دراوە «مەیلی هەبێت

a ئەڵقەی ١٦١٤: «چی ژن دەکاتە "دەفرێکی لاوازتر"؟» (١٦ی نیسانی ٢٠٢١).
b ئەڵقەی ٥٨٧: «ئایا خودا کوڕان لە سەرووی کچان دادەنێت؟» (١ی ئایاری ٢٠١٥).

لـه ژیانیـدا -بـۆ شـتێکی قوولـتر لـه کەلتـوور، قوولـتر لـه کۆمەڵایەتـی، قوولـتر لـه پـەروەردە- هەسـتکردن بـه بەرپرسـیاریێتی لـه قوولایـی ڕۆحیـدا بـۆ پەروەردەکـردن، دابینکـردن، پاراسـتن و دەستپێشـخەریی ژیانبەخشـی لەگـەڵ ژنـان». وە وەڵامـی ئـەو پرسـیارە، سـەبارەت بـه پشـتیوانانی تەواوکـەری، بەڵێیـە.

خـودا مرۆڤـی بـه هەسـتێک دروسـت کـردووە، «لـه قوولایـی ڕۆحـی پیاوسـالاریدا،» کـه «بەرپرسـیاریێتی تایبەتـی پێـدراوە بـۆ دەربڕینـی گرنگیدانـی تایبـەت، دابینکـردن، پارێـزگاری و هیوابەخشـی و ژیـان بەرزکـەرەوە و ژن بەرزکـەرەوە بێـت لـەو دەستپێشـخەرییانەی کـه لـه پەیوەنـدی لەگـەڵ ژنانـی ژیانیـدا دەیـکات.» لـه مـاڵ، کڵێسـا، کار، قوتابخانـه و کۆمەڵـگادا بـه گشـتی جیـاواز دەردەکەوێـت، بـەڵام ئـەم شـێوازەی تەواوکـەری پەیوەندیـدارە بـه هەمـوو ژیـان و کۆمەڵـگا.

خـودا داوا لـه پیـاوان دەکات پارێـزگاری لـه ژنـان بکـەن. وە ئێمـه ئـەم نەخشـەیە بـۆ کۆمەڵـگا دەبینیـن کـه بـه تایبەتـی لـه هاوسـەرگیریدا وێنـا کـراوە (ئەفەسـۆس ٥: ٢٣، ٢٥، ٢٩؛ کۆلۆسـی ٣: ١٩؛ یەکـەم پەتـرۆس ٣: ٧). بـەڵام دیسـانەوە، «پیـاوان لـه ڕۆژی هاوسـەرگیریدا نابنـه پیـاو.» هەمـوو ئـەو «بارگرانـی و بەرپرسـیاریێتییە جوانانـەی» کـه لـه ژیانـی هاوسـەرگیریدا دەخرێنـه سـەر پیـاوان، لـه دەرەوەی هاوسـەرگیری و پێـش هاوسـەرگیریش هەیـە. هاوسـەرگیری تەنهـا ئـەو شـێوازە چـڕ دەکاتـەوە کـه لـه هەمـوو پەیوەندییەکانـی نێـر و مێـدا کاردەکات. ئـەم ڕۆڵـه پارێـزەرە لـه هـەر پەیوەندییەکـدا بـه شـێوەیەکی جیـاواز دەردەکەوێـت، بـەڵام بنەماکـه «هەمیشـه پەیوەندیـدارە، ئایـا بابەتەکـه ژنـان بێـت لـه شـەڕدا، یـان ژنـان لەنـاو بەرزکەرەوەیەکـدا بـه تەنهـا لەگـەڵ پیاوێکـدا.»

قسـەکەی قەشـه جـۆن بـۆ ڕایـس پەیوەنـدی بـه هەمـوو پیاوانـەوە هەیـە: «پیاوەتیـت -وەک ئـەوەی خـودا دایڕشـتووە، وە وەک ئـەوەی عیسـای مەسـیحی کـوڕی خـودا دەتوانێـت لـه ڕێگـەی پەیوەندییەکـی باوەڕییـەوە لەگەڵیـدا دروسـتت بکاتـەوە- واتـا زاڵبـوون بەسـەر پاڵنـەرە خۆپەرسـتەکانت لەگـەڵ ئـەو تێگەیشـتنەی کـه پیاوانـی ڕاسـتەقینە دەسـتدرێژی ناکەنـه سـەر ژن. پیاوانـی ڕاسـتەقینە ژن دەپارێـزن. پیاوانـی ڕاسـتەقینە ژن بەکارناهێنـن بـۆ دابینکردنـی ئـارەزووی خواردنەکانیـان. پیاوانـی ڕاسـتەقینە هێزیـان بەکاردەهێنـن بـۆ چاکـەی ژن. پیاوانـی ڕاسـتەقینە بـه هەوەسـی خۆیـان ڕابەرایەتـی ناکـەن، یـاری بـه ژن ناکـەن. پیاوانـی ڕاسـتەقینە زاڵـن بەسـەر ئـارەزووی خۆیـان و ژنـان لـه زیـان دوور دەخەنـەوە، نـەک بـەرەو زیانـی ببـەن. وە کاتێـک پیـاوان واز لـەو شـێوازە دەهێنـن، پیـاوە ڕاسـتەقینەکان هەنـگاو دەنێـن و ئـەوەی پێویسـتە بکرێـت دەیکـەن.[a]

a ئەڵقەی SE٠٥: «پەیامی جۆن پایپەر بۆ ڕەی ڕایس» (١١ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

ئازاردانی سێکسی

بزووتنەوەی #منیش (#MeToo) هەوڵیدا لیستێکی درێژی پیاوە بەهێزەکان ئاشکرا بکات، کە هەریەکەیان تۆمەتبار بوون بە گێچەڵی سێکسی نەخوازراو بەرامبەر بە ژنان. تۆمەتەکان ئاراستە کران لە دژی هارڤی واینستێن، کیڤن سپەیسی، لویس سی کەی، ئەل فرانکن، ڕۆجەر ئایڵز، ڕۆی مۆر، مات لاوەر، چارلی ڕۆز، بیل ئۆرێلی و گاریسۆن کیلۆر. پیاوانی چەپڕەو و ڕاستڕەو. نوێخواز و پارێزگار. سیاسەتمەداران و هونەرمەندان. بزووتنەوەکە هۆلیوود و مینیاپۆلیس و واشنتۆن دی سی و شاری نیویۆرکی کردە ئامانج. کەواتە ئەم دۆخە چۆن پەیوەندی بە پەنجا ساڵەی نکۆڵی کۆمەڵگاکەمانەوە هەیە کە ڕۆڵی ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن؟

کێشەکە لەوەدایە کە «گریمانە یەکسانخوازەکان لە کەلتووری ئێمەدا، وە هەتا ڕادەیەکی زۆر لە کلێسادا، ڕەتکراوەتەوە، بێدەنگ کراوە، کەوا یەکێکە لەو ئامرازانەی کە خودا بۆ پاراستن و گەشەسەندنی ژنان دایڕشتووە. بیرۆکەکە بێدەنگ کراوە کە پیاوان، وەک پیاو -بە هۆی نێرینەییان کە خودا پێی بەخشیون، سەرباری هەر لێهاتوویەکی کرداری کە هەیانە یان نییانە- بەرگەی بەرپرسیاریێتی تایبەت دەگرن بۆ گرنگیدان و پاراستن و ڕێزگرتن لە ژنان. ئەم پەیامە جیاوازە لەو چاودێری و پاراستن و ڕێزەی کە ژنان قەرزاری پیاون. ئەوە گریمانەی منە. ئەوە خاڵی بۆچوونی منە.»

ئایدۆلۆژیای یەکسانیخواز بانگەوازی ئەوە دەکات کە ڕۆڵ و بەرپرسیاریێتی ژن و پیاو لە ناو ماڵ و لە کلێسا و تەنانەت لە کەلتووری فراوانتریشدا، هەموویان دەبێت «تەنها لە لێهاتوویەکانەوە سەرهەڵبدەن نەک لە ڕاستییکی قوواڵترەوە کە ڕەگ و ڕیشەی لە شووناسی جیاوازی ئێمەوە هاتووە وەک نێر و مێ.» دەرئەنجامەکەی «قەناعەتێکی پتەوی زۆرینەی کەلتووری یەکسانیخوازی ئێمەیە، کە پیاوان وەک پیاوان قەرزاری ژن نین، بە جۆرێکی تایبەت لە چاودێری و پاراستن و ڕێز ژنان قەرزاری پیاو نین.» وە پەنجا ساڵ لە «نکۆڵی» ئەم چاودێری و پاراستنە تایبەتە، بەرهەمی ڕزیوی خۆی لە خراپ بەکارهێنانی ژنان لەلایەن پیاوانەوە بەرهەم دەهێنێت.

هەمیشە دۆخێک دەبێت کە ژنان داوایان لێ بکرێت بۆ گرنگیدان و پاراستن و ڕێزگرتن لە پیاوان. بەڵام وەک نموونەیەکی پێوەری، کتێبی پیرۆز نیشان دەدات کە «پیاو -وەک پیاو- بەرپرسیاریێتی تایبەت، بە خواستی خودا، لەلایەن خوداوە دارێژراوە، بۆ چاودێری و پاراستن و ڕێزگرتن لە ژنان، کە ئەم بەرپرسیاریێتییانە ژنان بەرامبەر بە پیاوان نییانە.» لە سیپارەی پەیدابوون، ئادەم شکستی هێنا لە ڕابەرایەتی و پاراستنی حەوا لە شەیتان (پەیدابوون ٣: ٦). ئەم شکستە بووە هۆی ئەوەی کە پێویستی بە عیسا هەبێت، ئادەمی

دووەم، کە وەک پیاوێک هاتە ناو جیهانەوە، بۆ ئەوەی «ئەو شکستە لەناوببات، و ببێتە هۆی ئەوەی ئادەم دان بەوەدا بنێت کە باریکی تایبەتی لەسەرە، بەرپرسیارێتییەکی تایبەتی لەسەرە، لە پاراستن و گرنگیدان و ڕێزگرتن لەم ژنە.»

بە شوێنکەوتنی مەسیح، مێردەکان داوایان لێ دەکرێت بۆ نەرمونیانی بەرامبەر بە ژنان (کۆلۆسی ٣: ١٩). پۆڵس داوا لە مێردەکان دەکات کە توند نەبن لەگەڵ ژنەکانیان. ئەمە بە تایبەتی بانگەوازێکە بۆ خراپەکاری بەرامبەر بە ژنان لەلایەن پیاوانەوە، پێشکەشکردنی «خووگرتنێکی تایبەتی توندی و زبری و دڕندەیی ئاسایی پیاوە گوناهبارەکانە کە هەزاران ساڵە بەردەوامە،» بە تایبەتی لە توندی هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لە ژنان لە ڕووی سێکسییەوە. بەڵکو پیاوان پێویستە هێزی خۆیان بۆ خزمەتکردنی ژنان بەکاربهێنن، کە دەفرێکی لاوازترن (یەکەم پەترۆس ٣: ٧). پیاوان داوایان لێ دەکرێت بۆ ڕێزگرتن لە ژنان «بە دیاریکراوی لەبەر ئەوەی پیاوە و بە گشتی پیاوان لە پێگەی هێزی جەستەیی و دەسەڵاتدان بەسەر ژناندا.» ئەم لاوازییە جەستەییە ڕێژەییەی ژنەکە پێویستی دەکات بە ڕێزێکی تایبەت (τιμή) لەلایەن پیاوانەوە. ئەمە بۆ ناو ماڵە. بۆ دەرەوەی ماڵیشە.

ڕاستییە دڵتەزێنەکە ئەوەیە کە «ملیۆنان کەس لە سەردەمی ئێمەدا ئەم ئەرکە تایبەتەی کتێبی پیرۆز دەکەنە قوربانی کە لەپێناو چاکەی ژنان دراوە» نەک «ناپاکی بکەن لە هەر ئاماژەیەک بۆ سازشکردن لەگەڵ گریمانەی یەکسانییەکان.» دەرئەنجامەکە ئەوەیە: «ئێمە هەم سنووردارێکی گەورە و دیاریکراوی خودامان بەسەر خراپەکاری پیاو و دەسەڵاتی پیاو لەدەستداوە و هەم هاندەرێکی گەورە و دیاریکراوی خودا بۆ ئازایەتی پیاو. چونکە ڕەتیدەکەینەوە تەنانەت لە ڕووی نێرایەتی و مێینەییەوە بیربکەینەوە وەک ئەوەی لەلایەن خوداوە دروستکراوە، بەرپرسیارێتی و بارگرانی جیاواز و ناوازەیان هەڵگرتووە.» لەبری ئەوەی ڕێز لەم جیاوازییەی بەدیهێنان بگرین، «ئێمە هیوامان بەو ئەفسانەیە هەیە کە بانگهێشتکردن بۆ چاکەیەکی مرۆڤایەتی گشتییە، بەبێ گرنگیدان بەو چاکە تایبەتانەی کە لە پیاوەتی و ژنایەتیدا دەخوازرێت، بەس دەبێت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی جوانی ڕێزگرتن لە یەکتر. ئەمە شکۆدار نابێت. دەبێت پیاوان لەو کاتەوە فێر بکرێن کە کورێکی بچووکن کەوا بەشێک لە پیاوەتی خۆیان هەستکردنە بە بەرپرسیارێتییەکی تایبەت بۆ چاودێریکردن و پاراستنی و ڕێزگرتن لە ژنان، تەنها لەبەر ئەوەی پیاون.» [a]

دەربارەی سووکایەتیکردن و ئازاردانی زارەکی

هەمان ئەو هاوسەرگیرییەی کە مەبەست لێی پاراستنی ژن و منداڵە، دەکرێت ببێتە زیندانێک بۆ توڕەیی و قسەی ناشیرین. ژنێک نووسیویەتی و باسی ئەوە دەکات کە

a ئەڵقەی ١١٧٢: «بانگەشەکانی دەستدرێژی سێکسی و ئەفسانەی یەکسانیخوازی» (١٦ی ئازاری ٢٠١٨).

لەلایەن مێردەکەیەوە سووکایەتی پێدەکرێت. وەک کەسێکی کەمتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. مێردەکەی وەهمی ئەوەی هەیە و پێی وایە ژن هەر ملکەچی پیاوە.

یەکەم: ئەم پیاوە تەواوکار نییە؛ ئەو کەسێکی نەرگسی و خۆپەرستە، «هێندە لەسەر خۆی و چێژەکانی و ئیمتیازەکانی و مافەکانی چەسپاوە، بە تەواوی بیر لەوە ناکاتەوە کەسێکی دیکە لە خۆی گرنگتر دابنێت» (فیلیپی ٢: ٣). بۆ پیاوێکی ئاوا، دەبێت خودا پەرجووێکی تۆبەکردنی ساکاری لە ژیانیدا بکات. پێدەچێت پێویستی بە ڕزگاری هەبێت.

ئەو مێردە لە زۆرێک لە لایەنەوە هەڵەیە. ژنان لە پیاوان کەمتر نین، بەڵکو هەڵگرتنی لەوێندا یەکسانن (پەیدابوون ١: ٢٧؛ ٢: ١٨). «پیاو و ژن بە قوولی لەیەک دەچن و لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر جیاوازن. ژن پێی دەگوترێت "یارمەتیدەرێکی هاوشان بۆ ئەو" -واتا گونجاو، تەواو، تەواوکار.» ئەمە سەرچاوەی زاراوەی تەواوکارە. بەڵام کاتێک لە سیپارەی پەیدابوون بەشی ٣ فریودەر دەرکەوت، «پیاوەکە نەیتوانی ئەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگرێت کە خودا پێی بەخشیبوو.» بە شێوەیەکی ناچاڵاک تەماشای کرد، ئادەم شکستی هێنا لە ڕابەرایەتی و پاراستنی حەوا. بەڵکو «ڕاستەوخۆ چووە پاڵ هێرشی شەیتان بۆ سەر دانایی و چاکی خودا، بەوەی کاتێک دوژمن هێرشی دەکردە سەر ژنەکەی بێدەنگ بوو» (پەیدابوون ٣: ٦). پاشان ئادەم بوێری هەبوو و گوناهەکەی خستە ئەستۆی ژنەکەی (پەیدابوون ٣: ١٢). گوناە خۆراک دەدات بەم جۆرە تونەی گوناە خستنە ئەستۆ، کەوا وێرانکەری ئاسۆیی و ستوونی پەیوەندییەکانە.

مێرد «بە شێوەیەک داڕێژراوە کە سەرسام بێت بە هاوبەشە یارمەتیدەرەکەی»، لە کاتێکدا «شکۆمەندە» (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٧). «پیاوەکە بە خۆشحاڵیەوە بەرپرسیارێتییەکی ناوازە لە ئەستۆ دەگرێت بۆ پێشەنگایەتی پاراستنی ئەو. کێ لە کێ باڵاترە، وە لەسەر چی ئەژمارد دەکرێت، پەیوەندی نییە بە پرسی خۆشەویستی و پاراستنی بنەڕەتی. ئەوان لەسەر وێنەی خودا بوون و بە تەواوی لەگەڵ گونجاو بوون بۆ بەرهەمدارکردن و دڵخۆشی یەکتر. ئەوان ڕووت بوون و شەرمیان نەدەکرد. یەکتریان شەرمەزار نەدەکرد.»

پەیوەندی ژن و پیاو وەک باڵاتر و کەمتر نییە. ژن و پیاو لەلایەن بەدیهێنەرەکەیانەوە بەهایەکی یەکسانیان هەیە، یەکسانییەک کە نەبەستراوەتەوە بە لێهاتوویی کەسییەکانەوە. دیسانەوە، یەکەم پەترۆس ٣: ٧ لێرەدا لەبەرچاو دەگیرێت. هەر لاوازییەکی هاوشێوە لە ژندا (بۆ نموونە لە ڕووی جەستەییەوە) هەرگیز پاساو نییە بۆ سووکایەتی بە ژن، بەڵکو پێویستی ڕێزگرتن لە ژن هەیە. ئەمە لۆژیکی قوولی پەترۆسە. «چ سەرنجت لەسەر هەر لاوازییەکی تایبەت بێت، یان لەسەر ئەو ڕاستییەی کە هەریەک لە ژن و پیاو چارەنووسیان بۆ شکۆمەندی دانراوە، ئەوا

بانگەوازەکە یەکە: ڕێز، ڕێز، ڕێز -نەک شەرم، شەرم، شەرم.» ئەو مێردەی کە بە شێوەیەکی زارەکی قسەی ناشیرین دەکات، لە ئاست لۆژیکی قوولّی پەترۆس کوێرە.

ئەو تووڕەیی و شەڕانگێزییەی کە زیندانێک بۆ ژنەکەی دروست دەکات، بەڕاستی «خانەی زیندان»ی پیاوەکە خۆیەتی. هاوسەرگیرییەکەی لەناو دەبات. خۆی لەناو دەبات. نموونەی «لە گوێگرتندا خێرا، لە قسەکردندا لەسەرخۆ، لە تووڕەبوونـدا خاو» بە تایبەتی بۆ هاوسەرگیری گرنگە (یاقوب ١: ١٩-٢٠). پیاوی تووڕە و تونـدڕەو دەبنە دیلی گوناهی خۆیان. وە وەک زیندانی مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکەن. پیاوە تونـدڕەوەکان دەبنە «منداڵێک کە تووڕەیی هەڵدەڕێژێت، بۆیە لەبری ئەوەی ڕابکاتە ژووری نووستنەکەی و دەرگاکە بە ڕووی دایک و باوکیدا دابخات، دەتوانێت ڕابکاتە ژوورەوە و دەرگاکە قفڵ بکات.»

ئەم ژنە پێویستی بە یارمەتییەکی مەیدانی هەیە. ئەم مێرە چەوسێنەرە منداڵانەی پێویستی بە پیاوانی کڵێسا هەیە بۆ ئەوەی هەنگاو بنێن، بە تایبەتی پیران -لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەمانە مامەڵەکردنە لەگەڵ ئازاردانی زارەکی. ڕاوێژەکە لە حاڵەتی ئازاردانی جەستەیی دەستبەجێ دەگۆڕێت، کە تێیدا ئەم ژنە «پابەند دەبێت -بە شێوەیەکی دروست و یاسایی- بچێتە لای پۆلیس بۆ ئەو ڕێگایانەی کە حکومەتەکەمان داینـاوە بۆ یارمەتیدانی ژنان یان پیاوان لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە دڕندەییەدا.»[a]

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو مێردەی کە لە ڕووی سۆزدارییەوە ئازار دەدات

ژنێکی دیکە نووسیویەتی، بێهیوا بووە لە سووکایەتی هاوسەرەکەی بە خۆی و منداڵەکانی. ڕەفتارەکانی بریتین لە تووڕەیی و جنێودان لەپێناو سەپاندنی بۆچوونی خۆی بەسەر ماڵەکە، هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی بەردەوام و بێ پەشیمانی ئەنجام دەدات. ئێستا چی بکات؟

ئەمە ئازاردانی سۆزداریيە -«بەکارهێنانی دڕندانەی دەسەڵات»، وە لە ئەنجامدا «زیانێکی درێژخایەن»ی لێدەکەوێتەوە. بۆ دووپاتکردنەوەی گوناهباری ئەم جۆرە ڕەفتارانە، پەیمانی نوێ ڕوونە. ئەم ئازاردانەی سۆزداری قبوڵ ناکرێت. لە هەموو تاڵی و تووڕەیی و تونـدی و هاوارکردن و بوختان و هەموو دڵڕەشییەک و قسەی قێزەون دوور بکەرەوە (ئەفەسۆس ٤: ٣١-٣٢؛ کۆلۆسی ٣: ٨). دڵسۆز و بنیادنەر و لێبوردە بن (ئەفەسۆس ٤: ٢٩، ٣١-٣٢؛ یەکەم پەترۆس ٣: ٨-٩). بە تایبەتی بۆ مێردەکان: خۆشەویست بن، نەرمونیان بن و تونـد مەبن (ئەفەسۆس ٥: ٢٥، ٢٨-٣٠؛ کۆلۆسی ٣: ١٩). ئازاردانی سۆزداری مەترسیدارە -جا لەلایەن مێردەوە بێت یان لەلایەن ژنەوە. ئەم ژنە پێویستە ڕوو لە پیرانی کڵێسا بکات بۆ یارمەتی، بۆ دەستپێکردنی پرۆسەیەک کە بەپێی کاردانەوەی مێردەکە بێت، ڕەنگە ببێتە هۆی دابڕینی لە کڵێسا.

---

a ئەڵقەی ١٤٤٩: «وشەیەک بۆ ئەو پیاوانەی کە سووکایەتی بە ژنەکانیان دەکەن» (٢٠ی ئازاری ٢٠٢٠).

بەڵام خاڵێکی گرنگە هەیە بۆ زیادکردن کە هەموو هاوسەرگیرییەک دەگرێتەوە. دەبێت لە دەوری هەموو هاوسەرگیرییەکی مەسیحی «تۆڕێک لە پەیوەندی هەبێت کە پێویستە کاریگەرییەکانی ڕاستکردنەوە و سەرزەنشتکردن و چاککردنەوەی هەبێت پێش ئەوەی پێویستی بە بەشداریکردنی فەرمی پیران هەبێت.» نامەکان بریتین لە «فەرمان بۆ خەڵکی ئاسایی کە ئامۆژگاری یەکتر بکەن و یەکتر سەرزەنشت بکەن و یەکتر ڕاست بکەنەوە و بە بەردەوامی نوێژ بکەن لەپێناو یەکتر. ئەمە سەرسوڕهێنەرە کە چەند هاوسەر لەم بابەتەدا بە ئازارەوە دەناڵێنن و هیچ کەس ناتوانێت ئەمە بکات. ئەوە کارەساتە.» لە سەرەتای هاوسەرگیرییەوە خۆتان لەمە بپارێزن. بۆ هەموو ژن و مێردێکی گەنج: «خۆتان نوقم بکەن لە تۆڕێکی پەیوەندییەکان، گروپێکی بچووک، کۆمەڵێک هاوڕێ، کە هێندە لە ئێوە نزیکبن بتوانن بزانن کەی کێشە لە ژیانی هاوسەرگیریتاندا ڕووەدات.»

یەک یان دوو هاوڕێت هەبێت کە «بە تەواوی هەموو شتێک» بزانن لە ژیانی هاوسەرگیریتدا ڕووەدات. پێویستی بە متمانەیەکی یەکجار زۆرە لەنێوان ئەم دوو هاوسەرە و هاوڕێکانیان، وە «ئازایەتییەکی زۆر بۆ هاوڕێکان کە بگەڕێنەوە و مێردەکە یان ژنەکە ئاراستە بکەن، بەڵام ئەمە ئەم تۆڕەی پەیوەندییەکانە کە من باسی دەکەم.» وە ئەگەر ئەم پەیوەندییانە نەتوانن کێشەکانی گوناە چارەسەر بکەن، «ئەوا بەشداریکردنی پیران بە هیچ شێوەیەک بە خێرایی نازانرێت، هەموو شتێک لەسەر دەمی دوو یان سێ شایەت دەچەسپێت.» [a]

هاوسەرگیری وەک قەڵغانێکی پارێزەر

لە پرسیارێکدا کە ئایا ئاهەنگەکانی هاوسەرگیریی نەریتییەکان گرنگن یان نا، شتێک هەیە کە دەگوترێت سەبارەت بە شێوازەکانی مۆڵەتی هاوسەرگیری و ئەڵقە و نەریتەکان. «بە کردەوە هەموو کەلتوورەکان بە گرنگیان زانیوە بۆ کارکردنی ژیانی خێزان، وە پاراستنی ژن و منداڵ، وە ڕێکخستنی شارستانی، وە سەقامگیری کۆمەڵایەتی، کە ڕێگەی گشتی هەبێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی جیاوازی نێوان هاوسەرگیری و پەیوەندی سێکسی بەدوای یەک.» ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لەپێناو خزمەتی چاکەی ژنان و منداڵانە. بێگومان کتێبی پیرۆز لەمڕۆدا هیچ کام لەم داب و نەریتانە ناکاتە شەریعەت، وە لەگەڵ گۆڕانی کەلتوورەکاندا دەگۆڕدرێن، بەڵام کتێبی پیرۆز بە ڕوونی گریمانەی ئەوە دەکات کە هەندێک کردەوەی فەرمی لە شوێنی خۆیان دەبن بۆ «دانپێدانانی گشتی کە دوو کەس لەبەردەم خودادا پەیمانێکی هاوسەرگیری تەواوی ژیانیان لەگەڵ یەکتردا بەستووە،» چونکە هاوسەرگیری کردەوەیەکی تایبەت نییە -نە تایبەت بە حکومەتە و نە بە کڵێساش. هاوسەرگیری پێویستە یەکێتییەکی گشتی لێپرسینەوە بێت کە مەبەست لێی پاراستنی ژن و منداڵانە. [b]

a ئەڵقەی ١١٠٢: «ڕووبەڕووبوونەوەی ئازاردانی سۆزداری و زارەکی لە ماڵەوە» (٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧).
b ئەڵقەی ٤٧٤: «ئایا دەبێت ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەم لە کڵێسایەکدا بێت؟» (١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤).

دەربارەی ڕابەرایەتی پیاوان، چەک و قەیرانی ناوەڕاستی تەمەن

ئاڵنگاری کەلتووری

لە بەناوبانگترین بەرنامەی تەلەفزیۆن و فیلمەکانماندا، «دیمەن لە دوای دیمەن جیهانبینییەک پیشان دەدرێت کەوا گوێ بە خودا نادات، شکۆداری پیاو، گوناە قبوڵ دەکات، سێکس دەشێوێندرێت، هاوسەرگیری لاوازکەرە، گاڵتەکردن بە پیاوەتی، بێ بایەخی مێینەیی، گاڵتەکردن بە ڕاستودروستی، سەرسامی بە خۆبەزلزانین.» ئەم جیهانبینییە خودا نەناسە بۆ هۆلیوود، پیاوەتی ڕاستەقینە دەشێوێنێت.[a] کەواتە ئەمە چییە؟

ڕابەرایەتی نێرینە

لە سادەترین پێناسەیدا، «ڕابەرایەتی بریتییە لە مامەڵەکردن و قسەکردن بە جۆرێک کە شوێنکەوتووێک بەرەو ئامانجێک دروست بکات.» ڕابەرایەتی بە تایبەتی مەسیحییە کاتێک ئامانجی کۆتایی لەلایەن کتێبی پیرۆزەوە پێناسە کراوە، «ئاراستەکردنی خەڵک بەرەو خوداپەرستی، بەرەو پەرستن، بەرەو ڕێزگرتن لە عیسا، بەرەو خۆشویستنی خەڵکی.» بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەش خۆبەخشییە. ڕابەرایەتی «سیفەتی خزمەتکار و ساکاری هەیە. هەوڵدان دەبێت بۆ ئەوەی وەک خزمەتکارێک خەڵکی جڵەوگیر بکەیت و بەرزیان بکەیتەوە بۆ شتێکی باش، نەک بەسەر خەڵکدا زاڵ بیت و بیانچەوسێنیتەوە و یارییان پێ بکەیت و بەکاریان بهێنیت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتەکانت.»[b]

پیاوان بە تایبەتی بۆ ئەوە بەدیهێنراون کە باری ڕابەرایەتی لە ماڵ و کڵێسا و کۆمەڵگادا هەڵبگرن. پیاوان ڕابەرایەتی دەکەن و دەپارێزن و دابین دەکەن، شتێکە کە «خودا خستوویەتییە ناو پیاوانەوە.» وە «خودا لە ژندا داینەاوە بۆ ئەوەی پیاوی خۆشبوێت، دڵخۆشی بکات، ڕێزی بگرێت، هاوشانی ئەو بێت، وە هەموو بەخشش و دیاریە جۆراوجۆرەکانیان بەکاربهێنن بۆ پێشخستنی دۆزی مەسیح لە ڕێگەی ئەوەوە، بە جۆرێک کە کاتێک پێکەوە دەبن تەواوکەری یەکترن، وە جوانی خودا بە تەواوی پیشان بدرێت.»[c] کەواتە لە ماڵدا، ڕابەرایەتی یان سەرۆکایەتی مێرد «هەستکردنە بە بەرپرسیارێتییەکی جوان بۆ ڕابەرایەتی و پاراستن و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژنەکەی.» شایستەیە گرنگەکە بریتییە لە «هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەکی جوان.» تەنانەت ئەگەر پیاوەکە کەمئەندام

---

a ئەڵقەی ١٣٩٨: «ئایا تەماشاکردنی گوناە لەسەر شاشە گوناهە؟» (٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩).

b ئەڵقەی ٢٥: «ڕابەرایەتی چییە؟» (١٢ی شوباتی ٢٠١٣).

c ئەڵقەی ٤٢: «مێینەیی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز لە پێنج خولەکدا» (٧ی ئازاری ٢٠١٣).

بێت، ڕێگری هەبێت لەوەی ببێتە دابینکەری بژێوی خێزانەکە، «ئەو کەمئەندامییە ڕێگری لێ ناکات لەوەی هەست بە بەرپرسیارێتییەکی ڕاستگۆ بکات بەرامبەر بە دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزانەکە.»[a]

جا چ لە کاردا بێت، یان لە کۆڵیسا، یان لە سیاسەتدا، یان لە ماڵ، پیاو بە دیدگایەکی دروست ڕابەرایەتی دەکات، نەک بە ڕۆچوونە ناو هەموو وردەکارییەک. «ڕابەرایەتی دەستپێشخەری و پلاندانانە. لەناو ئەو وێنە گەورەیەدا هەموو جۆرە نوێنەرایەتی و هاوبەشکردنی بڕیارێک هەیە. پێموایە ژنێکی خواپەرست ڕابەرایەتی دەوێت نەک چوونە ناو هەموو وردەکارییەک.» ژنێکی لێهاتوو دەیەوێت پیاوەکە «بجوولێت و پلانی شتێک دابنێت» لە کاتێکدا خۆی لە تەنیشتی ڕاوەستاوە، «دڵخۆشە کە بەرپرسیارێتی بڕیاردانی بەرچاو لەناو ئەو وێنە گەورەیەدا هەڵبگرێت لە کاتێکدا ئەو و هاوسەرەکەی لەسەر وردەکارییەکان کار دەکەن.»[b] کەواتە «ڕابەرایەتی واتا دانیشتن لەسەر مێز و دەستپێشخەری بۆ خستنەڕووی ئەو شتانەی کە کێشەکان چارەسەر دەکەن. ژنان حەز دەکەن مێردەکانیان دەستپێشخەری بکەن بۆ ئەوەی بارودۆخەکان بخەنە جووڵەوە و کێشەکان چارەسەر بکەن.» وە «ئەوان دەیانەوێت بەشێک بن لە چارەسەرەکە -وە دەبێت بەشێک بن لە چارەسەرەکە.»[c]

کەواتە ئەم نمونەییەی تەواوکاری نێوان نێر و مێ لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ زۆر کەس لەمڕۆدا بە هەڵە وا گریمانە دەکەن کە «پیاوان دەبێت ڕابەرایەتی خێزانەکانیان بکەن لەسەر بنەمای ئەوەی کە پیاوان دەبێت ڕابەری خێزانەکانیان بن.» یان دەڵێن: «خودا لە کتێبی پیرۆزدا دەڵێت پیاوان دەبێت ڕابەرایەتی خێزانەکانیان بکەن، چونکە دەبێت پیاوان ڕابەرایەتی خێزانەکانیان بکەن.» دەمەوێت بێهیواتان بکەم لەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە خودا لە باخچەی عەدەندا دراوێکی ئاسنینی هەڵداوە کاتێک بڕیاری ڕابەرایەتی ناو خێزانی دا. ڕابەرایەتی پیاو هەڕەمەکی نییە، بەڵکو داڕشتراوە.[d] بەڵام هەندێک کەسی دیکە پیاوەتی لەگەڵ «هێزی جەستەیی» تێکەڵ دەکەن. بەڵام پیاوەتی ڕاستەقینە «دەستپێشخەرییەکی پارێزەرە بە بوێری و هێزەوە» و لەوانەیە لە شێوەی «کوڕێکدا بێت کە خەریکی هونەرە و ڕۆحێکی هەستیارتری هەیە. مەهێڵە وا بیربکاتەوە کە کەمتر لە پیاو. ئەو بڕوایە مەدە: "ئۆی، تۆ لە ڕاستیدا پیاو نیت ئەگەر ڕاو نەکەیت، دەمانچە هەڵنەگریت و یاری تۆپی پێی ئەمریکایی نەکەیت." نا، نا، نا، نا.»[e]

---

a ئەڵقەی ٧٦٩: «واتای چیە پیاو ڕابەرایەتی خێزانەکەی بکات لە ڕووی ڕۆحییەوە؟» (١١ی کانونی دووەمی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ٣٤٨: «دیدگا بۆ پشووی خێزانەکەت» (٢٣ی ئایاری ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ٤٩٥: «ملکەچبوون بۆ هاوسەرەکەم چۆن دەبێت؟» (١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤).

d ئەڵقەی ١٥٤٩: «ژنەکەم زیاتر ڕۆحییە -چۆن ڕێبەرایەتی بکەم؟» (٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠).

e ئەڵقەی ٩٠: «ڕۆڵی دایک لە پەروەردەکردنی کوڕان» (١٤ی ئایاری ٢٠١٣).

دیسانەوە، پەیوەندی نێر و مێ لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ وەڵامێکی درێژتر لە ئەڵقەیەکدا هات بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی ژنان دەبێت ناوی مێردەکەیان وەربگرن. خودا ڕابەرایەتی دروست کردووە، بە مەبەست پیاوی بۆ سەرۆکایەتی داناوە. پیاوان لەلایەن خوداوە داوایان لێکراوە بۆ ڕابەرایەتی و پاراستن و دابینکردن -سێ پێکهاتە کە ڕاستەوخۆ لە ئەفەسۆس ٥: ٢٢-٢٣ وەرگیراون. (١) لە ڕابەرایەتی - مێرد سەرە، هەروەک ئەوەی مەسیح سەری کڵێسایە. (٢) لە پاراستندا -مێرد حەز دەکات ژیانی خۆی ببەخشێت، پەیامێکە تێچووی زۆرە. مێرد «بە واتا تەواوەکەی مەسیح نییە، بەڵکو مەسیحە -بە واتا پوختەکەی- بۆ ژنەکەی بەو پێیەی لە هەر مەترسییەک ڕزگاری دەکات کە دێتە سەری.» (٣) لە بژێویدا -یان خۆراکدان، پیاوەکە ژنەکەی وەک خۆی خۆشدەوێت. ئەم ڕۆڵە «باریکە تێچووی زۆری دەوێت. زۆرێک لە پیاوان لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم ڕۆڵە گیانیان لەدەستداوە.»[a]

پیاوان لە ڕێگای لێهاتوویی باڵاکانیانەوە ڕابەرایەتی ناکەن

ئەم بزوێنەرەی پەیوەندی نێوان نێر و مێیە هەرگیز لەسەر بنەمای باڵادەستی یان بێدەسەڵاتی نییە. پەیوەست نبیە بە لێهاتوویی. پیاوان لە ئەوە ڕابەرایەتی ناکەن چونکە ئەقڵانیترن یان لۆژیکییانەترن. (لە ڕاستیدا، ڕەگەزەکان بە ئاسانی ناچنە ناو جووتێکی ئەقڵانی/سۆزدارییەوە.[b]) پێوەرێکی لێهاتوویی لەم جۆرە بۆ هەمیشە ڕابەرایەتی نێرینە دەشێوێنێت. سەبارەت بە پیاوان، ئەوەی وادەکات ڕابەرایەتییەک «گونجاو و جوان» بێت، ڕێک ئەوەیە کە لەسەر بنەمای لێهاتوویی نییە. بە داڕشتنی خودایی دانراوە (ئەفەسۆس ٥: ٢٢-٣٣). کەواتە، ئەی پیاوان، ڕابەرایەتی ڕەگ و ڕیشەی نییە لە «زانیاری باڵاتر، یان دانایی باڵا، یان تێگەیشتنی باڵا، یان توانای باڵای زمانتان.» ژنان دەتوانن (وە دەکرێت) لە هەموو ئەم بوارانەدا لە تۆ تێپەڕن، «لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا توانایی ڕابەرایەتی تەواو لە شوێنی خۆیدایە.» زیرەکی و توانای دەربڕین و دانایی لە لێهاتوویی ڕاستەقینەن و یارمەتیت دەدەن لەوەی ڕابەرایەتی بکەیت، «بەڵام ئەوانە بنەمای» ڕابەرایەتی نین. «نا، نا، نا، نا، ئەمانە نین، هەروەها بنەمای ئەو شتە نین کە ژنێکی خواپەرست هیوای بۆ دەخوازێت لە ژێر ڕابەرایەتی هاوسەرەکەیدا بێت. بنەمای ئەم داواکارییەی خودا بۆ ژیانتان وەک مێرد هەستێکی پێگەیشتوو و خۆشەویستە بەوەی بەرپرسیارێتی سەرەکی پەیوەندییەکە لە ئەستۆ دەگرن.»[c]

لە لایەکی دیکەوە، یەکسانیخوازان ئەو گریمانەیە دەخەنە ڕوو کە «ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی تایبەت لە نێوان ژن و پیاودا لە ناو ماڵ، لە کڵێسا و لە کەلتووردا، دەبێت تەنها لە

---

a ئەڵقەی ٢٢٢: «ئایا دەبێت ژن ناسناوی مێردەکەی وەربگرێت؟» (٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ١١٨١: «ئایا کتێبی پیرۆز ژنان وەک کەسێکی سۆزدار و پیاوان وەک ئەقڵانی نیشان دەدات» (٦ی نیسانی ٢٠١٨).

c ئەڵقەی ١٥٤٩: «ژنەکەم زیاتر ڕۆحییە -چۆن ڕێبەرایەتی بکەم؟» (٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠).

لێهاتوویيەکانـەوە سـەرهەڵبدات -نـەک لـە ڕاسـتییەکی قوونڵـترەوە کـە ڕەگـی داکوتـاوە لـە شوناسـی جیاوازمـان وەک نێـر و مـێ.» بۆیـە پێویسـتە بپرسـین: ئایـا پەیمانـی نـوێ ئامـاژە دەکات بـۆ «بەرپرسـیارێتی بنەڕەتـی» لەسـەر بنەمـای ڕەگـەز؟ وەڵامەکـە بەڵێیـە. کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت کـە «پیـاوان بەرپرسـیارێتییەکی تایبەتیـان هەیـە، خـودا پێیـداون، لـەوەوە دێـت کـە ئـەوان پیـاون،» ڕەگ و ڕیشـەی لـە «لێهاتوویـی کردارییـدا» نییـە.[a]

لـە ماڵـەوە، «خـودا هەرگیـز نەیگوتـووە کـە پیاوەکـە بـۆ ڕابەرایەتـی دانـراوە لەبـەر ئـەوەی لێهاتووتـرە یـان ژنەکـە بـۆ ملکەچـی دانـراوە چونکـە کەمـتر لێهاتـووە، لێهاتوویـی بابەتەکـە نییـە بـۆ ئـەوەی کـە ئایـا پیـاو سـەرۆکە و ژن ملکەچـە.» مێردێـک کـە ئاسـتی خوێندنـی پۆلـی هەشـتەمی بنەڕەتـی هەیـە، شایسـتەی ئەوەیـە کـە ڕابەرایەتـی ژنەکـەی بـکات کـە بڕوانامـەی زانکـۆی هەیـە «چونکـە پرسـەکە لێهاتوویـی نییـە.»[b] لـە سـەرۆکایەتیدا، لێهاتوویيـەکان «پەیوەندیـدار نیـن.»[c] لـە ڕاسـتیدا، «ڕەنگـە ژنێکـی بـاش، ژنـی ملکـەچ، ڕەنگـە لـە زۆر بـواردا لـە مێردەکـەی لێهاتوویـی زیاتـری هەبێـت.»[d] لەنـاو دارشـتنە باشـەکەی خـودادا، ئـەم جـۆرە لێهاتوویيانـە هەرگیـز مەترسـی نیـن. لێهاتوویيەکانـی ژن گەنجینـەی هاوسـەرگیرین.

بـە هەمـان شـێوە، لەنـاو کڵێسـادا، بانگـەوازی تەنهـا پیـاوان بانگەشـەی توانـای پیاوسـالاری بـاڵا نییـە.[e] دەبێـت ژنـان چاویـان لـەوە بێـت کـە ببنـە مامۆسـتای بەهرەمەنـد (تیتـۆس ٢: ٣). بۆیـە «هەرگیـز ئـەو هەڵەیـە مەکـە کـە بیـر لـەوە بکەیتـەوە، ژن بـۆی نییـە ئـەم جـۆرە فێرکارییـە دەسـەڵاتداراە بـکات، چونکـە بێتوانایـە. ئەمـە بابەتەکـە نییـە.»[f] بـەم پێیـە، بانگـەواز بـۆ «ڕابـەرە دەسـەڵاتدارەکان و مامۆسـتایانی کڵێسـا کـە ڕۆحـی بن، پیاوانی هاوشـێوەی مەسـیح، بە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی یـان ئارەزوومەندانـە یـان تەنهـا لەسـەر بنەمـای لێهاتوویـی یـان کەلتـووری نییـە.»[g] لە پەیوەندییەکانـی نێـر و مێـدا، «بابەتەکـە، وەک هەمیشـە، لێهاتوویـی مامۆسـتای ژن یـان زیرەکـی یـان زانسـت یـان لێهاتوویـی پەروەردەیـی نییـە، ئەمـە هەرگیـز لێهاتوویـی نییـە! ئەمـە پرسـەکە نییـە لـە ماڵـەوە و لـە ڕابەرایەتیـدا. لـە ڕابەرایەتـی کڵێسـادا ئەمـە پرسـەکە نییـە.[h]

ئـەو گریمانـە باوەی کـە پیـاوان تەنهـا لەبـەر ئـەوەی پیـاون ڕابەرایەتـی دەکـەن (دوورن لـەو دارشـتنە مەبەسـتارەی خـودا و پەیوەنـدی مەسـیح لەگـەڵ بووکەکـەی)، جیـای بکەنـەوە لـەو

a ئەڵقەی ١١٧٢: «تۆمەتەکانی دەستدرێژی سێکسی و ئەفسانەی یەکسانیخوازانە" (١٦ی ئازاری ٢٠١٨).
b ئەڵقەی ٧٦٩: «واتای چیيە پیاو ڕابەرایەتی خێزانەکەی بکات لە ڕووی ڕۆحییەوە؟» (١١ی کانونی دووەمی ٢٠١٦).
c ئەڵقەی ٩٤٠: «ئایا چێژبەخشی مەسیحی تەنها بۆ کەسە تەواو و کاملەکانە؟» (٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٦).
d ئەڵقەی ٤٩٥: «ملکەچبوون بۆ هاوسەرەکەم چۆن دەبێت؟» (١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤).
e ئەڵقەی ٥٦: «ئایا ڕاڤەکارییەکانی کتێبی پیرۆز بەکاردەهێنیت کە لەلایەن ژنانەوە نووسراوە؟» (٢٧ی ئازاری ٢٠١٣).
f ئەڵقەی ٥٣٣: «ئایا ژن دەتوانێت وتار بدات ئەگەر پیرەکان دووپاتی بکەنەوە؟» (١٦ی شوباتی ٢٠١٥).
g ئەڵقەی ١٠٣٠: «ئایا ڕابەرایەتی نێر بابەتێکی شکستخواردووە؟» (١٩ی نیسانی ٢٠١٧).
h ئەڵقەی ١١٤٩: «ئایا شوێنێک هەیە بۆ مامۆستایانی ژن لە زانکۆی یەزداناسی؟» (٢٢ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

بیرۆکەیەی کە پیاوان قەرزاری ژنانن بە جۆرێکی تایبەت لە چاودێریکردن، پاشان لە گریمانە یەکسانییەکاندا زیادی بکەن کە ڕابەرایەتی بە واتای لێهاتوویی باڵاتر، تووشی ڕێچکەیەکی کارەساتبار دەبیت لە کۆمەڵگا و لە هاوسەرگیریدا، کەوا وادەکات پیاوان ڕقیان لە ژنان بێت، بە هەڵە گریمانەکردنی ئەوەی کە پیاوان لە ژنان باڵاترن. ئەوە تەواوکاری نییە.[a] ئەوە لووتبەرزی نێرگزییە.[b]

تەواوکاری: گفتوگۆیەک لە نێوان ژن و مێرد

لە ماڵەوە، ژن و مێرد «درامایەکی شایستەی مەسیح و کڵێسا لە ئەفەسۆس ٥: ٢٤-٢٥ بەرجەستە دەکەن.»[c] لەگەڵ بەرجەستەکردنی ئەم درامایەدا -نەک بەبێ خواست، بەڵکو بە ئامادەییەوە- ئەوان هاوبەشی قەدرزانی و هاوبەشی هاندانی داڕشتنی خودان بۆ یەکتر.

پیاوان وەک «دەفرێکی ناسکتر» ڕێز لە ژنەکانیان دەگرن، ئەمەش ڕاگەیاندنێکی بەها نییە بەڵکو ڕاگەیاندنێکی ڕاستییە. لە ڕووی جەستەییەوە لاوازترە (یەکەم پەترۆس ٣: ٧). زۆر بە وریاییەوە، لاوازتر ژن کەم ناکاتەوە، هەروەها پێکهاتەیەکی باڵادەستی دروست ناکات کە لە بەرژەوەندی پیاواندا بێت -چونکە هەمان دەق دەڵێت: «ئێوە هاومیراتگری نیعمەتی ژیانن.» ئەم دەقە کە بۆ پیاوێک بەکاردێت، دەڵێت: «ئەی مێرد، تۆ لەگەڵ ژنێک دەژیت و بڕیارە ئەو جیهان بە میرات وەربگرێت، چونکە لە مەسیحدا ئەو بەڵێنەتان پێدراوە. ئەو دەبێتە شاژنی گەردوون، تۆش لەگەڵ ئەم بوونەوەرە سەرسوڕهێنەرەدا لە هەمان جێگادا دەخەویت. بۆیە ئاگادار بە لە ڕاستی ئەوەی لێرەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت.»[d] مێردەکان «ڕێز» لە ژنەکانیان دەگرن، هەر لەسەر بنەمای ئەوەی کە ژنەکە «دەفرێکی ناسکترن». جیاوازییەکان، لێرەدا لە هێزی جەستەیی، «ڕێزێکی نایاب و تایبەت دروست دەکەن -جۆرێک لە ڕێز کە خودا لەناو مرۆڤدا وەک بەهێزتر دروستی کردووە. ئەمە تەنها ڕێزگرتن لە یەکتر نییە؛ ئەمە ڕێزێکی تایبەتە کە لە بەهێزترەوە بۆ لاوازتر هەڵدەڕژێت.» «ئەرکێکی تایبەت» و «بەرپرسیاریێتییەکی تایبەتە» کە بە پیاوان دراوە.[e]

گفتوگۆکە بە ئاراستەیەکی دیکەشدا دەڕوات. وەک چۆن پیاو بەرپرسیاریێتی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت لە ڕابەرایەتی و پاراستن و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژنەکەی، ژنەکەی تێبینی دەکات. ژنەکان، «بە هێز و دانایی کە خودا پێیانی بەخشیوە، دێنە پاڵ مێردەکانیان و پشتگیری

a ئەڵقەی SE٠٥: «پەیامی جۆن پاپیەر بۆ ڕەی ڕایس» (١١ی ئەیلوولی ٢٠١٤) و ئەڵقەی ١١٧٢: «بانگەشەکانی دەستدرێژی سێکسی و ئەفسانەی یەکسانیخوازی» (١٦ی ئازاری ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ١٤١٩: «وشەیەک بۆ ئەو پیاوانەی کە سووکایەتی بە ژنەکانیان دەکەن» (٢٠ی ئازاری ٢٠٢٠).

c ئەڵقەی ٦٧: «ڕۆڵی دایک و باوک لە گەشەکردنی ڕەگەزیی منداڵ» (١١ی نیسانی ٢٠١٣).

d ئەڵقەی ٥٨٧: «ئایا خودا کوڕان لە سەرووی کچان دادەنێت؟» (١ی ئایاری ٢٠١٥).

e ئەڵقەی ١١٧٢: «بانگەشەکانی دەستدرێژی سێکسی و ئەفسانەی یەکسانیخوازی» (١٦ی ئازاری ٢٠١٨).

لەو ڕابەرایەتییە دەکەن. بە جۆرێک ملکەچی واتای ئەوەیە یارمەتی مێردەکانیان بدەن. ژن یارمەتی مێردەکەی دەدات بۆ ئەنجامدانی ڕۆڵی ڕابەرایەتی (پەیدابوون ٢: ١٨-٢٠).[a] کەواتە ژن کە «بە شێوەیەکی قووڵ و بەهێز لە شوناسی مێینەیی خۆی دڵنیا بووە» کە دەزانێت لە شانشینی خودا و لە خۆشی هەمیشەیی هاوشانی پیاوە، بەم شێوەیە «ئامادە و ئازادە بۆ دووپاتکردنەوەی پیاوەتی» مێردەکەی.[b] ڕێز لە غەریزەکانی ڕابەرایەتی مێردەکەی دەگرێت.[c] وە ڕێگەی داهێنەرانە دەدۆزێتەوە بۆ هاندانی ڕابەرایەتی خێزانەکەی لە ڕووی ڕۆحییەوە.[d]

ژنێک کە هاوسەرگیری لەگەڵ مێردێکی بێباوەڕدا کردووە کە ڕابەرێکی لاوازە، هێشتا دەتوانێت ڕێز لە تروسکایی ڕابەرایەتی بگرێت کە تێیدا دەیبینێت. ئەمەش هاندەری زیاتری دەبێت. لە ڕاستیدا «هەموو شتێک بکە کە لە تواناتدا بێت بۆ ڕێزگرتن لەو ڕابەرایەتییە و بانگەوازی هەموو دەستپێشخەرییەکان، هەموو پاراستنەکان، هەموو دابینکردنێکی.»[e] مێرد ئەگەر باوەڕدار بێت یان نا، «مەیلی بنەڕەتی ژن بەرامبەر بە مێردەکەی دەبێت ئەوە بێت: "من حەز دەکەم تۆ ڕابەرایەتیم بکەیت."»[f]

دەربارەی ڕابەرایەتی خێزان

سەرکردایەتی و ملکەچی ڕەگ و ڕیشەی لە چیرۆکی مەسیح و بووکەکەی هاتووە کەوا لە ئەفەسۆس ٥: ٢١-٢٥ باسی کراوە. «ژن ئاراستەکانی لە کڵێسا وەردەگرێت، کەوا کڵێسا داوای لێکراوە بۆ شوێنکەوتنی مەسیح وەک ڕابەری خۆی. مێرد ئاراستەکانی لە مەسیح وەردەگرێت وەک سەری کڵێسا کە خۆی لەپێناویدا بەخشیوە.» دراماى مرۆڤایەتی هاوشێوە و جیاوازە، «هەم لێکچوون و هەم جیاوازییەکان شێوازی بەرجەستەکردنی ئەم درامایەی مەسیح و کڵێسایە.»

دیسانەوە، یەکێک لە لێکچوونەکان ئەوەیە کە «مەسیح دەیەوێت ملکەچی کڵێسا ئازاد و بە دڵخۆشی بێت، لەگەڵ تێگەیشتنێکی تەواو لە شوناسی ئەو و بۆچی وەستاوە و بۆچی ئەو کارە دەکات کە دەیکات. مەسیح گوێڕایەڵی کۆیلەیی یان پابەندبوونی بێ دڵخۆشی یان ملکەچی کوێرانە لە کڵێسا ناخوازێت.» مەسیح وەک مێردێکی باش «دەیەوێت ژنەکەی پڕ بێت لە زیرەکی و تێگەیشتن و دانایی و دڵخۆشی و ئازادی، کاتێک خۆی پابەند دەکات بە شوێنکەوتنی.»

a ئەڵقەی ٩٤٠: «ئایا چێژبەخشی مەسیحی تەنها بۆ کەسە تەواو و کاملەکانە؟» (٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٦).
b ئەڵقەی ٦٥: «مێینەیی بەهێزی ژنان چییە؟» (٩ی نیسانی ٢٠١٣).
c ئەڵقەی ٩٠: «ڕۆڵی دایک لە پەروەردەکردنی کوڕان» (١٤ی ئایاری ٢٠١٣).
d ئەڵقەی ١٣٠١: «چۆن دەتوانین هاوسەرگیریمان لە پێشینەی کار و مندااڵ بێت؟» (١١ی کانونی دووەمی ٢٠١٩).
e ئەڵقەی ١٣٧٦: «چۆن ملکەچی مێردە بێباوەڕەکەم بم؟» (٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).
f ئەڵقەی ٩٤: «ئایا وتاری سەرهێڵی ئینتەرنێت کڵێسا ناوخۆییەکان تێکدەدەن؟» (٢٠ی ئایاری ٢٠١٣).

بەڵام دراماى مەسیح و بووکەکەى جیاوازییەکى زۆرى لەگەڵدایە. (١) مێردەکان «شایستەى هەڵە و گوناهبارن، بەڵام مەسیح وانییە. بۆیە هەرگیز ناتوانیت هێڵێکى ڕاست لە شێوازى ڕێبەرایەتى مەسیح بۆ کڵێساکەى بکێشیت بۆ شێوازى ڕابەرایەتى مێرد بۆ ژنەکەى بەبێ ئەوەى ئەم جیاوازییە لەبەرچاو بگرێت، ئەم جیاوازییەى سنووردارى مێرد و گوناهبارى دەبێت بێتە ناو وێنەکە.» (٢) ژنەکان دەست بە پەیمانێکەوە دەگرن کە لە مێردەکانیان باڵاترە. پەیمانى لەپێشینەیى ژن بۆ مێردەکەى نییە، بەڵکو هەمیشە بۆ پەروەردگاریەتى. بۆ ژن و مێرد بە هەمان شێوە، مەسیح «سەروەرى باڵایانە» (ئەفەسۆس ٥: ٢١-٣٣؛ کۆلۆسى ٣: ١٧-٢٥؛ یەکەم پەترۆس ٢: ١٣-١٧). مەسیح ئێمە ڕادەسپێرێت بۆ چوونە ناو «دامەزراوەکانى جیهان، وەک هاوسەرگیرى» بۆ ئەوەى بە ملکەچییەکى ئازادانە بژین، «چونکە پەروەردگارى باڵا و لەپێشینەمان ئەمەى فەرموووە.» بۆیە ئەو ملکەچبوونەى کە ژن بەرامبەر مێردەکەى هەیەتى، بە ئازادى ئەنجام دەدرێت، لەسەر فەرمانى عیسا پەروەردگاریەتى.» مەسیح پێوەرەکانى داناوە. ژن ملکەچى ڕێزگرتن لە مەسیح دەبێت. وە هەمان ئەو ژنە ڕەتیدەکاتەوە شوێن مێردەکەى بکەوێت بۆ گوناە، چونکە ئەوە دەبێتە هۆى بێڕێزى بە مەسیح. تەنها مەسیحە کە وەفادارى ڕەهاى ئێمەى هەیە. «عیسا هەمیشە لە کڵێسا داناترە. مێرەکان هەمیشە لە ژنەکانیان داناتر نین. بۆیە «مێردێکى مەسیحى پێگەیشتوو بە قسەى ناشیرین و لووتبەرزى یان بڕیاردانى یەکلایەنە ڕابەرایەتى خۆى دەرنابڕێت، بەڵکو هەمیشە بەدواى هەم دانایى و هەم ئارەزووى ژنەکەیدا دەگەڕێت. ئەمە ئەوەیە کە ڕابەرێکى چاک دەیکات، کەوتووەتە ناو گوناە، شایستەى هەڵە و لە هەمان کاتدا وەک مەسیح. (٣) بە پێچەوانەى ڕۆڵى زاوایەتى مەسیح- ڕۆڵى ژن و مێرد ڕەگ و ڕیشەى لە داڕشتنى بەدیهێنەردا هەیە، نەک لە پلەبەندى باڵادەستى لەسەر بنەماى کەمایەتى (لە سەرەوە).

لەناو ئەم پەیوەندییەدا، بە ڕێنمایى لە مەسیح، پیاو بەرپرسیارێتییەک لە ئەستۆ دەگرێت کە «پاڵنەرى دەبێت بۆ دەستپێشخەرى لەگەڵ ژن و منداڵەکانى بۆ ئەوەى دڵنیابێت لەوەى کە چاودێرى خێزانەکە دەکرێت.» لە ڕابەرایەتى پیاودا، ئەمە «بابەتى سەرەکییە» بۆ دڵنیابوون لەوەى «خواستى خودا هەتا دەکرێت لەلایەن هەموو ئەندامێکى خێزانەوە ئەنجام بدرێت.» پیاوەکە دەستپێشخەرى دەکات لە داڕشتنى دیدگاى خێزان، بەشداریکردن لە خزمەت، پلاندانانى دارایى، دابینکردنى بیمە و پارەى خانەنشینى. هەروەها دەستپێشخەرى دەکات لە «دیدگاى ڕەوشتى» و چاوەڕوانییەکان بۆ منداڵان -پەروەردەکردنیان، بەکارهێنانى میدیا، بەشداریکردنیان لە وەرزشى گەنجان و چۆنیەتى بەسەربردنى کاتەکانى پشوویان. بەڵام ژنەکە «لە زۆربەى ئەم شتانە دانایەکى باڵاترى هەیە.» بەڵام ژن «تامەزرۆى ئەوەیە مێرد دەستپێشخەرى بکات بۆ ئەوەى کاروبارەکان بخاتە جوولە، بەهۆیەوە ئەم شتانە چارەسەر بکرێن و کێشەکان چارەسەر بکرێن و پلان

دابنرێت.» وە «لە هەموو گرنگتر» پیاوەکە «هەست بە بەرپرسیارێتییەکی تایبەت دەکات بۆ ڕابەرایەتی خێزانەکە لە شێوازی نوێژکردن و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و خواپەرستی.»[a]

ئەی مێردەکان، ئەفەسۆس ٥: ٢٥-٣٣ بکەنە «جارنامەی تەواوی ژیانتان» لە ژیانی هاوسەرگیری پەیمانەکەتدا. ئەم «برگەیەی نەبڕاوە» «وێرانت دەکات و پاشان دووبارە و بەردەوام بنیادت دەنێتەوە کاتێک زیاتر و زیاتر لایەنە سەرسوڕهێنەرەکانی نهێنی هاوسەرگیری دەدۆزیتەوە. زۆر کەم کەس لە سەردەمی ئێمەدا -تەنانەت لە کڵێساشدا- بە قوولّی و ڕژدی و شکۆمەندانە بیر لە هاوسەرگیری دەکەنەوە وەک ئەوەی خودا مەبەستیەتی.» وە یەکەم پەترۆس ٣: ٧ زیاد بکە بۆ ناو جارنامەکەت. تۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ منداڵێکی خودا و شاژنی ئاسمانیی داهاتوو کردووە.

نامەی ئەفەسۆس ٥: ٢٥-٣٣ کاردەکات بۆ گەڕاندنەوەی ئەوەی کە بەهۆی گوناهی یەکەمین ژن و مێردەوە لە پەیدابوون ٣: ١-١٣ لەناوچووە، بە تایبەتی لە سێ ڕووەوە. (١) شەرمەزاری ڕووتی لە نێوان ژن و مێرددا لادەبردرێت. (٢) دابڕانی ستوونی لەگەڵ خودا لە مەسیحدا دەگەڕێتەوە. (٣) «شەرمەزاری، ترس، تاوانبارکردن، گۆڕینی هەستکردن بە گوناە» لە نێوان ژن و پیاودا لە مەسیحدا چاک دەبێتەوە. بۆیە مەسیح هاتە ناو ئەم جیهانە کەوتووە «بۆ ئەوەی خەڵکی لە هەموو ئەو لەناوچوونە پەیوەندیدارە ڕزگار بکات. هەر بۆیەش هاتە سەر ڕێگای سەرەکی و هەموو شتێکی گرنگ بۆ ڕزگارکردنمان لە شەرمەزاری و ترس و تاوانباربوون، مردنە لەجیاتی ئێمە و بەناوی ئێمەوە، لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە، وە هیوایەکی هەتاهەتاییمان پێ دەبەخشێت. بە دەربڕینێکی دیکە، عیسا بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ گوناهەکەمان دەکات کە ترس و شەرمەزاری و لۆمەکردن و گوناهبارکردن لە خێزانە ڕزگارکراوەکەیدا لەناو دەچێت. ئەو بە مردن دەیکات -مردن.

لەناو ئەم دراماییەدا، پیاوەکە هەست بە «بەرپرسیارێتییەکی تایبەت دەکات بۆ دەستپێشخەری بۆ دروستکردنی کەشێکی نیعمەت، وە دانانی ئەو ئامرازانەی نیعمەت کە جێگەی شەرمەزاری ڕێزدار و ترس بە متمانەیەکی دڵخۆشەوە دەگرێتەوە، هەروەها بەرگەی لۆمەکردن یان گۆڕینی تاوانباری لەگەڵ لێبوردەیی و لێبوردن بگرێتەوە.» ئەی مێردەکان، «سەرەتا کاری ڕزگارکەری مەسیح لە شکست و گوناهباری خۆتدا وەربگرە، پاشان بە نمونەی مەسیح ڕانگدانەوەی بکە بۆ ئەوەی نیشانی ژنەکەت و منداڵەکانتانی بدەیت.» تۆ وەک هاومیراتگری شکۆمەندی لەگەڵیان دەژیت (١ پەترۆس ٣: ٧). ژنەکەش بە هەمان شێوە هەمان ڕزگاری ئەزموون دەکات -بە باوەڕبوون بە مەسیح. پاشان ئەو نیعمەتە وەردەگرێت و هەروەها بۆ دەبێتە ڕەنگدانەوەی بۆ هاوسەر و منداڵەکانی.

---

a ئەڵقەی ٧٦٩: «واتای چیپە پیاو ڕابەرایەتی خێزانەکەی بکات لە ڕووی ڕۆحییەوە؟» (١١ی کانونی دووەمی ٢٠١٦).

بەڵام هەموو دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێشخەری. وەک سەر، مێرد، تۆ «دەبێت دەستپێشخەری بکەیت بۆ دروستکردن و بەردەوامبوونی کەشێکی ڕۆحی و سۆزداری و جەستەیی کە ژنەکەت هەست بە پارێزراوی و سەلامەتی بکات. ژن پێویستی بە شوێنێکە کە تێیدا سەلامەت بێت لە خراپەکارییە زارەکییەکان و برینەکانی دیکە کە ڕەنگە لە تۆ یان منداڵەکانەوە بێت، کەشێکی بەخشندە و خوداپەرستانە لە ماڵدا دروست بکەیت.» کرداری بە و بپرسە: کێ لەم هاوسەرگیرییەدا دەستپێشخەرە؟ مێرد یان ژن؟ «مێرد پێویستی بە دامەزراندنی شێوازێکی تەندروست هەیە لە ژیانی خێزانیدا -شێوازی نوێژکردن، شێوازی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، شێوازی ئامادەبوون لە کڵێسا، شێوازی ڕێنماییکردنی ڕەوشتی بۆ منداڵەکان، شێوازەکانی ژیان و خشتەی کارەکان، شێوازەکانی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێری ئایفۆن، شێوازەکانی بەرپرسیارێتی دارایی لە ژیان لە چوارچێوەی بودجەدا و هتد.» مێرد دەستپێشخەری و ئاسانکاری بۆ بڕیارەکان دەکات، نەک «بڕیاردانی یەکلایەنە». مێردەکە دەستپێدەکات و دەڵێت "با بیکەین"، نەک بە «فەرمانی تاکلایەنە، چونکە تۆ مەسیح نیت.»

مەسیح بێ گوناهە و لە بووکەکەی باڵاترە. مێردی مرۆڤ وا نییە. بەڵام تەنانەت وەک گوناهبارێکی هەڵەکار، دراماى ئەفەسۆس ٥: ٢٥-٣٣ وەک شەریعەتی هاوسەرگیرییەکی کەوتوو وەک خۆی دەمێنێتەوە. مێرد ژنەکەی خۆشدەوێت و ڕابەرایەتی دەکات «وەک چۆن مەسیح کڵێساکەی خۆشویستووە.» ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ گوناهبار و سنووردارى خۆت بە تەواوی لەبەرچاو دەگریت، وە چۆن ڕابەرێکی گوناهبار و سنووردار بە تەواوی خۆشی و بەرهەمداربوون لە خێزانەکەدا دروست دەکات. ڕەنگە لە هەریەکێک لەم حاڵەتانەدا بزانیت کە ژنەکەت دانایێکی لە تۆ زیاتری هەیە. ئەمە بەو واتایە نییە کە لەناکاو دەبێتە ڕابەر. ئەو زۆر دڵخۆش دەبێت کە لە ڕابەرایەتی دەستپێشخەرییەکەتدا هێندە خۆت نزم بکەیتەوە کە وشەیەکی دانایی وەربگریت کاتێک دەیبیستیت. هیچ ڕابەرێکی شایستە -جا سەرۆکی ئەمریکا بێت یان ژەنەراڵی سوپایەک- پێی وا نییە کە ئەو هەموو دانایییەی هەیە کە پێویستی پێیەتی.»[a]

ژنەکەم لە من ڕۆحانیترە -چۆن ڕابەرایەتی ماڵ بکەم؟

مێرد سەری ژنە، مێردەکانیش دەبێت ژنەکانیان خۆشبوێت وەک چۆن مەسیح کڵێساکەی خۆشدەوێت. ژنەکان ملکەچی مێردەکانیان دەبن (ئەفەسۆس ٥: ٢٣-٢٥). «ئێستا ئەمە هەموو زۆر بنەڕەتییە لە هەموو کەلتوورێکی سەر ڕووی زەوی. ئەمە گەڕاندنەوەی ئەو شتەیە کە خودا لە باخچەی عەدەندا دایمەزراند، وە دەگۆڕێت بۆ ئەو گێژاوەی پەیوەندییەکە دوای کەوتنە ناو گوناە. ئەمە گەڕێتەوە بۆ ئەوەی خودا لە سەرەتادا

a ئەڵقەی ١١١٣: «چۆن بزانم کە ئایا ژنەکەمم بە باشی خۆشدەوێت؟» (٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧).

دایڕشتبوو، ئەمە مەبەستی نامەی ئەفەسۆسە. سەرکردایەتی یان ڕابەرایەتی دەگەڕێنێتەوە، بە نموونەی خۆشەویستی خۆبەخشی مەسیح بۆ کڵێساکەی.»

دابڕشتنی تەواوی خودا بۆ هاوسەرگیری لە عەدەن تەنها لە پەیوەندی مەسیح لەگەڵ بووکەکەیدا واتای دەبێت. مەبەستی کۆتایی خودا بۆ هاوسەرگیری بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بە نهێنی هێڵدرایەوە (ئەفەسۆس ٥: ٢٣-٢٥). کەواتە «کاتێک خودا مرۆڤی بە نێر و مێ بەدیهێنا، پێشتر عیسای مەسیح و کڵێساکەی وەک نموونەیەک لەبەرچاو گرتبوو بۆ ئادەم و حەوا و هەموو هاوسەرگیرییەکانی دوای ئەوان بۆ ئەوەی پەیڕەوی بکەن.» وە هەر لە سەرەتاوە پلانی خودا «ئەم چارەنووسە شکۆمەندەی لەخۆگرتبوو کە پیاو ڕەنگدانەوەی مەسیحە لە ڕۆڵی خۆیدا وەک هاوسەر، وە ژن ڕەنگدانەوەی کڵێسایە لە ڕۆڵی خۆیدا وەک ژن.» لە کاتی گونجاو پلانەکە بۆمان ئاشکرا دەبێت.

ئیتر ئەمە چۆن لە هاوسەرگیریدا دەبێت، لە کاتێکدا مێردەکە «بە تایبەتی بۆ ڕابەرایەتی گونجاو نییە» و ژنەکەش «بە تایبەت بۆ ملکەچی گونجاو نییە»؟

وە ئەمە چۆن دەبێت لە کاتێکدا پێدەچێت ژنەکە لە ڕووی ڕۆحییەوە پێگەیشتووتر بێت؟ (١) سوپاسگوزار بە لەپێناو پێگەیشتوویی. «ئەمە یەکەم ئەرکی تۆیە: متمانەت بە خۆت هەبێت، سوپاسگوزاری شکۆداری مەسیح بکە کە ژنێکی ئاوات هەیە.» «ترساو یان ناڕازی» مەبە لە پێگەیشتوویی ئەو. (٢) لێهاتوویی و شایستەییەکانی وەک لاوەکی ببینە. ڕابەرایەتی مێرد لە ماڵدا «گونجاو و جوانە،» نەک لەبەر ئەوەی پیاوەکە لە هەموو بوارەکاندا لێهاتووتر و بەهرەمەندترە. سەرەڕای سنووردارێتی، بەرپرسیارێتی سەرەکی لە ئەستۆی تۆیە، وە «پێویستە هەست بە بارگرانییەکی ناوازەی پیاوانە بکەیت، کە بەرپرسیارێتی سەرخستنی ئەم پەیوەندییە دەکەوێتە ئەستۆی تۆ. کاتێک هەر شتێک لەم پەیوەندییەدا سەرکەوتوو نابێت، هەست بە بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەیت بۆ ئەوەی چاکی بکەیتەوە.»[a]

کێ منداڵەکان تەمبێ دەکات -دایک یان باوک؟

تەمبێکردن لە زۆر بواردا لەلایەن خوداوە دیاری کراوە. وڵات دەتوانێت سزای خراپەکاران بدات (ڕۆما ١٣: ٤). خاوەنکارەکان دەتوانن کرێی ئەو کەسانە ڕابگرن کە ڕەتیدەکەنەوە کار بکەن (دووەم سالۆنیکی ٣: ١٠). کڵێسا ئەو کەسانە تەمبێ دەکات کە تۆبە ناکەن (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٥). وە دایک و باوک منداڵان تەمبێ دەکەن (ئەفەسۆس ٦: ٤).[b]

لە هەندێک وڵاتدا سزای جەستەیی منداڵان (لێدان) نایاساییە. کەواتە ئەم باسە پێویستی

---

a ئەڵقەی ١٥٤٩: «ژنەکەم زیاتر ڕۆحییە -چۆن ڕێبەرایەتی بکەم؟» (٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ٣١٨: «ئایا مەسیحییەکان دەکرێت ببنە پۆلیس و سەرباز؟» (١١ی نیسانی ٢٠١٤).

بـه وردبینـی هەیـە.[a] بـەڵام بـه تایبەتـی لـەو شـوێنانەی کـه یاسـاییە، نەبوونـی تەمبێکردنـی دایـک و بـاوک وەک ڕقلێبوونـه لـه منـداڵ (پەنـدەکان ١٣: ٢٤). ئـەم زاراوانـه هێنـده تونـدن چونکـه «نازێدانـی منـداڵان بەبـێ ئـەوەی هیـچ کاردانەوەیەکـی جەسـتەیی لەسـەر ڕەفتـاره سـەرپێچیکارەکانیان هەبێـت، ئامادەکردنیانـه بـۆ ئـەوەی نەتوانـن لـه ژیانیانـدا تەمبێکردنـی خـودا بناسـن کاتێـک بـه شـێوەی جەسـتەیی دێـت. وە ئێمـه خزمەتێکـی گەورەیان ناکەیـن ئەگەر نیشـانمان نەدابێـت کـه چـۆن دایـک و باوکێکـی خۆشەویسـت دەتوانێـت بـه خۆشەویسـتییەوە شـەق لـه منداڵێکـی یاخـی بـدات.» [b]

ئامانجـی تەمبێکـردن لـه ماڵـدا کردارێکـی ئەرێییـه کـه مەبەسـت لێـی ئەوەیـه لـه ئەنجامـدا نۆژەنکردنەوەیـەک «بـارگاوی بـه نیعمـەت» بێـت. تەمبێکـردن زیـان نییـه. «ئەگـەر زیـان بگەیەنیـت، ئـەوا تەمبـێ ناکەیـت؛ بەڵکـو ئـازار دەدەیـت.» بـەڵام لـه چوارچێـوەی ئـەم قەناعەتـەی باشـی تەمبێکـردن، بنەمـای سـەرەکی لـه ماڵـی پاپیـەر ئـەوە بـوو کـه «دایـک یـان بـاوک کاتێـک بـه پێچەوانـەی قسـەکەی دەکرێـت، دەسـتبەجێ تەمبێکردنەکـه ئەنجـام دەدات، جـا چ بـه زارەکـی بێـت یـان جەسـتەیی، تەنهـا کاتێـک نەبێـت کـه هەردووکیـان، دایـک و باوکەکـه، ئامادەبـن، ئـەوا باوکەکـه هەنـگاو دەنێـت و ئەنجامـی دەدات.» کەواتـه سـەرپێچیکردن لـه قسـەی دایـک، تەمبێکردنـی دایـک دەهێنێـت. «ئەگـەر سـەرپێچیت لـه قسـەی بـاوک کـرد، بـاوک لێپرسـینەوەت لەگـەڵ دەکات.» بـەڵام «ئەگـەر ئەگـەر نافەرمانـی دایـک یـان باوکـت کـرد، لـه کاتێکـدا باوکـت لەوێیـه، ئـەوا باوکـت بانگـت دەکات بـۆ لێپرسـینەوە.» تەنهـا باوکـەکان نیـن کـه منداڵەکانیـان تەمبـێ دەکـەن، وە نابێـت وا دەربکـەون کـه «دێوێکـن» لـه ماڵەکـه و هەمـوو کەسـێکی ماڵەکـه تەمبـێ دەکات. بـەڵام بـه دڵنیاییـەوە دەکرێـت لەلایـەن دایکەکـەوە داوای لـێ بکرێـت بـۆ ئـەوەی مامەڵـه لەگـەڵ شـتەکاندا بـکات کاتێـک لـه کارەکـەی دەگەڕێتـەوە ماڵـەوە، بـه تایبەتـی لـەو بارودۆخانـەدا کـه شـتەکان «لـه دەسـت دەرچـوون.» وەک پێوەرێـک، دایـکان و بـاوکان هـاوکارن لـه تەمبێکـردن (دواوتـار ٢١: ١٨). وە لەگـەڵ ئەوەشـدا کاتێـک دایـک و بـاوک پێکـەوەن، بـاوک هەنـگاو دەنێـت.

لەبـەر چـوار هـۆکار. (١) بـاوک ڕابەرایەتـی خێزانەکـه دەکات. کتێبـی پیـرۆز فێـر دەکات کـه مێـرد «سـەر و ڕابـەر و دەستپێشـخەری ئاسـاییە، کـه ئەمـەش بریتـی دەبێـت لـه بـوون بـه دیـدگا بـۆ ژیانـی ڕەوشـتیی خێزانەکـه» وە بـەم هۆیـەوە «سروشـتیترین کەسـه بـۆ دەستپێشـخەریکردن لـه تەمبێکردنـدا.» ئـەو نەرێنـی نییـه، نـەک «چاوەڕێـی ئـەوە بـکات بزانێـت دایکەکـه مامەڵـه دەکات یـان نـا.» لـەوەدا منداڵـەکان فێردەبـن کـه بـاوک «چاوەڕێـی ئـەوە نییـه دایکەکـه مامەڵـه لەگـەڵ شـتەکاندا بـکات.» بـەڵام منداڵـەکان هەروەهـا دەشـزانن دایکیـش «لاواز» نییـه. (٢) بـاوک خێزانەکـەی دەپارێزێـت. بەشـی پێنجەمـی نامـەی ئەفەسـۆس مەسـیح وەک ڕزگارکـەری بـووک

a ئەڵقەی ٨٧٩: «لێدان لە وڵاتەکەم نایاساییە -ئێستا چی بکەم؟» (١٣ی حوزەیرانی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ٩٤٨: «چۆن منداڵەکانمان بۆ ئازارەکان ئامادە بکەین؟» (١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦).

دەخاتە ڕوو. بەم شێوەیە مێردەکان ژن و منداڵەکانیان دەپارێزن، وە «تەمبێکردن لە بنەڕەتدا پاراستنە -پاراستن لە خۆپەرستی منداڵ خۆی، وە پاراستن لە کارەساتەکانی داهاتوو و ئاژاوە کە لە داهاتوودا تووشی کێشەی دەکات ئەگەر ژیانێکی یاخی و خۆپەرست بژیێت.» (٣) باوک پشتگیری دایکەکە دەکات و چاودێری دەکات. مەسیح چاودێری بووکەکەی دەکات، مێردیش بە هەمان شێوە چاودێری ژنەکەی دەکات. بە تایبەتی لە ماڵێکدا کە دایک «چەندین کاتژمێر لەگەڵ ئەم منداڵانەدا بەسەردەبات و باری تەمبێکردنی هەڵگرتووە،» مێردەکە بارسووکی تەمبێکردنی هەیە، منداڵەکان فێردەبن کە کاتێک باوک ئامادەیە، ئەو «دڵنیایی کۆتاییە». (٤) باوک «لە پێگەی یەکەمدا» وێنای باوکی ئاسمانییە. کە ئەو منداڵانەی خۆشیانی دەوێت تەمبێیان دەکات (عیبرانییەکان ١٢: ٦). «خودا نێر نییە. بۆیە ژنان و پیاوان پێکەوە شتگەلێک دەربارەی خودا پیشان دەدەن کە منداڵەکان پێویستە بزانن. بەڵام لە کتێبی پیرۆزدا خودا بە شێوەیەکی سەرەکی وەک باوکێک ڕاگەیەندراوە نەک وەک دایکێک. ئەمەش بەو واتایەیە کە ڕۆڵی باوک بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگە لە پێدانی هەستکردن بە منداڵێک کە باوکایەتی باش چۆنە. وە ئەمە تەمبێکردنی باوکایەتیش لەخۆدەگرێت.»

لە کۆتاییدا، «هەریەک لە دایک و باوک منداڵەکان تەمبێ دەکەن.» دایک کاتێک بە تەنها لەگەڵیانە. وە بە شێوەیەکی ئاسایی، «باوک هەنگاو دەنێت کاتێک هەردووکیان ئامادەبن، دایک و باوکەکە.»[a]

ئەی باوک، منداڵەکانت تووڕە مەکە

باوک بارگرانی سەرەکی تەمبێکردن هەڵدەگرێت، وە دەبێت بە شێوەیەک ئەو کارە بکات کە زیان بە منداڵەکان نەگەیەنێت و منداڵەکان تووڕە نەکات، تاڵی و تووڕەییان نەوروژێنێت (کۆلۆسی ٣: ٢١). ئەرکێکی بەڕاستی «ترسناک» و «مەحاڵە». بەڵام باوکە خواپەرستەکان هەموو هەوڵێکیان دەدەن بۆ ڕابەرایەتی و تەمبێکردنی منداڵەکانیان بە شێوەیەک کە سووکایەتییان پێ نەکەن، بە شێوەیەک نەیانشکێنن، عەیبداریان نەکات، داوای شتی مەحاڵیان لێ نەکەن و لێیان چاوەڕوان مەکەن. باوک بەبێ تووڕەیی هەوڵی تەمبێکردن دەدات، وە بەبێ ئەوەی زۆر خێرا بێت لە تەمبێکردن یان زۆر خاو بێت لە لێبوردن. هاوسەنگییەکە سەختە. بەڵام ئەرکەکە هی باوکە.[b]

باوکە تووڕەکان منداڵی تووڕە دروست دەکەن (ئەفەسۆس ٦: ٤). چارەسەری باوکە تووڕەکان تەنها لستی فەرمانەکان نییە، بەڵکو لستی فەرمانەکانی -میهرەبان بن، دڵسۆز بن و خێرا لە لێبوردنە- کە لە کۆتاییدا بە بیرخستنەوەی ئینجیلی شکۆمەندە (ئەفەسۆس ٤: ٣١-٣٢).

a ئەڵقەی ٢٦٧: «کێ دەبێت منداڵەکان فێر بکات -دایک یان باوک؟» (٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ١٧٨٥: «چۆن منداڵەکانم تووڕە نەکەم؟» (٢٠ی ئایاری ٢٠٢٢).

ئەی باوکان، «ئینجیڵ تاکە هیوای ئێمەیە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکان. کێشەی سەرەکی تووڕەبوونی منداڵ تووڕەیی ئێمەیە. وە ئەگەر ویستمان تووڕەییمان کپ بکەینەوە، ئەمە چارەسەرە. من جگە لە وەڵامی پۆڵس هیچ وەڵامێکی دیکە نازانم مەسیح شکۆدار بکات بۆ ئەوەی بەسەر تووڕەییدا زاڵ بین. باوکان پێویستیان بە بیرخستنەوەی بەردەوامی ئەوە هەیە کە هەموو گوناهەکانیان بەخشراوە.[a] لەبری ئەوە، باوکەکان «بەرپرسیاریێتییەکی گەورە و پڕ لە خۆشی»یان لە ئەستۆیە لە «چاندنی خۆشی وەک کەشێکی نەبڕاوە»ی ماڵەکە، کە ڕەگ و ڕیشەی لە «ئینجیل و سەروەری خودا» هاتووە.[b]

ئایا ڕابەرایەتی پیاو لە ماڵەوە پێویستی بە بوونی چەک ناکات؟

نەخێر، وا نییە -وە ئەم وەڵامە یەکێک لە مشتومڕاویترین ئەڵقەکانمانی وروژاند. قەشە جۆن خاوەنی چەک نییە. لەبەر چوار هۆکار.

١. هۆکاری تووڕەیی. لە ساتی تووڕەییدا، تۆڵەکردنەوە و تووڕەیی دەکرێت بەسەر هەستەکاندا زاڵ بێت. ئەم تووڕەییە دەبێت کپ بکرێتەوە (یاقوب ١: ١٩). «من بەڕاستی خێرا بیر لە تۆڵە دەکەمەوە، ئەمەش بەگوێرەی کتێبی پیرۆز نییە و نامەسیحییە، وە دەبێت کپ بکەمەوە و نامەوێت لە کاتێکدا سەرقاڵی ئەو شەڕەم چەکێکم لە دەستمدا بێت.»

٢. هۆکاری خۆبەزلزانین. بۆردومانی میدیایی کەلتوورەکەمان ڕۆژانە بۆ شکۆمەندکردنی «ژن و پیاوی هێمن، سەخت، قسە ڕەق، ڕەفتار توند، جۆرێکە لە خۆبەزلزانین و خۆپەرستی کە دواییەن قسە و دواییەن دەرفەتیان یان هەیە.» وە «کاتێک ڕۆژانە ئەم هەڵوێستە دێتە ناو ڕۆحمەوە، دواییەن شت کە پێویستم پێیەتی چەکە لە دەستمدا.»

٣. هۆکاری کاردانەوەی خراپە بە خراپە (مەتا ٥: ٣٩-٤١؛ ١٠: ١٦؛ ڕۆما ١٢: ١٧؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٥؛ یەکەم پەترۆس ٣: ٩). «ئەم دەقانە باس لە شێوازێکی ڕاستەقینە دەکەن بۆ خۆشویستنی خەڵکی و شکۆمەندکردنی مەسیحی تەواو تێرکەر و بەس ئەو. ئەوانە شێوەیەکن کە خۆشەویستی دەیگرێتەبەر -شێوەیەکی زۆر بەهێزە، شێوەیەک کە عیسا هەڵیبژاردووە، نزیکەی لە هەموو کاتێکدا، شێوەیەکی خۆشەویستییە کە ئێمە هێندەمان نییە بەسمان بێت -من هێندەی بەسمە لە دڵمدا نییە، وە ئێمە لە جیهاندا هێندەمان نییە.» کەواتە، ئایا پیاو هیچ بەرگرییەکی ڕەوای نییە بۆ پاراستنی ژن و خێزان و ماڵەکەی بەکاری بهێنێت؟

---

a ئەڵقەی ١٨٢٩: «زاڵبوون بەسەر تووڕەیی لە ماڵدا» (٣١ی ئابی ٢٠٢٢).

b ئەڵقەی ٢٥٥: «ڕۆڵی باوک لە بەڕێوەبردنی ماڵ» (١٤ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).

نەخێـر، بەرگـری دیکـە هەیـە (بـۆ نموونـە مشـتەکۆڵە). ئـەم دەقانـە پێشـنیاری «چەکـداری» ناکـەن و «ڕێگـری دەکات» لـە هەڵبژاردنـی «خێراتریـن و کوشـندەترین ئامـرازی بەرگریکـردن لـە خۆمـان».

٤. هـۆکاری پارێـزگاری خودایـی. ڕاکێشـانی میلـی چـەک داوای پارێزگاریـی خـودا نـاکات. «کاتێـک پەتـرۆس لـە باخچـەی گەتسـمانی 'چەکەکـەی' بـۆ بەسـەر سـەرۆک کاهینەکـە ڕاکێشـا و لـە گوێـی خزمەتـکاری سـەرۆک کاهینەکـەی 'بـڕی'، عیسـا گوێیەکـەی هەڵگرتـەوە و چاکیکـردەوە» (مەتـا ١٦: ٢٣؛ مەرقـۆس ٨: ٣٣). وە پاشـان پەندێکـی پێگوتـن: «هەمـوو ئەوانـەی شمشـێر هەڵدەگـرن، بـە شمشـێر دەمـرن.» بـە واتـای ئـەوەی: «ئـەو ئەقڵـەی کـە پلانـی بـۆ ڕزگارکردنـی ژیانی خـۆی بـە کوشـتن دادەڕێژێت، داوای پارێـزگاری لـە خـودا نـاکات، بەڵکـو داوای تووندوتیژیـی مرۆڤانـە دەکات.»

«کەواتـە، وەڵامـی مـن -بەگوێـرەی ئـەوەی شایسـتەیە، وە ئـەم شـایەتییە، ڕەچەتەیـەک نییـە- کـە بـۆ مـاوەی سـی و سـێ سـاڵ لـە نـاو شـاری مینیاپۆلیـس بژیـم، لەوێـدا پێنـج منـداڵ پـەروەردە بکـەم، دەورە دراویـن بـە تاوانـی بچـووک و هەندێـک تەقـەی دەمانچـە و ڕووداوی برینـی مـاڵ، وە هەرگیـز چەکـی ئاگرینـم نەبـووە. وە هەرگیـز نامەوێـت چەکـم هەبێـت. خـودا ئێمـەی پاراسـتووە، وە پێـم وایـە دەمانپارێزێـت. بـەڵام وەک ئێسـتا دەیبینـم، مـن پێـم باشـترە بکوژرێـم لـەوەی کەسـێک بکـوژم. بـۆ مـن ئەمـە بـە واتـای خۆشـییەکی خێـرا دەبێـت. بـەڵام ئەگـەر مـن ئـەوم کوشـت، ڕەنگـە ئـەوە دۆزەخێکـی خێـرا بێـت [بـۆ ئـەو]، مـن ئامـادەم و ڕەنگـە ئـەو ئامـادە نەبێـت.[a]

ئـەو ئەڵقـە مشـتومڕاوییەی سـەبارەت بـە چـەک، بـە تایبەتـی ئـەم خاڵـەی کۆتایـی، بـووە هۆی بەدواداچـوون. ئەگـەر پیاوێـک ئامـادە نەبێـت بمرێـت و ڕووبـەڕووی خـودا ببێتـەوە، ئایـا ئەمـە بـە شـێوەیەکی لۆژیکـی ڕێگـری نـاکات لـە لەسـێدارەدانی لەلایـەن وڵاتیشـەوە؟

نەخێـر. «کاتێـک گوتـم پیـم باشـە کە بکوژرێـم لەوەی بکوژم، پاشـان باسـم لەوە کرد کـە ڕەنگە ئـەو کەسـەی هێرشـم دەکاتـە سـەر ئامـادە نەبێـت ڕووبـەڕووی ژیانـی هەتاهەتایـی ببێتـەوە، وە منیـش ئامـادەم، مەبەسـتم ئـەوە نەبـوو کـە هـۆکاری سـەرەکی مـن بـووە بـۆ نەکوشـتنی.» بـە هەمـان شـێوە «ئەگـەر بزانـم کـە ئـەو کەسـەی هێـرش دەکاتـە سـەرم وەک مەسـیحییەک پەیوەسـتە بـە ئاسـمانەوە.» بەڵکـو بوونـی چـەک (یـان نەبوونـی) بـە شـێوەیەکی بنەڕەتـی بـەو شـتانەوە پەیوەسـتە کـە عیسـا سـەبارەت بـە کاردانـەوەی خراپـە بـە خراپـە فەرموویەتـی. خاڵـی سـەرەکی عیسـا «ئـەوە نییـە کـە نەیارەکەمـان سـوودمەند بێـت لـە ڕەفتارەکانمـان، یـان ڕەنگـە سـوودمەند نەبێـت. عیسـا ئەمـە ناکاتـە بابەتەکـە. تاکـە ڕێـگا کـە عیسـا باسـی دەکات ئەوەیـە

a ئەڵقەی ٣٠٦: «خودا، چەک، وە پیاوەتی لە کتێبی پیرۆزدا» (٢٦ی ئازاری ٢٠١٤).

کـه کاتێـک ئێمـه خۆمـان و کاڵاکانمـان دەکەینـه قوربانـی بـۆ کەسـانی دیکـه، ئێمـه بەهـای خـودا خـۆی وەک پاداشـتمان نیشـان دەدەیـن.» ئەمـه ڕاسـتە جـا ڕووبـەڕووی هێرشـبەرێکی بـاوەڕدار ببینـەوە یـان بێبـاوەڕ (مەتـا ٥: ١١-١٢، ٤٦؛ لۆقـا ٦: ٣٥). «ئیـتر مەبەسـتم ئـەوە نەبـووە بڵێـم بکوژرێـم نـەک بکـوژم، چونکـە هەمیشـە هەڵەیـە ژیانـی کەسـێک لەناوببـەم کـە ڕەنگـە بچێتـە دۆزەخـەوە. مەبەسـتم ئـەوە نەبـووە. ئەگـەر ئـەو بڕوایـەم هەیـە، ئـەوا بڕوایەکـی هەڵەم هەبـووە. بەڵکـو کتێبـی پیـرۆز ڕوونـە کـە دۆخێـک هەیـە دەبێـت بەبـێ گوێدانـە دۆخـی ڕۆحـی مـرۆڤ ژیانێـک لەناوبچێـت، بـە تایبەتـی بـۆ ئەوانـەی لـە جێبەجێکردنـی یاسـا و سـەربازیدان. خـودا وڵاتـی دیـاری کـردووە «بـۆ ئـەوەی ژیانـی بکـوژەکان لەناوببـات» (ڕۆمـا ١٣: ١-٤).[a]

ئایا پیاوانی مەسیحی دەتوانن ببنە پۆلیس و سەرباز؟

ئەمـەش بابەتێکـی دیکـەی بەدواداچـوون بـوو کـە لـە ئەڵقـەی مشـتومڕاوی سـاڵی ٢٠١٤ سـەریهەڵدا، کـە قەشـە جـۆن ڕوونیکـردەوە بۆچـی ڕەتیدەکاتـەوە ماڵەکـەی بـە دەمانچـە چەکـدار بـکات، بەهـۆی ململانێـی تۆڵەسـەندنەوەی دڵـی گوناهبـار و تۆڵەسـەندنەوەی میدیایـی کەلتوورەکەمـان.[b]

کەواتـە ئایـا پیاوانـی مەسـیحی دەتوانـن لـە بـواری جێبەجێکردنـی یاسـا یـان سـەربازیدا خزمـەت بکـەن؟

بەڵـێ- بـە مەرجـی کاری ڕۆژدی بـە دڵ. کاتێـک سـەربازەکان هاتنـە لای یەحیـای لەئاوهەڵکێـش، پێیـان نەگوتـرا واز لـە سـەربازی بهێنـن، بەڵکـو سـەرنجیان لەسـەر دڵیـان بێـت بـۆ ئـەوەی زیاتـر ببنـە سـەربازێکی پیـرۆز (لۆقـا ٣: ١٤). باوەڕداران-وەک-پیشـەی سـەربازی شـتێکی ڕەوایـە. لـە ئاسـتی شارسـتانیدا، خـودا جێبەجێکردنـی دادپـەروەری سـزادانی دارشـتووە (ڕۆمـا ١٣: ١-٤). «کەواتـە شمشـێر هەڵگـرەکان، هەڵگرانـی داردەسـت، چـەک هەڵگـرەکان خزمەتـکاری خـودان، سـزادەرێکن کـە تووڕەیـی خـودا بەسـەر سـتەمکاردا ئەنجـام دەدەن.» هیـچ شـتێک لـە پەیمانـی نوێـدا ئـەوە هەڵناوەشـێنێتەوە کـە لـە پەیدابـوون ٩: ٦ هاتـووە. کەواتـە خـودا لـە ڕێگـەی بەزەیـی مەسـیحی و دادپـەروەری وڵاتـەوە بـۆ جیهـان دەردەکەوێـت.» خۆشەویسـتی مەسـیحی بـۆ دوژمـن کـە خـۆی دەکاتـە قوربانـی وە سـزای فەرمـی وڵات بـۆ دوژمـن کـە هاوڵاتیـان دەپارێزێـت، هەردووکیـان ڕاسـتییەکان دەربـارەی خـودا ڕادەگەیەنـن. خۆبەختکردنـی مەسـیحی ڕایدەگەیەنێـت کـە خوداکەمـان تـەواو ڕازیکـەرە. ئـەو گەنجینـەی ئێمەیە. ئـەو پاداشـتی ئێمەیە. لـە کۆتاییـدا بـە تـەواوی ڕازیـمان دەکات. لـە سـەردەمی داهاتـوودا هەمـوو هەژمـاردەکان یەکلایـی دەکاتـەوە. وە سـزای وڵات ڕایدەگەیەنێـت کـە خودا خودایەکـی دادپـەروەرە. ئـەو بڕیار

a ئەڵقەی ٣١٧: «زیاتر دەربارەی چەک و بەرگریکردن لە خۆمان» (١٠ی نیسانی ٢٠١٤)

b ئەڵقەی ٣٠٦: «خودا، چەک، وە پیاوەتی لە کتێبی پیرۆزدا» (٢٦ی ئازاری ٢٠١٤).

دەدات کە تەنانەت لە دونیاشدا سنوورێک بۆ خراپە هەیە. ئەو بەرگەی تێپەڕاندنی سنوور ناگرێت، وە خودایەکی دادپەروەرە، ئێستا و لە جیهانی داهاتوودا. هەردووکیان ڕاستن. وە باوەڕداران بە مەسیح بە ژیانی خۆیان بەشدارن لە بەرجەستەکردنی هەردووکیان بەو شێوەیەی کە پەیمانی نوێ دیاری دەکات.»[a]

قەشە جۆن «هاوسۆزییەکی زۆر»ی لەگەڵ بڕوای ئاشتیخوازانە هەیە (مەتا ٥: ٣٨-٤١؛ ١٠: ١٦؛ ڕۆما ١٢: ١٧؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٥؛ یەکەم پەترۆس ٣: ٩). ئەم جۆرە دەقانە «پێدەچێت کاریگەری زیاتریان لەسەر هەڵوێستەکانمان هەبێت لە چاو ئەوان.» چونکە، دیسانەوە، ئێمەی باوەڕدار بە مەسیح بە سروشتی (وە بە گوناهەوە) خێرایین لە تۆڵەسەندنەوە لەبڕی ئەوەی بە بەزەیی بین. «بەڵام ناتوانم تەواو هاوڕا بم لەگەڵ ئەو مەسیحییە ئاشتیخوازەی کاتێک پێمان دەڵێت دادپەروەری سزا نابێت لە ژیانی مەسیحیدا هەبێت.» دادپەروەری سزا جێگەیەکی داڕێژراوی خودایی هەیە لە بواری سەربازی و پۆلیسدا (ڕۆما ١٣: ٤؛ یەکەم پەترۆس ٢: ١٤)، وە لە شوێنی کاردا (دووەم سالۆنیکی ٣: ١٠)، لە پەروەردەکردنی منداڵدا (ئەفەسۆس ٦: ٤؛ عیبرانییەکان ١٢: ٥-١١)، وە لە کڵێسادا (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١-١٣). ئەم بزوێنەرەی میهرەبانی/دادپەروەری گرژییەکی زۆر ڕاستەقینە بۆ ژیانی مەسیحی زیاد دەکات. « زۆر بە ئازادی دان بەوەدا دەنێم کە کۆکردنەوەی بەزەیی بەرامبەر بە دوژمنەکانمان و جێبەجێکردنی دادپەروەری کارێکی ئاسان نییە، بڕیارە دوژمنەکانمان خۆشبوێت و بە چاکە بەرەنگاری خراپە ببینەوە.»[b]

پۆلیس و سەربازە مەسیحییەکان لەناو گرژیی جیهانێکدا دەژین بۆ پیشاندانی (١) بەزەیی خودا و (٢) دادپەروەرییەکەی. ئەم دوو بنەمایە لە دڵ و مێشکی سەرباز یان پۆلیسی مەسیحیدا «بەریەککەوتن»یان دەبێت، چونکە مەسیحییەک بە جلی سەربازی بەردەوام دەبێت لە مەسیحیبوون. ئەم گرژییە لەم ژیانەدا لەناوناچێت. «وە ئەمە تەنها بەو شێوەیەیە کە دەبێت ببێت، پێم وایە، لە جیهانێکدا کە بەشێکی ڕزگارکراوە.»[c]

پۆلیس یان سەربازی مەسیحی -وەک کەسێک کە فێری مامەڵەکردن لەگەڵ بەزەیی و دادپەروەری دەبێت- پێویستی بە دانایێکی زۆر دەبێت کاتێک پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکەی دەبێت، دانایەک کە پێویستی بە پیرۆزی کەسی هەیە. وە پێویستی بە مردن دەبێت لەپێناو کێشەی تۆڵەسەندنەوەی دڵی گوناهباری ناخمان و بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕاگەیاندنەی تۆڵەسەندنەی دەوروبەرمان.

---

a ئەڵقەی ٣١٧: «زیاتر دەربارەی چەک و بەرگریکردن لە خۆمان» (١٠ی نیسانی ٢٠١٤)

b ئەڵقەی ١٦٣٥: «ئایا پێویستە سوێندخواردووانی مەسیحی بەزەییان بە تاوانباراندا بێتەوە؟» (٤ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

c ئەڵقەی ٣١٨: «ئایا مەسیحییەکان دەکرێت ببنە پۆلیس و سەرباز؟» (١١ی نیسانی ٢٠١٤).

دەربارەی قەیرانی ناوەڕاستی تەمەن

تـەوەری قەیرانـی ناوەڕاسـتی تەمـەن بـە پرسـیارێکی قەشـەیەک لـە پەخشـەکە باسـکرا، کـە لـەدوای وتـاردان، هەسـتی بـە خەمۆکـی دەکـرد. لـەلای ئـەو ڕۆژانـی دووشـەممە بـە شـێوەیەکی پێشـبینیکراو تاریـک بـوون. بـۆ ئـەو، قەشـە جـۆن بـۆ یەکەمجـار لەگـەڵ گوێگـران باسـی «ماوەیەکـی بێهیوایـی قـووڵ»ی کـرد، کـە لـە تەمەنـی چـل سـاڵیدا ئەزموونـی کـردووە. ئـەو بێهیواییـە «هێنـدە قـووڵ بـوو کـە مێشـکم بەدەگمـەن دەیتوانـی نـاوی منداڵەکانمـی بەبیـر دەهاتـەوە.» بـۆ زۆرێـک لـە پیـاوان ئەمـە شـتێکی نامـۆ نییـە. تەمەنـی چـل سـاڵان، یـان ڕاسـت پێـش یـان دوای ئـەوە، «دەکرێـت قەیرانێـک بێـت بـۆ پیـاوان بـە هۆکارێـک کـە پێمواناییـە ئێمـە بـە تـەواوی لـە ڕووی جەسـتەیی و دەروونییـەوە لێـی تێبگەیـن. بـە دڵنیاییـەوە بـۆ مـن وەهـا بـوو.» دەکرێـت لەپـڕ بێـت. «بۆیـە ئـەی پیـاوان، ئاگادارتـان دەکەمـەوە لـە تەمەنـی نێـوان سـی و پێنـج سـاڵان بـۆ چـل و پێنـج سـاڵان. ئێـوە بـە وەرزێکـدا تێدەپـەڕن. واز لـە ژنەکانتـان مەهێنـن و بەلەمێکـی کەشـتیوانی یـان ماتۆڕسـکیلێک بکـڕن و ژنێکـی دیکـە بدۆزنـەوە. ئـەوە ڕێگەیەکـی گەمژانەیـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەیەک. بـە وەفـاداری بـۆ خزمەتەکـەت بمێنـەوە. بـە وەفـاداری بـۆ ژنەکـەت بمێنـەوە.»[a]

ئـەم ئاموژگارییـە لـە ئەزموونـی کەسـییەوە سـەریهەڵداوە. کاتێـک قەشـەیەکی دیکـە نووسـیبووی و گوتـی دەیەوێـت واز لـە خزمەتەکـە بهێنێـت، ئەمـە ئـەو ماوەیـەی بەبیـر قەشـە جـۆن خسـتەوە کاتێـک لـە تەمەنـی چـل سـاڵیدا خەریـک بـوو لـە قەشـایەتی دوور بکەوێتـەوە، تەمەنێکـە لـە «قۆناغـی لاوازی سـۆزداری لەلایـەن پیاوانـەوە.» وازی نەهێنـا، بەڵکـو بیسـت و حـەوت سـاڵی دیکـە لـە قەشـایەتیدا مایـەوە، «هۆشـداریەک لـە دەستلەکارکێشـانەوەی خێـرا لـە کاتێکـدا ڕەنگـە خـودا شـتێکی نایابـی لـە داناوە بـە خۆڕاگـری لـە ماوەکانـی بەتاڵیـدا. بێگومـان لەگـەڵ منـدا ئـەوەی کـرد، وە مـن زۆر سوپاسـگوزارم کـە ڕێگـەی پێنـەدام بـڕۆم، بـە هـەردوو واتاکـەی. نەیهێشـت واز کڵێسـاکە بەجێبهێڵـم، وە وازی لێـم نەهێنـا.»[b]

ئـەم دوو ئەڵقەیـەی ئەنجامـدران سـەبارەت بـە قەشـەکان دەرگایـان کـردەوە کـە داوا لە قەشـە جـۆن بکـەم زیاتـر دەربـارەی ئـەم ئاڵنگارییـەی ناوەڕاسـتی تەمـەن ڕوون بکاتـەوە، ئەویـش کـردی. لـە کاتـی پشـوودان لـە کالیفۆرنیـا ئـەم بیرۆکەیـەم بـۆ هـات. لـەوێ لـە ماڵـی ئـەو بـۆ پشـوو، پایپـەر لەسـەر پلیکانـەکان دانیشـت و دەسـتی بـە گریـان کـرد. «ژنەکـەم منـی بینـی و سـەری سـوڕما، چونکـە ئـەوە شـتێکی ئاسـایی نییـە، پرسـیاری ئـەوەی لێکـردم، "چـی بـووە؟" وە مـن بـە سـادەیی گوتـم: "هیـچ بیرۆکەیەکـم نییـە"» قەشـە جـۆن فشـاری خسـتە سـەر خـۆی

a ئەڵقەی ٤٢٩: «مامەڵەکردن لەگەڵ خەمۆکیەکانی دوای وتاردان» (١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ١١٤٣: «بۆ قەشە بێهیواکان و هاوسەرەکانیان» (٨ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

و وەک میوانێک لە کڵێسایەکی ناوخۆیی وتاری دەدا. پاشان، پیاوێک کە درکی بە قەیرانی ناوەڕاستی تەمەن کردبوو لێی نزیک بووەوە و پرسیاری لە تەمەنی پاپیەر کرد. «گوتم "چل ساڵ".» زەردەخەنەی کرد و گوتی ساڵ و نیوێکت دەستکەوتووە. مەبەستی تێکڕای تەمەنی پیاوان بوو کە بە قەیرانی ناوەڕاستی تەمەندا تێپەڕن.» ئەمە هەواڵێک بوو بۆ قەشە جۆن کە بە دەگمەن متمانەی بە دەستنیشانکردنی گشتگیر هەیە. لەم حاڵەتەدا بەڵگەکان ڕوون و ئاشکرا دەرکەوتن. «شتێک بۆ زۆرێک لە پیاوان ڕوودەدات لەگەڵ چوونە ناو تەمەنی چلەکان، وە هەموو شتەکان جوان نین.»

لێرەدا پێنج ئاڵای ئاگادارکردنەوە دەخەینەڕوو کە ئەزموونی ناوەڕاستی تەمەن لە ڕێگایە. (١) ڕەنگە گۆڕانکارییە جەستەیی و هۆرمۆنییە نەبێنراوەکان ڕەنگە لە پشت هەموو ئەمانەدا بێت -جۆرێک لە «وەستانی سوڕی مانگانەی پیاوان» کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت. (٢) پیشە گەیشتۆتە لووتکەی و بێهیوایی دەستپێکردووە. ڕەنگە خەونە پیشەییەکان بەدی نەهاتبن، یان کارکردن نەیتوانیبێت ئەو چاوەڕوانییە بەدیبهێنێت کە هەبووە. بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی هەمان کار بۆ چەند دەیەیەکی دیکە «بەڕاستی سەختە.» (٣) دابەزینی تەندروستی جەستەیی دوو هاوسەرەکە. ڕەنگە ئەو نەتوانێت بخەوێت و وەرزش بکات و بووەتە «پیاوێک کێشی زیادە، شێواوە، ماماوەندە، ئاساییە، ورگ گەورە، کە ڕەنگە لەو بارەیەوە هەست بە خراپیی بکات، بەڵام لە ڕووی جەستەییەوە شەکەتە و ناتوانێت لەو بارەیەوە هیچ بکات.» (٤) هاوسەرگیری مات دەبێت. ئاسانە بۆ ژن و مێرد چیتر چێژ لە هاوبەشییەکی خۆش وەرنەگرن کە کاردەکەن بەرەو ئامانج و پیرۆزی کەسی و لەبری ئەوە لە «پێکەوەژیانی بیست ساڵە»دا جێگیر بن، بە پشتگوێخستنی گرژییەکان لە ژێر ئاگربەستێکی هاوبەشدا. (٥) پەروەردەکردنی منداڵ زەحمەتتر دەبێت. منداڵان دەبنە هەرزەکار و دواتر گەورە دەبن. لە گواستنەوە بۆ گەورەیی قورسترین پرسیارەکانی ژیان بەسەر باوکدا دەسەپێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی «فشارێکی هەرگیز کۆتایی پێنەهاتوو و سەرلێشێواوییەک کە وەڵامی سادەی بۆ نییە.»

کەواتە چی دەکرێت؟

١. بەردەوام بە لە هیوا. «ئێستا لە تەمەنی حەفتا و یەک ساڵییەوە ئاوڕێک لە دواوە دەدەمەوە، پڕم لە سوپاسگوزاری بۆ ئەو بەزەیی و هێزەی خودا لە ماوەی ئەو ساڵانەدا پشتگیری کردووم.» پەیوەندی ڕۆژانەت لەگەڵ مەسیحدا بپارێزە و دەستی پێوە بگرە، چونکە ئەو دەستی گرتیت (فیلیپی ٣: ١٢). بە شێوەیەکی کردەیی، کات بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی بۆ ماوەی نیو ڕۆژ دوور بکەویتەوە. «کتێبی پیرۆز و دەفتەرێکی یاداشتێک ببە و بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لەگەڵ خودا

تێبکۆشە تاوەکو ڕوونکردنەوەیەکی نوێت دەستدەکەوێت بۆ ئەوەی بۆچی لەسەر هەسارەی زەوییت.» نەک تەنها کارەکەت، بەڵکو ئامانجەکەت لە تەواوی ژیان (شتێک وەک ئەوەی پۆڵس لە کردار ٢٠: ٢٤ و فیلیپی ١: ٢٠ کردوویەتی).

٢. بەردەوام بە لە دوای ڕووخساری خودا. «ئەی برایان، گومانم نییە، ئەگەر کاتت بۆ تەرخان کرد بۆ گەڕان بەدوای ڕووخساریدا و بیناسیت و خۆشت بوێت، وەک هەڵۆ لە شەقەی باڵ دەدەن. ڕادەکەن و شەکەت نابن، دەڕۆن و ماندوو نابن؛ ئەمە ڕاستە. من دەزانم ئەوە ڕاستە. من لە ساتە مەحاڵەکاندا تامم کردووە -لەو ساتانەی کە پێت وانییە بتوانیت شتێکی دیکە بکەیت. لەو ساتانەدا، دەست بگرە بە ئیشایا ٤٠» (بە تایبەتی ئیشایا ٤٠: ٣١). [a]

٣. بەردەوام بە لە شەڕکردن لەپێناو مانەوە. خودا لە ساڵانی ناوەڕاستی تەمەندا دەمانپارێزێت. «هەرچەندە تەمەنم زیاتر دەبێت، زیاتر دەمەوێت لە قوواڵایی دڵمەوە بەهـا و ستایشی خودا ڕابگەیەنم، بۆ ئەوەی کە لە هەموو جۆرە تەنگانەیەک کە تووشی بووم منی پاراستووە،» وە «شکۆمەندی بە خودا ببەخشم کە پارێزەرم بووە و منی هێشتۆتەوە.» بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە ئەو شێوازەی خودا لە ڕێگەی ئەم تاریکییەوە دەمانپارێزێت، گرنگ نییە. نیعمەتی پاراستنی خودا «دەرکەوتووە، نیشان دەدرێت، دیارە و وردە لە ڕێگەی شەڕکردنمانەوە بۆ ئەوەی بپارێزرێین.» بە دەربڕینێکی دیکە: «خودا پاڵمان دەنێت بۆ شەڕکردن بۆ ئەوەی ببنینەوە، وە بەم شێوەیەش دەمانپارێزێت.» خودا ئەو کەسەیە کە دەمانپارێزێت (یەهودا ٢٤-٢٥). وە خودا ئەو کەسانە دەپارێزێت کە بانگی دەکەن (یەکەم کۆرنسۆس ١: ٨-٩؛ ١٠: ١٣؛ فیلیپی ١: ٦). «ئەگەر هەست بە سەرسامی نەکەیت کە ئەم بەیانییە وەک مەسیحییەک لە خەو هەستایت، ئەوا تۆ لێی تێناگەیت. چونکە ئەگەر خودا کاتژمێر سێی بەیانی تۆی نەپاراستبووا، ئەوا لە کاتژمێر شەشی بەیانی لە خەو هەڵدەستایت و دەبوویتە بێباوەڕ. ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەرە! «ئێمە بە هێزێک دەپارێزرێین کە «هەموو بەیانییەک بە بەئاگاهێنانەوەی باوەڕمان کاردەکات» (یەکەم پەترۆس ١: ٥). وە نیعمەتی پارێزەری خودا لە تێکۆشانمان دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بپارێزرێین. «جارێکی دیکە دەیڵێمەوە چونکە ئەمە زۆر سەرلێشێواوییە کە بۆچی خەڵکی بە سەختی ئەمە بەدەستدەهێنن. تێکۆشانی خودا -تێکۆشانی یەکلاکەرەوە و سەروەری خودایە کە بۆ ئەوانەی هۆیەتی، منداڵانی خودا -دەردەکەوێت، خۆی کاردەکات، نیشان دەدرێت، لە ژیانماندا دیارە و ڕێک لە ڕێگەی تێکۆشانمانە بۆ ئەوەی پارێزراو

a ئەڵقەی ١١٧٣: «قەیرانی ناوەڕاستی تەمەنم -وە ئامۆژگاری بۆ ئێوە» (١٩ی ئازاری ٢٠١٨).

بیـن.» ئەگـەر چەکەکانـت دابنێیـت ئـەوا گونـاە دەتکوژێـت (یەکـەم کۆرنسـۆس ٩: ٢٦-٢٧). خـودا پۆڵسـی هێشـتەوە بـەوەی کردییـە شـەڕکەرێک. بـەردەوام بـە لـە بەرەوپێشـچوون چونکـە خـودا پشـتت دەگرێـت (فیلیپـی ٣: ١٢).

«لـە کاتێکـدا تەماشـای ژیانـم دەکـەم، هەرگیـز لـە شـەڕکردنم نەوەسـتاوم بـۆ ئـەوەی لـە ترسـی خـودا بلـەرزم. وە هەرگیـز لـە شـەڕکردن نەوەسـتاوم بـۆ ئـەوەی بـە میهرەبانـی خـودا دڵخـۆش بـم. هیـچ ڕۆژێکـم لەبیـر نییـە تێیـدا وشـەی و خـودا و نوێژکردنـم لەدەسـت چووبێـت. پێـم وایـە چەنـد ڕۆژێـک هەبێـت. مـن بانگەشـەی تـەواوی و کامڵـی ناکـەم، بـەڵام لەبیـرم نییـە. ئەمـە بەشـێکی دانەبـڕاوە لـە ژیانـم. هەمـوو ڕۆژێـک ڕۆژی پاڕانەوەیـە لـە ڕێـگای وشـەکەیەوە کـە پارێـزراو بـم و شـێوەم دابڕێژرێـت بەگوێـرەی ئـەو خودایـەی لـە کتێبـی پیـرۆزدا دەیبینـم.» ئاگادارێـە خـۆت لـە کەسـانی دیکـە گۆشـەگیر نەکەیـت. پشـت بـە ئامرازەکانـی خـودا ببەسـتە بـۆ ئـەوەی لـەم وەرزە تاریکـەی ناوەڕاسـتی تەمەنـدا پێیـەوە بچەسـپێنیت. وە بـەردەوام بـە لـە تێکۆشـان بـۆ ئـەوەی بـە پارێـزراوی بمێنێتـەوە.[a]

a ئەڵقەی ١٣٦٥: «چۆن لەم قەیرانەی ناوەڕاستی تەمەن ڕزگارم بێت؟» (٥ی تەممووزی ٢٠١٩).

بڕبڕەی پشتی پۆڵاینی دژە ژەنگ

لە یەکێک لە پەیامە سەرەکییەکانی کۆنفرانسی ساڵی ٢٠٠٨، پایپەر خۆشەویستی خۆی بۆ ژنانی بەهێز دووپاتکردەوە (ڕەنگە زۆر بەهێز بێت). لە مینبەرەوە بانگەوازێکی ڕوونی نارد: «کوا ژنەکان، ژنە سەڵتەکان و ژنە هاوسەردارەکان و ژنانی قەشەکان» -کێ لەگەڵ ئەستێر دەڵێت: من ئەوەی پێویستە بکرێت دەیکەم، «ئەگەر لەناویش چووم، با لەناوبچم» (ئەستێر. ٤: ١٢-١٧)؟ «ئەو ژنانە لە کوێن؟» کڵێساکان پڕن لەو ژنانە. دەتوانم هەموویان بە شوو بدەم!» ئیتر ئامادەبووان دەستیان کرد بە قاقای پێکەنین. «من زۆر پیر بووم.» پێکەنینی زیاتر. «وە من هاوسەرگیریم لەگەڵ یەکێکیان کردووە.» قاقای پێکەنینی ئامادەبووان. ڕزگارییەکی گەورە.[a]

کەمێک دواتر، لە گۆشەیەکی پرسیار و وەڵامدا، ئەم خاڵەی دووپاتکردەوە. گوتی «ئێمە لە کڵێساکەمان زۆرێک لە ژنانی بەهێزمان هەیە. بەرگەی زۆر دەگرن. بەرگەی ئازاری مێرد و منداڵەکانیان دەگرن کە بە شێوەیەک کەمئەندامن... من ژنانی بەهێزم خۆشدەوێت. پێم وایە ئەوان شایەتی گەورەن بۆ مەسیح.» بەوپێیەی تەواوکرن، «ئەوان شتگەلێک پێکەوە دەبەستنەوە کە جیهان ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە -جوانییەکی شیرین، ناسکی، میهرەبانی، خۆشەویستی، ملکەچی، مێینەیی، لەگەڵ ئەم پۆڵا بەهێزەی لە پشتیانە و ئەو یەزدانناسییەی کە لە مێشکیاندایە!»[b]

لەدوای پێنج ساڵ لە کۆنفرانسەکە، داوام لێکرد کە باسی ئەو شتانە بکات کە لەبارەی ژنانی بەهێزەوە دەیگوت، فراوانتری بکات. بۆ نموونە، ئەو ژنە بوێرەی لە بەشی ٣١ی پەندەکان باسی کراوە بازووی بەهێزی هەیە (پەندەکان ٣١: ١٧). بەڵێ، پایپەر گوتی، بەڵام هێزی ئەو لەوە زیاتر دەرکەوتووە کە «لە کاتی داهاتوودا پێدەکەنێت» (پەندەکان ٣١: ٢٥). «ژنێک کە لە کاتی داهاتوودا پێبکەنێت، ژنێک نییە کە تەماشای بازووی بکات و هاندان وەربگرێت، ئەو تەماشای خوداکەی دەکات و هاندان وەردەگرێت.» ئەو دەزانێت دەکرێت لە چرکەیەکدا لەشکرکێشییەکی بیانی ڕووبەدات. تاعونێکی کوشندە دەکرێت دەست بەسەر گوندەکەیدا بگرێت. خودای ئەو بڕیار دەدات، نەک بازووەکانی ئەو. دەقی بەهێزی پەترۆس لێرەدا گرنگە (یەکەم پەترۆس ٣: ١-٦). ژنە خوداپەرستەکە

a جۆن پایپەر، «چۆن باڵادەستی مەسیح قوربانیدانی ڕیشەیی مەسیحی دروستەکات»، ئارەزووی خودا، ١٧ی نیسانی ٢٠٠٨، https:// www .desiring god .org.

b جۆن پایپەر، «ئەڵقەی گفتوگۆی T٤G ٢٠٠٨»، ئارەزووی خودا، ١٧ی نیسانی ٢٠٠٨، https://w ww .desiring god .org.

«ڕۆحێکی نەرم و ئارام» وەک دەفرێک نیشان دەدات کە بە مەبەست داڕێژراوە بۆ ئەوەی لە ڕووی جەستەییەوە لە پیاو لاوازتر بێت (یەکەم پەترۆس ٣: ٤، ٧). وە لەگەڵ ئەوەشدا بە چاونەترسی دەمێنێتەوە (یەکەم پەترۆس ٣: ٦). «ئێستا مەبەستم ئەوەیە لە ژنێکی بەهێز کە بتوانێت منداڵێکی لەدەست بدات، مێردەکەی لەدەست بدات، ڕووبەڕووی قەیرانی خێزانی ببێتەوە، ببینێت جیهانی دەوروبەری دەبێتە دژە مەسیح، لە خەمی پەروەردەکردنی منداڵی بێت لەم جیهانەدا. ئەو ژنانەی کە دەچنە شوێنێکی مەترسیدار لە مەیدانی مزگێنیدەری، ئەو ژنانەی کە دووبارە و بەردەوام چاکە دەکەن لە بەرامبەر خراپە، ئەو ژنانەی کە هەزار جار لە خەو خەڵدەستن بەهۆی منداڵێکی نەخۆش یان کەمئەندام -هەموو ئەمانە بەو هێزەوەیە کە خودا دابینی دەکات، چونکە خودا هیوای ئەوە.» ئەوە هێزی ژنانەیە.

ئاراستەی جیهانبینییەکی جیاواز ئەو ژنە بەهێزە تەواو جیا دەکاتەوە -بەهێز لە ژنبوونیدا- لەو ژنەی کە هەوڵدەدات بەهێزی خۆی بیسەلمێنێت لە پیاو دەچێت. ئەم تەوەرە تووشی فیلمە ئەکشنەکانی هۆلیوود بووە کە تێیدا «بەردەوام ژنەکان نەک وەک ژنێکی بەهێز نیشان دەدرێن، بەڵکو وەک نیمچە پیاوێک. ئەمە کارێکی تەواو بێهیواییە.» لە شاشەدا ژنان وەک پیاوان لێدەدەن، مشت دەوەشێنن، دەکوژن -تەنانەت بە هێزی خۆیان بەسەر ژووریێکی پڕ لە پیاودا زاڵ دەبن. لە بەرامبەردا، ژنێکی بەهێزی ڕاستەقینە «دەزانێت هاوتای پیاوە» لەبەر چاوی خودا، لە شانشینی خودا و خۆشی هەتاهەتایی. هیچ شتێکی نییە بیسەلمێنێت. هاوبەشە لە خۆشییەکانی ژیانی هەتاهەتایی. ئەگەر هەوڵی سەلماندنی هێزی خۆی بدات بە لەخۆگرتنی پێوەرە نێرانییەکان، ئەوا مەحکومە بە گیرخواردنی بەردەوامی شەڕی نێوان نێر و مێ لە جیهان. بەڵام لە هێزی مێینەی ڕاستەقینەدا، لەگەڵ ئەوەی هێزی خۆی لەمێژە جێگیر بووە، ئێستا «ئامادە و ئازادە بۆ دووپاتکردنەوەی پیاوەتی پیاوەکانی دەوروبەری، وە ببێتە هاندەر و یارمەتیدەریان لە ئەرکە ناوازەکەیان. بەو شێوەیە، سەما و ئاواز و هاوئاهەنگی لە نێوان ژن و پیاو دەبنە هاوبەشییەکی جوان.»[a]

ژنان بە بڕبڕەی پشتی پۆڵایین، پێویستیان بە بیروڕایەکی قووڵیش هەیە لە مێشکیاندا -ناسینی قووڵی خودا. یان بە شێوەیەکی دیکە بڵێین: یەزدانناسی لاواز، ژنی لاواز دروست دەکات. «لە ماوەی سی و دوو ساڵەی بانگەوازی من لە بێت لەحەم، یەکێک لەو شتانەی کە زۆر دڵخۆشکەر بوو بۆ من ئەوەیە کە شانبەشانی پیرانی پیاوی پێگەیشتوو لە ڕووی ڕۆحییەوە، وە شارەزا لە کتێبی پیرۆز، ساکار، هاوشێوەیی مەسیح، سوپایەک هەبوو لە ژنانی زیرەک، قسە ڕەوان، پێگەیشتوو، تێر لە کتێبی پیرۆز، سەرنج لەسەر خودا،

a ئەڵقەی ٦٥: «ژنایەتی بەهێزی مێینەیی چییە؟» (٩ی نیسانی ٢٠١٣).

شکۆبەخش بە مەسیح و بەهێز سەریان هەڵدا کە هاوکار بوون لەگەڵ پیاوانی کڵێسا. ئەوان کار دەکەن بۆ ئەوەی خێزان و کۆمەڵگا بە ئەنجام بگەیەنن.»

ژنان پێویستیان بە یەزدانناسییّکی قووڵ هەیە، وە دەتوانن ئەمەیان هەبێت. «بە گشتی مێشکی ژنان تیژترە لە مێشکی پیاوان، لانیکەم لە ئەزموونی من.» دایکی لە باوکی زیرەکتر بوو. لە قۆناغی ئامادەییدا، پاییەر پلەی نۆزدەهەمی لە پۆلەکەیدا بەدەستهێنا. لە سەرووی ئەوەوە هەژدە کچی زیرەکتر بوون. لە کۆلێژ، لە ویتن، ژنان لە پیاوان زیرەکتر بوون. «سەبارەت بە توانای ئەقڵی بۆ تێگەیشتن لە یەزدانناسی، هیچ هۆکارێک نییە کە رێگری بکات لەوەی لە کڵێساکەمان بەدوای ئەوەدا بگەڕێین ژنان لە پیاوان زیاتر لە شکۆی خودا فێر بن، ڕوونتر و زیرەکتر بن.»[a] جیهان پێویستی پێیەتی. ئێمە پێویستمان بە ژنانی زیاترە نەک کەمتر لە خزمەتدا.[b]

پێشەکییەک لەسەر ژنایەتی لە کتێبی پیرۆزدا

١. ژنایەتی لە کتێبی پیرۆزدا لەو ڕاستییە «بێئەندازە گەورەیە» دەست پێدەکات کە «لەسەر وێنەی بەدیهێنەری گەردوون بەدیهاتووە.» ئەمەش بەو واتایەیە کە «هەر ژنێک لە شەقامدا تێدەپەڕیت یان هەر ژنێک کە بە هەر شێوەیەک پەیوەندیت لەگەڵی هەیە، شاژنێکی پێشبینیکراوی ئاسمانە، چونکە لەسەر وێنەی خودا بەدیهاتووە. ئەو لەسەر وێنەی خودایە، بە هەمان شێوەی پیاو کە لەسەر وێنەی خودایە، خاوەنی سروشتێکی مرۆڤانەیە کە ڕەنگدانەوەی سروشتی خودایە.»

٢. ژنان لە ڕێزداری و بەهادا یەکسانن لەگەڵ پیاوان. ژن لە هەمان سروشتی پیاو بەدیهاتووە، وە پێکەوە «دەرکەوتنێکی تەواوتری شکۆمەندی خودا» نیشان دەدەن، زیاتر لەوەی پیاو بە تەنها بیکات.

٣. ژن ناوازەیە، خاوەنی «توانای تایبەتە لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و سۆزدارییەوە کە جیاوازە لە پیاوان.»

٤. ژن داوای لێکراوە بۆ ڕێزلێنان و پشتگیریکردن لە «ڕابەرایەتی و پاراستن و چاودێری پیاوە خواپەرستەکان بە شێوەیەکی گونجاو بەپێی ڕۆڵە جیاوازەکانیان.» ئەمە لە کەلتووردا بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبێت بۆ هاوسەرەکەی، قەشەکان، هاوڕێ پیاوەکانی مێردەکەی، مێردی هاوڕێ ژنەکانی، هاوکارە نێرینەکانی، پۆستەچییەکان و میکانیکییەکان. «شێوازی پەیوەندی نێوان ڕەگەزی جیاواز بۆ هەر پەیوەندییەک

a ئەڵقەی ٦٦: «یەزدانناسی لاواز، ژنی لاواز دروست دەکات» (١٠ی نیسانی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ٣٨٨: «جیهان پێویستی بە ژنی خزمەتکاری مەسیح هەیە» (١٨ی تەممووزی ٢٠١٤).

جیاوازە، بەڵام شتێک هەیە کە خودا خستویەتییە ناو پیاوەکان بۆ ئەوەی ببنە ڕابەر و پارێزەر و دابینکەر، هەروەها شتێک هەیە کە خودا خستویەتییە ناو ژنانەوە بۆ ئەوەی حەزیان لەمە بێت، چێژی لێ وەربگرن، ڕێزی لێ بگرن، پشتگیری بکەن، وە هەموو بەهرە فرەچەشنەکانیان بەکاربهێنن بۆ خزمەتی دۆزی مەسیح لە ڕێگەی ئەوەوە -بە جۆرێک کە کاتێک پێکەوەن، تەواوکەری یەکترن، وە جوانی خودا بە تەواوی پیشان دەدرێت.»

٥. ئەم جیاوازییە ڕەگەزییە بەرچاوە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، تەنانەت لەدوای کۆتایی هاتنی هاوسەرگیریش. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە «ڕەگەزمان بە کەسایەتیمانەوە بەستراوە، کە ئەگەر نێرایەتی یان مێینەییمان لێ بسەندرێتەوە، ئیتر ناناسرێینەوە.» کەواتە عیسا (لە ئێستادا) پیاوە نەک بوونەوەرێکی دووڕەگەز. ئاسمان بە جوانی ڕەگەز وەک شۆێنێک وێنا دەکرێت کە هەموو ئەو گوناهەی کە لەم ژیانەدا ڕێگری لە ژن و پیاو دەکات، لەناو دەچێت، ئیتر پیاوەتی و ژنایەتی ڕاستەقینە بە تەواوی شکۆمەندی خۆیەوە وێنەی خودا وەردەگرن.[a]

چی خراپە لە پۆشینی جلوبەرگی وروژێنەر بۆ ڕاکێشانی سەرنج؟

ژنێکی تەمەن بیست و دوو ساڵان نووسیویەتی و دان بەوەدا دەنێت کە زۆر گرنگی دەدات بە وروژێنەری جەستەیی و ڕاکێشانی سەرنج. ئەو وروژێنەریی خۆی بەکاردەهێنێت، بە جلوبەرگی تەسکەوە، بۆ ئەوەی سەرنجی هاوسەری داهاتوو ڕابکێشێت. بەڵام ئەم ڕێبازە لە ژیان وەک کۆیلایەتییە، هاوشێوەی ئەو ژنانەی لە ئیشایا ٣: ١٦-٢٦ باسیان کراوە.

چوار لەبەرچاوگرتن بۆ ئەم ژنە، وە کەسانی دیکەی وەک ئەو. (١) پارێزگاری لە چاوەکانت بکە. «ئەگەر کاتژمێر لەدوای کاتژمێر بەسەر دەبەیت لە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و فیلم و ڤیدیۆ، هیوایەکی کەم هەیە کە لە کۆیلایەتی ڕزگارت بێت لەوەی دەتەوێت وروژێنەر دەربکەویت.» بۆیە شۆێنی ئەو «سەرچاوانە» بدۆزەرەوە کە ئەم «ڕووبارەی ئارەزووی هەستیاری» لێ هەڵدەقوڵێت و «بیانبڕە». (٢) سێکس وەک یاری هێز بەکارمەهێنە. دەرکەوتنی سێکسی بۆ دۆزینەوەی هاوسەر ڕەنگە ببێتە ڕەگی کێشەی بێئەدەبی. هەروەها هەندێک لە ژنانی هاوسەردار کە بەنیازن بە هاوسەرداری هێننەوە هەوڵدەدەن وروژێنەر دەربکەون بۆ ئەوەی هەموو کەسێک ببینێت. وە زۆرێک لە ژنانی سەڵت کە هیچ نیازێکیان نییە بەم زووانە هاوسەرگیری بکەن، هەوڵ دەدەن وروژێنەر دەربکەون بۆ ئەوەی هەموو کەسێک ببینێت. دەرخستنی پێست ئامرازێکە بۆ ڕاکێشانی هێز. وە «بێگومان هێز هەیە لە وروژاندن بەهێزترە، ئەگەر بتەوێت پیاوێک بە هۆرمۆنەکانیەوە

a ئەڵقەی ٤٢: «ژنبوون بەگوێرەی کتێبی پیرۆز لە پێنج خولەکدا» (٧ی ئازاری ٢٠١٣).

ڕابکێشیت نەک بە دڵی.» ئەگەر ڕاشکاوانە بڵێم، «وروژاندن بەهێزترە ئەگەر ئامانجت ئەوە بێت کە پیاوێک بە هەوەسەکانی بەدەستبهێنیت نەک بە خواناسی.» بێگومان ئەوە زانستی موشەکی نییە. تۆ ناتەوێت بەو ڕێگایە مێردێک بدۆزیتەوە. تکایە، بەم شێوەیە نییە. باوەڕم پێ بکە، ئەی کچە تەمەن بیست و دوو ساڵەکە. «ئەو پیاوەی کە هەوڵدەدەیت بە جلوبەرگی وروژێنەر سەرنجی ڕابکێشیت، ئەوا ئەو کوڕە نییە کە هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەیت، چونکە ئەو پیاوەی کە دەتەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەیت ئەو کوڕەیە کە چاوەکانی لە بێئەدەبییەکەت دوور دەخاتەوە، هەروەک ئەوەی عیسا فەرمانی پێکردووە. ئەم پلانە نەزۆکە. (٣) خۆراک بە لووتبەرزیت مەدە. هەموومان هەوڵدەدەین ڕەزامەندی مرۆڤ بەدەستبهێنین، ئەو ئارەزووە دوورمان دەخاتەوە «لە واتای ئەوەی کە عیسا وەک ڕزگارکەر و پەروەردگار و گەنجینەیەک لە لەخۆبگرین» (یۆحەنا ٥: ٤٤). (٤) با ڕازاندنەوەکەت ناوەکی بێت، بۆ ئەوەی بە کەلتوور یان پێویستی پەسەندکردن پابەند نەبیت، بەڵکو لەبری ئەوە لە خودادا بە چاونەترسی بژیت (یەکەم پەترۆس ٣: ٣-٧). «ئەوە هیوایەکی گەورەی ژن و پیاوە. خودا دە هەزار هێندە زیاترە لە هەر مێردێک. نیگای ڕەزامەندی و نیعمەتی ئەو، دە هەزار هێندە بەهادارترە لە نیگای هەر پیاوێکی لەژێر کاریگەری هۆرمۆن لە فڕۆکەخانە یان هەر ژنێک کە بڵێت "جلوبەرگت ناسکە". ئای، ئەو شوناسەی کە خودا لە عیسادا پێشکەشمان دەکات، چەندە سەرسوڕهێنەر و دڵخۆشکەر و گرنگە.»[a]

لەدوای نزیکەی سێ ساڵ، ژنێکی تەمەن نۆزدە ساڵان نووسی و گوتی کەوا ئەویش ئاشقی وێنەی خۆی بووە.

سەرەتا قەشە جۆن چیرۆکێکی خستەڕوو. ئیڤلین براند (١٨٧٩-١٩٧٤) لە ئینگلتەرا لە خێزانێکی دەوڵەمەند لەدایکبووە. ئەو کچە خوێندنێکی باشی هەبوو. لەدوای هاوسەرگیری، لەگەڵ هاوسەرەکەی بوونە مزگێنیدەر لە شاخەکانی هیندستان. تەنها لەدوای دە ساڵ، بووە بێوەژن. ئەو بەردەوام بوو لە کارەکە، لە کوخێکی گوازراوەدا دەژیا، لە کاتێکدا ئەو «ژیانی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتکردنی خەڵکی ناو شاخەکان: چاودێری نەخۆشەکان، فێرکردنی کشتوکاڵی، وانەگوتنەوە سەبارەت بە کرمی گینیایی، پەروەردەکردنی هەتیوان، پاککردنەوەی زەوی دارستانەکان، ددان کێشان، دامەزراندنی قوتابخانە، بڵاوکردنەوەی ئینجیل.» لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی، تووشی پێکانی جەستەی بوو، بەڵام ڕەتیکردەوە کارەکە بەجێبهێڵێت. لە تەمەنی نەوەد و پێنج ساڵی کۆچی دوایی کرد و لەلایەن ئەو گوندنشینانەی کە لەگەڵیان ژیانی بەسەربردبوو لە شاخەکان نێژرا. «ئێستا لێرەدا بەشە گەورەکەیە: لە بیست ساڵی کۆتایی ژیانیدا، ڕەتیکردەوە ئاوێنەیەکی لە ماڵەکەیدا هەبێت. من حەزم لەم بەشەیە. ئەو

a ئەڵقەی ١١٤٤: «چ خراپەیەک هەیە لە پۆشینی جلوبەرگی نیمچە ڕووت بۆ ڕاکیشانی سەرنج؟» (١٠ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

بـه خزمەتکـردن سـەرقاڵ بـوو -نـەک ئاوێنـە، نـەک خـۆی.» لـە بەرامبـەردا ئێمـە لـە جیهانێکـدا دەژیـن کـە «خەریکـی خەرجکردنـی ملیارەهـا دۆلار و بەسـەربردنی کاتـی بێکۆتاییـە لـە میدیـا بـۆ ئـەوەی ژنـان پازی بـکات کـەوا ژیـان لـە ڕواڵـەت پێکدێـت: پێسـتیان، شـێوەیان، قژیـان، فێڵەکـە بەقـەد مێـژوو کۆنـە. لـە ناوەڕۆکـدا هەوڵدانـە بـۆ فێڵکـردن لـە ژنـان بـۆ ئـەوەی خـووی بەراوردکردنـی خۆیـان لەگـەڵ ژنانـی دیکـەدا هەبێـت.» پەیمانـی کـۆن داوا لـە ژنـان دەکات کـەوا بـەم فێڵـە بـاوەڕ نەکـەن (پەنـدەکان ٣١: ٣٠). هـەروا پەیمانـی نوێـش، لـە نووسـینەکانی پەتـرۆس (یەکـەم پەتـرۆس ٣: ٣-٤) وە پۆڵـس (یەکـەم تیمۆسـاوس ٢: ٩-١٠). خاڵـی سـەرەکی لـە ڕواڵەتـدا ئەوەیـە کـە «جوانـی دەرەوە بـەراورد ناکرێـت بـە جوانـی نـاخ لـە سـاکاری و دانایـی و خۆشەویسـتی -ژیانێـک لەپێنـاو کەسـانی دیکـە بژیـت.»

لـە ژیانـی قەشـە جـۆن خۆیـەوە، «ئێسـتا وەک پیاوێـک شـایەتی دەدەم کـە بـە تەمەنـی هـەرزەکاری تێپەڕیـوە، بیسـت سـاڵان، سـی سـاڵان، چـل سـاڵان، پەنجـا سـاڵان و شەسـت سـاڵان -دەتوانـم بەبـێ هیـچ گومانێـک شـایەتی ئـەوە بـدەم کـە لـە هەمـوو قۆناغێکـی تەمەنـی ژیانمدا، ژیانـی پیاوانـەم، جلوبەرگـی وروژێنـەری ژنـان کەمـتر سەرنجڕاکێشـە لـە جوانـی سـاکاری.»[a] کاتێکـی زۆری بـەردەم ئاوێنـە بەسـەر دەبەیـت، بەفیڕۆدانـی وزەیـە. «قژێکـی سـادە، ماکیاژێکـی سـادە، یـان هیـچ، وە جلوبەرگـی سـادە بـە گشـتی سەرنجڕاکێشـترن لـە ڕوخسـار و قـژی زۆر ماکیاژکـراو.»[b] شـتێکە «کـە چەندیـن هـەزار ژن هـان دەدات و چەندیـن ملیـۆن تـوڕە دەکات -ڕەنگـە مـن لەبـری هەمـوو پیاوێـک قسـە نەکـەم، بـەڵام مـن بـە نـاوی چەنـد هەزارێـک قسـە دەکـەم، کاتێـک دەڵێـم کـە ئێمـە ماکیـاژ بـە سـەرنجڕاکێش نابینیـن. سـووراو، سـێبەری چـاو، ڕەنگـی دەموچـاو، بۆیـەی نینـۆک -سـەرنجڕاکێش نییـە. ئێمـە دەموچـاوی سروشـتی و ڕەسـەنمان خۆشـدەوێت. ئێسـتا ئەگـەر تـۆ ڕزگار بوویـت، دڵخۆشـم.» ئەگـەر نـا، «نیگـەران مەبـە ئەمـە تەنهـا بۆچوونێکـی نامـۆی جـۆن پایپـەرە.»[c]

دەربارەی بیکینی و پۆشتەیی

بنەماکانـی پۆشـتەیی بـە تەنهـا ناتوانـن کڵێسـایەک، خزمەتـی گەنجـان، یـان قوتابخانەیەکـی مەسـیحی چـاک بکـەن «پـڕە لـە جلوبەرگـی ڕووت». بێگومـان «بنەمـاکان پێگـەی خۆیـان هەیە،» بـەڵام ناتوانـن بەدیهێنـەر بـن بـۆ «کەلتوورێکـی پۆشـتەیی شـکۆداریی مەسـیح، ڕەگ و ڕیشـەی لـە ئینجیلـەوە بێـت، بەهێزکـەر بـە ڕۆحـی پیـرۆز، لێهاتـوو لـە بـاوەڕ، ڕۆشـن بـە کتێبـی پیـرۆز، دڵخۆشـکەر، وە ئـازاد». پۆشـتەییەکی ڕاسـتەقینە پێویسـتی بـە گۆڕینـی دڵ هەیـە. «دەبێـت شـتە

a ئەڵقەی ٣٤٢: «بیکینی و پۆشتەیی» (١٥ی ئایاری ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٢٦٨: «جوانی مێینە لەبەرچاوی خودا» (٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ١٥٤٠: «من خولیای دەرکەوتنی دیمەنی خۆمم -چۆن دەتوانم وازبهێنم؟» (١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠).

قوولّەکان لە ڕۆحی ژن یان پیاودا ڕوو بدەن پێش ئەوەی هیچ دەرفەتێکی بیرکردنەوە و هەستکردنیان هەبێت بۆ ئەم شتانەی کە بە شێوەیەک بێت ڕێز لە خودا بگرێت.»

بۆ ئەو ژنانە (وە پیاوان) کە جلوبەرگی نەشیاو لەبەر دەکەن، «من ئەمە دەڵێم: هەتا خودا نەبێتە گەنجینەی تۆ، هەتا گوناهی خۆت نەبێتە ئەو شتەی کە زۆرترین ڕقت لێیەتی، هەتا وشەی خودا دەسەڵاتی باڵای تۆ نەبێت کە هەست بکەیت لە زێڕ بەنرختر و لە هەنگوین شیرینتر، هەتا ئینجیلی مردنی مەسیح لەلای تۆ بەنرختر هەواڵ نەبێت لە جیهان، هەتا فێرنەبیت خۆت بگریت لە چێژە کورتخایەنەکان لەپێناو شادی و پیرۆزی درێژخایەن، هەتا ئەو کاتەی گەشە نەکەیت و ڕۆحی پیرۆزت خۆشنەوێت و تامەزرۆی بەرهەمەکەی نەبیت زیاتر لە ستایشی مرۆڤ، هەتا هەموو شتێک بە زەرەر نەژمێری بە بەراورد بە بەهای باڵای ناسینی مەسیح، هەڵوێستت بەرامبەر بە جلوبەرگەکانت و دەرکەوتنت لەلایەن ئەو هێزانەوە جڵەوگیر دەکرێت کە ڕێز لە مەسیح ناگرن.»

ئیتر ئەی ڕابەر و بانگخوازە مەسیحییەکان، لەسەدا ٩٩ی کاتەکانتان بەسەر ببەن لە جەختکردنەوە لەسەر شکۆمەندی خودایی (نەک ڕێنماییە مرۆڤانەکان). بەبێ ئەم شکۆمەندییە خودایانە، کڵێسا دابەش دەبێت بۆ «دوو جۆر مرۆڤی جەستەیی.» یەکێکیان «لە هەر باسکردنێکی پۆشتەیی پەست دەبێت،» ئەوەی دیکەیان هەموو جەختکردنەوەیەکی لەسەر گونجانی دەرەکییە «بە هەستێکی کەمی دڵ». هەردووکیان شکست دەهێنن، چونکە هیچ کامیان «بە قوولّی بە ئینجیل نەگۆڕاون.»

مامەڵەکردن لەگەڵ پۆشتەیی واتا مامەڵەکردن لەگەڵ لووتبەرزی بە ڕەوا زانینە، وە خواستی خۆیی، وە ململانێی دەرەکی و شێوەیە. «بانگەوازی بکە و نوێژ بکە لەپێناو کەلتووریکی ئینجیلی کە ژن و پیاو ملکەچییەکی شیرینیان هەبێت بۆ مەسیح، وە تێربوون لە وشەی خودا، سەرنجێکی ساکاریان هەبێت بۆ دانایی کەسانی دیکە، ئارەزوو بۆ گەشەکردن و فێربوون، گومانی قوول لە هێزی دنیاگەرایی بۆ جڵەوگیری خووەکانمان، وە ڕەچاوکردنی خۆشەویستانە بۆ کەسانی دیکە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەوەی چی لەبەر دەکەن.» پاشان لە کاتی گونجاو، بانگەواز بکە بۆ دەقێکی وەک یەکەم تیمۆساوس ٢: ٨-٩ بۆ ئەوەی نیشانی بدەین کە کتێبی پیرۆز «بەڕاستی دەیەوێت بە شێوەیەک جلوبەرگمان لەبەر بکەین کە ڕەگ و ڕیشەی هەبێت لە باوەڕێکی ساکار، دڵخۆشکەر، شکۆبەخش بە مەسیح، خزمەتکردنی کەسانی دیکە و باوەڕ بە ئینجیل.» لە هەموو شتێکدا، «ئەو هەستە خۆشە بچێنە کە پۆشتەیی جوانە. دەستبەرداری هەر بیرکردنەوەیەک بە کە پۆشتەیی بە واتای کۆنەپەرستی دەزانیت.»[a]

a ئەڵقەی ٣٤٢: «بیکینی و پۆشتەیی» (١٥ی ئایاری ٢٠١٤) (لە ئەڵقەی ٨٨٦: «بیکینی و پۆشتەیی» [٢٢ی حوزەیرانی ٢٠١٦] دووبارە کراوەتەوە).

جوانی مێینەیی لە چاوی خودادا

پێستی دەرکەوتوو موگناتیسێکی وروژێنەری بەهێزە. بەڵام پێستی دەرکەوتوو جوانیی مێینە زیاد ناکات.[a] جیهان لەم شتە تێناگات. میدیای پۆپ بیرۆکەکانمان لەبارەی وێنەی جەستەی مێینەمان تووش دەکات لە ڕێگەی بانگەشە «بێ کۆتاییەکان» و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و فیلمەکانەوە «کە تێیدا ژنان بە چاوەڕوانییەکی سەرسوڕهێنەر و بەردەوام پێشکەش دەکرێن کە شارەزایی دەرەکی، هێزی دەرەکی، فێنکایی دەرەکی، جوانی دەرەکی و سێکسی دەرەکی پێوەرن.» بەڵام نهێنی جوانی -جوانی ڕاستەقینە- جوانی ناخە هەروەک هاتووە لە یەکەم پەترۆس ٣: ٣-٦. هەروەک پەترۆس دەڵێت جلوبەرگ و شێوازی قژ شتێکی بێ بایەخ نییە، بەڵام لە بەهای جوانی ناخ کەم دەکاتەوە. «وزەی سەرەکی خۆت مەخە سەر جلوبەرگ. بەڵکو وزەی سەرەکیت بخە سەر ناخ. هیواخوازم ژنان لەمە ئازاد بکەم. وا دیارە هەندێک کەس وزە و کاتێکی زۆر تەرخان دەکەن بۆ گرنگیدان بە قژ و چاو و جلوبەرگیان، ئەمە لەلای من مایەی دڵتەنگی زۆرە.»

شەش خاڵ لە یەکەم پەترۆس ٣: ٤ وێنا بکە. (١) زۆرترین خەمی ئەوەت هەبێت کە خودا چۆن دەتبینێت. با ڕازاندنەوەت بەشی شاردراوەت بێت. ئەو بەشەی تەنها خودا دەتوانێت بە تەواوی ببینێت. (٢) بزانە خودای ناخت تۆی ڕاستەقینەیە. ئێمە لە پشت دەمامکەوە ناژین. «تۆی ڕاستەقینە، ڕووخساری تۆ نییە. تۆی ڕاستەقینە خودی شاراوەتە،» خودێک کە لەسەر وێنەی خودا دروستکراوە، نەک بووکەڵەیەکی پۆشراو یان مۆدێلێکی جلوبەرگ، تۆ کەسێکیت، «نەک بووکەڵە.» ئەم خودەی ناخت ئەو تۆیە کە گرنگە. (٣) گەشە بە دڵت بدە. «دڵ شوێنی سۆز و خواستە. ئەمەیە قوولایی کرۆکی تۆ.» بە سادەیی جەستە ڕەنگدانەوەی ناخی دڵی کەسەکەیە. بۆیە گەشە بە دڵت بدە. (٤) جوانی دڵ بۆ هەتاهەتایەیە. جوانی جەستەیی لەناو دەچێت. جوانی ناخ هەرگیز لەناو ناچێت. «جوانی دەرەوە کاڵ دەبێتەوە، لە کاتێکدا دەکرێت دڵ زیاتر و زیاتر جوان بێت. خودا پێی دڵخۆش دەبێت چونکە بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە.» (٥) لە خودادا پشوو بدە. نەرمونیانی و ئارامی دڵێک ئاشکرا دەکات کە متمانەی بە خودا هەیە. متمانەکردن بە خودا «هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئارامیمان هەبێت، وە نەرمونیان و ئارام دەبین، بێ گرفت و دڵەڕاوکێ، یان ڕاڕایی و نیگەرانی، کاتێک ژنێک ڕۆحێکی ئارام و هێمنی هەیە -خەمی ئەوەی نییە کە چۆن دەربکەوێت- ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خودا بەشی خۆیەتی و پشت بە خودا دەبەستێت.» ئەو جوانییە سەرنجڕاکێشەیە کە خودا بە بەهاداری دەزانێت. (٦) بە چاونەترسییەکی ئارامەوە بژی. هەموو ئەم جوانییەی ناخ و نەرمونیان

---

a ئەڵقەی ١٨٣٤: «بڕی چەند خشڵ دەبێتە خشڵێکی زۆر؟» (١٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٢).

و هێمنی و ئاراميیە لە «دەفرە ناسکەکەدا» ژنی «لاواز» بەرهەم ناهێنێت. «ئەم ژنانە دڵیان بەهێزە، چونکە وەک دەڵێت: "ئێوە منداڵانی [سارا]ن، ئەگەر چاکە بکەن و لە هیچ شتێک نەترسن" (یەکەم پەترۆس ٣: ٦). ئەمە ئەو جۆرە ژنەیە کە تۆ دەتەوێت، ڕاستە؟ ژنێکی ئارام، هێمن، نەرمونیان، چاونەترس، بوێر، لە هیچ شتێک ناترسێت. پێم وایە ئەو ژنەی بەیانیان هەڵدەستێت و چەندین کاتژمێری بەردەوام لەگەڵ دەموچاوی خۆی بەسەر دەبات و خەمی شێوازەکەی دەبێت، زۆر نائارامە. بەڵام ئێمە لە جیهان ژنی بەهێزمان دەوێت، ژنانی بەهێز لە خودا کەوا چاونەترسن. ئەمەش لە هیوا بە خوداوە و گەشەپێدانی ئەم جوانییەی ناخ دێت.»[a]

چاونەترسی ژنی پڕ لە باوەڕ

ژنایەتی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز بەوە پێناسە دەکرێت کە باوەڕبوونی ژنە بە خودا و لە ئەنجامیدا چاونەترسی لە هەر شتێک کە ژیان دەیهێنێتە سەری (یەکەم پەترۆس ٣: ٦). (١) چاونەترس لە داهاتوو. وەک ئەو ژنەی لە بەشی ٣١ی سیپارەی پەندەکان باسی کراوە، «پێدەکەنێت سەبارەت بە ڕۆژانی ئایندە.» (پەندەکان ٣١: ٢٥).[b] «ئەوە دەبێت یەکێک بێت لە ئایەتەکانی دڵخوازی من لە هەموو کتێبی پیرۆزدا.»[c] (٢) چاونەترسی لەبەردەم منداڵەکانی. «کوڕ دەبێت دایکی وەک ژنێکی لاواز نەبینێت کە هەمیشە دڵەڕاوکێی هەیە سەبارەت بە بەیانی، بەڵکو وەک دار بەڕووی ڕاستودروستی جێگیر کە سەبارەت بە داهاتوو پێدەکەنێت. ئەو پێت دەڵێت کاتێک خودات هەبێت، دەتوانیت بەهێز بیت و لە بەرامبەر ئایندەیەکی نادیاردا پێبکەنیت.»[d] (٣) بێ ترسە لە مێردەکەی. پەیوەندی ژن لەگەڵ مێردەکەی «بە ترس بەڕێوە ناچێت،» تەنانەت ئەگەر باوەڕداریش نەبێت بە مەسیح (یەکەم پەترۆس ٣: ١).[e] چاونەترسییەکەی بەو واتایەش دێت کە ڕەتیدەکاتەوە شوێنی بکەوێت بۆ گوناە.[f] (٤) چاونەترس لە دانپێدانان بە مەسیح. سەرنج بدە ئەو چوارچێوەیەی کۆکەرەوە لەنێوان چاونەترسی ژنێک (یەکەم پەترۆس ٣: ٦) وە شایەتیدانی بوێرانەی (یەکەم پەترۆس ٣: ١٥).[g]

---

a ئەڵقەی ٢٦٨: «جوانی مێینە لە چاوی خودا» (٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٥١: «باوەڕەکەم لە خێزانەکەم دوورم دەخاتەوە -چی بکەم؟» (٢٠ی ئازاری ٢٠١٣) وە ئەڵقەی ٦٥: «ژنایەتی بەهێزی مێینەیی چییە؟» (٩ی نیسانی ٢٠١٣).

c ئەڵقەی ٦٥: «ژنایەتی بەهێزی مێینەیی چییە؟» (٩ی نیسانی ٢٠١٣).

d ئەڵقەی ٩٠: «ڕۆڵی دایک لە پەروەردەکردنی کوڕاندا» (١٤ی ئایاری ٢٠١٣).

e ئەڵقەی ٧٤٠: «ئایا خودا لە ڕێگەی دڵەڕاوکێکانمەوە ژیانم ئاراستە دەکات؟» (١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

f ئەڵقەی ٦٨٠: «هیوا بۆ هاوسەرگیری سەخت» (٨ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

g ئەڵقەی ٥١: «باوەڕەکەم لە خێزانەکەم دوورم دەخاتەوە -چی بکەم؟» (٢٠ی ئازاری ٢٠١٣).

کتێبێک بە ناوی گەمژەیی خودایی: چیرۆکێکی ڕاستەقینەی باوەڕێکی زیندووبووەوە باسی بێوەژنێکی تەمەن بیست و چوار ساڵان دەکات، بە ناوی عائیشە، پێشتر موسڵمانێک بوو کە لەسەر شایەتیدانی ڕاشکاوانە بۆ مەسیح لە وڵاتێکی گەورەی ئیسلامیدا دەستگیر کرابوو، لە ژێرزەمینێکی بنکەیەکی پۆلیسی ناوچەکەدا ڕاگیرا. وەک ئەوەی لە کتێبەکەدا گێڕدراوەتەوە، «لە قووڵترین مەترسی ساتەکانیدا، «ئەو بەنیازی ئەوە بووە کە هاوار بکات بۆ خودا کە چیتر ناتوانێت بەرگە بگرێت. لە کاتێکدا دەمی کردەوە بۆ بەرخۆدان دەربڕینی بێهیوایی، لەبری ئەوە ئاوازێکی ستایشی لە ڕۆحییەوە سەریهەڵدا. گۆرانی گوت. بە دەنگی خۆی سەرسام و بەهێز بوو، سەرسام بوو لەو هەستەی نوێبوونەوە بە ئامادەبوونی خودا لەپاڵی و لە ناخیدا، دەستی کرد بە ستایش و پەرستنی عیسا بە دەنگی بەرزتر.» پۆلیسەکانی نهۆمی سەرەوە وازیان لە جووڵە و تێکەڵاوی هێنا و گوێیان گرت. ئەو درکی بەمە کرد. دواتر لەو شەودا، بەرپرسە باڵاکەی پۆلیس گەڕایەوە، سەری لێ شێواوبوو، ئیتر ئازادی کرد. «ئەو گوتی: "من تێناگەم، تۆ لە هیچ ناترسیت!" دیسان ئاهێکی هەڵکێشا و سەری لەقاند. گوتی، «ژنەکەم و کچەکانم و هەموو ژنەکانی ناو خێزانەکەم لە هەموو شتێک دەترسن. بەڵام تۆ لە هیچ ناترسیت. دەمەوێت بێیتە ماڵەکەم بۆ ئەوەی بە هەموو کەسانی نێو ماڵەکەم بڵێیت بۆچی ناترسیت.» ژنە باوەڕدارە چاونەترسەکە بەبێ دڵەڕاوکێ نییە، بەڵام لە کۆتاییدا چاونەترسییە پڕ باوەڕەکەی سەردەکەوێت.[a]

a ئەڵقەی ٨٤٤: «هێڵی جیاکەرەوەی بوێری و گەمژەیی چییە؟» (٢٥ی نیسانی ٢٠١٦). وەرگیراوەکانی نیک ڕیپکن و گرێگ لویس، گەمژەیی خودایی: چیرۆکێکی ڕاستەقینەی باوەڕێکی زیندووبووەوە (ناشڤیل، تی ئێن: بی ئەند ئێچ، ٢٠١٣)، ٢٩٤-٩٥.

دەربارەی هۆڵەکانی وەرزش، وەرزشکردن و وێنەی جەستە

پەیڕەوکردنە کەسییەکان

بۆ مانەوە لە دۆخێکی جەستەیی باش، قەشە جۆن وەرزشی ڕاکردن دەکات، کە وەرزشێکە لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا دەستی پێکردووە.[a] دان دەڵێت ڕاکردنێکی «زۆر خاوە»، بە تێکڕای نزیکەی سێزدە خولەک لە میلێک. زۆربەی ڕۆژانی ساڵ لە دەرەوە بەناو گەڕەکەکەی خۆی لە مینیاپۆلیس ڕادەکات.[b] لە مانگەکانی زستاندا، لە ژێرزەمینەکەیدا لەسەر ئامێری ڕۆیشتن ڕادەکات.[c] ڕۆتینی ئێستای لە چەندین ساڵ زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە: سێ ڕۆژ ڕاکردن (دووشەممە و چوارشەممە و شەممە)، لەدوای ئەوە دوو ڕۆژ ڕاهێنانی کێش و جمبازی، (سێشەممە و پێنجشەممە)، دوو ڕۆژیشی بۆ پشوو داناوە (هەینی و یەکشەممە).[d]

ئایا جەستەم، دوژمنمە یان دۆستمە؟

هەردووکیەتی. وەک هاوڕێیەک، جەستەمان ئەو سەکۆیەیە کە بەکاری دەهێنین بۆ ژیان و ئەزموونکردنی چێژ. ڕۆژێک زیندوو دەبێتەوە، پێشبینییەکی داهاتوو کە بەهای ئەم کات بە جەستەمان دەبەخشێت. بەڵام وەک دوژمنە، گوناە جەستەمان دەکاتە «بنکەیەکی چاڵاکی بۆ چەندین چاڵاکیی دوژمنێکی گەورە،» بنکەیەک کە «بنکەیەکی ناپاکیی هاوبەش لەو هێرشەی خراپەکار بۆ سەرمان.» جەستەی کەوتوومان «جەستەی مردنە» (ڕۆما ٧: ٢٤). بۆیە پۆڵس باسی «ڕوانگەیەکی دوو لایەنە بۆ جەستە دەکات، نایەوێت بە شێوەیەکی خۆکوژی فڕێی بدات یان بە شێوەیەکی ناتەندروست بیشێوێنێت.» نایەوێت جەستەی لەناو بچێت. وە تامەزرۆی زیندووبوونەوەی داهاتوویەتی. «ئەو دەزانێت خودا بە هۆکارێک جەستەی پێ بەخشیوین، لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتێکدا لێرەدا لەسەر زەوییە، دوژمن جەستەی پۆڵسی کردووە بە بنکەیەکی هاوبەشی لەناوبردنی. بۆیە ئەو بەو واتایە ڕقی لێیەتی، بۆیە دژایەتی دەکات و ناهێڵێت جەستە لەناوی ببات.» ئێمە ڕقمان لە جەستەمان نییە لەبەر شێوە یان کەموکوڕی و ڕەنگی پێست. ئێمە ڕقمان لە جەستەمانە کاتێک وەک ئامرازی گوناە لە دژی خودا کاردەکات. بۆیە فێربە «جەستەی خۆت وەک ئامرازێکی ژیانی زەمینی بپارێزە کە خودا پێی بەخشیویت، کە ڕۆژێک دێت لە زیندووبوونەوەدا دەبێتە جەستەیەکی شکۆمەند، کاتێک وەک خۆر دەدرەوشێیتەوە.»

---

a ئەڵقەی ١٠٤٢: «ئایا وێنەی جەستەم بتەکەی منە؟» (١٧ی ئایاری ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ١٣١٠: «ئایا مزگێنیدان لەسەر شەقام باشترە لە دروستکردنی پەیوەندی؟» (١ی شوباتی ٢٠١٩).

c ئەڵقەی SE١٧: «چۆن بەرەنگاری ترسم ببمەوە لە نەخۆشی کۆرۆنا؟» (٢٦ی ئازاری ٢٠٢٠).

d جۆن پایپەر، ئیمەیڵ بۆ نووسەر، ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢.

سەرقاڵی لە ڕادەبەدەر بە شێوەی جەستە کێشەیەکی گەورەیە سەبارەت بە شتە بچووکەکان. «پێویستی چارەنووسسازمان ئەوەیە کە بیرکردنەوەمان لەسەر شتگەلێکی جیاواز و گەورەتر لە خۆمان دابنێین.» واتا لەسەر مەسیح (کۆلۆسی ٣: ٢-٣). فێربە «بیرکردنەوەت لەسەر ئەو شتانەی سەرەوە بێت نەک لەسەر جەستەت.» هەوەسی خۆیی جیهانێکی زۆر تەسکە ناتوانین تێیدا بژین. «دیوارەکانی ئەم ژووره بچووکە، ئەم دونیایەی کە تێیدا دەژیت، هەمووی لە ئاوێنە دروستکراون. ئەم «قەتیسی و تەنگی و بچووکی جیهانە»ی کە تۆ تێیدا دەژیت دەبێت «بتەقێنرێتەوە» بە «شکۆمەندی و گەورەیی و فراوانبوونی خەیاڵ نەکراوی خودا.» زۆرێک لەو کێشانەی کە هەوڵدەدەین چارەسەریان بکەین بە تەواوی چارەسەر ناکرێن، چونکە چارەسەرەکە لە ڕێکخستنی شتەکاندا نییە لەو ژووره بچووکەی کە تێیدا دەژین، بەڵکو لە تەقاندنەوەی هەموو دیوارەکانی ئەو ژووره‌یە کە تێیدا دەژین، لەپڕ خۆمان ببینینەوە سەرسام بین بە گەورەیی خودا و بەدیهێنراوانی.» خۆشحاڵی بە شکۆمەندی خودا ڕزگارمان دەکات لە هەوەسی خۆیی -«ئازادییەکی شکۆمەندانە!»[a]

ئایا زاهیدبوون من پیرۆز دەکات؟

بە شێوەیەکی مەجازی، لە شەڕەکەیدا بۆ پیرۆزی، پۆڵسی نێردراو سزای خۆی دا -بە مشت لەخۆی دا (ὑπωπιάζω) لە دەموچاوی خۆی دا بۆ ئەوەی جڵەوگیری خۆی بەسەر ئارەزووە خۆپەرستەکانی (یەکەم کۆرنسۆس ٩: ٢٦-٢٧).[b] کەواتە ئایا پۆڵس مەبەستی ئەوەیە کە دەتوانین خۆمان پیرۆزتر بکەین ئەگەر توندتر مامەڵە لەگەڵ جەستەماندا بکەین؟ چونکە لە شوێنێکی دیکەدا، پۆڵس زاهیدی وەک «تۆندی بەرامبەر بە جەستە» پێناسە دەکات و دەڵێت ئەوانە «لە دامرکاندنەوەی هەوەسەکانی جەستە کاریگەرییان نییە» (کۆلۆسی ٢: ٢٣).

پێویستە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە فێرکاری درۆینەکانی کۆلۆسی تێبگەین، کە بریتییە لە «پەرستنی فریشتەکان، بینینەکان، تۆندی بەرامبەر بە جەستە بە دوورکەوتنەوە لە هەندێک خواردن و خواردنەوە، گێڕانی هەندێک جەژنی ئایینی، پەیڕەوکردنی ئەم بنەما و ڕێسایە بنەڕەتییانەی -"مەیگرە"، "تامی مەکە"، "دەستی لێ مەدە". ئەم سێ قەدەغەکردنە لەبەر دوو هۆکار شکستیان هێنا. ئەوانە مەسیحیان شکۆمەند نەکرد. وە گوناهیان نەبەزاند. ئەوانە خۆراکیان بە جەستە دەدا، وە کەسانێکی ئایینی خۆبەزلزان و بێ مەسیح و لەخۆڕازییان بەرهەم هێنا.

---

a ئەڵقەی ١١٩٤: «جەستەم: هاوڕێ یان دوژمنە؟» (٧ی ئایاری ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ٦٠: «چۆن دەتوانین لە بەرەنگاربوونەوەی هەوەسدا خزمەت بە یەکتری بکەین؟» (٢ی نیسانی ٢٠١٣).

کەواتـە ڕۆژوو و جـەژن جێگـەی خۆیـان هەیـە لـە ژیانـی مەسـیحیدا. وە ئاڵنـگاری خۆیـان هەیـە. «زاهیدبـوون لـە ژیانـی مەسـیحیدا پێگەیەکـی شـەرعی خـۆی هەیـە، هـەروەک چـۆن چێـژ وەرگرتـن لـە خـواردن و خواردنـەوە بـە سوپاسـگوزارییەوە کـە خـودا پێمانـی دەبەخشـێت پێگـەی خـۆی هەیـە. خـواردن و خواردنـەوە دەکرێـت ببێتـە نەوسـنی لەگـەڵ لەدەسـتدانی جڵەوگیـری خـۆدا، نەخـواردن و نەخواردنـەوەش دەکرێـت ببێتـە لووتبـەرزی و کەمکردنـەوەی مەسـیح. بـەم شـێوەیە، «بـە سـادەیی پرسـیارەکە ئـەوە نییـە، ئایـا دەخۆیـت یـان نـا؟ ئایـا دەخۆیتـەوە یـان نـا؟ ئایـا دەخەویـت یـان نـا؟ ئایـا خـۆت بـەدوور دەگریـت لـە هەندێـک چێـژی شـەرعی یـان نـا؟ ئەمـە پرسـیاری سـەرەکی نییـە. پرسـیاری سـەرەکی ئەوەیـە: ئایـا مەسـیح شـکۆدار دەکرێـت یـان خـود شـکۆدار دەکرێـت؟» کەواتـە لـە کاتێکـدا تـۆ «گوناهـی نەوسـنی لـە خـاچ دەدەیـت، ئایـا تـۆ خـۆراک بـە گوناهـی لووتبـەرزی دەدەیـت؟» ئایـا زاهیدییەکـەت یارمەتـی کوشـتنی گوناهەکـەت دەدات، یـان خـۆراک دەدات بـە لووتبەرزیـت؟

لەگـەڵ ئەوەشـدا، خـراپ بەکارهێنانـی زاهیـدی بـە خۆشـکاندن، هەمـوو زاهیدییـەکان بێواتـا نـاکات. زاهیـد بریتییـە لـە نکۆڵیکـردن لـە خـود. پۆڵـس بـەکاری هێنـا. ئـەو شـێوازی خۆراکـی خـۆی وە شـێوازی خۆراکـی وەرزشـوانێک لێکـردووە، کەسـێک کـە جەسـتەی خـۆی تەمبـێ دەکات -بـە واتـای وشـەیی، جەسـتەی خـۆی دەکوتێـت (یەکـەم کۆرنسـۆس ٩: ٢٥-٢٧). پێشـتر پۆڵـس گوتـی: «هیـچ شـتێک بەسـەرمدا زاڵ نابێـت [یـان جڵەوگیـر ناکرێـم و نامـە کۆیلـە]» (یەکـەم کۆرنسـۆس ٦: ١٢). «بـە دەربڕینێکـی دیکـە، پۆڵـس بـە ڕەقـی مامەڵـە لەگـەڵ جەسـتەی خـۆی دەکات لـە کاتێکـدا پێویسـتی بـەوە هەیـە بـۆ ئـەوەی خـۆی لـە گونـاە و بێبـاوەڕی بپارێزێـت.» نکۆڵـی لەخۆکـردن کرۆکـی بەقوتابیبوونـی مەسـیحییە (لۆقـا ٩: ٢٣).

کەواتـە «ناوێریـن لەگـەڵ هەمـوو زاهیـدەکان وەک خراپـە مامەڵـە بکەیـن.» وە «نابێـت بەخششـە باشـەکانی خـودا -خـواردن و خواردنـەوە و هاوڕێیەتـی و هاوسـەرگیری و سـەدان خۆشـی دیکـە لـەم ژیانـەدا -وەک خراپـە مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکەیـن» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٤: ٤). «ئێمـە مەسـیح شـکۆمەند دەکەیـن ئەگـەر بـە سوپاسـەوە بەخششـە باشـەکانی وەربگریـن، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە ئـەو ڕزگارکەری باش و بەخشـندەیە. وە ئێمە مەسـیح شـکۆمەند دەکەیـن بـە خۆدوورخسـتنەوەمان لـە هەندێـک لـە بەخششـە باشـەکانی بـۆ ئـەوەی نیشـانی بدەیـن کـە ئـەو گەورەتریـن گەنجینـەی ئێمەیـە -نـەک بەخششـەکانی.»[a]

سـوودە ڕۆحییەکانـی زاهیدبـوون تەنهـا لـە مەسـیحدا دەبینرێـن. بـۆ سـەلماندنی ئـەم خاڵـە، پۆڵـس هەمـان زاراوەی یۆنانـی (ταπεινοφροσύνην) بـە شـێوەیەکی ئەرێیـی بـۆ بێفیـزی یـان سـاکاری مەسـیحی ڕەسـەن بەکاردەهێنێـت (کۆلۆسـی ٣: ١٢)، وە بـە شـێوەیەکی

a ئەڵقەی ١٧٥٢: «ئایا شوێنێک هەیە بۆ زاهیدی لە ژیانی مەسیحیدا؟» (٤ی ئازاری ٢٠٢٢).

نەرێنی بۆ زاهیدگەرایی بێدەسەڵات و بێباوەڕی مەسیحی بەکاردەهێنێت (کۆلۆسی ٢: ١٨، ٢٣). «بەکارهێنانێکی باشییەکی مەسیحی بە شێوەیەکی نامەسیحی،» وەک زاهیدی، تەنها دەرکەوتنێکی ڕووالەتی دانایی هەیە. ئەم جۆرە خۆبەدوورگرتنە جەستەیی -دوور لە لێخۆشبوونی مەسیح و هێزی ڕۆحی- نەک هەر جەستە ڕادەگرێت؛ بەڵکو خۆراک دەدات بە کۆیلایەتی جەستە بۆ ڕاستودروستی خۆیی. زاهیدایەتی بێ مەسیح هەرچەندە توند بێت تەنها دەتوانێت خۆراک بدات بە لووتبەرزی ڕۆحی لەناوچوو لەبەردەم خودا.[a]

خودا پشتیوانی ڕێکخستنی جەستە و ڕاهێنانە

ئێمە بە لێهاتوویی لە ڕاستییە فیزیکی و ڕۆحییەکان چنراوین. «ئێمە دەزانین کە کاردانەوە ڕۆحییەکانمان لە ژیاندا -بۆ نموونە مامەڵەکردنمان لەگەڵ خەڵکی- کاریگەرە بە خەوتن، خواردن، خواردنەوە، قاوە، یان کحول. هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەرمان هەیە.» وەرزشکردن کاریگەری لەسەر دەروونمان دەبێت بە ماددە کیمیاییەکانی مێشک. کەش و هەوا کاریگەری لەسەر هەستەکانمان هەیە لەگەڵ گۆڕانی تیشکی خۆر و فشاری کەشوهەوا. بە کورتی: «ئێمە کاریگەری ئەو ستراتیژییە جەستەیی و چارەسەرانەمان لەسەرە کە لەخۆمانی دەگرین.»[b]

بۆیە پۆڵس بیرمان دەخاتەوە کە ڕاهێنانی جەستەیی، «بۆ هەندێک شت سوودبەخشە» (یەکەم تیمۆساوس ٤: ٨). ئەگەر دەبێت لە نێوان دوو دانەدا هەڵبژێریت، ئەوا ڕاهێنانی ڕۆحی هەڵبژێرە. بەڵام ئەگەر دەتوانیت هەردووکیان بکە. خودا «بۆ جەستەیە» (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٣). «خودا زۆر لایەنگری جەستەیە. ئەو ئەفلاتونی نییە. ئەو جەستەی بەدیهێناوە، وە جەستە لە مردن زیندوو دەکاتەوە. بۆیە دەیەوێت ئێمە گرنگی بە جەستە بدەین.»

دیسانەوە، جەستەی ماددیمان بە شێوەیەکی جیانەکراوە پەیوەستە بە ژیانی ڕۆحیمانەوە. «کاتێک لە ئەڵمانیا بووم، لە نێوان تەمەنی بیست و پێنج بۆ بیست و هەشت ساڵیم، بۆ یەکەمجار تێگەیشتم کە کاتێک کێشەی کەم خەویم هەیە، تووڕە دەبم و بێ تاقەت دەبم؛ وە لەگەڵ خەوتنی پێویست، کەمتر تووڕە دەبووم و پشوودرێژتر دەبووم. ئەمە لە ڕووی یەزدانناسییەوە کێشەیەک بوو بۆ من، چونکە کتێبی پیرۆز دەڵێت پشوودرێژی بەرهەمێکی ڕۆحی پیرۆزە نەک بەرهەمی خەو.» لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بوو کە «تەواو ڕوون بووەوە کە ئاستی پیرۆزیم بەرز دەبێتەوە و دادەبەزێت لەگەڵ هەشت کاتژمێر خەوتن لە بەرامبەر پێنج کاتژمێر خەوتن.» بە هەمان شێوە، شێوازی خەوتنی دروست مەحاڵە چارەسەر بکرێت بەبێ چارەسەرکردنی گوناهەکانی دڵەڕاوکێ و لووتبەرزی. ژیانی جەستەیی و ڕۆحیمان بە یەکترەوە گرێدراوە.

a ئەڵقەی ١٨٨٤: «ئایا ڕۆژووی پچڕپچڕ گوناهە؟» (٦ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).
b ئەڵقەی ٢٨٣: «دژە خەمۆکی، خەوتن، خۆراک و وەرزش» (٢١ی شوباتی ٢٠١٤).

لەگەڵ هەستێک بۆ خەمۆکی و بێهیوایی، «بۆم دەرکەوتووە کە ئەگەر هەفتەی سێ جار بچمە هۆڵی وەرزش و جەستەم شەکەت بکەم، بە سادەیی وەک جاران تووشی خەمۆکی نابم، دڵنیام هۆکاری فیزیۆلۆژی هەیە بۆ ئەوە. بەڵام هەرچییەک بێت، من دەزانم ئەمە کاریگەرە. دەزانم خەمۆکی ئازاری خزمەتەکەم دەدات، ئازاری هاوسەرگیریم و منداڵ پەروەردەکردنم دەدات. بۆیە لەپێناو مەبەستی شانشینی خودا، من دەچمە هۆڵی وەرزش.»[a]

ماندووێتی لە خزمەت و خەمۆکییەکانی دوای وتاردان

یەکێک لە کلیلەکانی تەمەن درێژی لە خزمەتدا وەرزشی بەردەوامە. «جەستەت شەکەت بکە. هەفتەی سێ جار بیگەیەنە بە ئارەقەکردنەوە و ماندووی بکە. سوودی دەروونی لە ڕادەبەدەر دەچنیتەوە. تەواو مەبەستم ئەوەیە. شتێک هەیە لەگەڵ وەرزشکردندا دەگوزەرێت کە خودا دەزانێت و هەندێک لە پزیشکانی دەروونیش دەزانن، بەڵام کەم کەس لەبارەیەوە دەزانێت. ئەمەیە جیاوازی دروست دەکات.»[b]

ڕۆژی دووشەممە، کاتێک لەدوای وتاردان خەمۆکی دێتە سەر بانگخوازێک، دەتوانێت چی بکات؟ جارێکی دیکە بەدوایدا بگەڕێ. «هەر وەرزشێک کە لەگەڵت دەگونجێت، جەستەتی پێ ماندوو بکە. تەمبەڵ مەبە. کوشندەیە. خودا ماسولکەکانی بۆ کارکردن دروستکردووە، وە دڵیشی دروستکردووە بۆ بەردەوامی. مێشکی وەها لێکردووە لە وەڵامی وەرزشێکی بەهێزدا دەرمانی دژە خەمۆکی بەرهەمبهێنێت. لەم بابەتە خۆت بێبەش مەکە. پاسکیلێک بکڕە. بەیانیانی ڕۆژی دووشەممە بیست میل هەتا دەتوانیت بە خێرایی لێبخوڕە یان ڕابکە یان مەلە بکە یان وەرزشی کێش بەرزکردنەوە بکە یان باخچەکە هەڵبکەنە. بەڵام خۆت گێل مەکە لەوەی وەرزش بکەیت بەبێ ئەوەی هەناسەبڕکێت هەبێت. مەبەستم ئەوەیە کە زۆر کەس بیر لەوە دەکەنەوە دەڵێن "من وەرزش دەکەم." تۆ وەرزش ناکەیت. تۆ خەریکی پاڵدانەوەیت. وا بکە ڕووبدات. سەرت سوڕدەمێنێت کە جەستە و ڕۆح چەندە پێکەوە گرێدراون.»[c]

کەی جەستەم بووەتە بتێک؟

لەشجوانی یارمەتیدەرە، بەڵام «دەبێتە خۆ شکۆمەندکردنێکی گوناە» کاتێک بەدوای ئامانجەکانی دیکەدا دەگەڕێت جگە لە زاڵبوون بەسەر گوناهی کەسی و خزمەتکردنی کەسانی دیکە و شکۆداری مەسیح. فریودانە بتپەرستییەکانی لێرەدا ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بە تایبەتی بەهێزن، چونکە «کاتژمێر لە دوای کاتژمێر، هەموو ڕۆژێک، لە ڕێگەی ڕیکلام و میدیای دیکەوە، پێمان دەگوترێت کە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بین و دڵخۆش بین، دەبێت

a ئەڵقەی ١٢: «وەرزشکردنی جەستە (لە پێناو ڕۆح)» (٢٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ١٤٢: «دوورکەوتنەوە لە شەکەتی خزمەت» (٢ی ئابی ٢٠١٣).
c ئەڵقەی ٤٢٩: «مامەڵەکردن لەگەڵ خەمۆکییەکانی دوای وتاردان» (١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

جەستەمان ڕواڵەتێکی دیاریکراوی هەبێت.» بە پێچەوانەی کەلتووری باوی هۆڵی وەرزشی، کتێبی پیرۆز بۆ سێ ئامانجی شکۆمەند بۆ ماندووبوونی جەستەیی ڕامانەسپێرێت.

١. وەرزش بکە بۆ زاڵبوون بەسەر گوناهدا. پۆڵس جەستەی خۆی ماندووکرد یان لێیدا بۆ ئەوەی گوناهەکەی خۆی کپ بکاتەوە (ὑπωπιάζω؛ یەکەم کۆرنسۆس ٩: ٢٦-٢٧). ئەمەش گوناهی تەمبەڵیش لەخۆدەگرێت. «وەرزشکردن و خواردن و خەوتن بە شێوەیەکی تەندروست کارێکی باشە بۆ ئەوەی پاڵنەرەکانی بە کۆیلەکردنەکانی جەستە بە چۆکدا بهێنین، لەوانەش تەمبەڵی.» بەڵام لە کاتێکدا بە ماندووبوونی جەستەیی بەرەنگاری گوناە دەبینەوە، نابێت شانازی بکەین بە تەمبێکردنی خۆمان. ئەمە هۆشداری عیسا بوو سەبارەت بە ڕۆژوو (مەتا ٦: ١٦-١٨). ڕۆژووگران وەک ئەوانەی خوویان بە هۆڵی وەرزشی گرتووە، دەتوانن ڕێکی جەستەیان بەکاربهێنن بۆ نمایشکردنی ڕێکوپێکییەکەیان. ئەگەر دیمەنی جەستەییت ئەوەیە کە تۆ لەپێناوی دەچیت، لە ئاوێنەدا تەماشای جەستەت مەکە -پاڵنەرەکانی دڵت بپشکنە.

٢. وەرزش بکە بۆ خزمەتکردنی کەسانی دیکە. عیسا فەرمووی: «ئەوەی دەیەوێت لەنێوتاندا پایەی بەرز بێت، با ببێتە خزمەتکارتان» (مەرقۆس ١٠: ٤٣). «بە دەربڕینێکی دیکە، لەبری ئاوێنە لە هۆڵی وەرزش، پێویستە تابلۆی گەورە لەسەر دیوارەکە هەبێت: "ئەوەی دەیەوێت لەنێوتاندا پایەی بەرز بێت، با ببێتە خزمەتکارتان" (مەرقۆس ١٠: ٤٣). ئایا دەتەوێت بەهێز بیت؟ دەتەوێت لەشولاری جوانت هەبیت؟ دەتەوێت قۆز بیت؟ ئایا بڕیارە بەکاری بهێنیت بۆ ئەوەی خزمەتکارێکی دڵسۆزتر بیت بۆ خەڵک، یان هەوڵ دەدەیت بۆ ئەوەی لەلایەن کەسانی دیکەوە دەربکەویت؟»

٣. وەرزش بکە بۆ شکۆداری بەهای مەسیح. هێزی ئێمە مەسیحە (ئەفەسۆس ٦: ١٠). «بە دەربڕینێکی دیکە، هێزی ڕاستەقینەیە ئەوەیە کە ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین بە هێزی مەسیح بەهێز بین، نەک لە خۆماندا بەهێز بین.» ئامانجمانە بەهێز بین بۆ ئەوەی مەسیح بەهێزتر دەربکەوێت. «ئیمە دەبێت ئەوە بزانین ئەگینا دەبینە بتپەرست، لووتبەرز دەبین.» دەبێت بە شێوەیەک وەرزش بکەین کە درک بەوە بکەین کە هێزی جەستەییمان زوو تێدەپەڕێت و چارەنووسی وشکبوون و کاڵ بوونەوەیە (یەکەم پەترۆس ١: ٢٤-٢٥). «باوەڕم پێ بکەن. من تەمەنم حەفتا ساڵانە، لە تەمەنی بیست و دوو ساڵییەوە بە بەردەوامی ڕامکردووە. خەڵکینە، کانیاوی گەنجی بوونی نییە. تۆ دەچیتە قۆناغێ شلبوونەوەی پێست. پێستت چرچ و لۆچ دەبێت. پێستت پەڵە پەڵە دەبێت. پێستت

تۆکڵی دەبێت. تۆ جوان و ناسک نامێنیتەوە. وە ئەگەر ژیانت بۆ ئەمە تەرخان بکەیت، ئەوا بێ هیوا دەبیت -وەک هەموو ئەو پیرانەی فۆنیکس ڕەنگی ڕەش و پێستی شل و چرچ و لۆچ.» کەواتە ڕۆتینێکی وەرزشی دابنێ بۆ ئەوەی (١) لە ژیانتدا شکست بە گوناە بهێنیت، (٢) سوودبەخش بیت لە خزمەتکردنی کەسانی دیکە بۆ چاکەی هەتاهەتایی ئەوان، وە (٣) «پێشان بدە کە لەلای تۆ مەسیح بەهادارترە، لەوەی لە دەرکەوتنی شێوەت یان تەندروستی یان ناوبانگت بەوەی ڕێکوپێکیت.»[a]

ئەو پیاوەی هەموان خۆیانی لێ دوور دەخەنەوە

پاپیەر لە وتاری ساڵی ٢٠٠٨ باسی بینینی پیاوێکی شێواوی کرد. پیاوەکە لە کاتی نامۆدا بە پاسکیل بە گەڕەکەکەیدا دەڕۆیشت بۆ ئەوەی خۆی لە کەسانی دیکە بەدوور بگرێت، کڵاو و چاویلکەی تاریکی لەبەردا بوو. تەنانەت بەو شێوەیەش کە لە دووری ٣٠ پێوە دەبینرا، ئەو «ناشیرینترین ڕووخساری هەبوو کە لە ژیانمدا بینیبێتم.» بەڵام قەشە جۆن قەناعەتێکی هەبوو بۆ ئەوەی ئەم پیاوە بناسێت و «خۆشترین هەواڵی جیهان»ی پێ ڕابگەیەنێت.»[b]

لە ساڵی ٢٠٢٠ قەشە جۆن وردەکاری چاوپێکەوتنەکەی گێڕایەوە. گوتی «نازانم لە کوێوە هات و بۆ کوێ دەڕۆیشت. هێندەی من بیزانم، تەنها بۆ ماوەیەکی کورت لێرە بووە.» تەنها لە کاتی تاریکیدا دەردەکەوت بۆ ئەوەی خۆی لە خەڵک بەدوور بگرێت و سەرنجی خەڵک ڕانەکێشێت بۆ ئەو «نیشانە زگماکە وەنەوشەییە گەورەیە» کە «زۆربەی دەموچاوی» داپۆشیبوو. ڕەنگەکەی شێواو بوو بە ڕادەیەک کە «هەر منداڵێک ببینیبووا دەترسا و ڕەنگە ببوایە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکی لە شەقامەکە بپەڕنەوە.» بۆیە ئێوارەیەک پاپیەر کاتی پیاسەکەی خۆی دانا. «لەگەڵ تێپەڕیندا سڵاوم لێکرد و پرسیم ئایا دەتوانم قسەیەکی پێ بڵێم. ئێستا، ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، ئەوەی من خەریکە بیکەم. مەرج نییە پێشنیاری بکەم، بەڵام ئەمە ئەو هەستەم بوو کە بەڕەوڕووم بووەوە. ئەو ڕاوەستا، منیش ڕاستەوخۆ چوومە ناو کڕۆکی بابەتەکە. گوتم: "من ناوم جۆنە. من لە خوارەوەی شەقامەکە دەژیم، لەوێ لەو خانووە سوورە [ئاماژەم کرد]. من لەوێ قەشەیەکم لەو کڵێسایە [ئاماژەم کرد]. تەنها دەمەوێت بزانیت کە دەزانم تۆ لێرەیت، وە نامەوێت خۆم لێت بەدوور بگرم. من تێدەگەم ڕەنگە ژیان بۆ تۆ قورس بێت، بەڵام دەمەوێت دوو شت بزانیت کە بەهۆی عیسا ڕاستن. یەکەم، ئەوەیە کە من گرنگیت پێدەدەم و لە دیمەنی تۆ بێزار نابم.» مەترسییەکە لێرەدایە. ئایا ئەمە تووڕەی

---

a ئەڵقەی ١٠٤٢: «ئایا وێنەی جەستەم بتەکەی منە؟» (١٧ی ئایاری ٢٠١٧).

b جۆن پاپیەر، «بەهاداری مەسیح و بانگەواز بۆ ئازار: بەشی یەکەم»، ئارەزووی خودا، ٨ی نیسانی ٢٠٠٨، https:// www .desiring god .org.

دەکات یان ئازاری دەدات؟ «“دووەم، هەواڵێکی سەرنجڕاکێشم هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە هەر جۆرە کەمئەندامییەکیان هەیە -ئەوەیە هەر کەسێک باوەڕی بە عیسا هەبێت لە زیندووبوونەوەدا بە تەواوی چاک دەبێتەوە. جەستەی نوێمان دەبێت، دەموچاوی نوێ، قاچی نوێ، قۆڵی نوێ، بەڵام هێشتا خۆمانین.” لە ڕاستیدا سوپاسی کردم، پاشان بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت.» ئەمە یەکەمین و تاکە کۆبوونەوەیان بوو.[a]

بۆچی خودا ناشیرین دروستی کردووم؟

کێبی پیرۆز بەرامبەر بە جوانی کوێر نییە. ستایشی سەرنجڕاکێشانی جەستەیی دەکات (دەرچوون ٢: ٢؛ یەکەم ساموئێل ١٧: ٤٢؛ دووەم ساموئێل ١٤: ٢٥؛ ئەستێر ٢: ٧؛ گۆرانی گۆرانییەکان؛ عیبرانییەکان ١١: ٢٣). کەواتە بۆچی خودا بە ناشیرین دروستی کردم؟ پرسیارێکی ڕاستگۆیانە لە گوێگرێکی کێشەدارەوە.

ئەم جۆرە ناشیرینییە سروشتییە تەنها «لووتکەی شاخی سەهۆڵین»ی ئازارە فراوانەکانی مرۆڤە، کە «شێواوی ناشیرین» و «شێواوی ترسناک» و نەخۆشییەکان لەخۆدەگرێت کە دەبێتە هۆی «شێواوی و گەشەکردنی ناشیرین و شێرپەنجەیی و کراوە و ساڕێژنەبوو» وە «برینی ترسناک کە مرۆڤەکان هەتا کۆتایی تەمەنیان لە ئازاردا بەجێدەهێڵن -کەمئەندام، ناشیرین.» ناسەرنجڕاکێشی بەشێکە لە شتێکی زۆر گەورەتری گفتوگۆ لەسەر شێواوی و نەخۆشی و بریندارى. بۆ هەندێک کەس ئەم بابەتە هەر لە لەدایکبوونەوە هەیە. بۆ کەسانی دیکەش لە تەمەنی پیریدا زیاتر دەبێت.

هیچ دەقێکی «یارمەتیدەرتر یان گرنگتر یان قوواڵتر» نییە کە ڕوونی بکاتەوە بۆچی ناشیرینی جەستەیی و شێواوی بوونیان هەیە باشتر بێت لە دەقی (ڕۆما ٨: ١٨-٢٣). بەهۆی گوناهی ئادەمەوە، خودا جیهانی خستە ژێر نەفرەت، بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی هیوایەکی داهاتوودا ئەم کارەی کرد (ڕۆما ٨: ٢٠). بەڵام ئەمە بەو واتایەیە کە کەوتنە ناو گوناە لە بەشی سێیەمی سپێارەی پەیدابوون «هەموو دەرئەنجامە ترسناکەکانی گوناە، لەوانەش هەموو شێوان، هەموو بریندارىبوونێک، هەموو کەمئەندامییەک، هەموو کارەساتێک»ی هێنایە ئاراوە. لە پاییزدا خودا جیهانی ماددی و جەستەییمان لەگەڵ واقیعەکانی جیهانی ڕەوشتیمان هاوکات دەکات. «ناشیرینی جەستەیی و نەهامەتی هاوتا لەگەڵ ناشیرینی و نەهامەتی ڕەوشتیدا، تەنانەت لە هەندێک لە مرۆڤە خواپەرستەکانی سەر هەسارەکەش. هەموو بارگرانییەکی جەستەیی یان ماددی لە جیهاندا ئاماژەمان پێدەدەن بۆ بارگرانی گوناە. هەموو ناشیرینییەک دەبێت ئاماژە بێت بۆ ناشیرینی گوناە و شەیتان.»

---

a ئەڵقەی ١٥٤٠: «من خولیای دەرکەوتنی دیمەنی خۆمم -چۆن دەتوانم وازبهێنم؟» (١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠).

ئێستا، دوو خاڵ هەن بۆ ڕوونکردنەوە. (١) ناسەرنجڕاکێشی یان شێواوی یان نەخۆشی تۆ دەرئەنجامی گوناهی مرۆڤە، بەڵام مەرج نییە ئەنجامی ڕاستەوخۆی گوناهێکی تۆ بێت -گوناهی تۆ یان دایک و باوکت (یۆحەنا ٩: ٢-٣). شکانی جەستەیی لە بنەڕەتدا دەرئەنجامی گوناهی ئادەم و حەوایە، «کە هەموو ڕەگەزی مرۆڤی تووش کرد.» (٢) بەڵێ، شەیتان دەبێتە هۆی شێواوی جەستەیی (لۆقا ١٣: ١١-١٦). بەڵام لە بنەڕەتیتردا «هەموو ناشیرینی و شێواوی و نەهامەتییەکی جەستەیی ئاماژە بە ناشیرینی و شێواوی ڕەوشتی گوناە و شەیتان دەکەن.»

بەڵام لە هەموو ئازارەکانی جیهانی کەوتوومانداا، خودا هیوایەکی بۆ بەجێهێشتین -هیوایەک بە شیوەنەوە. «وەک ئەوە وایە بەدیهێنراو سکڕ بێت، هەموو ئازار و نەهامەتی و شێواوییەک وەک ئازاری لەدایکبوونی گەردوونی وایە -دایکێک کە لە ئازاردا هاوار دەکات، جیهانێک کە ژانی منداڵبوونیەتی.» خۆشی بەدیهێنراوی دووبارە لەدایکبوو لە زیندووبوونەوەی داهاتوودا دێت. جەستەمان ڕزگار دەکرێت. وە ئەم بەڵێنە «هەموو نەهامەتیەکانی پیری، نەهامەتییەکانی نەخۆشی، نەهامەتییەکانی ناشیرینی دەگرێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو بە ڕوونی ڕایدەگەیەنێت کە ترسناکییەکانی گریان و گەندەڵ و بێهودەیی مەسیحییەکانی پڕ لە ڕۆحی پیرۆز لەخۆدەگرێت. جەستەمان زۆر پێویستی بە ڕزگاری هەیە، یان بەم زووانە پێویستی بە ڕزگاری هەیە. ئێمە لە نەخۆشیدا هەستی پێدەکەین، وە لە پیربوونداا هەستی پێدەکەین، وە لە ئاوێنەدا دەیبینین -هەندێکیان زوو، هەندێکیان درەنگ دێن.»

لێرەدا مژدەیەک هەیە بۆ ئەوانەی سەرنجڕاکێش نین. ڕزگارکەرێک هاتووە، ڕزگارکەرێکی ناسەرنجڕاکێش، کە «نە جوانی هەبوو و نە پایەبەرزی تاوەکو سەرنجمان بۆی بچێت، نە دیمەن تاوەکو ئارەزووی بکەین» (ئیشایا ٥٣: ٢). ناشیرینی و شێواوی و نەخۆشی گوناهی ئێمەی گرتە ئەستۆی خۆی. «ئەو مرد بۆ ئەوەی کۆتایی بهێنێت بە هەموو ناشیرینییەک و هەموو نەهامەتییەک، بۆ هەر کەسێک کە متمانەی پێبکات و بە بەهادارتری بزانێت لە بە بەهادار زانینی جوانی مرۆڤ. دواتر، لەو مرۆڤە بەهادارانەی کە بە خوێنی خۆی کڕیونی، وا دەکات هەموو ناشیرینییە جەستەییەکان بەهای خۆی پیشان بدات، چونکە بە تەواوی ڕۆح تێر دەکات و بەڵێنی داهاتوویکی هێندە شکۆمەند دەدات کە خێزانە سروشتییەکەی دڵخۆش دەکات. سەرەڕای هەموو ڕەتکردنەوەیەکی زەمینی، هەموو ئەو بەختەوەرییە شایەتی جوانییە ڕەوشتییە گشتگیرەکانی مەسیح و ئەو متمانەیەن کە ئێمە تێیدا بەشدارین. مەسیح زۆرترین شکۆمەندی لە ئێمەدا هەیە کاتێک زۆرترین ڕەزامەندیمانی لێی هەیە، بە تایبەتی لە ناشیرینییە کاتیەکانماندا.»[a]

a ئەڵقەی ١٦٩٩: «بۆچی خودا منی ناشیرین کردووە؟» (ای تشرینی دووەمی ٢٠٢١).

ناشیرینی کاتی خاڵێکی بنەڕەتییە. ئەوەی ئێستا لە ئاوێنەدا دەیبینیت «شکۆمەند نییە.» بەڵام لەدوای زیندووبوونەوە، ئەوەی لە ئاوێنەدا دەیبینیت، فریوت دەدات بۆ ئەوەی خۆت بپەرستیت (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٤٢-٤٤). («بەڵام نایکەیت، چونکە تەواو و کامڵ دەبیت.»)[a] لە زیندووبوونەوەدا، ئەو شتەمان پێدەدرێت کە پۆڵس پێی دەڵێت «جەستەیەکی ڕۆحی» -ڕەنگە جەستەیەکی وەک جەستەی مەسیح لەدوای هەستانەوەی، جەستەیەکی نوێ کە «ئەزموونی ئاسایی بۆشایی تێدەپەڕێنێت.»[b] مەسیح ماسی خوارد «بۆ ئەوەی بۆ قوتابییەکانی بسەلمێنێت کە جنۆکە یان ڕۆح نییە،» لەگەڵ ئەوەشدا «بە ڕێگایەک هات و ڕۆیشت کە پێچەوانەی تێگەیشتنە ئاساییەکانی شوێن و کات بوو» (لۆقا ٢٤: ٣٦-٤٣).[c]

ئامانجت ئەوە بێت سەرنجڕاکێشیت لە شتە گرنگترەکان دوورت نەخاتەوە

هێندەی دەرکەوتنمان جڵەوگیر دەکەین، جەستەمان بۆ مەبەستی ئینجیل لە قاڵب دەدەین. پۆڵسی نێردراو دەڵێت: «بە پەرۆشەوە چاوەڕوان و هیوادارم کە لە هیچ شتێکدا شەرمەزار نەبم، بەڵکو وەرم بەرز بێت بۆ ئەوەی ئێستاش وەکو هەمیشە مەسیح لە جەستەمدا پایەدار بێت، ئەگەر بە ژیان بێت یان بە مردن،» (فیلیپی ١: ٢٠). لێرەدا، لە یەکێک لە «دەقە دڵخوازەکان»ی قەشە جۆن -دەقێکی بنەڕەتییە بۆ چێژوەرگرتنی مەسیحی- پۆڵس «دەیەوێت جەستەی ببێتە ئامرازێک بۆ شکۆداری خودا، وە کاتێک دەمرێت، دەیەوێت بە باشی جەستەی بمرێت بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن کە گەنجینەکەی ئەو مەسیحە و جەستەی ئەو یان تەندروستی یان ژیانی نییە. بۆیە پێویستە گرنگی بە جەستەمان بدەین، پێموایە، بۆ ئەوەی بیهێڵینەوە بۆ مەسیح و خزمەتکردنی ئەو. ڕەنگە پێویست بکات جەستەمان تووشی زیندانیکردن یان قامچی لێدان یان لەسێدارەدان یان مردن بێت بۆ ئەوەی نیشانی بدەین کە مەسیح لە جەستە بەهادارترە. کەواتە ڕێگەیەکی ناوەڕاست هەیە بۆ خواردن و وەرزش کە پشتگوێخستنی جەستە نەبێت وەک ئەوەی بێ بەها بێت، یان پەرستنی جەستە بێت وەک ئەوەی خوداوەندێک بێت. ئەمە تەنها تەندروستمان دەهێڵێتەوە لەگەڵ جۆرێک لەوەی کە من ناوی دەنێم سەرنجڕاکێشی لە شتە گرنگترەکان دوورت نەخاتەوە.»[d]

---

a ئەڵقەی ١٦٥٠: «ئایا بەڕاستی خودا ستایشمان دەکات؟» (٩ی تەممووزی ٢٠٢١).

b ئەڵقەی ١١٣٨: «لە ئێستادا بەهەشت لە کوێیە؟» (٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧).

c ئەڵقەی ١٥١٦: «ئایا بەدیهێنراوی نوێ ئاوا دەبێت؟» (٢٤ی ئابی ٢٠٢٠).

d ئەڵقەی ١٨٥: «بۆتۆکس، ڕێجیم و نەشتەرگەری جوانکاری» (٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).

دەربارەی خۆراک، ڕۆژوو، وە جەژن گێڕان

خواردن بۆ پەرستنە

بەدیهێنراوی خودا باشە. وە بەو پێیەی بەدیهێنراوی خودا باشە، ئێمە ئازادین بۆ جەژنگێران بۆ شکۆمەندی خودا، ئەی وا نییە؟

باشە، بابەتەکە هێندە سادە نییە، خۆراکی دروست و سەرنج لەسەر خودا زیاترە لەوەی تەنها دانان بێت بە چاکەی بەدیهێنراوان. خواردن پەیوەندی بە پەرستشەوە هەیە، وەک پۆڵس لە یەکەمی تیمۆساوس ٤: ١-٥ ڕوونی دەکاتەوە. بەکارهێنانی ڕاستەقینەی خۆراک پێویستی بە سێ کردار هەیە، هیچیان «کردەوەیەکی گەدە یان هەستەوەری تامکردن» نییە. ئەوانە کردارەکانی دەروون و دڵن؛ سوپاسکردن، باوەڕ و زانین. هەر کردارێک سەرنج لەسەر خودا بێت، نانخواردنمان دەگۆڕێت و دەیکاتە ئامانجێکی باڵاتر: کردارێکی خواپەرستی.

بۆیە پۆڵس بانگەشەی ئەوەی نەدەکرد کە بەو پێیەی بەدیهێنراو باشە، خواردن باشە و ڕێزگرتنە لە خودا. هەروەها باسی لەوەش نەکردووە کە بەو پێیەی خودا خواردنی دروستکردووە، لە هەر چێژوەرگرتنێک لە خواردندا خودا شکۆمەندە. بەڵکو پۆڵس دەڵێت هەموو شتێک کە خودا دروستی کردووە باشە، وە لەو چاکەیەشەوە «هیچ شتێک ڕەت ناکرێتەوە ئەگەر بە سوپاسەوە وەربگیرێت» (یەکەم تیمۆساوس ٤: ٤). «ئەوەی خواردن باش دەکات، ئەوەی خۆراک باش دەکات، یان لانیکەم بەشێکی سەرەکی لەوەی کە باشی دەکات -بە شێوەیەکی بنەڕەتی نەک ئارەزوومەندانە- سوپاسگوزاری دڵمانە.» ئێمە دیاریەکی باشی بەدیهێنان پیرۆز دەکەین، وەک خۆراک، بە تەرخانکردنی بۆ خودا وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی بەهای بێکۆتایی خودا.[a]

قەبارەی گەزەیەک یەزداناسیی خۆراک

کتێبی پیرۆز پێنج دەقی سەرەکی پێشکەش دەکات، پێنج پێکهاتە، بۆ تێگەیشتنێکی پێگەی خۆراک لە ژیانماندا.

١. خۆراک دیاریەکە کە دەبێت پیرۆز بکرێت (یەکەم تیمۆساوس ٤: ٤-٥). خودا هەم بەهای خۆراکی و هەم تامەکەی خۆراکی داڕشتووە «بۆ باوەڕداران، نەک تەنها بۆ جیهان بە گشتی.» خۆراک دەبێت ببێتە شتێکی دیکە بۆ ئەوەی بەپێی شەریعەت چێژی لێ وەربگیرێت، واتا دەبێت لە کاڵایەکەوە بگۆڕدرێت

a ئەڵقەی ١٤٠٠: «چۆن جەژن بگێڕین بۆ شکۆمەندی خودا؟» (٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩

بـۆ دیاریـیەکـی پیـرۆز کـە بـە وشـەی خـودا و نوێـژ دەبێـت. بێبـاوەڕان بـە مەسـیح ناتوانـن ئەمـە بکـەن. ئەوانـەی باوەڕیـان نییـە تەنهـا دەتوانـن خـواردن بخـۆن، بـە شـێوەیەکی دوور لـە شـەریعەت. خـۆراک خـۆی لـە خۆیـدا هەندێـک چاکـەی کۆتایـی یـان دوایەمیـن نییـە. «تـۆ دەبێـت شـتێکی پـێ بکەیـت بـۆ ئـەوەی وەک بەشـێک لـە چاکـەی کۆتایـی ئەزموونـی بکەیـت، دەبێـت بـە نوێـژ و وشـەی خـودا بیکەیتـە شـتێکی پیـرۆز، پاشـان بـە سوپاسـەوە چێـژی لـێ وەربگریـت.»

٢. خـۆراک دەربڕینـی ئـارەزووی ئێمەیـە بـۆ خـودا (زەبـووری ٣٤: ٨). خـۆراک زمانـی تامـمان پـێ دەبەخشـێت، زمانـی تامیـش یارمەتیدەرمانـە بـۆ ئـەوەی بزانیـن خـودا چەنـدە لێـمان ڕازییـە. خـۆراک «ئموونـە یـان سـێبەر یـان ئامـاژە یـان پەنـدە،» وەک دەبینیـن کاتێـک زەبوورنـووس هـاوار دەکات و دەڵێـت: «تامـی بکـەن و ببینـن کـە یـەزدان چاکـە!» (زەبـووری ٣٤: ٨). «مـن تامـی نانـم کـردووە، دەتوانـم بزانـم واتـای چییـە کـە ئـەو نانـی ژیانـە، دەتوانـم بزانـم واتـای چییـە کـە ئـەو تینوێتـی مـن دەشـکێنێت. ئـەوە لـە خۆراکـدە چێـژی لـێ وەردەگـرن دەبێـت لـە خـودادا ببینیـن. بەڵکـو دەبێـت لـە چێژوەرگرتنـمان لـە خۆراکـدا خـودا ببینیـن.»

٣. خـۆراک خـودا نییە (یەکـەم کۆرنسـۆس ٦: ١٢-١٣). خودا لە کۆتاییـدا (καταργέω) خـۆراک و گـەدە لەنـاو دەبـات. «کەواتـە وەک بـت مامەڵـەی لەگەڵـدا مەکـەن. ئەگـەر وەک خوداوەنـد مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەن، خواوەندەکانتـان لەنـاو دەچـن. خـۆراک بەپێـی ڕێپێـدراوە، بـەڵام سـەروەری تـۆ نییـە.» کاتێـک چیـتر خـۆراک ناتوانێـت «بـۆ وروژاندنێکـی سوپاسـگوزاریت پێبگەیەنێـت بـۆ خـودا،» ئـەوا بووەتـە سـەروەرت. هیـچ شـتێک نەبێتـە سـەروەرت، بـە خۆراکیشـەوە.

٤. خـۆراک بـۆ قوربانیکردنـە (مەتـا ٦: ١٧). عیسـا وا گریمانـە دەکات کـە ئێمـە بـەڕۆژوو دەبیـن. کەواتـە «بۆچـی خـودا بەڕۆژووبـوون بـۆ ئـەم سـەردەمە دادەنێـت؟ بۆچـی ناچارمـان دەکات خۆمـان لـە شـتێک بـەدوور بگریـن کـە بـە تـەواوی باشـە؟ پێـم وایـە وایکـردووە لەبـەر ئـەوەی ڕۆژوو ڕێگەیەکـە بـۆ ئـەوەی بڵێیـن کـە مـن لەژێـر دەسـەڵاتی چێـژی خۆراکمـدا نیـم. مـن لەژێـر دەسـەڵاتی چێـژی خـودام.» لـە ڕاسـتیدا خۆشـیمان بـە خـودا چڕتـر دەبێتـەوە «بـە دوورکەوتنـەوە لـە چێـژە جێگـرەوەکان، بـۆ ئـەوەی بەبـێ ئـەوەی بـە هیـچ شـێوەیەک نـاوی ببـەم بـە خراپـە، بتوانـم بڵێـم: "خـودا باشـترە."» بـە ڕۆژوو ڕایدەگەیەنیـن، «ئـەی خودایـە، مـن تـۆم خۆشـدەوێت. مـن تـۆم لـە هەمـوو خۆراکێـک زیاتـر خۆشـدەوێت. زیاتـر پێویسـتم بـە تۆیـە لـەوەی پێویسـتم بـە خـۆراک بێـت. مـن زیاتـر تـۆم دەوێـت لـەوەی خۆراکـم بوێـت. لـەلای مـن تامـی ڕۆحیـی تـۆ باشـترە لـە تامـی خۆراکـی جەسـتەیی.»

٥. خۆراک بەس نییە (مەتا ٤: ٣-٤). عیسا دەڵێت ئێمە «زۆر زیاتر» لە ژەمێک خۆراک پێویستمان بە وشەی خودا هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی کەمی کات، هەرکەسێک لەبری پەرستشی بەیانیان نانی بەیانی هەڵبژێرێت، درکی بە قسەکانی مەسیح نەکردووە. «ئەو وشەیەی کە ناوبژیوانی خۆشەویستی خودایە، گرنگترە لەو خۆراکەی بە زیندوویی دەمانهێڵێتەوە.»

ئارەزووی خواردنمان جڵەوگیری ڕەفتارەکانمان دەکات، یان ئارەزووی خواردنمان خودا شکۆمەند دەکات بە نیشاندانی ئەوەی کە ئەو «تێربوونی باڵا»مانە، یان ئارەزووی خواردنمان نیشانی دەدات کە ئارەزوومان بۆ خواردن بەهێزترە، کە ئەمەش دەبێتە بتپەرستی. چی زیاتر ڕەزامەندت دەکات؟ «با سەلیقەیەک بۆ خودا، ئارەزووی خودا و وشەکەی بچێنین، کە لە هەموو شتێک تێرمان بکات.»[a]

پێکهاتەکانی یەزدانناسی جەژن

هەم جەژن و هەم ڕۆژوو بۆ باوەڕداران بە مەسیح خواپەرستییە. کەواتە دەبێت دەربارەی جەژن چی بزانین؟

سەرەتا پێناسەیەکی نزیکەیی: «جەژن چێژوەرگرتنە لە فرەیی.» پەیمانی کۆن چەندین جەژنی بۆمان دیاری کردووە، کە لە سیپارەی لێقییەکان ٢٣ دەستی پێکردووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هەموو جەژنێک لە پەیمانی کۆن ئاماژەیە بۆ فرەیی ماددی. کەواتە ڕەنگە پێناسەیەکی باشتر ئەوە بێت: «جەژن بریتییە لە هاوبەشی ژەمێکی ئاهەنگگێڕان لەگەڵ سەرنجدان لە هەندێک یادکردنەوە و سوپاسگوزاری بۆ هەندێک ڕووداوی بەزەیی خودا.» «جەژن»ێکی زۆر سادە لە نانێکی بێ هەویرترش، هیچی وەک ئەو «ژەمە ئێوارەیە گەورەیەی جەژنی سوپاسگوزاری» نییە کە ڕەنگە بە مێشکماندا بێت. کەواتە بۆ هاوسەنگی چاوەڕوانییەکانمان لەگەڵ ئەوەی کتێبی پیرۆز دەیڵێت، لێرەدا چوار پێکهاتە بۆ یەزدانناسی جەژنانە دەخەینەڕوو.

١. ڕەنگە جەژن باش بێت یان خراپ (پەندەکان ١٧: ١). «تەنها زۆری خواردن و خواردنەوە، خێزانێکی بەختەوەر یان کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر دروست ناکات، دەبێت لەوە زیاتریش هەبێت.» (i) ڕەنگە کاتی کارکردنمان بکوژێت. هەڵبە کە ئاهەنگ بگێڕین لە کاتێکدا کە پێویستە کار بکەیت (ژیرمەندی ١٠: ١٦-١٧). (ii) ڕەنگە کاتەکەی هەڵە بێت. کاتێکی ماتەمینی زیاتر لەبەرچاو دەگیرێت لە کاتی جەژنگێڕان (ژیرمەندی ٧: ٢). (iii) ڕەنگە دڵمان خۆش نەبێت. خودا ڕقی لە جەژنە کاتێک کردەوەکە ژیانی گوناهبار و بێ خۆشەویستی دەشارێتەوە (ئامۆس ٥: ٢١-٢٤).

---

a ئەڵقەی ٣٢١: «یەزدانناسی خۆراک بە قەبارەی گەزەیەک» (١٦ی نیسانی ٢٠١٤).

٢. کاتێک جەژن بە باشی ئەنجام دەدرێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی پەرستشی دڵمانە. هەموو ئەو شتانەی کە چێژیان لێ وەردەگرین، لەلایەن خوداوە بە بەرفراوانی بۆمان دابین دەکرێت (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧). «بینین و دەنگ و بۆن و تام و دەست لێدانی شتە باشەکان کە خودا دروستی کردووە، بە شێوەیەکی سەرەکی تاقیکردنەوە نین بۆ ئەوەی بزانین ئایا دەیانکەین بە خوداوەندی خۆمان و ئێمە دەبینە بتپەرستیت، بەڵکو، بە شێوەیەکی سەرەکی چێژن بۆ ئەوەی دڵمان بە شادی و سوپاسگوزارییەوە بنێرینەوە بۆ لای خودا. ئێمە ئەم بەخششانە وەردەگرین و بە وشەی خودا و نوێژ پیرۆزیان دەکەین (یەکەم تیمۆساوس ٤: ٤-٥). «کەواتە جیاوازی نێوان جەژنی ناپیرۆز و جەژنی پیرۆز ئەوە نییە کە لەسەر مێزەکە هەیە، بەڵکو ئەوەیە کە لە مێشک و لە دڵدا هەیە. ئایا ئەقڵمان لە واتای سەرنج لەسەر خودا تێدەگات بۆ دەربڕینی ئەم شتانەی نێو کتێبی پیرۆز، وە ئایا دڵمان نوێژی خۆشی و سوپاسگوزاری دەنێرێت بۆ خودا، کاتێک لەو شتانەی کە دەیخوێن زیاتر تامی چاکەی خودا دەکەین؟»

٣. جەژن داهاتووی چێشتلێنامانە (ئیشایا ٢٥: ٦؛ مەتا ٢٢: ٢-١٠؛ لۆقا ٢٢: ٢٩-٣٠؛ ئاشکراکردن ١٩: ٩).

٤. جەژنانە هاوشێوەییەکە بۆ خۆشییە هەتاهەتاییەکانمان (زەبووری ٣٦: ٧-٨). «هەتا ڕادەیەک، ئێستا و پاشان بە تەواوی لە ڕۆژی کۆتاییدا، خودا خۆی دەبێتە جەژنی ئێمە.»

ئەم چوار پێکهاتەیە یارمەتیدەرمانن بۆ ئەوەی «بە ژیرانە لە نێوان ڕۆژوو و جەژندا بجوڵێین، لە نێوان خۆشی نکۆڵێ لەخۆکردن و خۆشی فرەیی، بە شێوەیەک کە بەهای باڵای مەسیح لە ژیانماندا نیشان بدات.»[a]

دەربارەی زاڵبوون بەسەر بتپەرستی خۆراکدا

کاتێک پۆڵس باس لەوە دەکات کە هیچ ئارەزوویەک زاڵ نەبووە بەسەریدا، باس لە ئارەزووی خۆراک دەکات لە هەمان چوارچێوەی ئارەزووی سێکسیدا (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٢-١٣). «ئیتر زۆر ڕوونە کە ئەم دوو ئارەزووە گەورەیەی کە مرۆڤەکان هەیانە، لەلایەن خوداوە دروستکراون، ئارەزووی سێکسی و ئارەزووی خواردن، دەکرێت ببێتە بتپەرستی.» مامۆستا درۆینەکان ئەم بتپەرستییە بەراورد دەکەن بە «لوولەی تفەنگ»ی زاهیدی، ئەمەش بە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری و هەندێک خۆراک. پۆڵس وەڵامی ئەم سنووردارییانەی دایەوە و گوتی کە هاوسەرگیری و خۆراک بە وشەی خودا و نوێژ «پیرۆز دەکرێن» (یەکەم تیمۆساوس ٤: ٣-٤).

a ئەڵقەی ١٦٨٧: «پێکهاتەکانی یەزدانناسیی جەژن» (٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

١. خـواردن بـه نوێـژی سوپاسـگوزاری پیـرۆز دەکرێـت. «سوپاسـگوزاری بریتییـه لـه لابردنـی تەختـی خوداوەندێـک و گۆڕینـی بـۆ بەخششـی خـودا.» کەواتـه، نوێژکـردن لەسـەر خـواردن ئەوەیـه کـه ئێمـه چـۆن دەڵێیـن: «مـن سوپاسـی خـودا دەکەم لەسـەر تـۆ، بۆیـه ئـەی خـۆراک، تـۆ لەگـەڵ خـودا کێبڕکێ ناکەیـت. ئـەی خـۆراک، تـۆ دەبیتـه ئامرازێـک بـۆ خواپەرستی مـن و نـەک کێبڕکێـی خواپەرستیم بکەیـت.»

٢. خـۆراک بـه بـاوەڕ پیـرۆز دەکرێـت. پۆڵـس گوتـی کـه خـودا سـێکس و خواردنـی دروسـت کـردووە «بـۆ ئـەوەی ئەوانـەی باوەڕیـان هەیـه و ڕاسـتی دەزانـن کـه بـه سوپاسـەوە وەربیگـرن» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٤: ٣). تەنهـا مەسـیحییە دووبـارە دروسـتبووەکان بەخششـه باشـەکانی خـودا بـه بـاوەڕ و بـه دروسـتی بەکاردەهێنـن، بـەو پێیـەی هەمـوو خواردنەکانمـان بەخششـن لەلایـەن خـوداوە. ئەمـەش وەک قسـەکانی پۆڵـس وایـه بـۆ ئـەو مەسـیحییانەی کـه گۆشـتێکیان دەخـوارد بتپەرسـتەکان کردبوویانـه قوربانـی بـۆ بـت. بۆچـی؟ چونکـه «زەوی و هەرچـی تێدایـه هـی یەزدانـه» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٠: ٢٥-٢٦). پۆڵـس ئامـاژە بـه حوکمڕانـی خـودا دەکات بەسـەر جیهانـدا بـۆ پیرۆزکردنـی ئـەو خواردنانـەی کـه بـه بـاوەڕ و سوپاسـگوزارییەوە دەیخۆیـن (زەبـووری ٢٤: ١).

سـێکس و خـۆراک «جڵەوگیرییەکـی نارەوا»یـان بەسـەرماندا نابێـت کاتێـک لـه ژێـر وشـەی خـودادا دەیانهێڵینـەوە. «پێویسـت نـاکات خەمـی ئـەوەت هەبێـت کـه ئـەم گۆشـتە دەیخۆیـت پێشـکەش بـه بتێـک کـراوە، هـی خودایـه، تـۆ بـه دیـاری وەرتگرتـووە.» لـه کاتێکـدا سوپاسـی خـودا دەکەیـن لەسـەر دیاریەکانـی، شـتێک کـەوا ئەگـەری هەیـه ببێتـه بـت لەسـەر تەخـت دەیهێنینـه خـوارەوە. «بۆیـه دەمەوێـت هەمـووان هەمـوو بەخششـەکانی خـودا -نـەک تەنهـا سـێکس و خـۆراک، بەڵکـو هەمـوو بەخششـەکانی خـودا- بخەنـه چوارچێـوەی وشـەی خـوداوە، بـا وشـەکەی خـودا پیگـەی شـتەکات دیـاری بـکات، وە دواتـر پـڕ بێـت لـه سوپاسـگوزاری، بـا سـەرڕێژ بێـت لـه نوێـژی سوپاسـگوزاری.»[a]

کەی خۆراک بووەتە بتێک لەلام؟

بتپەرسـتی خۆراکـی پێـی دەگوترێـت «نەوسـنی»، وە نەوسـنی خووێکـه کـه زۆرێـک لـه گونـاه دەچێـت. بـۆ نمونـه ئـارەزووی سێکسـی خـراپ نییـه، بەڵکـو هەوەسـبازی خراپـه. چێـژ وەرگرتـن لـه ستایشـکردن لەلایـەن کەسـانی دیکـەوە گونـاه نییـه، بـەڵام خۆبەزلزانیـن گوناهـه. پشـوودان گونـاه نییـه، بـەڵام تەمبەڵـی گوناهـه. ئـارەزووی مووڵـک و مـاڵ گونـاه نییـه، بـەڵام چاوچنۆکـی گوناهـه. وە ئـارەزووی خـواردن گونـاه نییـه، بەڵکـو نەوسـنی گوناهـه. لـه دەسـتی

a ئەڵقەی ١٢٣: «چۆن خواردن و سێکس پیرۆز دەکرێن» (١ی تەممووزی ٢٠١٣).

گوناهباریکدا، بەخششە باشەکان دەبنە فریودانی بتپەرستی. «یەکێک لە ڕێگا مێژوویییەکان بۆ باسکردنی ئەو گوناهانە ئەوەیە کە خۆشەویستییەکی ناڕێکخراون، یان، بە ڕێگەیەکی دیکە بڵێین، خۆشەویستییەکی لەڕادەبەدەر، بە خۆشەویستییەکی ڕەوا دەست پێدەکات؛ ئاسایی و گونجاو، بۆ شکۆداری مەسیح، سەرچاوەی لە خوداوە؛ بۆ شتێکی ڕەوا کە خودا بۆ چێژوەرگرتنمان بەخشیوەتی. بەڵام دواتر دەبنە نابەجێ و نەگونجاو. واز لە شکۆداری مەسیح دەهێنێت و ئامانجی بۆ خودا لەدەست دەدات» (فیلیپی ٣: ٨؛ ٤: ١١-١٣؛ یەکەم تیمۆساوس ٦: ٦-١٠).

لە نموونەیەکی داراییدا، ئارەزووی تەندروست بۆ پارە دەکرێت تێکبچێت و ببێتە خۆشەویستییەکی چەوت و لادەر بۆ پارە (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٠). چی ڕووید؟ «بەکارهێنانی پارە کە بە ڕازیبوونێکی شیرین و قووڵ و گشتگیر لە خودادا بەڕێوەدەچێت، جێگەی لەدەستدانی ئەو ڕازیبوونە و سەرهەڵدانی خۆشەویستییەکی بەهێز بۆ پارە و ئارەزووی پارەی گرتۆتەوە، وەک پۆڵس ناوی دەبات.» بەبێ ڕازیبوون، ئارەزووی ڕەوا دەگۆڕێت بۆ خۆ تێکدەر. بەبێ ڕازیبوونی خودا، بەخششەکان دەبنە بت. وە کاتێک «ڕازیبوون یان خۆشی یان چێژ یان ڕەزامەندی باڵامان لە خودادا واز دەهێنێت لە ڕێبەرایەتی گەورە یان باڵادەستی یان ناوبژیوان یان ڕێکخەری ڕۆحمان،» ئەوا «هەموو شتێک خراپ دەبێت.»

«نهێنی ژیانی مەسیحی خوداپەرستانە» لەلای پۆڵس، ڕازیبوونە. ڕازیبوونی خوداپەرستانە دەڵێت: «هەموو شتێک بە زیان دەزانم لەبەر بەرزی بەهای ناسینی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ. لەپێناوی ئەودا هەموو شتێکم لە دەست دا و هەموو ئەو شتانەم بە زبڵ دانا، بۆ ئەوەی مەسیح بەدەستبهێنم و وەک کەسێک کە لەگەڵ مەسیحدا بووبێتە یەک هەژمارد بکرێم، نەک بە ڕاستودروستی خۆم کە لە شەریعەتەوەیە، بەڵکو لە ڕێگەی باوەڕەوە بە مەسیح، ئەو ڕاستودروستییەی کە لە خوداوەیە و پشت بە باوەڕ دەبەستێت. ئامانجم ئەوەیە مەسیح بناسم و هێزی هەستانەوەکەی بزانم و هاوبەشی ئازاری بم، وەک ئەو بم لە مردنی، تاوەکو بگەمە هەستانەوەی نێو مردووان» (فیلیپی ٣: ٨-١١). هیچ زیانێکی پارە و سێکس و خۆراک ناتوانێت لەم بەڵێنە بێبەشمان بکات.

بە پێچەوانەی ڕازیبوون، نەوسنی بە چوار شێوە دەردەکەوێت. (١) «ئێمە بێباک دەبین لەو کاریگەرییە زیانبەخشانەی خۆراک لەسەر پەرستگای ڕۆحی پیرۆز کە جەستەمانە.» (٢) «ئێمە بێباک دەبین لە شێوازی بەڕێوەبردنی پارەکانمان لە کاتێکدا بە شێوەیەکی ناڕیرانە بۆ خواردنی نەگونجاو خەرجی دەکەین.» (٣) «ئێمە دەست دەکەین بە بەکارهێنانی خۆراک وەک دەربازبوون لە کێشەکانمان و دەرمانێک بۆ خەم و نەهامەتی، یان ناڕەحەتیمان.»

(٤) «ئێمە واز لە چێژوەرگرتن لە خواردن دەهێنین وەک ڕێگایەک بۆ چێژوەرگرتن لە خودا. واز لە تامکردنی چاکەی خودا دەهێنین لە چاکەی خۆراکەکەدا، وە دەست دەکەین بە گۆڕینی چاکەی خودا بە چاکەی خۆراکەکە. ئەمانە چوار نیشانەی ئاگادارکردنەوەن بۆ نەوسنی. «ڕێگای گەڕانەوە ڕەنگە چەندین ڕێکار و ڕێکخستنی دەرەکی لەخۆبگرێت. بەڵام لە کۆتاییدا، تاکە ڕێگای دەربازبوون کاتێک دەبێت کە خودا خۆی لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە دەبێتە خۆراکی تێرکەری ڕۆحمان، وە ڕازیبوون لەودا دەبێتە ڕێکخەری هەموو ئارەزوو و خواستێکمان.»[a]

جەنگ ڕابگەیەنە بەرامبەر بە ئارەزووی گوناهبارانە

«ململانێیەکی خراپ و تووندوتیژ لە ژیانی مەسیحی ڕاستەقینەدا هەیە.» دژی کێ یان چی؟ نەک مرۆڤەکان. نەک تووندوتیژی لە دژی موسڵمانان یان هیندۆسەکان یان بوداییەکان یان بێدینەکان یان عەلمانییەکان یان ئەوانەی هەر بە ناو مەسیحین. بەڵکو تووندوتیژییەک لە دژی ئەو ئارەزووانەی لەناو ئێمەدان. ئێمە جەنگێک ڕادەگەیەنین لە دژی «هەموو ئارەزووە بە کۆیلەکەرەکان بۆ خواردن، کافاییەن، شەکر، شوکولاتە، مەی، بابەتی بەدڕەوشتی، پارە، ستایشی مرۆڤ، ڕەزامەندی کەسانی دیکە، دەسەڵات و ناوبانگ. ئەمانە دوژمنانی ئێمەن. ئێمە لێرەدا دەجەنگین.»[b]

ڕۆژوو بۆ چییە؟

ئێمە فێری ڕۆژوو دەبین کاتێک بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی قوتابییەکانی عیسا بەڕۆژوو نەبوون. شوێنکەوتووانی یەحیای لەئاوهەڵکێش هاتنە لای عیسا بۆ ئەوەی لێی بپرسن بۆچی ئەوان بەڕۆژوو نابن (مەتا ٩: ١٤-١٧). دەقەکە فێرمان دەکات کە ڕۆژوو دوو ئامانجی ڕوونی هەیە.

١. ڕۆژووگرتن بڕەو بە ئارەزوومان دەدات بۆ گەڕانەوەی مەسیح. «لە کاتێکدا ئەو لێرە بوو، قوتابییەکانی بەڕۆژوو نەبوون، چونکە زاوا لەگەڵیان ئامادە بوو. بەڵام کاتێک زاواکە بڕدرا، بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم بگەڕێتەوە، ئەم ئازارە کەوتە دڵی گەلی خودا. ڕۆژوو هێمایەکی سەرسوڕهێنەری جەستەییە لە کۆتایی ڕستەکاندا دەڵێیت «پێویستم پێتە! من تۆم دەوێت! تامەزرۆی تۆم! تۆ گەنجینەی منیت! من زیاترم لە تۆ دەوێت! ئای، بۆ ئەو ڕۆژەی کە دەگەڕێیتەوە! ماراناتا! وەرە، ئەی عیسای پەروەردگار!» بۆ ماوەیەک، واز لە گەدەمان دەهێنین بۆ ئەوەی

---

a ئەڵقەی ٧٥٢: «چوار نیشانە کە دەریدەخەن خۆراک بووەتە بت» (١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).
b ئەڵقەی ٤٨٩: «جەنگ لە دژی گوناە ڕابگەیەنن» (١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤).

بـە هەمـوو دڵـەوە «ئەوپـەڕی پەرۆشـیمان بـۆ عیسـا دەربـڕین». ئێمـە دەمانەوێـت ببینیـن کـە بجوڵێـت بـۆ چاککردنـەوەی نەخۆشـەکان و ڕزگارکردنـی ونبـووان و چاککردنـی هاوسـەرگیرییە تێکشـکاوەکان.

٢. ڕۆژوو بتپەرستییە شـاراوەکانمان ئاشـکرا دەکات. «کاتێـک بـە خـواردن دەرمـان ناکرێـم، چـی لـە دڵمـەوە دێتـە دەرەوە؟ تووڕەیـی؟ هـەوەس؟ پێویسـتی بـە تەلەفزیـۆن؛ زیاتـر و زیاتـر؟ پێویسـتە خەڵکـی بزانـن لـە بنەڕەتـدا چـی هەیـە.» کەواتـە «ئەگـەر بیسـت و چـوار کاتژمێـر بـێ خـواردن بـم -لـە ژەمـی ئێـوارەوە هەتـا ژەمـی ئێـوارە یـان ژەمـی بەیانـی هەتـا ژەمـی بەیانـی- لـەلای مـن، ئـای لـە مـن، ئـەوەی لـە دڵمدایـە ئاشـکرا دەبێـت بەرامبـەر بـە ژنەکـەم و کچەکـەم! ڕۆژووگرتـن بنەمایەکـی زۆر باشـە. نـەک تەنهـا وەک دەربڕینێکـی ئەرێیـی بـۆ پەرۆشـیم لـە نوێژکـردن، بەڵکـو وەک دەرکەوتنێکـی نەرێنـی دڵیـش؛ بـۆ ئـەوەی بتوانـم مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم شـتانەدا بکـەم کـە دەردەکـەون.»[a]

ڕۆژوو بەهـاداره بـەڵام نەسـەپێنراوە. «لـە بـاوەڕی مەسـیحیدا هەمـان ئـەو پێگەیـەی نییـە کـە بـۆ نموونـە لـە ئیسـلامدا هەیەتـی.» هەرچەنـدە پەیمانـی نـوێ فەرمـان نـاکات سـەبارەت بـە ڕۆژوو، بـەڵام کتێبـی پیـرۆز ئاماژە بـەوە دەکات کـە ڕۆژووگرتـن «ئاسـایی بـووە و عیسـا چاوەڕێـی ئـەوە بـووە لەنێـو شـوێنکەوتووانیدا ڕووبـدات.» عیسـا گریمانـەی ئـەوەی کـرد: «کاتێـک بـەڕۆژوو دەبـن» (لـە مەتـا ٦: ١٦). ئێمـە بـەڕۆژوو نابیـن بـۆ ئـەوەی کەسـانی دیکـە سەرسـام بکەیـن. بەڵکـو «بـە تایبەتـی هـەوڵ دەدەیـن» بـۆ ئـەوەی «خەڵکـی دیکـە نەزانـن کـە ئێمـە بەڕۆژووییـن.» ڕۆژووێکـی نهێنـی لـەم جـۆرە «سـەرنجێکی بنەڕەتـی خودایـی» وەردەگرێـت. ڕۆژوو وەک «تاقیکردنەوەیەکـی گـەورە و پشتڕاسـتکردنەوەی ئەوەیـە کـە لـەلای ئێمـە خـودا ڕاسـتەقینەیە»، بـەو پێیـەی تەنهـا ئـەو نهێنییەکـە دەزانێـت.

دیسـانەوە، بوونـی عیسـا ڕۆژووگرتـن لـە پەیمانـی نوێـدا دەگۆڕێـت (مەتـا ٩: ١٤-١٧). ڕۆژووگرتـن نەگونجـاو بـوو لـە کاتێکـدا مەسـیح لەگـەڵ قوتابییەکانـی بـوو. ڕۆژووگرتـن زیاتـر کاتێـک بانگـەوازی بـۆ دەکرێـت کـە ئامادەبوونـی جەسـتەیی مەسـیح لـە نـاو ئێمـەدا نەبێـت. پاشـا هـات و مـرد و هەسـتا و بەرزبـووەوە، وە ئێسـتا «ئێمـە تامەزرۆیـن و پەرۆشـین بـۆ تەواوبوونـی ڕۆژی گەڕانـەوەی، هاتـن و حوکمڕانییەکـەی.» لەنێـو ڕابەرانـی کڵێسـادا، ڕۆژوو لەپێنـاو پێشـکەوتنی مزگێنیـدان پێویسـتە (کـردار ١٣: ١-٣).

لـە کۆتاییـدا ڕۆژوو «خزمەتـکاری بـاوەڕە» نـەک جێگـرەوەی. «بـەڕۆژوو بـوون ڕێگایەکـە بـۆ ئـەوەی بـە گـەدە و هەمـوو جەسـتەمانەوە بڵێیـن چەنـدە پێویسـتی و خواسـت و متمانەمـان بـە

a ئەڵقەی ٧٢: «ئامانج لە ڕۆژووگرتن چییە؟» (١٨ی نیسانی ٢٠١٣).

عیسا هەیە. ئەمەش ڕێگایەکە بۆ ئەوەی بڵێین کە ئێمە ناچینە ژێر کۆیلایەتی خۆراک وەک سەرچاوەی تێربوونمان. ئێمە جارجارە دەستبەردارووون لە خۆراک بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی دەربڕین کە عیسا لە خواردن باشترە. عیسا زۆر خۆراک پێویستترە.»

کەواتە خۆراک بەخششێکی نایاب و ناوازەیە، ئێمەش بۆ شکۆمەندکردنی خودا بە دوو شێوە بەکاری دەهێنین. ئێمە بە خواردن خودا شکۆمەند دەکەین کاتێک بە سوپاسگوزارییەوە لەپێناو چاکەکانی دەیخۆین. وە بە خواردن خودا شکۆمەندی دەکەین کاتێک بەڕۆژوو دەبین و لەپێناو ئەو واز دەهێنین لە خۆراک. «کاتێک جەژن دەگێڕین، بە خۆشحاڵییەوە تامی هێمای خۆراکی ئاسمانیمان دەکەین: نانی ژیان، خودی عیسا. وە کاتێک بەڕۆژوو دەبین، دەڵێین: "من زیاتر حەزم لە ڕاستییەکەیە لەوەی لە هێماکە". هەم ئاهەنگ و هەم ڕۆژوو بۆ باوەڕدار بە مەسیح خواپەرستین. هەردووکیان مەسیح شکۆدار دەکەن.» وە هەردووکیان مەترسیدارن. «مەترسی ئاهەنگگێڕان ئەوەیە کە ئێمە ئاشقی بەخششەکە دەبین، مەترسییەکانی ڕۆژووش ئەوەیە کە ئێمە بەخششەکە بچووک دەکەینەوە و شانازی بە هێزی خواستی خۆمانەوە دەکەین، لە باشترین حاڵەتدا، ڕۆژووی مەسیحی سووکایەتیکردن نییە بە بەخششی باشی خۆراک. ئەوە تەنها خاڵێکی سەرسوڕهێنەری ڕاستگۆیانەیە لە دڵ و جەستەوە، لە کۆتاییدا دەڵێت، "ئەی خودایە من تۆم خۆشدەوێت! من پێویستیم بە تۆیە زیاتر لەوەی پێویسیم بە خۆراک بێت؛ زیاتر لەوەی پێویستم بە ژیان بێت."»[a]

ڕۆژووی پچڕپچڕ تەنها بۆ سوودە جەستەییەکانی ڕێکخستنی ڕۆحی مەسیحی ڕەت ناکاتەوە. ڕۆژووگرتن لە کڵێسا، یان لە ئیسرائیل کۆن سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو دەکرێت «لە زۆربەی ئایینەکانی دیکەدا» بدۆزرێتەوە (دانیال ٦: ١٨؛ یونس ٣: ٥). وەک هەموو شێوەکانی زاهیدی، ئەم پەیڕەوکردنە لە ڕووی جەستەییەوە سوودبەخشە، بەڵام لە ڕووی ڕۆحییەوە مەترسیدارە هەرکاتێک کە بێباوەڕە مەسیحییەکان هێزی گۆڕینی ژیانیان دەخرێتە پاڵ (کۆلۆسی ٢: ١٦-٢٣). لە هەمان کاتدا ڕۆژوو دەکرێت سوود بە جەستە بگەیەنێت و شانازی لە دڵدا بوروژێنێت. هەموو جۆرەکانی زاهیدی بێ مەسیح دەکرێت خۆراک بدەن بە جەستە، ئەوە «لایەنە لووتبەرزی و پشتبەخۆ بەستوو و خۆشکۆداری سروشتی مرۆڤانە.» کەواتە بەکارهێنانی «ڕۆژووی جیهانی» بۆ «سودی جەستەیی» کێشە نییە. کێشەیەکە کاتێکە پەیڕەوکردنەکە «دەخلیسکێتە» ناو «چاوەڕواننییە ڕۆحییەکان» کە ڕێککارییەکی لەم شێوەیە «من دەکاتە کەسێکی باشتر» یان «زیاتر خودا لێم ڕازی دەبێت». مەترسییەکە لێرەدایە. مەسیحییەکان کار دەکەن بۆ یارمەتیدانی کەسانی دیکە

a ئەڵقەی ٧٨٩: «بۆچی مەسیحییەکان بەڕۆژوو دەبن؟» (٨ی شوباتی ٢٠١٦).

بـۆ جیاکردنـەوەی «نکۆڵـی لەخۆکـردن بەپێـی ئینجیـل» لەگـەڵ «خـۆ باشـترکردنی جیهانـی لـە ڕێگـەی زاهیدییـەوە».[a]

ئایا پێویستە پێش ژەمەکان نوێژ بکەین، تەنانەت کاتێک حەزیشی پێنەکەین؟

بەڵـێ، دەبێـت وا بکەیـن، بـەڵام نـەک ببێتـە ئەرکێـک یـان پەیوەسـتییەک. پێویسـت نـاکات نوێـژی کاتـی نانخـواردن چـاوەڕێ بکەیـن هەتـا حـەز بـە نوێژکـردن بکەیـن. «زۆر کـەس پێیـان وایـە کـە ئـەوە شـتێکی ڕۆحـی و ژیانبەخشـە ئەگـەر خووەکانـی ڕۆح بـە شـێوەیەکی خۆبەخـۆ سـەرهەڵبدەن و ببنـە کردەوەکانـی جەسـتە، ئەمـە ڕاسـتە. وایـە. شـتێکی سەرسـوڕهێنەرە، کـە ژیانبەخشـە. بـەڵام لـە جیهانـی ڕاسـتەقینەدا کـە ئێمـە تێیـدا دەژیـن، هەروەهـا ڕەنگـە پێچەوانەکەشـی ڕاسـت بێـت.» کەواتـە «خووەکانـی جەسـتە، وەک نوێژکـردن لـە کاتـی ژەمەکانـدا -کـە هەندێکجـار بەهـۆی خۆشـییە خۆبەخۆکانـی ڕۆح لـە خـودا دەبێـت و لـە چاکـەی ئـەودا چـاڵاک دەبـن، هەندێـک جاریـش لـە سـەدا ٥٠ و هەندێـک جاریـش لـە سـەدا ١٠ و هەندێـک جاریـش تەنهـا ئـەوە دەکەیـن - پێویسـتە لەپێنـاو ڕۆحـدا بپارێزرێـت، لەپێنـاو خۆبەخۆبوونـدا، لەپێنـاوی خۆشـی.»

نوێـژی کاتـی ژەمـەکان بریتیـن لـە شـێوازەکانی ژیانێکـی چەسـپاو و لەگـەڵ هەسـتەکانماندا ناگۆڕێـن. لـە کات و خووەکانـی خۆیـدا دەمێنێتـەوە بـۆ ئـەوی نوێژێکـی ڕەسـەن و گەرمـەمان هەبێـت. ئیـتر ئێمـە «نەخشـێکی ژیـان دەپارێزیـن کـە بەهـای هەیـە نـەک تەنهـا بـۆ دەربڕینـی سـۆزێک لـە کاتێکـدا هەیـە، بەڵکـو بـۆ ئـەوەی کاتێـک کـە نییـە سەرزەنشـتم بـکات، وە لـە کاتێکـدا سـۆزەکە دەگەڕێتـەوە لـەلام بێـت.» پەیڕەوکردنـی نوێـژی کاتـی ژەمـەکان بـەم شـێوەیەیە.

ئـەم نوێژیـە کردەوەیەکـی گوێڕایەڵییـە بـۆ ڕاسـپاردەی «لـە هەمـوو کاتێـک و بـۆ هەمـوو شـتێک بـە نـاوی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمان سوپاسـی خـودای بـاوک بکـەن» (ئەفەسـۆس ٥: ٢٠). «چ کاتێکـی باشـتر هەیـە بـۆ بنیادنانـی گوێڕایەڵـی لـە ژیانمانـدا، لـە سـاتێکدا کـە خـودا بـە ئـازادی هەمـوو شـتێکمان پـێ دەبەخشـێت کـە پێویسـتمانە بـۆ ژیانـی خۆمـان؟» بـە تایبەتـی کاریگـەرە لـە ڕاهێنانـی ئـەو منداڵانـەی کـە تەماشـا دەکـەن و گـوێ دەگـرن. کەواتـە بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی کـە نوێـژی کاتـی ژەمـەکان نوێنەرایەتـی چـی دەکـەن لـە ژیانـی مەسـیحییەکانی سەرانسـەری جیهـان و بـە درێژایـی سـەدەکاندا، وە بـۆ ئـەوەی کـە دەکرێـت واتـای چـی بێـت بـۆ ژیانـی خۆمـان، بۆچـی پێـش ژەمـەکان نوێـژ ناکەیـن؟[b]

---

a ئەڵقەی ١٨٨٤: «ئایا ڕۆژووی پچڕپچڕ گوناهە؟» (٦ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).

b ئەڵقەی ١٢٤: «نوێژی کاتی ژەمەکان: پێویستە یان ئارەزوومەندانەیە؟» (٢ی تەممووزی ٢٠١٣).

ئایا پێویستە نوێژی بێ ئامادەکاری بەکاربهێنین یان نوێژی ئەزبەرکراو؟ «هەردووکی تێکەڵ بکە. ئەگەر منداڵان تەنها گوێیان لەو نوێژانە بێت لە نوێژی دایک و باوکیان، کوا نوێژی لەبەرکراو بێت، ئەوا پێدەچێت وا تێبگەن کە ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ نوێژ و نزاکردن لە خودا، لانیکەم لە کاتی ژەمەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، نامەوێت کەم بکەمەوە لە ئاستی نوێژی لەبەرکراو و باش بیرلێکراوە، چونکە ئەوانیش نیعمەتێکیان هەیە.» پاپەر بۆ خێزانەکەی سێ نوێژی نووسیوە: هەریەکەیان بۆ ژەمێک لە ژەمەکانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە.[a]

ئایا دەکرێت لەسەر خواردنی خێرا نوێژ بکەین؟

ئایا دەتوانین خودا شکۆمەند بکەین و سوپاسی بکەین لەپێناو خواردنی خێرا، خواردنی سورکراوە، خواردنی نێوان ژەمەکان؟ یان ئەمە دەبێتە دووڕوویی؟

بە کورتی، هەتا ئەو ڕادەیەی کە ڕەوا بیت شتێک بخۆیت، ڕەوایە کەوا لەسەری سوپاسگوزار بیت. هەتا ئەو ڕادەیەی ویژدانت ئارامە، دەکرێت بە ویژدانێکی پاکەوە سوپاسی خودا بکەیت. بەڵام ئەگەر دڵت دابەش بوو، «بەشێکی پەسەندکردن و بەشێکیش ناڕەزایی، لە کاتێکدا شتێک دەخۆیت،» ئەوا دڵێکی دابەشبووت دەبێت لە کاتێکدا هەوڵدەدەیت سوپاسی خودا بکەیت.

بەڵام هەموو شتێکی باش دانایی نییە. توانای سوپاسکردنی خودا بۆ شتێکی سادە وەک نان بەو واتایە نییە کە هەمیشە خواردنی ڕەوا بیت (مەتا ٤: ١-١١). بۆ مەسیح، لە ڕێگەی بۆ خاچدانی، نان «لە سنووردار بوو بەهۆی ئەو ڕێگایەی کە بۆ عیسا دیاری کرابوو. من ئامۆژگاری ئەوە دەکەم کە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە -سەبارەت بەوەی لە لایەک ڕێپێدراوە، بەڵام ڕەنگە بە هۆکاری دیکە باش نەبێت.»

ڕەنگە وەڵامێکی ڕوونتر وەربگرین لە یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٢٣-٣٣. پۆڵس ئەوەمان بیردەخاتەوە کە هەموو خۆراکێک هی پەروەردگارە، وە خۆراک بەخششێکی باشە، تەنانەت ئەگەر پرسیاریشی لەبارەوە هەبێت -وەک، ئایا پێشکەش بە بتەکان کراوە؟ لەم چوارچێوەیەدا، پۆڵس بە ڕوونی ئەوە دەخاتە ڕوو کە «ئەگەر شتێک بە جێی پرسیار سەیر بکەیت -بە دڵنیاییەوە خراپە یان بە دڵنیاییەوە باش نییە- بەڵکو شتێک کە باوەڕدارانی ڕاستەقینە لەگەڵ یەکتردا ناکۆک بن، ئەوا پرسی سوپاسگوزاری ڕاستەقینە پەیوەست دەبێت.» لێرەدا نموونەیەک دەخەینەڕوو. «لێرەدا براکەم شتێک دەکات کە بەلامەوە جێگەی گومانە -وەک خواردنی شتێک کە من کەمتر بە تەندروستی دەزانم- وە

a ئەڵقەی ١٢٦: «نوێژی کاتی ژەمەکان: بەبێ ئامادەکاری یان لەبەرکراو بێت؟» (٥ی تەممووزی ٢٠١٣).

ئەو سوپاسگوزارییەکی ڕاستەقینە و دڵسۆزانەی بۆ خودا هەیە لەپێناو ئەوەی دەیخوات، بۆیە هەڵوێستی من دەبێت ئەوە بێت کە دڵخۆش بم کە دڵی باشە بەرامبەر بە خودا و جێی بهێڵم بۆ خودا و ویژدانی ئەو کە ئایا خواردنی ئەو خۆراکە گوماناوییە گوناهە یان نا.»

سوپاسگوزاری یەکلاکەرەوەیە. بۆیە کاتێک دەخۆیت، هەرچییەک دەخۆیتەوە؛ هەمووی بۆ شکۆمەندی خودا بکە (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٣١). «ئەمە پێوەرێکی کۆتایی پۆڵسە بۆ خواردنی هەموو جۆرە خواردنێک، ئایا خواردنی ئەم خواردنە دەربڕینێکە بۆ ئەوەی کە چەندە بەها بە شکۆمەندی خودا دەدەم؟» ئەو دەقە بەناوبانگەی «قسە لەگەڵ ئەو کەسە دەکات کە چاودێری خۆراکی کەسێک دەکات بەهەمان شێوەی خودی خۆراکەکە. ئەگەر بڕیارە بە شێوەیەک خۆراک و خواردنەوە بخوات کە شکۆمەندی بە خودا ببەخشێت، ئەوا ئەو کەسەی چاودێریش بڕیارە خۆراک و خواردنەوەکەی بە شێوەیەک هەڵبسەنگێنێت کە خودا شکۆمەند بکات. ئێستا، ئەمە بابەتێکی قورس دەوروژێنێت؛ نەک تەنها ئەوەی کە لە کرۆکی خۆراکەکەدایە، بەڵام هەروەها ئەو خۆراکە قەدەغەکراوە چییە بۆ کەسێک کە بۆ شکۆمەندی خودا بیخوات.»

لە کۆتاییدا، «من زۆر گومانم هەیە لەوەی کە بتوانین بە متمانەوە حوکم بدەین کە چ خۆراکێک بە دڵنیاییەوە خراپە و چی خراپ نییە. ڕەنگە ئەمە لەلای کەسێک نوێگەرایەتی بێت، بەڵام ئەوە گومانەکانی منە. چ خۆراکێک زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت، وە چ خۆراکێک سوودبەخشە؟ چ خۆراکێک کەمتر یان زۆر جیاوازی نییە؟ پێم وایە کاتێک دێینە سەر باسی ئەم خۆراکە یان ئەو خۆراکە، ئەوا تووشی مەترسییەکی ڕۆحی گەورەتر دەبینەوە، کەوا حوکمدانە لەسەر خەڵکی کە نابێت ئێمە ئەوە بکەین، بە بەراورد بە مەترسی جەستەییمان لە خواردنی ئەو شتانەی نابێت بیخۆین.» کەواتە عیسا نیشانی دەدات، «تەنها لەبەر ئەوەی سوپاسگوزاری خودا دەبیت لەپێناو بەخششێکی خودایی، واتای ئەوە نییە کە پێویستە قبووڵی بکەیت.» بەڵام پۆڵس نیشانی دەدات: «ئەگەر بتوانن سوپاسگوزار بن لەپێناو شتێک کە بە ڕوونی هەڵە نییە، ئەوا باشترە بە سوپاسگوزاری شاد بن نەک هەڵە مەحکوم بدەن.»[a]

ئایا خواردنەوە وزەبەخشەکان سوودبەخشن؟

ئایا باوەڕداران بە مەسیح پێویستە بۆ ژیانی ڕۆژانەیان پشت بە خواردنەوە وزەبەخشەکان ببەستن؟

a ئەڵقەی ١٣٣٥: «ئایا خواردنی خێرا بێڕێزی بە خودا دەکات؟» (٢٦ی نیسانی ٢٠١٩).

خودا لایەنگری پەروەردەی جەستەیە. جەستەمان لەگەڵ مەسیحدا یەکگرتووە، وە زیندوو دەبێتەوە (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٣-١٥). پۆڵس نیشانی دەدات کە «یەزدان بۆ جەستەیە، جەستە بۆ یەزدانە.» پێویستە لەسەر بنەمای سێ هۆکار هەڵبژاردنی ژیرانەی خۆراک بکەین. ئایا یارمەتیدەرە، بەکۆیلە دەکات، یان بنیاد دەنێت؟

پۆڵس لە یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٢-١٣ بەم ئاراستەیەدا دەمانبات، «دەقی سەرەکییە» بۆ گفتوگۆکردن لەسەر خۆراک. ڕەنگە خواردنێکی دیاریکراو ڕێپێدراو بێت بۆ ئەوەی بیخۆین، بەڵام ڕێپێدراو بەس نییە. دەبێت سێ پرسیاری دیکەیش بکەین. (١) ئایا سوودی هەیە؟ (٢) ئایا بەکۆیلەمان دەکات؟ (٣) ئایا کەسانی دیکە بنیاد دەنێت؟ بۆ بڕیارەکانی خۆراکمان دەبێت وەڵامی ئەم سێ پرسیارەمان هەبێت (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٢؛ ١٠: ٢٣).

(١) خواردنەوە وزەبەخشەکان بۆ من ڕێپێدراوە؛ بەڵام ئایا یارمەتیم دەدەن؟ «ئەمە بەڕاستی بەشێکە لە پرسێکی زۆر گەورەتر، بەکارهێنانی دروستی نەک تەنها کافاییەن، بەڵکو چاڵاککەرەکانی دیکەش: دەرمان، ڕیتالین، ئەدرۆڵ، دژە خەمۆکی و هتد.» ئایا ئەم چاڵاککەرانە بۆ «قوڵترین قازانج»ی من کاردەکەن؟ یان ئەم چاڵاککەرانە کێشەکانی ژیانم دەشارنەوە؟ (٢) خواردنەوە وزەبەخشەکان بۆ من ڕێپێدراوە؛ بەڵام ئایا من دەکەنە کۆیلە؟ لە مەسیحدا لە کۆیلایەتی گوناە ڕزگار بووین. «هەر کەسێک قاوە یان سۆدە یان خواردنەوە وزەبەخشەکان یان جۆرەکانی دیکەی چاڵاککەر یان دەرمان بەکاربهێنێت، پێویستە بپرسێت، ئایا ئەمە بەسەرمدا زاڵە؟ ئایا من بەم کارە بەکویلە بووم؟ ئایا من بەم شێوەیە جڵەوگیر دەکرێم؟ ئایا من بە ئاگادارییەوە وەک مرۆڤی ئازادکراوی مەسیح دەژیم؟» (٣) خواردنەوە وزەبەخشەکان بۆ من ڕێپێدراوە؛ بەڵام ئایا کەسانی دیکە بنیاد دەنێت؟ ئەم پرسیارە «گەورەیە،» چونکە لە «بڕیاردان لەسەر ئەوەی چی ڕاستە و چی هەڵەیە سەبارەت بە خواردنەوە وزەبەخشەکان» دەکرێت «گوێڕایەڵی یاسایەک بیت بەبێ خۆشەویستی -بەبێ ئەوەی قسەیەک بکەیت کە ئایا تۆ باوەڕی کەس بنیاد دەنێیت یان نا.» لەم حاڵەتەدا «دڵنیابە لەوەی دڵت لەسەر چاکەی کەسانی دیکەیە و نموونەی تۆ بۆ ئەوان و هەڵبژاردنەکانت ئامانجیان بنیادنانی خەڵکە لە باوەڕدا، واتا یارمەتییان بدەیت لە متمانەیان بە عیسا و بەهاداری عیسا و شکۆداری عیسا لە سەرووی هەموو شتێکەوە.»

کەواتە ئایا پاپەر خواردنەوە وزەبەخشەکان بەکاردەهێنێت؟ بەڵێ، هەندێک جار. سندوقێکی لە نووسینگەکەی خۆی داناوە. «ئەگەر ئەرکێکی گرنگ و زۆرم هەبێت و نەتوانم بەئاگ بمێنمەوە، بەڵێ دەچمە ئەوێ. بەڵام پرسیارێک دەمێنێتەوە. ئایا پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی ئەم «هاندەرە دەستکردە»، چونکە زۆر شانازی دەکات بە ڕادەیەک ڕێگری لێ دەکات لەوەی بەگوێرەی پێویست بخەوێت؟ «بزانە، بە دەربڕینێکی دیکە، مەبەستم

ئەوەیە لە داپۆشین، ئەگەر کێشەی ڕاستەقینەی من ئەوە بێت کە جۆن پایپەر ئەو ڕێککاریەی نییە شەوانە بخەوێت و بەو هۆیەوە شەش کاتژمێر لەبەری هەشت کاتژمێر بخەوێت، هەر بۆیەش هەمیشە لەناو ئەرکەکانی دەخەوێت، ئیتر بەم شێوەیە، ئەو پەنا دەباتە بەر هاندەرێکی دەستکرد، واتا دەمامکێک. ئەوە شاردنەوەیە.» ئەوە ڕاکردنە لە خودا بە شانازییەوە. خراپ بەکارهێنانی خواردنەوە وزەبەخشەکانە.»[a]

ئایا مەسیحییەکان دەتوانن گۆشتی حەڵاڵ بخۆن؟

گوێگرێک لە باکوری ئەفریقا خەریکی دروستکردنی نانی ئێوارە بوو بە گۆشتی حەڵاڵ، گۆشتێک کە بە ناوی ئەڵا سەربڕدرابوو و ڕووی لە مەککە کرابوو. ئایا گۆشتێکی لەو جۆرە بۆ مەسیحییەکان قەدەغەیە؟ وە ئایا قەدەغەیە مەسیحییەکان ئەم گۆشتە لەگەڵ دراوسێ موسڵمانەکانیان بخۆن؟

نەخێر، مەرج نییە، بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەی پێدەچێت نیشانەیە تەنها بۆ موسڵمانانە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی گۆشتەکە ڕێگەپێدراوە بۆ خواردن. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوا ئەم نیشانەیە واتای ئەوە نییە «خواردنەکە کاتێک دەگاتە سەر خوانەکەی تۆ دەبێتە پەرستش.» ئەوە ئاگادارکردنەوەیەکی گرنگە و وەڵامەکەی لەسەر ئەم گومانە گرینانە دەکرێت.

مەسیحییەکان دەبێ بیر لەم پرسیارە بکەنەوە لە ڕێگای یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٨-٢٨. مەسیحییەکان قەدەغەکراون بەشداری لە پەرستنی درۆیینداِ بکەن. وەک پۆڵس دەڵێت: «ناتوانن جامی مەسیحی خاوەن شکۆ و جامی ڕۆحە پیسەکان بخۆنەوە، ناتوانن بەشدار بن لە خوانی پەروەردگار و خوانی ڕۆحە پیسەکان» (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٢١). بەڵام هەر گۆشتێک لە بازاڕدا دەفرۆشرێت، بە ویژدانێکی ئازادەوە بیخۆ (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٢٥). بابەتەکە ئەوەیە کە کەسێک ئاماژە بەو بابەتە بکات کە گۆشتەکە لە قوربانییەکی ئایینیدا بەکارهاتووە. ئەگەر نا، بیخۆ. ئەگەر ئاواشە، مەیخۆن (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٢٨). «ئەگەر میوانەکەت ئەو ژەمە ئێوارەیەی کە ئێستا بڕیارە لەگەڵیدا بەشدار بیت بیکاتە خزمەتێکی پەرستن، چاوەڕێی ئەوە بکات کە تۆ بەشداری بکەیت لەو واتایەی کە ئێستا وابەستەی ئەو گۆشتەیە پێشکەش کراوە، ئەوا تۆ بە ئەدەبەوە ڕەتی بکەوە.»

بە گشتی، مەسیحییەکان دەتوانن گۆشتی حەڵاڵ بکڕن و پێشکەشی بکەن و بیخۆن، لەبەر دوو هۆکار. (١) «پێناچێت سەربڕین بۆنەیەکی پەرستنی فەرمی بێت کە خواردنی گۆشتەکە بکاتە بەشداریکردن لە پەرستشدا.» ئیتر «بەشداریکردن لەگەڵ موسڵمانێک لە خواردنی خواردنە حەڵاڵەکاندا، پەیوەستبوون نییە بە پەرستنی ئەڵا.» (٢) «تەنانەت

a ئەڵقەی ٦٧٩: «ئایا خواردنەوە وزەبەخشەکان دەبێتە سووتەمەنی ژیانی مەسیحی؟» (٧ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

ئەگـەر لـە پەرستنێکیشـدا بـۆ ئـەڵا پێشـکەش بکرێـن، تەنهـا ئەمـە دەبێتـە بەربەسـتێک بـۆ ئـەوەی مەسـیحییەکان بیخـۆن ئەگـەر خانەخوێـی موسـڵمانان لـە ئێوارەخوانەکـەدا ڕوونـی بکاتـەوە کـە بەشـداریکردن لـەم خواردنـەدا هاوبەشـییە لـە پەرسـتنی ئـەڵا.» ئەگەرنـا کەسـی مەسـیحی «ئـازادە لـەوەی لـە ماڵـەوە خواردنـی حـەڵاڵ بخـوات، وە ئـازادە کـە میوانـداری موسـڵمانان بـکات و پێشکەشـیان بـکات، هەروەهـا ئـازادە لـەوەی بچێتـە ماڵەکەیـان و بیخـوات، چونکـە، پێمایـە، پۆڵـس لەگـەڵ دۆخێکـی هاوشـێوەی تـۆدا مامەڵـەی کـردووە و بـەو شـێوەیە چارەسـەری کـردووە.»[a]

ئایا گەلی خودا تووشی قاتوقڕی و برسێتی نابن؟

نەخێـر، ئـەوان نـا. لـە تێڕامـان لـە حەبەقـوق ٣: ١٧-١٨، لـە دەقـی هاوسـەرگیریی بنەماڵـەی پاپیـەر، ئامانجێـک لـە کاتەکانـی تەنگانـەدا دەدۆزینـەوە. «لەبـەر ئـەم هۆکارەیـە قاتوقـڕی هەیـە، لەنێـو هـۆکارەکان: بـۆ ئـەوەی مەسـیحییەکان کـە لـە برسـێتیدان، شـایەتی ئـەوە بـدەن: "خـودا لـە خـۆراک باشـترە. خـودا ڕۆحـم تـەواو تێـردەکات لـە کاتێکـدا لـە برسـێتیدا دەمـرم." بەڵـێ، ئـەو وایـە. وە کاتێـک ئەمـە ڕووەدات چ شـایەتیدانێکی گەورەیـە.»[b]

باشـە، بـەڵام ئایـا عیسـا پێـی نەگوتیـن خەمتـان نەبێـت چونکـە خـودا هەمیشـە خـۆراک و جلوبـەرگ دەداتـە منداڵەکانـی؟ ئـەو وای کـرد (مەتـا ٦: ٢٥-٣٤). کەواتـە ئایـا مەسـیحییەکان پارێـزراو نیـن لـە تووشـبوون بـە قاتوقـڕی و برسـێتی؟

دیسـانەوە، نەخێـر، چونکـە «چەنـد شـتێک دەبێـت بمانوەسـتێنێت پێـش ئـەوەی بیـر لـەوە بکەینـەوە کـە عیسـا بێهەڵوێسـتە یـان سـاویلکەیە یـان ڕاسـت نییـە» لـە بەڵێنەکانیـدا. هـۆکاری ئـەم سـێ خاڵـە ئەمەیـە. (١) مەسـیحییەکان گەشـەمرگ (شـەهید) دەبـن -ڕەنگـە لـە ڕێگـەی بەرکەوتـن یـان برسـێتیەوە. ئەگـەر بـە نـاوی مەسـیحەوە سـەرت ببڕدرێـت، یـەک تـاڵ لـە قـژت لەنـاو ناچێـت (لۆقـا ٢١: ١٦-١٨). «ئێسـتا، ئـەوە دەبێـت ڕامانمـان پێبـدات لەسـەر ئـەوەی ئەگـەر عیسـا بتوانێـت بڵێـت: "مووێکـی سـەرتان نافەوتێـت"، ڕاسـتەوخۆ لـەدوای ئـەوەی دەڵێـت "لێتـان دەکـوژن". باشـترە ئێمـە بـە هێواشـی بڵێیـن کـە "هەمـوو پێداویسـتییەکانت دابیـن دەکرێـن" واتـا "ناتوانـن لـە برسـێتیدا بمـرن."» (٢) مەسـیحییەکان تەنانـەت لـە کاتـی نەبوونیشـەوە فێـری ڕازیبـوون دەبـن لـە مەسـیحدا (فیلیپـی ٤: ١١-١٣). ئەمـە شـایەتیدانی پۆڵـس بـوو وەک نێـردراوی هەڵبژێـردراوی تایبـەت. ڕووبـەڕووی برسـێتی بـووەوە، بـەڵام لـەو برسـێتییەدا بـە ڕازیبوونێکـی گەورەتـر بـەردەوام بـوو. «بەڵێنـی خـودا بـۆ دابینکردنـی هەمـوو پێویسـتییەک بـە واتـای دابینکردنـی هەمـوو ئـەو خـواردن و جلوبەرگانـە نییـە کـە پێمان وایـە

a ئەڵقەی ٤٤٤: «ئایا دەتوانم گۆشتی حەڵاڵ بخۆم؟» (٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٦٢٥: «خودا دەیبات بۆ نمایشکردنی جوانی مەسیح» (٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٥).

پێویستمانە.» (٣) لە ڕاستیدا خودا هەموو ئەو شتانەمان پێدەبەخشێت کە پێویستمانە و خوێنی مەسیحیش ئەوە دەسەلمێنێت (ڕۆما ٨: ٣٢). لەم بەڵێنەدا پێمان، دەگوترێت کە ئەزموونی برسێتی و ڕووتی لە خۆشەویستی خودا جیامان ناکاتەوە (ڕۆما ٨: ٣٥).

بە تێکهەڵکێشکردنی دەقەکان فێر دەبین کە «هەموو شتێکمان پێدەدرێت کە پێویستمانە بۆ ئەوەی ویستی خودا جێبەجێ بکەین، بۆ ئەوەی بە تەواوی خودا شکۆمەند بکەین، تەنانەت ئەگەر تووشی مردنیشمان بکات. عیسا بەڵێنی هەموو خۆراک، جلوبەرگ، خانووبەرە، چاودێری تەندروستی، هەموو ئەو پاراستنە نادات کە پێویستمانە بۆ ئەوەی ئاسوودە بین، یان تەنانەت بۆ ئەوەی لە ژیاندا هێنینەوە. بەڵام دەڵێت ئێمە لە خزمەتکردنی ئەودا دەمرین. ئەو بەڵێن دەدات کە هەر یەکێک لەو شتانەمان بە پێوەرێکی تەواو پێدەدات بۆ ئەنجامدانی خواستی خۆی و شکۆمەندکردنی ناوەکەی، تەنانەت ئەگەر تووشی لەناوچوون بە ئازار یان برسێتیش ببینەوە لە ڕێگای گوێڕایەڵی ئەو.»[a]

بە هەمان شێوە، تەماشای چیرۆکی پایپەر بکە کە بەیانییەکی یەکشەممە زەبووری ٣٤: ٢٠ی دەخوێندەوە، سەبارەت بەوەی کە چۆن خودا هەموو ئێسکەکانمان «دەپارێزێت،» و «هیچ یەکێکیان ناشکێت.» پاشان سەرنجی کوڕێکی نۆ ساڵان دەدات لە ڕیزی سێیەم کە قۆڵێکی شکاوە و لە گەچ گیراوە.[b]

ئایا ڕووەکخۆری لە داڕشتنە ڕەسەنەکەی خودا نزیکتر نییە؟

لەو کاتەوەی لە بینینەکەی پەترۆس کە چەرچەفێکی پڕ لە ئاژەڵەکان دابەزیوە، لستی خۆراکی منداڵەکانی خودا بە فراوانی کراوە بووە بۆ هەموو جۆرە خواردنێکی بەچێژ -بەراز، لۆبستەر، ڕۆبیانی بە جۆێزی هیندی، سوشی (کردار ١١: ٤-١٠). بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕووەکخۆری، ئایا زیاتر ڕەنگدانەوەی داڕشتنی ڕەسەنی خۆراکی خودا نابین بۆ مرۆڤایەتی؟

نەخێر، بەو شێوەیە نییە. (١) کەس لە پەیمانی نوێدا « مشتومڕی نەکردووە دەربارەی شێوازی خواردنی پێش کەوتنە ناو گوناهەوە بەرەو پێشەوە؛ یان شێوازێکی خواردنی دوای حومکدان بەرەو دواوە؛ بۆ ئەو شێوازەی کە ئەمڕۆ دەبێت بیخۆین.» هیچ کام لەم دوو بۆچوونە ڕێنماییمان ناکەن. (٢) ئاژەڵەکان هی خۆیان نین. ئەوان سەر بە زەوی نین. «ئەوان هی یەزدانن، کە خۆراکی پێویست بۆ خەڵکەکەی دابین دەکات، بۆیە بیانخۆن» (زەبووری ٢٤: ١). ئەمە قسەی پۆڵس بوو دەربارەی خواردنی گۆشت (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٢٣-٢٦). ئەو شوێن مەسیح کەوتبوو، کە هەموو خواردنەکانی بە پاک ڕاگەیاند (مەرقۆس ٧: ١٩).

---

a ئەڵقەی ٩٧١: «ئایا خودا بەڵێن دەدات خۆراک و جلوبەرگ بە مەسیحییەکان بدات؟» (٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ١٨٨٥: «شێوازی نموونەیی لە بەیانی یەکشەممەدا» (٩ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەی پەیمانی نوێدا، پۆڵس لە ڕۆما ١٤: ١٣-٢١ نووسیویەتی «بۆ ئەوەی بە ڕوونی مامەڵە لەگەڵ ململانێی نێوان ڕووەکخۆرەکان و گۆشتخۆرەکاندا بکات.» نامەکەی بابەتی دیکەش لەخۆدەگرێت، «بەڵام لە نامەکەدا ڕووەکخۆری و گۆشتخۆری تەوەری گرنگپێدانن.» گۆشتخۆر و ڕووەکخۆرەکان نابێت حوکم لەسەر یەکتر بدەن. «بە ڕای پۆڵس، بابەتی ڕووەکخۆری و گۆشتخۆری پرسێکی تەندروستی نییە، وە پرسێک نییە بۆ گەیشتن بە نمونەیی بارودۆخی پێش کەوتن یان دوای گوناە، بەڵکو پرسێکی خۆشەویستییە. بەو واتایە، پرسێکی گەورەیە، بەڵام تەنها بەو واتایەیە. ئەوە لە خۆیدا پرسێکی گەورە نییە. لەسەر ئەم بابەتە گوێم لێ بگرن. ئەمە هەندێک کەس شۆک دەکات. ئەوەی لێرەدا دەیخوێن گرنگییەکی نزیکەی سفرە بە بەراورد بە ڕاستودروستی و ئاشتی و خۆشی لە ڕۆحی پیرۆزدا، کە دەرکەوتنی حوکمڕانی ڕزگارکەری خودان لەنێو گەلەکەی. با شتەکان بخەینەوە شوێنی خۆیان. شانشینی خودا ڕابگەیەنن و یەکترتان خۆشبوێت.»[a]

ئاژەڵەکان بۆ خواردنن. پەیمانی کۆن ئەم خاڵە دووپات دەکاتەوە. لەدوای ئەوەی کەشتییەکەی نوح لەسەر زەوییەکی وشک نیشتەوە، خودا دووپاتی کردەوە کە مرۆڤ لەسەر وێنەی خودا بەدیهاتووە (پەیدابوون ٩: ٦). وە هەڵگرانی ئەو وێنەیە هەموو ڕووەکە سەوزەکان و «هەموو ئەوانەی گیاندارن و دەبزوێن دەبنە خۆراک بۆتان» (پەیدابوون ٩: ٣). ئەمە ڕوونە. «مرۆڤ و ئاژەڵ لە دوو پۆلی تەواو جیاوازدان، یەکێکیان لەسەر وێنەی خودایە، ئەوەی دیکەشیان ئەو شتانەن کە دەخورێن لەلایەن ئەوانەی کە لەسەر وێنەی خودان.»[b]

هەر شەریعەتێکی پەیمانی کۆن سەبارەت بە خۆراک «بەشێکی کاتی بوو لە ڕێگەی خودا بۆ دوورخستنەوەی گەلی ئیسرائیل لە گەلانی جیهان. هاتنی مەسیح گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی کرد لە شێوازی حوکمڕانی خودا بۆ گەلەکەی، چونکە ئێمە چیتر گەلێکی سیاسی و نەتەوەیی نین وەک جووەکان، بەڵکو گەلێکی جیهانیین لە هەموو هۆز و زمان و نەتەوە و ڕەگەزێکەوە.»[c] بۆیە ئەو شەریعەتانە لەلایەن مەسیحەوە هەڵگیران (مەرقۆس ٧: ١٨-٢٠). ئەو «شەریعەتانەی کە ڕۆژانێک ئیسرائیلیان وەک گەلێکی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و سیاسی لە جیهان پێناسە کردووە، ئیتر بەو شێوەیە نەمان.»[d]

کەواتە ئەمڕۆ، «ئەگەر کەسێک بە هۆکاری خۆراکی یان ئارەزووی جۆراوجۆر گۆشتی بەراز نەخوات، ئەوە شتێکی ئاساییە. تۆ ئازادیت لە خواردن یان نەخواردنی.» بەڵام هەر

---

a ئەڵقەی ١١٦٠: «ئایا ڕووەکخۆری لە داڕشتنی ڕەسەنی خودا نزیکتر نییە؟» (١٦ی شوباتی ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ٥٣٧: «ئایا ئاژەڵە ماڵیەکان دەچنە بەهەشت؟» (٢٠ی شوباتی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ٩٦٢: «ئایا پێویستە گوێڕایەڵی شەریعەتی پەیمانی کۆن بین؟» (١١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦).

d ئەڵقەی ٦٣٢: «بۆچی ڕاسپاردەکانی پەیمانی کۆن چیتر پابەندکار نین؟» (٣ی تەممووزی ٢٠١٥).

کـە ئـەم خۆبەدوورگرتنـە بـە دەسـەڵاتی کتێبـی پیـرۆز وەبەرهێـنرا وەک تاکـە ڕێـگای دڵنیـای گوێڕایەڵـی مەسـیحی یـان تەنانـەت ڕزگاری، سـنووردێکت بەزانـدووە کـە دژایەتـی مەسـیح و ئینجیـل دەکەیـت. بەڵکـو «کاتێـک مەسـیحت وەک گەنجینـەی خـۆت و خۆراکـی تـەواو تێرکەرەکـەت هەبێـت، تـۆ ئازادیـت لـە خواردنـی گۆشـتی بـەراز یـان نەخواردنـی» (کۆلۆسـی ٢: ١٦-١٧).[a]

جوانی خۆراک لەدەست مەدە

ئێمـە بـۆ شـکۆمەندی خـودا دەخۆیـن و دەخۆینـەوە، واتـا چێـژی خـواردن ڕکابـەری شـکۆمەندی خـودا نـاکات؛ بەڵکـو دەیگوازێتـەوە (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٠: ٣١). خـودا خـۆی پەیوەنـدی دروسـت دەکات «لـەو بەدیهێـنراوە چاکـەی کـە دروسـتی کـردووە.»[b] خـۆراک لـە کۆتاییـدا پەیوەنـدی بـە خواردنـەوە نییـە. خـۆراک خواپەرسـتییە. بۆیـە کاتێـک جەماوەرێکـی برسـی شـوێن مەسـیح کەوتـن و داوای ژەمێکـی دیکـەی بەخۆڕاییـان کـرد، ئـەو لێیـان تـورە بـوو (یۆحەنـا ٦: ٢٦). «ئایـا دەتوانیـت بیهێنیتـە بەرچـاوت کـە عیسـا تـورە بێـت لـەوەی کەسـێک بەدوایـدا دەگەڕێـت؟ بۆچـی دڵتەنـگ دەبێـت ئەگـەر تـۆ بەدوایـدا بگەڕێیـت، لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەوان لەپێنـاو سـوودوەرگرتنیان بـوو بـۆ نـان، پـارە، تەندروسـتی، خۆشـگوزەرانی. «مەسـیح بـۆ کەلوپەلەکانـم بەسـوودە». چاوەکانیـان بـۆ ئاسـمان بـەرز نەکـردەوە و بڵێـن: «ئـا ئەوەتـا، ئەوەیـە گەنجینـەی مـن!»[c] لـە بەخششـی خواردنـدا بەخشـەری خواردنەکـە لەبیـر مەکـە.

---

a ئەڵقەی ٩٦٢: «ئایا پێویستە گوێڕایەڵی شەریعەتی پەیمانی کۆن بین؟» (١١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ١٠٢٠: «سەرنجڕاکێشانی پاداشتی ئاسمانی چییە جگە لە بەدەستهێنانی مەسیح؟» (٢٧ی ئازاری ٢٠١٧).

c ئەڵقەی ١٤٤٨: «عیسا لەپێناو خۆشگوزەرانی ئێستامان نەمرد» (١٨ی ئازاری ٢٠٢٠).

دەربارەی جگەرەکێشان و ڤەیپ و ئالوودەبوون بە نیکۆتین

ئەم بابەتە لەلایەن ئەو دایک و باوکانەوە وروژێندرا کە بە نیگەرانییەوە تەماشای منداڵە هەرزەکارەکانیان دەکەن بەرەو کێشانی ڤەیپ دەچن.

جگەرەکێشان مەترسیدارە و دەرئەنجامەکانی نیکۆتین بەباشی ناسراون و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خۆراک و دەرمانی ئەمریکا (FDA) بڵاوکراوەتەوە. «ئیتر مشتومڕ نییە لەسەر ئەوەی ئایا نیکۆتین زیانبەخشە و ئایا جگەرەکێشان دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی. ئەمەش بریتییە لە نیکۆتین لە جگەرە، سیگار، جگەرەی ئەلیکترۆنی (ڤەیپ)، و جوینی تووتن. تووتن زیانبەخشە؛ بە هەر شێوەیەک کە هەڵیبژێریت بیخەیتە ناو دەم یان سییەکانتەوە.»

کتێبی پیرۆز ڕوونە کە «مەترسی کوشندە» دەکرێت «نایاب و جوان» بێت ئەگەر تۆ «ڕۆحی خۆت بسپێریت بە عیسا و بە مەبەستی ڕزگارکردنی خەڵکی دیکە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە مەترسی هەتاهەتاییدان.» بەڵام کتێبی پیرۆز «هیچ ستایشێکی بۆ ئەو کەسانە نییە کە ژیان و تەندروستی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ خۆشی تایبەت.» ئەمە خراپ بەکارهێنانی پلانی خودایە بۆ جەستەت (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٩-٢٠؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٢).

بەکۆیلەکردن لەلایەن نیکۆتینەوە بە حەوت قۆناغدا تێدەپەڕێت، کە دەکرێت زووتریش دەست پێبکات. ڕەنگە کاتێک دەست پێبکات کە هەرزەکارێک دەست بە جگەرەکێشان (یان ڤەیپ) دەکات بۆ ئەوەی قۆز دەربکەوێت. قۆزبوون بریتییە لە خواستی ڕزگاربوون لە دەسەڵات، بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێشتر دەربکەوێت و سەر بە گروپێکی دیاریکراوی هاوتەمەنەکانی بێت. لەم سااڵنەی سەرەتاییدا، هێزی ئەم هۆکارەی جوان دەرکەوتنە، نیگەرانییەکان لەسەر زیانگەیاندن بە جەستە دەبێت. سەرەتا «سکچوون یان کۆکە یان سەرگێژخواردنی سەرەتایی» دێت. ئەگەر بەرگەی ئەوە بگرێت، ئەوا «دەنگی نیکۆتین» دێت، زەنگێک کە لە «چێژێکی هەڵبژێردراوەوە» گەشە دەکات بۆ «پێداویستییەکی هەستپێکراو». ئەوە ئالوودەبوونە. خووەکە گەشە دەکات، ئیتر «هەستکردن بە بێباکی گەشە دەکات سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر کەسانی دیکە، جا چ لە ماڵەوە بێت یان لە شوێنی گشتیدا.» بە تێپەڕینی کات، بە درێژایی سااڵن، کێشەی جەستەیی مەترسیدار سەرهەڵدەدەن، هەڕەشەی مردنی پێشوەختە دەکەن.

ئەم نوقمبوونە لەناو خۆ لەناوبردن لە هەموو قۆناغێکدا پێشێلکردنی کتێبی پیرۆزە. قۆزبوون -ئارەزووی ڕزگاربوون لە دەسەڵات و بوون بە گروپێکی هاوڕێی هەڵبژێردراو-

دەبێتە بتێک دڵ داگیر دەکات. «ئەمە ڕەگی سەرەکییە کە پێویستە دایک و باوک هەر کە منداڵەکانیان قسە بکەن، قسەی لەسەر بکەن: گەنجینەی ئەوان و ڕێبەریان چی دەبێت -مەسیح یان کۆمەڵی خەڵک؟» بۆ هەڵبژاردنی خەڵکی، وە بۆ پشتگوێخستنی دەرئەنجامە جەستەییەکان، خۆ هەڵخەڵەتاندنە (یۆحەنا ٨: ٣٢). ئەم ئارەزووە نوێیە بۆ هەوەسی جەستەیی، شەڕێکی ناوخۆیی لە دژی پیرۆزی کەسی لێدەکەوێتەوە (یەکەم پەترۆس ٢: ١١). هەوەسی خوازراو دەبێتە کۆیلەبوون (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٢). ئەم خووە زیان بە کەسانی دیکە دەگەیەنێت (فیلیپی ٢: ٤). وە مردنی پێشوەختە بەخششی بەهاداری ژیان بێ بەها دەکات.

«من بە دایک و باوکان دەڵێم: هەر لە سااڵنی سەرەتاییەوە -بە نوێژ و ڕامان لە کتێبی پیرۆز- ئازادییەک لە ئەقڵیەتی منداڵەکانتان بچێنن، ئازاد بن لە وابەستەیی بە مێگەل، یان گرنگی بە مۆدێلی نوێ بدەن یان بیانەوێت جێی سەرنج بن. لەجیاتی ئەوە «خۆشەویستی بۆ ڕاستی» لەناویاندا بنیاد بنێن؛ خولیای خۆگرتن و ساکاری بن بۆ خۆشییە گەورەکانی ڕاستودروستی؛ وە پابەندبوونێکی قووڵ کە هەرگیز لەلایەن هیچ شتێکەوە لەم جیهانەدا بە کۆیلە نەکرێت؛ وە گرنگیدانێکی زۆر بە بەرژەوەندی کەسانی دیکە، نەک تەنها بەرژەوەندی خۆمان؛ بەڕێوەبردنێکی دروست بۆ بەخششی تەندروستی و ژیان؛ وە چاونەترسی بەرامبەر بە مردن، بەاڵم ڕەتکردنەوەی گرتنەبەری مەترسی لەپێناو چێژی کەسیدا.[a]

ئایا ماریجوانا سوودی هەیە؟

نەخێر و بەڵێ. ماریجوانا «ماددەیەکی هۆشبەرە کە باری دەروونی دەگۆڕێت و جۆرێک لە خۆشحاڵی خۆش دروستدەکات. بە گشتی وا بیرناکرێتەوە کە مرۆڤ زیاتر سەرنجی ڕاستی بدات بەڵکو زیاتر لە ڕاستی بێئاگا دەبێت.» کافایین نییە، کە کاردەکات بۆ ئەوەی زیاتر هۆشداری ڕاستی بین. دووکەڵی بێهۆشکەرە. «پێموانییە بە گشتی ماریجوانا وەک دەرمانێکی بەهێزکەر بیری لێبکرێتەوە کە بتوانیت باوکێکی لێهاتووتر، دایکێکی لێهاتووتر، کارمەندێکی لێهاتووتر، یان هاوڵاتییەکی لێهاتووتر بیت.» ئەوە «خۆدەربازکردنێکی کات بەسەربردنە» کە دەبێتە هۆی «کاریگەری نەرێنی بەردەوام لەسەر توانای دەروون بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات کە خودا لەپێناوی دروستی کردووە.» دوور بکەرەوە لە ماددەی هۆشبەر و جەستەت پاک و ئەقڵت تیژ ڕابگرە (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٣؛ ١٤: ٢٠).

«ئەوەی ڕەسەنە لێرەدا ئەوەیە کە خودا ئەقڵی پێ بەخشیوین بۆ ئەوەی ئەو بناسین، دڵی پێ بەخشیوین بۆ ئەوەی ئەومان خۆشبوێت.» کەواتە کەسی باوەڕدار بە مەسیح هەر شتێک ڕەتدەکاتەوە کە «مێشکی بێهۆش بکات، مات بکات، یان سەرقاڵی بکات لە

a ئەڵقەی ١٧٠٢: «لەبارەی جگەرە و ڤەیپ و نیکۆتین» (٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١).

توانـا گەشەسـەندووەکان بـۆ ئـەوەی باشـتر خـودا بناسـێت و زیاتـر خۆشـی بووێـت.» کافاییـن پێچەوانەیـە. سەرخۆشـی هاوتەریبـە، «کـە دوورمـان دەخاتـەوە لـە بەکارهێنانـی ئەقـڵ بـە هۆشـیارییەکی ڕەسـەن و خۆجڵەوگیـری بـۆ شـکۆمەندی خـودا» (پەنـدەکان ٢٣: ٣٢-٣٣).

بـەڵام بەڵـێ، هێـزی ئازارشـکێنی ماریجوانـا لـە ڕووی پزیشـکییەوە سوودبەخشـە، ئەگـەر بـە ڕەچەتـە و چاودێـری پزیشـکی گونجـاو بەڕێوەببچێـت. «ئێمـە زۆر دەرمانمـان هەیـە کـە بـە ڕەچەتـە دەفرۆشرێـن، کـەوا ئەگـەر بـە خـراپ بەکاربهێنرێـن، وەک ماریجوانـا وێرانکـەر یـان تەنانـەت لەویـش وێرانکەرتـر دەبـن.»[a]

ئـەو ئەڵقەیـەی پێشـوو کاتێـک تۆمارکرابـوو کـە بەکارهێنانـی ماریجوانـا بـۆ کات بەسـەربردن لـە هەمـوو ویلایەتەکانـدا نایاسـایی بـوو جگـە لـە دوو ویلایـەت (٢٠١٣). لـەو کاتـەوە هەتـا ئێسـتا بیسـت ویلایـەت بـە یاسـاییان کـردووە. ویلایەتەکانـی دیکـەش خاوەندارێتـی بـە تـاوان نازانـن، ئەمـەش نیشـانی دەدات کـە ڕێـڕەوی کەلتـووری بـەرەو کـوێ دەڕوات. کەواتـە کڵێسـا چـۆن کاردانـەوەی دەبێـت؟

بـە یاسـاییکردن ئاڵنگارییـەکان پاڵدەنێـت بـۆ نـاو بـواری ڕۆحـی. یاسـاکان دەتوانـن ڕووبارەکانـی گونـاە ڕابگـرن، بـەڵام ناتوانـن ئـارەزووی دڵ بگـۆڕن. لـە ڕاسـتیدا لـە کۆتاییـدا یاسـاکان ملکەچـی ئـارەزووی بەربڵـاوی هـەر کەلتوورێـک دەبـن. کەواتـە «سـەرنجی سـەرەکی» ئێمـە ئەوەیـە کـە «ئـەوەی تەنهـا کتێبـی پیـرۆز و ئینجیـل و ڕۆحـی پیـرۆز و ڕاسـتی و عیسـا دەتوانـن کار بکـەن لـە گۆڕینـی مرۆڤـەکان بـۆ ئـەو جـۆرە کەسـانەی کـە مەسـیح شـکۆدار دەکـەن، پشـت بـە ڕۆحـی پیـرۆز دەبەسـتن، خـودا شـکۆمەند دەکـەن، بـە ئـازادی هەڵدەبژێـرن مـادده هۆشـبەرەکان بەکارنەهێنـن -جـا کافایـن بێـت یـان کحـول یـان حەشـیش یـان کۆکایـن یـان میتامفیتامیـن یـان هێرۆییـن- بـۆ ئـەوەی هەڵبێـن بـەرەو جیهانێـک کە مەسـیح کەمـتر ڕوون هەسـتی پێدەکرێـت، کەمـتر لـە کتێبـی پیـرۆز تێدەگـەن و بـە بەهـاداری نازانـن، ڕۆحـی پیـرۆز کەمـتر کەسـییە، شـکۆمەندی خـودا کەمـتر تێرکردنـە، ڕێـگای ڕاستودروسـتی کەمـتر دیاریکـراوە و ڕێـگای گوێڕایەڵـی کەمـتر دەسـەپێندرێت.»

گۆڕانکارییەکـی ڕیشـەیی لـە ژیانـدا، لـە مەسـیحدا، پێویسـتی بـە سـەرنجی نوێ دەبێـت لەلایەن قەشـەکان و دایـک و باوکەکانـەوە بـۆ دروسـتکردنی نەوەیەکـی گەنجـان «کـە بـە خۆشـحاڵییەوە ئامـادەن هەنـگاو بنێـن لەگـەڵ جیهـان. پێمواییـە، ئـەوە پەیامەکەیـە، خـودا ئاراسـتەی ئێمـەی دەکات، لـە بـێ چەواشـەکاری و ئاسـاییکردنەوە و یاسـاییکردنی ڕەفتـار و هەڵوێسـت و مـادده هۆشـبەرەکان، کـە پێمـان وایـە لەگـەڵ ئینجیـل ناگونجێـت. بانگەوازێکـە بـۆ ئـەوەی ببینـە کڵێسـا و ببینـە مـاڵ.» بانگەوازێـک بـۆ بەقوتابیکردنـی ئارەزووەکانـی دڵ.[b]

a ئەڵقەی ٧٧: «مەسیحییەکان و ماریجوانا» (٢٥ی نیسانی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ١٦٩٨: «بانگەوازی کڵێسا لە سەردەمی مادەی هۆشبەری کات بەسەربردندا» (٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

ئایا خواردنەوەی مەی گوناهە؟

نەخێر، بە ڕاشکاوی نا. «من کەسێکم خۆم گرتووە لە خواردنەوەی مەی. ئەمەش واتا ئەگەر بژاردەی خۆم هەبێت، من مەی ناخۆمەوە. بەڵام ڕەنگە، بۆ ئەوەی میوانێکی بەڕێز بم بیخۆمەوە.» بڕیارەکە بە پاڵنەری خۆشەویستییە. ڕەنگە خۆشەویستی بکرێت ببێتە هۆی خواردنەوە بۆ ڕێزلێنان لە خانەخوێیەک، بەڵام زۆرتر «خۆشەویستی دوورم دەخاتەوە لە مەی.»

هەر خواردنەوەیەک دەکرێت گوناە بێت، تەنانەت خواردنەوەی ئاویش، ئەگەر دراوسێکەت زیاتر لە تۆ پێویستی بەو ئاوە بێت. بۆیە مەی خۆی مەحکوم ناکرێت. عیسا دروستی کردووە (یۆحەنا ٢: ١-١١). خودا بەخشیویەتی (زەبووری ١٠٤: ١٤-١٥). پۆڵس ڕایسپاردووە (یەکەم تیمۆساوس ٥: ٢٣). بەڵام ڕابەرانی کڵێسا نابێت ببنە کۆیلەی (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٨). «بۆیە پێمواناییە کەسێک بتوانێت پشت بە کتێبی پیرۆز ببەستێت لە سەلماندنی قەدەغەکردنی مەی. ئەگەر تۆ هەڵبژێریت کە مەی نەخۆیتەوە، وەک من، وەک جۆرێک لە شێوازی ژیانی ئاسایی، پێویستە لەسەر بنەمای هەندێک شتی دیکە بێت جگە لەوەی کتێبی پیرۆز باسی دەکات.»

کتێبی پیرۆز زۆر ڕوونە لەسەر مەترسییەکانی سەرخۆشی (دواوتار ٢٩: ٦؛ پەندەکان ٢٠: ١؛ ٢١: ١٧؛ ٢٣: ٣٠-٣٥؛ ٣١: ٤-٥؛ حزقیێل ٤٤: ٢١؛ ڕۆما ١٤: ٢١؛ ئەفەسۆس ٥: ١٨). کەواتە «هەرچەندە شەراب ڕێگەپێدراو و نیعمەت بوو، بەڵام پڕ بوو لە مەترسی.» لە ڕووی کەلتوورییەوە ئەمڕۆ، سەرخۆشی ژیان لەناو دەبات، خێزانەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مردن بەهۆی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، باری پیشەسازی چاودێری تەندروستی ئەمریکا قورس دەکات.

بەڵام ئایا خوانی ئێوارەخوانی پەروەردگار گریمانەی ئەوە ناکات کە هەموو مەسیحییەکان مەی دەخۆنەوە؟

نەخێر، خوانی پەروەردگار لە پەیمانی نوێ «پێدەچێت» شەراب بووبێت، بەڵام دەقەکە لێرەدا ڕادەوستێت، پێی دەڵێت «جام» یان «بەرهەمی ترێ» -لانیکەم شەربەت، بەڵام نەنووسراوە شەراب. بەم شێوەیە «کەس ناتوانێت پێداگری لەسەر ئەوە بکات کە فەرمانمان پێکراوە شەراب بخۆینەوە» لە ئێوارەخوانی پەروەردگاردا. مەی پەیوەستە بۆ کۆتایی جیهانەوە، بیرمان دەخاتەوە کە پێشبینی جەژنی بەدیهێنراوانی نوێ بکەین کە لە داهاتوودا دێت. «من باشترینەکان بۆ کۆتایی پاشەکەوت دەکەم. بۆ ئەوەی کاتێک دەتوانم مامەڵەی لەگەڵدا بکەم -وە دەزانم کە من پیاوێکم کەسایەتییەکی ئالوودەبووم

هەیە. پاکەتێک بنێشت دەکرم، هەموو لە پێنج خولەکدا دەجووم. بۆیە، بە ناسینی خۆم، زانینی ئەم کەلتوورە کە بە پێوەرێک بەهۆیەوە لەناو دەچێت، هاندەرێکی باش نادۆزمەوە بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێم.» لەگەڵ ئەوەشدا «من ئەو کەسانە حوکم نادەم کە بژاردەی دیکە دەکەن. ئەوە لە کارنامەی منداً نییە کە بچمە ناو ململانێیەک بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش لەم کارەدا بێنە پاڵ من. من تەنها ڕووانگەی خۆم ڕوون دەکەمەوە.»[a]

ئایا دەرمانی ئازارشکێن قەدەغەیە؟

ئەگەر خودا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو ئازارەکانمان، ئایا گوناە نییە لە کاتی ئازاردا داوای چارەسەری پزیشکی بکەین؟

نەخێر، مەرج نییە. پۆڵس باسی شەرابی بۆ تیمۆساوس کرد (یەکەم تیمۆساوس ٥: ٢٣). بەبێ شەرمەزاری، پۆڵس بە یاوەری پزیشکێک گەشتێکی دەکرد (کۆلۆسی ٤: ١٤)، وە لە ڕێگاکەدا هەندێک چارەسەری وەرگرتووە، هەتا ئەو ڕادەیەی کە دەیتوانی شەراب پێشنیار بکات بۆ «کێشە درێژخایەنەکانی گەدە»ی تیمۆساوس. بەکارهێنانی شەرابی پزیشکی دژایەتی باوەڕ و نوێژی نەدەکرد. وە هاوتەریبە لەگەڵ تەمەنی پێشکەوتنە پیشەسازییەکانی پزیشکی. «هێڵی نێوان چارەسەرە سروشتییەکان و چارەسەرە کەمتر سروشتییەکان هێندە ڕوون نییە. کاتێک بیری لێدەکەیتەوە، ئەو هێڵانە زۆر کاڵ دەبنەوە.»[b]

هەمان ئەم دەقە هانمان دەدات کە یارمەتی یەکتر بدەین. تیمۆساوس تووشی «نەخۆشی بەردەوام» بوو، واتا نەخۆشی درێژخایەن، کە لانیکەم «ناڕەحەتییەکی سەرقاڵکەر بوو، ئەگەر ئازارێکی ڕاستەقینە نەبێت.» دەقەکە «وێنەیەکی ڕوونە بۆ بەکارهێنانی ئامرازی سروشتی کە خودا بەخشیوەتی، تەنانەت ئامرازی پزیشکیش، بەگوێرەی توانا بۆ نەهێشتنی ناڕەحەتی و ئازار.» کاتێک باس لە ئازار دەکرێت، «پێویستە ئەگەر بتوانین یارمەتی یەکتر بدەین بۆ ڕزگاربوون لێی.»[c]

ئایا کتێبی پیرۆز خەمۆکەکان ڕادەسپێرێت بۆ خواردنەوەی مەی؟

گوێگرێک کە کێشەی خەمۆکی هەبوو، لەبارەی پەندەکان ٣١: ٦-٧ نووسی، دەقێک کە بەڕواڵەت پێشنیاری مەی دەکات بۆ کپکردنەوەی ئازارەکانی خەمۆکی.

نەخێر، بەڵکو ئاماژە بۆ پێچەوانەکەی دەکات. «دایکی لەموئێل باسی بابەتێکی بەربڵاوی پەیمانی کۆن دەکات سەبارەت بە مەی و چۆن ڕاستیی دەشێوێنێت و ئەقڵ لە کردەوەی

a ئەڵقەی ٢٠٠: «ئایا خواردنەوەی مەی گوناهە؟» (٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ٨٩٠: «ئایا دەرمان ڕێگری لە پلانی خودا دەکات بۆ ئازارەکانم؟» (٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٦).
c ئەڵقەی ٨٢٢: «ئێستا خۆت بۆ ئازار ئامادە بکە» (١٨ی ئابی ٢٠١٦).

بەرپرسیارانە دادەماڵێت، بۆیە پێویستە زۆر بە وریاییەوە بەکاربهێنرێت» (یەکەم پاشاکان ١٦: ٩-١٠؛ ٢٠: ١٦؛ پەندەکان ٢٠: ١؛ ٢٣: ٣١-٣٣؛ ٣١: ٦-٧؛ ژیرمەندی ١٠: ١٧؛ ئیشایا ٢٨: ٧ هۆشەع ٤: ١٠-١١). دایکی لەموئێل جەخت لەوە دەکاتەوە کە «دڵت دەبێت ڕوون بمێنێتەوە، چاوەکانت کراوە بن، مێشکت تیژ بێت بۆ ئەوەی بتوانیت بە دانایییەوە قسەی دادپەروەرانە بکەیت.»

بە دیاریکراوی، ئاماژەی مەی لە پەندەکان ٣١: ٦-٧ دەکرێت بە یەکێک لە دوو شێواز لێکبدرێتەوە.

١. خواردنەوەی بەهێزی مۆرفین سەرەتایی بوو. «لە هەموو فلمێکی ڕۆژئاوایی کە هەتا ئێستا بینیومە، کاتێک بڕیارە پەنجەی کەسێک ببڕن، ویسکی پێدەدەن، ئەی وا نییە؟ باشە، منیش وا دەکەم! ئەمڕۆ زۆر سوپاسگوزارم دەرمانی ئازارشکێن هەیە.» مەی ئازارەکان سڕ دەکات (یەکەم تیمۆساوس ٥: ٢٣). بەڵام «پێموانییە ئەوە ڕەوایەتیمان پێبدات لە بەکارهێنانی مەی بۆ ڕزگاربوون لە خەمەکانمان یان لە نەهامەتییە دەروونییەکانمان.»
٢. دەقەکە ڕەنگە گاڵتەجارانە بێت. «دایکی لەموئێل تازە بە کوڕەکەی گوتووە کە پێویستە پاشا ئاگادار بێت لە خواردنەوەیەکی بەهێز و دواتر دەڵێت: "بیدە بە بەدبەختەکان." ئەوە شتێکی تانەئامێزە ئەگەر بڵێین «"بڕۆ و بیدە بەوان کە ئەوەی دەیکەن لەگەڵیدا بیکەن، بەڵام تۆ پاشایت و تۆ بەو شێوەیە مەی بەکارناهێنیت." هەردوو لێکدانەوەکە ڕەوایە، وە هیچ کامیان هانی خەمۆکان نادەن بەرەو خواردنەوەی مەی.»[a]

ئاڵوودەبوون پێویستی بۆ خۆگرتنی جەستەیی هەیە

«ئاڵوودەبوونی ماددە هۆشبەرەکان نازی دەرزی هەڵناگرن. ئاڵوودەبوونی مەی کۆگای برانDی دروست ناکەن. هەوەسبازە سێکسییەکان پارێزبەندی لەسەر کۆمپیوتەرەکانیان دادەنێن. وە ئەو کەسانەی کە خەریکی مۆبایلی زیرەکن کە ژیانی خۆیان بەفیڕودەدەن یان پارە بەفیڕۆ دەدەن یان بێزار و تووڕە و بێ تاقەت دەبن ڕەنگە بگەڕێنەوە بۆ مۆبایلێکی ئاسایی کۆن. ئەمە شتێکی پێچەوانەی کتێبی پیرۆز نییە. ئەمە تووندڕەوی نییە. ئەمە دانایییە. ئەمەش شەڕکردنە لە هەموو بەرەکان بۆ پیرۆزی بە هێزی ڕۆحی پیرۆز، لەپێناو دڵ، لەپێناو پەروەردگار، لەپێناو خێزان.»[b]

---

a ئەڵقەی ١٠٣١: «ئایا کتێبی پیرۆز خەمۆکەکان ڕادەسپێرێت بۆ مەی؟» (٢١ی نیسانی ٢٠١٧).
b ئەڵقەی ٦٧٠: «کەی پێویستە ڕزگارم بێت لە مۆبایلە زیرەکەکەم؟» (٢٥ی ئابی ٢٠١٥).

ئایا ئالوودەبووانی نەناسراو (AA) دەتوانن ئالوودەبوونی مەسیحییەک نەهێڵن؟

ژنێکی مەسیحی لە ئالوودەبوون بە مەی لە ڕێگەی یارمەتی ئالوودەبووانی نەناسراو (AA) ڕزگاری بوو. بەڵام ئایا دەبێت بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان دەسەڵاتی ئازادی لەو جۆرە لە ژیانی مەسیحیدا بەکاربهێنن؟

ڕێکخراوی ئالوودەبووانی نەناسراو (AA) لە جیهانبینییەکی مەسیحییەوە لەدایک بووە، بۆیە سەیر نییە بۆ کۆمەڵ یارمەتیدەر بێت. «دوازدە هەنگاو» ڕاستییەکی مەسیحی بەرجەستە دەکات، بەڵام لە خۆیاندا کەموکوڕییان هەیە لە کرۆکی مەسیحیبوون، «تۆێکڵێک»ی مەسیحییەت لەخۆدەگرێت، لەدوای ئەوەی «کرۆکی مەسیح»ی لێ لابرا. بەڵام تەنانەت سنووردار بەم «تۆێکڵە،» سنووردار بە «لێکچوونێکی دەرەکی لەگەڵ شێوازی زاڵبوونی مەسیحییەکان بەسەر گوناهدا، بۆ من سەیر نییە کە "دوازدە هەنگاوەکە" بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر یارمەتیدەر بووە، وە دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوانەی لە ئالوودەبوون بە مەی ڕزگار دەبن.»

ئەو مەسیحیانەی کە تووشی ئالوودەبوون بە مەی بوون ڕەنگە پێویستیان بە زیاتر بێت لەوەی کۆبوونەوەی ئالوودەبووانی نەناسراو AA. «لە کتێبی پیرۆزدا قووڵ ببەوە، ڕەنگە بە یارمەتی ژنێکی بەسااڵچووی شارەزا لە کتێبی پیرۆز و بە باشی دەیزانێت، وە کڵێسایەکی تۆکمەی باش، بۆ بینینی وێنەی تەواوی ئەوەی کە چۆن خودا پشتگیریمان دەکات لە شەڕکردنمان لەگەڵ گوناە، لەوانەش مەیخواردنەوە.» لە شەڕی دژی گوناهدا، لە کڵێسایەکی ناوخۆییدا بەشداربە، «هاوڕێیەتییەک لە شەڕی دژی گوناە،» خێزانێکی ڕۆحی کە پێکەوە شەڕی هەموو جۆرە گوناهێک دەکەن (نەک تەنها سەرخۆشی).

بەڵام لێرەدا نیگەرانییەکی سەرەکی هەیە. کەموکوڕی بەرچاو «ئەوە نییە کە "دەسەڵاتی باڵا" بێ ناو بێت.» نەخێر، «زۆرترین کەموکوڕی، نەبوونی تەواوەتی مامەڵەی نێوان خودا و مرۆڤە لە عیسای مەسیحدا لەسەر خاچ؛ خاچەکەی. نەبوونی کەفارەتی گوناهە، ئەمەش لەبەر ئەوەی گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بووەتەوە دیار نییە -ئەویش ئالۆوجەبوون بە مەی نییە، وە ئەو ئازارەش نییە کە ئێمە بە کەسانی دیکەمان گەیاندووە، بەڵکو ئەو تورەییەی بووینەتە هۆکار بۆ کەسانی دیکە، بەڵکو گوناە لە دژی خودا، بێڕێزیکردنە بە خودا. گەورەترین کێشە دەبێت لە ژیانی مرۆڤایەتیدا چارەسەری بکرێت لە هەموو شوێنێکی ئەم هەسارەیە -لە هەر هۆزێک، زمانێک، یان کەلتوورێک بێت- تووڕەیی دادپەروەر و پیرۆزی خودایە لە دژی ئێمە بەهۆی بێڕێزیکردنمان بە خودا بە گوناهەکانمان لە دژی ئەو. بەبێ تێگەیشتن لەم دابڕانەی نامۆبوونی نێوان ئێمە و خودا و ئەو باجەی کە لەسەر خاچ دراوە بۆ زاڵبوون لەسەر ئەو نامۆبوونە- تەنانەت زیادکردنی

ناوی خودا یان عیسا بۆ "دەسەڵاتی باڵا"- دەبێتە شێوازێکی ئایینی نەک کردەوەیەکی ڕزگاری یان کەفارەت لە ڕێگەی مردنی عیسا کە باجی گوناهەکانمانی داوە و ڕاستودروستی و قبوڵکردنی تەواومان لەلای خودا دابین کراوە.»

سەرکەوتن بەسەر گوناە تەنها بۆ ئەو گوناهبارانەیە ڕاستودروست کراون. ئەگەر یارمەتیدەر بوو، «سوپاسی خودا بکە بۆ نیعمەتە گەورەکەی لە بەکارهێنانی هاوڕێیەتی ئالوودەبووانی نەناسراو.» بەڵام دواتر ڕۆبچۆ ناو ئینجیل، چونکە «عیسا خوێنی خۆی ڕشت بۆ ئەوەی ئالوودەبووانی مەی و ئێمەی دیکە لە هەر کۆیلایەتییەک ڕزگارمان بێت» (تیتۆس ٢: ١٤). ڕۆبچۆ ئەوەی «مەسیح و خاچەکەی شکۆمەند بکەین بە شکستپێهێنانی گوناهەکانمان بە هێزی ئەو خوێن و ڕاستودروستییە.»[a]

تاکە گوناهێک کە دەتوانین لە ژیانمان پاکی بکەینەوە

ئەم خاڵەی کۆتایی لەسەر پیرۆزی ئینجیل زۆر گرنگە. ئەم خاڵە لە حەوت دەقی سەرەکی کتێبی پیرۆزدا هاتووە، کە نزیکەی دوو سەد جار لە بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە سەریان هەڵداوە. تاکە گوناهێک کە دەتوانم لە ژیانمدا شکستی پێبهێنم، ئەو گوناهەیە کە مەسیح پێشتر لەسەر خاچ بۆ من سڕیویەتییەوە (ڕۆما ٧: ٦؛ ٨: ١٣؛ گەلاتیا ٢: ٢٠؛ فیلیپی ٢: ١٢-١٣؛ کۆلۆسی ١: ٢٠-٢٣؛ تیتۆس ٢: ١٤؛ یەکەم پەترۆس ٢: ٢٤-٢٥). ڕاستودروستی پێش پیرۆزکردن دێت. «تاکە گوناهێک کە دەتوانین شکستی پێبهێنین، گوناهێکی بەخشراوە، من پێم خۆشە ئاوا بیڵێم.» بەڵام ئەگەر دەست بکەیت بە گوتنی: «دەبێت ئەم گوناهە بکوژم، یان ناتوانم لەگەڵ خودادا ئاشت ببمەوە،» ئەوا باوەڕێکی «پێچەوانەی مەسیحیەت»ت هەیە.[b]

وەک گۆرانییە ڕۆحییە کۆنەکە دەڵێت، مەسیح «هێزی گوناهی بەخشراو دەشکێنێت» (چارڵز وێسلی). «خاچ بە باوەڕ گوناهەکان دەبەخشێت بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە عیسا هەیە، ئینجا -لەسەر بنەمای ئەو بەخشینەی گوناهەکانمان- هێزی گوناهکردنی ڕاستەقینەمان دەشکێت. نەک بە ڕیگایەکی دیکە. ئینجیل و گۆرانییە ڕۆحی نییە ئەگەر هەوڵمان دا بڵێین، «تاوانباری گوناهە سەرکەوتووەکانمان دەسڕێتەوە». ئەوە ئینجیل نییە. سەرەتا سڕینەوە، پاشان سەرکەوتن. ئەمەش واتا پەیوەندی نێوان خاچ و گوناهی من، خواستی توانادارای ڕۆحی پیرۆزە. خواستێک لە منداکاردەکات.»[c] مەسیحیە ڕاستودروستکراوەکان تێدەکۆشن بۆ پیرۆزی، چونکە «گوناهە سڕاوەکانیان» -«گوناهە

a ئەڵقەی ١٤٣٥: «ئایا مەسیحییەکان دەبێت بچنە ناو کۆبوونەوەی ئالوودەبووانی نەناسراوی مەی؟» (١٧ی شوباتی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ١٨: «بەرەنگاربوونەوەی ئالوودەبوون بە ڤیدیۆی بەدڕەوشتی بە یەزداناسیگەرایی سیستماتیکی گرۆدێم» (١ی شوباتی ٢٠١٣).

c ئەڵقەی ١٢٢٧: «لەگەڵ پەستی خۆت بجەنگە» (٢٣ی تەممووزی ٢٠١٨).

داپۆشراوەکانیان بە خوێن» -دەبێت «بە ووریاییەوە و بە تێکۆشان بکوژرێت، بە باوەڕ، بە ڕۆحی پیرۆز. نەک نازیان پێبدرێت.»[a] هێزی خوێنی مەسیح بۆ سڕینەوەی گوناە بنەما و هێز و ئامراز و پاڵنەرێکمان بۆ دابین دەکات بۆ پاککردنەوەی گوناە لە ژیانماندا، بەرەنگاربوونەوەی ئەو گوناهەیە «وەک منداڵی خودا کە بە خوێن کڕدراون، ڕاستودروستکراون، لە گوناە بەخشراون.»[b]

ئەو هەوڵانەی بێ مەسیح بۆ کوشتنی گوناە لە ڕێگەی فەلسەفەی دونیایی یان کتێبی یارمەتیدانی خوێی یان «زاهیدی»یەوە، وەک ئەوەی پۆڵس دەڵێت، «هیچ بەهایەکی نییە لە ڕاگرتنی هەوەسەکانی جەستە» (کۆلۆسی ٢: ٢٠-٢٣).[c]

ئایا ئالوودەبووان و ئەو مەسیحییانەی بەدوای خۆشگوزەرانیدان تەنها بەدوای خۆشییەکی دیکەدا دەگەڕێن؟

ڕاستە هەم ئالوودەبووان و هەم ئەو مەسیحییانەی بەدوای خۆشگوزەرانیدان هەوڵ دەدەن بۆ خۆشی. وە «چڕی چێژمان لە ئەزموونە جەستەییەکان و چڕی چێژمان لە ئەزموونی ڕۆحی هاوڕێیەتی لەگەڵ عیسا هەم بەرزبوونەوە و هەم دابەزینی دەبێت.» کەواتە «هاوتەریبی ڕووکەش» هەیە. بەڵام لەوە زیاتر هیچی دیکە نییە.

دوو شوێنکەوتنی چێژ لە بنەڕەتدا لە پێنج ڕووەوە جیاوازن. (١) مەسیح بەریەککەوتنی کەسییە، نەک شتێک. نان و ئاوی تێرکەری ژیانمان پێ دەبەخشێت (یۆحەنا ٦: ٣٥). «مەسیح نانە. ئەو ئاوە. ئێمە مادەیەکی دروستکراو بەراورد ناکەین لەگەڵ ئەو کەسەی کە بەدیهێناوە. ئەمە جیاوازی یەکەمە. جیاوازییەکی گەورە و بێکۆتاییە.» ئێمە ئەومان دەست دەکەوێت. (٢) مەسیح نوێمان دەکاتەوە (دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٣). بە یەکێتی لەگەڵ مەسیح، «بۆ هەتاهەتایە و هەمیشە دەبیتە بەدیهێنراویکی نوێ.» بە پێچەوانەوە «بە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان سروشتێکی نوێت نابێت.» (٣) مەسیح ڕامانەکێشێت بۆ خۆی. ئێمە هەنگاو دەنێین بۆ زیندووبوونەوەی جەستە، وە تێدەکۆشین بۆ کاملبوونمان، چونکە مەسیح ئێمەی کردە هی خۆی (فیلیپی ٣: ١٢). ئەو دەستپێشخەری کردووە بۆ پەیوەندییەکەمان، ئەویش بەردەوامی پێدەدات. کەواتە «هۆکاری ئەوەی ئێمە بەردەوام دەگەڕێینەوە بۆ لای مەسیح ئەوەیە کە ئەو خۆی، وەک کەسێک کە ئێمەی

a ئەڵقەی ١٥٠١: «چۆن لەگەڵ بەزەیی بەخۆداهاتنی خۆم بجەنگم؟» (٢٠ی تەممووزی ٢٠٢٠).
b ئەڵقەی ١٤٣٥: «ئایا مەسیحییەکان دەبێت بچنە ناو کۆبوونەوەی ئالوودەبووانی نەناسراوی مەی؟» (١٧ی شوباتی ٢٠٢٠).
c ئەڵقەی ١٢٣: «چۆن خواردن و سێکس پیرۆز دەکرێن» (١ی تەممووزی ٢٠١٣)، ئەڵقەی ١٧٤٩: «چۆن دەتوانم لە لێکۆڵینەوەکانمدا لە بیرکردنەوەی جیهانی دوور بکەومەوە؟» (٢٥ی شوباتی ٢٠٢٢)، ئەڵقەی ١٧٥٢: «ئایا شوێنێک هەیە بۆ زاهیدی لە ژیانی مەسیحیدا؟» (٤ی ئازاری ٢٠٢٢)، وە ئەڵقەی ١٨٨٤: «ئایا ڕۆژووی پچڕپچڕ گوناهە؟» (٦ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).

خۆشـدەوێت، هەڵبـژاردووە دڵنیابێـت لـە گەڕانەوەمـان. ئێمـە نابێـت بەهـۆی ئالوودەبوونـەوە هەڵبمژرێـن؛ ئێمـە لەلایـەن ڕزگارکەرێکـەوە ڕادەکێشرێـین.» (٤) جوانـی مەسـیح دەمانگۆڕێـت (دووەم کۆرنسـۆس ٣: ١٨). بـەڵام هەتـا زیاتـر بگەڕێینـەوە بـۆ لای ئـەو، زیاتـر تەندروسـت و ئەقڵانـی و ئـازاد و خۆشـحاڵ دەبیـن. هەرچەنـدەی بگەڕێینـەوە بـۆ مـاددە، زیاتـر تێکشـکاو و نائەقڵانـی و کۆیلـە و بەدبەخـت دەبیـن.» بـۆ کەسـی مەسـیحی، دەوڵەمەنـدی مەسـیح لـە ئێمەدا و لـە ڕێگـەی ئێمـەوە سـەرڕێژدەبێت (یۆحەنـا ٤: ١٤؛ ٧: ٣٧-٣٨) (٥)مەسـیح پزیشـکە باشـەکەی ئێمەیـە. لـە «بەرزبوونـەوە و دابەزینـی چێـژ» -بـە بـەراورد لەگـەڵ مـاددە هۆشـبەرەکان و مەسـیح- لـە ئەنجامـدا دوو ئامانجـی تـەواو جیـاوازن. سـەبارەت بـە باوەڕدار بـە مەسـیح، ئـەم گۆڕانکاریـیە سـۆزداریانە بـە درێژایـی ڕێـگای چارەسـەری تەواوەتییـە لـە مەسـیحدا. «هـەوراز و نشـێوی ئەزموونەکەمـان لـە مەسـیحدا بـەو واتایەیـە کـە ئێمـە لـە ڕێگادایـن بـۆ خۆشـییەکی هەتاهەتایـی و بـێ پچـڕان.»[a]

a ئەڵقـەی ١٢٠٥: «بەکارهێنەرانـی مـاددە هۆشـبەرەکان و مەسـیحیە خۆشـگوزەرانەکان -ئایـا هەردووکیـان تەنهـا بـەدوای مەسـتی داهاتـووەوە نیـن؟» (١ی حوزەیرانـی ٢٠١٨).

دەربارەی مۆبایلی زیرەک و تۆڕی کۆمەڵایەتی و داری سێڵفی

پۆستی تویتەر بۆ شکۆمەندی خودا

لە هەموو شتێکدا کە دەیڵێین یان دەیکەین -لەوانەش پۆستەکانمان لە تویتەر- ئامانجمان شکۆداری خودایە (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٣١). «خودا خودایەکی پلاندانەرە، ئامانجدارە، داوامان لێدەکات بۆ ئەوەی شتەکان بە ئامانجەوە ئەنجام بدەین.» ئێمە پلان دادەنێین. ئامانجمان دیاری دەکەیت. وە ئێمە دەهێڵین «بۆچی، ڕێبەرایەتی چۆنیەتی بکات،» نەک بە پێچەوانەوە. پێش ئەوەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا پێوەرەکان دابنێین، ئامانجەکانمان دیاری دەکەین.

سەبارەت بە بەکارهێنانی (وە خراپ بەکارهێنانی) تویتەر، سەرەتا دەبێت پلاتفۆرمەکە بۆ بنیادنان بەکاربهێنین، نەک بۆ ڕووخان (ئەفەسۆس ٤: ٢٩). ڕەخنە لە خۆت لەو پاڵنەرانە بگرە کە دەتباتە سەر ئینتەرنێت. ئایا تۆ ستایشکەریت یان بەدوای ستایشدا دەگەڕێیت؟ کاتێک باس لە تۆڕی کۆمەڵایەتی دەکرێت، ئەمە «ڕەنگە گرنگترین شت بێت کە من دەیکەم: «باشە، ئەی پاپیەر ئاگادارببە. ئایا من بەدوای ستایش و سەرنجی خەڵکدا دەگەڕێم؟» هەموومان تووشی «حەزێکی قووڵ دەبین، کەوتوو و مرۆڤانە، بۆ ئەوەی ببینرێین، بناسرێین، خۆشبوێسترێین، ستایش بکرێین. ئۆی، عیسا قسەیەکی بەهێزی هەیە سەبارەت بەمە!» (مەتا ٦: ١، ١٦؛ لۆقا ٢٠: ٤٥-٤٧). بەڵکو چاومان لە بڕیاری یەحیای لەئاوهەڵکێشە کە لەگەڵ زیادبوونی مەسیحدا ئەم کەم دەبێتەوە (یۆحەنا ٣: ٢٩-٣٠). «وە من تەنها دەمەوێت ئەوە وەک دروشمێک لەسەر هەموو تویتێکدا بشەکێتەوە: «عیسا لە سەرەوەیە؛ پاپیەر لە خوارەوەیە.» بەڵام پێت دەڵێم، ئەوە بەڕاستی زۆر سەختە. وا دەکات هەموومان جیاوازی بکەین لەنێوان بڕەودان بە خۆمان و بڕەودان بە ڕاستی -بڕەودان بە خۆمان و بڕەودان بە مەسیح.»

تەڵەیەکی دیکەش شانازی ساکاریە. «شتێکی بەم شێوەیەیە: «مرۆڤ هەست بە ساکاری دەکات کە لەلایەن بەناوبانگترین کەسی جیهانەوە بانگهێشت بکرێت بۆ بۆنە زۆر گرنگەکەیان.» ئەمە بە بەکارهێنانی زمانێکی بێفیزە بۆ هێنانەوەی ڕێزلێنانێک بۆ خۆت. لە هەموو شوێنێکی تویتەر ئەمە دەبینم. هەمووان بە شێوەیەک قسە دەکەن کەوا شەرم دەکەن لەوەی کەسێک لەبارەیانەوە گوتوویەتی، ئەمە لە هەموو شوێنێک دەبینین دووبارە بۆتەوە. هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە ئەمە دەبینم.» ئێمە پۆست دەکەین بۆ ئەوەی کاریگەریمان هەبێت. بەڵام ئێمە بەدوای سەرنجدان لە خۆمان ناگەڕێین، بەدوای ئەوەین

ئـەو ڕاسـتییە هاوبـەش بکەیـن کـە خۆشـمان دەوێـت. وەک تێبینییەکـی کۆتایـی، لەبـەردەم خەڵکـدا قسـەی سەرزەنشـت مەکـە لـە کاتێکـدا قسـەکردن بـە تەنهـا بەرهەمدارتـر دەبێـت.[a]

ئایا هەوڵدان بۆ ناوبانگ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەڵەیە؟

کاریگـەری هەڵـە نییـە. هەوڵـدان بـۆ کاریگـەری لەسـەر کەسـانی دیکـە زۆر مەسـیحییانەیە. بـەڵام ئێسـتا زۆرێـک لـە مەسـیحییەکان دەسـتیان کـردووە بـەوەی لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتیـدا «کاریگـەر» بـن. کـەی ئەمـە دەبێتـە گـەڕان بـەدوای ناوبانـگ؟

ئـارەزووی بـە ناوبانگـی گوناهـە. بـەڵام ئـارەزووی کاریگەربـوون گونـاە نییـە، لـە بنەڕەتـدا وا نییـە. «وە کێشـەکە کاتێـک سـەرهەڵدەدات کـە ئـەو چێـژەی کـە بەدوایـدا دەگەڕێـت لەوەیـە شـایانی ڕێزێکـی زیاتـر بـین لـەو چێـژەی کـە بەدوایـدا دەگەڕێـت لـە خزمەتکردنـی کەسـانی دیکـە. کێشـەکە لێرەدایـە. ئـەوە گونـاە نییـە کـە هیواخـواز بیـن ئەوانـەی دەمانناسـن گومانـی باشـمان پـێ ببـەن، بـەو مەرجـەی هیـوا و نوێـژ و تێکۆشـانمان بـۆ ئـەوە بێـت لـە ئێمـەدا نیعمەتـی خـودا ببینـن و شـکۆداری بکـەن، بـەو واتایەیـە، بـەو شـێوەیە بیـر لـە ئێمـە بکەنـەوە و گومانـی باشـمان پـێ ببـەن.» ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بانگەوازەکەمـان. ئێمـە بوونمـان هەیـە بـۆ ئـەوەی مەسـیح شـکۆدار بکەیـن، بـۆ ئـەوەی خـودا ببینیـن کـە لـە هەمـوو شـتێک ڕازیکەرتـرە، بـۆ ئـەوەی بـە تـەواوی متمانـە بـە بەڵێنەکانـی بکەیـن، وە بـە گشـتی مرۆڤێـک بیـن کـە «پـڕ لـە خۆشـی، تەنانـەت لـە ئازاریشـدا، لـە هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی کەسـانی دیکـەش لـە خـودادا خۆشـیان هەبێـت.» هـەر بۆیـە ئێمـە بوونمـان هەیـە.

بـەڵام ئـەو کارە ئایینیانـەی کـە لەپێنـاو خـۆ شـکۆمەندیدا ئەنجـام دەدرێـن، بـە شـێوەیەکی فێڵبازانـە خراپـن. عیسـا هەمـوو جـۆرە ئاگادارکردنەوەیەکـمان پێـدەدات بـۆ پشـکنینی خۆبەزلزانینـمان (مەتـا ٥: ١٦؛ ٦: ١-٦، ١٦-١٨؛ ٢٣: ٥). «کەواتـە پێـم وایـە، هەمـوو ئـەو هۆشـداربیانە، مەبەسـت لێـی ئـەوەن کـە تاقیـمان بکەنـەوە بـۆ ئـەوەی بزانیـن ئایـا خـودا پاداشـتی ڕاسـتەقینەی ئێمەیـە یـان نـا. هەموویـان دەڵێـن: «ئەگـەر بـەدوای ڕازیبوونـدا بگەڕێـن لـە ستایشـکردنی مرۆڤەکانـدا، ئـەوا پاداشـتی خـودای باوکتـان نابێـت.» هەمـوو سـەرنجەکە لەسـەر ئەوەیـە: دڵـت لـە کوێیـە؟ گەنجینـەت لـە کوێیـە؟ ئایـا لـەلای ناوبانگـە یـان لـەلای خودایـە؟»

پاڵنـەری کاریگەریـمان ئەوەمـان بـۆ ئاشـکرا دەکات کـە ئێمـە چـی بـە بەهـادار دەزانیـن. گونـاە نییـە هەوڵـی کاریگەربـوون بدەیـت. لـە ڕاسـتیدا، «ڕەنگـە گونـاە بێـت ئەگـەر نەمانەوێـت کاریگـەر بیـن. پێویسـتە هـەوڵ بدەیـن زیاتـر و زیاتـر خەڵکـی بـەرەو مەسـیح بهێنیـن. هەروەهـا

a ئەڵقەی ٦١: «ئامانجەکانی تویتەر و "شانازی ساکار"» (٣ی نیسانی ٢٠١٣).

گوناهـه ئەگـەر ژیانمـان بەسـەر نەبەیـن لـەوەی زیاتـر و زیاتـر خەڵکـی بـەرەو مەسـیح بهێنیـن. پێویسـتە لەسـەرمان حـەز بکەیـن چاکـەی زیاتـر بکەیـن، بـۆ ئـازاری کەمـتر، وە بـە تایبەتـی ئـازری هەتاهەتایـی.» ئەمـە کاریگەرییـە لـە خزمەتکردنـی کەسـانی دیکـەدا.

لـە کۆتاییـدا «بـا هەموومـان دان بـەوەدا بنێیـن کـە ئـەم جیاکارییە چەندە سـەختە» -ئـارەزووی بەرەکەتـداری بـۆ کەسـانی دیکـە و خـۆ شـکۆمەند نەکـردن. ئـەوە شـەڕە بەردەوامەکـەی ناخـی ئێمەیـە، لـە نێـوان ڕۆح و جەسـتەدا (ڕۆمـا ٨: ٥-٧).[a]

خۆپەرستی و داری سێڵفی

پۆڵـس پێـمان دەڵێـت کـە لـە کۆتاییـدا زەمانـدا دەتوانیـن چاوەڕوانـی بینینـی بەرزبوونـەوەی «خـۆ خۆشەویسـتان» بیـن (دووەم تیمۆسـاوس ٣: ١-٢). کەواتـە ئایـا ڤلـۆگ و سـێڵفی و تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی سـەرنج لەسـەر خۆمـان بەڵگـەن لەسـەر ئـەم خـۆ خۆشەویسـتییەی کۆتایـی زەمان؟ بەڵێ (وە نەخێر).

«بەڵـێ، ڤلـۆگ و سـێڵفی و تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی سـەرنج لەسـەر خۆیـی زۆرجـار (نـەک هەمیشـە) دەربڕینـی خۆشـکۆداری و سـەرقاڵکردنی ئـەم ڕۆژانـەی کۆتاییـە. بـەڵام نەخێـر، ئـەم تەکنەلۆژیـا نوێیانـە ئەنجامـی ئـەم جـۆرە ئەزموونانـەی کۆتایـی گونـاە نیـن. ئەوانـە هەمیشـە هەبوونـە. تەکنەلۆژیـا نوێیـەکان ڕێگـەی نـوێ دەدەن بـۆ دەربڕینـی گوناهـە کۆنـەکان.»

بەڵـێ، ئەمانـە ڕۆژانـی کۆتاییـن، وە دەبێـت بـە وردی و چاوەڕوانییـەوە و بـە هیـوا و بـە خۆشـییەوە چاومـان لـە هاتنـی عیسـای پەروەردگارمـان بێـت کـە بەهـادار و چاوەڕوانکـراو و ڕەزایکارمانـە. بـەڵام نەخێـر، ئەمانـە هێشـتا ڕۆژانـی کۆتایـی نیـن، بـەڵام زۆر لـە ڕۆژانـی کۆتایـی دەچـن کـە دوو هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر لـە سـەدەی یەکەمـدا دەسـتپێکردووە. پۆڵـس دەڵێـت کـە «لـە ڕۆژانـی کۆتاییـدا» کەسـانێک دێـن کـە خۆپەرسـتن، وە دەبێـت لـە ئێسـتادا «خۆمـان لـەم جـۆرە کەسـانە بـەدوور بگریـن» (دووەم تیمۆسـاوس ٣: ١-٥). چونکـە ئـەوان پێشـتر لێـرە بوونـە.

بـەڵام پرسـیارە گەورەکـە ئەوەیـە کـە لـە بنەڕەتـدا بۆچـی ئێمـە «خودمـان» هەیـە. «خـودا خودێکـی پێبەخشـین، نـەک بـۆ ئـەوەی شـتێکمان هەبێـت شـکۆداری بکەیـن، بەڵکـو شـتێکی پێـمان بەخشـی، نـەک ببێتـە بابەتـی شـادیمان، بەڵکـو ئامـرازی شـادیمان بێـت. واتـا نـەک تـەوەری خۆشـحاڵی بێـت لەبـەردەم ئاوێنـە یـان سـێڵفیدا، بەڵکـو تـەوەری خۆشـحاڵی بێـت لەبـەردەم عیسـا. خودێکـی پێداویـن نـەک بـۆ ئـەوەی وەک ئامرازێکـی بەهـای خۆمـان بێـت،

a ئەڵقـەی ٩٨٣: «ئایـا هەوڵـدان بـۆ ناوبانـگ لـە ڕێگـەی ئۆنلاینـەوە گوناهـە؟» (٣٠ی کانوونـی دووەمـی ٢٠١٦). بـۆ زانیـاری زیاتـر لەسـەر چاکـی کاریگـەری، بڕوانـە «لەبـارەی نووسـین و ڕێزمـان و شـیعر» لـە دواتـری ئـەم کتێبـەدا.

بەڵکـو ئامرازێـک بـۆ خواپەرسـتی.» لـە ڕاسـتیدا، خـودا مەبەسـتی بـووە خـود «کارگەیەکـی ئـارەزوو» بێـت، «ئـارەزووی بێکۆتایـی» بەرهـەم بهێنێـت کـە پاڵـمان دەنێـت بـەدوای «خۆشـی لـە دەرەوەی خۆمانـدا بگەڕێـین.» ئـارەزووی بێکۆتایـی هەرگیـز لەلایـەن خـودەوە تێـر نابێـت. ئـەو ئارەزووانـە دەدرێـن «بـۆ ئـەوەی بـەرەو دەرەوەی خۆمـان بچیـن -لـە ڕاسـتیدا، دەرەوەی جیهـان، چونکـە هیـچ شـتێک لـەم جیهانـەدا تـەواو تێرمـان نـاکات.» ئارەزووەکانمـان بـۆ ئـەوەن کـە ئێمـە بـەرەو خـودا ببـەن، کـە لـە ئامادەبوونیـدا پـڕ لـە خۆشـی و لـە دەسـتی ڕاسـتی خـودا بـۆ هەتاهەتایـە چێـژ وەربگریـن (زەبـووری ١٦: ١١). «ئەوەیـە کـە مـن بـە بەکارهێنـەری خۆپەرسـتی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی دەڵێـم. خـود هەرگیـز بـۆ ئـەوە نەبـووە کـە ئێمـە ڕازی بـکات. خـود هەرگیـز مەبەسـت لێـی ئـەوە نەبـووە کـە ڕەزامەنـدی لـە تێگەیشـتن یـان شـکۆداری خـوددا بدۆزێتـەوە. خـود بـۆ خـودا بەدیهێـناوە.»[a]

ئایا پێویستە کارە باشەکانم لە ئینستاگرام پۆست بکەم بۆ شکۆداری مەسیح؟

تـۆڕی کۆمەڵایەتـی وەک شـانازییەکی بێفیـز دەرفەتـی نوێـمان پـێ دەبەخشـێت بـۆ پەخشـکردنی کارە باشـەکانمان بـۆ جیهـان. کەواتـە چـۆن ڕێگـە بدەیـن ڕووناکیـمان لەبـەردەم کەسـانی دیکـەدا بدرەوشـێتەوە بـۆ ئـەوەی کارە چاکەکانمـان ببینـن و شـکۆمەندی بـە باوکـمان بـدەن کـە لـە ئاسـمانە (فەرمانـی عیسـا لـە مەتـا ٥: ١٦) بـەڵام ڕاستودروسـتی خۆمـان لەبـەردەم خەڵکانـی دیکـەدا بەکـردار نەکەیـن بـۆ ئـەوەی ئـەوان ببینـن (فەرمانـی عیسـا لـە مەتـا ٦: ١)؟

عیسـا پاڵنەرێکـە بـۆ سـاکاریمان بـۆ پاداشـتی داهاتـوو (مەتـا ٦: ١). هیواخـوازی بـۆ ئـەوەی چاکەکانمـان ئێسـتا لەلایـەن هاوتەمەنەکانمانـەوە پاداشـت بدرێتـەوە، خراپەکارییـە -چونکـە «ئەمـە ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە تـۆ بـە پاداشـتی باوکـت ڕازی نیـت. بـەم شـێوەیە پاداشـتی خـودا بـەس نییـە بـۆ تـۆ. پێویسـتە بـە کەمێـک ستایشـی مرۆڤانـە تـەواوی بکەیـت، ئەمـەش وایکـردووە هێنـدە خـراپ بێـت.»

بۆیـە زۆرنـا لێمـەدە سـەرنج بـۆ کارە چاکەکانـت ڕابکێشـیت کـە بـە نهێنـی ئەنجامـی دەدەیـت (مەتـا ٦: ٢-٤). کاتێـک بـە کەسـانی خـاوەن پێویسـتی دەبەخشـیت، «وێنـەی چێشـتخانەی شـۆرباکەت، بـڵاو مەکـەوە.» کـردەوەی ڕاستودروسـت ئەنجـام بـدە «هێنـدە بـە نهێنـی کاتێـک دەسـتی ڕاسـتت هـاوکاری کەسـانی کەمدەرامـەت دەکات بـا دەسـتی چەپـت نەزانێـت چـی ڕوویـداوە.» ئامانجـت ستایشـی خـۆت نەبێـت. بـۆ نمونـە، هاندانـی کەسـانی دیکـە بـۆ ئـەوەی نوێـژ بکـەن لەپێنـاو قوربانیانـی کارەسـاتێک شـتێکە، وە گوتنـی ئـەوەی تـۆ لەپێناو هەڵوێسـتێکی دیاریکـراو شـتێکی دیکەیـە. ئـەم جیاوازییـە بزانـە. عیسـا داوامـان لـێ دەکات «هەوڵێکـی

a ئەڵقـەی ١١٥٨: «دوورکەوتنـەوە لـە لووتبـەرزی لـە جیهانێکـی دار سـێڵفی و پلاتفۆرمەکانـی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی» (١٢ی شـوباتی ٢٠١٨).

هاوبەش بدەین» بۆ ئەوەی نوێژ و کردەوە و بەخشندەییمان بۆ هەژاران بپارێزین کە کەسانی دیکە نەیبینن (مەتا ٦: ٥-٦).

بەڵام «کێشەیەکی ڕاستەقینە» دەمێنێتەوە. چۆن ڕێگە دەدەین کارەکانمان بە جۆرێک ببینرێن کە کەسانی دیکە ستایشی خودا بکەن (مەتا ٥: ١٤-١٦)؟ پێویستە ئامانجمان خزمەتکردن بە نهێنی بێت، بەڵام زۆرجار ناتوانین. سێ پێشنیار بۆ ئەمە هەیە.

١. زۆرێک لە کردەوەی خۆشەویستی بەکردار «بە سادەیی ناتوانرێت بشاردرێتەوە، بە تایبەتی لەوانەی کە تۆ پێشکەشی دەکەیت، ناتوانیت ڕابوەستیت و یارمەتی کەسێک بدەیت، تایەی ئۆتۆمبێلەکەی بگۆڕیت بەبێ ئەوەی بتبینێت. ناتوانیت ژیانی خۆت بخەیتە مەترسییەوە لە کاتی کردەوەیەکی تیرۆری ئاشکرادا بۆ ڕزگارکردنی منداڵێک بەبێ ئەوەی خەڵکەکە بزانن چی دەکەیت.» زۆر کردەوەی چاک ناتوانرێت بشاردرێتەوە. بەڵام زۆربەیان دەتواندرێت. بیهێنە بەرچاوت کە بچیتە سەر ئینتەرنێت بۆ ئەوەی بەخشین بکەیت بۆ کێشەشک، هەر لەوێدا «دوگمەیەکی بچووک دەبینیت کە دەڵێت "بەبێ ئاشکراکردنی شوناست ببیەخشە". تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەیە، ڕاستە؟» ئایا بەبێ ئەوەی ناوت بنووسی دەبەخشیت؟ یان ناوی خۆتی دەخەیتە سەر؟

٢. عیسا ئامانج و کۆتایی خۆشەویستیمان دادەڕێژێتەوە. بەرهەمی باش بۆ نمایشی گشتی خۆشکۆداری نییە. ئێمە کارە چاکەکان دەکەین بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر خەڵکی ڕابکێشڕێن بۆ پەرستنی خودای زیندوو. «مەسیحییەکان هەرگیز تەنها چاکەکارانی گشتی نین، ئێمە دەمانەوێت خەڵکی خودا بناسن، خودایان خۆشبوێت، خودا شکۆمەند بکەن، ڕزگاریان بێت و بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ خودادا بن. ئەمە دڵگەرمی زۆری خزمەتەکانی میهرەبانی و دادپەروەرییە. ئەگەر وا نەبێت، ڕەنگە ئێمە لە ڕووی سیاسییەوە ڕاست بکەین بۆ ئەوەی ستایشی هەر گروپێک بەدەست بهێنین کە لەو کاتەدا بەنرخی دەزانین.»

٣. هەموومان بەو ئارەزووە فێڵبازە ئاشناین کە بپەرستڕێین. «هەموومان دەزانین کە ڕێگایەک هەیە بۆ ئەوەی بە ئاشکرا مامەڵە بکەیت بە جۆرێک وا دەربخات کە ئارەزووی ڕەزامەندی و ستایشی کەسانی دیکە دەکەیت. بە دڵنیاییەوە ئەمە لە تویتەر و ئینستاگرام و دەزگاکانی دیکەی تۆڕی کۆمەڵایەتیدا ڕوونە.» ئەمە کارێکی جەستەییە نەک پیرۆز. کارەکانی خۆشکۆداری لابەلایە. کەسانی دیکەش دوور دەخاتەوە؛ بەدەستیان ناهێنێت.

فەرمایشتە قوولەکانی عیسا لە مەتا ٥-٦ پێمان دەڵێت کە پێویستە «تەواو ڕازی بین بە

پاداشتی خودا -ناسینی، خۆشویستنی، بە بەهادار زانینی وەک ڕازیکەر و شکۆمەندی بااڵ.» نابێت تامەزرۆی ستایشی مرۆڤ بین وەک ئەوەی ستایشی خودا بەس نەبێت بۆ ئێمە، «ئەمەیە مەبەستی ئارەزوو.» پێویستە بەڕاستی خۆشمان بوێت، بەو ئامانجە هانبدرێین کە «کەسانی دیکە بێن بۆ ئەوەی خودا بپەرستن و شکۆمەندی پێبدەن.» وە بۆ ئەو مەبەستەش نوێژ دەکەین، «پڕمان بکات لە ئارەزووی ڕۆحی، نەک ئارەزووی پووچی بێهودە.»[a]

ڕووکەشی سۆشیال میدیا

پۆستەکانی تۆڕی کۆمەاڵیەتیمان ڕووکەش دەبن ئەگەر پۆستەکانمان پڕ بێت لە دەنگی بێ بایەخ. «هەاڵمەخەاڵەتێن: پەیوەندی خراپ ڕەوشتی جوان تێکدەدات.» (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣٣). «ڕووکەشی نەخۆشییەکی زۆر زۆر درمە، ئەگەر تەنها لەگەاڵ کەسانی ڕووکەش تێکەاڵ بیت، بە دڵنیاییەوە تۆ کەسێکی ڕووکەشیت. ئەگەر تەنها لەگەاڵ تۆڕی کۆمەاڵیەتی و بەرنامە تەلەفزیۆنییە ڕووکەشییەکان تێکەاڵ بیت، بە دڵنیاییەوە کەسێکی ڕووکەشیت.» لە الیەکی دیکەوە، ڕۆیشتن لەگەاڵ داناکان -شۆێنکەوتنی داناکان- دەبێتە هۆی ئەوەی دانا بێت (زەبوورەکان ١١٩: ٦٣؛ پەندەکان ١٣: ٢٠؛ عیبرانییەکان ١٠: ٢٤).[b]

لەگەاڵ ئەوەشدا لە تۆڕی کۆمەاڵیەتی، «هەموو کەسێک بەبێ وەستان قسە دەکات. زۆربەی قسەکان زیرەکین. تەنها وەاڵمی البەالن. تەنها گاڵتەکردنن. هەموو ئەمانە ژیانێک بەرهەم دەهێنن پڕە لە گاڵتەجاڕی مەسیحی و ڕووکەشی پووچ و زیرەک، داڕێژراوە بۆ تویتەر و بااڵوکردنەوەی لە فەیسبووک. پێموانییە بتوانین مزگێنی ڕاستەقینە بدەین لەسەر بنەمای ئەم جۆرە چەواشەکارییە بەربااڵوە.[c]

دیاریکردنی ئامانجەکانی تۆڕی کۆمەاڵیەتی

کەواتە، چۆن مۆبایلەکانمان و کاریگەرییەکانی تۆڕی کۆمەاڵیەتیمان بەکاردەهێنین بۆ مەبەستی ژیانی هەتاهەتایی -بۆ مزگێنیدان و بنیادنان؟ تۆڕی کۆمەاڵیەتی هێزێکی کردارییە بۆ چاکە. پێش تویتەر، نامیلکەمان دابەش دەکرد، بااڵوکراوەکان لەسەر دەسکی دەرگا دابەش دەکرد، تابلۆی بازرگانیمان بەکرێ دەگرت، ڕیکالمی ڕۆژنامەکانمان دەکرێ، لەزگەمان لە ئۆتۆمبێل دەدا، نامەمان بۆ نووسەران دەنووسی، بابەت و کتێبمان بااڵو دەکردەوە. بەاڵم ئەمڕۆ، ڕاستەوخۆ دەچینە سەر فەیسبووک، تویتەر، ئینستاگرام، یوتیوب و

---

a ئەڵقەی ١١٥١: «"با ڕووناکیەکەت بدرەوشێتەوە" -ئایا کارە باشەکانم لە ئینستاگرام پۆست بکەم؟» (٢٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ١٠٣٣: «سێ پاڵن بۆ زاڵبوون بەسەر ژیانی ڕووکەش» (٢٦ی نیسانی ٢٠١٧).

c ئەڵقەی ١٢٣٤: «سێ هەڕەشە لەسەر خۆشی ئەم نەوەیە» (٨ی ئابی ٢٠١٨).

بلۆگەکان. «ئێستا، ئەگەری ئەوە هەیە کە شتێک دەیڵێیت بگاتە هەزاران کەس، تەنانەت ملیۆنان کەسیش، سەرباری ئەو کۆمەڵە هاوڕێیەی کە ئێستا هەتە. ئەوە دۆخێکی نوێیە، وە سەبارەت بە باوەڕداران بە مەسیح، ئەوە بەرپرسیارێتییەکی دیکەیە کە خودا پێی سپاردووین بەڕێوەی ببەین (مەتا ١٢: ٣٦). لێپێچینەوەمان لەگەڵ دەکات لەسەر هەر وشەیەک بە هەڕەمەکی بیڵێین (مەتا ١٢: ٣٦). ئەمە ئەو وشانەش دەگرێتەوە کە بەبێ بیرکردنەوە بڵاوی دەکەینەوە لە تویتەر و فەیسبووک و بلۆگەکان.» هەندێک بنەمای پۆستکردن بۆ بنیادنانی کەسانی دیکە لە ئینتەرنێتەوە.

١. مەسیح ڕابگەیەنە. هەموو باوەڕدارێک بە مەسیح ئامانجی ئەوەیە، «چاکییەکانی ئەوە ڕابگەیەنن کە بانگی کردوون لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکییە سەرسوڕهێنەرەکەی» (یەکەم پەترۆس ٢: ٩). ئەگەر تۆ هەڵبژێریت لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا ئامادە بیت، «ئەرک»ت ئەوەیە کە «چاکییەکانی عیسا» ڕابگەیەنیت. گرنگترین جیاوازی تۆڕی کۆمەڵایەتیکەمان پەخشکردنە -بڵاوکردنەوەی ڕاستی وەک تۆو، بۆ ڕاگەیاندنی شکۆمەندی خودا بۆ گەلان (زەبوورەکان ٤٠: ١٠؛ ٩٦: ٣؛ پەندەکان ١٥: ٧؛ کردار ٥: ٢٨). «بۆیە نوێژ بکە لەپێناو تویتەکانت، لەپێناو بلۆگەکەت و فەیسبووکەکەت. نوێژی بکە کە خودا هەناسەی پێبدات و بە ڕێگەی دیاریکراوی خۆی بینێرێت بۆ کەسێک کە بە تەواوی پێویستی بەو شتانە هەیە کە تۆ گوتووتە. من بەو شێوەیە دەکەم. نزیکەی هەموو ڕۆژێک تویتەکان لە خشتەی کارەکانمدا دادەنێم، وە نزیکەی لە سەدا نەوەدیان لە کتێبی پیرۆزەوە هاتوون. من دەڵێم خودایە بەم ئایەتە شتێکی نائاسایی بکە. وا بکە بە تەواوی لە کاتی خۆیدا بێت بۆ پێویستی کەسێک.»

٢. ڕووبەڕووی خراپە ببەوە (ئەفەسۆس ٥: ١١؛ یەکەم پەترۆس ٣: ١٥). «پێم وانییە شێوازی باڵادەستی ژیانت لە ئینتەرنێتدا ئاشکراکردنی تاریکی بێت. بەم شێوەیە دەستەکانت و دڵت پیس دەکەیت، بەڵام جارجارە، خودا بارگرانیت لەسەر دەکات بە شتێک کە بینیوتە و پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە، وە هەندێک گوناە ئاشکرا دەکەیت.»

٣. کەسانی دیکە بنیاد بنێ (یۆحەنا ٨: ٣٢؛ ١٧: ١٧؛ ڕۆما ١٤: ١٩؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٩). «بۆیە ئێمە دەمان، هەژماری تویتەرەکەمان، لاپەڕەی فەیسبووکەکەمان، پڕ دەکەین لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز کە بە وردی وەرگیراوە و بە دانایی ڕاڤە کراوە. ئەمە سەلامەتترین ڕێگایە بۆ ئەوەی چاکە بکەیت. لە شکۆی خۆت کەم بکەیتەوە. خودا لە وشەکەیدا شکۆدار بکەیت.» وشەی ژیانبەخش، خۆشەویستی،

پـڕ لـه نیعمـەت پێشـکەش بکەیـت (پەنـدەکان ١٠: ١١؛ ١٥: ٤؛ ١٦: ٢١، ٢٤؛ ٢٥: ١١؛ یەکـەم کۆرنسـۆس ١٦: ١٤؛ ئەفەسـۆس ٤: ١٥؛ کۆلۆسـی ٣: ١٦؛ ٤: ٦).

٤. ئاشـکرا بـە. تـۆڕی کۆمەڵایەتـی ئاشـکراکردنی ئەوەیـە کـە لـە ناخـی ئێمـەدا هەیـە (مەتـا ١٢: ٣٤). «ڕەنگـە نەزانیـت، بـەڵام بـە درێژایـی ڕۆژ خـۆت ئاشـکرا دەکەیـت. لەسـەر بنەمـای بەکارهێنانـی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی چ جـۆرە کەسـێکی؟ ئایـا تـۆ کەسـێکی درۆیـت، تووڕەیـت، گاڵتەچیـت، خراپیـت، نەرمونیانیـت، خۆشەویسـتیت، تـەواو و کاملّیـت، یـان شکسـتخواردوویت؟» تـۆڕی کۆمەڵایەتییەکـەت، دڵـی ئاشـکرای تۆیـە بـۆ جیهـان.

٥. سـەرنجت لەسـەر کاریگەرییـە کەڵەکەبـووەکان بێـت. «هەندێکجـار [تویتەکانـم] زۆر تونـدن لـە ئامـاژەدان بـە حوکمدانـی خـودا. هەندێـک جـار زۆر ناسـکن لـە گەیشـتن بـە کەسـانی دڵشـکاو. ئەوەیـە کـە نـەک تەنهـا تەماشـای هـەر تویتێـک بکـەم، بەڵکـو تەماشـای کاریگـەری گشـتی هـەزاران تویـت دەکـەم لـە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردوو» (هەتـا سـاڵی ٢٠١٨). ئـەو وەبەرهێنانـە دەکـەم بـەو هیوایـەی کـە «کاریگـەری گشـتیی مـن بـۆ شـکۆداری مەسـیح و بەدەسـتهێنانی گومڕایـان، وە خۆشـی پیـرۆزی هەتاهەتایـی گەلـی خـودا، وە شـکۆمەندی خـودا دەبێـت.»[a]

پێش ئەوەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕەخنە بگریت

تـۆڕی کۆمەڵایەتـی دەکرێـت بـە خێرایـی ببێتـە بڵێسـەی دۆزەخێکـی تووڕەیـی سـووکایەتی. تەنانـەت ئەوانـەی کـە خۆیـان وەک بـاوەڕدار بـە مەسـیح ڕادەگەیەنـن دەکرێـت تووڕەییەکەیـان زیاتـر بێـت بەبـێ ئـەوەی گەمژەیـی ڕشـتنی قسـەی ناشـیرین لەبەرچـاو بگـرن. پێویسـتە زیاتـر هـەوڵ بدەیـن.

لێـرەدا حـەوت پرسـیار دەخەینـەڕوو کـە پێـش ئـەوەی پۆسـت بکەیـت پێویسـتە لـە خۆتـی بکەیـت. (١) ئایـا ئەمـە ڕاسـتە؟ تەنهـا ئـەوەی ڕاسـتە بـڵاوی بکـەرەوە، ئەگـەر بتواندرێـت بـە ڕوونـی ڕاسـتی بکـەرەوە. ڕاسـتییەکی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز پشتڕاسـتکراوە باشـترینە. هەمیشـە دوور بکـەرەوە لـە بڵاوکردنـەوەی شـتی درۆیـین. (٢) ئایـا لـە کاتـی گونجـاوە؟ تەنانـەت ئەگـەر ئـەوەی کـە دەبێـت بیڵێیـت ڕاسـت بێـت، هاوڕێکانـی ئەیـوب بیرمـان دەخەنـەوە کـە «دەکرێـت ڕاسـتی بـە نـاڕەوا بەکاربهێندرێـت» ئەگـەر لـە خەملّاندنـی کاتەکـەدا هەڵـە بکەیـن. گەمـژەکان پەنـدەکان بـە هەڵـە بەکاردەهێنـن (پەنـدەکان ٢٦: ٧، ٩). (٣) ئایـا بنیادنـەرە؟ «ئایـا مـن لـە پۆسـتەکانی تـۆڕی کۆمەڵایەتیـدا ئامانجـم ئەوەیـە یارمەتـی ئـەو کەسـە بـدەم کـە قسـەی لەگـەڵ دەکـەم یـان باسـی ئـەو دەکـەم باشـتر خـودا بناسـێت، زیاتـر متمانـە بـە خـودا بـکات، مرۆڤەکانی

a ئەڵقەی ١٢٠٤: «چۆن دەتوانین تویت بکەین بۆ شکۆمەندی خودا؟» (٣٠ی ئایاری ٢٠١٨).

باشتر خۆشبوێت، کەمتر لە گوناە و زیاتر لە پیرۆزیدا بڕوات؟» (ئەفەسۆس ٤: ٢٩). هێشتا بوار دەهێڵێتەوە بۆ ڕەخنەی چاکسازی لە کاتی پێویستدا. (٤) ئایا بۆ ئەم جەماوەرە گونجاوە؟ ئایا تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆنەیەکی گونجاوە بۆ ئەوانەی کە گوێیان لە قسەکانی تۆ دەبێت کە خەریکە دەیڵێیت (ئەفەسۆس ٤: ٢٩)؟ تۆڕی کۆمەڵایەتی ناوەڕووکێکی نییە بۆ گفتوگۆ سەختەکان کە باشترە بە شێوەیەکی تایبەت ئەنجام بدرێت، یەک بە یەک. «لە ڕاستیدا، یەکێک لە گەورەترین گلەییەکانم سەبارەت بە شێوازی بەکارهێنانی تویتەر، بۆ نموونە، ئەوەیە کە زۆرێک لەو شتانەی کە بە ئاشکرا دەگوترێ بۆ ئەوەی دە هەزار کەس بیخوێننەوە، پێویستە بە شێوەیەکی تایبەت بەو کەسە بگوترێت، نەک بە ئاشکرا، بۆیە زۆر شت بە تاکێک دەگوترێت بۆ ئەوەی یاریگایەکی خەڵک تەماشای بکەن. من لەوە تێناگەم.» (٥) ئایا ئامانجی یەکێتی داهاتووە؟ ئەگەر لە ئینتەرنێتەوە ڕەخنە لە کەسانی دیکە بگریت، ئایا ڕەخنەکەت لەسەر بنەمایەکی پووچە یان هێرشێکی کەسییە؟ ئایا بێبایەخکردنە؟ یان بە ئارەزووی دڵسۆزانە بۆ ئاشتی نێوان باوەڕداران ڕەخنە دەگریت (ئەفەسۆس ٤: ١-٣)؟ (٦) ئایا تورەییە؟ ئێمە هێندە بە ئاسانی دەوروژێین بۆ وەڵامدانەوە بە تورەییەکی گوناهبارانە کە دەبێت بە وریاییەوە نیشانی بدەین، هەر کاتێک کە هەوڵی پەیوەندیکردن بە تووڕەییەوە دەدەین (یاقوب ١: ١٩-٢٠). «با هەر مرۆڤێک لە گوێگرتندا خێرا بێت، لە قسەکردندا لەسەرخۆ بێت، چونکە ڕەنگە تووڕەییتان ڕاست نەبێت -تووڕەیی منیش- وە ئەو چاکەیە بەرهەم نەهێنێت کە مەزەندەی دەکەیت.» (٧) ئایا مەسیح شکۆدار دەکات؟ «ئایا خەڵکی دەتوانن بزانن کە دڵت تەواو ڕازییە بە جوانی و بەها و گەورەیی عیسا؟ هەر لەبەر ئەمە ئێمە بوونمان هەیە: بۆ ئەوەی عیسای مەسیح وەک گەنجینەی باڵای جیهان پیشان بدەین؟ ئایا ئەوان تامی ئەوە دەکەن؟»[a]

دەربارەی تویتەری سیاسی

چاڵاکییەکانی جۆن پایپەر لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا زۆر کەم سەبارەت بە سیاسەت، هەواڵە خێراکان، هاشتاگەکان، یان بابەتە باوەکان لەخۆ دەگرێت. ئەویش ئەمە دەزانێت. «کاتێک تویتەر لە هەندێک مشتومڕی نوێدا گڕ دەگریت، ئەو لەوێیە و ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز دەهێنێتەوە، وەک ئەوەی تەنانەت نەزانێت چیش ڕووەدات «ئایا نازانیت ئێمە خەریکە کاندیدی دادگای باڵا لەدەست دەدەین؟ خێراکە، شتێک بکە!»

پایپەر هێواشە لە قسەکردن لەسەر بابەتە سیاسییەکان. لە هاوینی ساڵی ٢٠١٨، ئەلیکساندرا ئۆکاسیۆ-کۆرتێز کە تازە پێشکەوتبوو، ئاراستەیەکی پێشکەوتنخوازی هەبوو، لە هەڵبژاردنی سەرەتایی دیموکراتەکان لە بازمەی چواردەهەمینی کۆنگرێسی نیویۆرک

a ئەڵقەی ١٥٨١: «پێش ئەوەی تۆ تویتی ڕەخنەیی بکەیت: شەش ڕەچاوکردن» (٢٩ی کانونی دووەمی ٢٠٢١).

سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کە بە گەورەترین ناڕەحەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ باسی لێوە کرا، لە مانگی تشرینی دووەم کورسییەکەی بەدەستهێنا. پاپەر گوتی ئەو «لە لای چەپی [بێرنی] ساندەرزە لە سۆشیالیزم،» لەگەڵ ئەوەشدا دوودڵ بوو لە قسەکردن لەسەر سۆشیالیزمەکەی لەبەردەم خەڵکدا. بۆچی؟ لەبەر سێ هۆکار.

١. پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە. «زۆربەی پرسە نێودەوڵەتی و ئابووری و سیاسییەکان، لەلای من زۆر ئاڵۆزن.» ئەو شارەزای کێبڕێی پیرۆزە. «دەمەوێت ئەوان گوێ لە دیدگای من بگرن بۆ کێبڕێی پیرۆز. بەڵام بە دەگمەن دەگەمە ئەو ئاستەی کە هەست بکەم، لەگەڵ هەندێک پرسی ئاڵۆزدا، دەگەمە ئەو ئاستەی زانیاری کە دەستەبەری ئەوە بکات دەنگم دەسەڵاتدار بێت.» بە کورتی: «من مامەڵە لەگەڵ کێبڕێی پیرۆزدا دەکەم زۆر لە سەرەوەی ڕەوتی خوارەوە بۆ ناو وردەکارییەکانی وەدیهێنانی سیاسی.»

٢. سەبارەت بە کڵێسا. «من سەد جار» یان «دوو سەد جار... زیاتر دڵگەرمم بۆ دروستکردنی ئەو جۆرە مەسیحییانە و ئەو جۆرە کڵێسایانەی کە بە چەسپاوی ڕادەوەستن، بە دڵسۆزی، پەیوەست بە کێبڕێی پیرۆز، بە بیرێکی ڕۆحی قووڵ دژە کەلتووری ئەمریکای سۆشیالیزم، لەوەی هەوڵ بدەم ڕێگری بکەم لە ئەمریکا سۆشیالیزم. من سەد هێندە دڵگەرمم مەسیحی و کڵێساکان سەرڕاست بن، بەگوێرەی کێبڕێی پیرۆز بن، دژە کەلتوور بن، وە ڕۆحانی بن لە ئەمریکای سۆشیالیزم، لە ئەمریکای موسڵمان، لە ئەمریکای کۆمۆنیست، لەوەی کە من ڕێگری بکەم لە ئەمریکایەکی موسڵمان یان ئەمریکایەکی کۆمۆنیست. ئەمە من دەخاتە گۆڕەپانێکەوە زۆر جیاوازە لە زۆرێک لە دەنگە گشتییەکان، بانگەوازی سەرەکی من ئەوە نییە کە یارمەتی ئەمریکا بدەم بۆ ئەوەی هەر شتێک بێت، بەڵکو ئەوەیە یارمەتی کڵێسا بدەم کە کڵێسا بێت» وەک «پێگەیەکی پێشکەوتووی ڕیشەیی بۆ شانشینی مەسیح، گرنگ نییە لە چ جۆرە ئەمریکایەکدا بێت یان هەر ولاتێکی دیکە لە جیهاندا. » بەڵام ئەو ڕێبازەکەی ئاسایی ناکاتەوە. «دیسانەوە دەڵێمەوە کە دڵخۆشم -دڵخۆشم، دڵخۆشم، دڵخۆشم- کە ئەو مەسیحییانە هەن کە لە ڕووی سیاسییەوە لە من چاڵاکترن، لە هەوڵدان بۆ داڕشتنی یاسا دادپەروەر و داناکان.»

٣. پەیوەندی بە کاریگەریی ڕاڤەکاری هەیە. «هەست دەکەم کە کاریگەریی گەورەتر و درێژخایەنتر بۆ شکۆمەندی مەسیح و بۆ چاکەی گەلان و بۆ پاکی و بەهێزکردنی کڵێسا لە ڕێگەی بە سیاسیکردنی دەنگمەوە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی سەرنجێکی

زیاتـر و کەسـی و هەمیشـەیی لەسـەر ڕۆحـی مـرۆڤ و چۆنیەتـی گونجانـی لەگـەڵ مەسیح بـە کاریگەرتریـن شـێوە.» قەشـەکان نابێـت هەسـت بـە فشـار بکەن «بـۆ ئەوەی ببنـە شـارەزا لـە هەمـوو پرسـێک کـە ڕووبـەڕووی دەسـەڵاتی یاسـادانانی ناوخۆیـی و ویلایـەت و نیشـتمانی دەبێتـەوە،» بەڵکـو دەبێـت بـاوەڕداران بـە مەسـیح ئامـادە بکـەن (تەنانـەت ئـەو باوەڕدارانـەش کـە لـە سیاسـەتدان) بـە «ڕاڤەکردنـی بەردەوامـی دەقەکانـی کتێبـی پیـرۆز لـە ڕاسـتیدا واتایـان چییـە، لەگـەڵ هـەر پێوەرێکـی بەکارهێنـان قەشـەکان دەتوانـن پێشکەشـی بکـەن.»[a] بـە ڕاسـتی کتێبـی پیـرۆز قسـە بکـە، وە «داوا لـە گەلەکـەت بکـە بـۆ پەیمانـی ڕیشـەیی لەگـەڵ عیسـای پاشـا، بیانخـە سـەر هەوڵـی فێربـوون لـە تـەواوی ژیانیـان، وە متمانـە بـە ڕۆحـی خـودا بکـەن لـە ژیانیـان.»[b]

لەگـەڵ ئەوەشـدا، ڕێـک سـێ سـاڵ پێشـتر، پاپیـەر لـە پەخشـەکەیدا بـە ڕوونـی ڕووبـەڕووی سۆشـیالیزم بـووەوە، لـەدوای پێشـەکییەکی پـڕ لـە پارێزبەنـدی و ڕەتکردنـەوە و گومـان.[c]

لە بەیانیاندا مۆبایل بکوژێنەرەوە

ئێمـە بەیانیـان کاتێـک لـە خـەو هەڵدەسـتین بەبـێ خواسـت یەکسـەر دەسـت بـۆ مۆبایلەکانمان دەبەیـن. بـەڵام ئایـا دەبێـت ئیمـە ئـاوا بکەین؟

هەندێـک وریایـی پێویسـتە. یەکـەم: هەرگیـز بەبـێ بانگەوازمـان لـە خـەو هەڵناسـتین. «ئێمـە کاتێـک بەیانیـان لـە خـەو هەڵدەسـتین دەبێـت بـە هەمـوو دڵ و ڕۆح و دەروون و هێزمـان خودامـان خۆشـبوێت. دەبێـت خۆمـان ئامـادە بکەیـن بـۆ ئـەوەی نزیکەکەمـان خۆشـبوێت و خزمەتـی بکەیـن وەک ئـەوەی خزمەتـی خۆمـان دەکەیـن.» لەگـەڵ ئەوەشـدا، «بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی کـە جـۆن پاپیـەر چەنـدە گوناهبـارە -وە مـن گریمانـەی ئـەوە دەکـەم کـە کەسـانی دیکـەش وەک منـن- زۆر کـەم لـە ئێمـە لـە خـەو هەڵدەسـتین بـۆ ئـەوەی بـە هەمـوو ڕۆحمانـەوە خودامـان خۆشـبوێت و مرۆڤەکانمـان خۆشـبوێت. ئـەم کردەیـە بەلانـی کـەم پێویسـتی بـە دووبـارە سـەرنجدانەوە هەیـە.»

لـەدوای «شـیکاری ڕۆحـی جـۆن پاپیـەر و فریودانەکانـی،» لێـرەدا شـەش کێشـەی دڵ دەخەینـەڕوو کـە هەمومـان پێیانـەوە لـە خـەو هەڵدەسـتین. یەکـەم: سـێ شـیرینی، سـێ لایەنـی سـەرنجڕاکێش کـە یەکسـەر پاڵـمان دەدەن بـۆ مۆبایلەکانمـان. (١) شـیرینی نوێگـەری. ئێمـە دەمانەوێـت بەدەسـتی بهێنیـن. «زۆربەمـان حـەز دەکەیـن یەکـەم کـەس بیـن شـتێک بزانیـن، بـۆ ئـەوەی پێویسـت نـەکات ئـەو هەڵوێسـتە سـادەیەمان هەبێـت کـە شـتێکمان

a ئەڵقەی ١٢٦٣: «بۆچی پاپیەر خۆی لە سیاسەت و شتی باو دەپارێزێت؟» (١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨).
b ئەڵقەی ١٨٠٤: «سیاسەت و نیشتمانپەروەری و مینبەر» (٤ی تەممووزی ٢٠٢٢).
c ئەڵقەی ٧١٠: «مەسیحییەکان دەبێت چۆن بیر لە سۆسیالیزم بکەنەوە؟» (٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥).

پێدەگوترێت کەسانی زیرەک و شارەزا و لێهاتوو پێشتر دەیزانن.» (٢) شیرینی لووتبەرزی. ئێمە دەمانەوێت ببینین کە بینراوین. مۆبایلەکانمان دەکەینەوە بۆ ئەوەی بەدوای ئاگانامە و هاوبەشکردندا بگەڕێین. «لە بارودۆخە کەوتوو و گوناهبارەکەماندا، چێژێکی بێئەندازە هەیە لە گرنگیدان بە لووتبەرزی مرۆڤانەمان. هەندێکمان هێندە لاوازین، هێندە بریندارین، هێندە ناسکین، هێندە نائارامین بە ڕادەیەک هەر باسکردنێکی تەنها بۆ یەک جاریش بێت هەستێکی زۆر خۆشحاڵیمان پێدەدات. وەک ئەوە وایە کەسێک ماچمانی کردبێت.» (٣) شیرینی کات بەسەربردن. ئێمە دەمانەوێت بۆ ساتێک کات بەسەر ببەین. بۆیە تۆڕی کۆمەڵایەتی دەکەینەوە کە دەتوانین «ڕێڕەوێکی بێکۆتایی لە وێنە و ووتە و ڤیدیۆ و چیرۆک و بەستەری سەرنجڕاکێش، نامۆ، سەیر، سەرسوڕهێنەر، سەرسامکەر، جادوویی و نازدار بدۆزینەوە. وە زۆرێک لە ئێمە گەیشتوینەتە ئەو ئاستەی کە نزیکەی ئالوودەیین بۆ شتێکی سەرنجڕاکێش و سەیر و سەمەرە و نائاسایی و سەرسوڕهێنەر.» تەنانەت لە ناو جێگای خەویشدا.

دوور لەم بەڵێنە شیرینانە، سێ هۆکاری دووركەوتنەوە هەیە -سێ پاڵنەر بۆ دوورکەوتنەوە کە پاڵمان دەدەن ڕۆژەکەمان بۆ سی خولەکی دیکە دوابخەین. (٤) دوورکەوتنەوە لە بێزاری. کاتێک ڕۆژەکەی بەردەمان بێزارکەر دەردەکەوێت، دەبینین «هاندەرێکی کەم هەیە بۆ ئەوەی لەناو جێگاکەمان هەڵبستین.» بۆیە پەنا بۆ مۆبایلەکانمان دەبەین بۆ ئەوەی کەلێنێکی دڵمان پڕ بکەینەوە. (٥) دوورکەوتنەوە لە بەرپرسیارێتی. نامانەوێت ڕووبەڕووی ئەو بەرپرسیارێتییە قورسانە ببینەوە کە لە بەردەممانە. ڕەنگە ئێمە لێیان بترسین. ڕەنگە هەست بە ناکارامەیی بکەین بۆ ئەرکەکانی ڕۆژ. هەست بە فشار دەکەین، بۆیە مۆبایلەکە هەڵدەگرین و پەنجەی گەورەمانی لێدەدەین و ڕۆژەکەمان دوادەخەین. (٦) دوورکەوتنەوە لە سەختی. ئێمە بەیانیان ڕوو لە مۆبایلەکانمان دەکەین کاتێک دەمانەوێت ڕۆژەکەمان دوابخەین بەهۆی «ململانێی گەورە خێزانییەکان، یان پرسەکانی نەخۆشی یان کەمئەندامی لە ماڵەوە، یان ئەو هاوڕێیانەی کە لە دژی ئێمەن، یان ئازاری جەستە کە بەهۆی ئازاری زۆر وامان لێدەکات بە زەحمەت بتوانیت لە جێگاکەمان هەڵبستیت. ئاسانترە کەمێک زیاتر لەوێ پاڵ بکەوین، مۆبایلەکەش بۆ هەڵهاتنەکە زیاد دەکات.»[a]

بەڵام چی ئەگەر لە کاتی گەڕان بەدوای شیرینی تازەگەریدا هەواڵێکی ترسناکمان بۆ بێت؟ وە چی ئەگەر لە گەڕان بەدوای شیرینی لووتبەرزیدا، لە خەو هەڵبستیت و لە ئینتەرنێت ببینیت ڕقیان لێت بێتەوە؟ وە چی ئەگەر لە کاتی شیرینی کات بەسەربردن، لەبری ئەوەی ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتیت ببیتەوە، دەستبەجێ «بزانیت، لە کۆتایی ئەو

a ئەڵقەی ٦٣٦: «بۆچی بەیانیان مۆبایلەکەت نەپشکنیت» (٩ی تەممووزی ٢٠١٥).

پێنج خولەکەی دووركەوتنەوەدا، لە ڕووی ڕۆحی و ڕەوشتی و سۆزدارییەوە لە پێشوو کەمتر توانای ڕوبەڕووبوونەوەی واقیعت هەیە لە ڕۆژەکەدا؟» پاشان چی؟

ڕێگەیەکی باشتر هەیە بۆ دەستپێکردنی ڕۆژەکەمان. دەتوانین بڕیار بدەین کە کتێبی پیرۆزی دەنگی یەکەم شت بێت کە بەیانیان دایدەگیرسێنین. «ئەوەی ئێمە لە ڕۆتینی بەیانیاندا دەمانەوێت ئەوەیە پڕبین لە ڕۆحی پیرۆز. ئێمە شتێکمان دەوێت کە دڵگەرمیمان پێ ببەخشێت بۆ شکۆمەندی مەسیح لە کارەکانی ئەو ڕۆژە. ئێمە دەمانەوێت بەهێزتر بین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر شتێک کە ئەو ڕۆژە بەدوای خۆیدا بهێنێت. ئێمە شتێکمان دەوێت کە بوێرییەکی خۆش و خواستمان پێبدات بۆ ئەوەی کەسانی دیکە باشتر لە خۆمان ببینین، شتێک کە یارمەتیدەرمان بێت بۆ ئەوەی بەدوای شکۆمەندی ڕاستەقینەدا بگەڕێین بە بوون بە خزمەتکاری هەموان، هەروەک ئەوەی عیسا فەرمووی (مەرقۆس ٩: ٣٥). ئەمە خشتەی ڕاستەقینەی کارەکانی بەیانییانە.» بەیانییان لە خەو هەڵدەستین پەرۆشی ئەوەین خودا کار بکات (زەبووری ٥: ٣؛ ٩٠: ١٤؛ ١٤٣: ٨)، وە پێویستە دەستبەجێ ڕوو لە وشەکانی بکەین. بەڵام دەبێت ئەمە پلانی بۆ دابندرێت. یەکەم بڕیاری بەیانی دەبێت شەوی پێشتر بدرێت.[a]

چۆنیەتی ڕزگاربوون لە ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت

کەسێکی ئالوودەبووی ئینتەرنێت، گەنجێکە کە ئالوودەی بابەتی بەدڕەوشتی یان ئەتاری نەبووە، بەڵکو ئالوودەی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی مەسیحی تۆکمە بووە. خودی ناوەڕۆکەکە چاکە، هەرچەندە ڕێگری لە پەیوەندییەکانی دەکات و لە پێویستییەکانی کەسانی دیکەدا بەلاڕێیدا دەیبات. نووسیویەتی چۆن چارەسەری زیادەڕۆیی بکەین لە بەکارهێنانی بەخشێکی باش؟

یەکەم: «ئالوودەبوون» دەستەواژەیەکە کە پێویستە کەمتر بەکاری بهێنین. لەم حاڵەتەدا، یارمەتیدەرتر دەبێت ئەگەر بڵێین، «تویتەر، فەیسبووک، بلۆگەکان، هەواڵەکان (یان هەر شتێکی دیکە) بە زیادەڕەوییەکی گوناهبار دەخوێنمەوە.» چونکە ئێستا دەتوانین بە ڕوونتر ببینین «چرپییەکی ئارەزوو کە لە ڕێژە دەرچووە، ڕەنگە بە شێوەیەکی گوناهبار، لەگەڵ بەهای ئەو کارەی کە دەیکەم و بەهای ئەو شتانەی دیکە کە ڕەنگە نەیکەم.» بە داڕشتنەوەی ئەوەی «نەگونجاوی گوناهبار لە ئارەزوو»، کێشەی ڕەوشتی بە ڕوونی دەردەکەوێت -«خۆبەدەستەوەدان بۆ چرپییەکی ئارەزوو پێچەوانەی باشترین حوکمدانەکانمە.» لەم حاڵەتەدا، «ئاماژە دەکرێت بۆ کێشەی زێدەڕۆیی لە گوناە. ئاماژە دەکرێت بۆ کێشەی نەگونجانی ئارەزوو. ئاماژە دەکرێت بە کێشەی دژایەتی باشترین

a ئەڵقەی ٦٣٧: «بەیانییەکانتان بەفیڕۆ مەدەن» (١٠ی تەممووزی ٢٠١٥).

خوکمدانمـان. دەسـتەواژەی ئالـووەدە بەکارنایـەت، کـە لـە دەسـتەواژەیەکی چارەسـەری یـان پزیشـکی دەچێـت، کـەوا بـە شـێوەیەکی نـاڕوون هەمـوو ئـەم گوناهـە تایبەتانـە دەگرێتـەوە.»

کەواتـە، دیسـانەوە، ئێمـە بـاس لـە ناوەڕۆکـی بـاش دەکەیـن کـە بـە زیادەڕۆیـی بەکاردەهێنرێت (نـەک ناچاریيەکـی گوناهبـار لـە بنەڕەتـدا). پرسـیارەکە ئـەوە نییـە، ئایـا ئەمـە هەڵەیـە؟ پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایـا هەڵەیـە هێنـدە زۆر لـەم کارانـە بکەیـن؟ «بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ژیانێکـی دڵخۆشـکەری خـودا، ژیانێکـی بـاوەڕ و پـڕ لـە خۆشەویسـتی و پیـرۆزی، ژیانێکـە تەنهـا دوورکەوتنـەوە نییـە لـە کارە خراپـەکان و ئەنجامدانـی کارە باشـەکان، بەڵکـو ژیانێکـە کـە کاری چاکـە بـە پاڵنـەرە باشـەکان دەکات، لەگـەڵ شـتە باشـەکانی دیکـەدا دەگونجێـت.»

چـوار وەڵام. (١) لـە کتێبـی پیـرۆزدا خـۆت نوقـم بکـە تاوەکـو «گونجانـی ئاشـکراکراوی خـودا دەبێتـە غەریـزە» لـە داڕشـتنی چۆنیەتـی بڕیـاردان لەسـەر ئـەوەی چ خووێـک یارمەتیـدەرە و چ خوویـەک ڕێگـری لـە گوێڕایەڵیـت دەکات. (٢) نوێـژ بـۆ خـودا بکـە کـە نیشـانت بـدات لـە کـۆی کاتـت بەفیـڕۆ دەدەیـت و ناتوانیـت ببینیـت. (٣) هـەوڵ بـدە «چـڕی ئارەزووەکانـت هاوسـەنگ بکەیـت لەگـەڵ جۆراوجـۆری ئـەو شـتە باشـانەی کـە خـودا پێـمان دەدات بیکەیـن -پەیوەندییـەکان لـە ماڵـەوە و شـوێنی کار و کڵێسـا و هەروەهـا هەمـوو ئـەم شـتە باشـانەی دیکـە کـە لـە ڕێگـەی خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆزەوە دەیدۆزینـەوە و ئەنجامـی دەدەیـن.» (٤) خـۆت بـە هاوڕێـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح دەورە بـدە کـە یارمەتیـت بـدەن بـۆ ئـەوەی بزانیـت کـەی هاوسـەنگیت لەدەسـت دەدەیـت.[a]

کاتێک لەگەڵ کەسانی دیکەیت، مۆبایلەکەت دابنێ

ژنێـک بێـزارە لـەوەی مێردەکـەی زۆربـەی کاتـی ژەمـەکان بـە تەلەفۆنەکـەی بەسـەر دەبـات، وە هەتـا ڕادەیەکـی زۆر پشـتگوێی دەخـات.

لێـرەدا پێنـج هـۆکار دەخەینـەڕوو کـە پێویسـتە مێـرد لـە کاتـی نانخواردنـی ئێـوارەدا مۆبایلەکەی دابنێـت. (١) ژنەکـەت هاومیراتگـری ژیانـی هەتاهەتاییتـە، وە بـە پشتگوێخسـتن ڕێـزی لێناگیرێـت (یەکـەم پەتـرۆس ٣: ٧). (٢) ڕوخسـارت نوێنەرایەتـی سـەرنجی خۆشەویسـتیت دەکات. خـودا سـەرنجی لەسـەرمانە (سـەرژمێری ٦: ٢٤-٢٦). وە ئێمەیـش دەتوانیـن سـەرنجیمان بخەینـە سـەر

---

a ئەڵقـەی ٦٥٧: «چـۆن لـە نێـوان دوو شـتی باشـدا یەکێکیـان هەڵبژێـرم؟» (٧ی ئابـی ٢٠١٥). سـەبارەت بـە گۆڕینـی زاراوەی "ئالوودەبـوون" بـۆ "زێدەڕۆیـی لـە گونـاە"، بڕوانـە ئەڵقـەی ٥٣٠: «نرخـی ڕاسـتەقینەی فلمـی بەدرەوشـتی» (١١ی شـوباتی ٢٠١٥) (لەبـارەی ئالوودەبـوون بـە بەدڕەوشـتی)، ئەڵقـەی ٦٥٧: «چـۆن لـە نێوان دوو شـتی باشـدا یەکێکیان هەڵبژێـرم؟» (٧ی ئابـی ٢٠١٥) (دەربـارەی ئالوودەبـوون بـە میدیـای دیجیتاڵـی و مۆبایلـی زیـرەک)، ئەڵقـەی ١٣١٤: «چـۆن لـە ئالوودەبوونـم لـە کات بەسـەربردن ڕزگاربـم؟» (١٨ی شـوباتی ٢٠١٩) (دەربـارەی ئالوودەبـوون بـە ئەتـاری)، وە ئەڵقـەی ١٧٠٢: «دەربـارەی جگـەرە کێشـان و ڤەیـپ و نیکۆتیـن» (٨ی تشرینـی دووەمـی ٢٠٢١) (دەربـارەی ئالوودەبـوون بـە نیکۆتیـن و ڤەیـپ).

خۆشویستنی کەسانی دیکە. شانازییەکی زۆرە کە بزانین «خودا چاوی لەسەر ئایفۆنەکەی لادەدات و بە ڕەزامەندییەوە تەماشای ئێمە دەکات. ئەو زیاتر گرنگی بە شتێکی دیکە نادات.» (٣) وەک مەسیح، بەدوای بەرژەوەندی کەسانی دیکەدا بگەڕێ (فیلیپی ٢: ٣-٤). ئاگاداری بەرژەوەندییەکانی خۆت بە (شاشەکە کار دەکات). وە گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی هاوسەرەکەت بدە (شاشەکە بکوژێنەوە). (٤) لەسەر بنەمای هەستەکانت ڕەفتار مەکە؛ بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوەی دەبێت هەستی پێ بکەیت مامەڵە بکە (مەرقۆس ٨: ٣٤). ڕەنگە ناتەبایی لە ماڵدا هەبێت کە هۆکارە بۆ بێباکی. لەسەر بنەمای ئەم کارە مامەڵە مەکەن؛ لەبری ئەوە «بەو شێوەیە مامەڵە بکە کە دەبێت هەستی پێ بکەیت.» (٥) وەک مەسیح، بووکەکەی خۆت خۆشبوێت (ئەفەسۆس ٥: ٢٥). «تۆ داوات لێکراوە بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ بکەیت نەک بەو شێوەیەی کە شایەنیەتی، بەڵکو بەو شێوەیەی کە نیشانی دەدات چۆن مەسیح کڵێساکەی خۆشدەوێت.» خۆت بمرێنە بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات، چونکە «هەر مێردێک ژنەکەی پشتگوێ بخات و لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا نوقم بێت، ژنەکەشی تامەزرۆی سەرنج و پەیوەندی ئەو بێت، ئەمە دەبێتە ناڕەزایی پەروەردگار و لە گوناهدا دەڕوات.»

ژن چۆن دەتوانێت کاردانەوەی هەبێت؟ دەکرێت شەش کردار لەبەرچاو بگرێت، کە بەندە بە بارودۆخی ڕۆحی ئەو. (١) لە کاتێکی گونجاودا چارەسەری نیگەرانییەکە بکە، مەرج نییە لە هەمان کاتدا. (٢) تۆمەتباری مەکە. بەڵکو پێی بڵێ چیت لێ لەدەست دەچێت، دەرفەتێکی لەدەستچوو. (٣) پێی بڵێ کە زۆر حەزت لە قسەکردنە پێکەوە لەسەر مێزی ژەمی ئێوارە. (٤) لە بازنەی هاوڕێ مەسیحییەکانت داوا بکە لەپێناوتان نوێژ بکەن. (٥) ئەگەر هەموو ئەمانە بووە هۆی بەرزبوونەوەی گرژی لە ژیانی هاوسەرگیریدا، ئەوا ژن و مێردێکی دیکە بانگهێشت بکەن بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەن. (٦) لە هەموو شتێکدا، هەوڵبدە «بە باڵاترین ئاستی ڕێز و یارمەتیدەرییەوە بەدەستی بهێنیت» بۆ ئەوەی دڵی بەرامبەرت ڕەق نەبێت. نوێژ بکە. وە بەدوای ئەوەدا بگەڕێ کە بیری مەسیح لە هاوسەرگیرییەکەتاندا سەربکەوێت.[a]

ڕزگاربوون لە مۆبایلی زیرەک

گوێگرێک پرسیارێکی کاریگەری کرد: ئایا دەکرێت مۆبایلە ئایفۆنەکەم هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا لە مەسیح دوور بکەومەوە؟

چیرۆکی دیماس لە پەیمانی نوێدا هۆشدارییەکی تونده بۆ هەموومان. هاوکاری پۆڵسی نێردراو بوو، بەڵام پیاوێک بوو کە لە کۆتاییدا ئەم جیهانەی ئێستای خۆشویست (دووەم تیمۆساوس ٤: ١٠). لە ڕاستیدا «جیهان دیماسی لەناو نەبردووە؛ بەڵکو خۆشەویستییەکەی

a ئەڵقەی ٦٣٣: «مۆبایلەکانتان لەسەر مێزی نانخواردن دابنێن» (٦ی تەممووزی ٢٠١٥).

بۆ جیهان دیماسی لەناوبردووە، وا دیارە.» بەم شێوەیە «مۆبایلی ئایفۆن هاوسەرگیرییەک یان دایکێک یان ڕۆحێک لەناو نابات. بەڵام ئەو خۆشەویستییەی بۆ مۆبایلەکە هەیە ئەمە دەکات.» کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم مەترسییە، عیسا دەڵێت ئەگەر چاوت بووە هۆی گوناهکردنت، دەریبهێنە (مەتا ٥: ٢٩). گەرانەوە لە مۆبایلێکی زیرەکەوە بۆ مۆبایلێکی کۆنی فلیپ مەترسی کەمترە لە دەرهێنانی چاو. بەڵام ئامادەبن «هەنگاوی ڕیشەیی لە دژی شتێک بنێن بەرەو شتێک کە لە بنەڕەتدا بێلایەنە یان باشە بۆ ئەوەی بەرەنگاریی ئەو شتە ببینەوە کە لە دڵماندا خراپە.»

جەنگی ئێمە لەپێناو پاکی کەسیمان لە دوو بەرەی ناوخۆیی و دەرەکیدا بەڕێوە دەچێت. «ئێمە لە بەرەی ناوەوەی دڵ دەجەنگین -بەرەی دڵ بۆ ئەوەی تەواو لە عیسا ڕەزامەند بین- بۆ ئەوەی زۆر بە ڕوونی ببینین و زۆر بە ئازیزییەوە خۆشمان بوێت و زۆر نزیک شوێنی بکەوین -کە هیچ شتێک، تەنانەت مۆبایلی زیرەکیش نەتوانێت جڵەوگیرمان بکات.» ئەمە «بەرەی سەرەکیی جەنگەکەیە.» کەواتە «زیاتر عیسات خۆشبوێت، ئینجا نابێتە کۆیلەی مۆبایلە زیرەکەکەت.» بەڵام لە لایەکی دیکەوە، «ئێمە لە بەرەی دەرەوەشدا دەجەنگین بۆ ئەوەی بەربەستەکانی باوەڕمان لابەین یان خۆمان بەدوور بگرین» (ڕۆما ١٣: ١٤). ئالوودەبوونی ماددە هۆشبەرەکان نازی دەرزی هەڵناگرن. ئالوودەبوونی مەی کۆگای براندی دروست ناکەن. هەوەسبازە سێکسییەکان پارێزبەندی لەسەر کۆمپیوتەرەکانیان دادەنێن. وە ئەو کەسانەی کە خەریکی مۆبایلی زیرەکن کە ژیانی خۆیان بەفیڕودەدەن یان پارە بەفیڕۆ دەدەن یان بێزار و تورە و بێ تاقەت دەبن ڕەنگە بگەڕێنەوە بۆ مۆبایلێکی ئاسایی کۆن. ئەمە شتێکی پێچەوانەی کتێبی پیرۆز نییە. ئەمە تووندڕەوی نییە. ئەمە داناییە. ئەمەش شەڕکردنە لە هەموو بەرەکان بۆ پیرۆزی بە هێزی ڕۆحی پیرۆز، لەپێناو دڵ، لەپێناو پەروەردگار، لەپێناو خێزان.»

پارێزگاری لە شێوازی بەکارهێنانی ئامێری دیجیتاڵی خۆت بکە هەتا بتوانیت ژیانت پڕ بکەیت لە مەسیحی زیاتر. «ڕزگاربوون لە کاریگەرییە خراپەکان لەخۆیدا نابێتە هۆی ئەوەی کەس مەسیحی خۆشبوێت، ئازادی ڕاستەقینە لە کۆیلایەتی تەکنەلۆژیا لە بنەڕەتدا لە فرێدانییەوە نایەت، بەڵکو لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکەوە دێت بە شکۆمەندییەکانی عیسا، کە هەوڵ دەدەیت بە چێژەکانی مۆبایلی زیرەک پڕی بکەیتەوە. لەگەڵ چێژە فریودەرەکانی مۆبایل و زوو تێپەڕەکان بجەنگە بە چێژە ڕاستەقینە بەردەوامەکان بۆ ناسینی مەسیح و چاودێری ئەو.»[a]

---

a ئەڵقەی ٦٧٠: «کەی پێویستە لە مۆبایلە زیرەکەکەم ڕزگارم بێت؟» (٢٥ی ئابی ٢٠١٥). سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی چێژ بە چێژ (ئاکا، هێزی دەرکردنی سۆزێکی نوێ) بڕوانە ئەڵقەی ٨٥٠: «ئایا چێژ لە خودا بەڕاستی دەتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ چێژەکانی بەدڕەوشتی بکات؟» (٣ی ئایاری ٢٠١٦).

ڕۆژووگرتن لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی

ڕێکخستنێکی دیکەی یارمەتیدەر لە ژیانی مەسیحیدا بریتییە لە ڕۆژووگرتن لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەیت، «ماوەیەک هەڵبژێرە، بۆ نموونە هەفتەیەک -یان وەک ئەوەی دوو ساڵ لەمەوبەر کردم، هەشت مانگ بەبێ تویتەر و هیچ بلۆگێک- وە ببینە چی بەسەر ڕۆحتدا دێت، ئایا ئالوودە بوویت بۆ ناوبانگ، چاودێری، خوێندرابیتەوە یان نا. بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە فەیسبووک یان تویتەر پۆست مەکە یان مەخوێنەرەوە. ئەمە ڕۆژووی تویتەر یان بلۆگکردنە.»[a]

ئایا سەرنج (کۆمێنت) دەخوێنیتەوە؟

«هەندێک جار ئەمە دەکەم و بە یارمەتیدەری نازانم، چونکە بۆ هەر کەسێک کە دەڵێت "سوپاس، یارمەتیدەرێکی گەورە بوو،" کەسێکی دیکە وشەی ناشیرینی پێگوتووم.» بۆیە «پێموانییە بتوانم هێندە تەماشای سەرنجەکان بکەم بۆ ئەوەی دەرئەنجامێکی دروستی لێ وەربگرم. بۆ ئەوەی بڵێم، ناچار دەبم لێکۆڵینەوەیەکی قوواڵ بکەم و بڵێم: "باشە، لەسەدا ٧٠ی خەڵکەکە گوتوویانە کە یارمەتییان وەرگرتووە، وە لەسەدا ٣٠ پێیانوابوو کە تەنها شتێکی پووچە." تەنانەت ئەو کاتەش ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت، یان ڕەنگە ڕاست نەبێت.» باشترە وەڵامە گشتییەکان هەڵبسەنگێنیت، وەرگرتنی سەرنجی هاوڕێکانت و نوێژکردن لەپێناو هەموو پۆستێک.[b]

دواین تویتەکەی جۆن پایپەر

لە سەردەمی تویتە کورتەکەی ١٤٠ پیت (٢٠٠٦-٢٠١٧)، جۆن پایپەر چی بڵاو کردەوە وەک بەردی بناغە و دواین تویتی بۆ جیهان؟ ئەمە بوو: «عیسا، کوڕی خودا، لە جێی گوناهباران مرد و هەستایەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی زۆر خۆشیان دەوێت هەموویان ببەخشرێن، شادی هەمیشەییان لە خودادا هەبێت.» ئەم ڕستەیە لە قسە پوختەکەی پۆڵسەوە وەرگیراوە کە دەڵێت «یەکەمین و گرنگترینە» (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣-٤).

تویتێکی ئینجیلییە سەبارەت بەوەی گرنگترین شت چییە. «پێموایە مشتومڕاویترین شت لە ڕستەکەمدا ئەوەیە کە گوتم سوودمەندانی ئەم مردنە "هەموو ئەوانەی زۆر خۆشیاندەوێت" نەک بڵێم "هەموو ئەوانەی متمانەیان پێی هەیە" یان، "هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە". وە بە دڵنیاییەوە مەبەستم ئەوە نییە کە ئەمە وەک ڕێگایەکی دابنێم دەبێت هەمووان هەمیشە ئینجیل بخەنەڕوو. ڕەنگە هەڵە بم لە هەڵبژاردنی جەختکردنەوە

a ئەڵقەی ٦٢: «ڕۆژوو لە تویتەر و فەیسبووکەوە» (٤ی نیسانی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ٦٢: «ڕۆژوو لە تویتەر و فەیسبووکەوە» (٤ی نیسانی ٢٠١٣).

لەسەر خۆشویستنی زۆری مەسیح لەبری ئەوەی باوەڕ بە مەسیح.» بێ مشتومڕ، هەست و سۆز بۆ ژیانی ڕاستەقینەی مەسیحی بنەڕەتین. چونکە «بە لەبەرچاوگرتنی دوو هەزار ساڵ مێژووی کڵێسا و ملیۆنان و ملیۆنان کەسی مەسیحی کە هەر بە ناو مەسیحین کەوا دەڵێن؛ باوەڕیان پێی هەیە و تەنانەت بچووکترین گۆڕانی دڵیان ئەزموون نەکردووە، یان بچووکترین گۆڕانکاری لە ژیانیاندا نەبووە کە لەناوچوون، ویستم جەخت لەسەر پێویستی ئەو جۆرە باوەڕە بکەمەوە کە بەڕاستی مرۆڤەکان لە ئاستی قوواڵترین سۆزماندا دەگۆڕێت -بۆ ئەوەی مەسیح گەنجینەی باڵامان بێت، نەک تەنها بلیتێکی باوەڕ بۆ دەرچوون لە دۆزەخ، کە ئەمە زۆر کەس دەگرێتەوە کە پێیان وایە باوەڕیان هەیە.»[a]

a ئەڵقەی ١٠٢٦: «دواییـن شـت چییـە کـە تویتـی دەکەیـت؟» (١٠ی نیسـانی ٢٠١٧). لـەدوای پێنـج سـاڵ بەهانەکانـی خـۆی بڵاوکـردەوە دەربـارەی چوارچێـوەی ڕاستودروسـتی بـە بـاوەڕ لـە کتێبـی جـۆن پایپـەر، بـە نـاوی «بـاوەڕی ڕزگارکـەر چییە؟»: ڕامانـەکان لەسـەر وەرگرتنـی مەسـیح وەک گەنجینـە (ویتـۆن، ئـای ئێـڵ: کرۆسـوەی، ٢٠٢٢).

زۆر بە ئاسانی بێزاری

شاشەی مۆبایل لە گیرفانماندا پڕە لە «ڕێڕەوێکی بێکۆتایی لە وێنە، قسە، ڤیدیۆ، چیرۆک و بەستەری سەرنجڕاکێش، سەیر و سەمەرە، سەرسوڕهێنەر، شۆککەر، جادوویی، نازدار- وە زۆرێک لە ئێمە گەیشتوینەتە ئەو ئاستەی کە نزیکەی ئالوودە بووین بۆ پێویستی شتێکی سەرنجڕاکێش و سەیر و نائاسایی و سەرسوڕهێنەر.»[a]

ئەم شێوازە پێش مۆبایلی زیرەک ڕاست بوو. نەوەکان بۆ دۆزینەوەی شکۆمەندی ڕوویان لە نمایشە ڕووناککراوەکان کردووە، چونکە دڵی مرۆڤی کەوتوو بە خێرایی بێزار دەبێت لە شکۆمەندییە ئاشکراکراوەکانی خودا لە بەدیهێناندا. «ئێمە دەچینە بەرزاییەکانی ئەلب، بۆ یەکەمجار دەیانبینین و بێدەنگ دەبین، کۆخێکی بچووک لە دامێنی شاخەکاندا بە کرێ دەگرین و بۆ ماوەی سێ بەیانی سەرسام دەبین. وە بەیانی چوارەم تەماشای تەلەفزیۆن دەکەین.» ئەمەش دەرئەنجامی کەوتنە. «ئایا ئەوە شتێکی نایاب نابێت کەوا لە سەردەمی داهاتوودا هەرگیز لە هیچ شتێک بێزار نابین؟» بەڵام ئێستا پێویستمان بە هێزی گەشەکردووی خەیاڵ هەیە، «نەک تەنها بیر لەو شتانە بکەینەوە کە نین، بەڵکو تەماشای ئەو شتانە بکەین کە هەن و بەو شێوەیە بیانبینین کە هەن.»[b]

جیهان پێویستی بەوەیە کە تۆ گونجاو نەبیت

هەتا زیاتر لە ژیانی هەتاهەتایی نزیک ببینەوە جێگرەوەکانی شکۆمەندی تەلەفزیۆن دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدات. «دەمەوێت بانگهێشتی هەموو مەسیحییەکان بکەم بۆ ئەوەی بێنە پاڵم بۆ پاکی زیاتری دڵ و ئەقڵ. لە سەردەمی ئێمەدا، لە سەردەمی ئێمەدا، کاتێک میدیای کات بەسەربردن بە شێوەیەک زمانێکی هاوبەشی جیهانە، ئەمە بانگهێشتێکە بۆ ئەوەی بێگانە بین. وە بە هەموو دڵمەوە باوەڕم وایە کە ئەوەی جیهان پێویستی پێیەتی، بە شێوەیەکی ڕیشەیی بوێریە، بە شێوەیەکی قوربانیدەر، پەرۆشی بۆ خودایە. بە دەربڕینێکی دیکە، بانگهێشتتان دەکەم بۆ ئەوەی لەپێناو بەرژەوەندی جیهان بە جیهان بڵێین نا. جیهان پێویستی بە کۆپییەکی جوانتر و چێژبەخشتر و شارەزای کەلتووری و ناپەیوەندیدارتری لە خۆی نییە. ئەوە فێڵێکە کە هەزاران گەنجی مەسیحی پێ هەڵخەڵەتێنراوە.» تۆ بە دونیایی بوون ناگەیتە دونیا.

---

a ئەڵقەی ٦٣٦: «بۆچی بەیانیان مۆبایلەکەت نەپشکنیت» (٩ی تەممووزی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ١٩٥: «چۆن خەیاڵت یارمەتیت دەدات بۆ بینین؟» (١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).

نمایش و فیلمە بەناوبانگەکان «هانەدەرن» بە «ستایش و شکۆداری ئەو هەڵوێستە و کردارانەی کە بە تەواوی لەگەڵ مردنی خود و شکۆداری مەسیح پێچەوانەیە.» ئەوەی کە بەردەوام مەسیحییەکان هاندەدات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆی «ئەو ترسەیە کە ئەگەر مەسیحیەکان وشەی خودایان وەرگرتبێت و بەو جۆرە گرنگە پیرۆزیان کردبێت کە من دەیڵێم، دەبووا واز بهێنن لە بینینی زۆرێک لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و فیلم. وەکو شتێکی نامۆ سەیر بکرێن. وە ئەمەش، ئەمڕۆ، خراپترین خراپەیە. وەک کەسێکی نامۆ سەیر بکرێت، خراپەیەکی زۆر گەورەترە لەوەی کە ناپیرۆز بن.»[a]

چۆن بەسەر ژیانی بێ بایەخدا زاڵ بم؟

ڕووکەشبوون «پەتا»یەکی کەلتوورییە، «لەدەستدانی کارەساتبارانەی سەرنج و سەرسوڕمانە» بۆ جوانی و شکۆمەندی بەدیهێنراوان، وەک خۆمان -هەڵگرانی وێنەی خودایین (پەیدابوون ١: ٢٦-٢٧). شکۆمەندی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە «پڕین لە توانا بۆ ناسینی خودا، وە زانینی شتەکان بەو شێوەیەی کە خودا دەیانناسێت، وە هەست بەو سۆزانە بکەین کە خودا لە دڵی خۆیدا هەیەتی.» بەڵام ئێمە گوناهمان کرد، بووین بە «وێرانەی شکۆمەندەکان،» ئەوەندە تواناکانمان کەم بوو کە «ئێمە هێندە بە ئاسانی لە ڕاستیی شکۆمەند بێزار دەبین. دەچین بۆ سەردانی بەرزاییە جوانەکانی ڕۆکی، یان ئەلب، یان هیمالایا، وە بۆ ماوەی یەک دوو ڕۆژ، زۆر سەرسام دەبین. لە کۆتایی هەفتەکەدا، لە کۆخەکەماندا لەسەر لووتکەی شاخ لەبەردەم تەلەفزیۆنەکە دادەنیشین، تەماشای هەوڵە سینەماییە مرۆڤانەکان دەکەین بۆ دروستکردنی سەرسامی. ئێمە ئاوایین. ئەمە کارەساتبارە. ئەوە کاریگەرییە گەورە و کارەساتبارەکەی کەوتنە: ڕووکەشی لە جیهانێکی سەرسوڕهێنەردا، بێزارییەکی ئاسان، خۆشویستنی شتێک بۆ دوو جار و سێ جار دووبارەکردنەوە، وە پاشان، «ئۆی، هەم.»

ئێمە توانای خۆمان بە شکۆمەندی دەگۆڕینەوە بۆ بەکارهێنانی جێگرەوەی بێ بایەخ. کەواتە چۆن لە تەڵەی بێ بایەخی ڕزگارمان دەبێت؟ پێنج وەڵامی کرداری. (١) تۆبەکردن. دان بەو هەموو گوناهەکاندا بنێ کە تۆی گەیاندووەتە ئێرە. «هاوار بکە بۆ خودا بۆ یارمەتی کە لە خەوی بەتاڵی و بێمانایی و بێزاری هەڵتبستێنێت، لە هەوڵە بێکۆتاکان بۆ ئەوەی لە جەستەدا وروژێنەر بیت لە کاتێکدا ڕۆح خەریکی خەوە و لە برسییەتییەکی گەورەدایە.» (٢) بەشداریکردن. «خۆت بخەرە سەر هەوڵێکی هۆشیارانە بۆ گوێڕایەڵی پلانی خودا بۆ گەشەپێدانی ئەقڵێکی ڕۆحی کە بە تەواوی ئاگادار بێت لە شکۆمەندییەکانی خودا، لە جیهاندا دەرەوشاوە بێت، لە وشەی خودا دەرەوشاوە بێت.» ئەرکی پۆڵس لە کۆلۆسی ٣: ١-٣ وەک «ئاراستەکردنێک» وەربگرە. سەرنجت لەسەر شکۆمەندیی هەتاهەتایی

a ئەڵقەی ٣٦٨: «ئایا مەسیحییەکان دەبێت تەماشای یاری تاج و تەخت بکەن؟» (٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤).

بێت. سەرنجت لەسەر ئەوە بێت کە نایابترە، «لەسەر ئەو شتانەی کە شایستەن و توانای قوواڵکردنەوە و بەهێزکردن و پاککردنەوەی ڕۆحمانیان هەیە» (فیلیپی ٤: ٨). (٣) کڵێسایەکی ناوخۆیی بدۆزەرەوە، «کە بانگەوازکەی ڕژدە بۆ خوێنی مەسیح، کە گرنگی بە خۆشیی خودا دەدات، نەک بە ئاسانی تێپەڕێنێت، جێگایەک کە سەرسوڕهێنەرەکانی وشەی خودا دیاری بکات.» (٤) هاوڕێیانێک بدۆزەرەوە کە بیریان لەسەر ژیانی هەتاهەتایی بێت (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٥). «ڕووکەشیی نەخۆشییەکی زۆر زۆر زۆر درمە. ئەگەر تەنها لەگەڵ کەسانی ڕووکەش تێکەڵ بیت، بە دڵنیاییەوە دەبیتە کەسێکی ڕووکەش. ئەگەر تەنها تێکەڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی و بەرنامە تەلەفزیۆنییە ڕووکەشەکان بیت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبیتە کەسێکی ڕووکەش.» (٥) بەرهەمی نووسەرە گەورەکانی پیوریتان[a] بخوێنەرەوە کە کتێبەکانیان «جیاوازە لە هەر شتێک کە لە سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمدا دەیدۆزیتەوە، چونکە زۆر ناڕووکەشن، نا گەمژانەن، نائاسایین، مرۆڤ تەوەری باسەکانیان نییە.»[b]

کاتێک شتە بێ بایەخە کەلتوورییەکان زۆر دەبن، شکۆمەندییە سەروەرییەکان ڕۆحمان سەقامگیر دەکەن. «بە درێژایی ساڵان هەستم کردووە کە گەورەترین مەترسی لەسەر ڕۆحم ناپاکی نییە لە هاوسەرەکەم، یان گەندەڵی لە هەندێک پارەی خزمەت، یان تەنانەت لەناکاو وازهێنانم لە باوەڕم و بوون بە داکۆکیکار لە بێباوەڕی، یان بەهۆی هەندێک تووڕەیی ترسناک و کوشتنی کەسێک. بەڵای منەوە هیچ کام لەم شتانە نەبووەتە هەڕەشە بۆ ڕۆحم بەقەد کاریگەری بێبایەخی -لەدەستدانی توانای هەستکردن بە گەورەیی، جوانی، شکۆمەندی، قووڵی، سەرسوڕمان، سەرسامی، ڕێزگرتن و قورسایی. ترسم ئەوە نەبووە کە بە هۆی هەندێک گوناهی ترسناک و گەورەوە کەشتی ژیانم نوقم بکەم، بەڵکو ترسم لەوە بووە لە ڕێگەی دڵۆپە بەردەوامەکەی گەمژەییەوە کەشتی ژیانم نقووم بێت. دەبێت «پەیوەندیمان هەبێت» لەگەڵ «گەورەترین ڕاستییەکانی گەردوون». وە ئەمەش بە واتای بینین و تامکردن و دەست پێوەگرتن و بەهادان بە «چاودێری گشتگیری خودا» کەوا بەسەر هەموو شتێکەوەیە. بە بەئاگاهاتنی دڵمان، چاودێری خودایی «بە شێوەیەکی گەورە بەشداڕە لە پاراستنمان لە بێ بایەخییەکانی کەلتووری هاوچەرخ و لە خووی بەربڵاوی بچووککردنەوەی شتە گەورەکان، تەنانەت شتە خوداییەکانیش.» (١) چاودێری خودایی ڕۆحمان دەپارێزێت لە بێ بایەخی. «من لە ناخمەوە دەترسم، دڵم بچووک ببێتەوە هەتا ئەو ئاستەی کە تواناکانی دڵم بۆ بەختەوەری تەنها لە زەنگی گەمژانەی تەلەفزیۆن و گاڵتەجاڕییە پووچەکان بێت، ئەمەیە کە لێی دەترسم. لە ژیانمدا، بینین و تامکردنی

a کۆمەڵێکی پرۆتستانتی چاکسازیخواز بوون، لە سەدەی ١٦ و ١٧ لە ئینگلتەرا دەرکەوتن، هەوڵیان دەدا بۆ پاککردنەوەی کڵێسای ئینگلیزی لە پاشماوەکانی ڕێوڕەسمی کاتۆلیکی -وەرگێڕ.

b ئەڵقەی ١٠٣٣: «سێ پلان بۆ زاڵبوون بەسەر ژیانی ڕووکەش» (٢٦ی نیسانی ٢٠١٧).

چاودێری گشتگیری خودایە کە منی لە بچووکبوونەوەی ڕۆحم پاراستووە.» (٢) چاودێری خودا دەمانپارێزێت لە خلیسکان بۆ ناو «بێ بەهایی، بێ بایەخی، گەمژەیی، ڕووکەشی و ئالوودەبوونێکی ترسناک بە چەواشەکاری و گۆڕاوی» کە «کڵێسا و زۆربەی پەیوەندییە مەسیحییەکانی گرتۆتەوە.» چاودێری خودایی لەخۆ بگرە، وە واز لە ژیانی بێ بایەخ بهێنە.[a]

ئایا پێویستە خۆمان «بارگاوی بکەینەوە» یان بە کات بەسەربردن خۆمان چارەسەر بکەین؟

دەبێت خۆمان بارگاوی بکەینەوە. «ئەقڵ -ئەقڵی جۆن پایپەر، بەهەر حاڵ- ناتواندرێت هەمیشە بە تۆندی لەپێناو زۆرترین تۆندی لە شیکاری و کۆکردنەوەکاندا تیمار بکرێت. بواریک بۆ کات بەسەربردنی ئارامتر و ناچاڵاکتر هەیە. بەڵام من بە کەسیی پێمواید کە باوەڕدار بە مەسیح نابێت بەو شتانە سەرقاڵ بکرێت کە پێویستیان بە شوشتنێکی ڕۆحی هەیە بۆ پاککردنەوەی دەروون لەدوای تەواو بوونت. ئەوە ڕێگەیەکی باش نییە بۆ کات بەسەربردن.» بەناوی کات بەسەربردنەوە پێچەوانەی ویژدانت مەکە. بەڵکو لەبری ئەوە بیر لە کتێبی دەنگی بکەوە.[b]

ئەو کاتەی کە هەست دەکەین بە ماندوویێتی، خەمۆکی، یان بێهیوایی، کە زۆرترین ئەگەری هەیە بۆ ئەوەی تووشی میدیای ساختە بین. «خەم و ماندووبوونت بە تەلەفزیۆن تیمار مەکە. هەندێک شت هەن، گومانم نییە، کە ڕەنگە کات بەسەربردنێکی بێ زیان و تەندروست بۆ مێشکت دابین بکەن. بەڵام کەمن و دوورن. زۆربەی تەلەفزیۆنەکان و زۆربەی ڕیکلامەکانی تەلەفزیۆن ڕۆحت لە مەسیح دوور دەخەنەوە. ئەوان بڕەو نادەن بە پیرۆزی و پاکی و ئەقڵێکی ئاسمانی و نایابی ڕۆح. وا دەکەن هەست بکەیت بە بچووکی و گەمژەیی و منداڵی. مەچووە پاڵ ئەو ملیۆنان کەسە پیرەوەی کە بە سادەیی لەبەردەم جیهانێکی جوولّەدا دەژین.» بەڵکو لەبری ئەوە دیسانەوە بیر لە کتێبی دەنگی بکەوە.[c]

چی خراپە لە تەماشاکردنی زنجیرە کۆمێدیاییەکانی وەک سەینفێڵد یان فرێندس؟

پرسیاری «چی خراپە؟» لە دڵێکەوە سەرچاوە دەگرێت «کە لە بنەڕەتدا بە ئارەزووی کەمکردنەوەی هەڵە بەسەریدا زاڵە نەک زۆرترین پیرۆزی یان باوەڕ یان هێزی ڕۆحی یان پەرستن یان دڵگەرمی لەپێناو گومڕاکان یان مزگێنیدان یان دادپەروەری.» بۆیە دەتوانین باس لە گوناهە تایبەتەکانی میدیا بکەین: قسەی قێزەون، پیسی، گەمژەیی و گاڵتەجاڕی پیس (ئەفەسۆس ٥: ٤؛ کۆلۆسی ٣: ٨). بەڵام کێشە قوڵترەکە نەبوونی تامەزرۆییە. «پێمواید

---

a ئەڵقەی ١٥٨٣: «دەربازبوون لە تەمی بێ بایەخی» (٣ی شوباتی ٢٠٢١)

b ئەڵقەی ٨٢٨: «چۆن ئایفۆن و ئایپادەکەت لە گەشەکردنی باوەڕی مەسیحیدا بەکاردەهێنیت؟» (١ی نیسانی ٢٠١٦).

c ئەڵقەی ١٠٦٩: «هەست دەکەم ژیانم بێواتایە» (١٩ی تەممووزی ٢٠١٧).

زۆربەی مەسیحییەکان لە چنگی ڕۆحی ئەو سەردەمەدان وە لە چنگی کەلتووری باو و کات بەسەربردنە باوەکاندان، بە ڕادەیەک کە ئەو جۆرە دووبارە ئاڕاستەکردنەوە ڕیشەییەی کە باسی دەکەم بۆ ئەوان لە بیرکردنەوە بەدەرە. سەبارەت بە من، چەند هۆشداریەکی بچووک لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆزەوە بخەمە ناو ئەو بیرکردنەوەیەی کە هەندێک شت پەسەند ناکەن، بەلامەوە نزیکە لە بێسوودی.» ئەمە پێویستی لە ئاراستەکردنەوەیەکی زیاتر ڕیشەیی دەکات، «پەرجوو» و «کارێکی گەورەی خودا، نەک من.»

ئایا دڵت تامەزرۆی زیاترە؟ ئایا تامەزرۆی سۆزداری زیاتریت لەگەڵ مەسیح، هێزی ڕۆحی زیاتر، بۆ ئەوەی ڕوونتر دەنگی خودا ببیستیت، بە چڕی شوێن خواستی خودا بکەویت، زیاتر «زەردەخەنەی ڕەزامەندی» ئەو ببینیت لەوەی لە «ڕووخساری تەمبێکردنی»؟ ئایا بەم شێوەیە بیر دەکەیتەوە؟ «ئایا تۆ بەم ئەم هیوایانەوە دەچیتە سەر جێگای نووستن؟ ئایا لە خەو هەڵدەستیت و ئەم حەزانە بەسەر ژیانتدا زاڵە؟ ئایا تۆ کاتت تەرخان دەکەیت، ڕەنگە لە ڕۆژی پەروەردگاردا، بۆ ئەوەی بەدوای ڕووخساریدا بگەڕێیت لە چڕکردنەوەی ئەم پەرۆشییە؟ ئەگەر ئاوا نەبێت، ئەمە کێشەکەیە. ئەمە دە هەزار هێندە گرنگترە لە هەر بەرنامەیەک کە کرتەی لەسەر دەکەیت. ئەمە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە. بەڵام ئەگەر ئەمە نەبێت -ئەگەر پەرەسەندنی چڕبوونەوەی ئەم تامەزرۆییانە لە پەیوەندیت لەگەڵ عیسا نەماوە -ئیتر هیچ وەڵامێک جیاوازییەک دروست ناکات لەبارەی خووەکانی کات بەسەربردنەکەتەوە.» تەنها بەم «دڵگەرمییە نوێیە» دەتوانین لە «بوون بە مەسیحییەکی هەربە ناو، سادە، ڕەشۆکی، کەلتووری مەسیحی، بگۆڕێین خۆشەویستی عیسا بە شێوەیەکی ڕەسەن، دڵگەرم، ڕژد، سەرنج لەسەر خودا، شکۆدارکاری مەسیح، تێر لە کتێبی پیرۆز.» پاشان دەتوانیت بپرسیت: «ئایا ئەم بەرنامەیە باوەڕم بنیاد دەنێت؟ ئایا باوەڕم لاواز دەکات؟»

بابەتەکە سەبارەت بەوەیە کە ببینە ئەو جۆرە کەسەی کە لەپێناو ڕاستییە هەتاهەتاییەکان دەژیێت، پاشان لەسەر بنەمای ئەم خولیایە بڕیارەکانی ژیان بدەین. «"بڵاوکردنەوەی دڵگەرمی بۆ باڵادەستی خودا" -ئەمەیە کە من هەوڵی بۆ دەدەم. هەوڵ دەدەم بۆ ئەو جۆرە دڵگەرمییە بۆ باڵادەستی ئەو لە هەموو شتێکدا کە وەک ئەزموونێکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر ئەوەی کە ئێمە لە میدیادا بە پێکەنیناوی و سەرگەرمی دەزانین.»[a]

ئایا من خودام زیاتر خۆشدەوێت لە کات بەسەربردن؟

ئارەزووی کات بەسەربردنمان حەزەکانمان ئاشکرا دەکات، یان لانیکەم ئەو تامەزرۆییەی کە نیمانە ئاشکرای دەکات. ئیتر چی ئەگەر ئارەزووەکانم بۆ کات بەسەربردن بەهێزتر بن

a ئەڵقەی ١٠٨٦: «شەش پرسیار کە دەبێت بیکەیت پێش ئەوەی چێژ لە نێتفلێکس وەربگریت» (٢٨ی ئابی ٢٠١٧).

لە ئارەزووەکانم بۆ خودا؟ ئایا لەم سەردەمەی کات بەسەربردندا دەکرێت پەیوەندیکردنم لەگەڵ خودا سەرنجم ڕابکێشێت؟

ئەم پرسیارانە گرنگن. پرسینیان یاسایی نییە. «پێموانییە پەیمانی نوێ هەرگیز بڵێت "ئارام ببەوە". بەڵکو دەڵێت: "هەتا کۆتایی بجەنگە".» کەلتوورەکەمان هانمان دەدات بۆ ئەوەی پێوەرەکانی کات بەسەربردنمان ئارام بکەینەوە. نەخێر. «دژە شەریعەتەکانی سەردەم، کە مێشکی دوور لە کتێبی پیرۆزی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ وەسفکردنی شێوازی ژیانی هەڕەمەکی بۆ ڕاستودروستی، زۆر کەس گومڕا دەکەن.» لە ڕاستیدا، ڕاستودروستکردن بیانووی بڕیارەکانی کات بەسەربردنمان نییە. ڕاستودروستکردن «هێزێک بۆ پیرۆزی دەبەخشێت کە لە ڕاستیدا لە ڕێگەی جەنگی تۆندی ڕۆحی لە دژی جیهان و جەستە و شەیتان ئەزموونی دەکەین.»

کەواتە چی دەکەین کاتێک خودا بێزارکەر دەردەکەوێت بە بەراورد بە کات بەسەربردنەکانمان؟

بتۆقن. «وە هۆکاری ئەوەی کە دەبێت ئێمە بتۆقین ئەوەیە کە ئەو حەزکردنە بۆ جیهان بارودۆخی هەموو جیهانە، مرۆڤی سروشتی ناتوانێت شتەکانی ڕۆح وەربگرێت یان چێژی لێ وەربگرێت یان بە شێوەیەکی باڵا لەلای سەرنجڕاکێش بێت (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ١٤). ئەمە نیشانەی مرۆڤی سروشتییە. بۆیە ئەگەر بەو جۆرە هەست بکەین، پێویستە بتۆقین چونکە وەک مرۆڤی ئاسایی هەڵسوکەوت دەکەین؛ نەک وەک منداڵانی خودا. مەسیح جوان و شکۆمەندە (دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨). بە بێزاربوونت لە مەسیح، «شتێک ڕێگریت لێدەکات لە بینین و چێژی خودا لە مەسیحدا کە تەواو جوانە، تەواوی سەرنجڕاکێشە، تەواوی ڕازیکارە، لە هەموو ئەو شتانەی کە بۆ ئێمەیە.» ئەمە جەنگەکەیە؛ ئێمە ئارەزووی شکۆمەندییەکی زیاتر دەکەین لەوەی کە لەسەر شاشەکانمان نمایشی کراوە.

کەواتە چۆن بجەنگین؟ چوار پێشنیاری بەرجەستە. (١) کەسێکی بێباوەڕ یان مەسیحییەکی نوێ بدۆزەرەوە و خۆشەویستیت بۆ مەسیح لەگەڵی هاوبەش بکە. ڕەنگە ئەمە هەستێکی بەڵگەنەویست بێت بۆ مەسیحییەک کە گرفتاری ڕۆحێکی خەمۆکە، بەڵام «کاتێک خۆم لە دۆخێکدا دەبینمەوە کە خۆشەویستی من بۆ خودا تاقی دەکرێتەوە بەهۆی خۆشەویستیم بۆ مرۆڤەکان و ئارەزووی من بۆ ئەوەی ئەوان خودا بناسن و چێژ لە ژیانی هەتاهەتایی وەربگرن، بەربەستەکان لە نێوان من و خودا تێکدەشکێن.» (٢) کاتەکانی دەستبەتاڵیت بقۆزەوە. هەموومان پێویستمان بە کاتەکانی پشوودان هەیە. بەڵام پێویستە هەموو کاتەکان بقۆزینەوە و بەفیڕۆی نەدەین و سازش لەسەر خۆمان نەکەین بە کات بەسەربردنی

دونیا» (ئەفەسۆس ٥: ١٥-١٧). (٣) نووسەری باش بدۆزەرەوە بۆ بنیادنانی ڕۆحت، زیندوو بێت یان مردوو، نووسەرێک «کە سەبارەت بە خودا قسە دەکات یان دەنووسێت، وەک کەسێک کە بەڕاستی تامی کردووە و بینیبێتی کە خودا شکۆمەند و جوان و تێرکارە، بە شێوەیەک لەسەری دەنووسێت کە کاتێک دەیخوێنیتەوە، تامی دەکەیت.» (٤) لە هەموو شتێکدا، هەتا کۆتایی بەردەوام بە لە جەنگ و تێکۆشان (دووەم تیمۆساوس ٤: ٧).[a]

خووەکانی کات بەسەربردنم چی دەڵێن دەربارەی ڕۆحم؟

ئەم پرسیارە کرا لە کاتی کەرەنتینەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنای ٢٠٢٠. لەژێر فشاری گیرخواردن لە ماڵەوە، گوێگرێکی ئافرەت کاتێکی زۆر زیاتری لەسەر شاشەکان بەسەر دەبرد نەک لە پەیوەندی لەگەڵ خودا. پرسیاری کرد، ئەمە چی دەربارەی دۆخی ڕۆحم ئاشکرا دەکات؟

خۆشویستنی خودا «بەو واتایەیە کە خودا پێگەیەکی بەهاداری لە دڵماندا هەیە، کە وامان لێدەکات حەز بکەین باشتر بیناسین، وە زیاتر خۆشیی لێ وەربگرین، زیاتر لە نزیکییەوە بین لە هاوڕێیەتی و یاوەری. فیلمەکان بە باشی بۆ ئەوە دانەڕێژراون. بەڵکو لە ڕاستیدا، زۆرینەیان بۆ تێکدانی ئەمەن، وە شێواندنی کرۆکی خۆشەویستی خودا؛ واتا دڵگەرمی بۆ ناسینی و نزیکبوونەوە لێی. فیلمەکان ئەو کاریگەرییەیان نییە. بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئالوودەبوون بە تەماشاکردنی فیلم لانیکەم نیشانەیە بۆ لاوازی خۆشویستنی خودا، وە ڕەنگە لاوازتر بێت.»

گەورەترین ترسی ژنەکە ئەوەیە خودای خۆش نەوێت و متمانەی پێ نەکات. بەڵام کتێبی پیرۆز نیشان دەدات کە ئەو دوو کردارە پێکەوە دەبن، هەم خۆشویستنی خودا و هەم متمانەپێکردنی (یەکەم یۆحەنا ٥: ٣-٤). «خۆشەویستی بۆ خودا دڵخۆش دەکات بە ڕەزامەندی و نزیکبوونەوە لە خودا، بە جۆرێک کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بارگرانی نین. پاشان ئەو هەستە بە چێژوەرگرتن لە بارگرانییەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە بەسەر جیهاندا زاڵ بووین. بە دەربڕینێکی دیکە، چیتر جیهان هێزی باڵادەست و جڵەوگیر نییە لە ژیانماندا؛ «باوەڕ خودا وەردەگرێت، هەموو ئەو شتانە وەردەگرێت کە خودا بۆ ئێمەیە لە مەسیحدا، وەک ڕزگاری و یارمەتی و گەنجینەیەکی هێندە بەهادار وەریدەگرێت کە جیهان هێزی خۆی لەدەست دەدات بۆ ئەوەی لە ژیانماندا سەرنجڕاکێشترین شت بێت. کەواتە، خۆشویستنی خودا و باوەڕبوون بە خودا، لە ڕوانگەی یۆحەنای نێردراو، ڕاستییەکی پێکەوەیی و پێکەوە گرێدراون.» بەمانەوە، «هێزی جیهان دەشکێت بۆ ئەوەی ببێتە گەنجینەی جڵەوگیرکارمان، دەبەزێت، چیتر گوێڕایەڵی خودا بارگرانی نییە.»

---

a ئەڵقەی ١١١٦: «چۆن لە کات بەسەربردنەکانم زیاتر خودام خۆشدەوێت؟» (٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧).

ڕۆچوونە ناو کات بەسەربردنی جیهان، لەسەر حیسابی پەیوەندی لەگەڵ خودا، لانیکەم ئاماژەیە بۆ «کەموکوڕی لە باوەڕ و خۆشەویستی». بەڵام چی ئەگەر خراپتر بێت؟ چی ئەگەر ئەو میدیایانەی تەماشای دەکەین ئەوە ئاشکرا بکات کە ئێمە لە ڕاستیدا دووبارە لەدایک نەبووینەتەوە؟ «کاتێکی زۆر بەفیڕۆ نادەم بۆ شیکردنەوەی شکستەکانی دوو مانگی ڕابردوو، یان تەنانەت یادەوەرییەکی دوورتر لە گۆڕانم، وە ئایا ڕاستەقینە بووە یان نا. پێموایە ئەم جۆرە ڕامان لە خۆمان و شیکاری ئەزموونی ڕابردوو، بە گشتی، ئەو دەرئەنجامە هیواخوازە بەرهەم ناهێنێت؛ مەبەستم، دڵنیابوون لە ڕزگاری و ئارامیی دەروونی. دڵمان زۆر فریودەرە. یادەوەرییەکانمان و توانای هەڵسەنگاندنمان سەبارەت بە ئەزموونەکانی ڕابردوو زۆر سنووردارە بۆ ئەوەی بزانین پێویستە چی ببینین.» تۆبە لەو کێشانە بکە کە لە ئێستادا دەیبینیت. واز لە گوناە بهێنە. وە ڕوو لە دووەم پەترۆس ۱: ۱۰-۱۱ بکە. «ئەو پشتڕاستکردنەوەیەی کە ئێمە بەڕاستی بانگهێشت کراوین و بەڕاستی هەڵبژێردراوین، بەڕاستی منداڵی خوداین، بەڕاستی باوەڕدارین بە مەسیح، ڕووەدات -بە دڵنیاییەوە ڕووەدات- بە هەنگاونان بۆ داهاتوو بە باوەڕ و گوێڕایەڵییەوە. دڵنیایی ڕزگاری لە بنەڕەتدا لە شیکاری ڕابردووەوە نییە، بەڵکو لەو ڕژدییەی خودا پێمانی بەخشیوە لە باوەڕ و گوێڕایەڵی ئێستا و داهاتووەوە سەرچاوە دەگرێت.»[a]

چۆن ڕزگار بم لە ئالوودەبوون بە سەرگەرمی؟

ئاسانی دەستڕاگەیشتن بە سەرگەرمی کێشەدارە. «ئێمە ئەمڕۆ ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت، یارییەکان و هەر شتێک کە وروژێنەر بێت -خۆش بێت- لە گیرفانی خۆماندا هەڵیدەگرین.» کەواتە چۆن مرۆڤ ئەم وابەستەییە زۆرە بە سەرگەرمی دەشکێنێت؟ (۱) درک بە کێشەکە بکە. ئەمە هەنگاوی یەکەمە. (۲) «بە دڵگەرمییەوە نوێژ بکە هەتا خودا چاوەکانت بکاتەوە بۆ بینینی شتە سەرسوڕهێنەرەکانی شەریعەتەکەی» -بۆ بینین و دڵخۆشبوون بە تەوراتەکەی (תּוֹרָה)، وە هەموو فێرکارییەکانی (زەبووری ۱۱۹: ۱۸). (۳) لە کتێبی پیرۆزدا خۆت نوقم بکە، «تەنانەت کاتێک هەستت بە ئارەزووکردنی نییە، لە خودا بپاڕێوە کە چاوەکانت بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانیت بەڕاستی چی هەیە.» (٤) ئەو هاوڕێیانە بدۆزەرەوە کە شتە هەتاهەتاییەکانیان خۆشدەوێت. (٥) باوەڕەکەت لەگەڵ کەسانی دیکەدا هاوبەش بکە. «یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئێمە وەک پێویست بە باوەڕی خۆمانەوە کاریگەر نین ئەوەیە کە نزیکەی هەرگیز لەگەڵ هیچ بێباوەڕێکدا باسی ئەوە ناکەین.» کاتێک باسی باوەڕەکەمان ناکەین، دەست دەکەین بە «هەستکردن بە ناڕاستەقینەیی، پاشان هێزەکانی سەرگەرمی زیاتر کاریگەرییان لەسەر ژیانمان دەبێت.»

---

a ئەڵقەی ۱۵۲۲: «خووەکانی کات بەسەربردنم چی دەربارەی ڕۆحم ئاشکرا دەکەن؟» (۷ی ئەیلوولی ۲۰۲۰).

بێگومان لە کۆتاییدا «بەخششی نیعمەتە بۆ ئەوەی هەست بە شکۆمەندی خودا بکەیت.» (٦) «زۆر» بیر لە مردن بکەوە. چی دەکەیت «لە ماوەی ژیاندا یان چەند کاتژمێرێک یان ڕۆژانی پێش چاوپێکەوتنت مەسیح؟» ئایا تۆ دەبینێت کە خزمەت دەکەیت و دڵخۆش دەبیت بە ژیانی هەتاهەتایی یان سەرگەرمی شتی بێبایەخیت؟[a]

چۆن لە ئالوودەبوونم بە یاریکردن ڕزگار بم؟

یەکێک لەو یاریزانانەی کە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا بە ئامێری یاریکردن یاری دەکات دەڵێت کە «ناتوانم» ئەو «لەم ئالوودەبوونە بە سەرگەرمی ڕزگارم بێت.»

بەڵام ئەمە لە بنەڕەتدا دووڕە لە ڕاستییەوە. «بە ناونانی ئەم خووە بە ئالوودەبوون، ڕەنگە پاساوی بەشێک بێت بۆ خۆت، پێتوایە ئالوودەبوون واتای چییە، ڕەنگە ئەوە نەبێت کە تۆ پێتوایە. کاتێک سێ کاتژمێر لە ژیانی بەهادارت بەفیڕۆ دەدەیت لە دووبارە و سێبارە یاریکردنی ئەتاری، ئەمە شتێک نییە کە نەتوانیت واز لە ئەنجامدانی بهێنیت.»

دوو وێناکردن بۆ دووبارە چوارچێوەدان بە باسەکە. (١) پاڵنەرێکی نەرێنی. «ئەگەر لە کاتی ئەتاریکردن پیاوێک هاتە لات و مەشخەڵی لەحیمکاری دابگیرسێنێت، وە بڵێت، "ئەگەر تۆ واز لەم ئەتارییە نەهێنیت، من بەم مەشخەڵە چاوەکانت دەسوتێنم"، ئەوا تۆ وازدەهێنیت -تەواو بوو. بێگومان ئەمە دەکەیت. ئەمە گاڵتەجارییە کە بڵێیت ناتوانیت بوەستیت. دەتوانیت بوەستیت.» (٢) پاڵنەرێکی ئەرێیی. «ئەگەر پیاوێک بە ملیۆنێک دۆلاری کاشەوە هاتە لات و قەناعەتت پێبهێنێت کە ئەوە هی خۆیەتی و دەیداتە هەرکەسێک کە حەزی لێیە، وە هەمووی پێشکەش کردیت، ئەگەر تەنها واز لە یاریکردنی ئەو ئەتارییە بهێنیت، ئەوە گاڵتەجارییە بڵێیت تۆ واز ناهێنیت. تۆ دەوستیت. بێگومان تۆ دەوەستیت! تۆ کۆیلەی ئەو یارییە نیت. تۆ دەتوانیت بوەستیت. دەتوانیت لێی دوور بکەویتەوە. بەڵێنت پێدەدەم. بە مەشخەڵێکی لەحیمکاری بەرامبەر دەموچاوت یان ملیۆنێک دۆلار لە گیرفانتدا، زۆر ئاسانە.»

بۆیە دەتوانیت ڕۆژانە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر واز لە ئەتاری بهێنیت، بە هەڕەشەیەکی زۆر یان بەڵێنی خۆش. بە هەر دوو ڕێگاکە، دەبێت ئارەزووە سروشتییەکانمان لەسەر تەختی پاشایەتی لاببردرێن (ڕۆما ٦: ١٢). کەواتە، بۆ ئەم پیاوەی کە نووسیویەتی، کە ڕەنگە ئێستا هەست بە شەکەتی بکات، «من نیشانی دەدەم کە بەسەر ئەم چێژەدا زاڵ دەبێت کە پێی دەگوترێت یاری ڤیدیۆیی. ئەتاری پووچە، بێ بەهایە، پلە نزمە، بەفیڕۆدەر، فریودەرە، دەتکاتە شوێنکەوتە و کۆیلە.» بۆیە چاوت دەربهێنە و دەستت ببڕە

a ئەڵقەی ٣٢٨: «ڕزگاربوونم لە ئالوودەبوون بە کات بەسەربردن» (٢٥ی نیسانی ٢٠١٤).

(مەتا ٥: ٢٩). «واتا ڕزگارت بێت لە هەموو ئەو ئاپانەی کە ڕاتەکێشن و دەتکەنە کۆیلە. دەستبەجێ لە مۆبایلەکەت بیسڕەوە. یەکسەر مەیانهێڵە. مەبەستم ئەوەیە کە دەرهێنانی چاوت بە دڵنیاییەوە بەکارهێنانی هەیە بۆ ئامێرەکانت. لەگەڵ پۆڵس لە یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢٣ بڵێ، "جەستەم هی خۆم نییە. من بە نرخێک کڕدراوم؛ بە خوێنی عیسا کڕدراوم. من نابم بە کۆیلەی کەسی دیکە. ئەو گەورەی منە." پاشان لە یارییەکان دوور بکەرەوە و دیاری ملیۆن دۆلاری لە عیسا وەربگرە. نا، نا، نا، نا؛ ئەمە کەمترین شتە کە بتواندرێت بگوترێت. پاداشتێک بە بەهای ملیارەها و ملیارەها و ملیارەها دۆلار! لە هەموو شتێکی دیکە باشترە!»[a]

هەمان ئەم مشتوومڕە -زاڵبوون بەسەر گوناە لە ڕێگای هۆشداریی زۆر یان پاداشتی بەڵێندراو- دەکرێت بۆ شەڕی هەوەس و بابەتی بەدڕەوشتی بەکاربهێنرێت.[b]

لە چەند دیمەنێک دوور بکەوە، یان لە تەواوی فیلمەکە دوور بکەوە؟

دیمەنەکان فیلمەکان تێکدەدەن. «من تووشی شۆک بووم لەوەی کە مەسیحییەکان بۆ سەرگەرمی دەیکەن؛ بەوەی پێیان وایە ئەوەی لە سینەمادا پێشکەش دەکرێت دەبێت تەماشا بکرێت. من لەمە تۆقیوم، نەک لەبەر ئەوەی من کەسێکی توندڕەو دەربکەوم -من فیلمی دڵخوازم هەیە- بەڵکو لەبەر ئەوەی بەهۆی هەندێک دیمەنەوە تەماشای هەندێک فیلمی باش ناکەم. چونکە بۆ چەند مانگێک مەسیح لە ڕۆحمدا بێڕێز دەبێت، وە ئەقڵم گەندەڵ دەبێت -ئەو لەو چێژەی ١٢٤ خولەک بەهادارترە. دەی. با بە درێژایی ڕێگاکە مەسیحی بین. با ئامادەبین بۆ ئازار.» ئەگەر نەتوانین خۆمان بگرین لە «کەمێک کات بەسەربردن،» چۆن بەرگەی چەوسانەوە دەگرین، مەسیح پێوەرەکەمانە. «هەموو شتێک بەکاربهێنە بۆ بەرزکردنەوەی چێژوەرگرتن لە عیسادا. وە ئەگەر بەرزی نەکاتەوە، ئەوا مەیکە.»[c]

ئایا دەتوانین لە شاشەدا تەماشای گوناهێک بکەین، هەرچەندە خۆمان قێزمان لەو گوناهە دەبێتەوە؟

گوێگرێک پرسیارێکی نووسیوە سەبارەت بەو میدیایەی کە ناوی پەروەردگار بۆ شتی پووچ بەکار دەهێنێت. بەڵام وەڵامەکە هەموو ئەو میدیایانە دەگرێتەوە کە ڕەتیدەکەنەوە گوناە وەک گوناە نیشان بدەن.

---

a ئەڵقەی ١٣١٤: «چۆن لە ئالوودەبوونم لە کات بەسەربردن ڕزگاربم؟» (١٨ی شوباتی ٢٠١٩).

b ئەڵقەی ٥٣٠: «نرخی ڕاستەقینەی وێنە و ڤیدیۆی بەدڕەوشتی» (١١ی شوباتی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ٦٩٦: «ئایا نێتفلێکس لەلای تۆ مەسیح بەهادارتر دەکات؟» (٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٥). بۆ فیلمە دڵخوازەکانی، بڕوانە ئەڵقەی ١٨٨٢: «شتە دڵخوازەکانی جۆن پایپەر» (٢ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).

«ئەم شەمەندەفەرە شەست ساڵ لەمەوبەر وێستگەکەی بەجێهێشتووە، وە نزیکەی ٢٥٠ میل لە کاتژمێرێکدا بە ڕێڕەوەکەدا دەڕوات. بە سادەیی مەبەستم ئەو ڕاستییە ئاشکرایە نییە کە فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان زۆر لەمەوبەر وازیان لە خودای دە ڕاسپاردەکە و خودای پەیمانی نوێ هێناوە -کە تەنها نەیگوتووە: «ناوی یەزدانی پەروەردگارتان بۆ شتی پووچ مەهێنن» (دەرچوون ٢٠: ٧). هەروەها وازی لە فەرمانەکانی پۆڵس هێناوە بۆ مەسیحییەکان لە دژی پیسی و گاڵتەجاڕی ناشیرین و قسەی گەمژانە و گەندەڵی قێزەون (ئەفەسۆس ٤: ٢٩؛ ٥: ٤؛ کۆلۆسی ٣: ٨).» کەواتە، ئەم شەمەندەفەرە وێستگەکەی بەجێهێشتووە. من تەنها باسی شەمەندەفەری وازهێنان لە خودایەکی لەم شێوەیە ناکەم لە وێستگەکەدا؛ من سەبارەت بەو ڕاستییە قسەدەکەم کە مەسیحییەکان لەناو شەمەندەفەرەکەدان.»

کاریگەرییەکی کەم هەیە بۆ لە ڕاگرتنی شەمەندەفەرەکە. بەڵام لێرەدا قسەیەک بۆ چەند سەرنشینێک دەخەینەڕوو کە ڕەنگە گوێیان هەبێت بۆ بیستن. «چێژوەرگرتن لە گوناە پرسەکەیە. ئینجا گوناهی ناوی پەروەردگار بێت بۆ شتی پووچ؛ یان گوناهی لووتبەرزی خۆبەزلزانین و خۆشکۆداری بێت، کە پێدەچێت هەموو شتێک بگرێتەوە؛ یان گوناهی هەوەس و داوێنپیسی و بەڕەڵایی بێت، کە نزیکەی لە هەموو شوێنێکدا هەیە؛ یان گوناهی شێواندنی وێنەی ژنایەتی و پیاوەتی؛ یان گوناهی بێڕێزیکردن بە دایک و باوک؛ یان گوناهەکانی سەرخۆشی؛ یان گوناهی ئارەزووی دەوڵەمەندبوون، کە پۆڵس گوتی نابێت بیکەین. یان گوناهی درۆ؛ یان گوناهی بوختانکردنی بەردەوام؛ یان گوناهی پشتگوێخستنی خودا بە سادەیی، بە قوولی، لە هەموو شوێنێک، وە شکۆمەند نەکردن یان سوپاسگوزار نەبوونی خودا -هەر گوناە و بابەتێک بێت، هەرچی بێت دەربارەی ئەوەی ڕۆحمان کە چێژ لە سەرگەرمی وەردەگرێت؟»

ئەگەر بینەرێکی مەسیحی بڵێت کە بەهۆی گوناهی سەر شاشە دڵتەنگ بووە: «باشە، بە دڵنیاییەوە دڵخۆشم بەو شتە.» تۆ «کەسێکی سەرسوڕهێنەریت، تواناکانت بۆ پاکی و پیرۆزی زۆر لە هی من بەهێزترە. ئەگەر بتوانیت، دووبارە و سێبارە، لە دۆخێکی ئارام و سەرقاڵ و دڵخۆشتدا بە تەماشاکردنی ئەو گوناهانەی کە وەک گوناە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت -بەڵکۆ شکۆمەند دەکرێن، بە شێوەیەک نمایشی دەکرێن وەک ئەوەی پەسەند بێت، وەک قبوڵکراو و زۆرجار باشترە لە ڕاستودروستی- لە کاتێکدا پیس نەکراویت یان بەو گوناهانە لە چوارچێوە نەدراویت، تۆ کەسێکی سەرسوڕهێنەریت کە دەتوانم هیوا بخوازم بۆ پیرۆزییەکی لەو شێوەیە.»

بەڵام بۆ زۆربەی مەسیحییەکان، ئەوانەی کە «ماندوون و دەیانەوێت لە کارێکی ڕۆژانەی سەخت بحەسێنەوە، لەدیار زنجیرە درامایەک یان فیلمێک دەگیرسێینەوە کە هیوادارین

کەمترین سووکایەتی یان بریندارکەر یان قێزەون بێت. پاشان ڕادەکێشرێین بۆ ناو چیرۆکێکی وروژێنەر یان سەرنجڕاکێش. پاشان دیمەن لە دوای دیمەن جیهانبینییەکی پشتگوێخستنی خودا، شکۆداری مرۆڤ، پاساوی گوناه، شێوێنەری سێکس، لاوازکەری هاوسەرگیری، گاڵتەجاڕی بە نێرایەتی، بێ بایەخکردنی مێینەیی، گاڵتەکردن بە ڕاستودروستی، سەرسام بە خۆبەزلزانین. ئێمەی پیرۆزانی ئاسایی و تێکۆشەر کە تامەزرۆی پاکی دڵ و پیرۆزی و هەموو بەرهەمەکانی ڕۆحی پیرۆزین، بە سادەیی ناتوانین بە گوناه سەرقاڵ نەبین و لە مێشک و دڵماندا بەو جیهانبینییە زۆر سەرگەرمکەرە لە قاڵب نەدرێین.[a]

بتەکانی شاشە

گوناهباران شکۆمەندی خودا بە وێنەکان دەگۆڕنەوە (ڕۆما ١: ١٨). «کاتێک خودای ڕاستەقینە ڕەتدەکرێتەوە، وێنەکان قبووڵ دەکرێن» چونکە گوناه «وێنەی جێگرەوەی خودای خۆشدەوێت. وە ئێمە، زیاتر لە هەر کەلتوورێک لە مێژووی جیهاندا، لە سەردەمی وێنەکاندا دەژین. نزیکەی هەموو کاتەکانی پشوومان بە تەماشاکردنی وێنە بەسەر دەبەین. پێمواید، لەلای پۆڵس، ئەو وێنانە هەرچییەک بن، بەرد یان دار لە لایەکی ڕێگای ئەسینا، هی ئێمە بێت لەسەر مۆبایل یان تەلەفزیۆن یان کۆمپیوتەرەکانمان -ئەمە گرنگ نییە! بابەتەکە جێگرەوەیە: ئێمە شکۆمەندی بێکۆتا بەهاداری خودا دەگۆڕینەوە بە شکۆمەندی ئەو وێنە نمایشکراوەی کە لە شاشەکە دەردەچێت!»[b]

کەواتە ئایا مەسیحییەکان ناتوانن بە تەواوی تەماشای هیچ تەلەفزیۆنێک یان فیلمێک بکەن؟

یەکێک لە مەسیحییەکان هەست بە گوناه دەکات بەهۆی تەماشاکردنی فیلمێکەوە، چونکە دەکرا ئەم کاتە بە شێوەیەکی بنیادنەرتری وەک نوێژ و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەسەر ببات. ئایا ئەم کاتەی کە لە تەلەفزیۆن و فیلمەکاندا بەسەر دەبردرێت لە بنەڕەتدا بۆ مەسیحییەکان نییە؟

وەڵامەکە لێرەدا هاوشێوەی ساماندارییە. پیاوێکی دەوڵەمەند بە دروستکردنی کۆگایەکی گەورەتر و گەورەتر سەرمایەی کۆکردەوە. گوناهەکەی لە زەحمەتکێشان و کۆکردنەوە نەبوو، بەڵکو بە ئامانجی کۆکردنەوەی بووە. ئەو بە شێوەیەکی کاریگەر خەریکی جێگرتنەوەی خودا بوو بە سامان و حەسانەوەی و ئاسایشی خۆی. ئەمە گوناهەکەیە (لۆقا ١٢: ١٦-٢١). پیاوە دەوڵەمەندەکە «پلانی دادەنا بۆ کارکردن، کارکردن، کارکردن،»

a ئەڵقەی ١٣٩٨: «ئایا تەماشاکردنی گوناه لەسەر شاشە گوناهە؟» (٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩).
b ئەڵقەی ٥٦٠: «کڕۆکی ئالوودەبوون بە شاشە» (٢٥ی ئازاری ٢٠١٥).

وە «خەریک بوو ڕۆحی لەدەست بدات.» ئەم پیاوە گەمژە و دەوڵەمەندە هەستی بە هیچ ململانێیەکی ڕۆحی نەدەکرد لەگەڵ ساماندا. بەڵام ئێمە پێویستە هەستی پێ بکەین. زۆربەی خەڵکی خۆشگوزەران لە ڕۆژئاوا «زۆر نکۆڵی لە خۆیان ناکەن، زۆر زاهید نین.» بەڵام ئەمە جەنگی باوەڕدارە بە مەسیح.

دەکرێت پارە ببێتە بت، بەڵام هەموومان فەرمانمان پێکراوە کار بکەین (ئەفەسۆس ٤: ٢٨). «بۆ زۆربەی خەڵکی جیهان، کار هەمیشە هەشت بۆ دوازدە کاتژمێر لە ڕۆژێکدایە، چەندین کاتژمێر لە ئەنجامدانی ئەو کارانە بە دەست یان پێ یان پشت یان مێشکیانە، تەنها خوێندنەوە کتێبی پیرۆز و نوێژکردن نییە. وە ئەمەش ئەرکێکە لەسەرمان.» بەڵام لەدوای کارکردنێکی سەخت، داوامان لێ دەکرێت بۆ پشوودان و نانخواردن (مەرقۆس ٦: ٣١؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٢٧). کەواتە «گوناە نییە هەندێک کات لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و نوێژکردن وەربگرین و ئەو کارە ئاساییانە بکەیت کە جیهان دەیکات -کارکردن، پشوودان، چوون بۆ ژەمی ئێوارە و هتد.»

کاتێک باس لە سەرگەرمی دەکرێت، «هەوڵبدە هەموو کردارێک بخەیتە پەیوەندی لەگەڵ یەزدان.» بۆ هەموو چالاکییەک تۆڕێکی پێنج لایەنە بەکاربهێنە. (١) هەموو شتێک بکە بۆ شکۆمەندی خودا (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٣١). (٢) هەموو شتێک بە ناوی مەسیحەوە ئەنجام بدە (کۆلۆسی ٣: ١٧). (٣) هەموو شتێک بکە بۆ خۆشویستنی کەسانی دیکە (یەکەم کۆرنسۆس ١٦: ١٤). (٤) هیواکانت بە سامان نەبێت یان بەوەی کە دەکرێت بە سامان بکڕدرێت، وەک ئەتاری و سەرگەرمی (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧). (٥) هەموو بەخششێکی باشی خودا بە سوپاسگوزارییەوە بۆ خودا وەربگرە (یەکەم تیمۆساوس ٤: ٤-٥). «پۆڵس وا گریمانە دەکات کە ڕێگایەک هەیە، ڕێگەیەکی پێویست، بۆ ئەوەی مەسیحییەکان چێژی شتە باشەکانی ئەم جیهانە بگۆڕن -بەخششەکانی خودا کە خودا بەخشیوەیەتی- بۆ کردەوەی پەرستن کە پیرۆزە، ڕێزگرتن لە مەسیح و خۆشوستنی خەڵکی. تۆ ئەو مۆسیقایە دەگۆڕیت بۆ مۆسیقای ڕێزگرتن لە مەسیح لە ڕێگای وشەی خودا و نوێژکردنەوە؛ بە بەستنەوەی بە شکۆی مەسیح و ناوی عیسا و خۆشویستنی خەڵکی.» کەواتە بەخششەکان بت نین ئەگەر ئەو بەخششانە ببنە «ڕێگایەک بۆ باشتر ناسینی خودا و زیاتر چێژ لێوەرگرتنی و بوون بە نیعمەتێکی گەورەتر بۆ خەڵکانی دیکە.» هەتا سوپاسگوزاری بۆ هەر شتێک زیاتر چالاک بێت، ئەگەری ئەوە زیاترە کە ئەو شتە «بگۆڕێت بۆ شتێکی بەرهەمدارتر.»[a]

سەرگەرمی چیم لێدەکات؟

a ئەڵقەی ١٣١٣: «چەندە کات بەسەربردن بە زێدەڕۆیی دادەندرێت؟» (١٥ی شوباتی ٢٠١٩).

هەریەکەمان، وە بـە تایبەتـی قەشـەکان، پێویسـتە تریـەی ڕۆحیـمان بزانیـن. سـەرگەرمی چـی لـە ڕۆحـم دەکات؟ «دەبێـت لەگـەڵ دڵـمان ڕاسـتگۆ بیـن.» بڵاوبوونـەوەی فیلمـە نوێیـەکان، زنجیـرە تەلەفزیۆنییـە بەربـڵاوەکان، ئـەو یاریـیـە ڤیدیۆییـە نوێیـەی کـە هەمـووان ئەنجامـی دەدەن؛ ئایـا ئەمانـە «تواناکانمـان پاڵاوتـە دەکـەن بـۆ ئـەوەی چێـژ وەربگریـن لـە دەوڵەمەندییـە فراوانەکـەی مەسـیح لـە کتێبـی پیـرۆزدا؟» یـان نـا؟ دیسـانەوە بارگاویکردنـەوە گرنگـی کتێبـە دەنگییـەکان دەهێنێتـەوە بەربـاس.» هەمووماـن دەزانیـن کـە کتێبـی نایـاب هـەن، چیـرۆک و کتێبـی دیکـە، سـەد هێنـدە باشـترە لـەوەی لـە تیقـی یـان فیلمـە باوەکانـدا هەیـە، کـە هەمیشـە ویسـتوومانە بیخوێنینـەوە. ڕەنگـە گوێگرتـن لـە کتێبێکـی گـەورە هەمـان وردبینـی نەبێـت لەگـەڵ خوێندنـەوەی. بـەڵام ئێمـە گوێگرتـن بـە خوێندنـەوە بـەراورد ناکەیـن. گوێگرتـن لـە کتێبێکـی گـەورەی دەنگـی لـە لایـەک و ڕۆچوونـە نـاو جیهانـی هەسـتەوەری لـە لایەکـی دیکـە. بۆیـە، کاتێـک پێویسـتت بـە بارگاویکردنـەوە هەبـوو، وە حـەزت بـۆ بـەرەو شاشـە دەچێـت، لەبـری ئـەوە بیـر بکـەوە لـە کتێبـی دەنگـی «گـەورە و سـوودبەخش».[a]

هێـزی سـەرگەرمی دونیایـی بـۆ گیرۆدەکرنـی دڵ دەبێـت ترسـێک بخاتـە سـەرمان. «بەڕاسـتی هەسـتم دەکـرد کـە مەترسـی بەردەوامـی وشـکبوونەوە لـە ڕووی ڕۆحییـەوە زۆرە -بەیانییـەک لـە خـەو هەڵدەسـتم و لەبـری ئـەوەی کتێبـی پیـرۆز بخوێنمـەوە لـە تەلەفزیـۆن تەماشـای وەرزش دەکـەم. خۆشـبەختانە، بـە نیعمەتـی سەرسـوڕهێنەری خـودا، هەرگیـز ئەمـە ڕووی نـەدا. «برایـان ئاگادارېـن، نـەوەک دڵێکـی خـراپ و بێبـاوەڕ لـە یەکێتانـدا هەبێـت و بـەرەو گومڕایـی بتانبـات» (عیبرانییـەکان ٣: ١٢). بـەڵام تـرس لـە ڕووداتـی ئەمـە وای لێکـردم بـەردەوام بـم لـە نوێژکـردن و پاڕانـەوەی زۆر لەپێنـاو ڕووناکـی، "ئـەی خودایـە، ڕێ مـەدە ئەمـە ڕووبـدات. ڕووناکیـم پـێ ببەخشـە." کەواتـە ئەمـە یەکێکـە لـە کاریگەرییەکانـی ئـەم فشـارە. منـی ناچـار کـرد بـە خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز، هەمـوو ڕۆژێـک لەپێنـاو ڕۆحـم تێیـدا قـوڵ ببمـەوە.»[b]

پێویستمان بـە بەئاگاهاتنـەوەی کەسـی و بوژانـەوەی جیهانییـە، وە سـەرگەرمی جیهـان ئەمـە ناهێنێـت

ئێمـە وەک ئەوەمـان لێدێـت کـە تەماشـای دەکەیـن. تـەوەری سـەرەکی گرنگیدانمـان ڕێـڕەوی ئێمەیـە (دووەم کۆرنسـۆس ٣: ١٢-٤: ٦). ئێمـە بـە شـێوەیەک داڕێژراویـن کـە «ئەگـەر شـکۆمەندی خـودا ببینیـت و تێیـدا بچەسـپێیت، ئـەوا لـە مێشـکتدا وەک ئـەو دەبیـت، بـەو شـێوەیە بیـر دەکەیتـەوە کـە خـودا بیردەکاتـەوە، ئـەو شـێوازە دەبینیـت کـە خـودا دەیبینێـت،

a ئەڵقـەی ٩٨٨: «مـن شـەکەت بـووم -چـۆن جەسـتەم بـارگاوی بکەمـەوە بەبـێ ئـەوەی ڕۆحـم پشـتگوێ بخـەم؟» (١١ی کانونـی دووەمـی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ٢١٨: «قەشە سەرقاڵەکان و بەریەککەوتنی کتێبی پیرۆز، بەشی یەکەم» (١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣).

هەست بەوە دەکەیت کە خودا هەستی پێدەکات، لەو شتانە دوور دەکەونەوە کە خودا لێیان دوور دەکەوێتەوە.» پیرۆزییەکی پلەبەندییە بە درێژایی تەمەن (دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨). ئایا ئارەزووی ئەمە دەکەیت؟ ئەگەر وایە، «واز لە تەماشاکردنی جیهان بهێنن. کەوا ئەمە زۆر بە کردەیی تەلەفزیۆنیش لەخۆ دەگرێت. بۆچی دەمانەوێت هێندە لەلایەن بێباوەڕانەوە سەرگەرم بکرێین؟ بۆچی هێندە گیرۆدەی مۆسیقا و ڤیدیۆ و تەلەفزیۆن و فیلمین؟ «ئەی جیهان: پێم بڵێ! پێمی نیشان بدە! خۆراکم پێ بدە! من لە قاڵب بدە! من دروست بکە!» وە ئەویش دەیکات. «جیهان ئێمە لە وێنەی خۆیدا لە قاڵب دەدات لە کاتێکدا ئێمە چێژ لە کات بەسەربردنەکانی وەردەگرین. «لە ژیانتدا رادەی بینینت بۆ عیسای پەروەردگار و شکۆی خودا بەراورد بکە بە بڕی بینینت بۆ جیهان. چۆن بەراوردی دەکرێن؟» ڕەنگە ئەمە لاوازی ڕۆحیمان ڕوون بکاتەوە، ئامادەییمان بۆ فریوخواردن، وە بێتواناییمان بۆ گۆڕینی جیهان، وە خۆبەدەستەوەدانمان بۆ پەیوەندییە تێکشکاوەکان کە هەرگیز چاکی ناکەینەوە. ئێمە تەماشای جیهان دەکەین تاوەکو جیهان لێی «پڕدەبێت». ئایا دەتەوێت نوێ بیت بۆ ئەوەی وەک عیسا ببینیت، وەک عیسا بیر بکەیتەوە، هەست بە عیسا بکەیت، وەک عیسا خۆشەویستیت هەبێت، وەک عیسا گرنگی بدەیت، وەک عیسا دادوەری بکەیت؟ ئەگەر ئەمە بکەیت، ئەوا ئامانجێک هەیە. تەماشای عیسا بکە. زۆر!»[a]

کەمکردنەوەی پێدانی پێشینەیی بە سەرگەرمییەکان لە جیهان پێویستی بە ڕاپەڕینێکی نەوەکان دەبێت. «هەوڵدان بۆ پاکی دڵ (یەکەم تیمۆساوس ١: ٥)، بوونی بیرکردنەوەی وەک مەسیح (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ١٦)، ئاراستەکردنی هەستەکانمان بۆ ئەو شتانەی سەرەوە (کۆلۆسی ٣: ١-٢)، نوێبوونەوەی ڕۆحی بیرکردنەوەکانمان (ئەفەسۆس ٤: ٢٣)، گۆڕانی هەستەکانمان، پاراستنی ژیانمان بەبێ پەڵە لە گوناهباری جیهان (یاقوب ١: ٢٧)، کۆکردنەوەی گەنجینەمان لە ئاسمان نەک لەسەر زەوی (مەتا ٦: ١٩-٢٠)، پاراستنی بینینێکی ڕوون بۆ ڕووناکی ئینجیلی شکۆمەندی مەسیح (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤)». چێژ وەرگرتن لە هاوبەشی ڕۆژانە لەگەڵ کوڕی خودا (یەکەم یۆحەنا ١: ٣)، ڕووناکبوونەوەی چاوی دڵمان بۆ ئەوەی بزانین هیوای بانگهێشتکردنمان چییە، وە دەوڵەمەندی شکۆمەندی میراتەکەمان، وە گەورەیی بێئەندازەی هێزی خودا بەرامبەر بە باوەڕداران (ئەفەسۆس ١: ١٨-١٩)، تامی سەردەمی داهاتوو (عیبرانییەکان ٦:٥)، ئازادبوون لە هەوەسی چاو و هەوەسی جەستە و شکۆداری ژیان (یەکەم یۆحەنا ٢: ١٦)، هێزی ڕۆح لە ناخی مرۆڤانەماندا (ئەفەسۆس ٣:

---

a ئەڵقەی ١٦٧٣: «ئێمە وەک ئەو ڤیدیۆیانەمان لێدێت کە دەیانبینین» (١ی ئەیلوولی ٢٠٢١). سەبارەت بەوەی کە «تەماشاکردنی عیسا» چۆنە، بڕوانە ئەڵقەی ٣٠٤: «وێناکردنی مەسیح بۆ شەڕکردن لەگەڵ هەوەس؟» (٢٤ی ئازاری ٢٠١٤)، ئەڵقەی ١٨٨٦: «چۆن ڕاستی لە ئەقڵمەوە پاڵ بنێم بۆ دڵم؟» (١١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣)، وە ئەڵقەی ١٨٩٥: «چۆن چاوەکانت لەسەر مەسیح بێت» (١ی شوباتی ٢٠٢٣).

١٦)، بینینێکی ڕوونی پانی و درێژی و بەرزی و قوواڵی خۆشەویستی مەسیح (ئەفەسۆس ٣: ١٧-١٨)، وە چێژوەرگرتن لە پڕی تەواوی خودا (ئەفەسۆس ٣: ١٩)؛ هەموو ئەمانە بەهادارن و نیشانەکانی ئەوەن کە باوەڕداربوونی ڕاستەقینەی مەسیح واتای چییە. هەموو ئەمانە پێویستیان بە جۆرێک لە چاکبوونەوەی ڕیشەیی دەبێت لە پابەندبوونی کۆن و سەرەتایی کڵێسا بۆ ئەوەی بە مەبەست دابڕێت، بە تایبەتی لە شێوازەکانی سەرگەرمی، لەپێناو چێژوەرگرتنی هەمیشەیی لە گەورەیی مەسیح.» ڕاپەڕینێکی لەم شێوەیە لە ئارادایە. «من باوەڕم وایە کە خودا نەوەیەک پەروەردە دەکات کە هێندە دڵخۆشن بەو شتانەی کە بەدەستی دەهێنن لە خودا و مەسیح و ڕزگاری و ڕێگای ڕاستودروستی و قوربانیدانی خۆشەویستانە، کە بەو تۆمەتانە ناترسن کە دەڵێن جۆرێکی نوێی بناژۆخوازن (تۆندڕەون).» ئەوان جیابوونەوەیەکی دژە کەلتووری لە میدیای باڵادەستی جیهان بنیاد دەنێن (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٦-١٨).[a]

ئەرکی کڵێسا لە سەردەمی سەرگەرمی

«ئامانجی ژیان و پەرستن و بانگەواز گەلێکی دڵنیایە بۆ خودا -ناسینی خودا بەڕاستی، خۆشویستنێکی ڕاستەقینە.» ئەمە ئامانجی کۆتایی بانگخوازە. «گەلەکەم پێویستە خودا بناسێت، وە گەلەکەم پێویستە دڵگەرمییان بۆ خودا هەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر لە خواردن یان سێکس یان پارە یان وەرزش یان میدیا ڕەزامەندییان لە خودادا هەبێت. ئەگەر ئەوان ئەمە نەکەن ئەوا بتپەرستن.» کەواتە ئەگەر ئەمە کاری قەشە بێت، چۆن دەیکات؟ هەردوو ئامانجەکە لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە مەحاڵن. «شەیتان ئەقڵیان کوێر دەکات، وە دڵیان وەک بەرد ڕەقە. تۆ خۆت ناتوانیت هیچ لەو بارەیەوە بکەیت. بانگەوازی ئەرکێکی مەحاڵە؛ ئامانجێکی مەحاڵی هەیە. دەبێت پەرجوو لەم ژوورەدا زۆر بێت [پەناگە]، ئەگەر ئامانەوێت شتێکی هەتاهەتایی ڕووبدات. کەواتە چی دەکەیت؟ ئەم دوو وشەیە: ڕوونکردنەوە و خۆشحاڵی.»

ڕوونکردنەوە، لە نیوەی یەکەمدا، «واتە ئەرکی من ئەوەیە بزانم خودا لەم کتێبەدا [لە کتێبی پیرۆزدا] چی لەبارەی خۆیەوە ئاشکرا کردووە، بزانم چۆن ئاشکرای کردووە لە وشەکاندا، لە دەستەواژە و ڕستە و کۆپلە، پاشان دۆزینەوەی وشە و پێکهاتەی بیرکردنەوەیی بۆ فێرکردنی.» پۆڵس دەڵێت کە پیرەکان دەبێت بسەلمێنرێن «توانای فێرکردن»یان هەیە (διδακτικόν؛ یەکەم تیمۆساوس ٣: ٢) ئەمە واتا کاتێک قەشە تەواو بوو، «تێگەیشتن ڕووەدات، ڕووناکی لە مێشکدا دەدرەوشێتەوە»، وە بیسەرەکان «باشتر درک دەکەن بە ڕاستی خودا.»

a ئەڵقەی ١٦٥٤: «چەندە میدیا، زێدەڕۆییە؟» (١٩ی تەممووزی ٢٠٢١).

خۆشحاڵی نیوەکەی دیکەیە، چونکە ئەگەر قەشەکە «بە دڵی کاردانەوەی بۆ ئەو شتانە نەبێت کە بینیویەتی، بانگەوازی بۆ ناکات و ناپەرستێت. دەبێت بەڵگە هەبێت کە باوەڕی بەم شتە هەیە، لە دەنگی ئەو کەسەدا، لە چاویدا، لە ڕەفتاریدا. ئەو ئەمەی خۆشدەوێت. ئەو لەم شتە دەترسێت. ئەو سەرسامە بەم شتە. هەر هەست و سۆزێک گونجاو بێت بۆ ئەمە لە زەبووروەکان یان دەقێکی نامەی ڕۆما -ئەم کاردانەوە گونجاوەی دڵ هەرچییەک بێت- دەبێت ئەم کاردانەوانەی هەبێت. ئەمە خۆشحاڵییە- خۆشحاڵییەکی ڕوونکردنەوە.»[a]

ئەم پەرستشە بیراوەی بانگخواز -وە کۆمەڵی باوەڕدارانی- یەکێکە لەو هۆکارانەی کە منداڵان سەر بە کۆبوونەوەی پەرستشەکان دەبن. «زۆر پێش ئەوەی منداڵان بە تەواوی لەو وشانە تێبگەن کە لە خزمەتدا دەگوترێن و بە گۆرانی دەگوترێنەوە، بڕێکی زۆر ئەزموونی بەهادار وەردەگرن. ئەمە ڕاست دەمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر بشڵێن بێزار بووین. بە تێپەڕینی کات بە مۆسیقا و وشەکان ئاشنا دەبن. ئاوازی مۆسیقاکە دەست دەکات بە نوقم کردنیان. شێوازی خزمەتەکە دەست دەکات بە هەستکردنێکی سروشتی. تەنانەت ئەگەر لە زۆربەی وتارەکە تێنەگەن، ئەزموون دەریدەخات کە منداڵان شتە سەرنجڕاکێشەکان دەبیستن و لەبیریان دەمێنێتەوە. ناوەڕۆکی نوێژ و گۆرانی و وتارەکە دەرفەتێکی بێهاوتا بە دایک و باوکان دەبەخشێت کە ڕاستییە گەورەکانی باوەڕ فێری منداڵەکانیان بکەن. ئەگەر دایک و باوک بزانن لە دوای خزمەتەکە پرسیار لە منداڵەکانیان بکەن و شتەکانیان بۆ ڕوون بکەنەوە، ئەوا تۆوێکی زۆری بەهاداریان دەچاند بۆ گەشەکردنی درێژخایەنی منداڵەکانیان لە ناسینی خودا.» ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە «هەستێکی ڕێزلێنان و سەرسامی هەیە کە منداڵان دەبێت لە ئامادەگی خودادا ئەزموونی بکەن. پێویستە هەست بکەن بە کاتی پیرۆزییەکە، شوێنی پیرۆزییەکە. پێدەچێت ئەمە لە کڵێسای منداڵاندا ڕوونەدات. وە بەداخەوە، هەروەها بەدوور نازانرێت لە زۆرێک لە خزمەتەکانی گەورەسااڵندا ڕووبدات کە زۆر گرنگی دەدرێت بە قسەی ئاسۆیی نەک خۆشی ستوونی. پێویستە ئامانجمان ئەوە بێت کە منداڵەکانمان بەئاگا بهێنین لە گەورەیی و شکۆمەندی خودا، نەک تەنها مهرەبانی و ئاشنابوونی.»[b]

ئایا جۆن پایپەر ڕقی لە خۆشییە؟

کەلتووری کات بەسەربردن دزە دەکاتە ناو کڵێسا، وە خۆی نیشان دەدات لە قسەی بێبایەخی خۆشی و «گاڵتە». لە شوێنی خۆیدا نییە. «ناڵەی من بۆ ڕۆحێکی بێڕێز، گاڵتەجاڕ، گەمژە، گاڵتەچییە -ڕۆحێک کە بە ئاشکرا ناڕەحەتە لەگەڵ خۆشی ڕژد- وە تەنها ئاسوودەیە لەگەڵ هەستی شاد، گەشبینی، خۆشی زمانی شادی.» کڵێساکان پێویستیان بە زیاتر هەیە

a ئەڵقەی ١٣٨٥: «چی وتار باشتر دەکات؟» (٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).
b ئەڵقەی ٩١٩: «ئایا منداڵان دەبێت لە "کڵێسای گەورە" دابنیشن؟» (١٥ی ئابی ٢٠١٦).

لـه «خۆشـییەکی زیاتـر ڕژد -نـەک خۆشـییەکی تاریـک، بەڵکـو خۆشـییەکی ڕژد. دەترسـم لـەوەی کەسـانێک هەبـن کـە هیـچ بیرۆکەیەکیـان نەبێـت سـەبارەت بـەوەی باسـی دەکـەم. تەنهـا شـتێک کـە دەتوانـن بیکـەن ئەوەیـە کـە ئەمـە بخەنـە نـاو پۆلینەکانـی خەمۆکییـەوە.» کۆیسـاکان پێویسـتیان بـە قەشـەی ڕژد هەیـە لـە ژیـان و پەرسـتن و خزمەتیـان، دڵخـۆش بـن بـەوەی کـە منداڵـی خـودان، دڵخـۆش بـن بـەوەی بانگهێشـت کـراون بـۆ خزمەتکردنـی، «وە بـە شـێوەیەکی نایـاب بتوانـن ئـەوە نیشـان بـدەن و دەریببـڕن بەبـێ ئـەوەی هەمـان ڕەفتـار و هەمـان وشەسـازی کەرنەڤـاڵ یـان بەرنامـەی گفتوگـۆ بەکاربهێنـن.»

قەشـەکان بانگهێشـت دەکرێـن بـۆ ئـەوەی بـە ڕژدی مامەڵـە لەگـەڵ خـودا بکـەن، وە درک بکـەن بـە کاریگەرییەکانـی گونـاە لەسـەر ئـەم جیهانـە، وە درک بکـەن بـە کاریگەرییـە ناوخۆیـی و جیهانییەکانـی ئـازارەکان. ئـەوان داوایـان لێکـراوە بـۆ ڕاگەیاندنـی ڕاسـتییەکانی ئاسـمان، دۆزەخ، «مردنـی عیسـا لەسـەر خـاچ،» زیندووبوونـەوەی، وە هێـزی پەیوەسـتی گونـاە، هێـزی کۆیرکـەری شـەیتان، وە بەرهەمـی بەهـاداری ڕۆحـی پیـرۆز، شـکۆمەندی لێخۆشـبوون، بانگهێشـتی ئێمـە بـۆ ئـازار، هیوامـان بـە شـکۆمەندی هەتاهەتایـی، وە «شـیرینی هاوڕێیەتـی مەسـیحی،» چاکـەی خزمـەت، پەرجـووی لەدایکبوونـی نـوێ، وە بەهرەکانـی ڕۆحـی پیـرۆز. «چـۆن لـە جیهانـدا وشـەی خۆشـی یـان دەسـتەواژەی چێژوەرگرتـن لـە خۆشـی لـە ڕووی سـۆزدارییەوە لەگـەڵ ئـەو ڕاسـتییانەدا دەگونجێـت؟» نەخێـر. لێـرەدا وشـەی «خـراپ» لەگـەڵ کەلتوورێکـدا دەگونجێـت کـە تووشـبووە بـە وشەسـازیی کات بەسـەربردن و سـەرگەرمی -«سـەرچاوەی وشەسـازیی بنەڕەتی»مـان و ئـەو «هەوایـە ڕەسـەنە»ی کـە هەناسـەی پێدەدەیـن. «وشـەکانی ڕژد و سەرنجڕاکێشـی و قوولـی و قورسـایی و کـڕۆک، نامـۆن. وامـان لێدەکـەن هەسـت بـە مەترسـی بکەیـن. ئەمانـە بـۆ ئێمـە سروشـتی نیـن. وە ئەمەیـە دڵتەنگـی مـن. بابەتەکـە پەیوەنـدی بـە وشـەکانەوە نییـە. ئێمـە زمانـی کات بەسـەربردنمان بەکارهێنـاوە بـۆ وەسـفکردنی خۆشـییە پیـرۆزەکان، قورسـەکان، ڕژدەکان. وە باشـترین شـت کـە دەتوانیـن بیڵێیـن وەک ئـەوەی ئێمـە باڵیـۆزی پاشـای پاشـاکانین ئەوەیـە، "زۆر خۆشـە!"»

بـەڵام کتێبـی پیـرۆز داوامـان لـێ دەکات کـە بژیـن بـە «تێکەڵبوونـی خۆشـی و سـەنگینی، کـە تێکهەڵچنینـی ژیـان و بانگـەوازی قەشـەیەک بێـت -یـان هـەر کەسـێکی دیکـە- بـە شـێوەیەک کـە خەڵکـی بێباکانـە هۆشـیار بکاتـەوە و بارگرانییەکانـی کەسـانی پیـرۆز سـووک بـکات. دەمەوێـت خەڵکـی بێباکانـە بـە وریایـی خۆشـی لـە خـەو هەڵبسـتن، وە دەمەوێـت کەسـە پیـرۆزە بارگرانییـەکان بەیانـی یەکشـەممە بێنـە ژووروەوە بـۆ ئـەوەی بارگرانییەکانیـان شـیرین و سـووکتر بـن.» بـەڵام زمانـی خۆشـی و چێژوەرگریـن لـە خۆشـی هیـچ کام لـەم دووانـە نـاکات.

خۆشـی لـە چوارچێـوەی ناوەڕۆکدایـە. «ڕژدی بـەردەوام، جـا ئەگـەر لـە شـێوازێکی میلۆدرامـی

بێت یان خەمباری، بێگومان نەخۆشییەکی ڕۆح دەگەیەنێتە جەماوەرە گشتی خەڵک، ئەمە ڕاستییە.» بیر لە منداڵێک بکەرەوە کە دەیەوێت لەگەڵ باوکی بچێتە سەر زەوی و یاری بکات. «ئەو باوکەی کە ناتوانێت ئەمە بکات بە ئازادی و خۆشی و شادی و "چێژێک"، لە مەترسی ڕاستەقینەی گوناە تێناگات، چونکە توانای ئەوەی نییە چێژ وەربگرێت لەوەی خودا پاراستوویەتی لە وێرانکارییەکان، لە وێرانکارییەکانی گوناە. ئەو بەڕاستی نەخۆشە. پیاوێکە ناشایستەیە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە ڕێنمایی بکات بەرەو تەندروستی. لە کۆتاییدا، ئەو ڕژدە سەبارەت بە ڕژدی. بەڵام ڕژد نییە لەوەی دڵخۆش بێت.»

«کەواتە دڵتەنگی من دڵتەنگییەک نییە سەبارەت بە وشەی خۆشی. دڵتەنگی من سەبارەت بە لەدەستدانی توانای هەستکردن و دەربڕینی خۆشی شیرینی پەشمەک و سواربوونی تەلەفریک لە ئاهەنگێک لەگەڵ منداڵەکانمان و خۆشی فرمێسکاوی خزمەتی ڕزگارکەری ڕۆح لە خزمەتی پاشایەکی لە خاچدراوی سەرکەوتوودایە. ئەی برایان، جیاوازی هەیە. جیاوازی هەیە. وە شتێکی باش دەبێت ئەو وشەکانە بەکاربهێنرێت کە یارمەتی خەڵکی بدات بۆ ئەوەی هەست بە جیاوازی بکەن.»[a]

ئایا جۆن پایپەر دڵخۆشە؟

«زۆر جار ئەم پرسیارەم لە خۆم کردووە -نەک تەنها لەبەر ئەوەی زۆرم نووسیوە دەربارەی گرنگی، لە ڕاستیدا، بە دڵنیاییەوە پێویستییە لەخودادا دڵخۆش بین، بەڵکو لەبەر ئەوەی کتێبی پیرۆز بە سادەیی دەڵێت: "ئەی جۆن پایپەر، لە پەروەردگاردا شادبە!" (فیلیپی ٤: ٤). بۆیە من ئەم پرسیارە دەکەم، نەک لەبەر ئەوەی هەست بە هیچ سنووردارکردنێکی دەرەکی بکەم کە لە یەکێک لە گوێگرەکانمانەوە دێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەردەوام لەگەڵ پرسیارەکەدا دەژیم -چونکە بەردەوام لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا دەژیم.»

چوار هۆکار لە کتێبی پیرۆزەوە ئاڵۆزی بۆ پرسیارەکە زیاد دەکەن. (١) مەسیحییەکان پابەندن بە دەربڕینی خۆشی ڕاستەقینە و پابەندن بە دەربڕینی دڵتەنگی ڕاستەقینە (ڕۆما ٩: ٢-٣؛ ١٢: ١٥؛ دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠؛ یەکەم پەترۆس ١: ٦). مەسیحییەکان دەمێننەوە بە «هەستیاری بەرامبەر بە خەمەکانی جیهان.» بۆیە بەختەوەریمان «هەمیشە لەگەڵ خەمدا تێکەڵە.» هەر کەسێک بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەمەدا دەکات، بەڵام «لەم

---

a ئەڵقەی ٩٠٥: «ئایا جۆن پایپەر ڕقی لە خۆشییە؟» (٢٦ی تەممووزی ٢٠١٦). گۆڕانکارییەکانی دەستەواژەی جۆن پایپەر بۆ («ڕژدی خۆشی» یان «خۆشییەکی ڕژد») لە دە ساڵەی یەکەمی پەخشەکەدا سی و پێنج دەرکەوتنیان هەبوو. بە تەواوی لێرەدایە لە ئەڵقەی ٩٠٥: «ئایا جۆن پایپەر ڕقی لە خۆشییە؟» (٢٦ی تەممووزی ٢٠١٦). هەروەها بڕوانە ئەڵقەی ١٢٣٤: «سێ هەڕەشە لەسەر خۆشی ئەم نەوەیە» (٨ی ئابی ٢٠١٨) و ئەڵقەی ١٣٧٤: «سەیرترین ساتەکانی جۆن پایپەر لە بانگەوازدا» (٢٧ی ئەیلوولی ٢٠١٩).

جیهانـه کەوتـوودا، بەختـەوەری ڕۆحـی ڕاسـتەقینە -واتـا بەختـەوەری ڕۆحـی پیـرۆز- هەمیشـە وەک ناکـۆک و تـەواو پێکـەوە نەگونجـاو ئەزمـوون دەکرێـت. بـە دڵنیاییـەوە ئەمـە بـۆ مـن ڕاسـتە، بـە هـەر حاڵ.» (٢) دڵتەنگـی بـۆ قوواڵکردنـەوەی خۆشـیمان داڕێـژراوە (ڕۆمـا ٥: ٣-٤). ڕاسـتە کـەوا تەنگانـە بەرەنگاریـی خۆشـیمان دەبێتـەوە، بـەاڵم لـە کۆتاییـدا خزمـەت بـە هیـوا و خۆشـیمان دەکات. «ئـەم گرژییـەی نێـوان خـەم و شـادی تەنهـا گـرژی نییـە، بەڵکـو لەلایـەن خـوداوە ڕاڕێـژراوە بـۆ ئـەوەی خۆشـیمان قووڵـتر و پاکـتر بێـت.» (٣) تێکۆشـان لەپێنـاو بـاوەڕ تێکۆشـانە بـۆ خۆشـی. (٤) لێـرەوە، قەشـەکان هـەوڵ دەدەن بـۆ خۆشـی کەسـانی دیکـە (دووەم کۆرنسـۆس ١: ٢٤) وە لەپێنـاو خۆیـان بـۆ «پێشـکەوتن و خۆشـییان لـە بـاوەڕ» (فیلیپـی ١: ٢٥).

کەواتـە ئایـا جـۆن پایپـەر دڵخۆشـە؟ «بەڵـێ، مـن دڵخۆشـم، بەڵـێ، پێکهاتەیەکـی گـەورەی ئـەم خۆشـییە ئەوەیـە کـە پۆڵـس لـە ڕۆمـا ٥: ٢ نـاوی دەبـات بـە "خۆشـی بـە هیـوا". بـە دەربڕینێکـی دیکـە، تەماشـای ئەودیـوی هۆکارەکانـی خەمـی ئێسـتا دەکـەم» کـە «هەندێکجـار سـەختن،» وە «هۆکارەکانـی داهاتـوو» دەبینـم «بـۆ خۆشـی، کـە هەمـوو شـتە خەمناکـەکان ڕاسـت دەکرێنـەوە، خـودا دەیەوێـت بەڵێنەکانـی ئـەو خۆشـییەی داهاتـووە بێنـە نـاو ئێسـتا، بـە پێوەرەکانـی خۆشـی ئێسـتا لـە ناوەڕاسـتی خەمـدا پشـتگیریمان دەکات.»

ئـەو دڵخۆشـە، بـەاڵم دەکرێـت بـە هەڵـە دڵتەنگیـش بێـت. شکسـتەکانی لـە ئینجیلـی کەسـیدا بەهـۆی «شکسـتهێنان لـە دڵخۆشـی بـە بەڵێنەکانـی خـودا و گرنگیدانـی بـە مـن و بەڵێنەکـەی بـۆ کارکـردن لەگـەڵ مـن و لـە ڕێگـەی منـەوە.» شکسـتەکانی لـە تورەیـی، «کـە ڕەنگە زیاتر لەسـەرم دەکەوێـت لـەوەی دەیزانـم، بەهـۆی شکسـتەکانی دڵخۆشـبوون بـە پـەروەردگار و نیعمـەت و چاکـەی خـودا.» شکسـتەکانی لـە هـەوەس «دەگەڕێتـەوە بـۆ شکسـتەکانی خۆشـییەوەیە کـە لـە ڕێگـەی بینینـی چـاوی پاکـی شـکۆمەندی تـەواو تێرکـەری خـوداوە دێـن.»

وە لەگـەڵ ئەوەشـدا، «خـودا ئەسـتێرەی ڕێنوینـی ئاسـمانی منـە. ئـەو باکـووری ڕاسـتەقینەی قیبلەنمـای ژیانمـە. ئـەو خـۆری گەشـاوەیە لـە ناوەنـدی کۆمەڵـەی خـۆری سـۆزداریم، وە ئـەو نیشـتیمانەیە کـە لەسـەر جـی پـی ئێسـی ژیانـم ناسـڕێتەوە.» بۆیـە، بـۆ مـاوەی حەفتـا سـاڵە، کاتێـک دڵـی «دەسـت دەکات بـە سـەرگەردانی بـەرەو ڕەزامەندییەکـی دیکـەی کێبڕکێـکار،» خـودا «هەمیشـە ڕاکێشـانێکی کێشـکردنی ڕۆحـی پیـرۆزی بەسـەرمدا سـەپاندووە کـە هەسـارەکانی ژیانمـی هێناوەتـەوە نـاو خولگـە پیرۆزەکانـی دەوری شـکۆمەندی ئـەو. بەوپـەڕی پەرۆشـییەوە چاوەڕێـی ئـەو ڕۆژە دەکـەم کـە لەگـەڵ عیسـا دەبـم، کاتێـک لـە ئـازاد دەبـم شـەڕ و ئـازاد دەبـم لـە گوناە.» کەواتـە ئایـا جـۆن پایپـەر دڵخۆشـە؟ وەاڵمەکـەی ئەمـڕۆی ئاڵـۆزە. بـەاڵم «پێموایـە ئەگـەر لـەدوای پەنجـا سـاڵ هەمـان پرسـیارم لێبکەیـت، لـە ئاسـمانەوە بـە بەڵێیەکـی سـادە وەاڵم دەدەمـەوە!»[a]

a ئەڵقەی ١٠٣٤: «ئایا جۆن پایپەر دڵخۆشە؟» (٢٨ی نیسانی ٢٠١٧).

تەماشاکردنی دیمەنە سێکسییەکان

مێردێک ئاسوودەیە لەگەڵ دیمەنە سێکسییەکانی فیلمەکان؛ ژنەکەی وانییە. وە ئەویش ڕاست دەکات. گوناهێک لەسەر شاشە بۆ وروژاندنی هەوەسی بینەران گوناهێکە کە مەسیح لەپێناوی مردووە. گوناە یاری نییە. وە تەماشاکردنی سێکس وەکو کات بەسەربردن پێچەوانەی خۆشویستنی ئەکتەرەکانە.

پیاوێک کە چێژ لە دیمەنی ژنێکی سنگ ڕووت وەربگرێت، لە شاشەدا، خۆشەویست نییە، «چونکە تەماشاکردنی ئەم دیمەنانە، کڕینی ئەم فیلمانە، پارەدان بۆ ئەوەی بیانبینیت، پشتگیری دەکات -بە کردار- بۆ ئەو ڕەفتار و ئارەزووانەی لەو دیمەنانەدا هەیە و ئەو ژنانە لەناو دەبات.» بینەر هاوبەشە لەوەی کە چۆن دیمەنە گوناهبارەکان ژیانی هاوسەرگیری یان هاوسەرگیری داهاتووی ئەکتەرێک دەشێوێنن کە «بۆ لەبەردەم چەندین پیاو ڕووت کردووەتەوە، بە چەندین شێوە دەستی لێدراوە کە چیتر هیچ شتێک بۆ هاوسەرەکەی پیرۆز و پاک و بەهادار دەرناکەوێت.» هەروەها دڵشکانی دایک و باوک و خێزانەکەی پشتگوێ دەخات.

وەها هەوەسی ڕووتی لە شاشەیەکدا «داوێنپیسییەکی ڕوونە، پێموایە ئەم ژنە نەفامە، ئەگەر پێی وابێ کە ئەم دیمەنانەی لە مێشکی مێردەکەیدا هەیە هیچ پەیوەندییەکیان بەوەوە نییە. ئەمە شێتانەیە. ئەمە واتا هەر جارێک کە لەگەڵیدایە درۆ دەکات، لە مێشکی ئەودا ڕکابەرەکانی هەن. وە کاتێک ژنەکە کەمتر سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت، «پیاوەکە تەنها ئاراستەکەی دەگۆڕێت و دەچێتە ناو یەکێک لەو دیمەنانە و بەو شێوەیەش وروژانی خۆی دەبینێتەوە. ئەمە ناپاکییە.»

هەوەس ڕۆح دەشێوێنێت. «ڕۆحمان بچووک دەبێتەوە بۆ ئەو جۆرە چێژانەی کە خۆمان پێیەوە سەرقاڵ دەکەین.» ئەم جۆرە میدیا گوناهبارانە زیان بە پەیوەندیمان لەگەڵ خودا دەگەیەنن. لە کاتی خۆرئاوابوونداا کوێرمان دەکات لە شکۆمەندییە سروشتییەکان. تێچوونەکان زۆرن، مێردەکە «بە دەست خۆی ڕەحەت دەکات» ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا ڕێز لە ویژدانی ژنەکەی نەگرێت. سێکس بۆ ئەوە دروست نەکراوە لەسەر شاشە بەکاربێت. سێکس «وەرزشێک نییە بۆ بینەران.»[a]

بۆ ڕوونکردنەوەی کڕۆکی پرسیارەکە، ئێمە زنجیرە فیلمی (Game of Thrones)مان بینی

a ئەڵقەی ١٤٩: «مێردەکەم دیمەنە سێکسییەکانی لەلا ئاساییە -من ڕقم لێیەتی» (١٣ی ئابی ٢٠١٣).

(٢٠١١-٢٠١٩)، کـه زنجیرەیەکـی تەلەفزیۆنـی بەناوبانگـە و پـیزبەنـدی (TV-MA)ی هەیـە، بەناوبانگـە بـە ڕووتـی و دیمەنـی سێکسـی، تەنانـەت دیمەنـی دەسـتدرێژی و تووندوتیـژی سێکسـیش لـە دژی ژنـان. ئایـا مەسـیحییەکان دەتوانـن بـە وێژدانێکـی زینـدووەوە چێـژ لـە نمایشـێکی لـەو شـێوەیە وەربگـرن؟

«هەرچەنـدە لـە مـردن نزیـک ببمـەوە، وە بـە شـێوەیەکی کەسـی ڕووبـەڕووی عیسـا ببمـەوە، وە دەبێـت حیسـابێک بـدەم بـۆ ژیانـم و بـۆ ئـەو وشـە بێباکانـەی کـە دەرمبڕیـوە -تەنانـەت تەماشـاکردنە بـە مەبەسـتەکانم- زیاتـر دڵنیاتـر دەبـم لـەوەی کـە هەرگیـز بـە مەبەسـت تەماشـای بەرنامەیەکـی تەلەفزیۆنـی یـان فیلمێـک یـان ماڵپەڕێـک یـان گۆڤارێـک نەکـەم کـە بزانـم وێنـە یـان فیلمـی ڕووت دەبینـم. هەرگیـز. ئەمـە مکوڕبوونـی منـە.» قەناعەتێکـی لـەو شـێوەیە دژی ئـەو کەلتوورەیـە کـە تێیـدا «میدیـای کات بەسـەربردن زمانێکـی هاوبەشـی جیهانـە.» بەڵکـو، مەسـیحییەکان ئـەو «بانگهێشـتە قبـوڵ دەکـەن بـۆ ئـەوەی نامـۆ بـن. وە مـن بـە هەمـوو دڵـم باوەڕم وایـە کـە ئـەوەی جیهـان پێویسـتی پێیەتـی، بـە شـێوەیەکی ڕیشـەیی بوێریـە، قوربانیدانانـە، تامەزرۆییـە بـۆ خـودا. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، بانگهێشـتتان دەکـەم بـۆ ئـەوەی لەپێنـاو بەرژەوەنـدی جیهـان بـە جیهـان بڵێـن نـا. جیهـان پێویسـتی بـە کۆپییەکـی جوانتر و سـەردەمیانەتر و شـارەزای کەلتـووری و ناپەیوەندیدارتـری لـە خـۆی نییـە. ئەمـە فێڵێکـە کـە هـەزاران گەنجـی مەسـیحی پـێ هەڵخەڵەتێـنراوە. ئـەوان دەبێـت نـوێ بـن، قـۆز بـن، شـارەزا بـن، ئـاگاداری کەلتـوور بـن، چاودێـری هەمـوو شـتێک بکـەن بـۆ ئـەوەی نامـۆ نەبـن. ئەمـەش لـە ڕووی ڕەوشـتییەوە تێکیـان دەدات، وە پێموایـە شـایەتیدانیان لاواز دەکات.»

دوازدە هـۆکاری بـاش هـەن بـۆ ئـەوەی بڵێیـن نەخێـر بـۆ یـاری تـاج و تەخـت (Game of Thrones) و هـەر کات بەسـەربردنێکی بەناوبانـگ کـە ڕووتـی تێدابێـت. (١) درک بـەوە بکـە کـە مەسـیح مـرد لەپێنـاو ئـەوەی لـە هەوەسـی ڕابـردووت خـۆش بێـت و هێـزی هەوەسـی ئێسـتات بشـکێنێت. «ئەمـە گاڵتەجارییەکـی ڕەهایـە بـۆ خـاچ کـە وا مامەڵـەی لەگـەڵ بکەیـن وەک ئـەوەی عیسـا مردبێـت تەنهـا لەپێنـاو ئـەوەی لـە گوناهـی تەماشـاکردنی ڕووتیـمان خـۆش بێـت و پاکـمان نەکاتـەوە بـۆ ئـەو هێـزەی کـە تەماشـای نەکەیـن.» ئـەو مـرد بـۆ ئـەوەی لێـمان خۆشـبێت و پاکـمان بکاتـەوە (تیتـۆس ٢: ١٤). «ئەگـەر ئێمـە هەڵبژێریـن پشـتگیری لـە پیسـی بکەیـن یـان دەسـتی پێـوە بگریـن یـان چێـژی لـێ وەربگریـن یـان بـەدوای پیسـیدا بگەڕێیـن، ئـەوا ڕمێـک لەدەسـت دەگریـن و هـەر جارێـک کـە ئـەم شـتانە ئەنجـام دەدەیـن دەیگرینـە عیسـا.» بـە ئـازادی لـە کۆیلایەتـی هـەوەس بـژی. (٢) پیـرۆزی ڕیشـەیی چاوەڕوانییـە بـۆ ژیانـی ڕزگارکراومـان (دووەم کۆرنسـۆس ٧: ١؛ یەکـەم پەتـرۆس ١: ١٥). ڕووتـی تەلەفزیۆنـی ناتوانێـت بانگەوازەکەمـان بـەرەو پاکـی پێشـبخات. (٣) بیرکردنـەوە لـە هـەوەس گوناهـی ڕاسـتەقینە

(مەتا ٥: ٢٨-٢٩). «ئەگەر عیسا پێمان بڵێت کە دڵمان بپارێزین بەوەی چاوەکانمان دەربهێنین نەوەک هەوەسبازی بکەین، چەندە زیاتر دەڵێت: "تەماشای مەکە"؟» (٤) ئازادی خۆت بۆ پیرۆزی و خۆشەویستی بەکاربهێنە نەک بۆ خۆپەرستی شێواو (گەلاتیا ٥: ١٣؛ فیلیپی ٤: ٨). (٥) هیواخوازی بینینی خودا بە (مەتا ٥: ٨). چاوی پاک نیشانەی ئەو کەسەیە کە زیاتر خودای دەوێت. «پیسکردنی ئەقڵ و دڵ بە تەماشاکردنی ڕووتی توانای دڵ لاواز دەکات بۆ بینین و چێژوەرگرتن لە خودا. ئالنگاری هەر کەسێک دەکەم تەماشای ڕووتی بکات و ڕاستەوخۆ ڕوو لە خودا بکات و سوپاسی بکات و زیاتر چێژی لێ وەربگرێت بەهۆی ئەوە شتەی تازە ئەزموونی کردووە. (٦) بەهای شەرمنی (یەکەم تیمۆساوس ٢: ٩). ڕووتی تەلەفزیۆنی بە پێچەوانەیەتی. (٧) ئازارەکە بهێنە بەرچاوت. ئایا دەتەوێت جیهان ژنەکەت یان کچەکەت لە تەلەفزیۆن بە ڕووتی ببینێت؟ تۆ تەماشای منداڵ، هاوسەر، یان هاوسەری داهاتووی کەسێک دەکەیت. (٨) ڕووتی تەلەفزیۆنی ڕاستەقینەیە. کوشتنی سەر شاشە دروستکراوە، بە خوێنی ساختە و چەقۆ و پەڵەی ڕەنگاوڕەنگ. «بەڵام ڕووتی بە شێوەیەکی ساختە نییە، ئەم ئەکتەرانە لەبەردەم کامێرادا بەڕاستی ڕووتن، بە تەواوی ئەوەی دەرهێنەر دەیڵێت بە قاچ و دەست و مەمکیان دەیکەن،» لەبەردەم «ملیۆنان کەسدا بۆ ئەوەی جیهان ببینێت.» (٩) ڕووتی لەسەر شاشە لادانە. سێکس بۆ هاوسەرگیری پەیمانە. ئەو ئەکتەرە ژن و پیاوانەی «کە دەیانەوێت بە ڕووتی ببیندرێن، لە پۆلی ئەو نمایشکەرانەن کە لە سەرەوەی پلیکانە کارەباییەکان پانتۆڵەکانیان دەهێننە خوارەوە.» (١٠) فیلمە گەورەکان پێویستیان بە ڕووتی نییە. «ئەمە هونەر نییە کە ڕووتی بخاتە ناو فیلمەوە، بەڵکو ئەمە سەرنجڕاکێشی بەڕەڵاییە. ئەمە دەفرۆشێت.» (١١) فشاری جیهان وا لە مەسیحییەکان دەکات کە بگەڕێنەوە سەر شاشە. «ئەگەر ئەوان باوەڕیان بە فەرمایشتی مەسیح هەبووا و پیرۆزییان بەم گرنگییەوە وەرگرتبا کە من باسم کرد، دەبووا واز لە بینینی زۆرێک لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و فیلمەکان بهێنن. بە جۆرێک دەبینران کە ئەمان نامۆن. ئەمڕۆ، ئەمە خراپترین خراپەکارییە. وەک کەسێکی نامۆ تەماشا بکرێیت، خراپەیەکی زۆر گەورەترە لەوەی کە ناپیرۆز بیت.» (١٢) گوێ لە گومانەکانت بگرە (ڕۆما ١٤: ٢٣). ئەگەر گومانت هەیە تەماشای مەکە. ئەم خاڵە بە تەنها «خووی بینینی ملیۆنان کەس دەگۆڕێت. وە ئای، چەندە شیرین بە ویژدانێکی ئاسوودە دەخەوتن.»[a]

ئایا گوناهە لەگەڵ هاوسەرەکەت تەماشای بابەتی بەدڕەوشتی بکەیت؟

بەڵێ، تەماشاکردنی بابەتی بەدڕەوشتی پێکەوە «گوناهێکی قێزەونە،» شێواندنێکی لادەرە لە هاوسەرگیری و خۆشەویستی مەسیح بۆ کڵێسا. «ماقوڵ نییە کە ئەو چێژانەی مەسیح

a ئەڵقەی ٣٦٨: «ئایا مەسیحییەکان دەبێت تەماشای یاری تاج و تەخت بکەن؟» (٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤).

لـه کڵێسـادا هەیـه، بەهـۆی بیرکردنـەوە لـه لەشفرۆشـێک بوروژێندرێـن و هانبدرێـن.» لـه کتێبـی پیـرۆزدا چیڕۆکانـی مەسـیح لـه کڵێساکەیدا لـه چیڕۆکانـی مێـرد لـه ژنەکەیدا بەرجەسـتە دەبێـت. سـۆزی پەیوەنـدی هاوسـەرایەتی ئەوەیـه کـه چـۆن بـه هاوسـەرەکەت دەڵێیـت: «تـۆم لـه سـەرووی هەمـوو ئەوانـی دیکـەوە هەڵبـژاردووە. تەنهـا تـۆ ئـەو کەسـەی کـه مـن بـه چیڕۆیکـی پـاک و بـێ گڵاوییـەوە خۆشـی لـێ دەبینـم. چـاوم لەسـەر کـەس نییـه جگـه لـه تـۆ. مـن لـه مێشـکم و لـه جەسـتەمدا بـه دوای ژنانـی دیکـەدا ڕاناکـەم. مـن بـه ئەقڵـم، بـه چاوەکانم، بـه جەسـتەمەوە بـه تـەواوی تەرخانـم بـۆ تـۆ. تەنهـا تـۆ چیڕۆی منیـت.» کەواتـه «چـی دەڵێـت دەربـارەی مەسـیح و خۆشەویسـتییەکەی بـۆ کڵێسـاکەی ئەگـەر تـۆ شـیرینترین و پاکتریـن یەکێتـی بـه ژەهـری خۆراکێکـی گەنـدەڵ خـۆراک بدەیـت کـه گوناهـی سێکسـی بابەتـی بەدڕەوشـتییە؟»

بـۆ ئـەو پیـاوەی کـه پێشـنیاری کـردووە کـه ژنەکـەی لەگەڵیـدا تەماشـای بەدڕەوشـتی بـکات: «ئەمـه سـووکایەتییەکی گەورەیـه بـه ژنەکـەت، ئەگـەر تـۆ ژنەکەتـت فریـو داوە، هەڵخەڵەتانـدووە، هانتـداوە و ڕازیـت کـردووە بـۆ ئـەم وەهمـەی بابەتـی بەدڕەوشـتی بـۆ خۆشەویسـتی هاوسـەرگیرییە، پێویسـتە شـەرم بکەیـت. پێویسـتە ئێسـتا تۆبـه بکەیـت بـۆ خـودا، وە پێویسـتە پێـی بڵێیـت کـه چەنـدە پەشـیمانیت لـه پیسـکردنی شـتێکی وا پـاک، هێنـدە ناسـک، قـووڵ، ئەوەنـدە پیـرۆز، بـه شـتێکی وا گەمژانـه. وە بەڵـێ دەبێـت بڵێیـن گەمژانـه، پێویسـتە وشـەیەکی وەک گەمـژە لـه وشەسـازیدا هەبێـت. بـەم هەڵسـوکەوتە ڕێـز لـه ژنەکـەت ناگریـت. سـووکایەتییە پێـی. وە ئـەم پیـاوەی مکـوڕە لەسـەر ئـەم هەڵسـوکەوتە وەک ئاژەڵە، نـەک مێرد.» ئـەم «گوناهـه قێزەونـه» کوفـرە بـه مەسـیح، وە هانـدەرە بـۆ پیشەسـازییەکی بەدڕەوشـتی کـه تووشـی گونـاه بـووە، سـووکایەتی بـەو ژنـه دەکات کـه تـۆ ئەرکـدار کراویـت بـۆ ئـەوەی بـه بەهـاداری بزانیـت و چاودێـری بکەیـت.[a]

بـه شـێوەیەکی گشـتیتر، قەدەغەیـه ژنـەکان بەشـداری بکـەن لـه گوناهـی مێردەکەیـان. «ژن هەرگیـز بـەدوای مێردەکەیـدا ناچێتـه نـاو گوناهـەوە» چونکه مەسـیح «سـەری تەواوەتـی» ئەوە -دەسـەڵاتێک کـه هەمیشـه لـه سـەرووی مێردەکەیەتـی.[b] پەتـرۆس ئـەم خاڵـه بەکاردەهێنێـت بۆ ئـەو ژنانـەی مێردیـان بێبـاوەڕە (یەکـەم پەتـرۆس ٣: ١-٦). ژنـەکان ملکەچـی مێردەکانیـان دەبن، بـەڵام نـەک بـه ڕەهایـی. «ئامانجـی سـەرەکی ئـەم ئایەتـه ئەوەیـه کـه ژنێـک پەروەردگارێکـی نوێـی هەیـه، عیسـا، لـه سـەرووی مێردەکەیەتـی -وە هەوڵـدەدات مێردەکـەی بەدەسـتبهێنێت بـۆ ئـەوەی بەشـداری بـکات لـەم پەیمانـەی بـۆ عیسـا.»[c]

---

a ئەڵقەی ٩٥٥: «ئایا تەماشاکردنی ڤیدیۆی بەدڕەوشتی لەگەڵ هاوسەرەکەم گوناهە؟» (٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ٤٩٥: «ملکەچبوون بۆ هاوسەرەکەم چۆن دەبێت؟» (١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ٦٨٠: «هیوا بۆ هاوسەرگیری سەخت» (٨ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

خراپەی بابەتی بەدڕەوشتی

بابەتی بەدڕەوشتی، بەکارهێنانی وێنە و ڤیدیۆی ڕووت بۆ خۆ وروژان و خۆڕەحەتکردنە، کێشەیەکی بەربڵاوە بۆ پیاوان (وە ژنان). وێنەیەک یان ڤیدیۆیەک لەخۆدەگرێت کە بەکاردێت بۆ خەیاڵی سێکسی لەسەر کەسێک کە هاوسەرت نییە.

لە چوارچێوەی پیاواندا بابەتی بەدڕەوشتی لە چوار ڕووەوە خراپە. (١) بەکارهێنانی بابەتی بەدڕەوشتی بێ خۆشەویستییە. ئەو ژن و پیاوانەی کە جەستەی ڕووتیان بۆ پارە یان سەرنجدان دەفرۆشن، سەرقاڵی کارێکن کە ئەگەر تۆبە نەکەن، بۆ هەتاهەتایە مەحکوم دەبن. لە هەمان کاتدا، ئەم کردارانە دەکرێت پەیڕەوکردنی لەگەڵ هاوسەری داهاتووی بشێوێنێت. ئەم جۆرە تەماشاکردنە بۆ دایک و باوکی دڵشکاوی ئەم ئەکتەرە ڕووتە خۆشەویستی تێدا نییە. ئەوە پێچەوانەی خۆشەویستییە کە پیاو چێژ لە تەماشاکردنی ژنێک وەربگرێت کە دڵی دایک و باوکی دەشکێنێت، هیوای بە هاوسەرگیری داهاتووی لاواز بکات، ڕووتی نمایش بکات یان بەشداری لە داوێنپیسیدا بکات، کەوا ڕەنگە بۆ هەمیشە مەحکومی بکات. (٢) بەکارهێنانی بابەتی بەدڕەوشتی داوێنپیسییە. بابەتی بەدڕەوشتی «ئەو چێژە دەروونی و جەستەییانە دەوروژێنێت کە لەلایەن خوداوە دروستکراون بۆ ئەوەی لە هاوسەرگیریدا گەشەی پێبدرێت» (مەتا ٥: ٢٧-٣٠). (٣) بەکارهێنانی بابەتی بەدڕەوشتی هاوسەرگیری بینەرەکە لەناو دەبات، وەک هێزێک کە «توانای پیاوێک تێکدەدات بۆ ئەوەی ژنێکی تەنها بۆ خۆی خۆشبوێت.» لەبری ئەوە «کاتێک سەرقاڵی بابەتی بەدڕەوشتی دەبێت، خۆی و جەستەی ڕادەهێنێت، بۆ ئەوەی پێویستی بە دۆخ و جەستەی جیاواز و نامۆ و هەتادێت وروژێنەرتر بێت.» ئەو پیاوانەی کە شکست دەهێنن لە گەشەپێدانی «خۆشەویستییەکی پاک» بۆ ژنێک، چاویان «بەردەوام لەوەیە کە لەدوای تەمەنی چل و پەنجا و شەست ساڵیدا پێشکەشی بکات. ژن پێویستی بەوەیە متمانە بە پیاو بکات. باوەڕ بە پیاوێک بکات کە باشە کاتێک دەڵێت "من ئەوەم کە تۆ هەتە. من ئەوەم کە تۆ پێویستت پێیەتی." ژن هەست بە لاوازییەکی زۆر دەکات کاتێک پیاوێک پێی دەڵێت، "نا، بەڕاستی پێویستم بە زیاترە لەوەی کە تۆ دەتوانیت پێشکەشم بکەیت."» بابەتی بەدڕەوشتی توانای پیاو لەناو دەبات بۆ خۆشویستنی ژنەکەی بەو جۆرەی کە هەیە. (٤) بەکارهێنانی بابەتی بەدڕەوشتی ڕۆحەکان وێران دەکات. بابەتی بەدڕەوشتی توانای پیاو بۆ بینینی پاکی و گەورەیی شکۆمەندی خودا لەناو دەبات. «ڕۆح مەیلی بچووکبوونەوەی دەبێت لەگەڵ قەبارە و جۆرایەتی چێژەکانیدا، ڕەنگە مرۆڤ بە ڕۆحی خۆی بڵێت، ئێستا خۆت لەگەڵ ئەم چێژە نزم و کورت و ناپاک و خۆپەرستەدا بگونجێنە. ئەی ڕۆح خۆت لەگەڵ ئەم شتانە بگونجێنە. لەگەڵ ئەمە خۆت لە چوارچێوە بدە.» وە

ئەگەر ئەمە بکات، ئەوا هێندە بچووک دەبێت. وە کاتێک ڕۆحێک بەو شێوەیە بچووک دەبێتەوە، ناتوانێت خۆشەویستی بۆ خودا هەبێت، ناتوانێت خودا ببینێت، ناتوانێت دڵخۆش بێت بە خودا هێندەی پێویست بوو بە خودا دڵخۆش بێت، دڵخۆشی بەو وشە شکۆمەندانەی خودا لە کتێبی پیرۆز و لە جیهانەکەیدا پێشکەشمان دەکات.»

ئەم چوار هۆکارە بەربەستێک بەهێزن بۆ هەر باوەڕدارێک بە مەسیح کە هەوڵ بدات لە سەرووی هەموو شتێکەوە مەسیح شکۆدار بکات. «ئەگەر عیسا تەنها بیروباوەڕ نییە، بەڵکو پەروەردگار و هاوڕێ و ڕزگارکەر و گەنجینەی باڵای ژیانمان بێت، ئەوا ئێمە بەردەوام بە بژاردەکانمان ڕقمان لە ژنان نابێتەوە و سووکایەتییان پێ بکەین و لە لەناوچوونیان دڵنیا ببینەوە. ئێمە بەردەوام لە دڵماندا داوێنپیسی لەگەڵ ئەو ژنانەدا ناکەین. وە تواناکانمان بۆ خۆشویستنی ژنی ئێستا یان داهاتوومان گلاو ناکەین. تواناکانی ڕۆحمان بچووک ناکەینەوە بۆ چێژوەرگرتن لە شکۆمەندییەکانی خودا. ئێمە ئەمە ناکەین، چونکە عیسا زۆر لەمە جیاوازترە.»

کتێبی پیرۆز هیچ بیانووێک بۆ ئەو پیاوانە ناهێڵێتەوە کە ئالوودەی بابەتی بەدڕەوشتین. «ئێمە بووینە سەگی بەباهاتوو لە گەرمەی وەرزی جووتبوون، نەک ئەو مرۆڤانەی کە لەسەر وێنەی خودا دروستکراون و ڕۆحی پیرۆزیان هەیە، کە بەرهەمەکەی خۆشەویستی و خۆشی و بەسەرخۆدازاڵبوونە. ئەوەی دواهەمینیان کە خۆجڵەوگیرکردنە، بە زۆری لە پەیوەندی لەگەڵ سێکسدا بەکاردەهێنرێت. پیاوان قوربانی نین، ژنانیش مافی خۆیانە چاوەڕوانی زیاترمان لێبکەن.»[a]

کوشتنی هەوەسی بابەتی بەدڕەوشتی لەناو خۆماندا

لە جیهانێکی فریودانداا، بابەتی بەدڕەوشتی «درندەیە.» دەبێت دەستبەجێ هەوەس بکوژرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسییەی کە کتێبی پیرۆز دەیڵێت.

> ١. سەرەتا کتێبی پیرۆز بخوێنەوە. «یەکەم شت کە پێویستە دایبمەزرێنیت ئەوەیە کە ڕاستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ خودا پێش چارەسەرکردنی کێشەکانی

---

a ئەڵقەی ١٢٢: «ئایا تەماشاکردنی ڤیدیۆی بەدڕەوشتی لەلایەن خۆشەویستەکەم شکێنەرێکی گرێبەستی هاوسەرگیریە؟» (٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٣). سەبارەت بە گۆڕینی زاراوەی «ئالوودەبوون» بۆ «زێدەڕۆیی لە گوناە»، بڕوانە ئەڵقەی ٥٣٠: «نرخی ڕاستەقینەی وێنە و ڤیدیۆی بەدڕەوشتی» (١١ی شوباتی ٢٠١٥) (لەبارەی ئالوودەبوون بە ڤیدیۆی بەدڕەوشتی)، ئەڵقەی ٦٥٧: «چۆن لە نێوان دوو شتی باشدا یەکێکیان هەڵبژێرم؟» (٧ی ئابی ٢٠١٥) (دەربارەی ئالوودەبوون بە میدیای دیجیتاڵی و مۆبایلی زیرەک)، ئەڵقەی ١٣١٤: «چۆن لە ئالوودەبوونم لە کات بەسەربردن ڕزگاربم؟» (١٨ی شوباتی ٢٠١٩). (دەربارەی ئالوودەبوون بە ئەتاری و سەرگەرمی)، بروانە ئەڵقەی ١٧٠٢: «دەربارەی جگەرە و ڤەیپ و نیکۆتین» (٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١) (دەربارەی ئالوودەبوون بە نیکۆتین و ڤەیپ و جگەرە کێشان).

بابەتی بەدڕەوشتی دێت. واتا ڕاستودروستی پێش پیرۆزکردنە، وە بناغەیەتی. تاکە گوناهێک کە دەتوانین شکستی پێبهێنین، گوناهێکی بەخشراوە.» هەوڵبدە هەوەسی بابەتی بەدڕەوشتی بکوژیت بۆ ئەوەی پەیوەندیت لەگەڵ خودادا ڕاست ببێتەوە، ئەمە «پێچەوانەی مەسیحیەتە.»

٢. هەست بە ترسناکیی ئەو گومڕاییە بکە. هەروەک عیسا هۆشداری دەدات: «ئەگەر چاوی ڕاستت تووشی گوناهی کردیت، دەریبهێنە و فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو لەشت فڕێبدرێتە ناو دۆزەخ» (مەتا ٥: ٢٩).

٣. تێچوونەکە بژمێرە. بابەتی بەدڕەوشتی خۆشیمان بە خودا دەکوژێت، ئاڵوگۆڕێکی ترسناکە بۆ چێژێکی کەمتر. «من لە ئەزموونی کەسیی خۆمەوە دەزانم، لەو کاتانەی خۆم ڕادەستی هەر جۆرە هەوەسێک دەکەم، تواناکانم بۆ خۆشی ڕۆحیم بە خودا کەم دەبن، وە دەزانم کە هەمیشە ئەم مامەڵەکردنەکە خراپە. کەواتە لەپێناو خۆشییەکی زیاتر لە چێژێکی گەورەتردا، لە دژی فریودانەکان دەجەنگین.»

٤. کپکردنی هەوەسەکان بە یەزداناسی. پۆڵس بە مەسیحییەکان دەڵێت کە خۆیان لە گوناهی سێکسی بەدوور بگرن، نەبردرێن بەرەو «ئارەزووی هەوەسبازی وەک ئەو نەتەوانەی خودا ناناسن» (یەکەم سالۆنیکی ٤: ٥). لە جەنگی دژی بابەتی بەدڕەوشتیدا، خۆت لە یەزداناسیی قووڵ خۆراک بدە. پاڵ بە خۆتەوە بنێ بۆ ئەوەی قووڵتر خودا بناسیت. چونکە کاتێک شەیتان فریومان دەدات بۆ هەوەس، ئێمە دەمانەوێت پشت ببەستین بە «ناسینی کەمی خودا، هێندەی لە قوتابخانەی یەکشەممان فێری بووین، هەوڵ دەدەین بەوەندە بەرەنگاری هێرشی شەیتان ببینەوە. شتگەلێکی وا فراوان، قووڵ، شکۆمەند، جوان، بەهێز، سەرسوڕهێنەر لەبارەی خوداوە هەیە، کاتێک درکی پێ دەکەیت، کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی هەوەسەکان لە ژیانتدا کەمتر سەرنجڕاکێش بن.» یەزداناسییێکی پتەو «ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ تێکدانی کاریگەرییە بەهێزەکانی فریودانی سێکسی.» بەدوای شکۆمەندییە خودایەکاندا بگەڕێ کە لە سەرووی چەواشەکارییە درۆیین و ساختەکاتی هەوەسدا دەدرەوشێتەوە.

٥. کتێبێکی باش بخوێنەوە دەربارەی هونەری کوشتنی گوناە، وەکو کتێبی (کپکردنی گوناە) لە نووسینی جۆن ئۆین.

٦. بە (ANTHEM) بەرەنگاری فریودانەکان ببەوە، کورتکراوەیەکە کە بۆ هەموو شەڕەکانی لەگەڵ هەوەس داڕێژراوە. واتا (A) دووڕکەوتنەوە لە خۆبەدەستەوەدان

بـه فریـودان، بـه ئاگادارییـەوە لـه مـاوەی پێنـج چرکـەدا بڵێیـت (N) نەخێـر بـۆ فریـودان، (T) گۆڕینـی مێشـک و دڵـت ئاراسـتە بکـە بـۆ شـتێکی گەورەتـر، وەک شـکۆمەندی مەسـیحی لـه خاچـدراو، (H) ڕاگرتنـی ئـەم بینینـه جوانـەی مەسـیح لـه هۆشـیاری خۆتـدا «هەتـا سـەرکەوتن بەسـەر دیـدگا هەسـتیارەکەی دیکـە،» (E) چێژوەرگرتـن لـه مەسـیح و ئـەو بەڵێنانـەی بـه خوێنـی خـۆی کڕێویەتـی، وە لـه کۆتاییـدا (M) گواسـتنەوە بـەرەو چاڵاکییـەک کـه ڕێـز لـه مەسـیح بگرێـت. مـن «ئـەو [کورتکراوەیـە]م نەنووسـیوە وەک هەندێـک پێشـنیاری تیـۆری کـه چـۆن بەرەنگاریـی فریـودان ببمـەوە، بەڵکـو مـن نووسـیومە چونکـه ڕۆژێـک لـه حەوشـەی ماڵـەوە، پاڵـم بـه چیمەنبڕەکـەوە دەنـا، لـەدوای ئـەوەی هاوسـەرەکەم شـەوی پێشـتر پێـی گوتبـووم کـه هەندێـک کـەس لـه پشـت گەراجەکەمانـەوە دەسـتبازی سێکسـی دەکـەن. وە لەگـەڵ تێپەڕیـن بـه پاڵنانـی چیمەنبڕەکـە، مێشـکم یەکسـەر ئـەو دیمەنـەی دروسـتکرد و لـەو سـاتەدا هەسـتم بـه هـەوەس کـرد. ناچـار بـووم بەرپەرچـی بدەمـەوە بـۆ ئـەوەی لـەم بابەتـە ڕزگار بـم.»[a]

شکستپێهێنانی بابەتی بەدڕەوشتی بە هۆشداری و پاداشت

هـەر کەسـێک دەتوانێـت بـه هۆشـداری یـان پاداشـتی بەڵێنـدراو بەسـەر سـاتێکی گوناهـدا زاڵ بێـت؛ تەنانـەت بەسـەر هـەوەس و بابەتـی بەدڕەوشـتیش. «هـەوەس حەزێکـی سێکسـییە کـه بێڕێـزی بـه ئامانجەکـەی دەکات و خـودا پشـتگوێ دەخـات. هـەوەس چاوپۆشـی دەکات لـه بەڵێـن و هۆشـدارییەکانی سـەبارەت بـه هەبـوون و لەدەسـتدانی جوانییەکانـی مەسـیح. ڕووتـی لەسـەر شاشـە (یـان هـەوەس لـه خەیاڵـدا) وەک شـتێکی کەمـتر لـه چاڵاکیـی جەسـتەیی و سـووکایەتیکردنە بـه ئـەوەی کـه لـه ڕاسـتیدا هەیەتـی.

زاراوەی ئاڵوودەبـوون «ڕێژەییـە»، چونکـه هیـچ پیاوێـک یـان ژنێـک نییـە «بـه تەواوەتـی ئاڵـوودەی بابەتـی بەدڕەوشـتی یـان هـەر گوناهێکـی سێکسـی بێـت.» لـه ڕاسـتیدا «ئەگـەر مەترسـییەکان هێنـدە زۆر و دڵنیابـن، ئـەوا هەمـوو ئـەو خۆڕاگرییـەت دەبێـت کـه پێویسـتتە بـۆ زاڵبـوون بەسـەر هـەر فریودانێکـی سێکسـی.» نمونـەی هۆشـداری و پاداشـت وەربگـرە. (١) ئـەو سـاتە وێنـا بکـە کـه بـه تـەواوی دەکەویتـە نـاو «زاڵبوونـی هەوەسـی سێکسـی؛ زۆر بەهێزتـر و گەرمـتر لـەوەی لـه ژیانتـدا هەسـتت پێکـردووە،» لـەو سـاتەدا پێـت وایـە ناتوانیـت بەرگـری بکەیـت لـه دژی قیدیـۆ بەدڕەوشـتییەکان لـه ئینتەرنێـت. لەنـاکاو تیرۆریسـتێکی داعـش

a ئەڵقـەی ١٨: «بەرەنگاربوونـەوەی ئاڵوودەبـوون بـه قیدیـۆی بەدڕەوشـتی بـه یەزداناسـیگەرایی سیسـتماتیکی گرۆدێـم» (١ی شـوباتی ٢٠١٣). بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی ANTHEM، بڕوانـه جـۆن پایپـەر، بەرهەمـه کۆکراوەکانی، نووسـینی جەسـتن تایلـۆر و دەیڤیـد ماتیـس (ویتـۆن، ئیـل: کرۆسـوەی، ٢٠١٧)، ١١: ٨٩–٩١.

دێتە ژووروەوە، لەبەردەمت باشترین هاوڕێت یان هاوسەرەکەت ڕادەکێشێتە بەردەمت و دەڵێت «ئەگەر کرتە لەسەر بابەتی بەدڕەوشتی بکەیت، قوڕگی دەبڕم.» لەو ساتەدا، «هێزی خۆڕاگریت دەبێت. تۆ ئالوودە نیت. کرتەی لەسەر ناکەیت.» (٢) یان بیر لە پاداشتێک بکەوە. کەسێک بە جانتایەکی شانەوە دێتە ژووروەوە کە پڕکراوە لە ملیۆنێک دۆلار. تەنها پێویستە بەرەنگاری بابەتی بەدڕەوشتی ببیتەوە. هەمان ئەنجامی هەیە؛ «خۆجڵەوگیرکردنی تەواو.» لە کۆتاییدا، «لەسەدا ٩٩ی ئەوانەی هەوەسیان هەیە لە بابەتی بەدڕەوشتی یان لەشفرۆشی یان داوێنپیسی، بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە جڵەوگیر نەکراون بە ئارەزووی سێکسی؛ بەڵکو پێیان وایە جڵەوگیر کراون، ئەوەی پێیان وایە ڕووەدات ئەگەر کاردانەوەیان بۆ هەوەسەکە هەبێت یان نا.» وە دەکرێت لە خووی بابەتی بەدڕەوشتی ڕزگار بن، ئەگەر هۆشداریەکان یان بەڵێنەکان بەهێز بن.

بەڵام نە ئەم هۆشدارییە و نە ئەم پاداشتە بە ڕوونی کارێکی مەسیحیانەیە. ئینجیل ئەوەمان بیردەخاتەوە کە ئێمە لە شەڕەکەدا مەسیح و ڕۆحی ئەومان هەیە. «خوێنی مەسیح نرخی خۆگرتنمان بوو، جوانی مەسیحیش پەیامی ڕۆحی پیرۆزە لە ئێمەدا. خوێنی مەسیح ئامادەبوونی ڕۆحی شکۆداری مەسیح دەهێنێت، وە ڕۆحی پیرۆزش لێرەیە بۆ شکۆداری مەسیح لە هەموو ئەو کارانەی کە دەیکەین، بە خۆگرتنیشەوە» (حزقیێل ٣٦: ٢٧). لە مەسیحدا دەبینین کە مەترسییەکان زۆر زیاترن لە سەربڕینی داعش یان پاداشتێکی ملیۆن دۆلاری. ڕۆحی پیرۆز لە ڕێگەی وشەی خوداوە ئاشکرای دەکات «کە جوانییە تەواو تێرکەرەکانی مەسیح دەکرێت بۆ هەتاهەتایە بەهۆی کۆیلایەتی هەوەس نەمێنن، یان دەکرێت بۆ هەتاهەتایە لە پاکی دڵدا چێژی لێ وەربگیرێت (مەتا ٥: ٨، ٢٩). ئەمەیە پیشانمان دەدات. ئاوا پەرجوو لە ئێمەدا دەکات.» مەترسییەکانی هەوەس لەوە گەورەتر نابن. ئایا ئێمە باوەڕمان پێی هەیە؟»[a]

ئایا عیسا بانگەشەی خۆخەساندنی کردووە بۆ ڕزگاربوون لە ئالوودەبوون بە هەوەسبازی؟

بابەتی بەدڕەوشتی مەترسییەکی هەمیشەییە (مەرقۆس ٩: ٤٣). لەژێر ئەم ڕۆشناییەدا، پیاوێک کە زۆر گرفتی بەکارهێنانی بابەتی بەدڕەوشتی هەیە، دەپرسێت ئایا عیسا بانگەشەی خۆخەساندنی دەستکردی مرۆڤی کردووە؛ ئەوەی ئەمڕۆ دەکاتە خەساندن بە نەشتەرگەری یان کیمیایی (مەتا ١٩: ١٢).

ئەم وەڵامە تونڕەو و گوماناوییە، لەبەر چوار هۆکار. (١) بژاردەکە ڕاچێتەیەک نییە. تەنانەت ئەگەر عیسا «بە وردی مەبەستی لە خەساندنی جەستەیی» بووبێت، ئەمە بەو واتایە نییە کە وەک بژاردەیەک پێشکەشی کردووە. «ئەمە فەرمان نییە، هەروەها

a ئەڵقەی ٥٣٠: «نرخی ڕاستەقینەی وێنە و ڤیدیۆی بەدڕەوشتی» (١١ی شوباتی ٢٠١٥).

قەدەغەکـردن نییـە.» (٢) ئەگـەر هەوەسـبازیت هەبـوو، عیسـا دەڵێـت چاوێکـت دەربهێنـە نـەک هەردووکیـان (مەتـا ٥: ٢٩). بـەڵام ئەگـەر تەنهـا چـاوی ڕاسـتت دەربهێنیـت، ئـەوا واتـای ئەمەیـە چـاوی چـەپ «بـە تـەواوی ئـازادە لـە بەردەوامـی هەوەسـبازی.» بۆیـە زۆر گوماناوییـە کـە عیسـا لێـرەدا بـە شـێوەیەکی ڕسـتەیی قسـەی کردبێـت، چونکـە دەرنەفیسـێک بخەیتـە نـاو چـاوت کێشـەکە چارەسـەر نـاکات «چـاوی چـەپ ڕێـک ئـەو شـوێنە دەبینێـت کـە چـاوی ڕاسـتت دەیبینـی.» کەواتـە بەڵـێ، ئەمـە بانگەوازێکـی ڕۆژی کۆشـندە دەمێنێتـەوە بـۆ کۆشـتنی هەوەسـبازی. ئیـتر نەخێـر، ئـەوە بانگەوازێـک نییـە بـۆ خەسـاندن. (٣) پێدەچێـت قسـەکانی عیسـا ئاماژە بـکات بـە «بانگەوازێکـی ڕیشـەیی بـۆ پاکیزەیـی -وەک پۆڵـس لـە بەشـی حەوتەمـی یەکـەم نامـەی بـۆ کۆرنسـۆس باسـی کـردووە، نـەک خۆخەسـاندنی جەسـتەیی.» (٤) بـەڵام «هەنـگاوی جەسـتەیی بـۆ کەمکردنـەوەی ئـارەزووی سێکسـی مـرۆڤ» بـەدوور مەگـرە «ئەگـەر ئامانجەکـە سـەرکەوتنی ڕۆحـی بێـت بەسـەر گوناهـدا.» ڕێگـەی دیکـە هەیـە بـۆ لاوازکردنـی هێـزی هەمـوو جـۆرە فریودانێکـی کەسـیی بـە وەرزشـکردن و پیادەڕۆیـی. لـە کۆتاییـدا، «هەنـگاوی جەسـتەیی بنـێ بـۆ کپکردنـی هێـزی هـەوەس یـان هـەر پاڵنەرێـک کـە بـەرەو گوناهـمان دەبـات. بـەڵام پێـت دەڵێـم ئاگادارببـە لـەو ڕێکارانـەی کـە کاریگـەری کەسـی هەمیشـەیی و نادیاریـان هەیـە.»[a]

ئایا بابەتی بەدڕەوشتی قەشەیەک لە خزمەتکردنی قەشایەتی بێبەش دەکات؟

هـەر کاتێـک قەشـەیەک تووشـی بابەتـی بەدڕەوشـتی بـوو دەبێـت لەلایـەن دەسـتەی ڕابەرایەتـی کڵێسـاوە بـە مەتـا بەشـی ١٨ دەسـتپێبکەن. «لەگـەڵ زانیاریدەرەکـە بـڕۆ بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی کەسـی، بـە تایبەتـی قسـەی لەگـەڵ بکەیـت.» بێبەشـکردن پشتبەبەسـتێت بەوانـە. ئایـا ئەمـە «هـەر تەنهـا ڕووداوێـک بـووە یـان بەردەوامـە؟» ئەگـەر تەنهـا هەڵەیـەک بووبێـت و بـەردەوام نەبیـت، «لادانێـک لـە پاکـی بەردەوامـی دڵـی، پاکـی چـاو، پاکـی پەیوەندییەکانـی، ئـەوا هـەوڵ دەدەم بـە تەنهـا لەگـەڵ ژنەکـەی و پیرانـی دیکـەی کڵێسـا چارەسـەری بکـەم.» بـەڵام ئەگـەر ڕووداوەکـە بەشـێک بێـت لـە خووێکـی بـەردەوام، «مـن ئـەو ئـەو کەسـە بـە ناشایسـتە دەزانـم بـۆ خزمەتکردنـی قەشـایەتی و پیرایەتـی کڵێسـا.» لێـرەدا نـۆ بنەمـا دەخەینـەڕوو بـۆ ڕوونکردنـەوەی هۆکارەکـە. (١) ئـەو لەگـەڵ پێـوەرە ڕەوشـتییە بـەرزەکان ناگونجێـت کـە لـە نامەکانـی ڕابەرایەتیـدا هاتـووە. (٢) بێڕێـزی کـردووە و ڕەنگـە سـەلماندبێتی کـە ناپاکـی بەرامبـەر بـە ژنەکـەی. (٣) دڵـی گڵاوە، وە ناتوانێـت بـە ڕوونـی خـودا ببینێـت (مەتـا ٥: ٨). «چـۆن دەتوانیـت سـەرکردایەتی گەلێـک بکەیـت ئەگـەر ناتوانیـت خـودا بـەو شـێوەیە ببینیـت کـە بەڕاسـتی هەیـە و بـەردەوام توانـای بینینـی پـەروەردگارت پیـس

a ئەڵقەی ١١٥٧: «ئایا عیسا بانگەوازی بۆ خەساندن دەکرد بۆ ڕزگاربوون لە ئالوودەبوون بە سێکس؟» (٩ی شوباتی ٢٠١٨).

دەکەیت؟» (٤) ئەو پاکی سێکسییەی نییە کە پێویستی پێیەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان لە کڵێساکەیدا. (٥) خۆجڵەوگیرکردنی نییە، کە پێویستییەکی ڕاشکاوی پیرانە. (٦) ڕێزی کەسانی دەرەوەی کڵێسا لەدەست دەدا کاتێک لەم ڕەفتارە ئاگادار بن. (٧) ئەو هاوشێوەی پیرێکە کە خۆشەویستی گوناهبارانەی هەیە بۆ مەی یان پارە، هەردووکیان قەدەغەکراون (یەکەم تیمۆساوس ٣:٣). چونکە «ئەگەر پارە و مەی لە خزمەت دەرت بکەن، هەتا چەند زیاتر بێتوانایی زاڵبوون بەسەر فریوی بابەتی بەدڕەوشتی؟» (٨) بێڕێزی بە بوونەوەرە هەتاهەتاییەکان دەکات. ئەو ژنە ڕووتانەی لەسەر شاشەن «ژنێکی ڕاستەقینەن» کە ڕۆحێکیان هەیە بەرەو ئاسمان یان دۆزەخ دەڕۆن. لە هەموو مرۆڤەکان پێویستە تێچووی بڕیارەکانیان بزانن لەسەر ڕۆحیان و لەسەر هاوسەرگیری داهاتوویان. (٩) ئەو متمانەیەی کە پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی کڵێساکەی بانگ بکات بۆ پیرۆزی و پاکی، شێواندوویەتی. «کەواتە، ئەو ڕاستییەی کە پەیمانی نوێ مەرجەکانی ڕابەرایەتی لە کڵێسادا بەرز دەکاتەوە لە سەرووی ئەوەی کە لە هەموو مەسیحییەکان چاوەڕوان دەکرێت -تەنانەت ئەم پێوەرە بەرزانەش- وای لێدەکات زەحمەت بیر بکەیتەوە کە چۆن قەشەیەک کە تووشی بابەتی بەدڕەوشتی بووە دەتوانێت شایستەی ئەوە بێت کە مەڕەکانی خودا بەرەو لەوەرگایەکی پیرۆزتر و پاکتر لەگەڵ خودا ببات، کە ئەمە کرۆکی ئەرکەکەیەتی.»

بێگومان، لێبوردنێکی بە خوێن کڕدراو هەیە بۆ هەموو گوناهێک، تەنانەت گوناهی قەشەیەکیش. نیعمەت بۆ هەموومان کاریگەرە. بەڵام هەمان نیعمەت کە نیعمەتی لێخۆشبوونە، نیعمەتی پارێزەریشە، پاراستنی کڵێسا بۆ ئەوەی بتوانێت «نموونەیەکی خوداپەرستانە لە ڕابەرایەتی» بپارێزێت. لە کۆتاییدا «هانی ئەو قەشانە دەدەم کە لە تووشی بابەتی بەدڕەوشتی بوون، دەست لە کار بکێشنەوە.»[a]

کوشتنی هەوەس بە ئارەزوو بۆ خودا

پۆڵس داوا لە مەسیحییەکان دەکات کە «خۆیان لە بەدڕەوشتی سێکسی بەدوور بگرن» و ژیانێکی ڕێزدار و خۆگر بژین، «نەک بە ئارەزووی هەوەسبازی وەک ئەو نەتەوانەی خودا ناناسن» (یەکەم سالۆنیکی ٤: ٣-٥). ئەم دەقە بنەمایە بۆ هەموو ئەڵقەیەکی پەخشەکەمان دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی هەوەسبازی. نەناسینی خودا بە بەکۆیلەبوونە بۆ جەستە. «هەوەس لە نەناسینی خوداوە سەرچاوە دەگرێت، ڕەچاونەکردنی خودا، وەرنەگرتنی وەکو پیرۆز و گرنگترین کەسایەتی لە ژیانتدا.» بەم شێوەیە پشتگوێخستنی ئەوەی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە سێکس دەیڵێت، مرۆڤ پشتگوێ ناخات، بەڵکو خودا پشتگوێ دەخات

a ئەڵقەی ٩٤٦: «ئایا بەکارهێنانی ڤیدیۆی بەدڕەوشتی قەشەیەک لە خزمەتکردن بێبەری دەکات؟» (٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦

(یەکەم سالۆنیکی ٤: ٨). هەوەس بۆشاییەکی یەزداناسی پڕ دەکاتەوە. «هەوەس بریتییە لە دابڕینی شتێکی تەواو باش کە خودا بەدیهێناوە -واتا ئارەزووی سێکسی- وە دابڕینی یان لێسەندنەوەی شەرەفی ئەمە بەرامبەر بە مرۆڤێک، وە دابڕینی لە ڕێزگرتنێکی باڵا بۆ پیرۆزی خودا. تۆ خودا لادەدەیت و شەرەفی مرۆڤیش لادەدەیت، ئەوەی لە ئارەزووی سێکسیدا بەجێت هێشتووە هەوەسبازییە.»[a] لەگەڵ ئەوەشدا بە واتای ئەوەیە «ناسینی خودا کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر ملکەچکردنی خولیاکان» کاتێک دەبینین و فێردەبین و حەز دەکەین کە «شتگەلێکی وا فراوان و قووڵ و شکۆمەند و جوان و بەهێز و سەرسوڕهێنەر لەبارەی خوداوە هەیە. وە کاتێک دەستت پێدەگات، کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی هەستیارییەکان کەمتر سەرنجڕاکێش بن لە ژیانتدا.»[b]

خاڵەکە دەبێتە بنەمایەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوناە. شەرمەزاری هەوەس ناکوژێت. بەڵام بوونی شکۆمەندی خودا دەیکوژێت. کارەساتی گەورەی هەوەسبازی ئەوەیە ئەو شتە تێکدەدات کە زۆر پێویستمانە، کە سۆزداریەکی قووڵە بۆ خودا (مەتا ٥: ٨). کەواتە، «ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی هەوەس بریتییە لە خۆراکدانی باوەڕ بە ناسینی خودایەکی شکۆمەندی بەرگە نەگیراو.» ئەگەر دەتەوێت بەسەر گوناهی سێکسیدا زاڵ بیت، بپرسە: «ئایا تۆ هەفتە بە هەفتەیت لە ناسینی خودادا گەشە دەکەیت؟ ئایا شە و وڕۆژ ڕامان دەکەیت لە کتێبی پیرۆزی فەرماییشتی خودا؟ ئایا کات بەسەردەبەیت لە سەرنجدان لە وێنەی خودا لە کوڕەکەیدا، کە لە ئینجیلدا هاتووە؟ ئایا کتێبی باش و چاک دەخوێنیتەوە باسی کەسایەتی خودا و ڕێگاکانی بکات؟ ئایا هاوڕێیەتی کەسانێک دەکەیت سەرسامن بە خودا لێی تێرن؟ ئایا ڕۆژانە نوێژ دەکەیت، هەندێک جار لەگەڵ بەڕۆژووبوون، کە خودا دڵت بەئاگا بهێنێتەوە و بیبوژێنێتەوە بۆ ئەوەی توانای ئەوەت هەبێت چێژ ببینیت لە شکۆمەندی بەرگە نەگیراوی خودا -بە کاردانەوە و جووڵە و خۆشییەک کە زاڵ بێت بەسەر هەموو ئەو حەزانەی کە دەکرێت بەرەو بابەتی بەدڕەوشتی ببات؟ ئایا لەو ئاستەدا دەجەنگیت؟» بە «شکۆداری بەرگەنەگیراوی خودا» دڵت ڕزگار بکە لە «زبڵی» هەوەس، بۆ ئەوەی لە کۆیلایەتی بابەتی بەدڕەوشتی ڕزگارت بێت.[c]

تەنها بە زانیارییەکی ئەکادیمی لە یەزداناسی ناتوانیت شەڕی هەوەس بکەیت. بە زانینی ئەقڵێت دەربارەی خودا ناتوانێت هێزی هەوەسی سێکسی بەرپەرچ بدەیتەوە. دەبێت چاومان لە ئەزموونێک بێت دڵخۆشکەر بێت، کە بریتییە لە «گەورەیی خودا،

a ئەڵقەی ٤٢٦: «پێناسەی هەوەس» (١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ١٨: «بەرەنگاربوونەوەی ئالوودەبوون بە ڤیدیۆی بەدڕەوشتی بە یەزداناسیگەرایی سیستماتیکی گرۆدێم» (١ی شوباتی ٢٠١٣).

c ئەڵقەی ٤٥٦: «سەرکەوتن لە جەنگی دژی هەوەس» (٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤).

مەزنی، شکۆمەندی، جوانی، دەسەڵاتی، دانایی، دادپەروەری، چاکەی، ڕاستییەکەی. ئەوە زانیتکە کە تۆ بێفیز دەکات و سەرکەوتووت دەکات و دەتچەسپێنێت.»[a] لەم چوارچێوەیەدا، کە خولیای سێکسی ژیان جڵەوگیر دەکات و دەیشێوێنێت، پۆڵس ڕوونی دەکاتەوە کە کۆیلەکانی هەوەس «نابینن، بیری لێ ناکەنەوە، نازانن، لێی تێناگەن، زانینی خودا وەرناگرن» (یەکەم سالۆنیکی ٤: ٣-٥). بە دەربڕینێکی دیکە، ئەوان «لە زانیندا نوێ نەکراونەتەوە» (کۆلۆسی ٣: ١٠). «دانەمەزراون» بۆ ئەوەی شەو و ڕۆژ شکۆمەندی عیسا ببینن هەتا وەک ئەوەیان لێبێت کە پێی سەرسامن (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٦؛ کۆلۆسی ٣: ٢). ئەوان لە ژێر چنگی خولیا گوناهبارەکانیاندان، چونکە بە لەبەرکردنی خودی نوێ نەگۆڕدراون، لە زانیندا نوێ نەبووەتەوە. ئەمە شێوازی کتێبی پیرۆزە بۆ گۆڕانی مێشک و دڵمان بۆ ئەوەی کەمتر تووشی فریودانی سێکسی بین. ئەمە هەم بەرەنگاربوونەوەی بێباوەڕی و فریودان و گومان و شەیتانە، هەم پێشوازییەکی شیرین و چێژبەخشە، لە ڕێگەی وشەی خوداوە، لە بەهاداری و جوانی و گەورەیی عیسا.[b]

فرۆید هەڵەی کرد لە تێگەیشتنی بابەتەکە. هەوەس نیشانەیە نەک ڕەگی کێشەکە. لە زەبووری ٥١ داود تۆبە دەکات لە گوناهە قورسەکەی بەرامبەر بەتشەبع. بەڵام سەرنجی لەسەر هەوەس نابێت -لە ڕاستیدا هەرگیز باسی هەوەس ناکات. بەڵکو دانپێدانانەکەی نوێژێکە: «شادی ڕزگاریی خۆتم پێ بدەوە،» (زەبووری ٥١: ١٢). پوختەکەی: «خراپ بەکارهێنانی نیعمەتی جوانی سێکس نیشانەی نەخۆشییەکەیە نەک نەخۆشییەکە.» هەوەس بابەتی سەرەکی نییە. لێرەدا پرسە سەرەکییەکە دەخەینەڕوو: «شادی ڕزگاریی خۆتم پێ بدەوە،» چونکە کاتێک ئەم خۆشییە کاڵ دەبێتەوە، کرتە لەسەر بابەتی بەدڕەوشتی دەکەم. وە کاتێک ئەم خۆشییە کاڵ دەبێتەوە، دەست دەکەم بە گەڕان بەنێو گەڕەکەکەدا. وە کاتێک ئەم خۆشییە کاڵ دەبێتەوە، حەزی ژنێکی دیکە لەلام دروست دەبێت.»[c]

کەواتە لەم جیهانە کەوتوودا، کۆیلایەتی هەوەس دەرئەنجامی ئاڵوگۆڕێکی شکستخواردووە (ڕۆما ١: ٢٢-٢٨). گوناهباران جوانی خودا بە شتە بەدیهێنراوەکان دەگۆڕنەوە. وە کاتێک گوناهباران واز لە خودا دەهێنن، خودا گوناهباران دەداتە دەست هەوەس، بۆ ئەوەی لە ڕووی سێکسییەوە سووکایەتی بە خۆیان بکەن. هەمووی لە ئاڵوگۆڕەوە دەست پێدەکات. ئەم گوناهبارانە «دانیان بە خودا نەناوە» (ڕۆما ١: ٢٨). یان، بەگوێرەی بە بەکارهێنانی وەرگێڕانی پاپیەر خۆی، ئەم گوناهبارانە «ڕازی نەبوون (δοκιμάζω) کە خودا لە زانیاریی ئەواندا هەبێت.» وشەی دانپێدانان بگۆڕە بە ڕازیبوون بۆ ئەوەی «هەست بە

a ئەڵقەی ٤٣٦: «تێچووی زۆری گوناهی سێکسی» (٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ١١٥٣: «دوو ستراتیژی بۆ سەرکەوتن لە جەنگی هەوەس» (٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

c ئەڵقەی ٣٩٦: «بۆچی سێکس بە ڕەگی گوناهی سێکسی دانادرێت» (٣٠ی تەممووزی ٢٠١٤).

ترسناکییەکەی بکەیت.»[a] ئەوان خودایان ناوێت.[b] کەواتە، «کێشەی سەرەکی کەس کێشەی نەزانی نییە» بەڵکو «کێشەی ڕازیبوونە» بە خودا: «تۆم ناوێت لە ناو مێشکم. من تۆم ناوێت لە دڵمدا. نامەوێت تۆ بەهایەکی بااڵت هەبێت. من خودایەکم لە ژیانمدا نابێت کە بەهاداری باڵا بێت. من ئەمە ناکەم.» ئەو گوناهبارانەی کە ئارەزووی خودا ناکەن، دەدرێنە دەست ئەقڵێکی شکستخواردوو، بۆ ئەوەی ئارەزووی گوناە بکەن. نەبوونی ئارەزوو بۆ خودا، ڕەگی ستوونی هەموو ئاژاوە کۆمەاڵیەتییە ئاسۆییەکانی دیکەیە.[c]

بەبێ ئارەزووی نوێ بۆ خودا، دڵ بەردەوام دەبێت لە هەوەس. «یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ لە ئەمریکا، وە لە کڵێسادا، لە زەریایەکی هەوەس و بابەتی بەدڕەوشتیدا دەخنکێین -ژن و پیاو کە داوێنپیسی دەکەن، ناپاکی لە یەکتر دەکەن، بە دەست خۆیان ڕەحەت دەکەن، خۆیان دەردەخەن، هاوڕەگەزبازی دەکەن، سێکس لەگەڵ ئاژەڵ دەکەن، دەستدرێژی و ئاماژەی سێکسی لەسەر هەموو شاشەیەک ئەنجام دەدەن- ئەوەیە کە ئێمە لە ڕووی هزری و سۆزدارییەوە لە گەورەیی بێکۆتایی و ڕۆحی سەرسوڕهێنەر و خودایی دابڕاوین. وە لەبری ئەوە ئێمە لە دەریایەکی بێ بایەخ و بچووکی و پووچ و گەمژەدا دەخنکێنین. ئێمە بە گشتی توانای خۆمان لەدەستداوە بۆ ئەوەی بەهۆی گەورەیی خوداییەوە سەرلێشێواو بین و لە ئاستێکی نزمی هەوەسبازی دەژین. تەلەفزیۆن شتێکی بێ بایەخە. مۆسیقا شتێکی بێ بایەخە. گفتوگۆ شتێکی بێ بایەخە. پەروەردە شتێکی بێ بایەخە. کتێبە مەسیحییەکان لەاڵیەن بااڵوکەرەوەکانەوە فشاریان لەسەرە بۆ ئەوەی بێ بایەخ بن. شێوازەکانی پەرستن هەتادێت بێ بایەخ دەبن. ئێمە بە ڕێگا بچووکە گااڵتەجاڕییەکانمانەوە شتێکی بچووک دەکەین بۆ ئەوەی ئەگەر هەمووان لە کڵێسا گااڵتەجاڕییەکانمان هەست بە ئاسوودەیی بکەن، ڕەنگە بگەڕێنەوە. ئێمە توانای خۆمان لەدەستداوە کە سەرسان بین بە ترس و ئاشتی لەبەردەم خودایەکی بێسنوور، کە لەخۆیمان دەگرێتەوە. ژیان تەنها بێزارکەر و ماندووکەرە. وە کاتێک بوونەوەرێک -کە لەاڵیەن خوداوە دروستکراوە بۆ ئەوەی لە ئامادەبوونی خودادا بژیێت و بەهۆی شکۆمەندی هێزی بێکۆتایی و دادپەروەری و دانایی و ڕاستی و نیعمەتەکەیەوە- لە زەریایەکی بێ بایەخدا مەلە دەکات، دەبێت باشترین تامەزرۆیی بۆی هەبێت. وە ئەمەش سێکسە.»

«پلانی دەروونی وەک ANTHEM (بڕوانە ناونیشانی «کوشتنی هەوەسی بابەتی بەدڕەوشتی لەناو خۆماندا») ئامرازێکی بەهاداره. بەاڵم دەبێت خودا دڵ زیندوو بکاتەوە.

a ئەڵقەی ٨٧١: «چۆن ژیانی سێکسیمان تەندروستی ڕۆحمان بەرجەستە دەکات» (١ی حوزەیرانی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ١٨١: «چۆن خواستی خودا بزانین؟» (٢٦ی ئەیلوولی ٢٠١٣).

c ئەڵقەی ٨٧١: «چۆن ژیانی سێکسیمان تەندروستی ڕۆحمان بەرجەستە دەکات» (١ی حوزەیرانی ٢٠١٦).

بـەڵام دەبێـت خـودا دڵـمان ببوژێنێتـەوە. دەبێـت ئـارەزووی نـوێ بەرامبـەر بـە خـۆی لـە ئێمـەدا بەئـاگا بهێنێـت. بەڕاسـتی «سـێکس یەکێکـە لـەو سـەد بابەتـەی کـە نوقـم و زەلیلـت دەکات ئەگـەر ژیانـت لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ شـکۆمەندی خـودا دەرچووبێـت.» ئەگـەر هەمـوو شـتە بـێ بایەخەکانـی ئـەم دونیایـە تەنهـا خـۆراک بـە کۆیلایەتیـمان بـدەن بـۆ هـەوەس، تەنهـا هیوامـان ئەوەیـە کـە «لـە ڕووی هـزری و سـۆزدارییەوە سەرسـام بیـن بـە خـودا.»[a]

«بەبـێ هیـچ گومانێـک، بـە پشتبەسـتن بـە دەسـەڵاتی کتێبـی پیـرۆز، دەزانـم کـە کەشـتیە ئاسـمانییە بچووکەکانـی سیسـتەمە ڕەوشـتییەکانمان -تاکتیکـە بچووکەکانمـان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هـەوەس [وەک ANTHEM]، کەشـتیە ئاسـمانییە بچووکەکانمـان بـۆ پاڵنانـی هەسـارەی سێکسـیبوونمان بـۆ نـاو خولگەکـەی- بـە تـەواوی بێهـودەن ئەگـەر باڵادەسـتی مەسـیح خـۆر نەبێـت لـە ناوەنـدی کۆمەڵـەی خـۆری ژیانمانـدا. مـن ئـەوە دەزانـم. زۆر شـت نازانـم، بـەڵام بەبـێ هیـچ گومانێـک ئـەوە دەزانـم.» کەواتـە «کاتێـک تـۆ یەزدانناسـی کـڕۆک ناخوێنیتـەوە، پێـت وایـە چـۆن شـەڕ لەگـەڵ هـەوەس دەکەیـت؟ ئێمـە بەدیهێنراویـن بـۆ ئـەوەی مەسـیح بناسـین. بـۆ ئـەوە بەدینەهێنراویـن بـۆ ئـەوەی شـتی پـووچ بکەیـن. ئێمـە بەدیهێنراویـن ئـەم مەسـیحە گەورەیـە بناسـین. ئـەم جیهانـە پارچەیەکـی دوو چرکەییـە، پاشـان بـۆ هەتاهەتایـە ئێمـە لەگـەڵ ئـەو دەبیـن -یـان لەگەڵـی نابیـن.»[b]

بینینی مەسیح بۆ زاڵبوون بەسەر بابەتی بەدڕەوشتی

پیتـی H لـە ANTHEM (بڕوانـە ناونیشـانی «کوشـتنی هەوەسـی بابەتـی بەدڕەوشـتی لەنـاو خۆمانـدا» لـە سـەرەوە) ئاماژەیـە بـۆ «دەسـتگرتن بـە دیدێکـی جوانـی عیسـا لـە هزرتـدا هەتـا سـەردەکەویت بەسـەر بینینێکـی هەسـتیاریی دیکـەدا.» کەواتـە ئەمـە لـە ڕووی کردارییـەوە چـۆن کار دەکات؟

بـۆ دەسـتپێکردن، بینیـن ئاڵنـگاری هەیـە. ئێمـە وەشـانێکی نـەرم و ناسـک و گەرمـی عیسـا بـە خەیـاڵ نابینیـن، بەڵکـو تونـدوتیـژی لەخاچـدان لـە ڕێگـەی وشـە ئاشـکراکراوەکانی وەک: «خـاچ، خوێـن، بزمـار، ڕم، لای جەسـتە، دەسـت، پـێ، دڕک، ڕیـش، تـف، دار، گردێکـی تاریـک.» ئـەم وشـانە دیمـەن و دەنگـی خـاچ پێکدەهێنـن کـە مەبەسـت لێـی بیسـتن و بینیـن و هەسـتکردنە لەلایـەن ئێمـەی ئەمـڕۆ. «لـە مێشـکمدا لەگـەڵ بـە سـەختییەکانی مەسـیح لەسـەر خـاچ شـەڕی ڕووتـی دەکـەم.» لەوێـدا «مەسـیح مـرد بـۆ ئـەوەی پاکـم بکاتـەوە. ئـەم بیرۆکەیـەی هەوەسـبازی پـاک نییـە.» بۆیـە لـەو سـاتەی فریـودان، وێنـەی مەسـیح بهێنـە بیـرت کـە لەپێنـاو گوناهەکەتـدا دەمرێـت، خۆشەویسـتی خـۆی بـۆ تـۆ ڕادەگەیەنێـت، ئـەو دەمرێـت بـۆ ئـەوەی

a ئەڵقەی ١٦١٠: «دەربازبوون دڵگەرمی جیهان بۆ سێکس» (٧ی نیسانی ٢٠٢١).
b ئەڵقەی ١٦٢٨: «کلیلی کوشتنی هەوەس» (١٩ی ئایاری ٢٠٢١).

تـۆ بـه کۆیلایەتـی گوناهەکـەت ئـازاد بیـت. ئەمـه وێنەیەکـی فۆتـۆی واقیعـی نییـه، بەڵکـو وێنەیەکـی «دروسـتکراوە لـه وشـه،» وێنەیـەک کـه پۆڵـس بـه ڕوونـی تێیـدا ژیـاوه (گەلاتیـا ٢: ٢٠). لەگـەڵ ئەوەشـدا، پۆڵـس بـه چـاوی خـۆی خەڵکـی دەبینـی کـه لـه خـاچ دراون. بۆیـه «کاتێـک گوتـی، مەسـیح "خـۆی لەپێنـاو منـدا بەخشـی"، بـاوەڕ ناکـەم کـه هەندێـک وێنـەی نەبووبێـت -ئەگـەر وێنـەی فۆتۆگرافـی نەبێـت- لـه مێشـکیدا کـه مەسـیح بـه قوونڵـی ئـازار دەچێژێـت لەپێنـاو پاکـی ئـەو، وە پاشـان، باوەڕەکـەی بەهێـز بـوو بـۆ شکسـتپێهێنانی هـەوەس.» ئێمـه کـه هەرگیـز لـه خاچدانمـان نەبینیـوه، لـه ئینجیلـدا هەمـان ئـەو هێزەمـان هەیـه، وەک چـۆن لـه خەیاڵمانـدا لـه خاچدانەکـه دەبینیـن.[a]

بە تەنها مەجەنگە

بـه شـێوەیەکی مەجـازی، لـه شـەڕی پیرۆزیـدا، پۆڵسـی نێـردراو خـۆی سـزا دا. ئـەو مشـتی بـه دەموچـاوی خۆیـدا کێشـا، نێوچەوانـی خـۆی مـۆر کـرد (ὑπωπιάζω) بـه مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی جڵەوگیـری خـۆی بەسـەر ئـارەزووە خۆپەرسـتەکانی (یەکـەم کۆرنسـۆس ٩: ٢٦-٢٧). ئەمـه ئـەو وریاییـه کـه بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی بابەتـی بەدڕەوشـتی پێویسـته. بەهێزتریـن گوناهەکانمـان تەنهـا دەتوانـدرێـت بـه خۆبەدەسـتەوەدانێکی ڕیشـەیی و «خـۆ دژایەتیکردنـی» تونـد لێیـان «ڕزگار» بیـن (مەتـا ٥: ٢٩). قسـەکانی عیسـا بـه ڕوونـی مەجازیـن، چونکـه کـه دەڵێـت «چـاوی ڕاسـتت دەربهێنـه،» تـۆ هێشـتا چـاوی چەپـت مـاوە، «وە دەتوانیـت بـه چـاوی چەپـت وەک چـاوی ڕاسـتت بـه باشـی بـەدوای ژنـه ڕووتەکـەدا بگەڕێیـت، بۆیـه دەزانیـن کـه دەرهێنانـی چـاوی ڕاسـت کێشـەکە چارەسـەر نـاکات. مەبەسـتی ئەوەیـه کـه دەبێـت هێنـدەی پێویسـت دەکات وریـا بیـت و بەهێـز بیـت لـه دژایەتیکردنـت لەگـەڵ گونـاه بـۆ ئـەوەی لـه ژیانتـدا بیکوژیـت.»

ڕێبازەکەمـان پێویسـتی بـه هێزێکـی لـەو شـێوەیه هەیـه، چونکـه بابەتـی بەدڕەوشـتی پەنجـه دەخاتـه نـاو «خۆشـحاڵییەکی دەروونی-هەوەسـی،» کـه ئێمـه ڕادەکێشـێت بـۆ ئـەوەی کرتـەی لەسـەر بکەیـن «یـان بـۆ ئـەوەی درێـژە بدەیـن بـه تەماشـاکردنی هەندێـک وێنەکانـی گۆڤارێکی وەرزشـیدا، یـان لەسـەر هەندێـک ڕیـکلام بـۆ فیلمێـک زۆرتـر دەمێنینـەوە.» ئـەم خۆشـحاڵییه بابەتییانـه نییـه، بەڵکـو هێزێـک بەکاردەهێنێـت کـه دەکرێـت هەمـوو جەسـتە بخـوات، «کـه وا دەکات هێنـده دڵخـۆش بیـت بـه هـەوەس، وە بـه بیـنراوەکان، بـه ڕادەیـەک بـه چـاو بـەرەو ئـەوە دەڕۆیـت کـه دەسـت دەکات بـه پووچەڵکردنـەوەی قەناعەتـی ڕەوشـتی.»

---

a ئەڵقـەی ٣٠٤: «وێناکردنـی مەسـیح بـۆ شـەڕکردن لەگـەڵ هـەوەس؟» (٢٤ی ئـازاری ٢٠١٤). بـۆ بینینـی ئـەم ڕوونکردنـەوە، بڕوانـه ئەڵقـەی ١٨٨٦: «چـۆن ڕاسـتی لـه ئەقڵمـەوە پـاڵ بنێـم بـۆ دڵـم؟» (١١ی کانونـی دووەمـی ٢٠٢٣) وە ئەڵقـەی ١٨٩٥: «چـۆن چاوەکانـت لەسـەر مەسـیح بێـت» (١ی شـوباتی ٢٠٢٣).

هـەوەس وەک سەرخۆشـی وایـە. بیهێنـە بەرچـاوت هاوڕێیەکـت لـە دەرەوە بێت و سەرخۆشـە و پلانـی هەیـە بـە ئۆتۆمبێلەکـەی بگەڕێتـەوە ماڵـەوە. پلانەکانـی ڕادەگریـت و لەبـری ئـەوە خـۆت دەیەیتـەوە ماڵـەوە. هـەوەس بـە هەمـان شـێوە سەرخۆشـییەکە کـە پێویسـتی بـە «لێپرسـینەوەی کەسـی هەیـە لـەو شـوێنانەی کـە جۆرێـک لـە پەیوەندیـمان هەیـە، جۆرێـک لـە ژمـارەی تایبەتمـان لـە مۆبایلەکەمانـدا هەبێـت، ڕێگایـەک بـۆ پەیوەندیکـردن بـە هاوڕێیـەک» لـە سـاتەکانی فریودانـدا. کاتێـک فریودانـی هـەوەس هاتـە سـەرت، دەسـتت بـۆ هاوڕێیەکـت درێـژ بکـە کـە بتوانێـت ڕێنماییـت بـکات بـۆ ڕاسـتییە گەورەتـرەکان. هەنـگاوی بەهێـز بگرەبـەر. داوا لـە هاوڕێیـان بکـە بـۆ ئـەوەی یارمەتیـت بـدەن لـەوەی «بـە فێڵـی گونـاە دڵـت ڕەق نەبێـت» (عیبرانییـەکان ٣: ١٣). ڕێکارێکـی تونـد دابنـێ. چونکـە هـەر کردارێـک کـە تۆ ئەنجامـی دەدەیت ناتوانێـت لـەم سـاتانەدا لـە بانگـەوازی بنەڕەتـی عیسـا تێپەڕێـت (مەتـا ٥: ٢٧-٣٠).[a]

هێـزی بابەتـی بەدڕەوشـتی لەلایـەن ئـەو کەسـانەی کـە بەرەنـگاری دەبنـەوە زۆرتریـن هەسـتی پێدەکرێـت

پیاوێـک کـە لەنێـو بابەتـی بەدڕەوشـتی نقـووم بێـت، وە چێـژی لـێ وەربگرێـت، پاشـان هەسـت بـە تـاوان نـەکات، ململانـێ لەگـەڵ بابەتـی بەدڕەوشـتی نـاکات. «ناونانـی بـە ململانـێ، کەمێـک کەمـتر مەحکومـە لـەوەی کـە بەڕاسـتی هەیەتـی، واتـا، ڕادەسـتبوون و بەشـداریکردن.» باشـترە وشـەی ململانـێ بـۆ ئـەو پیـاوە تەرخـان بکرێـت کـە «لـە سـەد جـاردا نـەوەد و نـۆ جـار بەسـەر فریـودان زاڵ دەبێـت و لـە سـاتێکی لاوازیـدا ڕادەسـت دەبێـت، بـەڵام بـە خێرایـی دەگەڕێتـەوە و تۆبـە دەکات.» ئەمـە ڕاسـتترە بـۆ تێکۆشـان. لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا گونـاە هـەر گوناهـە.[b] کـە بابەتـی بەدڕەوشـتی تەنهـا کلیکێـک لـە دووڕەوەیـە، ئایـا دەبێـت پیـاو خـۆی بداتـە دەسـت گوناهەکـە هەتـا درک بـە هێـزی ڕاسـتەقینەی بـکات؟ نەخێـر! بـۆ ئـەو پیاوانـەی کـە چەندیـن جـار ڕادەسـتی هـەوەس دەبـن، نابێـت بـە ململانـێ نـاوی ببـەن. ئەمـە ململانـێ نییـە کـە دووبـارە و سـێبارە خـۆت بدەیتـە دەسـت گونـاە. ئەمـە «لاواز»ییـە و زۆر بـە ئاسـانی خـۆی بەدەسـتەوە دەدات. ئـەو کەسـەی کـە بـە باشـترین شـێوە ململانـێ دەکات لـە دژی هێـزی هـەوەس، ئـەو پیاوەیـە کـە هەتـا ڕادەی خوێنڕشـتن بەرەنـگاری بەدڕەوشـتی دەبێتـەوە، خاڵێکـە کـە بـە چیرۆکێکـی وێناکـراو باسـی کـراوە.[c]

هێـزی هـەوەس زۆرتریـن هەسـتی پێدەکرێـت لەلایـەن ئـەو پیـاوەوە کـە هەمیشـە بەرەنگاری خۆبەدەسـتەوەدان بـووەوە بـۆ فریودانەکانـی -مەسـیح. کـەس ناتوانێـت لـە لاوازییەکانمانـدا

a ئەڵقەی ٦٠: «چۆن دەتوانین لە بەرەنگاربوونەوەی هەوەسدا خزمەت بە یەکتر بکەین؟» (٢ی نیسانی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ٩٦٣: «ئایا هەوەسی من بووە هۆی لەبارچوونی منداڵەکەمان؟» (١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦).
c ئەڵقەی ٢٩١: «ڤیدیۆی بەدڕەوشتی و بەرەنگاربوونەوەی هێزی فریودان» (٥ی ئازاری ٢٠١٤).

لەو باشتر هاوسۆزیمان بکات. ئەو بەڕاستی لەلایەن گوناهەوە تاقیکرایەوە «لە هەموو شتێک» (عیبرانییەکان ٤: ١٥). بە وتەی سی ئێس لویس، «پیاوێک کە لەدوای پێنج خولەک خۆی بەدەست فریودانەوە دەدات، بە سادەیی نازانێت لەدوای کاتژمێرێک چۆن دەبوو.» لێرەوە، مرۆڤە خراپەکان «زۆر کەم لەبارەی خراپییەوە دەزانن» چونکە بە سادەیی خۆیان دەدەنە دەست ئارەزووەکانیان.» هەرگیز هێزە خراپە پاڵنەرەکەی ناو خۆمان نادۆزینەوە بۆ ئەوەی هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی بدەین، وە مەسیح، چونکە تاکە مرۆڤ بوو کە هەرگیز ملکەچی فریودان نەبوو، هەروەها ئەو تاکە مرۆڤە کە بە تەواوی دەزانێت فریودان واتای چییە -تاکە ڕاستیی تەواوە.»[a]

ململانێی مەسیحییەکان لەگەڵ بابەتی بەدڕەوشتی ڕەتکردنەوەی خۆی بەدەستەوە دانە بۆ ئەو فریودانە. ئەم جۆرە ڕاستییەی مەسیحی «دەبێت بە هەناسەیەکی قووڵ، بە مشتێکی توند و ددانی گرژەوە، لە بەرامبەر درۆی شەیتان هاوار بکات: "من بێدەسەڵات نیم! خودا بۆ ئەمە بەدینەهێناوم. من جەلیفیش نیم لەناو شەپۆڵی هەوەسدا. خودا مرۆڤەکانی بۆ ئەوەی بەدینەهێناوە. بۆ ئەوە نییە کە مەسیح لەپێناوی من مردووە. لەبەر ئەوە نییە کە بەدیهێزاوێکی نوێم لە مەسیحدا. من بێ دەسەڵات نیم. مەسیحم هەیە. بۆ ئەوە نییە کە من ڕۆحی پیرۆزم هەیە. خوێنی خاچی کوڕی خودام هەیە. هیوای شکۆمەندیم هەیە. من وشەی تەواوی خودام هەیە. من بەڵێنەکانی نیعمەتم هەیە. من بێدەسەڵات نیم! ئەی خودایە، ئەم درۆیە لە ژیانم دەربهێنە." هەتا ئەو کاتەی ژن و پیاو ڕۆڵی قوربانییەکە دەگێڕن -وەک ئەوەی هەوەس دوژمنێکی توانادار بێت، وە ئەوان بێدەسەڵات بن -ئەوان کاریان تەواو بووە.» هەموومان بژاردەیەکمان هەیە: «بۆ هەتاهەتایە چێژوەرگرتن لە خودا» یان «پەلە»ی بابەتی بەدڕەوشتی لە ئێستادا. مەترسییەکان زۆر گەورەن.[b]

سێکسی دەروونی بۆ هاوسەرگیرییە

تەماشاکردنی ژنێک بە مەبەستی هەوەسبازی هاوشێوەی سێکسکردنە لەگەڵیدا لە مێشکدا. وە بۆ هەر کەسێک بێت کە هاوسەری تۆ نەبێت، ئەوە قەدەغەیە (مەتا ٥: ٢٨). «ئەمە بەو واتایەیە کە سێکسکردن لە مێشکتدا -تەماشاکردنی ژنێک و بیرکردنەوە لە هەندێک خەیاڵ کە لەگەڵیدا دەچیتە سەر جێگا یان جلەکانی دابکەنیت. دەبێت چاوت دەربهێنیت

---

a ئەڵقەی ١٧٠٦: «تەنها عیسا تەواوی هێزی فریودان دەناسێت» (١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١). وەرگیراو لە سی ئێس لویس، « Mere Christianity» (نیویۆرک: هارپەر وەن، ٢٠٠١)، ١٤٢.

b ئەڵقەی ٨٠٤: «ئایا گوناهی سێکسیم وای لێکردووم کە ڕزگار نەبم؟» (٢٩ی شوباتی ٢٠١٦). بۆ دەرکەوتنی جیاوازی نێوان ئەوانەی «ڕێگای دژی تەوژم دەبڕن» و ئەوانەی «لە ڕێڕەوی کەلتووردا دەخولێنەوە»، بڕوانە ئەڵقەی ٦٨٣: «چۆن بەشداری لە کەلتووردا بکەین و لە دژی تەوژم مەلە بکەین» (١١ی ئەیلوولی ٢٠١٥) وە ئەڵقەی ١١٤١: «پلانی خوێندنەوەی قووڵی کتێبی پیرۆز بۆ کەسانی ماندوو و سەرقاڵ» (٣ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

نەوەک ڕێگە بدەیت ئەم کارە ڕووبدات،» چونکە ئەمە تایبەتە بە هاوسەرگیری. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەمە بەو واتایەیە کە «لە ژیانی هاوسەرگیریدا دەبێت سێکسی هزریش بکەیت سەرباری سێکسی جەستەیی.»[a] لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا کە ژن و مێردێک هەریەکەیان خزمەت بە «زۆرترین چێژی ئەوەی دیکە» دەکەن، مێرد ناتوانێت هەوەسی لە ژنەکەی هەبێت (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣). بەڕاستی هەڵە نییە کە «مێرد لە ڕووی سێکسییەوە ژنەکەی بوێت و بیر لەوە بکاتەوە کە ژنەکەی هەبێت و لە مێشکی خۆیدا بیگرێت بەو شێوەیەی کە لەناو جێگادا دەیگرت.» بۆ ئەو پیاوە، «ئایا هیچ گوناهێک نییە لە مێشکیدا کە گوناە نەبێت لە جێگاکەیدا. ئەوەی گوناە دەبێت ئەگەر مێردێک بە خەیاڵ گوناهی کردبێت یان ئارەزووی گوناهی کردبێت یان لە دڵی خۆیدا هەڵوێستێکی بەرامبەر بە ژنەکەی بگرێتەبەر کە لە ژووری نووستندا هەڵە دەبێت. من پێموایە دروستە مێرد لە مێشکیدا چێژ لە ژنەکەی وەربگرێت بە هەر شێوەیەک کە دروست بێت لە جێگادا چێژ لە ژنەکەی وەربگرێت.»[b]

ئایا تەڵاق ڕەوایە بۆ مێردێک کە ئالوودەی بابەتی بەدڕەوشتی بووە؟

نەخێر. بابەتی بەدڕەوشتی هۆکارێک نییە بۆ هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیری. هاوسەرگیری «پەیمانێکی پەیوەستکاری هەتاهەتاییە» (پەیدابوون ٢: ٢٤؛ ئەفەسۆس ٥: ٣٢)، لە دادگاکانی ئاسماندا پێکەوە بەستراوەتەوە (مەرقۆس ١٠: ٩)، بە درێژایی ژیانە (ڕۆما ٧: ٢-٣)، وە لە یەکێتی سێکسیدا کامڵ دەبێت (پەیدابوون ١: ٢٨؛ ٤: ١؛ مەتا ١٩: ٥؛ یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢-٣). هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە پێویستە پێکەوە بمێننەوە «لە ڕێگای سەخت و تەنگانەکان» (مەرقۆس ١٠: ٩-١٢؛ یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١٠-١١).

پەیمانی هاوسەرگیری هێشتا دەمێنێتەوە تەنانەت کاتێک هاوسەرەکەت بە جۆرێک دەردەکەوێت کە تۆ چاوەڕێت نەدەکرد. «هەرچەند ئەمە، نزیکەی، بەسەر هەموو کەسێکدا دێت. ژن و مێرد وەک خۆیان نامێننەوە. هاوسەرگیری کارێکی پڕە لە مەترسی، پێموایە هەر بۆیە قوتابییەکان گوتوویانە، «ئەگەر حاڵی پیاو لەگەڵ ژن وابێت، باشترە ژن نەهێنێت!» (مەتا ١٩: ١٠). وە عیسا وەڵامی دانەوە و گوتی بە هەندێک دراوە نەک هەمووی. ئەمە بە باوەڕداران بە مەسیح دراوە. ئەمە بۆ چاکە و مافی ئێمەیە بەو شێوەیە پابەند بین.»

کەواتە مێردێک کە بە بەردەوامی بە تەماشاکردنی بابەتی بەدڕەوشتی گوناە دەکات، «گوناهێکی گەورە لە دژی خودا و ژنەکەی دەکات.» بەڵام پەیمانی هاوسەرگیری لە هەموو گوناهێک گەورەترە، چونکە هاوسەرگیری «وێنەیەکی مەسیح و کڵێسایە. لەم

a ئەڵقەی ٧٣: «زۆرترین ماوەی پێش هاوسەرگیری چەندە؟» (١٩ی نیسانی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ٢٧٨: «ئایا مێرد دەتوانێت هەوەسی لە ژنەکەی بێت؟» (١٤ی شوباتی ٢٠١٤).

چوارچێوە سەرسوڕهێنەرەدا، دەتوانیت بچیتە لای مەسیح و داوای هێز و نیعمەت و دانایی لێ بکەیت بۆ ئەوەی بەرەو تۆبەکردن هەنگاو بنێت.» خاچ دەتوانێت گوناهباران لە بەهێزترین کۆت و زنجیرەکانیان ڕزگار بکات. سەرەڕای ئەمەش، ڕەنگە ژنێک پێویستی بە یارمەتی پیاوانی کڵێساکەی بێت بۆ ئەوەی دەستوەردان بکەن. «هاوسەرگیری تەڵە نییە.» دەتوانێت داوای یارمەتی بکات.[a]

ئایا بابەتی بەدڕەوشتی گوناهێکی بەخشراو نییە؟

بەپێی کتێبی پیرۆز، «تەنها گوناهێک کە ناتوانرێت ببەخشرێت، ئەو گوناهەیە کە ناتوانرێت تۆبەی لێ بکرێت.» ئەو گوناهانەی کە دەتوانرێت تۆبەیان لێ بکرێت، چوار تایبەتمەندی هەیە. (١) دەبێت بەڕاستی لەبەردەم خودادا پەشیمان بین بۆ تاوانی گوناهەکە، نەک تەنها لە دەرئەنجامی گوناهەکە پەشیمان بین. (٢) دەبێت گوناهەکە بخەینە ژێر خوێنی مەسیحەوە، بە باوەڕ. (٣) پاشان دەبێت بە هێزی ڕۆحی پیرۆز بەرەنگاری گوناهەکە ببینەوە. (٤) وە دەبێت دەستبەرداری گوناهەکە بین «بە باوەشێکی ڕاستەقینەی مەسیح وەک گەنجینەی باڵامان.» هەر گوناهێک بەم چوار ڕێگایە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، گوناهێکە کە دەکرێت لێیخۆشبوون وەربگرێت.

بەڵام، بەڵێ، «ڕادەیەک لە گوناهکردن» هەیە کە دەبێتە هۆی حاڵەتێک کە «چیتر کەسی گوناهبار ناتوانێت تۆبە بکات.» عیسۆ ئەمە دەسەلمێنێت، هێمایەکەی بۆ هۆشدارییەکی وەحشیگەرانە لە دژی کۆیلایەتی سێکس، تەنانەت ئەگەر ململانێیەکەی لە سروشتی سێکسیشدا نەبووبێت (عیبرانییەکان ١٢: ١٥-١٧). دەقەکە دەڵێت «هیچ دەرفەتێکی نەدۆزییەوە (τόπος) بۆ تۆبەکردن، هەرچەندە بە فرمێسکەوە بەدوایدا گەڕا» (عیبرانییەکان ١٢: ١٧). لە دڵی عیسۆدا هیچ دەرفەتێک نەبوو، یان شوێنێک نەبوو بۆ تۆبەکردن. نەیتوانی خۆی ناچار بکات بە تۆبەکردن هەرچەندە بۆ لەدەستدانی خۆی دەگریا. «پەشیمانییەکە دەبێت زیاتر بێت لە تەنها پەشیمانی بۆ لەدەستدانەکەی. لێرەدا "زۆر درەنگە" لە سازشکردنمان بۆ گوناە. هەندێکجار خودا، پاراستنی پشوودرێژییەکەی بۆ لەناوچوونی کۆتایی دەکێشێتەوە و ڕادەستمان دەکات.»

بەڵام ئەمە بە واتای هیوایە بۆ هەموو گوناهبارانی تۆبەکار. «وا مەزانە کە زۆر درەنگ بووە. وا دابنێ کە بەزەیی خودا هێشتا بەرەو تەوبەکردنت دەبات (ڕۆما ٢: ٤). گریمانە بکە کە ئەو هێشتا لە ژیانتدا لە کاردایە.» ئالوودەبوون بە بابەتی بەدڕەوشتی «گوناهێکی نەبەخشراو نییە» ئەگەر گوناهەکە تۆبەی لێ بکرێت. بەڵام هەرگیز وا مەزانە هیچ توانایەک

a ئەڵقەی ١٦٥: «ئایا تەماشاکردنی ڤیدیۆی بەدڕەوشتی لەلای هاوسەرەکەم بەربەستە لەبەردەم گرێبەستی هاوسەرگیری؟» (٤ی ئەیلوولی ٢٠١٣).

بۆ تەوبەکردن بۆ هەمیشە بەردەوام بێت. بەردەوام نابێت. ڕەنگە بە زووی کۆتایی پێبێت، «و نازانم ڕەنگە چەندە بخایەنێت. تەنها خودا دەزانێت هەتا چەند بەردەوام دەبێت.» خودا «زۆر زۆر بە ئارامە،» بەڵام ئارامگرییەکەی مەقۆزەوە (ڕۆما ٢: ٤). ئارامگرییەکەی داوای تەوبەکردنمان لێ دەکات. ئێستا شەڕ لەگەڵ ئەم گوناهە بەهێزەدا بکەن. بابەتی بەدڕەوشتی «دوژمنێکی زۆر خۆڕاگرە». واز مەهێنە، کۆڵ مەدە، ڕادەست مەبە. چونکە هەر کە «ئاشتی»یت لەگەڵ ئەم گوناهەدا کرد، دەچیتە ناو «کێشە گەورەکە»ی دۆخی نالەباری عیسۆ.

ڕادەست مەبە! بەردەوام بە لە شەڕ! هاوڕێ بدۆزەرەوە بۆ شەڕەکە![a]

لە دەیەی یەکەمی پەخشەکەمان عیسۆ حەفتا دەرکەوتنی هەبوو و هۆکارێکی باشیشی هەیە. ئەو وانەیەکی ڕوونە لەسەر مەترسییە هەمیشەییەکانی یاریکردن بە گوناهی سێکسی وەک بابەتی بەدڕەوشتی (عیبرانییەکان ١٢: ١٥-١٧). لە عیسۆدا دەبینین کە مرۆڤ دەکرێت «هەڵبگەڕێتەوە» بۆ شوێنێک «بەبێ گەڕانەوە»،[b] بۆ شوێنێک کە «هێندە گوناە دەکەین» کە دواجار خودا وازمان لێدەهێنێت و دەمانخاتە ڕادەستی گوناهەکەمان دەکات بەبێ ئەوەی هیچ هیوایەک بۆ تۆبەکردن هەبێت.[c] ئەمە ئاگادارکردنەوەی دڵێکی ڕەقە. مۆتەکەکەی عیسۆ ئەوە بوو کە «چیتر توانای تۆبەکردنی نەبوو،» ئەمە نەبوو، کە ئەو «تۆبەی کرد و تۆبەی کرد و بۆ تۆبەکردنی دەگریا، وە خودا لێی خۆش نەدەبوو. نەخێر، نەخێر، نەخێر. نەیتوانی تۆبە بکات. هەتا قوواڵییەک یان ڕادەیەک گوناهی کردبوو کە خودا وازی لێهێنابوو.[d] عیسۆ خۆی بە شۆربایەک فرۆشت، دەقێکی سەرەکییە «بۆ پیاوێک کە پەنای بۆ بەات کاتیک خەریکە جارێکی دیکە خۆی بفرۆشێتەوە بە هەوەس.»[e]

عیسۆ ئاگادارمان دەکاتەوە لە «نوقمبوونی کۆتایی کەشتی کە ڕزگاربوون لێی نییە. ئێمە هێندە دڕێژ یان هێندە قووڵ گوناە دەکەین کە ناتوانین تۆبە بکەین. ناکرێت دڵمان هێندە ڕەق بێت.» واز لە گوناهەکە ناهێنرێت. بەڵام بۆ هەموو گوناهبارێکی زیندوو، هیوایەک هەیە. گوێ لە بانگەوازە شکۆدارەکە بگرن. تۆبە بکەن. بگەڕیوە بۆ لای مەسیح. «ئەگەر بتوانن بێن، ئەوا پێشوازیتان لێ دەکات» (یەکەم یۆحەنا ١: ٩؛ ٢: ١).[f]

a ئەڵقەی ٢٧٣: «ئایا ڤیدیۆی بەدڕەوشتی گوناهێکی لێخۆشنەبووە؟» (٧ی شوباتی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٣٩١: «ئایا خودا لە من بێزارە؟» (٢٣ی تەممووزی ٢٠١٤)

c ئەڵقەی ٢٠٦: «مەترسی بەجێهێشتنی کۆمەڵ» (٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).

d ئەڵقەی ١١٣١: «چ "گوناهێک نابێتە هۆی مردن" لە بەشی پێنجەمی یەکەم نامەی یۆحەنا؟» (١١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧).

e ئەڵقەی ٨٠٤: «ئایا گوناهی سێکسیم وای لێکردووم کە ڕزگار نەبم؟» (٢٩ی شوباتی ٢٠١٦).

f ئەڵقەی ١٩٠٠: «کەشتی باوەڕم تێکشکا -ئایا من مەحکومم؟» (١٣ی شوباتی ٢٠٢٣). قەشە جۆن ئەم هۆشداریيە ترسناکەی سەبارەت بە عیسۆ (عیبرانییەکان ١٢: ١٧) بەستەوە بە بەڵێنی شکۆمەندی لێخۆشبوون بۆ تۆبەکاران (لە یەکەم یۆحەنا ١:٩) لە ئەڵقەی ١١٠: «بۆچی ئاسایشی هەمیشەیی پێویستی بە کۆمەڵە» (١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٩).

ئایا داوێنپیسی بەدوای یەک یان گەڕان بەدوای لەشفرۆشێکدا گوناهێکە لێخۆشبوونی نییە؟

عیسۆ لە پرسیاری پیاوێکدا هاتە دەرکەوت کە پرسیاری لەبارەی پەندەکان ٢: ١٩ کرد. ئایا ئەمە بەو واتایەیە کە لەدوای ئەوەی بەدوای لەشفرۆشێکدا دەگەڕێت، ئێستا بۆ هەمیشە لەناوچووە؟ ئایا گوناهێکی کردووە لێخۆشبوونی نییە؟

«وەڵامی من، زۆر بە سادەیی، ئەوەیە کە نازانم ئایا [ئەو] هێڵێکی بەزاندووە کە ناتوانێت لێیەوە بگەڕێتەوە. بەڵام دەتوانم پێی بڵێم کە سێکسکردن لەگەڵ لەشفرۆشێکدا، یان بەنیازبوون و پارەدانی، لە لێخۆشبوونی خودا بەدەر نییە، ئەگەر تۆبەی ڕاستەقینە هەبێت -واتا ڕەتکردنەوەی ڕاستەقینەی ناشیرینی ئەو گوناهە، وە ڕووکردنە مەسیح بۆ بەزەیی، وە بۆ دەسەڵات لە چاکسازی، وە بۆ چێژوەرگرتن لە خودی مەسیح وەک چێژێکی باڵاتر لە هەموو ئەو جۆرە گوناهانە.»

دەکرێت لە هەموو گوناهەکان ببەخشرێن -تەنانەت گوناهی «گەورەش». ئاڵنگارییەکە ئەوەیە کە ئایا ئەم گوناهە لە ژیانی ئەم پیاوەدا سنووری نەگەڕانەوەی بڕیوە یان نا. عیسۆ نموونەیەکی گونجاوە (عیبرانییەکان ١٢: ١٥-١٧). «سەرنج بدەن نالێت کە تۆبەیەکی ڕاستەقینەی کردووە و داوای لێخۆشبوون دەکات، بەڵام هەرچەندە تۆبەی کردووە نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە. ئەوە نییە کە دەیڵێت. ئەوەی دەڵێت ئەوەیە نەیتوانیوە تۆبە بکات. ئەمە ئەو سنوورەیە کە دەتوانیت ببڕیت. گوناهەکەی ئەو جۆرە کۆیلایەتی و فێڵ و شێواندنەی بەسەر ڕۆحیدا هێنابوو. ئەمەش لە گوناهی سێکسیدا ڕوودەدات. ئای خودایە، چەندە ترسناکە کە گوناهی سێکسی مرۆڤەکان شێت دەکات.

بەڵام ئەگەر دان بە گوناهەکانماندا بنێین، خودا لێمان خۆش دەبێت (یەکەم یۆحەنا ١: ٩). دەقەکە لێخۆشبوون بەدەر ناکات لە لەشفرۆشی، داوێنپیسی، دەستدرێژی، یان هەندێک «گوناهی ترسناکی دیکە». نەخێر. «ئەگەر دان بە گوناهەکانماندا بنێین -ئەگەر بە درێژایی ڕێگاکە لەگەڵ خودا هاوڕا بین کە بێهیوایین و ئەو میهرەبان و بەهێز و شایستەیە، وە مەسیح بەسە لە مردن و زیندووبوونەوەیدا ببێتە گەنجینەیەک بۆ ژیانمان -ئەگەر دان بە هەموو شتێکدا بنێین. کەواتە ئەو سنوورەی کە دەکرێت ببەزێندرێت بەستراوەتەوە بە گەورەیی یان ماوەی یان دووبارەبوونەوەی گوناهێکی دیاریکراوەوە. سنوورەکە لە «سەختییەکدا دەبڕدرێت کە مرۆڤ لە گوناهکردندا پێی دەگات و ناتوانێت تۆبەی لێ بکات: ناتوانیت خۆت بهێنیتەوە بۆ ئەوەی لە خۆشەویستی گوناهەکەت ڕزگارت بێت.»

کەواتە، بەڵێ، «بترسە لە شێتی یەکخستنی جەستەت لەگەڵ لەشفرۆشێکدا» (پەندەکان ٢: ١٩). بەڵام ئەوەش بزانە کە هەر گوناهێکی سێکسی دەکرێت لێیخۆشبوونی هەبێت،

ئەگەر بتواندرێت تۆبەیەکی ڕاستەقینەی لێ بکرێت (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١-٥).[a]

بۆ پیاوێکی تەواو مەسیحی کە لە مەسیح دوورکەوتەوە بۆ ئەوەی لە ناوەیەکی داوێنپیسی بەردەوامدا بژیێت، بەڵام ئێستا لێی پەشیمانە، ئایا نامەی عیبرانییەکان دەڵێت کە بۆ هەمیشە لەناوچووە و بێهیوا بووە (عیبرانییەکان ٦: ٤-٦؛ ١٢: ١٥-١٧)؟ دیسانەوە وەڵامەکە دڵنیا نییە -گومانێک کە بە هەمان شێوە هۆشداریدەر و هیوابەخشە. «هۆشداریدەرە، چونکە دەکرێت مرۆڤ خۆی گوناە بکات و بگاتە حاڵەتێک کە نەتوانێت تۆبە بکات. بەڵام هیوادارم، چونکە لە عیسای مەسیحدا، خراپترین گوناهەکان لێخۆشبوونیان هەیە، ئەگەر تۆبەی ڕاستەقینە و باوەڕ بە عیسای مەسیحت هەبێت.»[b]

ئایا داوێنپیسی لە بابەتی بەدڕەوشتی خراپترە؟

بەڵێ و نەخێر. هەردووکیان گوناهن. «هەردووکیان خودا تووڕە دەکەن. هەردووکیان دڵی یاخیبوون لە خودا ئاشکرا دەکەن، دڵێک کە ئامادەیە خودا بچووک بکاتەوە، چونکە لە گوناهەکەماندا دەڵێین کە ئەو بەس نییە بۆ تێربوونمان.»

بەڵێ، داوێنپیسی بەو واتایە خراپترە کە پیاو «دەستدرێژی دەکاتە سەر ژنێک» لە ڕووی جەستەییەوە. «بەڵێ، ژنێک کە ژنی خۆت نییە، کاتێک جەستەی بە شێوەیەکی گوناە بەکاردەهێنیت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە وێنەیەکدا یان لە ڤیدیۆیەکدا بۆ تێرکردنی هەوەسەکانت، تەنها لەو وێنە یان ڤیدیۆیانەدا. بەڵام پێشێلکارییەکە زۆر قوڵتر دەبێتەوە، بۆ ئاستێکی دیکە، کاتێک خودی ڕاستەقینە و فیزیکییەکەی دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە.» بە هەمان شێوەی ئەوەی توڕەیی جۆرێکە لە کوشتن، بەڵام کوشتنی ڕاستەقینە خراپترە (مەتا ٥: ٢١-٢٢). کەواتە لە داوێنپیسیدا پیاو ژنێک پێشێل دەکات، ژنێکی ڕەزامەند، چونکە «خودا پیاوان بە شێوەیەکی ناوازە بەرپرسیار دەکات لە پاراستنی لەم پێشێلکارییە، وە تاوانبارە بە پێشێلکاری تەنانەت ئەگەر هەرگیز بەو شێوەیە ناوی نەبات.» گوناهی جەستەیی و سێکسی گوناهێکی گشتگیر و بە تەواوی جەستەیە کە دەیسەلمێنێت «زیانێکی ناوازەیە» (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٨).

بەڵام نەخێر، ڕەنگە بەدڕەوشتی خراپتر دەربچێت. «بیهێنە بەرچاوت یەک شەو لە داوێنپیسی «بەرەو قوڵترین پەشیمانی و تۆبەکردن و لێخۆشبوون دەتبات، پاشان ژیانێکی پاک کە جارێکی دیکە تووشی نابیتەوە.» ئەمە بەراورد بکە بە «ساڵ لە دوای ساڵ لە دوای ساڵ لە بابەتی بەدڕەوشتیای هەتادێت زەقتر و تووندتر، بەرەنگاربوونەوەی هەموو

a ئەڵقەی ٢٠٦: «مەترسی بەجێهێشتنی کۆمەڵ» (٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣)، ئەڵقەی ١١٣١: «چ "گوناهێک نابێتە هۆی مردن" لە بەشی پێنجەمی یەکەم نامەی یۆحەنا؟» (١١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧). وە ئەڵقەی ١٥٤٦: «بەدوای لەشفرۆشێکدا گەڕام -ئایا مەحکومم؟» (٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ١٢٧٤: «ئایا ڕابردووی سێکسی من وا دەکات کە ڕزگار نەبم؟» (٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨).

بانگەوازێک بۆ تۆبەکردن، وە بێباکی بەرامبەر بەو ژنانەی لە ژیانتدا هەن -تەنانەت ژنەکەشت- وە زیاتر و زیاتر دڵی خۆت ڕەق بکەیت بەرامبەر بە بانگەوازەکانی پاکی و تۆبەکردن.» ئەم شێوازە گوناهە «ناشیرینە» و تۆبە نەکردنی بەردەوام لە یەک شەو دانیشتن خراپترە. بەڵام هەرگیز بۆ ئەوە نەڕیت کە تەنها خۆت لە «خراپترین گوناە» بەدوور بگرێت. بەڵکو بۆ «ئەوپەڕی پیرۆزی و پاکی» بڕی. لە هەموو گوناهێکی سێکسی هەڵبێ و دوور بکەوە، لەبری ئەوە «بەدوای ڕاستودروستی، خوداپەرستی، باوەڕ، خۆشەویستی، خۆڕاگری، نەرم و نیانیدا بگەڕێ» (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١١).[a]

ئایا بەڕاستی چێژە ڕۆحییەکان دەتوانێت ڕکابەری چێژە جەستەییەکان بکەن؟

قەشە جۆن لە قسەکانیدا لەگەڵ کەسێکی دوودڵ کە باوەڕی بەوە نییە چێژەکانی خودا بەهێزترن لە وروژاندنەکانی بابەتی بەدڕەوشتی، قەشە جۆن گوتی: «من تێدەگەم کە ئەمە شەڕێکە نەک لە نێوان دوو چێژدا کە بە هەمان پێوەر دەپێورێن.» یەکێک لە چێژەکان بە تەواوی جەستەییە. چێژەکەی دیکە بە تەواوی ڕۆحییە. بۆیە ئێمە شەڕ دەکەین لەپێناو چێژە گەورەکان بە تێپەڕبوونی کات، بەرهەمی لێڕاهێنانێکی درێژخایەن، وە ئەمە دەکەین بە چڕکردنەوەی سەرنجمان لەسەر ئەوەی کە مەسیح چۆن مامەڵەی لەگەڵ سێکس و هەوەسدا کردووە. لە کتێبی پیرۆزدا، ئێمە تەماشای مەسیح دەکەین بۆ ئەوەی بۆ شکۆمەندی ئەو بگۆڕدرێین (دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨). چۆن ئەمە کاردەکات، زۆر بە کردەیی، ئەوەیە کە ئێمە وا دەزانین کە مەسیح خۆی پازدە بۆ بیست ساڵ ژیانی وەک «پیاو و ئەزموون کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەک بەشی چرکەیەکیش بیرکردنەوەیەکی گوناهبار یان هەستێکی بێڕەوشتی نەبووە، ژنان بە قسەکانیەوە پەیوەست بوون، بۆ هەموو شوێنێک شوێنی دەکەوتن. لەشفرۆشەکانی پێشوو بەسەریدا دەگریان و پێی ڕووتی ئەویان بە قژیان دەسڕییەوە.» ژیانی «زۆر بارگاوی بوو بە فریودانی سێکسی -وە هەرگیز گوناهی نەکرد. هەرگیز هیچ بیرکردنەوە و کردەوەیەکی هەوەسبازی ئەنجام نەدا. تەواو نکۆڵی لە خۆی کرد بەبێ ئەوەی نکۆڵی لە چاکەی سێکسی بکات. تەماشای دەکەم. وە لەکاتێکدا تەماشای دەکەم، خۆشم دەوێت. سەرسامم پێی. پاکی سێکسی ئەو «درمە /دەگوازرێتەوە».

«بەڵام من لێت دەپاڕێمەوە کە باوەڕ بهێنیت و شوێنی ئەو مەسیحە بکەویت کە قووڵایی و بەرزایی و ڕەهەندی چاوەڕوانەکراوی خۆشی بۆ تۆ هەیە» (زەبووری ١٦: ١١). چونکە ئەگەر ئەمە بکەیت، ئەوا خۆشییە ڕۆحییەکانی «ژیانت دەگۆڕێت و ئەزموونەکانی گوناە دەکوژێنێتەوە.»[b]

---

a ئەڵقەی ٣٢٩: «ئایا داوێنپیسی لە ڤیدیۆی بەدڕەوشتی خراپترە؟» (٢٨ی نیسانی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٨٥٠: «ئایا بەڕاستی چێژ لە خودا دەکڕێت ڕکابەری چێژەکانی ڤیدیۆی بەدڕەوشتی بکات؟» (٣ی ئایاری ٢٠١٦). «ئایەتێکی دڵخوازی من لە زەبوورەکان، زەبووری ١٦: ١١» (ئەڵقەی ٥٤٥: «دۆزینەوەی بوێری بۆ مەسیحی بوون» [٤ی ئازاری ٢٠١٥]).

کوشتنی نەرمی بابەتی بەدڕەوشتی

شـەڕی دژی بابەتـی بەدڕەوشـتی بـە شـێوەیەکی وردتـر دەردەکەوێـت، وەک کاتێـک وێنـەی پێشـنیارکراوی ئینتەرنێـت یـان لـە ڕێکلامەکانـدا دەردەکـەون، یـان کاتێـک کـە بابەتەکانـی جلـی مەلەکـردن یـان کەتەلۆگـی جلوبەرگـی ژێـرەوە لـە سـندوقی پۆسـتدا دەردەکـەون. نامـەی گوێگرێکـی نێـرە لەبـارەی بەرەنگاربوونـەوەی ئـەم جـۆرە فێڵبازانـەی هەوەسـەوە.

پاییـەر گوتـی: «مـن بـە تـەواوی دەزانـم باسـی چـی دەکات. دوێنـێ سـێ [کەتەلۆگـی ژنانـم] فڕێدایـە نـاو زبڵـدان.» وە لەگـەڵ ئەوەشـدا، تەنانـەت لـەم شـێوە وردترانـەدا، لـەم کەتەلۆگانەدا، «چـاوی نێـر وەک موگناتیسـە لـە ڕاکێشـانی بـۆ پێسـتی زیادەڕۆیـی مێینـەدا، یـان بۆشـاییە وروەوژێنەرەکانـی جلوبەرگەکـەی، یـان شـێوەی جەسـتەیی دیـاری لـە ڕێگـەی جلوبەرگـی تەسـکەوە. خـودا گرنگـی بـەم پاڵنـەرە موگناتیسـییانەی چـاوی نێـر و کـردەوەی ئێمـە دەدات.»

پێنـج بنەمـای ڕێنمایـی، بـۆ شـەڕی بـەردەوام لەپێنـاو پاکـی، تەنانـەت لـەدوای ئـەوەی شـەڕەکانی دژی بابەتـی بەدڕەوشـتی ئاشـکرا سـەرکەوتوو بـوون. (١) دڵسـۆز بـە لـەم بڕیـارە بچووکانـە بـۆ فڕێدانـی کەتەلۆگەکان (لۆقـا ١٦: ١٠). (٢) لـە شـەڕدا مکـوڕ بـە (مەتـا ٥: ٢٧-٢٩). ئاسـمان و دۆزەخ لـە تـای تـەرازووی ئـەو کارەدا هەڵـواسراوە کـە چـاوە موگناتیسـییەکانمان و وێناکردنـی خەیاڵیـمان دەیکـەن، تەنانـەت لەگـەڵ ژنانـی تـەواو داپۆشراویـش. (٣) وەک پیاوێکـی مـردوو شـەڕ بکـە (کۆلۆسـی ٣: ٢-٦). «ئەمـە دووڕەهەندییەکـی مەسـیحی ناوازەیـە: تـۆ مردوویـت، بۆیـە بمـرە. "تـۆ مردوویـت» واتـا تەنهـا بـە بـاوەڕ، وە بـە یەکگرتـن لەگـەڵ مەسـیح، مردیـت و هەسـتایتەوە وە لـە مردنـەوە بـەرەو ژیـان چوویـت. ژیانـت لەگـەڵ مەسـیح لـە خـودادا پارێـزراوە: گوناهـەکان لێخۆشـبوونیان وەرگـرت، ژیانـی هەتاهەتایـی مسـۆگەرە. ئێسـتا، بجەنگـە! گونـاە بکـوژە.» چـوار گوناهـی یەکـەم کـە پۆڵـس باسـی دەکات پەیوەسـتن بـە ئـارەزووی سێکسـیمانەوە. «بـڕۆ پێشـەوە. هیـچ شـتێکی نـوێ لـە ژێـر خـۆری ئاسـماندا نییـە.» (٤) پەیمانـەکان دروسـت بکـە، وە تایبەتیـان بکـە (ئەیـوب ٣١: ١). بـە دەنگـی بـەرز بڵـێ: «مـن تەماشـای هیـچ گۆڤـاری ژنـان ناکـەم کـە بـە پۆسـت پێـم دەگات. تەنانـەت تەماشـای یـەک لاپەڕەیشـی ناکـەم. تـەواو.» هیـچ جـۆرە لێبەدەرکردنێکـی لـێ مەهێڵـەوە، چونکـە «ئەگەر مۆڵەتێـک بـۆ جووڵـەی هۆرمۆنەکانـت بهێڵیتـەوە، ئەمـەش ئەوەیـە کـە پابەندبوونـە گشـتیەکان بەدرێژایـی ژیانـت دەیکـەن بەبـێ پابەندبوونێکـی زۆر تایبـەت یـان پەیـمان لەگـەڵ چاوەکانـت، هۆرمۆنەکانـت نزیکـەی بـە ناچـاری قەناعـەت بـە مێشـکت دەهێنـن کـە ئـەم لێبەدەرکردنـە بچووکـە قبووڵکـراوە. "ئەوانـە تەنهـا جلـی گەرمـاون."» (٥) لـە خـودا بپارێـوە چاوەکانـت لـە شـتە بـێ بەهـاکان وەرگێڕێـت (زەبـووری ١١٩: ٣٧) «پێسـتی ڕووتـی مێینـە شـتێکی بـێ بەهایـە. ئێسـتا، ژن وەک کەسـێک لـە پێوەنـدی لەگـەڵ خـودادا بەهایەکـی بێسـنووری هەیـە. بـەڵام

هـەوەس پێسـت لـە کەسـایەتی دادەمالێـت و دەیکاتـە شـتێکی بـێ بەهـا. بۆ ژنـان سـووکایەتییە. بـۆ پیـاوان کوشـندەیە.»[a]

چۆن کاردانەوەمان هەبێت بۆ خەونە سێکسییە گوناهەکان؟

پیاوێـک لـە جەنگـی لەگـەڵ بابەتـی بەدڕەوشـتی سـەرکەوتوو دەبێـت، بـەڵام ئێسـتا لـە ململانێدایـە لەگـەڵ خەونـە سێکسـییە ڕوونەکانـی لەگـەڵ ئـەو ژنانـەی کـە هاوسـەرەکەی نیـن. هەسـت بـە بێدەسـەڵاتی دەکات بـۆ ڕێگریکـردن لێـی.

چەند شتێک دەربارەی خەونەکان.

١. خەونـەکان ڕەنگـە درۆ بـن و پەیامـی درۆییـنمان پێبـدەن (زەکەریـا ١٠: ٢). یـان ڕەنگـە خەونـەکان ئێمـە بترسـێنن بـۆ ئـەوەی تاقیـمان بکەنـەوە (دواوتـار ١٣: ١-٣). لـەم حاڵەتـەدا دەکرێـت بڵێیـت: «خەونـەکان -شـەیتان، مێشـک، هۆرمۆنـەکان- هەرچییـەک بێـت، مـن بەمـە هەڵناخەڵەتێـم. مـن دەبینـم کـە چـۆن لێـرەدا بـاوەڕم تاقیدەکرێتـەوە؟ ئایـا مـن حـەزم لـە پاکییـە؟ ئایـا مـن حـەزم لـە پیرۆزییـە؟ ئایـا مـن مەسـیحم خۆدەوێـت کـە مـرد لەپێنـاو ئـەوەی پاکـم بکاتـەوە؟ بەڵـێ، خۆشـم دەوێـت. لـەم تاقیکردنەوەیـە نابـەزم. پێیـدا تێدەپـەڕم بـە بـاوەڕ بـە خوێنـی عیسـا بـۆ کەفارەتـی هەمـوو گوناهەکانـم، بـۆ ئـەوەی بەهێـزم بـکات بـە ڕاسـتیدا بـڕۆم.»

٢. خەونـەکان دەکرێـت ئـارەزووە جەسـتەییەکانمان ئاشـکرا بکـەن، بەپێـی دەقێـک «وەک ئـەوەی دەیبینـم، لـە کتێبـی پیـرۆز نزیکـە، ڕوانگـەی فرۆیـد بـۆ خـەون -ئاماژەیـە بـۆ پێداویسـتی یـان ئـارەزووە قووڵـەکان، تەنانـەت ئـارەزووی سێکسـیش» (ئیشـایا ٢٩: ٧-٨). تینوێتـی ڕاسـتەقینە وا لـە مرۆڤـەکان دەکات خـەون بـە خواردنـەوەی ئـاو ببینـن. برسـێتی ڕاسـتەقینە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی مـرۆڤ خـەون بـە خواردنـەوە ببینێـت. «مـن دەڵێـم کـە بـە هەمـان شـێوەیە، هۆرمۆنـە سێکسـییەکان، ئـارەزووەکان، پاڵنـەرە سروشـتییەکان، ڕەنگـە وا لـە مـرۆڤ بکـەن خـەون ببینێـت کـە سـێکس دەکات، وە لـە خـەو هەڵدەسـتێت و دەبینێـت ئـەو سێکسـی نەکـردووە. ئێسـتا، ئەمـە ئـەوە ڕوون ناکاتـەوە کـە بۆچـی خـەون بـەو ژنانـەوە دەبینیـت کـە ژنـی خـۆن نیـن. کـە ڕەنگـە شـوێنپێی نەخشـە کۆنەکانـی خەیاڵەکانـت بێـت کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـی سـاڵ، بیسـت سـاڵ، پـازدە سـاڵ، وە پێویسـتت بـە تێکشـکانیان هەیـە. بـەڵام مەبەسـت لێـرەدا ئەوەیـە هیـچ شـتێکی سـەرنجڕاکێش نییـە کاتێـک ئـارەزووی جەسـتەیی وەک برسـێتی یـان تینوێتـی یـان حـەزی سێکسـیت دەبێتـە هـۆی خەونێـک کـە ئـارەزووی

a ئەڵقەی ١٤٠٨: «چۆن بەرەنگاریی فریودانە بچووکەکانی هەوەس ببمەوە؟» (١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩).

تێرکردنـه لـه کاتێکـدا ئـاوا نییـه.» خەمـی سـەرەکی سـەبارەت بـه ڕوودانـی خەونەکـه نییـه، بەڵکـو ئەوەیـه کـه تـۆ چـی لـەو خەونـه دەکەیـت لـه ژیانـی ئاگاییتـدا.

٣. ڕەنگـه خەونـەکان ئاگادارمـان بکەنـەوە، بمانترسـێنن، لووتبەرزیـمان بشـکێنن بـۆ ئـەوەی واز لـه گوناهکـردن بهێنیـن (ئەیـوب ٣٣: ١٤-١٨). «یەکێـک لـه ڕێگاکانـی بینینـی خەونـی نـاڕەوای سێکسـی -کاتێـک لـه خەونـدا کاری نـاڕەوا دەکەیـت- ئەوەیـه کـه خـودا لـه خەونەکانمانـدا دەمانترسـێنێت لـه ئەگـەری ڕووداندا لـه ژیانمانـدا بـۆ ئـەوەی نەیکەیـن.»

لێـرەدا پێنـج چارەسـەری کـرداری دەخەینـەڕوو. (١) نوێـژ بکـه، هـاوڕێ بـدۆزەرەوە بـۆ نوێژکـردن، بـۆ ئـەوەی لـەم خەونانـه ڕزگارت بێـت. (٢) بـۆ مـاوەی دە خولـەک پێـش خەوتـن کتێبـی پیـرۆز بخوێنـەرەوە، وە بـه تایبەتـی دەقـەکان لەسـەر بەهـای مەسـیح (فیلیپـی ٣: ٨؛ کۆلۆسـی ١: ١٥-١٨؛ عیبرانییـەکان ١: ١-٣). (٣) لـه ناوەڕۆکـی وروژێنـەری سـەر شاشـه ڕزگار بـه - «نـەک تەنهـا بابەتـی بەدڕەوشـتی، بەڵکـو وروژێنـەری دونیایـی. ئەمـه هەمـوو بەرنامـه تەلەفزیۆنییـەکان و هەمـوو فیلمەکانیـش دەگرێتـەوە. ببـورە لـەو بارەیـەوە. پێویسـتت پێـی نییـه.» (٤) بیـر لـه توێژینەوەیەکـی خـەو بکـەرەوە و ناڕێکـی جەسـتەیی بـدۆزەرەوە. (٥) دەسـت بگـرە بـەو بەڵێنـەی هاتـووە لـه زەبـووری ٢٥: ١٥، «بـه دڵنیاییـەوە بڵـێ: "چاوەکانـم هەمیشـه بـەرەو یەزدانـن، چونکـه پێیەکانـم لـه تەڵـه دەکاتـەوە."»[a]

سەرکەوتن لە جەنگ لەگەڵ هەوەس

سـەرکەوتن لـه جەنـگ لەگـەڵ هـەوەس هاوشـێوەی توانـای جەسـتەییه. ئێمـه (١) بەرگـری و (٢) وەرگرتـن، بەکاردەهێنیـن.

١. بەرگـری وەک ڕاهێنانـی قورسـایی وایـه. ئێمـه پـاڵ بـه هێزێکـی بەرگریـکارەوە دەنێیـن بـۆ گەشـەکردنی ماسـولکەکانمان. هەروەهـا فێردەبیـن پـاڵ بـه فریودانـی هەوەسـەوە بنێیـن. کاتێـک فریـودان دێتـه پێشـەوە، «نزیکـەی پێنـج چرکـەت هەیـه بـۆ بڕیـاردان لەسـەر ئـەوەی کـه ئایـا ڕێگـەی پێدەدەیـت دەسـت بەسـەرتدا بگرێـت یـان پاڵـی پیـوە دەنێیـت و دەڵێیـت، "نـا، تـۆ هـی ئێـرە نیـت. بـه نـاوی عیسـا، تـۆ هـی ئێـرە نیـت!" دەبێـت سـەرنجت ئاراسـتەی بەڵێنێکـی باڵاتـر بکەیـت: "عیسـا باشـترە. عیسـا بەسـە. ئـەو ئەمـەی گـوت. تـۆ هـی ئێـرە نیـت." وە بـەردەوام دەبیـت لـه پاڵنـان هەتـا [فریودانەکـه] نامێنێـت.» ئـەم فریودانانـه ماسـولکە ڕۆحییەکانمـان دروسـت دەکـەن بـۆ ئـەوەی لـه داهاتـوودا ڕووبـەڕووی فریودانـی گەورەتـر ببینـەوە. بـەڵام بەرگـری

a ئەڵقەی ١٤١٧: «چۆن کاردانەوەم بۆ خەونە سێکسییەکان هەبێت؟» (٦ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠).

بـەس نییـە، چونکـە «زۆرێـک لـە مەسـیحییەکان هـەوڵ دەدەن تەنهـا بـە بەرگـری کێشـەکانی فریـودان و شکسـتەکانیان چارەسـەر بکـەن، کـە نیـوەی پیرۆزبوونـە. بـە سـادەیی ئەمـە لـە درێژخایەنـدا سـوودی نابێـت.»

٢. هەروەهـا دەبێـت وەرگرتنێکـی دروسـت یـان خۆراکێکـی دروسـتمان هەبێـت. ئێمـە دەبینیـن کـە شـکۆمەندی مەسـیح دەگۆڕێـت بـۆ هاوشـێوەی ئـەو (دووەم کۆرنسـۆس ٣: ١٨؛ کۆلۆسـی ٣: ١٠). «ئێمـە ڕامـان دەکەیـن لە وەسـفە شـیرین و جوانەکانی کەسـی عیسـای مەسـیح و کاری ئـەو. وە ئەقڵـمان تێـر دەکەیـن بـە بـاوەڕ بـە وشـەی خـودا. چاوەکانمـان، چاوەکانـی دڵـمان، لەسـەر عیسـا جێگیـر دەکەیـن.» هەوەسـی سێکسـی ئـەو کەسـانە جڵەوگیـر دەکات کـە خـودا نابینـن، نایناسـن، بیـری لـێ ناکەنـەوە، یـان لـە ناسـینی خـودا تێناگـەن (یەکـەم سـالۆنیکی ٤: ٣-٥). «بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ئـەوان لـە ناسـینی ئـەو نـوێ نەبوونەتـەوە. شـەو و ڕۆژ هـزر و چاویـان لەسـەر بینینـی شـکۆمەندی عیسـا نییـە بـۆ ئـەوەی ببنـە هاوشـێوەی ئـەوەی پێـی سەرسـامن. ئـەوان لەژێـر بەزەیـی هەوەسـی گوناهباریانـدان، چونکـە نەگـۆڕاون بـە لەبەرکردنـی خـودی نـوێ، نوێبـووەوە لـە ناسـیندا.» شـکۆمەندی و جوانـی مەسـیح دەمانگۆڕێـت.

فێربـە هەردووکیـان بەکاربهێنیـت -بەرگـری و وەرگرتـن- بـۆ سـەرکەوتن لـە جەنگـی درێژخایـەن لـە دژی هـەوەس.[a]

a ئەڵقەی ١١٥٣: «دوو پلان بۆ سەرکەوتن لە جەنگی هەوەس» (٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

دەربارەی شەیتان و ڕۆحەپیسەکان، وە گوناهی نەبەخشراو

ئایا شەیتان ڕاستەقینەیە؟

بەڵێ، «شەیتان و ڕۆحەپیسەکانی ڕاستەقینەن و کاریگەرییەکی بەرفراوانیان هەیە.» شەیتان بوونەوەرێکی سەروو سروشتییە کە «لە هەموو هێزێکی سادەی مرۆڤ بەهێزترە» و «دڕندەیەکی ترسناکە.» ئەو خوداوەندێکی ناوخۆیی و خێڵەکی نییە، بەڵکو هێزێکی جیهانییە (یۆحەنا ١٢: ٣١؛ ١٤: ٣٠؛ دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤؛ گەلاتیا ١: ٤؛ کۆلۆسی ١: ١٣؛ یەکەم یۆحەنا ٥: ١٩). شەیتان «دڕندەیەکە کە سێیەکی ئەستێرەکان دەخاتە خوارەوە، دەیەوێت کوڕی خودا بخوات، وە ئەگەر شکستی لەوە هێنا، دەیەوێت ئێمە]کڵێسا[بخوات،» (ئاشکراکردن ١٢: ٤، ٩، ١٧). ئەو «جیهان داگیر دەکات بۆ ئەوانەی شایەتی بۆ عیسا دەدەن،» وە شەڕی «گومڕایی و کوشتن» هەڵدەگیرسێنێت. ئەو درۆزن و بکوژە (یۆحەنا ٨: ٤٤؛ یەکەم پەترۆس ٥: ٨)، چارەنووسی لەناوچوونە (ئاشکراکردن ٢٠: ١٠).

بۆ ئێستا، شەیتان «لە دونیادا بە زنجیرێکی درێژ و ئازاد کراوە، ئەو خوداوەندی ئەم دونیایەیە، هەموو دونیا لەژێر دەستی ئەودایە.» دوژمنی سەرسەختمانە (ئەفەسۆس ٦: ١٢). لە سەرانسەری جیهاندا چاڵاکە، «لە خێزانەکان و کڵێسا و کەلتوورەکان و نەتەوەکاندا وێرانکاری دەکات. ئەو لە پشت قەسابخانە خوێناوییەی لەبارچووانەنە. ئەو لە پشت ئەو شێتییە وێرانکەرەیە بە ناوی هاوسەرگیریی هاوڕەگەزخوازان. وە لە پشت ئەو ڕق و کینە ڕەگەزی و نەتەوەییە چارەسەرنەکراوانەیە لە جیهاندا. ئەو لە پشت ئەو پێکهاتەی گەندەڵی پیشەسازی و سیاسییەیە کە گیرفانی دەوڵەمەندان و باڵادەستان پڕدەکات بەبێ بەزەییهاتنەوە بە هەژاران و لاوازەکان. ئەو لە پشت ترسناکییەکانی تیرۆری ئیسلامی و ئەو لێدانانەیە کە نزیکەی هەموو ڕۆژێک لە خەڵکی بێتاوان دەدەن.» ئەو لە پشت تەقینەوە خۆکوژییەکان و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوەیە، وە «پیشەسازی بابەتی بەدڕەوشتی کە چەندەها ملیار دۆلارییە و ڕۆحەکان تێکدەشکێنێت و خێزانەکان وێران دەکات.» کوشتارگای شەیتان «بە شێوەیەکی ڕستەیی پێناسە ناکرێت.»

بەڵام شەیتان هەروەها گەمژەیە. «لە ڕێگەی یەهوزا عیسای بەرەو سەر خاچ برد.» ئەوە «خۆکوشتنی» ئەو و «لەناوچوونی» بوو، چونکە لەسەر خاچ لە چەک داماڵدرا (کۆلۆسی ٢: ١٥). لەوێدا مەسیح شەیتانی چەککرد لە لە «چەکی کوشندەی هەتاهەتایی» و «تاکە شتێک کە دەیتوانی لە هۆڵی دادگای خودا بیکات بۆ ئەوەی لە کۆتایی سەردەمدا مەحکومەمان بکات.» نەبەخشینی گوناە. بەڵام لە مەسیحدا، ئێمە هیچ گوناهێکی

نەبەخشراومـان نییـە، بۆیـە «تۆمەتەکانـی شـەیتان لـە دژی مەسـیحییەکان بـە هیـچ شـێوەیەک سـەر ناگرێـت» (ڕۆمـا ٨: ٣٣). لـە لایەکـی دیکـەوە، ئەمـە بـە واتـای (بـە ڕاشـکاوی بڵێیـن)، «تـۆ لـە دۆزەخـدا بـەدەر لـە عیسـا دەرفەتێکی دیکـەت نییـە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی شـەیتان. بـەڵام بـۆ هەتاهەتایـە مەسـیح زاڵ بـووە بەسـەریدا و لـە مەسـیحدا ڕووناکـی و ئـازادی و ژیـان و خۆشـی هەیـە.» [a]

بۆچی ئێستا خودا ڕێگە بە شەیتان دەدات بگەڕێت؟

خـودا دەتوانێـت لـە هـەر سـاتێکدا شـەیتان دەربـکات. وە لـە کۆتاییـدا دەیخاتـە نـاو دەریاچەی ئاگـرەوە. کەواتـە ئـەی خودایـە بۆچـی دوێنـێ ئـەم کارەت نەکـرد؟ تـۆ مـاف و دەسـەڵاتت هەیـە دەریبکەیـت. «کاتێـک دەریدەکەیـت بـۆ خراپـە بـە هیـچ کـەس ناکەیـت.» کەواتـە بۆچـی ئێسـتا نایکەیـت؟

ئـەم پرسـیارانە لـە کتێبـی پیـرۆزدا هیـچ وەڵامێکـی ڕاسـتەوخۆیان نەدراوەتـەوە، «بۆیـە ئێمـە دەچینـە سـەر دەرئەنجامـەکان.» یەکێـک لـە وەڵامـە پوختـەکان ئەمەیـە: «خـودا دیـاری کـردووە کـە شـەیتان زنجیرێکـی درێـژی هەبێـت، خـودا خـۆی زنجیرەکـەی لـە دەسـتی گرتـووە، چونکـە دەزانێـت کاتێـک ئێمـە دەچینـە نـاو ئـەو تاقیکردنەوانـە و دێنـە دەرەوە -هـەم لەگـەڵ ئـەو کاریگەرییـە جەسـتەییانە و هـەم لەگـەڵ ئـەو کاریگەرییـە ڕەوشـتییانەی کـە دەیهێنـن- شـکۆمەندی خـودا زیاتـر لـەو شـەڕەدا دەدرەوشـێتەوە لـەوەی کـە ئەگـەر دوێنـێ بردبێتیـە دەرەوە. بەڵگـەی ئارامگـری خـودا بـۆ ئێمـە هەیـە، لـە کاتێکـدا ئێمـە لەگـەڵ گوناهـدا لـە ململانێدایـن، وە بەڵگـەی میهرەبانییەکـەی بـۆ ئێمـە لـە کاتێکـدا لەگـەڵ گونـاە لـە ململانێدایـن، بەڵگـەی نیعمەتـی پشـتیوانییەکەی لـە ڕێگـەی ئـازارە جەسـتەییە ترسـناکەکانەوە کـە شـەیتان هـۆکاری ڕاسـتەوخۆی بـووە.» شـەیتان ڕێگـەی پێـدراوە بـۆ چەندیـن سـاڵ خەڵـک هەراسـان بـکات «بـۆ ئـەوەی شـکۆمەندی خـودا و میهرەبانـی و دادپـەروەری و نیعمـەت و داناییەکـەی زیاتـر گەشـاوەتر بدرەوشـێتەوە» (لۆقـا ١٣: ١٠-١٧).

ڕەنگـە لـە مامەڵـەی خـودا لەگـەڵ جیهـان ناکـۆک بیـن، بـەڵام دواجـار ئەمـە ڕەتکردنـەوەی خـودی خودایـە. بۆیـە «مـن هەڵدەبژێـرم متمانـە بـەو بکـەم، کـە شـێوازی بەڕێوەبردنی شـەیتان، وە بەڕێوەبردنـی ئـەو خراپەیـەی کـە دێتـە سـەرم، هـی خـودا داناتـرە لـەو شـێوازەی کـە ڕەنگـە مـن هەڵبژێـرم بـۆ بەڕێوەبردنـی.» لـە هەمـووی گرنگتـر، خـودا «لـە ناوەڕاسـتی ئـەم جەنگـەی شـەیتان کورەکـەی نـارد. شـەیتان پاڵنـەری یەهـوزا بـوو بـۆ ئـەوەی ناپاکـی لـە عیسـا بـکات.» عیسـا خـۆی خسـتە بـەردەم ترسـناکییەکانی فێـڵ و درۆ و کوشـتنی شـەیتان. شـەیتان هـەر لـە

a ئەڵقەی ٦٦٨: «بەهانەی شەیتان» (٢١ی ئابی ٢٠١٥).

سەرەتاوە بکوژ و درۆزن بوو (یۆحەنا ٨: ٤٤). بەڵام عیسا مرد بۆ ئەوەی لە شکستپێهێنانیدا بە ئاشکرا دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی پیشان بدات (کۆلۆسی ٢: ١٥). کەواتە، بێگومان ڕاستە کە «ئەو شکۆمەندییەی عیسای مەسیح بە ئازار بەدەستی دەهێنێت بۆ لەناوبردنی شەیتان زیاترە لەو شکۆمەندییەی بە لێدانێکی بەهێزی گولەیەک لە سەری شەیتان دێت،» وەک قەناس بەدەستێک. «وە شکۆمەندی زیاتر هەیە لە بەشداریکردنمان لە ئازارەکانی مەسیح و دەستگرتن بە بەهای بااڵی ئەوەوە کە بۆ عیسای مەسیح دێت لەوەی کە ئەگەر توانیمان بڵێین "ئەی شەیتان، بڕۆ!" بەبێ ئەوەی تووشی هەر کێشەیەکی دیکە بین.» لە کۆتاییدا، «شکۆی خودا بە درەوشاوەیی دەگەشێتەوە، وە شکۆمەندی مەسیح بە درەوشاوەیی دەگەشێتەوە، کاتێک دەبینین کە سەرەڕای ئازارەکانی شەیتان، لە مەسیحدا تەواو ڕازین.»[a]

شەیتان چەند دەسەڵاتی هەیە؟

لە یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی بیابانەدا، شەیتان دەسەڵاتی پێشکەش بە مەسیح کرد بەو مەرجەی کە مەسیح بیپەرستێت (مەتا ٤: ٩؛ لۆقا ٤: ٦). کەواتە شەیتان چەند دەسەڵاتێکی یاسایی لە دونیای ئەمڕۆدا بەدەستەوەیە؟

«یەکەم وەڵامی من ئەوەیە کە ئەگەر عیسا شەیتانی بپەرستایە، بێگومان عیسا دەستبەرداری دەسەڵاتی خودایی خۆی دەبوو. چیتر خودا نەدەبوو. ئەگەر شەیتانی بپەرستایە، ئیتر خودا نەدەبوو. بەڵکو شەیتان دەبووە خودا. ئەو کاتە شەیتان هەموو جیهانی پێدەدا، وە هێشتا بەسەریدا زاڵ دەبوو، چونکە عیسا خودا نەدەبوو. بەڵکو دەبووە شوێنکەوتەی شەیتان. بێگومان، هەموو ئەمە نەدەبوو، وە نەدەکرا ڕووبدەن. شەیتان، وەک هەمیشە گەمژە بوو بۆ ئەوەی پێشنیاری ئەوە بکات. ئەو گەمژەیە. هەمیشە کە قسەی گەمژانە دەکات، نیوەی ڕاستە.»

بەڵام شەیتان «دەسەڵاتی ڕەها» نییە لە جیهان. هەر دەسەڵاتێک شەیتان هەیبێت لە کەسێکی دیکەوە پێی دراوە؛ واتا لەلایەن خوداوە پێی دراوە (لۆقا ٤: ٦). «لە دەسەڵاتی خۆیدا، خودا بە دانایی زانیوە، وەک بەشێک لە نەفرەتەکەی لەسەر جیهان لەدوای کەوتنی ئادەم و حەوا، لەم جیهانەدا دەسەڵاتێکی گەورە بدات بە شەیتان.» بەڵام دەسەڵاتی ڕەها نییە. «ئێمە بیروڕای دوولایەنەمان نییە، کە پێمان وابێت خودا و شەیتان هەبن بۆ ململانێی دەسەڵات لە گەردوون.» شەیتان «هیچ سەربەخۆییەکی نییە بۆ ئەوەی هەر کارێک بکات کە خودا ڕێگەی پێنەدات بۆ مەبەستی دانایی بێ سنووری.» کەواتە «هەموو

a ئەڵقەی ٤٠٨: «بۆچی خودا ڕێگە بە شەیتان دەدات بژیێت؟» (١٥ی ئابی ٢٠١٤).

کردەوەکانی دژایەتیکردنی لەگەڵ خودا و گەلی خودا بەشێکن لە پلانی خودا، کەوا خودا مۆڵەت دەدات بە شەیتان بۆ ئەوەی لەم جیهانەدا هێزێکی گەورە بەکاربهێنێت.» شەیتان هێزێکی گەورەی هەیە (ئەفەسۆس ٢: ١-٢). ئەو زۆر ئازاری ئەیوبی دا (ئەیوب ١: ١٢). لە ڕاستیدا، «هەموو جیهان لە ژێر دەسەڵاتی خراپەکارەکەدایە» (یەکەم یۆحەنا ٥: ١٩). ئەو «فەرمانڕەوای ئەم جیهانەیە» (یۆحەنا ١٤: ٣٠).

لە خاچ، شەیتان کاتژمێری شکۆمەندی خۆی بەدەستهێنا (لۆقا ٢٢: ٥٣). بەڵام ئەمە هەمووی بوو. هەمان ئەم خاچە «فەرمانڕەوای جیهانی» دەرکرد (یۆحەنا ١٢: ٣١؛ ١٦: ١١). مەسیح بە لێخۆشبوون لە گوناهەکانمان شەیتان دەشکێنێت (کۆلۆسی ٢: ١٣-١٥). «کەواتە، بە مردنی لەپێناو گوناهەکانت، لە تۆماری قەرزەکانتی لەسەر خاچ بزمارکوت کرد، فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانی لە چەک داماڵی، بە سەرکەوتن بەسەریاندا ئاشکرا شەرمەزاری کردن.» هێزی شەیتان لە تۆمەتەکانیدایە. بۆیە «ئەگەر لە دادگادا هیچ بەڵگەیەکی نەبێت پێی تۆمەتبارمان بکات چی دەکات؟» لە مەسیحدا شەیتان بێدەسەڵات دەبێت بەسەرماندا، چونکە هیچ گوناهێکی نەبەخشراومان نییە (ڕۆما ٨: ٣٨-٣٩). ئێمە لەگەڵ مەسیح یەکگرتووین و ڕۆحی پیرۆز لە ئێمەدا نیشتەجێیە. ئێستا، «ئەو کەسەی لە ئێوەدایە گەورەترە لەوەی لە جیهاندایە،» واتا شەیتان (یەکەم یۆحەنا ٤: ٤).[a]

بەڵام دەسەڵاتی شەیتان بەسەر ئەم جیهانەی ماوەتەوە بەرفراوانە، هەر بۆیە هەست بە دەربەدەری دەکەین. «ئەوەیە کە وامان لێدەکات لێرەدا هەست بە نامۆیی بکەین: خوداوەندی ئەم جیهانە شەیتانە. دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە. جیهان نقوومی گوناە بووە. ئەمە وامان لێدەکات هەست بکەین لە نیشتیمانی خۆمان نین -لە ڕاستیدا ئاوا نییە، لە کاتێکدا ئەم جۆرە گوناهە لە جیهاندا باوە. ئێمە پەرۆشی ئەوەین لە گوناە ڕزگارمان بێت، بە شێوەیەکی سەرەکی گوناهەکەمان، نەک تەنها ئەو گەورەیی و خوانەناسییەی کە لە جیهاندا دەیبینین. ئێمە تامەزرۆی ئەوەین پیرۆزبین و لەبەردەم خودی پیرۆزیدا بین.»[b]

هاوڵاتیبوونمان لە ئاسمانە. ئێمە ئێستا «بێگانە و دەربەدەر»ین لەسەر زەوی (یەکەم پەترۆس ٢: ١١). ئێمە لێرەدا هەست بە نامۆیی دەکەین، «چونکە ئەم جیهانە کەوتووە، نەک لەبەر ئەوەی کە ئێمە ژیانی هەتاهەتایی لە جیهانێکی دروستکراودا بەسەر دەبەین. بەڵام ئێستر شەیتان دەبێتە خوداوەندی ئەو جیهانە.» ئەم نامۆبوونەی ئێستا هەستی پێدەکەین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە «خوداوەندی ئەم جیهانە» دەسەڵاتێکی وەها بەرفراوانی بەسەر ئەم هەسارەیەدا هەیە. «جیهان پڕ بووە لە گوناە، وامان لێدەکات

a ئەڵقەی ١٣٤٩: «شەیتان لە جیهاندا چەند دەسەڵاتی هەیە؟» (٢٩ی ئایاری ٢٠١٩).

b ئەڵقەی ١٤٩٤: چەندە نیشتمانپەروەری، نیشتمانپەروەریی زیادەیە؟» (٣ی تەممووزی ٢٠٢٠).

هەست بکەین لە نیشتیمانی خۆمان نین. ئێمە تەنها پەرۆشی ئەوەین لە گوناە ڕزگارمان بێت و لە ئامادەگی پیرۆزیدا بین.» بۆ ئەم مەبەستەش، شەیتان حوکمڕانی بەدیهێنراوی نوێ ناکات. «بۆیە کاتێک دەڵێم ئێمە بێگانە و دەربەدەر و نامۆ و سەردانیکەرین، مەبەستم ئەوە نییە کە زەوی شوێنێکە ئێمە سووکایەتی پێدەکەین، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە ئەو پێکهاتانەی خۆمان تێیدا دەبینینەوە هێندە پڕە لە گوناە. شتێکی نوێمان دەوێت.» ئێمە تامەزرۆی ئەوەین لە شوێنێکدا بژین کە شەیتان بەڕاستی دوورخراوەتەوە.[a]

شەیتان دوو چەکی بەسەر ئێمەدا لەدەستدا

کاری مەسیح شکۆمەندە، وەک ئەوەی لە کۆلۆسی ٢: ١٣-١٥ دەیبینین. «دەوڵەمەندی ئەم ئایەتانە بێ سنوورە.» وە پێنج ڕاستی شکۆمەندمان فێر دەکەن سەبارەت بە ڕزگاربوونمان. (١) ئێمە بەهۆی لستی درێژی گوناهەکانمان بە شەریعەت مەحکوم بووین. (٢) لستی درێژی گوناهەکان خرایە دەستی مەسیح و بزمارێکی گەورە لە دەستی درا و بەناو تۆمارەکە و بۆ ناو خاچەکە ڕۆیشت. (٣) قەرزی گوناهمان هەڵوەشایەوە، تۆماری تۆمەتەکانی ئێمەش ون بوو. «لە ناویدا نەما» (کۆلۆسی ٢: ١٤)، «شتێکی زۆر نائاسایی بۆ گوتن. لە هۆڵی دادگای ئاسمانی، کە تۆماری قەرزەکانمان دەستەبەری مەحکومکردنمان دەکات، کەس ناتوانێت بیدۆزێتەوە. دۆسیەی تۆمەتەکانی سەر ئێمە نەماوە. (٤) لێخۆشبوونمان وەرگرتووە. (٥) ئێمە لە مەسیحدا زیندوو بووینەوە.

لە ئەنجامی ئەم ئینجیلە بەهادارەدا، شەیتان (وە هێزە شەیتانەکانی) دوو هێزیان لێ داماڵدرا.

١. شەیتان ئەو هێزەی لێ سەندرا بۆ تۆمەتبارکردنی باوەڕداران بە مەسیح. ئەو سکاڵاکاری گەورەیە (ئاشکراکردن ١٢: ١٠). «شەیتان دەتوانێت لەم جیهانەدا زیانێکی زۆرمان پێ بگەیەنێت لە ڕووی جەستەیی و سۆزداری و پەیوەندییەوە.» بەڵام ئەو تەنها دەتوانێت وەک داواکارێکی بەردەوام تۆمەتبار بکات بە «تۆمەتی دروستی گوناهەکانمان لەبەردەم خودایەکی پیرۆزدا. ئەگەر ئەو بتوانێت ئەمە بکات، ئەوا ئێمە لەناودەچین. ئەگەر بتوانێت گوناهەکانمان لە هۆڵی دادگای ئاسماندا بچەسپێنێت، وەک چۆن لەبەردەم دادوەری گەردوونداتۆمەتبارمان دەکات، ئێمە ئەوا مەحکومین بە لەناوچوون؛ ئێمە بێهیوان لە چاکبوونەوەمان.» بەڵام کاتێک بە بزمار لە خاچ درا تۆماری قەرزەکانمان سڕایەوە. «ئەو تاکە چەکی تۆمەتبارکردنی لێ سەندرا -گوناهی نەبەخشراوە، کە دەیتوانی پێی تۆمەتبارمان

a ئەڵقەی ١٢٥: «نیشتمانپەروەری و مەسیحی» (٤ی تەممووزی ٢٠١٣).

بـکات- لـه دەسـتی دەرهێـنرا.» ناتوانێـت هیـچ تۆمەتێـک ئاراسـتەی ئێمـه بـکات (ڕۆمـا ٨: ٣٣-٣٤). دۆسـیەی تۆمەتـەکان لـه هیـچ شـوێنێکدا نادۆزرێتـەوه.

٢. دەسـەڵاتی شـەیتان بـۆ ترساندنی بـاوەڕداران به مەسـیح به مـردن لێی سـەندراوەتەوه. ترسـی ئێمـه لـه مـردن کۆتایـی پێهاتـووه. شـەیتان بـه ڕاسـتیی مـردن گوناهبـاران ئـازار دەدات (عیبرانییـەکان ٢: ١٤-١٥). بـەڵام لـه ڕێگـەی مردنـی مەسـیحەوه، ئـەوەی دەسـەڵاتی مردنـی هەبـوو لەناوچـوو -شـەیتان. «کاتێـک مەسـیح لـه شـوێنی ئێمـه مـرد، ئـەو درکـی مردنـی دەرهێنـا، چونکـه گوناهـی لـه مـردن دەرهێنـا. حوکمدانـی مردنـی نەهێشـت. بـەم شـێوەیە تـرس لـه مـردن نەمـا.» چیـتر مـردن دوژمنـی ئێمـه نییـه. ئێمـه ئازادیـن لـەوەی کـه کۆیلەیەکـی بـه درێژایـی ژیـان بووین بـۆ تـرس لـه حوکمدانـی هەتاهەتایـی.[a]

دوو پیلانی شەیتان بۆ تێکدانی خۆشیمان به خودا

شـەیتان بـه دوو شـێوه هـەوڵ دەدات ئـەو شـکۆمەندییەی کـه لـه ژیانمانـدا بـه خـودای دەبەخشـین کەمـی بکاتـەوه.» یەکێـک لەوانـه ئـازاره، ئـەوی دیکەیـان چێـژه.»

١. ئـازار دەکرێـت ببێتـه هـۆی ئـەوەی کـه زیاتـر بەهـا بدەیـن بـه شـتێکی دیکـەی جگـه لـه خـودا -بـه تورەکردنمـان لـه خـودا کـه ئـەم ئازارەمـان هەیـه، وه وامـان لێبـکات زیاتـر حـەز بکەیـن لێـی ڕزگار بیـن لـەوەی کـه دەمانەوێـت دەسـت بـه خـوداوه بگریـن. لـەم ئـازارەدا دەرفەتێکـی زێڕیـن هەیـه بـۆ ئێمـه خـودا شـکۆمەند بکەیـن -کاتێـک نیشـانی دەدەیـن کـه چەنـدە بەهـای زیاتـری پێدەدەیـن لـەوەی کـه بەهـا بدەیـن بـه ئاسـوودەیی یـان ئازادبـوون لـه ئـازارەکان.

٢. هەروەهـا چێـژ دەکرێـت ببێتـه هـۆی ئـەوەی شـتێکی دیکـه لـه خـودا زیاتـر بـه بەهـادار بزانیـن -«نـەک بـه تورەییـمان لـه خـودا، بەڵکـو بـه هـۆی ئـەوەی خـودا لەبیـر بکەیـن، چونکـه ئێمـه تێـر دەبیـن لـەو چێژانـەی کـه پێـمان دەبەخشـێت» (حزقیێـل ١٦: ١٤-١٥). «خـودا بەخششـێکی گـەورەی جوانـی بـه ئیسرائیـل بەخشـی، لەبـری ئـەوەی هاندەریـان بێـت بـۆ شـکۆمەندی خـودا لەپێنـاو بەخششـەکە، ئـەوان بەخششـەکەیان پـێ باشـتر بـوو لـه بەخشـەرەکە؛ سـووکایەتییان بـه خـودا کـرد بـەوەی لێـی ڕازی نەبـوون، بـەڵام خۆشەویسـتییان بـۆ بەخششـه چاکەکـەی خـودا هەبـوو.»

ئیـتر «ئـازار و خۆشـی پیلانەکانـی شـەیتانن بـۆ ئـەوەی شـکۆمەندیمان بـۆ خـودا تێکبـدات. پێنەدانـی شـتی ڕەنگـه تێکـمان بـدات، وه پێدانـی شـتی چاکیـش ڕەنگـه تێکـمان بـدات.

---

a ئەڵقەی ١٧٥٠: «چۆن خاچ چەکی شەیتانی داماڵی؟» (٢٨ی شوباتی ٢٠٢٢).

هەردووکیان دەکرێت بۆنەیەک بن بۆ بێڕێزیکردن بە خودا و شکۆمەندنەکردنی، یان شکۆداری خودا.»[a]

بە قسەکردن سەبارەت ئازار، شەیتان دەیەوێت ئازارەکانمان بکاتە ناڕەزایی بەرامبەر بە خودا. بەڵام «هەرگیز ڕاست نییە، هەرگیز باش نییە، هەرگیز چاک نییە -هەرگیز تەنانەت بێلایەنیش نییە- هەست بکەین بە تووڕەیی لە خودا.»[b] شیوەنی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز خوداپەرستانەیە، ئەو کردارەیە کە بە خودا بڵێین چەندە ئازاری ئێمەی داوە، «بەبێ ئەوەی هەست بە تووڕەیی بکەین لێی.» بەڵام بێگومان ئێمە لێرەدا گوناە دەکەین. مەسیحییەکان دەتوانن لە خودا تووڕە بن. «بە داخەوە، نابێت ئەمە بکەن، بەڵام بێگومان دەیکەن. وە ئەگەر لە خودا تووڕە بوون، پێویستە پێی بڵێن.» خودا دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات. دەتوانین تۆبە بکەین -دەبێت تۆبە بکەین- چونکە «تووڕەیی لە خودا شیوەنێکی چاک نییە.»[c] ئەیوب نموونەیەکی شیوەنی چاکی بۆ ئێمە دروستکرد (لە سەرەتاوە) بەڵام دواتر بەرامبەر بە خودا (دواتر) کەوتە ناو تووڕەیی گوناهبارانە.[d] ڕزگارکەرمان لەسەر خاچ وەک نموونەیەکی تەواوەتی ئازارەکانمانە بەبێ تووڕەیی.[e] بۆیە ئێمە شوێن ڕێبەرایەتی مەسیح دەکەوین بۆ ئەوەی بەهای ئەو بۆ جیهان دەربخەین. ئەمەش دەگاتە کڕۆکی ئەم بوونە کەوتووە. ئەم «جیهانی لەناوچووە بە جۆرێک بوونی هەیە کە من و تۆ، بەبێ بۆڵەبۆڵ یان گلەیی و تووڕەیی لە خودا، بەڵکو بە پشت پێبەستنی و متمانەکردن پێی، بتوانین نیشانی جیهانی بدەین کە خودا لەلای ئێمە بەهادارترە لە هەموو ئەو شتانەی کە لەدەستمان داوە.»[f] شەیتان دەیەوێت ڕێگری لەمە بکات.

ترسناکترین کاری شەیتان

هێشتا شەیتان لەم جیهانەدا بەهێزە. ئەو لە پشت «زۆر» نەخۆشییەکانەوەیە (لۆقا ١٣: ١١) وە درکی ئازاری جەستەییە کە لە ژیانی پۆڵس چەقیوە (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٧). شەیتان دەتوانێت مەسیحییەکان فڕێ بداتە زیندانەوە (ئاشکراکردن ٢: ١٠). وە شەیتان توانی عیسا دەستگیر بکات و لێی بدرێت و فڕێی بداتە سەر خاچ (یۆحەنا ١٣: ٢، ٢٧). ئامانجی شەیتان لەناوبردنی باوەڕمانە (یەکەم پەترۆس ٥: ٨-٩)، وە ئەو زۆر بەهێزە. بەڵام لە هەموو شتێک بەهێز نییە. کاری شەیتان بە «مۆڵەتی» خودایی ڕێگەپێدراوە و هەرگیز

a ئەڵقەی ١٥٠٤: «چۆن لە ژیانی ڕۆژانەمدا خودا شکۆمەند بکەم؟» (٢٧ی تەممووزی ٢٠٢٠).
b ئەڵقەی ١٨٢٨: «ئایا دەتوانم لە خودا تووڕە بم و پیرۆز بم؟» (٢٩ی ئابی ٢٠٢٢).
c ئەڵقەی ٩٣١: «چۆن نوێژ دەکەیت لەبەردەم خەڵکدا، بەبێ ئەوەی نمایش بکەیت؟" (٣١ی ئابی ٢٠١٦).
d ئەڵقەی ١٦٩٥: «ئایا پەستان زیاتر پیرۆز دەکات یان گوناهبارتر؟» (٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).
e ئەڵقەی ١٥١٥: «ئایا نوێژکردن بە تووڕەیی پەسەندە؟» (٢١ی ئابی ٢٠٢٠).
f ئەڵقەی ٦٢٥: «خودا دەیبات بۆ نمایشکردنی جوانی مەسیح» (٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٥).

لەبەر ئەوە نییە کە «جڵەوگیری ڕەها»ی هەیە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو ڕاستەقینە و بەهێز و خراپە -وە بە «زنجیرێکی درێژ» بەستراوەتەوە. تەنانەت لە سایەی ئەو چاودێرییەی خوداش، ئەو دەتوانێت «زیانێکی ترسناک»مان پێ بگەیەنێت.»[a]

بەڵام پۆڵس کاری گەورەتری شەیتان لە جیهاندا ئاشکرا دەکات. «لێرەدا خوداوەندی ئەم جیهانە بیری بێباوەڕانی کوێر کردووە، تاکو ڕووناکی مزگێنیی شکۆی مەسیحیان بۆ نەدرەوشێتەوە، ئەوەی وێنەی خودایە» (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤). «ئەمە سەبارەت بە من ترسناکترین شتە لە جیهاندا، کە ئەو کەسانەی خۆشم دەوێن (یان خۆم) ڕەنگە هێندە کوێر بن لەلایەن شەیتانەوە کە تەماشای عیسا بکەن و ئەو بە جوان نەبینن. ئەو گەنجینەی ئەوان نییە. پارە گەنجینەی ئەوانە. ڤیدیۆ گەنجینەی ئەوانە. سەرکەوتن لە خوێندن گەنجینەی ئەوانە. خۆشەویستەکەیان کوڕە دۆستەکەیان گەنجینەی ئەوانە. مردن ترسناک نییە. هێندە فریو بدرێیت کە نەتوانیت عیسا وەک گەنجینەی ژیانت ببینیت، ئەمە ترسناکترین شتە.»[b]

لە نێو باوەڕداران بە مەسیح، «شەیتان کار دەکات بۆ کوشتنی چێژوەرگرتنمان لە جوانییەکانی مەسیح لە ئینجیلدا.»[c] کە لە جیهانی فراوانتردا، دەتوانین پێی بڵێین «کوێری شەیتانی».[d] یان «کوێرکردنی شەیتان»[e] یان «کوێری شەیتانی»[f] یان «کوێری ڕۆحە پیسەکان» -ئەوە هێزێکی ترسناکە کە چاوەکان دادەپۆشێت و دڵەکان دادەپۆشێت بە ڕووی «شکۆمەندی و جوانی و نایابی و بەهای مەسیح» لە ئینجیلدا (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤).[g]

کەواتە هەرچەندە شەیتان «بوونەوەرێکی سەروو سروشتییە،» بەڵام لە بواری ماددیدا «هێزێکی سەرنجڕاکێش»ی هەیە -«دەتوانێت مرۆڤەکان نەخۆش بکات، دەتوانێت فڕێیان بداتە زیندان و تەنانەت دەتوانێت بیانکوژێت.» بەڵام «ڕێگای سەرەکی ئەو بۆ دژایەتیکردنی خودا و لەناوبردنی گەلی خودا لە کایەی ماددیدا نییە، بەڵکو لە کایەی دەروونی یان هزری یان ڕەوشتیدایە. بە دەربڕینێکی دیکە، باشترین ڕێگا بۆ بیرکردنەوە لە دەسەڵاتەکەی لە ڕووی هێزی جەستەییەوە نییە، بەڵکو لە فریودانی ڕەوشتیدایە.»

---

a ئەڵقەی ١٨٦٩: «چۆن شەیتان دەتوانێت زیان بە باوەڕداران بە مەسیح بگەیەنێت؟» (٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢).

b ئەڵقەی ٧٩٦: «پەیامی گەورەی مەسیحی» (١٧ی شوباتی ٢٠١٦).

c ئەڵقەی ١٢٨: «چۆن چێژ لە خودا وەربگرم؟» (٩ی تەممووزی ٢٠١٣).

d ئەڵقەی ٥٨٣: «ئەو کتێبە نوێیەی کە جۆن پایپەر نووسیویەتی» (٢٧ی نیسانی ٢٠١٥).

e ئەڵقەی ١٦٣٨: «ئایا دوژمنەکانمان ڕۆحین، یان مرۆڤن، یانیش هەردووکیانن؟» (١١ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

f ئەڵقەی ١٣٥٧: «ئایا خودا دڵێک نەرم دەکات کە ڕەقی کردبێت؟» (١٧ی حوزەیرانی ٢٠١٩).

g ئەڵقەی ١٢٦٦: «من کاتێک بۆ یەکەمجار باوەڕم هێنا مەسیحم بە بەهادار نەدەزانی - ئایا ڕزگارم نەبووە؟» (٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨).

شەیتان «فریودەری هەموو جیهانە،» کاردەکات بۆ فریودانی گەلان (ئاشکراکردن ١٢: ٩؛ ٢٠: ٨). «لەناوبردنی بە شمشێر یان نەخۆشی یان کوشتن نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی بە درۆکردنە. ئەو «باوکی درۆزنانە» (یۆحەنا ٨: ٤٤). «ئەو بە شێوەیەکی سەرەکی درۆ دەکات سەبارەت بە خودا، سەبارەت بە عیسا، سەبارەت بە ئینجیل و سەبارەت بە گوناە.» ئەو مێشکی گوناهباران کوێر دەکات لە ئاست جوانی دەروشاوەی مەسیح (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤). بەم شێوەیە ئەمرۆ، «لە هەر شوێنێک ڕق و بەرەنگاری و شێوان و بێدەنگی لە ڕاستی هەبێت، شەیتان کار دەکات بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە ڕاستی ئینجیل ڕزگاریان نەبێت» (دووەم سالۆنیکی ٢: ٩-١٠). لە ئێستادا، «شەیتان بە شێوەیەکی سەرەکی هەوڵ دەدات بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی پەیامی خاچ و تێگەیشتنی و باوەڕپێکردنی. هەرچی لە توانایدا بێت دەیکات بۆ شێواندن و بێدەنگکردنی پەیامی ڕزگارکەری خاچ.» وەک باڵندەیەک کە تۆو لەسەر ڕێگا هەڵدەگرێتەوە، شەیتان هەوڵ دەدات ئینجیل «بڕفێنێت» لەدوای ئەوەی مزگێنییەکەی دراوە (مەتا ١٣: ١٩). بەڵام کاتێک مەسیح قبوڵ کرا و گوناهەکان بەخشران، تۆمەتەکانی شەیتان بێ بنەما دەبن.

لە دژی هەڵبژێردراوەکان، شەیتان «دەتوانێت ستەمان لێ بکات، دەتوانێت ناڕەحەتمان بکات، دەتوانێت تاقیمان بکاتەوە، دەتوانێت نەخۆشمان بخات، دەتوانێت بمانکوژێت. بەڵام هەرگیز ناتوانێت نەفرەتمان لێ بکات.» لە خاچدا، «حوکمڕانی و دەسەڵاتداری شەیتان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە شکست دەهێنێت، تاکە چەکی مەحکومکردن و نەفرەتکردنی لە دەست دەرهێنراوە؛ کەوا چەکی گوناهی نەبەخشراو بوو.» (کۆلۆسی ٢: ١٣-١٥). کێ هەڵبژێردراوانی خودا تۆمەتبار دەکات؟ (ڕۆما ٨: ٣٣). هیچ کەس. کێیی پیرۆز ئەم قسەیە «بەرەو ڕووی شەیتان» دەکاتەوە. کێ دەتوانێت ڕاستودروستی ببەخشێت؟ کێ دەتوانێت حوکم بدات؟ «بەڕێز شەیتان، ئەوە عیسای مەسیحە کە مرد. تۆ نەتتوانی ڕێگری لێ بکەیت. لەوەش زیاتر، عیسا لە مردن زیندوو بووەوە، وە ئەو لە دەستی ڕاستی خودایە. ئەو بەڕاستی داکۆکیمان لێ دەکات، ئەی ئەو کەسەی تۆمەتبار دەکەیت. بۆیە دڵنیام کە نە مردن و نە ژیان، نە فریشتەکان و نە فەرمانڕەواکان -نە شەیتانیش- نە هیچ شتێکی دیکە لە هەموو بەدیهێنراوان ناتوانێت دامان ببڕێت لە خۆشەویستی خودا لە عیسای مەسیحدا» (ڕۆما ٨: ٣٨-٣٩).[a]

دەربارەی گوناهی نەبەخشراو

وەک لە سەرتاسەری ئەم کتێبەدا دەبینن، زۆرێک لە گوێگران ترسی ئەوەیان هەیە سنووردارێکیان بەزاندبێت، گوناهێکیان کردبێت لێخۆشبوونی نەبێت، کەوتبنە ژێر کاریگەری

a ئەڵقەی ١٢٠٩: «ئەمڕۆ شەیتان لە کوێدا ڕوونترین چالاکی هەیە؟» (١١ی حوزەیرانی ٢٠١٨).

نەفرەتی شەیتان، وە خۆیان لە لێخۆشبوونی خودا بێبەش کردبێت. زۆرجار پرسیارەکە بە شێوەیەکی گشتی دادەڕێژرێت، لەسەر ئەوەی کە ئایا مەسیحییەکی لەدایکبووی دووبارە دەکرێت گوناهێک ئەنجام بدات لێخۆشبوونی هەبێت یان نا،[a] وە ئایا ماوەیەک لە گوناهی بێ تۆبەکردن بەسە بۆ پێشێلکردنی.[b] زۆربەی جارەکان پرسیارەکە ئەمەیە، کە ئایا سێکسی پێش هاوسەرگیری گوناهێکی گەورەیە،[c] لەشفرۆشی،[d] تەماشاکردنی بابەتی بەدڕەوشتی،[e] ماوەیەک داوێنپیسی بەردەوام،[f] یان بە «بەڕاستی گەورە»[g] یان «کردەوەیەکی ناشیرین»ی گوناە،[h] تەنانەت کردەوەی خۆکوشتن ئەنجام دەدرێت.[i]

بەڵام گوناهی نەبەخشراو هیچ کام لەمانە نییە. گوناهی نەبەخشراو بە دوو شێوە پۆلێن دەکرێت: (١) ڕەتکردنەوەی تەواوی مەسیح، وە (٢) حاڵەتی نەتوانینی تۆبەکردن لەسەر گوناە.

١. ڕەتکردنەوەی مەسیح. گوناهی نەبەخشراو و کوفرە بە ڕۆحی پیرۆز (مەتا ١٢: ٣١). ئەم گوناهە، وەک ئەوەی عیسا دەڵێت، لێخۆشبوونی نییە. کەواتە ئەم گوناهە چییە؟ لە چوارچێوەیەکدا دێت کە خەڵکی دەیانگوت عیسا لەلایەن شەیتانەوە بەهێز کراوە. «ئەوان دەیانگوت کە بە هێزی بەعلزەبوڵ ڕۆحە پیسەکانی دەرکردووە، بۆیە جیهانیان ئاوەژوو کردووە (مەتا ١٢: ٢٤). ئەوان عیسایان وەک شەیتان دەبینی، ئیتر نەیاندەتوانی عیسا بەو شێوەیە ببینن کە بەڕاستی هەیە.» ئەوان مەسیحیان ڕەتکردەوە. ئەگەر مەسیحت ڕەت نەکردۆتەوە، ئەوا گوناهی نەبەخشراوت نەکردووە.[j]

٢. ڕەتکردنەوەی تۆبەکردن. لەم حاڵەتەدا، «گوناهی نەبەخشراو کردەوەیەکی ناشیرینی تایبەت» نییە، بەڵکو گوناهکردنە بە «قوڵایی یان پلەیەکی تایبەت یان قورس یان بەردەوامی لە گوناە» هەتا ئەو شوێنەی «دانپێدانان و تۆبەکردنی ڕاستەقینە

---

a ئەڵقەی ٩٠٢: «ئایا باوەڕدار بە مەسیح دەتوانێت کوفر بە ڕۆحی پیرۆز بکات؟» (٢١ی تەممووزی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ١٦٨: «ئایا من خودام بێزار کردووە لە پشوودرێژی بۆ گوناهەکەم؟» (٩ی ئەیلوولی ٢٠١٣).

c ئەڵقەی ٣٦٥: «ئایا هاوسەرگیری بۆ ژن و مێردێک دەکەیت کە پێشتر پێکەوە ژیاون؟» (١٧ی حوزەیرانی ٢٠١٤).

d ئەڵقەی ١٥٤٦: «بەدوای لەشفرۆشێکدا گەڕام -ئایا مەحکومم بە لەناوچوون؟» (٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠).

e ئەڵقەی ٢٧٣: «ئایا ڤیدیۆی بەدڕەوشتی گوناهێکی نەبەخشراوە؟» (٧ی شوباتی ٢٠١٤).

f ئەڵقەی ١٢٧٤: «ئایا ڕابردووی سێکسی من وا دەکات کە ڕزگار نەبم؟» (٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨).

g ئەڵقەی ١٥٤٦: «بەدوای لەشفرۆشێکدا گەڕام -ئایا مەحکومم بە لەناوچوون؟» (٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠).

h ئەڵقەی ١١٣١: «ئەو گوناهە چییە کە نابێتە هۆی مردن لە بەشی پێنجی یەکەم نامەی یۆحەنا؟» (١١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧).

i ئەڵقەی ٣٥٢: «خۆکوشتن و ڕزگاربوون» (٢٩ی ئایاری ٢٠١٤).

j ئەڵقەی ١٦٨: «ئایا من خودام بێزار کردووە لە پشوودرێژی بۆ گوناهەکەم؟» (٩ی ئەیلوولی ٢٠١٣).

مەحاڵ بووە.»[a] ئەمە کارەساتی بەرجەستەکراوی عیسۆیە (عیبرانییەکان ١٢: ١٥-١٧). ئەگەر بتوانیت تۆبە لە گوناهەکەت بکەیت، «هیوا هەیە.» ئەگەر توانیت تۆبە لە گوناهەکەت بکەیت، ئەوا ئەو گوناهە نەبەخشراوەت ئەنجام نەداوە.[b]

کەواتە، یەکەم، گوناهی نەبەخشراو بریتییە لە «گەڕاندنەوەی کردەوەکانی عیسا بۆ شەیتان لەبری خودا» (مەرقۆس ٣: ٢٨-٣٠). ئەمەش کفرکردنە بە ڕۆحی پیرۆز، کە نابەخشرێت (لۆقا ١٢: ١٠). «لە ماوەی خزمەتەکەمدا، چەند کەسێک هەبوون... کە تەواو باوەڕیان هەبووە بەوەی کە گوناهیان لە دژی ڕۆحی پیرۆز کردووە و ئیتر لێخۆشبوونیان نییە. ئەوان ترساون، لە سەرووی ئەوەی بە خەیاڵتدا دێت.» لە بەرامبەر ئەم پرسیارەدا، هەمیشە یارمەتیدەرە کە ڕوونی بکەینەوە «هەرکەسێک بە ناوی یەزدانەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری دەبێت» (ڕۆما ١٠: ١٣). یان هەروەک پۆڵس بە چاودێرەکەی بەندیخانەی گوت «باوەڕ بە عیسای خاوەن شکۆ بهێنە، خۆت و خێزانەکەت ڕزگارتان دەبێت» (کردار ١٦: ٣١). یان لە بەڵێنی عیسا: «خواستی باوکم ئەمەیە: هەرکەسێک تەماشای کوڕەکە بکات و باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی دەبێت، منیش لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە» (یۆحەنا ٦: ٤٠). ئەمانە پێشکەشکردنی ئاشکرای ئینجیلن، هیچیان بەهۆی هەندێک گوناهی تایبەتی «خراپ»ەوە ڕەت ناکرێنەوە.

دووەم: گوناهی نەبەخشراو حاڵەتێکە کە مرۆڤەکان «بە جۆرێک گوناە دەکەن ئامادە نین و ناتوانن تۆبە بکەن و باوەڕیان هەبێت.» عیسۆ نموونەیەکی دیارە -پیاوێک کە بە شێوەیەکی ڕستەیی «شوێنی تەوبەکردنی نەبوو» (عیبرانییەکان ١٢: ١٧). نەیتوانی تۆبە بکات. «ئەو گەیشتبووە ڕادەیەکی دڵڕەقی بەرامبەر بە خودا، وە خۆشەویستی زۆر بۆ جیهان... نەیتوانی واز لە خۆشویستنی جیهان بهێنێت. ئیتر تۆبەی ڕاستەقینەی نەدۆزییەوە. ئیتر لەناوچوو. فرمێسکەکانی فرمێسکی تۆبەکردن نەبوو.» کەواتە، بەڵێ، «جۆرێک لە دژایەتی بە خواست و بە ئاگایی و جێگیر هەیە بەرامبەر بە خودا و ڕۆحی خودا،» جۆرێک لە گوناهکردن، کە دەبێتە هۆی مردن، بابەتێکە لە نوێژکردن بەدەرە (یەکەم یۆحەنا ٥: ١٦).

مەسیحییە ڕاستەقینەکان ناتوانن ئەو گوناهە نەبەخراوە بکەن چونکە (١) ناتوانن کوفر بە ڕۆحی پیرۆز بکەن، چونکە ئەم «دژایەتی بە ئەنقەست و یەکلاکەرەوە بەرامبەر بە هێزی ئامادەبووی ڕۆحی پیرۆز» شتێکە کە مەسیحییەکان ناتوانن ئەنجامی بدەن. وە (٢) لە کاتێکدا «دەکرێت مەسیحییەکان هەموو جۆرە گوناهێک بکەن،» دڵی مەسیحییەکان

---

a ئەڵقەی ١١٣١: «ئەو گوناهە چییە کە نابێتە هۆی مردن لە بەشی پێنجی یەکەم نامەی یۆحەنا؟» (١١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ١٦٨: «ئایا من خودام بێزار کردووە لە پشوودرێژی بۆ گوناهەکەم؟» (٩ی ئەیلوولی ٢٠١٣).

بـە تۆبـەی ڕاسـتەقینە و بـەردەوام دیـاری کـراوە. ئـەوان ڕقیـان لـە گوناهەکەیانـە. کەواتـە کوفرکـردن بـە ڕۆحـی پیـرۆز زۆر جیـاوازە لـە خەمبارکردنـی ڕۆحـی پیـرۆز. دەکرێـت مەسـیحییەک «ڕۆحـی پیـرۆزی خـودا خەمبـار بـکات، کـە بەهۆیـەوە مـۆر کـراون بـۆ ڕۆژی ڕزگار» (ئەفەسـۆس ٤: ٢٩-٣١). لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە خەمبارکردنـی ڕۆحـی پیـرۆزدا، وەک لـەم دەقـەدا دەبینیـن، ڕزگاری کۆتایـی هەرگیـز گومانـاوی نییـە.[a]

ئایا شەیتان دەتوانێت «دەست» بدات لە مەسیحییەکان یان «بخورێت»؟

شـەیتان دوژمنـی سەرسـەختمانە، کـە لـە ئێستادا، «وەک شـێرێکی بـە نەڕەنـەڕ دەسـووڕێتەوە، بـەدوای یەکێکـدا دەگـەڕێ بـۆ ئـەوەی بمانخـوات» (یەکـەم پەتـرۆس ٥: ٨). کەواتـە ئایـا دەکرێت مەسـیحییەکی ڕاسـتەقینە بخورێت؟

وێنەکـە یونسـمان بیردەخاتـەوە کـە بـە تـەواوی قووتدرا. شـەیتان دەیەوێـت بمانخـوات و لەگەڵ خۆیـدا بمانڕفێنێتـە نـاو دەریاچـەی ئاگـر. «ئەمـە واتـای خواردنـە. ئێستا، پرسـیارەکە ئەمەیـە، ئایـا دەکرێـت ئەمـە بەسـەر مـن و تـۆدا بێـت؟» سـەرنج بـدەن کـە لـە ئایەتـی داهاتـوودا پەتـرۆس ڕامـان دەسـپێرێت کـە لـە دژی شـەیتان «بەرگـری» بکەیـن (یەکـەم پەتـرۆس ٥: ٩). ئایـا ئـەم ڕاسـپاردەیەی بەرگـری «گاڵتەجـاڕی» یـان «یـاری جەنگـە،» وەک یاریکردنـی جەنگـی سـاختەیە بـە دەمانچـەی پلاسـتیکی؟ ئایـا ئەگـەر بەرەنـگاری نەبینـەوە هیـچ شـتێک بەسـەر مەسـیحییەکاندا نایـەت؟ باشـە، بـە لەبەرچاوگرتنـی مکوڕبوونـی پەتـرۆس لـەم دەقـەدا، «پێناچێـت وەک یارییـەک بێـت. بەڵکـو وەک ئـەوە وایـە ئاسـمان و دۆزەخ لـە تـای تـەرازوو دان.»

کەواتـە، دیسـانەوە، ئایـا دەکرێـت مەسـیحییەکی ڕاسـتەقینە لەلایـەن شـەیتانەوە بخورێـت؟ نەخێـر، «چونکـە مەسـیحییە ڕاسـتەقینە و لەدایکبـووەوەکان هەمیشـە دەجەنگـن. ئـەوان بەرپەرچـی دەدەنـەوە. ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە مەسـیحییەکی ڕاسـتەقینە و لەدایـک بووەوەیـە. ڕاسـتە، مەسـیحییە لەدایکبـووەوەکان ڕۆحـی پیرۆزیـان لـە ناخیانـدا هەیـە بـۆ ئـەوەی کاتێـک دەبینـن شـێرەکە دێـت، نەڵێـن، "ئـای، لێـرەدا هیـچ شـتێک لـە تـای تـەرازوودا نییـە. پێویسـت نـاکات شـەڕ بکـەم. پێویسـت ناکات بـاوەڕم بوروژێنـم. پێویسـت ناکات کتێبـی پیـرۆز بخوێنمەوە. پێویسـت نـاکات نوێـژ بکـەم. پێویسـت نـاکات لەگـەڵ باوەڕدارانـی دیکـەدا بـم. پێویسـت نـاکات وریـا بـم لـە چاوەکانـم و دڵنیـا بـم لـەوەی کـە جەسـتە بـاڵا دەسـتی بەدەسـت ناهێنێـت -چونکـە لێـرەدا هیـچ شـتێک لـە تـای تـەرازوودا نییـە."» نەخێـر، ڕاسـتە، باوەڕدارانـی لەدایکبـووەوە گوێیـان لـە وشـەی بەپەلـە دەبێـت، بەرەنـگاری شـەیتان دەبنـەوە و دەجەنگـن، چونکـە ژیانیـان پشـت بەمـە دەبەسـتێت. «ئەگـەر نەجەنگیـت، ڕەنگـە دووبـارە لەدایـک نەبوویتـەوە.»

---

a ئەڵقەی ٩٠٢: «ئایا باوەڕدار بە مەسیح دەتوانێت کوفر بە ڕۆحی پیرۆز بکات؟» (٢١ی تەممووزی ٢٠١٦).

پێشتر لە نامەکەیدا، پەترۆس بانگەشەیەکی هاوشێوە دەکات سەبارەت بە باوەڕدارانی ڕاستەقینە، ئەوانەی «کە بە هێزی خودا پاسەوانی کراون بە باوەڕ، بۆ ئەو ڕزگارییەی ئامادەیە لە کۆتایی زەمانە ڕابگەیەنرێت» (یەکەم پەترۆس ١: ٥). «خودا دەفەرموێت: "بە هێزی خۆم لە ڕێگەی باوەڕەکەتەوە لە دژی شەیتان دەتپارێزم."» خودا لە لەناوچوون دەمانپارێزێت و لە شەیتان دەمانپارێزێت، نەک سەرەڕای باوەڕ و بەرەنگاریمان، بەڵکو لە ڕێگای باوەڕ و بەرەنگاریمانەوە.[a]

بە هەمان شێوە، بۆ ئەوانەی کە دووبارە لەدایک دەبنەوە، کتێبی پیرۆز بەڵێن دەدات کە «شەیتان دەستیان لێ نادات» (یەکەم یۆحەنا ٥: ١٨). مەسیح «نێوەندگیریمان بۆ دەکات، وە هەتا کۆتایی سەردەم لەگەڵمانە، یارمەتیمان دەدات و خوێنی ئەو دەمانگرێتەوە و لە تۆمەتەکانی شەیتان بە دەمانپارێزێت -چونکە هیچ کامیان ناتوانن بمانگرن، لەبەر ئەوەی مەسیح لەپێناوماندا مردووە.» شەیتان «تۆمەت و فریودان و هەراسانکردنەکانی دەتوانن بە شێوەیەکی ترسناک ئازارمان بدەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن لەناومان ببەن. هیچ دەست لێدانێکی بکوژ نییە، لەسەر خاچ ددانەکانی پێوەدانی لابراون، وە ژەهری کوشندەی بۆ باوەڕداران لێسەندراوەتەوە.» شەیتان دەتوانێت «بە شێوەیەکی ترسناک ئازارمان بدات» وە «نامەوێت لە ڕۆڵی شەیتان لەم جیهانە کەم بکەمەوە، دەتوانێت بمانخاتە زیندانەوە، وە دەتوانێت کەسانی دیکە بجوڵێنێت بۆ کوشتنمان. بەڵام ناتوانێت دەستلێدانی وێنرانکردن و لەناوچوونی لەسەرمان هەبێت.» بە خوێنی مەسیح ئەم هێزەی لە دەست دەرهێنرا (کۆلۆسی ٢: ١٣-١٥).[b]

ئایا باوەڕدار بە مەسیح دەکرێت ڕادەستی شەیتان بکرێت؟

بەڵێ. کاتێک دوو کەس کە خۆیان بە مەسیحی دەزانن کەشتی باوەڕەکەیان تێکشکاند، پۆڵس بەو هیوایەی کە تەمبێ بێن و وانەیەکی پیرۆزکەر «فێربن،» ڕادەستی شەیتانی کردن (یەکەم تیمۆساوس ١: ١٩-٢٠). «فێرکردن» (παιδεύω) بریتییە لە ڕێنماییکردن. پۆڵس هیمینایۆس و ئەسکەندەری ڕادەستی شەیتان کرد بۆ ئەوەی تەمبێ بێن و ڕێنمایی و ڕاهێنان وەربگرن. لە سیناریۆیەکی هاوشێوەدا، لەگەڵ پیاوێکی مەسیحی دانپێدانراو کە لەگەڵ باوەژنی لە گوناهی سێکسی قێزەوندا تێوەگلابوو، پۆڵس داوا لە کڵێسا دەکات، کە «ئەم کەسە دەبێت بدرێتە دەست شەیتان تاکو سروشتی دنیایی بفەوتێنێت، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی یەزداندا ڕۆحەکەی ڕزگاری بێت» (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٥). هەر سێ پیاوەکە بە هیوای «چارەسەری» و «چاکبوونەوە» ڕادەستی شەیتان کران. «ئامانج لە ڕادەستکردنی

a ئەڵقەی ٨٩٦: «ئایا شەیتان دەتوانێت مەسیحیە ڕاستەقینەکان 'بخوات'؟» (١٣ی تەممووزی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ٧٠٠: «ئایا کتێبی پیرۆز دەڵێت مەسیحیە ڕاستەقینەکان هەرگیز گوناە ناکەن؟» (٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥).

بـە شـەیتان ڕزگاربوونـە نـەک لەناوچـوون.» ئەمـەش بـەو واتایەیـە کـە تێکشـکانی کەشـتی بـاوەڕ «پێویسـت نـاکات زیانێکـی کۆتایـی بێـت. بەڵکـو هیـوا هەیـە بـۆ گـۆڕان.» تێکشـکانی کەشـتی بـاوەڕ کۆتایـی نییـە، وەک پۆڵـس خـۆی دەیزانـی کـە بـە لانیکـەم چـوار جـار لـە کەشـتی نوقمبوونـی ڕاسـتەقینە ڕزگاری بـووە.[a] کەواتـە نوێـژی پۆڵـس لەپێنـاو ئـەو پیـاوەی کـە گوناهـی سێکسـی کـردووە «ئـەوە بـوو کـە ئـازار و مردنـی نزیکـی ڕۆحـی کەسـە تەمبێکراوەکـە لـە متبوونـی ڕۆحـی دەربهێنێـت و بیگەڕێنێتـەوە بـۆ بـاوەڕ و ژیـان،» تەنانـەت ئەگـەر ئـەم تەمبێکردنـە لـە کۆتاییـدا کۆتایـی بـە ژیانـی جەسـتەییش بهێنێـت.[b]

خودا لە ئازارەکانماندا شەیتان بەکار دەهێنێت

«هـەر زیانێـک کـە ئێمـە وەک منداڵـە گوناهبارەکانـی خـودا بەرگـەی دەگریـن دوو ئامانجـی هەیـە: یەکێکیـان لـە شـەیتانەوە، ئـەوەی دیکـە لـە خـوداوە. شـەیتان پیلانـی بێبـاوەڕی و یاخیبـوون و نکۆڵیکـردن و هەسـتی تاوانبـاری و ئیفلیجـی و لەدەسـتدانی باوەڕمـان دادەڕێژێـت. بـەڵام خـودا پلانـی پاککردنەوەمـان دادەڕێژێـت، وە ئـەوەی کـە ئێمـە کەمـتر هیوامـان بـەم جیهانـە هەبێـت و زیاتـر بـە خـودا، کـە مـردووەکان زینـدوو دەکاتـەوە.»[c]

«خـودا هەرگیـز شـەیتان لـە ژێـر جڵەوگیـری خـۆی دەرنـاکات، وە زۆرجـار بـەکاری دەهێنێـت بـۆ بەدیهێنانـی خواسـتەکانی خـۆی. بـۆ ئەیـوب ئـاوا بـوو؛ دەبـووا شـەیتان مۆڵـەت وەربگرێـت بـۆ ئـەوەی بچێتـە سـەر ئەیـوب، پاشـان ئەیـوب گوتـی کـە پـەروەردگار "بردوویەتـی". نووسـەر دەڵێـت کـە ئەیـوب "گوناهـی نەکـرد و بـە هەڵـە خـودای تۆمەتبـار نەکـرد"، هەرچەنـدە شـەیتان زیاتـر بەشـداری لـەو بایـەی هەڵیکـرد و ماڵـەی ڕووخانـد کـە منداڵەکانـی کوشـت» (ئەیـوب ١: ١٨-٢٢).

پۆڵـس گوتـی کـە لەلایەن شـەیتانەوە ئـازار دراوە بۆ ئەوەی سـاکاری خـۆی زیاتر بـکات (دووەم کۆرنسـۆس ١٢: ٧). «بەڕاسـتی؟ شـەیتان دەیەوێـت لووتبـەرز نەبیـت؟ نەخێـر، نەخێـر، خـودا دەیەوێـت لووتبـەرز نەبێـت. وە شـەیتان ئـەم ئامرازەیـە کـە خـودا لـەم دۆکەدا بەکاریدەهێنێت بـۆ ئـەوەی پۆڵـس گونـاە نـەکات. مـن دڵنیـام شـەیتان قـەدری ئـەو بەکارهێنانـەی نەزانیـوە، چونکـە ئەمـە ڕێـک پێچەوانـەی ئەوەیـە کـە شـەیتان لـە دۆکەکـەدا پیلانـی بـۆ گێڕاوە! ئەگـەر دۆکێکـت هەیـە، شـەیتان پیلانـی گوناهـی بـۆ دارشـتوویت. بـەڵام خـودا پلانـی بـۆ پیرۆزکردنـی تـۆ داناوە.»[d] بـۆ ئـەوەی سـاکارییەکی هاوشـێوەی مەسـیح لـە پۆڵسـدا بنیـاد بنێـت، شـەیتان بـووە ئامـرازی خـودا بـۆ پیرۆزییەکـەی. «بێگومـان ئەمـە شـەیتان پەسـت و بێـزار دەکات!»[e]

a ئەڵقەی ١٩٠٠: «کەشتی باوەڕم تێکشکا -ئایا من مەحکومم؟» (١٣ی شوباتی ٢٠٢٣).

b ئەڵقەی ١٦٦٦: «ئایا مردن ڕابردووە، ئێستایە، یان داهاتووە؟» (١٦ی ئابی ٢٠٢١).

c ئەڵقەی ٩٦٣: «ئایا هەوەسی من بووە هۆی لەبارچوونی منداڵەکەمان؟» (١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦).

d ئەڵقەی ٢٨٠: «ئایا خودا دەبێتە هۆی هەموو نەخۆشییەک؟» (١٨ی شوباتی ٢٠١٤).

e ئەڵقەی ٤٨١: «ئایا بانگەوازی خۆشگوزەرانی عیسا شکۆمەند ناکات؟» (٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤).

بۆیە خودا ڕێگەی بە شەیتان دا کە ئەیوب تووشی «دومەڵی ترسناک -ڕەنگە ئیلتیهابی ڕیشاڵی ماسولکەیی بێت». وە هەرچەندە نازانین چەند درێژەی کێشا، بەڵام گەیاندییە «لێواری بێباوەڕی.» بەڵام «لە بەشەکانی دواتردا، خودا لە کۆتاییدا خۆی دەرخست بۆ ئەوەی ئەیوب لە بێهیوایی دوور بخاتەوە.» ئەیوب وا دەکات دوو شت ببینین. (١) «وا دەکات ڕاستی سەروەری ڕەهای خودا بەسەر ئازارەکانماندا قبووڵ بکەین، هەرچەندە شەیتان دەستی تێدا بوو. یەزدان هێنایەوە (ئەیوب ٤٢: ١١). (٢) «هەرچەندە شەیتان هۆکاری ڕاستەوخۆی نەخۆشییە ترسناکەکەی ئەیوب بوو، وە دروستە و باشە هەمیشە بەرەنگاری شەیتان ببینەوە و هەمیشە نوێژ بکەین لەپێناو ڕزگاربوون لە هێرشەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ملکەچی ئەو ڕاستییەین کە خودا سەروەرە بەسەر شەیتاندا.»[a]

«ڕێگەپێدانی خودا بۆ شەیتان یان مرۆڤ بۆ کردار، بەشێکە لە پلانی ئامانجداری خودا و جڵەوگیری کۆتایی. شەیتان داوای کرد پەترۆس وەک گەنم لە بێژنگ بدات (لۆقا ٢٢: ٣١). وە خودا ڕێگەی پێدەدات (لۆقا ٢٢: ٣٤). «بە دەربڕینێکی دیکە، "بەڵێ، من مۆڵەت دەدەم بە شەیتان کە وەک گەنم لە بێژنگت بدات، وە من دەزانم سێ نکۆڵیکردن دەبێت. من دەزانم کە تۆ تۆبە دەکەیت، دەزانم مەبەست لە گەڕاندنەوەت بەپێی نوێژکەم ئەوەیە کە ڕەنگە براکانت بەهێز بکەیت." تەنانەت لەو بارودۆخانەشدا کە خودا ڕێگەی پێدەدات، ئەو بە ئەنقەست ڕێگەی پێدەدات. کاتێک ڕێگە بە شتێک دەدات، دەزانێت چی دەکات و هەموو دەرئەنجامەکانی دەزانێت، ئینجا ڕێگەی پێدەدات، ئەگەر تۆ بیت بە دانایی ڕێگەی پێدەدەیت -وە پاشان بە داناییەوە لەگەڵ پلانی گشتی ئەو کارەدا دەگونجێت کە پلانت بۆ داناوە و دەیکەیت.» دەسەڵاتی سەروەری خودا لێرەدا «لێپرسینەوەی مرۆڤ کەم ناکاتەوە.» بەڵام پرسیارەکە هەر دەمێنێتەوە: «پێت باشە لە کام جیهاندا بژیت؟ مرۆڤەکان یان شەیتان یان بە ڕێکەوت فەرمانڕەوایی ئەو شتانە بکەن کە بەسەرت دێت؟ یان جیهانێک کە خودایەکی بێ سنوور باش، بێ سنوور دانا، بێ سنوور بەهێز هەموو شتێک پێکەوە کاردەکات بۆ چاکەی ئەوانەی متمانەیان پێی هەیە و بۆ شکۆمەندییەکەی ئەو؟» (ڕۆما ٨: ٢٨).[b]

هەموو ئازارەکانمان لەگەڵ ویستی خودادا دەگونجێت، «تەنانەت لە کاتێکدا کە ڕەنگە شەیتان هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەم ئازارە بێت.» ئێمە ئەمە لە ژیانی ئەیوب و پۆڵسەوە دەبینین (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٧-١٠). «درکی جەستە»ی پۆڵس «خزمەتکاری شەیتان» بەکارهات بۆ ساکاری و پیرۆزکردنی پۆڵس «بۆ ئەوەی شکۆمەندی عیسای مەسیحی خۆشبوێت.» کەواتە لەم حاڵەتەوە ڕوون دەبێتەوە کە خودا حوکمڕانی بەسەر شەیتان

a ئەڵقەی ١٠٥٥: «چی بڵێین بەو هاوڕێیانی کە ڕووبەڕووی ئازار دەبنەوە؟» (١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٧).
b ئەڵقەی ١٠٩٤: «ئایا خودا بەردەوام هەموو شتێک جڵەوگیر دەکات؟» (١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧).

و بەسەر هەموو ئازارەکانماندا دەکات. «بۆیە، باشە بە نوێژکردن بەرەنگاریی ئازارەکانت ببیتەوە و داوا لە خودا بکەیت لایبات، وەک پۆڵس کردوویەتی. وە هەندێک جار بۆ مەبەستی پیرۆز و دانایی نایکات، چونکە ئێمەی خۆشدەوێت. بەڵام سەروەری خودا گومانی تێدا نییە لە هۆکاری ڕاستەوخۆی گوناە و شەیتان. زۆرێک لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز نیشانی دەدەن کە خودا بەردەوام ئەم شتانە بۆ چاکەی زۆرمان بەکار دەهێنێت.[a]

شەیتان دەیەوێت تۆ کۆڵ بدەیت

«کاتێک زریانەکان دێن، ڕادەست مەبە. شەیتان دەیەوێت کۆڵ بدەیت. ئەو وەک هەر کەسێک لەم شتەدا چاڵاکە، وە دەیەوێت تۆ لە خزمەتەکە دەربچیت -یان لانیکەم لە بەرهەمهێنان. ئەو دەیەوێت بە بێهیوایی ئیفلیج بیت. پێی بڵێ بچێتە دۆزەخ، کە شوێنی خۆیەتی، پاشان پشت بە بەڵێنەکانی خودا ببەستە کە "ئەوەی لە تۆدایە گەورەترە لەوەی لە جیهاندایە" (یەکەم یۆحەنا ٤: ٤). ئەم بەڵێنە بە درێژایی ساڵان زۆر بەهادار بووە کاتێک لە تاقیکردنەوەکانیدا ڕووبەڕووی ڕووخساری شەیتان دەبوومەوە.»[b]

شەیتان گەورەترین دوژمنی تۆ نییە

ژیان لە سەرکەوتن بەسەر شەیتان و سەربازەکانی پەیوەندی بە تەکنیکەوە نییە. «ئێمە پێمان وایە شەڕی ڕۆحی تەنها شتێکی بچووکە، کە تۆ ڕێگەیەکی دیاریکراوە بۆ نوێژکردن، یان دەست لەسەر دانان، یان ڕێگەیەکی تایبەت بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ شەیتان. باشە، ئەمە گرنگە. ئێمە پێمان وایە گرنگە، «چونکە زۆرانبازی ئێمە لەگەڵ گۆشت و خوێن نییە، بەڵکو لە دژی سەرۆک و دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانی ئەم جیهانە تاریکەیە، هەروەها لە دژی سەربازە بەدکارە ڕۆحییەکانە لە شوێنەکانی ئاسمان» (ئەفەسۆس ٦: ١٢). بەڵام ڕەچاوکردنی لەوەش گەورەتر هەیە. «تاکە شوێنپێی شەیتان لە ژیانتدا جەستە و گوناهی تۆیە. کەس بەهۆی شەیتان ناچێتە دۆزەخ. تاکە هۆکاری چوونە دۆزەخمان گوناهە. جەنگی گوناە زۆر گرنگترە لە جەنگی شەیتان... گەورەترین دوژمنی من شەیتان نییە، بەڵکو جۆن پایپەرە. جۆن پایپەری گەوتوو، جەستەیی، یاخی، دوژمنکارانە، خۆپەرست، هەوەسباز، حەز لە دەسەڵات، حەز لە خۆشکۆداری، ئەو تاکە هۆکارە بۆ ئەوەی بچمە دۆزەخەوە نەک شەیتان.» کەواتە «مەسیحییەت ئایینێکی سەقامگیر نییە، یان ژیان بە ئاشتی لەگەڵ جیهان وەک ئەوەی هەیە، بەو شێوەیەی کە زۆربەی باوەڕداران بە مەسیح ژیانی ڕۆژانەیان دەژین.»

پۆڵس ئەمە بە شێوەیەکی ئارام و ڕوون دەخاتە ڕوو. «ئەگەر ئێوە بەگوێرەی سروشتی

---

a ئەڵقەی ١٥٢٣: «خودا لە ئازارەکانمدا چی ئەنجام دەدات؟» (٩ی ئەیلوولی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ٢٥٦: «چی خۆشی تۆ دەدزێت؟» (١٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).

دنیایی بژین دەمرن، بەڵام ئەگەر بە ڕۆحی پیرۆز کردارەکانی سروشتی دنیاییتان مراند، ئەوا دەژین» (ڕۆما ٨: ١٣). «لە مەسیحییەتدا ململانێیەکی خراپ هەیە، وە ئەوە لە دژی کەسی دیکە نییە جگە لە خۆمان. ئەگەر هەست دەکەیت کەسێکی خراپیت بەرامبەر بە کەسانی دیکە، کەسێکی ڕەخنەگریت، کەسێکی توندیت، ئایا دەزانیت کێشەکەت چییە؟ تۆ فێری جەنگ نەبوویت. تۆ فێر نەبوویت خراپ بیت. فێر نەبوویت چۆن بەرگری بکەیت بەرامبەر بە توندوتیژییەکانت، لە دژی خراپەکارییەکانت، لە دژی ڕۆحی ڕەخنەگرانەت. وە تۆ گلەیی دەکەیت سەبارەت بەمە، باسی دەکەیت، بەڵام ئایا بەردەوام جەنگت لە دژی کردووە؟»[a]

بۆیە، جیهان لە کۆیلایەتیدا دەژیێت، وە ناوی دەبات بە ئازادی، «ڕێبازی ئەم جیهانە و سەرۆکی دەسەڵاتی هەوا.» شەیتان بێباوەڕان فریو دەدات و بە هەوای خۆیان دەیانبات (ئەفەسۆس ٢: ٢-٣). «کەواتە دەسەڵاتی هێزی هەوا و سۆزەکانی دڵمان لەگەڵ یەکتردا هاوئاهەنگن، هەر چەندەی ڕێگە بدەین هەواکانمان بەرەو گوناهمان ببەین، ئێمە بە ئازادی مامەڵە ناکەین لەگەڵ شەیتان. بەڵکو ئێمە لەگەڵ شەیتان هاوسەنگ دەبین.»[b]

«تەنها یەک چەکی کوشندە لە تۆپخانەکانی شەیتاندا هەیە. دەزانیت چییە؟ گوناهی خۆت! کەس بەهۆی هەراسانکردنی لەلایەن شەیتانەوە ناچێتە دۆزەخەوە. کەس بەهۆی ئەوەی شەیتان کەوتۆتە دۆزەخەوە ناچێتە دۆزەخەوە. کەس بەهۆی چەوسانەوەی لەلایەن شەیتانەوە ناچێتە دۆزەخ. کەس ناچێتە دۆزەخ بەهۆی بینینی تارمایی سەوز لەسەر بنمیچی ژوورەکەی لە شەوان و بیستنی دەنگی نامۆ لە ژێر جێگاکەی خەوی. خەڵکی لەبەر یەک هۆکار دەچنە دۆزەخ. گوناهی نەبەخشراو. تەواو! ئەمە هەموو شتێکە. شەیتان یەک ڕێگای هەیە بۆ ئەوەی بتگەیەنێتە دۆزەخ و ڕێگریت لێ بکات لە ڕزگارکەر.» بەڵام ئەگەر گوناهەکانت لەو ڕزگارکەرەدا هەڵوەشایەوە، لە ترسی شەیتان "ڕزگار" دەبیت.»[c]

یەکەم مەیلی شەیتان بۆ گوناە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

یەکەم گوناهی گەردوون لە کوێوە هاتووە؟ «چۆن بوونەوەرێکی تەواو چاک -بە خواستێکی تەواو چاک و دڵێکی تەواو چاکەوە- دەکرێت تووشی هەر پاڵنەرێکی ناتەواو بێت کە ببێتە هۆی ئەوەی خواستی خۆی بە ئاراستەی گوناهدا بڕوات؟»

دیارە شەیتان وەک یەکێک لە فریشتە تەواوەکان هەژمار دەکرا کە «پلە و پایەکانی خۆیان نەپاراست» (یەهوزا ٦). لەم کاتەوە، خودا و خراپە هێزی ڕکابەر نین. «من بیروڕای دوولایەنەم نییە: خودا و چاکەی و دانایی و هێزی ئەو تاکە ڕاستی ڕەها و هەتاهەتاییە.

a ئەڵقەی ٤٨٩: «جەنگ لە دژی گوناە ڕابگەیەنن» (١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٧٢٥: «نۆ هۆشداری بەهێز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داوێنپیسی هاوڕێکەت» (١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ١٨٧١: «شەیتان ناتوانێت بە دۆزەخ بترسێنێت» (٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢).

بەڵام خراپە بە جۆرێک لە جۆرەکان داڕێژراوە. بەبێ ئەوەی خودا گوناهبار بێت.» وە پێدانی «خواستی ئازاد» بە شەیتان وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە. کەواتە لە کۆتاییدا ئێمە وەڵامەکە نازانین. «ئەوەی لەبیرم بێت بۆ چەند ساڵێک، گوتومە کە ئەمە لە ڕیزی ئەو نهێنییانەدایە کە لە یەزدانناسییەکەمدا هەیە و وەڵامێکی گونجاوم بۆی نییە.» کتێبی پیرۆز بە سەرەتای خراپە دەست پێناکات، «بەڵکو بە هەبوونی خراپەیەکی ڕوون نەکراوە. مرۆڤ بە بێتاوان بەدیهێنراوە، ماریش لە پێشترەوە لەوێ بووە.»

«ئەوەیە کە من بە دڵنیاییەوە دەیزانم. خودا سەروەرە. هیچ شتێک لە خواستی ئەو بەدەر نییە، کە ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕێگەی پێدەدات، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕێگەی پێدەدات؛ هیچ گومانێک لە مێشکمدا نییە لەوەی کە کەوتنی شەیتان و هەموو پلانی ڕزگارکەری خودا بۆ شکۆمەندی نیعمەتەکەی پاش ئەوە بەپێی پلانی هەمیشەیی بووە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خودا دەتوانێت «بزانێت شتێک ڕووەدات کە ڕقی لێیەتی.» نمایشی گەورەی خراپە لە خاچدا پێشوەختە لەلایەن خوداوە پلانی بۆ دانرابوو (کردار ٤: ٢٧-٢٨). ئەمە نهێنییەکی گەورەیە، بەڵام خودا هەم «سەروەرە بەسەر هەموو گوناهێکدا» و هەم «هەرگیز گوناە ناکات.»

سەبارەت بە شەیتان، هیچ دەقێک بابەتەکە یەکلایی ناکاتەوە. بەڵام دوو ڕێڕەوی بیرکردنەوە لەبەرچاو بگرن. (١) بیر بکەوە لە ڕۆڵی کاریگەری خودا لە گومڕایی خەڵک (ئیشایا ٦٣: ١٧). (٢) هەروەها بیر بکەوە لەوەی کە گوناە ئەو ڕۆحە دەگرێتەوە کە ناتوانێت شکۆمەندی خودا ببینێت، بە تایبەتی کاتێک خودا ئەو شکۆمەندییە دەشارێتەوە (ئیشایا ٦٤: ٧). «من ناڵێم ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی ڕەهایە بۆ گوناە، بەڵام بە جۆرێک، خودا شکۆمەندی خۆی لە لوسیفەر شاردەوە، لەم داپۆشێنەی شکۆمەندیەکەیدا -بە جۆرێک هێشتا لەلای من ڕوون نییە- لە دڵی لوسیفەر جیاوازییەک سەرهەڵدەدات کە خۆی لە سەرووی خودایە.» ڕەنگە خودا بوونی یان نەبوونی گوناە بە ئاشکراکردن یان شاردنەوەی شکۆمەندی خۆی بۆ بوونەوەرەکان بەڕێوە ببات. بەڵام لە کۆتاییدا، «چۆن یەکەم گوناە لە گەردوونداً هاتە ئاراوە، بۆ من نهێنییەکە. نازانم چۆن. ئەوەی لە کتێبی پیرۆزدا فێری بووم ئەوەیە کە خودا سەروەرە بەسەر هەموو شتێکدا، بە گوناهیشەوە، وە خۆی هەرگیز گوناهبار نییە.»[a]

ئیشایا «گەورەترین شایەتی سەبارەت بە پیرۆزی و پاکی خودا لە گوناە» دەدات (ئیشایا ٦: ٣)، وە «یەکێکە لە ڕوونترین دەربڕینەکانی چۆنیەتی خواستی خودا سەبارەت بە ڕوودانی گوناە لە هەندێک بارودۆخدا» (ئیشایا ٦٤: ٧). هەردووکیان ڕاستن.[b]

a ئەڵقەی ٧٤٩: «یەکەم ئارەزووی شەیتان بۆ خراپە لە کوێوە هات؟» (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ٨٠٩: «ئایا گوناە جێگەی بنەڕەتی خۆی هەیە لە پلانی خودا بۆ گەردوون؟» (٧ی ئازاری ٢٠١٦).

ئەگەر شەیتان (وە ئادەم) لە تەواو و کاملّی کەوتن، ئایا لە ئاسمان دەکرێت گوناە بکەین؟

نەخێر، لە ئاسمان گوناە ناکەین.

ئێمە وەک شەیتان یان وەک ئادەم ناکەوین. یەکێک لە نیشانەکانی پەیمانی نوێ تەنها ئەوە نییە کە خودا ژیانی هەتاهەتاییمان پێ دەبەخشێت، بەڵکو بەهۆی مەسیحەوە خودا خۆی پابەند دەکات، بۆ ئەوەی ڕێگریمان لێ بکات لە ئەنجامدانی هەر کارێک کە ژیانی هەتاهەتاییمان بخاتە مەترسییەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، تازەیی پەیمانی نوێ ڕێک ئەوەیە کە خودا پابەندە بەوەی کە ڕیگری کات لە کەوتنمان بەو شێوەیەی کە شەیتان کردوویەتی یان ئادەم و حەوا لە ڕۆژانی بێتاوانییاندا کردوویانە. ئەوان سوودمەند نەبوون لەو پەیمانە نوێیەی کە بە خوێن کڕدرابوو. ئێمە سوودمەندین. ئەم پەیمانە بە خوێن کڕدراوە بەڵێنی گەورەی گەشەسەندنی هەمیشەییمانی تێدا هاتووە (یەرمیا ٣١:٣١-٣٤؛ ٣٢: ٤٠؛ حزقیێل ١١: ١٩-٢٠؛ لوقا ٢٢: ٢٠). جێگای ئاماژەیە، لە پەیمانی نوێدا، ڕۆحی پیرۆز ترسی خودا لە دڵماندا دەچێنێت بۆ ئەوەی هەرگیز لێی دوور نەکەوینەوە (یەرمیا ٣٢: ٤٠). «بە دەربڕینێکی دیکە، شکۆمەندی پەیمانی نوێ ئەوەیە کە خودا هەرگیز خۆی لەو دۆخەدا نابینێتەوە کە گەلە ڕزگارکراوەکەی لێی هەڵبگەڕێنەوە، چونکە کرۆکی پەیمانی نوێ ئەوەیە کە ڕێگە نادات ئەمە ڕووبدات. وە ئەمە «ڕێک ئەم هێزەی پاڕێزگارییە لە خوداوە، ئەم پابەندبوونەی خودایە، کە یەهودا وەک نیشانەی شکۆمەندی و حوکمڕانی و دەسەڵاتی خودا دەیبینێت،» چونکە خودا «هەموو بوونی تەرخان کرد بۆ پاراستنی منداڵەکانی» (یەهودا ٢٤-٢٥).

ئێمە لە ژیانی هەتاهەتاییدا شکست ناهێنین، چونکە مەسیح بەردەوام دەبێت لە داکۆکیکردن بۆمان (عیبرانییەکان ٧: ٢٥). مەسیح بۆ ئەوە نەمرد و زیندوو بووەوە تاکو بچێتە «پشوویکی هەتاهەتایی». نەخێر. «زیندووبوونەوەی مەسیح بووە هۆی ڕۆڵی نوێی وەک فریادڕەسێک لە ئاسمان کە بەردەوام داکۆکی لە پیرۆزکراوان دەکات.» وەک چۆن نوێژی بۆ پەترۆس کردووە، مەسیح لەپێناو بەرگەگرتنی ئێمەش نوێژ دەکات (لوقا ٢٢: ٣١-٣٢). لە شکۆمەندیدا، ئەم «داکۆکییە هەتاهەتاییەی عیسا لە هەر گوناهێک دەمانپارێزێت، ئەمەیە کە بۆ هەتاهەتایە بە خوێنی خۆی بۆ ئێمەی کڕیوە.»[a]

دەربارەی دەرکردنی ڕۆحە پیسەکان

وەک قەشەیەکی گەنج لە ساڵی ١٩٨١، لە کاتژمێر دە و سی و یەک خولەکی شەودا تەلەفۆنەکەی جۆن پایپەر زەنگی لێدا. پەیوەندیکەرەکە بەهۆی ژنێکەوە لە شوقەیەکدا

a ئەڵقەی ٧٧٧: «چۆن بزانین ناتوانین لە بەهەشتدا گوناە بکەین؟» (٢١ی کانونی دووەمی ٢٠١٦).

دڵتەنگ بوو، دیارە ڕۆحی پیسی تێدابوو. پرسیاری کرد داخوا دەچێتە ئەوێ؟ ئەویش ڕازی بوو، تەلەفۆنی بۆ هاوڕێ قەشەکەی کرد، تۆم ستێلەر، وە پێکەوە گەیشتنە شوقەیەک کە پیاوێک و پێنج ژن لەگەڵ ژنێکی دیکەدا لەناو شوقەکەدا گیریان خواردبوو -تاڵ، هەڕەشەئامێز، چاوەکانی دەبریسکانەوە، «چەقۆیەکی بچووکی لە دەستدا بوو.» ماوەی دوو کاتژمێر قسەیان کرد. «کتێبی پیرۆزم خوێندەوە و نوێژی ڕزگاریم کرد. بەڵام ئێوارەکە گەیشتە ئەو ئاستەی ژنەکە تووندوتیژ بوو.» ئەو کتێبی پیرۆزی لە دەستم برد، کاغەزەکەی لە دەستم دڕاند، لە پشتمی دا. نزیکەی کاتژمێر یەکی بەیانی، کاتێک وشەی خودا و هێزی خراپەکاری لە ئاستێکی بەرزدا بوون، یەکێک لە ژنە گەنجەکان دەستی کرد بە گۆرانی گوتن.» ئەوان بە سادەیی گۆرانی «هەللێلویا»یان دەگوتەوە. وە بەم گۆرانییە، ژنە تووندوتیژەکە «زۆر خراپ هەڵچوو، هەڕەشەی لە هەموان دەکرد دەبێ واز لە گۆرانی گوتن بهێنن، کەوتە سەر زەوی و هاوارێکی کرد بۆ ئەوەی شەیتان جێی نەهێڵێت، ماسوولکەکانی ڕەق بوون و دواتر جەستەی شل بوو. کاتێک هۆشی هاتەوە بەر، هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو لەسەر ئەوەی چی ڕوویداوە. ئەو ئامادە بوو کتێبی پیرۆز وەربگرێت و بەشی هەشتی نامەی ڕۆما بخوێنێتەوە و لەگەڵ ئێمە نوێژ بکات.» تەنها دە خولەک گۆرانی ڕۆحی «شەیتان دوور دەخاتەوە. هێزێکی گەورەی هەیە.» بۆیە بە کتێبی پیرۆزەوە بەرەو جەنگی ڕۆحی بڕۆن. وە بە گۆرانی ڕۆحی چەکدار بە (دووەم پوختەی مێژوو٢٠: ٢١-٢٢).[a]

ئەم جۆرە ئەزموونانە لە ڕۆژئاوا لە ڕادەبەدەر دەگمەنن. «هەندێک جار خەڵک دەپرسن، "ئەگەر شەیتان ڕاستەقینە بێت، بۆچی لە ئەمریکادا زیاتر ڕۆحە پیسەکان و دەرکردنی ڕۆحە پیسەکان نابینین؟ چۆن گوێمان لەمە بێت، بۆ نموونە لە ئەندەنوسیا؟ من بیرۆکەیەکم هەیە، شەیتان مەسیحییەتی ئەمریکایی بە تۆندی لە چنگی ئاسوودەیی و ساماندا گرتووە، مەبەستی نییە بە گەمژەیی شەیتانانەی زۆرەوە دەستی خۆی ئاشکرا بکات.»[b]

کاتێک بەریەککەوتنی ڕۆحی ڕوودەدات، هێزی دەرکردنی ڕۆحە پیسەکان یەکسان نییە بە ڕەسەنایەتی ڕۆحی کەسی. بیر لە یەهوزا بکەرەوە، ئەو قوتابییەی کە مەسیحی دەناسی و نەخۆشەکانی چاکدەکردەوە و ڕۆحە پیسەکانی دەردەکرد. «ئەو ڕزگاری نەبوو. دووبارە لەدایک نەبووەتەوە. هەڵنەبژێردرا. بەڵکو عیسا گوتی، ئەو "کوڕی لەناوچووە" (یۆحەنا ١٧: ١٢). عیسا دەیزانی کە ئەمە ڕوودەدات؛ ئەمە سەرسامی نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا «ئەو

a ئەڵقەی ١٥٣٢: «دەرکردنی شەیتان بە گۆرانییەکی ڕۆحی» (٣٠ی ئەیلوولی ٢٠٢٠).
b ئەڵقەی ١٤٦٦: «مەترسییە ڕۆحییەکانی تەکنەلۆژیا چین؟» (٢٩ی نیسانی ٢٠٢٠).

هەڵبـژارد یەهـوزا لـە گرووپەکەیـدا بێـت و دەسـەڵاتێکی لـە ڕادەبـەدەری پێبـدات.» پێشـبینی و دەرکردنـی ڕۆحـە پیسـەکان لەلایـەن ئـەو کەسـانەوە ئەنجـام دەدرێـت کـە مەسـیح ناناسـن (مەتـا ٧: ٢٢-٢٣). ئەمـڕۆ ئـەم «کەسـانەی لـە جـۆری یەهـوزان» لەمێـژە لـە کڵێسـادان. «ئـەوان بـە هەمـوو ڕێگایـەک سـوودیان وەرگرتـووە لـە ڕۆیشـتنیان لەگـەڵ خەڵکـی باوەڕدار بـە مەسـیح و پەیوەنـدی دەرەکییـان لەگـەڵ عیسـای مەسـیح، وە هەندێک کاری سەرسـوڕهێنەر ئەنجـام دەدەن. وە ڕزگار نابـن.» بەڵکـو نیشـانەی ڕاسـتەقینەی ڕەسـەنایەتی کەسـی و ڕۆحـی «وابەسـتەبوون نییـە بـە عیسـا کـە دەتوانێـت پەرجـوو بـکات،» تەنانـەت دەرکردنـی ڕۆحـە پیسـەکانیش، «بەڵکـو وابەستەبوونە بە عیسا کە خۆشیدەوێت» (یەکەم کۆرنسۆس ١٣: ٢).[a]

دەربـارەی فاڵچیێتـی، جـادوو، نێوانگـری، ئافرەتـی جادووگەر، ئەفسـونگەر، ئەستێرەناسـی و بەخـت خوێندنـەوە؛ بەکارهێنانـی نیشـانە و هێـما و دانیشـتنی ڕۆحانـی؛ وە قسـەکردن لەگـەڵ فریشـتە و جنۆکـە و مـردووەکان و ئەوانـەی بـەم دواییـە لـە مـردن گەڕاونەتـەوە

ئەگـەر کەسـێک لەسـەر مێـزی نەشـتەرگەری مـرد و بچێتـە ئاسـمان، لەوێـوە نێردرایـەوە سـەر زەوی و زینـدوو بـووەوە و کتێبێکـی پڕفـڕۆش لەسـەر ئـەو شـتانە بنووسـێت کـە لـە ئاسـماندا بینیویەتـی، ئایـا دەبێـت بیخوێنینـەوە؟

نەخێـر، کتێبـی پیـرۆز پەیوەندیکـردن لەگـەڵ مـردووەکان قەدەغـە دەکات، لێـرەدا ئـەم قەدەغەکردنـە پەیـڕەو دەکرێـت. لـە بنەڕەتـدا، هیـچ جیاوازییـەک نییـە لـە نێـوان بانگکردنـی مـردووەکان لـە دانیشـتنێکدا، لەگـەڵ ئـەوەی جادووگەرەکـەی کانـی دۆر کـردی (یەکـەم سـامۆئێل ٢٨: ١-٢٥)، وە کەسـێک کـە لەسـەر مێـزی نەشـتەرگەری زینـدوو دەبێتـەوە. «گلەیـی» خـودا لـە هەردووکیـان وەک یەکـە: «بەسـبوونی پەیوەندییەکانـی خـودا بچـووک دەکاتـەوە» (ئیشـایا ٨: ١٩). هەوڵـدان بـۆ گۆڕگرتـن لـە مـردووەوە واتـای ئەوەیـە متمانـەت بـە خـودا و ئـەو شـتانە نییـە کـە فەرموویەتـی. کاتێـک بـاس لـە ئاسـمان دەکرێـت، بیـر لـەو خوانـەی ئاهەنـگ بکـەڕەوە کـە خـودا لـە سـیپارەی ئاشـکراکردن پێـی بەخشـیوین.[b]

بـە باسـکردنی گەڕانـی شـاول بـەدوای جادووگەرەکـەی کانـی دۆردا (یەکـەم سـامۆئێل ٢٨: ١-٢٥)، دەبێـت چـی لـە چیرۆکەکـە فێربیـن؟ ئایـا ئەمـە بـەو واتایەیـە کـە دەکرێـت قسـە لەگـەڵ مـردووەکان بکرێـت؟

لـەم قۆناغـەی چیرۆکەکـەدا، شـاول پاشـا و داود دوژمنـی یەکتـر بـوون. داود لـە پێگـەی بـەرز دەبـووەوە، و بـەم زووانـە دەبـووە جێگـرەوەی پاشـا. شـاول ڕقـی لـەم شـتە بـوو و زیاتـر بـە

---

a ئەڵقەی ٢٢٣: «ئایا یۆحەنا ١٥ دژایەتی کالڤینیزم دەکات؟» (٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ٣٠٢: «بەهەشتی کتێب چەندە ڕاستەقینەیە؟» (٢٠ی ئازاری ٢٠١٤).

ئاشکرا لە خودا یاخی دەبوو. ڕەتکردنەوەی شاول وەک پاشای ئیسرائیل هەواڵێکی ناخۆش بوو کە لەلایەن ساموئێلی پێغەمبەری گەورەوە ڕاگەیاندرابوو. وە ساموئێل بە شاولی گوت کە یاخیبوونی کەسی لە خودا هاوتایە لەگەڵ «یاخیبوون وەک گوناهی فاڵگرتنەوەیە، کەللەڕەقی تاوان و بتپەرستییە. لەبەر ئەوەی فەرمایشتی یەزدانت ڕەتکردەوە، ئەویش لە پاشایەتی ڕەتی کردوویتەوە» (یەکەم ساموئێل ١٥: ٢٣). فاڵگرتنەوە بتپەرستییە. فاڵگرتنەوە یەکسانە بە ڕەتکردنەوەی خودا. بەڵام چیرۆکەکە بەردەوامە. ساموئێلی پێغەمبەری گەورە دەمرێت (یەکەم ساموئێل ٢٥: ١؛ ٢٨: ٣). وە بە کردەوەیەکی دانایی، شاول هەموو نێوانگر و ڕۆح ئامادەکارەکانی لە خاکەکە نەهێشت (یەکەم ساموئێل ٢٨: ٣). بەڵام شاول نەیتوانی خۆی بپارێزێت و دەویست جارێکی دیکە گوێی لە ساموئێل بێتەوە، بۆیە بەدوای جادووگەرێکدا گەڕا. دەیزانی ئەمە هەڵەیە، چونکە شوناسی خۆی شاردەوە و لە تاریکیدا چووە دەرەوە. هەروەها ئەو جادووگەرەی کە دەیدۆزێتەوە دەزانێت ئەمە نایاساییە (یەکەم ساموئێل ٢٨: ٨-١٠). بەڵام سەرکەوتوو بوو. جادووگەرەکەی کانی دۆر گەیاندی بە ساموئێل -ساموئێلیش تووڕە بوو. پێغەمبەرەکە ڕووبەڕووی شاول بووەوە و «پێشبینی کرد کە لە شەڕەکەدا دەمرێت، چونکە لە هەموو ئاستێکدا شەریعەتی خودای شکاندووە، وە ئێستا بە بەکارهێنانی نێوانگری نایاسایی نقووم بووە. ئەمە خوارترین ئاستی شاوڵە.» ئەمە مەبەستی چیرۆکەکەیە. «لە جەنگی داهاتووی لەگەڵ فەلەستینییەکان، شاول دەمرێت.»

کەواتە بابەتەکە ئەوە نییە کە «جادوو و فاڵگری یان کاری نیوانگرەکان مەحاڵە، بەڵکو دەبێت بە هەر نرخێک بێت گەلی خودا لێی دوور بکەوێتەوە، چونکە هێرشکردنە بۆ سەر دانایی و دەسەڵات و خۆشەویستی خودا؛ هەربۆیە لەگەڵ بتپەرستی و یاخیبوون و گڵاوی پۆلین دەکرێت.» ئێمە عەلمانی نین، بەڵکو باوەڕمان بە سەرووی سروشت هەیە. کەواتە «بابەتەکە ئەوە نییە کە ئەوان ناڕاستەقینەن، بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە نابێت، لە هەر حاڵەتێکدا، بەشداربیان تێدا بکەیت.»[a]

بەڵێ، ئێمە باوەڕمان بە بابەتی سەروو سروشتی هەیە. ئیتر چی دەربارەی فریشتەکان؟ فریشتەکان خزمەتکاری خودان، بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن لێرەن. دەورەمان دەدەن. کەواتە دەتوانین لەگەڵیان قسە بکەین؟ یان ئەوانەی بانگەشەی قسەکردن لەگەڵ فریشتەکان دەکەن لە ڕاستیدا لەگەڵ ڕۆحە پیسەکان گفتوگۆ دەکەن؟

کەسێک کە بانگەشەی گفتوگۆ لەگەڵ فریشتەکان دەکات، ڕەنگە «تەنها لەگەڵ وێنە یان دەنگێک لە سەری خۆیدا قسە بکات کە لە ڕاستیدا نە ڕۆحی پیس و نە فریشتەن.» یان، بەڵێ، دەتوانێت لەگەڵ ڕۆحە پیسەکاندا گفتوگۆ بکات (دووەم کۆرنسۆس ١١: ١٤). بەڵام نیگەرانی

a ئەڵقەی ١٠٥٢: «ئایا پاشای ئیسرائیل ڕاوێژی بە جادووگەرێک کردووە؟» (٩ی حوزەیرانی ٢٠١٧).

سەرەکی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بەدوای قسەکردن لەگەڵ فریشتەکاندا دەگەڕێن بە هەڵە ئاراستە دەکرێن. بیر لە چوار خاڵ بکەرەوە. (١) هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهانی سەروو سروشت، بەڵام لەگەڵ خودا نا، بتپەرستییە (دواوتار ١٨: ١٠-١٢). ئەم پەیڕەوکردنە ئەو بڕوایە دەدات کە «خودا ڕاستەقینە نییە، یان بێزارە لەوەی پێویستمانە پێمان بڵێت، یان لە خۆیدا بەس نییە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە دابین بکات کە پێویستمانە پێی بژین.» (٢) پەیمانی نوێ پێمان نااڵێت لەگەڵ فریشتەکان گفتوگۆ بکەین. وە هیچ باوەڕدارێک بە مەسیح و نێردراوان باس ناکرێت کە لەگەڵ فریشتەکاندا قسەیان کردبێت. (٣) پەیمانی نوێ ئاگادارمان دەکاتەوە کە هەرگیز مەسیح بە فریشتەکان نەگۆڕین (کۆلۆسی ٢: ١٨-١٩). «پۆڵس تەنها خەمی ئەو کەسانەی نییە کە فریشتەکان دەپەرستن، بەڵکو ئەوان جێگەی دەگرن عیسا وەک سەرۆک، فریشتەکان بە گرنگتر دەزانن لە ڕێگاکانی خۆراک و هێز و یارمەتی و هاندان کە خودا لە ڕێگەی سەرەوە دیاری کردووە، عیسای مەسیح.» (٤) لە چوارچێوەیەکی هاوشێوە، هاوەنگیمان لەگەڵ مەسیح باشترە لەوەی کە فریشتەکان پێشکەشی دەکەن (عیبرانییەکان ٤: ١٤-١٦). ئێمە کاتێک پێویستمان بە یارمەتی هەیە، ڕاستەوخۆ ڕوو لە مەسیح دەکەین نەک بۆ لای فریشتەکان. «لەبەر ئەم هۆکارانە، من بە تووندی هۆشداری دەدەم بە هەر کەسێک کەوا هەوڵی پەیوەندیکردن لەگەڵ فریشتەکان دەدات. بانگهێشەی ئەو کەسانەی شتی لەم جۆرە دەکەن من وەک نیشانەی پێگەیشتوویی نایبینم، بەڵکو نیشانەی پێنەگەیشتنە، بیرکردنەوەیە لەوەی شتێکی شکۆمەندتر، دڵخۆشکەرتر، سەرسوڕهێنەرتر، یارمەتیدەرتر، دەکرێت لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ فریشتەکان بدۆزرێتەوە نەک لە ڕێگەی شکۆمەندی وشەی خودا و نوێژی ڕۆحی پیرۆز لە هاوبەشی لەگەڵ کڵێسای خودا.»[a]

بۆیە پێویستە بڵێین نەخێر بۆ گفتوگۆ لەگەڵ فریشتەکان. بەڵام ئەی چی دەربارەی شتێکی وردتر، وەک «نیشانە» لە خودا؟ ئەگەر خودا بە چاودێری خۆی فەرمانڕەوایی هەموو شتێک بکات، ئایا ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بین کە ژیانمان پڕ بێت لە «پەیام»ی کورت کە بتوانین لێکیان بدەینەوە؟

ئەم پرسیارە دەکرێت وەاڵمی هەڵە و دروستی بدرێتەوە. یەکەم، وەاڵمی هەڵە. ئێمە هەوڵ دەدەین لە چاودێری خودایی تێبگەین «وەک ئەوەی ئەو سەدان ڕووداوەی ژۆژانە بەسەرماندا دێت پەیامیان تێدابێت بۆ ئەوەی شیکاریان بکەین،» وە لێکیان بدەینەوە بۆ ئەوەی «پێمان نیشان بدەن چۆن بیربکەینەوە و چۆن هەست بکەین و بە کام ڕێگادا بڕۆین.» بەڵام لێرەدا وەاڵمە ڕاستەکە دەخەینەڕوو. «ئێمە لەناو ڕێرەوی چاودێری میهرەبانی خودایی دەژین، بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە، بە ئاراستەکردنی هەموو ژیانمان

a ئەڵقەی ١٧٤٤: «ئایا دەتوانین لەگەڵ فریشتەکان قسە بکەین؟» (١٤ی شوباتی ٢٠٢٢).

بەرەو تێگەیشتن لە خواستی ئاشکراکراوی خودا لە وشەکەیدا -نەک خواستێکی نهێنی و شاراوە لەنێو تەمی هەور و ڕێکەوتەکاندا. وە بە سوودوەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی نیعمەت کە لە کتێبی پیرۆزدا دیاریکراون، وەک پەرستنی بە کۆمەڵ و فێرکاری ڕابەرایەتی و ڕاستکردنەوەی برایانە، وە بە گۆڕینی ڕۆحی مێشکمان، وەک لە ئەفەسۆس ٤: ٢٣ دەڵێت، سات بە سات لە ڕێگای ڕاستی و خۆشەویستییەوە دەستنیشانی بکەین.»

چاودێری خودایی گشتگیر متمانەمان بە وشەکەی بەهێزتر دەکات. کەواتە لێرەدا چوار هۆکار دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی هەوڵ نەدەین واتای نیشانەکان بخوێنینەوە بۆ پێشبینی داهاتوو. (١) بە سادەیی ئێمە ئەو داناییەمان نییە کە ڕۆژانە سەد ئەزموون لێکبدەینەوە. (٢) ئێمە ڕەگی باوەڕمان لە «بارودۆخی چاودێری خودایی» نییە. هەرکاتێک تووشی گومان بووین، ڕوو لە باوەڕ و ئامرازەکانی نیعمەت و هاوبەشی دەکەین (ڕۆما ١٠: ١٧؛ ئەفەسۆس ١: ١٨). (٣) ئارەزووی زانینی تایبەت ڕەتدەکەینەوە. «زۆر جار، خواستی دۆزینەوەی واتای شاراوە لە دیاردە سروشتییەکان یان ڕێکەوتە هەلومەرجییەکان، خواستێکە کە لە لووتبەرزی هەبوونی زانیاری تایبەتەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کەسانی دیکە نییانە.» لەبری ئەوە بپرسە: «ئایا من ناڕازیم لە وشەی خودا، کتێبی پیرۆز -کە هەموو کەسێک دەستی پێدەگات- چونکە من نامەوێت لەناو قەرەباڵغییەکی تەنها هەر خوێنەرێکی ئاسایی کتێبی پیرۆزدا ون بم بۆ ئەوەی بتوانم هەست بە جیابوونەوە و تایبەتبوون بکەم؟» (٤) پێویستە پێزانینمان هەبێت بۆ ئەو ڕێگایانەی کە خودا خۆی بۆمان ئاشکرا دەکات. «پێموایە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەوەی کە کتێبی پیرۆز هێندە مکوڕە لە ڕەتکردنەوەی فاڵ و جادووگەری و ئەستێرەناسی و نێوەندگیری ئەوەیە کە هەموو ئەم ڕێگایانە لە هەوڵدان بۆ خوێندنەوەی پەروەردگار شکست دەهێنن لەوەی بە وردی ئەو کارە بکەن کە پێغەمبەران و نێردراوان کردوویانە. پێغەمبەران و نێردراوان، خودا و ڕێگاکانی ئەویان ئاشکرا کردووە بە پەیوەستکردنی هەموو شتێک بە کەسمەندی خوداوە، سروشتی خودا، کەسایەتی خودا، دانایی خودا، دادپەروەری خودا، خۆشەویستی خودا.» ئێمە سروشی خودا بە بەهادار دەزانین. «کەواتە، بۆ هەموو خۆشەویستانی خواستی گشتگیری چاودێری خودایی، گشتگیر، فەرمانڕەوایی تەواوی خودا، من داوایان لێ دەکەم: وشەی بەهاداری خودا مەگۆڕن بە توانای لاواز و ئەگەری هەڵەکردنتان بۆ لێکدانەوەی ئاڵۆزی چاودێری خودایی. بە درێژایی ئەم سەردەمە، ڕێگاکانی چاودێری خودایی بە ناڕوونی دەمێنێتەوە، بەڵام وشەکەی دەبێتە چرایەک بۆ پێمان و ڕووناکییەک بۆ ڕێگامان» (زەبووری ١١٩: ١٠٥).[a]

a ئەڵقەی ١٦٤٥: «ئایا پێویستە چاودێری نیشانەکانی خودا بکەین؟» (٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

دووركەوتنەوە لە خوداوەندی درۆیین و شەتیان پەرستی

خوداوەندە درۆیینەکان نوێنەرایەتی بوونەوەرە ڕاستەقینەکان دەکەن، نەک خێوە خەیاڵیەکان. خوداوەندەکانی گەلان «بوونەوەری ڕاستەقینە و سەروو سروشتی» بوون و پەرستنیان بە تۆندی قەدەغە بوو (دواوتار ٢٩: ١٨؛ یەشوع ٢٣: ٧-٨). خودا بە ڕوونی دەڵێت کە «گەلەکەی نابێت وا دابنێن کە ئەم خوداوەندانە تەنها دەرکەوتنی بوونی ڕاستەقینەی خۆیەتی -وەک ئەوەی هەمان خودا لە پشت هەموو ئایینێکەوە بیت. ئەوان جیاواز بوون. ئەوان ڕکابەر بوون. دوژمن بوون. ئەوان شەیتان بوون. ئەوان خودا نەبوون. ئەوان لەسەر خوداوەندی ڕکابەر بوون -ڕاستی ڕاستەقینە، سەروو سروشتی، شەیتانی» (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٩-٢٠)[a].

ئەم جیهانەی کە پڕە لە ڕکابەری ڕۆحی، ئێمە پێکەوە لە ئێوارەخوانی پەروەردگار بەشداری لە مەسیحدا دەکەین (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٦-٢٢). ژەمە خواردنەکە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە دەستبەرداری خوداوەندەکانی جیهان بوون (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٢١-٢٢). توخمەکانی تەنها بۆ مەسیحییەکانن، نەک دابەش بکرێن بەسەر ئەوانەی مەسیحی نین و بە ئامانجی مزگێنیدان لەوێ ئامادەن. بتپەرستان ئاهەنگی بێباوەڕییان سازدەکرد، لە هەمووی گرنگتر هاوبەشکردنی خۆراک و خواردنەوەی ڕۆحە پیسەکان بوو.[b] بەڵام مەسیحییەکان جەژنی باوەڕ ساز دەکەن. جەژنەکە بۆ بێباوەڕان نییە (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٧-٢٨). ئەمە دەبێتە «تێگەیشتنێکی هەڵەی کارەساتبار لە مامەڵەی شکۆمەندی نێوان مەسیح و گەلەکەی، لە ئێوارەخوانی پەروەردگاردا، ئەگەر قەشەکان هەوڵبدەن ئەم ئێوارەخوانە [لە کردارەکەیدا] وەک ئامرازێکی مزگێنیدان لێکبدەنەوە بۆ ئەوەی بێباوەڕان بەرەو عیسا ئاراستە بکەن.» جەژنەکە لە بەشداریکردنیدا تایبەتە، بەڵام لە داوایەکەیدا مزگێنیدانە. ئەوانەی کە باوەڕیان بە مەسیح نییە پێیان دەڵێت، ئەوەی ئێستا ناتوانیت هەتبێت دەکرێت ببێتە هی خۆت. لە بتەکانی جیهان هەڵگەڕێنەوە و وەرن بۆ لای مەسیح.[c]

ئایا پێویستە شەیتانمان خۆشبوێت، ڕقمان لێی بێت، یان لەپێناوی نوێژ بکەین؟

سەبارەت بە نوێژ، نەخێر، «من نوێژ بۆ شەیتان و فریشتەکان ناکەم. لە کتێبی پیرۆزدا هیچ هۆکارێک نابینم بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەم.[d] وە سەبارەت بە خۆشەویستنی، نەخێر. هەرگیز فەرمانمان پێ نەکراوە شەیتانمان خۆشبوێت. «خودا هەرگیز هیچ بەڵگەیەکی

---

a ئەڵقەی ١٠٧٦: «ئایا هەموو ئایینەکان بەرەو خودا دەچن؟» (٤ی ئابی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ٤٤٤: «ئایا دەتوانم گۆشتی حەڵاڵ بخۆم؟» (٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ١٥٦١: «چی بەسەر ئەو بێباوەڕانە بە مەسیح دێت کە ئێوارەخوانی پەروەردگار دەخۆن؟» (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠).

d ئەڵقەی ١٤٣٩: «چۆن دەتوانم ژیانی نوێژکردنم دەستپێبکەم؟» (٢٦ی شوباتی ٢٠٢٠).

نـەداوە سـەبارەت بـە خۆشویسـتنی شـەیتان، ئـەو لـە هەمـوو ڕزگاربوونێـک بـەدەرە، بۆیـە ڕادەسـتی یاخیبوونەکـەی کـراوە.»[a]

سـەبارەت بـە ڕق و کینـە، پێچەوانـەی خۆشەویسـتییە. وە خۆشەویسـتی دوو دیمەنـی هەیـە: (١) خۆشەویسـتی بـۆ ئـەوەی جـوان و دڵخۆشـکەرە و (٢) خۆشەویسـتییەک کـە بـەدوای خۆشـگوزەرانی مرۆڤـدا دەگەڕێـت «بەبـێ گوێدانـە ئـەوەی کە شـتەکە جـوان یان دڵخۆشـکەرە.» بـە هەمـان شـێوە ڕق و کینـە دوو دیمەنـی هەیـە: (١) «ڕەتکردنـەوە یـان ناڕەزایـی تونـد بـۆ ئـەوەی خراپـە یـان ناشـیرینە یـان قێزەونـە،» وە (٢) «ئـارەزوو یـان بژاردەیەکـی تونـد کـە کەسـێک تووشـی ئـازار ببێـت، حوکـم بدرێـت، یـان وێـران ببێـت یـان لەنـاو بچێـت.»

سـەبارەت بـە شـەیتان، بەڵـێ، «دروسـتە بڵێیـن بـە هـەردوو دیمەنەکـە ڕقـمان لـە شـەیتان بێـت، وە خـودا خـۆی بـە هـەردوو دیمەنەکـە ڕقـی لـە شـەیتان دەبێتـەوە.» بـە هـەردوو دیمەنەکـە، خـودا ڕقـی لـە گونـاە و ڕقـی لـە تۆبەنەکردنـە، وە خواسـتی لەسـەر حوکمدانیانـە. ئەمـە بـە تایبەتـی بـۆ شـەیتان، وەک کەسـێک «لـە دەرەوەی تۆبەکـردن.» کتێبـی پیـرۆز هەرگیـز بـە ڕوونـی پێمان ناڵێـت کـە خـودا ڕقـی لـە شـەیتان دەبێتـەوە، بـەڵام ئەمـە دەرەنجامێکـە لـە چەنـد دەقێکـەوە. خـودا و کوڕەکـە، پێکـەوە، ڕقیـان لـە خراپەکارییـە (عیبرانییـەکان ١: ٨-٩). وە ئـەو کەسـانەی لـە خـودا دەترسـن ڕقیـان لـە خراپەیـە (پەنـدەکان ٨: ١٣؛ ڕۆمـا ١٢: ٩). بـەڵام خـودا نـەک هـەر ڕقـی لـە خراپەکارییـە؛ بـە هەمـان شـێوە ڕقـی لـە خراپەکارەکانـە (زەبـووری ٢: ٤؛ ٥: ٤-٥؛ ١١: ٥؛ ڕۆمـا ٩: ١٣). بـە هەمـان شـێوە نووسـەری زەبـوور ڕقـی لـە خراپەکارییـە و ڕقـی لـە خراپـەکارە (زەبـووری ٣١: ٦؛ ١١٩: ١١٣؛ ١٣٩: ٢١-٢٢).

«لـە ژێـر ڕۆشـنایی هەمـوو ئـەم دەقانـە و هـی دیکـەش، دەڵێـم، بـەو پێیەی شـەیتان سـەرچاوە و بەرجەسـتەکەری هەمـوو خراپەکارییەکـە، ئـەوا خـودا و خوداپەرسـتەکان دەبێـت ڕقیـان لێـی بێـت -واتـا هـەم بـە ناڕەزایـی تونـد و هـەم بـە ئـارەزووی زۆر بـۆ حوکمدانـی و لەناوبردنـی لـە مێـژوودا و بـۆ نـاو دەریاچـەی ئاگـر.» ئـەم دەرەنجامـە «بـەو ڕاسـتییە پشتڕاسـت دەکرێتـەوە کـە شـەیتان تۆبەکـردن نـاکات و هەرگیـز لـە کتێبـی پیـرۆزدا هیـچ باسـێک نەکـراوە سـەبارەت بـە نوێژکـردن لەپێنـاو شـەیتان یـان هیواخـوازی گۆڕینـی شـەیتان یـان بـە کارێکـی چـاک هەژمـارد نەکـراوە.» کەواتـە بـۆ ئـەوەی چاکەمـان خۆشـبوێت، دەبێـت ڕقـمان لـە خراپـە بێـت (ڕۆمـا ١٢: ٩). بـەم پێیـە، شکسـتهێنان لـە ڕق لێبوونـەوە لـەم «سـەرچاوەیەی خراپـەکاری بـێ تۆبەکـردن،» شکسـتهێنانە لـە خۆشویسـتنی چاکـە. کەواتـە، بەڵـێ، «پێمواییـە خـودا ڕقـی لـە شـەیتان دەبێتەوە بـە هـەردوو واتاکـەی، وە پێمواییـە دەبێـت ئێمـەش ڕقـمان لێـی بێـت.»[b]

---

a ئەڵقەی ٩٣٦: «ئایا خودا دوژمنەکانی خۆشدەوێت؟» (١٢ی ئەیلوولی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ٧٥٠: «ئایا پێویستە ڕقم لە شەیتان بێتەوە؟» (١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

وە شەیتان کتێبی پیرۆز مەخوێنەرەوە

شەیتان «لە زۆربەی یەزداناسەکان زیاتر ڕاستی دەزانێت» -بەڵام «ڕقی» لەوەیە کە دەیزانێت. ڕۆحە پیسەکان زۆر ڕاستی دەربارەی خودا دەزانن، بەڵام ڕزگار نابن «چونکە ڕقیان لەو ڕاستییانەیە» (یاقوب ٢: ١٩). کەواتە دووپاتکردنەوەی کتێبی پیرۆز وەک ڕاست و جێی متمانە هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ گۆڕانی ڕۆحی، چونکە کتێبی پیرۆز تەنها پڕ نییە لە ڕاستییەکان، بەڵکو «قسەکردنە سەبارەت بە بەها و جوانی و خواستراوی ئەو ڕاستییانە».[a] بێبەشەکان وەک ڕۆحە پیسەکان ڕەتیدەکەنەوە ڕاستییان خۆشبوێت (دووەم سالۆنیکی ٢: ١٠) وە ئەمەش کارەساتی هەتاهەتایی ئەوانە.[b]

بۆیە وەک شەیتان کتێبی پیرۆز مەخوێنەرەوە. «شەیتان دان بەوەدا دەنێت کە خودا ڕاستە و ڕەنگە زیاتر لە ئێمە شتە ڕاستەکان بزانێت. بەڵام دان بەوەدا نانێت کە خودا بەهاداری باڵا و ڕازیکەری باڵایە. ئەو خۆی لە سەرووی خودا دادەنێت. ئامادەبوونی خودا شەیتان دڵخۆش ناکات و هەرگیز پێی ڕازی نییە. بۆیە ئامانجمان لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز نابێت وەک شەیتان بێت. یان هەر بچینە سەر ئاستی شەیتان. ئامانجی ئێمە بێگومان بۆ ئەوەیە ببینین چی هەیە، چی ڕاستە دەربارەی خودا -بەڵام هەمیشە زیاتر، واتا بە ئامانجی هەستکردن بەو شتەی کە لەلای خودا بەهادارە، وە خودا بە بەهادار بزانین. ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ملیۆنان هۆکار ببینین کە بۆچی خودا بەهادارە، نەک تەنها ملیۆنان بەڵگە کە خودا بوونی هەیە یان هەندێک سیفەتی هەیە.» هەموو خوێندنەوەکانی کتێبی پیرۆز و یەزداناسی بۆ «چێژوەرگرتن و ستایشە. ئەمەش کاریگەری لەسەر شێوازی خوێندنەوەت هەیە. ئەمەیە کە من هەوڵی بۆ دەدەم. هەوڵ دەدەم بیخوێنمەوە. تۆ دەیخوێنیتەوە بۆ گەڕان بەدوای بەڵگەی بەهاداری، بەڵگەی ئەوەی کە ئەو جوان و شیرین و دڵخۆشکەرە.»[c]

ئایا مردنی مەسیح بووە کەفارەت بۆ شەیتان؟

«بە هیچ شێوەیەک» مردنی مەسیح «دانوستاندنێک نییە لەگەڵ شەیتان یان کڕینەوەیەک نییە لە شەیتان.» کاتێک مەسیح لە خزمەتەکەیدا بەرەنگاری هێزە شەیتانەکان بووەوە، دانوستانی نەکرد. «ئەو فەرمانی دا، ئەوانیش ڕۆیشتن. هیچ دانوستانێکی نەکرد. کاتێک پۆڵس باسی ئەوە دەکات کە چی بەسەر مەسیحدا هات لەسەر خاچ، لە کۆلۆسی ٢: ١٥ دەڵێت، «سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارانی چەککرد و بە ئاشکرا کردنییە پەند و لە خاچدا

---

a ئەڵقەی ٣٤٦: «ئایا دەکرێت باوەڕ بە تەواوی کتێبی پیرۆز بهێنم و هەڵنەبژێردرێم؟» (٢١ی ئایاری ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ١١٩٤: «جەستەم: هاوڕێ یان دوژمنە؟» (٧ی ئایاری ٢٠١٨).

c ئەڵقەی ٩٣٩: «پێنج پلان بۆ دووبارەکردنەوە لە زێدەڕۆیی بیرمەندی» (١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٦).

بەسەریاندا زاڵبوو.» ئەمە شکست پێهێنانێکی تەواوە، نەک دانوستان. بە ڕای من، لە کتێبی پیرۆزدا هیچ بیرۆکەیەک نییە سەبارەت بەوەی کە خودا کەفارەتی شەیتان بدات.»[a]

بۆچی ڕۆحە پیسەکان داوای بەرازەکانیان لە عیسا کرد؟

عیسا لەگەڵ ڕۆحە پیسەکان دانوستان ناکات. بەڵام لە یەکێک لە ئەڵقە بەربڵاوەکانی پەخشەکەماندا (لە دوازدە مانگی یەکەمیدا تەنها لە یوتیوب ١,٥ ملیۆن بینەری هەبوو)، قسەمان کرد سەبارەت بە مەتا ٨: ٢٨-٣٤. کەواتە بۆچی ڕۆحە پیسەکان داوای ئەوەیان کرد بنێردرێنە ناو بەرازەکان، وە یەکسەر بخنکێن؟ عیسا بە داواکارییەکەیان ڕازی بوو. بەڵام بۆچی؟

چەند شتێک لە چیرۆکەکەدا زۆر ڕوونە. ڕۆحە پیسەکان مەسیح دەناسن؛ «ئەوان دەزانن کە ئەو دەسەڵاتی ڕەهای بەسەریاندا هەیە و دەتوانێت بڕیار بدات کە دەریان بکات یان نا، وە بڕیار بدات بۆ کوێ بچن.» بەم شێوەیە، «لێرەدا دانوستان نییە، وەک ئەوەی ئەوان هاوبەشی یەکسان بن لەسەر مێزی دانوستان -عیسا باڵاترە، وە ئەوانیش ئەوە دەزانن.» ئەوان دەزانن کە داهاتوویان سزای هەتاهەتاییە. ئێمە دەزانین کە «نزیکەی دوو هەزار» بەراز لەوێ بوون (مەرقۆس ٥: ١٣). کەواتە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لە خاکێکی گڵاو و گەلانی بتپەرست بووە، وەک «ئاماژیەک» کە خزمەتی مەسیح «دەبێتە ئەرکێکی جیهانی بۆ هەموو گەلانی جیهان» (مەتا ٢٨: ١٩-٢٠). ئەوەی کە ڕۆحە پیسەکان داوای بەرازیان کردووە «دەردەخات کە چەندە ڕقیان لە گەڕان بووە بەنێو جیهاندا بەبێ بوونی هیچ شوێنێکی نیشتەجێبوون.» لەگەڵ ئەوەشدا «ڕۆحە پیسەکان نەیاندەتوانی بزانن کە شوێنی نیشتەجێبوونی نوێیان، نێو بەرازەکان، لەناکاو لە بەرزاییەکە هەڵدەدڕێن و هەمووان دەخنکێن -چونکە ئەگەر لە ڕاستیدا ئەو شتەیان بینیبێت کە ڕووەدات، ئەوا داوایان نەدەکرد.»

بەڵام بەرازەکان تەوەری چیرۆکەکە نین. لە پێشەکیدا ڕزگارکردنی دوو پیاو هەیە کە لە لایەن ڕۆحە پیسەکانەوە دەستی بەسەردا گیراو. بەرازەکان لێرەدا شوێنێکی دیکەی کتێبی پیرۆزمان بەبیر دەهێننەوە «کە شەیتان هەوڵیدا دانوستان لەگەڵ خودادا بکات -ڕێک لە دوو بەشی سەرەتای سیپارەی ئەیوب.» ئەمە تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ ئەیوب. «ئەیوب ڕووبەڕووی ئەم هەڵبژاردنە دەبێتەوە: یان خودات خۆشبوێت و متمانەی پێ بکەیت، یان دەتوانیت زیاتر موڵک وماڵی خۆت و خێزانەکەت و تەندروستی خۆتت خۆشبوێت، و نەفرەت لە خودا بکەیت کە لێی سەندوویت. بە دەربڕینێکی دیکە، خودا

a ئەڵقەی ١١٢٦: «عیسا نرخی کڕینەوەی ئێمەی داوەتە کێ؟» (٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧).

شـەیتانی بەکارهێنـا بـۆ تاقیکردنـەوەی ئەیـوب.» ئەمەیـە کـە عیسـا لێـرەدا دەیـکات. «عیسـا دێتـە نـاو ئـەم جیهانـەی نەتـەوەکان. بەسـەر شـەیتاندا زاڵ بـوو. بەندکراوانـی ئـازاد کـرد. خـۆی وەک ڕزگارکەرێکـی گـەورە پێشـکەش دەکات، کـە توانـای گەڕاندنـەوەی ژیـان و هیـوای هەیـە. لـە هەمـان کاتـدا مێگەلێـک بـەراز دەبـات -سـەرچاوەی بژێـوی و سـامان، لـە هەندێـک کەسـی کۆمەڵگاکـە دەبـات. ناچاریـان دەکات بـۆ هەڵبژاردنـی: خۆشـگوزەرانی یـان خۆشەویسـتی، پـارە یـان عیسـا، سـەرچاوەی مرۆیـی یـان هێـزی خودایـی؛ هێـز و نیعمەتـی عیسـا بـۆ پێدانـی ژیـان و هیـوا، یـان خۆشەویسـتی بـۆ مووڵـک و سـامان کـە لـەم بەرازانـە بەدەسـت بهێنرێـت. وە بـۆ سەرسـوڕمانی تەواومـان، خەڵکەکـە داوا لـە عیسـا دەکـەن کـە ناوچەکەیـان بەجێبهێڵێـت؛ عیسـای ژیانبەخـش، بەزێنـەری شـەیتان، دروسـتکەری هیـوا و بەخشـەری.»

عیسـا خودایـە. ڕۆحـە پیسـەکان دەشـکێنێت. ئـەو دیلکـراوان ئـازاد دەکات. وە بـەدوای خواپەرسـتانی نێـو نەتـەوە ناجووەکانـدا دەگەڕێـت، تەنانـەت خەڵکـی پـەروەردەکاری بـەراز. «بـەڵام عیسـا داوای هەڵبژاردنێـک دەکات: یـان ئـەو و ڕزگارییەکـەی ئـەوت خۆشـتبوێت، یـان خۆشـگوزەرانی و سـامانەکەت خۆشـبوێت -واتـا، بەرازەکانـت. ئـەوان لـە تاقیکردنەوەکـەدا شکسـتیان هێنـا، پێمواییـە مەتـا هیـواداره کـە ئێمـە لـەو تاقیکردنەوەیـەدا شکسـت نەهێنین.»[a]

a ئەڵقـەی ١٥٣٤: «بۆچـی ڕۆحـە پیسـەکان داوای بەرازەکانیـان لـە عیسـا کـرد؟» (٥ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢٠). ئەڵقەکانـی دیکـەی بەکاربـەری و مادەگەرایـی و خۆشەویسـتی بـۆ خاوەندارێتـی بریتیـن لـە ئەڵقـەی ٣٤٥: «ئایـا مـن خـودام خۆشـدەوێت یـان تەنهـا حـەز دەکـەم خۆشـمی بووێـت؟» (٢٠ی ئایـاری ٢٠١٤)، ئەڵقـەی ٤١٩: «چ خۆشـگوزەرانییەک لـە ژیانمـدا گوناهباریـە؟» (١ی ئەیلوولـی ٢٠١٤)، ئەڵقـەی ٧٤٣: «ڕاوێـژکاری بـۆ ئالوودەبوونـی بازاڕکردنـی سـەرهێڵ؟» (٤ی کانوونـی دووەمـی ٢٠١٥)، ئەڵقـەی ١١٨٥: «ئایـا هۆشـداریەکانی کتێبـی پیـرۆز دژایەتـی دەوڵەمەنـدی زۆربـەی ئەمریکاییـەکان دەگرێتـەوە؟» (١٦ی نیسـانی ٢٠١٨)، ئەڵقـەی ١٤٦٠: «بەنرخـتر لە سـتایش و سـامان» (١٥ی نیسـانی ٢٠٢٠)، و ئەڵقـەی ١٤٩٣: «چـۆن دەتوانـم لـە ماددیـوون ئـازاد بـم؟» (١ی تەممـوزی ٢٠٢٠).

دەربارەی ڕەتکراوەکان و میزاجی و نادادپەروەری خودایی

ئایا خودا میزاجییە؟

لەدوای گەشتێکی سێ هەفتەیی بۆ ئەسیوپیا و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە ساڵی ٢٠١٣، قەشە جۆن گەڕایەوە بە «تێڕوانینێکی بەرچاوی یەزداناسی و نێردراوییەتی گرنگ» سەبارەت بڕیاری لەناکاوی خودایی.

لەدوای ئەوەی پاپیەر وتارێکی پێشکەش کرد سەبارەت بە سەروەری خودا بەسەر هەموو شتێکدا، گوێگرێک دەستی بەرزکردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە «زۆر لە تێڕوانینی موسڵمان دەچێت بۆ سەروەری خودا -خودا هەرچی بیەوێت دەیکات.» دواتر لە هەمان گەشتدا، پاپیەر گوتی، «من لە دووەم گەورەترین مزگەوتی جیهاندا ڕاوەستابووم، لەبەردەم گەورەترین دیواری کە سەد ناوی خودای لەسەر نووسرابوو، لە ژێر گەورەترین چلچرا لە جۆری خۆیدا، لەسەر گەورەترین فەرشی بە دەست چنراو ڕاوەستابووم. ئەمانە هەموو ئەو ڕێگایانەن کە پێناسەی [چلچرا و فەرشەکە] دەکەن کاتێک لەوێیت. وە مایکی هاوڕێم لەوێ ناوەکانی بۆم ڕوون دەکردەوە. ناو لە دوای ناو ئاماژەی پێدەدا کە بە زمانی عەرەبی نووسرابوو. گوتی، "ئەم ناوەیان کە نووسراوە بە زۆری وەردەگێڕدرێت بۆ میزاجی، کە واتا خودا دەتوانێت هەر شتێک بکات کە بیەوێت."» ناوی دیکە لەسەر دیوارەکە هەبوو -دانا، دادپەروەر، میهرەبان، بەزەییدار -بەڵام «بە شێوەیەکی کرداری میزاجی ئەوانە هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە ئەگەر خودا بتوانێت هەر شتێک بکات کە بیەوێت- واتا ئەگەر تۆ لەبەردەمیدا ڕاوەستیت، ئەو میزاجی بێت، بەبێ ئاماژەدان بە میهرەبانییەکەی، بەبێ ئاماژەدان بە دادپەروەرییەکەی، بەبێ ئاماژەدان بە بەزەییەکەی، بە ڕاڕایی میزاجییەکەی دەکرێت بتباتە بەهەشت یان دۆزەخ؛ کەواتە ئەم ناوانە چ سوودێکیان هەیە؟» لە کۆتاییدا موسڵمانان دەبێت لەگەڵ خودایەکدا ڕێکبکەون کە بە ئارەزووی خۆی هەرچۆنی بوێت پێیان دەکات؛ چەرچۆنی بووێت یان بیانێرێتە بەهەشت یان دۆزەخ. بۆیە، هەرچییەک دەبێت، دەبێت.

کەواتە چی میزاجی ئەڵا لە سەروەری پەروەردگار جیا دەکاتەوە؟ ڕۆما ٣: ٢٥. «خودا مەسیحی وەک کەفارەت پێشکەش کرد، ئەگەر باوەڕ بە خوێنی ئەو بهێنین. ئەمەی بۆ دەرخستنی دادپەروەرییەکەی خۆی کرد، بۆ چاوپۆشیکردن لە گوناهەکانی ڕابردوو.» ئەمە کرۆکی باوەڕمانە. «خودا ئێمەی خۆشویست بە لابردنی تووڕەیی خۆی لە ئێمە، بەو پێیەی عیسا، بە خوێنی خۆی، ئەو تووڕەییە لادا کە بەهۆی گوناهەکەمانەوە هەبوو. بۆ

هـەزاران سـاڵ، خـودا چاوپۆشـی کـرد لـە گوناهـەکان، وەک ئـەوەی «سـووکایەتی و بێڕێـزی بـە شـکۆمەندی ئـەو گرنـگ نەبێـت» (ڕۆمـا ٣: ٢٥). وە ئەمـەش «نادادپەروەرانـە» و «ناڕەوا»یـە لەلایـەن ئـەوەوە، «خـودا، بـۆ ئـەوەی مامەڵـە لەگـەڵ شـکۆمەندی بەهـاداری خـۆی بـکات، بـۆ ئـەوەی ڕاستودروسـتییەکەی بسـەلمێنێت و پەیمانـی دادپەروەرانـەی خـۆی بـۆ بەهـای شـکۆمەندی خـۆی نیشـان بـدات، کوڕەکـەی نـارد بـۆ ئـەوەی ئەمـە چـاک بکاتـەوە.» بـەڵام ئـەم دوو ڕەهەندییـە لـە ئیسـلامدا شـتێکی نائاسـاییە، «چونکـە پێویسـت نـاکات خـودا هیـچ بـکات بـۆ چاککردنـی هیـچ شـتێک، خـودا ئـازادە لـەوەی بـە کەسـێکی وەک داود بڵێـت "مـن ڕێگـە دەدەم بـە تێپەڕینـی کوشـتنی ئوریـا و دەسـتدرێژیکردنەکەت بـۆ سـەر بەتشـەبع. مـن لـە ئەنجامدانـی ئـەم کارە ئـازادم."»

دۆزینەوەکـەی پاپیـەر لێـرەدا بـوو. سـەروەری خودا تەنهـا لە نـاو «کۆمەڵێـک تایبەتمەندییەکانی دیکـەی خـودا؛ وەک دادپـەروەری و میهرەبانـی و نیعمـەت و داناییەکـەی، دەردەکەوێـت. بـە جۆرێـک کاتێـک خـودا چاوپۆشـی دەکات لـە تاوانـی دەسـتدرێژی یـان کوشـتن، دەبێـت شـتێک ڕووبـدات.» ناکرێـت خـودا ڕێگـە بـدات گوناهەکەمـان «لـە ژێـر فەرشـەکانی گەردوونـدا بشـاردرێتەوە.» بۆیـە کوڕەکـەی نـارد بـۆ سـەر خـاچ بـۆ ئـەوەی ڕاستودروسـتی خودایـی خـۆی «ڕاستودروسـت» بـکات (ڕۆمـا ٣: ٢٥). «ئیـتر پوختەکـەی ئەوەیـە کـە تێڕوانینـی مەسـیحییەکان بـۆ سـەروەری خـودا و تێڕوانینـی موسـڵمانان بـۆ سـەروەری خـودا جیاوازییەکـی بنەڕەتـی قوواڵیـان هەیـە، چونکـە لـە ڕوانگـەی مەسـیحیدا، سـەروەرییەکەی لـە سـیفەتەکانی دیکـەی خـوداوە پێکدێـت کـە لـە خۆیدایـە. موسـڵمانان پێیـان وایـە ئەگـەر خـودا ناچـار بێـت هەسـتی هەبێـت بـۆ دادپـەروەری یـان ڕاستودروسـتی یـان میهرەبانـی یـان بەزەیـی، ئـەوا ئـەم کاتـە خـودا سـنووردار دەبێـت.» بـەڵام خـودا سـنووردار نییـە، «چونکـە ئـەم تایبەتمەندییانـە لـە دەرەوەی ئـەو نیـن، وەک جڵەوگیرکەرێـک لـە سـەرچاوەیەکی دیکـەوە فەرمانڕەوایەتـی ئـەو بکـەن، ئەوانـە هـی ئـەون.»[a]

ئایا خودا ناڕەوا بوو کوڕەکەی کوشت؟

لـە یەکـەم نیـگادا، وەڵامەکـە بـە بەڵـێ دەردەکەوێـت. دادپـەروەری بـۆ گونـاە پێویسـتی بـە سـزادانی تەنهـا سـتەمکار هەیـە (دواوتـار ٢٤: ١٦). دەبێـت کەسـی گوناهبـار بمرێـت، نـەک کەسـی بـێ گونـاە. «هـەر بۆیـە خـاچ سـووکایەتییە بـۆ جـووەکان.» کەواتـە پرسـیارەکە ئەوەیـە، «ئایـا خـودا شـەریعەتی خـۆی شـکاند لـەوەی کـە مەسـیح ببێتـە جێگـرەوە؟» وەڵامەکـە بریتییـە

a ئەڵقـەی ٢٣٤: «موسـڵمانان بەرامبـەر مەسـیحییەکان دەربـارەی سـەروەری خـودا» (١١ی کانوونـی دووەمـی ٢٠١٣). ئەگـەر ناچـار بیـن تەنهـا یەکێکیـان هەڵبژێرێـت، ئـەوا ڕۆمـا ٣: ٢٥ "گرنگتریـن ئایەتـە لە کتێبـی پیـرۆزدا" (ئەڵقـەی ٢٧٢: «گرنگتریـن ئایەتەکانـی کتێبـی پیـرۆز» [٦ی شـوباتی ٢٠١٤].)

لە «کڕۆکی ئینجیل،» چونکە ئەو کەسەی گوناهەکەی نەکرد، ئەو کەسە بوو کە بەهۆی گوناهەکەوە مەحکوم کرا (ئیشایا ٥٣: ٤-٥؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣؛ یەکەم پەترۆس ٣: ١٨).

کەواتە خاچ چۆن دادپەروەرییە؟ سێ وەڵام هەیە. (١) خاچ بە یەکێتی دادپەروەرییە. «خودا ماف و توانای ئەوەی هەیە یەکێتییەک لە نێوان ئادەم و مرۆڤایەتیدا پێکبهێنێت، بە جۆرێک کە کاتێک ئادەم کەوت، هەموومان لە ئەودا کەوتین، بە جۆرێک ئەو سزایەی کە بەسەر ئادەمدا هات، بەسەر ئێمەشدا هات، چونکە ئێمە لەگەڵ ئادەمدا یەکگرتووین.» بەم شێوەیە، گوناهی ئادەم هەموو گوناهبارانی مرۆڤایەتی کۆن مەحکوم دەکات» (ڕۆما ٥: ١٧-١٨). لە بەرامبەردا بەو واتایەیە کە ئادەمی دووەم دەتوانێت لەپێناو گەلەکەیدا بمرێت، کە بریتین لە «مرۆڤایەتییە نوێیەکەی» (ڕۆما ٥: ١٩؛ دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١). ئەم دوو یەکێتییە ڕۆحییە ناوازەن، خودا بەخشیویەتی و دووبارە نابێتەوە، بۆ نموونە، وەک لە پەیوەندییە سروشتییەکانی دایک و باوک و منداڵان. (٢) بە لەبەرچاوگرتنی قورسایی گوناە و سزای شایستە، خاچ دادپەروەرانەیە. دایک ناتوانێت بچێتە زیندان بۆ ئەوەی سزای تاوانی کوڕەکەی بەرامبەر بە وڵات بدات. بەڵام مەسیح جیاوازە. «مەسیح هات بۆ ئەوەی ڕاستودروستی خودا بسەلمێنێت» وە ئەو بڕینەی شکۆمەندی باوکی چاک بکاتەوە کە بەهۆی گوناهی ئێمەوە هاتبووە ئاراوە (یۆحەنا ١٢: ٢٧-٢٨؛ ڕۆما ٣: ٢٥). تەنها مەسیح دەتوانێت کەفارەتی ئەو هەڵانە بکات و چاکی بکاتەوە. (٣) خاچ بەهێزە بۆ گۆڕینی سزادراوان. دایکەکە بەم کارە نەیتوانی کوڕەکەی بگۆڕێت. «ئارەزووی ئەم دایکە بۆ ئەوەی کوڕەکەی ئازاد بێت هیچ دەستەبەرییەک نادات کە تاوانبارێک ئازاد بکات بۆ نێو کۆمەڵگا و پەیوەست دەبێت بە یاسا، هەرگیز هیچ دڵنیاییەکی نییە. بە ئازادکردنی تاوانبار وادیارە ئێمە سەرکەشی دەکەین. لەگەڵ مەسیح بەم شێوەیە نییە. ئەمە شتێکی ناوازەیە. هەموو ئەوانەی بە مردنی خۆی ڕزگاریان دەکات، پیرۆزیان دەکات» (ڕۆما ٦: ١-٢٣). ئێمە لە مردنی ئەودا مردین. «خودی کۆمان کوژرا، مرد، هەربۆیە جێگرەوە هەمیشە گۆڕانکارییە. ئەمە لە یاساناسی مرۆڤانەی ئاساییدا نییە.» کەواتە، نەخێر، خاچ ناڕەوا نەبوو.[a]

لە ئەڵقەیەکی دواتردا، دادپەروەری خاچ هێندەی دیکە ڕوون بووەوە. یەکەم: کتێبی پیرۆز چەندین دەقی «شکۆمەندی» لەخۆدەگرێت سەبارەت بە جێگرەوە (وەک ئیشایا ٥٣: ٥؛ گەلاتیا ٣: ١٣؛ کۆلۆسی ٢: ١٤؛ یەکەم پەترۆس ٢: ٢٤). ئەم دەقانە یان دەمانگۆڕن، یان دەستکارییان دەکەین یان ڕەتیان دەکەینەوە. «من خەمبار دەبم کە کەسانێک هەن بێ بیرکردنەوە یان ناڕەوا ئەو ڕاستیانە ڕەت دەکەنەوە.» دەبێت ڕاستی وەربگرین وەک ئەوەی هەیە، چونکە «ئەگەر مرۆڤەکانی ئەمڕۆ ئامادە نەبن شێوازی بیرکردنەوەیان لە

a ئەڵقەی ٢٧١: «ئایا خودا لە لەخاچداندا نادادپەروەر بوو؟» (٥ی شوباتی ٢٠١٤).

جیهانـدا بگۆڕدرێـت، ئـەوا یـان کتێبـی پیـرۆز دەسـتکاری دەکەیـن بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ تێڕوانینـە پێشـوەختەکانماندا بگونجێـت یـان کتێبـی پیـرۆز ڕەتدەکەینـەوە، چونکـە کتێبـی پیـرۆز پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە مەسـیح لەجیاتـی گوناهبـاران مـردووە بـۆ ئـەوەی دادپـەروەری خـودا بێتـە دی و گوناهبـاران لـە سـزا ڕزگاریـان بێـت.»

لـە بنەڕەتـدا، هێـزی گاڵتەجـاڕی لـە گوناهدایـە. گونـاە «بێڕێـزی بـە خـودا دەکات،» «لـە شـکۆمەندییەکەی کـەم دەکاتـەوە» و «سـووکایەتی پێدەکات.» ئێمـە ئـەوەی کـە خـوداوە نییـە بـەو بەهایـە مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکەیـن کـە لـە خـوداوە بێـت. بـەم شـێوەیە گونـاە «هەوڵێکە بۆ داماڵینـی شـکۆمەندی خـودا» (ڕۆمـا ١: ٢٣؛ ٣: ٢٣). «بەدیهێنراوەکانـی خـودا وەک بێبەهاکردنـی شـکۆمەندی خـودا تۆمارکـراون. وەک ئـەوەی وێنـەی قەیسـەر لـە دیوارەکـە دڕاندرابێـت و بخرێتـە ژێـر پێـی خەڵـک. لـە هەمـوو شـوێنێکی جیهانـدا ئـەم کارە ناپاکییەکـی گـەورە بـوو. پێشـێلکردنی شـکۆی گەورەتریـن بـوون گەورەتریـن تاوانـە لـە گـەردوون. جـا چـۆن ئـەم بابەتـە بـە دادپـەروەری چارەسـەر دەکرێـت؟» دەبێـت شـکۆی خـودا «بگەڕێتـەوە بـۆ شـوێنی شایسـتەی خـۆی لـە بەرزکردنـەوە و سەرسـامی. وە دادپـەروەری بـە داماڵینـی تاوانبـاران لـە شـکۆمەندی دێـت بـەو ڕێڕەیـەی کـە بـە خودایـان نـەداوە. ئەمـە واتـای دۆزەخـە. ئەمـە پێویسـتی بـە سـەردەمێکی هەتاهەتاییـە بـۆ ئـەوەی شـکۆمەندییەکی پێویسـت لـە بەدیهێنراوە سـنووردارەکان بسـەندرێتەوە. شـکۆمەندییەکی بـێ سـنووریان نییـە.» بـەم پێیـە «گەورەیـی تێکدانـی شـکۆمەندی بێکۆتایـی بەدیهێنراوێـک» پێویسـتی بـە سـزای هەمیشـەیی هەیـە.

کەواتـە ئایـا مەسـیح دەتوانێـت ئەمـە چـاک بـکات؟ بەڵـێ! مەسـیح بـە تایبەتـی هاتـووە «بـۆ چاککردنـەوە و چەسـپاندنی شـکۆمەندی خـودا» (یۆحەنـا ١٢: ٢٧-٢٩). بۆیـە «خۆی نـزم کردەوە، بەرگـەی تـەواو زەلیلبوونـی گـرت، نـەک بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی، بەڵکـو بـە دیاریکـراوی بـۆ شـکۆمەندی باوک. بەجەسـتەبوونی مەسـیح تـەواو پێچەوانەبوونـەوەی هێرشـکردنی ئێمـە بـوو بـۆ سـەر شـکۆمەندی خـودا، بـەو پێیـەی ئـەو بەهایەکـی بـێ سـنووری هەیـە، لەدەسـتدانی شـکۆمەندی لـە زەلیلبـوون و مردنیـدا دەکرێـت هەمـوو گوناهەکانمـان بگرێتـەوە کـە بێڕێزیـن بـۆ خـودا، شـکۆی خـودا دەشـێوێنن» (فیلیپـی ٢: ١-١١). لـە خاچـی مەسـیحدا، شـکۆمەندی خـودا هەتـا ئـەو ڕادەیـە چەسـپێنراوە کـە سـووکایەتی پێکـراوە.[a]

کەواتـە ئایـا دڕندەیـی خـاچ و دۆزەخـی جەهەنـم «زێدەڕۆییـە لـە کوشـتن» بـۆ گونـاە؟ نەخێـر. «کڕۆکـی خراپـە، خۆشەویسـتن و پەسـەندکردن و ئـارەزوو و ڕێـزداری و چێژوەرگرتنـە لـە هـەر شـتێک لـە سـەرووی خـوداوە.» گونـاە ناپاکییەکـی گەردوونییـە. «وە لەبـەر ئـەوەی خـودا بەهایەکـی بێکۆتایـی و جـوان و گـەورە و ڕێـزداری هەیە -بێسـنوورە- شکسـتهێنان لـە خۆشویسـتنی و ڕێزگرتنی

a ئەڵقەی ٧٢٩: «دەربڕینی خاچی شکۆمەند بۆ کەلتوورێکی ڕەتکەرەوەی کەفارەت» (١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥).

و چێژوەرگرتن لێی بڕڕێزییەکی بێسنوورە لەو، شایستەی تووڕەییەکی بێکۆتاییە، شایانی سزای بێکۆتاییە. ئەمە هیچ واتایەکی نابێت لەو شوێنانەی کە خودا بە بچووک بیندرێت و مرۆڤ بە گەورە بیبینرێت، تەنها لەو شوێنانەدا واتای دەبێت کە خەڵکس خودا وەک خۆی گەورە ببینن، وە مرۆڤ ببینن، خۆمان ببینین، وە باوەڕپێکراوی تووڕەییمان بۆ ئەوەی کە هەیە.» بەم شێوەیە، ئەمە «ترسناکترین ڕاستییە لە جیهاندا،» ئەوەیە مرۆڤ «لە خودا دوور بکەوێتەوە، وەک کانیاوی سەرچاوەی ژیان و خۆشی، وە هەوڵیان دا بیدۆزنەوە، نەک لە خودادا، بەڵکو لە بەدیهێنراوانی. ئەمە ناپاکییەکی گەورەیە و شایەنی سزای هەتاهەتاییە» (یەرمیا ٢: ١٢-١٣).[a]

ئایا خودا چارەنووسی مرۆڤەکان بۆ دۆزەخ دیاری دەکات؟

ڕەتکردنەوە (یان چارەنووسی دوو لایەنە) بابەتێکی فێڵاوییە کە دەبێت بە چاودێرییەکی زۆری ڕابەرایەتییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەڵام دەبێت بە گرنگیدان بە چوار ڕەچاوکردن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

١. بە وریاییەوە بەردەوام بە. ئەگەر وەڵامی بەڵێ بۆ ئەم پرسیارە دەبێتە هۆی تێکدانی باوەڕ و متمانەت بە خودا، خاو ببەرەوە. ئەگەر خودایەک کە پێشوەختە چارەنووسی ئەو کەسە دیاری دەکات کە ڕزگاری دەکات یان لەناو دەچێت، ئەوا لەلای تۆ تەنها ئەوەیە کە «ستەمکار یان نادادپەروەرە،» ئەوا «نابێت باوەڕ بکەیت، تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بێت. دەزانم کە ئەمە نامۆ دەردەکەوێت. تەنها ئەو کاتە باوەڕ بکە کە دەبینیت لە کتێبی پیرۆزدا فێردەکرێت، وە ئەگەر پچەوانەی شتە ڕاست و گرنگەکانی دیکەی نێو کتێبی پیرۆز نەبێت سەبارەت بە خودا.» وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت لە کاتی گونجاودا بێت، نەک بە پەلە. «من تامەزرۆی تێکدانی متمانەی هیچ کەسێک نیم بە چاکە و دادپەروەری خودا.» پشوودرێژی و خۆڕاگری جۆن پایپەر لە ئەزموونی کەسییەوە سەرچاوە دەگرێت و دڵێت «من گریاوم- مەبەستم ئەوەیە، سەرەتای بیستەکانی تەمەنم، ماوەیەکی ئازاردانی گەورە بوو لە ڕووی دەروونی و سۆزدارییەوە سەبارەت بە پرسە یەزدانناسییەکانی وەک ئەمە. تامم کردووە کە واتای چییە سەرم لەسەر مێزەکەم دابنێم و دەموچاوم لە دەستمدا بێت و هاوار بکەم بۆ خودا: "من لەمە تێناگەم." بۆیە دەمەوێت لەگەڵ خەڵکدا پشوودرێژیم هەبێت.»

٢. بزانە کە هەموو حوکمەکانی خودا دادپەروەرن. «هیچ کەسێک ناچێتە ناو دۆزەخ ئەگەر شایەنی ئەوە نەبێت لەوێدا بێت. وە ئەمە ڕاستییە، ئەوان شایەنی ئەوەن لەوێدا بن. لەو ڕۆژەدا بۆ هەموو گەردوون دیار و ڕوون دەبێت.»

a ئەڵقەی ١٤٢٠: «ئایا دۆزەخ و خاچ زیادەڕۆیی دەکەن بۆ گوناه؟» (١٣ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠).

٣. بزانـە کارەکانـی خـودا لـە درکپێکردنـی ڕاسـتەوخۆی ئێمـە بـەدەرە. ئەمـەش بـەو واتایەیـە، «ئەگـەر خـودا پێشـوەختە لەناوچوونـی کەسـێک دیـاری بـکات، ئـەوا بـە شـێوەیەک دەیـکات کـە ڕەنگـە بـۆ ئێمـە نـاڕوون و لـە دەرەوەی تێگەیشـتنمان بێـت. بـە شـێوەیەک دەیـکات کـە کەسـەکە بەڕاسـتی بەرپرسـیار بێـت، لێپرسـینەوە لـە هەڵبژاردنەکانـی دەکات، بەڕاسـتی تاوانبـار بێـت، بەڕاسـتی شـایەنی سـزا بێـت.»

٤. ئـاگاداری لایەنگـری کەلتـووری بـن. «ئێمـە لـە سـەردەمێکدا دەژیـن کـە زۆر قورسـە بـۆ مرۆڤـەکان بوونـی خـودا قبـووڵ بکـەن. تەنانـەت بیرکردنـەوە لـە خودایـەک بـەم دەسـەڵاتە زۆرە، بـەم ئاڵۆزییـە زۆرە، بـەم هێـزە، نزیکـەی مەحاڵـە بـۆ زۆرێـک لـە مرۆڤەکانـی سـەردەم.» لـە تێگەیشـتن و باوەڕکردن بـە خـودای کتێبـی پیـرۆز شکسـت مەهێنـە، چونکـە تـۆ هەڵدەبژێریـت کـە «منداڵێکـی سـەردەمی خـۆت» بیـت.

لـە کۆتاییـدا، وەڵامـی کۆتایـی بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ یـان بـە ڕوونـی لـە لانیکـەم حـەوت دەقـی سـەرەکیدا دووپـات دەکرێتـەوە (پەنـدەکان ١٦: ٤؛ ڕۆمـا ٩: ١١، ٢٢؛ ئەفەسـۆس ١: ١١؛ یەکـەم پەتـرۆس ٢: ٧-٨؛ دووەم پەتـرۆس ٢: ٣؛ یەهـوزا ٤). «وەڵامـی مـن بەڵێیـە، خـودا لـە ئەزەلـەوە دیـاری کـردووە کـە کـێ ڕزگاری دەبێـت، کـێ لەناودەچێـت. بـەڵام بـە ڕێگایـەک دەیـکات کـەوا لـەلای ئێمـە ناڕوونـە -بـۆ ئـەوەی لـەو ڕۆژەدا، کـەس هیـچ هەڵەیەکـی ڕەوا لـە خـودا نەدۆزێتـەوە. نەخێـر. ڕزگارکـراوان دەزانـن کـە بـە تـەواوی بـە نیعمـەت ڕزگاریـان بـووە لـە کاتێکـدا شـایەنی دۆزەخـن، وە ئەوانـی دیکـەش دەزانـن کـە زانیارییەکـی زۆریـان لەسـەر نیعمەتـی خـودا سـەرکوت کـردووە -وە شـایەنی لەناوچوونـن.»[a]

خـودا هەمـوو شـتێک بـە باشـی دەکات، وەک دادوەری گـەردوون، هەمـوو شـتێک بـە دادپەروەرانـە دەکات (پەیدابـوون ١٨: ٢٥؛ مەرقـۆس ٧: ٣٧). ئەمـەش بـەو واتایەیـە کـە «هیـچ کەسـێک لەنـاو ناچێـت کـە بـە دادپەروەرانە شـایەنی لەناوچوون نەبێـت. لە ئاسـماندا بچووکترین گومـان نابێـت لـەوەی خـودا بـە نـاڕەوا مامەڵـەی کردبێـت، هەمـوو ئەوانـەی ڕزگاریـان بـووە دەزانـن کـە شـایەنی ئـەوە بـوون لـە دۆزەخـدا بـن -ئێمـە ئەمـە دەزانیـن- وە ئـەو ڕاسـتییەی کـە ئێمـە لـە دۆزەخـدا نیـن، وە هەندێـک کـەس بـە دادپەروەرانـە لـە دۆزەخـدان، لـە کاتێکـدا ئێمـە لـە ئاسـماندایین، ئەمـە وامـان لێنـاکات گومانمـان لـە خـودا هەبێـت، بەڵکـو وامـان لێـدەکات سەرسـام بیـن لـە سـوپاسـگوزاریمان لەپێنـاو ئـەم نیعمەتـەی کـە تـەواو شایسـتەی نەبووینـن.»[b]

---

a ئەڵقـەی ٤٥٠: «ئایـا خـودا پێشـوەختە چارەنووسـی مرۆڤـەکان بـۆ دۆزەخ دیـاری دەکات؟» (١٤ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠١٤). هەروەهـا بڕوانـە ئەڵقـەی ١٨٢٧: «ئایـا دوو چارەنووسـی پێشـوەختە بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆزە؟» (٢٦ی ئابـی ٢٠٢٢).

b ئەڵقـەی ٥٤٧: «ئەگـەر خـودا هێنـدە دڵخۆشـە، بۆچـی ئـەو کەسـانەی بەدیهێنـاوە کـە هەڵـی نەبـژاردون؟» (٦ی ئـازاری ٢٠١٥).

ئەگەر ئەم وەڵامانە وا دەربخەن کە هەڵبژاردن بێ مەرجە (پێش گوناە) و ڕەتکردنەوە مەرجدارە (بەهۆی گوناهەوە)، ئەوا دەرەنجامێکی هەڵە دەبێت.[a]

ئایا ئەم ژیانە زۆر کورت نییە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی هەتاهەتاییمان؟

پاککەرەوە (بەرزەخ) خەیاڵییە.[b] چارەنووسی هەمیشەییمان لە کاتی مردندا مۆر کراوە (لۆقا ١٦: ١٩-٣١؛ عیبرانییەکان ٩: ٢٧).[c] بۆیە گوێگرێک دەپرسێت ئایا «گەمژەیی»یە کە چارەنووسی هەتاهەتایی ڕۆح لە چاوتروکانێکی حەفتا ساڵ تەمەن لەم جیهانەدا بە شێوەیەکی نەگەڕاوە دیاری بکرێت.

نەخێر، گەمژانە نییە. ئەوە «تەواو دادوەرانەیە بۆ ئەوەی کە خودا مرۆڤێک مەحکوم بکات بە ئازاری هەتاهەتایی، نەک تەنها لەسەر بنەمای حەفتا ساڵ گوناهکردن، بەڵکو لەسەر پێنج چرکە گوناهکردن.» لەبەر سێ هۆکار. (١) گوناهێکی پێنج چرکەیی هەموو مرۆڤەکانی مەحکوم کرد بە گوناە (ڕۆما ٥: ١٨). پێنج چرکە -«ئەوەندە کاتی پێچوو هەتا ئادەم و حەوا مەحکوم بکرێن، لەگەڵ هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی. ناپاکی بەرامبەر بە خودای تەواو دانا -بەدیهێنەری تەواو توانادار، پارێزەری گەردوون- حوکمدانی هێنا.» (٢) یەک گوناە تەواوی شەریعەت پێشێل دەکات (یاقوب ٢: ١٠-١١). حوکمدان لەسەر بنەمای ئەوە نییە کە چەند گوناە کۆدەکەینەوە. «بابەتەکە جیاوازییەکی گەورەیە لە نێوان ئێمە وەک گوناهبار و گەورەیی بێکۆتایی ئەو کەسەی کە گوناهی بەرامبەر دەکەین.» (٣) شەریعەت پابەندمان دەکات بە گوێڕایەڵی تەواو یان شکستی تەواو (گەلاتیا ٣: ١٠).

کەواتە «هەر سووکایەتییەک، هەر بێڕێزییەک بەرامبەر بێ سنوور، بەهاداری بێ سنوور، ڕێزداری بێ سنوور، جوانی بێ سنوور، گوناهێکی بێ سنووره و شایەنی سزایەکی بێ سنووره. ئەگەر تاکە ڕێگە بۆ پێوانەکردنی سەختی گوناە و سەختی سزاکە ئەو کاتە بووبێت کە بۆ گوناە و ئەو کاتەی کە بۆ سزا دانراوە، ئەوا ڕەنگە دۆزەخێکی هەتاهەتایی زیادەڕەوییەک بێت. بەڵام نە دادپەروەری مرۆڤانە و نە خودایی بەو شێوەیە کارناکات.»

تەنها لە ماوەی پێنج چرکەدا دەکرێت پیاوێک بکوژێت. بیهێنە بەرچاوت بکوژێکی

---

a ئەڵقەی ١٣٠٢: «ئایا کالڤینیستەکان لەگەڵ ڕۆما ٩ ناتەبان؟» (١٤ی کانونی دووەمی ٢٠١٩).

b ئەڵقەی ١٧٩: «ئایا گوناهبارێک دەتوانێت لەدوای مردنی ڕزگاری بێت؟» (٢٣ی ئەیلوولی ٢٠١٣)، ئەڵقەی ٨٣٢: «ئایا لەدوای مردن ڕۆحم دەخەوێت؟» (٧ی نیسانی ٢٠١٦)، ئەڵقەی ١١٦٢: «ئایا دەکرێت باوەڕداری کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی بەڕاستی لەدایک ببێتەوە؟» (٢١ی شوباتی ٢٠١٨)، وە ئەڵقەی ١٢٩٠: «چۆن مەسیح بێباوەڕان لەگەڵ خۆی "ئاشت دەکاتەوە"؟» (١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨).

c ئەڵقەی ١٧٩: «ئایا گوناهبارێک دەتوانێت لەدوای مردنی ڕزگاری بێت؟» (٢٣ی ئەیلوولی ٢٠١٣)، ئەڵقەی ١٢٦٧: «چۆن لە کۆتایی ژیانیدا پرسیار لە ڕزگاربوونی کەسێک بکەم؟» (٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨)، وە ئەڵقەی ١٨٦٣: «ئایا بێباوەڕان لەدوای مردن دەرفەتی دووەمیان دەست دەکەوێت؟» (١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢).

تەمەن بیست ساڵان کە پەنجا ساڵ زیندانی دەکرێت -«سزاکەی ٣٧٨ ملیار جار زیاتر لەو پێنج چرکەیەی کە بۆ کوشتن خایاندی.» قێزەونییەکانی خراپە بە کاتێکی ناڕێژەیی سزا دەدرێت. «هەموومان دەزانین کە کات پێوەرێک نییە بۆ خەمباری گوناهێک. ئەگەرنا، ئەو پێنج چرکەیەی کە پێویستە بوو بۆ کوشتنی کەسێک واتا پێنج چرکە لە زیندان دەبیت.» وە «هەموو کەسێک دەزانێت» کە پێنج چرکە زیندانیکردن دادپەروەری نییە. بێڕێزییەکە ڕێژەییە لەگەڵ ئەو کەسەی کە بێڕێزی پێکراوە. بێڕێزیکردن بە هەڵگری وێنەی خودا شتێکی مەترسیدارە. بەڵام «ئەگەر تۆ بێڕێزی بە بۆقێک بکەیت، ئەوا تۆ زۆر تاوانبار نیت. من کاتێک هەرزەکار بووم، پێم ناوە بە بۆقیکدا، هەستێکی ناخۆشم هەبوو، بەڵام زۆر نا. ئەگەر سووکایەتی بە مرۆڤێک بکەیت، ئەوا زۆر تاوانباریت. وە ئەگەر سووکایەتیت بە خودا بکەیت، ئەوا بێ سنوور تاوانباریت لەبەر ئەوەی شایانی ئەوەیە لە هەموو چرکەیەکی ژیانتدا بیپەرستیت. ئەگەر نەیپەرستیت، ئەوا تۆ کۆگای تووڕەیی چەند هێندە زیاد دەکەیت. وە کێ دەتوانێت تاوانێکی لەو شێوەیە بپێوێت؟ باشە، خودا دەتوانێت و دادپەروەرە.»[a]

خودا منی دروستکردووە -ئایا ئەو ژیانی هەتاهەتایی قەرزاری من نییە؟

ئێمە خۆمان دروست ناکەین. ئێمە بوونی خۆمان هەڵنابژێرین. خودا بە خواستی خۆی ئێمەی دروستکردووە نەک بە مۆڵەتی خۆمان. کەواتە ئایا دادپەروەرتر نابێت کە لە کۆتاییدا هەموومان ڕزگارمان بێت؟ ئایا بە دروستکردنی ئێمە، دروستکەر قەرزارمان نییە بەوەی ژیانی هەتاهەتاییمان پێبدات؟

نەخێر -بەڵکو بە پێچەوانەوە. پۆڵس وەڵام دەداتەوە کە بۆچی ئێمە هەموو شتێک قەرزاری خوداین، ئەویش هیچ قەرزاری ئێمە نییە (ڕۆما ١١: ٣٤-٣٦). خودا هەموو شتێک دەزانێت، بۆیە ئێمە ئامۆژگاری ئەو ناکەین. لە ڕاستیدا، «هەرگیز هیچ شتێکمان نەداوە بە خودا کە ئەو قەرزاری ئێمە بکات وەک کەسێک کە دەبێت بیداتەوە، چونکە هەموو شتێک هەر هی خۆیەتی.» ئەمە واتا «بەو پێیەی هەموو شتەکان لە خوداوە دێن و لە ڕێگەی خوداوە بەردەوام دەبن، بۆ ئەوە بوونیان هەیە کە سەرنج بۆ شکۆمەندی ئەو ڕابکێشن نەک شکۆمەندی ئێمە. ئەم بابەتە ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤە لووتبەرزەکانە. ئەوان حەزیان لە هەموو شتێک نییە کە بۆ شکۆمەندی خودا هەیە.» پۆڵس ئەم خاڵە لە لێکچووانەی گۆزەکەر و دەفرەکەیدا دەخاتە ڕوو (ڕۆما ٩: ٢٠-٢١). دەفرەکە وەڵامی گۆزەچی ناداتەوە، چونکە «ئایا دروستکراو بە دروستکەری دەڵێ: بۆچی وا دروستت کردم؟» عیسا لە نموونەیەکدا ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن ڕۆحی مافخوازی بڕەو بە

a ئەڵقەی ١١٥٠: «ئایا ئەم ژیانە زۆر کورتە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی هەتاهەتاییمان؟» (٢٤ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).

خۆبەزلزانین دەدات (مەتا ١٨: ٢١-٣٥). خزمەتکارێک «ملیۆنان دۆلار» قەرزاری پاشا بوو، پاشای بەخشندە ئەم قەرزەی هەڵوەشاندەوە کە نەدرایەوە. لە بەرامبەردا، خزمەتکارە لێخۆشبووەکە -بەڵام خۆبەزلزانەکە- داوای بڕە پارەیەکی بچووکی قەرزی کرد لە کەسێک کە قەرزداری خۆی بوو. ئەو گریمانەیەی کە خودا دەبێ لێم خۆش بێت، وا دەکات کە هەڵوێستێکی سووکایەتیکردن بەرامبەر بە کەسانی دیکە بگرمە بەر. «ئەقڵی قەرزداربوون -"ئەی خودایە، تۆ قەرزاری منیت!"- کرۆکی لووتبەرزییە، وە ئەمە دەبێتە هۆی لەناوچوونی کەسانی دیکە. دەکرێت لە مێژوودا ئەمە ببینیت، بەڵام بیرکردنەوەی قەرزاری بۆ خودا لە هەموو شتێک -قەرزداربوون بە میهرەبانی، چاوەڕوانی هیچ شتێک نەبین بەهۆی شایستەییمان، بەڵکو تەنها بە دەستفراوانی میهرەبانی خودادا، وە هەرگیز شایەنی هیچ چاکەیەکی خودا نین- کە دەبێتە هۆی ژیانێکی ساکار و خزمەتکردنی دڵشکاوان.» پۆڵس ڕێک بەم شێوەیە باسی کردووە (ئەفەسۆس ٤: ٣٢). «ئەگەر باشتر لەوەی شایەنیت مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت، ئەوا بیرکردنەوەت هەیە بۆ ئەوەی باشتر مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکەیت لەوەی کە شایەنین.»[a]

ئایا هەڵبژاردن لایەنگری خودایی نییە؟

خودا هیچ لایەنگرییەک دەرنابڕێت. بەڵام لە هەڵبژاردنیدا پێدەچێت هەبێت. «یاقوبم خۆشویست، بەڵام ڕقم لە عیسۆ بووەوە» (ڕۆما ٩: ١٣). کەواتە ئایا خودا بێلایەنە یان لایەنگری دەکات؟ ئایا هەڵبژاردن لایەنگری خودایی نییە؟

(١) ڕاستە خودا بێلایەنە (προσωπολημψία؛ ڕۆما ٢: ١١؛ ئەفەسۆس ٦: ٩؛ کۆلۆسی ٣: ٢٥). بەڵام «بێلایەنی بە واتای یەکسان مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو کەسێکدا نییە، واتا مامەڵەکردنت لەگەڵ کەسانی دیکە لەسەر بنەمای جۆری دروستی ڕەچاوکردنەکان: ئایا لە ڕاستیدا تۆمەتبار پیاوە بکوژە؟ ئەگەر کردوویەتی، ئەوا دەچێتە زیندان. ئایا بەڕاستی منداڵەکە یاریزانێکی باشی تۆپە؟ ئیتر پێویستە لە تیپەکەدا بێت.» ئەمە بێلایەنییە. (٢) بەڵام بێلایەنی خودا بەهو واتایەیە کە هەرگیز هەڵبژاردن نییە لەسەر بنەمای «ڕەچاوکردنی ناپەیوەندیدار»، وەک پیرۆزی کەسی، سامان، دانایی، دەسەڵات، یان ڕەچەڵەک (یەکەم کۆرنسۆس ١: ٢٦-٣٠). (٣) هەڵبژاردنی خودا «لە سەر بنەمای دانایی شاراوەی خۆیەتی» (ئەفەسۆس ١: ١١). لەسەر بنەمای «ڕاوێژی خواستی ئەو»، هەندێکی هەڵدەبژێرێت چونکە بەدوای ئەوانەی دیکەوەیە (ڕۆما ١١: ٥). بەم شێوەیە، بەبێ لایەنگیری، بێفیزیەکی سەرسوڕهێنەر لە هەڵبژێردراوەکانیدا دەپارێزێت (یەکەم کۆرنسۆس ١: ٢٦-٣٠).[b]

---

a ئەڵقەی ١٠٣٢: «خودا منی بەدیهێناوە، ئیتر ئایا قەرزاری ڕزگاربوونم نییە؟» (٢٤ی نیسانی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ٣٩٩: «ئایا هەڵبژاردن لایەنگری خودایییە؟» (٤ی ئابی ٢٠١٤).

ئایا خودا خۆشەویستی زیاتر نەدەبوو ئەگەر هیچ کەسێکی دروست نەکردبا؟

بۆچی لە بنەڕەتدا خودا مرۆڤی بەدیهێناوە ئەگەر زۆرینەیان ژیانی هەتاهەتایی لە دۆزەخدا بەسەر دەبەن؟

١. پۆڵس لە ڕۆما ٩: ٢٠ ئاگادارمان دەکاتەوە. ئێمە کێین ئامۆژگاری خودا بکەین؟ «خودا دەنگ نادات لەسەر ئەوەی کە دەبێت چی بکات یان نابێت چی بکات. وە من پێم وایە ئەمە وامان لێدەکات متمانە و باوەڕمان بەوە هەبێت کە پێشوەختە زانینی چارەنووسیی هەتاهەتایی مرۆڤایەتی کاریگەری نییە لەسەر دروستکردنیان بە هەر شێوەیەک بێت.» لەژێر ئەم ڕۆشناییەدا، خودا نهێنی هەیە کە بۆ ئێمەی ئاشکرا ناکات (دواوتار ٢٩:٢٩؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٣: ٩-١٠، ١٢).

٢. ئەمە کێشەیەکە بۆ هەموومان. بۆچی خودا جیهانێک دروست دەکات کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە ببێتە هۆی ئەوەی کەسانێکی زۆر بۆ هەتاهەتایە لە دۆزەخدا ئازار بچێژن؟ ئەمە کێشەیەکە بۆ کالڤینیستەکان و ئارمینییەکان، وە ئەوانەی باوەڕیان بە یەزداناسی کراوە هەیە. کالڤینیستەکان ئەم پرسیارە دەکەن چونکە ئێمە پێمان وایە خودا پلانی بۆ هەموو ئەو شتانە داناوە کە ڕووددەن، لەوانەش حوکمدانی هەتاهەتایی. ئارمینییەکان ئەم پرسیارەیان هەیە چونکە خودا دەتوانێت پێشبینی کەوتنی مرۆڤ بکات، بڕیار دەدات بە هەر شێوەیەک بێت مرۆڤ دروست بکات. باوەڕداران بە یەزداناسی کراوە ئەم پرسیارەیان هەیە، چونکە خودا دەزانێت کە لە داهاتوودا ئەگەری جیهانێک دەبێت کە بەدیهێنراوە گوناهبارەکان تێیدا مەحکوم بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئەم مەترسییەدا ئەو بەردەوام دەبێت لە بەدیهێنان.

٣. بیر لەو وەڵامانە بکەوە کە بەردەستن. دەکرێت ببێتە بێباوەڕی، یان باوەڕداری گشتگیری، یان باوەڕی لەناوبردن؛ یان دەکرێت باوەڕت بەوە هەبێت کە خودا خراپە؛ بەڵام لە کۆتاییدا، «هیچ کام لەمانە چارەسەرێکی دڵخۆشکەر نییە.» وەڵامەکە لە کتێبی پیرۆزەوە هەڵدەقوڵێت، «ئایا نیشانە یەکلاکەرەوە و سەلمێنەرەکانی شکۆمەندی و ڕاستی خودات لە کتێبی پیرۆزدا بینیوە، وە لە کرۆکیدا، عیسای مەسیح، کە ئێوەی بەدەستهێناوە بۆ متمانەپێکراوی وشەی خودا؟ هەموو ئەم جیهانبینییانە خۆڕادەگرن یان دەکەون، نەک لە کۆتاییدا لەسەر بنەمای ئەوەی دەتوانین بیر بکەینەوە لە دەرئەنجامە پێویستە نەرێنییەکان یان ئەرێییەکانی بۆ هەر جیهانبینییەک کە ناوبژیوانی لە نێوانیاندا بکەین، بەڵکو کامیان لەگەڵ وشەی خودا دەگونجێت، کە کتێبی پیرۆزە.»

لـه کۆتاییـدا، شـکۆمەندی خـودا «تووڕەیـی و هێزەکـەی و میهرەبانییەکـەی لەخۆدەگرێـت، بـە ڕێژەیەکـی دادپـەروەر و ڕاسـت و بـاش، تەنانـەت ئەگـەر ئێسـتا نەشـتوانین بـە تـەواوی درکـی پـێ بکەیـن» (ڕۆمـا ٩: ٢٢-٢٣). بۆیـە پێویسـتە سەرسـام بیـن لـەوەی ڕزگارمـان بـووە و تامـەزرۆی یارمەتیدانـی ونبـووان بیـن. پێویسـتە بـە قوولّـی سـاکار بیـن، «دەسـتمان لەسـەر دەم و ئەژنۆمـان لەسـەر زەوی و سـەرمان بچەمێتـەوە لەبـەردەم دانایـی و پیـرۆزی و ڕاستودروسـتی و چاکـەی خـودا، لـە هەڵبژاردنـی دروسـتکردنی جیهانێـک کـە دەیزانـی تێیـدا ملیۆنـان کـەس ڕەتیدەکەنـەوە و بەهۆیـەوە بـۆ هەتاهەتایـە ئـازار دەچێـژن.»[a]

بۆچی پاداشتی ئاسمان بە شێوەیەکی نایەکسان دابەش دەکرێت؟

گوێگـران پرسـیار دەکـەن لەبـارەی دادپـەروەری خـودا لـە ئاسـمان. لـە ئەڵقەیەکـی پێشـوودا (لـە بەرنامـەی لـە قەشـە جـۆن بپرسـە ٤١٧)، قەشـە جـۆن ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە پاداشـتی هەتاهەتایـی لەسـەر بنەمـای ئاسـتی باوەڕمانـە. کەواتـە ئایـا خـودا لایەنگرییەکـی هەتاهەتایـی نیشـان دەدات بەرامبـەر بـەو کەسـانەی کـە باوەڕیـان زیاتـرە؟

ڕاسـتە. لـە پاداشـتی هەتاهەتاییـدا جیـاوازی هەیـە. ئـەم ئەنجامـە لەسـەر سـێ پایـە بنیـاد نـراوە. (١) کـەس لـە ئاسـماندا بـە پەشـیمانی و بـە خەمـەوە ناڕێـت (ئاشـکراکردن ٢١: ٤). (٢) لـە ژیانـی هەتاهەتاییـدا، دڵـی هەمـوو باوەڕدارێـک پـڕ دەبێـت لـە خۆشـی خـودا (زەبـووری ١٦: ١١). (٣) لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـەم هەتاهەتاییـە بـێ پەشـیمانییەی خۆشـی تـەواودا، کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت کـە دەکرێـت چاوەڕێـی ئـەوە بیـن کـە پاداشـتەکان لـە ئاسـتی جیـاوازدا ببینیـن دابـەش دەکرێـن، بـە پشتبەسـتن بـە ژیانـی زەمینیـمان (مەتـا ١٠: ٤١؛ لوقـا ١٩: ١٧-١٩؛ دووەم کۆرنسـۆس ٥: ١٠؛ ئەفەسـۆس ٦: ٥-٨؛ ئاشـکراکردن ٢: ٢٣). هـەر پاداشـتێکی هەتاهەتایـی دیاربیەکـی بەخشـندەیە. «ئێمـە شـایەنی نیـن. ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی خـودا بـە نیعمەتـەوە تەماشـای کارە نیعمەتەکانـی خـۆی دەکات لـە ژیانماندا، کـە لـە ڕێگـەی ئێمـەوە کاردەکات.» کەواتـە پاداشـتی ئێمـە، وەک پاداشـتی کەسـانی دیکـە، تەنهـا دەکرێـت بیسـەڵمێنێت کـە «بۆنـەی بەختـەوەری لـە ئاسـماندایە» و هەرگیـز هـۆکاری پەشـیمانی یـان «بێهیوایـی» نییـە.

کەواتـە چـۆن خاڵـی (٣) لـە ژێـر ڕۆشـنایی (١) و (٢) یەکلایـی بکەینـەوە؟ عیسـا دەڵێـت کـە کەسـانی بەخشـندە لـەم ژیانـەدا پاداشـتی زیاتـر وەردەگـرن، کـە لـە وێنـەی جامەکانـی پێوانـە هاتـووە (لوقـا ٦: ٣٧-٣٨). لـە ڕاسـتیدا ئێمـە پاداشـتی هەتاهەتاییـمان بـەو پێـوەرە دەپێویـن کـە

---

a ئەڵقـەی ١٤٨٩: «ئایـا خـودا خۆشەویسـتر دەبـوو ئەگـەر هیـچ کەسـێکی بەدینەهێنابـووا؟» (٢٢ی حوزەیرانـی ٢٠٢٠). لـە دە سـاڵەی یەکەمـی ئیمەیڵـەکان بـۆ پەخشـەکە، ڕۆمـا ٩: ٢٢ بەبـێ ڕکابـەر زۆرتریـن باسـی لێـوە کـراوە لـە دەقـی کتێبـی پیـرۆز. بڕوانـە ئەڵقـەی ١٧٢٠: «ئایـا ئەوانـەی هەڵنەبژێـردراون دەرفەتـی تۆبەکردنیـان هەیـە؟» (٢٠ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٢١) وە ئەڵقـەی ١٨٢٧: «ئایـا دوو چارەنووسـی پێشـوەختە بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆزە؟» (٢٦ی ئابـی ٢٠٢٢).

لـه بەخشـینی دڵخۆشـکەرمان لێـرەدا بـەکاری دەهێنین. «کەواتـە ئایـا ئەوانـەی کەمێـک بـە خـودا دەبەخشـن، کەموکوڕییـان دەبێـت یـان کەمییـان دەبێـت لـە پـڕی خۆشـییان؟ نەخێـر، بـەم شـێوەیە نابێـت، چونکـە عیسـا دەڵێـت: «پێوانەیەکـی چاکـی پەسـتێنراوی هەژێـنراوی لێڕژاوتـان دەخرێتـە بـاوەش.» تـۆ پـڕ دەبیـت، بەڵکـو لـە پـڕی زیاتـر. ئەمـە هەمـووی نیعمەتـە. بـەڵام -ئەمـە لێکدانـەوەی منـە- توانـات بـۆ پڕبـوون دیاریکـراوە، بـە بەخشـندەییت بـۆ کەسـانی دیکـە.[a]

جیاکارییـەکان لـە ژیانـی هەتاهەتاییـدا ژەهـراوی نیـن و هەرگیـز نابێتـە هـۆی ئیرەیـی هەتاهەتایـی و ناڕەزایـی و پەشـیمانی. ئەمـە چـۆن دەکرێـت؟ ئایـا لەبـەر ئەوەیـە کـە ئێمـە لـە جیاکارییـەکان بـێ ئـاگا دەبیـن؟ نەخێـر. دەکرێـت چونکـە ئاسـمان شـوێنی هاوبەشـی تـەواو و خۆشـی تەواوەتییـە. پڕبوونەکـە لەسـەر بنەمـای ئـەو توانـا جیاوازانەیە کـە هەریەکەمـان دەیبێت بـۆ وەرگرتنـی ئـەم خۆشـییە. جیـاوازی پاداشـتەکانمان لـە جیـاوازی تواناکانمانـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. هەموومـان پـڕ دەبیـن لـە خۆشـی، بـەڵام قەبـارەی خۆشـیمان جیـاواز دەبێـت. وە هیـچ نهێنییـەک نابێـت. ئەوانـەی کـە قەبارەیەکـی پڕتـر لـە خۆشـییان هەیـە کەسـانی دیکـە هەسـتی پێدەکـەن، بەڕاسـتی و بەبـێ ئیرەیـی بـۆی دڵخـۆش دەبـن. وە ئەوانـەی کـە هەسـت بـە قەبارەیەکـی کەمـتری دڵخۆشـی دەکـەن لـە کەسـانی دیکـە، بەهـۆی جیاوازییەکـەوە خۆبەزلـزان نابـن بەڵکـو زیاتـر پاڵنەریـان بـۆ دروسـت دەبێـت بـۆ ئـەوەی خۆشـی خۆیـان هاوبـەش بکـەن. هاوبەشـی هەتاهەتاییـمان دەبێتـە هاوبەشـییەکی تـەواو داڕێـژراو، تەنانـەت لەگـەڵ جیـاوازی پاداشتەکانیشـمان (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٢: ٢٦).[b]

کەواتـە، بەڵـێ، ئـەو کارانـەی ئێسـتا ئەنجامـی دەدەیـن پەیوەندییـان هەیـە بـە پاداشـتی هەتاهەتاییمانـەوە (ئەفەسـۆس ٦: ٨؛ یەکـەم کۆرنسـۆس ٣: ١٤-١٥؛ دووەم کۆرنسـۆس ٥: ١٠). لـە هەتاهەتاییـدا «پلـەی جیـاوازی شـکۆمەندی دەبێـت -نـەک ئـەوەی مرۆڤـی ناپیـرۆز لـە ئاسـمان هەبـن، یـان مرۆڤـی بـێ شـکۆمەند لـە ئاسـمان، یـان مرۆڤـی دڵتەنـگ لـە ئاسـمان، بەڵکـو هەمـووان توانـای تەواویـان دەبێـت، بـەڵام توانـاکان جیـاوازن.» تێگەیشـتنێک بـۆ جیـاوازی دەبێـت، بـەڵام ئیرەیـی و شـانازیکردن بـۆ جیاوازییـەکان نابێـت، تەنهـا سـاکارییەکی تـەواوە. پاداشـتە جیاوازەکانـی ئاسـمان بـۆ هەمـووان دیـار دەبـن، لەنـاو پلەبەندییەکـی بـێ گوناهـی بێفیـزی تـەواودا.[c]

---

a ئەڵقـەی ٩٩٦: «ئایـا هەندێـک کـەس لـە ئاسـمان خۆشـی زیاتریـان دەبێـت لـە کەسـانی دیکـە؟» (٣٠ی کانونـی دووەمـی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ١١٨٨: «بۆچی هەندێکمان لە ئاسمان پاداشتی کەمتر وەردەگرین؟» (٢٣ی نیسانی ٢٠١٨).

c ئەڵقەی ٥٤٩: «ئایا هەندێک لە پیرۆزەکان لە ئاسمان دڵخۆشتر دەبن؟» (١٠ی ئازاری ٢٠١٥).

ئازار و قوربانیدان و چێژبەخشی مەسیحی

کتێبی قەشە جۆن، بە ناوی «خواستی خودا»، لە ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکرایەوە. کاتێک بڵاوکرایەوە، مزگێنیدەرێک ڕەخنەیەکی توندی لێگرت و ناوی برد بە «گەرمکردنەوەی یەزداناسی چینی ناوەڕاستی ئەمریکایی، تەنها سەرنجی لەسەر هەستکردنە بە دڵخۆشی.» ڕەخنەکە بانگەشەی ئەوەی کرد، ئەوەی دڵخۆشت دەکات بیکە، ئەگینا گوناە دەکەیت. ئەم ڕەخنەیە لە خوێندنەوەیەکی هەڵەوە هاتبوو، بەڵام پاڵنەرێک بوو بۆ پاپەر کە باشتر پەرە بە یەزداناسیگەرایی ئازارەکانی خۆی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستەواژەی پۆڵس «خەمبار، بەڵام هەردەم دڵشاد» بووە «دروشمێک» بۆی (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠). «لە هەموو پێچ و پەنایەکی ڕێگای ئەم ژیانە کەوتووەدا خەم هەیە، نەک تەنها لەبەر ئەوەی شتەکان بۆ ئێمە قورسن، بەڵکو ئێستا لەم جیهانە سەردەمییەدا [سەردەمی میدیا] دەتوانین بەردەوام و لە هەموو شوێنێکدا تەماشای ئازارەکانی خەڵک بکەین.» ژیانی مەسیحی بە درێژایی کات و بەردەوام خۆشحاڵییە، بەڵام ئێمە هۆکارمان هەیە بۆ ئەوەی بەردەوام بگرییین (ڕۆما ١٢: ١٥). خەم هەرگیز لەم ژیانەدا کەم نابێتەوە. کەواتە «ئەگەر خۆشگوزەرانی مەسیحی نەتوانێت گەلێک دروست بکات کە بتوانێت لە هەمان کاتدا بگرییێت و دڵشادیش بێت، با تەنها دەرگاکانمان دابخەین، چونکە پێویستە هەمیشە بگرییین، وە پێویستە هەمیشە دڵشاد بین، وە هەمیشە هۆکار هەیە بۆ ئەوەی هەردووکی بکەین لە ژیانماندا.» ئێمە هەمیشە لە ناو خۆماندا، لە یەک کاتدا، خەم و خۆشی هەڵدەگرین. کەواتە ئازار بووە بەشێکی سەرەکی لە یەزداناسیگەرایی خۆشگوزەرانی مەسیحی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گریمانەیەی کە چێژبەخشی مەسیحی تەنها "یەکێکی دیکەیە لەو یەزداناسیگەراییە ئەمریکاییەی کە چینی ناوەندە هەست بە باشی دەکات"، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا مەبەستم بە تەواوی ئەوە بوو کە لەناوبردن و هێرشکردنە سەر لێڕاهاتنێکی ئاسوودەیە لەگەڵ شێوازی ئەمریکایی، کە پێموایە چێژەکەی لە شتەکاندا دەبینێتەوە نەک لە خودا.»[a]

ئایا خودا لەوە زیاترم پێ دەبەخشێت کە لە توانامدا بێت؟

ئەم پرسیارە لە دوو کۆمەڵە پرسیار و چوار وەڵامی ئەگەری پوخت دەکرێتەوە.

پرسیاری یەکەم: (A) چۆن مامەڵەکردن پەیوەندی بە تواناکانمانەوە هەیە؟ (A١) ئایا ئەمە بەو واتایەیە کە خودا «توانا سەربەخۆکانمان لەبەرچاو دەگرێت بە پشتبەستن بە پێشینەی

a ئەڵقەی ١٢١: «ئازار و قوربانیدان و چێژی مەسیحی» (٢٧ی حوزەیرانی ٢٠١٣).

مامەڵەکردنمان لەگەڵ کێشەکان» وە دواتر «ئەو کێشەیە بۆ ئێمە بەو شێوەیە دەپێوێت کە لەوە زیاتر تێنەپەڕێت، کە ئێمە -بە سەربەخۆیی، بە سەرچاوەکانی خۆمان- دەتوانین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین»؟ یان (A2) بەو واتایە دێت کە ئێمە دەتوانین مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین «ئەگەر بە باوەڕ بە یارمەتی خودایی وەریانبگرین؟»

پرسیاری دووەم: (B) چۆن مامەڵەکردن پەیوەندی بە شکستی کەسییەوە هەیە؟ (B1) تۆ مامەڵە لەگەڵ هەموو شتێک دەکەیت -واتا هەرگیز شکست ناهێنیت، بەڵکو هەر سەرکەوتوو دەبیت. یان (B2) تۆ شکست دەهێنیت، بەڵام هێندە خراپی نا «کە هەرگیز چاک نەبیتەوە یان تۆبە نەکەیت یان ئاشتەوایی نەگەڕێنیتەوە، وە هەرگیز بەهۆی شکستەکەت گومڕا نابیت.»

پۆڵس بەڵێن دەدات کە هیچ ئەزموونێک (یان تاقیکردنەوەیەک) «بەسەرتدا زاڵ نابێت،» چونکە خودا «نایەڵێت لە سەرووی توانای خۆتان تاقی بکرێنەوە» (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٣). واتا «خودا تووشی لە توانای خۆت زیاتر ناکات،» بە واتای ئەوەی «نەک لەوە زیاتر کە بە یارمەتی خودا توانات هەیە.» لە ئەزموونداا، نیعمەتتان دەبێت (دووەم کۆرنسۆس ٩: ٨). ڕزگاربوون لە ئەزموونەکان -مامەڵەکردن لەگەڵیان- کاری خودا لە ئێمەدا شکۆدار دەکات، نەک لە هێزی خۆمان بۆ بەرگەگرتن (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ١٠).

وە بەرگەگرتن بەو واتایە نییە کە ئێمە هەرگیز شکست ناهێنین. نەخێر، ئێمە تووشی کۆسپ دەبین، بەڵام خودا کارەکانی خۆی لە ئێمەدا دەگەیەنێتە تەواوەتی، کاتێک لە شکستی ڕۆحی کۆتایی دەمانپارێزێت (لۆقا ٢٢: ٣١-٣٢؛ ڕۆما ٨: ٣٠؛ یەکەم کۆرنسۆس ١: ٨؛ فیلیپی ١: ٦؛ یەکەم پەترۆس ١: ٥). «خودا هەرگیز ڕێگە نادات هێندە تووشی کۆسپ بین یان هێندە شکست بهێنین کە چاک نەبینەوە و تۆبە نەکەین و نەگەڕێینەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، هەرگیز ڕێگە نادات گوناە بکەین و تووشی هەڵگەڕانەوە و لەناوچوون بین.» کەواتە وەڵامی کۆتایی بۆ پرسیارەکانی A1 و B1 نەخێرە، وە بۆ پرسیارەکانی بۆ A2 و B2 بەڵێیە.[a]

شێرپەنجە کوێری کردم؛ من تەمەنم تەنها بیست ساڵە

قەشە جۆن دان بەوەدا دەنێت کە «هەست بە ئەگەری کوێربوون دەکەم بەو شێوەیەی کە هەست دەکەم بە ئازارەکانی کۆتایی ژیانم یان چەوسانەوە یان ئەشکەنجەدان. هەندێک جار پرسیار دەکەم ئایا نیعمەتی ئەمڕۆ یارمەتیدەرمە بۆ ئەم تاقیکردنەوەیەی ئەمڕۆ. وە دەزانم کە ئەمە شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکان نییە -کە ئەگەر بتوانم بەرەنگاری تاقیکردنەوەی کوێربوون یان ئازار یان ئەشکەنجەی کۆتایی ژیان ببمەوە، ئەوا پێویستم

a ئەڵقەی ٦٩٤: «ئایا خودا هەرگیز زیاترمان پێ دەبەخشێت لەوەی کە دەتوانین بەرگەی بگرین؟» (٢٨ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

بـه نیعمەتێکـی تایبـەت دەبێـت، نیعمەتێکـی دیاریکـراو، لـەو سـاتەدا بـۆ ئـەو تاقیکردنـەوە زۆر تایبەتـەی کـە ڕووبـەڕووم دەبێتـەوە.»

بـۆ نابینایـان، چـوار پێشـنیار هـەن. (١) ڕۆژ بـە ڕۆژ لەگەڵیـدا بژیـن. نوێـژ بکـە لەپێنـاو «نیعمەتێکـی تایبـەت، دیاریکـراو، ورد، داڕێـژراو بـۆ ئـەم بارگرانییـە تایبەتـەی کوێـری». بـەڵام بزانـە کـە ناتوانیـن بـە میهرەبانییەکانـی داهاتـوو بژیـن، چونکـە «بەزەییەکـی نـوێ و تایبـەت لەلایـەن خـوداوە هەیـە بـۆ هەمـوو نارەحەتییەکـی نـوێ و تایبـەت کە هـەر ڕۆژێـک دەیهێنێت» (شـینەکانی یەرمیـا ٣: ٢٢-٢٣؛ مەتـا ٦: ٣٤). (٢) لێکۆڵینـەوە بکـە لـە ژیـان و شـایەتیدانی جۆنـی ئیریکسـۆن تـادا، کـەوا لـە هـەر چـوار پەلـی ئیفلیـج بـوو. (٣) بەبـێ خۆنمایشـکردن و ڕۆمانسـی یـان خـەون، بەڵکـو بـە ڕاسـتەقینەییەکی تـەواو، بزانـە کـە ئـەم ژیانـە «زۆر زۆر کورتـە» (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ١٧). ناخۆشـییەکانمان کاتیـن، پۆڵـس مەبەسـتی ئەوەیـە تەنهـا تەمەنێـک بـوو. کەواتـە تاقیکردنەوەکانمـان تەنهـا «ماوەیەکـی کـەم» بـەردەوام دەبـن (یەکـەم پەتـرۆس ١: ٦). تەمەنێـک بەسـەردەچێت (یاقـوب ٤: ١٤). کەواتـە دەبێتـە «پەرجووێکـی سەرسـوڕهێنەر و لـە خـوداوە» کـە لەنـاو ئـەو «متمانـە خۆشـە»دا بژیـم کـە لـە کاتـی هەناسـەیەکدا جارێکـی دیکـە دەبینمـەوە! (٤) لـە جیهانێکـدا کـە کوێـر بـووە لەئاسـت هەتاهەتایـی، داوا لـە خـودا بکـە چاوەکانـت بکاتـەوە لەسـەر هیـوای هەتاهەتایـی خـۆی (ئەفەسـۆس ١: ١٨). بـۆ نابینایـان، بیـر لـەوە بکـەرەوە کـە «ملیۆنـان کـەس چـاوە تەندروسـت باشـەکانیان بەکاردەهێنـن و تەماشـای جیهانـی سروشـتی دەکـەن و شـکۆمەندی خـودا نابینـن.» تەنانـەت لـە مـاوەی ژیانـی عیسـا لەسـەر زەویـدا، «هـەزاران کـەس چـاوە تەندروسـت باشـەکانیان بەکاردەهێنـا و لـە جەسـتەدا تەماشـای کـۆڕی خودایـان کـرد و شـکۆمەندی تاقانـە لەدایکبـووی باوکیـان نەبینـی» (مەتـا ١٣: ١٠-١٧). ئەمـڕۆ «ملیۆنـان کـەس بـە گوێچکـە تەندروسـت باشـەکانیان گـوێ لـە ئینجیـل دەگرن و بـە چـاوە تەندروسـت باشـەکانیان لاپـەڕە بەهادارەکانـی کتێبـی پیـرۆز دەخوێننـەوە و ڕووناکـی ئینجیلـی شـکۆمەندی مەسـیح نابینـن.» ئـەو کوێربوونـە «گەورەتریـن کارەسـاتە لـە جیهانـدا.»[a]

پێش گەیشتنی ئازارەکە ئامادەکاری بۆ هاتنی بکە

بـە شـایەتی چـل و پێنـج سـاڵ ئەزموونـی خزمەتکـردن، «ئاڕاسـتەیەکی کتێبـی پیـرۆز بـۆ ئـازارەکان» بـە قووڵـی خزمەتێکـی زۆری بـە زۆر کەس کـردووە لـە بەرگەگرتنی سـەختییەکانیان و زیاتـر واتادارتـر کردنـی.

کتێبـی پیـرۆز دوو ڕێنمایـی سـەبارەت بـە ئـازارەکان دەخاتـە ڕوو. (١) لـەم ژیانـەدا هەتـا دەتوانیـت ئـازارەکان ئـارام بکـەرەوە، وە (٢) «هەتـا دەتوانیـت زۆرتریـن گرنگـی شـکۆداری مەسـیحی لـێ دەربهێنـە» لـە ئازارەکانـت. لـەوەی (١)، دراوسـێکانت خۆشـبوێت بـە کەمکردنەوەی

a ئەڵقەی ٨٣٤: «ژیانی گەنجی من لە ڕووی جەستەییەوە تێکچووە -ئێستا چی بکەم؟» (١١ی نیسانی ٢٠١٦).

ئازارەکانیان. بۆ نموونە، تیمۆساوس ڕووبەڕووی نەخۆشی درێژخایەن بووەوە کە بە ڕوونی ئازاربەخش و پەکخستنی بوو. بۆیە پۆڵس پێشنیاری شەرابی بۆ کرد، کە دەرمانێکی کۆن بوو (یەکەم تیمۆساوس ٥: ٢٣). لە (٢)، چوار خاڵی سەرەکی. (i) ئازار پێویستە (یەکەم پەترۆس ١: ٦-٧). «تەنها خودا دەزانێت کەی ئازارەکانمان پێویستن (δεῖ)،» وە تەنها ئەو «دەزانێت چۆن بە ئاگر تاقیمان بکاتەوە بۆ ئەوەی زێڕەکەمان -باوەڕمان- پاک بێتەوە و لەناو نەچێت.» بۆیە ئێمە پابەند دەبین بەو بەڵێنەی کە ڕەنگە ئازار پێویست بێت، بەڵام «لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ستایش و شکۆمەندی و ڕێزگرتن لە ئاشکراکردنی عیسا.» (ii) ئازارەکان فرێمان دەداتە ناو باوەشی نەبیندراوی خودا (دووەم کۆرنسۆس ١: ٨-٩). (iii) ئازارەکان قورسایی هەمیشەیی شکۆمەندی بەرهەم دەهێنێت کە لە داهاتوودا دێت (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٦-١٨). (iv) هیوا بە خودا لە تاڵیی دەمانپارێزێت (ڕۆما ٨: ٢٢-٢٣). «هیچ کام لە بەڵێنەکانی خودا ڕێگریمان لێ ناکەن لە ناڵەی ئازارەکانمان، بەڵام ڕێگری دەکەن لەوەی ناڵەمان ببێتە تاڵی و بێهیوایی. بێواتایی و نەهامەتی دەگۆڕن بۆ چاوەڕوانییەکی شکۆمەند.»[a]

یەکەم نامەی پەترۆسە کڕۆکی ئامادەکاری ئەم کارەیە، «زیاتر لە هەر سیپارەیەکی دیکەی پەیمانی نوێ، پڕە لە ئازارچێژتن. سەرنجی لەسەر ئازارە و دەربارەی فێردەکات و خەڵک بۆ ئازار ئامادە دەکات.»[b] ئەم بابەتە بووەتە بانگەوازی تایبەتی جۆن پایپەر و خزمەتی «خواستی خودا» -بۆ «یارمەتیدانی خەڵکی بۆ ئامادەکاری ئازار» وەک ئەوەی لە یەکەم پەترۆس ٤: ١٢-١٩ فێر دەکرێین، هەرچەندە «تەواوی یەکەم نامەی پەترۆس داڕێژراوە بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵکی بدات کە خۆیان بۆ ئازارەکان ئامادە بکەن.» سەبارەت بە پیاو و خزمەتێک کە هێندە جەخت لەسەر سەروەری خودا دەکاتەوە، «بارگرانییەکی دیاریکراو هەیە کە هەستی پێدەکەیت -لانیکەم هەستی پێدەکەم- بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵکی بدات لەوە تێبگەن کە چۆن ئەم سەروەرییە مژدەیەکی خۆشە لە ئازارەکاندا، نەک هەر تەنها لە کاتە ئاسانەکاندا.»[c]

بۆ ئامادەکاری بۆ ئازار، پێشوەختە چوار شت لەبەرچاو بگرە. (١) بە ئاگادارییەوە مەسیح لە سەرووی هەموو شتێک هەڵبژێرە. (٢) هەموو ئەو بەخششانەی خودا بەخشیویەتی بەکاریبهێنە بۆ ئەوەی لە مەسیح نزیکتر ببیتەوە. (٣) لە ژیاندا ڕوونی بکەرەوە کە جیهان گەنجینەی تۆ نییە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢٩-٣١). (٤) وە ئامادەبە لە مەسیحدا دەستبەرداری هەموو شتێک ببیت و لەدەستی بدەیت (لۆقا ١٤: ٣٣؛ فیلیپی ٣: ٨).[d]

یەکەم هەنگاو لە ئامادەکاری بۆ ئازار بریتییە لە نووسینی لە تۆماریکدا. لە ستوونێکدا

a ئەڵقەی ٩٢٢: «ئێستا خۆت بۆ ئازارەکان ئامادە بکە» (١٨ی ئابی ٢٠١٦).

b ئەڵقەی ٦٢٨: «چۆن کاردانەوەمان هەبێت بۆ هەواڵی کارەساتەکان؟» (٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ٦٨٢: «ئایا مەسیحییە ئاسوودەکان سازش دەکەن؟» (١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

d ئەڵقەی ٦٩٦: «ئایا نێتفلێکس مەسیح بەهادارتر دەکات لەلای تۆ؟» (٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

هەموو ئەوانە بنووسە کە ئێستا هەتە و وەک زیان بیژمێرە. لە ستوونی دووەمدا، مەسیح وەک قازانج هەژمارد بکە (فیلیپی ٣: ١-١١). «بەم شێوەیە خۆت بۆ ئازار ئامادە دەکەیت. سیستەمی بەهاکانت پێچەوانە دەکەیتەوە.» هەموو بەیانییەک لە خەو هەڵدەستیت و بە ئاگادارییەوە (ἡγέομαι) دەژمێری و ئەم نووسراوانەی ناو تۆمارە سەرەکییە لە مێشکتدا جێگیر دەکەیت.[a] لە ئینجیلی خۆشگوزەرانیدا هیچ تۆمارێکی گەورەی زیانەکانی نییە، ئەمە دەیسەلمێنێت کە بێدەسەڵاتە لە ئامادەکردنی باوەڕداران بە مەسیح بۆ ئەوەی بە باشی ئازار بچێژن.[b]

چۆن منداڵەکانمان بۆ ئازارچێژتن ئامادە بکەین؟

قەشەکان ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگاری (و دەرفەتە) دەبنەوە کە کەسانی دیکە بۆ ئازارچێژتن ئامادە بکەن. دایک و باوکیش ڕووبەڕووی ئەگەری پەروەردەکردنی منداڵ دەبنەوە لە جیهانێکدا کە تێیدا ئازار دەچێژن. چۆن ئەم منداڵانە بۆ ئازارەکانی داهاتوو ئامادە بکرێن؟ لەم ئەرکە گرنگەدا سێ ڕەچاوکردن ڕێنمایی دایک و باوکان دەکەن: جیهانبینی، تەمبێکردن و پێشەنگی.

١. جیهانبینی. فێریان بکە کە جیهان بە باشی بەدیهاتووە. بەڵام بەهۆی گوناهەوە تێکشکاوە (ڕۆما ٣: ٢٣). شتەکان بەو شێوەیە نین کە بڕیاربووە هەبن. گوناە مردنی هێنایە ئاراوە، مردنیش بە واتای ئازار دێت (ڕۆما ٥: ١٢؛ ٨: ٢٠). هەموو بەدیهێنراوان پەرۆشن بۆ ئەوەی لەم ئازارە ڕزگاریان بێت (ڕۆما ٨: ٢٢-٢٣). بەڵام خودا بەسەر هەموو شتێکدا سەروەر دەمێنێتەوە و هەرگیز خواستەکانی ئەو شکست ناهێنێت (ئیشایا ٤٦: ٩-١٠). ئەو لە کەش و هەوای خراپ، زریان، لافاو، ڕەشەبا، ئاژەڵە مەترسیدارەکان و ڤایرۆسە بکوژەکان بەهێزترە. «ئەو لە هەموو شتێک بەهێزترە. منداڵان پێویستیان بە بیستنی ئەمە هەیە. ئەوان لە ئێمە خێراتر لە باوەشی دەگرن. هەرگیز «ئەو بڕوایە بە منداڵەکانتان مەدەن کە ئازارەکان بەهۆی بێدەسەڵاتی خودا بوونیان هەیە.» هەروەها ئینجیلیان بۆ ڕوون بکەرەوە. مەسیح هەموو ئەو ئازارانەی هەڵگرت کە گوناهی ئێمە شایەنیەتی. «بۆیە هەموو ئەو ئازارانەی کە دێنە ناو ژیانی باوەڕدارێک بە مەسیح، لەبەر ئەوە نییە کە خودا لە تووڕەیی خۆیدا سزای دەدات -ئای، با منداڵان لەمە تێبگەن! بەڵکو، ئەمە تەمبێکردنی باوکانەی خودایە لەپێناو پیرۆزیدا» (عیبرانییەکان١٢: ٣-١١؛ یەکەم پەترۆس ١: ٥). لە هەموو ئازارە بە ئێشەکاندا، خودا چاک و دانا و خۆشەویستە و مەبەستێکی باشی بۆ ئێمە هەیە (ڕۆما ٨: ٢٨). ئێمە لە هەموو

a ئەڵقەی ١٨٥٣: «هەنگاوی یەکەم لە ئامادەکاری بۆ ئازار» (٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢).

b ئەڵقەی ٦٨٩: «چۆن یارمەتی هاوڕێیان بدەین ڕزگاریان بێت لە ئینجیلی خۆشگوزەرانی» (٢٠ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

شـتێک سـەبارەت بـە ئـازارەکان تێناگەیـن، بـەڵام «ئێمـە لـەوە تێدەگەیـن کـە خـودا فێـری کردووێـن، ئەویـش ئەمەیـە کـە ئـەو سـەروەرە، چاکـە، هەمیشـە مەبەسـتی هەیـە بـۆ خۆشـی هەتاهەتاییـمان.» لـە کۆتاییـدا هەمـوو شـتێک ڕاسـت دەکاتـەوە (لۆقـا ١٤: ١٤؛ ڕۆمـا ١٢: ١٩). «منداڵەکـەت تێـر بکـە لـەم جیهانبینییـە.»

٢. تەمبێکـردن. منـداڵان بـە «پتەوییەکـی گونجـاو» تەمبـێ بکـە (پەنـدەکان ١٣: ٢٤؛ ئەفەسـۆس ٦: ٤). تەمبێکـردن یارمەتـی منـداڵان دەدات فێربن بڵێـن نەخێر بۆ ئارەزووی خۆپەرسـتانە (گەلاتیـا ٥: ٢٢-٢٣؛ کۆلۆسـی ٣: ٥). بەبـێ ئەمـە، ئارەزووەکانـی خۆیـان «لەناویـان دەبـات.» بـە «نازپێدانـی منـداڵ، بەبـێ هیـچ کاردانەوەیەکـی جەسـتەیی بـۆ ڕەفتـارە سـەرپێچیکارەکانیان،» ئـەوا تـۆ شکسـت دەهێنیـت لـە ڕاهێنانیـان بـۆ بینینـی تەمبێکردنـی خـودا کاتێـک دەگاتـە شـێوەیەکی فیزیکـی داهاتـوو.

٣. پێشـەنگی. لـەم سـێ خاڵـەدا، «ڕەنگـە ئەمـە گرنگتریـن خاڵ بێـت: پێویسـتە پێشـەنگی متمانـە و دڵخۆشـی بیـن بـۆ منداڵەکانمـان، لەنـاو ئـازار و خەمەکانـی خۆمانـدا کـە ئـەوان چاودێـری ئێمـە دەکـەن.» بـا لەبەرچاویانـدا گوێرایەڵـی خۆمـان بـۆ مەسـیح پەیـڕەو بکەیـن (ڕۆمـا ٥: ٣؛ یاقـوب ١: ٢). «گەورەتریـن ئاڵنـگاری» بـۆ دایـک و بـاوک «بـە پلـەی یەکـەم بیرهێنانـەوەی هەمـوو ئـەو شـتانە نییـە کـە پێویسـتە لـە کتێبـی فێرکاری مەسـیحی فێربکرێـن، بەڵکـو بـە پلـەی یەکـەم ئەوەیـە کـە دایـک و باوکێک گەشـە بکات لـە نیعمـەت و سـاکاری و متمانـە و خۆشـی، لـە هەمـوو هـەوراز و نشـێوەکانی ژیانـدا.» چونکـە «کـەم شـت هەیـە هێزێکـی گەورەتـری هەبێـت لـە ژیانـی منداڵەکانمانـدا بـۆ ئـەوەی یارمەتییـان بـدات لـەوەی وەک مەسـیحییەک ئـازار بچێـژن» لـەوەی کـە ببینیـن دایـک و باوکیـان بـە باوەڕێکـی سـاکارەوە بەرگـەی ئـازارەکان دەگـرن.[a]

چۆن لە ئازارچێژتنمدا واتا بۆ ژیان بدۆزمەوە؟

کاتێـک ژیـان بـە شـێوەیەکی تایبەتـی ئازاربەخـش دەبێـت، وە ئـەو ئازارانـە پرسـیار سـەبارەت بـە واتـای ژیـان لـە مێشـکمان دەوروژێنـن، لـە کوێـدا واتـا دەدۆزینـەوە؟

١. کێشـەکە. «ئایـا جیهـان بـە هەمـوو جوانـی و ناشـیرینییەکانی، خۆشـی و نالّـە نالّـی، خۆشەویسـتی و ڕق، چێـژ و ئـازار، ڕێـزداری و قسـەی ناشـیرین، میهرەبانـی و سـووکایەتی، خۆپەرسـتی و قوربانیدانـی- ئایـا جیهانێکـی وەک ئـەوەی ئێمـە ئامانجێکی دانایـی، چـاک، دادپـەروەر و تێرکردنـی هەیـە لـە ژێـر چاودێـری خودایەکـی تـەواو دانـا و تـەواوی توانایـی؟» شـەیتان دەیەوێـت تـۆ بڵێیـت نەخێـر! ئـەو دەیەوێـت «هەمـوو شـوێنەواری متمانـەت لـێ دابماڵێـت کـە خـودا دانـا و چـاک و دادپـەروەر و پیـرۆزە، وە

a ئەڵقەی ٩٤٨: «چۆن منداڵەکانمان ئامادە بکەین بۆ ئازارچێژتن؟» (١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦).

خـودا لـه هەمـوو شـتێکدا پێکـەوە کاردەکات بـۆ مەبەسـتێکی گـەورە.» ئـەو دەیەوێـت وا بیـر بکەیتـەوە کـە ئـەم جیهانـە بـێ واتـا و بـێ ئامانجـە (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٥: ٣٢).

٢. وەڵامەکـە. دەبێـت شمشـێری ڕۆحـی پیـرۆز وەربگریـت و بەرپەرچـی بدەیتـەوە. کتێبـی پیـرۆز بکـەرەوە بـۆ ئـەوەی بزانیـت کـە واتـای ژیـان بریتییـە لـە ناسـینی خـودا، وە چێژوەرگرتـن لـە خـودا، وە ڕەنگدانـەوەی هەندێـک لـە جوانییەکانـی خـودا وەک ئـەوەی ئێمـە لـە مەسـیحدا دەیناسـین، وە ڕۆژێـک بـۆ بینینـی بـە تـەواوی و چێژوەرگرتنـی بێکۆتایـی لێـی.» واتـای ئـەم ژیانـە «ئاسـوودەیی نییـە لـەم جیهانـەی ئێسـتا، ڕزگاربـوون نییـە لـە ئازارەکانـی ئێسـتا، لەدەسـتدانی زیانەکانـی ئێسـتا نییـە، زۆرتریـن چێـژی جەسـتەیی ئێسـتا نییـە، کۆکردنـەوەی دەوڵەمەنـدی ئێسـتا نییـە، بەدەسـتهێنانی هیـچ ناوبانگێـک نییـە لـە ئێسـتادا، مافـی هیـچ تەندروسـتییەکی ئێسـتا نییـە، ئـەوە نییـە کـە ئێسـتا بـە ڕێـز و دادپەروەرییـەوە مامەڵەمـان لەگەڵـدا بکرێـت.»

گونـاە هەمـوو شـتێکی گەنـدەڵ کـرد. وە لـەم گەندەڵیـەدا، خـودا هـات بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی کوڕەکەیـەوە ڕزگارمـان بـکات. بۆیـە دەتوانیـن بـە ئینجیـل شـاد بیـن و بـە هیـوای ئـەوەی کـە لـە داهاتـوودا هەیـە شـاد بیـن (ڕۆمـا ٥: ٢). ئـازارەکان کۆتاییـان دێـت. لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەو هیوایـەدا، باوەڕمـان ئەزمـوون دەکرێـت و پاڵاوتـە دەکرێـت (یەکـەم پەتـرۆس ١: ٣-٩). خـودا مەبەسـتی ئەزموونمانـە. «واتـای ئـازار لـەم ژیانـەدا پاڵاوتنـی باوەڕە بـە ئاگـری تاقیکردنـەوە جۆراوجـۆرەکان، بـۆ ئـەوەی خـودا بناسـین و خودامـان خۆشـبوێت و خـودا بەهادارتـر نیشـان بدەیـن لـە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە ئاگـرەکان دەیسـوتێنن. عیسـای مەسـیح بـە دیاریکـراوی ئـازاری چێـژت بـۆ ئەوەی بـەم تاقیکردنـەوە ئاگرینانـەدا تێپەڕێـت، کـە پاڵاوتـە و پاککراونەتەوە، بـۆ خۆشـی هەتاهەتاییـمان» (یەکـەم پەتـرۆس ٣: ١٨). بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ئـەم ناخۆشـییە سـووک و کاتییانـە قورسـاییەکی هەتاهەتایـی شـکۆمەندیمان بـۆ ئامـادە دەکـەن کـە بـە هیـچ بـەراورد ناکرێـت (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ١٧).[a]

خـودا ئەزموونمـان دەکات؛ تاقیـمان ناکاتـەوە. ئـەوەی کـە هەمـان وشـەی یۆنانـی بـۆ ئەزمـوون و تاقیکردنـەوە بەکاردەهێنرێـت (πειράζω؛ لـە یاقـوب ١: ٢، ١٣) پێویسـتی بـە ڕوونکردنەوەیەکـی ورد هەیـە.[b]

چۆن ئازارەکانی من ئازارەکانی مەسیح تەواو دەکەن؟

پۆڵسـی نێـردراو بوێرانـە دڵخـۆش بـوو بـە ئازارەکانـی خزمەتەکـەی، چونکـە لـەو ئازارانـەدا، گوتـی: «ئێسـتا دڵشـادم بـە ئازارەکانـم لەپێنـاوی ئێـوەدا و پاشـماوەی تەنگانـەی مەسـیح لـە

a ئەڵقەی ١٥٩٠: «واتای ژیان چییە؟» (١٩ی شوباتی ٢٠٢١).

b ئەڵقەی ١٨١٥: «ئایا هەرگیز خودا ئەزموونمان دەکات تووشی گوناە بین؟» (٢٩ی تەممووزی ٢٠٢٢).

جەستەی خۆمدا تەواو دەکەم، لەپێناوی جەستەی ئەو، کە کڵێسایە» (کۆلۆسی ١: ٢٤). کەواتە کارەکەی مەسیح پێویستە بە چی تەواو بکرێت؟ وە چۆن تەواوی بکەین؟

لە ڕووکەشدا ئەم ئایەتە چەواشەکاری دیارە. «بە دڵنیاییەوە ئەمە بەو واتایە نییە کە هیچ شتێک لە کاریگەری کەفارەتدا کەم بووە، یان بەسبوونی کەفارەت، بۆ ئەو کارەساتانە.» عیسا فەرمووی کە کارەکەی تەواو بووە (یۆحەنا ١٩: ٣٠). «نرخی کەفارەتەکەی بە تەواوی درا.» «هەموو نەفرەتەکەی» هەڵگرت و «کەفارەتی هەمووی» دا. کەواتە چی کەم بووە؟ دەقێکی هاوتەریب ڕوونی دەکاتەوە. سەبارەت بە پۆڵس وا دیارە کە «پڕکردنەوەی ئەوەی کەم بووە» بە واتای هێنان یان هەڵگرتنی شتێک بێت، شتێک کە خۆی لە خۆیدا تەواو بێت. بۆیە کڵێسای فیلیپی دیاریەکی گەورەی کۆکردەوە بۆ ئەوەی بیبەخشێت بە پۆڵس، ئەپەفرۆدیتۆس دیاریەکەی «تەواو» کرد بە هەڵگرتنی بۆ سەدان میل بۆ پۆڵس، بەم شێوەیە ئەوەی لە دیاریەکەدا کەم بوو تەواوی کرد (فیلیپی ٢: ٣٠؛ ٤: ١٠، ١٨). «شێوازی تەواوکردن یان پڕکردنەوەی ئەوەی کە لە خزمەتەکەیاندا کەم بوو، بە زیادکردن نەبوو لەلایەن ئەپەفرۆدیتۆس، بەڵکو بە هێنانی بوو.»

کەواتە، «پۆڵس ناخۆشیەکانی عیسای تەواو کرد بە گواستنەوەی. کاریگەرییان لەسەر کەسانی ونبوو نییە هەتا دەناسرێن، تاوەکو دەبنن و باوەڕی پێدەهێنن و خۆشیان دەوێت. لێرەدا ئەو واتا شۆککەرە هەیە بۆ ئەو نێردراوێتییانەی کە دۆزیومەتەوە: بەڕاستی پۆڵس مەبەستی ئەوەیە کە ئازارەکانی خۆی ئەو ئامرازەن کە خەڵکی پێی تامی ئازارەکانی مەسیح دەکەن و دەیبینن. ئەمە وشەیەکی هۆشیارانەیە بۆ مزگێنیدەران، چونکە دەڵێت: نەک هەر باسی ئازارەکانی مەسیح دەکەیت؛ بەڵکو بە ئازارەکانی مەسیح دەژیت. بە هەردوو ئەو ڕێگایە خەڵکی دەخەیتە بەرکەوتن لەگەڵ ئەو ئازارانە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت. بەو واتایە، ئازارەکانی مەسیح تەواو دەکەیت.»[a]

مزگێنیدەرانی ئازارچێشتوو

کەواتە واتای شۆککەر بۆ مزگێنیدەران ئەوەیە کە پەیامی مەسیحێکی ئازارچێشتوو لەلایەن نێردراوانی ئازارچێشتووەوە تەواو دەبێت. ئامرازی خاچ پەیامی خاچ دەگەیەنێت. ئەمە دارشتنی باشی خودایە. «هەبوونی جەستەیی پۆڵس وەک نێردراوی ئازارچێشتوو پێشکەشکردنێک بوو لە جەستەی ئازارەکان و مردنی مەسیح، بۆ ئەوەی خەڵکی بە ڕاستی لە پۆڵسدا، لە ڕێگەی ئازارەکانی، ببینن کە چەندە لەلایەن مەسیحەوە خۆشەویستن» (کۆلۆسی ١: ٢٤-٢٩).[b]

a ئەڵقەی ٣٥٥: «ئایا ئازارەکانم ئازارەکانی مەسیح تەواو دەکەن؟» (٣ی حوزەیرانی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ١٦٦٦: «ئایا مردن ڕابردووە، ئێستایە، یان داهاتووە؟» (١٦ی ئابی ٢٠٢١).

ئامانجی خودا لە دروستکردنی گەردوونداا ئەوەیە کە گەورەیی شکۆمەندی نیعمەتەکەی بە شێوەیەکی باڵا لە ئازارەکانی کورەکەیدا پیشان بدات. دەچیتە پاڵ کورەکە لە دەرخستنی ڕەزامەندی باڵای شکۆی نیعمەتەکەی، بەوەی لەگەڵیدا بەشداری بکەیت لە ڕێگای ئازارەکانی ڕێگای گلگۆسا؟ چونکە ئەمڕۆ هیچ ڕێگەیەکی دیکە لە جیهان نییە کە شکۆمەندی باڵای ئەمڕۆ ببینێت جگە لەوەی کە ئێمە لە دیزنیلاندی ئەمریکا دەیبینین و دەست دەکەین بە ژیانی قوربانیدانی مزگێنیدەری کە تەماشای جیهان دەکەن وەک ئەوەی گەنجینەکەمان لە بەهەشت بێت و لەسەر زەوی نەبێت. ئەو تاکە ڕێگایە.»

ئینجیلی خۆشگوزەرانی تەنها دەتوانێت ئینجیلی ڕاستەقینە بشێوێنێت -پەیام و ئامرازی بڵاوبوونەوەی. بەڵێنەکانی سامان ناتوانێت «ستایش بۆ مەسیحی ئازارچێشتوو» بەدەستبهێنێت. پۆڵسی نێردراو بە بەردەوامی لەپێناو مەسیحدا ئازاری دەچێژت. گوتی؛ «ڕۆژانە بەرەنگاری مردن دەبمەوە» (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣٠-٣١). لە جەستەی ئازارچێشتووی خۆیدا، پۆڵس ئازارەکانی مەسیحی تەواو کرد (کۆلۆسی ١: ٢٤). ئەو زیادکردنێکی بۆ کارە تەواوەکانی مەسیح نەکرد، بەڵکو ئازارەکانی مەسیحی درێژکردەوە «بۆ ئەو کەسانەی کە لەپێناویاندا مرد.» ئەمە بۆ ئەمڕۆی ئێمە ڕاستە. ئێمە بە قسەکانمان و بە «جەستە و ئازارەکانمان» ئینجیل بڵاو دەکەینەوە.

بۆیە لە وتارێکدا، پاپیەر داوای لە هەزاران خوێندکاری کۆلێژ کرد: «مەسیح لەپێناو ملیۆنان خەڵک لە هەموو جیهان مرد -خەڵکی ناو زانکۆکەتان، خەڵکی نێو ئەو گەلانەی جیهان کە هێشتا ئینجیلیان پێ نەگەیشتووە. قەرزەکانیان دراوە، بەڵام نایزانن -ناتوانن تامی بکەن؛ وە ناتوانن هەستی پێ بکەن.» وە پۆڵس تەنها پێشنیاری ئەوە ناکات کە پەیامی ئینجیل پێویستی بە دووبارە گێڕانەوەی هەیە. هەروەها دەڵێت: «"لە ڕێگەی جەستە و ئازارەکانی منەوەیە ئازارەکانی مەسیح دەگاتە ئەو گەلانەی جیهان کە ئینجیلیان پێ نەگەیشتووە یان لە نێو زانکۆکەتان." چۆن ئازارەکانی عیسا دەگاتە زانکۆکەتان؟ لە ڕێگەی ئازارەکانی تۆوە دەگەن. ئەمەیە واتای کۆلۆسی ١: ٢٤.» تەشەنەسەندنی ئینجیل -جا لە نێوان گەلاندا بێت یان لە زانکۆ ناوخۆییەکەتان- لە ڕێگەی نێردراوانی ئازارچێشتووەوە دێت. ئازاری کەسیت، نەک سەرنجڕاکێشیت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی، ئەوەیە کە پەیامەکەی پێ بڵاودەبێتەوە. «ئەگەر بڕیارە ببیتە مزگێنیدەر، ئەوا تۆماری بکە: ئازار، لەدەستدانی منداڵ، مەلاریا، کێشەی هاوسەرگیری، گرژی لەنێو تیمەکەدا، دژایەتی شەیتان، گەشمەرگی (شەهیدبوون). بێگومان دێت. کاتێک دێت بە شتێکی نامۆی مەزانە. ئەوە نرخەکەیەتی. عیسا ژیانی خۆی بەخشیوە بۆ ڕزگاربوونمان. ئێمەش لەگەڵیدا بەشدارین

لەو ئازارەدا بۆ ئەوەی سروشتی ئازارەکە پیشان بدەین.»[a] نەک سەرەڕای ئازارەکانمان، بەڵکو لە ڕێگەی ئازارەکانمانەوە، ئێمە ئازارەکانی مەسیح تەواو دەکەین و دەیگەیەنینە جیهان (کۆلۆسی ١: ٢٤-٢٩). پەیامێکی لە شێوەی خاچ لە ڕێگەی ناوەندێکەوە وەک خاچ بۆ جیهان درێژکرایەوە.

ئایا تەنها لەپێناو چەوساندنەوە پاداشت دەدرێینە یان بۆ هەموو ئازارەکانی ژیان؟

چی لەخۆدەگرێت لە «تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکان» یان «تاقیکردنەوە ئاگرینەکان»ی ژیان (یاقوب ١: ٢-٤؛ یەکەم پەترۆس ٤: ١٢)؟ ئایا ئەم تاقیکردنەوانە تەنها لە چەوساندنەوەی ڕاستەوخۆدا سنووردارە (فیلیپی ١: ٢٩)؟ یان ئەم تاقیکردنەوانە جۆرەکانی دیکەی ئازار لەخۆدەگرن؟

لە کاتێکدا زۆربەی دەقەکانی پەیمانی نوێ سەبارەت بە تاقیکردنەوە جەخت لەسەر چەوسانەوە دەکەنەوە، هەمان ئەم دەقانە بنەمایەک دەگەیەنن کە بۆ «هەموو ئازارەکان لە ڕێگای گوێڕایەڵییەوەیە -لەوانەش نەخۆشی یان بەڵا، کارەساتی سروشتی یان هەر شتێکی دیکە.» نموونەیەکی گریمانەیی سادە: بیر لەوە بکەوە کە بۆ گوێڕایەڵی مەسیح، دەرچوویت بۆ سەردانی کەسێکی نەخۆش بۆ هاندانی. لە ڕێگاتدا چەوسێنەرێکی کڵێسا تەقەت لێدەکات و قۆڵت برێندار دەکات. تۆ دەهێنرێیتە فریاگوزاری نەخۆشخانە، ناتوانیت ئەرکەکەت تەواو بکەیت. لە حاڵەتێکی لەو جۆرەدا تۆ «لە دۆخێکی هاوشێوەدایت» وەک ئەوەی ئەگەر نەتوانیت بگەیتە لای هاوڕێ نەخۆشەکەت چونکە لە ڕێگادا تووشی ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل بوویت و قۆڵت شکا و هێنرایتە فریاگوزاری نەخۆشخانە. هەمان ڕاستییە بنەڕەتییەکان هەردوو حاڵەتەکە «ڕێنمایی» دەکەن -ئەو برینانەی بە مەبەست و بێ مەبەست تۆیان ڕاگرتووە.

چۆن وایە؟ ڕۆما ٨: ١٦-٢٣. یەکەم: ئێمە لە مەسیحدا شکۆمەند دەبین بۆ «ئازارەکانی کاتی ئێستا» (٨: ١٨). لە چوارچێوەدا، ئەم ئازارانەی «ئێستا» بە ڕوونی ئەو ئازارانە دەگرێتەوە کە بەهۆی نەفرەتی کەوتنە ناو گەوناهەوە هاتوون (٨: ٢٣). ئیتر «پۆڵس لە ئایەتی ١٧ ئازارەکانی لەگەڵ مەسیح ڕوون دەکاتەوە وەک ئەوەی ئازارەکانی ئەم جیهانە کەوتووەیە. پاشان دەڵێت کە ئەو نالەیە لەخۆدەگرێت کە لەم جەستانەوە دێت کە پێویستیان بە زیندووبوونەوە هەیە.» بۆیە لە ڕێگای خزمەتکردنی کەسێکی نەخۆش، دەکرێت تەقەمان لێ بکرێت، تووشی ڕووداوێک بین، خۆمان نەخۆش بین، یان بەهۆی کارەساتێکی سروشتییەوە بکەوین. لە هەر سیناریۆیەکدا، «خودا ئەزموونت دەکات، ئایا

a ئەڵقەی ١٤٤٢: «ئایا ئازار خزمەتەکەم لاواز دەکات؟» (٤ی ئازاری ٢٠٢٠).

متمانەت بە خودا هەیە؟ شەیتان تاقیت دەکاتەوە، ئایا گومان لە خودا دەکەیت؟» کەواتە «گرنگ نییە تۆ تووشی شێرپەنجە بوویت یان تازە لەلایەن کەسانێکەوە خراویتە زیندانەوە کە دژایەتی مەسیحییەکان دەکەن -هەردوو ئەو بارودۆخانە بنەماکانی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئازارەکان لەخۆدەگرن.»

لە کۆتاییدا، ئەوە دەسەلمێنێت کە «مەحاڵە هێڵێکی ڕوون بکێشرێت لە نێوان ئەو ئازارانەی کە لە چەوساندنەوە سەرچاوە دەگرن لەگەڵ ئەو ئازارانەی کە لە نەخۆشییەوە سەرچاوە دەگرن، ئەگەر لەپێناو عیسا بە قامچی لێت درا و پشتت بریندار بێت -وەک ئەوەی پێنج جار بەسەر پۆڵسدا هات- گریمان هەفتەیەک دواتر، دەستیکرد بە هەوکردن. پێت وایە تۆ لە چەوسانەوەکە تەواو بوویت، وە پاش چەند هەفتەیەک، کە خەریکی چاکبوونەوە بوو، تووشی ئەم پەتایە دەبیت، تووشی تا دەبیت، بەهۆی تاوە تووشی مەترسی مردن دەبیت. ئێستا بەهۆی نەخۆشییەکەوە دەمریت، یان بەهۆی چەوساندنەوە دەمریت؟» وەڵام: بەڵێ. یان چی ئەگەر لە مەیدانی نێردراوتی مزگێنیدان تووشی مەلاریا بوویت؟ هەمان دووڕیان. «وە بێشوماری ئەم جۆرە ناڕوونییە هەیە. کە ئێمە ناتوانین ئەو جیاوازییە سەخت و خێرایە بکەین. وە سوپاس بۆ خودا پێویست ناکات ئەمە بکەین.» لە چەوساندنەوە و لە شێرپەنجەدا -خودا لە هەردووکیدا ئەزموونت دەکات. «ئەو دەیەوێت لە هەردووکیاندا متمانەی پێ بکەیت. ئەو لە هەردووکیاندا خاوەن سەروەرییە. لە هەردووکیان چاکە. شەیتان لە هەردووکیان خراپە، وە پێویستە لە هەردووکیدا بەرەنگاری ببیتەوە.»[a]

کەواتە نەک تەنها ئازاری چەوساندنەوە، «بەڵکو ئازاری جەستەیی و نەخۆشیمان،» دەگرێتەوە لە ڕۆما ٨: ٢٣.[b] لەوانەش ئەو بارگرانی و ئازارە قورسانەی کە ڕۆژانە بەرگەی دەگرین.[c]

تیپی وەرزشییەکەم لە پاڵەوانێتییەکە دۆڕا. ئایا ئەم ئازارە بەشێکە لە پاداشتی هەتاهەتایی من؟

پرسیارێکی سێ لایەنەیە. کاتێک خودا لە ئاسمان پاداشتی ئازارەکانمان دەداتەوە، ئایا ئەمە تەنها بۆ (١) ئازاری چەوسێنەرانە کە بە ئەنقەست بەسەرماندا سەپێنراوە؟ یان (٢) ئەو ئازارانە دەگرێتەوە کە لە گوناهی خۆمان تووشی بووین؟ وە ئایا دەکرێت شتە بێ

a ئەڵقەی ٥١٨: «چ بەشێکی ئازارەکانم "ئەزموون"ە؟» (٢٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٥).
b ئەڵقەی ٦٨٩: «چۆن یارمەتی هاوڕێیان بدەین ڕزگاریان بێت لە ئینجیلی خۆشگوزەرانی» (٢٠ی ئەیلوولی ٢٠١٥).
c ئەڵقەی ١٤٠١: «ژیانم زەحمەتکێشانێکی بێکۆتاییە -چۆن خۆشی لە مەسیحدا بدۆزمەوە؟» (٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩).

بایەختر‌ەکانی وەک (٣) بێهیواییمان لە دۆڕانێکی وەرزشی لەخۆ بگرێت؟ ڕەنگە پۆلێنی سێیەم لە سەرەتادا گەمژانە دەربکەوێت، بەڵام وا نییە، چونکە ئەمە ئەو شوێنەیە کە ئێمە تێیدا دەژین -لە جیهانێکدا کە پڕە لە بێهیوایی ڕێژەیی، وەک دۆڕانی وەرزشی. پۆڵس پێمان دەڵێت کە «چونکە تەنگانەی سووک و کاتیمان شکۆمەندییەکی گرانی هەتاهەتایی بۆ ئێمە لێ دێتە کایەوە» (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٧). کەواتە ئایا دۆڕانی وەرزشی لێرەدا دەگرێتەوە؟

سەرەتا، سێ تێبینی دەربارەی خاڵی (٢)ی سەرەوە، ئازارچێژتن بەهۆی گوناهەکەمانەوە. (i) دەکرێت خودا گوناهەکانمان بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی وامان لێبکات پشت بە ئەو ببەستین. لە چوارچێوەیەکدا کە سەبارەت بە گوناە نییە، پۆڵس پێمان دەڵێت کۆتاییمان دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی لە خودا نزیک بکەوینەوە (دووەم کۆرنسۆس ١: ٨-٩). بەم شێوەیە دەکرێت گوناهەکەمان شکۆمەندی هەتاهەتاییمان زیاد بکات، ئەگەر بەرەو خودامان ببات. (ii) بەڵام گوناە قورسایی شکۆمەندی باوەڕدار کەم دەکاتەوە. «بە شێوەیەکی زۆر ترسناک چەواشەکاری دەبێت ئەگەر بڵێین گوناهەکانمان قورساییەکی هەتاهەتایی شکۆمەندیمان بۆ کارا دەکەن. لە ڕاستیدا، گوناە لە ژیانی مەسیحیدا ڕێک ئەوەیە کە قورسایی شکۆمەندی بۆ باوەڕدار کەمدەکاتەوە. بەڵام گوناە پاداشتی هەتاهەتاییمان کەم دەکاتەوە (دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٠). «کەواتە، ئەگەر بەردەوام بین لە گوناهکردن، ئەوا وەک بیناسازی وایە بە دار و پووش و کا، نابێتە قورسایی شکۆمەندی بۆ ئێمە. ئەمە قورسایی شکۆمەندیمان کەم دەکاتەوە» (یەکەم کۆرنسۆس ٣: ١٢-١٥). پیرۆزی زیاتر واتا شکۆمەندی زیاتر کە دەبینرێت و خۆشی زیاتر ئەزموون دەکرێت (مەتا ٥: ٥، ٨). بەڵام گوناە ئەم شکۆمەندییەی داهاتوو کەم دەکاتەوە. (iii) گوناە زیانێکی بە درێژایی ژیان بە ئێمە و کەسانی دیکە دەگەیەنێت (دووەم ساموئیل ١٢: ١-٢٣). «ڕەنگە تووشی ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل بیت کە بە خێرایی ٦٠ میل\کاتژمێر لێدەخوڕیت لە شەقامێکدا کەوا پێویستە ٤٥ میل\کاتژمێر لێبخوڕیت. ئەمە گوناهە، وە هەتا کۆتایی تەمەنت ئیفلیج دەبیت چونکە بەهۆی گوناهێک ملت شکاوە. ئێستا، ئایا ئەو بەڵایەی کە بەهۆی گوناهەوە دروست دەبێت، کاردەکات بۆ ئەوەی بتگەیەنێتە شکۆمەندییەکی گەورەتر؟ وە وەڵامی من ئەوەیە، بەڕاستی دەکرێت!»

کەواتە ئەی چی دەربارەی: خاڵی (٣) ئازار لە شێوەی دۆڕانی تیپی وەرزشی؟ «تۆ تەنها یاری تۆپەکەت لەدەستداوە، وە تۆ ئامانجێکی مەیدانیت لەدەستداوە، تۆ شوتت لێدەدا. یان گەشتێکی فڕۆکەت لەدەستچوو، لەو کاتەی دەچوویتە گەشتێک. یان تۆ لە شەوی پێش ئاهەنگی دەرچوونت، لە خەو هەڵدەستیت، دەبینیت زیپکەیەک لە ناوەڕاستی نێوچەوانت هەیە. ئایا ئەمانە شایستەی ئەوەن کە لەپێناو مەسیح تووشی بوویت، کەوا کاردەکەین بۆ

قورسایی شکۆمەندی هەتاهەتایی؟ بەر لەوەی پێبکەنین، بەو شێوەیە بیر بکەوە. هەموو کێشەکانمان -هەر هەموویان- بە زنجیرەیەکی لە ئاسانەوە بۆ ترسناک.» وە هەریەکەیان دەکرێت توانای ئەوەی هەبێت «تووشی گوناهمان بکەن بەوەی گلەیی بکەین و متمانە نەکەین بە چاکە و دانایی خودا، جا چ زیپکەیەک بێت لە شەوی ئاهەنگی دەرچوون یان لەدەستدانی منداڵێک.» ئەمە چارەسەرەکەیە. ئایا ناخۆشی -هەرچەندە سووک بێت یان کارەساتبار- ئێمە بەرەو خودا دەبات وەک تاکە یارمەتیدەر و هیوا و گەنجینە و خۆشیمان؟ «ئەو کچەی کە شەوی ئاهەنگی دەرچوون بە زیپکەکە پێدەکەنێت و وەک شتێکی بچووک دەیبینێت بە بەراورد بە پاشای گەردوون، وە ئەو کوڕەی کە لەدوای دۆڕانی تۆپی پێ بە خێرایی دەگەڕێتەوە خوێندنگا چونکە شوناسی ئەو و خۆشییەکەی لە عیسادایە، هەردووکیان تووشی ناخۆشی بچووک بوون کە بەرهەمی گەورەی پیرۆزییان بەرهەمهێناوە. ئەمە بەشێک دەبێت لە پاداشتەکەیان.»[a]

چۆن لە ئازارە درێژخایەنەکانمدا ڕێز لە خودا بگرم؟

ئازاری درێژخایەن ئەزموونێکی مەترسیدارە بۆ باوەڕدار. شکۆدارکردنی خودا لە سایەی ئازاری درێژخایەندا بە دوو ئاراستە پرسیار دەوروژێنێت: (١) چۆن باوەڕ و خۆشی خۆم بپارێزم؟ وە (٢) چۆن یارمەتی کەسانی دیکە بدەم چێژ لە خودا وەربگرن؟ چونکە خاڵی (٢) بەبێ خاڵی (١) ڕووناداتە.

سەبارەت بە خاڵی (١)، چوار ڕەچاوکردن هەیە. (i) هەموو بەڵێنەکانی خودا بۆ ئێمە لە مەسیحدا «بەڵێ»ن (دووەم کۆرنسۆس ١: ٢٠). (ii) «هەموو شتێکی ترسناک کە دێتە ژیانمانەوە، مەبەست لێی ئەوەیە کە بتوانین پشت بە مەسیح ببەستین، کە مردووەکان زیندوو دەکاتەوە، وە متمانەمان زیاد بکات بەوەی کە زیندوو دەبینەوە، پشت بە هیچ شتێکی دیکەی جگە لەو نابەستین» (دووەم کۆرنسۆس ١: ٨-٩). (iii) هەموو ئازارەکانمان «کێشێکی هەتاهەتایی شکۆمەندی بەبێ هیچ بەراوردێک» بۆ ئێمە ئامادە دەکات (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٦-١٨). هان بدرێ. هەموو ئازارێک «لە سەردەمی داهاتوودا قورسایی شکۆمەندی بۆ ئێمە زیاد دەکات.» (iv) داوای دەربازبوون بکە. وە ئەگەر ئەم دەربازبوونە نەهات، دڵخۆش بە «تەواوەتی نیعمەتی مەسیح» بۆ ئەوەی بەرگەی ئازارەکە بگریت (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٨-١٠).

سەبارەت بە خاڵی (٢)، یارمەتیدانی کەسانی دیکە بۆ شکۆداری خودا لە ڕێگەی شایەتیدانی تۆ لە ئازارەکەدا، سێ بیرکردنەوە هەیە. وەک لە دواییەن خاڵ ڕوون کراوەتەوە

---

a ئەڵقەی ١٩٩: «چ ئازارێک لێرەدا لە ئاسماندا پاداشتی گەورەتر دەهێنێت؟» (٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣

(دووەم کۆرنسـۆس ١٢: ٨-١٠)، لـە ئـازاردا «پێویسـتە ئێمـە لـە لاوازییەکانماندا بـە مەسـیح دڵخـۆش بیـن.» وە شـایەتیدانی تـۆ لێـرەدا زۆر گرنگـە. (i) «بۆڵەبـۆڵ لـە دژی خـودا مەکـە.» گلەیـی نەکـردن لـە کاتـی سـەختدا ئەوەیـە کـە لـە جیهانێکـی تاریکـدا وەک خـۆری نیـوەڕۆ بدرەوشـێتەوە» (فیلیـی ٢: ١٤-١٥). (ii) لـەو ئازارانەتـدا کـە کەسـانی دیکـە دەیبینـن، شـایەتی بـدە بـۆ چاکـەی خـودا. (iii) شـایەتیدانت وەک خزمەتکردنـی چاکـەی کەسـانی دیکـە ببینـە (فیلیـی ٢: ٤-٥). تەنانـەت کاتێـک کـە «هەمـوو شـتێک لـە تـۆدا هـاوار دەکات، "مـن ئـازارم هەیـە". لـە ئـازاردا شـایەتی بـۆ نیعمەتـی خـودا بـدە.[a]

وەک پرسـیارێکی پەیوەندیـدار، یەکێـک لـە گوێگـران پرسـیاری کـرد: ئـازاری دەمـارەکان کـەوا کـەم نابێتـەوە، چـۆن خـودا شـکۆمەند دەکات؟

وەک وانەیـەک تەماشـای ژیانـی پەتـرۆس بکـە. ژیانـی پەتـرۆس میزراحێکـی بـاوەڕ و بێبـاوەڕی بـوو. بەبـێ پارێزبەنـدی ژیانـی خـۆی بـە مەسـیح بەخشـی (یۆحەنـا ١٣: ٣٧). بـەڵام زۆری نەخایانـد نکۆڵـی کـرد لـەوەی تەنانـەت مەسیحیشـی ناسـیبێت (یۆحەنـا ١٣: ٣٨). نکۆڵییەکـە فرمێسـکی لـە چـاوی ڕژانـد. بـەڵام لـەدوای هەسـتانەوەی مەسـیح، پەتـرۆس بووژایـەوە (یۆحەنا ٢١: ١٥-١٧). کەواتـە پاداشـتی پەتـرۆس چـی بـوو بـۆ شـوێنکەوتنی مەسـیح لـەدوای پێگەیشـتنە نوێیەکـەی؟ ئازارەکانـی زیاتـر بـوون. وە وەک چـۆن مەسـیح کـوژرا ئەویـش کـوژرا (یۆحەنـا ٢١: ١٨-١٩). مەسـیحییەکان لـە هەمـوو جیهانـدا هەمـان ئـەم ڕاسـتییە ئەزمـوون دەکـەن. لـە گەنجیـدا -بـێ ئـازار. لـە پێگەیشـتن، لـەدوای ئـەوەی باوەڕەکـەت تاقیکرایـەوە و پشـکێندرا و سـەڵێندرا کـە ڕەسـەنە- ئازارێکـی درێژخایـەن، لەگـەڵ دوا سـاڵەکانی ژیانـی کـە «لـە ئازارێکـی بێوچانـدا بەسـەر دەبەیـت، بـۆ شـکۆمەندی خـودا.» ئەم قووڵاییـەی ئـازار پەیوەندی بـە نەبوونی پێگەیشـتنەوە نییـە. تـەواو پێچەوانەکەیـە. کەواتـە دەبێـت دڵنیـا بیـن لـەوەی کـە ئـازار، گرنـگ نییـە شـێوەکەی چۆنـە، لـە خۆشەویسـتی خـودا دامـان نابڕێـت (ڕۆمـا ٨: ٣٥).

کەواتە بۆچی باوەڕدارە پیرۆزەکان هێندە بە قووڵی ئازار دەچێژن؟

١. بـۆ ئـەوەی شـایەتی بدەیـن کـە مەسـیح باشـترە لـە بەبـێ ئـازاری. «کاتێـک ئـازار دەچێژیـن بەبـێ ئـەوەی نەفـرەت لـە خـودا بکەیـن، بەبـێ وازهێنـان لـە مەسـیح، خۆمـان بـە دۆسـت و بەنـدە و قوتابـی و شـوێنکەوتوو و خۆشەویسـتی گـەورەی شـکۆمەندی و دڵسـۆزی ئـەو ڕادەگەیەنیـن، ئـەوا بۆ کەسـانی دیکـەی ڕوون دەکەینەوە کـە هەبوونـی مەسـیح بـۆ ئێمـە بەهادارتـرە لـەوەی کـە لـە ئـازارەکان دەربازمـان بێـت. بەڵکـو ئـازار لـە ڕاسـتیدا دەبێتـە ئـازاری ڕۆیشـتن لەگـەڵ مەسـیح چونکـە ئێمـە

a ئەڵقەی ٥٤٨: «چۆن لە ئازاری درێژخایەندا ڕێز لە خودا بگرم؟» (٩ی ئازاری ٢٠١٥).

لەگەڵیدایـن، ئێمـە لـە نێـو ئازارەکانمانـدا بـە تونـدی دەسـتمان پێوەگرتـووە، نـەک بەهـۆی ئازارەکانمانـەوە وازی لـێ بهێنیـن.» مەسـیح گەورەتـرە لـە ژیانێکـی بـێ ئـازار یـان پـڕ لـە ئـازار (فیلیپـی ١: ٢٠-٢١).

٢. بـۆ کەڵەکەکردنـی شـکۆمەندی زیاتـری داهاتـوو. ئـازارە سـووک و کاتییـەکان بەرهەمی (κατεργάζομαι) هەتاهەتایـی لـە قورسـایی شـکۆمەندی بەرهـەم دەهێنـن کـە لـە هەمـوو بەراوردێـک زیاتـرە (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ١٧). مـردن قازانجـە، بەڵـێ (فیلیپـی ١: ٢١). بـەڵام «ئـازاری درێژخایـەن و درێژکـراوەی مـردن، قازانجـی زیاتـر بەرهـەم دەهێنێـت.» بۆیـە «لەگـەڵ هـەر ترپەیەکـی ئـازار، دەکرێـت بڵێیـن -ئەگـەر هۆشـیاریمان هەبێـت- "خـودا قەرەبوومـان دەکاتـەوە. خـودا بـۆم قەرەبـوو دەکاتـەوە. بەفیـرۆ ناچێـت." لـە ئاسـمان ئاوڕێـک لـە هەمـوو ئـەو سـاڵانەی خـەم و ئـازار دەدەینـەوە کـە بەڕواڵـەت بـێ واتـا دەردەکەوێـت و دەڵێیـن: شـایانی ئـەوە بـوو. خـودا وای لێکـردووە شـایانی ئـەوە بێـت."»[a]

کەواتـە «نـەک تەنهـا هەمـوو ناخۆشـییەکانتان کاتیـن، نـەک هـەر هەمـوو ناخۆشـییەکانتان سـووکن بـە بـەراورد بـە ژیانـی هەتاهەتایـی و شـکۆمەندی ئـەوێ (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ١٧)، بەڵکـو هەموویـان بـە تـەواوی واتـادارن!» (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ١٧).[b] «هـەر کاتژمێرێـک کـە ئازارەکانـت ڕادەسـتی عیسـا دەکەیـت و بـەو هێـزەی کـە ئـەو دابینـی دەکات و بـۆ شـکۆمەندی نـاوی ئـەو بەرگـەی دەگریـت، پاداشـتەکەت لـە ئاسـماندا زیـاد دەکات. ئـەوەی لـە جیهانـدا وەک ئازارێکـی بێواتـا دەبینرێـت واتـای خـۆی هەیـە.»[c]

من شەکەتی درێژخایەنم هەیە؛ چۆن ژیانم بەفیڕۆ نەدەم؟

ژنـە مزگێنیدەرێـک بـۆ هایتـی نێـردرا و نەخـۆش کـەوت، ئێسـتا بەهـۆی نەخۆشـی شـەکەتی درێژخایـەن لەنـاو جێـگادا کەوتـووە، وزەی پێویسـتی نییـە بـۆ خزمەتکـردن. چـۆن دەتوانێـت ئـەوەی لـە ژیانیـدا مـاوە بەفیـڕۆی نـەدات؟

کلیلەکـە تێگەیشـتنە لـە پێشـبڕکێی ژیانـی مەسـیحی. خـودا پێـمان دەڵێـت لـە پێشـبڕکێیەکی ڕۆحیـدا ڕابکەیـن (یەکـەم تیمۆسـاوس ٦: ١٢). دەبێـت هەموومـان ڕابکەیـن، «چ پیـر بێـت یـان گەنـج، چ نەخـۆش بێـت یـان تەندروسـت، جـا کوێـر بێـت یـان چاوسـاغ. ئـەم پێشـبڕکێیە ڕۆحییە بـۆ نەخـۆش و پیـرەکان دەشـێت، چونکـە پێشـبڕکێکە لـە دژی بێباوەڕییـە، نـەک دژی نەخۆشـی یـان پیـری.» پێشـبڕکێیەکە جەنگێکـە لـە دژی هیـوای لەدەسـتچوو و بـاوەڕی لەدەسـتچوو،

a ئەڵقەی ١٦١١: «چۆن ئازاری درێژخایەن خودا شکۆمەند دەکات؟» (٩ی نیسانی ٢٠٢١).

b ئەڵقەی ٧٤١: «ئازارەکانت سوودیان بۆت هەیە» (٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ١٦٠٥: «چۆن دەتوانم خزمەتی کەسێک بکەم لە سەرەمەرگدایە؟» (٢٦ی ئازاری ٢٠٢١).

«نەک لە دژی تەندروستی لەدەستچوو.» لەگەڵ نزیکبوونەوەی ژیانی پۆڵس لە کۆتایی، نموونەی ئەوەی خستەڕوو کە ئەم پێشبڕکێیە «دەکرێت و لەسەر پشت ڕابکشێیت و ئەنجامی بدەیت» (دووەم تیمۆساوس ٤: ٧). «تەواوکردنی پێشبڕکێکە واتا پاراستنی باوەڕ. ئەمە پێشبڕکێیەکە لە دژی بێباوەڕی، نەک لە دژی پیربوون یان تێکچوونی جەستەیی.» کەواتە، «ئەوەی ئێمە دەباتە هێڵی کۆتایی لەگەڵ چەپڵە لێدانی پیرۆزەکان و تاجی ژیان قاچ نییە، دەستیش نییە -بەڵکو باوەڕ و هیوایە.» لە کۆتاییدا هێڵی کۆتایی دەبڕین «نەک بە پاڵنەری وزەی مرۆڤانە، بەڵکو بەوەی بکەوینە باوەشی خودا.» لەم جەنگەدا بۆ باوەڕ، ئێمە هاندەری یەکترین و یارمەتی یەکتر دەدەین (یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٤).[a]

چۆن دایکێکی کەمئەندام بەرهەمی بەشی ٣١ی پەندەکانی سلێمان بەدەست دەهێنێت؟

ژنێک کە دایکی دوو منداڵی بچووکە تووشی شەکەتی درێژخایەن بووە. بەشی ٣١ی سیپارەی پەندەکان دەخوێنێتەوە، نموونەی ژنێکی بەهێز و ئازا و چالاکە -زوو لە خەو هەڵدەستێت، درەنگ دەخەوێت، بێکۆتایی سەرقاڵە بە ناوەوە و دەرەوەیماڵ. چۆن ئەم نموونەیە لە ژیانی تێکشکاوی ئەو پەیڕەو دەبێت؟

هێزی جەستەیی بەخششێکی نایابە، بەڵام لە بەرامبەر نیعمەتی خودا لە دڵدا گرنگییەکەی کاڵ دەبێتەوە. خودا بە قاچی بەهێز دڵخۆش نابێت؛ بەوانە دڵخۆشە کە لێی دەترسن (زەبووری ١٤٧: ١٠-١١). خودا دڵسۆزی دەوێت، ئەو دڵسۆزییەی کە لە ئێمەی دەیەوێت، بەپێی تواناکانمانە.

کەواتە ئەو ژنەی لە پەندەکان ٣١ لەگەڵی بگونجێت. لەم دەقەدا، شایەتین بۆ «دڵسۆزی لە ژیانی ژنێکی دێرین لەوپەڕی توانا و تەندروستیدا. باسی شێوازی دڵسۆزی ناکات بۆ ژنێک کە لە هەشتاکانی تەمەنیدا کەڕ و کوێرە، یان ژنێکی تەمەن شازدە ساڵی کە بەم دواییە هاوسەرگیری کردووە، تازە دەستی کردووە بە دۆزینەوەی ئەوەی دانایی چییە. وە باسی شێوازی دڵسۆزی ژنێکی خاوەن پێداویستی تایبەت ناکات کە ڕەنگە ڕێگری لێبکات لە چاندنی باخی ترێ یان تەشی لەدەست بگرێت یان لە تاریکیدا هەستێتەوە یانیش تەنانەت خۆی جلوبەرگی لەبەر بکات.» ئیتر بیر لەوە بکەوە ژیانی ژنەکەی سیپارەی پەندەکان ٣١ باسی چی دەکات (پەندەکان ٣١: ١١) ئەو بەخشندەیە لەگەڵ هەژاران (پەندەکان ٣١: ٢٠). بە داهاتوو پێدەکەنێت چونکە «باوەڕی بە چاکەی خودا و سەروەری ئەو ناهەژێت» (پەندەکان ٣١: ٢٥). بە دانایی و میهرەبانی قسە دەکات (پەندەکان ٣١: ٢٦). جوانییەکی ڕاستەقینە دەردەخات. لە سەرووی هەموو شێک، لە خودا دەترسێت (پەندەکان ٣١: ٣٠).

---

a ئەڵقەی ١٢٤٣: «شەکەتبوونی درێژخایەنم هەیە -چۆن ژیانم بەفیڕۆ نەدەم؟» (٢٩ی ئابی ٢٠١٨).

کاتێک هەست دەکەیت بەهۆی سنووردارکردنی بەرهەمهێت کەلەبچە کراویت، تەماشای پۆڵس بکە. پۆڵس **بە دیاریکراوی** ئەم شتەی ئەزموون کرد (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٧-١٠). کاتێک **ڕووبەڕووی** بێ بەرهەمی **بووەوە**، ڕازیبوونی لە باوەش گرت. «خودا **گرنگییەکی هێندە** زۆر **بە** بەرهەمهێنان **نادات لەوەی کە ئێمە پێمان وایە**. ئەو زۆر زیاتر **گرنگی بە ئاکارەکانی کەسایەتی دەدات، بەرهەمی** ڕۆح، کە **دەکرێت لە کاتێکدا لەسەر** تەختی **نەخۆشخانە** لەسەر پشت **ڕاکشاویت پەیڕەوی بکەیت**. من نالێم ئاسانە. **بەڵام** دەڵێم کە دەکرێت. بۆ نموونە، **شێوازی** دڵسۆزی بۆ کەسێکی پەککەوتە جیاوازە لە **شێوازی** دڵسۆزی بۆ وەرزشوانێکی ئۆڵۆمپی. کەسێک دە بەهرەی پێدەدرێت؛ کەسێکی **دیکە** پێنج **بەهرەی** پێدەدرێت. **شێوازی** دڵسۆزییان بە هەمان کۆمەڵە دەستکەوتەکان ناپێورێت.» بۆیە واز لە پێوانەکردنی خۆت بەهێنە بە تواناکانی ئەو ژنە کۆنەی لە پەندەکان ٣١ **هاتووە** یان ئەو **دایکە نایابە** تەندروستەی ئەمڕۆ دەیبینیت. خودا تەماشای دڵت دەکات (یەکەم ساموئیل ١٦: ٧). جۆرێک لە دایکایەتی هەیە کە خودا بۆ هەموو دایکی کەمئەندام دایڕشتووە کە چاوی لە مەسیح دەبێت و متمانەی پێدەکات.[a]

ئازارەکانت لەپێناو تۆ کاردەکەن

یەرمیا ٣٢: ٤٠-٤١ لە دە ساڵەی یەکەمی پەخشەکەماندا پازدە دەرکەوتنی هەبوو. یەکێکە لە دەقە دڵخوازەکانی قەشە جۆنە لەنێو کتێبی پیرۆز،[b] وە بەڵێنە دڵخوازەکەی کە خودا جێمان ناهێڵێت.[c] دەقەکە پڕە لە خۆشەویستی. «خودا لەوە زیاتر چی بڵێت کە بە هەموو دڵ و بە هەموو گیانییەوە دڵخۆشە کە چاکەمان لەگەڵ بکات؟»[d] کەواتە ئەگەر خودا هێندە ئێمەی خۆشبوێت، وە سەروەری هەیە بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە بەسەرماندا دێت، ئایا نەیدەتوانی بە سادەیی ئەوە بکات کە منداڵەکانی هەرگیز ئازار نەچێژن؟

بەڵێ، دەیتوانی. وە نەخێر، ئەو نایکات. لە وتارێکدا لەسەر یەرمیا ٣٢: ٣٦-٤٢ دەربارەی تەوەری ئازاری ئامانجدار، کە لە ساڵی ١٩٩٦ لە یادی ١٢٥ ساڵەی کڵێسای لەئاوهەڵکێشی بێتلەحەم پێشکەش کرا، پایپەر ئەم شیعرە چوار دێڕییەی پێشکەش کرد. «نیعمەت نییە ڕێگری بکرێت لەوەی بەختەوەری نییە، / نە هەڵاتنە لە هەموو ناڕەحەتییەک، بەڵکو ئەمە: / ئەو نیعمەتەیە کە ناڕەحەتی و ئازارەکانمان ڕێکدەخات، / وە پاشان، لە تاریکیدا، لەوێیە بۆ پشتگیریمان.» پاشان دوو نموونەی ژیانی ڕاستەقینەی پێشکەش کرد کە چۆن ئازارەکان لەپێناو چاکەیەکی گەورەتر کاردەکەن.[e]

a ئەڵقەی ١٦٣٩: «ژنە کەمئەندامەکە و ژنەکەی پەندەکان ٣١» (١٤ی حوزەیرانی ٢٠٢١).
b ئەڵقەی ١١٤٨: «ئایا دڵخۆشی خودا بەندە بە دڵخۆشی منەوە؟» (١٩ی کانونی دووەمی ٢٠١٨).
c ئەڵقەی ٣٣٨: «ئەگەر خودا هەرگیز بەجێم نەهێڵێت، بۆچی لێم دوور دەکەوێتەوە؟» (٩ی ئایاری ٢٠١٤).
d ئەڵقەی ١٧٩٨: «دەقە چارەنووسسازەکان بۆ سەختترین جەنگەکانمان» (٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٢).
e ئەڵقەی ١٧١٥: «پلانی خودا کاتێک پلانەکانی ئێمە شکست دەهێنن» (٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

بۆیە، لە ئازارەکانت کە خودا دیاریکردووە، بێهیوا مەبە. وە سەرنجت لەسەر بارودۆخەکانت نەبێت.[a] بۆ ئەم مەبەستە، پۆڵس لە دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٦-١٨ بۆ ئازارچێشتووان دەنووسێت (دەقێک کە پێشتر چەند جارێک لەم بەشەدا هاتووە). لە ئازارەکانتدا، بێهیوا مەبە (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٦). بۆچی نا؟ «چونکە» -مشتوومڕی سەرەکی- ئازارەکانت لەپێناو تۆ کار دەکەن (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٧). ئازارەکانمان بێواتا نین. لە مەسیحدا، واتادار کراوە. ئەمڕۆ «ڕاگەیاندنێکی زۆر مشتومڕاویە». پۆڵس نالێت ئازارەکان قورسایی هەتاهەتایی شکۆمەندی بەدوای خۆیاندا دەهێنن. «ئەمە بەسە.» نەخێر، دەڵێت ئازارەکان خەریکە بەرهەمی (κατεργάζομαι) قورسایی هەتاهەتایی دەدەن. واتا «هەر ساتی چرکەیەک لە ئازارەکانت لە سروشتی کەوتوو یان مرۆڤی کەوتوو، هەر ساتی چرکەیەک لە نەهامەتییەکانت لە ڕێگای گوێڕایەڵی، خەریکە شکۆمەندییەکی تایبەت بەرهەم دەهێنێت کە بەهۆیەوە بەدەستی دەهێنیت.» بەڵام لە ساتی کارەساتەکەدا، «ئەگەر کەسێک پێم بڵێت کە ئازارەکانی باوەڕدارێک بێواتا بووە، ڕەنگە من بێدەنگ دەبم، چونکە ڕەنگە لە ئێستادا بەڕاستی ئازاری زۆر خراپ بێت.» بەڵام کاتێک کاتی گونجاو دێت، «لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە و دەڵێم کە ئەوە بێواتا نەبووە. یان گرنگ نییە بوختان بووبێت یان نەخۆشی، بێ واتا نییە، چونکە ئایەت ١٧ دەڵێت، "تەنگانەی سووک و کاتیمان شکۆمەندییەکی گرانی هەتاهەتایی بۆ ئێمە لێ دێتە کایەوە." ئەمە شتێک دەکات. بێواتا نییە!» چاوت لەو شتانە نەبێت کە دەبینرێت و بێهیوا مەبە.[b]

ناوەڕۆکی ئەم ئەڵقە سەرنجڕاکێشە دواتر خرایە ناو گۆرانییەکەوە کە بووە وەشانی گۆرانییەکی بەناوبانگی ناوازە، گۆرانی «شەین و شەین» بە ناوی «هەرچەندە تۆ دەمکوژیت.»[c] گۆرانییەکە لە ئەیوب ١٣: ١٥ وەرگیراوە، دەقێکە کە قەشە جۆن بە دەگمەن باسی دەکات (بە ئەنقەست).[d]

ئایا دەرمان ڕێگری دەکات لە پلانی خودا بۆ ئازارەکانم؟

ئەگەر خودای سەروەرمان شێرپەنجە بۆ شکۆمەندی خۆی و چاکەی مەسیحییەک دیاری بکات (ڕۆما ٨: ٢٨)، بۆچی بەکارهێنانی چارەسەری کیمیایی و دەرمانی سەردەمی نوێ و گوناە نییە؟

وەڵام: «ڕەنگە پەنابردنە بەر چارەسەری کیمیایی گوناە بێت، وە ڕەنگە گوناە بێت کە پەنا نەبردرێت بۆ چارەسەری کیمیایی.» پرسی تەکنەلۆژیای پزیشکی مرۆڤانە نییە، چونکە

---

a ئەڵقەی ١٥٣٨: «هەست دەکەن ئازارەکانم بێواتان -چی بکەم؟» (١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ٧٤١: «ئازارەکانت سوودیان بۆت هەیە» (٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ٦٣٩: «گۆرانییەک بۆ ئازارچێشتووان» (١٤ی تەممووزی ٢٠١٥).

d ئەڵقەی ١٨٧٦: «"هەرچەندە منی کوشت" -بۆچی بێدەنگی لەسەر ئەم ئایەتە؟» (١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢).

«ئەگەر خودا بڕیار بدات کە تووشی شێرپەنجەی پرۆستات ببم، کە من باوەڕم وایە کە ئەو کردوویەتی، ئەوا دەتوانم وێڕای نوێژ و چاکبوونەوەی سەروو سروشتی هەمان شت بکەم [لێرەدا] سەبارەت بە چارەسەری کیمیایی.» هەم تەکنەلۆژیای پزیشکی و هەم نوێژ هەمان دووفاقی دەوروژێنن: «بۆچی بە نوێژ دەستوەردان لە پێشکەوتنی سروشتی نەخۆشییەکدا بکرێت کە خودا بۆ شکۆمەندی خۆی دیاری دەکات؟» چونکە هەم نوێژ و هەم دەرمان بەدوای ڕێگری لە نەخۆشیدا دەگەڕێن.

سەرنج بدە پێنج دەقی سەرەکی. (١) سێ جار پۆڵس داوای لە خودا کرد بۆ کەمکردنەوەی ئازار (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٧-٩). خودا «نوێژکردن بە دەستوەردانێک بۆ سەر سەروەری خۆی دانانێت. وەک بەشێک لە سەروەری خۆی داوای دەکات.» خودا دەتوانێت نیعمەتی چارەسەرکەری خۆی لە ئێمەدا گەورە بکات، یان نیعمەتی بەردەوامی خۆی لە ئێمەدا. بە هەر دوو ڕێگاکە، ئێمە داوامان لێکراوە بۆ نوێژکردن. (٢) ئەگەر خودا ئازارەکانمان کەم بکاتەوە یان نا، نەخۆشی داڕشتووە بۆ ئەوەی بمانباتەوە بۆ لای خۆی (دووەم پوختەی مێژوو ١٦: ١٢). «ئاسا سەلماندی کە هێندە بێباکە لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ خودا، نقووم ببوو لە بیرکردنەوەی "ئەم جیهانە" و هەموو سەرچاوەکانی جیهان، کە تەنانەت بە هیچ شێوەیەک لەلای گرنگ نەبوو داوای یارمەتی لە خودا بکات، ڕاستەوخۆ پەنای بردە بەر پزیشکەکان بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک ڕاوێژ بە خودا بکات. لەمەدا تەواو هەڵە بوو.» دروستە لە ڕێگەی دەرمانی پزیشکییەوە بەدوای چاکبوونەوەدا بگەڕێیت. وە هەڵەیە بەدوای دەرماندا بگەڕێیت و خودا پشتگوێ بخەیت. «ئەگەر گەشت بکەیت بۆ چارەسەری کیمیایی بەبێ گەڕانەوە بۆ لای خودا، یان بەبێ خۆشەویستی بۆ خودا، بەبێ پشتبەستن بە خودا، بەبێ نوێژ بۆ خودا، ئەوا تۆ لە هەمان بارودۆخی ئاسایت. (٣) پۆڵس لەگەڵ پزیشکەکەیدا گەشتی کرد (کۆلۆسی ٤: ١٤)، وە شەرمەزار نەبوو لە گوتنی ئەمە. «بەڵکو وا دیارە کە ئەو لێهاتوویی لۆقای لە پزیشکیدا وەک بەخششێک لەلایەن خوداوە بینیوە.» (٤) پۆڵس گرنگی بە چارەسەرییە پزیشکییە سەرەتاییەکان دەدا، وەک شەراب (یەکەم تیمۆساوس ٥: ٢٣). (٥) ئادەم و حەوا داوایان لێکرا بۆ کشتیاری (پەیدابوون ١: ٢٨). «ئیتر ڕەنگە داڕێک ببڕیت. دەیبڕیت بۆ تەختە و خانوێک دروست دەکەیت بۆ ئەوەی بتپارێزێت لە خۆر و باران. یان ڕەنگە ترێ بڕنیت و لە ژێر پێتدا بیگوشیت و لە شوێنێکی فێنکدا هەڵیبگریت و شەرابی لێ دروست بکەیت، کە لە هەندێک حاڵەتدا پێی دەگوترێت دەرمان. یان ڕەنگە ڕێڕەوی ئەلکترۆنەکان بە دەوری ناوکدا بەکاربهێنیت و بەجۆرێک بیانگۆڕیت بۆ ئەوەی تیشکێک دروست بکەیت کە خانە شێرپەنجەییەکان دەکوژێت.»

ئایا ئێمە متمانەمان بە خودا هەیە و پشتی پێ دەبەستین؟ ئەمە بابەتەکەیە. «ئایا ئێمە نوێژ دەکەین، متمانەمان هەیە، خۆشەویستیمان هەیە، وە هەوڵ دەدەین تەواو ملکەچی

خواستی ڕەهای ئەو بین؟ بێگومان خواستی ڕەهای ئەو دێتە دی. لە ڕێگەی نوێژ و لە ڕێگەی پەرجوو و لە ڕێگەی دەستێوەردانی پزیشکییەوە دێتە دی. ئەوەی خودا دەیەوێت کەمترین پلانی دەستێوەردان نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشیدا. ئەو بەدوای قووڵترین و دڵخۆشترین ملکەچبوونداید بۆ خواستی سەروەری خۆی، هەرچەندە ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئازارەکانمان دەکەین.»[a]

ئایا گوناهم بووەتە هۆی ئازارەکانم؟

هەندێک جار سەختترین ئازارەکانمان ڕاستەوخۆ بەهۆی گوناهەکەمانەوەیە (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٣٠-٣٢). بەڵام زۆرجار ئازارەکانمان ڕاستەوخۆ بەهۆی گوناهەکەمانەوە نییە (یۆحەنا ٩: ٣؛ دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٨-٩). کەواتە چۆن ڕووبەڕووی ئازار ببمەوە (١) بە بەرگەگرتنی پشوودرێژەوە یان (٢) بە تۆبەکردنی دەستبەجێ؟

هەردوو پۆلێنەکە ڕاستن. (٢) خودا هەندێک ئازارمان بۆ دەنێرێت بۆ ئەوەی ژیانمان هەڵبسەنگێنین (عیبرانییەکان ١٢: ٦). وە (١) خودا هەندێک ئازارمان بۆ دەنێرێت بۆ ئەوەی خودا شکۆدار بکەین لە کاتێکدا بە باوەڕ و پشوودرێژییەوە بەرگەی دەگرین (یۆحەنا ٩: ٣). کەواتە چۆن بزانین کام جۆری ئازار هاتۆتە ژیانمانەوە؟ «ڕەنگە خودا ڕوونی بکاتەوە. ڕەنگە دەریبخات و ڕەنگە نا.» بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم پۆلانە تێکەڵن. بۆیە پێویستە بە خۆهەڵسەنگاندن و هیوای پشوودرێژییەوە کاردانەوەمان بۆ هەموو ئازارەکانمان هەبێت.

یاقوب داوامان لێدەکات کە بە «هەموو خۆشییەکەوە» بەرەوڕووی هەموو تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکانی ژیان ببینەوە هەتا ئەو تاقیکردنەوانە «چەسپاوی» لە ئێمەدا بنیاد بنێن (یاقوب ١: ٢-٤). وە «جیاوازی ناکات لەوەی ئایا ئەوانە لە کاردانەوەی گوناهە تایبەتەکاندا دێن کە ئێمە ئەنجامەکان داوە یان نا. ئەوەی دەیڵێت لە هەموو جۆرە تاقیکردنەوەیەکدا -هەموو جۆرەکان- باوەڕ ئەزموون دەکرێت. ئامانج لە هەر تاقیکردنەوەیەکدا جۆرێکە لە خۆڕاگری کە نیشانی دەدات خودا جێی متمانەیە، دانایە، چاکە، وە بەهادارە، وە لە هەموو بارودۆخێکمان ئەومان بەسە.» کەواتە ئەگەر بتوانین بزانین گوناهێکی دیاریکراو بووەتە هۆی ئازارەکانمان یان نا، ئێمە هەمان وەڵامان هەیە. ئیتر «با هەموو تاقیکردنەوەیەک کاریگەری پیرۆزکەری خۆی هەبێت کە گوناە بکوژێت، باوەڕ بەهێز بکات، خۆڕاگری و خۆشەویستی بەهێز بکات. ئەگەر گوناهەکە زانرا، بیکوژە. وە ئەگەر نادیارە، داوا لە پەروەردگار بکە کە بتپارێزێت، لە هەڵە شاراوەکان پاکت بکاتەوە، گەشە بە تواناکانت بدات بۆ باوەڕ و خۆڕاگری» (زەبووری ١٩: ١٢؛ ١٣٩: ٢٣-٢٤).

---

a ئەڵقەی ٨٩٠: «ئایا پزیشکی ڕێگری لە پلانی خودا دەکات بۆ ئازارەکانم؟» (٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٦).

سەرنج بدە کە ئازارەکانی ئەیوب لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە پیاوێکی پاک بوو (ئەیوب ١: ١). بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، ئازارەکانی ئەیوب «پاشماوەی گوناە»یان لە ناخیدا وروژاند، کە پاشان تۆبەی کرد (ئەیوب ٤٢: ٥-٦). «ئایا ئازارەکان لە ژیانماندا سزادانە بۆ هەندێک گوناهی تایبەت، یان ئازارەکان دەرفەتێکە بۆ شکۆمەندکردنی خودا لە ڕێگەی باوەڕ و پشوودرێژییەوە -لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئێمە پاشماوەی گوناهباری لە ژیانماندا دەدۆزینەوە، کە پێویستە تۆبەی لێ بکەین و تێپەڕێنین. هەر بۆیە گوتم هەمیشە شوێنێک هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی خۆمان.» بۆیە کاتێک ئازارەکان تووشت دەبن، هەڵی بسەنگێنە و بەرگەی بگرە. پشتگوێی مەخە یان لێی مەترسە وەک نیشانەی مەحکومکردنی خودا -ئەم دوو کاردانەوەیە هەردووکیان هەڵەن (ڕۆما ٨: ١٦-١٧).[a]

لە هەژماردکردنی ئەو ئازارەی کە هاتە سەر ژیانی ئەیوب، دەبێت ئاگاداری گوناهەکەی بین. وە ئاگاداری گوناهی خۆمان بین. هەریەکەمان شایەنی حوکمدانی خودایین وەک «منداڵانی تووڕەیی» (ئەفەسۆس ٢: ٣). کەواتە هەر شتێک و هەموو شتێک کە پێمان دەدرێت بەبێ حوکمدان، «شایستەی نین». هەر هەناسەیەک کە دەیدەین، هەر ساتێک ئازار نەچێژین -هەمووی نیعمەتێکە بۆ گوناهباران بەبێ ئەوەی «ناشایستە»ی بین. بە درککردنمان بەمە، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە «هیچ نادادپەروەرییەک لەلایەن خوداوە بەرامبەر بە هیچ مرۆڤێک ناکرێت لەسەر زەوی، هەموو کەسێک لەلای خودا باشتر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لەوەی کە شایەنی ئێمەیە -هەموو کەسێک.» کاتێک باس لە لافاوی دادپەروەری جیهانی دەکرێت، «هەتا ئەو کاتەی هەست بە قووڵایی و ترسناکیی لەم شێوەیەی گوناە نەکەین، بەشێکی زۆری کتێبی پیرۆز هیچ واتایەکی بۆ ئێمە نابێت.» کارەساتە جیهانییەکان ترسناکیی گوناە بەرامبەر بە خودامان بیردەخەنەوە. بەڵام ڕزگاری کۆتایی بە ئازارەکانمان لەم ژیانەدا ناهێنێت. مەسیحییەکان ئازار دەچێژن (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٣؛ دووەم تیمۆساوس ١: ٥). بەڵام ئێمە لەو ئاسوودەییەدا ئازار دەچێژین کە ئازارەکانمان «لەدەستی باوکی هەرە دانا و بەهێز و تەواو چاکەکارماندایە.» نەک لە دەستی شەیتان و چارەنووس و خوداوەندێک کە بە ئازارەکانمان سەرقاڵمان بکات. هەموو پێوەدانێکی ئازار لە ژیاندا لەلایەن باوکێکی خۆشەویستەوە بۆ چاکەی کۆتاییمان دیاری دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت (ڕۆما ٨: ٢٨). بۆیە دەتوانین دڵنەوایی لەو ڕاستییە وەربگرین کە (١) خودا ئازارەکانمان دیاری دەکات، (٢) بۆ ئەوپەڕی چاکەمان، (٣) بۆ هێنانەدی خوستە داناییەکانی. لە هەموو ئەمانەدا، ئەو بە تۆندی دەمانچەسپێنێت.[b] لەسەر ئەم بابەتە، ڕزگاری گرنگە. هەرگیز حوکمدان و تەمبێکردن تێکەڵ مەکە. لە نێوانیاندا «جیاوازییەکی بێ سنوور»

a ئەڵقەی ١٥٣٦: «ئایا ئازارەکانم ڕاستکردنەوەیەکە بۆ گوناە؟» (٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠).
b ئەڵقەی ١٦٩٣: «خەملاندنی پەیامی ئەیوب» (١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

هەیە. (١) خودا حوکم لەسەر دوژمنەکانی دەدات -ئەو «نەهامەتییە»ی کە بەسەر ئەو کەسانەیدا دەهێنێت کە «هیچ مەبەستێکی پاککردنەوە یان نۆژەنکردنەوە یان چاکسازییان نییە، بەڵام تەنها بۆ دەربڕینی دادپەروەری پیرۆزی خۆیەتی، سزادانی،» نەک قەرەبوو (ئاشکراکردن ١٦: ٥-٦). ئەمە بە تایبەتی لە حوکمدانی داهاتووی هەتاهەتایی ڕوون دەبێتەوە (ئاشکراکردن ١٩: ١-٣). (٢) بەڵام خودا منداڵەکانی تەمبێ دەکات- جیاوازیەکی زۆرە. تەمبێکردن «سزا نییە» بۆ دوژمنانی خودا؛ بەڵکو ئەمە تایبەتە بەو منداڵانەی خودا «کە خۆشی دەوێن و مەبەستی باشترکردنیانە، هەرچەندە تووڕەیی خوداشی تێدایە،» هەموو ئەمانە بۆ چاکەی کۆتاییمانە، «بۆ ئەوەی وەک منداڵی خۆشەویست بەشدار بین لە پیرۆزی خودا» (عیبرانییەکان ١٢: ٥-١١).

ڕاستییە وروژێنەرەکە ئەوەیە کە «زۆرێک لە شتە ئازاربەخشەکانی ژیانی باوەڕداران بە مەسیح بەهۆی گوناهەکانی خۆمانەوەیە: هەندێکیان کە پێش ئەوەی ببینە مەسیحی ئەنجامەمان داوە، هەندێکیشیان لەوەتەی بووین بە مەسیحی ئەنجامەمان داوە.» تەنانەت دەکرێت گوناهەکەمان بمانگەیەنێتە مردنی جەستەییش، وەک ئەوەی دواتر دەیبینین (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٣٠). بەڵام لەم دۆخە زۆر تونداندا، ئەم تەمبێکردنە ڕێگری لە شتێکی خراپتر دەکات (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٣١-٣٢). ئەمە «نموونەیەکی سەرسوڕهێنەرە لە حوکمدانی تەمبێکردنی خودا کە هەتا ئەو شوێنە دەڕوات کە مردنی منداڵەکەی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. وە ئەم مردنە کاریگەری تەمبێکردنە لەسەر گوناە لە ژیانی منداڵەکەدا، چونکە ڕێگری دەکات لە چوونە دۆزەخ.» کەواتە «جیاوازییەکی بنەڕەتی و بەهادار هەیە لەنێوان دادپەروەری سزادانی خودایی لە سزادان و تەمبێکردنی پاککەرەوەی خودا بە ئازارەکانمان. ئەو جیاوازییە لە سەرچاوەی ئازارەکاندا نییە، سەرچاوەی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوە نییە باشە یان خراپە، بەڵکو لە ئامانج و شێوازی خودایە بۆ ئازارچێژتنمان».[a]

ئایا خودا دەتوانێت منداڵەکانی بکوژێت؟

بەڵێ، دەتوانێت. خودا تەنها ئەو منداڵانەی تەمبێ دەکات کە خۆشیانی دەوێت (عیبرانییەکان ١٢: ٦). بەڵام ڕەنگە ئەم تەمبێکردنە مردنی جەستەییش لەخۆ بگرێت (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٧-٣٢). «ئەگەر ئێمە لاواز بکات، ئەوا ئێمەی خۆشدەوێت، ئەگەر نەخۆشمان بخات، ئەوا ئێمەی خۆشدەوێت. وە ئەگەر بمانمرێنێت، ئەوا ئێمەی خۆشدەوێت.» ئەو باشتر دەزانێت چۆن «لە منداڵەکانیدا (١) خۆشەویستی بۆ پیرۆزی ڕەهای خۆی بهێنێتە ئاراوە، (٢) ڕق لە حەزمان بۆ ئەنجامدانی گوناە، (٣) سوپاسگوزاری بۆ نیعمەت و ئارامگرتنی سەرسوڕهێنەری ئەو لە ژیانماندا، وە (٤) دڵگەرمی بۆ متمانەکردن پێی لە

a ئەڵقەی ١٠٠٢: «ئایا ئازار سزایە بۆ گوناهەکەم؟» (١٣ی شوباتی ٢٠١٧).

هەموو بارودۆخێکی ژیاندا.» بەڵام تەنها «ئەو دەزانێت چۆن ئەم شتە سەرسوڕهێنەرە گەورانە بە باشترین شێواز لە کڵێساکەیدا بهێنێتە دی.» نابێت «گومان» لە ئامرازەکانی ئەو بکەین، تەنانەت کاتێک کە تەمبێکردنی تونـدی مردنی جەستەیی لەخۆدەگرێت.[a]

کەواتە دەکرێت خودا لە ڕێگەی لاوازی و نەخۆشی و تەنانەت مردنیشەوە تەمبێ بکات (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٣٠) -هەمان ئەو شتانەی کە مەسیح لە خزمەتە زەمینیەکەیدا چاکی کردۆتەوە (مەتا ٤: ٢٣؛ ٨: ١٧؛ ١٤: ١٤). بە مردن، خودا منداڵەکانی بە خێرایی دەباتە ئاسمان «بەهۆی ڕێڕەوی گوناهەکەیان کە دەیبڕێت و ڕزگاریان دەکات. نەک بۆ ئەوەی سزایان بدات، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنیان.»[b] کەواتە خودا دەتوانێت لە ڕێگەی مردنی زووەوە کاری ڕزگاری هەمیشەیی خۆی لە منداڵەکەیدا بپارێزێت.[c] ئەم ڕاستییە «سەرسوڕهێنەرە» ئەوەمان بیردەخاتەوە کە «مەرگی پیرۆزێک» کە خودا خۆشی دەوێت، ڕەنگە «تەمبێکردنی ڕزگاربوون بێت لە مەحکومکردن، خودا دەیباتە دەرەوە بۆ ئەوەی لەلایەن شەیتان و گوناهەوە دەرنەهێنرێت و نەچێتە دۆزەخەوە.»[d] دیارە تەنها خودا مافی ئەوەی هەیە پێشوەختە ژیانی منداڵەکەی ببات.[e]

بۆچی منداڵەکەم کەمئەندامە؟

ژن و مێردێکی گەنج کە تامەزرۆی دروستکردنی خێزانن، پێیان گوتراوە کە منداڵی یەکەمیان کە لە سکی دایکیدایە ئەگەری هەیە نەخۆشی ئۆتیزمی هەبێت. چۆن کاردانەوەیان بۆ ئەو خەم و پەژارەیە هەبێت کە خۆشییەکەیانی تێکداوە؟

«یەکێک لەو شتانەی کە هەموو خەمەکان هێندەی دیکە خەمبارتر دەکات ئەوەیە کە زۆرجار پێچەوانەی ئەو شتانەن کە ئێمە هیوامان بۆی خواستووە و نوێژمان لەپێناوی کردووە و چاوەڕێمان کردووە. کەواتە ئەوە تەنها «ئەو ڕاستییە بە ئازارە نییە کە ئێستا هەموو ژیانیان بەهۆی پەروەردەکردنی منداڵێکی کەمئەندامەوە گۆڕاوە، بەڵکو ئەمە وەک کاردانەوەیەکی شکۆدار دێت کە پێچەوانەی نوێژەکانیانە.» بێهیوایی پێویستی بە سێ ململانێی باوەڕ هەیە.

---

a ئەڵقەی ١٣٥٢: «بۆچی خودا هەندێک لە مەسیحییەکان بە مردن تەمبێ دەکات؟» (٥ی حوزەیرانی ٢٠١٩).

b ئەڵقەی SE١٦: «چۆن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا تێبگەین؟» (٢٨ی شوباتی ٢٠٢٠).

c ئەڵقەی ١٥٦١: «چی بەسەر ئەو کەسانە دێت کە باوەڕیان بە مەسیح نییە و ئێوارەخوانی پەروەردگار دەخۆن؟» (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠).

d ئەڵقەی ٩٦٣: «ئایا هەوەسی من بووە هۆی لەبارچوونی منداڵەکەمان؟» (١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦).

e ئەڵقەی ٦٨٤: «ئەگەر کۆرپەکان بچنە ئاسمان، بۆچی لەدژی لەباربردن بوەستینەوە؟» (١٤ی ئەیلوولی ٢٠١٥) وە ئەڵقەی ٨٥٧: «بۆچی خودا ناتوانێت خۆشەویستی هەتاهەتایی هەبێت بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان پێی نییە؟» (١٢ی ئایاری ٢٠١٦).

١. ململانێ بۆ بینینی چاکەی خودا. ئەو بە باشی دەمێنێتەوە، تەنانەت لە کاتێکدا کە ئازاربەخشترین بارودۆخەکان فشارمان لەسەر دروست دەکەن بۆ بینین و ژیان بە باوەڕ -بە هیوا بۆ ژیانی هەتاهەتایی، نەک بە بێهیوایی لەو بارودۆخەی تێیدایین (زەبووری ٢٧: ١٣-١٤؛ ٣٤: ٨؛ مەتا ٥: ٨؛ یەکەم کۆرنسوس ١٣: ١٢؛ دووەم کۆرنسۆس ٥: ٧).

٢. ململانێ بۆ بینینی بەخششی خودا. «دڵخۆشبوون بە بەخششی منداڵێکی تەندروست هەڵە نییە، بەڵام هەڵەیە بە بەخششی منداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەت دڵخۆش نەبیت. هەردوو ئەم کردارەی دڵخۆشی پەرجوون.» دایک و باوکی مەسیحی دەبێت نوێژ بکەن لەپێناو یارمەتی خودا بۆ گۆڕینی ئامرازی خۆشییان لە هیوای چاوەڕوانکراوەوە بۆ بەخششی بەخشراو.» گواستنەوە لە خۆشی هیوادار لە منداڵێکی تەندروستەوە بۆ ئەو خۆشییە بە ئازارەی لە منداڵی کەمئەندامەوە گواستنەوەیەکی گەورەیە. خۆشی یەکەم دەمرێت. ئەمە مردنێکی ڕاستەقینەیە، وە ئەم مردنە بە ئازارە. ئەم خۆشییە نایابە وون دەبێت. نامێنێت. ئەمانە لە کاتێکدا ڕووەدەن کە خۆشی نوێ وەک تۆوێکی بچووک تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆی بەناو بەردەکانی بێهیوایی و ترس و خەمدا پاڵ بنێتە سەرەوە. چەند ڕۆژێک، چەند هەفتەیەک، وە ڕەنگە چەند مانگێک هەبێت بۆ ئەوەی تێپەڕین لە مردنی خۆشییەکەوە بۆ گەشەکردنی خۆشییەکی دیکە، ئەم ڕۆژانە ڕۆژانێکی ئاسان نین.» بەڵام ئەوە خۆشییەکی پەرجووئامێزە. لە کۆتاییدا، خودا خۆشییەکەت لێ زەوت ناکات، بەڵکو «دەیگۆڕێت بە خۆشییەکی دیکە، خۆشییەک کە تۆ داوات نەکردووە، وە ڕەنگە خۆشییەک بێت کە تۆ ئێستا نەتوانیت بە خۆشییەوە لە باوەشی بگرێت. دێت.» هانبدرێ بە شایەتیدانی زۆرێک لەو دایک و باوکانەی کە منداڵیان هەیە و نەخۆشی ئۆتیزمیان هەیە، کە ئێستا دەتوانن بڵێن «هەموو تاقیکردنەوەیەک هۆکارێکە بۆ خۆشی» (ڕۆما ٥: ٣؛ یاقوب ١: ٢).

٣- ململانێ بۆ بینینی پلانی خودا. ئایا کەمئەندامی منداڵ ڕێگەیەکی دڕندانە نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوناهی دایک و باوک یان پیرۆزکردنیان؟ چوار ڕەچاوکردن هەیە. (i) لێرەدا خودا دە هەزار مەبەستی هەیە، بۆیە «ژیان هەرگیز بە سادەیی هەرگیز "شتێک نییە دەبێتە هۆی شتێکی دیکە". هەمیشە هەزاران و هەزاران شت هەن خودا دەیکات کە ناتوانین ببینین، وەک لە لەدایکبوونی منداڵێکی تووشبوو بە نەخۆشی ئۆتیزم.» (ii) جیهان تێکشکاوە. ئازار و تێکشکاوی ژیانمان بەشێکن لە کەوتنی گەورەی بەدیهێنراوان، وە تەنها ئەزموونی ڕاستەوخۆ ڕوون

ناکرێتەوە» (ڕۆما ٨: ١٨-٢٥). (iii) مەسیح ئازاری چێژت بۆ ئەوەی ئێمە بکاتە کامڵ و تەواو. ئەمە تێچووی ژیانی کوڕێک بوو. ئەمە «خراپە نییە بۆ سەر منداڵان». خودا بە دڕندە ناو مەبە بەهۆی ئازاردانی عیسا لەپێناو ئەوەی تۆ ڕزگارت بێت.» کتێبی پیرۆز دەڵێت ئەمە گەورەترین کردەوەی خۆشەویستی بوو کە هەتا ئێستا ئەنجامدرابێت، هەرچەندە ژیانی عیسا بووە قوربانی.» (iv) ئازار ئامرازی بڵاوبوونەوەی ئینجیلە. بۆچی هەندێک کەس ئازار دەچێژن و هەندێکی دیکە ئازار ناچێژن؟ ئەمە شتێکی نهێنییە، بەڵام نکۆڵی ناکرێت لەو «سوودانەی لە ئازارەکانی کەسانی دیکەوە دێت.»[a]

وشەیەک بۆ بەهێزکردنی دایک و باوکانی منداڵی کەمئەندام

یەکەم: بۆ ئەو دایکەی کە گرنگی بە کوڕێکی تەمەن گەورە دەدات. هەزاران دایک (و باوک) باری چاودێریکردنی منداڵێکی کەمئەندام هەڵدەگرن، منداڵێکی گەورەی کەمئەندام، یان ئەندامێکی بەسااڵچووی کەمئەندامی خێزانەکەیان. «دڵنیام کە زۆرجار هەست دەکەن ئەمە یەکێکە لە تەنهاترین کارەکانی جیهان، کە پێزانینێکی کەم یان هیچ پاداشتێکی گشتی نییە، چۆن پێدەکەنیت؟ ئەوەندە بە هێمنی و لە ڕێگاکە دوور دەکەویتەوە، چۆن ئەم هەموو بارە هەڵدەگریت؟ چۆن بەردەوام دەبیت؟» کتێبی پیرۆز پێشبینی ڕۆژێک دەکات کە ڕزگارکار دەگاتە لای بۆ ئەوەی «بێهودەیی و مردن لە دەستی شەیتان دەربهێنێت» (ئیشایا ٥٣: ٦). ڕزگارکارەکە «هەموو گوناهەکانمان دادەپۆشێت، وە نیعمەت بەدەست دەهێنین کە ئەوەندە بەهێز و هێندە گشتگیرە، هەموو بێهیواییەک و هەموو بێزارییەک و هەموو ئازارێک لە ڕێگای گوێڕایەڵی عیسادا دەگۆڕێت بۆ سەرکەوتنی کۆتایی.» ئەم ڕزگارکارە «نرخەکەی دەدات بۆ کڕینی ئەو ڕاستییەی کە هەمووی بۆ چاکە دەبێت» (ڕۆما ٨: ٢٨). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگرێتەوە کە هەر کارێکی چاکە بۆ ئەندامێکی کەمئەندامی خێزانەکەت ئەنجام بدرێت، بێ ئاگا یان بێ پاداشت نابێت (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٨؛ ئەفەسۆس. ٦: ٨). منداڵە تەمەن گەورە کەمئەندامەکەت ئێستا ناتوانێت چاکەی خزمەتەکەت بداتەوە. بەڵام لەدوای زیندووبوونەوە پاداشتی زۆرتان پێدەدرێت لەپێناو خزمەتکردنتان (لۆقا ١٤: ١٢-١٤).[b]

دووەم، بۆ باوکێکی سووتاو کە سێ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتی هەیە و تەمەنیان لە خوار تەمەنی دە ساڵەوەیە، قەشە جۆن هەشت ڕاستی قوواڵی جوانی باسکرد بۆ ئەوەی یارمەتی ئەم باوکە بدات بەرگەی بارگرانییەکانی ماڵەوە بگرێت، بۆ ئەوەی بزانێت کە

a ئەڵقەی ١٢٣٥: «بۆچی منداڵەکەم کەمئەندامە؟» (١٩ی ئابی ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ١٢٠٨: «وشەیەک بۆ بەهێزکردنی دایک و باوکانی منداڵی کەمئەندام» (٨ی حوزەیرانی ٢٠١٨).

«لەناو ئەم دیوارە پارێزەر و ژیانبەخشانەدا، کە تێیدا دەژیت و خەبات دەکەیت و هەست دەکەیت بە شەکەتی و بێهیوایی، ئەوە ئەو شوێنەیە کە تێیدا خودای توانادار کاردەکات، کاردەکات، وە بەڵێن دەدات بۆ ئەوەی کار بکات بۆ منداڵە متمانەپێکراوەکانی.»[a]

چۆن دەکرێت خودا سەروەر و چاکەکار بێت و ڕێگە بەو ئازارە زۆرە بدات لە جیهان؟

کەسێکی چارەسەرکاری هەناسەدان کە لەگەڵ ئەو نەخۆشانە کار دەکات کە مێشکیان مردووە، بۆیە ئەم نامەیەی نووسیوە لە ململانێدایە بۆ تێگەیشتن لە چاکەی خودا لەو ئازارە سەختانەی کە ڕۆژانە دەیبینێت.

دەکرێت پرسیار بکرێت کە بۆچی ئازار بوونی هەیە و چارەسەر بکرێت لە (١) ئاستی بچووک و (٢) ئاستی گشتییەوە. (١) لە ئاستی بچووک دەپرسین: «بۆچی ئەم ئازارە دیاریکراوە؟ بۆچی ئەم کەسە بە دیاریکراوی؟ بۆچی بە دیاریکراوی ئەم کاتە؟ بۆچی بە تایبەتی بەم چرپیە؟ بۆچی ئەم ئاڵۆزییە نامۆیە؟ بۆچی لەم هەموو پەیوەندییە دیاریکراوەدا؟ بۆچی بە دیاریکراوی ئەو ماوەیە؟ کاتێک باسی هۆکارەکانی ئەم وردەکارییانە دەکەین، ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی هۆکارەکەی نازانین.» زۆر قورسە لەم ئاستەدا لێی تێبگەین. بەڵام ئازار نهێنی نییە، چونکە (٢) «کاتێک باس لە هۆکارە گشتگیرەکان دەکرێت کە بۆچی ئازار لە جیهاندا هەیە، ئەوا کتێبی پیرۆز دەوڵەمەندە بۆ یارمەتیدان.» کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە ئازار یارمەتیدەرە: (i) بۆ تۆبەکردن (لۆقا ١٣: ٤-٥)؛ (ii) بۆ پشتبەستن (دووەم کۆرنسۆس ١: ٨-٩)؛ (iii) بۆ ڕاستودروستی (عیبرانییەکان ١٢: ٦، ١٠-١١)؛ (iv) بۆ پاداشت (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٧)؛ و (v) بۆ بیرخستنەوە (فیلیپی ٣: ١٠).

بەڵام بابەتێکی دیکە هەیە کە دەبێت ڕامانی لەسەر بکرێت: چۆن ئازار لەپێناو کەسانی دیکە هەیە. «پۆڵسی ئازارچێشتوو ئازارەکانی دەکاتە ئەزموونێک بۆ شکۆمەندی مەسیح، بە نیشاندانی تەواو بەسبوونی مەسیح لە لاوازییەکەیدا» (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٨-٩). پۆڵس درکی بەوە کرد کە لاوازییەکەی بۆ ئەو کەسانە دەبینن. خودا ئازارەکانی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی بە خۆشەویستییەکی قوواڵتر بۆ مەسیح لە کەسانی دیکەدا کار بکات.

بە دەربڕینێکی سادەتر، خودا دەیتوانی بە سادەیی هەموو مەسیحییەک بکاتە کەسێکی تێکۆشەر و ئازا و بەهێز. لەبەری ئەمە داوا لە ڕابەرانی کڵێسا دەکات کە ئامۆژگاری تەمبەڵەکان بکەن و هانی کەسانی بێهێز بدەن و یارمەتی لاوازەکان بدەن (یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٤). لاوازییەکانی کەسانی دیکە بەڵگەی «نیشاندانن» بۆ نیعمەتی خودا لە باوەڕدارانی دیکەی پێگەیشتووتردا. لاوازەکان بۆ ئەوە هەن کە لەلایەن بەهێزەکانەوە

a ئەڵقەی ١٤٠١: «ژیانم زەحمەتکێشانێکی بێکۆتاییە -چۆن خۆشی لە مەسیحدا بدۆزمەوە؟» (٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩).

ڕێزیان لێ بگیرێت و خزمەتیان بکرێت. «ئەمە خزمەتێکە کە هەرگیز ناتوانرێت لەم جیهانەدا بدرێتەوە. ئازارەکانیان لەپێناو پیرۆزبوونیان نییە، بەڵکو لەپێناو پیرۆزبوونی ئێوەیە» (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٢١-٢٦). پاداشتەکەت لەپێناو خزمەتکردنی کەمئەندامێک پاداشتێکە لە داهاتوو وەریدەگریت (لۆقا ١٤: ١٣-١٤). «ڕێگاکانی خودا ڕێگاکانی ئێمە نین، ئەو لە لاوازییەکانماندا ئامانجی هەیە، تەنانەت ئەو کەمئەندامییە گەورانەی کە وامان لێدەکات نەتوانین هیچ بۆ خۆمان بکەین. ئەمە پەیوەست نییە بە پیرۆزکردنی کەسە لاوازەکان لەم جیهانەدا، بەڵکو لەپێناو پیرۆزبوونی بەهێزەکانە.»[a]

پرسیارێکی هاوشێوە لە باوکێکی ماندووەوە هات کە شایەتی ئازارەکانی جیهان و تووندوتیژیی گەڕەکە هەژار نشینەکان بوو، وە کوڕێکی کەمئەندامی هەبوو کە لە قوتابخانە کێشەی خراپ مامەڵەکردنی هەبوو. چۆن خودا لە بەرامبەر ئازارەکانی دونیادا تەواو سەروەر و تەواو چاکەکار بێت؟ بە دەربڕینێکی دیکە، چی باوەڕەکەی جۆن پایپەر دەپارێزێت، کە دەزانێت خودا خاوە سەروەری ڕەهایە، سەرباری ئەو هەموو ئازارە زۆرەی هەیە؟ سێ ڕاستی باوەڕەکەی دەپارێزن.

١. کتێبی پیرۆز هەرگیز پاساو ناهێنێتەوە بۆ حوکمڕانی خودا بەسەر ئازارەکانی مرۆڤدا (دواوتار ٢٨: ١٥-٥٧). ئێمە پرسیارمان هەیە سەبارەت بە سەروەری خودا بەسەر ئازارەکانی جیهاندا، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی «ئێمە شتەکانمان بە ڕوونتر یان ڕاستگۆتر بینیوە لەوەی کتێبی پیرۆز دەیبینێت.» کتێبی پیرۆز لەم خاڵەدا ڕاشکاو و ڕاستگۆ و ڕاستەقینەیە، وە هەرگیز «لە هیچ ترسناکییەک و نادادپەروەرییەک لەم جیهانەدا پاشگەز نابێتەوە.» کەواتە، «ناتوانم کتێبی پیرۆز فڕێ بدەم چونکە بێهەڵوێستە یان فریودەرە یان پاساو دەهێنێتەوە بۆ ئەو نەهامەتییانەی کە خودا خۆی دیاری دەکات.» کتێبی پیرۆز لەگەڵ ئێمە ڕاستگۆیە.

٢. کتێبی پیرۆز ئازاری جەستەیی بەکاردەهێنێت بۆ نیشاندانی دوورکەوتنەوەی ڕۆحی. «ترسناکییە جەستەییەکانی ئازار لەم جیهانەدا دەکرێت بۆ ئێمە واتای هەبێت -وە واتایەکی هەبێت و لە کۆتاییدا بڕیارێکی دروستی هەبێت- تەنها ئەگەر بگەینە ئەو ڕاستییەی کتێبی پیرۆز کە گوناە بەرامبەر بە خودایەکی بێ سنوور دانا و دادپەروەر و چاک تووڕەییەکی ڕەوشتییە کە گەورەترە لە تووڕەیی ئازاری جەستەیی چەندین سەدەی جیهان.» وە تەنها دەتوانین بە هێزی ڕۆحی پیرۆز هیوای ئەوەمان هەبێت کە ئەم ڕاستییە بزانین. خودا پاشای سەروەری گەردوونە. کەواتە بۆ درککردن بە چاکەی خودا و خراپی گوناە، «دەبێت

a ئەڵقەی ١٢٧٢: «چۆن خودا دەتوانێت سەروەر و چاک بێت و ڕێگە بە ئازار بدات؟» (٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨).

شۆڕشێکی کۆپەرنیکی[a] لە ڕۆح و دڵدا ئەنجام بدەین، هەتا چیتر خودا هەسارەیەک نەبێت و بە دەوری خۆری مرۆڤایەتیدا بخولێتەوە، وە ببێتە خۆرێکی گەورە و گەشاوە و شکۆمەند، لە چەقی کۆمەڵەی خۆری هەموو شتەکاندا.» دەبێت وەک «ڕاستییەکی باڵا»ی خاوەن «بەهای باڵا» و «گەنجینەی گەردوون» تەماشای بکەین. تەنها کاتێک کە شکۆمەندی ڕاستەقینەی خودا دەبینین دەتوانین هەست بە ترسناکییە ڕاستەقینەکانی گوناهەکانمان بکەین بەرامبەر بە خودا. وە تەنها ئەو کاتە دەتوانین دووپاتی بکەینەوە کە «هەموو ئازارەکانی مرۆڤ شایەتێکی هاوارکەرن بۆ ترسناکیی گەورەتری گوناهی مرۆڤ.»

٣. کتێبی پیرۆز ڕزگارکەرێکمان پێ دەبەخشێت کە بە مەبەست نێردراوە بۆ ئازارچێژتن. «خودا کوڕەکەی نارد بۆ ئەم جیهانە -خودی خۆی نارد- بۆ ئەوەی تووشی سووکایەتییەکی ڕەوشتی گەورەتر بێت لەو سووکایەتییەکەی تەواوی گەلەکەی بە گوناهیان بەرامبەر بە خودای باوک کردبوویان» (ڕۆما ٥: ٨). خاچ گەورەترین گوناە و توندترین ئازارە کە هەتا ئێستا ڕوویدابێت. وە ئەمەش هەمووی لەلایەن خوداوە پلانی بۆ داڕێژرابوو. «کوڕی خودای تەواو پاک و چاک و دانا و بەهێز و پیرۆز» دابەزی بۆ ئەم جیهانە تێکشکاوە بۆ ئەوەی خۆی بخاتە ژێر «سووکایەتی و ئەشکەنجەی لە خاچدانی ڕۆمانی» وە تووشی «بێڕێزییەکی زۆر» بێت بۆ ئەوەی کردەوەی کەفارەتی ئەو، نادادپەروەری و سووکایەتی گەردوونی گوناهەکانمان لە دژی خودا دابپۆشێت.[b]

شایەتیدانی هاواری ئازارەکان بۆ تێکشکانی گەردوون بەهۆی گوناهەکەمان

سەبارەت بەمە «شایەتی هاوارە»ی ئازار بۆ نیشاندانی تێکشانی ڕەوشتی پەیوەندیمان لەگەڵ خودا (٢)، لە هەر لەدەستدانێکدا کە هەستی پێدەکەین، پێویستە هەست بە «ترسناکییەکانی گوناە» بکەین.[c]

حوکمە ترسناکەکانی خودا لە کتێبی پیرۆزدا «وێنەیەکی سەرسوڕهێنەرن» هەتا ئەو ڕادەیەی کە «هێڵنجت دێت ئەگەر هەر جۆرە هاوسۆزییەکت هەبێت» لەگەڵ ئەوەی «خودا لەم جیهانەدا لە دژی گوناە بڕیاری لەسەر دەدات.»[d] بەڵام ئێمە لە دەوروبەرمان

---

a ئەو شۆڕشە زانستییەی «نیکۆلاس کۆپەرنیک» لە سەدەی ١٦، کە گوتی: خۆر چەقی گەردوونە و زەوی بە دەوریدا دەخولێتەوە. ئەم تیۆرە شۆڕشێکی هەزری هێنایە کایەوە و بە شێوەیەکی ڕیشەیی ڕوانگەی مرۆڤی گۆڕی. واژەیەکە کە لە زانست و بیرۆڕاکاندا بەکاردێت بۆ وەسفکردنی گۆڕانکارییەکی گەورە و بنەڕەتی لە ڕێگەی بیرکردنەوە و بینینی جیهان -وەرگێڕ.

b ئەڵقەی ١٧٥٣: «ئەگەر خودا سەروەرە، بۆچی جیهانەکەی پڕە لە ئازار؟» (٧ی ئازاری ٢٠٢٢).

c ئەڵقەی ٦٢٥: «خودا دەیبات بۆ دەرخستنی جوانی مەسیح» (٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٥).

d ئەڵقەی ١٤١٦: «لە یەکەم خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز پێویستە چاوەڕوانی چی بکەم؟» (٣ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠).

هەست بەم ترازانە دەکەین لە جیهاندا. هەر ژانێکی ئازار لەم ژیانەدا، دەرئەنجامی گوناهی ئادەم و حەوایە (پەیدابوون ٣: ١-٢٤؛ ڕۆما ٨: ٢٠). بە شێوەیەکی کەسیتر، لەم جیهانە پڕ لە ئازارەدا، هەست بە گوناهی خۆمان دەکەین بەرامبەر بە خودا. «بۆچی خودا وای کرد؟ بۆچی فەرمانی دا کە کاریگەری خراپەکاری ڕەوشتی لە ترسناکیی خراپەکاری جەستەییدا دەربکەوێت -بوومەلەرزە، لافاو، برسێتی، پەتا، جەنگ و هەموو جۆرە خراپ مامەڵەیەکی ترسناک لەگەڵ مرۆڤ؟ ئەی، خودای من. ئەو کارەی کرد، چونکە دەیزانی ئەو کەسانەی لە سەرپێچی و گوناهەکانیاندا مردوون، هەرگیز لە ترسناکی ڕەوشتی ناپاکی بەرامبەر بە خودا تێناگەن، مەگەر نەبینن لە تۆڕەیی جەستەیی تووندوتیژی لە دژی مرۆڤەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت.» گوناهباران «خەویان نازڕێت بەهۆی ناپاکییان لە خودا. بەڵام کە جەستەیان تووشی شێرپەنجە دەبێت، هەستەکانیان بە تووڕەیی ڕەوشتییەوە دەوروژێت.» پاپیەر (یەکێک لە ڕزگاربووانی شێرپەنجەی پرۆستات) دەڵێت کە شێرپەنجە هەیە «وەک شایەتێکی خودایی بۆ ڕژدی و مەترسیداری و ترسناکی گوناە بەرامبەر بە خودا.»[a]

هەموو «ناشیرینی و شێوانێک»ی مرۆڤ بەهۆی گوناهەوە هەیە. هەرچەندە لەسەر کەسێکی دیاریکراو نەبێت بەهۆی گوناهێکی دیاریکراوەوە (یۆحەنا ٩: ٢-٣). «شێواوی ترسناک» و «شیواوی تۆقێنەر» و «شێواوی ناشیرین» و «گۆشتی کراوە و چاکنەبووەوە» (لە هەندێک کەس) هەیە بۆ ڕاگەیاندنی شێواوی پەیوەندییە تێکچووەکانمان لەگەڵ خودا (لە هەمووان).» خودا جیهانی مادەی و جیهانی جەستەیی لەگەڵ جیهانی ڕەوشتیدا هاوئاهەنگ و هاوشێوە کرد» (ڕۆما ٨: ١٨-٢٣). «خودا بڕیاری دا کە دەرکەوتنی جەستەیی هەبێت بۆ ترسناکی و مەترسی گوناە بەرامبەر بە خودا.»[b] بە دەربڕینێکی دیکە، هەموو ئازارەکان «دەنگی کەرەنایەکە» بۆ هەموو مرۆڤایەتی، کە «خراپەی گوناە بەرامبەر بە کەسی خودا و شکۆی ئەو» ڕادەگەیەنێت. بەڵام ئەم دەنگە تەنها «دەنگدانەوەیەک»ی «سووکایەتییە بە خودا» بە گوناهەکانمان و بێباوەڕیمان.[c] بچووککردنەوەی پێگەی خودا گەورەترین سووکایەتی ڕەوشتییە. کەواتە لە کاتێکدا هەموومان بە تووڕەییەوە وەڵامی ئازارەکانی ناو جەستەمان دەدەینەوە، بۆ ئەوەی تووڕەیی گەورەتری گوناهمان لە دژی خودا ببینین و هەستی پێبکەین، پێویستی بە «شۆڕشێکی کۆپەرنیکی»ی دەروون و دڵ هەیە.[d] یان ئەم «شایەتییە هاوارکەرە»ی دەکەوێتە سەر گوێی کەڕ.

---

a ئەڵقەی ١٥٣٠: «بۆچی کتێبی پیرۆز هێندە تووندوتیژە؟» (٢٤ی ئەیلوولی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ١٦٩٩: «بۆچی خودا منی ناسەرنجڕاکێش کردووە؟» (١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١).

c ئەڵقەی ١٧٠٧: «ئایا تاوان تووندوتیژەکان لە ژێر چاودێری خودادان؟» (١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١).

d ئەڵقەی ١٧٥٣: «ئەگەر خودا سەروەرە، بۆچی جیهانەکەی پڕە لە ئازار؟» (٧ی ئازاری ٢٠٢٢).

ئایا پەیمانی کۆن کەمئەندامان دوور دەخاتەوە؟

عیسا لە شەلەکان نزیک دەبێتەوە و دەستیان لێدەدات و چاکیان دەکاتەوە. بەڵام لە پەیمانی کۆندا، کەمئەندامان لە شوێنە پیرۆزەکانی خودا دوور دەخرانەوە (لێڤییەکان ٢١: ١٦-٢١). بۆچی پەیمانی کۆن کەمئەندامانی بەم شێوەیە دوورەپەرێز دەکرد؟

بە تایبەتی ئەم دەقە باس لە کاهینە پەڵەدارەکان دەکات. خودا «مکوڕە لەسەر ئەوەی کە پەیوەندییەک هەبێت لە نێوان کاملّی ئەو کەسانەی کە لە پیرۆزگا نزیک دەبنەوە و کاملّی خودی پیرۆزگاکە، کە ڕەنگدانەوەی کاملّی و تەواوەتی خۆیەتی.» ئەم مەرجە بۆ هەموو سەردەمێک ڕاستە. خودا هێندە پیرۆزە هیچ نزیکییەکی نییە. «هیچ شتێکی ناتەواو ناتوانێت لە خودا نزیک بێتەوە بەبێ ئەوەی لەناو بچێت.» بە درێژایی پەیمانی کۆن بیرمان دەخرێتەوە کە هیچ ناتەواوییەکی ڕەوشتی و ڕۆحی و جەستەیی ناتوانێت لە ئامادەبوونی خودادا نیشتەجێ بێت. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو شەریعەتانە بناغەیەک بوون بۆ ئەوەی کە دەهات لە ڕاستودروستی و پیرۆزکردن و شکۆمەندی و دووبارە بەدیهێنانەوەی تەواوی گەردوونی مادەدی. «ئەو ئاوا پیرۆزە، ڕۆژێک دێت نەک تەنها خوانەناسان ڕاستودروست دەکات، بەڵکو دەست لەوانە دەدات نەخۆشی گوللییان هەیە -خودا خۆی لە جەستەدا دەستی لەو کەسانە دا کە نەخۆشی گوللییان هەبوو- بەڵکو خوانەناسان بە تەواوی دەگۆڕێت بۆ مرۆڤی بێ گوناە و خوداپەرست، وە هەموو گوللییەک، هەموو نەخۆشییەک، هەموو کەمئەندامییەک و هەموو شێواوییەک ناهێڵێت.»

«پەیمانی کۆن وەک بڵێی لەسەر نووکی پەنجەی پێیەکان ڕاوەستاوە، تەماشای ئاسۆی داهاتوو دەکات، چاوەڕێی ئەوە دەکات و پرسیار دەکات کە چۆن خودا دەتوانێت گەلێک دروست بکات کە بتوانێت بە بوێرییەوە بێتە ئامادەبوونی ئەو. لە پەیمانی نوێدا، ئەم ڕاستییە نوێیە «شکۆمەندە» لە مێژوودا دەردەکەوێت. «ڕاستییەکە ئەوەیە کە خودا لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە ڕێگایەکی دابین کردووە، ئەو کاملّبوونەی کە پێویستە، ئێستا هەمانە بۆ ئەوەی لێی نزیک ببینەوە، بە ڕۆحی خۆی پیرۆزکردن و زیندووبوونەوە و کاملّبوونی نوێی جەستەیی و ڕۆحی لە سەردەمی داهاتوودا دابین کردووە بۆ ئەوەی بتوانین بۆ هەتاهەتایە لە ئامادەبوونیدا بین. کەواتە «پێویستمان بە پەیمانی کۆن هەیە بۆ ئەوەی درک بەوە بکەین کە خودا چەندە پیرۆزە، هەروەها پێویستمان بە پەیمانی نوێ هەیە بۆ ئەوەی بێئومێد نەبین لە هەر هیوایەک کە بتوانین لە ئامادەبوونی خودایەکی پیرۆزی لەو شێوەیەدا بژین -چ جای ئەوەی بۆ هەتاهەتایە چێژی لێ وەربگرین.»[a]

a ئەڵقەی ١٣٢١: «ئایا پەیمانی کۆن کەمئەندامان دوور دەخاتەوە؟» (٢٥ی ئازاری ٢٠١٩).

چی بە هاوڕێ مەسیحییەکەم بڵێم کە هەموو ڕۆژێک ئازار دەچێژێت؟

لە چوار ڕووەوە بە وەفاداری بۆ هاوڕێکەت بمێنەوە.

١. مەهێڵە ئازارەکان دوورت بخاتەوە. «لە کاتی هاوبەشی لە ئازارەکانی کەسێکدا بە ئاسانی ماندوو دەبیت.» بەرگە بگرە و ئارامیت هەبێت لەگەڵ هاوڕێکەت (گەلاتیا ٦: ٢).

٢. هاوسۆزی مەبە وەک ئەوەی بزانیت چۆنە. هەر ئازارێک ناوازەیە. بەڵکو، بەزەیی تۆ «بە ئامادەبوونت و پشوودرێژی و میهرەبانیت دەبینرێت و دەناسرێتەوە.»

٣. کۆڵ مەدە لە «نوێژکردن بە پشوودرێژییەوە لەپێناو ڕزگاربوون و چاکبوونەوە. هەندێک جار ڕادەستی نەخۆشی دەبین، وە ئەوەندە نوێژ دەکەین کە هیوامان بە چاکبوونەوە نامێنێت.» هەتا «وشەیەکی زۆر ڕوون لە پەروەردگارەوە» نەبیستیت بۆ ڕاوەستان، واز لە نوێژکردن مەهێنە لەپێناو چاکبوونەوە. بە تێپەڕبوونی کات نوێژ بکە لەپێناو کاریگەرییەکان یان بەشە تایبەتەکانی ئازارەکە. «هەمیشە هەندێک ڕێژەی حەسانەوە هەیە کە دەتوانن بەکاری بهێنن، تەنانەت ئەگەر تەواوی نەخۆشییەکەش چاکنەبێتەوە.»

٤. بەبیری هاوڕێ مەسیحییەکەت بخەرەوە کە ئازارەکانی سزایەک نییە. لە کاتی گونجاودا باسی ئەو کەسە چاکانە بکە کە ئازار دەچێژن. «بیری هاوڕێکەت و خێزانەکەی بخەرەوە کە ئازار، هەرچەندە بە هۆی گوناهی گشتگیری مرۆڤایەتییەوە بێت، بەڵام هەمیشە بەهۆی گوناهێکی دیاریکراوەوە نییە لەو کەسەی کە ئازار دەچێژێت، بۆیە پێویست ناکات ئەم ئازارە تۆمەتبارکردنی هەندێک کەموکوڕی تایبەت بێت لە هاوڕێکەتدا.» بڕوانە بەشی ١١ی نامەی عیبرانییەکان، بۆ بینینی سەرکەوتنەکانی ڕاستودروستان (عیبرانییەکان ١١: ٣٣-٣٥) وە ئازارەکانی ڕاستودروستان (عیبرانییەکان ١١: ٣٥-٣٧) شان بە شانی یەکترن. ڕاستودروستان بە باوەڕ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، وە ڕاستودروستان بە باوەڕ بەرگەی ئازارێکی سەختیان گرت. بیری هاوڕێکەت بخەرەوە کە «هەموو ڕێڕەوی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە ئازارەکانی ڕاستودروستەکانە، نەک تەنها ئازارەکانی ئەوانەی پێویستیان بە تەمبێکردنە.» دەکرێت ئەمە هەموو شتێک بگۆڕێت. ئەیوب نموونەیەکی دیارە، پیاوێکی ئازارچێشتوو کە «کەسێکی ڕاست و بێ کەموکوڕی بوو» (ئەیوب ١: ١). «لەگەڵ ئەوەشدا خودا ڕێگەی بە شەیتان دا تووشی برینی ترسناکی بکات -ڕەنگە نەخۆشی فایبرۆمالیگ بێت- نازانین ئەم برینانە چەندە بەردەوام بوو، بەڵام ئەیوب کەوتە لێواری کفرکردن، لە بەشەکانی

کۆتاییـدا خـودا لـه کاتـی گونجـاودا دەرکـەوت بـۆ ئـەوەی ئەیـوب لـه بێهیوایـی بپارێزێـت.» ئەگـەر قوولّـتر ببینـەوە، ئەیـوب ناچارمـان دەکات دوو شـت قبـوولّ بکەیـن. (i) خـودا سـەروەرە بەسـەر شـەیتان و هەمـوو ئازارەکانماندا (ئەیـوب ٤٢: ١١). (ii) پلانەکانـی خـودا بـۆ ئێمـه بـه دانایانـه و بـاش و بـه بەزەیـی و میهرەبانـن، تەنانـەت ئەگـەر ئامـرازەکان بـه ئازاریـش بـن (یاقـوب ٥: ١٠-١١).

٥. بۆیـه نوێـژ بکـه لەپێنـاو دوو پەرجـوو: پەرجـووی چاکبوونـەوەی جەسـتەیی، وە پەرجـووی «بینیـن و هەسـتکردن بـه دەسـتی بەزەییـدار و میهرەبانـی خـودا. ئەمـه پەرجووێکـه هەمـان گرنگـی چاکبوونـەوەی هەیـه.»[a]

ئایا چارەسەرکەران بە باوەڕ بەگوێرەی شەریعەتن؟

ئایـا دەکرێـت مەسـیحییەکی نەخـۆش بەشـداری بـکات لـه حەملەیەکـی چاکبوونـەوە لەلایـەن چارەسـەرکەرێکی ڕۆحانـی؟ سـەرەتا وەڵامـی ئـەم پێنـج پرسـیارە بـدەرەوە.

١. چارەسـەرکەر بـاوەڕی بـه چـی هەیـه؟ دەڵـێ خـودا کێیـه؟ مەسـیح کێیـه؟ ئینجیـل چییـه؟ بیروبـاوەڕە یەزداناسـییەکان بـۆ کاروبـاری ڕۆحیـمان زۆر گرنگـن. ئاگاداربـه لـه هـەر چارەسـەرکەرێکی بـاوەڕ یـان خزمەتێـک کـه «دوودڵ» بێـت لـه وەڵامدانـەوەی پابەندبوونـه یەزداناسـییەکانیان. «لـەم ڕۆژانـەدا زۆر کـەس هـەوڵ دەدەن بـۆ هێـزی ڕۆحـی -و هەمیشـه وابـوون- بەبـێ ئـەوەی ڕاسـتییەکانی کتێبـی پیرۆزیـان خۆشـبوێت» (لۆقـا ٢٣: ٨). بـەڵام دەرخسـتنی هێـز «بەبـێ ڕاسـتی» بـه دڵنیاییـەوە «لـه کۆتاییـدا زیـان بـه بابەتـی مەسـیح دەگەیەنێـت.» ئێمـه ئەمـه دەزانیـن چونکـه لـه کۆتایـی سـەردەمدا بێبـاوەڕان زیاتـر و زیاتـر هێـزی پەرجوویـی بەکاردەهێنـن (دووەم سـالۆنیکی ٢: ٩-١٠). وە لەپێنـاو درۆ دەیکـەن.

٢. ئامانجـی چارەسـەرکەر چییـه؟ ئایـا ئامانجەکـه چارەسـەرکردنه، یـان چارەسـەرکردن ئامرازێکـه بـۆ ئامانجـی «شـکۆمەندکردنی مەسـیح و پیرۆزکردنـی ژیانـی مـرۆڤ و بنیادنانـی کڵێسـای ناوخۆیـی؟» کتێبـی پیـرۆز پێشـەکییەک یـان «دەسـتپێکێک» نییـه بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هێـز. بڵاوبوونـەوەی وشـەی خـودا کڕۆکـی چاکبوونـەوەی جەسـتەییه. «هەمـوو پەرجـووە جەسـتەییەکانی پەیمانـی نـوێ ئـەوە پشتڕاسـت دەکەنـەوە کـه وشـەی ڕاسـتی و شـکۆمەندی وشـەی ڕزگارکـەری خودایـه. ئەگـەر ئەمانـه پێچەوانـه ببنـەوە، کاریگەرییـه درێژخایەنەکـەی ناتەندروسـت دەبێـت.»

٣. ئایـا چارەسـەرکەرەکە بانگـەوازی ئـەوە دەکات کـه چاکبوونـەوە هەمیشـه بـه خواسـتی خودایـه؟ هـەر چارەسـەرکەرێکی بـاوەڕ بانگـەوازی ئـەوە بـکات کـه خـودا دەیەوێـت

a ئەڵقەی ١٠٥٥: «دەتوانین چی بڵێین بەو هاوڕێیانی کە ڕووبەڕووی ئازار دەبنەوە؟» (١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٧).

هەموو مەسیحییەک لەم ژیانەدا چاک ببێتەوە، درۆ دەکات. لەبەر کەمی باوەڕ نییە کە هەندێک لە مەسیحییەکان نەخۆشن. بەڵێنی خودا بۆ چاکبوونەوەی تەواومان پەیوەستە بە زیندووبوونەوە (ڕۆما ٨: ٢٣-٢٤). هەتا ئەو کاتە، «خودا دەتوانێت چاک بکاتەوە -وە پێویستە هەمیشە نوێژ بکەین لەپێناو چاکبوونەوە، کاتێک نەخۆش دەبین یان کەسێک کە خۆشمان دەوێت نەخۆش دەبێت.» بەڵام ئێمە خودا نین. وە کتێبی پیرۆز ڕێنماییمان ناکات بۆ ئەوەی پێمان وابێت هەمیشە چاکبوونەوە لەدەستی ئێمەدایە «ئەگەر بتوانین تەنها بەشی پێویست لەم بەناو باوەڕە کۆبکەینەوە.»

٤. ئایا لەلای تۆ چاکبوونەوەت لە مەسیح بەهادارترە؟ «ئایا ئەم چارەسەرکەرانەی باوەڕ لە ڕێگەی ئازارەوە تەندروستی جەستەیی لە سەرووی بەهاداری مەسیحەوە دادەنێن؟ واتا ئایا پێیان وایە پەرجووی چاکبوونەوەی جەستەیی پەرجووێکی گەورەترە لە پەرجووی باوەڕی بەهێز و دڵخۆشی و بێ چەواشەکاری لە ڕێگەی نەخۆشی و ئازارەوە؟ ئایا وای دەبینن کە هەردووکیان پەرجووێکی نایاب و سەرسوڕهێنەرن؟ ئایا وای دەبینن کە پەرجووی باوەڕ لە بەرامبەر ئازارەکاندا ڕەنگە پەرجووێکی گەورەتر بێت لە لابردنی ئازار؟»

٥. ئایا تۆ لە ناوخۆدا بەدوای چارەسەرکردنەکەتدا ڕۆیشتوویت؟ خودا لە کڵێساکانمان ڕابەری ناوخۆییمان پێدەدات بۆ ئەوەی لە کاتی ئازارەکانماندا خزمەت بکەن (یاقوب ٥: ١٤-١٥). ڕەنگە خودا لە ڕێگەی ئەوانەوە شیفات بدات. وە ڕەنگە وایان لێبکات بیر بکەنەوە لەوەی کە ئایا کۆبوونەوەی چارەسەرکردن بۆ تۆ ژیرانەیە (یان نا). بەڵام ئەگەر لە ڕێگەی پیرانتەوە بێت یان هاوڕێکانت، ئەمڕۆ ئەمە بە ڕاستی دەمێنێتەوە کە خودا «بەهرەی» چاککردنەوە دەدات- بە شێوازی کۆ (χαρίσματα؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٩). بە هەڵە وا مەزانە کە ئەم بەهرەیە «داخراوە» تەنها بۆ کەسێکی دیاریکراو، وەک ئەوەی کەسێک کە خۆی بە «چارەسەرکاری باوەڕ» ناودەبات. نەخێر. پیرانتان. هاوڕێیەک. ئەم «بەهرەی چاککردنەوەیە» خودا دەتوانێت بە هەر باوەڕدارێک بە مەسیح بدات کە هەڵیبژێرێت بۆ بەکارهێنانی.[a]

ئایا ئێمە داوامان لێکراوە بۆ سوپاسکردنی خودا لەپێناو سەختترین ئازارەکانمان؟

کورێکی چواردە ساڵان بەهۆی شێرپەنجەی ئێسکەوە گیانی لەدەستدا. ئەو باوەڕدار بوو بە مەسیح، باوەڕێکی پتەوی لە بەرامبەر مردندا هەبوو. دایکی لە کاتێکدا خەمی

a ئەڵقەی ١٧٥٨: «لە خزمەتەکانی چارەسەرکردنی نەخۆشی چی بکەین؟» (١٨ی ئازاری ٢٠٢٢).

لێی دەخوارد، نامەیەکی نووسی. پرسیاری کرد، ئایا دەبێت سوپاسگوزاری خودا بێت بۆ لەدەستدانێکی وەها وێرانکەر؟

پاییەر شەش وەڵامی پێشکەش کرد. (١) ئەم کوڕە هەرزەکارە باوەڕی هەبوو بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی مردن ببێتەوە، وە ئەو باوەڕەش خۆی «پەرجووێکی سەرسوڕهێنەرە. کەم شت هەیە، ئەگەر هەبێت، ببێتە هۆی ئەوەی زیاتر لە منداڵێکی چواردە ساڵان بە باوەڕێکی ڕاستەقینەوە لە سەرسامیدا ڕابوەستم -باوەڕێکی ڕاستەقینە و ڕەسەن کە لە کاتژمێری سەرەمەرگدا ئارامی پێدەبەخشێت. ئەمە شکۆمەندییە لەدوای شکۆمەندی لەدوای شکۆمەندییە، وە من دەڵێم ئەوە بێ ئاگا نیم لە ترسناکیی لەدوای ترسناکیی لەدوای ترسناکیی بۆ مردن. وە ڕەنگە ئەزموونێکی سەختتر بێت بۆ دایکەکە، کە تەماشای مردنی منداڵێکی دەکات.» (٢) متمانەی ئەم دایکە بە چاکەی خودا لە وەها لەدەستدانێکدا بەڵگەیەکی دیکەی نیعمەتە. شایەتیدانی ئەم دایکە و خێزانەکەی کە ئێستا لە پەخشەکەدا بڵاودەکرێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی دیکە ستایشی شکۆمەندی نیعمەتی خودا بکەن. (٣) ئێمە وەک جیهان خەمبار نابین، بێ هیوا نابین (یەکەم سالۆنیکی ٤: ١٣). وە بە دەگمەن خەم و پەژارە لە ساتێکدا ئەزموون دەکرێت. وشەی پۆڵس بۆ خەمخۆری (λυπέω) لە دەمی ئێستادایە، واتا بەردەوامی، «ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەم و پەژارە ساتێک نییە» یان «ڕووداوێک» بەڵکو «چاڵاکییەکی بەردەوامە». بۆیە بۆ قسەکردن دەربارەی مردنی کوڕێک لەدوای دوو ساڵیش لەدەستدانەکە شەپۆڵێکی خەمی قورسە و بەرگەی ناگیرێت، «پۆڵس بە تەواوی دەیزانی مەبەستت چییە.» لەدەستدانێکی وەها بە درێژایی ژیانت خەمبارت دەکات، بەڵام ئەو ئازارە ڕێگری ناکات لە سوپاسگوزاری. (٤) لە ئازاردا سوپاسگوزار بە؛ وە سوپاسگوزار بە بۆ ئازارەکان. پۆڵس بە هەردوو شێوازەکە دەیڵێت. لە هەموو بارودۆخێکدا سوپاسگوزار بە (یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٨). وە لە هەموو بارودۆخێک سوپاسگوزار بە (ئەفەسۆس ٥: ٢٠). کەواتە چۆن کاردەکەین بەرەو سوپاسگوزاری بۆ ئازارەکە؟ (٥) بزانە خودا ئازارەکانت دەزانێت. بەزەیی بە کوڕەکەی خۆیدا نەهاتەوە بەڵکو لە دڵەوە بەخشی بۆ ئەوەی ئازار بچێژێت و بمرێت (ڕۆما ٨: ٣٢). مەسیح خاچەکەی لە باوەش گرت بۆ ئەوەی ئێمەی خۆشبوێت (ڕۆما ٥: ٨). دەقەکان تێکەڵ بکە و «خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە گەورەتر دەبێت هەم بەهۆی ئەو تێچووە بێئەندازەیەی کە خودا بە مردن کوڕەکەی لەدەستداوە و هەم بەو ڕاستییەی کە ئەم لەدەستدانەی بۆ ئەو کەسانە لە باوەش گرتووە کە شایەنی ئەوە نەبوون.» لە لەدەستدانی کوڕەکەیدا، خودا دەزانێت لە لەدەستدانی کوڕەکەتدا هەست بە چی دەکەیت. (٦) سوپاسگوزاری لە کاتی خۆیدا دێت. زۆرجار فێردەبین سوپاسگوزار بین لەپێناو سەختترین

ئازار، هەر لەدوای ئەوەی هەندێک لەو بارودۆخانە دوور دەکەوینەوە. خودا «وردە وردە نیشانت دەدات، هەرچەندە لەم ژیانەدا بە تەواوی نەبێت، ئەوەی دەیکات.»[a]

خودا لە ئازارەکانمدا چی ئەنجام دەدات؟

لە ئازارەکانماندا، خودا کاری سەروەری خۆی لە ئێمەدا و لە ڕێگەی ئێمەوە ئەنجام دەدات. «ئەگەر من شایەتی ئەوە بدەم، لە پەنجا ساڵ خزمەتکردنی وشەی خودا بەم شێوەیە بە زۆر کەسی ئازارچێشتوو، لێرەدا چی دەڵێم سەبارەت بە هەر کەسێک کە من بیستوومە یان بینیومە بەهۆی ئازارەکانەوە واز دەهێنێت لە ڕاستییەکانی چاودێری گشتگیری خودا، دە کەسی دیکەم بینیوە کە شایەتی ئەوەن ڕاستی کتێبی پیرۆزی سەروەری ڕەهای خودا، لەناو و بەسەر ئازار و لەدەستدانەکانیاندا، باوەڕەکەیانی ڕزگار کردووە. وە هەندێک گوتوویانە، ئەقڵی ئەوانی ڕزگار کردووە.» چاودێریی خودا «دڵنیامان دەکاتەوە کە ئەوەی ناوی کێشەی سەروەری خودایە لە ئازارەکاندا، چارەسەر دەکرێت و زیاتریش، لە ڕێگای ئامانج و هێزی پشتیوانی سەروەرییەکەی لە ڕێگەی ئازارەوە.»[b]

پەترۆس فەرمانمان پێدەکات کە «دڵخۆش بن وەکو بەشداریتان لە ئازارەکانی مەسیحدا کرد، تاکو لە ئاشکراکردنی شکۆیەکەی دڵخۆش و شادمان بن» (یەکەم پەترۆس ٤: ١٣). «ئەم دەقە تەنها ناڵێت سەرەڕای ئازارەکان دڵخۆش بە، بەڵکو بەهۆی ئازارەکانەوە.» ئەوە وەرگیرانێک نییە لە کتێبی یارمەتیدانی خۆیی یان پاڵنەرێک بۆ بیرکردنەوەی ئەرێیی: «"با باشترین سوودی لێ وەربگرین". "با تێیەڕێنین". "با قارەمان بین". "با لێرەدا هەندێک بیرمان لەسەر مادده هەبێت." ئەمە بابەتەکە نییە، ئەوەی گرنگە تۆ داوات لێکراوە بۆ ئەوەی شتێک بکەیت کە هێندە نائاساییە و هێندە دژە کەلتوورە و هێندە دژی سروشتی مرۆڤە -ئەوە سەروو سروشتییە، و تۆ ناتوانیت بیکەیت.» ئەمە هیچی کەمتر نییە لە پەرجووێکی خودایی، کە بە «هەموو خۆشییەک» بە گوێرایەڵییەوە لەگەڵ مەسیح ئازار بچێژیت (یاقوب ١: ٢). کاردانەوەی وەها بۆ ئازارەکان گەمژانە و نەفامی نییە -لەبەر هۆکارێک. خودا سەروەرە، «وە ئەگەر سەروەری هەبێت، وە ئەگەر حوکمڕانی شەیتان و ئازار و من بکات، وە ئەگەر شانشینییەکان دروست بکات و لەناو ببات، وە ئەگەر حوکمڕانی بکات بەسەر هەموو گەلان، وە بەسەر هەموو بارودۆخێکدا، وە بەسەر ئۆتۆمبێلەکانم، منداڵەکانم، هاوسەرەکەم، وە هاوسەرگیرییەکەم، کارەکەم، و نەخۆشییەکەم، وە ئەم کڵێسایە -وە ئەو باشە- ئەوا گەمژانە نییە بڵێین: "هەموو شتێک بە خۆشی بژمێرە؛ ئەو تۆی خۆشدەوێت."» ئەوە گەمژەیی نییە. ئاسان نییە، بەڵام ڕاستە.

---

a ئەڵقەی ١٠٩٢: «ئایا ئێمە داوامان لێکراوە لە سەختترین ئازارەکانمان سوپاسگوزاری خودا بین؟» (١١ی ئەیلوولی ٢٠١٧).
b ئەڵقەی ١٥٨٩: «چەسپاوی لەبەردەم سەختترین ئازار» (١٧ی شوباتی ٢٠٢١).

«بەردەوام بە لە دڵخۆشی، چونکە ئازارەکان شتێکی لەناکاو نین، بەڵکو پلانێکە.»[a]

ئەم ڕوانگەیەی بۆ ئازارەکان بەرگەگرتن بەرهەم دەهێنێت (ڕۆما ٥: ٣). «بەرگەگرتنی چی؟ باوەڕ. چۆن کاردەکات؟ هەموو سەختییەک، لە ئازاری بچووکترین پەنجەی پێوە هەتا لەدەستدانی هاوسەر یان لەدەستدانی منداڵێک -لە بچووکترینەوە هەتا گەورەترین- هەموو سەختییەک لە ژیانتدا لێدانێکە لە ژێر ئەو پاڵپشتەی کە پشتگیری لە بەختەوەریت دەکات. تۆ دەتوانیت نەفرەت لە خودا بکەیت یانیش بکەوێتە سەر خودا -وە خودا لێیان دەدات بۆ ئەوەی تۆ بکەویتە سەری، چونکە ئەمەیە تۆ بەهێز دەکات.» کەواتە «ڕێگامان بەرەو شکۆمەندی» ئازار لەخۆدەگرێت وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی پەیمانمان لە ئێمەوە بۆ خودا (دووەم کۆرنسۆس ١: ٨-٩). «باوەڕ تاکە ڕێگایە بۆ ئاسمان، تەنگانەش خزمەت بە باوەڕمان دەکات -ئەگەر ڕۆحی پیرۆز شایەتی ئەوە بدات کە خودا باوکتە.»[b]

دڵخۆشی لە ماتەمینی یان دڵخۆشی بەیانی؟

داود گوتی خۆشی لەدوای ئازارەکانەوە دێت (زەبووری ٣٠: ٥). پۆڵس دەڵێت خۆشی لەناو ئازارەکاندا دێت (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠). کەواتە ئایا خەم و خۆشی لە ژیانی باوەڕداردا لە دوای یەکن یان هاوکاتن؟

پرسیارەکە بۆ پاپیەر تیۆری نییە. «دایکم لە ساڵی ١٩٧٤ لە ڕووداوێکی پاسدا لە ئیسرائیل گیانی لەدەستدا، تەمەنم بیست و هەشت ساڵ بوو. زاواکەم تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی گوتم کە دایکم مردووە، وە باوکم بە سەختی بریندارە و ڕەنگە ڕزگاری نەبێت. ئەو هێندەی دەزانی. هەرچی هەبووا ئاگاداری دەکردمەوە. تەلەفۆنەکە داخست، ئەوەی پێم گوترا بە نوێڵی هاوسەرم گوت. چوومە ژووری نوستن، لە تەنیشت جێگاکەم ئەژنۆم دادا، بۆ ماوەیەکی زۆر گریام. لە گریانەکەمدا، لە هەمان کاتدا، نەک لە دوای ئەوە- دڵخۆش بووم. بێگومان گریانەکە بەهۆی ئازاری سەرسەختی خەم و لەدەستدان بوو -لەدەستدانی گەورەی کەسێک کە زۆرلەلام بەهادار بوو. خۆشییەکە بەم شێوەیە بوو: «سوپاس کە دایکێکی باشم هەبوو. سوپاس کە بۆ ماوەی بیست و هەشت ساڵ ئیم دایکەت پێدام. سوپاس بۆ ئەوەی وەک دیارە، ئەو زۆر ئازاری نەچێشتووە. سوپاس کە ئەو لە ئاسماندایە نەک لە دۆزەخ. سوپاس بۆ میهرەبانییە لەبن نەهاتووەکەی کە لە منداڵیدا پێی بەخشیم. سوپاس کە باوکم هێشتا لە ژیاندایە؛ تکایە ڕزگاری بکە]لە ڕووی جەستەییەوە[. سوپاس بۆ ئەوەی دیسان دەیبینمەوە. سوپاس ئەی عیسا، سوپاس بۆ ئەوەی لەپێناو ئێمە مردیت و گوناهەکانی دیکم و من و باوکمت داپۆشی.» هەر یادەوەرییەکی شیرین کە بە مێشکمدا دەهات، وای دەکرد زیاتر فرمێسک بڕژێت و تامی خۆشی شیرینتر دەکرد.

---

a ئەڵقەی ١٥٢٣: «خودا لە ئازارەکانمدا چی ئەنجام دەدات؟» (٩ی ئەیلوولی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ١٥٤٤: «داڕشتنی چاکی خودا لە ئازارەکانماندا» (٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠).

لەگەڵ ئەوەشدا، «هەروەها ڕاستە کە شەوی گریانم لە کاتی خۆیدا، جێگەی خۆی چۆڵ دەکات بۆ خۆشییەکی بێ فرمێسک. پێموایە ئەمەیە مەبەستی زەبوورنووس کاتێک دەڵێت خۆشی بەدوای خەمدا دێت» (زەبوری ٣٠: ٥؛ ١٢٦: ٥-٦). داود «فرمێسک و دواتر هاوارێکی خۆشی»مان پیشان دەدات (خۆشییەکی بەدوای یەک). عیساش هەروا (یۆحەنا ١٦: ٢٠-٢١). هەروا پۆڵس (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٧). وە لەگەڵ ئەوەشدا دەقە سەرەکییەکانی دیکە تیشک دەخەنە سەر خۆشییەکی هاوکات (ڕۆما ٥: ٢-٣؛ ١٢: ١٢؛ دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠). کەواتە، «بەبێ هیچ گومانێک لە مێشکمدا، دژ بەیەک نییە» بۆ پۆڵس کە بڵێت «خەمبار، بەڵام هەمیشە -لەناو خەمدا- دڵخۆش» (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠). ئەوە دژبەیەک نییە، بەڵکو «ڕاستییەکی هاوکاتە و من تامم کردووە.» لە کۆتاییدا، خەم و خۆشی هەم یەک لە دوای یەکن و هەم لە هەمان کاتدان، ئازاری توند لەگەڵ هیوای ڕاستەقینە بۆ ڕۆژێک کە ئازار نامێنێت پێکەوە دەژین (ئاشکراکردن ٢١: ٤).[a]

چۆن وەڵامی ئەو ئازارانە بدەینەوە کە لە کۆمەڵگاکەمان و لە هەواڵەکانیدا دەیبینین؟ بێهەست بوون بەرامبەر بە ئازارەکانی جیهان تەواو وەک گرفتی دەروونی کۆمەڵایەتیمان هەیە. هەستیاری بە تەواوی بەرامبەر بە ئازارەکانی جیهان، تێکشکانمانە بە ئازارە بەکۆمەڵەکەی. کەواتە لەپێناو خۆشی خۆماندا، پێویستە هەمووی پشتگوێ بخەین؟

نەخێر، ئێمە پشتگوێی ناخەین. بەڵام لەگەڵ زیاتر هەستکردن بە ئازارەکانی جیهان، دەبێت لە دیدگایەکی گەورەتر خودا ببینین -دیدگایەک کە تەنانەت لە نێو زیادبوونی تێگەیشتن لە ئازارەکاندا خۆشیمان نوێ بکاتەوە. تەنانەت لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کەسانی دیکەدا، لە هەمان ڕۆژدا دڵخۆشین و دەگرییین (ڕۆما ١٢: ١٥). «مەسیحییەکان هەمیشە لە لایەک خەمبارن و لە لایەکی دیکەدا دڵخۆشن. ئێمە هەریەکەیان دەردەبڕین، بەپێی ئەوەی کە ئایا لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا بین یان لە پرسەیەکدا -تەنانەت هەرچەندە لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەدا دەزانین کە خێزانێکی دیکە لە ئێستادا لە نەخۆشخانەن لەگەڵ ژن و دایکێک کە لە سەرەمەرگدان. بە ئەگەرێکی زۆرەوە چەند کاتژمێرێکی دیکە لەوێ دەبین. بەڵام زەماوەندەکە تێک نادەین.» بۆیە ئێمە خۆشییەک لە خۆماندا هەڵدەگرین کە بەسەرناچێت و خەمێک کە هەرگیز بەسەرناچێت (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠). لەگەڵ بینینی ئازاری زیاتر و زیاتر لە جیهاندا، «دەبێت تایبەتمەندییە هاوشێوەییەکانی خودا زیاد بێت، نەوەک لە ژێر قورسایی هاوسۆزی هاوکات و چەند هێندەدا، یان بە بێباکییەکی خۆپارێزی بپلیشێینەوە. ئەم سیفەتانەی دیکە کە بیریان

a ئەڵقەی ١٥٦٣: «ئایا خۆشی لەدوای ئازار دێت، یان تێیدا؟» (١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠). هەروەها بڕوانە ئەڵقەی ٣٨٧: «نهێنی شادی خەمناک» (١٧ی تەممووزی ٢٠١٤). وە لە ئەڵقەی ١٤٣٣ بە تەواوی وردەکارییەکانی بارودۆخی مردنی دایکی خستۆتە ڕوو: «چۆن واز لە تورەیی بهێنم لە هەڵەکانی ڕابردووم؟» (١٢ی شوباتی ٢٠٢٠).

لێدەکەمەوە شتگەلێکی وەک توانای گەورەتر بۆ میهرەبانی، توانای گەورەتر بۆ بەزەیی، تێگەیشتنێکی زیاتر لە ڕاستی کتێبی پیرۆز؛ ئەمە شتێکی بنەڕەتییە؛ کە واتا دەدات بە ئازارەکانی جیهان، تەنانەت ئەو ئازارانەی کە ناتوانین پێی بگەین، وە چی بەسەر خەڵکی دەرەوەدا دێت و ڕەنگە ئەمە چ واتایەکی هەبێت. ئەگەر ئەم سیفەتە خودایانەی دیکە لە ئێمەدا بە ڕێژەی هۆشیاریمان و ئەزموونی ئازارەکانمان زیاد نەبن، ئەوا نقووم دەبین.»[a]

مەسیحییە خۆشگۆزەرانەکان لەدوای خەم بە دوای خۆشیدا ناگەڕێن. بەڵکو ئێمە لە خەمدا بەدوای شادیدا دەگەڕێین. دروشمی ئێمە لە پۆڵسەوە هاتووە: «خەمبار، بەڵام هەمیشە دڵخۆش» (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠). دەقەکە واتای ئەوەیە پێنج شت ڕاستن. (١) هەرگیز ناچار نابیت هەستەکانت ساختە بکەیت. «خەم و پەژارەت ڕاستەقینە دەبێت. خۆشیت ڕاستەقینە دەبێت.» هەستەکانت هەمیشە ڕەسەن دەبن چونکە یەکێکیان «دژایەتی یان بەدەر نییە» لەگەڵ ڕەسەنایەتی ئەوەی دیکە. (٢) خەمەکانت هەرگیز وێرانت ناکەن. شادی نابێتە هۆی سووککردنی خەمەکان لە ژیانماندا، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی خەمەکان «کەمتر وێرانکەر» بن بۆ ژیانمان. (٣) بە ڕەسەنایەتی دەچیتە ناو خەم و خۆشییەکانی کەسانی دیکەوە. «خەم و پەژارەی تۆ خۆشی کەسانی دیکە تێک نادات. خۆشی تۆش سووکایەتی بە خەمی کەسانی دیکە ناکات. ئەمە «ناسکە،» بەڵام گرنگە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاست بێت. «تۆ دەچیتە ناو و دەردەچیت لەو پەیوەندییانەی کە یان خەمبارن یان دڵخۆشکەرن. وە ناتەوێت هیچ یەکێکیان وێران بکەیت. ئەتۆ ناتەوێ سووکایەتی بە خەمەکان بکەیت]بە دڵخۆشیت[. وە ناتەوێک ئاهەنگێک تێکبدەیت بە]خەمەکانت[.» دەتوانیت لەگەڵ هەر گروپێکدا ڕەسەن بیت. عیسا دەتوانێت بۆ ماوەی کاتژمێرێک لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا بە زەردەخەنەوە بتپارێزێت تەنانەت ئەگەر لەدوای ئەوە بگەڕێیتەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی لە خەمدا بگرییت. «ئەمە دووڕوویی نییە -ئەمە خۆشەویستییە. ئەو خەمەی کە لەگەڵ خۆشییەکی هاوکاتدا دەچێتە ناو یەکترەوە، جۆرێکی جیاوازە لە خەمی دونیایی.» دەبێتە خەمێکی خۆنەویست نەک خەمی خۆپەرستانەی دونیایی.» (٤) مەسیح ڕەنگدانەوەی هەیە. گریا و دڵخۆش بوو (لۆقا ١٠: ٢١؛ ١٩: ٤٢). ئێمە پێویستمان بە کڵێسایە کە بە «خۆشییەکی ڕاستەقینەوە» دەناسرێتەوە. بۆ دەیان ساڵ، هەفتە لە دوای هەفتە، قەشە جۆن کۆبوونەوەکانی بەیانی یەکشەممەی کڵێساکانی دەکردەوە بۆ ئەوەی «بە شێوەیەک پێشوازی لە خەڵکی بکات کە ئەوانەی لە پرسەوە دێن و ئەوانەی لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەوە دێن هەست بە باشی بکەن لەم ساتەدا.» (٥) مەسیح شکۆدار دەبێت. مەسیح لە خۆشی ئێمەدا شکۆدار دەبێت کاتێک ئێمە پێی

a ئەڵقەی ٤٧٩: «ئایا دڵخۆشی پێویستی بە بێباکییە بەرامبەر بە خەمەکانی کەسانی دیکە؟» (٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤).

شادمان دەبین. وە مەسیح شکۆدار دەبێت لەو خەمانەی کە دێن کاتێک ناشیرینییەکانی گوناە لەم جیهانەدا و کاریگەرییە مەترسیدارەکانی لە ژیانی مرۆڤدا دەبینین و هەستی پێدەکەین. «کاتێک ئەمە لە کەسێکدا دەبینیت -ئەو خۆشییەی کە ڕەنگدانەوەی بەهای بێکۆتایی عیسایە و ئەو خەمەی ڕەنگدانەوەی ناشیرینی و ترسناکییەکانی گوناهە- کەسەکە زیاتر لە عیسا دەچێت، وە دەتەوێت وەک ئەو بیت.» کەواتە «خەمبار، بەڵام هەمیشە دڵخۆش» دروشمی ئێمەیە (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠). «با پەروەردگار ئەم جیاکارییە بکات، ئەم پەرجووە بکات. من وەک کەسێک قسە دەکەم هەوڵ دەدات لەمە تێبگات و پەیڕەوی بکات وەک باوکێک، وەک هاوسەرێک، وەک قەشەیەک. من لە سەرووی توانای خۆمەوە قسە دەکەم. من ئەم قسانە دەڵێم کە خۆزگە بۆ من ڕاستتر بووایە.»[a]

a ئەڵقەی ١٦٦٤: «ژیان بە نهێنی خۆشی لە ئازاردا» (١١ی ئابی ٢٠٢١). داڕشتنە جۆراوجۆرەکانی دەستەواژەی پایپەر («جددییەکی خۆش» یان «خۆشی ڕژد») لە دە ساڵەی یەکەمی پەخشەکەدا سی و پێنج دەرکەوتنی هەبوو. بە تەواوی لە ئەڵقەی ٩٠٥: «ئایا جۆن پایپەر ڕقی لە خۆشییە؟» (٢٦ی تەممووزی ٢٠١٦). ئەڵقەی ١٢٣٤: «سێ هەڕەشە لەسەر خۆشی ئەم نەوەیە» (٨ی ئابی ٢٠١٨)، و ئەڵقەی ١٣٧٤: «سەیرترین سانەکانی جۆن پایپەر لە بانگەوازدا» (٢٧ی ئەیلوولی ٢٠١٩).

دەربارەی مردن، خەمۆکی، دوورکەوتنەوە لە خزمەت

هەست بە هیچ پاڵنەرێک ناکەم بۆ ئەوەی لە جێگای خەوەکەم هەڵبستم. ئایا ئەمە خەمۆکییە؟

پرسیارەکە لە ژنێکی تەمەنی خوێندنی زانکۆوە بوو. «ئۆی، چەندە هەست بە هاوسۆزی دەکەم بۆ ئەمە، چونکە چەندین جار بەم جۆرە بارودۆخانەدا تێپەڕیوم: نامەوێت لەناو نوێنەکەم هەڵبستم، ترسم هەیە لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە دەبێت بیکەم، هیچ پاڵنەرێکم نییە بۆ هیچ شتێک، هەست ناکەم بەوەی بمەوێت لە جەنگی ژیان بەردەوام بم، ئەو خۆشییە لەدەست دەدەم کە پێم وابوو خودا داوای لێکردووین، هەست دەکەم وەک ئەوەی تاریکاییەکی شەیتانانە باڵی بەسەردا کێشاوم.»

ئیتر ئایا ئەمە خەمۆکییە؟ «نازانم.» ڕەنگە پێویستت بە پشکنینی پزیشک هەبێت بۆ ئەوەی هۆکارە جەستەییەکان بەدوور بگرێت، چونکە «جەستەمان دەتوانێت فێڵمان لێ بکات و مێشک و ڕۆحمان تووشی وێرانکاری بکات.» پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بە خەوتن و وەرزش و خووەکانی خواردنیش؛ چونکە «زۆر ڕێگە هەیە کە دەکرێت وزەمان بەفیڕۆ بدەن، وە هەستێکی ڕۆحیمان دەبێت کاتێک ڕەگ و ڕیشەیەکی جەستەیی هەیە.» بەڵام لێرەدا حەوت «ڕاستی سەرسوڕهێنەر، ڕۆحی، بەگوێرەی کتێبی پیرۆز، خودا پێی بەخشیویت بە مەبەستێتی یارمەتی و هێزی تۆ لە ئێستادا.»

(١) بە باشی بەرگە بگرە. تەنها بەدوای دەربازبوونەدا مەگەڕێ. لەلای پۆڵس، هەڵهاتن لە تاقیکردنەوەکان توانای بەرگەگرتنی تاقیکردنەوەکانە. بەرگەگرتن ڕزگاربوونە (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٣). (٢) بزانە خودا بەرگەگرتنمان تاقی دەکاتەوە چونکە ئێمەی خۆشدەوێت. ئەو دڵخۆشە بەو منداڵانەی کە تەمبێیان دەکات (عیبرانییەکان ١٢: ٦). «مەهێڵە شەیتان قەناعەتت پێبکات کە ئەم ماوەیەی تاقیکردنەوە لەبەر ئەوەیە کە خودا لە دژی تۆیە. ئەمە لە دۆزەخەوەیە. لە ئاسمانەوە نییە.» (٣) چاوەڕێی کاتی خودا بن (زەبووری ٤٠: ١-٣). «تەنها دەمەوێت شایەتی ئەوە بدەم کە گوێڕایەڵی مەسیحییەکان پێکدێت لە چاوەڕوانیکردنی خودا بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات کە پێویستە بیکات، لە کاتێکدا سەبارەت بە ئێمە کاتێکی زۆر خاوی پێدەچێت.» (٤) کتێبی پیرۆز بخوێنەرەوە و دووبارە بیخوێنەرەوە. پۆڵس دەڵێت، هەموو ئەو شتانەی لە کتێبی پیرۆزدا دەیدۆزینەوە لەوێیە «بۆ فێرکردنمان، هەتا لە ڕێگەی بەرگەگرتن و هاندانی کتێبی پیرۆزەوە هیوامان هەبێت» (ڕۆما ١٥: ٤). کاتێک زۆرترین پێویستت بە بەرگەگرتنە، کتێبی پیرۆز پشتگوێ مەخە. ڕەنگە تەنها بتوانیت چەند ئایەتێک بخوێنیتەوە. باشە. بەڵام سەرنجت لەسەر وشەکە

بێت، وە «هەموو ڕۆژێک ئەم دەرمانە بە خۆت بدە.» (٥) دووپاتی بکەرەوە کە تەنها هێزی خودا دەتوانێت پشتگیریت بکات. لە ڕێگەی کاتەکانی تاقیکردنەوەوە، پێویستیمان بە بەرگەگرتن و پشوودرێژی و خۆشی هێزێکی تواناداره (کۆلۆسی ١: ١١). (٦) بزانە خودا دەتناسێت. ئەو دەزانێت کە تۆ خۆڵیت (زەبووری ١٠٣: ١٣). «ئایا ئەوە سەرسوڕهێنەر نییە کە خودا ئەو چوارچێوە ناسکە لەبەرچاو دەگرێت کە ئێمە وەک مرۆڤ هەمانە؟» (٧) بە شێوەیەکی کرداری چەند بەڵێنێک لەسەر کارت یان کاغەزی چەسپی بنووسە و ئەو ڕۆژ بیخە ناو ژیانتەوە. لە زەبووری ١٣٩: ١١-١٢ و ئیشایا ٤٣: ٢-٣ دەست پێ بکە.[a]

ئایا کەمی خۆشی دەبێت وامان لێبکات هەست بە تاوانباری بکەین؟

ئایا لە ژیانی مەسیحیدا کاتێک هەیە کە خودا هەڵدەبژێرێت بوونی خۆی لە ئێمە ڕابگرێت، بەم شێوەیە ئەو هیوایەی کە ئێمە ئەزموونی سۆز و خۆشەویستی خودایی دەکەین پووچەڵی دەکاتەوە؟ ئەگەر وایە، خودا لە هەندێک کاتدا لە باوەڕدارانی مەسیحی دوور بکەوێتەوە، ئایا ئەمە خۆشیمان لێی مەحاڵ دەکات؟ لەم حاڵەتەدا، ئایا خۆشگوزەرانی مەسیحی -بانگەواز بۆ هەمیشە دڵخۆشی لە خودادا- تەنها زیاتر کەسێک بە تاوان بارگران دەکات؟

«من باوەڕم وایە کە خودا هەندێک جار دەستی لە منداڵەکانی هەڵدەگرێت» یان «هەندێک جار بە تاریکی دامانەپۆشێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێمواننییە خۆشگوزەرانی مەسیحی هەستی تاوانباری زیاد دەکات. بەڵکو پێم وایە ناوی لێدەنێت. بە دەربڕینێکی دیکە، دروستە هەست بە خراپی بکەین کە ئێمە دڵخۆش نابین بە خودا. ئەمە بەشێکە لەوەی کە تاریکی چییە. هەست دەکەین ئێمە ناتوانین دڵخۆش بین، وە هەست بە خراپی دەکەین چونکە دەزانین دەبێت ئەمە بکەین. بۆیە، تەنانەت لە تاریکاییشماندا، ڕاسپاردە خودایییەکان بۆ دڵخۆشبوون بە خودا وەک خۆیان دەمێننەوە (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠؛ فیلیپی ٤: ٤؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٦). خۆشگوزەرانی مەسیحی «ڕوانگەیەکی گەمژانە نییە بۆ خۆشی.» «ماوەی تاریکی ترسناک» دەبێت. کەواتە چی بکەین؟

ئێمە ناوی لێ دەنێین تاوان. «دڵخوازترین برگەی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە تاریکی و کاتەکانی دوورکەوتنەوە میخا ٧: ٨-٩ یە.» «تاوانباری گەورە»مان فێر دەکات. لە تاریکیدا تاوانباری خۆمان لە باوەش دەگرین و چاوەڕێی گەڕانەوەمانین بۆ ڕووناکی. یان وەک داود دەڵێت، لە چاڵەکەدا چاوەڕێی ئەوە دەکەین خودا گۆرانییەکی نوێ بخاتە دەممانەوە (زەبووری ٤٠: ١-٣). خۆشگوزەرانی مەسیحی دووپاتی دەکاتەوە کە «دەبووا دڵخۆش بین،» بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

a ئەڵقەی ١٠٤٦: «کاری خودا لە خەمۆکیتدا» (٢٦ی ئایاری ٢٠١٧). بە قسەکردن سەبارەت بە زەبووری ١٠٣، ئەمە «زەبووری مزگێنی دڵخواز»ی قەشە جۆنە (ئەڵقەی ١٣٦١: «ئایا کاتێک گوناە دەکەم خودا لێم تورە دەبێت؟» [٢٦ی حوزەیرانی ٢٠١٩]).

دڵخۆش نین. بۆیە دان بەم کەمییەدا دەنێین. «ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە خراپە،» بەڵام نەک هەتا ڕادەی بێهیوایی خۆپەرستانە. وە پاشان لە تاریکیدا لە خۆمان دوور دەکەوینەوە. ئێمە چاومان لە مەسیحە و چاوەڕێی کاتی خودا دەکەین بۆ گەڕاندنەوەی خۆشی ڕزگاریمان.[a]

لەم چوارچێوەیەی «تاوانباری گەورە»، دەقی سێیەم سەریهەڵدا، زەبووری ١١٩: ٧-١٢. لەوێ زەبوورنووس لە تاریکیدا بانگەواز بۆ خۆی دەکات. دەڵێت: «"تاریکی بەسەرمدا هاتووە. تەواو منی داپۆشیوە. هیچ ڕووناکییەک نابینم." [وە لەم ساتەدا،] "هەست بە هەموو ئەم دوورکەوتنەوەیە دەکەم، هەموو ئەم تاریکییە". [لە دڵی خۆیدا دەڵێت:] "ئەم تاریکییە لەلای خوداکەم تاریکی نییە، ئەو من دەبینێت، ئەو دەمناسێت، ئەو لەگەڵمە. هەرچەندە من ناتوانم ببینم، بەڵام ئەو دەتوانێت ببینێت." ئێمە ئەم ڕاستییانە بە خۆمان دەڵێین، "تەنانەت لە کاتی بانگەوازییەکەش، هیچ هەستێکردنێک نەبێت." دووپاتی دەکەینەوە کەوا ڕاستین. فرێیان دەدەینە سەر دەموچاوی شەیتان. بە شمشێری ڕۆح لێی دەدەین.» وە چاوەڕێی جوڵەی پەروەردگار دەکەین.

ئەمەش بۆ قوڵترین تاریکی دەگونجێت کە لە کۆتایی ژیاندا بێت. قەشە جۆن شایەتی دا سەبارەت بە کۆتا خولەکەکانی ژیانی ژنێکی تەمەن چل ساڵان کە بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە گیانی لەدەستدا، بە شێوەیەکی ترسناک و سەرسامکەری هەبوو. لە تاریکی و ئازارێکی وەهادا، پەرجووێک بوو کە ڕەتیکردەوە نەفرەت لە خودا بکات. هەتا کۆتایی بەرگەی گرت. «کەواتە پێمایە هەندێک سات هەیە لە تاریکیدا کە جوانترین سەرکەوتن ئەو کاتەیە کە شەیتان لە گوێتدا هاوار دەکات: "ئەمە خودای تۆیە! با میهرەبان بێت!" وە تۆ تەنها ئاوڕێک لە دواوە دەدەیتەوە و دەڵێیت: "من نەفرەت لە خوداکەم ناکەم." پێمایە ئەمە لە بنەڕەتدا وەڵامی ئەیوب بوو بۆ ژنەکەی کاتێک گوتی: "نەفرەت لە خودا بکە و بمرە!" ئەویش پێی گوت: "وەک نەزانێک قسە دەکەیت، ئایا چاکەی خودا قبوڵ بکەین، بەڵام نەهامەتی قبوڵ نەکەین؟" لە هەموو ئەمەدا ئەیوب گوناهی بەسەر لێودا نەهات» (ئەیوب ٢: ٩-١٠).[b]

بێباکی لە تاوانباری

وەک دەقێکی دڵخوازی بۆ وەرزە تاریکەکانی ژیان، پایپەر «بێباکی لە تاوانباری» بەکاردەهێنێت بۆ زۆرێک لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکان کە شایەنی ئەوەیە دەقەکە لە گورزەیەکدا گۆشەگیر بکرێت. دەقی (میخا ٧: ٨-٩) بە شێوەیەکی جۆراوجۆر پەیڕەو دەبێت بۆ هەر بارودۆخێک کە ڕووبەڕووی تاوانباری گوناهەکەمان ببینەوە و بیهێنینە لای خودا. بێباکی لە تاوان شایەتی

a ئەڵقەی ١٩: «ئایا خودا هەرگیز ئامادەبوونی خۆی لە منداڵەکانی دەکێشێتەوە؟» (٢ی شوباتی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ٢١: «خۆشگوزەرانی مەسیحی چی پێشکەش بە کەسانی خەمۆک دەکات؟» (٦ی شوباتی ٢٠١٣).

میخایە کە پێغەمبەری خودایە و گوناهی لە دژی خودا کردووە. ئادەم گوناهی کرد و لە خودا ڕایکرد (پەیدابوون ٣: ٨). میخا پێچەوانەکەی کرد. گوناهی کرد و بەرەو لای خودا ڕایکرد. گرفتی تاریکی ڕۆحی هەبوو، تاریکییەک کە بە تەواوی شایەنی بوو. کەواتە کاردانەوەی چۆن بوو؟ دانی نا بە گوناهەکەی و چاوەڕێی ڕاستودروستی خودا و گەڕاندنەوەی کرد. ئەمە «بێباکییە لە تاوان» و لە پێنج سیناریۆدا ژیانی ئێمە دەگرێتەوە.

١. بێباکی لە تاوان لەو کاتانەدا دەبێت کە شکست دەهێنین لە خودادا دڵخۆشبین. ئێمە «تاوانباری خۆمان لە باوەش دەگرین» کاتێک هەست دەکەین کەوا سۆزەکانمان بەرامبەر بە خودا مردوون. حاڵەتێکی لەو جۆرە پێشێلکارییەکی گوناهە بەرامبەر بە کتێبی پیرۆز (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠؛ فیلیپی ٤: ٤؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٦). هیچ سوودێکی نابێت ئەگەر لۆمەی ئەم سۆزدارییە وشکە بکەین. ئێمە لە ڕووی ڕۆحییەوە بێهەستین (ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ) چونکە گوناە دەکەین. کەواتە کاردانەوەی ئێمە بەرامبەر تاریکی -«تەنانەت تاریکی درێژخایەنیش»- وەک خۆی دەمێنێتەوە: «بەردەوام بە و دەست بەو هیوایە بگرە کە خودا دەتوانێت ڕاستودروستیت پێبدات و بتباتە دەرەوە بۆ ڕووناکی.» ئەم بنەمایە وەک «یەکێک لە شایستەترین و ڕاستترین دەربڕینەکان دەمێنێتەوە کە گوناهباریکی ڕاستودروستکراو لە تاریکیدا واتای چییە،» «ئەزموونی بێباکی تاوانی باوەڕپێنەکراو». تاوانێک کە بەرەو خودا دەمانبات.[a]

٢. بێباکی لە تاوان لە ماوەی خەمۆکیدا. ڕەنگە خەمۆکی دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی گوناە بێت، هەنگاوێک زیاتر لە مردنی ڕۆحی. بەڵام زۆرجار نا. لە هەر حاڵەتێکدا، «هەموومان گوناهمان کردووە، هەربۆیە هیچ سوودێکی نییە هەوڵ بدەین باش دەربکەوین، لە کاتێکدا ئێمە لە ژێر تاریکیداین.» لە هەر تاریکییەکدا کە ئەزموونی دەکەین، هەست بە گوناهباری خۆمان دەکەین. «ئێمە بێهیوا نابین، هەست بە خۆبەزلزانین ناکەین. متمانەمان بە خودا و سەرکەوتنی ئەو هەیە.»[b]

٣. بێباکی لە تاوان کاتێک ژانی ئازارەکان بە توندی لێمان دەدات. حوکمدانی گوناە لە کڵێساوە دەست پێدەکات (یەکەم پەترۆس ٤: ١٧)، نەک لەبەر ئەوەی خودا ڕقی لێمانە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هێندە ئێمەی خۆشدەوێت کە «دەست بە هیچەوە ناگرێت بۆ ئەوەی هەرچی ڕقی لێیەتی لێمان دابماڵێت.» خودا لە

---

a ئەڵقەی ١٩: «ئایا خودا هەرگیز ئامادەبوونی خۆی لە منداڵەکانی دەکێشێتەوە؟» (٢ی شوباتی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ١٢٤٨: «ئایا خودا لە خەمۆکیمدا چ هیوایەک پێشکەش دەکات؟» (١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨)، ئەڵقەی ١٤٤١: «چۆن گرنگی بە ژنە خەمۆکەکەم بدەم؟» (٢ی ئازاری ٢٠٢٠)، وە ئەڵقەی ١٥٠٦: «ئایا کەسێکی مەسیحی خۆشگوزەران دەکرێت خەمۆکی هەبێت؟» (٣١ی تەممووزی ٢٠٢٠).

ڕێگەی ئازارەوە گەلەکەی لە گوناە پاک دەکاتەوە. وە لە هەموو ئەو ئازارانەی کە بەرگەی دەگرین -«لە ژێر خۆڵەمێش، لە ژێر سێبەر، لە ژێر مرۆمۆچیدا- ئێمە بە خۆشی دەزانین.» لە بڵێسەی ئاگری پاککەرەوەی خودا، هیوامان بە خودا هەیە، هەروەک لە شایەتی بێباکی میخادا ڕوون دەبێتەوە.[a]

٤. بێباکی لە تاوان کاتێک کەسانی دیکە بەرامبەر بە ئێمە گوناە دەکەن. میخا گوناهبارە، بەڵام دیارە ئەویش گوناهی لە بەرامبەر کراوە (میخا ٧: ٥-٦). کۆمەڵگاکەی لە حاڵەتی «ئاژاوەدایە.» خێزانەکان «لە قەیراندان.» گوناە لە هەموو شوێنێک هەیە. سەرەڕای پچڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان، میخا لە هەمووان زیاتر دڵی شکاوە لەسەر گوناهی خۆی. ئەوە «پەرجووی»ی ڕۆحی پیرۆزە، کە «لە ناوەڕاستی گوناهکردن لە دژی ئێمە، ئێمە دان بە گوناهماندا دەنێین بەرامبەر بە خودا.» دوو ڕاستی پێویستیان بە یەکترە. (i) «گوناهەکەم کێشەی گەورەی منە. گوناهەکەم کێشەی هاوسەرگیریمە. گوناهەکەم کێشەی پەروەردەکردنی منداڵەکانمە. گوناهەکەم کێشەی کڵێسایە.» ئازاری گوناە هەرگیز ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە ئێمە گوناهبارین. (ii) «هیچ خودایەک وەک خودای ئێمە نییە.» تامەزرۆی لێخۆشبوونمانە. «دەمەوێت تۆش بەقەد ئەوەی کە گوناهباریت بە قوواڵی قەناعەتت بەو شتە هەبێت.» بۆ ئەوەی تامی شکۆمەندی لێخۆشبوونی ئەو بکەیت (ii)، دەبێت بەڕاستی قەناعەتت بە تاوانباری خۆت هەبێت» (i). «من گوناهبارم، ئەویش ڕزگارکەرێکی گەورەیە.» بە تایبەتی ئێستا، لەدوای خاچ، ئەم ڕاستییانە وادەکەن ئازا بین لە بەرامبەر تاوانەکانمان.[b]

٥. بێباکی لە تاوان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرئەنجامی گوناهە هەرە گەورەکانمان. ژنێک کە ئاوڕێک لە لەباربردنی منداڵەکەی دەداتەوە، بە پرسیارێک نووسیویەتی «پڕ بووە لە خۆتۆمەتبارکردن و گومان و ترس و تاوانباری.» پێویستی بە شایەتیدانی میخا هەیە. «میخا دان بە گوناهەکەیدا دەنێت. دان بە تاوانەکەیدا دەنێت. لە تاریکیدایە، لەوێ لەژێر بەزەیی خودادا دانیشتووە، وە خودا تەمبێی دەکات.» میخا هیچ بیانووێک ناهێنێتەوە. بە شەڕی ڕۆحی ناوی نابات. «ئەو دەزانێت ئەمە لە پەروەردگارەوەیە، وە زۆر ترسناکە.» ئازاری هەیە. بەڵام تاکە هیوای بە خودا هەیە. «ئەمە تاکە ڕێگایە کە دەزانم چۆن وەک گوناهبارێکی ڕزگارکراو بژیم -تاوانێکی ڕاستەقینە، خەمێکی ڕاستەقینە، ئازاری ڕاستەقینە، تاریکی ڕاستەقینە لە ژێر تەمبێکردنی خودادا، وە باوەڕێکی بوێری ڕاستەقینە.

a ئەڵقەی ١٥٢٣: «خودا لە ئازارەکانمدا چی ئەنجام دەدات؟» (٩ی ئەیلوولی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ١٦٨٨: «دایک و باوکایەتی لە قەیرانی خێزانیدا» (٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

باوەڕێکی بوێر بەوەی هەر ئەو خودایەی کە تەمبێم دەکات و لێم تووڕەیە ئەو لەپاڵ منە و ڕاستودروستیم پێ دەبەخشێت.»[a]

بۆ دەقێکی پەیوەندیدار -دەربارەی گوناهبارانی گەمژە، لەپێناو گوناهەکانیان ئازار دەچێژن، دان بە تاوانەکانیان دەنێن، هاوار بۆ خودا دەبەن لەپێناو ڕزگاربوون- هەروەها بڕوانە زەبوری ١٠٧: ١٧-٢٢.[b]

بۆچی خودا لێمان دوور دەکەوێتەوە ئەگەر بەڵێنی داوە هەرگیز جێمان نەهێڵێت و وازمان لێ نەهێنێت؟

دەتوانین بە سامانە مادییەکانمان ڕازی بین چونکە خودا بەڵێنی داوە هەرگیز بەجێمان نەهێڵێت و وازمان لێ نەهێنێت (عیبرانییەکان ١٣: ٥). بەڵام ئایا ئەمە پێچەوانەی ئەو ڕاستییە نییە کە خودا بە ئەنقەست ئامادەبوونی خۆی لە باوەڕداران دەکشێنێتەوە؟

سێ ڕاستی هەن دەکرێت لە کتێبی پیرۆزەوە پشتڕاست بکرێتەوە. (١) خودا لە هەموو شوێنێکدا هەیە. «هیچ شوێنێک نییە کە ئەوی لێ نەبێت» (یەرمیا ٢٣: ٢٤؛ کردار ١٧: ٢٨). (٢) «خودا هەرگیز و هەرگیز واز لە گەلەکەی ناهێنێت و بەجێی ناهێڵێت» (یەرمیا ٣٢: ٤٠؛ مەتا ٢٨: ٢٠؛ دووەم کۆرنسۆس ٤: ٩؛ عیبرانییەکان ١٣: ٥). (٣) وە لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت خودا ئامادەبوونی خۆی لە گەلەکەی بکێشێتەوە (زەبووری ٦٩: ١٧؛ ١٤٣: ٧؛ ئیشایا ٦٤: ٧). بەڵام دەتوانین بپرسین، بەو پێیەی ئەم دەقانەی وازهێنان سنووردار بوونە بە پەیمانی کۆن، ئایا ئەم دووڕیانە لە پەیمانی نوێ و هاتنی مەسیح چارەسەر دەکرێت؟

نەخێر، هێندە سادە نییە، چونکە بەڵێنی پەیمانی نوێ لە عیبرانییەکان ١٣: ٥ تەنها وەرگرتنێکە لە بەڵێنی پەیمانی کۆن لە یەشوع ١: ٥. کەواتە، ئەم بەیەکبەستنەی خاڵەکانی (١)، (٢) و (٣) هەمیشە هەبووە. وە بوونی خودا کە هەرگیز دوور نەکەوتۆتەوە بۆ باوەڕدارانی پەیمانی کۆنیش پشتڕاست کراوەتەوە (یەکەم ساموئێل ١٢: ٢٢؛ زەبووری ٢٣: ٤؛ ٣٧: ٢٨).

لە کۆتاییدا، «پاکخوازانی»[c] کۆن هەموویان پێکەوە گرێدا بە باسکردنی ئامادەیی ئاشکرای خودا. ئەوان ئەم دەستەواژەیەیان بەکاردەهێنا -ئامادەیی ئاشکرا، ئەزموونکراو، ناسراو، تامکراوی خودا- بۆ جیاکردنەوەی لە بوونی خودا لە هەموو شوێنێک و لە پەیمانپارێزی،

---

a ئەڵقەی ١٠٦٧: «مندالّم لەباربرد» (١٤ی تەممووزی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ١٣٠: «گوناهێکی ترسناکم کردووە -ئایا هیچ هیوایەک هەیە؟» (١٢ی تەممووزی ٢٠١٣).

c پاکخوازان؛ پیوریتان: کۆمەڵێک لە مەسیحیانی ئینگلتەرە (لە سەدەی ١٦ و ١٧) کە دەیانویست کڵێساکان پاک بکەنەوە لە هەموو پاشماوەیەکی نەریتی کاتۆلیکی و ڕێوڕەسمی پیرۆزی.

کـە ڕەنگـە جارجـارە بـە چـڕی ئەزمـوون بکرێـت یـان نەکرێـت. وە پێـم وایـە ئەمـە زۆر سوودبەخشـە. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، هەندێـک جـار خـوا ئامادەبوونـی خـۆی لـە ئێمـە دەکشـێنێتەوە،» بـەڵام ئەمـە بـەو واتایـە نییـە کـە «ئێمـە لەلایـەن خـودای پەیمانەکەمانـەوە بەجێهێڵدراویـن.» بەڵکـو بـەو واتایەیـە کـە «دەرکەوتنەکانـی ئامادەبوونـی سـنووردارە، ئـەو لـە پابەندبوونـی بـە پەیمانەکـەی بەرامبـەر بـە ئێمـە یـان نیعمەتـە بەردەوامەکـەی لـە ئێمـە ناکێشـێتەوە، ئـەوەی کـە جارجـارە شـیرینی هاوڕێیەتییەکەیەتـی یـان هەسـتی هۆشـیارانەی دەسـەڵاتەکەیەتی. ئـەو هـۆکاری خـۆی هەیـە بـۆ ئەمـە -پێمواینە ڕەنگـە کاتێکـی دیکـە هەبێـت بـۆ ئـەوەی ئێمـە هەسـت بـە خۆمـان بکەیـن کـە پێویسـتییەکی زۆرمـان پێـی هەیـە، بـۆ ئـەوەی پەنـا ببەینـە بـەر مەسـیح و بـەرەو خـاچ، کـە سـەرلەنوێ گوێـمان لـە بەڵێنی پەیـمان دەبێتـەوە.»[a]

کەواتـە کاتێـک هەسـت بـە دووری خـودا دەکەیـن، ئـەو دوور نییـە (زەبـووری ٤٤: ٢٠-٢٢؛ ڕۆما ٨: ٣٥-٣٨). «ڕووخسـاری خـودا تەنهـا بـەو واتایـە شـاراوەتەوە کـە نیعمەتـە جەسـتەییە دەرەکییـەکان ڕاگیـراون.» ڕاگیـراوە بـۆ ئـەوەی لـە کۆتاییـدا بـە ڕوونـتر خـودا ببینیـن. «درکەکانـی ژیـان، کـە ئێمـە پێـمان وایـە وازهێنانـی خودایـە، لـە ڕاسـتیدا بـۆ ئـەوە داڕێـژراون کـە پـەردەی دونیاگەرایـی کـە ڕووخسـاری خۆشەویسـتی خـودا لادەدات.» چۆنیەتـی ئەزموونکردنـی ژیانـی مەسـیحی گـۆڕاوە، بـەڵام هەسـتی پـێ بکەیـن یـان نـا، هەمیشـە مەسـیح ئامادەیـە (مەتـا ٢٨: ٢٠؛ عیبرانییـەکان ١: ٣). «بۆیـە ئەزموونـی مـن لـە ئامادەنەبوونـی خـودا نییـە، بەڵکـو لـە ئامادەنەبوونـی منـە، لـە بێئاگاییـم، ناپاکیـم، نافەرمانیـم. مـن تێکۆشـان ناکـەم بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامادەیـی ڕاسـتەقینەی خـودا. خـودا لەوێیـە. مـن تێدەکۆشـم بـۆ ئـەوەی ئامادەبوونـی ئاشـکرای ئـەو ئەزمـوون بکـەم. بـاوەڕی مـن، پیرۆزکردنـی مـن، بابەتەکەیـە. وە ڕۆژانـە ئەمەیـە جەنگـی ژیانـی مـن.»[b]

بـەڵام ئـەم ئەڵقانـەی پێشـوو پرسـیارە سـەرەکیەکەیان بـەدوور گـرت. بۆچـی؟ بۆچـی خـودا منداڵەکانـی دەداتـە دەسـت «سـاتەکانی گێـژاو و سەرلێشـێواوی و تاریکـی»؟ لەبـەر سـێ هـۆکار. (١) بـۆ ئـەوەی ئامادەبوونـی خـۆی شـیرین بکاتـەوە (ئەفەسـۆس ١: ١٨). فێرمـان دەکات «بەهـای ئامادەبوونـی ئـەو بـە کشـانەوە بـۆ ماوەیـەک.» بۆیـە پۆڵـس داوای ئـەوە دەکات «کـە وردەکارییەکـی نـوێ لـە بەهـا و جوانـی و گەورەیـی خودامـان پـێ بدرێـت، وە زیاتـر بـە بەهـاداری بزانیـن بەهـۆی ئـەوەی بـۆ ماوەیـەک چاومـان لەدەسـت داوە.» (٢) بـۆ ئـەوەی بیرمـان بخاتـەوە کـە ئێمـە لاوازیـن (یەهـوزا ٢٤-٢٥). «جارجـارە ڕێگەمـان پێـدەدات بخزێینـە نـاو تاریکییـەوە بـۆ ئـەوەی بزانیـن چەنـدە بـە بێهیوایـی وابەسـتەی نیعمەتـی ئەویـن بـۆ بینینی، کـە یەهـوزا زۆر بەهێـزەوە ڕایدەگەیەنێـت.» (٣) بـۆ ئـەوەی ڕزگاربوونمـان شـیرین بکەینـەوە

a ئەڵقەی ٣٣٨: «ئەگەر خودا هەرگیز بەجێم نەهێڵێت، بۆچی لێم دوور دەکەوێتەوە؟» (٩ی ئایاری ٢٠١٤).
b ئەڵقەی ١٦٨٩: «ئایا خودا وازی لێهێناوم؟» (٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

(ئەفەسۆس ٢: ١٢). «خودا هەرگیز نایەوێت لەبیرمان بچێت چەندە سەرسوڕهێنەرە کە خودا ڕووخساری جوانی خۆی بۆ ئاشکرا کردووین، دابڕانەکەی لابردووە، هەنگاوی ناوە، پەردەی هەڵگرتووە و ڕووخساری خۆی بۆ ئێمە دەرەوشاندۆتەوە، لە ئینجیلدا. بۆیە جارجارە ڕێگەمان پێدەدات تامی ئەو تاریکییەی پێشوو بکەین بۆ ئەوەی بە لەرزەوە بیبینەوە بۆ لای وشەکەی و نوێژ و خاچ، وە بە شێوەیەکی نوێ دەست بگرین بە خوداوە، وە لە هەر کاتێکی ڕابردوو زیاتر ڕزگاربوونمان خۆشبوێت.»

لەگەڵ ئەوەی بەرگەی تاریکی دەگرین، بە متمانەوە دەڕۆین (ئیشایا ٥٠: ١٠) وە بە چاوەڕوانییەکی تامەزرۆییەوە کە ئەو جارێکی دیکە نیعمەتەکانی ئامادەبوونی هەستپێکراوی خۆیمان بەسەردا ببارێنێتەوە (هۆشەع ٦: ٣).[a]

ئایا دەکرێت مەسیحە خۆشگوزەرانەکان تووشی خەمۆکی بن؟

ئێمە هیواخوازین شکۆمەندی خودا بکەین بە دڵخۆشبوون پێی لە هەموو ساتێکی هەموو ڕۆژێکدا. کەواتە ئایا دەکرێت ژیانێکی چێژبەخشی مەسیحی گەشەسەندوو بژین و لە هەمان کاتدا بەرگەی ساتێکی خەمۆکی تاریک بگرین؟ یان ئەمە دژایەتییەکی توندی زاراوەکانە؟

سوپاس بۆ خودا کە زەبوورەکانمان هەیە، کتێبێکی «زۆر ڕاستەقینە»یە کە باس لە «هەوراز و نشێوی هەستی مرۆڤ دەکات لە پەیوەندی لەگەڵ خودا». زەبوورەکان هانمان دەدەن، «چونکە هیچ شتێک لە خۆشگوزەرانی مەسیحیدا نییە کە بانگەشەی شتێکی جیاواز بکات لە هەوراز و نشێوی لە ژیانی مەسیحیدا، هەروەها نکۆڵی لەوە ناکات کە نشێوەکان دەکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بن.» هۆکاری ئاڵۆزکەری پرسیارەکە وشەی «گەشەکردن»ە. خۆشگوزەرانی مەسیحی دەکرێت لەگەڵ ساتەکانی خەمۆکی تاریکدا پێکەوە بژین. بەڵام ناتوانێت گەشە بکات کاتێک خەمۆکی زاڵ بێت. ڕەنگە پرسیارێکی باشتر ئەوە بێت کە ئایا دەکرێت «خۆشگوزەرانی مەسیحی زەق، تۆکمە، چەسپاو» لەگەڵ ساتەکانی خەمۆکی تاریکدا پێکەوە بژین؟ «وەڵامی منیش بەڵێیە.»

خەمۆکی وەک «جۆرە ئاساییەکانی بێهیوایی یان دڵتەنگی یان بێزاری یان تۆڕەیی یان بێ ئومێدی نییە، بۆ نمونە، کە ئەو هەستانەمان هەیە کاتێک شتێکی بەنرخ لەدەست دەدەین.» جەنگی کەسی باوەڕدار بە مەسیح لە دژی بتپەرستی پێویستی بە دووبارە دارشتنەوەی پێشینەییەکانی ژیانمان هەیە، بەڵام «تاریکییەکی بەردەوام» ناهێنێتە ئاراوە. کەواتە خەمۆکی ئاڵۆزترە، لەگەڵ «پێکهاتە جەستەییەکان، ڕەنگە مەیلی بۆماوەیی، ڕەنگە

a ئەڵقەی ١٧٢٨: «بۆچی خودا خۆی لە مەسیحییەکان دەشارێتەوە؟» (٧ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢).

چەوسانەوەی شەیتان هەبێت. وە مەرج نییە تاریکییەکە لەبەر ئەوە بێت کە کەسی خەمۆک هەندێک بت لە خودا زیاتر بە بەهادار بزانێت. خەمۆکی کاتێکە کە توانای هەزری بە تەواو وشک بووە، بێهێزییەکی قووڵ و تاریکی لە ڕۆحیدا هەیە. کەواتە جەنگی خەمۆکی بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە نییە، بۆ نموونە، ڕۆح ڕازی بکات کە مەسیح بەهادارترە لە پارە یان خێزان؛ جەنگەکە ئەوەیە ڕۆح ڕازی بکات کە مەسیح شایەنی ئەوەیە لە تاریکیدا چاوەڕێی بکرێت، وە جوانییەکەی جارێکی دیکە دەدرەوشێتەوە، نەک تەنها لەسەر ئەقڵ وەک ڕاستییەک، بەڵکو لەسەر ڕۆح وەک گەنجینەیەک.

پێنج دەقی سەرەکی بریتین لە «هەڵگیرسانی ئاگری شادی.» بەردەوام بە لە کەڵەکەکردنی ئەم دەقانە وەکو دار بۆ ئاگر، وە «خودا لە کاتی خۆیدا شقارتەکە دادەگرسێنێت.» (١) نهێنی بێباکی تاوانباری فێربە (میخا ٧: ٨-٩). هەموو خەمۆکییەک دەرئەنجامی «گوناهێکی تایبەت» نییە، بەڵام لەم دەقەدا وا بووە. تەنانەت بەو شێوەیەش، پیرۆزی ڕاستودروست دەتوانێت دان بنێت بە «بێباکییەکی تاوانباری» و بە دوژمن بڵێت: «بەمە دڵخۆش مەبە کە من کەوتم؛ هەڵدەستمەوە. هەتا ئەو کاتەی هەڵمدەستێنێتەوە، چاوەڕێ دەکەم.» (٢) بزانە کە هەرگیز خودا دوور نییە (زەبوری ١٣٩: ٧، ١١-١٢). بە ڕۆحت بڵێ: «تاریکی من بۆ خودا تاریک نییە، ئەویش لە منەوە دوور نییە.» (٣) بانگەوازی ڕاستی بۆ ڕۆحت بکە (زەبووری ٤٢: ٥-٦). «ئەم دەقە بۆ سااڵنێک لە ململانێیمدا لەگەڵ بێهیوایی خزمەتی دەکردم -بە ڕادەیەک کە وەک تابلۆیەکی گەورە لە تەنیشت بینای کڵێسادا دامنا: «هیوا بە خودا». لە کاتێکدا بانگخوازە خەمۆکەکەی کڵێساکە لە ماڵەکەیەوە بەرەو کڵێساکەی دەڕۆیشت، ئەم تابلۆ زەبەلاحەی دەبینی، و «لە هەموو خەمۆکییەکیدا بیری دەخستەوە: "هیوا بە خودا؛ دیسان ستایشی دەکەیتەوە."» (٤) بەردەوام بە لە پەرۆشی بۆ خودا (یەکەم پەترۆس ٢: ٢-٣). هەموو مەسیحییەکان «تامی ڕاستی و میهرەبانی یەزدانیان کردووە.» شتێک لە ئێمەدا بەئاگا هاتۆتەوە. «ئێمە تامەان کردووە، وە دەزانین هیچ شتێکی لەمە باشتر نییە. ئەو کانیاوی ئێمەیە، ژیانی ئێمەیە. خۆشی ئێمەیە، خۆشی کۆتاییمانە.» لەم یادەوەرییە، وە لەم پاڵنەرە زگماکەوە، پەرۆشی خودا بە. (٥) خۆڕاگر بە چونکە مەسیح دەستت دەگرێت (فیلیپی ٣: ١٢). «بە دەربڕینێکی دیکە، ئێمە دەستی پێوە دەگرین بۆ ئەوەی بیناسین، تامی بکەین، هەستی پێ بکەین، بۆ ئەوەی خۆشمانبوێت، بۆ ئەوەی مەسیحمان هەبێت، چونکە دەزانین ئەو خاوەندارێتیمانی کردووە؛ ئەو ئێمەی ناسیوە. خودا بە تەواوی دەمانگرێت -نەک بە پێچەوانەوە. دەستمانی بۆ درێژ دەکەین لەبەر ئەوەی ئێمە لەنێو باوەشی ئەوین.»[a]

a ئەڵقەی ١٥٠٦: «ئایا کەسێکی مەسیحی خۆشگوزەران دەکرێت خەمۆکی هەبێت؟» (٣١ی تەممووزی ٢٠٢٠). سەبارەت بە تابلۆی «هیوا بە خودا» کە لە تەلاری کڵێسایەک هەڵواسراوە («چونکە قەشەیەکی خەمۆکیان هەیە و کاتێک دەچێتە کڵێسا پێویستی بە هاندان هەیە»)، بڕوانە ئەڵقەی ١٣٣٤: «دەمەوێت عیسا گەنجینەی من بێت -ئایا هەموێت بەسە؟» (٢٤ی نیسانی ٢٠١٩)، ئەڵقەی ١٥٠٦: «ئایا کەسێکی مەسیحی خۆشگوزەران دەکرێت خەمۆکی هەبێت؟» (٣١ی تەممووزی ٢٠٢٠)، وە ئەڵقەی ١٧٩٨: «دەقە چارەنووسسازەکان بۆ سەختترین جەنگەکامان» (٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٢).

ئایا خودا زۆرترین شکۆمەندی لە ئێمەدا نییە کاتێک پەرۆشی ئەوین؟

ئایا ئێمە لە ئارەزووی چێژوەرگرتن لە خودا شکۆمەندی ناکەین، تەنانەت لە کاتێکدا هەست بە خودی خۆشییەکە ناکەین؟ ئایا ڕاستتر دەبێت بڵێین: خودا زۆرترین شکۆمەندی لە ئێمەدا هەیە لە کاتێکدا ئارەزووی ئەوە دەکەین کە زۆرترین ڕازامەندیمان هەبێت لەودا؟

نەخێر، بۆ گۆڕینی وشەکان. بەڵێ بۆ شکۆمەندکردنی خودا لە ئارەزووی چێژوەرگرتن لێی، تەنانەت کاتێک هەستی پێناکەم. «ڕەنگە وا دەرکەوێت کە ئەمە دژایەتی خۆشگوزەرانی مەسیحی بکات، بەڵام نا.» دەتوانین لە سێ ئاستی جیاوازی توانای سۆزداریدا ڕێز لە خودا بگرین. (١) لە سۆز و خۆشەویستی گەرمان بۆ خودا. لەم چڕییە دەگمەنەدا، «ئێمە ئازادین، بێ بەربەستین، ڕەگ و ڕیشەمان لە ڕاستیدا هەیە، هەستەکانمان ئازادن.» ئێمە «هەموومان ئامادەین» لە خۆشەویستی و خزمەتکردنی تەواودا. وە «بە ڕوونی» خودا زۆرترین ڕێزی لێدەگیرێت کاتێک «هەستەکانمان "هەمووی" چێژی لێ وەردەگرین.» (٢) لە نەبوونی هەست و سۆزێکی زۆرمان بۆ خودا. ئەمە «زۆربەی ژیانمان لەو شوێنەیە،» لە حاڵەتێکدا کە هەست بە خەم و پەژارە دەکەین بۆ ئەوەی هەست بە تووندتر نەکەین. ئەم خەم و پەشیمانییە باشترین ڕێگا نییە کە ئێمە ڕێز لە خودا بگرین، وەک لە (١)، هەست و سۆزی گەرمان، بەڵام (٢) پەشیمانیمان ڕێز لە خودا دەگرێت وەک «دەنگدانەوەی ئەو خۆشییە، کە تۆوەکەی هێشتا لە ئێمەدایە.» لەم ئارەزووەدا دەنگدانەوەیەک، پاشماوەیەک دەبینینەوە، یادەوەرییەک کە «تامان کردووە و بینیومانە کە پەروەردگار باشە. ئەو تامە بۆ ماوەیەکی کاتی مات بووە.» (٣) لە وەرزەکانی خەمۆکی قوولّدا. لەم وەرزەدا سۆز و خۆشەویستییەکان هێندە بێهێزن کە بەدەگمەن یادەوەرییەک، دەنگدانەوەیەک، پاشماوەیەک، یان پاشماوەی خۆشییەکی پێشوومان هەیە. «تەنانەت ناتوانین کار بکەین. ئەمە خەمۆکییە لە خراپترین حاڵەتیدا.» لەم حاڵەتەدا ئێمە ڕێز لە خودا دەگرین بە چاوەڕوانی و نەفرەت نەکردن، چونکە تەنانەت «توانای چاوەڕوانیکردن، هەستکردن بە مەجازی هیچی دیکە نییە جگە لە بێهێزی لە ڕۆحماندا، ڕەگ و ڕیشەی لە شتێکی ڕاستەقینە و ڕەسەندا هەیە کە خودا لە ئێمەدا کردوویەتی.»

«خودا دەیەوێت ئێمە گەرم بین نەک شلەتێن» (مەتا ٢٢: ٣٧). «بۆیە ئێمە لە خەمدا خودا شکۆمەند دەکەین، لە چاوەڕوانیماندا لە کاتەکانی تاریکی زۆرترین شکۆمەندی بە خودا دەدەین. بەڵام کاتێک ئێمە بە کۆی ئەقڵ، جەستە، ڕۆح- خۆشی ئەزموون دەکەین، زیاتر خودا لە ئێمەدا شکۆدار دەبێت. بەڵێ، پێمواید حاڵەتەکە ئاوایە، چوونکە خودا خەمۆکی لە ئاسمان لەناو دەبات. ئەگەر پێدانی شکۆمەندی لەلایەن ئێمەوە زۆر سەخت بێت، من پێمواید ئەوە ئاسمان سەردەمێکی تاریکی دەبوو، هەموومان لە ئاسماندا زۆر بە

سەختی بەردەوام دەبووین، چونکە ئەوە ڕێگایە کە خودا زۆرترین شکۆمەندی بەدەست دەهێنێت بۆ هەتاهەتایە.[a]

وەک لایەک، ئەم پلەبەندییەی زیاتر/زۆرترین شکۆمەندی خودا کرۆکی دروشمی چێژبەخشی مەسیحییە: «خودا زۆرترین شکۆداری لە ئێمەدا دەبێت کاتێک زۆرترین ڕەزامەندیمان لەودا هەبێت.» وە زۆرێک لەو بارودۆخانە دەگرێتەوە کە لە زیندوویی سۆز و خۆشەویستی کەسی بەدەرە.[b] بۆ نموونە خودا زیاتر شکۆدار دەبێت لە ململانێمان لەگەڵ گوناهدا زیاتر لەوەی ئەگەر یەکسەر بێ گوناە بکرێین.[c] خودا شکۆمەندی زیاتر لە هاوسەنگی هەمەچەشنییدا بەدەست دەهێنێت -لە ڕەگەزی نێر/مێ و لە زۆری ڕەگەزەکاندا- لەوەی ئەگەر هەموومان وەک یەک جۆر بووینایە.[d] مەسیح شکۆمەندی زیاتر بەدەست دەهێنێت بە ڕێزلێنانی لەلایەن زمان و نەتەوە جۆراوجۆرەکانەوە لەوەی کە لە یەک گەلدا ڕێزی لێدەگیرێت.[e] مەسیح لە کەفارەتدا شکۆمەندی زیاتر وەردەگرێت لەوەی ئەگەر خاچەکەی هەڵنەگرتبا.[f] مەسیح بە ژیانی تەواو و مردنی لەبەردەم خەڵکدا زیاتر شکۆمەند دەبێت لەوەی کە ژیانی تەواوەتی خۆی بەسەر بردبێت و لە تاریکییەکی تایبەتدا بمرێت.[g] مەسیح بە شکستپێهێنانی شەیتان لەسەر خاچ شکۆمەندی زیاتر بەدەست دەهێنێت لەوەی کە لە دوورەوە بەسەر شەیتاندا زاڵ ببوایە، وەک قەناس بەدەستێک.[h] خودا شکۆمەندی زیاتر لە خزمەتکردنی خۆبەخشی ئێمە وەردەگرێت لەوەی ئەگەر «هێزێکی کۆیلەیی و ماندوو نەناسیی» کاری زۆرەملێ و بێگاری بکات.[i] پاشان، ئێمە ڕاستەوخۆ باسمان لەوە کرد کە بۆچی ئەم ڕادەیەی شکۆمەندی زیاتر/زۆرترینە لە ڕووی کتێبی پیرۆزەوە پشتڕاست کراوەتەوە.[j]

چی بکەم کاتێک هەست دەکەم خودا دوورە؟

لە تاریکترین کاتەکانی ژیان، زەبوورنووس خۆی بانگەوازی بۆ خۆی دەکرد (زەبووری ٤٢: ٥). پێویستە ئەم نموونەیە پەیڕەو بکەین و ئینجیل بە دڵمان بدەین. «لەم دیوەی خاچدا، ئێمە گەورەترین بنەما هیوامان دەزانین: عیسای مەسیح لەپێناو گوناهەکانمان

a ئەڵقەی ٣٠: «سێ ئاستی هەستی شکۆمەندی خودا» (١٩ی شوباتی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ٣٠: «سێ ئاستی هەستی شکۆمەندی خودا» (١٩ی شوباتی ٢٠١٣).
c ئەڵقەی ٣٣: «ڕۆحی پیرۆز لە مندا دەژی، کەواتە بۆچی سۆزەکانم دەلەرزن؟" (٢٢ی شوباتی ٢٠١٣).
d ئەڵقەی ١٦٩: «بۆچی باش نەبوو ئادەم سەڵت بێت» (١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٣).
e ئەڵقەی ٩٢٧: «سوور، زەرد، ڕەش و سپی -ئایا دەکرێت هەموو ڕەگەزێک لە ئادەم و حەوا و نوحەوە بێت؟» (٢٥ی ئابی ٢٠١٦).
f ئەڵقەی ٢٦٥: «بۆچی عیسا داکۆکیکاری منە ئەگەر تەواو ڕاستودروست بووم؟» (٢٨ی کانونی دووەمی ٢٠١٤).
g ئەڵقەی ١٨١٦: «بۆچی عیسا پێویستی بە ئازار و مردن بوو بە ئاشکرا؟» (١ی ئابی ٢٠٢٢).
h ئەڵقەی ٤٠٨: «بۆچی خودا ڕێگە بە شەیتان دەدات بژیێت؟» (١٥ی ئابی ٢٠١٤).
i ئەڵقەی ١٤٣٢: «ئایا خودا هەر بەم شێوەیە شکۆمەند دەبوو ئەگەر ئێمە کۆیلەی ئەو بووینایە؟» (١٠ی شوباتی ٢٠٢٠).
j ئەڵقەی ١٧١٧: «ئایا بەڕاستی دەتوانین کەم یان زۆر شکۆمەندی بە خودا بدەین؟» (١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

لەسەر خاچ مرد و بەسەر مردندا سەرکەوت. کەواتە، گرنگترین شت کە دەبێت فێری بین ئەوەیە ئینجیل بۆ خۆمان ڕابگەیەنین.» ئێمە بەخۆمان دەڵێین: «گوێ بگرە ئەی خودی خۆمان: "ئەگەر خودا لەگەڵمان بێت، کێ دژمانە؟ ئەوەی دەستی بە کوڕەکەی خۆیەوە نەگرت، بەڵکو لە پێناوی هەموومان پێشکەشی کرد، ئیتر چۆن لەگەڵ ئەو هەموو شتێکمان بەخۆڕایی ناداتێ؟ کێ سکاڵا لە هەڵبژێردراوانی خودا دەکات؟ خودایە ئەوەی بێتاوان دەکات. کێیە تاوانبار دەکات؟ کەس نییە. عیسای مەسیحە کە مرد، بەڵکو لەمەش زیاتر هەستێنرایەوە، هەر ئەویش لە دەستەڕاستی خودایە و داکۆکیمان لێدەکات. کێ لە خۆشەویستی مەسیح جیامان دەکاتەوە؟» ئەمە لە ڕۆما ٨: ٣١-٣٥، وەرگیراوە.[a]

ئەم هەستکردنە بە دووری لە خودا «لەنێو گەلی خودا بەربڵاوە.» لە کاردانەوەیدا، لە ئینجیلدا پشوو بدە. مەسیح «لەپێناو گوناهبارانی وەک ئێمە مرد. ئەو تووڕەیی خودای لە دژی گەلەکەی هەڵمژی. ئەو گوناهەکانمانی داپۆشی بە دانی باجی ئەو ئازار و مردنەی کە ئێمە شایەنی بووین. لە مردن هەستایەوە بۆ ئەوەی هیوایەکی لەبن نەهاتوومان پێبدات. بەڵێنێکی نوێی پەیمانی کڕی کە هەرگیز ڕێگە نەدات گەلەکەی بکەونە ناو لەناوچوونەوە. وە ئەو هەموو ئەمانەمان بۆ فەراهەم دەکات تەنها بە باوەڕ، بە بینینی خۆمان وەک بێدەسەڵات، وە وەک منداڵێکی بچووک هەموو ئەو شتانە وەربگرین کە خودا بۆ ئێمەیە لە مەسیحدا، وە بە گەنجینەی باڵای خۆمانی دابنێین. ئەمە ئینجیلە.» ئێمە لەم ئینجیلەدا پشوو دەدەین، تەنانەت لە کاتێکدا هەست بە دووری خودا دەکەین.

زەبورنووس ڕێبازێکی دوو لایەنەمان پێدەدات بۆ ئەم تاریکییە: (١) بەدوایدا بگەڕێن، وە (٢) واز لە چاوەڕوانی ئەو مەهێنن (زەبووری ٢٧: ٨-٩). سەرەتا بەدوایدا بگەڕێ. زەبورنووس خۆی ئەم گەڕانە لە زمانی خۆیدا بەرجەستە دەکات (زەبووری ٦: ٢-٣؛ ١٣: ١-٢؛ ٩٠: ١٣-١٤). وە «واز لە گەڕان مەهێنە چونکە ماوەکەی زۆرە.» چاوەڕێ بکە، وە خەمت نەبێت (زەبووری ٢٧: ١٤؛ ٣٧: ٧). زەبووری ٤٠ یارمەتیدەرێکی گەورەیە. زەبورنووس چاوەڕێی دەکرد، ڕزگاری بوو و خۆشییەکەی گەڕایەوە -وە هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە کە کەسانی دیکە ئەم کرداره لە ژیانیدا ببینن. «جۆرێکی سەیرە لە مزگێنیدان.» بەڵام ڕەنگە ئامانجەکە ئەمە بێت، خزمەتکردنی کەسانی دیکە. «جیهان پێویستی بە کەسانێک هەیە کە بە تاریکیدا تێپەڕیون و بە ڕێژەیەک لە کۆتایی لایەکەی دیکەدا دەرچوون، وە بتوانن هاوسۆزی بن لەو شتانەی کە پێیدا تێدەپەڕن.»

لە کۆتاییدا، ماوەکانی دوورکەوتنەوە لە خودا «منی کردووە بە قەشەیەکی باشتر -قەشەیەکی کاریگەرتر، نەک قەشەیەکی کەمتر کاریگەر.» خودا لە کاردایە. «ئەگەر بپرسیت

a ئەڵقەی ٧١١: «کاتێک خەمۆکی دێت، کاری داهاتوو بکە» (٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥).

“هەتا کەی؟” من نازانم. تەنها دەزانم کە نابێت وازی لێ بهێنیت. وازی لێ مەهێنە. هاوڕێیەکم هەبوو بۆ ماوەی هەشت ساڵ خەمۆکییەکی سەختی بوو، خەریک بوو لە جوولّەی بخات.» بەڵام پاشان، لە دوای ساڵانێک لە ئەزبەرکردنی کتێبی پیرۆز، هەوڵدان بەدوای خودا، دەستگرتن پێوەی و چاوەڕوانی، شتێک ڕوویدا. «خودا هاتە ناو بابەتەکە، وە هاوڕێکەمی لە خەمۆکییەکەی ڕزگار کرد. هەتا ئەو ڕۆژەی مرد دەمناسی، هەرگیز جارێکی دیکە تووشی خەکمۆکی نەبۆوە. هەمیشە ئەمەی دەگەڕاندەوە بۆ بەردەوامی لە وشەی خودا، تەنانەت کاتێک زۆر هەستی نەدەکرد و بە زەحمەت دەیتوانی کاربکات. بەردەوام بوو لە وشەی خودا و گەڕان بەدوای خودا.[a]

ئایا گوناهەکەم ئەم تاریکییەی بەسەرمدا هێناوە؟

ژنێکی گەنج چیرۆکێکی دڵتەزێنی نووسیوە. ئەم ژنە لە کڵێساکەدا بەشدار دەبوو، لە ڕۆیشتنیدا خۆشی ئەزموون دەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا بەهۆی کوڕەخۆشەویستێکی بێباوەڕ فریو درا. گوناهی سێکسییان کرد. ئێستا کوڕەخۆشەویستەکە نەماوە. ئەو تێکشکاوە، بەڵام گەڕاوەتەوە بۆ کڵێسا. ئێستا ژیانی تاریک دەردەکەوێت، وە دەترسێت شتێکی بۆ هەمیشە لەدەستدابێت کە نەتواندرێت وەربگیرێتەوە.

ئەو پێویستی بەم وشە سەختانە هەیە: «ئەم ئەگەرە لەبەرچاو بگرە، کە پێمواید ڕەنگە وابێت، بارودۆخی ڕۆحی تۆ لەو ساڵە باشانەدا هێندە باش نەبووە کە پێتواید هەبووە. تۆ بە زۆر ئەزموونی ئایینیدا ڕۆیشتوویت؛ کڵێسا، خۆشی، بەهرە و گۆرانی گوتن. بەڵام کاتێک هاتە سەر گوێڕایەڵی ڕاستەقینە، کە دەبووا بەهای مەسیح هەڵبژێریت لەبری کوڕەخۆشەویستێک کە لە مەسیح دوورت بخاتەوە، کوڕەخۆشەویستەکەت هەڵبژارد.» بەڵام ئەم قسە سەختانە مزگێنین بۆ ئەو: «من پێمواید کە ڕەنگە پەروەردگار لە ژیانتدا شتێکی زۆر جیاواز بکات. من پێمواید کە پەروەردگار لەم ساڵانەدا ڕێگەت پێنادات پیاسەیەکی نزیک لەگەڵ خودا لەدەست بدەیت، بەڵکو لە پیاسەیەکی ساختە لەگەڵ خودا ڕزگارت دەکات.»

ڕۆیشتنی پێشوو «زۆر ئایینی بوو بەڵام ڕاستەقینە نەبوو. ئەگەر تۆ عیسات هێندە کەم خۆشویستووە کە کوڕەخۆشەویستێکت لەلا گرنگتر بووە لە عیسا، لەگەڵ خودا ڕێڕەوێکی نزیکت نەبووە، ڕاستە؟ هەرچییەک بووە، خودا تێکی داوە، ڕاستە؟ ئەویش وێرانی کرد. ئێستا، لە ڕێگەی نەهامەتییەکانی ئەم داروپەردووەوە، لە دڵتدا حەزێکی نوێی بۆی بەئاگا هێناوەتەوە. ئەو بانگهێشتت ناکاتەوە بۆ جۆرە کۆنەکەی خۆشی و گۆرانی گوتن و ژیانی کڵێسا. نەخێر، ئەو بانگت ناکاتەوە بۆ ئەو جۆرە باوەڕەی کە دڵێکی شاردبووەوە هەر

a ئەڵقەی ٥٤٢: «چی بکەین کاتێک هەست دەکەین خودا دوورە» (٢٧ی شوباتی ٢٠١٥).

کـه کورەخۆشەویستەکە هاتـە پێشـەوە ئامـادە بـوو بتپەرستی بـکات.» ئێستا ئـەو «ئامانجی تۆیەکـی نوێـی قـووڵ، بەهێـز، لـە ڕووی بیـروڕاوە تەندروسـت، شـکۆداری مەسـیح، تێر لـە کتێبی پیـرۆز و نەهـەژاو. نـەک گەڕانـەوە بـۆ تـۆی ئایینـی کـۆن کـە عیسـا دەفرۆشـیت وەک ئـەوەی یەهـوزا کـە لەپێنـاو خۆشەویستێکی سـی پارچـەی زیـو کـردی.» قسـەکان ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی ژنێکـی بەهێـز دروسـت بکـەن. «دەمەوێـت تـۆ تونـد و پتـەو بیـت، لـە پەیمانەکـەت بـۆ عیسـا نەچەمێیتـەوە، ئـەو گەنجینـەی باڵاتـە. ئیـتر شـتێکی پـووچ و ئایینـداری و کاردانـەوە نەبێـت. مـن باسـی پەیمانێکـی سـەرەکی دەکـەم، قـووڵ، نەهـەژاو و ڕەسـەن، بـۆ پاشـا و گەنجینـەی بـاڵات. مـن نامەوێـت ئێسـتا هەسـت بـە نەرمـی بکەیـت. مـن دەمەوێـت تـۆ بەهێـز بیـت.»

بـۆ ئـەم مەبەسـتە، تـەواوی حزقیێـل ١٦ بخوێنـەوە، «وێناکردنـی ترسـناکی ناپاکـی لـە نێـوان ئیسرائیـل و هاوسـەرەکەی، خـودا.» خـودا ئیسرائیلـی دایـە دەسـت حوکمێکـی ترسـناک. پاشـان هەتـا پێنـج ئایەتـی کۆتایـی بخوێنـەرەوە، «کردەوەیەکـی سەرسـوڕهێنەر و بەتـەواوی سەرسـامکەری لێخۆشـبوونی میهرەبانانـە.» وە بیـر لـە پۆڵـس بکـەرەوە کـە لـە گوناهـی قـووڵ ڕزگاری بـوو بـۆ ئـەوەی پشـوودرێژی و خۆڕاگـری خـودا پیشـان بـدات (یەکـەم تیمۆسـاوس ١: ١٦). «خـودا پۆڵسـی لـە خراپتریـن نمونـەی بکوژێکـی ڕقـاوی بـاوەڕداران بـە مەسـیح ڕزگار کرد بـۆ ئـەوەی هەسـت بـە پشـوودرێژی و تەواوەتـی مەسـیح بـکات، وە هـان بدرێـت بـۆ ئـەوەی بـاوەڕی پێـی هەبێـت بـۆ ژیانـی هەتاهەتایـی. لەگەڵتـدا نوێـژ دەکـەم کـە خـودا ڕێگـەت پێبـدات ئەمـە ببینیـت و هەسـت بـەم شـتە بکەیـت، وە بـە خۆشـحاڵییەوە بگەڕێیتـەوە ماڵـەوە.»[a]

دەقەکانی کتێبی پیرۆز بۆ ئەو کاتەی دڵت هەست بە مردوویی دەکات

«بـە دڵنیاییـەوە، خەمۆکـی ڕەهەنـدی زۆری هەیـە -لـە بۆماوەییـەوە، بـۆ شـێوازی خـۆراک، بـۆ وەرزشـکردن، بـۆ تەنگـژەی دەروونـی، بـۆ هەراسـانکارییەکانی شـەیتان، تەوژمـی پەیوەندییـەکان، بارگرانـی دارایـی، بارودۆخـی کەشـوهەوا، تێکەڵبوونـی گوناهبـاری، بێخـەوی و هتـد و هتـد. نامەوێـت ئـەو بڕوایـە بـدەم کـە مـن ئاڵۆزییەکانـی ئـەو شـتانەی کـە ڕەنگـە وەرزێکـی تاریکـی یـان خەمۆکـی دەسـتپێبکەن، سـادەی دەکەمـەوە.» بـەڵام هـۆکارە کەڵەکەبووەکانـی تاریکـی لـە گرنگـی کتێبـی پیـرۆز کـەم ناکـەن، چونکـە «لـە ژێـر و لـە سـەروو و لـە نێـو هەمـوو ئـەم پرسـانە» پرسـیاری سـەرەکی ئەمەیـە: «خـودا چـی پـێ گوتـم؟» واتـا «کتێبـی پیـرۆز چـی دەڵێـت؟» خەمۆکی بـاوەڕ و هیوامـان لاواز دەکات، ئـەو شـتانەن کـە لـە ڕێگـەی کتێبـی پیـرۆزەوە چاکدەبنـەوە (ڕۆمـا ١٠: ١٧). بەبـێ کتێبـی پیـرۆز، «هیـچ هیوایـەک نییـە بـۆ گۆڕانکارییـەک مەسـیح لـە هەسـتەکانمان شـکۆدار بـکات.» کەواتـە، دەرمـان «ڕەنگـە لـە ڕووی سـۆزدارییەوە بمانگۆڕێـت، بـەڵام بـە تەنهـا، بەبـێ وشـەی خـودا، لەگـەڵ عیسـای مەسـیحدا نامانخاتـە سـەر ڕێڕەوێکـی ڕاسـت. ڕەنگـە

a ئەڵقەی ١١٧١: «کاتێک هەست دەکەین خودا دوورە، ڕەنگە بیەوێت ئێمە گەشە بکەین» (١٤ی ئازاری ٢٠١٨).

هەستێکی خۆشی هەبێت، بەڵام بەبێ وشەی خودا، ڕەنگە هیچ سوودێکی درێژخایەنی نەبێت.» کاتێک تاریکی دێت ئەم پێنج کۆمەڵە دەقە سەرەکییە لەبەرچاو بگرن.

(١) دەقەکانی چاوەڕوانی و نوێژکردن (زەبوری ٣٠: ٥؛ ٤٠: ١-٢؛ ٥٦: ٨). «ئێمە لە لەوەڕگەی سەوزدا دەلەوەڕێین، بەناو دۆڵی مەرگدا دەڕۆین. ئێمە ئەزموونی درەوشانەوەی ڕوخساری ئەو دەکەین. کەواتە لە ڕەچەتەی کتێبی پیرۆزدا، ئەوەی دەیدۆزینەوە ئەوەیە کە کاتێک ڕووخساری شاردراوەتەوە، چاوەڕێی دەکەین و نوێژ دەکەین. ئەمە گروپی یەکەمە.» (٢) ئەو دەقانەی هاندەرە بۆ بێباکی تاوان (میخا ٧: ٨-٩). «نالێم هەموو تاریکییەک سزایەکی تایبەتە بۆ گوناە. تەنها دەڵێم هەموومان گوناهمان کردووە، هەربۆیە هیچ سوودێکی نییە هەوڵ بدەین خۆمان بە باش دەربخەین لە کاتێکدا لەژێر تاریکیداین.» بەڵام «ئێمە بێ هیوا نابین و هەست بە لووتبەرزی ناکەین. متمانەمان بە خودا و سەرکەوتنی ئەوە.» (٣) دەقەکان دەربارەی لێخۆشبوونی گوناە (ئیشایا ٥٣: ٤-٦؛ ڕۆما ٥: ٦-٨؛ ٨: ٣؛ دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١؛ گەلاتیا ٣: ١٣؛ فیلیپی ١: ٦؛ ٣: ١٢؛ یەکەم پەترۆس ٢: ٢٤-٢٥). ڕەنگە لە هەمووی گرنگتر، «سەرنجت بە تایبەتی لەسەر ئەو بڕگانە جێگیر بکە کە باس لە کارە سەرسوڕهێنەرەکەی مەسیح دەکەن لەسەر خاچ، ئەو کارەی کە لە دەرەوەی خۆت بوو، بۆ ئەوەی ڕاستودروستیت وەک گوناهبارێکی بەخشراو لەبەردەم خودایەکی تەواو پیرۆز و تەواو خۆشەویستدا دابین بکات.» (٤) دەقەکانی سوپاسگوزاری و ستایش (زەبووری ٨٦: ١٠-١٣). گرنگە «دەقەکانی سوپاسگوزاری و ستایش لە کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە، هەرچەندە هەستیان پێ نەکەیت.» (٥) دەقەکانی تۆوی خۆشی (زەبووری ٥١: ١٢؛ ٨٥: ٦). ئەمانە «دەقگەلێکن کە هاوار بۆ خودا دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی ژیان و خۆشی.» ئەم هیوایانە بۆ خۆشی بەڵگەن «کە تۆوی خۆشی لە خودادا هێشتا لە ڕۆحتدا زیندووە.»

لەو کاتانەی کە هەست دەکەیت بە هیچ شێوەیەک ناتوانیت مەسیحی بیت چونکە دڵت زۆر بەتاڵە، هانت دەدەم بەدوای سێ «بەڵگەدا بگەڕێیت کە تۆوی خۆشی لە خودادا هێشتا لە ڕۆحتدا زیندووە.» (١) «هێشتا دەتوانیت بە ڕوونی ببینیت، کە خودا گەنجینەی باڵایە لە گەردوون، تەنانەت ئەگەر هەستەکانت سەبارەت بەو زۆر ڕووکەش بن.» (٢) «تۆ دەتوانیت هاوار بکەیت بۆ گەڕاندنەوەی خۆشی ڕاستەقینە، هەر ئەو هاوارەش ئەو تۆوەیە کە بە تامی شادی چێنراوە.» (٣) «تۆ دەتوانیت ڕەتی بکەیتەوە لە خودا دوور بکەویتەوە و بتەکان لە باوەش بگرێت.»[a]

دەربارەی دەرمانی دژە خەمۆکی

هەموو شتێک حەڵاڵە، بەڵام هەموو شتێک بنیادنەر نییە (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٢؛ ١٠: ٢٣). کەواتە ئایا دەرمانەکانی وەک ڕیتالین و ئەدرۆڵ و دژە خەمۆکی یارمەتیدەرن بۆ

a ئەڵقەی ١٢٤٨: «خودا لە خەمۆکیمدا چ هیوایەک پێشکەش دەکات؟» (١٠ی ئەیلولی ٢٠١٨).

مـن؟ «ئایـا یارمەتیـم دەدەن بـۆ ئـەوەی باڵاتریـن ئامانجـم بهێنمـە دی؟ یـان دەیانخـۆم بـۆ داپۆشـینی کێشـە قوواڵـەکان؟ «پێمواینـە ئەمـە پرسـیارە چارەنووسسـازەکەیە کاتێـک بـاس لـە جۆرەکانـی دەرمـان یـان وزەبەخشـەکان دەکرێـت کـە دەیخۆیـن، ئایـا ئێمـە خۆمـان لـە دڵـمان دەشـارینەوە؟ ئێمـە خۆمـان لـە گوناهـەکان دەشـارینەوە؟ ئایـا ئێمـە ئـەو شـتانە دەشـارینەوە کـە دەبێـت چارەسـەر بکرێـت، ئەمـەش تەنهـا ڕووپۆشـێکی ڕووکەشـە؟»[a]

بـە هەمـان شـێوە، ئـەوەی شـتەکان زیاتـر ئاڵـۆز دەکات، ژیانـی ڕۆحـی و جەسـتەییمان بـە قوواڵـی لەگـەڵ ژینگەکەمانـدا تێکـەڵ بـووە «بـە شـێوەیەکی ئاڵـۆز و ڕەهایـی. خـودا بـەو شـێوەیە دروسـتی کردووێـن. ئێمـە ڕۆحێکیـن و جەسـتەمان هەیـە. ئێمـە هەمیشـە بـە ڕۆح و جەسـتە دەمێنینـەوە. ئێمـە ئەفلاتۆنـی نیـن -بمانەوێـت لـە جەسـتە ڕزگار بیـن. لـە ڕۆژی کۆتاییـدا بـە ڕۆح و جەسـتە هەڵدەسـتینەوە.» وەک کەسـانێک «کاریگـەر دەبیـن بـە سـتراتیژییە جەسـتەیی و چارەسـەرییە جەسـتەییەکانمان کـەوا پەیـڕەوی دەکەیـن،» چـۆن بەخشـە سروشـتییەکان «بکەیـن بـە شـتێکی ڕۆحـی یـان پیـرۆز؟» پێنـج هەنـگاو هـەن، کـە وەک «باشـترین دەرفەتـی هەوڵدانـن بـۆ یارمەتیدانـی کەسـێک بـۆ ئـەوەی بیـر لـە خـەو بکاتـەوە، یـان دەرمانـی دژە خەمۆکـی، یـان تـەواوی مـەودای هەمـوو شـتێکی دیکـەی نێوانیـان کـە کاریگـەری لەسـەر بـاری دەروونیمان و بـاری ڕۆحیـمان هەیە.» (١) دان بـە بەخشـەکەدا بنـێ. هەمـوو شـتێکی سـوودبەخش بـۆ ئێمـە بەخشـێکی خوداییـە (یەکـەم کۆرنسـۆس ٤: ٧). (٢) دان بـە وابەسـتەییدا بنێـن. ئێمـە بەبـێ ئـەو ناتوانیـن هیـچ بکەیـن (یۆحەنـا ١٥: ٥). (٣) نوێـژ بکـە لەپێنـاو داواکردنـی یارمەتـی (فیلیپـی ٤: ٦-٧). (٤) متمانـە بـە خـودا بکـە (ئیشـایا ٤١: ١٠). (٥) سوپاسـی خـودا بکـە بـۆ ئـەوەی لـە تـۆدا دەیـکات (یەکـەم سـالۆنیکی ٥: ١٨). «چ خەوتـن بێـت، یـان قـاوە بێـت، یـان وەرزش بێـت، یـان دژە خەمۆکـی، بـەم شـێوەیە بەخششـەکانی خـودا لـە جیهانـی فیزیکیـدا وەردەگریـن و پیرۆزیـان دەکەیـن لەپێنـاو ڕۆحمانـدا.»[b]

ئایا کتێبی پیرۆز خواردنی کحولی داناوە بۆ ئەو کەسانەی خەمۆکن؟

بـاس لـە دەرمانـی دژە خەمۆکـی دەکەیـن، ئایا کتێبی پیـرۆز لـە پەنـدەکان ٣١: ٦-٧ خەمۆکەکان ڕادەسـپێرێت بـۆ کحـول؟ پێدەچێـت ئەمـە ڕێـک ئـەوە بێـت کـە کەسـێکی خەمـۆک پێویسـتی پێـی نییـە.

ناوەڕۆکەکـە ڕوونـی دەکاتـەوە کـە شـەراب بـۆ پاشـایەک نییـە کـە پێویسـتی بە هزرێکـی ڕوون هەبێـت بـۆ حوکمڕانـی (پەنـدەکان ٣١: ٤-٥). شـەراب «مێشـک پـەک دەخـات لـە بیرکردنـەوە، کـە پێویسـتە ڕابـەرەکان بیـر بکەنـەوە بـۆ ئـەوەی دادپـەروەر بـن.» ئـەو ڕابەرانـەی کـە شـەراب بـە خـراپ بەکارناهێنـن، خۆشـبەختی دەهێنـن (ژیرمەنـدی ١٠: ١٧). ئـەو ڕابەرانـەی

a ئەڵقەی ٦٧٩: «ئایا خواردنەوە وزەبەخشەکان دەکرێت ببنە سووتەمەنی ژیانی مەسیحییەک؟» (٧ی ئەیلوولی ٢٠١٥).
b ئەڵقەی ٢٨٣: «دژە خەمۆکی، خەوتن، شێوازی خۆراک و وەرزشکردن» (٢١ی شوباتی ٢٠١٤).

کە شەراب بەکاردەهێنن، ئەوانە شەرمەزارین (یەکەم پاشایان ١٦: ٩-١٠؛ ٢٠: ١٦؛ ئیشایا ٢٨: ٧). شەراب خراپ دەکات و بەلاڕێدا دەبات (پەندەکان ٢٠: ١؛ ٢٣: ٣١-٣٣؛ هۆشەع ٤: ١٠-١١). «دایکی لەموئێل دەڵێت، ئەمە ئەوە نییە کە پاشاکان بیکەن، دەبێت دڵت ڕوون بێت، چاوەکانت کراوە بن، مێشکت تیژ بێت بۆ ئەوەی بتوانیت قسەی دادپەروەرانە و دانایانە بکەیت. کەواتە بۆچی ڕێنمایی خەمۆکەکان دەکات شەراب بخۆنەوە بۆ ئەوەی هەژاری و نەهامەتییەکانیان لەبیر بکەن؟ دوو لێکدانەوەی ئەگەری هەن.

(١) ئەم ژنە شەراب وەک مۆرفین ڕادەگەیەنێت. ئازارەکانی مردن بە شەراب بکوژە. هەرچەندە «پێموانییە ئەوە ڕەوایەتیمان پێبدات کە شەراب بەکاربهێنین بۆ ڕزگاربوون لە خەمەکانمان یان لە نەهامەتییە دەروونییەکانمان.» ئەم هەنگاوە ناتوانێت نیشانەکانی خەم کەم بکاتەوە، بەڵکو بە سادەیی «لە چارەسەری ڕاستەقینە دوورمان دەخاتەوە -واتا ناسینی ڕاستەقینەی خودا لە مەسیحدا بە ڕوونی.» (٢) ئەم ژنە وشەی گاڵتەجاڕی بەکاردەهێنێت. شەراب بە بەدبەختەکان بدە، بەکارهێنانێکی گونجاو بۆی، وەک ڕێگایەک بۆ ئەوەی بڵێیت پاشا هەرگیز نابێت بیر لەمە بکاتەوە. هەردوو لێکدانەوەکە ڕەوایە. «لە هەر حاڵەتێکدا، ئەو فێری کورەکەی ناکات، یان ئێمە، لە کاتەکانی لاوازی و بێهیواکەرمان، بۆ ئەوەی زیان بە توانای ئێمە بگەیەنین بۆ بینینی ئەو ڕاستییەی کە دەتوانێت بە قوواڵی چاکمان بکاتەوە. دەمت مەکەرەوە [وە مەخۆرەوە] بۆ ئەوەی ڕاستییەکە بشاریتەوە. دەمت بکەرەوە [وە قسە بکە] بۆ ئەوەی حوکمێکی دروست بدەیت. بە دەربڕینێکی دیکە، دەمت مەکەرەوە بۆ ئەوەی هەر ئەو شتە وەربگریت کە دەکرێت کوێرت بکات لە ئاست ڕاستی کە دەکرێت چاکت بکاتەوە. تۆ وەک پاشایەک دەمت بکەرەوە بۆ ئەوەی قسەی ڕاست بکەیت و گوێت بکەرەوە بۆ گوێگرتن لە شتە ڕاستەکان کە لە حوکمدانی هەڵە ڕزگارت دەکات.»[a]

لە چ کاتێکدا قەشەیەک کە دڵخۆش نەبێت لە خزمەتکردن بێبەش دەکرێت؟

یەکەم، بەڵێ، «خاڵێک هەیە کە نەبوونی دڵخۆشی بەڕاستی ڕابەرێکی خزمەت دوور دەخاتەوە.» لێرەدا چوار هۆکار بۆ ئەمە دەخەینەڕوو. (١) قەشەکان لە خۆشیدا بانگ دەکرێن بۆ قەشایەتی (عیبرانییەکان ١٣: ١٧). کەواتە «قەشەیەکی خەمۆک هیچ سوودی بۆ گەلەکەی نییە،» وە داوای کشانەوە یان دەستلەکارکێشانەوەی لێ دەکرێت. (٢) قەشەکان ئەرکدارن بەوەی کەسانی دیکە بەرەو خۆشی ببەن (دووەم کۆرنسۆس ١: ٢٤؛ فیلیپی ١: ٢٥). «ئەوە ئەرکی نێردراوێتی پۆڵس بوو -بۆ ئەوەی بەدوای خۆشی خەڵکی دیکەدا بگەڕێت. پێموایە ئەمە بانگەوازێکە بۆ هەموو قەشەیەک و هەموو پیرێک، بۆ ئەوەی کاربکەن لەپێناو خۆشی گەلەکەیان. ئەگەر بێتوانایی خۆیان دڵخۆشی بە پەروەردگار ڕێگری لەوە بکات، ڕەنگە

a ئەڵقەی ١٠٣١: «ئایا کێتی پیرۆز پێشنیاری مەی دەکات بۆ کەسانی خەمۆک؟» (٢١ی نیسانی ٢٠١٧).

کاتێک بێت کە ئەوان نەتوانن ئەو ئەرکە بهێننە دی.» (٣) قەشەکان نموونەی خۆشحاڵین لە ئازارەکاندا (ڕۆما ٥: ٣-٥). بەڵام «ئەگەر نەتوانین لەنێو ئازارەکانی خۆمان دڵخۆش بین، چۆن یارمەتی گەلەکەمان دەدەین بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی کتێبی پیرۆز بن؟» (٤) قەشەکان نموونەی ڕژانی خۆشی بەرجەستە دەکەن، تەنانەت لەنێو ئازارەکانیشدا (دووەم کۆرنسۆس ٨: ١-٢). «پیرێک کە دەیەوێت گەلەکەی خەڵکییان خۆشبوێت -واتا لەنێو تەنگانەدا، لە هەژاریدا، بۆیان سەرێژ بێت لە خۆشی- دەبێت بتوانێت خۆی ببێتە پێشەنگیان.»

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم قەناعەتانە، قەشەیەکی خەمۆک پێویستە پێنج پرسیار بکات. (١) ئایا بێهەستە یان بێتامە؟ جیاوازی بکە لە نێوان «بێهەستی کاتی ڕۆح و بێتامی ڕۆحی زۆر. هەریەک لە بێهەستی و بێتامی دەکرێت گەشە بکات و خۆشیمان نەهێڵێت، بەڵام جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەو دووانەدا هەیە.» قەشەیەکی خەمۆکی و بێهیوا و دڵشکاو «بە سۆزەوە هاوار دەکات بۆ خودا» لەپێناو بەزەیی دەکات، وە گەلەکەی «بە قوواڵی پێزانینیان بۆی هەیە» و «دەنگدانەوەیان لەگەڵیدا دەبێت». بێهیواییەکەی دەکرێت خزمەتی کەسانی دیکە بکات. بەڵام ئەو «قەشەیەی کە لە تورەیی و تاڵییەوە خۆی دەخاتە ناو ناخۆشییەوە» خزمەتی کەس ناکات. (٢) ئایا داوای یارمەتیت کردووە؟ گوناهە شاراوەکان خۆشی دەکوژن. لە پیرانی کڵێسا بپرسە کە ئایا سەبارەت بە تۆ شێوازی نیگەرانی گوناە لە ژیانتدا دەبینن. (٣) ئایا دەتوانی بانگەواز بۆ دەقەکە بکەیت؟ بانگەواز پێویستی بە هەست و سۆزی گونجاوە کە لەگەڵ دەقەکەدا بگونجێت. ئایا دەتوانیت بە ڕاستگۆییەکی سۆزداری بانگەواز بکەیت؟ «من بۆم دەرکەوت، لە ماوەی دەیان ساڵەی بانگەوازیدا -هەرچەندە ژیانی تایبەتی من هەندێک جار پڕ بوو لە خەم و ئازاری ڕاستەقینە، ناچار بووم یەکشەممەی داهاتوو وتار بدەم- دەقی کتێبی پیرۆز بەڕاستی وای دەکرد، لەو کاتەدا هەستەکانی خۆی لە منداڵی دروست بکات، کە ڕاستەقینە و ڕەسەن بوون.» (٤) ئایا تۆ کڵێساکەت خۆشدەوێت؟ «ئایا هێشتا هەست و سۆزت هەیە بەرامبەر بە گەلەکەت؟ ئایا ئەوا هەست بەمە دەکەن؟» (٥) «ئایا پێویستە پشوو بدەیت یان دەست لەکار بکێشیتەوە؟ ئەمە گرنگە.» پشوویەک وەربگرە و بیر بکەوە لە دەستلەکارکێشانەوە، وەک «دواین ڕێگا»، بە تایبەتی ئەگەر لەوانەیە کاریگەری بکاتە سەر پەککەوتنی کڵێساکە.[a]

خەمۆکی بکوژێکی خزمەتە. بۆیە وەک کەسێک کە «ئەگەری تووشبوون بە خەمۆکی و بێهیوایی هەیە»، قەشە جۆن بە بەردەوامی وەرزش دەکات بۆ «شەکەتکردنی» جەستەی، لە ئەنجامدا کەمتر خەمۆکی دەبێت. «دەزانم کە خەمۆکی کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر خزمەتەکەم و هاوسەرگیری و پەروەردەکردنی منداڵانم. بۆیە لەپێناو مەبەستی شانشینی

a ئەڵقەی ١٢٦١: «ئایا خەمۆکی قەشەیەک لە خزمەت بێبەش دەکات؟» (١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨).

خـودا، بـەرەو هۆڵـی وەرزش دەچـم.»[a] وە بـە تایبەتـی کاتێـک تووشـی دڵتەنگـی بەیانیانـی ڕۆژی دووشـەممە دەبیـت، «جەسـتەت بـە هـەر وەرزشـێک ماندوو بکـە کـە بـۆت دەگونجێـت. تەمبـەڵ مەبـە. ئەمـە کوشـندەیە. خـودا ماسـولکەکانی بـۆ کارکـردن دروسـتکردووە، وە دڵـی دروسـتکردووە بـۆ بەردەوامبوونـی بـاری کارەکـە. مێشـکی دروسـتکردووە بـۆ بەرهەمهێنانـی دژە خەمۆکـی لـە کاردانـەوەی وەرزشـێکی بەهێـز. خـۆت لـەم کارە بێبـەش مەکـە. پاسـکیلێک پەیـدا بکـە. لـە بەیانیانـی ڕۆژی دووشـەممە بیسـت میـل لێـی بخـوڕە، هێنـدەی دەتوانیـت بـە بەهێـزی لێبخـوڕە، یـان ڕاکـردن یـان مەلەکـردن یـان بەرزکردنـەوەی کێـش یـان هەڵکەنـدن لـە باخچـە.» کاری قـورس بکـە، وە «سـەرت سـوڕدەمێنێت کـە جەسـتە و ڕۆح چەنـدە پێکـەوە گرێـدراون.»[b]

a ئەڵقەی ١٢: «وەرزشکردنی جەستە (لە پێناو ڕۆح)» (٢٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ٤٢٩: «مامەڵەکردن لەگەڵ خەمۆکییەکانی دوای وتاردان» (١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

دەربارەی نووسین، ڕێزمان، شیعر

دەربارەی نووسین

لە یەکەم ئەڵقەی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە، باسمان لە نووسین کرد. قەشە جۆن دان بەوەدا دەنێت کە هەتا تەمەنی شازدە ساڵی، خوێنەر یان نووسەرێکی لێهاتوو نەبووە. «وە لە ناکاو، خاتوو کلانتۆن -نازانم چی دەکرد لە پۆلی ئەدەبی پۆلی یازدەیەم، بەڵام، واو، شتێکی خستە ناو مێشکم بۆ شیعر و نووسین و خوێندنەوە.»[a]

لەو ساڵانەی تەمەنی هەرزەکاری بنیادنان، فێری ئەوە بووە کە نووسین کلیلی فێربوون و دۆزینەوەیە، بە تایبەتی کاتێک بەدوای تێگەیشتن لە ڕاستییەکی کتێبی پیرۆزدا دەگەڕێین. «بنووسە، بنووسە، بنووسە، یان لە فایلێکدا لە کۆمپیوتەرەکەت، یان وەک من زۆرجار دەیکەم، لە نیوە لاپەڕەیەکی نوشتاوە دەنووسم. من بەردەوام هێڵکاری هەڕەمەکی دەکەم و دەنووسم، چونکە، کاتێک دەنووسم، دەتوانم شتگەلێکی زیاتر لە مێشکم وەربگرم. بەبێ نووسین، هەموو شتێک ڕەنگە بەرەو گێژاو بچێت. نووسین یارمەتیمان دەدات بۆ بینین. «ئەو کەسانەی کە نانووسن بەڕاستی زۆر دوور نارۆن لە هێنانی وێنەیەکی یەکگرتووی هەندێک ڕاستی.»[b] ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە «نووسین تەنها ئەو شتانە تۆمار ناکات کە دەیبینیت؛ بەڵکو بینینەکەی زیاتر دەکات.»[c]

بیر لە گرنگییە باڵاکەی نووسین بکەرەوە. خودا هەڵیبژارد کە بە وشەی سەر کاغەز پەیوەندیمان پێوە بکات، «وە ئەو ڕێگایە کەمتر ڕاستەوخۆ نییە لەوەی ئەگەر لەلایەن شێوازێکی دیکەی قسەکردنەوە بووا.» خودا دەیتوانی بە بەردەوامی بە قسەی بیستراو لەگەڵ ئێمە بدوابووا، بەڵام نایکات. لە کتێبی پیرۆزدا گوێمان لە دەنگی دەبێت. ئەو لە کتێبێکدا قسەمان لەگەڵ دەکات. «ئەگەر کتێبی پیرۆز بە دەنگی بەرز بخوێنیتەوە، گوێت لە دەنگی خودا دەبێت -هەروەک چۆن دەوەنێک بجوولێنیت و دەنگێکی لێوە دەربچێت» (دەرچوون ٣: ٢-٤).[d]

دەربارەی بانگهێشتی نووسەر (وە کاریگەری)

نووسەرێکی بە ناوبانگ، یان نووسەرێکی ئارەزوومەند، دەبێت ئامانجی کاریگەری

---

a ئەڵقەی ١: «ڕامانی جۆن پایپەر لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا» (١١ی کانونی دووەمی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ١٠٥٨: «چۆن بابەتێکی دیاریکراو لە کتێبی پیرۆزدا بخوێنم؟» (٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٧).

c ئەڵقەی ١٤١٤: «من چاپێکی نوێی کتێبی پیرۆزم هەیە -چۆن پێویستە نیشانەی بخەمە سەر؟» (٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩).

d ئەڵقەی ٢٩٩: «خودا هیچ دەنگەژێیەکی نییە» (١٧ی ئازاری ٢٠١٤).

بێت. بۆچی؟ «ئەگەر نوێژ ناکەیت تاوەکو ئەوەی دەینووسیت کاریگەری لەسەر خەڵکی هەبێت، ئایا لەبەر ئەوەیە کە تۆ باوەڕ بەو شتانە ناکەیت کە دەیڵێیت و پێت وایە گرنگ نین، یان لەبەر ئەوەیە کە پێت وایە مرۆڤەکان گرنگ نین؟» نووسەر پێویستە بەهرەکان بۆ هەردوو مەبەستەکە بەکار بهێنێت -بۆ ڕاگەیاندنی ڕاستی و بۆ کاریگەری؛ بۆ شکۆمەندکردنی خودا و خۆشویستنی (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ٣١؛ ١٦: ١٤). ئەم ئامانجانە یەکگرتوون چونکە «شێوازی خۆشویستنی مرۆڤەکان بریتییە لە کاریگەری لەسەریان و ڕازیکردنیان و بەدەستهێنانیان و بەئاگا هێنانەوەیان بۆ ئەوەی لە سەرووی هەموو شتێکەوە بە خودا دڵخۆش بن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەرکاتێک دەنووسیت دەبێت بە شێوەیەک بنووسیت کە خودا لە هەموو شتێکی دیکەی دونیا باشتر دەربکەوێت، ڕێگای گوناە لە هەموو شتێکی دیکەی دونیا خراپتر دەربکەوێت، وە ڕێگای ڕاستودروستی جوان دەربخات، سەرەڕای هەموو ئەو سەختییانەی کە ڕەنگە ڕێگای گوێڕایەڵی لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت.» لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئامانجەدا، بانگەواز سەرهەڵدەدات. کەواتە تۆ وەک نووسەرێک کە بانگکراوە بۆ شکۆمەندی خودا و خۆشویستنی کەسانی دیکە، «ناتوانی بێباک بیت لەوەی کە ئایا دەتەوێت خەڵکی کاریگەری نووسینەکەتیان لەسەر هەبێت یان نا.» کاریگەرییەکی ڕاستەقینەیە.

کەواتە ئایا قەشە جۆن ئاگاداری جەماوەرەکەیەتی کاتێک دەنووسێت؟ مەرج نییە. ئەو زیاتر خۆئاگادارە، یەکسەر لە خۆئاگابوونەوە سەرنج لەسەر نووسین دەدات. «ئەو ڕێگایەی کە مرۆڤەکانم پێی ناسیوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای ناسینی جۆن پایپەرەوە بووە- گوناهەکانم، نیگەرانییەکانم، پەرۆشییەکانم. من زۆر هاندراوم بۆ ئەوەی ڕامانێکی قووڵ بکەم لەم شتانە، وە زۆر جار لە هەرچییەکی دەیکەم پێداچوونەوە بەخۆمدا دەکەم، کە پێموایە ئەم مرۆڤەم (خۆم) زۆر باش ناسیوە. وە پاشان هەوڵ دەدەم بخوێنمەوە و چاودێری بکەم، ئاگاداری کاریگەرییەکانی ئەو شتانەم کە دەینووسم.» مەبەست لە نووسینەکانی خۆفێرکردن و خۆسەرزەنشتکردن و خۆڕاستکردنەوە و خۆڕاهێنان و خۆبنیادنانە، بەو هیوایەی کە ئەمە کاریگەری لەسەر خوێنەران هەبێت. بۆیە هیچ کات نووسین سەرەتا سەبارەت بە ناوی نووسەر نابێت. «هەر بۆیە من تەواو دوور لە هەر بڵاوکردنەوەیەک دەنووسم. ئەگەر پەروەردگار بڵێت «واز لە بڵاوکردنەوە بهێنە،» وای، من واز لە نووسین ناهێنم.» بۆچی؟ چونکە نووسین، بۆ من، بووەتە شێوازێک بۆ بینین و شێوازێک بۆ هەستکردن.»[a]

کاریگەری نووسەر لەسەر کەسانی دیکە یەکلاکەرەوەیە. کەواتە چۆن بزانم خودا بانگهێشی کردووم بۆ ئەوەی ببمە نووسەر؟ بانگەوازی نووسین بریتییە لە «ویستێکی

a ئەڵقەی ٣: «کاریگەرییەکانی نووسەری مەسیحی هەتا چەند گرنگن؟» (١٣ی کانونی دووەمی ٢٠١٣).

دووبارەبـووەوە، نـەک کاتیـی، درێژخایـەن، نـەک کورتخایـەن، ناچارکـەر، نـەک تەنهـا سـەرنجڕاکێش، خێرخـوازی، نـەک خۆپەرسـتی، شـکۆداری مەسـیح، نـەک خۆشـکۆداری، ئـارەزووی نووسـین، کـە بەرهەمـدارە لـە ژیانـی کەسـانی دیکـەدا.» تێگەیشـتن لـەم بانگـەوازە لـە سـێ قۆناغـدا دێـت. (١) بنووسـە بـۆ ئـەوەی ببینیـت. ئـەم ئاسـتە لـە نووسـین کەسـییە و بـە شـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر خـۆ بنیادنـەرە بـەڵام هێشـتا بانگـەواز نییـە. (٢) بنووسـە بـۆ داهێنـان. بـەڵام تەنانـەت لێرەشـدا داهێنانـی نووسـینی جـوان هێشـتا بانگـەواز نییە. (٣) بنووسـە بـۆ خزمـەت. «بانگەوازێکـی خودایـی بـۆ نووسـین بانگەوازێکـە لـە خـوداوە، لـە ڕێگـەی خوداوە و لەپێنـاو خـودا. هەتـا ئـەو کاتـەی نووسـینەکە لەپێنـاو خـودا نەبێـت، ئـەوا بانگەوازێـک نییـە لەلایـەن خـوداوە. بۆیـە ئێمـە لـە دۆزینـەوەی ڕاستییەوە لـە ڕێگـەی نووسـینەوە، بـۆ دەربڕینـی داهێنەرانـە لـە ڕێگـەی نووسـینەوە، بـۆ ڕۆڵـی بەندەیـەک لـە نووسـیندا -پاڵنـەر بـۆ ڕێنماییکـردن و بەئاگاهێنانـەوە و دڵخۆشـکردن و گۆڕینـی مرۆڤـەکان بـۆ خواپەرسـتانی گوێڕایەڵـی مەسـیح. نووسـەری مەسـیحی درک بـە بەهرەکـەی دەکات لـە بەقوتابیکردنـی کاریگـەر.[a]

دەربارەی پلاندانان و نووسینی کتێب

پاییـەر کـە نووسـەرێکی پڕفرۆشـی زیاتـر لـە پەنجـا کتێبـە، چـۆن دەسـت دەکات بـە نووسـینی کتێبێکـی نـوێ؟ پێویسـتی بـە چەنـد هەنگاوێکـی ئامـادەکاری هەیـە. (١) کاتەکانـت ڕێکبخـە. کات تەرخـان بکـە و ئـەو کاتـەی کـە پێویسـتتە لـە سـاڵنامەکەت دیـاری بکـە. (٢) بابەتەکـەت بـە وردی دیـاری بکـە. (٣) بـە گەرمییـەوە نوێـژ بکـە بـۆ خـودا «بـۆ کۆڵنـەدان و بـۆ تێگەیشـتن و داهێنـان، وە داوا لـە خـودا بکـە بـۆ لێهاتوویـی و ڕاسـتی و دڵسـۆزی بـۆ کتێبـی پیـرۆز.» نوێـژی بـۆ بکـە کـە «کتێبەکـە بکاتـە شـکۆمەندییەکی گـەورە بـۆ مەسـیح و چاکەیـەک بـۆ کڵێسـا و پێشـکەوتنێک بـۆ پەیامـی جیهانیـی گەلـی خـودا.» (٤) ئـەو بیرۆکـە و نووسـینانەی پێشـتر کردووتـە کـۆی بکـەرەوە. (٥) بیـر لـەوە بکـەرەوە کـە دەتەوێـت چـی بخەیتـە نـاو کتێبەکـەوە. (٦) هەمـوو بیرۆکەکانـت چـاپ بکـە و تێبینیەکانـت بنووسـە و هـەوڵ بـدە هەمـوو ئـەو بیرۆکانـە پێکـەوە ببەسـتیتەوە کـە دەتەوێـت بـە ڕێکخسـتنێکەوە بیخەیتـە نـاو کتێبەکـە. (٧) لەنێـو هەمـوو بیرۆکـە و بەشـە لاوەکییەکانـدا، بڕیـار لەسـەر بیرۆکەیـەک بـدە و دەسـت بکـە بـە کارکـردن لەسـەری. هەمـوو پڕۆژەکـە لەسـەر خـۆت کەڵەکـە مەکـە. تەنهـا بـە یـەک بابەتـی لاوەکـی دەسـت پـێ بکـە کـە دەتوانیـت دەسـتبەجێ پـەرەی پێبدەیـت. شـتێکی بنەڕەتـی لـەم هەنگاوانـەی ئامادەکاریـدا ئەوەیـە کـە هـەر نووسـەرێکی ئاواتخـوازی کتێـب دەبێـت ناوەڕۆکـی نووسـیبێت بـۆ ئـەوەی دواتـر بگەڕێتـەوە بـۆی.[b]

---

a ئەڵقەی ٦١٤: «ئایا خودا بانگی کردووم بۆ ئەوەی بنووسم؟» (٩ی حوزەیرانی ٢٠١٥).

b ئەڵقەی ٥٨١: «چۆن جۆن پاییەر خۆی بۆ نووسینی کتێب ئامادە دەکات» (٢٣ی نیسانی ٢٠١٥).

کاتێک کاری ئامادەکاری تەواو بوو، کتێبەکە چۆن دەنووسرێت؟ (٨) دەست بە نووسین بکە. لە دواییـن هەنـگاو لەسەر بابەتی لاوەکی بنووسە، دەست بکە بە نووسین و زۆر چاوەڕێ مەکە. «تۆ بە نووسین دەیدۆزیتەوە. تۆ بە نووسین دەیبینیت، تۆ بە نووسین تێدەگەیت. یەکێک لەو هەڵانەی کە خەڵکی لە هەموو قۆناغێکدا دەیکەن ئەوەیە کە پێیان وایە دۆزینەوە، ببینین، [وە] بیرۆکە دەبێت پێش نووسینەکە بێت. ئەمە بیرکردنەوەیە.» (٩) بیرۆکە و پەیوەندییە تازە سروشبەخشەکان بنووسە، چونکە «کاتێک دەنووسم، مێشکم بەپیت دەبێت. هەتا ئەوەی دەینووسم، ئەوا شێوایيەکی گەورەیە.» (١٠) ڕستەکانت بە دەنگی بەرز بخوێنەرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆشتندا خۆت دەستکاری بکەیت. (١١) بچۆ بۆ بابەتێکی لاوەکی دیکە. (١٢) بەردەوام بە لە نووسین هەتا کتێبەکە ڕوونتر دەبێتەوە. (١٣) لە سەرچاوەکان بکۆڵەوە، بەڵام زۆر بۆ لێکۆڵینەوە مەوەستە. (١٤) بە چەسپاوی لە نووسین بەردەوام بە. (١٥) چاوەڕێ بکە لە کاتی پێشکەوتنت خودا گوێبیستی نوێژکانت بێت و وەڵامی بداتەوە.[a]

لەدوای سێ ساڵ، پاپیەر تەواوی پرۆسەی کتێبنووسینی خۆی لە شەش هەنگاودا کۆکردەوە. (١) بیرۆکەیەکی بنەڕەتی بەدەست بهێنە. «بیرۆکەیەکی بنەڕەتی وەک تۆوێک لە مێشکمدا دەچێنرێت، بە زۆری لەلایەن شتێکەوە کە دەیخوێنمەوە یان شتێک کە دەیبیستم. ئەمە یان بە شێوەیەکی ئەرێیی ڕوودەدات، چونکە زۆر دەمەوێت لەم بابەتە بنەڕەتییەدا قووڵ ببمەوە و بەرجەستەی بکەم، یان بە شێوەیەکی نەرێنی، چونکە شتێک دەبیستم یان دەخوێنمەوە کە هێندە حەزم لێی نییە و دەمەوێت دیدێکی جوانی جێگرەوە بۆ ڕاستییەکە بدەم.» (٢) کۆکردنەوەی ئەم بابەتانەی هەن. «لێرەدا، من بابەتەکان لەناو فایلێکی ئەلیکترۆنی گەورە دادەنێم. من تەنها کۆدەکەمەوە و کۆدەکەمەوە و کۆدەکەمەوە، هەرچییەک بدۆزمەوە تەنها فڕێی دەدەمە ناویەوە.» لەم قۆناغەدا هیچ ڕێکوپێکی و ڕێکخستنێکی پێویست نییە؛ تەنها ئەوەی لە ڕابردوودا نووسیوتە کۆی بکەرەوە. (٣) پێکهاتەکردنی هەموو ئەو بابەتانەی هەن «ڕاشکاوانە بڵێم، پێمواییە ئەمە، لانیکەم بۆ من، قورسترین هەنگاوە لە نووسیندا» و «ئەو هەنگاوەی کە زۆربەی پڕۆژەکانی نووسین دەکوژێت و زۆربەی نووسەران دەکوژێت. بە سادەیی مەحاڵ دەردەکەوێت. زۆر گەورە دەردەکەوێت، زۆر ئاڵۆز، زۆر سەرلێشێواو. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئێمە چاومان لە شتێکە کە بوونی نییە. وەک ئەوە وایە نیگارکێشێک بە ئامانجی دروستکردنی دیمەنێکەوە چاوی لە تەختەی ڕەنگەکان و کاغەزێکی سپی بێت. تەنانەت بڕیاریشی نەداوە کە ئایا دیمەنی زەریایەک دەبێت یان شاخێک یان چۆڵەوانییەک یان دیمەنێکی شارستانی.» لەناو ئەو ئاژاوەیەی مادەی و ئاراستەی ئەگەریدا کە دەتوانیت پەرەی پێبدەیت، نوێژ بکە بۆ ڕوونکردنەوە «پێمواییە خودا جیاوازییەک دروست بکات، یان

a ئەڵقەی ٥٨٢: «چۆن جۆن پاپیەر کتێب دەنووسێت» (٢٤ی نیسانی ٢٠١٥).

ئێمە وازبهێنین.» (٤) پاشان دەست بکە بە نووسین «لە هەر شوێنێکەوە دەست بە نووسین بکە. ڕەنگە ناوەڕاستی کتێبەکە بێت. ڕەنگە دەرئەنجامەکەی بێت. ڕەنگە پێشەکییەکەی بێت.» تەنها لەسەر یەک بابەت بنووسە. (٥) داهێنەر بە. «دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی کۆن و ئاشنا بۆ گوتنی شتەکان. هەمیشە هەوڵ دەدەم ڕاستی شکۆمەند بە شێوەیەکی نوێ و سەرنجڕاکێش ڕوون بکەمەوە.» (٦) تەماشای کتێبەکە بکە دەست بە ژیان دەکات. بینینی کتێب کە شێوەی خۆی وەردەگرێت «نهێنیترین و سەرسوڕهێنەرترین بەشە» لە نووسیندا.[a]

دەربارەی نووسەری جێگرەوە

هەموو نووسەرێک پێویستی بە کەسێکی دیکە هەیە بۆ پێداچوونەوە، نەک نووسەری جێگرەوە. «پێم وایە دانانی ناوی خۆت لەسەر کتێبێک کە نەتنووسیوە درۆیە.» ئەگەر تۆ نووسیوتە دەبێت ناوت لەسەر بەرگەکەی بێت. وە ئەگەر ڕێکاری پێداچوونەوە و دەستکاریکردن بگاتە ئاستێک کە کتێبەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ببێتە کاری کەسی پێداچوونەوە، ئەوا ناوی ئەم کەسە دەچێتە سەر بەرگی کتێبەکە.»[b] نووسینی جێگرەوە لە خۆشەویستی پارەوە دێت نەک لەبەر ڕاستی. ناوە گەورەکان کتێب دەفرۆشن، نووسەری جێگرەوە کتێب نافرۆشێت. بۆیە بۆ ئەوەی کتێبەکە بفرۆشرێت و پارە دەستبکەوێت، ناوی نووسەری ڕاستەقینە دەشاردرێتەوە. باوەڕم پێبکە، ئەگەر ناوی نووسەرە جێگرەوەکە لەسەر بەرگی کتێبێکە هەبووایە و کتێبەکە زیاتر بفرۆشرابا، ئەوا گومان لەوەدا نییە ناوەکەیان دەخستە سەر بەرگەکە.» لە کردارەدا نووسەری جێگرەوە لاوازییەکانی نووسەرەکە دەپۆشێت. بەڵام لە مەسیحدا، ڕۆح «دڵخۆشمان دەکات کە مرۆڤی وابەستە بین، بە ئاشکراکردنی وابەستەییمان، نەک سەربەخۆییمان، نەک لەخۆڕازیبوونمان، ئەو وامان لێدەکات کە تامەزرۆی ئەوە بین کە قازانجێکی کەمتر وەربگرین.» ئێمە شانازی بە لاوازییەکانی خۆمانەوە دەکەین کاتێک ئاهەنگ دەگێڕین بۆ بەخششەکانی کەسانی دیکە (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٩). «نووسینی جێگرەوە پێچەوانەی شانازیکردنە لە لاوازیدا.» لەڕاستیدا، ئەم پەیڕەوکردنە ئاشکرای دەکات کە «خۆشویستنی پارە زیاترە لە شکۆداری مەسیح، لە ڕێگەی ئاشکراکردنی لاوازییەکانمانەوە. ئەمە ڕای منە بۆ ئەوەی لێرەدا دەگوزەرێت.»[c]

دەربارەی پێگەی ڕێزمان و پێویستی بە بۆر (فاریزە)

کاتێک باس لە یاساکانی ڕێزمان و هێماکانی خاڵبەندی دەکرێت، قەشە جۆن جارێک لە تویتێکدا نووسیویەتی: «من بۆر (فاریزە)م خۆشدەوێت. هیچ نیشانەیەکی خاڵبەندی زیاتر

---

a ئەڵقەی ١١٩٦: «کرداری شەش قۆناغی پاپیەر بۆ نووسینی کتێب» (١١ی ئایاری ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ١٢٩: «دەربارەی نووسەرانی نادیار» (١١ی تەممووزی ٢٠١٣).

c ئەڵقەی ٢٤٥: «نووسەرانی نادیار و یاریدەدەرانی توێژینەوە» (٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣).

بەسوود نییە بۆ ئەوەی بزانێت کە دەتەوێت ڕستەکانت چۆن بخوێندرێتەوە.»[a] دواتر داوای لێکرا فراوانتر قسە بکات، لەسەر تویتەکەی (بێ بۆر)، گوتی، «یاساکانی ڕێزمان و یاساکانی خاڵبەندی ڕێگەی کرداریان بۆ یارمەتیدانی ئێمە بۆ خۆشویستنی خەڵکی. بۆیە ڕێزمان ڕەهەندێکی ڕەوشتی هەیە.» ڕێزمان یارمەتیمان دەدات بە کەمترین هەڵە مەبەستەکەمان بە کەسانی دیکە بگەیەنین. «ئەمە خۆشەویستی نییە ئەگەر شێوازێکی ڕێزمان یان خاڵبەندی بەکاربهێنین پەیوەندی قورس بکات.» بە تایبەتی بۆر (فاریزە) «دۆستێکی ڕاستەقینەیە»، وە «ئاماژە بە وەستانێک بۆ بیرکردنەوە تاوەکو خۆت لە سەرلێشێواوی بپارێزیت.» لە کاتی قسەکردندا، وەستانەکانمان بە شێوەیەکی سروشتی دێت. بەڵام لە نووسین نا. «بۆیە لە هەر شوێنێک کە پێموایە ڕەنگە خەڵک بیری شێوازەکەم بکەن، وە دەتوانن لە بۆرێکەوە یارمەتی وەربگرن، من بۆرێک دادەنێم، تەنها بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەم لەوەی بەردەوام بن لەگەڵم وەک ئەوەی گوێم لێبگرن و قسەیان بۆ بکەم. بۆیە، لەپێناو خۆشەویستی، و لەپێناو تێگەیشتن، وە لەپێناو جوانیدا، من ئەم خزمەتکارە بچووکەم خۆشدەوێت، بۆر.»[b]

دەربارەی نووسینی کورتەی ژیاننامە

گرنگە ژیاننامەی خواپەرستی بنووسیت. «بەڕاستی حەز دەکەم هانی کەسانی دیکە بدەم کە ئەم کارە بکەن کە من لەو ڤیدیۆ کورتانەی ژیاننامەیی پێشکەشی دەکەم، گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی هەندێک کەسی باوەڕدار بە مەسیح بە شێوەیەک کە هاندەر بێت بۆ کەسانی دیکە لەسەر خۆشەویستی مەسیح، وە تێگەیشتنێکی قوواڵیان پێبدات بۆ لایەنە ئاڵۆزەکانی ژیانی مەسیحی، وە هاندەریان بێت بۆ ئەوەی شوێن عیسا بکەون، تێچووەکەی هەرچی بێت.» قەشەکان پێویستە بیر لە ڕێگایەک بکەنەوە کە لە ڕێگەی ژیاننامەدا ڕابەرایەتی کڵێسا بکەن. لاساییکردنەوە شتێکی بەگوێرەی کتێبی پیرۆزە (فیلیپی ٣: ١٧؛ عیبرانییەکان ٦: ١٢؛ ١٣: ٧). ژیاننامە ڕێگەیەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێشە بۆ ئاوێتەکردنی مێژوو، یەزدانناسی، دەروونناسی، ڕاوێژکاری، سیاسەت، ئابووری، جوگرافیا و پەرستش. بابەتێک هەڵبژێرە، دوو ژیاننامە بخوێنەرەوە -یەکێکیان ئەکادیمی، وە یەکێکیان هاندەر. چەندین سەرچاوەی بنەڕەتی بخوێنەرەوە کە لەلایەن خاوەنی ژیاننامەکە خۆی نووسراوە. خاڵێکی سەرنجدان و بابەتێک هەڵبژێرە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ژیان. لە دۆخی پایپەردا، ژیاننامە، لە بنەڕەتدا وتارێکە لە کتێبی پیرۆزەوە، لەسەدا ٩٥ی پەیامەکەی بابەتی ژیاننامەکە لە وێناکردنی ژیانی کەسییەوە پێکهاتووە.[c]

---

a جۆن پایپەر (@JohnPiper)، تویتەر، ٢٤ی کانونی دووەمی ٢٠١٣.

b ئەڵقەی ٤٠٤: «بۆر (فاریزە) بەکاربهێنە بۆ خۆشویستنی خوێنەرەکەت» (١١ی ئابی ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ١٠٤١: «ئایا زیاتر ژیاننامە دەنووسیت؟» (١٥ی ئایاری ٢٠١٧).

دەربارەی نووسینی شیعر

شیعر ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گەشەسەندنی نووسەر. «من لە ماڵێکدا گەورە بووم کە باوکم شیعری بۆ ئێمە دەخوێندەوە، وە هەمیشە لە سادەترین جۆردا بوو -پێموایە خێزانەکان پێویستیان بەمە هەیە. خێزانەکان پێویستیان بە شیعری ناڕوون نییە. خێزانەکان پێویستیان بە شیعری لەدایکبوون، شیعری ساڵڕۆژ، شیعری کریسمس و شیعری ڕۆژی سوپاسگوزاری و باوک یان دایک یان منداڵان هەیە. لە دڵەوە شتێکی شیرین و جوان بۆ خودا بنووسە،» وە باکت بە جۆرایەتی هونەرییەکەی نەبێت. بۆ پێشخستنی لێهاتوویی شیعریت، زۆر شیعری نایاب بخوێنەوە، زەبوور و شیعرەکانی دیکە لەبەر بکە، بیر لە خولێک بکەوە لەسەر شیعر لە کۆلێژێکی کۆمەڵایەتی ناوچەکەت.[a]

دەربارەی مەترسییەکانی نووسرە

هونەر و لێهاتوویی و ڕێککاری نووسین لەگەڵ هۆشداریەکدا دێت. بۆ کالڤینیستە نوێیەکان گوتی: «ڕەنگە زیاتر حەزت لە بیرکردنەوە لە خودا بێت لەوەی خودات خۆشبوێت، یان چەلەحانێ بکەیت لەپێناوی خودا زیاتر لەوەی خودات خۆشبوێت، یان بەرگری لە خودا بکەیت زیاتر لەوەی خودات خۆشبوێت، یان لەبارەی خوداوە بنووسیت زیاتر لەوەی خودات خۆشبوێت، یان ڕایبگەیەنیت زیاتر لەوەی خودات خۆشبوێت، یان مزگێنی بدەیت زیاتر لەوەی خودات خۆشبوێت.»[b] تەنها تیۆری ڕۆشنگەری یەزداناسی مردنە. «جۆن پایپەر دەبێت بە تەواوی دڵنیابێت لەوەی کە ناسینی خودا بەڕاستی بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک خۆشت بوێت کوشندەیەکی هەتاهەتاییە. کوشندە. دەبێت بەمە ڕازی بم. بۆیە من لەو بیرکردنەوە دەترسم کە بتوانم بە کارە ئەکادیمییەکانم یان کارە زانستییەکانم یان کاری نووسین یان کاری بانگەوازیی یان کاری خوێندن لە جۆرێک لە چەقبەستوویی بچم و هیچ خۆشەویستییەکی ئاگاییم نەبێت بۆ خودا، خۆشویستنی خودا.» نووسەران دەبێت پارێزگاری لە ژیانی سۆزداری خۆیان بکەن -نەک تەنها نووسین بە شێوەیەکی داهێنەرانە لەبارەی خوداوە، بەڵکو لە ڕێگای ژیان بە خۆشەویستییەکی ڕەسەن بۆ ئەو. ئەمە «جەنگی ژیان و مردن»ی نووسەرە.[c]

---

a ئەڵقەی ٢٤: «نووسینی شیعر: لە کوێوە دەست پێ بکەم؟» (١١ی شوباتی ٢٠١٣).

b ئەڵقەی ٣٢٦: «هۆشداری بۆ کالڤینیستە نوێیەکان» (٢٣ی نیسانی ٢٠١٤).

c ئەڵقەی ٩٣٩: «پێنج پلان بۆ دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی بیرمەندی» (١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٦).

چۆن کڵێسایەکی ناوخۆیی باش دەدۆزمەوە؟

کاتێک بەدوای کڵێسایەکی تەندروستدا دەگەڕێیت لە ناوچەکەتدا، دوازدە پێشنیار لەبەرچاو بگرە.

پێش بەیانی یەکشەممە، چوار پێشنیار بۆ ڕێنمایی توێژینەوەکەت. (١) ڕوو لە خودا بکە و بە نوێژ دەست بە توێژینەوەکەت بکە. ئەو زۆر حەزی لە ڕابەرایەتی کەسانی ساکارە (زەبووری ٢٥: ٤-٩). (٢) پێناسەی قەناعەتەکانت بکە. پێش ئەوەی بگەڕێیت، پێناسەی خۆت بۆ کڵێسای ئینجیلی بنووسە. بەدوای چ شتێکدا دەگەڕێیت کە دانوستانی لەسەر ناکرێت؟ (٣) داوای پێشنیار بکە. لەگەڵ هاوڕێ مەسیحییەکانت باسی بژاردە بەردەستەکانی ناوچەکەتان بکەن. کەسانی جێی متمانە «متمانەپێکراوترن» لە تەنانەت «سەرنجە خێراکانی سەردانێکی یەکشەممە بۆ کڵێسا.» (٤) گەڕان لە ئینتەرنێت. گەڕانێکی گووگڵ ئەنجام بدە سەبارەت بە «ئەو کڵێسایانەی لە [ناوچەکەدا] باوەڕیان بە بنەمای نیعمەت هەیە.» ئەمە سەرەتایە، هەرچەندە «ڕەنگە تووشی هەڵەی مەترسیدار» ببیتەوە، بەڵام پارێزراو نییە لە هەندێک «ئەنجامی گەمژانە». باشترە نەخشەیەکی متمانەپێکراو بۆ شوێنی کڵێساکان بدۆزیتەوە و بواری گەڕانەکەت لە ناوچەکەت نزیک بکەوە (وەک ئەوەی لە ماڵپەڕی، ٩نیشانەکە هەیە).

بەیانی یەکشەممە، پێنج پێشنیار یارمەتیت دەدەن بۆ هەڵسەنگاندنی هەر کڵێسایەک. (٥) بەدوای ڕابەرانێکی بێفیزدا بگەڕێ. بەدوای ئەو ڕابەرانەدا بگەڕێ کە حەزیان لە خزمەتکردنە، کە پارەیان خۆشناوێت و بە سادەیی دەژین (یەکەم پەترۆس ٥: ٢-٤). بەدوای ئەو ڕابەرانەدا بگەڕێ کە «زۆرەملێ و سپاندنیان نییە.» بەدوای ڕابەرە ساکارەکاندا بگەڕێ کە بە پێشەنگییەوە ڕابەرایەتی دەکەن، بە خزمەتکردن ڕابەرایەتی دەکەن، خۆبەخشی نیشان دەدەن، پشت بە دەسەڵات نابەستن (مەرقۆس ٩: ٣٥). (٦) بەدوای خۆشەویستی ڕەسەندا بگەڕێ. بەڵێ، لە ڕابەرەکان بکۆڵەوە، وەک ئەوەی پەترۆس دەڵێت (یەکەم پەترۆس ٥: ٢-٤). پاشان پەترۆس دەڵێت، لە کۆبوونەوەکە بکۆڵەوە بۆ ساکاری و باوەڕ و پاڵنەرێک بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێکانیان ڕادەستی خودا بکەن (یەکەم پەترۆس ٥: ٥-٧). چاودێری نیشانەکانی خۆشەویستی بکەن، نیشانەی ڕەسەنایەتی (یەکەم یۆحەنا ٣: ١٤). وە ئاگادار دەستەگەری بە. «ئایا بۆنی هیچ جۆرە تایبەتمەندییەک دەکەیت سەبارەت بە باوەڕدارانی ڕەگەزی جیاواز، باوەڕدارانی ئاستی ئابووری جیاواز، باوەڕدارانی پەروەردەی جیاواز، بۆنی جۆرێک لە هەڵوێستی دوورخستنەوە دەکەیت کە نامۆیە بە خۆشەویستی لەدایکبووەوە؟»

(٧) تەماشای فێرکردنەکە بکە. ئایا کڵێسا شەرم دەکات لەوەی کتێبی پیرۆز دەیڵێت، یان نا؟ پیاوەتی و ژنبوون لە کتێبی پیرۆز تاقیکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوەیە «چونکە ئەمە پرسێکی زۆر گەرم و مشتومڕاوییە لەم سەردەمەدا.» بیرۆکەکە ئەمەیە: «مەچۆ بۆ کڵێسایەک کە لە تووڕەبوونی ئەو کەسانە بترسێت کە زیاتر لەلایەن کەلتوورەوە لە قاڵب دراون لەوەی لەلایەن کتێبی پیرۆزەوە.» (٨) بەدوای خزمەتکردندا بگەڕێ. تۆ تەنها «لەسەر کورسی دانەنیشتووی». تۆ پێویستت بە پاڵنەرە بۆ خزمەتکردن و ئامرازە بۆ کارەکە (ئەفەسۆس ٤: ١٢). ئایا ئەم کڵێسایە پاڵنەر و ئامادەکاری تۆیە؟ (٩) بەدوای خۆشی ڕاستەقینەدا بگەڕێ. «ئایا خەڵکانێکن فێربوون ئازار بچێژن بە نیعمەتی مەسیح، وە تووڕە نەبوون؟ ئایا دەزانن چۆن «خەمبار بن، بەڵام هەمیشە دڵخۆش بن.» (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠)؟ ئایا ئەوان ڕاستگۆن لەگەڵ کێشە و ئازارەکانیان؟»

هۆکاری سەلیقەی کەسی بخە دواییەن. (١٠) تەماشای پێشینەییەکانت بکە ئەگەر چەندین کڵێسا پێوەرەکانی پێشوەختەیان بەدیهێناوە. ئەم پەسەندکردنانە هیچ پشتگیرییەکی کتێبی پیرۆزیان نییە، بەڵام «دەکرێت بەشێکی شەرعی بن لە بڕیارەکەت هەتا ئەو ڕادەیەی کە بە وشەی خودا لە قاڵب دراون و پێکهاتوون، تەنانەت ئەگەر فەرمانداریش نەبن، هەتا ئەو ڕادەیەی کە پێش شتە گرنگترەکان نەبن.» پەسەندکراوەکان بریتین لە قەبارەی کڵێسا (بچووک یان گەورە)، دۆخی پەرستن (ڕامان یان دەربڕین)، جلوبەرگ (فەرمی یان نافەرمی)، کەش (کۆن یان هاوچەرخ)، مۆسیقا (ئۆرگ یان تیپی مۆسیقا)، شوێنی دانیشتن (کورسی یان کورسی تاشراو)، وە کات (بەیانی زوو یان درەنگانی ڕۆژ)، وە ئایا قوتابخانەی یەکشەممە یان کۆبوونەوەکانی ئێوارەی یەکشەممە پێشکەش دەکرێن یان نا.[a]

لە کۆتاییدا، بیر لە دوو هۆکاری دیکەش بکەوە. (١١) ناوەڕۆکی مۆسیقای پەرستش. «کڵێسایەکی باش بدۆزەرەوە کە گۆرانی جوان و شکۆداری مەسیح و تێر لە ئینجیل پێکەوە دابنێن کە هەموو یەکشەممەیەک چاکت دەکەنەوە.»[b] وە (١٢) بەدوای کڵێسایەکدا بگەڕێ کە پێکەوە بجەنگن لەپێناو پیرۆزی، هەموو ئەندامەکان جەنگی خۆیان هەبێت، بەڵام پێکەوە لە جەنگدا بن -«هاوڕێیەتییەک لە جەنگ لە دژی گوناە.»[c]

کەی پێویستە کڵێساکەم بەجێبهێڵم؟

ئەم پرسیارە لە سندوقی ئیمەیڵدا باوە، بەڵام لە پەیمانی نوێدا نامۆیە. باوەڕدارانی سەرەتایی لە هەر شارێکدا یەک کڵێسایان هەبوو، وە گەڕان بەدوای کڵێسا بژاردەیەک

a ئەڵقەی ١٤٣١: «چۆن کڵێسایەکی باش بدۆزمەوە؟» (٧ی شوباتی ٢٠٢٠).

bئەڵقەی ٨٩٤: «چۆن ڕووپێوی هەموو سەرسوڕهێنەرە قووڵەکانی خاچ بکەم؟» (١١ی تەممووزی ٢٠١٦).

c ئەڵقەی ١٤٣٥: «ئایا مەسیحییەکان دەبێت بچنە ناو کۆبوونەوەی ئالوودەبووانی نەناسراوی مەی؟» (١٧ی شوباتی ٢٠٢٠).

نەبوو. بۆ ئێمە، بە دیاریکردنی ئەوەی کە کڵێسا چییە دەست پێدەکەین. پاشان دەتوانین بپرسین: «ئایا لێرەدا کڵێسا هەمان کڵێسایە، یان کەموکوڕی تێدایە و پاڵم دەنێت بۆ ئەوەی بچمە کڵێسایەکی دیکە؟»

لێرەدا چوار نیشانە دەخەینەڕوو کە دانوستانیان لەسەر ناکرێت بۆ کڵێسایەکی تەندروست. (١) ڕابەرانی کڵێسا (پیرانی یان قەشەکانی) بە دڵسۆزی بانگەواز بۆ وشەکە دەکەن. (٢) ڕێوڕەسمی ئێوارەخوانی پەروەردگار و لەئاوهەڵکێشان ئەنجام دەدەن. (٣) کڵێسا تەمێکردنی کڵێسایی بەکاردەهێنێت، «ئەو کەسانە لە ئەندامێتی دوور دەخاتەوە کە بە شێوەیەک دەڕۆن کە پێچەوانەی ئینجیل بێت یان سووکایەتی بەسەر پەروەردگاردا دەهێنن.» (٤) کڵێسا خۆشەویستی هەیە -یەکتریان خۆشدەوێت و هەوڵدەدات بگاتە ونبووان، چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی جیهانی. هەر یەکێک لەم ونبووانە دەکرێت پاڵت بنێت کە کڵێسایەکی نوێ بدۆزیتەوە.

بە کردەوە، ئەم بڕیارە بە دەگمەن بەهۆی یەک یەکشەممەوە دەدرێت. ئەگەری زۆرە کە کڵێسایەک بەجێبهێڵیت لەدوای ئەوەی هەست دەکەیت هەر چوار سیفەتەکەی کاڵ بوونەتەوە، بە ڕادەیەک بۆت ڕوون دەبێتەوە کە «ئەگەر ەمێنیتەوە ئەوا باوەڕ و گوێڕایەڵیت زیانێکی زۆری پێدەگات» وە «سوودی تۆ لەوێدا لە مەترسییەکان زیاتر نییە.» ئیتر ئازادیت لە ڕۆشتن و گەڕان بەدوای کڵێسایەکی دیکە، ئازادیت لە چوونە کڵێسایەکی دیکە. بەڵام «ئازاد نیت بۆ ئەوەی نەچیتە هیچ شوێنێک. نەبوون لە کڵێسادا بژاردەیەک نییە لە پەیمانی نوێ.» دەبێت ئەندامی کڵێسایەک بیت. وە هیچ کڵێسایەکی تەواو نموونەیی نییە. بۆیە پێویستە یەکێکی دیکەی بە کەموکوڕییەوە بدۆزیتەوە (کەموکوڕی کەمتری هەبێت). ئەگەر لە شارێکدا دەژیت، ڕەنگە ئەمە ئاسان بێت. ئەگەر لە ناوچەیەکی گوندنشین دەژیت کە هیچ جێگرەوەیەکی دیکەی نییە، ڕەنگە ناچار بیت کڵێسای بچووکی خۆت دامەزرێنیت. «بەڵام هەرگیز بەپەلە مەڕۆ. هەرگیز بەبێ نوێژی ڕژد یان ڕاوێژکردن بە باوەڕدارانی دیکە مەڕۆ -باوەڕدارانی پێگەیشتوو و ڕۆحی. هەرگیز مەڕۆ بەبێ ئەوەی قسە لەگەڵ ڕابەران بکەیت کە بۆچی بیر لە ڕۆشتن دەکەیتەوە، کاتت بۆ تەرخان دەکەن و لەگەڵیان نوێژ دەکەیت. وە هەمیشە هەوڵ بدە بۆ ئاشتی، تەنانەت کاتێک کە ناچاریت بڕۆیت.[a]

بانگەواز هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بڕیارەکەت. بۆ گەشەکردنت لە زانینی کتێبی پیرۆز بە درێژایی هەفتە گرنگە کە کڵێسایەک بدۆزیتەوە لە ڕۆژی یەکشەممەدا بە دڵسۆزییەوە بانگەواز بۆ وشەکەی خودا بکات. «ئەگەر قەشەکەت بە دەقەکانی کتێبی پیرۆز بانگەواز ناکات و بۆت ڕوون نەکاتەوە کە واتای چییە، ئیتر هەوڵ بدە کڵێسایەکی دیکە بدۆزیتەوە.

a ئەڵقەی ١٨٧: «کەی دەبێت کڵێساکەم بەجێبهێڵم؟» (٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).

چونکە دەیان ساڵی ژیانت بە شکۆمەندی دەگۆڕێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر و درێژ پەیوەست بوویت بەوەی گوێ بگریت لە بانگەوازی تەندروست و دابنیشیت.»[a]

بە بەراورد لەگەڵ بانگەواز، زێدەڕۆیی لە دەربڕینی هەست لە کڵێسادا دەبێت هۆکارێکی کەمتری هەبێت. پاپەر پێشبینی دەکات «ملیۆنان کەس زیاتر لە کڵێسا مردوو و بێ هەستەکان لەناو دەچن لە چاو ئەو کڵێسایانەی کە لە ڕادەبەدەر بە هەستن.» بۆیە ئامانجی ئەوە نییە هەست و سۆز لە کڵێسا کەم بکاتەوە «تەنانەت ئەگەر منیش زێدەڕۆیی لێ بکەم.» بەڵکو ئامانجەکە دەبێتە چڕکردنەوەی بانگەواز و بەرزکردنەوەی «دیدێکی کتێبی پیرۆزی ڕوون، بەهێز، بەرپرسیار لە ڕووی فیکرییەوە، سەبارەت بە سەروەری نیعمەتی خودا لەگەڵ هەموو کاریگەرییە ڕیشەییەکان لەسەر جڵەوگیری ڕەهای خودا.» کڕۆکی بانگەواز، نەک دەربڕینی هەست، ئەمەیە کە ڕەسەنایەتی کڵێسایەک پێناسە دەکات. سەرنجت لەسەر ناوەڕۆکی مینبەرەکە بێت، با هەستەکان شتێکی لاوەکی بن.[b]

ئایا دەتوانم لە چەندین کڵێسا ئامادە بم؟

ئایا دەکرێت لە کڵێسایەکەوە بچیتە کڵێسایەکی دیکە و بەبێ ئەوەی سەر بە کڵێسایەک بیت ؟

نەخێر، وا نییە. لێرەدا پێنج هۆکار دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی ببیتە ئەندامی یەک کڵێسا.

١. کڵێسا دوا پەناگایە بۆ گوناهبارانی تۆبەنەکردوو (مەتا ١٨: ١٥-١٧). کڵێسا ئەندامی گوناهباری تۆبەنەکردووی تەمبێ دەکات، وە لە کاتی پێویستدا لە کۆمەڵی باوەڕداران دووریان دەخاتەوە. بۆ ئەوەی تەمبێکردن سوودی هەبێت، دەبێت کۆمەڵێک هەبێت کە بە ئەندامێتی پەیمان دیاری بکرێت.

٢. کڵێسا گوناهبارانی تۆبەنەکردوو لە ئەندامێتی دوور دەخاتەوە (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١٢- ١٣). ئەم دەقە ئەوە دەگەیەنێت کە «کۆمەڵێکی ناو کڵێسا و کۆمەڵێکی دەرەوەی کڵێسا هەیە.» ئەندامێتی لە کڵێسادا واتا لێپرسینەوەیەکی فەرمی لەبەردەم ئەندامان. لە کاتێکدا دەرچوون لە کڵێسا واتا دوورخستنەوە لە دۆخی لێپرسینەوەی فەرمی.

٣. خودا فەرمانی ملکەچبوون دەدات بۆ ڕابەرانی کڵێسا (عیبرانییەکان ١٣: ١٧). «دەبێت بزانین ڕابەرانمان کێن ئەگەر بمانەوێت ملکەچیان بین، بەڵام ئەگەر لە کڵێسایەکەوە بۆ کڵێسایەکی دیکە باز بدەین، پێناچێت بێینە ژێر ئەم جۆرە ڕابەرایەتییە و خۆمان بدەینە دەست ئەو جۆرە ملکەچییە.»

---

a ئەڵقەی ١٢٩٦: «چۆن لە ڕۆژانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز زۆرترین سوود وەربگرم؟» (٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨).
b ئەڵقەی ٢٣٩: «بۆچی ستۆیکیزم ژەهراوییە» (١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣).

٤. ڕابەرانـی کڵێسـا بەرپرسـیارێتی کۆمەڵـی بـاوەڕداران هەڵدەگـرن (کـردار ٢٠: ٢٨). «ئەمـە یەکێکـە لـە گەورەتریـن ململانێـکان بـۆ مـن لـە هەمـوو سـاڵەکانی کارکردنـم لـە بێـت لەحـەم. لـە کۆتـا ڕۆژدا کاتێـک پـەروەردگار پێـم دەڵێـت: "ئایـا تـۆ چاودێـری مەڕەکانـت بوویـت؟" لـە مـاوەی دەیـان سـاڵدا زۆر کەس لـە بێـتلەحم هاتنـە ژووروەوە و دەرچـوون، «وە هیـچ ڕێگەیـەک نییـە بتوانـم ئـەم ڕاسـپاردەیە بـۆ ئـەو هـەزاران کەسـە جێبەجـێ بکـەم کـە لـە ڕێگـەی ئـەم دەرگایانـەوە دەهاتـن و دەچـوون. بـەڵام پێمواییـە جەسـتەیەکی بـاوەڕداران هەبـووە کـە گوتوویەتـی: "ئێمـە لێرەیـن. ئێمـە سـەر بـە تۆیـن. تـۆ شـوانی ئێمـەی. ئێمـە گەلـی تۆیـن. چاوەڕوانیـن لێپرسـینەوەمان لەگـەڵ بکەیـت. ئێمـە لێپرسـینەوەت لەگـەڵ دەکەیـن بـۆ ئـەوەی شـوانێکی دڵسـۆز بیـت."»

٥. بـاوەڕداران لـە جەسـتەی کڵێسـای ناوخۆییـدا ماڵێـک دەدۆزنـەوە (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٢: ٢١). لـە مەسـیحدا، ئێمـە بەشـێکین لـە کڵێسـای کۆمـکاری گشـتگیر. وە ئـەم کڵێسـا کۆمـکارە لـە کڵێسـای ناوخۆییـدا دەردەکەوێـت، شـوێنێک بـۆ لێپرسـینەوە و ئینتیـما و خزمەتکـردن. «بۆیـە، پێمواییـە عیسـا مـرد لەپێنـاو دروسـتکردنی مەسـیحییە گۆشـەگیرەکان، بـێ وابەسـتە و ئـازاد. بەڵکـو پێـم وایـە مـرد لەپێنـاو دروسـتکردنی کڵێسـایەک تاکـی ڕاسـتەقینە و دروسـتی هەمـوو باوەڕدارێـک بهێنێتـە نـاو خۆیـەوە. هەتـا زیاتـر پەیوەندیـمان لەگـەڵ کڵێسـای ناوخۆیـی بپچڕێـت، زیاتـر سەرلێشـێواو دەبیـن لـەوەی کـە ئێمـە کێیـن و خـودا ئێمـەی دروسـتکردووە بـۆ ئـەوەی کـێ بیـن. خـودی ڕاسـتەقینەی خۆمـان لـە پەیوەنـدی بـە کەسـانی دیکـەوە دەبینیـن.»[a]

من عیسا بەجێناهێڵم -بەڵام لەگەڵ کڵێسای ناوخۆیی کارم تەواو بووە

لـە سـاڵی ٢٠١٤، نووسـەری بەناوبانگـی مەسـیحی، دۆنالـد میلەر، دانـی بەوەدانا کە بـە دەگمەن دەچێتـە کڵێسـا. «لـە کاتـی کارکـردن لـە ڕۆژانـی هەفتـەدا زیاتـر هەسـتی بـە نزیکبوونـەوەی لـە خـودا کـردووە وەک لـەوەی کـە بەیانـی یەکشـەممە لـە پەرسـتنیدا هەسـتی پێکـردووە. وە هەرگیـز لـە ڕێگـەی گۆرانـی گوتنـەوە پەیوەنـدی بـە خـوداوە دروسـت نەکـردووە. بـۆ ئـەو و بـۆ زۆرێـک لـە باوەڕدارانـی ئینجیلـی -چ گەنـج و چ پیـر- کـە دەڵێـن کڵێسـای ناوخۆیـی «سـوودی نییـە.» جگـە لـەوەش دەڵێـن هیـچ کڵێسـایەکی ناوخۆیـی لـەو کڵێسـایانە ناچێـت کـە لـە سـیپارەی کـرداری نێـردراوان باسـی کـراوە. کەواتـە بۆچـی وا نیشـان بدەیـن کـە کڵێسـا سـەردەمییەکان بەهایەکـی یەکسـانیان هەبێـت لەگـەڵ کڵێسـاکانی سـەدەی یەکـەم؟

لـە وەڵامـدا، قەشـە جـۆن چوار هـۆکاری خسـتەڕوو کە بۆچـی چـاوەڕوان دەکرێـت ئەندامێتی کڵێسـا بـۆ بـاوەڕداران بـە مەسـیح هەبێـت. یەکـەم، پێناسـەیەک. کڵێسـا بریتییـە لـە «کۆمەڵێـک

a ئەڵقەی ٤٣٣: «ئایا پێویستە پابەند بم بە یەک کڵێسا؟» (١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

باوەڕدار بە مەسیح کە پێکەوە پەیمانیان داوە بە بەردەوامی کۆببنەوە بۆ خواپەرستی بە کۆمەڵ، ئاهەنگگێڕان لە ڕێوڕەسمەکان، وە خزمەتی وشەی خودا لە ژێر ڕابەرایەتی پیرانی شایستە بەگوێرەی کتێبی پیرۆز، وە ملکەچی تەمبێکردنی جەستەن، لە ئەرکدان بۆ مەسیح و لە جیهاندا. ئەمە کڵێسایە.» (١) عیسا چاوەڕوانی ئەندامێتی کردووە. کاتێک باوەڕدارێک بە مەسیح «لەگەڵ برایەکەی ناگونجێت،» کڵێسا هەیە «کە دەتوانێت خۆشی بوونێت و بەدوایدا بگەڕێت، وە ئەگەر پێویست بوو تەمبێی بکات» (مەتا ١٨: ١٥-١٧). (٢) پۆڵس ئەندامێتی لەبەرچاو گرتووە. هەموو کەسێکی سەر ئەم هەسارەیە یان لەناو کڵێساکەدایە یان لە دەرەوەی کڵێسایە. دەکرێت لە کڵێسا زیاد بکرێت یان لابردرێت (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١٢-١٣). پۆڵس ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە هەر باوەڕدارێک بە مەسیح دەبێتە ئەندامی کڵێسایەکی ناوخۆیی و لە سایەیدا دەژیێت. (٣) دانانی مەسیح ئەندامێتی تێدایە. باوەڕداران بە مەسیح ئەندامانی کڵێسان کە ملکەچی ڕابەرایەتی پیاوانی شایستەن کە چاودێری دەکەن بۆ ڕابەرایەتی و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت (یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٢؛ عیبرانییەکان ١٣: ١٧). (٤) بەرپرسیارێتی پیران ئەندامێتی تێدایە. پیرەکان سەرپەرشتی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەکەن (کردار ٢٠: ٢٨). کەواتە «چۆن دەتوانن بەرپرسیار بن بەرامبەر بە مێگەلەکە ئەگەر ئەندامانی مێگەلەکە بە ئارەزوومەندانەی بزانن کە ماێنەوە یان بڕۆن، یان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت یان ناکرێت؟ بنەمای پێکهاتەی تێگەیشتنی پۆڵس لە چۆنیەتی کارکردنی پیران و کڵێسا وای دادەنێت کە خەڵکی ئینتیمایەکی ڕاستەقینەیان هەیە بۆ مێگەلەکەیان.»

وە چی ئەگەر بەیانیانی یەکشەممە حەزم لە گۆرانی گوتن نەبێت؟ (١) هەندێک کات لە ژیاندا هەیە کە گۆرانی گوتن قورسە (زەبوری ٣٢: ٣-٤). (٢) ئێمە لە ڕووی سۆزدارییەوە پەیوەندیمان بە گۆرانی گوتنەوە هەیە یان نا، ئەمە پرسیارێکی لاوەکییە بۆ ئەو ڕاستییەی کە گۆرانی گوتن ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانی یەکتر لە کۆبوونەوەی گەلی خودا (ئەفەسۆس ٥: ١٨-١٩). «ئەگەر ئێمە مەیلی گۆرانی گوتنمان نەبێت -وە خەڵکێکی زۆر هەن ئاماە نین گۆرانی بڵێن- پێمواییە باشترین شت پێویستە بکەین ئەوەیە هەوڵ بدەین ڕۆحی پیرۆز توانامان پێبدات گۆرانی بڵێین، وە پێویستە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بین کە تێکشکاوی مۆسیقاییمان چاک دەبێتەوە.» (٣) دان بەوەدا بنێ کە شکستی پەیوەندی گۆرانی گوتن بەهۆی تێکشکاوی ناخمانەوەیە (زەبووری ٥١: ١٠-١٥)، ئەمە کەموکوڕییەک نییە لە داڕشتنی کڵێسادا.

لە کۆتاییدا، «پەیمانی نوێ هیچ مەسیحییەک ناناسێنێت کە ئەندامێکی بەپرسیار نەبێت لە کڵێسا ناوخۆییەکان.» مەسیحییە سەربەخۆ و «دووڕەیی» هەڵەن. ئێمە لەگەڵ

مەسیحدا یەکگرتووین و ئەمەش بە واتای یەکگرتوویی لەگەڵ یەکتردا دێت. ئێمە سەر بە یەکترین. ئێمە پێویستمان بە یەکترە (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٢١). ئەندامێتی کڵێسایەکی ناوخۆیی تەندروست ئیمتیازێکی گەورەیە. «جێگەی داخە کاتێک خەڵکی دەڵێن "ئایا دەبێت کڵێسا هەبێت؟" پێموایە پۆڵس دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: "دەبێت؟! ئەمە یەکێکە لە بەهادارترین دیارییەکانی جیهان!"»[a]

من عیسا بەجێناهێڵم -بەڵام لەگەڵ ڕابەرانی کڵێسا کارم تەواو بووە

چی بە کەسێک دەڵێین کە دەڵێت: «هەرگیز عیسا بەجێناهێڵم، بەڵام بەهۆی گوناە و خراپەکاری ڕابەرانی کڵێساوە من لە کڵێسای ناوخۆیی کارم تەواو بووە؟»

«ئەگەر ئەمە بکەیت، ئەوا لە عیسا دوور دەکەویتەوە. وە لێرەدا هۆکارەکەی دەخەینەڕوو. ئەگەر بڵێیت عیسات خۆشدەوێت، بەڵام ملکەچی وشەکەی نابیت، درۆیە. خۆشویستنی عیسا بریتییە لە گوێڕایەڵی وشەکەی (یۆحەنا ١٤: ٢٣). «عیسا کڵێسای دامەزراند. من نەمکردووە. پۆڵس نەیکردووە. عیسا کڵێسای دامەزراندووە. ئەو نێردراوانی دامەزراند -بەپێی ئەفەسۆس ٢: ٢٠- بۆ ئەوەی ببنە بناغەی کڵێسا. پاشان بە پەیامبەران و مامۆستایان و قەشەکان بنیادی نا، وە بڕیاریدا کە پێکهاتەیەکی چەند کڵێسایەکی ناوخۆیی لە جەستەی مەسیحدا هەبێت کە پێی دەگوترێت کڵێسا.» وە لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە ئینجیلییەکان «گەنجەکان، جوانەکان، سەردەمی و چەپەکان» پێیان وایە دەتوانن بە شتێکی دیکە بیگۆڕن. «باشە، دەبێت تەماشای ئەوە بکەم کە ئەوان دیکەنە جێگرەوە و دەڵێم: ئایا بەڕاستی ئێوە تەنها هەوڵی دروستکردنی کڵێسا دەدەن، ئەگەر بڕیار دەدەن کڵێسایەک دروست بکەن ئەوا بە گوێرەی کتێبی پیرۆز دروستی بکەن. کڵێسایەکی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز دروست بکەن. ئەمەش واتا گوێگرتن لە مامۆستاکەت و قسەکانی و نێردراوانی. لە کۆتاییدا، «هەڵبژاردنی عیسا جیاواز لە کڵێسا واتای هەڵبژاردنی بۆچوونی تۆیە بەسەر کتێبی پیرۆزدا، چونکە کتێبی پیرۆز ئەو شوێنەیە کە ئێمە چاومان بە عیسا دەکەوێت. تۆ ناتوانیت عیسا دروست بکەیت. ئەو عیسای کتێبی پیرۆزە یان ئەو عیسای خەیاڵی تۆیە. ئەگەر ئەو عیسای کتێبی پیرۆز بێت، ئەوا تۆ تەواوی عیسا قبووڵ دەکەیت. تۆ ناتوانیت پارچە پارچەی بکەیت. وە تەواوی عیسا ئەو عیسایەیە کە کڵێسای خۆشدەوێت. ئەو لەپێناو کڵێسا مردووە.»[b]

کەی وازبهێنم لە شوێنکەوتنی قەشەکەم؟

دڵسۆزی ئێمە بۆ گەلی خودا بە واتا فراوانەکەی گشتگیر و ڕەهایە (ڕۆما ١٢: ٥؛ یەکەم پەترۆس

---

a ئەڵقەی ٢٨٧: «وازهێنان لە کڵێسا» (٢٧ی شوباتی ٢٠١٤).

b ئەڵقەی ٧٥١: «من عیسا بەجێناهێڵم -بەڵام لەگەڵ کڵێسا کارم تەواو بوو» (١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

٢: ٤-٥). دڵسۆزی ئێمە بۆ خودا «دڵسۆزی ئێمە پێویستە خۆشەویستی گەلی خودا لەخۆبگرێت،» بۆ کڵێسای کۆمکاری گشتگیر، بۆ مەسیحییەکان، «لە هەر شوێنێک بیاندۆزیتەوە.»

بەڵام دڵسۆزی ئێمە بۆ کڵێسای ناوخۆیی ڕەها نییە. «ئێمە ئەمە دەزانین چونکە ڕێنماییەکانی پەیمانی نوێ هەن کە ئاماژە بەوە دەکەن ڕابەرایەتی کڵێسا دەکرێت شایستەی ئەوە نەبێت شوێنی بکەوین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گوێڕایەڵی خزمەتەکەی نەبین.» ئەم نموونەیە لە دوو حاڵەتدا دەردەکەوێت.

١. شوێنی قەشەیەکی تۆبەنەکردوو مەکەوە (یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٩). هەر قەشەیەک کە «فێڵباز، چاوچنۆک، گەندەڵکار، بتپەرستی، سووکایەتی، سەرخۆشی، ساختەچی،» بێت ڕەتیبکاتەوە تۆبە بکات، ئەوا شایستە نییە. ئەمە ئەو پیرانەش دەگرێتەوە لە پەردەپۆشکردنی تێوەگلاون. هەروەها هەمان شت بۆ تایەفەکەش ئەگەر ئامادە نەبێت چارەسەری بکات. دۆستایەتی لەگەڵ قەشەیەکی لەو جۆرەدا مەکە (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١١). «کەواتە، ڕوونە کە چیتر لە ژێر دەسەڵاتی خزمەتەکەیدا مەبە.» شایستەییەکانی پیران بۆ ناشایستەییش دەبێت.

٢. واز بهێنە لە شوێنکەوتنی مامۆستایەکی درۆیین (دووەم یۆحەنا ١٠-١١). هەر قەشەیەک ئینجیلی نێردراوان بڵاو نەکاتەوە شوێنی مەکەوە. دەقی کتێب دەڵێت تەنانەت سڵاوی لێ مەکەن. ئەگەر بڕیارە نابێت سڵاوی لێ بکەیت، چەندە زیاتر نابێت بەشداری لە کڵێساکەیدا بکەیت؟ بە کورتی، «پەیوەستیمان بۆ هەر کڵێسایەکی ناوخۆیی دیاریکراو پەیوەستە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییە ڕەوشتی و ڕۆحی و بیروباوەڕەکانی ڕابەرایەتی.»[a]

کاتێک ڕابەرایەتی کڵێسا دەکەوێتە ناو گوناهێکی ڕیسواکەرەوە

پێویستە بۆ ساتێک بوەستین بۆ ستایشکردن و سوپاسکردنی خودا لەسەر پیاوە پیرۆزەکان -قەشە وونبووەکان، نێردراوە لەبیرکراوەکان، مزگێنیدەرە ماندوو نەناسەکان- ئەوانەی ژیانی خۆیان بەخشی لەپێناو خزمەت و هەرگیز نەکەوتنە ناو گوناهێکی ڕیسواکەرەوە. لەوانەش پاڵەوانەکانی وەک بیلی گراهام.[b] سەرەڕای ئەمەش، پەخشەکە چیرۆکی هۆشداریدەری ئەو پیاوانە دەخاتە ڕوو کە شکستیان هێناوە.

ڕاقی زەکەریا، سااڵنێکی زۆر بەرگریکار، مزگێنیدەر، بانگخواز بوو، لە ساڵی ٢٠٢٠ بەهۆی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد. چەند مانگێک لەدوای مردنی، شەپۆلێک لە تۆمەت

a ئەڵقەی ١٠٥١: «کەی شوێنکەوتووی قەشەکەم نەبم؟» (٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧).
b ئەڵقەی SE١٤: «لەو ڕۆژەی بیلی گراهام مرد» (٢١ی شوباتی ٢٠١٨).

وروژا، ڕیسواییەکی سێکسی هەڵگیرساند کە جیهانی ئینجیلی هەژاند. چۆن لەگەڵ گوناهی ڕیسواکەری پاڵەوانەکانمان مامەڵە بکەین؟

پێویستە پۆلێک لە خزمەتکارانی ئینجیلمان بیر بخرێتەوە کە «بۆ ماوەیەک، بە شێوازی سوودبەخش باسی ڕاستییان کردووە، وە پاشان ژیانیان وێران بووە -لە ڕاستیدا باوەڕیان وێران بووە.» لە نموونەکانی یەهوزا و دیماس و هیمینایۆس.

یەهوزا -کوڕی لەناوچوون. یەهوزا بۆ ماوەی سێ ساڵ بە نهێنی پارەی لە خزمەتکەی عیسا دەدزی (یۆحەنا ١٢: ٤-٨)، ئەوەندە بە لێهاتوویی دزی دەکرد کە «هیچ کام لە دوازدە کەسەکەی دیکە تەنانەت گومانی ئاژاوە و ناپاکییان لێ نەکرد» (مەتا ٢٦: ٢١). یەهوزا یەکێک بوو لە قوتابییەکان -مزگێنی دەدا، نەخۆشی چاک دەکردەوە، ڕۆحە پیسەکانی دەردەکرد. بەڵام لەگەڵ سەرباری هێزی خزمەتکردنی بە ڕواڵەتی، ئەو گومڕا بوو (مەتا ٧: ٢٢-٢٣). ئەو پارەی خۆشدەویست. ئەو «کوڕی لەناوچوون» بوو (یۆحەنا ١٧: ١٢).

دیماس -ئەو پیاوەی کە ئاشقی جیهان بوو. دیماس هاوبەشێکی متمانەپێکراوی پۆڵس بوو (کۆلۆسی ٤: ١٤؛ فلیمۆن ٢٣-٢٤)، بەڵام کەوتە خۆشویستنی جیهان (دووەم تیمۆساوس ٤: ١٠). وەک یەهوزا لەو ساڵانەی خزمەتکردن، «هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە ئەو بەڕاستی مزگێنی ئینجیلی نەداوە و خەڵکی نەگەیاندۆتە باوەڕ، لەگەڵ هاتنە ناو باوەڕی لە ڕێگەی بانگەوازی پۆڵسەوە.» بەڵام لە کاتی خۆیدا، «لایەنە ڕاستەقینەکانی دیماس ئاشکرا بوون -واتە، ئەوەی کە بەڕاستی خۆشی دەویست: بابەتەکانی وەک پەیوەندی لەگەڵ کەسانی بەناوبانگ، دەستڕاگەیشتن بە پارە، ئەزموونی دەسەڵات، دەستخۆشی لەسەر زمانپاراوی، ستایشکردنی بوێرییەکەی. چێژێکی زۆری جیهانی هەیە کە دەکرێت بەدەستبهێنرێت لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە پێی دەگوترێت کارە جیهانییەکان. بەڵام دیماس بڕیاری دا واز لەم یارییە بهێنێت.» وازی لە پۆڵس هێنا. وە وازی لە ئینجیل هێنا.

هیمینایۆس -ئەو پیاوەی بەهۆی گوناهەوە دڵی ڕەق بوو. ئەم مامۆستایەی کتێبی پیرۆز بە گوناهکردن لە دژی ویژدانی خۆی و تۆبەنەکردنەوە، باوەڕەکەی تێکشکاند (یەکەم تیمۆساوس ١: ١٨-٢٠). گوێنەدان بە ویژدانمان، تۆبە نەکردن لە گوناهمان، بە درێژایی ساڵان دەبێتە مەترسییەکی گەورە. «ویژدانی خراپ،» یان دڵێکی ڕەق، دەبێتە هۆی ژیانێکی هاوشێوەی عیسۆ، ژیانێکی بێ تۆبەکردن.

سێ وانە لە ژیانی ئەم کەسانە فێردەبین. (١) «ڕەنگە لەلایەن کەسانی دووڕووەوە ڕاستی ڕزگارکەری ڕۆح و شکۆداری مەسیح بگوترێت.» (٢) «وازهێنان لە ویژدانێکی باش

پێشەکییە بۆ کارەساتی ڕەوشتی.» (٣) «کۆکردنەوەی پارە و هەوڵدان بۆ شێوازی ژیانی گرانبەها لە خزمەتدا زەنگی ئاگادارکردنەوەی خۆشویستنی ئەم سەردەمەن.»

لە تۆمەتەکانی سەبارەت بە ژیانی ڕاڤی دوو وانە دێتە ئاراوە. (١) پاک و ڕاستگۆبە لەبەردەم کەسانی دیکە. (٢) هەرگیز «بیانوو» بەکارمەهێنە، وەک ماندوێتی خزمەتێکی شەکەت، بۆ تووشکردنی کەسانی دیکە بە گوناە. ڕابەرە مەسیحییەکان تەنها دەبێت «هاوسۆزییەکی سنووردار»یان پێ بدرێت، هاوسۆزییەک کە بە ڕاستی و پیرۆزییەوە بەستراوەتەوە. «چۆن ڕاڤی یاری بە خەڵکی کردووە بۆ ئەوەی وێنەی ڕووتی گوناهباری بۆ بنێرن؟ چۆن یاری بە خەڵکی کردووە بۆ ئەوەی وروژێنەری سێکسی گوناهباری پێشکەش بکەن؟ بە داوای هاوسۆزییەکی بەڕەڵا ئەمەی کردووە. خۆی وەک جەنگاوەرێکی شەڕانگێز و بریندار لە دۆزی ئینجیلدا وێنا کردووە.» پێشکەوتنەکانی هەر ڕابەرێک ڕەت بکەوە ئەگەر بەناوی مافی ئینجیلەوە بەدوای یارمەتییەکی گوناهباردا بگەڕێت.

سەبارەت بەوانەی کە لەژێر خزمەتەکەیدا باوەڕیان هێناوە: «با ناتەواوی و شکستی مرۆڤەکان لە کاملّی و سەرکەوتنەکانی مەسیح دوورتان نەخاتەوە، کە هەرگیز، هەرگیز شکستتان پێ ناهێنێت.»[a]

ئارەزووی دەوڵەمەندی هاوشێوەی یەهوزا زۆرێک لە قەشەکانی کەواندووە. یەکێک لە قوربانییەکان دامەزرێنەری گەورەترین کڵێسا بوو لە جیهاندا، دەیڤید یۆنگی چۆ، خەڵکی کۆریای باشوور بوو، لە ساڵی ٢٠١٤ لە تەمەنی حەفتا و هەشت ساڵیدا بەهۆی گەندەڵی دوازدە ملیۆن دۆلارەوە سزا درا و زیندانی کرا. «هەموو بێڕێزییەکی ئاشکرا بە مەسیح، وە هەر بێڕێزییەکی ئاشکرا بە وشەکەی و ئینجیلەکەی و کڵێساکەی، تووڕەم دەکات و خەمبارم دەکات.»

بۆ ڕێگریکردن لە خۆشویستنی سامان، ڕابەران پێویستیان بە پێنج بەربەست هەیە. (١) ئەی قەشە، «هەموو ئارەزووێکی دەوڵەمەندبوون لە خزمەت بکوژە» (مەتا ١٩: ٢٣-٢٤؛ یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٠). (٢) ئەی قەشە، زیاتر ببەخشە. لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهات، کۆی بڕی بەخشینەکەت بەرز مەکەرەوە؛ ڕێژەی لە سەدی لێ بەرز بکەوە. (٣) ئەی قەشە، با پیرانی کڵێساکەت داهاتی تەواوت ببینن. «نهێنی سەبارەت بە پارە کوشندەیە، ئەمە نیشانەیە بۆ ئەوەی هەڵەیەک هەیە» (دووەم کۆرنسۆس ٢: ١٧). (٤) ئەی قەشە، بە سادەیی بژی. وەک هەژارێک مەژی، بەڵکو بە ساکاری بژی. بە شت کڕینت بیسەلمێنە کە تۆ لە خزمەتی سامان نیت (یەکەم پەترۆس ٥: ٢). پارەکەت بەکاربهێنە بۆ ئەوەی «بە

a ئەڵقەی SE٢٨: «چۆن هەڵسوکەوتت کردووە لەگەڵ گوناهی ڕاڤی زەکەریا؟» (٢٩ی نیسانی ٢٠٢١).

جیهان نیشان بدەیت کە مەسیح گەنجینەی بااڵی تۆیە.» (٥) ئەی قەشە، بە تەنها خۆت ڕابەرایەتی مەکە. پیرانی دیکە دابنێ و دەسەاڵتیان پێبدە کە ڕێگریت لێ بکەن لەپێناو چاکەی کڵێسا.[a]

چۆن باوەڕەکەت دەپارێزیت کاتێک متمانەت بە کڵێسا لەدەست دەدەیت

چۆن چێژ لە نیعمەتەکانی کڵێسایەکی تەندروست وەربگرین و خۆمان بپارێزین لە بەستنەوەی ڕزگاریمان (یان هەستەکانی ڕزگاری) بە تەندروستی کڵێسای ناوخۆیی و ڕابەرانی -کە ڕەنگە هەردووکیان لە داهاتوودا بێهیوامان بکەن؟ بە تایبەتی بۆ باوەڕدارانی نوێ، چۆن خۆمان دەپارێزین لەوەی هەست بە ئەندامێتی کۆمەڵی کڵێسا بکەین لەگەڵ ئەوەی ئینتیمای ڕاستەقینەمان بۆ خودا هەبێت؟ ئەمەش دەبێتە قەیرانی باوەڕ کاتێک کۆمەڵگا دەیسەلمێنێت دەکرێت هەڵە بکات.

لێرەدا سێ ڕێگا دەخەینەڕوو بۆ پاراستنی سەقامگیری باوەڕەکەت لە ناسەقامگیری مرۆڤ.

١. مەسیح هەرگیز بێ هیوات ناکات. بە دڵنیاییەوە ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ یەکێتی کڵێسا (ئەفەسۆس ٤: ٣). وە «لە کڕۆکی چۆنیەتی هێنانەدی ئەمە، هەوڵی چەسپاو هەیە بۆ ئەوەی بە ڕوونی عیسا لە کۆمەڵگا بەهادارتر بێت. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەوەی کۆمەڵگا پێکەوە دەبەستێتەوە ئەوەیە کە عیسا گرنگترە لە کۆمەڵگا.» بە درێژایی تەمەنی کڵێسایەکی ناوخۆیی، بۆ باوەڕدارانی کۆن و نوێ، دەبێت ئەمە دووپاتی بکەینەوە: «عیسا باشترە لە کۆمەڵی باوەڕدارانی عیسا. کاتێک کۆمەڵی باوەڕداران بە عیسا بێهیوات دەکەن عیسا خۆی ئامادەیە. بەشێک لە پاراستنی ڕاستی کۆمەڵی باوەڕداران سەرنجدانە لەسەر عیسا بەم بەها بااڵیە.»
٢. کڵێسای ناوخۆیی بێ هیوات دەکات. لە کاتێکدا هەوڵدەدەین بۆ یەکێتی، لە «وێنەی ڕاستیی کتێبی پیرۆز» دەبینین کە کڵێسای ناوخۆیی «زۆر ناتەواوە». ئێمە بە ناتەواوی دەیکەین. ئێمە گوناە دەکەین بەرامبەر یەکتر، بۆیە پێویستە لە یەکتر خۆش بین (ئەفەسۆس ٤: ٣٢). وە زۆر لێ خۆشبە (مەتا ١٨: ٢١-٢٢). دەبێت فێربین بەرگەی ئەو کەسانە بگرین کە بێزارکەرن و لێبوردە بین (کۆلۆسی ٣: ١٣). هەندێک لە ئەندامان بە گوناهی گەورە ژیانی کۆمەڵی باوەڕداران تێکدەدەن (مەتا ١٨: ١٥-٢٠). بەاڵم گوناهبچووکەکان بەردەوام پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە (گەلاتیا ٦: ١؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٤). ڕەنگە هەندێک ئەندامی کڵێسا واز لە

a ئەڵقەی ٢٩٠: «قەشەی گەورەترین کڵێسای جیهان بە تاوانی گەندەڵی سزا دراوە» (٤ی ئازاری ٢٠١٤).

باوەڕ بهێنن (دووەم تیمۆساوس ٤: ١٠). گورگەکان بە فێرکارییە چەواشەکارییەکانیان هەڕەشە لە کڵێسا دەکەن (کردار ٢٠: ٢٩-٣٠). تەنانەت مەسیحییە ئازیزەکانیش بە توندی لەگەڵ یەکتر ناکۆک دەبن (کردار ١٥: ٣٩)، ئەو بابەتەی کە «بێگومان دڵی هەندێک باوەڕداری شکاندووە» کاتێک بینیویانە کە پۆڵس و بەرنابا نەیانتوانیوە جیاوازییەکانیان چارەسەر بکەن. با وشەی خودا ئامادەت بکات بۆ ئەو کاتەی لە کڵێسای ناوەخۆیی تووشی دڵساردی دەبیت.

٣. سەرنجی ژیانت لەسەر مەسیح بێت، نەک کڵێسا. «نیشانی ئەو باوەڕدارە نوێیانەی بدە کە بەهۆی شیرینی کۆمەڵگاوە هاتوونەتە ژوورەوە کە کۆمەڵگاکە بەهادارە، نەک وەک خوداوەندێک یان ڕزگارکەرێک، بەڵکو وەک شتێک کە یارمەتیدەرمان بێت بۆ ئەوەی خودا و ڕزگارکەرەکەمان بناسین و چێژی لێ وەربگرین.» هەر کەسێک کۆمەڵی باوەڕدارانی کڵێسایەکی لە مەسیح زیاتر خۆشبوێت شایستەی مەسیح نییە (مەتا ١٠: ٣٧). فێربە هەموو شتێک -تەنانەت کڵێسای ناوخۆییش- وەک زیانێک هەژمار بکەیت بە بەراورد بە بەهای عیسای مەسیح (فیلیپی ٣: ٨).[a]

گۆڕانکاری لە کڵێساکەمدا لە ڕووی پەیوەندییەوە بێزاری کردووم

وەکو دەرگای خولاوە، خەڵکی دەچنە نێو کڵێسا ناوخۆییەکان و دەردەچن. قوواڵایی پەیوەندییەکان زەرەرمەند دەبن. کاتێک پەیوەندییەکان قووڵتر دەبنەوە، خەڵکی دەڕۆن و کردەوەکە سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوە. ئەندامانی پابەند و ماوە درێژ زۆر هەوڵدەدەن لەناو دەستەیەکی داخراوی ئەندامانی دێرین گیر نەخۆن. ئایا قووڵبوونەوەی پەیوەندییەکان شایەنی ئەو وەبەرهێنانەیە لە سەردەمی گۆڕانکاریدا؟

بەڵێ، وایە. لێرەدا پێنج هۆکار دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی بەردەوام بیت لە وەبەرهێنان.

١. پشوودرێژبە. چاوەڕوانی بێهیوایی بن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. «ئێمە چاوەڕوانین بۆ کڵێسایەکی باشتر، هاوسەرگیرییەکی باشتر، منداڵی باشتر، حکومەتی باشتر، تەندروستی باشتر، هاوڕێی باشتر. بەڵام واقیع ئەم چاوەڕوانییانە ناهێنێتە دی. هەتا ئەم چاوەڕوانییانە کەمتر بیتە دی، زیاتر دەبێتە هۆی هەستکردن بە ڕەشبینی.» وە ئێمە لە نموونەییبوونی خۆمان کەمتر دەبین. «بۆیە پێویستمان بە بیرکردنەوەیەک هەیە سەبارەت بەم سەردەمە کە ڕەسەن بێت و بە دیدگایەکی دوور و درێژی پشوودرێژی چاوەڕوانییەوە دیاری بکرێت.» خۆڕاگربە هەتا مەسیح دەگەڕێتەوە (یاقوب ٥: ٧-١١). «ئەمە پشوودرێژییەکی درێژخانەیە.»

---

a ئەڵقەی ١١٩٢: «چۆن باوەڕەکەت بپارێزیت کاتێک متمانەت بە کڵێسای ناوخۆیی لەدەست دەدەیت» (٢ی ئایاری ٢٠١٨).

٢. بێهیوایی پەیوەندییەکانی مەسیح ببینە. عیسا «بێزاری پیرۆز»ی بەرامبەر بە قوتانییەکانی دەربڕی (مەتا ١٧: ١٧). «یارمەتیدەرە بۆ من بزانم کە جۆرێک لە بێزاری خودایی هەیە بەرامبەر بە ناتەواوییەکانی ئەم سەردەمە، لەوانە ناتەواوییەکانی گەلی خودا و ناتەواوییەکانی هەموو ئەو ڕێکارانەی کە مرۆڤەکان بە گوزارشتی دەهێڵێتەوە -دێنە ناو کڵێسای خودا یان لێی دەردەچن.» عیسا هەستی بەمە کرد.

٣. لە پڕی مەسیحەوە بڕی و ببەخشە. ئەم خاڵە هاوشێوەی لێخۆشبوونە. پۆڵس دەڵێت، ئێمە لە کەسانی دیکە خۆش دەبین چونکە ئێمە سەرەتا هەڵبژێردراین، جیاکراینەوە، لەلایەن خوداوە خۆشەویست بووین (کۆلۆسی ٣: ١٢-١٣). لەو نیعمەتە سەرسوڕهێنەرەی وەرمانگرتووە، لێخۆشبوون وەردەگرین. بە هەمان شێوە، هەموو بەخشینە بەردەوامەکانمان دەبێت لە متمانەی پڕ لە خۆشیمان بێت بە خودا و پێگەی هەتاهەتاییمان لە ئەودا. نیعمەتی خودا بۆ ئێمە ئەوەیە کە دەمانکاتە کانیاوی نیعمەت بۆ کەسانی دیکە «بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە بەخشینی خۆمان لە هاوڕێیەتیدا،» وە هەرگیز لە لێشاو نەوستین، تەنانەت «کاتێک مرۆڤەکان دەخۆنەوە و دەڕۆن.» لەم کانیاوەی خۆبەخشین، ئێمە «شایەتییەکی جوان بۆ تەواو بەسبوونی مەسیح.» پێشکەشی جیهان دەکەین. مەسیح سەرچاوەی ئێمەیە (یۆحەنا ٤: ١٤؛ ٧: ٣٨).

٤. لە پەیوەندیدا بمێنەرەوە کاتێک خەڵکی لە کڵێساکەت دوور دەکەونەوە. بەردەوام بە لە وەبەرهێنان لە هاوڕێ مەسیحییەکانی دەرەوەی کڵێسای ناوخۆییت.

٥. پشوو بدە لەو هاوڕێیەی کە هەرگیز لێت دوور ناکەوێتەوە. «هاوڕێیەک هەیە لە برا نزیکترە، لە خوشکێک نزیکترە، لە هاوسەرەکەت نزیکترە، وە بەڵێنی داوە هەرگیز بەجێت نەهێڵێت، هەتا کۆتایی تەمەن لەگەڵت دەبێت» (مەتا ٢٨: ٢٠؛ عیبرانییەکان ١٣: ٥).[a]

ئایا پێویستە لە کڵێسا ماڵییەکان کۆببینەوە؟

لە ناوچە گوندنشینەکاندا، ئەگەر نەتوانیت کڵێسایەکی دڵسۆز بدۆزیتەوە، ڕەنگە پێویستت بە کۆکردنەوەی کڵێسای خۆت بێت.[b] بەڵام ئەو ئالنگارییە ڕووبەڕووی مەسیحییەکانی شارەکانیش دەبێتەوە، ئەمەش پرسیارێکی فراوانتر دەوروژێنێت. ئایا تەنها لە کڵێسا ماڵییە بچووکەکان کۆببینەوە؟

---

a ئەڵقەی ١١١٢: «ئەندامێتی کڵێسا لە ڕووی پەیوەندییەوە بێزاری کردووم» (٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧).

b ئەڵقەی ١٨٧: «کەی دەبێت کڵێساکەم بەجێبهێڵم؟» (٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).

حەوت ڕەچاوکردن. (١) کڵێسا هەمیشە پەیوەندی بە گەلێکەوە هەیە، هەرگیز پەیوەندی بە شوێنێکەوە نییە. بیر مەکەوە لە قەبارە و شێوازی تەلارسازی. باسکردن لە کڵێسا لە پەیمانی نوێدا «هەمیشە -بەبێ جیاوازی- خەڵکییە نەک شوێن.» (٢) بەهای کڵێساکانی ماڵەوە بە کەم مەزانە. تەنانەت کڵێسا بچووکەکانی ناو خانووش خزمەتیان دەکرد بۆ دەربڕینی کڵێسای کۆمکار لەسەر زەوی (یەکەم کۆرنسۆس ١٦: ١٩؛ کۆلۆسی ٤: ١٥؛ فلیمۆن ٢). (٣) کڵێساکانی ماڵەوە مەکە بە نموونەیی. ڕوونە کە هەندێک لە مەسیحییە سەرەتاییەکان ماڵەکانیان بەجێدەهێشت و لە شوێنێکی فراوان لە کۆرنسۆس کۆدەبوونەوە، شوێنێکی دیکەی جگە لە ماڵێک (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ١٧-٢٢). (٤) کتێبی پیرۆز ڕاسپاردەی نەداوە بۆ کڵێساکانی ماڵان. «ئەمە شتێک نییە کە خودا پێی وابێت داناییە و ڕێکی خستبێت. بێگومان، پێموایە بەشێکی بەهۆی ئەو دۆخە کەلتوورییە هەمەچەشنانەیە کە کڵێسا خۆی تێدا دەبینێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵی داهاتوو: لە ژێر دارەکان، لە گەراجەکان، لە فرۆشگاکان، لە ژێرزەمینەکان، لە ئەشکەوتەکان، لە کڵێسای کاتدرایی، لە ماڵەکاندا.» (٥) لەسەر بنەمای ئامانجەکانی کڵێساکەت بڕیارەکە بدە. هەموو شوێنێک و شوێنی کۆبوونەوەیەک سوود و زیانی هەیە. «وە دەبێت بەڕاستی لەسەرخۆ بین لە بڕیاردان لەسەر ئەو بڕیارانەی کە لێرەدا دەدرێن، پێم وایە، لەبەرئەوەی خودا، دڵخۆش بووە بە هێنانی ڕابوونی گەورە و گەشەکردنی بەرفراوانی کڵێسا لە سەردەمەکاندا کە کڵێسا تەلاری هەبووە و نەیبووە. ئەو بەو شێوەیە سنووردار نییە، ئاخ بۆ ئەو بزوتنەوە و بزاڤانەی کە گریمانەی ئەوە دەکات بڵێت تەلار و بینا یان شوێن کلیلی بڵاوبوونەوەی فراوانی شانشینی خودایە.» (٦) لەسەر بنەمای دارایی کڵێساکەت بڕیارەکە بدە. ڕەنگە شوێنی کۆبوونەوە لە ناوەندی شارێکی گەورە زۆر گرانبەها بێت. (٧) بەهای شوێنە گەورە و بچووکەکان بەرز بنرخێنە. کڵێسای سەرەتایی لە شوێنە گەورەکان، لە پەرستگا، وە لە شوێنی بچووک، لە ماڵەکان، کۆدەبووەوە و مزگێنی دەدا (کردار ٥: ٤٢). بەهای هەموو ئەم شوێنانە بزانە.[a]

خزمەتەکانی کۆلێژ و کڵێسای ناوخۆیی، ئایا دەکرێت پێکەوە بگونجێن؟

ئەو خوێندکارانەی کۆلێژ کە باوەڕدارن بە مەسیح و لە ماڵەوە دوورەکەونەوە بۆ خوێندن، دەیانەوێت لەنێو کڵێساکان هاتوچۆ بکەن، لە ماوەی خوێندنیان ئەندامێتی کڵێسا بە ڕژدی وەرناگرن.[b] ئایا دەکرێت کڵێسا ناوخۆییەکان و خزمەتی زانکۆ پێکەوە بگونجێن؟

دەتوانن (وە دەیکەن)، تەنها کاتێک هەندێک گریمانە دەگۆڕدرێن. «من لێرە لە جەنگێکدا نیم لە دژی خزمەتەکانی زانکۆی هاوتەریب بە کڵێساکان. پێموایە ئەوان چاکەیەکی

a ئەڵقەی ٩٣٢: «ئایا پێویستە لە کڵێسای ماڵان کۆببینەوە؟» (٢ی ئەیلوولی ٢٠١٦).
b ئەڵقەی ٤٣٣: «ئایا پێویستە پابەند بم بە یەک کڵێسا؟» (١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

گەورەیان بۆ سەدان هەزار خوێندکار کردووە، زۆرێک لە کڵێساکان سوودێکی زۆریان وەرگرتووە لە کاریگەرییەکانی شەپۆڵی ئەم هەوڵەی مزگێنیدان و بەقوتابیکردن. سەرەڕای ئەوەش، پێمواید کە پەیوەندی نێوان کڵێسای ناوخۆیی و خزمەتەکانی کۆلێژ دەبێت جیاواز بێت لەوەی کە هەیە.» پێشبینی بکە کە چۆن ڕابەرایەتی کڵێسای ناوخۆیی دەتوانێت سەرپەرشتی گروپێکی زانکۆیی بکات. لەم حاڵەتەدا، خزمەتی زانکۆیی «درێژکراوەی خزمەتی کڵێسایەکی ناوخۆیی دیاریکراوە.» هەم ڕێز لە داڕشتنی خودا دەگرێت بۆ کڵێسای ناوخۆیی و هەم «سودمەندە لەو سەرنجە تایبەت و ڕاهێنان و پلان و بودجەیەی کە بە ڕوونی ئاڵنگاری تایبەتی گەنجان دەکات لە زانکۆ.» پەیوەندییەکی سروشتی دروست بکە لە نێوان کڵێسا و زانکۆ هاوتەریبەکان، وە لە سنووری زانکۆ چاڵاکی هۆشیاری بەکاربهێنە بۆ بنیادنانی خوێندکاران بۆ ناو کۆبوونەوەیەکی ناوخۆیی تایبەت. ئەگەر ئەمە بە دروستی ئەنجام بدرێت، ئەوا سوودبەخشە بۆ کڵێسا و دەرەوەی کڵێسا.[a]

بۆ خوێندکارانی کۆلێژ: «بڕۆ پاڵ کڵێسایەکی تێر لە کتێبی پیرۆز، مەسیح شکۆدار بکات، سەرنجی لەسەر خودا بێت، بانگەواز بۆ ئامۆژگارییە تەواوەکانی خودا بکات. چاوەڕێی ئەوە مەکەن هەتا دوای کۆلێژ ببنە ئەندامێکی پێگەیشتوو و بەرپرسیاری کڵێسا. چوارچێوەی ئەو هەرزەکارییە تێکبشکێنن کە پێیان وایە ژیان تەنها یاری و قوتابخانەیە. ئاوا نییە. ژیان ئەندامێتییەکی بەرپرسیارە لە کڵێسای ناوەخۆیی و پەیوەندی دەکات بە خەڵکی لە هەموو جۆرەکان و هەموو تەمەنێکەوە.» پێگەیشتنێک نیشان بدە لە سەرووی ئەوەی لە خوێندکارانی کۆلێژ چاوەڕوان دەکرێت.[b] وە هەرگیز لەبیرت نەچێت کە «زانکۆ دامەزراوەیەکە کە مرۆڤ دروستی کردووە، کڵێسای ناوخۆیی دامەزراوەیەکە لەلایەن خوداوە دروستکراوە. ئەگەر پێشینەییت بە زانکۆدا لە سەرووی پێشینەیت بە کڵێسا، ئەوا پێشینەیی بە مرۆڤ دەدەیت لە جیاتی ئەوەی پێشینەیی بە خودا بدەیت.»[c]

a ئەڵقەی ١٠٢٥: «خزمەتی زانکۆ و کڵێسای ناوخۆیی -ئایا پێکەوە دەگونجێن؟» (٧ی نیسانی ٢٠١٧).
b ئەڵقەی ٦٩٠: «حەوت ئامۆژگاری بۆ خوێندکارانی زانکۆ» (٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١٥).
c ئەڵقەی ١٠٨١: «چۆن لە زانکۆدا باوەڕی مەسیحیت دەپارێزیت» (١٦ی ئابی ٢٠١٧).

دەربارەی خانەنشینی، گەشتیاری، و کۆتاییەکی باش

خانەنشینیت بەفیڕۆ مەدە

ناونیشانەکە بە خەتێکی گەورە لەسەر بەرگی گۆڤاری «پوختەی خوێنەر (Reader's Digest)» نووسرابوو: «ئێستا دەست پێ بکە -زوو خانەنشین ببە.» ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشە. پاپیەر لەبیری نییە ژمارەی ساڵی ١٩٩٨ی لە کوێ بینیوە، بەڵام بەرچاوی کەوتووە. ڕەنگە لە عیادەی پزیشکی ددان یان ژوورێکی چاوەڕوانی دیکە بووبێت. هەڵیگرت و بابەتەکەی کردەوە، بڕگەی یەکەمی خوێندەوە دەربارەی ژن و مێردێکی بەتوانا -بۆب و پێنی- کە «پێنج ساڵ لەمەوبەر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا لە کارەکانیان خانەنشین بوون، کاتێک بۆب تەمەنی پەنجا و نۆ ساڵ بوو وە پێنی تەمەنی پەنجا و یەک ساڵ بوو. ئێستا لە پۆنتا گۆردای ویلایەتی فلۆریدا دەژین، لەوێ بە بەلەمێکی ڕاوکردنی سی پێ درێژ لەسەر دەریا دەڕۆن، یاری تۆپی بەیسبۆڵ دەکەن، سەدەفی دەریایی کۆدەکەنەوە.»[a]

لەدوای دوو ساڵ، پاپیەر بابەتەکەی دەرهێنا و ئەم بڕگەیەی پێشەکی لە لەبیرنەکراوترین وتاریدا خوێندەوە -وتار دەربارەی خانەنشینی- وە ئەوەی نامۆ بوو وتاری بۆ کۆمەڵێک خوێندکارانی زانکۆ دەدا. لە کۆنفرانسی «Passion's OneDay» لە شاری مەمفیس لە ویلایەتی تێنسی لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٠، پاپیەر قسەی بۆ جەماوەرێک دەکرد لە دەرەوە کە نزیکەی چل هەزار خوێندکار بوون (گەورەترین ئامادەبووانی هەتا ئەو کاتە). نەوەیەکی تەواو لە ژنان و پیاوان لە بواریکدا وەک ساتێکی یەکلاکەرەوە ئەم ساتە دەبینن. پاپیەر کە هێشتا تەمەنی شەست و پێنج ساڵی تێنەپەڕاندبوو، هێشتا بیری لە میراتەکەی نەدەکردەوە. تەنها هەوڵی دەدا بەرگەی توخمەکان بگرێت. بایەکی بەهێز ئاوازەکانی دەنگی ئەوی لە مینبەرەکەوە هەڵفراند و گەیاندییە لاپەڕەکانی «Reader's Digest» و جارێکی دیکە نەبینرایەوە. وازی لە نیوەی شەڕەکەی هێنا، دەستبەرداری یاداشتە بەکارهێنراوەکانی بوو بۆ ئەوەی ئەو یاداشتە بەکارنەهێنراوانەی کە نەگەیشتبووە دەستی، لە ڕاستیدا وەک بانگخوازێک بوو «کاغەزێکی لە دەستێکی بوو». پاشان ئەم وتارە بووە ئەفسانەیی. بەڵام ئەزموونی بانگەوازەکە «زۆر ئاڵۆز» بوو.[b]

---

a دیبۆرا ڕانکین، «ئێستا دەست پێ بکە -زوو خانەنشین ببە»، گۆڤاری ڕیدەرز دایجست، شوباتی ١٩٩٨، ٩٨.

b ئەڵقەی ١٢٠٠: «ڕامان لە وتاری گوێچکە ماسی دەریایی، لە دوای ١٨ ساڵ» (٢١ی ئایاری ٢٠١٨). جێگای سەرنجە، وتارەکەی گۆڤاری ڕیدەرز دایجست نۆزدە مانگ پێشتر هاتووە لە وتاری پاپیەر لە کۆنفرانسی تەواوکەران لە شیکاگۆ، بە ناونیشانی «تەواوکردنی چی؟»، desiringGod.org (١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨).

لەسەر تەختەی شانۆوە، قەشە جۆن چیرۆکی بۆب و پێنی بەراورد کرد بە چیرۆکی دوو ژنی بەتەمەنتر؛ ڕوبی ئیلیسۆن و لۆرا ئێدواردز؛ یەکێکیان بێوەژنە، ئەوەی دیکەیان هاوسەرگیری نەکردووە، وە هەردووکیان تەمەنیان لە هەشتاکاندایە، هاوبەشییان کردووە لە خزمەتکردنی هەژاران و نەخۆشانی کامێرون لە ئەفریقا. خزمەتەکەیان کاتێک کۆتایی هات کە ئیستۆپی ئۆتۆمبێلەکەیان لەکارکەوت، جڵەوگیری ئۆتۆمبێلەکەیان لەدەست دەرچوو، لە کەندالێک کەوتنە خوارەوە. هەردووکیان دەستبەجێ مردن. پاپەر پرسیاری کرد؛ «ئایا ئەمە کارەساتە؟» «دوو ژن لە هەشتاکانی تەمەنیاندا، تەواوی ژیانیان تەرخان کردووە بۆ یەک بیرۆکە -عیسای مەسیح شکۆدارێت لەنێو هەژاران و نەخۆشەکانی سەختترین شوێن؛ وە بیست ساڵ لەدوای ئەوەی زۆربەی هاوتا ئەمریکاییەکانیان لە فلۆریدا و نیو مەکسیکۆ دەستیان کردبوو بە ڤرێدانی ژیانیان لەپێناو شتە بێ بایەخەکان، لە ساتێکدا بە مردنێک دەفڕن بەرەو ژیانی هەتاهەتایی -ئایا ئەمە کارەساتە؟ ئەمە کارەسات نییە. بۆتان دەخوێنمەوە کارەسات چییە.» پاشان بڕگەکەی پێشەکی لە گۆڤاری «Reader›s Digest» خوێندەوە. «ئەمە کارەساتە. وە لەم وڵاتەدا کەسانێک هەن ملیارەها دۆلار خەرج دەکەن بۆ ئەوەی وات لێبکەن باوەڕ بکەیت ئەمە سەرکەوتنی ڕاستەقینەیە. وە من چل خولەکم هەیە بۆ ئەوەی لێتان بپارێمەوە: ئەمەیان لێ مەکرێن! بە هەموو دڵمەوە داواتان لێدەکەم، ئەم خەونە مەکرێن. خەونی ئەمریکایی؛ خانووێکی خۆش، ئۆتۆمبێلێکی باش، کارێکی باش، خێزانێکی باش، خانەنشینییەکی خۆش، کۆکردنەوەی سەدەف وەک دواییین بابەتی پێش ئەوەی لەبەردەم بەدیهێنەری گەردوون ڕابوەستیت بۆ ئەوەی هەژمارد ێک بدەیت لەسەر ئەوەی کردوتە. بڵێیت "ئەی پەروەردگار، ها ئەمەیە کۆمەڵە سەدەفە دەریاییەکەم. وە لە یاری گۆلف زۆر لێهاتووم. وە تەماشای بەلەمەکەم بکە. ئەی خودایە." باشە، نەک بۆ ڕوبی و لۆرا. ژیانت بەفیڕۆ مەدە. بەفیڕۆی مەدە.» ڕستەی بەناوبانگی کۆتایی لە «پەیامی سەدەفی دەریایی» دواتر بووە ناونیشانی کتێبە پڕفرۆشەکەی، بە ناوی «ژیانت بەفیڕۆ مەدە» (٢٠٠٣).[a]

ساڵانێک دواتر پرسیارم لە پاپەر کرد دەربارەی وتارەکە و کتێبەکە و کاریگەرییەکانیان لەسەر خوێندکارانی کۆلێژ و خانەنشینان. چیرۆکێکی بیرخستەوە کە لە بابەتەکەی «Reader's Digest» لەپێشتر و کاریگەرتر بوو لە ژیانیدا. چیرۆکێکی مزگێنیدانی بەبیر دێتەوە کە باوکی گێڕاویەتییەوە. لەدوای ئەوەی بیل پاپەر داوای لە دەستەیەک خەڵک کرد ژیانی خۆیان بدەنە مەسیح، سەرنجی پیرە پیاوێکی دا کە لەسەر کورسییەکەی پێشەوە دانیشتووە و دەستەکانی خستۆتە سەر ڕوخساری، بەردەوام و بەردەوام دەیگوت: «بەفیڕۆم داوە. بەفیڕۆم داوە.» «لەبیرمە باوکم بەردەوام و بەردەوام ئەو چیرۆکەی دەگێڕایەوە، وە لە ناخمدا وەک منداڵێک دەمگوت: "من نامەوێت ئەوەم بەسەر بێت."»

a ئەڵقەی ٥٣٥: «چۆنیەتی دروستکردنی جیاوازی لە جیهاندا» (١٨ی شوباتی ٢٠١٥).

سەرباری هەموو نموونەکانی ژیان، وتاری «سەدەفی دەریایی» لە ڕاستیدا ڕوونکردنەوەیەکی وردی گەلاتیا ٦: ١٤ بوو. بەڵام «پێمواید، نزیکە کەس ئەمە نازانێت.» ئەمە وتارێک بوو سەبارەت بە ڕاگەیاندنی پۆڵس کە شانازی بە هیچ شتێکەوە نەدەکرد جگە لە خاچ. لەگەڵ ئەوەشدا، پۆڵس شانازی بە زۆر شتی دیکە دەکرد، لەوانە بوون بە باوەڕداری مەسیح و بە ئازارەکانی. وادیارە «ئەو وشەی شانازیکردن یان شکۆداری لە هەموو شوێنێکدا بۆ شتەکانی دیکەی جگە لە خاچ بەکاردەهێنێت. ئیتر زۆر هەوڵم دا بۆ ئەوەی تێبگەم بزانم مەبەستی چییە.» دەرەنجامەکەی ئەوە بوو کە وەک «گوناهبارانی بەرەو دۆزەخ، شکۆدارنەکردنی خودا، هیچ کام لە ئێمە شایەنی هیچ شتێکی باش نین لەلایەن خوداوە؛ تەنانەت یەک کەسیشمان. ئێمە شایەنی یەک چرکە لە تەندروستییەکی باش یان هەر شتێکی دیکە نین. بەهۆی خاچەوە -داپۆشینی گوناهەکەمان و دەستەبەرکردنی نیعمەتی هەتاهەتایی خودا بۆ ئێمە وەک گوناهبار- هەموو شتێکی باش کە دێتە ژیانمانەوە وەک بەشێک لەو نیعمەتانەیە کە بۆ هەتاهەتایە لە نیعمەتی خودا چێژیان لێ وەردەگرین، لەلایەن خاچەوە کڕدراوە. هەر ئازارێک کە دێتە ناو ژیانمانەوە ئەوا خودا دەیگۆڕێت بۆ چاکە، بە خاچ کڕدراوە. بۆیە خاچ بناغە و شکۆمەندی نیعمەت و هەموو ساتێکی ژیانمانە.»

پەیامی خانەنشینی بووە کتێبێک کە مەبەست لێی ئەوە بوو ببێتە دیاری دەرچوون، هەرچەندە «پێمواید دەتوانم بە متمانەیەکی زۆرەوە بڵێم کە خەڵکی زۆر زیاتر لە تەمەنی پەنجا و شەستەکاندا سوپاسیان کردووم بۆ ئەو کتێبە.» دیارییەکی دەرچوون بە دەنگێکی بەرز قسە لەگەڵ خانەنشینەکان دەکات، وە ئەمە لۆژیکییە. تەنانەت لە وێناکردنە بەناوبانگەکەیدا، ئەو چوار کەسایەتییە دیارەی لە تەمەنی پەنجا و هەشتاکانی تەمەنیاندا. «پێمواید هێندە قسەیەکی تانەئامێز نییە کە کتێبەکە نەک هەر بەو داوایە ڕووبەڕووی گەنجان دەبێتەوە کە دەڵێت، "مەچنە ناو خەونی بەناو ئەمریکاییەوە!" بەڵکو ئەوانەش دەلەرزێنێت کە لە تەمەنی پەنجا سااڵنن و خەریکە هەنگاو بنێنە ناو خانەنشینییەوە. ئەوان خەریک بوو دەچوونە ناو بەسەربردنی بیست یان سی ساڵی ژیانیان بە دەوری خۆیاندا. ئەم پەیامە لە خەونی ئاسوودەیی خۆیان ئازادیان دەکات و دەیانهەژێنێت بۆ شتێکی زۆر گرنگتر لە کۆکردنەوەی سەدەفی دەریایی. بەم شێوەیە کتێبەکە ناوازە نییە، چونکە «بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەموو شتێک کە دەینووسم، ئامانجی یارمەتیدانی خەڵکییە بۆ ئەوەی ژیانیان بەفیڕۆ نەدەن، بەڵام ئەم کتێبە، لە هەر کتێبێکی دیکە زیاتر، ئامانجەکەی دەپێکێت، پەنجەی دڕێژ دەکات و دەڵێت "ئەمە مەکە. ژیانت بەفیڕۆ مەدە!"»[a]

سەیر نییە، لە ئەڵقەی یەکەمی بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە بابەتی خانەنشینی دەرکەوت، لە یادی شەست و حەوت ساڵەی لەدایکبوونی جۆن پایپەر. لەگەڵ کۆتایی

a ئەڵقەی ١٢٠٠: «ڕامان لە وتاری گوێچکە ماسی دەریایی، لە دوای ١٨ ساڵ» (٢١ی ئایاری ٢٠١٨).

خزمەتـی قەشـایەتییەکەی و چوونـە نـاو سـەردەمێکی نوێـی خزمـەت، بـە دڵنیاییـەوە بیـری خانەنشـینی و سـەدەفی دەریـا و گۆڵـف سـەرقاڵی نەدەکـرد. «دەمەوێـت لـەم وەرزە نوێیـەدا تێبکۆشـم و بـەدوای خـودا بکـەوم، ئـەوەی سـەرنجی ڕاکێشـام سـەبارەت بـە خانەنشـینی و شـێوازی بیرکردنـەوە لـە جیهـان ئەوەیـە کـە بـە گشـتی جیهـان ڕێگـەی زۆر خـراپ پێشـنیار دەکات بـۆ ئامـادەکاری چاوپێکەوتنـی عیسـای پاشـا.»[a]

خانەنشینی کۆتایی نییە

لـە سـاڵی ٢٠٠٩ پایپـەر ڕۆژێکـی لـە نـاو زیندانـی ئەنگـۆلا بەسـەر بـرد، کـە زیندانێکـی زۆر تونـدە لـە ویلایەتـی لویزیانـا، ٦٣٠٠ زیندانـی تێدایـە، کـە زۆربەیـان تاوانبارانـی ئاڵوودەبـوون و دزی چەکـدار و دەسـتدرێژیکار و بکـوژن. لـە دە زیندانـی نـۆ زیندانییـان لـەوێ دەمـرن.

لـە کاتێکـدا لەنـاو زیندانەکـەدا بـوو، پایپـەر بـە تەنهـا لەگـەڵ جیرالـد بۆردیلـۆن کۆبـووەوە، کـە «ئازاربەخشـێکی سێکسـی» بـوو، دەسـتدرێژیکار و بکـوژ بـوو کـە سـزای لەسـێدارەدانی بەسـەردا سـەپێندرابوو. ئـەو باسـی کۆبوونەوەکـەی کـرد و گوتـی: «هەرگیـز هێنـدە هەسـتم بـە زۆر بەپەلەیی نەکـردووە بـۆ ئـەوەی بـە ڕوونـی مزگێنـی بـدەم و لـە دڵمـەوە لێـی بپاڕیمـەوە». کەمێـک دواتـر، کـە هێشـتا کۆبوونەوەکـە لـە مێشـکیدا بـوو، پایپـەر بـە هەمـان بەپەلەیـی لـە کڵێسـای زیندانەکـەدا وتـاری دا. «بـە هەمـوو دڵمـەوە بانگـەوازم کـرد بـۆ هەمـوو ئەوانـەی کـە دەیانتوانـی لـە کڵێسـاکەدا جێیـان ببێتـەوە،» لـە ڕێگـەی یۆحەنـا ٦ کارم دەکـرد بـۆ ئـەوەی زیندانییـەکان قەناعـەت پێبهێنـم کـە «عیسـا لـە بنەڕەتـدا بـۆ ئـەوە نەهاتـووە نـان بـدات، بەڵکـو بـۆ ئـەوەی ببێتـە نـان» (یۆحەنـا ٦: ٣٥، ٤٨، ٥١). پایپـەر گوتـی، مەسـیح هـات نـەک بـۆ ئـەوەی سـوودی هەبێـت، «بەڵکو بـۆ ئـەوەی بەهادار بێـت. ئـای، چەنـدە لـە مەسـیحییەکان وەک بەسـوودێک وەریدەگـرن، یـان بـە دەربڕینێکـی دیکـە، عیسـای مەسـیح نەهاتووەتـە جیهـان بـۆ ئـەوەی یارمەتیـت بـدات لـە بەدیهێنانـی ئـەو ئارەزووانـەی کـە پێـش ئـەوەی لەدایـک ببیتـەوە هەتبـووە، بەڵکـو هاتۆتـە جیهـان بـۆ ئـەوەی ئارەزووەکانـت بگۆڕێـت، بـۆ ئـەوەی خـۆی ئـارەزووی سـەرەکی تـۆ بێـت. لـەم پێنـاوەدا هـات.»[b]

پایپـەر لـە بۆردیلـۆن کـرد (لـە ڕێگـەی کامێـرای چاودێرییـەوە) وە هەشـت سـەد زیندانـی دیکـەش (لـە نـاو کڵێسـاکەدا) کـە مەسـیح وەک گەورەتریـن گەنجینـەی خۆیـان قبـوڵ بکـەن. «پۆڵـس دەڵێـت: "هەمـوو شـتێک بـە زیـان دەزانـم لەبـەر بـەرزی بەهـای ناسـینی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆ... ئامانجـم ئەوەیـە مەسـیح بناسـم و هێـزی هەسـتانەوەکەی بزانـم و هاوبەشـی ئـازاری بـم، وەک ئـەو بـم لـە مردنـی، تاوەکـو بگەمـە هەسـتانەوەی نێـو مـردووان» (فیلیپـی ٣: ٨، ١٠-١١). وێسـتگەی داهاتـووی ئەنگـۆلا: ئاسـمانە؛ ئەگـەر لـە هەمـوو شـتێکی ئـەم

a ئەڵقەی ١: «ڕامانی جۆن پایپەر لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا» (١١ی کانونی دووەمی ٢٠١٣).
b ئەڵقەی ١٤٤٥: «بانگەوازی جۆن پایپەر بۆ گرنگتر لە خانەنشینی» (١١ی ئازاری ٢٠٢٠).

جیهانە بەهادارتر بێت کە لەدەستت داوە. کاتێک لە نانی ژیان دەخۆیت، ژیانی هەتاهەتایی بەدەست دەهێنیت؛ واتا لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ژیانت زیاد دەبێت. ئەنگۆلا کۆتا بەش نییە.»

لەم قۆناغەی وتارەکەی زیندان، بابەتی خانەنشینی سەریهەڵدا (شۆێنێکی دیکەی بەڕواڵەت نامۆیە بۆ ئاماژەکردن بە ساڵانی خانەنشینی). «زۆرێک لە ئەمریکاییەکان بەوپەڕی توانایانەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی بیست ساڵی بەناو خانەنشینیان هەبێت، پێیان وایە خانەنشینی کۆتا بەشە. ئاوا نییە. ئەمە بەشی پێش کۆتاییە. زۆرێک لە ئێمە ئەم هیوا بچووکە، بچووک و ناسکەمان هەیە کە وەک کەسێکی پیر، چرچ و لۆچی، ئازاربەخش، بەساڵاچوو، بڕیارە بۆ بیست ساڵ بچیتە شۆێنێک گۆڵف بکەیت یان دەچیتە شۆێنێک بۆ ماسی گرتن، بۆ ماوەی بیست ساڵ. بەڵام، لەبری ئەوە، دەتوانیت دڵنیاییەکی ڕەهات هەبێت -بۆ هەموومان- لە کابینەیەکی هەتاهەتایی لە کەناری دەریایەک بیت لەگەڵ عیسا، گەشتێکی هەتاهەتایی لە دەریادا لەگەڵ عیسا، ئێوارەیەکی هەمیشەیی لە لای ئاگردان لەگەڵ کتێبێکی باش و عیسا. ئێستا، خەڵکینە ئایا خەون بەو شێوەیە نابینن، وەک زۆربەی ئەمریکاییەکان، یان تەنانەت خەڵکی ناو کڵێساکەم. وە ئەمەش زۆر باشە.»

کۆتا بەشی ژیان خانەنشینی نییە، بەڵکو ئەوەی لەدوای مردن دێت: ژیانی هەتاهەتایی. ئەم کۆتاییە بۆ بۆب و پێنی کە سەدەفی دەریا کۆدەکەنەوە ڕاستە، هەروەها بۆ ئەو زیندانیانەش ڕاستە کە لە ئەنگۆلا دەمرن. چاوەکانت بخە سەر بەشی داهاتوو، ئەم بەشە بێکۆتاییەی کە لە داهاتوودا دێت. پاڕایەوە و گوتی: «ئەی برایان، ئەم تەمەنە زۆر کورتە.» «ڕەنگە درێژ دەربکەوێت. بەڵام کورتە. وە ژیانی هەتاهەتایی -زۆر درێژە. زۆر درێژە، وە زۆر باشە- دە هەزار هێندە پاداشت دەدرێتەوە لەسەر هەر کارێکی چاک کە دەیکەیت، وە هەر کردارێکی باوەڕ کە ئەنجامی دەدەیت.» وە ئەم ژیانەی هەتاهەتایی لە مەسیحدا بەخۆڕاییە.[a]

لەدوای حەوت هەفتە لە سەردانەکەی زیندان، بۆردێلۆن لە ژووری دەرزی کوشندە لە ئەنگۆلا لە سێدارە درا.[b]

ئایا پێویستە پاشەکەوت بکەین بۆ خانەنشینی؟

پلاندانانی دارایی بۆ هەموو مەسیحییەکان کارێکی داناییە. بەڵام ڕاوێژکارێکی پەرۆشی دارایی پرسیاری ئەوەی کرد کە ئایا دەتوانێت یارمەتی کەسانی دیکە بدات بۆ «ئەوەی بە ویژانەوە پلان دابنێن بۆ خانەنشینی؛ تەنانەت خانەنشینییەکی ئاسایی ئەمریکایی.» پێنج خاڵ دەبێت پێشەنگ بێت بۆ خانەنشینەکان.

---

a ئەڵقەی ١٤٥٤: «پلان بۆ شتێکی گەورەتر لە خانەنشینی» (١ی نیسانی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ١٤٤٥: «بانگەوازی جۆن پایپەر بۆ گرنگتر لە خانەنشینی» (١١ی ئازاری ٢٠٢٠).

١. خـودا خاوەنـی هەمـوو پارەکانمانـە. «پارەکـەت هـی تـۆ نییـە -تـەواو. ئەمـەش دەتخاتـە دۆخێکـی زۆر ناجێگیـرەوە. ئەمـە هـی خودایـە، وە تـۆ لـە بانکەکـەت و لـە گیرفانتـدا داتنـاوە. ئاگادارىـە. ڕەنگـە ببیتـە دز یـان بەڕێوەبەرێکـی خـراپ.» دەبێـت سەرپەرشـتی بکەیـن، نـەک خاوەندارێتـی، بـۆ ئـەو پارەیـەی کـە خـودا پێـمان دەدات.
٢. پـارە دراوێکـە بـەکاری دەهێنیـن بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەوەی حەزمـان لێیەتـی. چۆنیەتـی خەرجکردنـی پـارە شوناسـی ئێمـە دەردەخـات. «بۆیـە پـارە دەبێتـە ئامرازێکـی خواپەرسـتی و شـایەتیدان و خۆشەویسـتی؛ یـان خۆپەرسـتی. دەتوانیـن هـەر بیرکردنەوەیـەک لـە مێشـکمان دەربهێنیـن کـە پـارە لـە بنەڕەتـدا خراپـە.» بـەڵام «لـە بنەڕەتـدا مەترسـیدارە، چونکـە عیسـا گوتـی کـە سـەختە بـۆ دەوڵەمەنـدەکان بتوانـن بچنـە نـاو شانشـینی ئاسـمانەوە (مەتـا ١٩: ٢٣). پـارە هێزێکـی گەورەیـە بـۆ هەوڵـی بەکۆیلەکردنمـان بـۆ ئـەم جیهانـە. بـەڵام ئەگـەر ئێمـە بـە بەهـای نـوێ، حـەز و شـتە نوێیـەکان لەدایـک ببینـەوە کـە ئێمـە بـە بەهـاداری دەزانیـن و بـە گەنجینـەی دەکەیـن، ئـەوا پـارە دەکرێـت ببێتـە ئامرازێـک بـۆ ئـەوەی نیشـانی بدەیـن کـە لـەلای ئێمـە بەهـای خـودا زیاتـرە لـە بەهـای پـارە.»
٣. بـە بوێرییەکـی تـەواو، ڕاوێژکارێکـی دانـای وەبەرهێنـان دەتوانێـت سـەرنج بخاتـە سـەر بابەتـەکان. «خەڵکـی پێویسـتیان بـە یارمەتـی هەیـە. دەوڵەمەنـدەکان پێویسـتیان بـە یارمەتـی هەیـە. بەهێـز دەردەکـەون، بـەڵام پێویسـتیان بـە یارمەتـی هەیـە. پێویسـتیان بـە ئازادبـوون هەیـە لـە گریمانەکانـی کەلتووریەکەمـان. ئەگـەر بوێـری ئـەوەت هەبێـت لەگـەڵ کەسـانی زۆر دەوڵەمەنـد قسـە بکەیـت کـە دەبێـت بـە پارەکانیـان چـی بکـەن.»
٤. «لـە کتێبـی پیـرۆزدا شـتێک نییە بـە ناوی خانەنشـینی لـە خزمەتکردندا. هەر کەسـێکی بـاوەڕدار بـە مەسـیح خزمەتکارێکـە بـەو بەهرانـەی هەیەتـی پێداویسـتییەکانی خەڵکـی دابیـن دەکات. لـە کاتـی خانەنشـینیدا، ڕەنگـە واز بهێنێـت لـە ئەنجامدانـی پیشـەیەکی مووچەخـۆری. کەلتـووری ئێمـەدا بـەوە دەڵێـت "خانەنشـینی". ئەمـە وشـەیەکی شایسـتە نییـە. بـەڵام تـۆ هەرگیـز لـە خزمەتکردنـی چالاکـدا خانەنشـین نابیـت. لـە جیهانێکـی وەک جیهانـی ئێمـەدا، کـە هێنـدە تێکشـکاوە، هێنـدە پێویسـتی هەیـە، تـۆ هەرگیـز خانەنشـین نابیـت.»
٥. کەواتـە ئایـا بـاوەڕدار بـە مەسـیح دەتوانێـت لـە ڕووی پیشـەییەوە یارمەتـی کەسـانی دیکـە بـدات بـۆ ئـەوەی پـلان دابنێـن بـۆ خانەنشـینییەکی زۆر ئاسـایی ئەمریکایـی، و بـە ویژدانێکـی ئارامـەوە ئەمـە بـکات؟ «نـا، نـا، نـا، نەخێـر، ئامانجـت ئـەوە نییـە کـە ڕاوێژێـک بدەیـت بـۆ خانەنشـینییەکی ئاسـایی ئەمریکایـی. تـۆ دەتەوێـت خەڵکـی

لـەوە ڕزگاریـان بێـت.» دەتوانیـت ڕاوێژێکـی دەگمـەن و بەهـادار پێشـکەش بکەیـت «زۆرێـک پێویسـتیان بـە پسـپۆڕێکی یارمەتیدانـی خەڵکـی هەیـە بـۆ ئـەوەی بزانـن چـۆن بـە داناتریـن ڕێـگا پارەکانیـان بەکاربهێنـن تاوەکـو زۆرتریـن سـوودی لـێ ببینـن لـە مـاوەی کۆتایـی ژیانیـان و تەرخانکردنـی ژیانیـان بـۆ خزمـەت.»[a]

ئایا دایک و باوکی خواپەرست میرات بەجێدەهێڵن؟

کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت: «پیاوچـاک میـرات بـۆ نەوەکانـی بەجێدەهێڵێـت» (پەنـدەکان ١٣: ٢٢) کەواتـە هاوسـەرە خواپەرسـتەکان میراتێکـی دارایـی بـۆ منداڵەکانیـان بەجێدەهێڵـن، ڕاسـتە؟

«بـە تـەواوی نـا. ئـەم دەقـە بـەو واتایـە نییـە کـە پیـاو «ئەرکـە» لەسـەری میراتێک پاشـەکەوت بـکات، بەڵکـو «سـەرچاوە و توانـای هەیـە» بـۆ ئـەوەی ئـەم کارە بـکات. وەهـا میراتێـک نیعمەتێکی خودایـە نـەک فەرمـان. هیـچ شـتێک دەسـتەبەری ئـەوە نـاکات کـە سـامانی دایـک و بـاوک کـە بـۆ منداڵەکانیـان تەرخـان کـراوە، بگاتـە دەسـتی منداڵەکانیـان، وەک لـە نیـوەی دووەمـی پەندەکـەدا ڕوونـی دەکاتـەوە (١٣: ٢٢). گشـتاندنە پەندئامێـزەکان دەبێـت لەگـەڵ باقی کتێبـی پیـرۆز هاوسـەنگ بـن. لـە بنەڕەتـدا میـرات چاکەیەکـی نییـە. خراپـەکاران «میراتێکـی گـەورە بـۆ منداڵەکانیـان بەجێدەهێڵـن، وە زۆرجاریـش بـۆ وێرانکردنیانـە» (زەبـووری ١٧: ١٣-١٤). وە باشـترە باوکێـک هیـچ میراتێکـی نەبێـت بەجێـی بهێڵێـت، وە بـە پاکـی بـژی نـەک دەوڵەمەنـد و گەنـدەڵ بێـت (پەنـدەکان ٢٨: ٦). کەواتـە میراتێکـی گەورەتـر لـە پـارە هەیـە، وەک پەنـدەکان ١٣: ٢٢ نیشـانی دەدات. ئـەم پیـاوە «منـداڵ و نەوەکانـی نیعمـەت ئەزمـوون دەکـەن، چونکـە پیاوێکـی بـاش بـۆ بـاوک و باپیریـان بـووە.»

لـە دەقێکـی پەیوەندیـدار لـە پەیمانـی نوێـدا، پێدەچێـت پۆڵـس بڵێـت کـە دایـک و بـاوک پابەنـدن بـە بەجێهێشـتنی میراتێـک (دووەم کۆرنسـۆس ١٢: ١٤). بـەڵام ئـەم دەقـە کەمـتر باسـی میراتـە و بەڵکـو زیاتـر باسـی ئـەو پارەیـە دەکات کـە دایـک و بـاوک بـۆ بژێـوی منداڵەکانیـان بەدەسـتی دەهێنـن «لـە کاتـی گەشـەکردنیاندا».

بـەو ڕوونکردنەوانـە لـە شـوێنی گونجـاوی خۆیـان، کاتێـک بیـر لـە میراتەکـەت دەکەیتـەوە، پێنـج خـاڵ لەبەرچـاو بگـرە. (١) هەتـا لـە ژیانـدای بـە پارەکـەت بەخشـندە بـە. ئێسـتا پێداویسـتییە داراییەکانـی منداڵـە گەورەکانـت دابیـن بکـە و «شـایەتی بـۆ بەسـوونی عیسـا بـدە، بـە بەخشـندەیی لەگەڵیـان بەپێـی پێداویسـتییە ڕاسـتەقینەکانیان، نـەک چاوەڕێـی ئـەوە بکەیـت کـە نیعمەتەکـە تەنهـا ئـەو کاتـە بێـت کـە تـۆ نەمایـت.» (٢) میراتێکـی گەورەتـر لـە پـارە بەجێبهێڵـە. سـامان مەترسـیدارە (مەتـا ١٩: ٢٣). «زۆر میـرات هەیـە بـۆ ئـەوەی بـۆ منداڵەکانتـی

a ئەڵقەی ١٢٠٦: «ئایا مەسیحییەکان دەبێت پاشەکەوت بکەن بۆ خانەنشینی؟» (٤ی حوزەیرانی ٢٠١٨).

بەجێبهێڵـی کـە زۆر گرنگـترن لـە پـارە.» (٣) مەترسـییەکانی سـەروەت و سـامان ببینـە، بـە تایبەتـی سـامانی خێـرا و ئاسـان بەدەسـتهێنراو (پەنـدەکان ١٣: ١١؛ ٢٠: ٢١). کـوڕە گومڕاکـە داوای هەمـوو میراتەکـەی کـرد، ڕایکـرد و بەفیـڕۆی دا و بـەو پارەیـە ژیانـی خـۆی تێکـدا (لۆقـا ١٥: ١١-٣٢). سـامان مەترسـیدارە، بـە تایبەتـی کاتێـک «بـە خێرایـی و بـە ئاسـانی بەدەسـت بهێندرێـت.» (٤) بـڕی پـارەی میراتەکـە جێگیـر بکـە. بیـر لـەوە بکـەرەوە کـە «بڕێکـی دیاریکـراو بـۆ هـەر کوڕێـک یـان کچێـک» بەجێبهێڵێـت و باڵانسـی موڵـک و ماڵـە بـۆ خزمەتـەکان بێـت. ئەمـە بڕیـاری پاپیـەر بـوو. هـەر منداڵێـک بڕێکـی «گرنـگ» و «بەخشـندە» (بـەڵام سـنووردار) بەدەسـت دەهێنێـت، لەگـەڵ باڵانسـی موڵـک و ماڵەکـەی کـە لەلایـەن دامـەزراوەی نیشـتمانی مەسـیحییەوە بەڕێوەدەبرێـت، کـە پارەکـە بـەو گوێرەیـە دابـەش دەکات کـە پێشـوەختە خێزانـی پاپیـەر دیاریـان کـردووە (بـۆ کڵێسـا، دەزگای «خواسـتی خـودا»، کۆلێـژ و قوتابخانـەی بێتلەحـەم، و هتـد). (٥) ڕەچاوکردنـی تایبـەت بـۆ پشـتگیریکردنی منداڵانـی پێگەیشـتووی کەمئەنـدام بـۆ پێداویسـتییەکانی تـەواوی ژیانیـان کـە لەگـەڵ منداڵانـی دیکـە ناگونجێـن.

کەواتـە، بەڵـێ، میراتێـک بـۆ منـداڵ و نەوەکانتـان بەجێبهێڵـن. وە بزانـە کـە «زۆر گرنگـتر لـە هـەر میراتێکـی دارایـی میراتـی ڕاسـتی کتێبـی پیـرۆزە، وە ئینجیلـی شـکۆمەندی مەسـیح، وە ژیانێکـە کـە خۆشەویسـتی مەسـیح نیشـان دەدات.»[a]

دەربارەی گەشتکردن

قەشـەیەکی نیگـەران پێویسـتی بـە داناییـە بـۆ چارەسـەرکردنی تێکچوونـی ژیانـی کڵێسـا کـە بەهـۆی «گەشـتی زسـتانە»وە دروسـت دەبێـت -کـە خووێکـی خانەنشـینەکانە لـە گەشـتی وەرزی دەکـەن لـە کەشـوهەوای گـەرم (لـە مانگـە سـاردەکان) و کەشـوهەوای فێنکـتر (لـە مانگـە گەرمـەکان).

پاپیـەر وەک پیاوێکـی حەفتـا سـاڵان وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی داوەتـەوە، بـە درێژایـی سـاڵ لـە شـاری مینیاپۆلیـس دەژی، هەتـا ئێسـتاش بەرگـەی زسـتانی سـەخت دەگرێـت. «بۆیـە هەسـت بـە پێگەیەکـی باڵاتـر دەکـەم کـە لێیـەوە لێـدوان بـدەم لەسـەر خراپییەکانـی ئـەوەی پێـی دەگوترێـت خەونـی خانەنشـینی ئەمریکایـی.» پرسـیارێکی فراوانـترە سـەبارەت بـەوەی کـە چـۆن «ئێمـە کـە لـە ئامرازەکانـی بژێـوی تـەواوی ژیانمـان هەنگاومـان نـاوە، دەبێـت بیسـت سـاڵی کۆتایـی ژیانمـان بەسـەر ببەیـن.» ئـەم دوو دەیـەی کۆتایـی، «مـاوەی نێـوان شەسـت و پێنـج بـۆ هەشـتا و پێنـج، پێـی دەگوترێـت ژیـان. لـە ڕاسـتیدا بەشـێکی چارەنووسسـازە لـە ژیانـدا، چونکـە دوایـین قۆناغـی ئامادەکارییـە پێـش ئـەوەی ڕووبـەڕووی پـەروەردگار ڕابوەسـتین و هەژمارد ێـک بدەیـن سـەبارەت بـە هـەر وشـە و سـاتێکی تەمبەڵـی» (مەتـا ١٢: ٣٦).

---

a ئەڵقەی ١٧٢٩: «ئایا دەبێت میراتێک بۆ منداڵەکانم بەجێبهێڵم؟» (١٠ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢).

گەشتکردنی زستانە بۆ خۆی پرسێکی تایبەتە بە دەوڵەمەندانی ڕۆژئاوا، نەک بۆ زۆربەی خەڵکی جیهان. بەڵام هەروەها پرسیارێکە کە باسێکی زۆر گەورەتر لەخۆدەگرێت: قەبارەی ماڵەکەت، هەڵبژاردنی گەڕەکەکەت، خاوەندارێتی چەندین ماڵ، تێچوون و ژمارەی پشووەکان، وە کۆتایی هەفتە کە دوور لە کڵێسا بەسەری دەبەیت بۆ ئەوەی لەلای دەریاچەیەک بیت. ئەوە چی بە نەوەکانتان دەڵێت؟ لەبری ئەوەی قەدەغەکردنەکان دابنێت، «پێم وایە کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی زۆر فراوانتر و گشتیتر باسی دەکات.» وە ئەو ڕێگا فراوانترە بانگەوازێکە بۆ «شێوازێکی ژیانی مەسیحی بنەڕەتی، گونجاو بۆ سەردەمی جەنگ، لەسەر بنەمای ئایەتە ڕوونەکانی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە خۆشەویستی و قوربانیدان و ئازار لەپێناو خزمەت، وە سەبارەت بە کورتی ژیان، وە ونبوونی جیهان، وە ئازارەکانی دەوروبەرمان.» کتێبی پیرۆز بانگمان ناکات کە ئاسوودەیی و شتە گرانبەهاکان لە ژیانماندا زۆرتر بێت؛ بەڵکو داوا لە هەموو مەسیحییەکان دەکات کە «بەرەو پێویستی هەنگاو بنێن نەک بەرەو ئاسوودەیی و ئارامی،» وە هەنگاو بنێین «بەرەو بەخشندەیی و سادەیی.»

قەشەیەک کە نیگەرانە لە گەشتی زستانە، نابێت لە وتاردا سەرزەنشتی گەلەکەی بکات، بەڵکو پێویستە کار بکات بەرەو کەلتوورێک کە ئەو ڕاستییە لەخۆ بگرێت کە دەڵێت «خۆبەختکردن و بەخشندەیی و خزمەت لە خۆشەویستیدا ئەو شوێنەن کە خۆشی ڕاستەقینەی لێ دەدۆزرێتەوە.» وە پێویستە بەردەوام هەوڵ بدات لە کتێبی پیرۆزەوە و لە ژیانی سەردەمیانە، نیشانی بدات کە شوێنکەوتنی بیرکردنەوەی جیهان بۆ زۆرترین ئاسوودەیی و ڕزگاربوون لە سەختی لە کۆتاییدا ڕێگای بێزاری و تاوانباری و بۆشاییە.» لێرەوە دیدگایەک بۆ خانەنشینی بنیاد دەنرێت وەک «دەرفەتێکی زێڕین، نەک بۆ کەناری دەریا و پشوودان و یاریکردن، بەڵکو بۆ خۆبەخشین بە خزمەتکردن و بەخشین و دابینکردنی پێداویستییەکان و بەقوتابیکردن و نیشاندانی خۆشەویستی -زۆرترین کاریگەری، نەک زۆرترین چێژە جەستەییەکان لە ڕێگەی کات بەسەربردن و ژیانی خۆشگوزەران. خودا ئەزموونی تەمەنێکی تەواوی بە ئێمەی حەفتا ساڵان نەبەخشیوە لەگەڵ خودا و لەگەڵ جیهاندا بۆ ئەوەی پەراوێزی بخەین، لە کاتێکدا ئێمە بێکۆتایی بە خولیا و یاری و کات بەسەربردنەکانمانەوە دەسوڕێینەوە.» ئەو ئەزموونە بۆ چاکە بەکاربهێنە.

ئەی قەشە، هەموو ئەو کەسانەی تەمەنیان لە شەست ساڵ زیاترە، هانیان بدە کتێبی جەی کەی پارکەر بخوێننەوە، بە ناوی «کۆتایی پێهێنانی ڕێگاکەمان بە خۆشی: ڕێنمایی لەلایەن خوداوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پیری.» وە جەخت بکەوە لەسەر پرسی کاریگەری خزمەتی کەسی. «فلۆریدا، مەکسیک، نیو مەکسیکۆ، فۆنیکس -لە هەر کوێیەکی- ئایا تۆ وەک ئامرازێک بۆ گەشەکردن و کاریگەری ڕۆحی زیاتر دەڕۆیت؟ ئایا کاریگەری خزمەت

لـه فلۆریـدا زیاتـره لـەوەی لـه باکـووری مینیسـوتا؟ ئایـا لـه کڵێسـایەکی گـەورەدا کـه لـه فلۆریـدا سـەردانی دەکەیـت کاریگەرییەکـی گشـتگیرتر دەبێـت بـۆ مەسـیح لـەوەی ئەگـەر لـه کڵێسـا گوندنشـینەکەت بمێنیتـەوە لـه ویسکۆنسـێن یـان کێنتاکیـی یـان هـەر شـوێنێکی دیکـە؟ ئایـا تـۆ بـه شـێوەیەکی سـەرەکی بیـر لـه ئاسـوودەیی دەکەیتـەوە، یـان بیـر لـه دابینکردنـی پێداویسـتییەکان دەکەیتـەوە؟»

کاتێـک کەلتوورێکـی لـەم جـۆرە دامـەزرا، قەشـە دەتوانێـت لـه گفتوگـۆ تایبەتەکانـدا داوا لـه ئەندامـه تەمـەن گەورەکانـی بـکات بـۆ پرسـیاری زیاتـر و کەسـی.[a]

ئێمە خانەنشین بووین و دەمانەوێت بچینە لای گەلانی دیکە -یەکەم شت چییە؟

ژن و مێردێکـی خانەنشـین دەیانەوێـت ئینجیـل بگەیەننـە گەلانـی مزگێنـی پێنەگەیشـتوو لـه سەرانسـەری جیهـان. «ئەمـه سەرسـوڕهێنەرە. ئەمـه شـکۆمەندە. مـن کاتێـک ئەمـه دەبیسـتم دەمەوێـت لـه کورسـییەکەم هەڵبسـتم.» توانـاکان زۆرن لەنێـو چـڕی دانیشـتووانی ئەمریـکا کـه ژمارەیـان حەفتـا و چـوار ملیۆنـه، یـەک لـه چواریـان خۆیـان بـه مەسـیحی دەزانـن و باوەڕیـان بـه کتێبـی پیـرۆز هەیـه. وە زۆربەیـان لـه ڕووی دارایـیەوە جێگیـرن. «وە بـه پێـوەرە جیهانییـەکان، دەوڵەمەنـدن -زۆر دەوڵەمەنـدن. گرنـگ نییـه ئەگـەر ئـەوان داهاتیـان جێگیـر بێـت، ئـەوان بەڕاسـتی دەوڵەمەنـدن.» چـوار ئامـۆژگاری بـۆ زۆرتریـن کاریگـەری جیهانیـی لـه سـاڵانی «خانەنشـینیت». (١) بەشـداربه لـه کڵێسـای ناوخۆیـی بـۆ ئـەوەی لـه بانگهێشـتی داهاتـووت تێبگەیـت. هیـچ «مەسـیحییەک تاکـه خزمەتـکار یـان تاکـه مزگێنیـدەر یـان پـاش خانەنشـینی، خزمەتـکاری تونـدڕەوی مەسـیح» نییـه. پشـت بـه کڵێسـاکەت ببەسـته بـۆ یارمەتیدانـت لـه دیاریکردنـی بەهرەکـەت، پشتڕاسـتکردنەوەی بانگهێشـتەکەت، دیاریکردنـی ئـەو پێداویسـتییانەی کـه دەتوانیـت دابینیـان بکەیـت، وە یارمەتیـدان لـه دارشـتنی پلانێـک بـۆ بەشـی داهاتـووی ژیانـت. (٢) پەیوەنـدی بکـه بـه دەزگایەکـی مزگێنیـدەری کـه خزمـەت بـەو کەسـانه دەکات باڕێکـی هاوشـێوەیان لەسـەرە. تـۆ تەنهـا نیـت؛ خانەنشـینانی دیکـه هاوبەشـی دڵگەرمیـی تـۆن. (٣) بزانـه کـه «خـودا بـه بڕیارەکـەت دڵخۆشـه کـه ئـەم کۆتـا بەشـەی ژیانـت بەفیـڕۆ نەدەیـت.» لێـرەدا شکسـتت پێناهێنێـت. «کاتێـک لـەم بابەتـەدا داوای یارمەتـی و ڕێنمایـی لـێ دەکەیـت، بـه تەنهـا بەجێتـان ناهێڵێـت.» دڵـی خـودا لەگـەڵ ئێوەیـه. (٤) «ئاگادارباە هەڵنەخەڵەتێـی لـه گفتوگـۆت لەگـەڵ دەیـان باوەڕداری خانەنشـین کـه هیـچ خەونێکیـان نییـه بـۆ ئـەوەی ژیانیـان بەهـادار بکـەن بـه شـکۆمەندی مەسـیح و ئازارەکانـی جیهـان. باسـی یاریـیه جیاوازەکانیـان و خانـووە جیاوازەکانیـان و گەشـتە جیاوازەکانیـان و پشـووە جیاوازەکانیـان دەکـەن و هتـد و هتـد و هتـد.» ئەمـه ئاسـایی دەبێتـەوە. بـاوەڕ بەمـه مەکـه. «تـۆ دەچیتـه

a ئەڵقەی ٨١٩: «بانگەوازێک بۆ شێوازێکی ژیانی مەسیحی بنەڕەتی لە سەردەمی جەنگی ساڵانی خانەنشینی» (٢١ی ئازاری ٢٠١٦).

ناوەوە و بەو شێوەیە خەونەکانت دادەڕێژیت -شوقە نوێیەکەت لە کوێ دەبیت، چۆن ئازاد دەبیت لە کاری باخچە، چەندە دەتوانیت شتی خۆش بکەیت، زۆر شتی دیکە. تەنها کارێکی بەهێزی نیعمەت -کارێکی شکۆمەندی نیعمەتی سەروەر- دەتوانێت ڕێگریت لێ بکات لە خۆگونجاندن لەگەڵ شێوازی مامەڵەکردنی ئەمریکایی کەوا بەهەشت و هەموو پشوودان و چێژەکان لە خانەنشینییەوە دەست پێدەکات نەک لەدوای مردن. بەهەشت لە مردنەوە دەست پێدەکات نەک زووتر. با دووبارە بیڵێمەوە. بەهەشتی بێ کێشە لە مردنەوە دەست پێدەکات.»[a]

چی لە داهاتوودا هەیە بۆ قەشەیەکی خانەنشینکراو؟

ڕادەستکردنی بەرپرسارێتی بە قەشەیەکی باڵای گەنجتر شایانی دەستخۆشییە، بەڵام خانەنشینی لە خزمەتکردن شتێکی باوەڕ پێ نەکراوە. «ئەمە لە کتێبی پیرۆز نییە کە واز لە خزمەت بهێنیت و یاری بکەیت هەتا لە تەمەنی شەست و پێنج یان نەوەد و پێنج ساڵیدا بمریت، ئەمە دیدگای ئاسایی ئەمریکاییە بۆ خانەنشینی، وە من بەگوێرەی کتێبی پیرۆزی نابینم.»[b]

کەواتە، دواتر چی هەیە بۆ قەشە خانەنشینەکە؟ ڕەنگە ئەمە وەڵامێکی ئاسان بێت بۆ جۆن پایپەر، بەڵام ئەی ئەو قەشەیەی کە پێشبینی گرێبەستی کتێب و بانگهێشتنامە ناکات بۆ قسەکردن؟ چی بکات؟

یەکەم: مەکەونە ژێر کاریگەری پێناسەی جیهان بۆ خانەنشینی: «ماسیگرتن، یاری گۆڵف، گەشتی دەریایی، هاوینەهەوار، بازاڕکردن. لە کتێبی پیرۆزدا شتێکی لەو جۆرە نییە: بۆ ماوەی چل یان پەنجا ساڵ خزمەت بکە، پاشان خۆت سەرقاڵ بکە بە کات بەسەربردنی دونیایی و بۆ کۆتا بەشی ژیانت چێژ وەربگرە، لە کاتێکدا خۆت ئامادە دەکەیت بۆ ئەوەی هەژماردێت بدەیت بە دادوەری گەردوون، لە هەمان کاتدا هەموو ئەو زانیارییە کەڵەکەبووانەی کە خودا بە درێژایی ساڵان پێی بەخشیویت، بیخەیتە سەر ڕەفە و پەراوێزخستن، ئەمە شێتانەیە!» بەڵکو بڕژێ، جەنگی باوەڕ بکە، پێشبڕکێکە بە باشی تەواو بکە (دووەم تیمۆساوس ٤: ٦-٨). پێشبڕکێی ژیان پێشبڕکێی خزمەتکردنە، بەمجۆرە، پێشبڕکێی خزمەت «بۆ پۆڵس کۆتایی نەهات هەتا ئەو کاتەی هێڵی کۆتایی نەهات -وە هێڵی کۆتایی مردن بوو.» کەواتە «بیر لە خانەنشینی مەکەرەوە. بیر لەوە بکەرەوە لە کاتی گونجاو لە جۆرێک خزمەت پاشەکشە بکەیت، بەڵام لە کاتی خۆیدا بەدوای خزمەتێکی دیکەدا بگەڕێ.»

---

a ئەڵقەی ١١٣٩: «من خانەنشین بووم و دەمەوێت مزگێنیدان بکەم -یەکەم هەنگاوی من چییە؟» (٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧).
b ئەڵقەی ٤٢٧: «ناونیشانی خۆت ڕوون بکەرەوە "قەشەی فەخری"» (١١ی ئەیلوولی ٢٠١٤).

قەشــە خانەنشــینەکان بــەردەوام خزمەتــی کڵێســا دەکــەن لــە ڕێــگای دابینکردنــی پێداویســتییەکانی کەســانی بەســاڵاچوو، نەخــۆش، ئاللوودەبــووان، بــێ مــاڵ و حــاڵ، هەتیــو، ونبــوو، گەڕەکــە هــەژار نشــینەکان یــان نــەوەی گەنجــان. لــە زێــدی خــۆت و لەنێــو گــەلان دەرگاکان کــراوەن. ئــەو پرســیارەی دەکرێــت ئەمەیــە، «ئایــا تــۆ پابەندیــت بــەوەی پۆڵــس بانگــەوازی دەکات "خۆتــان بــە تــەواوی بــۆ کاری عیســای خــاوەن شــکۆ تەرخــان بکــەن"» (یەکــەم کۆرنســۆس ١٥: ٥٨)؟ ئەمــە بانگەوازێکــە بــۆ هەمــوو باوەڕدارێــک بــە مەســیح، لــە ژێــر ڕۆشــنایی زیندووبوونــەوەدا، تەرخــان بێــت بــۆ کارەکانــی پــەروەردگار، بــە واتــای «زۆری ئەنجامــدان» و «ڕۆژەکانمــان پــڕ بکەیــن لــە کارێــک کــە پــەروەردگار ســەرچاوەی هۆشــیاری و ئامانجــی هۆشــیارانەی بێــت. ئەمــە کاری خودایــە.»

کارەکانــی پێشــووت بــەس نەبێــت. ڕابــردوو لەبیــر بکــە. بــەرەو دەرفەتــە نوێیــەکان هەنــگاو بنــێ (فیلیپــی ٣: ١٣-١٤). کەمتــر بیــر لــە ناســناو بکــەوە و زیاتــر بیــر بکــەرەوە لــە کارکــردن بــۆ کەســانی دیکــە. «بەیانــی لــە خــەو هەســتە و بڵــێ: "ئەمــڕۆ دەمەوێــت شــتێکی باش بــۆ کەســێک بکــەم. مــن ڕازی نیــم بــە دانیشــتن و تەماشــاکردنی تەلەفزیــۆن یــان یاریکــردن. ئــەم وزەیــە لــە ناخمــدا هەیــە کــە ڕۆحــی پیــرۆز پێــی بەخشــیوم. مــن دەمەوێــت چاکەیــەک لــە جیهانــدا بکــەم.» بــۆ ئــەو مەبەســتە بیــر لــە ژیانێــک بکــەوە پــڕ لــە کاری چــاک (ئەفەســۆس ٢: ١٠؛ تیتــۆس ٢: ١٤؛ ٣: ٨، ١٤؛ عیبرانییــەکان ١٠: ٢٤) «خــودا بەبــێ کارێکــی گرنــگ بەجێــت ناهێڵێــت. ئــەو واز لــە منداڵەکانــی خــۆی ناهێنێــت.»[a]

ئایا پێویستە دایک و باوکی بەساڵاچوو لە خانەی بەساڵاچووواندا بژین یان لەگەڵ خێزانەکەیان؟

کتێبــی پیــرۆز ڕێکارەکانــی چاودێریکردنــی دایــک و باوکــی بەســاڵاچووی دانەنــاوە، بــەڵام ســێ ئاماژە دەبینیــن.

١. کتێبــی پیــرۆز ڕوونــە لــەوەی کــە دەبێــت ئێمــە خزمەتــی کەســانی دیکــە بکەیــن، کــە لــە ســاکاری مەســیحدا کراوەتــە نموونــە (فیلیپــی ٢: ٣-٨). «ئەمــە یەکێکــە لــەو دەقانــەی کاریگــەری لــە دڵ دەکات، یەکێکــە لــە جوانترینــەکان، یەکێکــە لــە دەقەکانــی زۆرتریــن گۆڕانــکاری لــە کتێبــی پیــرۆزدا، پۆڵــس بــە منداڵــی پێگەیشــتووی باوەڕدار بــە مەســیح دەڵێــت، نیشــانەی گــەورەی مەســیحییەکان ئەوەیــە ئــەوان تەنهــا تەماشــای بەرژەوەندییەکانــی خۆیــان ناکــەن لــە ناوەڕاســتی تەمەنیــان، کاتێــک دەگەنــە ترۆپکــی ژیانــی پیشــەییان، بەڵکــو ئــەوان تەماشــای بەرژەوەندییەکانــی کەســانی دیکــە دەکــەن، لەوانــەش دایــک و باوکــی بەســاڵاچوویان. ئــەوان کەســانی دیکــە وەک دایــک و باوکیــان

a ئەڵقەی ١٤٥٢: «چی لە داهاتوودا بۆ قەشەیەکی بەساڵاچوو هەیە؟» (٢٧ی ئازاری ٢٠٢٠).

دادەنێن، گرنگتر لە خۆیان. ئەوان نایانەوێت لە لووتکەی شکۆمەندیدا بن، بەڵکو وەک عیسا، دێنە خوارەوە بۆ ئەو شوێنەی پێویستی پێیانە و هەتا مردن خزمەت دەکەن. بنەمایەکی بنەڕەتی و بانگەوازێک لەمەدا هەیە.»

٢. دایک و باوکت بە جۆرێک خۆشبوێت وەک ئەوەی حەز دەکەیت لە پیریدا چاودێری بکرێیت (مەتا ١٩: ١٩). عیسا ڕێزلێنان لە دایک و باوک هاوتەریب دەکات لەگەڵ خۆشویستنی دراوسێمان. ئێمە دەبێت هەتا کۆتایی دایک و باوکمان خۆشبوێت، هەروەک چۆن مەسیح خۆشەویستی و گرنگیدانی خۆی بۆ دایکی بەرجەستە کردووە (یۆحەنا ١٩: ٢٦).

٣. داوا لە خێزانەکان کراوە بۆ چاودێریکردنی دایک و باوکی بەتەمەن، یەکەم نامەی تیمۆساوس ٥: ٤ «وردترین دەقە لە کتێبی پیرۆزدا» دەربارەی ئەم بابەتە. کڵێسا هەنگاو دەنێت بۆ چاودێریکردنی ئەو بێوەژنانەی کە خێزانیان نییە، «ئەمە واتای ئەوەیە کە بەرپرسیاریێتی یەکەم و سەرەکی ئەوەیە کە خێزانەکان چاودێری بێوەژنەکان بکەن.» ئەم خۆشەویستییە خێزانییە بۆ دایک و باوکی بەسااڵچوو، ڕێزگرتنە لە خودا، و بەڕاستی پاداشت دەدرێتەوە «دەدرێتەوە (ἀμοιή)» لەسەر وەبەرهێنانی دایک و باوک لە منداڵەکانیاندا لە تەمەنی سەرەتایی ژیانیاندا. خودا دڵخۆشە بەم پێچەوانەبوونەوەی ڕۆڵی چاودێری.

«پرسی سەرەکی ئەوەیە داخوا دڵی منداڵەکان دڵێکی خۆپەرستە یان خزمەتکارە، ئایا ئێمە ئامادەین قوربانی بدەین لەپێناو دایک و باوکمان؟ یان ئێمە ناڕەزاییمان هەیە لەوەی بوونەتە بارگرانی بەسەرمانەوە؟ ئەمە تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەیە. هەموو ئەمانە ڕەنگە بەو واتایە بێت کە بەڵێ یان نەخێر، دایک و باوکمان لەگەڵ ئێمە یان لە نزیکمان بژین. گۆڕاوی بێشومار هەن وا دەکەن دۆخێک بۆ خێزانێک گونجاو بێت و دۆخێکی دیکە بۆ خێزانێکی دیکە گونجاو بێت.» بەڵام ئەم بارودۆخانە لە پلەی دووەمدان، «ئایا ئێمە خزمەتکارین یان خۆپەرستین؟ ئایا ئامادەین بە خۆشییەوە قوربانی بدەین و متمانە بە خودا بکەین بۆ دابینکردنی هەموو پێویستییەک؟»[a]

ڕێزی پیران

تەنانەت لەگەڵ نەخۆشی بیرچوونەوە و ئازاری درێژخایەن، ئەوانەی لە حاڵی مردندان وێنەی خودایان هەڵگرتووە. ڕەنگە پێویستیان بە چاودێری و خۆڕاگری و پشوودرێژییەکی زیاتر هەبێت، بەڵام هەمیشە فەرمان بە ئێمە کراوە ڕێزیان لێ بگرین. «ئەمە بۆ مرۆڤێکە کە خۆشمان دەوێت، کێشی سی و شەش کیلۆیە، تووشبوو بە هەوکردنی جومگەکان،

a ئەڵقەی ١٠٧٨: «خانەکانی بەسااڵچووان و چاودێریکردنی دایک و باوکانی بەسااڵچوو» (٩ی ئابی ٢٠١٧)

دایبی بەستووە، لیکن، چاو لێڵ، لەسەر جێگاکەی لە خانەی بەسالّاچووان یان لە کوخێکی جەنگەڵدا پاڵکەوتووە و نوێژ دەکات لەپێناو ئەوەی بمرێت.» ئەمە لەبەرچاو بگرن: لە مەسیحدا، ئەوانەی لە لێواری مردن ڕاوەستاون لە لێواری شکۆمەندیدا ڕاوەستاون (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٤٣). «پۆڵس پێمان دەڵێت کە سێیەری لاواز و بێ شکۆمەندی و شێواوی مەسیحییەک کە ڕۆژگارێک لە بەردەماندا بەهێز بووە، لە لێواری شکۆمەندی و دەسەڵاتدایە. پێویستە بچیتە خانەی بەسالّاچووان و وا بیربکەیتەوە کە ئەم کەسانە وا لە لێواری شکۆمەندی و دەسەڵاتدان. بە هێزی زیندووکردنەوەی مەسیح، ئەم ژن و پیاوە پیر و چەماوە و شەکەتانە چەند ساتێک دوورن لەوەی ببنە «مرۆڤی باڵای شکۆدار». تەنانەت لەگەڵ لاوازی جەستەشدا، هێشتا ڕۆح بە جۆرێک زیندووە کە خودا لەگەڵی بەردەوام دەبێت.»[a]

a ئەڵقەی ١١١٥: «ڕێزگرتن لەوانەی تووشی نەخۆشی بیرچوونەوە بوون» (٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧).

دەربارەی خۆکوشتن و کوشتنی بە بەزەیی[a] و خواستی ژیان

من بە گەنجی دەمرم؛ چۆن لەپێناو هیوا بجەنگم؟

پیاوێک بۆی نووسیوین کە پێدەچێت لە کۆتایی بیستەکانی تەمەنی یان سەرەتای سییەکانیدا بمرێت. چۆن ساڵانی کۆتایی ژیانی بە بوێرییەوە دەژیێت؟ چۆن دەتوانێت بەرەنگاریی ئەو فریودانە ببێتەوە کە بێزار و خەمبار بێت بەرامبەر بە خودا؟

پرسیارێکی لەو جۆرەیە کە «ڕێزگرتنێکی بێدەنگ» دەهێنێت. بۆ ئەوەی لەبەردەم باوەڕدارێکدا بم کە ژیانی کورت دەبێت، «هەست دەکەم وەک ئەوەی لەسەر زەوییەکی پیرۆزدام.» بۆ باوەڕدارێکی لەو جۆرە، پاپەر باسی چوار بیرۆکەی کرد. (١) هەست بە ناخۆشی مەکە کە پرسیار دەکەیت بۆچی؛ بۆچی خودا ژیانی تۆی بەو شێوەیە دروست کردووە. ئەمە پرسیارێکی ڕەوایە بە ڕۆحێکی ملکەچ و پڕ لە باوەڕ. پۆڵس داوای قەدەغەی نەکردووە ئەم پرسیارە بکرێت (بە پێچەوانەی لێکدانەوەی هەڵەی باو بۆ ڕۆما ٩: ٢٠-٢١). لە ڕاستیدا، «من پێم وایە،» لەو مانگ و ساڵانەی لە ژیانت ماوە، «خودا چەند وەڵامێکی زۆر بەهادارت پێدەدات سەبارەت بە هۆکارەکەی. هەڵە نییە بە ساکارییەوە داوای ئەم وەڵامانە لە خودا بکەیت و لەگەڵ ئەو داواکارییەدا بە ئامادەییەوە بڵێیت بەڵێ بۆ وەڵامەکانی.» (٢) ئارەزووی ڕێزگرتن بکە لە مەسیح لە ڕۆژانی کۆتاییت و لە مردنتدا. ئەمە نوێژی پۆڵس بوو. مەسیح لە کۆتایی ژیاندا ڕێزی لێدەگیرێت کاتێک بەڕاستی دەست دەکەین بە «بینین و چێژ وەرگرتن لە مەسیح وەک بەهادارترین شت لە ژیان.» بۆیە «ئەوە بەڕێکەوت نییە کە هەندێک لە گەورەترین مەسیحییەکان، لەگەڵ نزیکبوونەوەیان لە کۆتایی ژیانیان، هەموو سەرنجەکانیان گۆڕیوە بۆ بینین و چێژ وەرگرتن لە شکۆمەندییەکانی مەسیح لە کتێبی پیرۆز» (فیلیپی ١: ٢٠-٢٣). (٣) دوور بکەرەوە لە بێزاری بەرامبەر بە خودا. پێچەوانەی بێزاری بەرامبەر بە خودا، پیرۆزکردنی خودایە (ئەیوب ١: ٢٠-٢١؛ ٢: ٩-١٠). وەک ئەوەی پۆڵس گوتی، «وەرە بەرمەدەن» (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٦-١٨). (٤) چاوەڕوانی ژیانی هەتاهەتایی بکە. ژیانی هەتاهەتایی بۆ هەمیشەیە، وە لەوێدا بانگەوازی ڕاستەقینەمان دەبینینەوە، بانگەوازێکی ڕاستەقینە «کە لەسەر زەوی هەمیشە وا دیار بووە هاتنەدی سەختە.» کەواتە ژیانی داهاتوو «پاشکۆی ئەم ژیانە ڕاستەقینەیە نییە؛ بەڵکو ئەم ژیانە پێشەکییەکە بۆ ژیانی ڕاستەقینە.» یان وەک پۆڵس بە هەتاهەتایی ناوی دەبات بە «ژیانێکی ڕاستەقینە» (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٩). بۆیە

a کوشتنی بە بەزەیی (Euthanasia): کۆتاییهێنان بە ژیانی کەسێکی نەخۆش یان ئازارچێشتوو بە هاوکاری پزیشکی بۆ ڕزگاربوون لە ئازارەکانی. ژیان بەهادارە، بۆیە خۆکوشتن و کوشتنی بەزەییدار قبوڵ ناکرێت -وەرگێڕ.

لە ئێستاوە دەست پێ بکە، بۆ ئەوەی «هەست بە سەرسوڕهێنەری و بێئەندازەیی ئەو میهرەبانییە بکەیت کە خەریکە بۆ هەتاهەتایە بەسەرتدا دەڕژێت.»[a]

ئایا ئارەزووی خێراکردنی مردن پەرۆشییەکی گوناهبارانەیە؟

کوڕێکی هەرزەکاری مەسیحی بەناوی ئۆستین کە نەخۆشی شێرپەنجەی هەبوو، ئیمەیڵی نارد و گوتی ئامادەیە هەڕێت و بگەڕێتەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕزگارکەرەکەی بێت. بۆ ئەم مەبەستە نوێژی دەکرد، کە ژیانی زووتر کۆتایی پێبێت. ئەم هەرزەکارە خەمبار و تووڕە نەبوو، پێدەچوو باوەڕ و بوێرییەکی نائاسایی دەربڕێت. باسی خۆکوشتنی نەکرد، بەڵکو لە پرسیارەکەوە دەرکەوت.

پایپەر گوتی: «لە ڕاستیدا، پێمواییە کەسێک کە ماوەیەکە شوێنکەوتووی عیسا بووە و هەرگیز نوێژی نەکردبێت بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بچێتە ماڵەوە بۆ بەهەشت یان زۆر بە ڕوونی عیسای نەبینیوە یان تووشی نەهامەتییەکی زۆر نەبووە لەسەر گوناهەکانی (وە گوناهی کەسانی دیکە). پۆڵس هیچ شەرمێکی نەبووە لەوەی کە گوتوویەتی دەیەوێت هەڕێت و لەگەڵ مەسیحدا بێت» (فیلیپی ١: ٢٣). پێویستە هەموومان تامەزرۆی هەمان شت بین. «بەڵام تۆ، ئۆستین، ڕوونە کە ڕاست دەکەیت باوەڕت وایە ئەمە بڕیاری خودایە نەک بڕیاری تۆ.» خۆکوشتن بژاردە نییە. «خۆکوشتن -بە هاوکاری، بە میهرەبانی، یان بە شێوەیەکی دیکە- تەنها خۆکوشتن نییە، بەڵکو گێڕانی ڕۆڵی خودایە، ڕاست دەکەیت کە بۆ ئەوی بەجێبهێڵیت. کەواتە ململانێی گەورەت ئەوەیە کاتێک ژیانت بە ئازارە چۆن بە خۆشی بگەیتە ئەو کۆتاییەی خودا دیاری کردووە؛ کورتخایەن بێت یان درێژخایەن.» کلیلی ئەم بەشەی کۆتاییەی ژیان ئەوەیە کە سەرنجت لەسەر ژیانی هەتاهەتایی بێت، بیرکردنەوە لە خۆشەویستی هەڵبژێردراوی خودا و دووبارەکردنەوەی خۆشەویستییەکەی بۆ ئێمە لە مەسیحدا.[b]

قۆناغی کۆتایی شێرپەنجەش پاساو نییە بۆ کوشتنی بە بەزەیی. تەنانەت لەو کاتەشدا «ژیان شتێکی شکۆمەندە.» ڕۆژەکانت بە بەهادار بزانە، بەکاریان بهێنە، بەفیڕۆیان مەدە. «چ بۆ ماوەی ساڵێک یان چوار ساڵ، هەست بە باشی بکەم یان هەست بە ئازار بکەم، مردن سبەی بێت یان ساڵانێکی دیکە، هەوڵ دەدەم لە سەرووی هەموو شتێکەوە عیسای مەسیح بە بەهادار بزانم، هەتا دەتوانم زۆرترین کەس لەگەڵ خۆم بهێنمە ناو نیعمەتی هەتاهەتایی ئامادەبوونی خودا.»[c]

---

a ئەڵقەی ١٢٨٦: «من جوانەمەرگ دەبم -چۆن لەپێناو هیوا تێبکۆشم؟» (٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨).

b ئەڵقەی ٦٩٢: «کەی دەبێت نوێژ بکەین بۆ ئەوەی خودا ماڵەوە؟» (٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٥).

c ئەڵقەی ١٧٢٣: «دەستێوەردانی پزیشکی بۆ کۆتایی ژیان -یان نا؟» (٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

بـه هەمـان شـێوە، «پەلەکـردن لـە مـردن» لـە ڕێگـەی «چێـژە خۆپەرسـتەکان»ی جگەرەکێشـان و خواردنـەوە مـەی «ملکەچبـوون نییـە بـۆ پـەروەردگار، بەڵکـو بەهـا نەدانـە بـە بەخششـێکی بەهادار.»[a]

ژیانم وێران بووە؛ ئایا هەڵەیە بمەوێت بمرم؟

ژیانـی ژنێکـی سـی و یـەک سـاڵان بەهـۆی گوناهەکەیـەوە «وێـران بـووە». هاوڕێیـان و خێزانەکـەی و مێردەکـەی لێـی دوور کەوتوونەتـەوە (کـە بـەم نزیکانـە تـەڵاق دەدرێـت و دەبێتـە هاوسـەری پێشـووی). تۆبـەی کـردووە، بـەڵام پێدەچێـت ژیانـی بـە شـێوەیەکی قەرەبـوو نەکـراوە وێـران بووبێـت. پێدەچێـت داهاتـووی ئـەم ژنـە تاریـک بێـت. ئایـا گوناهـە بـۆی کـە ئـارەزووی مـردن بـکات؟

نەخێـر، «گونـاە نییـە تامـەزرۆ بیـن بـۆ ئاسـمان، وە بـۆ ئامادەبوونـی مەسـیح، لەگـەڵ هەسـتکردن بـە نارەحەتییەکـی ئازاربەخـش لەسـەر گونـاە و خەمەکانـی ئـەم جیهانـە و خەمەکانـی ئـەم جیهانـە و ژیانمـان. لـە ڕاسـتیدا مـن دەڵێـم هەتـا مـرۆڤ زیاتـر بارودۆخـی ڕاسـتەقینەی ئـەم دونیایـە بزانێـت و هەتـا زیاتـر خەمبـار بێـت لەسـەر مانـەوەی گەندەڵـی دڵـمان، زیاتـر سروشـتییە تامـەزرۆی ئاسـمان و مەسـیح بێـت.» ئێمـە تامەزرۆیـن بۆ «ئـەو ڕۆژەی کـە لـە گوناهکـردن ڕزگارمـان دەبێـت،» «ڕووخسـاری خۆشەویسـت»ی مەسـیح دەبینیـن (وەک گۆرانییـە ڕۆحییەکـەی ڕۆبـەرت ڕۆبنسـن دەڵێـت). «ئەوەیـە کـە ئێمـە تامەزرۆیـن؛ ئێمـە تامـەزرۆی ئـەو ڕۆژەیـن کـە لـە گوناهکـردن ڕزگارمـان بێـت. ئـەو شـتەی کـە زیاتـر دەمانەوێـت لـەم ژیانـەدا لێـی ئـازاد بیـن، بێڕێزیکردنـە بـە پـەروەردگار بەهـۆی گوناهـمان،» چونکـە لـە کاتێکـدا «لـە جیهانـدا نارەحەتـی هەیـە، وە لـە جیهانـدا ئـازار هەیـە، بـەڵام دڵتەزێنتریـن شـت لـە جیهانـدا گوناهـە لـە ڕۆحـی خۆمانـدا.»

دوو دەق ئـەم تامەزرۆییـە ڕوون دەکەنـەوە. پۆڵـس گوتـی دەیەوێـت ئـەم ژیانـە بەجێبهێڵێـت (فیلیپـی ١: ٢٣-٢٥)، تامەزرۆییێکـی پیـرۆزە بـۆ هەمـوو باوەڕدارێـک بـە مەسـیح. هەموومـان پێـمان باشـە لەگـەڵ مەسـیح لـە ماڵـەوە بیـن (دووەم کۆرنسـۆس ٥: ٦-٩). خواسـتێکی لـەو شـێوەیە -بـۆ ئـەوەی ژیانـی زەمینیـمان کـورت بکرێتـەوە هەتـا بتوانیـن لەگـەڵ مەسـیحدا بیـن- نـەک هـەر گونـاە نییـە؛ ئـەوە «بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆزە و تەندروسـتە.» بـەڵام سـەرنج بـدەن کـە لـە هـەردوو دەقەکـەدا پۆڵـس ڕوونـی دەکاتـەوە کـە خواسـتی خـودا دەڵێـت هێشـتا نـا. ئێمـە بەردەوامیـن لـە ژیانـی ئـەم ژیانـە لەسـەر زەوی چونکـە خـودا بەکارمـان دەهێنێـت، وە چونکـە ئێمـە بـە بینینـی توانـای ڕواڵەتـی ژیـان نارۆیـن، بەڵکـو بـە باوەڕێـک کـە خـودا ئـەم

a ئەڵقەی ١٧٠٢: «دەربارەی جگەرە و قەپ و نیکۆتین» (٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١).

ژیانـه بەڕێـوە دەبـات بـۆ شـکۆمەندی خـۆی (فیلیپـی ١: ٢٤-٢٥). پۆڵـس دەیزانـی کـە داهاتـووی لەسـەر زەوی پـڕ دەبێـت لـە خـەم و ئـازار (کـردار ٢٠: ٢٣).

کەواتـە، بەڵـێ، «تامـەزرۆی ئاسـمان بـن، تامـەزرۆی مەسـیح بـن، تامـەزرۆی ئـەو ڕۆژەی کـە چیـتر گونـاە ناکەیـن، بـەڵام ئێسـتا متمانـە بـە بەڵێنەکانـی بکـە، وەک پۆڵـس کـە ڕووبـەڕووی داهاتوویکـی پـڕ لـە ئـازار بـووەوە و بـە بـاوەڕ ڕۆیشـت، نـەک بـە دیمـەن. بەڵێنـی خـودا بـۆ ئێـوە بەرهەمـە لەنێـو خەمـەکان.» پابەنـد بـە بەڵێنەکانـی خـوداوە بـۆ خەمبـاران (ئیشـایا ٥٦: ٥؛ ٥٨: ١٠-١١). پاشـان بـە بـاوەڕ بـڕۆن نـەک بـە دیمـەن (دووەم کۆرنسـۆس ٥: ٦-٧).[a]

ئایا پزیشک دەتوانێت یارمەتی نەخۆشێکی ئازارچێشتوو بدات بمرێت، ئەگەر یاسایی بێت؟

لـە سـاڵی ٢٠١٦، کەنـەدا پـڕۆژە یاسـای C-١٤ پەسـەند کـرا، کـە نـاوی لێـنرا «یارمەتـی پزیشـکی بـۆ مـردن (MAID)». ئـەم یاسـایە وایکـرد پزیشـکێکی کەنـەدی ئیمەیڵێـک بنێرێـت. لـەدوای ئـەوەی بووەتـە یاسـایی، ئایـا بـۆ پزیشـکێکی بـاوەڕدار بـە مەسـیح ڕێگەپێـدراوە بەشـداری بـکات لـە «یارمەتیـدان بـۆ مـردن»؟

سـەرنج بدەنـە گۆڕانـی زمانەوانـی لـە «یارمەتیـدەری خۆکوشـتن» بـۆ «یارمەتیـدان بـۆ مـردن». ئـەم جـۆرە گۆڕانکارییـە وردانـە بابەتەکـە لێـڵ دەکـەن و سـەختە بزانیـن چـی لـە مەترسـیدایە. ئەمـە پرسـیارە سـەبارەت بـە خۆکوشـتنە.

چـوار قەناعـەت ڕێنماییـمان دەکـەن. (١) یەکـەم پەیوەسـتبوونی پزیشـکی بـاوەڕدار بـە مەسـیح بـە فەرمانەکانـی خودایـە نـەک بـژاردە یاسـاییەکان. لـە گوێڕایەڵیـدا هەمـوو پاسـاوێکی فەرمانەکانـی خودامـان پـێ نادرێـت. «هەندێـک جـار خـودا فەرمانمـان پێـدەکات شـتێک بکەیـن، وە تەنهـا زۆر دواتـر ئێمـە یـان جیهـان بۆمـان دەردەکەوێـت کـە چەنـدە کاریگـەری بـاش دێـت لـە گوێڕایەڵـی خـوداوە، وە/یـان دەهـات ئەگـەر گوێڕایەڵـی خـودا بووایـن.» ئێمـە ناتوانیـن هەمـوو چاکەکانـی داهاتـوو ببینیـن، بۆیـە لـە ئێسـتادا گوێڕایەڵـی دەبیـن. کوشـتن -ئەمـە «ڕشـتنی خوێنـی بێتاوانـە»- لـە هەمـوو کتێبـی پیـرۆزدا قەدەغەیـە. (٢) ژیانـی مـرۆڤ لەسـەر وێنـەی خـودا بەدیهاتـووە و «داڕێـژراوە بـۆ ئـەوەی بـۆ هەتاهەتایـە بوونـی هەبێـت.» ئاژەڵەکان وا نیـن. تەنهـا خـودا دەتوانێـت ژیانـی مـرۆڤ وەربگرێتـەوە لـە هـەر کاتێـک دڵـی پێـی خۆشـبێت، بەبـێ ئـەوەی سـتەم لـە کـەس بـکات، ئەمـەش بـە «خواسـتی خۆیەتـی» (دواوتـار ٣٢: ٣٩؛ یەکـەم سـاموئێل ٢: ٦؛ یەکـەم تیمۆسـاوس ٦: ١٣؛ یاقـوب ٤: ١٥). «ژیانـی مـرۆڤ بـە تـەواوی واتاکـەی پەرجوویکـە کـە تەنهـا خـۆی دەتوانێـت دروسـتی بـکات و تەنهـا خـۆی مافـی وەرگرتنـی هەیـە، جگـە لـەوەی وڵات مافـی ئـەوەی پێـداوە لـە هەندێـک بارودۆخـی جۆراوجـۆر شمشـێر بەکاربهێنێـت بـۆ ئـەوەی ژیانێـک بکوژێـت.» (٣)

a ئەڵقەی ١٣٤٢: «ئایا گوناهە ئەگەر بمانەوێت بمرین؟» (١٣ی ئایاری ٢٠١٩).

سوێندی هیپۆکراتی[a] بە پزیشکان دەڵێت کە «ژیانبەخش و بەردەوامیدەری ژیان بن نەک ژیان وەرگرتن.» ئەم ڕۆڵە کۆرپەلە و کەسانی بەساڵاچوو و نەخۆشییە بێکۆتاییەکان دەگرێتەوە. بەڵام لە پورستترین ئازاردا، «ڕاستە و خۆشەویستە پزیشکان هەر دەرمانێک کە لەبەردەستیاندایە بەکاربهێنن، ئەگەر نەخۆشەکە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکەی بیەوێت.» (٤) مردنی پێشوەختە مەبەستەکانی خودا تێکدەدات. دەکرێت خودا مەبەستی لە ئازارەکانی مرۆڤ چاکە بێت. بۆیە «ئازار هەرگیز نابێتە خراپەیەکی هێندە گەورە کە پاساو بدات بە سەرپێچیکردن لە یەکێک لە ڕاسپاردەکانی خودا، وەک ڕاسپاردەی نەکوشتنی ژیانێکی بێتاوان.»

کەواتە پزیشکە باوەڕداراەکان بە مەسیح ژیان ناکوژن و لە مردنیش خێرا ناکەن. بەڵام «لێرەدا ئەوەی بە ناڕوونی ماوەتەوە: هێڵی نێوان کوشتنی ژیان و بەردەوامنەکردنی ژیان بە شێوەیەکی ناڕەوا هەمیشە ڕوون نییە.» بە ڕوونی کاتێک هەیە «کە پێویستە ڕێگە بدرێت مردن بە ڕێڕەوی خۆی بێت یان بە شێوەیەکی سروشتی بگات بەبێ هیچ هەوڵێکی تایبەت بۆ ئەوەی مرۆڤ بە زیندوویی بهێڵێتەوە. ڕوونە کەوا مردن بەرەو هەموومان دێت.» بەڵام جیاکردنەوەی لەم هێڵە «ئاسان نییە، لەم سەردەمە نوێیەی پزیشکی و نایابەدا کە تێیدا دەژین، کە توانای نوێیان دروستکردووە بۆ پاراستنی ژیان بەدەر لە هەموو ئامرازە ئاساییەکانی ژیان.» خواستی نەخۆش بۆ ژیانی کلیلەکەیە. «بەڵێ، هەوڵبدە بۆ پاراستنی ژیانی نەخۆشێک کە ئارەزووی ژیان دەکات. بەڵام خواستی نەخۆشەکە بۆ مردن وشەیەکی یەکلاکەرەوە نییە، بەو هۆکارە سادەیەی کە زۆرێک لە نەخۆشەکانی خەمۆکی هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، ڕزگاریان بووە، هەتا کۆتایی تەمەنیان سوپاسگوزاری ئەو کەسە بوون کە لەم ساتەدا دژایەتی ئارەزووە تاریکەکانیانی ئەوانی کردووە.» لە کۆتاییدا، «ئێمە مافی ئەوەمان نییە یارمەتی نەخۆشێک بدەین بۆ ئەوەی ژیانی خۆی لەناوببات، یان مافی ئەوەمان نییە خۆمان بکوژین. ئەو یاسایانەی کە ئەم جۆرە شتانە دەخەنە بەردەستمان یاسای خراپن و نابێت پزیشکە مەسیحییەکان ناچار بکەن بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی قەناعەتەکانیانەوە مامەڵە بکەن، تەنانەت ئەگەر لە ڕێکارەکەدا ناچاربن کارەکەیان لەدەست بدەن.» بەڵام «ناڕوونییەکانی بڕیارەکانی کۆتایی ژیان سەبارەت بەوەی کە چی گونجاوە بۆ پشتگیری ژیان و چی ڕێگری دەکات لە مردنێکی سروشتی و لە کاتی خۆیدا -ئەم بڕیارانە زۆر زۆر بە سەختی دەمێننەوە.»[b]

---

a سوێندخواردنی هیپۆکراتی سوێندێکی ڕەوشتییە کە دەگەڕێتەوە بۆ پزیشکی یۆنانی هیپۆکراتیس (لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین)، کە پێویستە پزیشکەکان پارێزەری ژیان بن نەک زەوتی بکەن، نهێنی نەخۆش بپارێزن، پیشەکە بە شەرەف و دەستپاکییەوە ئەنجام بدەن -وەرگێڕ.

b ئەڵقەی ٨١٢: «ئایا پزیشکە باوەڕدارەکان بە مەسیح دەتوانن یارمەتی نەخۆشەکان بدەن بۆ مردن ئەگەر یاسا ڕێگە بدات؟» (١٠ی ئازاری ٢٠١٦).

بـە لەبەرچاوگرتنـی هەمـوو بـژاردە پزیشـکییەکان کـە دەتوانیـت هەڵبژێریـن و ئـەو ناڕوونییانـەی کـە لـە بڕیارەکانـی سـەبارەت بـە دەسـتێوەردانی پزیشـکی بـۆ کۆتایـی ژیـان هەیـە، وە هەتـا چەنـد دوور بڕۆیـن (یـان نەڕۆیـن)، دەتوانیـن بـە حـەوت هیـوا و نوێـژ و قەناعەتـی بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز بەڕێـوی ببەیـن.[a]

چۆن خزمەتی ئەو کەسانە بکەین کە لە سەرەمەرگدان؟

باوەڕدارانـی لـە سـەرەمەرگ هێشـتا لـە پێشـبڕکێی بـاوەڕدان. وە پێشـبڕکێیەکەیان «پێشـبڕکێیەک نییـە لەگـەڵ بـا یـان گـردەکان یـان گەرمـی یـان ماسـوولکەی سـووتاو؛ ئەمـە پێشـبڕکێیەکە لـە دژی ئـەو فریودانانـەی کـە وایـان لێـدەکات گومانیـان هەبێـت لە چاکـەی خودا، خۆشەویسـتی خـودا. جەنگێکـە بـۆ ئـەوەی لـە حەسـانەوەدا بمێننـەوە وێـڕای شکسـتی نێـک و شـێرپەنجە و لەدەسـتدانی بینیـن و بیـرەوەری لاواز. ئـەوە پێشـبڕکێیەکی ئاسـان نییـە. ڕەنگـە قاچەکانیـان یـان تەنانـەت قۆڵەکانیـان نەجووڵێنـن، بـەڵام، ئـای، لـە سـەختی ئـەم پێشـبڕکێیە! لـە یارییەکانـی ئۆڵۆمپیـاد قورسـترە، ڕەنگـە پێویسـت بـکات بـە ڕاکشـاوی لەسـەر پشـت ڕابکەیـت. بـۆ زۆربەمـان لـە کۆتاییـدا، بـەو شـێوەیە ڕادەکەیـن؛» لـە جێـگادا دەکەوێـن. ئامانـج ئەوەیـە هەتـا کۆتایـی باوەڕمـان بهێڵینـەوە (دووەم تیمۆسـاوس ٤: ٧). پێشـبڕکێیەکە تـەواو بکەیـن بەبـێ ئـەوەی لـە ئینجیـل دوور بکەوینـەوە (کۆلۆسـی ١: ٢٢-٢٣). بـۆ زانینـی ئـەوەی ئـەم ئازارانـەی ئێسـتا لـە شـکۆمەندییەکی داهاتـوودا دەگەنـە شـکۆداری (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ١٦-١٧).

ئیـتر «کەسـە پیـرۆزە لاوازەکان پێویسـتیان بـە بیرخسـتنەوەی بـەردەوام هەیـە کـە گەیشـتنە هێڵـی کۆتایـی بـە پاڵنـەری وزەی مـرۆڤ نییـە، بەڵکـو بـە کەوتنـە باوەشـی عیسـایە.» ئەمـە دەرفەتـی ئێمەیـە بـۆ خزمەتکردنـی ئـەو کەسـانەی لـە سـەرەمەرگدان، کـە «زۆرجـار لـە ڕووی دەروونییـەوە یـان جەسـتەییەوە توانـای خۆڕاکدانـی خۆیـان نییـە بـە وشـەی بەڵێنـدراوی خـودا. هیـوادارم خێزانەکـەم ئەمەیـان لەبیـر بێـت کـە کاتێـک مـن لـە کۆتـا سـاتەکانی لاوازیمـدا دەبـم. دوایـن چاودێـران دەبێـت قسـە بکـەن، ڕەنگـە تەنانـەت گۆرانـی بڵێـن، بەڵێنـە شـیرینەکانی کتێبـی پیـرۆز بچێتـە نـاو ژیانـی ئـەو کەسـەی کـە لـە سـەرەمەرگدایە، ئـەوەی ڕەنگـە پێمان وابێـت چیـتر گوێـی لێـمان نییـە. لـە تەنیشـت باوکـم دانیشـتبووم کـە لـە سـەرەمەرگدا بـوو، هەناسـەکانیم دەژمـارد، تەماشـام دەکـرد کـەی ترپەکانـی دڵـی دەوەسـتێت. مـن لـە نیـوەی شـەو لـەوێ بـووم کاتێـک دڵـی وەسـتا، هەرگیـز نەوەسـتام لـەوەی وشـەی خـودا بـە گوێـدا بچرپێنـم.

کەواتـە چـۆن خزمەتـی ئـەو باوەڕدارانـە بکەیـن کـە لەسـەرەمەرگدان؟ «هەتـا دەتوانیـت لـە ئـازاری کەسـی لەسـەرەمەرگ کـەم بکـەوە» وە «وشـەی خـودا بەکاربهێنـە لـە نوێژکـردن بـۆ

a ئەڵقەی ١٧٢٣: «دەستێوەردانی پزیشکی بۆ کۆتایی ژیان -یان نا؟» (٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

ئەوەی مەسیح لەبەردەم کەسەکەدا بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەیت لە جەنگی باوەڕدا، بۆ ئەوەی بەردەوام باوەڕیان هەبێت کە تەنانەت ئەم پاڵنەرەی کۆتایی و ئازاربەخشەش بە نیعمەتی خودا پاداشتی دەدرێتەوە.»[a]

چۆن خزمەتی بێباوەڕان بکەین کە لەسەرەمەرگدان؟ پەرستارێکی گرێ پرسیاری ئەوەی کرد کە چۆن مزگێنی ئینجیل بدات بەو نەخۆشانەی کە لەسەرەمەرگیاندا خزمەتیان دەکات. «ئەمە بەهرەیەکی جوانە کە بە بێدەنگی و هێمنی و خۆشەویستییەوە وشەی هیوا بخەیتە بەرگوێی کەسێک کە توانای وەڵامدانەوەی نییە.» بەڵام ئەمەش بەهرەیەکە کە پێویستی بە دانایی پیشەیی و تێگەیشتنێکی قوواڵی ئینجیل هەیە.[b]

ئایا کەسێکی باوەڕدار بە مەسیح دەتوانێت خۆی بکوژێت و ڕزگاری بەدەستبهێنێت؟

ڕەنگە قورسترین و هەستیارترین پرسیار بێت کە لە قەشەیەک دەکرێت. ئایا کەسە خۆشەویستەکەم کە تازە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە چووەتە ئاسمان؟

بۆ قەشەیەک بە ئەزموونێکی سی و پێنج ساڵە، ئەمە پرسیارێکی پوخت نییە. «لە نزیکەوە تێکەڵی چەندین حاڵەتی خۆکوشتن بوومە. پۆلیس تەرمی پیاوێکی لە ژێرزەمیندا دەرهێنا کە تەقەی لە سەری خۆی کردبوو، من لەدوای پۆلیس شوێنەکەم پاککردەوە، بە گسک خوێنەکە و شتەکانی دیکەم پاککردەوە و خستمە ناو خاکەنازێک و ڕژاندمە ناوی سینکی جلشۆرەکە بۆ ئەوەی ژنەکەی نەبینێت چیمان دۆزیوەتەوە. وە پاشان لەدوای پێنج ڕۆژ پرسەکەیم گێڕا. ئەو باوەڕدارێکی دانپێدانراو بوو. من پرسەم بۆ ژنێکی گەنج گێڕاوە کە بە بازدان لە پەنجەرەی بەشی داخراوی نەخۆشخانەکە لە شەقامەکەی خوارەوەی ماڵەکەم گیانی لەدەستدا، کە لەوێدا بەهۆی گرفتە دەروونییەکەی بە پارێزراوی ڕاگیرابوو.»

یەکەم: بنەماکانی کتێبی پیرۆز. «با ئێستا ڕوون بین. خۆکوشتن شتێکی مەترسیدارە. ئێمە لێرەدا یاری بە ئاگر دەکەین. خۆکوشتن لە ڕووی ڕۆحی و ژیانی هەتاهەتاییەوە مەترسیدارە. شتێکی سادە نییە. وە هەرکەسێک ئێستا گوێم لێدەگرێت و بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، پێویستە گوێی لێبێت کە دەڵێم ئەمە مەکە. ڕێگایەکی باشتر هەیە. بەناوی عیسای مەسیحەوە بەڵێنت پێدەدەم، ڕێگەیەکی باشتر هەیە. ڕەنگە لە ئێستادا هەست بەو شتە نەکەیت، بەڵام هەستەکانت ڕاست نین. ئەوانە فریوت دەدەن.» خۆکوشتن کوشتنە، وە «هیچ بکوژێک ژیانی هەتاهەتایی نییە» (یەکەم یۆحەنا ٣: ١٥). «ئێستا دەبێت ئەمە ئەقڵی ئەو کەسانە بترسێنێت کە بیر لە کۆتاییهێنان بە ژیانیان دەکەنەوە بە خۆکوشتن.»

---

a ئەڵقەی ١٦٠٥: «چۆن دەتوانم خزمەتی کەسێک بکەم لە سەرەمەرگدایە؟» (٢٦ی ئازاری ٢٠٢١).

b ئەڵقەی ١٦٣٦: «چۆن خزمەتی بێباوەڕان بکەم کە لە سەرەمەرگدان؟» (٧ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

کەواتە ئایا یۆحەنای نێردراو ئاماژە بەوە دەکات کە هەر کەسێک دواییـن کـردەوەی لـە ژیانیـدا کوشـتن بێـت، لـە کۆتاییـدا بکـوژە؟ ئەمـە پرسـیارێکی کراوەیـە.

دووەم (وە لـەو شـوێنەی کـە دەسـەڵاتی قەشـایەتی دەسـت پێـدەکات)، کتێبـی پیـرۆز زۆر ڕوونـە کـە دەبێـت هەتـا کۆتایـی خۆڕاگـر بیـن بـۆ ئـەوەی ڕزگارمـان بێـت (مەرقـۆس ١٣: ١٣؛ عیبرانییـەکان ٣: ١٤). «بـەڵام ئەمـە بـەو واتایـە نییـە کـە ئەزموونـی متمانەمـان بـە خـودا هەتـا کۆتایـی تـەواو بێـت، یـان ئێمـە گوناهێـک ناکەیـن بـێ متمانەیـی تەواومـان بـە مەسـیح دەربخـات. هەمـوو گوناهێـک، هەمـوو گوناهەکـەم -ئـەو گوناهـەی کـە ئەمـڕۆ پاشـنیوەڕۆ دەیکـەم، سـبەی، دوێنـێ کـردم- هەمـووی ڕەگ و ڕیشـەی لـە هەندێـک ئاسـتی بێمتمانەییـەوە هەیـە بـە چاکـەی بـاڵای خـودا. مـن نابـم بـە مەسـیحی و هـەر جارێـک گوناهـم کـرد لێـی دەربچـم. ئـەم ڕادەیـەی بێمتمانەیـی لـە گوناهکردنـدا دەردەکەوێـت، بـەڵام واتـای ئـەوە نییـە مـن وازم لـە مەسـیحیبوون ناهێنـم. کەواتـە بڵێیـن کـە دەبێـت هەتـا کۆتایـی بـە متمانـەوە خۆڕاگـر بیـن، بـەو واتایـە نییـە کـە دەبێـت تـۆ هەتـا کۆتایـی لـە بـێ گوناهیـدا خۆڕاگـر بیـت یان متمانـەی تـەواوت بـە مەسـیح هەبێـت. متمانەمـان بـە ناتـەواوی دەمێنێتـەوە. کەواتـە وەڵامەکـە پێویسـتی بـە ڕوونکردنـەوە دەبێـت سـەبارەت بـە کردەوەکانـی کۆتایـی. «ئەگـەر خەڵکەکـە متمانەیـان بـە مەسـیح هەبـووە وەک ڕزگارکەریـان، پەروەردگاریـان، بەهاداریـان، ئایـا دواییـن کـردەوەی ژیانیـان ئـەو کارە یەکلاکەرەوەیـە کـە پێگـەی ڕاسـتەقینەیان وەک منداڵـی خـودا دەردەخـات؟» ئایـا هەمـوو ژیانیـان بـە یـەک کـردەوەی خۆکوشـتنی کۆتایـی پێناسـە دەکرێـت؟

بیرۆکەکـەی بـە لێکچواندنێکـی ڕوون ڕوونکـردەوە. بیهێنـە بەرچـاوت جـۆن پاپیـەر لـەدوای دەمەقاڵـە لەگـەڵ هاوسـەرەکەی بـە تووڕەیـی لـە ماڵەکـەی دەرچـووە. بـە تووڕەیـی گوناهبـار و سـەرگەرمییەکی قیناوییـەوە هێنـدە بـە خێرایـی لێدەخورێـت کـە لـە کۆتاییـدا جڵەوگیـری ئۆتۆمبێلـە خێراکـەی لەدەسـت دەدات، وە خـۆی بـە سـتوونێکی تەلەفۆنـدا دەکێشـێت و دەمرێـت. «ئێسـتا، دواییـن کـردەوەم گونـاە بـوو. بـە گوناهەکـەم خـۆم کوشـت. مـن بەنیـازی ئـەوە نەبـووم خـۆم بکـوژم، بـەڵام کـردم. بـەڵام گوناهەکـە بـوو کـە وایکـرد ئەمـە ڕووبـدات. کەواتـە، دواییـن شـت کـە کردوومـە گونـاە بـوو. ئایـا ئـەو دواییـن گوناهـە یەکلاکەرەوەیـە لـە دیاریکردنـی ئـەوەی کـە ئایـا جـۆن پاپیـەر لـە نـوێ لەدایـک بووەتـەوە؟» نەخێـر. «خـودا تەماشـای هەمـوو ژیانـم دەکات، وە بەڵگـەکان هەڵدەسـەنگێندرێن بـۆ ئـەوەی کـە ئایـا مـن هـی ئـەوم یـان نـا، نـەک تەنهـا بەهـۆی ئـەو شکسـتە، یـان تەنهـا لەسـەر هـەر شکسـتێکی دیکـە. بۆچـی بـە تەنهـا دواهەمیـن شکسـتەکە یەکلاکـەرەوە دەبێـت لـە کاتێکـدا ئەوانـی دیکـەش بـە هەمـان شـێوە مەترسـیدارن؟»

کەواتـە پێویسـتە «بترسـین لـە ئـەوەی هەوڵبدەیـن بـە کوشـتن چاومـان بـە عیسـا بکەوێـت،»

لەگەڵ ئەوەشدا «من ئاڵای هیوا هەڵدەدەم کە باوەڕێکی ڕاستەقینە دەکرێت بە وەرزێکی هێندە تاریکدا تێپەڕیت.»[a]

ئایا خۆکوشتن دەبێتە کەفارەتی گوناهەکانی بکوژێک؟

لە کردەوەیەکی خراپەکاریی نەگێڕدراوەدا، ئادەم لانزا تەمەن بیست ساڵان، لە قوتابخانەی ساندی هوکی سەرەتایی (٢٠١٢) تەقەی بە بیست و شەش کەس کرد و کوشتنی، لەنێویان بیست منداڵیان تێدا بوو. پاشان تەقەی لە خۆی کرد و خۆی کوشت. ئایا دادپەروەری بە خۆکوشتن هاتە دی؟ «ئایا دەکرێت بە درندەیی و ڕقەوە خەڵکانێک بکوژیت کە لەسەر وێنەی خودا بەدیهاتوون و پاشان لە ڕێگەی خۆکوشتنەوە، بە چرکەیەک ئازار، لێی دەربازبیت؟» وەڵامی یەکلاکەرەوە نەخێرە. «ئەم جیهانە نادادپەروەرییەکی درێژخایەن نییە کە بە هیچ کۆتایی پێبێت. نەخێر، دەبێت دادپەروەری بێتە دی. خاتوونی دادپەروەری بە تەرازووەوە ڕاوەستاوە، چاوەکانی بەستراوەتەوە بۆ بێلایەنی. بەڵام تەنانەت بە چاوبەستراویش، کەس لە فەرمانی کۆتایی دادپەروەری ڕزگاری نابێت. «ئەو دوا تەقاندنەی دەمانچەکە بۆ سەری خۆت لە دیوەکەی دیکەی هیوا وەک دەنگی داخستنی دەرگا دەبیستێت، وە ئەو تاوانبارانە کە بە درێژایی ژیانیان نیعمەتی خودایان ڕەتکردۆتەوە لەناکاو تێدەگەن کە "من نەمردووم." لەوێ ڕاوەستاوە و سزای دادپەروەرانەی تەواوی لەدەستدایە.»[b]

نابێت ئەم خاڵە بەو واتایە وەربگیرێت کە ئەو بکوژەی دەژیێت بۆ ئەوەی دەستگیر بکرێت و سزا بدرێت، لە خراپەکارییەکانی نابەخشرێت. داود بەخشرا لە هەوەسی ئاپڕوبەرانەی و ئەوەی کە بووە هۆی دەستدرێژی و کوشتن (دووەم ساموئێل ١٢: ١-١٥).[c]

دەربارەی خۆکوشتنی ڕۆحی

خۆکوشتنی جەستەیی توند و نیگەرانکەر و یەکلاکەرەوەیە. کوشتنی ڕۆحی بە شێوەیەکی ئاسایی ورد و خاوە، وە ڕەنگە کارەساتبارتر بێت. لە ڕاستیدا، هەموو گوناهێک خۆکوشتنە.[d] بە تایبەتی متمنتە بەخۆکردن خۆکوشتنە.[e] وە پارەپەرستی، دەسەڵات، سەرکەوتن، یان ڕۆمانسی -کە لە مەسیح بە بەهادار بزاندرێت- «خۆکوشتنێکی هەتاهەتاییە.»[f]

---

a ئەڵقەی ٣٥٢: «خۆکوشتن و ڕزگاری» (٢٩ی ئایاری ٢٠١٤).

b ئەڵقەی SE٠٢: «شیعرە نوێیەکەت ڕوون بکەرەوە "نیعمەت لەدەستچووە"» (١٧ی ئایاری ٢٠١٣).

c ئەڵقەی ١٣٢٢: «پیاوەکە ژن و منداڵەکانی خۆی کوشت -ئایا بەڕاستی لێخۆشبوون وەردەگرێت؟» (٢٧ی ئازاری ٢٠١٩).

d ئەڵقەی ٥٨٨: «بۆچی ئیسلامی توندڕەو سەرنجی لەسەر ڕۆژئاواییەکانە؟» (٤ی ئایاری ٢٠١٥).

e ئەڵقەی ١٤٦٥: «ئایا دڵی مەسیحی خراپ و فێڵبازە؟» (٢٧ی نیسانی ٢٠٢٠).

f» ئەڵقەی ٢٣١: «بۆچی من لە ئینجیلی خۆشگوزەرانی بێزارم» (٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣).

بـە تایبەتـی «خۆشویسـتنی پـارە» ئەوەیـە کـە چـۆن کۆمەڵێـک گوناهبـار لـە بـاوەڕ دوور دەکەونـەوە و خۆیـان «بـە ئازارێکـی زۆرەوە» دەکـوژن (یەکـەم تیمۆساوس ٦: ١٠). هەوەسـی دەوڵەمەنـدی یەکسـانە بـە چەقۆلێدانـی ڕۆحـی لـە خـۆت. بـەم شـێوەیە، «هەمـان ئـەو شـتەی کـە مرۆڤـەکان بـەرەو ژانەکانـی خۆکـوژی دەبـات -واتـا ئـارەزووی دەوڵەمەنـدی- لەلایـەن بانگخوازانـی خۆشـگوزەرانییەوە پـەروەردە دەکرێـت و دەچێندرێـت. ئـەوان هانـدەری ئـەوەن کـە ئـەم ڕەفتـارە خۆکوژییـە ڕووبـدات کـە کارێکـی قێزەونـە.»[a]

خۆشویسـتی پـارە خۆکوشـتنی ڕۆحییـە. لـە دۆخـی یەهـوزا، گوناهەکـە لـە خۆکوشـتنی جەسـتەیی دەرکـەوت (مەتـا ٢٧: ٥؛ یۆحەنـا ١٢: ١-٨). «ئەگـەر بتەوێـت دەوڵەمەنـد بیـت، ئـەوا لەسـەر ڕێـڕەوی خۆکوژیـت» -لانیکـەم یـەک ڕێـڕەوی خۆکـوژی، یـان ڕەنگـە دوو ڕێـڕەو. تـۆ ناتوانیـت خزمـەت بـە خـودا و بـە پـارە بکەیـت (مەتـا ٦: ٢٤؛ لۆقـا ١٦:١٣). لـە ڕاسـتیدا عیسـا فەرموویەتـی: "ئـەی یەهـوزا، تـۆ خـووت بـە پـارەوە گرتـووە. بەیانیـان لـە خـەو هەڵدەسـتیت، بیـر لـە پـارە دەکەیتـەوە. شـەو دەخەویـت، بیـر لـە پـارە دەکەیتـەوە. تـۆ ڕۆژنامـە دەکەیتـەوە و بەنێـو لاپەڕەکانـدا دەگەڕێیـت، بیـر لـە پـارە دەکەیتـەوە، پـارە، پـارە، پـارە. ئەمـە هیـوا و خودداوەنـدی تۆیـە کـە هەتـە. ئەمـە ئارامیـی تۆیـە. ئەمـە ڕیـگای چێـژی تۆیـە. ئەگـەر ئەمـە ڕاسـت بێـت، ئـەوا تـۆ مردوویـت. ئـەی یەهـوزا تـۆ دەمریـت، جارێکـی دیکـە نامبینیتـەوە."»[b]

بـە هەمـان شـێوە، شـێوازی ژیانـی هاوڕەگەزبازیـش کوشـتنی ڕۆحییـە، وە هـەر قەشـەیەک هاوسـەرگیرییەک بەڕێوەببـات «لـەوەی پێـی دەگوترێـت هاوسـەرگیری هاوڕەگەزخـوازان» و «بەرەکەتـی» پێبـدات، «خۆکوشـتنی هەتاهەتاییـە،» وە «بـە فەرمـی ڕایدەگەیەنێـت نەفـرەت لـە بژاردەکەیـان دەکات بـۆ ئـەوەی نەچنـە نـاو شانشـینی ئاسـمان.» قەشـەیەکی لـەم جـۆرە «ئامـاژەی ئـەوەی داوە کـە شایسـتە نییـە بـۆ ڕۆڵـی ڕابەرایەتـی مـەڕەکان بـەرەو شانشـینی ئاسـمان.» کاتێـک داوا دەکرێـت بـۆ «یەکگرتنێکـی» لـەم شـێوەیە بەڕێوەببـات، پێویسـتە قەشـە ڕووبـەڕووی ئـەم شـێوازەی ژیـان ببێتـەوە، وە لەگەڵیـدا باسـی مزگێنـی مەسـیح بـکات، وە بانگهێشـتیان بـکات بـۆ ئـەوەی بچنـە کڵێسـا.[c]

کەواتـە ئەگـەر گوناهـی هاوڕەگەزبـازی تۆبـە لـێ نەکـراو بـە خۆکوشـتنی ڕۆحـی دابندرێـت، ئـەوا ئاهەنگگێڕانـی ئاشـکرا بـۆ ئەمـە خۆکوشـتنێکی کوشـتنە (ڕۆمـا ١: ٣٢؛ فیلیپـی ٣: ١٨-١٩). سـەبارەت بـە بەشـی یەکەمـی نامـەی ڕۆمـا و کەلتوورەکـە، «نـەک تەنهـا دەزانـن کـە ئەمـە

a. ئەڵقەی ١٤٦٠: «بەهادارتر لە ستایش و سامان» (١٥ی نیسانی ٢٠٢٠).

b ئەڵقەی ٧٠٦: «خۆشویستنی پارە خۆکوشتنە» (١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥)

c ئەڵقـەی ٥٨٦: «چـی بڵێیـن بـە قەشـەیەک کـە دەیەوێـت ئاهەنگـی هاوسـەرگیری هاوڕەگەزبـازان بەڕێوەببـات» (٣٠ی نیسـانی ٢٠١٥).

هەڵەیە، وە نەک هەر دەزانن کە شایەنی مردنە، وە نەک تەنها ئەنجامی دەدەن، بەڵکو کەسانی دیکەش دەخەنە پاڵ خۆیان بۆ ئەوەی هەمان شت بکەن و لەگەڵیاندا بمرن. کەواتە، گوناهەکە تەنها خۆڵەناوبەر نییە، بەڵکو کەسانی دیکەش لەناو دەبات» (ڕۆما ١: ٣٢).[a]

چۆن بزانم ئامادەم بۆ چوونە ئاسمان؟

باشە، «کەس ئامادە نییە بۆ چوونە ئاسمان» چونکە «کەس شایەنی ئاسمان نییە.» بە شێوەیەکی سروشتی ئاوا نییە. چۆن دەچینە بەهەشت پێویستی بە وەڵامی سەروو سروشتی هەیە لە «کتێبێکی کورتەوە کە دەتوانیت لە کاتژمێرێکدا بیخوێنیتەوە» بە ناوی سیپارەی ڕۆما. لە کتێبی پیرۆزدایە. لەوێدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەموومان گوناهمان کردووە بە شکستهێنان لە ڕێزگرتن و شکۆمەندکردنی خودا، کە ئێمەی بەدیهێناوە (ڕۆما ٣: ٢٣). ئێمە خۆپەرستین. بە خۆپەرستی لەدایک بووین. ئێمە ناتوانین ڕێگای دەربازبوونمان لەم بارودۆخە ڕابکەین. وە پاراستنی لستی کارە چاکەکانمان هەرگیز خودایەکی پیرۆز و دادپەروەر و تەواو ڕازی ناکات (ڕۆما ٣: ٢٠). هەموو کردەوەکانی گوێڕایەڵیمان ڕێگای بنبەستن بۆ هەوڵدان بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ خودا. دەبێت خودا هەڵسوکەوت بکات.

«هەواڵی خۆش» ئەوەیە کە هەرچەندە ئێمە شایستەی ئاسمان نین -وە هیچ یەکێک لە ئێمە ناتوانین بە چاکەی خۆمان بگەینە ئاسمان- «خودا ڕێگایەکی بۆ ئێمەی مرۆڤە گوناهبارەکان دانا وە کە وەک ڕاستودروست و چاکەکار و دادپەروەر و پابەندی شەریعەت قبوڵ بکرێین و لە ئامادەبوونی ئەودا وەک ڕاستودروست وەربگیرێین.» چۆن ئەمە لەسەر زەوی دەکرێت؟ خودا کردی. ئەو ڕێگایەکی دانا بۆ ئەوەی بە چەسپاوی بە پیرۆزی هێنێتەوە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئێمە بە بەزەیی بێت، بۆ ئەوەی ئێمەی خراپەکار ڕاستودروست بکرێین (ڕۆما ٣: ٢٦). وە ئەم ڕێگایە تاکە ڕێگایە. لە کوڕەکەیدا، عیسای مەسیح. ئەو هات بۆ ئەوەی بە ژیانی پیرۆزی خۆی و خوێنی پاکی باجی گوناهەکانمان بدات، تاوەکو ئەو حوکمە هەڵبگرێت کە بەهۆی گوناهمان شایستەی بووین (ئیشایا ٥٣: ٥-٦).

بەڵام باشتر دەبێت! نەک هەر گوناهەکانمان دەخرێنە سەر عیسا، بەڵکو ڕاستودروستییە تەواوەکەی ئێستا هی ئێمەیە (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١)! لە مەسیحدا -کە بە باوەڕ لەگەڵیدا یەکدەگرین- ڕاستودروستی خودا بەدەست دەهێنین. «ئەمەیە کە کتێبی پیرۆز پێی دەڵێت "ڕاستودروستکردن": لەبەردەم خودا بە ڕاستودروست ناسێنراوین، لەسەر بنەمای دادپەروەری و ڕاستودروستی عیسا، نەک خۆمان.» ئەمە «ئاڵوگۆڕی گەورە» و «نهێنی شکۆمەندە کە چۆن گوناهبارێک لە ئامادەبوونی خودادا قبوڵ دەکرێت.»

---

a ئەڵقەی ١٣٨٠: «کتێبی پیرۆز چی دەڵێت دەربارەی "ڕۆژی نیشتمانی شوناسی هاوڕەگەزخوازان"؟» (١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).

کەواتـە چـۆن مەسـیح بەدەسـت بهێنـم؟ ئێمـە ئـەو بەدەسـت ناهێنیـن. ئێمـە وەریدەگریـن. «ئێمـە عیسـا وەک ڕزگارکەرێکـی بەهـادار وەردەگریـن. ئێمـە ئـەو وەک پەروەردگارێکـی تـەواو وەریدەگریـن. ئێمـە ئـەو وەک گەنجینـەی بێکۆتایـی وەردەگریـن. بـاوەڕ قبوڵکردنیەتـی وەک ئـەوەی هەیـە، بـەو گەنجینەیـەی هەیەتـی» (فیلیپـی ٣: ٨). ئێمـە لـە ئـەودا ڕاستودروسـت دەبیـن و دەگۆڕدرێیـن. «کاتێـک متمانـە بـە مەسـیح دەکەیـت، ژیانـت ئاراسـتەیەکی نـوێ دەگرێتەبـەر، نـەک کاملّبوونێکـی نـوێ. ئاراسـتەی ڕووبارەکـە دەگۆڕێـت، بـەڵام هێشـتا بـە ئـاوی تـەواو پاکـەوە نـاڕوات. وە دواتـر، کاتێـک دەمریـن یـان کاتێـک عیسـا دێتـەوە، ئێمـەش لـەو کاملّبوونـە تـەواوەدا بەشـدار دەبیـن.»[a]

a ئەڵقەی ١٠٠٨: «ئایا بەڕاستی من ئامادەم بۆ ئاسمان؟» (٢٧ی شوباتی ٢٠١٧).

پاشکۆ

ئەڵقە دڵخوازەکان

سەبارەت بە ئەڵقە دڵخوازەکانت، بچۆ بۆ ماڵپەڕی، لە قەشە جۆن بپرسە (AskPastorJohn.com) و کرتە بکە لە تابی «بەربڵاو» بۆ بینینی لستێک کە بەردەوام نوێ دەبێتەوە، کە بەرەو خوار ڕێکخراوە و زۆرترین ئەڵقەی تەماشاکراو لە سەرەوەیە و کەمترینی لە خوارەوەیە.

هەندێک جار گوێگران پرسیارم لێدەکەن دەربارەی ئەڵقە دڵخوازەکانم. شەش دانەم هەیە.

دڵخوازترین ئەڵقەی من لە هەموو کاتێکدا: بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە ٧٢٩. ئەم یەزداناسیگەراییە پوختەی شکۆمەندی بابەتێکە کە دەبێت لە شوێنێکدا ببێتە کتێبێکی تەواو لە پاپیەرەوە (وە، بەڵێ، من بەردەوام داوام لێکردووە). هیچ کەس وەک ئەو لە ڕوانگەیەکی شکۆمەندانەوە گەردوون ڕوون ناکاتەوە، لێرەدا بە تایبەتی بۆ گوناە و ڕزگاری و کەفارەتە.

دووەم ئەڵقەی دڵخوازی من: بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە ٦٧٠. ئەڵقەیەکی ناوازە دەربارەی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک، کە زیاتر سەرنجڕاکێش کراوە بەهۆی نمونەیەک کە هەموو لایەنەکانی پیرۆزی لەخۆدەگرێت. ئێمە وەک یەک جەنگ لە دوو شانۆدا شەڕی گوناە و فریودان دەکەین -شانۆی ئارەزووە ناوخۆییەکان (جەنگ بۆ ئەوەی زۆرترین تێربوونمان لەلایەن مەسیحەوە بێت). بەڵام ئێمە لە شانۆی ئامرازە دەرەکییەکانیشدا (پاراستن و سنوور و بەربەستەکان) دەجەنگین. قەشە جۆن بە شێوەیەکی لێهاتووانە هاوسەنگی ئەم ستراتیژییە دوولانەیە ڕادەگرێت.

سێیەم ئەڵقەی دڵخوازی من: بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە SE١٠. هیچ ناوەڕۆکێک باشتر لەگەڵ چوارچێوەی خزمەتی جۆن پاپیەردا ناگونجێت وەک لە پرسە، بەتایبەتی لەسەر شانۆ کە تابوتێک لە پێشەوەیە و ڕابەرایەتی کۆبوونەوەکە دەکات لە نوێژکردندا. ئەو چەند نوێژەی پرسەی کە من بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بینیومە قوولْ بوون، بە تایبەتی نوێژی پرسەکەی بۆ خێزانێکی پێنج کەسی، ژن و مێردێکی مزگێنیدەری لێڕاهێنراو لەگەڵ سێ منداڵی بچووکیان، هەموویان لە ڕووداوێکی کوشندەی ئۆتۆمبێل لەنێوان ویلایەتەکاندا

گیانیان لەدەستدا. هەروەک لە ئەڵقەیەکی دواتر دەبیستن، ناچار بووین بە «گومانەوە» کار بکەین سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەم تۆمارەی نوێژکردن دەبێت بە شێوەی سەرهێڵ پەخش بکرێت، چونکە «بیرکردنەوە لەوەی کە ئەو ساتە و ئەو ئازارە دەقۆزینەوە بۆ ئەوەی خۆمان بخەینە پێشەوە، بە تەواوی لەبەرچاوی خودا قێزەون دەبێت.»[a] سوودە ئەگەرییەکان دەبێت دەستەبەری هاوبەشکردنەکە بکەن. هەر وا بوو. ئەڵقەی نوێژکردنەکە لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا ٣٢٠ هەزار بینین و لە ماوەی چوار ڕۆژدا حەوت سەد هەزار و هەتا ئێستا زیاتر لە دوو ملیۆن تەماشاکردنی هەبووە.

پێدەچێت ئەو ئەڵقەیەی کە من زۆرترین پێشنیاری بکەم: بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە ٣٥٢. نموونەیەکی نایابە لە قەشایەتی قەشە جۆن، کە شانبەشانی ڕووبەڕووبوونی کێشەی پیرۆز دێت لەسەر بابەتێکی زۆر ناسکی خۆکوشتن و ڕزگاری. ئەڵقەکە شاکارێکی وریایی قەشایەتی و بوێری یەزدانناسی و هەزری ڕەوشتییە.

ئەو ئەڵقەیەی کە زۆرترین جار وەک باوکێک بۆی دەگەڕێمەوە: بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە ٢٥٥. ڕۆڵی باوک لە ماڵەوە کلیلە. لە نێوان شتەکانی دیکەدا، باوک بەرپرسیارێتی سەرەکی هەڵدەگرێت بۆ «چاندنی شادی وەک کەشوهەوای نەبڕاوە»ی ماڵ، کە ڕەگ و ڕیشەی لە «ئینجیل و سەروەری خودا»دا هەیە. باوک نەک هەر خێزانەکەی بەرەو ئەم خۆشییە لە مەسیحدا دەبات، بەڵکو لە خۆشییەکەی لە مەسیحدا خزمەت بە خێزانەکەی دەکات «بۆ ئەوەی منداڵەکانی بزانن کە دڵخۆشبوون لە خودادا کرۆکی ژیانە.» باوک ئاوازی ماڵەکە دادەنێت و بە خۆشی لە مەسیحدا دەیخاتە ڕوو.

ئەو ئەڵقەیەی کە زۆرترین کاریگەری کەسی هەبوو: بەرنامەی لە قەشە جۆن بپرسە ١١٧٣. ئەڵقەکە باس لە ساڵانی ناوەڕاستی تەمەن دەکات، لەو کاتەی کە من لە تەمەنی سەرووی چل ساڵاندا بووم تۆمار کراوە، بۆ یەکەمجار هەستم بە گرنگیدان بە هەرزەکاران و ئاستەنگە زەقەکانیان کرد. ئەڵقەکە لە کاتێکی گونجاودا کاریگەری لەسەر دڵم هەبوو؛ هەروەک بووە دەنگدانەوەی شایەتی زۆرێک لە ئێوەی گوێگران. ئێوە دەزانن چ هەستێک دەبێت کە لە ساتێکی پێویستی کەسیدا لەلایەن ئەڵقەیەکی دانایانەوە پێت دەگات.

a ئەڵقەی ٩٣١: «چۆن لەبەردەم خەڵکدا نوێژ دەکەیت، بەبێ خوێنواندن؟» (٣١ی ئابی ٢٠١٦).

Ask Pastor John

750 Bible Answers to Life's
Most Important Questions

TONY REINKE
Foreword by John Piper

handofhelp
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

CROSSWAY
WHEATON, ILLINOIS